تـۆمـاری سـەروەری

5

بۆردی هۆشیاری

ئۆرگانێکی هۆشیاری و ڕۆشنبیریی سیاسییە، لە چوارچێوەی مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری، بە پێی پەیڕەوی ناوخۆی پەسەندکراوی پێنجەمین کۆنگرەی (ی. ن. ک) لە ساڵی ٢٠٢٣ دامەزراوە.

ئەرکەکانی بریتین لە: دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی فیکری و سیاسی و حزبی لەبەر ڕۆشنایی بنەما فیکری و سیاسییەکانی پەیڕەو و پرۆگرامی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە ئاشتی و مافی چارەی خۆنووسین، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسی، سیکۆلاریزم، مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی، تاوتوێکردنی پرسەکانی بیری هاوچەرخ و ڕەوتە فیکرییە نوێیەکان، دابینکردنی ئەدەبیاتی ڕێکخراوەیی، ئەرشیفکردن و دووبارە چاپکردنەوەی بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و بەرهەمەکانی سەرۆک مام جەلال، نووسینەوەی مێژووی (ی. ن. ک) و شۆڕشی نوێ و ڕۆڵی لە بوژاندنەوەو دڕێژەپێدانی گیانی خەبات و بەرگری.

تـــۆمـــاری ســـەروەری

بەرگی پێنجەم

(5)

دۆســـــــییە

یـــــەك

نووسین و ئامادەکردن: ئازاد سەراوی

تۆماری سەروەری - بەرگی پێنجەم-
دۆسییە - یەک

نووسین و ئامادەکردن :- ئازاد سەراوی
تایپ :- ئاشنا دلێر - نیگا سالار
دیزاین :- هەڕێم عوسمان
چاپ: چاپخانەی حەمدی
تیراژ: ١٠٠٠ دانە
نۆرەی چاپ : چاپی یەکەم
ساڵی چاپ :- ٢٠٢٤

لە بەڕێوبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (١٣٦٦) ساڵی ٢٠٢٤ پێدراوە
سەرجەم مافەکانی لەچاپدانەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراون.

لە بڵاوکراوەکانی بۆردی هۆشیاری
مەکتەبی ڕاگەیاندن و هۆشیاری
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

پێرست-ناوەرۆك
دۆسیەی یەك بەرگی (پێنج)

- دۆسیە بۆچی؟ ٢٣
شەڕی قیادە مۆقەتە – بەرەی جود..... ٢٥
- شەهیدبوونی ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێکانی ٢٨
- شەهیدبوونی حەمە غەفور ئاغجەلەری و هاوڕێکانی ٣٤
- هێنانی چەک..... ٣٥
- شەهیدبوونی ملازم حەسەن خۆشناو و هاوڕێکانی ٤١
- کۆیە هەولێر – کانی سوور..... ٤٢

هەکاری سەفەرێکی سەخت..... ٤٢
- بەرەو هەکاری..... ٤٣
- هێزی یەکەم..... ٤٤
- هێزی دووەم..... ٤٤
- هەرێمی یەک..... ٤٥
- لێدوانی دکتۆر خالید..... ٤٥
- مەفرەزەی پێنجوێن..... ٤٦
- وێنەیەک پێش مەرگ..... ٤٨
- کێلە شین..... ٤٨
- خولانەوە لە قەندیلدا ٤٩
- عێراق – ئێران – تورکیا ٥٢
- حەڵوا بە شەکر..... ٥٣
- دێی بێرمکە ٥٣
- چیرۆکی تەقەکردنەکە..... ٥٤
- شەڕی لۆلان..... ٥٥

- شەهیدبوونی عەبدوڵڵای مەلا ٥٥
- بەرەو جورجان ٥٦
- بەرەو ماسیرۆ ٥٧
- ئارد بەگوێنی ٥٨
- هەڵوێستی دێ نشینەکان ٥٨
- کۆبونەوەی ماسیرۆ ٥٨
- برسیەتی و نان ٥٩
- دوو دۆلکە ئارد ٦٠
- فیشەک بەنان ٦٠
- دابڕانی قوەتی پشدەر ٦٠
- لە بازێ – تێکڕای هێزەکە ٦١
- گرتنی بارەکان ٦١
- لە بازێ ٦٢
- شەهیدبوونی شێخ حەمە دەمین ٦٣
- حەمەمینی خەلیفە قادر ٦٤
- چای ڕێواس ٦٥
- مرۆڤ و نان ٦٥
- سێ وێنە – سێ تابلۆی خوێناوی ٦٦
- چەمی بازێ ٦٧
- جیاکردنەوەی هێزەکان ٦٧
- تەسلیم بوون ٦٨
- بریندار بوونی مەلا سەعدون ٧١
- کەوتنە داوی عەلی عەسکەری- دکتۆر خالید ٧٢
- شەهیدبوونی سلێمان بە شیری خەسرەوی ٧٢
- بەرەو بێداو ٧٣
- شەڕی مێرگێ ٧٣
- شوانێک زمانی لێدان ٧٣

- هۆمەراغا ٧٥
- دیداری مام عەلی – سامی عەبدولڕەحمان ٧٥
- نانی گومشک ٧٦
- چەمی تو ٧٦
- کۆبوونەوەی سامی عەبدولڕەحمان ٧٦
- هەڵوێستی دکتۆر خالید ٧٧
- شەهیدبوونی ئەحمەد سەراوی ٧٨
- دوای نەمانی فیشەک ٧٨
- ڕێی هەکاری – چەند تابلۆیەکی غەمگین ٧٩
- بەرەو سوریا ٨١
- گەڕانەوەی مام عەلی ٨٣
- نامەکەی سەید کاکە ٨٤
- هەڵوێستی مەردانە ٨٤
- عەشیرەتەکان ٨٤
- گەڕانەوە بۆ نیشتمان ٨٦
- کۆتایی ٩٦
- شەهیدبوونی پێشمەرگەیەک ٩٩
- شەهیدبوونی ئەحمەد گریانەیی ١٠١
- گەڕی قیادە مۆقەتە ١٠١
- کارەساتی سێکانیان ١٠١
- بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ١٠٢
- شەڕی چیوەی سەروو ١٠٦
- شەڕ فرۆشییەکانی حسک ١٠٦
- شەهیدبوونی مەلا حەسەن و حەسەن قادر ١٠٨
- کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر ١٠٩
- شێخ شەمالّی باخ ١١١
- شەهیدانی گۆڕەدێم ١١٣

- قۆناغی بەرگری ١١٣
- تیپی مامەندە –هاتنە خوارەوەی کاک نەوشیروان ١١٥
- نامەکەی کاک نەوشیروان ١١٨
- بەرەو لێدانی سەرکردایەتی جود ١١٨
- مۆڵی گەورە ١١٩
- تیپی مەڵبەند ١٢٠
- ڕزگارکردنی سەید برایم ١٢١
- پێشەکی و ئاگاداری ئیزگە ١٢٢
- مژدەیەکی خۆش ١٢٢
- دەقی لێدوانی نەوشیروان مستەفا بۆ ئیزگە ١٢٤
- چەند ئاگادارییەک لە مەڵبەندی ٣ ..... ١٣١
- بەرەو بالیسان ١٣١
- شەڕی دووەمی جود ١٣٣
- قەندیل – کونە کۆتر ١٣٣

ئەدەبی بەرگری ئیزگە

- دەنگی گەلی کوردستان ١٤٦
- فەرهاد سەنگاوی ١٤٨
- پشکۆ ناکام و فەرهاد سەنگاوی ١٤٨
- توژەڵە ١٤٩
- زەڵێ ١٥٠
- نەرمین و پەیمان ١٥٠
- بزن و تۆمارکردن ١٥٠
- کڕینی تەسجیل ١٥١
- شەڕی ئێران – دیموکرات ١٥٢
- نەورۆزی ١٩٨٣ ..... ١٥٣
- شەڕی گردە بێناس ١٥٤
- ئیزگە لە گفتوگۆدا ١٥٥

- عێراق و مەسەلەی کورد ١٥٦
- پەیامنێری ئیزگە ١٥٧
- ئەنوەر قەرەداخی – شێرکۆ بێکەس ١٥٧
- سروودی مەشخەڵان ١٥٨
- هەواڵ و چالاکی پێشمەرگە ١٥٩
- تەشویش – پارازێت ١٥٩
- گۆڕینی دروشمی شۆڕش ١٦٠
- پێکهاتەی نوێی ئیزگە ١٦٠
- لێدانی بەرگەڵو ١٦٠
- بەرنامەکانی ئیزگە ١٦١
- وتارەکان ١٦١
- هاتنی شێخ جەمال بۆ ئیزگە ١٦٣
- بەرەو دۆڵە کۆگە ١٦٤
- شەڕەکانی مەڵبەندی سێ ١٦٤
- چۆڵکردنی دۆڵە کۆگە ١٦٥
- ڕادیۆی حزبی سۆسیالیست ١٦٥
- کادیر و پێشمەرگەکانی ئیزگە ١٦٦
- کەرتی ئیزگە ١٧٠

دوو وتار و چاوپێکەوتنی مام جەلال

- گفتوگۆی مام جەلال لەگەڵ ئیزگە ١٩٨١/١١/٢٦ ..... ١٧٤
- وتاری مام جەلال لە ئیزگە ١٩٨١/١١/٢٨ ..... ١٨٤

ئەدەبی بەرگری – هاندان – جۆشدان

- میللەتە خۆشەویستەکەمان ١٩٩
- مزگێنی ٢٠١
- پەیڤی ئاگرین ٢١٠
- پەیام بۆ پێشمەرگە ٢١٢
- پێشمەرگەکانی پاسۆک ٢١٢

- سی و حەوت ڕۆژەی قەیوان ماوەت ٢١٧
- نامەی گیرفانی شەهیدێک ٢١٨
- پاکانە ٢٢١
- دایکە سوور ٢٢٤
- دەبا فاشییەکان بزانن ٢٢٦
- پەیامێکی ئاگرین ٢٢٧
- لە شەوێکدا ٢٢٩
- کوڕی بابە گوڕ گوڕ ٢٣٤
- هەر لوتکەیت ٢٣٦
- پەخشانی داستانەکە ٢٣٨
- مەڵبەندی سێ ٢٣٩
- پەیامی ئیزگە بۆ هاوواڵتیان ٢٤٣
- یانزە ڕۆژەی مەڵبەندی سێ ٢٤٤
- پەیام بۆ مەڵبەندەکانی (٢و ٣) ٢٤٥
- مەڵبەندی سێ گۆڕستانە ٢٤٧
- بانگەواز بۆ پیاوانی ڕژێم ٢٤٩
- هەڕەشە لە خۆفرۆشان ٢٤٩
- دیسان هەوری خەم بارانی یادە ٢٥١
- قۆناغی سەقز – ڕاپەڕین ٢٥٢

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵندگۆو پێشەنگی ڕاپەڕین بوو

- ڕۆڵی باڵا و پێشەنگی ئیزگە ٢٥٢
- سازدانی ئیزگە بۆ ڕاپەڕین ٢٥٤
- بەعسی قڕانە ٢٦٠
- هەواڵی سەرەتایی ڕاپەڕینی سلێمانی ٢٦١
- بانگەواز ٢٦٢
- هەواڵی ڕزگارکردنی سلێمانی ٢٦٣
- بانگەوازی بەپەلە ٢٦٦

- حەوزی شارەزوور ٢٦٧
- ڕزگارکردنی پیرەمەگروون ٢٦٩
- ڕزگارکردنی دووکان ٢٧٠
- هەشتی مارس ٢٧١
- پێشمەرگە کێیە ٢٧٢
- ڕزگاربوونی باوە نور- کەلار ٢٧٤
- ئاگادارییەکان لە ئیزگەوە ٢٧٥
- ئاگاداری بۆسەرکەوت ٢٧٥
- ڕزگارکردنی شاری ئاکرێ ٢٧٨
- دوای ڕزگارکردنی خورماتوو ٢٧٩
- دیسان هەڵمەتی پێشمەرگە ٢٨٠
- هەواڵ و پیاهەڵدان – بەرەو ڕزگارکردنی کەرکوک ٢٨٣
- لە میحوەری یەکەوە ٢٨٤
- ئاگاداری ٢٨٨
- دەستبەسەرداگرتنی دوو فڕۆکە ٢٩١
- بانگەوازێک بۆ جەماوەری کەرکوک ٢٩٤
- ئاگاداری لە میحوەری هەولێرەوە ٢٩٦
- ئاگاداریەک لە کۆمیتەی بەرەی کوردستانی شارۆچکەی برایەتی ٢٩٦
- بانگەواز بۆ جەماوەری قارەمانی کوردستان ٢٩٨
- داستانی داستانان ٢٩٩
- بڕووسکەی پیرۆزبایی کاک نەوشیروان ٣٠١
- ئاگاداری بۆ ڕئاسەی صحەی سلێمانی ٣٠٢
- ئاگاداری لە میحوەری یەکەوە ٣٠٣
- وتم هەر هیچ ٣١٠
- تێکشکاندنی هێرشەکانی دوژمن ٣١٢
- هەڵمەتەکانی پێشمەرگە ٣١٤
- شەری زاخۆ ٣٢٠

ئەنجومەنی گوندی سەرگەڵو
- کورتە مێژوویەکی سەرگەڵو ٣٢٤
- ئەنجومەنی گوندەکان – دەسەڵاتی گەل..... ٣٢٦
- ئەنجومەنی باڵا ٣٢٨
- بەرنامەی ئەنجومەنی سەرگەڵو ٣٢٩
- چالاکی ئەنجومەنی بەشی سکاڵا و یاسا ٣٣١
- هەڵبژاردنی ئەنجومەنی گوندەکان ٣٣٣
ڕاپەڕینی شارو شارۆچکەکانی کوردستان
- ڕاپەڕینی قەڵادزێ ٣٤٩
- مانگرتنی گشتی ٣٥٠
- گۆڕینی ناوی مزگەوتی کارەبا ٣٥٠
- تیپی کوڕەش ٣٥١
- گواستنەوەی تەرمی شەهیدان ٣٥١
- پیرۆزبایی (ی.ن.ک) ٣٥٢
- ڕاپەڕینی سەرتاسەری ٣٥٢
- بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی ٣٥٣
- بەیاننامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران ٣٥٧
- بەیاننامەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی ٣٦٣
خۆپیشاندانی هەڵەبجە..... ٣٦٤
- هاتنی پێشمەرگە ٣٦٥
- مزگەوتی جامیعە ٣٦٧
خۆپیشاندانی سلێمانی و ناحیە و ئۆردوگاکانی ٣٦٧
- خۆپیشاندانی ماوەت ٣٦٨
- خۆپیشاندانی سوورە قەڵات ٣٦٨
- لە دەنگی شۆڕشی عێراقەوە ٣٦٩
- تیپی ٣٧ شارباژێر ٣٧٠
- خۆپیشاندانی قەلاچوالان ٣٧١

- پەیامی دەنگی شۆڕشی عێراق ٣٧١
- خۆپیشاندانی کاریزە ٣٧٢
- خۆپیشاندانی کەنارو ٣٧٢
- دروشمەکانی خۆپیشاندەران ٣٧٣
- ناوشاری سلێمانی ٣٧٣
- خۆپیشاندانی چوار قۆرنە ٣٧٤
- ڕۆڵی ئۆردوگای چوارقورنە ٣٧٦
- ڕۆڵی ژنان لە چوارقورنە ٣٧٦
- ئەحمەد سەپان ٣٧٧
- بریندارەکانی ڕاپەڕین ٣٧٧
- ڕاپەڕینی ڕانیە ٣٧٧
- هاتنی ملازم موحسین ٣٧٨
- هاتنە ناوەوەی پێشمەرگە ٣٧٨
- وتارەکەی دکتۆر موشیر ٣٧٩
- شەهید و بریندارەکان ٣٧٩

خۆپیشاندان لە هەولێر

- زانکۆی سەڵاحەدین ٣٨٠
- ڕۆژی یەکەم ٣٨١
- نەخشە و پلانی بەیانی ٣٨٢
- ڕۆژی دووەم ٣٨٢
- گواستنەوەی بریندارەکان ٣٨٣
- شەهیدبوونی سەفا ٣٨٤
- ڕۆژی سێیەم ٣٨٥
- پۆلیسی فریاکەوتن ٣٨٥
- هەڵوێستی خەڵکی هەولێر ٣٨٥
- هاتنی فازڵ بەڕاک ٣٨٥
- گواستنەوەی خوێندکاران ٣٨٦

- خۆپیشاندانی کەرکوک ٣٩٠
هێزی پشتیوان – شەڕی سێ مانگە
- هێزی پشتیوان ٣٩٨
- شەڕی سێ مانگە ٣٩٨
- هێزی پشتیوان ٤٠٠
- بارەگای ساوێن ٤٠١
- مەکتەبی عەسکەری – ئالۆەتان ٤٠٢
- تیپی ٣٧ شارباژێڕ ٤٠٢
- مام جەلال - قاسملو ٤٠٣
- نەخۆشخانەی کانی زەرد ٤٠٥
- تیپی ٨٣ هەورێ ٤٠٦
- ٨٦ دەشتی هەولێر ٤٠٦
- تیپی ٣٣ سلێمانی ٤٠٧
- مام جەلال - قاسملو وەربون ٤٠٨
- شقارتەی ئەسپێ ٤٠٨
- ژن و پیاوێک لە ئالۆەتان ٤٠٩
- شەهیدبوونی مستەفا ٤٠٩
- تیپی ٥٧ سەگرمە ٤١٠
- مامە ڕیشە ٤١٣
- دوای پشوودان ٤١٣
- تیپی ٤٧ پیرەمەگروون ٤١٤
- هەنگوین ٤١٥
- تیپی ٤٣ ئاسۆس ٤١٦
- سینی خواردن ٤١٦
- دۆلمەی کەلەرم ٤١٧
- بەرەو ڕەبەت ٤١٧
- دابەشکردنی کەرتەکان ٤١٧

- شەڕی ڕەبەت ٤١٨
- شەهیدبوونی عەزیز ئاغا ٤١٩
- هێرش بۆ مالّۆ ٤٢٠
- تەرمێکی زیندوو ٤٢٠
- گرتنی ڕەبەت ٤٢٠
- تیپی ٤٤ چەکوچ ٤٢١
- تکە نێری ٤٢١
- گردی شالّگی ٤٢٢
- گردی مالّۆ ٤٢٣
- کچێکی ئازا ٤٢٣
- قۆڵی ڕەبەت – سەردەشت ٤٢٥
- تیپی ٦١ کوڕەش ٤٢٥
- بەرەو هێزی ئاوارە ٤٢٦
- تیپی ٦٣جوتیاران ٤٢٧
- ئۆپەراسیۆنی گوێدرێژ ٤٢٧
- تیپی ٤٤ چەکۆچ ٤٢٨
- شەڕی شینوێ ٤٢٨
- بناو–تۆێ ٤٢٨
- شەڕی توژەڵێ ٤٢٩
- بریندارەکان ٤٣٠
- هێلکەی دوو زەردێنە ٤٣٠
- تیپی ٦٨ مامەندە ٤٣١
- تیپی ٤١ کورەکاژاو ٤٣١
- تیپی ١٤ ئاکۆ ٤٣٣
- تیپی ١١ هەورامان ٤٣٥
- ناو ئالّوەتان ٤٣٦
- بەفرێکی قورس ٤٣٧

- خۆزگە ڕیشتان نەبوایە ٤٣٨
- بەشی دووەمی تیپی هەورامان ٤٣٨
- مردنی کامەران ٤٣٨
- تیپی ٧٤ باڵەک ٤٣٩
- شەڕی پانەسەر ٤٣٩
- هەڵوێستی هێرۆ خان ٤٣٩
- تیپی ١٢ سۆران ٤٤٠
- تیپی ٢١ کەرکوک ٤٤١
- تیپی ٧٨ کاروخ ٤٤٣
- بڵفەت-قەبری حسین ٤٤٣
- لقی ٣ (ی. ن. ک) ٤٤٤
- چاوساخ ٤٤٦
- خودا کەوتەبەینەوە ٤٤٦
- تیپی٧٥ کۆدۆ ٤٤٧
- تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر ٤٤٧
- تیپی ٥٥ قەرەداخ ٤٥٠
- تیپی ٣١ پێنجوێن ٤٥٢
- تیپی ٨٣ هەورێ ٤٥٢

گرتنی ناحیە – شارۆچکە

- چەکدار کردنی دێیەکانی خۆشناوەتی ٤٥٧
- چیرۆکی گرتنی بێتواتە ٤٥٨
- گرتنی شاخی ژارە ٤٦١
- گرتنی ناحیەی بێتواتە ٤٦٤
- کڵاوی دێوانە – قۆپی دێوانە ٤٦٥
- سەرەتای شەڕ ٤٦٦
- مێرگە سەر ٤٦٦

- شەڕی بێتواتە ٤٦٧
- گرتنی بێتواتە ٤٦٩
- بروسکەی مام جەلال ٤٧٠
- بروسکەی یەکەم ٤٧١
- بروسکەی دووەم ٤٧١
- شەهید بوونی خوێندکارێک ٤٧٢
- ڕاپۆرتی پەیامنێری ئیزگە ٤٧٣
- تیپی ٥٧ سەرگرمە ٤٧٤
- قۆپی دێوانە ٤٧٥
- تیپی ٢١ کەرکوک ٤٧٦
- مامە ڕیشە فڕی ٤٧٧
- جامانەکەی مامە ڕیشە ٤٧٨
- تیپی ٨٣ هەورێ ٤٧٨
- تیپی ٥١ گەرمیان ٤٧٩
- تیپی ٧٨ کاروخ ٤٧٩
- تیپی ٩٣ کۆیە ٤٨٠
- تیپی ٩٩ بیتوێن ٤٨٠
- تیپی ٧٤ باڵەک ٤٨٠
- تیپی ١٢ سۆران ٤٨١
- تیپی ٩٣ کۆیە ٤٨٢
- بەلاغی مەکتەبی سیاسی ٤٨٣
- بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ٤٨٦
- بێتواتە – ڕاپۆرتی پەیامنێری ئیزگە ٤٨٩

گرتنی ناحیەی سەنگاو

- زیانی گیانی دوژمن ٤٩١

- دەستکەوت ٤٩١
- گرتنی ناحیەی سەنگاو لە ئیزگەوە ٤٩٢
ڕاپەڕین و وێرانکردنی بنگرد ٤٩٤
- شەهیدانی گوللە باران ٤٩٥
- تیپی ٤٩ سارا ٤٩٦
- گرتنی ناحیەی کارێزە ٤٩٧
- دەستکەوتەکان ٤٩٨
- گرتنی ناحیەی سەنگاو جاری دووەم ٥٠٠
- زیانی دوژمن ٥٠١
- دەستکەوت ٥٠٢
- قوربانی هێزی پێشمەرگە ٥٠٢
- گرتنی ناحیەی سەنگاو لە ئیزگەوە – لە مەڵبەندی یەکەوە ٥٠٣
- گرتنی ناحیەی قەرەداخ ٥٠٥
- گرتنی ناحیەی قەرەداخ لە ئیزگەوە ٥٠٨
- ڕاپەڕینی دەشتی شارەزوورو گرتنی ناحیەی خورماڵ – سیروان ٥١٢
- گرتنی شاری ڕواندز ٥١٦
- پەلاماری ئاکۆیان ٥١٧
- تێکشکاندنی (٧) پەلاماری دوژمن ٥١٧
- ڕاپەڕین و گرتنی ڕەواندز ٥١٨
- گرتنی ناحیەی تەق تەق ٥٢١
- کوژراو ودیل ٥٢٢
- قۆڵی دووەم ٥٢٤
- شەهیدەکان ٥٢٦
- شەهید بوونی عەبدولڕەحیم ٥٢٧
- فاروقی عەلی مەولود ٥٣٠

- گرتنی ناحیەی دێگەڵە ٥٣١
- گرتنی ناحیەی کوڵەجۆ – زەنگاباد ٥٣٣
- گرتنی ناحیەی قەڵغانلو ٥٣٨
سااڵێک لە گفتوگۆ
- سەرەتای گفتوگۆ ٥٤٢
- وتاری مام جەلال لە زیخان ٥٤٤
- وتاری مێژوویی مام جەلال لە بە خاک سپاردنی تۆفیق وەهبی ٥٥٠
- وێنەی شەهید و پێشمەرگە ٥٥٦
- ئاهەنگی نەورۆز –ئاهەنگی سورداش ٥٥٧
- ئاسایشی ئاهەنگەکە ٥٥٧
- وتاری مام جەلال – لە ئاهەنگی نەورۆز دا ٥٥٨
- شەهید بوونی تۆفیق هێرش ٥٧٦
- تیپی ٥١ گەرمیان بەهاری ١٩٨٤ ..... ٥٧٧
- مانگرتن و خۆپیشاندان – فەسڵکردنی خوێنکاران ٥٧٨
- لە تۆڵەی سێ شەهیدەکەدا ٥٨٢
- گێرە شێوێنی ٥٨٢
- ئاگادارییەک لە لیژنەی سەرپەرشتی خوێندکارانی زانکۆوە ٥٨٢
- بەیاننامەی (ی. ن.ک) ٥٨٣
- گەرمەی گفتوگۆ ٥٨٧
- دەرکردنی هونەرمەندان و مامۆستایان ٥٨٨
- بەشێک لە وتارەکە ٥٨٩
- پەیام بۆ هونەرمەندان ٥٩٢
- دیدارو چاوپێکەوتنەکانی مام جەلال ٥٩٢
- ئاگادارییەک لە (م.س) (ی.ن.ک) ٥٩٣
- ئاسایی کردنەوەی دۆخی کوردستان ٥٩٥

- پرنسیپە گشتییەکانی یاسای ئوتۆنۆمی کوردستان ٥٩٩
- یاسای گۆڕدراوی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان ٦٠٣
- بەشی یەکەم – ئەنجومەنی یاسادانان ٦٠٦
- دەستپێکردنەوەی گفتوگۆ ٦١٤
- زنجیرە وتار ٦١٤
- شەڕی کوران ٦١٥
- شەڕی عەرەب کەند ٦١٦
- بریندار بوونی عەبدوڵڵا بۆر ٦١٧
- شەڕی سەید خەلیل ٦٢٠
- مەحمود سەنگاوی ٦٢٤
- هاتنە ناو سلێمانی ٦٢٦
- شەهیدبوونی ئەحمەد شاتوانی ٦٢٧
- گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ ..... ٦٢٧
- لێبووردنی گشتی ٦٢٨
- بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی سەبارەت بە لێبوردنی گشتی ٦٢٨
- شەهید کردنی ملازم سەید کەریم ٦٣٠
- ملازم سەید کەریم لەبازنەی پیلانی دوژمندا ٦٣٢
- بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی بەبۆنەی شەهیدکردنی ملازم سەید کەریم و هاوڕێکانی ٦٣٦
- لەچلەی قارەمانێکی کوردستاندا نووسینی مام جەلال ٦٤٣
- لە تۆڵەی سەید کەریم ٦٥٠
- شەڕی ژاراوا ٦٥٦
- تیپی ٦٣ ..... ٦٥٧
- شەڕی بەندەنی واژە ٦٥٩
- گرتنی کامەران عوسمان ٦٦٠

- لەتۆڵەی سەید کەریم..... ٦٦٠
- گفتوگۆ – تیپی کۆیە ٦٦١
- جسری مەجیدیە – کەرکوک..... ٦٦٢
- بەیاننامەی (ی.ن.ک) دەربارەی کۆتایی هاتنی مفاوەزە ٦٦٤
- شەهید بوونی مامە ڕیشە – ڕووداوەکانی پێش شەهید بوونی..... ٦٦٩
-بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی دەربارەی تاوانێکیتری ڕژێمی شۆڤێنی بەغداد. ٦٧٢
- کەسایەتی مامە ڕیشە..... ٦٧٦
- لە تۆڵەی مامە ڕیشە دا..... ٦٧٨
- سووتاندنی ماڵی مامە ڕیشە..... ٦٨٤

دۆســـــییە بۆچـــــی

لە ساڵی (١٩٧٦) هەوە تا دەگاتە ڕاپەڕین زنجیرەیەک ڕوداوو داستان و نەبەردی بەرچاودەکەوێت کە هەر یەکەیان گرنگی تایبەت و مێژوویی خۆیان هەیە، ئەو زنجیرە ڕوداوو داستان و نەبەردییانە بەشێوەیەک بەیەکەوە گرێدراون نەدەکرا بەشێوەی پچڕپچڕوو دوور لەیەک بنوسرێنەوە، بەڵکو پێویست بوو هەریەک لەوانە بکرێنە دۆسییەیەکی تایبەت و تانوپۆیان دەرکەوێت، بەیەک نەفەس و یەک زنجیرە بەیەکەوە گرێبدرێن تا خوێنەر ڕونتروو وردتر ڕۆچێتە ناو ناوڕووداوەکانەوە و بیری پەرت نەبێت.

بۆ نموونە داستانی قەیوان ماوەت و هێزی پشتیوان لە ڕۆژهەڵات، هەریەک ماوەی سێ مانگیان خایەند، لەهەردوو داستانی قەیوان ماوەت و هێزی پشتیوان ژمارەیەک تیپ و کەرت و مەفرەزە و دەستە پلانچنەکانی پێشمەرگە بەشداربوون.

نەدەکرا بەشداری ئەو تیپانەی پێشمەرگە هەریەکە لە تیپی خۆیدا بنوسرێتەوە، چونکە ئەگەر (٣٠) تیپ بەشداری لە شەڕی سێ مانگەی قەیوان ماوەتدا کردبێت دەبووایە (٣٠) جارو لەناو (٣٠) تیپی جیاوازدا بنوسرێتەوە، بۆیە گرنگ و پێویست بوو بەشداری هەموو تیپەکان وەکو زنجیرەیەکی بەیەکەوە گرێدراوو دانەبڕاو بنوسرێنەوە تا سەرنجی خوێنەر وڕتر لەسەر داستانەکان بن و بەدوای یەکدا خوێنەر دەست و پەنجەی لەگەڵ ڕووداوەکاندا نەرم بکات، دیارە ئەوە بۆ داستانی دابان و ڕزگاری و داستانەکانیتریش ڕاستە.

ئەو ڕوداوو بابەت و نەبەردی و داستانانەی لێرەدا کۆکراونەتەوە بەسەر چەند دۆسیەیەکدا دابەشبوون، بەشێکیتری دۆسیەکان لە بەرگێکیتردا دەکەونە بەر دیدەی ئێوە .

دۆسییەکانی ئەم بەرگە

*قیادە مۆقەتە – بەرەی جود

*ئەدەبی بەرگری

*ئەنجومەنی گوندەکان (دێیەکان)

*ڕاپەڕینی شارو شارۆچکەکانی کوردستان

*هێزی پشتیوان

*گرتنی ناحیە- شاروشارۆچکە

*سالێك لە گفتوگۆدا

شەڕی قیادە مۆقەتە – بەرەی جود یەک

شـــــەڕی قـــیادە مـــــۆقەتە
بـــــەرەی جـــــود

لە گەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی (ی.ن.ک) قیادە مۆقەتە لە پیلانگێڕان بوون بەرانبەر هێزی پێشمەرگەو سەرکردەکانی شۆڕشی نوێ.

شەهید کردنی ئیبراهیم عەزۆو هاوڕێکانی لە بادینان، شەهید کردنی ملازم حەسەن خۆشناوو هاوڕێکانی لەکاتی گواستنەوەی چەک وپێداویستی پێشمەرگانە بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) شەهید کردنی ئەحمەد گریانەیی و چەندین پێشمەرگەیتر لە هـەورامـان و شـارەزوور خولقاندنی کارەساتی هـەکاری و شەهید کردنی سەرکردەکانی مەسیرەی هەکاری عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و شێخ حسێن بابە شێخ و دەیـان پێشمەرگەیتر لە گەڵ لە بۆسەنان ودەستگیرکردنی دەیان پێشمەرگەو کادیرو فەرماندەلە پیلانەکانی قیادە مۆقەتەبوون .

سەرەڕای ئەو هەموو پیلان و شەڕ فرۆشییە، سەرەڕای شەهید کردنی دەیان سـەرکردەو پێشمەرگەی شۆڕشی نـوێ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دانیبەخۆیدا گرتوو ئامادەی ئاشتی بوو، (ی.ن.ک) دەیویست شەڕی یەکتر کوژی کۆتایی بێت و هاوخەباتی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و ئاڕاستەکردنی تواناکانیان بەرانبەر دوژمنی سەرەکی کە داگیرکەری بەعسی عێراقە جێگەی ناکۆکی و شەڕی ناوخۆ بگرێتەوە، بەڵام بەداخەوە هەمیشە نییەت پاکی (ی.ن.ک) بەرانبەر قیادەی مۆقەتە پەلاماردانی نامەردانەی لێکەوتووەتەوەو لە دواوە خەنجەری ژەهراوییان لە یەکێتی داوە.

دوای ئـەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ ناکۆکییەکانی بزووتنـەوەی سۆسیالیست و سەرکردەکانی (ی.ن.ک) بە جیابوونەوەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کۆتایی هات دەلاقـەی شەڕی ناوخۆ گەورەتر بوو، جیابووەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان کە ناویان لە خۆیان نابوو حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) لە ناوچەکانی هەولێر کۆیە خۆشناوەتی شارباژێڕو شـارەزوور کەوتنە شەڕ فرۆشتن بە (ی.ن.ک) دەیان پێشمەرگەو فەرماندەی (یەکێتی)یان شەهید کرد تا وایلێهات قیادە مۆقەتە و حزبی سۆسیالیستی کوردستان (حسک) و حزبی شیوعی

کوردستان (حشع) و پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) بەرەیەکیان بەرانبەر (ی.ن.ک) بە ناوی بەرەی جود (جبهه وطنی دیموکراتی) پێکهێنا، دوای ڕاگەیاندن و پێکهێنانی بەرەی جود شەڕ فرۆشتنەکانیان زیاتر بوو.

- لە دێی فەقیان و لە ساڵی ١٩٧٩ وەسمان بەگ و پێنج پێشمەرگەیتریان شەهید کرد.
- لە ١٩٨١/٨/٢٠ لە دێی سێکانیان جەمالی عەلی باپیرو سمایل گەورە دێی و حەسەن قارەمان و ئەنوەر عەبدوڵڵا مەلا ساڵح و کاروان چاڵاخییان شەهید کرد.
- ساڵی ١٩٨١ و لە دوو کاتی جیادا سۆسیالیست و بەرەی جود پەلاماری ناوچەی خۆشناوەتی و دۆڵی جافەتی و شارستێن و دۆڵی خانەقاو وەرتێیانداو لە هەر دوو جارەکەدا ژمارەیەک پێشمەرگەیان شەهید کردو دواتر لە لایەن هێزەکانی یەکێتی ڕاونران.
- لە گۆڕەدێمی ناوچەی شارباژێڕ نۆ پێشمەرگەی تیپی سلەیمانییان شەهید کرد.
- لە باداوان شێخ شەماڵ و سەرباز و سەعدی و کامەرانیان شەهید کرد.
- لە ئاسۆس سەید برایمی فەرماندەی کەرتی تیپی ٢١ی کەرکوکیان دەستگیرکردو زیندانییانکرد.
- پەلاماری مەڵبەندەکانی (٣ و ٤) ی (ی.ن.ک) یانداو چەندین پێشمەرگە شەهید بوون.
- لێرەو لەوێ چەندین پێشمەرگەی مۆڵەت و نەخۆش و بریندارییان شەهید کرد لە کاتێکدا ئەو پێشمەرگانە تاک و تەراو تەنها بوون بە مۆڵەت گەڕابوونەوە لای کەسووکاریان، یان نەخۆش و بریندار بوون.

هەر بۆیە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بیری لەوە کردەوە چارەسەرێک بۆ ئەو دۆخە نەخوازراوە بدۆزێتەوەو لە تەپڵی سەری سەرکردایەتی بەرەی جودەوە دەستپێبکات و دواتر پەڕوو باڵیان بکات.

شەهید بوونی ئـــیبراهیم عـــەزۆ و هاوڕێکانـــــی

((دوای ئەوەی لە سوریا خۆیان ئامادەکرد بەرەو ناوچەی بادینان بە ڕێکەوتن تا پەیامی شۆڕشی نوێ بگەیەننە خەڵکی بادینان، بە گەیشتنیان بە دەڤەرەکە لەسەر دەستی قیادە مۆقەتە شەهید کران.))

بە بۆنەی تێپەڕوونی ساڵێک بەسەر دامەزراندنی (ی.ن.ک) نەقیبی موهەندیس ئیبراهیم عەزۆ محەمەد فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی بادینان لە نزیک ڕووباری هیزل لە پشتی زاخۆ لەگەل پێشمەرگەکانی تردا یەکیانگرتەوە پێشمەرگەکانی بادینان بە فەرماندەیی ئیبراهیم عەزۆ کۆبوونەوە بۆ ڕێکخستنەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکان و دابەشکردنی ئیشوکار بەسەریاندا پێشمەرگە سەرەتاییەکانی بادینان کە ژمارەیان ٣٧ پێشمەرگە بوو، بوون بە چوار مەفرەزە

*مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی ئیبراهیم عەزۆ

*مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عیزەت ئیسماعیل شەنگالی

*مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی عومەر ئیبراهیم ڕەشید

*مەفرەزەیەک بە فەرماندەیی جەبار مەلا غەنی سندی

پێشمەرگەکانی بادینان ئەم تێکۆشەرانە بوون

١-نەقیبی موهەندیس ئیبراهیم عەزۆ (جەبار)

٢-عیزەت ئیسماعیل شەنگاری

٣-قاسم محەمەد عەلی

٤-فەیسەڵ کاشان

٥-جەلیل عەبدالّ شەهباز

٦-جەبار عبدالغنی (جەباری مەلا غەنی سندی)

٧-عەبدولڕەحمان حەسەن حسین شەنگاری

٨-گە خضر

٩-مستەفا موحسین عومەر

١٠-حەمید تەعلۆ

١١-سابیر عەرەب عەبدی
١٢-ئەحمەد محەمەد عومەر
١٣-سولاقە تۆما
١٤-خەڵەف حامید
١٥-یونس زەکەر
١٦-نوری محەمەد ئەمین حەداد
١٧-قادر ئیسماعیل تەها
١٨-ئەحمەد عەبۆ
١٩-ئیبراهیم فەقێ عەلی
٢٠-عومەر ئیبراهیم ڕەشید
٢١-طە عومەر سەعید
٢٢-نوری مراد
٢٣-حسین ئەحمەد ئەحمەد
٢٤-جاسم محەمەد ئەحمەد
٢٥-عەلی ئەحمەد محەمەد ئەمین
٢٦-حسین تمر قاسم

ئەم چوار مەفرەزەیە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان دابەشبوون بەسەر ناوچەکانی زاخۆ، ئامێدی، دهۆک بۆ دەستپێکردنی چالاکی سیاسی، ڕێکخراوەیی،پێشمەرگایەتی، لەو ماوەیەدا بە ناوچەکانی بادینانداا گەڕان خەڵکیان بینی، خەڵکیان هاندا خەڵکیان ڕێکخست و جۆشدا مژدەی هەڵایسانی شۆڕشی نوێیان گەیاندە خەڵکی شار و دێهاتەکان.

لە مانگی ٧ ساڵی ١٩٧٦ تەها شەنگالی پێشمەرگەی مەفرەزەکەی ئیبراهیم عەزۆ نەخۆشکەوت بۆ بەڕێکردنی تەها شەنگالی بە مەبەستی چارەسەر و گەیاندنی هەندێک نامە، ئیبراهیم عەزۆ، سۆلاقە تۆما، خەڵەف حامید، قادر ئیسماعیل، یونس زکر، گە خضر، مستەفا حەسەن، چوونە ناوچەی هەکاری کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا،

سەرکردایەتی بارزانی هەستی بە جموجۆڵی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) کردبوو لە ناوچەی بادینان، بۆ چاودێری جموجۆڵی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) و مەفرەزەکانی بادینان هاشم ڕەمـەزان، جەوهەر نامیق، کەریم سنجاری نـاردەوە کوردستانی تورکیا لەسەر سنووری ئولو دەرەو، چەڵێ بۆ چاودێریکردنی مەفرەزەکانی (ی.ن.ک) و ڕێگە گرتن لە جموجۆڵەکانیان و هاندانی خێڵ و عەشیرەتەکانی سنوور دژی پێشمەرگەکانی بادینان لە ژێر سەردێڕی ئەو پڕوو پاگەندەیەی تێکۆشەرانی (ی.ن.ک) پیاوی صدام و ڕژێمی عێراقن و هاتوون شۆڕش لە ئەوان تێکبدەن، چەکدارەکانی قیادە مؤقەتە داوایان لە دانیشتووانی ناوچە سنووریەکان کردبوو هەر پێشمەرگەیەکی سەر بە (ی.ن.ک) بەلای ئەواندا هات بیگرن و چەکەکەی ببەن بۆ خۆیان بەو مەرجەی تەسلیمی ئەوانی بکەن.

بەوجۆرە لە ١٩٧٧/٦/١٧ بە دەسیسەی چەکدارەکانی بارزانی لە دێی نێروەی ئولودەرە ئیبراهیم عەزۆ و هەشت پێشمەرگەیتریان بە ناوی میواندارییەوە وبە فێڵ دەستگیرکرد ماوەیەک لە گەوڕوو گوفەکانی ناوچەی گویی ئولودەرە، قەشوری و ئەرتوشی چەڵێ سوڕانیانناوە تا دواتر و لە ١٩٧٦/١٠/١٩ ئیبراهیم عەزۆ و دوو پێشمەرگەی تریان شەهید کرد بەمناوانە.

شەهیدەکان

١-شەهید نەقیبی موهەندیس ئیبراهیم عەزۆ محەمەد فەرماندەی مەفرەزەکانی بادینان.

٢-شەهید نوری محەمەد ئەمین حەداد خەڵکی زاخۆ.

٣-شەهید یونس زەکەر عەبدالاّ، شەنگار.

پاش ئەوەی ماوەی چەند هەفتەیەک مەفرەزە چەکدارەکانی بادینان پەوەندییان لەگەل ئیبراهیم عەزۆ پچڕا ئەوان بێئاگابوون لە شەهید بوونی ئیبراهیم عەزۆ هەر بۆیە یەکیانگرتەوە و بڕیاریاندا کە مەفرەزەکانی عیزەت ئیسماعیل و عومەر ئیبراهیم ڕەشید بچن بۆ سۆراغی ئیبراهیم عەزۆ و هاوڕێکانی.

مانگی ١٩٧٦/٨ عیزەت ئیسماعیل و عومەر ئیبراهیم لەگەل مەفرەزەکانانیان

چوونە ناوچەی گورمی تاقمێکی قیادە مۆقەتە بە ناوی میواندارییەوە لە دێی ڕووبوزکی ئولودەرە گەمارۆیاندان و داوای چەکدانانیان لێکردن عیزەت ئیسماعیل ڕوویکردە چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە پێیوتن لە ئاشبە تاڵەکەوە تەمێ خواردبووم و بەڵێنم داوە تا کوردستان ڕزگار نەبێت بە ساخی چەک بۆ کەس دانانێم مەگەر بمکوژن ئینجا چەکەکەم بەرن چەند چەکدارێکی قیادە مۆقەتە پەلاماری پێشمەرگەکانی یەکێتیانداو عیزەت ئیسماعیل شەهید بوو.

دوای شەهید بوونی عیزەت ئیسماعیل لە هەمان شوێن عومەر ئیبراهیم ڕەشید و قاسم محەمەد ڕابەری سیاسی مەفرەزەکە بە دەستی چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە شەهید کران.

دوای شەهیدبوونی ئەو تێکۆشەرانە ١٨ پێشمەرگەی هەردوو مەفرەزەکە برانە بارەگای چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە لە دێی مەرگەی ئولودەرە و لە ئەشکەوتی باڤێ بە دەستی چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە شەهیدکران و تەرمەکانیان لە ئەشکەوتەکەدا جێهێشتن پێشمەرگەکانی هەردوو مەفرەزەی عیزەت ئیسماعیل و عومەر ئیبراهیم بە دەستی چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە و بە سەرکردایەتی عەبدوڵڵا ڕەمەزان، مەحمود گویی، یوسف گویی لە ئەشکەوتی باڤێ شەهید کران کە ئەمە ناوی بەشێکیانە:

١-شەهید صابر عەرەق عەبدی خەڵکی زوممار
٢-شەهید حەمید تەعلۆ خەڵکی زوممار
٣-شەهید عەلی حسین خالید خەڵکی زوممار
٤-شەهید حسین تەمەر قاسم خەڵکی زوممار
٥-شەهید یاسین حامید یوسف خەڵکی زوممار
٦-شەهید ئەحمەد عەرجەف خالید خەڵکی زوممار
٧-شەهید محەمەد حاجی ئەحمەد خەڵکی زوممار
٨-شەهید ئەحمەد عەبۆ حاجی خەڵکی زوممار
٩-شەهید عەلی ئەحمەد محەمەد ئەمین خەڵکی زوممار
١٠-شەهید بەدەن سەیدۆ یەزیدی، شەنگار

١١-شەهید تەها عومەر سەعید، دهۆک
١٢-شەهید فواد مصلح سالّح، کۆیە
١٣-شەهید ئەحمەد محەمەد عومەر، زاخۆ

دوای گوللە بارانکردنی پێشمەرگەکانی بادینان لە لایەن چەکدارەکانی قیادە مؤقەتەوە و جێهێشتنیان لەناو ئەشکەوتەکەدا چەند پێشمەرگەیەک بە بریندارى لەناو تەرمەکاندا هەستانەوەو بەرەو دێهاتەکانی دوروبەر ڕۆیشتن و ڕزگاریان بوو.

دوای ئەو ڕووداوانە مەفرەزەکەی جەبار مەلا غەنی سندی بۆ پشوودان و خۆ پەنادان لەسەر کانییەکی ناوچەی سندی زاخۆ خەریکی چا لێنان بوون تاقمێک لە چەکدارەکانی قیادە مؤقەتە بە سەرکردایەتی محەمەد خالید گەمارۆیاندان و گوللە بارانیان کردن لە ئەنجامدا جەبار مەلا غەنی و سێ پێشمەرگەیتر شەهید بوون.

چوار پێشمەرگە بە سەرکردایەتی ڕابەری سیاسی مەفرەزەکە عبدالرحمان حسن شەنگاری لە دەست چەکدارەکانی قیادە مؤقەتە ڕزگاریان بوو بەرەو سەر جادەی زاخۆ ڕۆشیتن لەوێ سواری لۆرییەکی لم گواستنەوە بوون بۆ ئەوەی خۆیان لە شوێنی ڕووداوەکە دوور بخەنەوە بەڵام کەوتنە داوی ڕژینی عێراق و لەگەل هاوولّاتییەکدا دەستگیرکران دواتر لە زیندانی موصڵ لە سێدارەدران.

ئەو پێشمەرگانەی لە دەستە چەکدارەکانی بادینان بوون و دوای گەمارۆدان و شەهیدکردنی هاوڕێکانیان خۆیان دەربازکرد بەڵام کەوتنە دەست دوژمن لە ١٩٧٧/٣/٢٩ لە زیندانی موصڵ لە سێدارەدران کە ئەم نەمرانەن:

١-شەهید عەبدولڕەحمان حەسەن شەنگاری.
٢-شەهید ڕەشید حەمەد عەبدولڕەحمان-خەڵکی زوممار-موصڵا.
٣-شەهید حەسەن ئەحمەد ئەحمەد-زوممار.
٤-شەهید جاسم حەمەد ئەحمەد-زوممار.
٥-شەهید عیزەدین صدیق خۆشناو-شەقڵاوە.
٦-شەهیدی هاوولّاتی محەمەد سلیمان وسیتۆ.

شـــــەهید ئـــــیبراهیم عـــــەزۆ

شەهید نەقیبی موهەندیس ئیبراهیم عەزۆ لە ناوچەی عەین زالەی سەر بە پارێزگای موسڵ لە دایک بووە.

+ خوێندکاری کۆلێژی ئەندازیاری بووە.

+ لە ساڵی ١٩٧٠- ١٩٧١ لە سووپای عێراقدا کراوەتە ئەفسەر دوا پلەی نەقیب بووە.

+ ئەفسەر بووە لە کۆلێژی ئەندازیاری لە بەشی سواریخی دژی فڕۆکە.

+ نێردراوەتە یەکێتی سۆڤیەت و دەورەیەکی شەش مانگی بینیوە.

+ چووەتە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە.

+ لە گەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بووەتە پێشمەرگەو نێردراوەتە ناوچەی بادینان.

+ لە مانگی (٧)ی ساڵی ١٩٧٦ لە گەڵ چەند هاوڕێیەکی کەوتنە بۆسەی قیادە موەقەتە و دواتر گوللەبارانکران.

شـــەهیدبوونی حەمە غەفور ئاخجەلەری و هاوڕێکانی مــانگی 1977/7 –کەرکوك

قالە فەرەج، تەحسین شاوەیس، عوسمان عەودالّانی سەر بە مالّی بارزانی بوون و لە ئێرانەوە نێردرابوونەوە ماوەی چەند مانگێگ لە ناوچەکانی دەشتی کۆیە، شوان و شێخ بزەینی چەمی ڕەزان، خەریکی ڕاوو ڕووت و ئازاردانی خەڵک و کۆکردنەوەی زانیاری بوون لەسەر شۆڕش و (ی.ن.ک) بە ناوی قیادە مؤقەتە کاریان دەرکرد.

بەرە بەیانی ١٩٧٧/٧/٢٣ لە کاتێکدا مەفرەزەیەک پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بە سەرکردەیی حەمە غەفور ئاغجەلەری پێکەوە خەوتبوون لە شیرینی خەودا و لە دێی (کانی بی) بازیان دایانن بەردە دەستڕێژی گوللە و شەهیدیانکردن کەئەم نەمرانە بوون:

١–شەهید محەمەد غەفور ئاغجەلەری ئەندامی سەرکردایەتی کەرکوکی بزووتنەوەی سوسیالیستی کوردستان و فەرماندەی دەستە چەکدارەکانی هەرێمی کەرکوک.

٢–شەهید ئەنوەر کەریم خەڵکی عەلی بەیان.

٣–شەهید ئەحمەد محەمەد خەڵکی عەلی بەیان.

٤–شەهید عەبدوڵڵا تۆفیق خەڵکی چیا سەوز.

٥–شەهید حەمید عەزیز خەڵکی چەمچەماڵ.

٦–شەهید ڕەمەزان سەعید خەڵکی چەمچەماڵ.

٧–شەهید حامید مەلا ئەحمەد خەڵکی گۆپتەپە.

٨–شەهید کەریم مەلا ئەحمەد خەڵکی گۆپتەپە.

٩–شەهید سەعید عومەر خەڵکی گۆپتەپە.

١٠–شەهید ڕەزا عومەر خەڵکی گۆپتەپە.

جگە لەم شەهیدانە چەند پێشمەرگەیەکیان بە دیلگرت دوای ئەنجامدانی ئەم تاوانە هێزێکی دوژمن لە ڕێگەی کۆپتەڕەوە دابەزین، خائینەکان سەرکەوتنە ناو کۆپتەڕەکە لاشەی شەهیدەکان و دیلەکانین لەگەل خۆیاندا بردوو تەسلیم بوونەوە و بوونە جاش.

هێنانی چەك
بەرەو بادینان-دەریای سوور-گۆڕە پێچ

شەهید بوونی ملازم حەسەن خۆشناوو هاوڕێکانی دەستگیر کردنی ژمارەیەك پێشمەرگە (یەك)

هێزێک لە پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە ناویاندا شێخە بنزێری، قادر خەبات، عوسمان بچکۆل لە گەڵ مامجەلال بەرەو سنووری تورکیا- عێراق ڕۆیشتن، عومەر دەبابە لە گەڵ هێزەکەدابوو لەوێوە ڕۆیشت بۆ سووریا.

هێزەکە ماوەیەک لە سەر سنوور مانەوە سامی عەبدوڵڕەحمان، ملازم نیهاد، کەمال کەرکوکی و زەعیم عەلی لە قیادە مۆقەتە لە ناوچەکە بوون، ڕۆژی ١٩٧٧/٩/١٤ بڕیار بوو کاک نەوشیروان، ملازم عومەر، سەید کاکە بچنە چەمی تووان لە گەڵ ئەو لێپرسراوانەی قیادە مۆقەتە یەکتر ببینن، بەڵام سەرکردایەتی یەکێتی سووسەی پیلانێکی هاوبەشی موخابەراتی وولاتانی ئێران، عێراق، تورکیا، قیادە مۆقەتەی کردبوو بۆ لە ناوبردنیان هەر بۆیە نەچوون و کۆبوونەوەکە نەکرا.

هـــــێنانی چـــــەك

لە ناو سوریا چەک دەهاتە خاکی تورکیا و لەوێوە پێشمەرگەکانی یەکێتی وەریاندەگرت و دەیانهێنایە سەرکردایەتی، دوو کاروانی چەک هاتبوو کلاشینکۆفی یەک لاق بوو.

جاری سێیەم شێخ جەوادو مەفرەزەیەک، عوسمان بچکۆل و مەفرەزەیەک لە گەڵ ملازم حەسەن خۆشناو ڕۆیشتن بۆ هێنانی چەک، شەو چوونە بەردە ڕەشان نزیک شەمزینان ١٣ دۆشکە و بڕێک پارەیان بۆ هات وڵاخەکانیان بارکردوو سەرکەوتنە سەر کوێستانی چیای وەرەمارە.

کوێستانێکی ساردبوو کانیاوەکان بەستبوویان سەهۆڵی تیابوو، شوێنێکی ڕووت بوو کە دەچوویتە گەلییەکەی وەکو دەرگا وابوو کە دەریش دەچوویت وەکو ئەوە وابوو لە دەرگا دەربچیت، هەر چوار دەوری کوێستانەکە شاخ بوو.

پێشمەرگەکان بێئاگا بوون لەوەی قیادە مۆقەتە بۆسەی بۆناونەتەوە کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/١٣ کەوتنە بۆسەی چەکدارەکانی قیادە مۆقەتەوە، چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە ڕێگەیان لە کاروانەکەی یەکێتی گرتبوو کە تێکڕا ٢٦ پێشمەرگە بوون جگە لە چەند کوردێکی سوریا دایانن بەر دەستڕێژی گوللە و (١٤) پێشمەرگە شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید حەسەن ئەبوبەکر خۆشناو ناسراو بە ملازم حەسەن خۆشناو بە بریندار شەهید کرا.

٢/ شەهید باهیر ئەحمەد

٣/ شەهید نەجات نوری

٤/ شەهید کەمال حەمەدەمین

٥/ شەهید عەلی کوێخا عومەر

٦/ شەهید خدر ئەحمەد چکۆلان

٧/ شەهید عەزیز چەرکەس کوردی سوریا

٨/ محەمەد سۆفیانی

٩/ شەهیدێکی کوردی سوریا

١٠/ شەهیدێکی کوردی سوریا

١١/ شەهیدێکی کوردی سوریا

١٢/ شەهیدێکی کوردی سوریا

١٣/ شەهیدێکی کوردی سوریا

سێ پێشمەرگە بریندار بوون

پێشمەرگەکان شەڕیان لە گەڵ چەکدارەکانی قیادە مۆقەتەدا کرد، شەڕ تا ئێوارەی خایاند ئەڵقەی گەمارۆی سەر پێشمەرگەکان تەسک بووەوە، گوللەیەک لە تفەنگی عوسمان بچکۆلیدا تفەنگەکەی وەستا تفەنگی ملازم حەسەن خۆشناوی هەڵگرت فیشەکێک بەر دەستی کەوت.

لەو بۆسەیەی قیادە مۆقەتەدا جگە لە شەهید و بریندار ژمارەیەک پێشمەرگەی یەکێتی کەوتنە دەست دوژمن و زیندانیکران کە ئەم پێشمەرگانە بوون:

١/ عوسمان بچکۆل
٢/ فەقێ مەحموود
٣/ نەبی
٤/ بەکر چاوشین
٥/ عەبدوڵڵا مستەفا
٦/ محەمەد ڕەسوڵ
٧/ ڕەقیب عوسمان (ڕەوەز)
٨/ محەمەد ڕەسوڵ
٩/ سمایلی حەمە جاف

هێزەکەی یەکێتی سێ بریندارییان هەبوو شێخ جەوادو دوو پێشمەرگەیتریان لە گەڵ بریندارەکان ناردەوە ڕەسوی کاکە ڕەش و ڕەسو عەبدوڵڵا دوو لە بریندارەکان بوون.

ئەو پێشمەرگانەی دەستگیرکران لە لایەن قیادە مۆقەتەوە خرانە زیندانەوە چەند کوردێکی کوردستانی سوریاشیان لە گەڵدا بوو.

قیادە مۆقەتە یەکێک لە زیندانییەکانی کوردی سوریای کردبوو بە سیخوڕ بە سەر پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە، کەمال کەرکوکی چووە ژووری زیندانییەکان و پێیووتن لە لای ئەو کوڕە قسە مەکەن کراوە بە سیخوڕ بە سەرتانەوە وریا بن ئەوەندەی وتوو چووە دەرەوە.

دوای ماوەیەک هەندێک لە زیندانییەکان ئازادکران، عوسمان بچکۆل، فەقێ مەحموود، نەبی، سمایلی حەمە جاف ماوەی (٨) مانگ مانەوە.

زیندانیەکان ماوەیەک لە بێداو بوون دواتر گواستیانەوە بۆ چەمی تووان لە دێیەک بوون جۆگەیەکی بە نێواندا دەڕۆیشت ئەوبەری عێراق و ئەمبەری ئێران بوو، میتی تورکی ڕۆژانە یان چەند ڕۆژ جارێک دەهاتن بە هەندێک پرسیاری دووبارە زیندانییەکانیان بێزار دەکرد ڕۆژانە چەند پرسیارێکی دووبارەیان لێدەکردن ناوت چییە؟ موالیدی چەندیت؟ چەند خوشک و برات هەیە؟

سامی عەبدولڕەحمان زۆر بە ناشیرینی مامەڵەی لە گەڵ زیندانییەکاندا دەکرد، لە شەوێکی ساردی چەمی تووانداا دکتۆر فەرهەنگیان شەهید کرد.

شـــەهید بوونی دکـــتۆر فەرهەنـــگ

دکتۆر فەرهەنگ کەوتە ژێر ئەشکەنجەی قیادە مۆقەتە ئەشکەنجەیەک تا بڵێی نامرۆڤانە دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر بەو زستانە خستیانە ناو ئاوەوە.

بایەک لە گەڵ سەرماکە هەڵیکردبوو کە دکتۆر فەرهەنگیان لە ناو ئاوەکە هێنایە دەرەوە ببوو بە پەیکەرێک لە سەهۆڵ، فەرهەنگ بەستبووی، فەرهەنگییان هێنایە ژووری زیندانییەکان دەتووت تابلۆیەکە و سروشت لە بەفرو سەهۆڵ نەخشاندوویەتی، یان پەیکەرێکەو لە شەختە و چلورەی گوێسەبانە داتاشراوە.

فەرهەنگ لە ناوەڕاستی زیندانەکەدا پەیکەرێکی بێدەنگ و بێ زمان بوو بە بەرچاوی زیندانییەکانەوە ئاویان پێدادەکرد هێندەیتر دەیبەست و دەبووە سەهۆڵ، دکتۆر فەرهەنگ دواجار لە ژێر ئەشکەنجەو ئاو پێداکردن و بە سەهۆڵ بووندا گیانی دەرچوو بووە تەرمێک لە سەهۆڵ لە ناو تابووتی وەرزێکی ساردا.

هەتا بەهاری ساڵی ١٩٧٨ زیندانییەکان لە چەمی توو مانەوە، لە بەهاردا حاجی عومەر هات و بووە لێپرسراوی زیندانەکە.

هـــەڵوێستی جـــوامێرانە

حاجی عومەر قیادە مۆقەتە بوو بەڵام جیا لە جنسی ئەوانیتر، کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی کەسێکی دیندارو نوێژکەرو بەڕێز بوو.

حاجی عومەر سەر بە عەشیرەتی دۆسکی بوو زۆر ڕێزی لە زیندانییەکان دەگرت بەڵێنی بە زیندانییەکاندا ئەگەر تا مانگێکیتر ئازادیان نەکەن دەیانڕفێنێ و دەیانباتەوە شوێنی خۆیان[1]

[1] بەڵێنەکەی حاجی عومەر بەمجۆرە بوو (وەعد بێ بە وەعدی پیاوان ئەگەر تا مانگێکیتر ئازادتان نەکەن لێرەوە دەتانفڕێنم دەتانبەمەوە شوێنی خۆتان.
کاتێک دەستگیرکران عوسمان بچکۆل (٢٠٠) دیناری پێبوو لە ژێر ناوکەفی پێڵاوەکانیدا

لێرە بەدواوە زیندانییەکان چوونە دۆخێکی ترەوە وەکو زیندانی مامەڵەیان لە گەڵدا نەدەکرا بەڵام کە لە بێداو بوون لای سامی عەبدوڵڕەحمان ساوەریان دەدانێ نیوەی گومشک بوو دەتووت ماش و برنجە تێکەڵ کراوە.

دوای فشارێکی زۆر لە سەر قیادە مۆقەتە بە تایبەت لە لایەن برادەرانی سوریاوە لە چەمی توو گواستیانننەوەو بردیاننە دەریا سوور لەوێ ئازادیان کردن.

دوای مالاوایی بە دەشتی (هێرتێ)دا چوونە دەشتی بەراز گرێ بە ڕۆژ لە ناو گیادا خۆیان دەشاردەوە ڕۆژانە ٢٥ کۆپتەر بە سەر ناوچەکەدا دەسووڕانەوە ئەمان بێ ئاگا بوون لەوەی هێزەکانی یەکێتی لە ڕێگەی ڕۆیشتن بۆ هەکاری لە سنوور تووشی شەڕ بوون .

پێشمەرگە ئازادکراوەکان بە شەو دەڕۆیشتن و بە ڕۆژ خۆیان دەشاردەوە تا دەگەیشتنە نزیک سیدەکان، نەیاندەزانی چۆن لە سیدەکان بپەڕنەوە بۆ بەری گرتک و ڕۆست.

جوتیارێکی مەڕداریان بینی ناوی خدر بوو بە (٢٠) دینار ڕێگەی نیشاندان هەتا دەرچن و بگەنە شاخ.

شاردبوویەوە لەو پارە (٢٠) دیناریان دایە مەڕدارەکە، لەوێوە چوونە گرتک و ڕۆست محەمەد ڕەزۆیان بینی کە پێشتر ئازاد کرابوون خزمەتی زۆریان کردن.

محەمەدی حاجی عەلی هەموو ڕۆژێک نانی بە کۆڵ بۆ دەهێنانە کوێستانی گرتک و ڕووست شەوانەش دەیبردنە ماڵەوە، کوێستانەکە کۆلێت و حەشارگەی هاوینەی لێبوو پێشمەرگەکان بەڕۆژ لەوێ دەمانەوە محەمەدی حاجی عەلی، مام عوسمان، قادری موعتەبەر خزمەتی زۆریان کردن.

پێشمەرگەکان نەیاندەتوانی لە ڕێگای حاجی هۆمەران بپەڕنەوە ماوەی مانگێک لەو کوێستانە مانەوە محەمەدی حاجی عەلی کلاشینکۆفێکی بۆ کڕین.

ڕۆژێک مەفرەزەیەکی ئەحمەد خەیلانی پەیدا بوون پێنج کەس بوون، ئەحمەد خەیلانی ووتی ئەو دوو پێشمەرگەیە تەسلیم دەبنەوە بۆچی کلاشینکۆفەکانیان لێناکڕن، عوسمان کلاشینکۆفەکانی لێکڕین.

دوای مانگێک مانەوەو ڕزگـار بوون لە بۆسەیەکی سەربازی گەیشتە سەر جادەی حاجی هۆمەران مەڕدارێکی لێبوو ناوی عوسمان بۆڵی بوو نان و چای دانێ و بەڕێیکردن سەرکەوتنە چیای قەندیل.

ڕەبـــییەی بەردوو نـــاز

بایەکی ساردی دەهات نەیاندەزانی ڕەبییەی بەردوو ناز سەربازی تیایە یان چۆڵیان کردووە پێشمەرگەکان وێستییان بچنە کۆنە ڕەبییەکە سەیریانکرد سەربازی تیادایە پاسەوانی ڕەبییەکە پێشمەرگەکانی بینی و هاواریکرد، تیرەیەکی باریک بوو پێشمەرگەکان خۆیان هەڵدایە دیوی ئێران نەهاتنەوە دیوی عێراق.

تیرەکە بەفری لێباریبوو خۆیان بە سەر بەفرەکەدا گل کردەوە، تەقەی زۆریان لێکردن بەڵام سەلامەت بوون.

لە ناو گەڵی گورگان دوو مااڵی ئێرانی لێبوو لەوێ نانیان خواردوو عەجەم هاتن ڕوویان لە ماڵەکان کرد پێشمەرگەکان بە ناو گەڵیدا ڕایانکرد عەجەمەکان بانگیانکردن نەوەستان.

بە چیای گابەڵەکدا کەوتنە دیوی شێخ ئایش و هاواریانکرد یەکێک وەڵامی دایەوە کە نزیک بوونەوە دکتۆر خدری برای عوسمان بچکۆل و محەمەدی حاجی شێخە بوون بە یەکتر شادبوونەوەو یەکتریان لە ئامێز گرت.

فەقێ مەحموود، ئیسماعیل، نەبی، عوسمان بچکۆل چوونە لای مامجەلال و تێکەڵ بە تێکۆشان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوونەوە.

شەهیدبوونی ملازم حەسەن خۆشناو و هاوڕێکانی (دوو)

بەیانی ڕۆژی ١٩٧٧/١٠/١٣ تاقمێک چەکداری قیادە مۆقەتەی سەر بە سەرکردایەتی بارزانی لە نزیک زۆزانی-کۆیستانی ڕاشیدان لە نێوان گەوەر و شەمزینانی کوردستانی ژێر دەسەلاتی تورکیا بۆ سەیان بۆ کاروانێکی (ی.ن.ک) دانا کە ١٠ دۆشکەی شۆڕشیان بە نهێنی دەگواستەوە ئەو کاروانە ٢٥ پێشمەرگە بە سەرکردایەتی ملازم حەسەن خۆشناو پارێزگارییان لێدەکرد چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە دەستڕێژیان لە کاروانەکەوە کردوو ئەم پێشمەرگانە شەهیدبوون:

١-شەهید ملازم حەسەن خۆشناو خەڵکی زیارەت-شەقڵاوە.
٢-شەهید باهیر ئەحمەد خەڵکی میرەدێی دەربەندیخان.
٣-شەهید کەمال محەمەد حسین خەڵکی گوڵێ-ماوەت.
٤-شەهید نەجات نورەدین سەراج خەڵکی کەرکوک.
٥-شەهید عەلی کوێخا هۆمەر خەڵکی باوزێ-قەڵادزێ.
٦-شەهید ئەحمەد چکۆلان قەڵادزە.

پێشمەرگەکانی تر و ٩ تێکۆشەر کە هاتبوون بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە لەناویاندا سێ تێکۆشەری کوردستانی سوریا کە یەکێکیان مامۆستا عەزیز چەرکەس بوو شەهیدبوون، ئەوانیتر کەوتنە دەست قیادە مۆقەتە لە ناویاندا تێکۆشەری ناسراو مستەفا ئیبراهیم خوخی، مالک ئەحمەد معاون طبی خەڵکی خورماتوو، عوسمان بچکۆل خەڵکی بتوێن دوای دەستگیرکردنی ئەم پێشمەرگە و تێکۆشەرانە هەڤاڵ مالک زۆر دڕندانە شەهید کرا.

دوای شەهید کردن و دەستگیرکردنی ئەو هەڤاڵانە چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە دەستیانگرت بەسەر ١٠ دۆشکە و ٢٥ کلاشینکۆفی مەفرەزەکە و کەلوپەلی تایبەتدا لەگەل ٣٣ هەزار دیناری سویسری و دەرمان و کەلوپەلیتر....

کـــــۆیە-هـــــەولێر
کـــــانی ســـــوور

١٩٧٧/١٠/١٣ دەستەیەک پێشمەرگە لە دێی کانی سووری کۆیە تووشی تاقمێک چەکداری قیادە مۆقەتە بوون شەڕ دامەزرا

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی نامیق نادر خەڵکی تاڵەبانی کۆیە.

کوژرانی ٣ چەکداری قیادە مۆقەتە دەستکەوت ٣ کلاشینکۆف

هـــــەکاری ســـــەفەرێکی ســـــەخت

کارەساتی هەکاری زامـی بەسوێ و ئازارێکی پڕ ئـازارە لە مێژووی گەلی کوردستاندا، ئازارێک وەکو هەموو ئەو ئازارانەی لە مێژووی دوورو نزیکی ئێمەدا هەمیشە دەجمێن.

کارەسات و مەرگەسات و تراژیدیا بەشێکی گەورە لە مێژووی گەلی کورد پێکدەهێنن، هەر ئازارە سوێی خۆی هەیەو هەر ئازارە دەمی برینێکی کراوەیەو تا ئێستا ساڕێژ نەبوون- دانەخراون.

ئـەوەی دەمەوێت لێرە بینووسمەوە مەبەست لێی کولاندنەوەی برین نییە، هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی خۆکوژی نییە، هێندەی دەمی تیغی خەنجەرێکە بە غەدر لە پشتی هێزێک دران کە تەنها مەبەستیان هێنانی چەک و تەقەمەنی بوو دروشمی دژایەتی هیچ هێزێکی کوردستانی هەڵنەگرتبوو بەڵکو هەتوانی برینی پڕ ئازاری گەلی کوردستان بوون دەیانەویست باسکی بەهێزی پێشمەرگە ئەستور بێ و گەل سەرکەوێ بەڵام کەوتنە گەمارۆو بۆسەی غەدرەوەو بێکەس کوژ کران.

ئەو پێشمەرگانەی بەرەو هەکاری ڕۆیشتن هەگبەی خەمی نیشتمانیان لە کۆڵ نابوو، تۆیشوی ڕێگەیان تەنها نانی وشک و گژوگیا بوو، ئەوان بەدەم سنوورەکانی نیشتمانەوە هەڵکوڕمابوون تا خۆر لە کەل سەر دەربێنێ و تاریکی شەو دابپۆشێ.

ئەو پێشمەرگانەی هەکاری بە سوێترین زامی جەستەی نیشتمانن لە مێژووی پڕ لە غـەدری ئێمەدا هـەر بۆیە بە هەقم زانـی لاپـەڕەی ئـەو ڕۆژانـە لە زاری شایەدحاڵەکانەوە بێ زیادو کەم وەکو خۆی تۆمار بکەم .

کە دێتە سەر هەکاری کۆمەڵکوژو بێکەس کوژی ئەو هەموو تێکۆشەرە دەبینیت بێئاگا دەخرێنە بازنەی قڕکردن و دەستگیرکردن و بەند کردنەوە تارمایی غەدرێکی قوڵ خۆت پیشان دەداو یەخەت دەگرێ و پێت دەڵێ ئەوە شەڕی بەرابەری دوو هێز نییە کە هەر دوولا خۆیان بۆ ئامادە کردبێت، ئەوە چاڵ و تەپکە و گۆمی غەدرە لێی ڕامەکەو بینووسەوە چوونکە ئەگەر نەیاننووسیت دارو بەردو شەهیدانی ڕێی هەکاری دێنەگۆو پێت دەڵێن پێنووسەکەت بشکێنە و وردو خاشی بکە کە دڵۆپ دڵۆپ خوێنی بە ناهەق ڕژاوی ئێمە نابینێ، ئەوە پێنووس نیە نابینایەکی لاڵە.

بـــــەرەو هـــــەکاری

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە دۆڵەنێ کۆبوونەوە دوای تەگبیرو خۆ سازدان بەرەو سێ سنوور بەڕێکەوتن تا بگەنە شوێنی مەبەست چەک و پێداویستی بۆ هێزی پێشمەرگە بهێنن بە واتایەکیتر ئەو چەک و تەقەمەنیانەی بڕیار بوو بگەنە دەستی (ی.ن.ک) لە سنوورەوە بگەیەننە سەرکردایەتی یەکێتی.

مامجەلال، عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، شێخ حسێن بابە شێخ، لە دۆڵەنێ کۆبوونەوەیان لە گەڵ هێزی پێشمەرگەدا کرد، هەرێمی ٦ی ئازادی پشدەر لە گەڵ قوەتی پشدەر لەو هێزانە بوون ئامادەی ڕۆیشتن بوون بەرەو هەکاری، دوای چەند ڕۆژێک لەو کۆبوونەوەیە بەرەو سێ کوچکەی سنوور بەڕێکەوتن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە دوو قۆناغ بەڕێکەوتن هەر قۆناغە چەند ڕۆژێکی نێوان بوو، هەر دوو قۆناغەکە دوو هێزی گەورەیان لە گەڵدا ڕۆیشتن.

هێزی یەکەم بە سەرپەرشتی دکتۆر خالید، شێخ حسێن بابە شێخ بەڕێکەوتن.

هێزی دووەم بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێکەوتن، دواتر هەر دوو هێزەکەش یەکیان گرتەوە.

هـــێزی یـەکەم

هێزی یەکەم بە سەرپەرشتی دکتۆر خالید سەعید، شێخ حسێن بابە شێخ لە (دۆڵەنێ) بەڕێکەوتن چوونە ئاڵوەتان، هێزە سەربازیەکانی ئێرانیان لە ئاڵوەتان ناچارکرد ئۆتۆمبێلی سەربازیان بۆ پەیدا بکەن، دکتۆر خالید بە هێزەکانی ئێرانی وتبوو ئێمە نامانەوێت لە ناو خاکی ئێران لابدەین دەچینە ناوچەی برادۆست بۆ ئەوەی لە ناو خاکی ئێراندا لانەدەین و نەبینە کێشە بۆ ئێوە ئۆتۆمبێلمان بۆ پەیدا بکەن، ئەرتەشی ئێران ئۆتۆمبێلیان بۆ پەیدا کردن و هێزەکەیان گواستەوە.

هـــێزی دووەم

چەند ڕۆژێک دواتر بەشی دووەمی هێزەکە بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری بەڕێکەوتن، کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆ گەیشتنە بەرانبەر ئاڵوەتان نان و خواردن و پێداویستیان هەڵگرتبوو، قوەتی پشدەر بە سەرپەرشتی قادر اغا بەشێک بوون لەو هێزە.

هێزەکە بەردەوام بوون لە ڕۆیشتن پادگایەکی ئەرتەشی ئێرانیان لە ئاڵوەتان لێدەرکەوت پادگاکە هێزەکەی بینی ڕێچکەیان بەستبوو بە هاوەن لێیدان، گوللەیەکی دووکەڵ (دوخان) لە نزیک هێستریکیدا بارەکەی کەوتە بەر ورگی، قادر اغا، حەمە هەژار و چەند پێشمەرگەیەک باری هێسترەکەیان ڕاست کردەوە، عەلی عەسکەری هاتە لای هێزەکەی پشدەر و بە قادر ئاغای وت ئێران بۆچی بۆردومانمان دەکات، ئێمە سەفەرەکە هەر دەکەین ئەگەر ئێران و تورکیا لێمانبدات هەر دەڕۆین لە بارەگاکانی ئێران لادەدەین.

هـــــــەڕێمی یـــــەك
شـــــارەزوور- هـــــەورامان

بەشێک لە پێشمەرگەکانی شارەزوور هەورامان بەرەو سەرکردایەتی ڕۆیشتن، حامیدی حاجی غالی، حەمە هاواری، مام هەڵمەت، حسێن مەجید، چوونە سیامێوە، لە سیامێوە ووتیان قیادەی موەقەتەی لێیە لە گەڵ هێزەکەی محەمەدی حاجی مەحموود و شەوکەتی حاجی موشیر گەمارۆی سیامێوەیاندا، چەکدارەکانی قیادە موەقەتەیان چەککرد، تفەنگەکانیان بە سەر هێزەکانی (یەکێتی) دا دابەشکرد.

مام هەڵمەت لە سیامێوەوە گەڕایەوە ئەو تفەنگانەی بەر هێزەکەی حامیدی حاجی غالی کەوتبوون بردیەوە بۆ هەورامان، هێزەکەیتر لە گەڵ حامیدی حاجی غالی ڕۆیشت بەرەو هەکاری.

هێزەکەی شارەزوور چوونە سیاگوێز، شلێر، ئالان لەوێشەوە بۆ کانی زەردو نۆکان چەند ڕۆژێک لە نۆکان مانەوە.

هێزەکەی شارەزوور- هەورامان یەکەم ڕەتڵ لە گەڵ دکتۆر خالید بەڕێکەوتن لە گۆڕە شێرەوە چوونە دێیەکانی ئێران نانیان وەردەگرت و دواتر دوور دەکەوتنەوە لە دێیەکان، بەیانییەک لە ناو دێیەکاندا لە گەڵ ئەرتەشی ئێران لوتیان بە یەکدا تەقی دکتۆر خالید زۆر دبلۆماسیانە پێیووتن ئێمە ڕێگەمان لێونبووە دەلیلمان بدەنێ دەگەڕێینەوە ناو خاکی عێراق.

ڕەتڵی یەکەم گەیشتنە سێ سنوور، هێزەکەی شارەزوور هەورامان محەمەدی حاجی مەحموود، عەلی شیعە، حەمە هاواری، حسێن مەجید مەلا حامید. برایمی مینە قارەمان، فەرەج دەرەشیشی کە لە هەکاری شەهید بوو لە گەڵ ژمارەیەکیتر پێشمەرگە.

لـــــێدوانی دکتۆر خـــــالید

دکتۆر خالید کە لە سنوور دەرچوو بوو لە ناوچەی کێلەشین و زێوە بۆ (لۆلان) وتبووی ئێمە وەک (ی.ن.ک) خەبات دەکەین لە پێناو هەر چوار پارچەی کوردستان، ئەو لێدوانە ئێرانیەکانی نیگەران کردبوو.

بەشی دووەمی هێزەکە بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری وا بڕیار بوو لە گەڵ هێزی یەکەم یەکبگرنەوە چەند بنکەیەک لە سەر سنوور دابنێن چەک و پێداویستیەکان بە سەلامەتی بگەیەننە سەرکردایەتی.

بڕیار بوو لە گەڵ قیادە موەقەتە ڕێکەوتنێک بکرێت قسە لە گەڵ کاک مەسعود و کاک ئیدریس بارزانی کرابوو کە چیتر شەڕی براکوژی دروست نەبێتەوە بۆ ئەوەی بە هەموان بتوانن مەسەلەی کورد پێش بخەن.

مـــــــەفرەزەی پـــــــێنجوێن

پێشمەرگەکانی سنووری پێنجوێن بە فەرماندەیی جەمالی حەمەی خواکەرەم کە ١٣ پێشمەرگە بوون بەرەو سەر سنوور ڕێکەوتن و بوونە بەشێک لەو هێزە گەورەیەی کە بەرەو ناوچەی هەکاری بەڕێکەوتبوون، پێشتریش حکومەتی ئێران هەڕەشەی لە هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی یەکێتی کردبوو کە نابێت لە خڕی ناوزەنگ و نۆکان بارەگا دابنێن، بەهارێکی زوو بوو هێشتا ڕێگاو شەختە بەندی بەفری لاپاڵ و قەدپاڵ و بەرزاییەکانی قەندیل نەیکردبووەوە بەفر لەو ناوچانە بە ئاستێکی زۆر و بەرز کەوتبوو کە هێشتا دەرفەتی ئەوەی نەدەدا بە ئاسانی مرۆڤ بەرەو سنوورەکان دەرباز بێت و ڕەشایی دەرنەکەوتبوو.

هێزی پێشمەرگە کۆکرایەوەو ئامادەی ڕۆیشتن و بەڕێکەوتن بوون بەرەو ناوچەکانی سەر سنوور، هێزەکە بێ پارەو پول بوو، ئەو سەردەمە ئاستی دارایی شۆڕش زۆر خراپ و نزم بوو، شۆڕش پارەی پێویستی بەڕێکردن وبەڕێوەبردن و دابینکردنی پێداویستیەکانی هێزێکی تاڕادەیەک گەورەو فراوانی لەو شێوەیەی نەبوو، بۆیە پێویست بوو مەنفەزێک بدۆزرێتەوە تا ئیدارەی هێزەکەی پێبدرێت و پێداویستیەکانی لە خەرجی ڕۆژانە و کڕینی نان دابین بکات، هاوکات لە گەڵ ئامادەسازی هێزەکە بۆ بەڕێکەوتن هەردوو تێکۆشەر و سەرکردەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ڕێکخراوێکی چەپی پێشکەوتنخوازی ئێران و کۆمەڵەی زەحمەتکێشان بوون دکتۆر جەعفەری شەفیعی و مامۆستا برایم لە دەست ڕژێمی ئەو کاتی شاهەنشاهی هەڵاتبون و دۆست و نزیکی شۆڕش و مامجەلال بوون،

نزیکەی ١٢٠ هەزار تمەنیان پێبوو ئەو پارەیەی خۆیاندا بە هێزی پێشمەرگە تا پێداویستی و خەرجی ڕۆژانەی هێزەکەی پێ دابین بکەن.

دکتۆر جەعفەرو مامۆستا برایم پێش ئەوەی بگەنە لای سەرکردایەتی یەکێتی، لە ڕێگا لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستگیر کرابوون کەسایەتی ناسراوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کاک حەمەی مەلا عەلی بێژوێ ڕزگاری کردبوون و لە دەستی هێزەکانی ئێرانی دەرهێنابوون وتبووی ئەمانە «چێوار»ن دواتر هێنابوونی و گەیاندبوونیە لای جەنابی مامجەلال، ١٠٠ هەزار تمەنیان بۆ یەکێتی هێنابوو ٢٠ هەزار تمەنیش تا چەک بۆ خۆیان بکڕن، بەڵام کە دۆخی ئەوسای یەکێتیان بینیبوو، ٢٠ هەزار تمەنەکەی خۆشیان دایە یەکێتی و وتبوویان خۆمان چەکمان ناوێت، کە تێکڕا دەیکردە ١٢٠ هەزار تمەن کە لەو ڕۆژگارەدا یارمەتییەکی گەورەی دارایی بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

دکتۆر جەعفەری شەفیعی یەکێک لە سەرکردە و تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان و سەرکردە و ڕێبەری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو، خەڵکی ناوچەی بۆکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، ئەم گەورە پیاوە بە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل گیانی لەدەستداو لە دێی چۆخماخی دۆڵی جافایەتی بەخاکسپێردرا دواتر گڵکۆی پیرۆزی گواستراییەوە بۆ گۆڕستانی شێخ ئەحمەدی هندی لە سلێمانی و لە تەنیشت پۆلێک لە شەهیدان و گیان بەختکردوانی کۆمەڵە کە لە ڕۆخی سیروان شەهید بوون ئەسپەردەی خاک کرایەوە، شاعیری گەورە مامۆستا شێرکۆ بێکەس هۆنراوەیەکی بەپێزی بۆ مەرگی دکتۆر جەعفەر نووسی بە ناوی «کوا وەختی بوو».

هێزەکەی پێنجوێن لە ژمارەیەک پێشمەرگە پێکهاتبوون کە چووبوونە سەرکردایەتی تا بەشداری لە ڕۆشتنی هەکاریدا بکەن، ١٥ پێشمەرگەیان لای جەنابی مامجەلال و بۆ پاڕێزگاری سەرکردایەتی مانەوە، نزیکەی ١٧ پێشمەرگە لە گەڵ بەکری حاجی سەفەر گەڕانەوە بۆ ناوچەی شلێر و پێنجوێن و ١٣ پێشمەرگەش بە فەرماندەیی جەمالی حەمەی خواکەرەم بەرەو هەکاری بەڕێکەوتن.

وێنـــــەیەك پـــێش مـــــەرگ

عەلی عەسکەری بانگی ئەحمەد سەلیمی کرد ووتی وەرە وێنەیەکمان بگرە بە هەموو جۆرێک، ئەوە سەفەرە تورکیا لێیداین، ئێران لێیداین با وێنەمان هەبێت.

ئـەو کاتـەی هێزەکە بـەرێکـەوت بـەرەو دۆڵـە کۆگە عەلی عەسکەری هەر پێشمەرگەیەو دینارێکی خستە دەستیانەوە.

گـــــەڕانـەوە بۆ قـــــەندیل

کەرتی یەکی هەرێمی (٦) بە فەرماندەیی محەمەد وەتمان کە تێکڕا ٣٣ پێشمەرگە بوون تا کیلەشین ڕۆیشتن نەچوونە ناوچەی لۆلان، لە کێلە شینەوە چوونە ناو خاکی ئێران بە ناو دەبابەکانی ئەرتەشی ئێراندا تێپەڕین هاتنەوە لای مامجەلال لە قەندیل.

کـــــێلە شـــــین

هێزەکە خواردن و پێداویستیان کەم بوو ئەوەی پێیان بوو ڕوو لە تەواو بوون بوو تووشی برسیەتی هاتن، جەمالی حمەی خوا کەرەم کە لە هێزی پێنجوێن بوو ناردیانە ڕەبیەکانی ئێران خواردن بهێنێ بەڵام لە گەڵ هەڤاڵێکیتریدا دەستگیر کران، دواتر کوێخا قادری قەڵاتوکانیان نارد گفتوگۆ لە گەڵ ئێرانیەکان بکات ئەویش بە زەحمەت ڕزگاری بوو خەریک بوو دەستگیری بکەن.

کۆپتەری ئێران بە سەر هێزەکانی (یەکێتی) یەوە دەسووڕایەوە تۆپخانەکانی ئێران بۆردوومانی ڕێگەی هێزەکەیان دەکرد.

کێلە شین کوێستانێکی دڵگیرو سەخت و سارده لە بەر جوانی و سەختی و دڵگیری لە گۆرانیە فۆلکلۆریەکاندا ناوی ڕەنگیداوەتەوەو باسکراوە.

ئەو کاتەی هێزەکانی یەکێتی بە کوێستانی (کێلە شین)دا تێپەڕ بوون سەرەتای مانگی ٥ بوو بەفرو سەرما پێشمەرگەی لە پەلوپۆ خستبوو سێ پێشمەرگە لە سەرمادا ڕەق بوونەوە، سەرماو کۆپتەرو برسیەتی خۆرەی گیانی پێشمەرگە بوون.

پێشمەرگەیەکی هێزەکانیتر بێ بەتانی و پێخەف بوو پشتی دابوو بە پشتی هێزەکەی پشدەرەوە ئەو شەوە لە سەرمادا ڕەق بووەوەو گیانی سپارد.

خـــــولانەوە لە قـــــەندیل دا

هێزێکی گەورەی (٧٠٠-٨٠٠) کەسی بە فەرماندەیی عەلی عەسکەری بەڕێکەوتن، نزیک نەغەدە هەر پێشمەرگەیە دوو نانی پێدراو بە ئاوی کانیاوو بەفراوی کوێستانەوە خواردیان و ئاهێکیان وەبەرگەڕا، شارەزاو چاوساغی هێزەکە وەکو پێویست شارەزایی شاخ و لوتکە و ڕێگەی ئەمدیواو دیوی قەندیل نەبوو، بۆیە کاتێک هێزەکە بە قەندیلدا سەردەکەوت بۆ بەیانی دەهاتنەوە هەمان شوێن و هەمان ئەو دۆڵەی کە پێشتر لێوەی سەرکەوتبوون، حکومەتی ئێران هەڕەشە بوو لە سەر هێزەکە حکومەتی عێراقیش سنورەکانی گرتبوو، بەفرو شەختە بەندو سەختی ڕێگا بڕستی لە پێشمەرگە بڕیبوو، مەوداکانی ڕۆیشتن و پێشڕەوی کردن تادەهات بچووک دەبووەوە، هێزێکی شەکەت و ماندووی بێ نان و ئاوو پێداویستی کە تەنها بیروباوەڕو ورەی بەرزی شۆڕشگێڕانە دەیبزواندن خەریک بوو سەختی ڕێ بە تەواوی بڕستی لێببڕێت.

ئاوات قارەمانی کەوتە ناو ڕکە بەفرەوەو بەفر داپۆشی، ئازاد هەورامی گەڕایەوە سەری و لە نێو بەفرەکە دەریهێنا، دوو پێشمەرگە لە شاخ و چیا و بەندەنی ناوچەکە لە برساندا گلبوونەوەو گیانیان سپارد، کە ئێستاش وێنەی دوو تابلۆی غەمگین وێنەی دوو نان دەنەخشێنن بە تەوێڵی قەندیلەوە، مەفرەزەکەی پێنجوێن بێ چەک بوون لە کۆی ١٣ کەس تەنها جەمالی حەمەی خوا کەرەم تفەنگ و دەمانچەی پێبوو، هەر خۆشیان بۆ پەیداکردنی چەک ڕێگەی هەکاریان گرتبووە بەر، نان و خواردن و خواردنەوە نەبوو مەسافە مەسافە مەفرەزەکان ڕێگەیان دەبڕی و بەڕێ دەخران لە لایەن عەلی عەسکەری و فەرماندەکانەوە.

مەفرەزەکەی پێنجوێن لە مشوری دەستکەوتن و پەیداکردنی نانداً بوون تا سەرەی بەڕێکەوتنی مەفرەزەکەی ئەوان دێت نان پەیدا بکەن بۆ مەفرەزەکەی خۆیان، دوکەڵی زۆپای گوندێک لە خوارەوە بەدیدەکرا بەوەدا زانرا کە گوندەو ئاوەدانی لێیە، حاجی ڕەحمان و عوسمان کێلۆیی بەرەو گوندەکە ڕۆیشتن هێندەی نەبرد گەڕانەوە بۆ لای هێزەکەو هەریەکەیان یەکی یەک کۆڵ نانی لە گەڵ خۆی هێنا

بوو لە نێو کۆڵەکەدا پەنیری کوردی و نانی ئەستوری تیا بوو کە لەو جۆرە نانە لە ناوچەی بادینان دروست دەکرا، هەر پێشمەرگە و دوو نان و سەلکێک پەنیری پێدرا و ئەوەیتریش لە نێو کۆڵ و گیرفانی پێشمەرگەدا هەڵگیرا.

هێزێکی گەورەو ڕێگەیەکی دژوارو ئاڵۆزو مەنزڵێکی دوورو ئامانجێکی دیاریکراوو پیرۆز، پەیداکردنی چەک و پێداویستی بۆ شۆڕش، بەڵام هەگبەیەکی بەتاڵ و بێ نان و تۆشووی ڕێگەو برسێتی و سکی گوشراو خەریک بوون فشاریان بۆ هێزەکە دروووست دەکرد ، بۆیە سەرکردایەتی هێزەکە بیریان لە پەیداکردنی نان کردەوە بە هیممەت یان بە قیمەت.

مولازم عومەر، ڕئووف بەگ، ڕۆستەم، مولازم تایەر، عەلی عەسکەری و ئازاد هەورامی، جەمالی عەلی باپیر ئەڵقەیەکیان بە دەوری یەکتریدا دروووستکردبوو مـولازم عومەر لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بـوو بانگی جەمالی حەمەی خواکەرەمی کردوو وتی: مولازم ئەنوەر دەڵێ، ئەگەر جەمال لە گەڵم بێت من دەچم لەو سەربازگەیەی ئێران داوای نان دەکەم و نان دەهێنم بۆ هێزەکە، داواکاریەکەی ئەستەم و قورس بوو، قورس لە بەر ئەوەی کە تێکڕای سنووورەکان، سوپای عێراق گرتبووی لە هەمان کاتیشدا ئێرانیش بە هەمان شێوە هەڵوێستی دوژمنکارانەی هەبوو، بۆیە سەرەتا داواکاریەکە ڕەتکرایەوە لە لایەن کاک جەمالەوە بەڵام دواتر بەڕەچاوکردنی دۆخی هێزەکەو لە ئەستۆنەگرتنی هەر ئەگەرێک ڕووبدات، جەمالی حەمەی خواکەرەم بەداواکە ڕازی بوو لە گەل مولازم ئەنوەر بەڕێکەوتن.

مـولازم عومەر ٢٠٠٠ تمەنی دایـە دەستیان بۆ کڕینی ئـاردوو نـان و هەر پێداویستیەک، هەر چەند دەیانزانی کە دەگیرێن و دەستگیر دەکرێن لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە، بەڵام قوربانیان بە خۆیانداو لە پێناو دەستکەوتنی خواردن بۆ هێزی پێشمەرگە بەرەو سەربازگەیەکی سنووورەکە بەڕێکەوتن چەک و تفەنگیان دانـاو مەفرەزەو چەک و تفەنگ تەسلیم مستەفای سەعید زۆراب کراو جەمالی حەمەی خواکەرەم و ملازم ئەنوەر ڕۆیشتن، هەر یەک چارۆکەیەکی سپی هەڵکردو بەرەو سەربازگەی ئێران بەڕێکەوتن، سەربازی سەربازگەکە بەرەو ڕوویان هاتن

دەوریـان گرتن و بردیانننە ژووروەوو وتیان چیتان دەوێ و ئێوە کێن و بۆچی هاتوون، پێشمەرگەکانیش وتیان ئێمە پێشمەرگەی یەکێتین هاتووین نان بکڕین و بیبەینەوە بۆ هاوڕێکانمان، سەربازگەکە نانیان لە بەردەم دانان تا بیخۆن بەڵام کاک جەمال و مولازم ئەنوەر ڕەتیان کردەوە نان بخۆن و وتیان هاوڕێکانمان لە برساندا گیان بسپێرن و ئێمەش لێرە دابنیشین و نان بخۆین، شتی واناکەین تا نان نەبەین بۆ هاوڕێکانمان، ئێمەش نان ناخۆین، ئەفسەرێکی دوو نەجمەی لاوازو ڕەقەڵە فەرماندەی سەربازگەکە بوو، پێیوتن ئێوە نانەکەتان بخۆن ئێستا دەنێرم نان و پێداویستی بۆ هاوڕێکانتان بهێنن.

دوای زیاتر لە کاتژمێرێک چاوەڕوانی لە جیاتی نان و ئازوقە و خواردەمەنی، کۆپتەر هات و سەریان خستن بۆ نەغەدە، لە گەڵ دابەزین مولازم ئەنوەرو جەمالی حەمەی خوا کەرەمیان لێک جیاکردەوە هەر یەک بەلایەکدا، نەغەدە سیخناخ کرابوو لە پێشمەرگەکانی ئەو هێزەی کە بە نیازبوون بـەرەو هەکاری بەڕێبکەون، لە قاعەیەکی گەورەدا لە نەغەدە زیاد لە ٦٠ پێشمەرگەی یەکێتی زیندانی کرابوون و دەستگیرکرا بوون و لە چاوەڕێی چارەنووسی نادیاردا بوون، دوای ئەوەی جەمالی حەمەی خواکەرەم و مولازم ئەنوەر بە مەبەستی کڕینی ئاردو ئازوقە لە هێزەکە جیابوونەوەو دواتریش دەستگیرکران، هێرشێکی گەورە کرابووە سەر هێزەکەو تۆپبارانی چڕوپڕو خەست و بێ ئامانی هێزەکەیان کردبوو، دەیان پێشمەرگە شەهیدوو بریندارروو بێسەرو شوێن و پەرتەوازە بوون و لە یەکتری ترازابوون و هەڵبڕابوون، بەشێکیش لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە دەستگیر کرابوون کە ئەو ژمارە زۆرەی زیندانی نەغەدە بەشێک بوون لەو هێزەی بەر شالاوی تۆپباران کەوتبوون.

پێش ئـەوەی چارەنووسیان یەکلابکرێتەوەو لە نەغەدە بگوازرێنەوە لە نێو پێشمەرگە دەست بەسەرەکانی نەغەدە پرس و ڕاوێژ بە یەکتری دەستپێکردوو چەند ئەگەرێک تاووتوێ کران، ئەگەری یەکەم ئەگەر تەسلیم بە عێراق کرانەوە، دیارە عێراق داوای چەکەکان دەکات،بۆیە بڕیاردرا بڵێن ئێمە وامانزانیوە سەربازگەی عێراقییە بۆیە چەکەکانمان تەسلیم بە ئەوێ کردوەو دواتر زانیومانە سەربازگەی

ئێرانییە، ئەگەر تەسلیم عێراقیش نەکرێین یان دەمانبەن بۆ سجن یان بۆ ئۆردوگا، ئەگەری سێیەم ڕاست دەرچوو سەرجەمیان بران بۆ ئۆردوگای «جەهرۆم» لە سنووری ئەفغانستان.

خـــولانەوە لە کـــێلە شـــین

هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ناو تەلبەندو گەمارۆی سووپای عێراق- ئێراندا گەیشتنە کێلەشین، سێ شەوو ڕۆژ بە دەوری کێلە شیندا دەخولانەوەو دەهاتنەوە هەمان شوێن، بە دیوی خانەدا دەهاتن و دەچوون.

عـــیراق - ئـــێران- تـــورکیا
لـــێدانی هـــێزی پـــێشمەرگە

ڕۆژی ١٩٧٨/٤/٢٩ تۆپخانەی ئێران تۆپبارانی بەشێک لەو هێزەی کرد کە بە سنووری (عێراق ئێران) دا لە ناوچەکانی نێوان سەردەشت و قەڵادزە بەرە و بادینان تێدەپەڕین.

ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٥ هێزی ئاسمانی ئێران لە ناوچەی کێلەشین لە سەر سنووری عێراق ئێران بۆردومانی هێزەکەیان کردوو چەند پێشمەرگەیەک شەهید و بریندار بوون.

ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١١ هێزێکی عێراق لە سالاریە (برادۆست) پەلاماری هێزی پێشمەرگەیدا شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگە و دوژمندا بەرپا بوو ، لەو شەڕەدا هێزی ئاسمانی عێراق چەند پێشمەرگەیەکی شەهید و بریندار کرد (٤٥) سەرباز و ئەفسەر کوژران و چەند پارچە چەکێک کەوتنە دەست پێشمەرگە .

ڕۆژی ١٩٧٨/٥/١٣ جارێکیتر هێزەکانی عێراق پەلاماری هێزی پێشمەرگەیاندا و هێزی دوژمن زیانی زۆری بەرکەوت ، هێزی ئاسمانی عێراق چەند پێشمەرگەیەکی شەهید و بریندار کرد .

ڕۆژی ١٩٧٨/٦/١٩ لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەی میتی تورکیا بە هاوکاری قیادە مۆقەتە عەشیرەتەکانی ناوچەی هەکاری پەلاماری هێزی پێشمەرگەیاندا و

زنجیرەیەک شەڕ رووبدا . لە ناو خاکی باکووری کوردستان ژێر دەسەڵاتی تورکیا لە ژێر دروشمی سەر بۆ قیادە مۆقەتە و میت مالّ و تالّان بۆ عەشیرەتەکان، میت و ساواک و قیادە مۆقەتە هاوکاری یەکتربوون بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگە و سوودیان لە عەشیرەتە کوردەکان بینی .

حـــەڵوا بە شـــــەکر

هێزەکە لە کێلە شین دەربازیان بوو بەرەو لۆلان بەڕێکەوتن، هێزێکی ماندوو برسی بە سەر خێمەیەکدا کەوتن کە چوونە ناو خێمەکە مێوژو شەکرو چاو نانی تیا بوو پێشمەرگەکان خواردیان.

فەردەیەک ئارد لە ژێر قاچیاندا کەوتبوو کە زانیان ئاردە عەلی عەسکەری نەیهێشت دەستی لێبدەن وتی دەیکەینە حەڵوا، ناو خێمەکە مەنجەڵی گەورەی تیا بوو شەکرو ئاردیان تێکەڵ کردوو حەڵوایان دروستکرد بووە شەکر بە حەڵوا لە سەر سینیەک ڕۆکرا هەر پێشمەرگەیەک کەمێکی بەرکەوت بەو جۆرە کەمێک بووژانەوە، ناو تاوڵەکە قەیسی، کشمیش، شەکر، چای تیا بوو هەموویان خوارد.

حاجی حسێن پیرۆت پارچەیەک شەکری دۆزیبووەوە پێشمەرگەیەکی شارەزوور میلی تفەنگی لێهێنایەوە ووتی ئەگەر ئەو شەکرەم نەدەیتێ دەتکوژم عەبدوڵڵا هەمزە لە پێشمەرگەکە تورە بوو ناچار کۆڵیدا.

تاوڵ، خێمەکە، شوانێکی تورک خاوەنی بوو کابرای شوان دەگریا دەیوت هەموو ئاردەکەتان خوارد چی بدەم بە سەگەکان.

عەلی عەسکەری بە شوانەکەی وت ئێمە برسین پێویستمان پێیەتی لە جێگەی ئاردەکە پارەت دەدەمێ.

دێـــــی بـــــــێرمکە

هێزەکە بەرەو ناوچەی برادۆست بەڕێوەبوون ئێوارە گەیشتنە دێی بێرمکە چوونە مالّی زاوایەکی حاجی محەمەدی لۆلان کە دۆستی نزیکی مامجەلال بوو بێرمکە مەخفەری تیادابوو پێشمەرگە دابەشبوون بە سەر مالاندا.

دکتۆر خالید و شێخ حسێن و ملازم عومەرو مەحموود کەشکۆڵ و چەند پێشمەرگەیەکیتر چوونە دیوەخانی زاواکـەی حاجی محەمەدی لـۆلان نـان و خواردنێکی زۆریان بۆ دروووست کردبوون.

پێشمەرگەکان لە دیوەخان خەوتن بەڵام پاسەوانیان هەبوو هێندەی نەبرد لە دەنگی تەقە بە خەبەر هاتن بۆنی بارووت هات بە سەریاندا پێشمەرگەیەک بریندار بوو هێنایانە لای دکتۆر خالید تیماری بکات بەڵام زۆری پێنەچوو شەهید بوو.

پێشمەرگەکان درەنگانی شەو لە بێرمکە دەرچوون تەرمی شەهیدەکەیان جێهێڵا بەیانی بە خاکی بسپێرن، بەرەو سێ کوچکەی سنوور ڕۆیشتن شەوێکی سارد بوو هێستریێک بە کەلووپەلەوە کەوتە ناو چەمێک ئەویشیان بەجێهێشت.

چـــیرۆکی تـــەقە کـــردنەکە

١/ ئەفسەرێکی عەرەب لە مەخفەرەکە بوو گوایە بڕیاریدابوو کارێکی خۆکوژی بکات دژی هێزەکەی یەکێتی بۆ ئەوەی لای حکومەت خۆی خۆشەویست بکات و لەوێ بیگوازنەوە.

٢/ ئەفسەرێکی عەرەب پەیوەندی دۆستایەتی و هامووشۆی لە گەڵ مالێکدا هەبووە لە بێرمکە لەو کاتەدا کە هاتووە بچێت بۆ مالّەکە لوتی بە لوتی پێشمەرگەدا تەقیوەو تەقە ڕوویداوە.

لـــــــــۆلان

هێزەکە بەڕێکەوتن بۆ لۆلان کە گەیشتنە ئەوێ عەلی عەسکەری قسەی بۆ کردن ووتی ئێمە لە سەرما و برسیەتی و ناخۆشی ڕزگارمان بووە گەیشتوینە ناوچەی خۆمان، حاجی محەمەد کە لامان وەستاوە دۆستی خۆمانە لێرە پشوو دەدەین (٣٠٠) دینارم ناردووە بۆ هەولێر خورمامان بۆ بێت، سبەینێ هەر هەرێم و هێزەی دوو سەر ئاژەڵی بۆ دەنێرین سەری بڕن، دوای ئەوەی کە پشوومانداا دەڕۆین.

شـــــەڕی لـــــۆلان

نیوە شەوێکی درەنگ حاجی محەمەدی لۆلان هەواڵی دایە هێزەکە بەیانی سووپای عێراق پەلامارتان دەدەن لێرە مەمێنن، ناچار بەو شەوە پێشمەرگە بە دۆڵێکدا هەڵگەڕان نزاریکی چڕ بوو لەوێ دامەزران، دوانیوەڕۆ هێزی دوژمن بە پشتیوانی کۆپتەر پەلاماری پێشمەرگەیاندا، دەیان پێشمەرگە شەهیدو بریندار بوون شەڕ تا ئێوارەی خایاند عەلی عەسکەری لە سەرەتای شەڕەکەوە بە پێشمەرگەکانی وت نابێت گوللە بتەقێنن بە خەسار بچێت.

لە ئێوارە لۆلانیان چۆڵکردوو بەرەو جورجان بەڕێکەوتن.

شـــــەهید بوونی عـــــەبدوڵڵای مـــەلا (عـــەبەی مـــەلا)

عەبدوڵڵای مەلا یەکێک لە هونەرمەندە دەگمەن و دەنگ خۆشەکانی کورد کە لە بنەڕەتدا خەڵکی پێنجوێن بوو بە بۆردومانی فڕۆکە شەهید بوو.

پێش شەهید بوونی لە گۆڕەشێر کاسیەتێکی تۆمار کردبوو لە کاتی شەهید بوونیدا لە پەنایدا کەوتبوو لە گەڵ دەفتەری شیعرەکانی ئەوانیش شەڵاڵی خوێن بوون.

عەبدوڵڵای مەلایان لە بەتانییەک پێچابوو گیانی سپارد بوو حەمە ڕەسوڵ بە عەبدوڵڵا هەمزەی وتبوو ئەو شریتە هەڵگرەوە عەبدوڵڵاش وتبووی جا هەڵیگرم چی لێبکەم.

عـــــــەبەی مـــــەلا

بنەماڵەی قازی لە پێنجوێن یەک لە بنەماڵە ناسراوو منەوەرەکان بوون، عەبەی مەلا کوڕی مامۆستا مەلا ئەحمەدی قازی پێنجوێنە، باپیرەی عبداللەی مەلا یەکێک لە پیاوە ئایینیە ناسراوەکان بووە کە خاوەنی چامەو خامە و تەفسیری قورئانی پیرۆزە، مامۆستا مەلا ئەحمەدی قازی باوکی عبداللەی مەلاش خاوەن دەستنووس و چەندین هۆنراوەی جوان و دڵگیرە.

عەبەی مەلا لە گەڵ بەهرەو دەنگ خۆشییەکەی هەستێکی شاعیرانەی جوانی هەبوو خاوەنی چەندین پارچە شیعرە کە لە گەڵ خۆیدا شیعرەکانیشی شەهیدبوون و لە کاتی بۆردمانی فڕۆکەدا لە هەکاری پێکەوە گیانیان سپارد.

ساڵی ١٩٧٤ عەبەی مەلا «کەبابخانەو جگەرخانەی» هەبوو لە گەڵ هونەرمەند کاوە حەمە صاڵح پێکەوە کاریان دەکرد، کەبابخانەیەکی بچووک لە نێو کەپرێکی بچووکدا وەکو دوکانێکی گەورە دەهاتە بەرچاو، لە بەر دەنگە بەسۆزەکەی عەبەی مەلا بەردەوام جمەی دەهات لە خەڵکی ناوچەکەو ڕوویان تێدەکرد.

عەبەی مەلا یەکێک لە پێشمەرگە سەرەتاییەکانی سنووری پێنجوێن و ناوچەی شلێر بوو، هونەرمەندێکی دەنگ خۆش و هاوتاو هاوشانی حەسەن زیرەک، خاوەن گەرووییەکی ڕەسەن، پێشمەرگەیەکی ئازاو کەسێکی کۆمەڵایەتی و ڕووخۆش و قسەخۆش بوو، لە هەکاری بەشدار بوو هەر لەوێش بە بۆردومانی فرۆکە شەهید بوو، لە هەکاری بەخاک سپێردراو دواتر تەرمی پیرۆزی هێنرایەوە گردی سەیوان.

بـــــەرەو جـــــورجان

دوای کۆتایی هاتنی شەڕی لۆلان هێزەکە پاشەکشەی کرد چوونە جورجان کە دەکەوێتە نێوان سێ سنوورو لە خاکی عێراقدایە ناوچەیەکی چڕو یاخی بوو، بۆ ڕۆژی دوایی تۆپخانەکانی دوژمن تۆبارانی جورجانیانکرد، کۆپتەر هاتە سەر پێشمەرگەکان و بۆمبارانیکردن، لەو بۆمبارانەدا تایەری عەلی والی پارچەیەک بەر سەری کەوتو بریندار بوو، لە هەمانکاتدا ئامۆزایەکی تایەری عەلی والی بریندار بوو مام عەلی سۆفی چووە سەر سەری ووتی چیت بۆ بکەم ووتی جا چیم بۆ دەکەیت، بەڵام ئەگەر کاکمت بینی بڵێ ئەنوەر بریندارە، مام عەلی کە تایەری عەلی والی بینی پارچە بەر سەری کەوتووە بەڵام ئێسکەکەی نەشکابوو مامۆستا سەلام و پێشمەرگەیەک چووبوونە ژێر باڵی، کە مام عەلی ملازم تایەری بەو شێوەیە بینی دڵی نەهات بڵێ ئەنوەری ئامۆزات بریندارە.

ئەنوەر بریندار بوو بەتانییەکیان تێوە پێچابوو عەلی عەسکەری ناردی بۆ چارەسەر.

تـــــیماری بـــــرینداره‌کان

هاوکات له گەڵ شەهید بوونی عەبدوڵڵای مەلا تاهیر بەگ ناسراو به هەڤاڵ درێنده بریندار بوو، ماوەیەک له گەڵ خۆیان بردیان ملازم عومەر زۆر یارمەتیدا، تاهیر بەگیان به بریندارى له ژێر پردێکدا جێهێشت، عەبدوڵڵای حاجی ڕەشیدی سەراو بەتانییەکەی خۆیدا بەسەریدا، تاهیر بەگ ووتی جگەرەیەکم بدەنێ و جێم بهێڵن، تاهیر بەگ به بریندارى جێما، بۆ سەر له بەیانی جوتیارانی دێیەکانی لۆلان شەهیدەکانیان به خاک سپاردبوو، کوڕانی شێخ ڕەشیدی لۆلان دکتۆریان بۆ بریندارەکان هێنا بوو، تاهیر بەگیش له مردن ڕزگاری بوو.

پێشمەرگەکان دواى شەڕى لۆلان ماندوو بوون دوو شەوو ڕۆژ گیایان دەخوارد، ملازم عومەر چووە دێى (جورجان) ئاردى کڕى و کردیان به نان، پێش بەڕێکەوتن بۆ هەکارى دکتۆر خالید، شێخ حسێن بابه شێخ چوونه (ماسیرۆ) نان و خواردنیان بۆ هێزەکه هێنا.

بـــــەرەو مـــــاسیرۆ

دواى ئەو دۆخەى له جورجان توشى بوون بەرەو ماسیرۆ ڕۆیشتن که چەند کیلۆ مەترێک له ناو خاکى کوردستانى تورکیادایه، له ماسیرۆ هەفتەیەک مانەوه، دۆستەکانیان خواردنیان بۆ هێنان له گەڵ هاتنه ناو باکورى کوردستان قیاده موەقەته به دوایانەوه بوون، هەنگاو هەنگاو شوێن پێیان هەڵگرتبوون نەخشەو پلانیان دانابوو له کوێ هێزەکەى یەکێتى گەمارۆ بدەن.

پیلانێکى سێ قۆڵى بەرنامه ڕێژکرابوو، قیاده موەقەته، ساواک، میت بەڕێوەیان دەبرد بەڵام ڕووپۆشى پیلانەکه قیاده موەقەته بوو.

هێزەکەى یەکێتى تا گەیشته ماسیرۆ زۆرى لێهەڵوەرى، له شەڕەکانى لۆلان و جورجان زیاتر له ٢٠٠ پێشمەرگه شەهید و بریندار بوون نزیک به ٧٠٠ پێشمەرگه مابوونەوه.

ئـــــارد بە گـــــوێنی

هێزەکەی هەرێمی (٦) لە دەم ئاوێک مانەوەو پشوویاندا هەندێک ئاردیان پەیدا کرد دەیاندا بە گوێنیداو ئاگریان تێبەردەدا بۆ ئەوەی ببرژێ چونکە ساجیان لانەبوو ئاردەکە ڕەش دەبوو ناوەکەی هەر هەویر بوو بەڵام بە ناچاری خواردیان.

هەر دوو هێزەکەی (ی.ن.ک) کە سەرەتا بە جیا بەڕێکەوتبوون بە سەرپەرشتی عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید لە جورجان یەکیان گرتەوەو بە یەکەوە چوونە ناو خاکی کوردستانی باکور (تورکیا).

هـــــەڵوێستی دێ نـــــشینەکان

دێ نشینەکانی کوردستانی تورکیا هەڵوێستیان زۆر خراپ بوو بەرانبەر هێزەکەی یەکێتی، قیادە موەقەتە وای لە دێ نشینەکان گەیاندبوو کە هێزەکانی یەکێتی کافرن و هاتوون تالانیان دەکەن دەستدرێژی دەکەنە سەر ماڵ و مووڵکیان.

پـــــێچەوانەکەی

هەڵوێستی هێزەکەی یەکێتی زۆر جوامێرانە بوو کە لە سەر سنوور هێزەکان چوونە ناو (تاوڵ) خێمەی شوانەکە عەلی عەسکەری زۆر لە پێشمەرگەکان تورە بوو، لە ناو خاکی کوردستانی تورکیادا وڵاخێک چوبووە ناو وێنجەوە عەلی عەسکەری لە پێشمەرگەکان تورە بوو پێی وتن نابێت دەست بۆ ماڵی خەڵک بەرن.

کـــــۆبوونەوەی مـــــاسیرۆ

عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید لە ماسیرۆ کۆبوونەوەیەکیان بە هێزەکە کرد وتیان ئێمە نەمانویست بێینە ناو قوڵایی تورکیا بەڵام عێراق- ئێران ناچاریان کردین، مەبەستمان بوو هەموو ئەو شوێنانەی کە گومان دەکرێت بارەگای قیادە موەقەتەی لێبێت بە تایبەتی لە سێ سنوور خۆمانی لێ لابدەین تووشی هێزەکانی ئەوان نەبین.

ڕۆژی ١٩٧٨/٥/٢٥ هێزی پێشمەرگە گەیشتنە دێی ماسیرۆو چوار شەو لەوێ مانەوە، خەڵکی ماسیرۆ هاوکاری هێزەکەیان کرد.

عەلی عەسکەری فەرماندەی هێزی پێشمەرگە خەڵکی (ماسیرۆ)ی کۆکردەوەو قسەی بۆ کردن، عەلی عەسکەری دڵنیای کردنەوە کە ئەوان شەڕی قیادە موومقەتە ناکەن، شەڕی کوردی باکووری کوردستان (تورکیا) ناکەن، ئێمە دەچین بۆ هێنانی چەک.

دوای وتەکانی عەلی عەسکەری دکتۆر خالید قسەی بۆ خەڵکی ماسیرۆ کردو پشتیوانی لە قسەکانی عەلی عەسکەری کرد.

شێخ حسێن بابە شێخ بە بادینی قسەی بۆ کردن داوای لە خەڵکەکە کرد بە قیادە موەقەتە بڵێن کێشەمان بۆ دروست نەکەن، دەست نەهێننە ڕێگەمان، شەڕی ئێمە نەکەن، ئێمە دەچین بۆ هێنانی چەک، شەڕی کورد ناکەین.

هێشتا لە ماسیرۆ بوون نامەیەکی مامجەلال گەیشت داوایکردبوو زیاتر نەچنە قوڵایی تورکیا چوونکە دانیشتووانی دێیەکانی تورکیا دۆستی ئێمە نین و بە هەڵە تێگەیەندران و وایان پێوتراوە کە ئێمە دەچین بۆ شەڕی ئەوان، بەڵام عەلی عەسکەری ووتی تازە ناگەڕێینەوە.

لە سەرەتای بەڕێکەوتنی هێزەکە و گەیشتنە نزیک لۆلان، ئێوارەیەک نامەیەکی مامجەلال کاک نەوشیروان گەیشتە عەلی عەسکەری و فەرماندەکانیتر، لە نامەکەدا مامجەلال و کاک نەوشیروان داوایان لە کاک عەلی و فەرماندەکانیتر کردبوو بگەڕێنەوە چوونکە دانیشتووانی دێیەکانی تورکیا پشتیوان نین، لە گەڵمان نین، عەلی عەسکەری هەمان وەڵامی هەبوو (تازە ناگەڕێینەوە).

هەر لە کۆبوونەوەکەدا دۆخی چەند ڕۆژی ڕابردوو پەلامارەکانی عێراق- ئێران و بەرنامەی داهاتوو باسکرا، گرفتی هێزەکان خرایە ڕوو لە نەبوونی خۆراک و پێداویستی و شوێنی حەوانەوە.

بـــــرسیەتی و نـــــان

یەکێک لە گرفتە سەرەکیەکانی بەردەم هێزەکەی یەکێتی جگە لە شەڕو کۆپتەرو بەفرو باران برسێتی بوو نەمانی نان و ئارد بوو ئەوە کێشەیەکی گەورە بوو چەندین پێشمەرگە لە برساندا مردن، گیانیان سپارد یان کەنفت و لاوازو بێهێز

بوون، بەشێک لە گەڵ برسێتیدا سەرما بڕستی لێبڕیبوون هەندێک تووشی نەخۆشی بوون.

لە کۆبوونەوەی ڕۆژی پێشتر ئەو گرفتە خرابووە ڕوو کە برسیەتی تەنگی بە پێشمەرگە هەڵچنیوە مام عەلی سۆفی لەو بارەیەوە گازندەی کردبوو سەید کاکەش سەرنجەکانی خستبووە ڕوو.

دوو دۆلـــــکە ئـــــارد

مام عەلی سۆفی ئەحمەد کار قایم بوو هەر لە سەرەتای بەڕێکەوتنی هێزەکەوە لە گۆڕە شێر گوێنییەک نان و کولیچەی کردبوو دوو ولاخی پێبوو ئاردی لە گەڵ خۆی هێنابوو، قادر حەمەدەمین لە گەڵ مام عەلی سۆفی بوو ئاردەکەی لە کۆڵ نابوو هۆمەری بابەکر ئاغا داوای لە مام عەلی کرد دوو دۆلکە ئاردی دایە، هۆمەر ئاغا و پێشمەرگەکانی هەر لە سەر لەپی دەست ئاردەکەیان خوارد.

بەشی هەرە زۆری هێزی پشدەرو هەرێمی (٦) هاتبوون بەرەو هەکاری، شێخ ئیسماعیل لە کەرتەکەی شێخ سەدرەدین لە گەڵ هێزەکە هاتبوون.

فـــــیشەك بە نـــــان

هێزەکەی هەرێمی (٦) لە گەڵ هێزەکانیتر دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە ماسیرۆ چوونە نەهری دێ بە دێ گەڕان داوای نانیان دەکرد دێ نشینەکان لە بەرانبەر نان داوای فیشەکیان لە پێشمەرگەکان دەکرد ئەوەش پیلانی قیادە موەقەتە بوو خەڵکیان ڕاسپاردبوو نانیان لە بەرانبەر فیشەک بدەنێ تا فیشەکیان پێنەمێنێ یان کەم بێت.

دابـــڕانی قـــوەتی پـــشدەر

قوەتی پشدەر لە هێزە سەرەکیەکە دابڕان، دوو ژنی سەلارو ڕووسوور کە دۆستی یەکێتی بوون هاتن پێشمەرگەکانی قوەتی پشدەریان بردە شوێنێک دوور لە چاوی هێزەکانی دەولەتی تورکیا شاردیاننەوە کە نزیکەی (٦٠) پێشمەرگە بوون، نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە نانیان بۆ هێنان، ئێوارەش ئەو دوو ژنەو پیاوێک هاتن

بردیاننە شارۆچکەیەک بە سەر مالّەکاندا دابەشیانکردن، شەوو ڕۆژێک چاوساغی پێشمەرگەکانیانکرد تا گەیاندنیاننە ناوچەی بازێ.

دوو نـــــازناو

بابەکری خدر ئاغا و مەحموودی هۆمەراغا لە گەڵ هێزەکەی هەرێمی (٦) بوون، کە گەیشتنە ناو تورکیا و لە ماسیرۆ پشویەکیاندا کەوتنە یەکتر دواندن.

مەحموودی هۆمەر ئاغا بە بابەکری خدر ئاغای وت فرەنسۆ، بابەکریش بە مەحموودی وت ملازم مەحموود ئیتر هەر دووکیان ناوەکانیان بە سەردا دابڕا، تا ئێستەش هەر بەو ناوانە دەناسرێنەوە.

لە بـــازێ- تـــێکڕای هـــێزەکە

هێزەکان لە بازێ یەکیان گرتەوە ئەو هێزەی پشدەر کە دابڕابوون گەڕانەوە، عەلی عەسکەری کۆبوونەوەی بەهێزەکە کرد مژدەی بە پێشمەرگەکاندا کە دوور کەوتوینەتەوە لە مۆڵگەکانی تورکیاو بارەگاکانی قیادەی موەقەتە، نزیکین لەوەی دەستمان بگاتە ئەو هاوکاری و چەک و تەقەمەنیانەی بۆمان دێت.

ئەو چەند شەوەی لە بازێ بوون نان و خواردنیان بۆ دەهات، جیهازی (هۆکی تۆکی) یان پێگەیشت هەندێک تەقەمەنیان بۆ هات بڕیار بوو هێزەکە بەرەو شوێنی مەبەست بەڕێ بکەونەوە.

هێزەکە ولّاخیان پێبوو ناردبوویانن بۆ جۆلەمێرگ خواردن بهێنن، بەڵام لە لایەن خەڵکەوە ولّاخەکان دەستیان بە سەردا گیرا، خەڵکی ئەوێ بە پێشمەرگەکانیان وتبوو جەلالی ئەوا قیادە موەقەتە بۆتان هات، عەلی سۆفی ئەحمەد ئەو هەواڵەی گەیاندە عەلی عەسکەری.

گـــــرتنی بـــــارەکان

هێزەکان دابەشکران، هەر هێزەی دوو بێتەلی پێبوو، بێتەلێک لای ئەو پێشمەرگانەی لە کەمین بوون، بێتەلێکیش لای لێپرسراوی یەکەم بوو.

بێتەلەکان کراوە بوون دکتۆر خالید هاتە سەر خەت، ووتی چەتە هاتوونەتە سەر ڕێگەی ئەو بارانەی خواردن و کەلوپەلمان بۆ دێنن بارەکان گیراون، دکتۆر خالید بە کەمینەکانی وت هەر کەمینەو لە ئاستی خۆی هەڵگەڕێت داوای لە هێزەکانیش کرد لە گەڵ کەمینەکاندا یەک بگرنەوە.

کەمینی قوەتی پشدەر، حەمە هەژار، کەریمە سووری چنارێ، حسێن عەزە، حسێن حەمە سوراغا و چەند پێشمەرگەیەک، دکتۆر خالید هێزەکەی دامەزراند.

سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٢ هێزەکانی یەکێتی کەوتنە بەر دەستڕێژی قیادە موەقەتە شەڕ تا ئێوارەی خایاند، ڕۆژێکی ساردو سەرما و بەفر بوو، بەفرو باران بەیەکەوە دەباری شڵێوە بوو.

بۆ ڕۆژی دوایی عەلی عەسکەری هێزەکەی کۆکردەوە لە هەر چوار لاوە تەقە بوو، لە هەموو لایەکەوە خەڵکی دێیەکانی ناوچەی هەکاری شان بە شانی قیادەی موەقەتە پەلاماری پێشمەرگەکانی یەکێتیاندا، دەوروبەری بازێ چەکداری تورک بوون.

شەڕ لە نێوان هێزەکانی یەکێتی لە لایەک قیادە موەقەتە و خەڵکی دێیەکانی هەکاری دامەزرا شەعبان یەکێک لە پێشمەرگە دلێرەکان گوللەیەک بەر سەری کەوت و شەهید بوو، حەمە عەلی باوزی بریندار بوو پارچەیەکی بەرکەوت.

لە هێزی پشدەر کە قادراغا فەرماندەی بوو، محەمەدی عەوڵا غاو بەکری حەمەی خەلیل شەهید بوون لەو شەڕەدا تێکڕا (٩) پێشمەرگە شەهید بوون.

شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو قیادە موەقەتە دریژەی کێشا، عەبدوڵڵا سوری باڵەک ئاربیجیەکی لە هێزەکەی قیادە موەقەتەدا ، (١٣) قیادە موەقەتە کوژران مەلامین بارزانی یەکێک لە کوژراوەکانی قیادە موەقەتە بوو.

لـــــەبـــــازێ

کابرایەک خەڵکی بازێ بوو بە سواری ئەسپێکەوە هات بە عەلی عەسکەری ووت ئاگاتان لە خۆتان بێت ئەمشەو پەلامارتان دەدەن من لەبەرخودا پێتان دەڵێم . عەلی عەسکەری هێزەکەی بڵاوکردەوە جەمالی عەلی باپیر ،بەکر پیرۆت، تالیب رۆستەم

، شێخەکۆڵ و چەند پێشمەرگەیەکیتر بە شاخ هەڵگەڕان ،بەکر پیرۆت تارمایی دووکەسی بینی بەتالیب رۆستەمی ووت دوو کەسم بینی لەناکاو کەوتنە بەر دەستڕێژی گوللە پێشمەرگەیەکی لای تالیب رۆستەم شەهید بوو . دوای شەڕەکە کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا عەلی عەسکەری ووتی با بگەڕێینەوە ئەو شوێنەی شەڕمان لێکردووە پشتمان ئەمینە دکتۆر خالید پێداگر بوو لەوەی دەبێت بە ناو بازێدا برۆین لە کاتی رۆیشتندا بوون دووبارە کەوتنە بۆسەی قیادە مۆقەتە ئەمیر ئاغای کۆیە بریندار بوو و دکتۆر خالید هاتە سەری ووتی حەمە سوور تاقم و تفەنگەکەی لێوەکە و جێیبێڵە ، ئەمیر ئاغای کۆیەیان بە بریندارى جێهێشت و ڕۆیشتن زۆر دوور نەکەوتبوونەوە کەسێک بە دوایاندا رایەکرد کە گەیشتە لایان ئەمیر ئاغا بوو دەستی بە برینەکەیەوە گرتبوو بە دکتور خالیدیان وت ئەمیر ئاغا گەیشتە ئێرە دواتر ئەمیر ئاغا و عەبدوڵڵا حاجی شێخە کە پێش هەکاری بریندار ببوو ناردیانننە سوریا بۆ چارەسەر .

شـــــەهید بوونی شـــێخ حـــــەمەدەمین

بەشێک لە هێزەکە لە دۆڵی (بـازێ) بـوون، جەمالی عەلی باپیر خەوتبوو، بە خەبەر هات و بە عەبدوڵڵای حاجی ڕەشیدی وت خەونم دیووە لە خەومدا شایی و هەڵپەڕکێ بوو.

پێشمەرگەکان سەرکەوتنە سەر شاخ، شەڕ دەستیپێکرد تا ئێوارەی ١٩٧٨/٦/٤ بەردەوام بوو.

دوای شەڕەکە دابەزینە خـوارەوە، ئاردیان پێبوو ئاگریان کـردەوەو لە سەر بەرد نانیان برژاند، ئێوارەی ڕۆژی ١٩٧٨/٦/٥ سەرکەوتنە سەر شاخ ئاگرێک لە سەرەوە کرابووەوە، عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید بە جەمالی عەلی باپیری وت ئەو ئاگرە هی ئێمە نییە، کاک جەمال ووتی ئاگری خۆمانە، عەبدوڵڵا ووتی پێشمەرگەی خۆمان نەگەیشتوونەتە ئەوێ، هێندەی نەبرد لە شوێنی ئاگرەکەوە ئاربیجیەکیان پێوەنان کەوتە نێوان جەمالی عەلی باپیرو عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید بەڵام سەلامەت دەرچوون.

شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو قیادە موەقەتە دروووست بوو، چەکدارەکانی قیادە موەقەتە بە سەر پێشمەرگەکاندا زاڵبوون هەراسانیان کردبوون، پێشمەرگەکان تەوق کرابوون.

شێخ حەمەدەمین کۆزە ڕەقەیی هەڵمەتیبردە سەر سەنگەرەکانی قیادە موەقەتە و تەقەی لێکردن، لە گەرمەی هەڵمەتی شێرانەدا شێخ حەمەدەمین پێکرا برینەکەی قورس و سەخت بوو، شێخ حەمەدەمین بە دەم ئازاری برینەکەیەوە داوای ئاوی دەکرد، ڕوویکردە دکتۆر خالید سەعید و پێیووت دکتۆر گیان چارەسەرم بکە، ئاوم بدەرێ ئەگەر ئاو نیە میزم بدەنێ دەیخۆمەوە، بەڵام نە چارەسەر هەبوو نە ئاو، شێخ حەمەدەمین بە دەم ئازارو داواکردنی ئاوو چارەسەرەوە چاوەکانی لێک ناو گیانی سپارد.

حـــەمەمینی خـــەلیفە قـــادر

حەمەمینی خەلیفە قادر فەرماندەی کەرت بوو لە گەڵ ڕەئوف بەگ بوو گوللەی بڕنەو لە سنگی دابوو لە پشتیەوە دەرچوو بوو حەمەمین داوای ئاوی دەکرد، پێشمەرگە بە کتریيەوە چوون ئاوی بۆ بهێنن لە بەر هێزەکانی قیادە موەقەتە و عەشایری ناوچەی هەکاری- بازێ، نەیاندەتوانی لە کانی و سەرچاوەی ئاوەکان نزیک بنەوە.

حەمەمین دەیووت ئاوم دەوێت ئەگەر ئێوە بریندار بوونایە ئێستە ئاوم بۆ پەیدا کردبوون هاوڕێکانی ووتیان ناردوومانە ئاوت بۆ بهێنن هێشتا نەهاتوونەتەوە.

هێزەکەی شارەزوور لە سیامێوە حسێن فەیلیان بە دیل گرتبوو کە سەر بە قیادە موەقەتە بوو لە گەڵ خۆیاندا برد بوویان، لە پاڵ حەمەمینی خەلیفە قادردا حسێن فەیلیان جێهێشت، حەمەمین بە بریندارى جێما، پێشمەرگەکان لە حەمەمین دوورکەوتنەوە گوێیان لە دەنگی حەمەمین بوو لە دوورەوە داوای ئاوی دەکرد.

دنیا تاریک بوو پێشمەرگەکان مەسافەیان وەرگرت چوونە سەر چەمێک بە مشت ئاویان خواردەوە هێزەکەی شارەزوور لە دوای هێزەکەی شێخ حسێن بابە شێخەوە بوون، لە ناکاو دەنگیاندان کێن، کەس وەڵامی نەدایەوە، قیادە موەقەتە تەقەیان لێکردن.

شەو تاریک بوو پێشمەرگەکان لە یەکتری هەڵدەبڕان و دادەبڕان لە ناو تاریکی شەودا نقوم بوون حەمە هاواری و شێخ ئەحمەدو حسێن مەجید کەوتنە گەڵ ملازم عومەر، تا گەیشتنە سەر یاڵێک بوونە (٩٠) کەس هەموویان لە هێزەکانی خۆیان دابڕابوون لە خوار یاڵەکەوە حەوت کەس هاتن دەنگیاندان ووتیان عەشایرین هەر حەوتیان کەوتنە دەست هێزەکانی یەکێتی حەوت تفەنگی (١١) تیرو بڕنەویان پێبوو دوو کەسیان هێشتەوەو ئەوانیتریان نارد نانیان بۆ بهێنن بەڵام نەهاتنەوە ناچار ئەو دوو کەسەشیان ئازاد کرد.

محەمەدی حاجی مەحموود، ڕەفیق پارەزانی، جەمالی عەلی باپیر تێکڕا هەشت پێشمەرگە گەڕانەوە سەرکردایەتی و دەرباز بوون، بەشێک لە هێزەکەی یەکێتی تەسلیم بە عێراق بوونەوە، بەشێکیان کەوتنە دەست قیادە موەقەتە، بەشێک چوونە سووریا حامیدی حاجی غالی یەکێک لەو پێشمەرگانە بوو کەوتە دەست قیادە موەقەتە.

بەرەبەیان لە گەڵ هێزێکی لای دکتۆر خالید یەکیان گرتەوە کە ئەوانیش دابڕابوون دووبارە شەڕ دەستپێکردەوە.

پەلاماری قیادە موەقەتە و خەڵکی ناوچەکە بەردەوام بوو هەتا شوانەکانیش تەقەیان لە هێزەکەی یەکێتی دەکرد.

لە ناو خێمەیەکەوە تەقەیان لە عەبدوڵڵا هەمزە و عەلی سۆفی ئەحمەد و کوێخا قادری مەنگوڕ کرد مام عەلی چەند فیشەکێکی بە ناو خێمەکەوە نا.

چـــــای ڕێـــــواس

با ڕێواسەکانی ڕنیبوو، عەبدوڵڵا هەمزە لاسکی ڕێواسی خستە ناو قۆریەک و خستیە سەر ئاگر هەر تۆزێک گەرم بوو خواردی.

مـــــرۆڤ و نـــــان

سەید کاکە وولاخێکی پێبوو گونییەک نانی هەڵڕشتە بەردەمی وولاخەکە، قادر حەمەدەمین پێشمەرگەی کەرتەکەی عەلی سۆفی ئەحمەد نانی بەردەمی وولاخەکەی هەڵگرتەوەو کردیە تورەکەیەکی خامەوە.

ســـێ وێنە، ســـێ تابلۆی خـــــوێناوی وێنەی یەکەم

دوو پێشمەرگە لەگەڵ حامیدی حاجی غالی بوون دوو برابوون کەریم سواری و ئەحمەد خەڵکی دێی سواری بوون، لەکاتی شەڕو کەوتنە بۆسە حامیدی حاجی غالی بانگیکردن ووتی هەستن کاکە هاتن ئێمە شکاین . کەریم دەستی کردبووە ملی ئەحەمد خەوتبوو، کەریم سەری بەرز کردەوە گریاو ووتی ئەحمەد شەهید بووە گوللەیەک لە سەر سنگیداوە

وێنەی دووەم

حامیدی حاجی غالی لەپەنا بەردێکەوە تەقەیدەکرد حەمە فەرەج دەرەشیشی و ساجدی موهەندیس کەرکوکی لەگەڵ هێزەکەبوون گوللەیەک هات دای لەسەر سنگی حەمە فەرج و دەرچوو دای لەساجد . حمە فەرەج ووتی ئای کاکەو هەردووکیان گیانیان دەرچوو شەهید بوون.

وێنەی سێیەم

ئـاراس یـاریـدەدەری پزیشک بـوو خەڵکی سەرگەڵوو بـوو، پێشمەرگەیەک بریندار‌بوو چوبووە لاپاڵێک تەداوی بکات فیشەکێک دای لە هەردووکیان تەپاوتل بەناو بەفری لاپاڵەکەدا هاتنە خوارەوە بەفرەکە سووربووە لە خۆێندا، هەردووکیان شەهیدبوون و گیانیان بە نیشتمان سپارد.

تـــەسك بـــوونەوەی گـــەمارۆ

گەمارۆ لە سەر هێزی پێشمەرگە تەسک بووەوە بازنەی گەمارۆی قیادە موەقەتە و دێ نشینەکانی کوردستانی تورکیا تا دەهات تەسک دەبووەوە تا وای لێهات لە کیلۆ مەترێکدا هێزەکانی یەکێتی گەمارۆدران هێندە نزیک بوون چەکدارەکانی قیادە موەقەتە جنێویان بە هێزەکەی یەکێتی دەدا.

چـــــەمی (بـــــازێ)

دوای شکاندنی گەمارۆی سەر پێشمەرگەکان عەلی عەسکەری هێزەکەی ئاگادار کردەوە دەبێت بڕۆین، ڕێگا بۆسەی جەندەرمە، عەشایری ناوچەکەو قیادە موەقەتە بوو، چەمی بازێ بواری پەڕینەوەی نەدەدا، ئاوێکی ساردوو سەهۆڵ بوو داریک بە سەر چەمەکەوە شۆڕ ببووەوە کرا بووە پرد بەڵام هەر کەس بە سەریدا ڕەت بوایە دەکەوتە خوارەوە.

عەلی عەسکەری چـووە ناو چەمەکەوە هەموو پێشمەرگەکانی پەڕاندەوە، شەوێکی ساردبوو پێشمەرگە شەکەت و ماندوو، شەوێکی تاریک و باران وردە وردە دەباری، نزیک دێی (بازێ) بوونەوەو تەقە دەستیپێکرد.

جـــــیاکردنـەوەی هـــــێزەکان

دکتۆر خالید، عەلی عەسکەری هێزەکەیان کردە چەند ڕەتڵێک کە شەو داهات گەمارۆی دوژمنیان شکاند، دکتۆر خالید ڕەتڵی پێشەوە شێخ حسێن بابە شێخ بەدوایدا، عەلی عەسکەری لە ناوەڕاستی هێزەکە بوو، هەرێمی شەشی ئازادی دوا هێز بوون کە تالیب ڕۆستەم فەرماندەیان بوو تایەری عەلی والی و ملازم عومەر بە سەر هێزەکەدا دابەشبوون.

شەو بەڕێکەوتن ملی ڕێگەیان گرتبوو بەو هیوایەی لە گەمارۆی قیادە موەقەتە دوور بکەونەوە، بڕیار وابوو ڕێگەیەک بگرن نەگەنە ئاوەدانی بە سەر دێیەکاندا نەکەون تا لە بۆسەی دێنشینەکان و قیادە موەقەتە دەرباز بن، بەڵام گوێیان لە دەنگی بانگی بەیانی بوو هێزەکە هەڵبڕان و پەرتەوازە بوون دنیا ڕووناک بووەوە.

هـــــێزی پـــــشدەر- هـــــەرێمی شەش

هێزی پشدەر ملیاننا بـەرەو بەرزایی ڕۆیشتن بـەرەو ڕێی دێیەک بوونەوە دێیەکە تەقەیان لێکردن جنێویان پێدان، هێزەکەی پشدەر خۆیان لادا بە هەورازێکدا سەرکەوتن، قیادە موەقەتە بڕوایان نەکردبوو هێز لەوێوە سەرکەوێت بۆیە ئەو ڕێگەیەیان نەگرتبوو.

هێزەکانی پشدەر نزیک ڕەبییەکانی عێراق بوونەوە، کۆبوونەوەیەک لە نێوان کوێخاکانی مەنگوڕایەتی، قوەتی پشدەر، تالیب ڕۆستەم، شێخ جەواد، کوێخا قادر، قادراغا و هێزە پەرتەوازەکە کرا، ٣٥٠ پێشمەرگە لە بن شاخێکی بەفر گرتوودا ڕامابوون بێ نان و خواردن، سێ ڕۆژ بوو هیچیان نەخوارد بوو.

لە کۆبوونەوەکەدا تالیب ڕۆستەم[٢] بڕیاریدا تەسلیم بە حکومەتی عێراق بێت نەک قیادە موەقەتە، تالیب ڕۆستەم وتبوی من لێپرسراوی کەس نیم، ئەگەر ئەوانە جولەکە بن نەک بەعسی خۆم تەسلیمی ئەوان دەکەم نەک قیادە موەقەتە با بەعس بمکوژێت.

دوو ڕێگە هەبوو یان تەسلیم بوون بە عێراق یان قیادە موەقەتە ڕێگەی سێهەم نەبوو، تالیب ڕۆستەم و هێزێک تەسلیم بە عێراق بوونەوە هێزەکەی قادراغا مانەوە، عەلی سۆفی ئەحمەدو پێشمەرگەکانی لە گەڵ قادراغا مانەوە.

کـــــزن

هەندێک کزنیان پەیدا کردبوو کوڵاندیان هەر پێشمەرگەیەک لەپە دەستێک کزنیان دایە بیخۆن چوونکە سێ ڕۆژ بوو نانیان نەخواردبوو.

تـــــەسلیم بـــــوون

بەشێک لە هێزەکانی یەکێتی بە ناچاری خۆیان تەسلیم بە قیادە موەقەتە کرد، هێزەکەی قادراغاو عەلی سۆفی ئەحمەد و ئەوانیتریش بە مەرجێ تەسلیمی قیادە موەقەتە بوون چەکیان نەکەن مستەفا نێروەیی بەڵێنی دابوو بەڵام کە تەسلیم بوون بە سێ بازنەی چەکداری بارزانیەکان دەورەیان گرتن و چەکەکانیان لێوەرگرتن.

بەشێک لە هێزەکانی یەکێتی تەسلیمی دێ نشینەکان بوون بەڵام ئەوان بێ ڕەحمانە یان بێ بەڵێنانە تەسلیمی قیادە موەقەتەیانکردن.

دۆخی ئەو پێشمەرگانەی تەسلیم بوون خراپ بوو ڕۆژی یەک نان یان هەندێک جار ژەمی یەک نانیان دەدانێ.

---

٢ تالیب ڕۆستەم فەرماندەی هەرێمی ٦ی ئازادی بوو پیاوێکی ئازاو تێکۆشەر و خۆشەویست بوو، ئێستەش هاوڕێکانی بە داخن بۆ مەرگی ئەو پیاوە تێکۆشەرە، هەرگیز لە یادیان ناچێت.

هێزەکەی شـارەزوور ٧٠ پێشمەرگە دەبـوون، لە ناو خاکی کوردستانی ژێر دەسەڵاتی تورکیا تووشی دابڕان بوون.

چەکدارەکانی قیادە موەقەتە و عەشایر هاتنە سەر ڕێگەیان ژمارەیەک چەکداری قیادە موەقەتە کـوژران عەشایر پەلاماری پێشمەرگەیاندا، دوای شەڕو پێکادان پێشمەرگەکان بەرەو شاخێک ڕۆیشتن تا لەوێ پشوو بدەن هەر کە ڕۆیشتن بەرەو شاخەکە لە ڕێگا کەوتنە بۆسەی عەشایری ناوچەکەوە پێش هێزەکەیان پەرت بوو (١٧٠) کەس گەیشتنە شاخەکە بەشێکیش بە ئاڕاستەی سنوورەکانی عێراق- سوریا ڕۆیشتن.

ئەو هێزە (١٧٠) کەسییە ماوەی ١٢ ڕۆژ لەو شاخە مانەوە، دکتۆر خالید زانیاری دەستکەوت کە دێیەک هەیە دۆستی مامجەلالن دێیەکەیان دۆزیەوە، دکتۆر کەمال خۆشناو لە سوریاوە هات بۆ لایان پارەو چەکی بۆ هێنان، خەڵکی دێیەکە پێیان ووتن هێزەکەی عەلی عەسکەری ڕۆیشتوون بەرەو سنوور پێیان نەوتن هێزەکە تیا چووە دەیانوت کاک عەلی زۆر تۆڕەیە لێتان چاوەڕێتان دەکات بچن بۆ لای.

کابرایەک خەڵکی دێیەکە بوو هاتە لای هێزەکەی یەکێتی و پێیووتن بە تراکتۆر بە زەمان دەتانبەمە لای مامجەلال ئەگەر دەتانەوێت.

بەشێک لە پێشمەرگەکانی شارەزوور بۆ ماوەی ١٨ ڕۆژ لە ماڵێکدا مانەوە هاوکاری ماڵەکەیان دەکرد ئیشی ڕۆژانەی ناو کێڵگەکەیان بۆ دەکردن لە بەرانبەر ناندا.

لە ناوچەی هەکاری تەقەیان لێکردن، برسییان بوو بەیانی خۆر هەڵات خۆیان دابووە بەر خۆرەکە ووتیان کەس نەچێتە ناو دێیەکان نەڵێن پێشمەرگەی یەکێتین.

دوو پێشمەرگە بە دزی هێزەکەوە چووبوونە ماڵێک نانیان خوارد بوو وتبوویان یەکێتین، هێزەکەی یەکێتییان دەرکرد نانیان نەدانێ لە دواوە تەقەیان لێکردن.

پێشمەرگەکان لە سەر پردێک دەپەڕینەوە لە دواوە تەقەیان لێکردن چەند پێشمەرگەیەک شەهید بوون و کەوتنە خوارەوە.

لە پردەکە پەڕینەوە چوونە ئەو بەر سێ چوار ماڵی لێبوو سەڵاح مستەفا هەورامی چووە ماڵێکەوە تەشتی نانەکەیانی هێنا، هێزەکە بە سەر شاخێکدا سەرکەوتن لە

سەرەوە بەردێک ترازاو هاتە خوار بەر پشتی پێشمەرگەیەک کەوت، پێشمەرگەکان لە ڕۆیشتن بەردەوام بوون قیادە موەقەتە و عەشایری ناوچەکە تەقەیان لێدەکردن.

حامیدی حاجی غالی و سەلامی مەحموود خەنان لای دکتۆر خالید دانیشتبوون پێشمەرگەیەک هات ووتی کاک خالید جەوهەری برات شەهید بوو دکتۆر خالید بە پێشمەرگەکەی ووت هەندێک ئامانەتی پێبوو هێناوتانە ووتی بەڵێ، ئەمانەتەکەی دایە دەست دکتۆر خالید، دکتۆر خالید ووتی براکەی من لە ئێوە زیاتر نییە.

قوتەیەکی بەرز بە سەر سەریانەوە بوو تەقەیان لە پێشمەرگەکان دەکرد حامیدی حاجی غالی ووتی هەستن ئەمانە بێزاریان کردووین، هێرشیانکرد بۆ قوتەکە چەکدارەکانی قیادە موەقەتە شکان پێشمەرگەکانی یەکێتی چوونە سەر قوتەکە، چەکدارەکانی قیادە موەقەتە تورەکەیەکیان لێجێمابوو سەلام تورەکەکەی هەڵگرتەوە چوار کولێرەو چنگێک شەکری تیا بوو کولێرەکانیان خوارد.

دکتۆر خالید سەعید، شێخ حسێن بابە شێخ، ئازاد هەورامی لە گەڵ هێزەکە بوون ئازاد هەورامی لێپرسراوی بەشێک لە هێزەکە بوو حامیدی حاجی غالی چووە لای و پێیووت ئەو کابرایە دەڵێت بە زەمانەت دەتانبەمە لای مامجەلال، ئازاد هەورامی ووتی با پرسی دکتۆر خالید و شێخ حسێن بابە شێخ بکەم، ئازاد هەورامی قسەی لە گەڵ هەر دووکیان کرد ووتی شتێکی وا هەیە بە زەمان دەمانبەنەوە سەرکردایەتی ئێوە دەڵێن چی، شێخ حسێن و دکتۆر خالید ووتیان ئەگەر ئێوە دەترسن فەرموون بگەڕێنەوە ئێمە بە تەنهاش بێت هەر دەڕۆین، ئازاد هەورامی گەڕایەوە لای کاک حامید و هێزەکەو ووتی ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە ئەم پیاوانە تیا بچن ئەڵێن خەتای ئەوان بووە گەڕاونەتەوەو جێیانهێشتوون با برۆین لە گەڵیاندا ئەوان مردن با ئێمەش بمرین چیمان بە سەر هات با بە سەرمان بێت با بە یەکەوە بین.

هێزەکە ڕۆیشتن تا ئێوارە بەڕێوەبوون، دەمەو بەیانی کەوتنە بۆسەوە پێشمەرگەیەکی زۆر شەهید بوون، حامیدی حاجی غالی بریندار بوو، کەوتنە دەست عەشایرو قیادە موەقەتە.

بـــــرێندار بوونی مەلا ســـــــەعدون

لەکاتی رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هۆزەکانی ناوچەی هەکاری و چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە مەلا سەعدون هەڵەدنی بریندار بوو فیشەکێک لە ئەژنۆیداو دەرچوو لە دەستیداو کەوت پێشمەرگەیەک چەند هەنگاوێک لە کۆڵیکرد بەڵام نەیتوانی و دایناپەوە. مەلا سەعدون بەتەنها جێمابوو ئەو شەوە نمە نمە باران دەباری فەرەنجییەکیان بۆ مەلا سەعدون جێهێشتبوو مەلا سەعدون فەرەنجییەکەیدا بە سەر برینەکەیدا ئەو شەوە بە دەم ئازارەوە ڕۆژیکردەوە بەیانی شوانە مەڕی دێیەکان هات مەلا سەعدون داوای نانی لێکردن شوانەکان مەلا سەعدونیان بەرد باران کرد رۆژی دووەم سێ ژن هاتنە سەر سەری مەلا سەعدون قاپێک شیریان دایە خواردییەوە ئاهێکی بە بەردا هاتەوە ئێوارەکەی دوو سێ چەکدار هاتن یەکێکیان تفەنگە وەسەتەکەی داگرت و فیشەکی لێخوڕی ووتی ئەمە کافرە ، چەکدارێکیتریان نەیهێشت بیکوژێت ووتی ئەوە زارۆکە بەیانی رۆژی سێیەم وولاخ سواریک لەوبەرەوە بەرەو لای مەلا سەعدون هات سواری هێستریکیان کردوو بردیانە لای کۆپتەرێک کەلەو نزیکانە نیشتبووەوە لەگەڵ گەیشتنی بۆ لای کۆپتەرەکە چارەسەری سەرەتاییان بۆ کرد سواری کۆپتەرەکەیان کردوو بردیانە جۆڵە مێرگ مەلاسەعدون برینەکەی کاریگەر بوو لە جۆڵە مێرگ نەیاندەتوانی چارەسەری بکەن بردیانە دیاربەکر ئەشیعەیان بۆ گرت دکتۆرێکی کورد ناوی سالح بوو هاتە لای مەلاسەعدون چاودێری دەکرد ،مەلاسەعدون بۆ ماوەی ٢٥ رۆژ شیش لە قاچیدا بوو دواتر شیشەکەیان لێکردەوەو گەچیان تێگرت ماوەی ٥٨ رۆژ قاچی مەلا سەعدون لە گەچدابوو .

کەوتنە داوی عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، شێخ حسێن بابە شێخ

لە گەڵ دابڕان و لێکترازانی هێزەکان، عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید، شێخ حسێن بابە شێخ کەوتنە داوی قیادە موەقەتە.

دوای کەوتنە داوی عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، شێخ حسێن بابە شێخ هێزەکەی قادراغا کە بە دەست بە سەرکراوی لە شوکە بوون ڕۆژێک عەلی عەسکەری بەلایاندا هات و بە وردیەکی بەرزەوە سڵاوی لێکردن و ڕۆیشت، عەلی عەسکەری داوایکرد بوو قادراغا ببینێ دوو بارزانی هاتن قادراغایان بردە لای عەلی عەسکەری، کاک عەلی بە قادراغای وتبوو ئەوەی بوو بوو هەوڵماندا ئەوە نەبێت بەڵام ڕوویدا، سامی عەبدولڕەحمانم بینیوە بەڵێنی داوە ڕێکەوتنێکی تازە بکەین، شەڕی براکوژی نەکەین، هێزەکەمان کۆبکەینەوە بڕۆین بەرەو هێنانی چەکەکانمان.

شـــەهید بوونی
ســـــلەیمان بەشـــیری خـــــەسرەوی

سلەیمان بەشیری خەسرەوی کادیرێکی پێشکەوتوو هەڵگەوتووی سازمانی ئینقلابی ئێران بوو، هاتبووە سەرکردایەتی یەکێتی، لە گەڵ ئازاد هەورامی لە خولی کادیرانی توژەڵە وانەی دەوتەوە، لە گەڵ هێزی پێشمەرگە هاتبووە ناوچەی هەکاری.

سلەیمان بەشیری خەسرەوی لە گەڵ چەکدارەکانی قیادە موەقەتە تا دوا فیشەک شەڕی کرد دوای ئەوەی دەمانچەکەی فیشەکی تیا نەما دەستگیر کرا.

دوای دەستگیرکردنی سلەیمانی بەشیری لە لایەن قیادە موەقەتەوە لە دەوروبەری جزیرەی بۆتان شەهیدیان کردو تەرمەکەیان لە نزیک (دێرک) خستە ناو زەلکاوێکەوە.

کاتێک هەواڵی شەهید بوونی گەیشت، هاوڕێکانی ڕۆیشتن تەرمەکەی دەربهێننەوە بەڵام لاشەکەی ڕزیبوو کەڵکی دەرهێنانەوەی نەمابوو.

بـــــەرەو بـــــێداو

هێزەکەی قادراغایان لە شوکەوە بردە بێداو لەوێ قادراغایان بەند کرد، عەریف سلیمان قیادە موەقەتە بوو زۆر ئـازاری دەروونـی پێشمەرگەکانی دەدا قسەی ناخۆشی پێدەوتن لە کاتی گواستنەوەی هێزەکەی قادراغا بۆ بێداو بە هەمان شێوە هەڵسوکەوت و قسەی ناخۆشی بە پێشمەرگە دەست بەسەرەکان دەوت، پێشمەرگەکان زۆر نیگەران بوون لێی، بەڵام لە هەمانکاتدا لێپرسراوی دیکەی قیادە موەقەتە هەبوو ڕێزی پێشمەرگە دیلەکانی دەگرت ملازم یونس ڕۆژ بەیانی بە نموونە.

شـــــەڕی مـــــێرگێ

بە ناو دێیەکانی جۆلەمێرگدا تێپەڕین چەندین شەوو ڕۆژ بەڕێگەوە بوون، مەلا یەحیا گوێی چوار چەکداری لە گەڵدا بوو بووە چاو ساغی پێشمەرگەکانی یەکێتی.

پێشمەرگەکان بە چاو ساغی مەلا یەحیا بەڕێوە بوون گەیشتنە دێیەکانی نزیک قەزای (بیت شباب) بە دۆڵێکدا تێپەڕین ئەمبەراو بەری دۆڵەکەیان لێگرتن، چوار چەکداری قیادە موەقەتەیان گرت تا تەقەیان لێنەکەن دواتر ئازادیان کردن.

مەلا یەحیا سەرۆک عەشیرەتی گوێی بوو بە پێشمەرگەکانی ووت خەڵکی ئەو دێهاتانە دۆستی خۆمانن بەیانی ڕزگارتان دەکەم، شەوی ١٩٧٨/٦/١٦ بەڕێکەوتن بەیانیەکەی گەیشتنە (مێرگێ) لە هەموو لایەکەوە تەقەیان لێکرا، یەکەم تەقە ڕەئوف بەگ بریندار بوو.

ڕەسوڵی ئامۆزای ڕەئوف بەگ و عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید، ڕەئوف بەگیان بردە شیوێکەوە، شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو قیادە موەقەتە بەردەوام بوو.

شـــــوانێك زمـــــانی لـــــێدان

ڕەسوڵ و عبدالله بە دیار ڕەئوف بەگەوە بوون، شوانێک هاتە لایان ووتی ئێوە چین، ووتیان قیادە موەقەتەین، نان و پەنیریان لە شوانەکە وەرگرتوو خواردیان، دوای بەرگرییەکی زۆر پێشمەرگەکان فیشەکیان پێنەما و تەسلیم بوون.

ڕەسوڵ و عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید و ڕەئوف بەگ مانەوە ئەو شوانەی هاتە

لایان بە چەکدارەکانی قیادە موەقەتەی ووتبوو دوو چەکدار لەو شیوەدا دانیشتوون، چەکدارەکانی قیادە موەقەتە چوونە سەریان و تەقەیان لێکردن شەڕ دامـەزرا، عەبدوڵڵا و ڕەسوڵ بەرگرییەکی کەم وێنەیان کرد، لەو شەڕەدا ڕەسوڵ شەهید بوو، عەبدوڵڵاش دەستگیرکرا چەکدارەکان پارەو کاتژمێری عەبدوڵڵایان برد، چوونە سەر جەستەی ماندوو شەکەت و بریندارى ڕەئوف بەگ گیرفانەکانیان پشکنی پارەیان لە گیرفان دەرهێناو لە ناو خۆیاندا دابەشیان کرد، لە سەر دابەشکردنی پارەو کەلوپەلی عەبدوڵڵا و ڕەئوف بەگ بووە شەڕیان.

چەکدارەکان عەبدوڵڵایان لە گەڵ خۆیاندا برد، عەبدوڵڵا ڕەئوف بەگی بریندارى دابوو بە کۆڵیدا، ساجد کەرکوکی و مەحموود کەشکۆڵ لە گەڵ عەبدوڵڵا بە یەکەوە بوون، لە شەڕی مێرگێ جگە لە ڕەسوڵ، ڕەئووف خەلیفە سەعیدو دکتۆر ئاسۆ فەرەج شەهید بوون.

لە ڕێگە گرتن و شەڕ پێفرۆشتن و کوشتنی پێشمەرگەکانی یەکێتی، موسای بەکر سەرۆک عەشیرەت و ماجید بەگ ڕۆڵی خراپیان بینی دەستیان بە خوێنی پێشمەرگەکانی یەکێتی سوور کرد، تاوانی بێپاساویان ئەنجامدا.

چەکدارەکانی موسای بەکر ، عەبدوڵڵایان برد، تەسلیم بە (حەسۆ)ی کادیری قیادە موەقەتەیان کرد، مەلا یەحیاش هاتە لای عەبدوڵڵا، جاشەکانی موسای بەکر وەستا بوون، ژنێک هات پێیوتن هەر کەسێک قسە بەو پێشمەرگانەی یەکێتی بڵێت پێڵاو دەخەمە دەمی باوکیەوە.[٣]

عەبدوڵڵا لە دەست قیادە موەقەتە ڕزگاری بوو، هەر چەند موسای بەکر ڕۆڵی خراپی بینی بەرانبەر هێزەکانی یەکێتی بەڵام کاتێک حەسۆ ویستی مەلا یەحیا و چەکدارەکانی لە گەڵ عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید تەسلیم بە قیادە موەقەتە بکات، موسای بەکر لە ڕێگە گەڕاندنیەوە.

عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید لە دەستی قیادە موەقەتە ڕزگاری بوو، لە ڕێگەی مەلا یەحیا، موسا قەلەج، مەحموود فانۆ، کاک حەمید، دۆستەکانی یەکێتی لە باکووری

٣ دواتر عەبدوڵڵا زانی ئەو ژنە هاوسەری موسای بەکر بوو ، موسا جاش بوو بەڵام ژنەکەی خاوەن هەڵوێست بوو.

کوردستان هاوکاری کرا تا بگاتە سوریا.

سەرەتا بردیانە قەزای بێت شەباب، دواتر بۆ گۆیە، دواتریش بۆ جزیرەی بۆتان، لەوێشەوە بۆ ناو خاکی سووریا.

هـــــۆمەراغا

هۆمەراغا فەرماندەی کەرت بوو لە هێزی پشدەر ئەویش تەسلیم بە قیادە موەقەتە بوو بردبوویانە دێیەک بە ناوی سالارە.

دیـــــداری مام عەلی- ســـامی عەبدولڕەحمان

سامی عەبدولڕەحمان کەسێکی ناردبوو بە دوای مام عەلی دا، سامی عەبدولڕەحمان بە مام عەلی وت تۆ فەرماندە کەرتیت براکەشت کادیرە چەکەکانتان دەدەینەوە ببەرە قیادە موەقەتە، مام عەلی لە وەڵامدا وتی مەمنونم لە قسەکەت بەڵام ئێمە بەندین چەکم ناوێت چەکیش بۆ ئێوە هەڵناگرم، سامی عەبدولڕەحمان زۆر لە گەڵ مام عەلی وت بەڵام نەچووە ژێر بار.

سامی عەبدولڕەحمان بە مام عەلی وت بارزانی برووسکەی کردووە دەڵێ ئەوەی سەر بە قیادەی موەقەتەیە جارێکیتر نەیەتە لای من، نەدەبوو هەواڵی دەستگیر کردنی عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید، حسێن بابە شێخ و سۆلاقەکەمان بۆ بهێنن دەبوایە هەواڵی کوشتنیان بهاتایە بەڵام من نایانکوژم دەڕۆم لە سەفارەتێک خۆم تەسلیم دەکەم.

مام عەلی بە سامی عەبدولڕەحمانی وت ئێوە خۆتان بە وارسی کورد دەزانن ئێمە خەڵکمان لەو شاخانە جێماوە ئەوان دەزانن ئێمە لێرە گیراوین، ئێمە بنێرەوە با ئەوانەی لە شاخ ماونەوە تەسلیمی عێراق نەبن، سامی عەبدولڕەحمان وتی باشە.

نـــــانی گـــــومشك

لە بێداوێ نانیان دەدایە پێشمەرگەکان دواتر داوایان لێکردن خۆیان نان بکەن، عەبدوڵڵا هەمزەو پێشمەرگەیەک چوون نان بکەن بەڵام نانەکە هەمووی گومشک بوو هەندێک پێشمەرگە خواردیان تووشی نەخۆشی بوون.

چـــــەمی تـــو

نزیکەی سێ مانگ لە بێداو بەند بوون لەوێوە گواستیانەوە بۆ چەمی توو، عەریف سلەیمان بە هەمان شێوە کەوتەوە سووکایەتیکردن بە پێشمەرگەکانی قادراغا، هێزەکانی تریش هێنرایە چەمی تو.

کـــــۆبوونەوەی سامی عـــــەبدولڕەحمان

سامی عەبدولڕەحمان هاتە چەمی تو دوو جەندرمەی لە گەڵدا بوو، لە ناوەڕاستی پێشمەرگە دەست بە سەرکراوەکانی یەکێتی دا چووە سەربەردێک قسەی بۆ پێشمەرگەکان کرد باسی ئەوەی بۆ کردن گوایە هێزەکانی یەکێتی هاتوون بۆ پاککردنەوەو لێدانی قیادە موەقەتە.

سامی عەبدولڕەحمان ڕوویکردە هێزەکەی یەکێتی و پێی وتن دەبێت بە مژدە وەریگرن سێ پیاوی گەورە بە چەکی گەورە کوژران، نامەیەکی بەدەستەوە بوو وتی ئەوە نامەی مەلا مستەفایە بۆی ناردووین نووسیویەتی ئەگەر ئەوانە نەکوژن ئێمە پەیوەندیەکانمان لە گەڵ قیادە موەقەتە دەپچڕێنین هێزەکەی خۆمان لە ناو ئێوە دەکێشینەوە، مەلامین کوژراوە دەبێت ئەوانە هەمووی بکوژن.

سامی عەبدولڕەحمان لە درێژەی قسەکانیدا بەهێزەکەی یەکێتی وت لێرە بەدواوە ئێوە دیل نین ئێمە بە پێی حروفی ئەبجەدی هێزەکەی ئێوەمان بە سەر هێزەکەی خۆماندا دابەش کردووە تا ببن بە قیادە موەقەتە هەر کەس قبوڵیەتی باشە ئەوەی قبوڵی نیە ئەوە حکومەتی عێراقی بچێت خۆی تەسلیم بکاتەوە ڕێگەی سێهەمتان لە بەردەمدا نییە.

بەشێک لە هێزەکەی یەکێتی بوونە قیادە موەقەتە و لە ناچاری تێکەڵ بە هێزەکانی ئەوان بوون، بەڵام هەر یەکە بە جۆرێک خۆیان لە هێزەکەی قیادە موەقەتە دزیەوەو گەڕانەوە سەرکردایەتی یەکێتی لە ناوزەنگ.

هـــــەڵوێستی دکـــــتۆر خـــــالید

دوای چەند ڕۆژێک جەوهەر نامیق هات پێشمەرگەکانی (یەکێتی) یان کۆکردەوە بردیاننە سەر ڕووبارێک جەوهەر نامیق قسەی بۆ کردن، دوای جەوهەر نامیق دکتۆر خالید هەستا قسەیکرد.

دکتۆر خالید بە دەنگێکی دلێر قسەی بۆ پێشمەرگەکان کرد ووتی ئێمە بیرو باوەڕمان ئازادە من لێپرسراوی ئەم خەڵکەم، هێناومن بۆ ئێرە، ئێوە هەقتان لای من بتڵێک خوێنە بێ منەتم لە گەڵتاندا، ئەمانە هیچیان لە سەر نییە من هێناومن.

دوای ئەو قسانە دکتۆر خالید، شێخ حسێن بابە شێخ، سۆلاقە جیاکرانەوە بردیانن بۆ کوشتن هەر سێکیان بە دەستی قیادە موەقەتە شەهید کران.

حامیدی حاجی غالی، شێخ عەلی، ئازاد هەورامی، عەلی شیعە جیاکرانەوەو بەندیان کردن، ئەوانیتریش هەر یەکە بە جۆرێک ئازاد کران، یان ڕزگاریان بوو.

حامیدی حاجی غالی دوای ساڵێک و هەشت مانگ لە زیندان ئازاد کرا ژمارەیەک دیلی قیادە موەقەتە کەوتە بەردەستی یەکێتی لە گەڵ حامیدی حاجی غالی و عەلی شیعە گۆڕییانەوە.

چـوار مانگ پێش ئـازاد کردنی حامیدی حاجی غالی و عەلی شیعە، ئـازاد هەورامی و شێخ عەلی لە زیندان ڕایانکرد، هەر دووکیان لە پەنجەرەی زیندانەکەوە هاتنە دەرەوەو ڕزگار بوون، حامیدی حاجی غالی و عەلی شیعە قەڵەو بوون بە پەنجەرەکەوە نەچوون نەیانتوانی ڕزگاریان بێت.

شـــەهید بوونی ئـــەحمەد ســـەراوی

چەکدارێکی قیادە موەقەتە لە ناو تۆقەداریکدا بوو هەرچی دەجووڵایەوە لێیدەدا، سەلام لە کونە بەردێکەوە تەقەی لێدەکرد ئەحمەد سەراوی وویستی سەر بەرز بکاتەوە سەلام ووتی دەکوژرێیت سەر بەرز مەکەرەوە ئەحمەد سەری بەرز کردەوەو فیشەکێک دای لە ملی و بە لادا هات خوێن لە ملیەوە بە تەوژم دەهاتە دەر سەری کەوتە سەر ڕانی کەریم سەراوی برای و شەهید بوو.

دوای نـــەمانی فـــیشەك

دوای نەمانی فیشەک لە بێدەرەتانی پێشمەرگەکان کەوتنە دەست قیادە موەقەتە بردیانن بۆ دۆڵە فشە، قیادە موەقەتە بە خەڵکی ناوچەی هەکاری ووتبوو سەریان بۆ ئێوەو ماڵیان بۆ ئێمە.

تا گەیەندرانە دۆڵە فشە بە چەند دێیەکدا تێپەڕین، کە لە دێیەکان لایان دەدا پێشمەرگەکانیان دەخستە ناو گەوڕی ئاژەڵەوە هەڵسووکەوتی نامرۆڤانەیان لە گەڵدا دەکردن، پێشمەرگەیەک خۆی خوراند بوو دابوویانە بەر شەق ئەگەر پێشمەرگەیەک سەر ئاوی هەبوایە هەرچی پێبوو لێیاندەسەند.

ملازم عەلی و نەسرەدین قیادە موەقەتە بوون کۆبوونەوەیان بە پێشمەرگە دیلەکان دەکرد دەیانووت یەکێتی کەسی نەماوە هەر ئێوە ماون، یەکێتی خیانەتی کردووە ئێوە بە هەڵەدا براون ببن بە پێشمەرگەی ئێمە دەتانێرینەوە ناوچەکانی خۆتان ئەو هێزەی کە یەکێتی ماویەتی بیانکەن بە قیادە موەقەتە.

لە لایەک دەیانووت یەکێتی کەسی نەماوە ئێوە نەبێت، لە لایەکیش دەیانووت دەتانێرینەوە بۆ ناوچەکانی خۆتان قسە لە گەڵ هێزەکانی یەکێتی بکەن بیانکەن بە قیادە موەقەتە دوو قسەی دژ بە یەک بوو چوونکە لە بنەڕەتدا درۆ بوو.

حەمە نەیرەیی بریندار بوو، سوار وڵاخیان کردبوو لە گەڵ خۆیان بردیان، هێزەکەی یەکێتی پەرش و بڵاو بوون یەکیانگرتەوەو ڕۆیشتن، جارێکیتر حەوت کەسیان دابڕانەوە، سەلام مەحموود، کەریم سەراوی، سدیق حەسەن ، عومەر حاجی مەحموود، شێخ لەتیفی چەوتان، بورهان مەسەکانی، حەمە نەیرەیی بە سوار

وولاخەکەوە بوو، وولاخەکەیان لە ناو دارەکاندا بەرەڵڵا کرد چوونە سەر قوتەیەکی بەرز هەر یەکە لە بن بەردێکدا خۆیان دا بە زەویدا.

کاتژمێر ٩ی بەیانی هێزەکەیتریان بەدیکرد هاتنە خـوارەوە وولاخەکەیان گرتەوەو لە گەڵ هێزەکە یەکیان گرتەوە، شەوو ڕۆژێک بە ڕێگەوە بوون چوونە دێیەکی گەورە ئەمبەراو بەری ئەشکەوت بوو بۆ بەیانی تەشتە پەنیری گەورەو فەردە نانیان بۆ هێنان حەمە نەیرەییان بردە ناو ئەشکەوتێکی بچووک دایاننا دواتر ناردیانە سووریا بۆ چارەسەر.

دوای پشوودانێکی چەند ڕۆژی دەستیان بە ڕۆیشتن کردەوە دووبارە تووشی شەڕ بوون ملازم عومەر نەخۆش بوو توانای ڕۆیشتنی کەم بوو سەلام و سدیق چوون هێنایان.

تیرە شاخێکی درێژ هاتە ڕێیان تووشی شەڕ بوون ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە شەهید بوون شەڕەکە درێژەی کێشا هێزێکی زۆری قیادە موەقەتە و هۆزەکانی ناوچەی هـەکاری بە سـواری وولاخـەوە دەهـاتن، وولاخەکانیان لە دوورەوە دەبەستەوەو دەهاتن بۆ شەڕەکە.

ڕێـــــی هەکاری ، چـــــەند تابلۆیەکی غـــــەمگین

لە برادۆست بەفر بەستبووی سەهۆڵبەندان بوو محەمەدی حاجی محموود بەقۆناغە تفەنگ و حەربەی سیمنۆف جێگە پێی پێشمەرگەی دەکردەوە پێشمەرگەکانی بەفری ئەستووریان بڕی وگەیشتنە سەر شاخ.

- برایم دۆڵە سووری پێی خزا و گل بووەوە تا خوارەوە برایم ١٠٠ مەتریکی مابوو بگاتە ناو سەربازی عێراقی بەڕکەیەکەوە گیرسایەوە ، سەرکەوتەوە سەرشاخ هەموو لەشی خوێن بوو پێستی لەشی داماڵدرابوو .

-پێشمەرگەیەک ناڕەزایی دەربڕی دکتۆر خالید هات زللەیەکی لێدا ووتی ئەگەر پێشمەرگەیەتیت پێناکرێت بۆ هاتوویت تفەنگەکەی لێسەند دوای نیو کاتژمێر هات ئاشتیکردەوە و پێیووت ئەگەر وانەکەم ناتوانم سەرکردایەتی ئێوە بکەم.

-چەمێک لەوبەر پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە بوو دەچوونە سەر چەمەکە ئاو بهێنن قیادە مۆقەتە دەنگیان نەدەکرد تا نزیکی چەمەکە دەبوونەوە بەر گوللەیان دەدان، پێشمەرگەکان ئاونگی سەرگەڵایان دەخستە ناو دەمیان تا قوڕگیان تەڕ بێت.

-پێشمەرگەیەک گوللە لە ئەژنۆیدا و کەوت کەس لای لێنەکردەوە .

- پێشمەرگەکان قاچیان ئاوسا بوو پێڵاویان دادەکەند دواتر قاچیان نەدەچووەوە ناو پێڵاوەکە.

-مام سدیق خەڵکی شلێر بوو بەردێک گل بووەوە کێشای بە مام سدیق دا بوورایەوە دواتر هەڵیانسەندەوە و بە باوەش بردیانە سەرەوە.

-کە دەستیگرکران یەکەم شەو کردیانن ناو گەورێک ، پیرە ژنێک هات بەمەقاش ئاگری دەنا بە قاچی پێشمەرگەوە و دەیسووتاندن پێشمەرگەکان لە گەورەکەدا رایاندەکرد دەکەوتن بەسەر یەکدا.

-کەپێشمەرگەکانیان لە دێیەکەوە بۆ دێیەکیتر دەگواستەوە ئازاریان دەدان ئەگەر چەمێک بهاتایە رێگەیان سوار کۆڵی پێشمەرگەکان دەبوون تا لە پەرینەوەدا قاچیان تەر نەبێت.

-لە هەر دێیەک لایان بدایە بۆ پشوودان نەیاندەوت هەستن لە دواوە شەقیان لە پێشمەرگەکان هەڵدەدا .

-لە هەموو دێیەک دەیانپشکنین تەزبیح کاتژمێریان لێدەستاندن پێشمەرگەکان لە ترسا پارەیان دەخستە پزوی شەڕواڵەکانیانەوە.

- کابرایەکی عەشیرەتەکانی هەکاری تەمەنی ١٠٠ ساڵ بوو بە گۆچانەوە هاتبوو بۆ شەڕی پێشمەرگە دەیووت قوندەربابینا سەگبابینا ئیشتان چییە بە ئێرە.

-بەشێک لەو دێیانەی لە ڕێی هەکاریدا پێیدا تێپەڕین دۆڵی لیتان ،دۆڵی شوشان، کەندەکەوە شوشانی خوارو ، گۆڕە سێو، جورجان ، شێخان ، سالاریە ،جولەمێر ، نەهری ، چەلی.

بـــــەرەو ســـــــووریا

حەمە هاواری، حسێن مەجید مەلا حامید، بەکر عەبدولقادر چوونە تاقە ماڵەیەک نان بخۆن خاوەنی تاقە ماڵەکە پێیووتن لێرە دامەنیشن ئێرە تاقە ماڵەیە هەر کەس بێتە ئێرە سەرلە مااڵی ئێمە دەدات، بردنیە تەلانێک داینان ووتی نانتان بۆ دێنمە ئێرە.

خـاوەن ماڵەکە پێیووتن ئامۆزایەکم هەیە دەتوانێت ڕزگارتـان بکات بەرەو سووریا، چوونکە پێیوتووم هەر پێشمەرگەیەکی جەلالی بریندار بوو، دابڕابوو، یان پێویستی بە هاوکاری بوو ئاگادارم بکە، هەر سێ پێشمەرگەکە ڕەزامەندیان نیشاندا ئەو ئامۆزایەی ڕزگاریان بکات خاوەن ماڵەکە ئامۆزاکەی ئاگادار کردەوە.

بۆ ڕۆژی دوایـی کەسێک هات بە دوایـاندا نـاوی (عەلی) بوو بردنییە جۆلە مێرگ، کراس و پانتۆڵی بۆ هێنان لە بەریانکرد، لە ڕێگا عەلی پێشمەرگەکانی سوار ئۆتۆمبێلێک کرد ووتی دوایی خۆم دێم، پێشمەرگەکانیان بردە سەر شاخێک گەراجی ئۆتۆمبێلی لێبوو، خـاوەن ئۆتۆمبێلەکان ببوونە دوو بەش هەندێکیان لایەنگری یەکێتی بوون دەیانووت ئەمانە هاتوون چەک بەرن تاوەکو دێیەکانیان ڕانەگوێزرێن بەرگری لە دێیەکان بکەن، بەشێکیش دەیانووت نەخێر ئەمانە هاتوون قیادە موەقەتە بکوژن، پێشمەرگەکانیش دەیانووت ئێمە هاتووین چەک بەرین قیادە موەقەتە ڕێگەی پێگرتووین، ئێمە بە لای چەندین بارەگای قیادەی موەقەتەدا هاتووین لە سەر سنوور خۆمان لێلاداون نەچووینە سەریان، لە پێداو بارەگای قیادە موەقەتەی لێبوو لەوێوە نەڕۆیشتووین خۆمان لێلاداون، دوای چەند کاتژمێرێک عەلی گەیشتە لایان ئەو شەوە بەیەکەوە مانەوە، عەلی پێیووتن بەیانی دەڕۆین چوونکە شەوانە قیادەی موەقەتە بۆسە دادەنێن نەوەکو هێزەکانی یەکێتی دەرباز بن بەرەو سووریا.

ئەو شەوەیان ڕۆژ کردەوە بەیانی عەلی هەر سێ پێشمەرگەکەی بردە جزیرەی بۆتان تەسلیمی (سلەیمان ڕیتۆ)ی کردن، سلەیمان بردنیە ماڵێک ژورێکیان بۆ دابینکردن شەو لەوێ مانەوە ئەو شەوەی ئەوان لە جزیرەی بۆتان بوون یادی دامەزراندنی دەوڵەتی تورکیا بوو ووتیان جەوهەر نامیق وتاری هەیە لەو یادەدا.

لە چایخانەکانی شیرناخ و جزیرەی بۆتان جامانە سوور بە ئازادی دەسووڕانەوەو لە چایخانەکاندا بە ئازادی دادەنیشتن بەڵام پێشمەرگەی یەکێتی سەریان پارەی دەکرد.

سمایل ڕۆتۆ بە سێ پێشمەرگەکەی ووت لە گەڵ قاچاخچی ناتاننێرم سووریا تەقەتان لێبکەن ئەوان شارەزان دەگەڕێنەوە بەڵام ئێوە دەستگیر دەکرێن پارەم داوە بە ئاغایەک بتانگەیەنێتە ئەو دیو سنوور.

شەوێک کاتژمێر نۆ بوو، بردیانن لە سنوور بیانپەڕێننەوە، پێیاننا بە تەلێکدا یەکی چەپۆکێکیان کێشا بە شانیاندا ووتیان بڕۆن ئەمە سوریایە.

هـەر سـێ پێشمەرگەکە ڕۆیشـتن دێیـەکیـان دۆزیـــەوە مااڵێک کەپرێکیان دروستکردبوو ڕایانکرد ووتیان تووڕک هات، پێشمەرگەکان ووتیان تووڕک نین کوردین لە عێراق ڕامانکردووە بارەگامان لە سوریایە.

مااڵەکە چایان بۆ لێنان شەو لە مااڵەکە خەوتن بەیانی هەستان لە خەو چوون سواری ئۆتۆمبێل بوون بەرەو قامیشلوو، سلێمان ڕیتۆ پارەیەکی دابوونێ پارەکەیان وردکردەوە بەڵام نەیاندەزانی پارەکە چەندە، پارەکەیان خستە بەردەستی شۆفێری ئۆتۆمبێلەکە هەقی خۆی هەڵگرت.

لە قامیشلو چوونە کەبابخانەیەک حەمە هاواری هاواریکرد (كل واحد نفر كباب) شاگردی کەبابخانەکە ووتی چەند کیلۆ حسێن بە حەمە هاواری ووت بڵێ نیو کیلۆ کێ دەڵێ لێرە کەباب بە کیلۆ نییە، لە سەر سینییەک کەبابیان بۆ هێنان خواردیان، پارەیان دایە خاوەنی کەبابخانەکە و هاتنە دەرەوە چایانخوارد.

تەکسییەک لەو بەرەوە دەڕۆیشت دەستیان بۆ ڕاگرت وەستاو سەرکەوتن بە شۆفێری تەکسییەکەیان ووت دەمانەوێت بچین بۆ بارەگای (اتحاد وطني) تەکسییەکە بە هەڵە بردنیە مەکتەبی شئونی عێراق، دواتر بردنیە بارەگای یەکێتی لە دەرگایاندا، عەبدوڵڵای حاجی شێخە، خالیدی عەبدوڵڵا بەرزە، جەمال کوردە هاتن دەرگایان لێکردنەوە خۆیان ناساند تەلەفۆنیان کرد بۆ دکتۆر کەمال خۆشناو ووتی خۆم دێم چاوم پێیان دەکەوێت، دکتۆر کەمال خۆشناو هاتە لای پێشمەرگەکان بە سەر هاتی

ڕێگای هات و نەهاتی هەکارییان بۆ گێڕایەوە کە چۆن هێزەکان لە یەکتر دابڕاون هەندێک وون بوون هەندێک شەهید بوون، نان و ئاویان نەبووە.

دکتۆر کەمال خۆشناو ووتی ڕۆیشتووم بۆ لای هێزەکە هەندێک تفەنگم بۆ بردن پێم ووتن هەر کەس بەڵێنی پێداوین هاوکاریمان بکات درۆ دەکات، ئەوەندەی کە ماون دوو لۆریتان بۆ دەگرم بگەڕێنەوە بۆ ناوچەی شەمزینان یەک خاڵی پشکنین دێتە ڕێگەتان دوو سەربازی لێیە زۆر قسەیانکرد بیانبەن لە گەڵ خۆتان، بەڵام بە قسەیان نەکردم ووتیان درێژە بە ڕۆیشتن دەدەین، دکتۆر کەمال ووتی ئەوانەی تفەنگەکانیان بۆ دەهێناین لە ڕێگە هەندێکیان لادەدا بۆ خۆیان دۆستی چی و شتی چی.

هەر سێ پێشمەرگەکەی شـارەزوور شەش مانگ و بیست شەو لە قامیشلو مانەوە لە گەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی تردا گەڕانەوە سەرکردایەتی.

گـــــەڕانەوەی مـــام عـــەلی

ملازم تایەرو سەید کاکە داوایان لە مام عەلی کرد بگەڕێتەوە، مام عەلی وتی ناگەڕێمەوە بەڵام وتیان دەبێت بگەڕێیتەوە، سەلیمی حەماغا و مەحموودی سمایل ئاغا لە گەڵی هاتن، هاتنە بارەگای مامجەلال لە دۆڵەنێ.

مامجەلال لە (دۆڵەنێ)وە دەهاتەوە بۆ تاتی دۆ لە کۆترەڵێ تووشی مام عەلی و هاوڕێکانی بوو مامجەلال هەواڵی بارودۆخەکەی لێپرسین، مام عەلی بە مامجەلالی ووت ئێوە بە پێغەمبەرایەتی ڕازی نەبوون خوداش شەریکی نەویست.

مامجەلال بە مام عەلی ووت کە کاک عەلی عەسکەری گۆچانەکەی لە بەردەمی مندا شکاند دەبوو لە سەرم بە جواب بن، بە بەرچاوی ئێوەوە ووتی بەو گۆچانە عێراق و ئێران و تورکیام کردووە ئەوەی ترسنۆک و بوودەڵەیە با نەیەت کوێخا قادری مەنگوڕ بە عەلی عەسکەری وتبوو کاک عەلی ئەو خەڵکەت بۆ بەخێو دەکەم بیست شەوان هەفتەی حەیوانێک دەدەمە هێزەکان بەڵام با کوڕی خەڵک بە سەرما بردوو نەدەین، ئەو قسەیەی عەلی عەسکەری مەبەستی مام عەلی و کوێخا قادر بوو.

مامجەلال هـەر یەکەی (١٠) دینـاری دایـە مـام عەلی و سەلیمی حەماغا و مەحموودی سمایل ئاغا.

نـــــامەکەی ســـــەید کـــاکە

جەعفەر حسێن نامەیەکی سەید کاکەی بۆ دکتۆر مەحموودو حاجی حاجی برایم هێنابوو جەعفەر حسێن لە کۆترەلێ نامەکەی دایە دەست مامجەلال، لە بەشێک لە نامەکەدا سەید کاکە نووسیبووی مامجەلال ئەو شێرو شەپارانە لای خۆی کۆدەکاتەوە وایدەزانی .....

مامجەلال نامەکەی بۆ مام عەلی و برادەران خوێندەوە بە مام عەلی ووت ئەو نامەیەیان بۆ بەرە مام عەلی ووتی دەیبەم بەڵام ئەوەی لێت وەرگرتووە با بیهێنێ.

سەید کاکە نامەکەی بۆ دکتۆر مەحموود، ڕەسوڵ مامەند، حاجی حاجی برایم ، قادر حەوێزی نووسیبوو.

هـــــەڵوێستی مـــــەردانە

پێنج چەکداری قیادە موەقەتە لە سەر دەستگیرکردن و چەککردنی هێزەکەی یەکێتی هەڵوێستیان وەرگرتبوو وازیان لە قیادە موەقەتە هێنا.

١/ عوسمان بەگ

٢/ عەبدولڕەحمان بێشەیی

٣/ سمکۆ حاجی خورشید کۆیی

٤/ محەمەد خەڵکی تورکە

٥/ خالید

عـــــــــەشیرەتەکـــان

ژمارەیەک عەشیرەتی ناوچەی هەکاری – باکوری کوردستان هاوشانی قیادە موّقەتە دژی هێزەکانی (ی.ن.ک) شەڕیاندەکرد

١- عەشیرەتی بنیاشی

٢- عەشیرەتی ئوروماری

٣- عەشیرەتی پیرۆزی
٤- عەشیرەتی دۆسکی

ئەوعەشیرەتانەی لە دواقۆناغدا ریگەیان بە هێزەکەی (ی.ن.ک) گرت

١- عەشیرەتی ژیدەکی
٢- عەشیرەتی مام خۆران
٣- عەشیرەتی گیتە
٤- عەشیرەتی جۆلان
٥- عەشیرەتی نێروەیی
٦- عەشیرەتی کۆچەر

گـــەڕانەوە بۆ نیشتمـــــان
یـــــەك

دکتۆر فواد مەعسوم، دکتۆر کەمال خۆشناو لە شام و قامیشلو خزمەتی زۆری ئەو پێشمەرگانەیانکرد کە لە هەکاریەوە چوو بوونە سووریا، پێشمەرگەکان ماوەی شەش مانگ لە سووریا مانەوە دواتر گەڕانەوە سەرکردایەتی لە ناوزەنگ.

دکتۆر کەمال خۆشناو کۆبوونەوەی بە پێشمەرگەکان کرد باسی گەڕانەوەی بۆ کردن، (٨) پێشمەرگە بە نیازی گەڕانەوە بوون.

١/ حەمە هاواری
٢/ عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید
٣/ حسێن مەجید کۆکۆیی
٤/ خالید عەبدوڵڵا بەرزە
٥/ عەبدوڵڵا محەمەد شارستێنی
٦/ جەمال کوردە
٧/ حاجی بادینی
٨/ بەکر عەبدولقادر

هەر پێشمەرگەیەو کلاشینکۆفێکی پێنج بزمارو دەمانچەیەکی (٧) تیریان دانێ لە گەڵ (١٠) قەمسەڵەی ئەمریکی تا بیگەیەننە ناوزەنگ، دکتۆر کەمال خۆشناو نامەیەکی بۆ مەکتەبی سیاسی نووسی و دایە دەستی عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید تا بیگەیەنێ و پێیووت ئاگادار بە لە هەر دەوڵەتێک بگیرێیت لە سووریا نەبێ لە سێدارەت دەدەن، عەبدوڵڵا لە دروومانی دیوی ناوەوەی پانتۆڵەکەی نامەکەی شاردەوەو بەڕێکەوتن.

شەوی یەکەم گەیشتنە پەنا سیمەکەی سنوور، سیمەکەیان بڕی و چوونە خاکی تورکیا، جەندرمە تەقەیان دەستپێکرد بۆیە ناچار بوون بگەڕێنەوە خاکی سووریا.

شەوی دووەم دوو شارەزایان لە گەڵدا بوو لە لایەکیترەوە ڕۆیشتن، گەیشتنە جزیرەی بۆتان و چوونە ماڵی مەحموود فانۆ، دوو ئۆتۆمبێل ئامادە بوون تفەنگەکانیان هەڵوەشاند لە ناو کوشنی ئۆتۆمبیلەکاندا شاردیانەوە.

ڕۆژی ١٩٧٨/١١/٢٠ لە جزیرەی بۆتان ڕۆیشتن بەرەو هەکاری، مەحموود فانۆ بە عەبدوڵڵای ووت ئەو قەمسەڵانە دەرناچن (١٢) خاڵی پشکنین لە ڕێگادا هەیە، بۆیە ناچار قەمسەڵەکانیان بەجێهێشت، بە سەلامەتی لە خاڵی پشکنینەکان دەرچوون، چوونە ماڵێک تفەنگەکانیان دەرهێناو بەستیانەوەو بەرەو ناوچەی شەمزینان ڕۆیشتن، لەوێشەوە بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

هەفتەی یەکەمی مانگی یەکی ساڵی هەزارو نۆسەدوو حەفتاو نۆ گەیشتنە ناوزەنگ، چوونە لای مامجەلال و ووتیان ئێمە (٨) پێشمەرگەین لە سووریاوە هاتووینەوە جێگەمان بۆ تەرخان بکەن، مامجەلال پێیووتن پێشمەرگە هێندە زۆر بووە عەرز هەڵی ناگرێت بچن لەو ماڵانەی نۆکان خۆتان دامەزرێنن تاکو جێگە پەیدا دەبێ.

عەبدوڵڵا نامەکەی دکتۆر کەمال خۆشناوی گەیاندە مەکتەبی سیاسی، ملازم عومەر لە سەر جێهێشتنی (١٠) قەمسەڵەکە لە جزیرەی بۆتان لە عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید تورە بوو دەستی لێبەرز کردەوە، عەبدوڵڵا نیگەران بوو چووە بارەگای کاک نەوشیروان، ملازم عومەر لە بارەگای کاک نەوشیروان عەبدوڵڵای ماچ کردوو ئاشتیکردەوە.

کاک نەوشیروان بە عەبدوڵڵای ووت، تۆ نە لە پێناوی من نە لە پێناوی کاک عومەر چەکت نەکردووەتە شان، نیگەران مەبە.

گەڕانەوەی شەش پێشمەرگە

قیادە موەقەتە ژمارەیەک پێشمەرگەی نـاردەوە بێ چەک عومەری حاجی مەحموود، سدیق حەسەن، شێخ لەتیفی چەوتان، کەریم سەراوی، سەلام مەحموود خەنان، بورهان مەسەکانی.

قیادە موەقەتە نامەیەکی دانێ ووتیان ئەگەر ئێران گرتنی ئەم نامەیە دەخوێننەوە دەتانبەنە لای نادر هەورامی.

پێشمەرگەکان پێش گەڕانەوە ماڵاواییان لە حامیدی حاجی غالی و هاوڕێکانیانکرد، گەیشتنە سێکوچکەی سنوور، ماڵێکیان دۆزییەوە دۆستی یەکێتی بوو خاوەن ماڵەکە

بردنیە ناو باخەکەی شەو لەوێ مانەوە بەیانی کەلووپەلی بۆ کڕین و بەڕێکردن ناردنی بۆ دێیەک سواری جێبێک بوون تا گەیشتنە دۆڵێک لەوێوە ڕۆیشتن بە نیازی گەیشتن بە ماڵی عەلی بچکۆل.

پێشمەرگەکان بەڕێوەبوون شەویان بە سەردا هات ڕێگەیان لێگۆڕا شەو لە دۆڵێکدا خەوتن بەیانی هەستان ڕێگەیان دۆزییەوە چوونە ماڵی دەوارنشینێک خاوەن ماڵەکە نان و چایەکی دانێ و ووتی ئێوە دانیشن من کەمێکیتر دەگەڕێمەوە، دوای ڕۆیشتنی خاوەن ماڵەکە ئەمانیش ڕۆیشتن زانییان خەبەریان لێدەدات لە ڕێگا بوون کۆپتەر هاتە سەریان خۆیانکرد بە ژێر پردێکدا هەتا کۆپتەر ڕۆیشت.

کابرایەکیان بینی ڕێگەی قەندیلی نیشاندان ملی ڕێگەیان گرت و چوونە ماڵی عەلی بچکۆل نزیک ماڵەکە بوونەوە میوانیان هەبوو میوانەکان ڕایانکرد، ڕۆژێک پێشتر پاسدار چوو بووە سەریان دەوارەکەی پێڕووخاندبوون ووتبوویان ئێوە خزمەتی جەلالی دەکەن، وایان زانیبوو ئەمانیش پاسدارن چوونە ماڵی عەلی بچکۆل نانیان خواردوو ڕێگەی بارەگای مامجەلالیان نیشاندان.

دەمەو ئێوارە گەیشتنە بارەگای مامجەلال بەڵام کۆبوونەوەی هەبوو بردیاننە بارەگای کاک نەوشیروان.

بەیانی هاتنە دەرەوە لە بن بەردێکدا دانیشتن قاوغی شقارتەیەکیان لە ناو خۆیاندا دانا، جلەکانیان داکەند قاوغەکەیان پڕکرد لە ئەسپێ، مامجەلال هات لە ناویاندا دانیشت ووتی سەلاموعەلەیکوم ئەوە چییە؟ ووتیان ئەسپێ یە مامجەلال زۆر لایان دانیشت قسەی بۆ کردن بردنیە بارەگای خۆی، دوای دوو ڕۆژ مانەوە مامجەلال هەر پێشمەرگەیەک (١٠) دیناری دانێ و ناردنیەوە بۆ شارەزوور.

پاش گەڕانەوەی ئەم پۆلە پێشمەرگەیە حەمە نەیرەیی لە سووریاوە گەڕایەوە سەرکردایەتی و ژمارەیەک چەکی لە گەڵ خۆیدا هێنابوو.

چـــــیرۆکی مەلا ســـــەعدون

دوای ئـەوەی مەلا سەعدون هەڵەدنی مـاوەی ٥٨ ڕۆژ قاچی لە گەچدا بوو لە نەخۆشخانەی دیاربەکر، ماوەی شەش مانگ لە باکوری کوردستان مابوەوە بریندەکەی بەرەو باشتر دەچوو دەیتوانی بە دارشەق بڕوات.

ڕژێمی ئەو کاتەی تورکیا وێستیان مەلا سەعدون تەسلیم بکەنەوە پرسیاریانلێکرد خەڵکی کوێیت و ماڵت لە کوێیە مەلا سەعدون ووتی خەڵکی سوریام و ماڵمان لە سوریایە.

مەلا سەعدون ڕەوانەی سوریا کرا بردیانە قامیشلو بە ناو گەڕەکەکانی شاری قامیشلودا گەڕاندیان ووتیان کوا ماڵەکەت مەلا سەعدون ووتی من منااڵ بووم لێرە ڕۆیشتووم ماڵی خۆمان نادۆزمەوە ئەو سەربازە سوریەی لە گەڵ مەلا سەعدون ببوو زللەیەکی لەمەلا سەعدون داو ووتی درۆ دەکەیت تۆ فێڵبازیت چۆن ماڵی خۆت نازانیت.

دوای ئەوەی لە قامیشلو کەسی نەناسی مەلا سەعدونیان گەڕاندەوە دیاربەکر ماوەی مانگێک لە بەندیخانە مایەوە دواتر پێیان ووت کوێت دەوێت چ ووڵاتێکت دەوێت تەسلیمی ئەوێت دەکەین مەلا سەعدون داوایکرد تەسلیمی ئێرانی بکەن مەلا سەعدونیان تەسلیم بە ئێران کرد بردیانە پایەگایەک لە شنۆ.

محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ کەسایەتی دیاری کوردستان زانیبووی کوردێک لە پایگای شنۆیە ١٥ هەزار تمەنی دابووە لێپرسراوی پایگاکە ئازادی بکەن.

ئێوارەیەک دوو پاسدار بە مەلا سەعدونیان ووت خۆت ئامادە بکە دەتبەینە دێیەک دەبێت ئەمشەو لەوێش نەمێنیت لە سنوور ئاوا بیت، مەلا سەعدونیان بردە کەچەڵی لە باخچەیەک جێیانهێشت هێندەی نەبرد محەمەدی مەلا عەلی هاتە لای مەلا سەعدون لێیپرسی تۆ کێیت و چ کارەیت مەلا سەعدون چیرۆکی خۆی بۆ گێڕایەوە.

محەمەدی مەلا عەلی بێژوێ ،مەلا سەعدونی بردە ماڵە خوشکێکی لە کەچەڵی جلوبەرگیان بۆ گۆڕی و گەرماوی کرد کەمێک بوژایەوە.

محەمەدی مەلا عەلی مەلا سەعدونی جێهێشت دوای سێ شەو ئۆتۆمبێلێک هات بە دوایدا محەمەدی مەلا عەلی لە ناو ئۆتۆمبیلەکە بوو مەلا سەعدونیان بە ئۆتۆمبیلەکەدا نارده سەردەشت بۆ ماڵی محەمەدی مەلا عەلی خزمەتی زۆریانکرد محەمەدی مەلا عەلی پارەی دایە سەعدون و هێستریێکی بۆ پەیدا کرد مەلا سەعدونیان گەیانده خرێ ناوزەنگ ١٥ ڕۆژ لە بارەگای مام ئەحمەدە خۆڵە مایەوە.

مەلا سەعدون نامەیەکی بە بەکر سێکانیانیدا نارده هەڵەدن بۆ لای کەسووکاری براو خزمەکانی هاتن بۆ لای دوای ماوەیەک مەلا سەعدون گەڕایەوە هەڵەدن و لە هەرێمی ٢ دریژەی بە پێشمەرگایەتیدا.

حـــەمە نـــەیڕەیی

حەمە نەیڕەیی پێشمەرگەی هەرێمی (١)بوو لە ڕێی هەکاری بریندار بوو بە بریندارى چوو بووە قامیشلو دوای چاکبوونەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ لە سووریاوە گەڕایەوەو ژمارەیەک چەکی لە گەڵ خۆی هێنابوو گەیاندییە سەرکردایەتی خۆشی گەڕایەوە هەرێمی (١).

ڕاکـــــردن لە کەچەلـــو

«شێخ عەلی، مەحموود کەشکۆڵ، حامیدی حاجی غالی، ئازاد هەورامی، عەلی شیعە» یان لە دێی کەچەلو کرده ژووریێکەوە، ئەو خانووەی ئەوانی تیا بەند کرابوون پشتی خانووەکە پیسی و پۆخڵی و چەم بوو پەنجەرەیەک بە سەر دیوی پشتەوەی ژوورەکەدا دەیڕوانی کە لە شیش درووستکرابوو.

بە ڕۆژ لە پەنجەرەکەوە سەرنجی ووردی دەوروبەریاندەدا تا دەرفەتێک بۆ ڕزگار بوون بدۆزنەوە شوێنی هەڵاتن دیاری بکەن.

شیشی پەنجەرەکان ئاوەڵا بوون زۆر بە یەکدا نەچووبوون ئازاد هەورامی و مەحموود کەشکۆڵ لاواز بوون لە شیشەکانەوە سەریان دەچووە ئەو دیو بەڵام حامیدی حاجی غالی و عەلی شیعە قەڵەو بوون بە شیشەکاندا نەدەچوون.

ڕاکـــــردن

پلانی ڕاکردنیان دانا شەوی ١٩٧٩/٦/١ ئازاد هەورامی و شێخ عەلی بە پێی پەتی لە پەنجەرەکەوە خۆیان هەڵدایە ئەو دیو واڕێکەوتن کە بەیانی پاسەوانەکان هاتن بیکەن بە هات و هاوار بڵێن کوا هاوڕێکانمان چیتان لێکردن.

ئازاد هەورامی و شێخ عەلی بە پێ ڕایانکرد بە ناو دارو بەردو درکدا ڕۆیشتن تا لە مەترسی ڕزگار بوون.

لە سێ سنوور چوونە سەر ڕووباری زێی بچووک قۆڵیان کرد بە قۆڵی یەکداو لە ڕووبارەکە پەڕینەوەو چوونە دێیەک یەکەم کەس ژن و پیاوێکیان بینی پیاوەکە ووتی بۆ کوێ دەڕۆن ئازاد هەورامی ووتی بۆ شوێنێک دەڕۆین پیاوەکە باش تێنەگەیشت ووتی بۆ ماڵی شێخ دەڕۆن ئەمانیش ووتیان بەڵێ پیاوەکە تا بەردەمی ماڵی شێخ قادری برای شێخ عەزیزی شەمزینان بردنی.

ئازاد هەورامی و شێخ عەلی لە دەرگایانداو داوای شێخیان کرد، شێخ هاتە لایان و خۆیان پێناساند ووتیان ئێمە دۆستی مامجەلالین، شێخ قادر پێشوازی گەرمی لێکردن بردنیە ژوورەوە تفەنگێکی لادانان چەند شەوێک لەوێ مانەوە خزمەتی زۆریان کردن منااڵەکانی شێخ بە موکێش دڕکیان لە قاچیان دەردەهێنا.

دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لە ماڵی شێخ ئۆتۆمبێلیان بۆ گرتن بەرەو شاری شنۆ لەوێ چوونە ماڵی شێخ عەزیز.

کاتژمێر ١٢ی ڕۆژی ١٩٧٩/٦/٦ گەیشتنە سەردەشت دوای چەند کاتژمێرێک گەیشتنە توژەڵە و بە هاوڕێکانیان شادبوونەوە، یەکەم کەس چاویان بە ملازم عومەر و سالار عەزیز کەوت.

دوای ئەوەی بەشی هەرە زۆری هێزەکەی هەکاری تووشی شەڕو پێکدادان بوون و دەستگیرکران هەندێک لە هێزەکە بە جۆرو شێوازی جیاواز خۆیان دەرباز کرد.

محەمەدی حاجی مەحموود تێکڕا (٨) پێشمەرگە ڕێگەی سەخت و هەورازو هەڵەتیان بڕی و گەڕانەوە سەرکردایەتی کە ئەم تێکۆشەرانە بوون:

١/ محەمەدی حاجی مەحموود
٢/ جەمالی عەلی باپیر
٣/ تایەری حاجی عەزیز
٤/ مەحموود
٥/ ڕەفیق پاڕەزانی
٦/ حەمە ڕەش گرێزەیی
٧/ بەکرە سوور
٨/ ئاوات گەورە دێیی

دوو
گـــەڕانەوەو هـــێنانی چـــەك

ژمارەیەکیتر لە پێشمەرگەکانی یەکێتی لە ناوچەی هەکاری کەوتنە دەست جەندرمەی تورکیا و ماوەیەکی زۆر زیندانی کران.

+ ماوەی شەش مانگ لە بەندیخانەی هەکاری بوون.
+ ماوەی سێ مانگ لە بەندیخانەی دیاربەکر بوون.
+ ماوەی دوو مانگ و بیست ڕۆژ لە بەندیخانەی (تۆقان) بوون.

ئەو پێشمەرگانەی بەندکرابوون دوای ئازاد بوونیان چوونە سووریا دوای ماوەیەک مانەوە لە سووریا (١٠٠) پارچە چەکیان لە ڕێگەی قاچاخەوە هێناو گەڕانەوە سەرکردایەتی یەکێتی.

(٨) پێشمەرگە (١٠٠) چەکیان لە ڕێگەی قاچاخ و بە پشتی وولاخ بە شارەزایی دوو کوردی باکوور گەیاندە دیار بەکر، دوو چەکیان دایە دوو کوردەکەی باکوور، لە ناو خاکی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا حزبی دیموکرات (١٠) چەکی وەکو گومرگ لێسەندن، (٨) چەکیان کردە شانی خۆیان (٨٠) چەکیشیان گەیاندە سەرکردایەتی .

پێشمەرگەکان:

١/ نەواف یەزیدی
٢/ ئەحمەد عەبدوللا ئاشقۆلکەیی
٣/ عەلی مهابادی
٤/ ئەمیر خالە باقی (ئەمیر ئاغا کۆیی)
٥/ خدر نوری (کۆیی)
٦/ محەمەد نەورۆلی
٧/ ئیبراهیم ئەحمەد (برایم گەلالی خەلکی بالەکایەتی)
٨/ عەلی عبدالرحمن (چەمچەمالی)

لە جـــەهرۆمەوە بـــۆ شـــــلێر

دوای ئەوەی مـولازم ئەنوەرو کاک جەمال بۆ کڕینی نان و ئازوقە ڕوویان کردە سەربازگەیەکی ئێرانی و لەوێشەوە بە کۆپتەر گواستراندیەوە بۆ نەغەدە و لە نەغەدەشەوە بۆ ئۆردوگای «جەهرۆم» لە سنووری ئەفغانستان جەمالی حەمەی خواکەرەم لە ئۆردوگا هەڵهات و هاتە تاران، لە تارانیشەوە بۆ بانەو لەوێشەوە بۆ ناوچەی شلێرو سەر لە نوێ مەفرەزەیەکی پێشمەرگەیان دروست کردەوە، ئەو پێشمەرگانەی تاک و تەرا لە نێو گوندەکانی شلێردا جەولەیان دەکرد مەفرەزەیەکی شەش کەسیان پێک هێنا، چوونکە ئەو سەردەمە چەک و تەقەمەنی کەم و دەگمەن و کەم دەست بوو، بۆیە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە لە کانی هەرمێ کەوتنە هەوڵی جددی تا چەکێک بۆ کاک جەمال پەیدا بکەن، چوونکە کاک جەمال لە ئۆردوگای جەهرۆم ڕایکردبوو، بێ چەک بوو، بۆیە ڕێکخستنەکان کلاشینکۆفێک و دەمانچەیەکیان بۆ پەیدا کرد لە گوندی ماسییەر، لە ماڵی «جەمالی پور تەمین».

خۆر بەرەو ئاوابوون و هەڵکشان دەچوو، مینە حەمشە لە بەر هەیوانی خۆیاندا لە گوندی «هاربڕ» دانیشتبوو هێواش هێواش جگەرەی دەپێچایەوە، کاتێک سەری هەڵبڕی و سەرنجیدا دوو پێشمەرگە بەرەو بەرهەیوانی ماڵی ئەوان دەچن، مینە حەمشە دەستی لە پێچانەوەی جگەرە هەڵگرت و هەموو گیانی پڕ بوو لە هیواو ئاوات، یەکسەر ووتی ، ئەوە لە کوێوە هاتوون، کاک جەمال چیرۆکی چوونە ئێران و گەڕانەوەی بۆ مینە حەمشە گێڕایەوە، تا قسەکانی تەواو بوون هێلکە و ڕۆن و چاو ماستاوێکیان بەخێرایی بۆ ئامادەکردن و خواردیان، مینە حەمشە یەکێک لە پیاوە هەرە دڵسۆزو تێکۆشەرو شۆڕشگێڕو و پێشمەرگە دۆستەکانی گوندی «هاربڕ» و ناوچەی شلێر بوو، بە دیتنی پێشمەرگە ئاسودەو سەرفراز دەبوو، هاوکارێکی بێ چەندو چونی هێزی پێشمەرگە و مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش بوو، دوای نان خواردن و پشودان ڕوویکردە کاک جەمال ووتی:جەمال دەڵێی چی دوو پێشمەرگەت بۆ پەیدا بکەم، کاک جەمالیش ووتی، جا لەوە باشتر هەیە، مینە حەمشە کوڕەکەی بانگ کردو ووتی، بڕۆ ئەو پێشمەرگانە بانگ بکە لە سەرەوە خۆیان حەشارداوە،

پێشمەرگەکان هاتنە خوارەوە حەمەی فەرەج وەسەتێک و دوو قەد فیشەکی پێبو لە گەڵ پێشمەرگەیەیتر کە شێخ یوسفی ناوبوو، ئەم دوو پێشمەرگەیە لە گەڵ کاک بەکری حاجی سەفەر بوون، لە کاک بەکر هەڵبڕابون و وون ببوون لەو دێهاتانە مابوونەوەو شەوانە دەردەکەوتن و ڕۆژانە خۆیان دەشاردەوە، ئیتر تێکەڵی کاک جەمال و ئەنوەر بوون و بوونە چوارکەس.

چوار پێشمەرگە لە «هاربڕ» بەڕێکەوتن و مالّئاواییان لە مینە حەمشە کردو لە کەل ئاوا بوون، پێش مالّئاوایی مینە حەمشە لە هەبوونی مەفرەزەیەکی حەوت کەسی جاش ئاگاداری کردنەوە کە ماوەیەک بوو لەو سنورە کێومالّی ناوچەکەیان دەکردو گوندو قۆخ و شوێنە تەریک و پەنادەستەکانی ناوچەکەیان دەپشکنی بە دوای پێشمەرگەدا تا شەهیدیان بکەن و چەند مشت پارەی خیانەت لە بەرانبەر گیانی ئەواندا وەرگرن، بەڵام نەیانتوانیبوو هیچ بەدەست بهێنن، چوار پێشەرگەکە مینە حەمشەیان دڵنیاکردەوە لەوەی وریای خۆیان دەبن و ئەمانیش بەدوای ئەو خۆفرۆشانەدا دەگەڕێن، کە لە «هاربڕ» ترازان بەرەو گوندەکانی بنار هەڵکشان و بەڕێکەوتن لەو گوندانەی نزیک سیاگوێز و سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان کردە گوندێک و هەر دوو پێشمەرگە لە مالّێک دامەزران بۆ نان خواردنی ئێوارە، دوای نان خواردن سەروو دوونانیان خستە گیرفان و بەرەو ڕکە بەردەکانی پشت ئاوایی ڕۆیشتن تا لەوێ پشووبدەن و خۆیان پەنا بگرن، بەڵام لە مالّەکانی ئاوایی پێخەف و بەتانیان وەرنەگرت، تا نەزانرێت کە لەوێ دەمێننەوە.

ئەو شەوە لە نێو ڕکە بەردەکانی پشتی ئاوایی خەوتن بێ پێخەف بەڵام شەوە هاوینێکی خۆش بوو، بۆیە نەبوونی پێخەف کێشەیەکی بۆ دروست نەدەکردن، بەرەبەیانی پێشمەرگەکان لە دەنگێ بە خەبەر هاتن، کە سەرنجیاندا دوو کەس بە دوو کلاشینکۆفەوە یەکێکیان کەڵەگەت ئەویتر کورتە بالّا لە بن داریکدا وەستا بوون و لە گەڵ شوانێکی منالّکار قسەیان دەکرد، کە زیاتر ڕوویان ڕووەو پێشمەرگەکان وەرگێڕا ناسیانن، عومەری قالە پێ پان پێشمەرگەی ٧٦ و پێشمەرگەیەکیتر ئەویش هەر ناوی عومەر بوو، یەکتریان لە ئامێز گرتوو بوونە شەش.

مەفرەزەیەکی شـەش کەسی پێکهاتوو لـە، سێ کلاشینکۆف و بڕنەوێک و دەمانچەیەک ئیتر بە گوڕوتینێکی زیاتر کەوتنە گەڕان بەدوای جاشەکاندا، جاش بە ناخی زەویدا ڕۆچوون، زەوی قوتیدان یان ئاسمان هەڵی لووشین، نەمان و خۆیان کردەوە بە پێنجوێندا، مەفرەزەیەکی شەش کەسی لە سنووری شلێرو ناوخوان بەردەوام بوون لە گەڕان بەسنوورەکەدا، جەمالی حەمەی خواکەرەم و عومەری قالە پێ پان و حەمەی فەرەج و عومەر ناوێکیترو ئەنوەرو شێخ یوسف لە گوندی چاش پۆلێک پێشمەرگەیان بەدیکردوو و یەکیان گرتەوە کە ئەوانیش بەکری حاجی سەفەرو هێزەکەی بوو، کاک بەکر لە سنووری دۆڵی جافایەتی لە جەولە بوو هەواڵ گەیشتبوو کە بەرەو ناوچەی شلێر دەگەڕێتەوە، لەوێ هێزەکان تێکەڵ یەکتر بوون و هێزێکی تاڕادەیەک گەورەو فراوانیان لێپێکهات، پێش بەڕێکەوتنی هێز بۆ ناوچەی هەکاری لە نۆکان پلینۆم بەسترابوو، کاک بەکری حاجی سەفەر لەو پلنۆمەدا بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا.

کـــــــــۆتایی

لە ناوچەی هەکاری دەیان پێشمەرگەی یەکێتی شەهید بوون یان بریندار بوون لە ناو بەفردا ڕەق بوونەوە لە برساندا گیانیان سپارد، کوڕو باوکێک لە پەنا دەوەنێکدا لە برسانا گیانیان سپارد.

دێ نشینەکانی کوردستانی باکور (تورکیا) بێ ڕەحمانە پەلاماری پێشمەرگەیاندا.

قیادە موەقەتە دروێنەی گیانی پێشمەرگەیانکرد لەو شاخ و کێوو لاپاڵ و شیوو هەڵدێرانە دەیان پێشمەرگە دابڕان، هەندێک تا نەکەوتە بەردەستی قیادە موەقەتە تەسلیم بە عێراق بوونەوە، بەشێک تەسلیم بە قیادە موەقەتە بوون، بەشێک لە هێزەکە دەرباز بوون.

جەمالی عەلی باپیر، محەمەدی حاجی مەحموود ڕزگاریان بوو، گەڕانەوە، جگە لەو پێشمەرگانەی لە شەڕەکاندا شەهید بوون عەلی عەسکەری، دکتۆر خالید سەعید، شێخ حسێن بابە شێخ، سۆلاقە گوللە بارانکران.

کارەساتی هەکاری گورزێکی کوشندە بوو بەر هێزی پێشمەرگە کەوت بەڵام

خوێنی شەهیدانی هەکاری بووە گڕوتینی شۆڕش، نەک شۆڕش کۆتایی نەهات بەڵکو کارەساتی هەکاری بووە داینەمۆی گەشەپێدان و سەرکەوتنی شۆڕش، یەکێتی نەک چۆکی دانەدا بەڵکو بووە دارچنارو سەری لە هەورەکان گیرکرد.

شـــــەهید عـــــەلی عـــــەسکەری

ساڵی ١٩٣٧ لە دێی عەسکەر لە بنەماڵەیەکی نیشتمان پەروەرو ئاینی لە دایک بووە، لە سەرەتای ساڵانی پەنجا خوێندکار بووە لە کەرکوک ئەندامی کۆمیتەی باڵای هەر دوو ڕێکخراوی قوتابیان و لاوان بووە، ساڵی ١٩٥٨ ئەندامی لیژنەی ناوچەی پارتی بووە، ساڵی ١٩٦٠ لە کۆنگرەی (٥)ی پارتی بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگەو فەرماندەی هێزی خەبات بووە لە ناوچەی سلێمانی، ساڵی ١٩٦٤ لە گەڵ باڵی مەکتەبی سیاسی ساخ بووەتەوە.

لە هەلومەرجی هەرەسدا یەکێک لەو سەرکردانە بوو داوای بەرگری و خۆڕاگری دەکرد، لە گەڵ هەڤاڵەکانیدا لە کۆبوونەوەکانی لە ورمێ و نەغەدە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان حزبی سۆسیالیستی کوردستانیان پێکهێنا.

لە گەڵ ساڵح یوسفی، خالید سەعید، ڕەسوڵ مامەند، تاهیر عەلی والی، سەعدی عەزیز، عومەر مستەفا، عەلی هەژار، کاردۆ گەلاڵی، لە خۆئامادە کردندا بوون بۆ هەڵایسانی شۆڕش.

عەلی عەسکەری پەیوەندی لە گەڵ مامجەلال و هەڤاڵەکانیتر دروستکرد، لە گەڵ هەڵایسانی شۆڕش هاتە شاخ و کرایە فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، لە کۆبوونەوەی برادۆست کرایە ئەندامی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک).

لە مانگی (١١) ی ساڵی ١٩٧٧ لە لۆلانەوە بە سواری هێلیکۆپتەرێک بەڕێکەوت بۆ گفتوگۆ لە گەڵ بەغدا و چاوی بە سەدام حسێن کەوت و داخوازییەکانی شۆڕشی خستە بەردەم.

بەهاری ساڵی ١٩٧٨ بە فەرماندەیی هێزێکی گەورە بەرەو برادۆست و ناوچەی هەکاری بەڕێکەوت لە ١٩٧٨/٦/١٩ کەوتنە داوی قیادە موەقەتە لە ١٩٧٨/٧/٤ بڕیاری گوللەبارانکردنیان دەرچوو شەهید کران.

شـــەهید دکـــتۆر خـــالید ســـەعید

ساڵی ١٩٣٤ لە کۆیە لە دایک بـووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە تەواو کردووە پەیمانگەی برین پێچی لە کەرکوک تەواو کردووە پاش تەواو کردنی خوێندن لە نەخۆشخانەی کۆیە دامەزراوە حاجی حەمە سەعید ئەسعەدی باوکی لە گەورە پیاوانی غەفوریەکان بووە.

لە ساڵانی ١٩٤٧-١٩٤٨ بووەتە ئەندامی کۆمەڵەی پێشکەوتنی قوتابیان، دواتر ئەندامی یەکێتی قوتابیان بووە.

ساڵی ١٩٥٨ ئەندامی لیژنەی کۆیەی پارتی بووە لە شۆڕشی ئەیلولدا پێشمەرگە بووەو کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆن.

لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٧٠-١٩٧٤ چووەتە بەغداو لـەوێ نیشتەجێ بـووە لە نەخۆشخانەی نوعمان بووەتە بەڕێوەبەری کارگێڕی.

دوای تێکچوونەوەی گفتوگۆ چووەتەوە شاخ و کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆن، پاشان فەرماندەی هێزی کۆسرەت و دواتریش فەرماندەی هێزی گەڕۆک بووە.

دوای هەرەسی ١٩٧٥ چەندین کۆبوونەوەیان ئەنجامدا بۆ بەردەوامبوونی شۆڕش، لە کۆبوونەوەی نەغەدە و ورمێ بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان دروستکرد، لە گەڵ عەلی عەسکەری، عومەر دەبابە، ڕەسوڵ مامەند، تایەری عەلی والی، عەلی هەژار، سەعدی گچکە و کاردۆ گەڵاڵی.

دوای مـاوەیـەک مـانـەوە لە ڕۆژهـەڵات دەیـان کـادیـری تێکۆشەر گـەڕانـەوە کوردستان، ڕژێمی عێراق دکتۆر خالید، عەلی عەسکەری، عومەر دەبابەی لە کوردستان دوورخستەوە بۆ ناوەڕاست و خواروی عێراق.

+ عەلی عەسکەری کرایە سەرۆکی شارەوانی ڕوفاعی
+ عومەر دەبابە نێردرایە ڕوومادی
+ دکتۆر خالید ڕەوانەی بەغدا کرا

لە گەڵ دامەزراندنی (ی.ن.ک) دکتۆر خالید پەیوەندی لە گەڵ مامجەلال و هەڤاڵانی دەستەی دامەزرێنەر دروستکرد لە ساڵی ١٩٧٧ بە ئەندامی سەرکردایەتی

هەڵبژێردرا، ساڵی ١٩٧٨ لە گەڵ عەلی عەسکەری بەرەو هەکاری بەڕێکەوتن لە ١٩٧٨/٦/١٩ کەوتنە داوی قیادە موەقەتە لە ١٩٧٨/٧/٤ بڕیاری گوللەبارانکردنیان دەرچوو شەهید کران.

شـــەهید شـــێخ حـــسێن بـــابە شـــێخ

ساڵی ١٩٤١ لە شێخان لە دایک بـووە، باوکی یەکێک لە پیاوە ئایینی و بەناوبانگەکانی یەزیدیەکانی کوردستانە، لە کۆتایی ساڵانی پەنجای سەدەی ڕابردوو پەیوەندی کردووە بە یەکێتی قوتابیانی کوردستانەوە ساڵی ١٩٦٣ بووەتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول تا ساڵی ١٩٧٥.

لە گەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ چووەتە شام و لە ڕیزی ئەو مەفرەزانەدا بووە کە گەڕاونەتەوە کوردستان.

شێخ حسێن بابە شێخ یەکەم بنکەی یەکێتی لە ناوچەی بادینان دامەزراندووە، ساڵی ١٩٧٧ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک).

لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ لە گەڵ دکتۆر خالید و عەلی عەسکەری بەرەو هەکاری بەڕێکەوتوون لە شەوی ١٩٧٨/٦/١٩ کەوتنە داوی قیادە موەقەتە، لە ١٩٧٨/٧/٤ بە بڕیاری بە ناو دادگایەک شەهید کران.

قـــیادە مـــۆقەتە – شـــەهیدبوونی پـــێشمەرگەیەك

مانگی ١٩٧٨/٦ چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە بۆ سەیەکیان بۆ پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک لە دەرەی مەڕ دانا پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک لێیان هاتنە دەست و چوار کەسیان لێکوشتن

قوربانی پێشمەرگەکانی هەرێمی یەک شەهید بوونی پێشمەرگەی قارەمان (تۆفیق محەمەد ڕەشید) حاجی مامەندی بوو.

شـــــەهیدکردنی دکتۆر ڕەزا و هـــــاوڕێکانی

هێزێک لە چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە لە ١٩٧٨/٩/١٧ پەلاماری پێشمەرگەکانی هەرێمی یەکیاندا لە دەرە کورەی پشتی میری سوور، لەو پەلامارەی قیادە مۆقەتەدا دوو پێشمەرگە و هاوولاتییەک شەهید بوون، چەند پێشمەرگەیەکیش کەوتنە دەست قیادە مۆقەتە

١-شەهید تۆفیق حاجی مەحمود ناسراو بە ئازاد خەڵکی مۆریاس.

٢-شەهیدی هاوولاتی ئەحمەد فەتاح سوور

ئەم پێشمەرگانەش کەوتنە دەست قیادە مۆقەتە:

١-حەمە سەعید حەمە ئەمین ناسراو بە دکتۆر ڕەزا ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵە و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی (ی.ن.ک) لە هەڵەبجە.

٢-حسین محەمەد خەڵکی تەپی سەفا.

٣-ئازاد حسین باپیر خەڵکی مۆریاس.

٤-حسن حسین خەڵکی ڕیشێن.

٥-عومەر عەلی خەڵکی چەوتان.

٦-عەلی ڕەشید کەلار

٧-عەلی ئەحمەد فەرەج کانی پانکەیی

دوای دەستگیرکردنی ئەو پێشمەرگانەی هەرێمی (١) چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە ئەم تێکۆشەرانەیان شەهید کرد:

١-حەمە سەعید حەمە ئەمین (دکتۆر ڕەزا) ئەندامی پێشکەوتووی کۆمەڵە و لێپرسراوی لیژنەی ناوچەی (ی.ن.ک) دکتۆر ڕەزا زۆر دڕندانە لە شاخ فڕێیاندایە خوارەوە و شەهیدیان کرد.

٢-حسین محەمەد ئەحمەد تەپی سەفایی.

٣-ئازاد حسین باپیر خەڵکی مۆریاس.

شـــەهیدبوونی ئـــەحمەد گـــریانەیی

تاقمێک چەکداری قیادە مۆقەتە لە ١٩٧٨/١١/٢٥ بە پاڵپشتی چریکەکانی پایگای شوشمێ هێرشیانکردە سەر هێزێکی هەرێمی یەک دوای بەرگرییەکی دلێرانە ئەحمەد گریانەیی فەرماندەی کەرت لە هەرێمی یەک شەهید بوو، (٦) چەکداری قیادە مۆقەتەش کوژران.

ئەحمەد گریانەیی یەک لەو فەرماندا نەبوو بە ڕەنجی شانی خۆی دەژیا هاوینان بنێشتی دەکرد پارەی بنێشتەکەی دەدایە پێشمەرگەکانی کەرتەکەی کاتێک شەهید بوو (٣٠٠٠) دیناری لە گیرفاندا بوو، چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە پارەکەیان لە گیرفان دەرهێنا بوو برد بوویان.

گـــەڕی قـــیادە مـــۆقەتە
قـــیادە مـــۆقەتە بـــەرەی جـــود

ڕۆژی ١٩٨٠/٥/١٣ دەستەیەک لە چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە هاتبوونە ناوچەی باڵەکایەتی ڕۆشتن بۆ لێدانی پێشمەرگە و گێرە شێوێنی، پێشمەرگە جوامێرەکانی هەرێمی (٧) لە دێی سرێشمەی گەڵاڵە دوای شەڕێکی نیو سەعاتی هەمویان دەستگیرکردن کە ژمارەیان (٣٤) چەکدار بوو.

ڕۆژی ١٩٨٠/٥/١٨ لە مەلەکان پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لەگەل چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە توشی شەڕبوون.

ڕۆژی ١٩٨٠/٦/١٠ چەکدارەکانی قیادە مۆقەتە لە نێوان زێوە و چیوە بۆسەیان بۆ پێشمەرگەکانی یەکێتی دانا و لێیاندان، هەرچەندە پێشمەرگەکانی یەکێتی لەناو ئۆتۆمبێلدا بوون هاتنە دەست و بۆسەیەکەیان تێکشکاند، لەو بۆسەیەدا پێشمەرگەیەکی یەکێتی شەهید بوو، سێ چەکداری قیادە مۆقەتەش کوژران.

کـــارەساتی ســـێکانیان

شەڕی ناوخۆ زامێکی گەورەو خەمێکی قوڵە لە میژووی گەلی کوردو لە ناخی تاک بە تاکی خەڵکی کوردستاندا، لەو نێوەدا دەیان فەرماندە و سەرکردەو کادێری

تێکۆشەر شەهید بوون و گیانیان بەخشی.

مانگی ١٩٨١/٨ شەڕی سێکانیان لە نێوان پێشمەرگەکانی هەرێمی ٤ بە فەرماندەیی جەمالی عەلی باپیرو پێشمەرگەکانی سۆسیالیست بە فەرماندەیی شێرکۆی شێخ عەلی ڕوویدا.

لە (ی.ن.ک) جەمالی عەلی باپیر فەرماندەی هەرێمی (٤)، سمایل گەورەدێی فەرماندەی کەرت، حەسەن قارەمان ، ئەنوەر ملا صالّح، کاروان چالاّغی شەهید بوون.

دوای شەهید بوونی جەمالی عەلی باپیر، ماوەیەک فاتیح شوانی و دواتر شێخ دارای حەفید سەرپەرشتی هەرێمی (٤)ی دەکرد، دواتر سنووری هەرێمی چوار بووە دوو بەش، بە سەر تیپی(٤٧ و ٤٣)دا دابەش بوو.

بـــەیاننامەی مـــەکتەبی ســـــیاسی

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بە بۆنەی شەهید بوونی جەمالی عەلی باپیرو هاوڕێکانی بەیاننامەیەکی دەرکرد کە ئەمە دەقەکەیەتی.

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بە بۆنەی شەهید بوونی هاوڕێی تێکۆشەرو قارەمان هاوڕێ جەمالی عەلی باپیرو هاوڕێ نەمرەکانی.

هاونیشتمانیانی بەشەرەف بە پەژارەیەکی قولّەوە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) هەوالّی شەهید بوونی هاوڕێی تێکۆشەرو پێشمەرگەی دلێری کوردستان فەرماندەی هەرێمی (٤) کاک جەمالی عەلی باپیرو فەرماندەی کەرت کاک سمایل گەورە دێی و فەرماندەی مەفرەزە کاک ئەنوەر عەبدوللاّ سالّح و پێشمەرگە کاک حەسەن قارەمان و پێشمەرگە کاک کاروانتان پێڕادەگەیەنین.

شەهید بوونی جەمالی عەلی باپیرو دەستەیەک لە هاوڕێ قارەمانەکانی زەرەرێکی گەورەیە لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و لە بزووتنەوەی ڕزگاری نیشتمانی کوردستان و لە بزووتنەوەی دیموکراتی عێراق.

جەمالی عەلی باپیر کێ بوو؟

هەڤاڵ جەمالی عەلی باپیر هەرزەکار بوو هاتە ڕیزی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە هێشتا قوتابی بوو لە قۆناغی متەوەستەدا بوو کە بوو بە ئەندامی (ی.ن.ک) و یەکەمین قوتابی بوو لە ناوچەکانی سلێمانی ساڵی ١٩٦٢ چووە ڕیزی پێشمەرگەوە لە بەر منالّی تا چەند مانگێک کارێکی ئەوتۆیان پێنەسپارد بەڵام بە زیرەکی و ژیری و ووریایی زۆری نەخایاند لێهاتوویی خۆی بە لێپرسراوەکانی سەلماند وە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٢ لە گەڵ هێزێکی هەڵبژاردەی ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوکدا نێردرا بۆ یارمەتیدانی پێشمەرگەکانی بادینان کە هێشتا شۆڕشی ئەیلول لە سەرەتایدا بوو.

هەڤاڵ جەمالی عەلی باپیر لەو سەردەمەوە ڕێگەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی گرتەبەرو بەشداری خەباتی قارەمانانەی گەلەکەمان بوو لە دەیان نەبەردی قارەمانانەدا لە کەناری مردنەوە گەڕایەوە، لە شەڕەکانی ساڵانی (٧٤و٧٥)دا یەکێک بوو لە قارەمانەکانی شەڕەکانی حەوزی ڕەواندزو لە ناو سەدان پێشمەرگەدا بە ئازایەتی و هەڵمەتی دلێرانە ناوی دەرکردبوو، هەڤاڵ جەمال هەروەکو پێشمەرگەیەکی لێزان و ئازا بوو وە تێکۆشەرێکی سیاسی هوشیار بوو ئینسانێکی ڕووح سووک و خاکی و خۆشەویست بوو لە ناو خەڵک و هاوڕێکانیدا وەرزشکارێکی ناسراو بوو لە یاری ڕاکردن و تۆپی پێدا.

هەڤاڵ جەمال تێکۆشەرێکی سیاسی هوشیار بوو خاوەنی بیرو باوەڕێکی پێشکەوتووانە بوو هەر لە سەرەتای حەفتاکانەوە چووە ڕیزی کۆمەڵەوە لە گەڵ دامەزراندنی (ی.ن.ک) بوو بە ئەندامی یەکێتی و کەوتنە کارکردن بۆ ئامادەکردنی دەستەی چەکدارو پێکهێنانی مەفرەزەی پێشمەرگە، لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٧٦ چووە ناوچەی دۆڵێ و لە مانگی تەموزی هەمان ساڵدا بوو بە فەرماندەی یەکەمین دەستەی چەکداری ناوچەی دۆڵێ و شارباژێڕو یەکەمین چالاکی پێشمەرگانەی بە سەرکەوتووانە لە بایزاوێ ئەنجامداو هەر لەو ساڵەدا جارێک بە سەختی بریندار بوو، هەڤاڵ جەمال سەرکردایەتی دەیان چالاکی پێشمەرگانەو نەبەردی قارەمانانەی

کرد لە دۆڵێ و شارباژێڕ، ئالان و سیوەیل، دووکـان و سـووڕداش، ئاسۆس و مەرگە، دۆڵێ، خواکورک.

سەبارەت بە خەبات و گیانبازی و فیداکاری خۆی لە ناو کۆمەڵانی خەڵکیدا وە لە ناوبرا پێشمەرگەکانیدا حورمەت و ڕێزو ناوبانگێکی زۆری پەیدا کردبوو، لە فەرماندەی مەفرەزەوە بوو بە فەرماندەی کەرت و ئنجا بە جێگری فەرماندەی هەرێم لە بەر ئەوەی هەڤاڵ جەمال بە ژیری و ئازایەتی و بەرچاو ڕوونییەوە لە کاتی کارەساتەکەی هەکاریدا ڕابەری دەستەیەک پێشمەرگەی کرد بۆ گەڕانەوە بە سەرکەوتووانە بەرەو بارەگای سەرکردایەتی لە قەندیل هەر ئەو کاتە سەرکردایەتی یەکێتی بۆ تەقدیری فەرمانەکەی پلەی فەرماندەی هەرێمی دایەو کرایە فەرماندەی هەرێمی (٤) یەکێتی نیشتمانی وە لەو کاتەوە تا ئێستا نەخشەی ژیرانەی دەیان بۆسەو هەڵمەت و لێدانی هێزەکانی دوژمنی داناوەو سەرکردایەتی دەیان شەڕی گەورەو بچوکی کردووە، بەڵێ هەڤاڵ جەمالی عەلی باپیر یەکێک بوو لە پێشمەرگە قارەمان و ئازاو نەبەزو بەڕێزەکانی کوردستان و ترسی خستبووە دڵی دوژمنانی گەلەکەمانەوەو دوژمنانیش دەیان پیلانیان دانا بۆ لە ناو بردنی و هەر لە تۆڵەی چالاکییەکانی هەڤاڵ جەمالدا دوژمـن عەلی باپیری باوکی گرت و بە لێدان و ئەشکەنجە کوشتی و بێسەروشوێن مەیتەکەی وونکرد.

هەڤاڵ جەمالی قارەمان لە گەڵ دەستەیەکیتر لە پێشمەرگە ئازاو دڵسۆزەکانی کوردستان لە لایەن (شێرکۆ شێخ عەلی) لە ڕۆژی ١٩٨١/٨/٢٠ لە ناوچەی سەرگەڵو شەهید کرا.

هاونیشتمانیانی بە شـەرەف ئێمە بـەداخـەوەیـن لە کاتێکدا کە دوژمـن لەو پەڕی لاوازیدایەو فرسەتێکی مێژوویی بۆ گەلەکەمان هەڵکەوتووە کە بزووتنەوە شۆڕشگێڕیەکەی چەند تەکان بچێت بۆ پێشەوە هێزە خۆفرۆش و گومان لێکراوەکان بە فیتی دوژمنانی نەتەوەو نیشتمانەکەمان دەیانەوێت کوردستان بکەنە مەیدانی شەڕی ناوخۆو لابەلا تا نەیپەرژێتە سەر سەدام و دارو دەستە خوێن ڕێژەکەی کە ئەمڕۆ پێیان ناوەتە قۆناغی لاوازی و شپرزەییەوە.

ئەم تاقم و دەستە خۆفرۆشانە کە بوون بە مەقاشی دەستی بێگانەو بوون بە جێبەجێکەری پیلانەکانی دوژمنانی نەتەوەکەمان مەترسی زۆریان لێنیشتووە سەبارەت بە هەڵسانەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان و فراوانبوونی بنکەی جەماوەری یەکێتیمان و ئەستوور بوونی باسکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

بۆیە لە هەموو لایەکەوە ئەو جڕو جانەوەرانەی کە وەکو مشکی ترسنۆک تا ئێستا لە کونەکانیان خزابوون وا لەملاو لەو لاوە سەردەردەهێنن و شەڕ دەفرۆشن و دەگەی نامەردانە دەوەشێنن، سەرکردایەتی خائینی (بارزانی) حەلەلایان لێدەکات.

کۆمەڵانی خەڵک کاک جەمالی عەلی باپیر چاک دەناسن و ئەزانن چ دەورێکی قارەمانانەی هەبووە، کۆمەڵانی خەڵک کاک سمایلی گەورە دێی چاک دەناسن، کۆمەڵانی خەڵک ئەنوەری عەبدوڵڵا مەلا سالح باش دەناسن، کۆمەڵانی خەڵک حەسەن قارەمان و کاروان چاک دەناسن.

کوشتنی ئەم پێشمەرگە دڵسۆزانەی کوردستان لەم کاتە ناسکەدا بە قازانجی کێیە، هی دوژمنانی نەتەوەو نیشتمانەکەمان نەبێت.

وە ئەمانە دەبێت چ خائینێک بن وا دەستیان دەچێتە خوێنی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی جەمالی عەلی باپیری قارەمان و هەزاران سڵاو لە گیانی سمایل گەورە دێی و ئەنوەر و حەسەن و کاروان.

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)

(٢٥) ی ئابی ١٩٨١

تێبینی:

ئەم بەیاننامەیە زۆر لەوە درێژترە کە نووسیوومانە بەڵام لە بەر نەکولاندنەوەی برینەکان بەشێکی زۆریمان لابردووە.

شـــەڕی چیوەی ســـەرو
قـــیادە مۆقەتە - بەرەی جـــود 1981

ڕۆژی ١٩٨١/٩/٦ پێشمەرگەکانی ناوچەی خۆشناوەتی لە چیوەی سەروو بوون بۆ خواردنی نانی بەیانی دابەزینە سەر کانی و ئاوی چیوە ئێشککگری ڕۆژیان لە شوێنێکی بەرزی بناری چیای هەورێ دانا بەر لە گەیشتنی ئێشککگرەکان بۆ شوێنی خۆیانو دابەشبوونی پێشمەرگەکانیتر هێزێکی چەکداری حزبی سۆسیالیست لە بەرزاییەکانی چیوەی سەرو تەقەیان لە پێشمەرگەکانی خۆشناوەتی و خەڵکی چیوە کرد کە هاتبوونە سەر کانییەکە ژمارەیەک شەهید و بریندارى لێکەوتەوە

١- شەهید هاشم حسین پێشمەرگە خەڵکی دەربەندی گۆمەسپان.
٢- شەهید سالّح سلێمان یونس هاوولّاتی پیشەی قەساب بوو.
٣- شەهید بوونی منداڵێک بەناوی مەسعود حەمەد .

لـەوشـەڕەدا دکتـۆر مەجید دکتـۆری قـووەتـی خۆشناوەتی گوللەیەک بەر سەریکەوت بە سەختی بریندار بوو، تەرمی شەهید هاشم لەدێی وەرێی خۆشناوەتی بە خاکسپێردرا تەرمی هەردوو هاوڵاتییەکەش لە چیوە بە خاک سپێردران .

شـــەڕ فـــرۆشییەکانی
حـــسک، بەرەی جود ســـاڵی 1981

ساڵی ١٩٨٢ حسک و جود لە چەند لایـەکـەوە پـەلامـاری هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیاندا لە سێکانیان جەمالی عەلی باپیرو هاوڕێکانیان بە دەستی حسک شەهید کران.

لەشارەزوور غەفور دەرەشیشی وحەیدەری حاجی عوسمانیان شەهید کرد،

لە ناوچەکانیتری کوردستان ئەوەندەی بۆیانکرابێ بەرانبەر پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دریغییان نەکردووە لە هەر کوێ پێشمەرگەیەکی یەکێتییان بەرچاوکەوتبێت شەهیدیان کردووە هەر کاتێکیش هێزەکانی یەکێتی هێرشیانکردووەتە سەریان هەڵاتوون و نەیانتوانیوە بەرگری بکەن.

لە ١٩٨١/٨/٢٣ هێزێکی حسک بە سەرپەرشتی سەید کاکە لە خۆشناوەتییەوە

کەوتنە گەڕان بە دوای پێشمەرگەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانداو چەندین پێشمەرگەیان شەهید و بریندار کرد.

لە دێی شارستێن دڵشاد بەنگینە کادیری پێشکەوتووی کۆمەڵە و یەکێتییان شەهید کرد.

ڕۆژی ١٩٨١/٩/٦ لە چیوەی سەروو پێشمەرگەیەکیان بە ناوی هاشم شەهید کردو دوو پێشمەرگەیان بریندار کرد.

چوونە مالومەو ئازاری حاجی قادری مالومەیاندا کە پیاوێکی ناسراوی ناوچەکە بوو جێگەی ڕێزی مامجەلال بوو، دوای ئەوەی هێزەکانی یەکێتی بە فەرماندەیی کاک نەوشیروان بۆ تەمێکردنی هێزەکەی سۆسیالیست بەڕێکەوتن سەید کاکە بە پەلە هەڵات و نەیتوانی خۆی لە بەردەم هێزی پێشمەرگەدا بگرێت.

هەمان ساڵ و لە ڕۆژی ١٩٨١/١١/٢٥ هێزێکی هاوبەشی بەرەی جود پەلاماری دۆڵی خانەقاو وەرتێیاندا هێزەکانیان هاتنە زینی ئەستێرۆکان سەری ئەحمەدەو هەڵەموندیان گرت و ڕەبییەیان لێدامەزراند هێزەکانی یەکێتی بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان نەخشەی لێدان و دەرکردنی جودیان دارشت.

- هێزێک لە گەڵ حەسەن کوێستانی و ڕەحمان سەیدە لە ساو سێوەکەوە بە کاروخدا هەڵبگەڕێن و شۆڕببنەوە بۆ ناو وەرتێ و کەڵێتە.
- هێزێک لە گەڵ شەماڵ و ئەحمەد مەولود چیای هەڵەموند لە زنجیرەی کاروخ بگرن و دابەزن بۆ کوێستانی مەکێ.
- هێزێک لە گەڵ سەید کەریم و عەلی نەبی هێرش بکەنە سەر زینوی ئەستیرۆکان.
- هەرێمی چواردە سەری ئەحمەدە بگرن
- ملازم عومەر لە قەڵاتوکان شەڕ لە گەڵ هێزەکانی پشتەوەیان بکات

سەرەتای مانگی دوانزە دەستکرا بە جێبەجێکردنی بەرنامەکە

هێزەکانی بەرەی جود ڕایانکردوو هەڵاتن پێشمەرگەکانی یەکێتی بە فەرماندەیی کاک نەوشیروان ناوچەکەیان لە بەرەی جود پاککردەوە ئەمجارەش سەید کاکە هەڵات.

هێزەکانی جود

حسک بە سەرپەرشتی سەید کاکە

پاسۆک بە سەرپەرشتی کەریم سەلام

پارتی بە سەرپەرشتی محەمەد مەلا قادر

حشع بە سەرپەرشتی ئەبو عائید

ئەم فەرماندە هێزانەی بەرەی جود لە بەردەم هەڵمەتی پێشمەرگەکانی یەکێتی خۆیاننەگرت و ئاودیوی ئێران کرانەوە.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی پەنجەکان یەکتر دەشکێنن، دیوی ناوەوەی ڕووداوەکانی کوردستانی عێراق ١٩٧٩– ١٩٨٣ لە لاپەڕە ٢١٢–٢٣٢ زۆر بە ووردی لەشکرکێشییەکانی سەید کاکەو بەرەی جود باسدەکات، بۆیە لێرەدا بە کورتی باسمانکردووە.

شـــەهید بوونی مەلا حـــەسەن و حـــەسەن قادر خـــان 1982/2/16

پێنج کەس چەکی تیپی (٩٩)ی بیتوێن یان بردوو چوونە ناو حزبی سۆسیالیستەوە، هێزێکی تیپی ٩٩ی بیتوێن بە فەرماندەیی مەلا حەسەن هاتنە قولەی کانیماران، دوای گەڕانێکی چەند ڕۆژی بە ناوچەکەدا لە ڕۆژی ١٩٨٦/٢/١٦ لە قولەی کانیماران مانەوە بەیانییەکەی کەمینیان دەرکرد مەفرەزەیەکی حزبی سۆسیالیست کەوتنە کەمینەکەوە بەڵام تەقەیان لێنەکردن، وەکو نەریتی ئاشتیخوازانەی هەمیشەیی یەکێتی لە گەڵیاندا دانیشتن لە ئەنجامی دەمە قاڵەی نێوان پێشمەرگەیەکی تیپی (٩٩) ی بیتوێن و سۆسیالیست شەڕ دروست بوو، لەو شەڕەدا مەلا حەسەن جێگری فەرماندەی تیپی (٩٩)ی بیتوێن و حەسەن قادر خان پێشمەرگەی بیتوێن شەهید بوون، کاکە جوان و محەمەد خەلیفە بریندار بوون.

وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لە ١٩٨٢/٧/٢٨ لە بارەگای حزبی شیوعی عێراق لە پشت ئاشان کۆبوونەوەو لە سەر

چەند خاڵێک بڕیاریاندا.

کۆبوونەوەکە بۆ کۆتایی هێنان بە شەڕو چارەسەرکردنی کێشەکان بوو بە پەنا بردنە بەر گفتوگۆو لە یەکتر گەیشتن گەرچی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە لە شەش خاڵدا خراونەتە ڕوو گرنگ و بەرپرسیارانەن، بەڵام ئەم ڕێکەوتنە و چەندیتر مەرەکەبەکانیان وشک نەبووەوە کە زامێکیترو برینێکیتر سەری هەڵدەدا.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان پابەندبوونی خۆی بە سەرجەم ئەو ڕێکەوتننانە پاراست بەڵام لایەنەکانیتر هەموو جار ڕێکەوتنەکەیان دەشکاند تا لە ساڵی ١٩٨٦ سەرەتاکانی ئاشتبوونەوەی گشتی دەرکـەوت و بە ئەنجام گەیشت و بەرەی کوردستانی دروست بوو.

لێرەدا دەقی ئەو ڕێکەوتننامەیە دەخەینە بەر چاو کە ئاڕاستەی گشت تیپ و هەرێمە تێکۆشەرەکانی سەر بە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر کراوە.

(ی.ن.ك)
کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر

بۆ گشت تیپ و هەرێمە تێکۆشەرەکانی سەر بە کۆمیتەی سەرکردایەتی هەولێر سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم...

وا لە خوارەوە دەقی ڕێکەوتنەکەی نێوان یەکێتیمان و پارتی دیموکراتی عێراق- تان بۆ ئەنێرین بۆ پەیڕەوکردنی هەروەها هەر پێشنیارێک و تێبینییەکتان هەیە ئاگادارمان بکەنەوە بۆ سودلێوەرگرتنی و جێبەجێکردنی خاڵی شەشەمی ڕێکەوتنەکە.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٨ نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبوونەوە لە بارەگای حزبی شیوعی عێراق لە پشت ئاشان و لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بڕیاریاندا:

١/ پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی کە ناکۆکیەکانی ناوخۆ لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا بە ڕێگەی سیاسی و گفتوگۆی برایانە چارەسەر بکرێ هەر دوو لا لە چارەسەر کردنی ئەو ناکۆکیانەدا چەک بەکارنەهێنن و دژی بەکارهێنانی چەک بووەستن لە

کوردستاندا.

٢/ کوردستانی عێراق لە خانەقین تا زاخۆ مەیدانێکی ئازادی چالاکی سیاسی و عەسکەری هێزی پێشمەرگەی کوردستانە.

٣/ هێزەکانی (پ د ک) بە تەنسیق و هاوکاری لە گەڵ ڕێکخراوو تیپەکانی (ی.ن.ک) و بە ئاگادارییان داخڵی ناوچەکانی کوردستان بن و بە گیانی برایەتی و هاوکاری دژی ڕژێمی فاشستی بەغدا کاربکەن و هەموو گیرو گرفتە هاوبەشەکانی نێوان پێشمەرگەیان بە تەنسیق و گیانی برایەتی چارەسەر بکەن و لە سەرەتادا هەموو کێشەکانی جەماوەر بە ڕاوێژوو ئاگاداری (ی.ن.ک) و ڕێکخراوەکانی چارەسەر بکرێ بە تایبەتی ئەو ناوچانەی تا ئێستا تەواجدی هێزەکانی (پ د ک)ی تیا نەبووە تا ئەگەنە سیغەیەکی مناسب بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەن یان پەیدا ئەبن.

٤/ بۆ (ی.ن.ک) هەیە و ئازادە کە هێزو ڕێکخراوەکانی بچێتە هەموو ئەو ناوچانەی کە تا ئێستا تەواجدی (ی.ن.ک) ی تێدا نەبووە یا تیا لاواز بووە بە تایبەتی هەموو ناوچەکانی پارێزگای موسڵ و دهۆک کە بە تەنسیق و هاوکاری و برایەتییان لە گەڵ ئەکاو لەو ناوچانەدا هەموو کێشە و گرفتەکانی نێوان پێشمەرگەیان بە گیانی هاوکاری و برایەتی چارەسەر دەکەن و لە سەرەتادا هەموو کێشەکانی جەماوەر بە ڕاوێژی (پ د ک) و ڕێکخراوەکانی کە هەن یا پەیدا دەبن.

٥/ هەر دوو لا (ی.ن.ک) و (پ د ک) بڵاوکراوەی ناوخۆ لە بارەی ئەم ڕێکەوتنە بۆ ڕیزەکانیان دەربکەن و گیانی ئەم ڕێکەوتنە لە ڕیزەکانیاندا بچێنن و بە باشی تەرجەمەی بکەن.

٦/ نوێنەرانی هەر دوولا (پ د ک) و (ی.ن.ک) داوا دەکەن بۆ تەواو کردنی کەموکوڕیەکانی ئەم پێکهاتنە کۆبونەوەیەکی باڵاتر بکرێ لە سەر ئاستێکی بەرز لە ماوەیەکی نزیکدا.

نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

محمد مەلا قادر مەغدید ئەحمەد فەریدون عبدالقادر دکتۆر خدر

١٩٨٢/٨/٥

شـــێخ شـــەمالّی بـــاخ
ســـەرباز، ســـەعدی، کـــامەران

چوار پێشمەرگەی تێکۆشەر، شەمالّی فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆسرەت، سەرباز ئەحمەدی جێگری فەرماندەی تیپ و دوو پێشمەرگەی دیکە بە ناهەق شەهید کران .

ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٥ چوار پێشمەرگەی قارەمان کە سەر قافڵەیان شێخ شەمالّ بوو لە (باداوان) بە دەستی حزبی سۆسیالیستی کوردستان شەهید کران لە پەنای ئاشتی دا زەفەریان پێبردن و گیانیان سپارد کە ئەم نەمرانەن.

١/ شەهید محەمەد شێخ مەحموود ناسراو بە شێخ شەمالّی باخ، فەرماندەی تیپی ٩٣

٢/ شەهید سەرباز ئەحمەد جێگری تیپی ٩٣

٣/ شەهید سەعدی گەرمکی

٤/ شەهید کامەران

شێخ شەمالّ پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ، سالّی ١٩٧٨ کراوەتە لێپرسراوی سەربازی ناوچەی قەرەداخ، سالّی ١٩٧٩ ڕەوانەی دەرەوەی وولّات کراوە لە مەکتەبی شامی (ی.ن.ک) دەست بەکاربووە چەندین پارچە چەک و تەقەمەنی گەیاندووەتە ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستان، سالّی ١٩٨١ گەڕاوەتەوە کوردستان و کراوەتە فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆسرەت.

قارەمانی شەڕەکانی (باوزێ، قەندیل، کانی مازو، کانی وەتمان، شەڕەکانی هێزی پشتیوان و چەندین نەبەردی تر بووە، ئەندامی هەر دوو کۆنفرانسی یەک و دووی کۆمەڵە بووە.

دوای شەهید بوونی شێخ شەمالّ مامۆستا شێرکۆ بێکەس هۆنراوەیەکی بەپێزی بۆ نووسی لە بەشێک لە هۆنراوەکەدا دەڵێ:

من شەمالّم نەبینیوە قەت دوو بە دوو چاوی چاوم بە یەکەوە دانەنیشتووین، دەستم تەوقەی لە گەڵ دەستیا نەکردووە، وەکو تەرزە وەکو گڕە قەت پێکەوە نەبیندراوین، ئەو کەڵی ناو شاخان بووە منیش شیعرێکی شارنشین، ئەو سەرچاوەی زەڵم بووە منیش شەقامێکی غەمگین، من نازانم ئەو چاوانە ڕەنگیان وەکو کراسی

دایکی شەهیدان وەکو سەرو سنەوبەری چنارۆک و هەیبەت سوڵتان وەکو کێڵگەی گوندی باخ و دەشتی ئەو لای کانی وەتمان، من نازانم ڕەنگیان چۆن بوو.

لە کۆتایی هۆنراوەکەدا مامۆستا شێرکۆ دەڵێ ئەوەی شەمالّی وەکو من قەت نەدیوە با بەیانیان ئەویش لە گەڵ تیشکا هەستێ، لە گەردنی ئەو کێوانە لە بەژنی تەڕی دارستان لە چاوی چەم و قەڵبەزە وردبێتەوە دڵنیابێ وەکو باڵا، وەکو نیگا، وەکو بڕوا، وابزانێ ئەو دەبینێ و ئەوی دیوە.

شـــــــەهیدانی گـــــۆڕەدێم
1983/4/19

کاتژمێر ٨ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٤/١٩، (٩) پێشمەرگەی دلێری تیپی (٣١)ی پێنجوێن ، سلێمانی کەوتنە بۆسەی چەکدارەکانی پارتییەوەو بە ناهەق شەهید کران.

ئەو پێشمەرگە دلێرانە شەو لە گۆڕەدێم بوون، بەیانی سوار پیکابەکەی قالەی سالاّنان بوون پارتی لە دارو شەخسەکەی گۆڕەدێم لە سەر پێچێک بۆسەی بۆ دانابوون پێشمەرگەکان کەوتنە بۆسەکەی پارتییەوەو شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید عومەر نۆڕکی
٢/ شەهید قادر نۆڕکی
٣/ شەهید سەرکەوت عەزیز ئەحمەد نۆڕکی
٤/ شەهید تەها مستەفا حەمە سوور نۆڕکی
٥/ شەهید سیروان جەلال
٦/ شەهید فەلاح ئەحمەد
٧/ شەهید پێشڕەو
٨/ شەهید هەڵمەت
٩/ شەهید کەریم

قـــــۆناغی بەرگری لە شـــــۆڕش و یـــــەکێتی

دوای ئەوەی چەندین پێشمەرگە و فەرماندەی قارەمانی (ی.ن.ک) لە گۆڕەدێم و ناوچەکانیتر شێخ شەماڵ و هاوڕێکانی لە باداوان لە لایەن بەرەی جودەوە بە ناحەق و لە بۆسەی غەدردا شەهید کران سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بە ناچاری و لە ژێر ناونیشانی هێرشی بەرگری لە شۆڕش و یەکێتی لە دوو قۆناغی جیاواز بڕیاری لێدان و دەرپەڕاندنی هێزەکانی (جودی)دا لە ناوچەکانی شارباژێڕو پێنجوێن و شوێنەکانیتر.

قۆناغی یەکەمی هێرشی بەرگری لە شۆڕش و یەکێتی و جەماوەر بە ناوی تۆڵە سەندنەوەی خوێنی بە ناهەق ڕژاوی شەهیدانی گۆڕەدێم و شەهید هەڤاڵ ئەحمەد،

مەحموود بەگ و شەهید خالید نامیق باڕۆیی لە بەیانی ١٩ ی مانگی ١٩٨٣/٤/١٩ دەستپێکرد لە دەوروبەری مامە خەلانەوە تەقە دامەزرا هەتا دەوروبەری سەرخوار.

هێزە هاوبەشەکەی مەڵبەندی دوو، پێشمەرگە قارەمانەکانی سەگرمە، (٤٧) ی پیرەمەگرون، قەرەداخ و گەرمیان، شارباژێڕ و بەرزنجە و سلێمانی بە پێی نەخشەیەکی ڕێکوپێکی دیاریکراو هێرشی کەم هاوتای قۆناغی یەکەمیان کردە سەرو سەنگەر بە سەنگەر لوتکە بە لوتکە گوند بە گوندیان پێچۆڵکردن کوژراویان پێبەجێهێشتن و بریندارییان پێبار کردن.

داستانی قۆناغی یەکەمی تۆڵە بە خوێنی گەشی بەکر عارف داراغایی تۆمارکرا:

- کوژرانی قیادە موەقەتە و حسک ١٦ کەس
- دیل (١٠) چەکدار

دەستکەوت:

٢ ئاربیجی

١ ڕەشاشی ئاربیکەی

١ ڕەشاشی دکتاریۆف

١٥ چەکیتری هەمە جۆر

قۆناغی دووەم:

قۆناغی دووەمی هێرشی بەرگری مەڵبەندی یەک بە ناوی تۆڵەی خوێنی شەهیدان شەماڵ و سەربازو سەعدی و کامەران لە ناوچەکانی مەڵبەندی یەک دەستپێکرد.

تـــیپی مـــامەندە
هـــــاتنە خوارەوەی کاك نـــــەوشیروان
بـــۆ بـــەری مـــەرگە

تیپی مامەندە لە قوتەو لوتکەکانی قەڵاتی ورچان، مامەندە، ئاخوڕان، بەردە سپیان بوون بۆ پارێزگاریکردن لە سەرکردایەتی (ی.ن.ک).

لە ناوچەکەدا دوو سەنگەری بەرفراوان هەبوون بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرش و پەلامارێک کە بکرێتە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە.

- لە داوداواو مەکاواو دۆڵە توو پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) لە سەنگەردا بوون بۆ وەڵامدانەوەی شەڕ فرۆشییەکانی بەرەی جود.
- سەنگەرەکانی مامەندەو ئاخوران، قەڵاتی ورچان و بەردەسپیان بەرانبەر هێزەکانی ڕژێمی عێراق بۆ وەڵامدانەوەی هەر هێرش و پەلامارێک.

مانگی (٣)ی ساڵی ١٩٨٣ بە بڕیاری کاک نەوشیروان هێزەکەی تیپی مامەندە نێردرانە ناوچەی ئاسۆس بۆ پشوودان، کاک نەوشیروان، سەلیم ئاغاو چەند پێشمەرگەیەکی لای خۆی هێشتەوە.

لە گەڵ هاتنە خوارەوەی هێزەکەی تیپی مامەندە بۆ ناوچەی ئاسۆس بەشداری شەڕی بەردە شانییەکانیان کردوو شکاندیانن کە سەر بە حزبی سۆسیالیستی کوردستان بوون.

لەو شـەڕەدا حەمەلاو پێشمەرگەی تیپی ٤٤ی چەکوش شەهید بـوو، دوای شکاندنی هێزەکەی سۆسیالیست لە باداوان شێخ شەماڵ فەرماندەی تیپی ٩٣ی کۆسرەت و سێ پێشمەرگەی هەمان تیپیان شەهید کرد.

کاک نەوشیروان لە گەڵ سەلیم ئاغادا لە سەرتەنگەوە هاتنە چنارنە، چەکدارەکانی بەرەی جود بـەردەوام سەرگەرمی کێشە نانەوەو شەڕ فرۆشتن بوون بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەر کوێیەک بۆیان بلوایە پێشمەرگەو کادیرەکانی (یەکێتی) یان شەهید دەکرد بۆیە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) ناچار بوو بڕیاری یەکلاکەرەوە بدات.

هێزەکانی تیپی چەکوچ و کۆسرەت و ئاسۆس و مامەندە و کەرکوک لە ناوچەکە بوون کاک نەوشیروان لە بەری مەرگە کۆبوونەوەی بەهێزەکانکردوو پێیووتن چیبکەین خۆناکرێت هەر ڕۆژە لە لایەکەوە پەلامارمان بدەن و پێشمەرگەمان شەهید بکەن، یەکێک لە فەرماندە تیپەکان لە کۆبوونەوەکەدا بە کاک نەوشیروانی ووت با (کش مەلیک)یان لێبکەین بچینە سەر سەرکردایەتییەکەیان.

هێزەکانی بەرەی جود لە دەوروبەری باڵیسان کۆببوونەوەو نیازی پەلاماردانی مەڵبەندی چواریان هەبوو، کاک نەوشیروان لە ڕێگەی بێتەلەوە قسەی لە گەڵ مامجەلالکرد، بڕیاریاندا هەموو هێزەکانی یەکێتی ئامادە بن بۆ وەڵامدانەوەی هەر دەستدرێژییەک کە بکرێتە سەر هێزەکانی یەکێتی.

- ئازاد هەورامی بچێت بۆ سازدانی پاشماوەی هێزەکانی مەڵبەندی (٣)
- کاک نەوشیروان بەشێک لە هێزەکانی مەڵبەندی (١،٢) لە گەڵ خۆی ببات بۆ ناوزەنگ
- ئەگەر لایەنەکانی جود پەلاماری مەڵبەندی (٤)یاندا هێزەکانی یەکێتی هێرشبکەنە سەر سەرکردایەتییان لە قڕناقاو پشت ئاشان.

کاک نەوشیروان و هێزەکانی مەڵبەندی (١) و (٢) بە ڕێگاوە بوون بەرەو ناوزەنگ لە ڕێگا زانییان هێزەکانی جود پەلاماری (باڵیسانیان) داوەو (٧) پێشمەرگەیان شەهید کردووە.

شەڕی باڵیسان
1983/4/27

بارەگای مەڵبەندی (٤)ی (ی.ن.ک) لە باڵیسان بوو، بارەگاکانی حزبی شیوعی، پارتی لە شێخ وەسان بوو.

هێزەکانی بەرەی جود ئابڵوقەیان خستبووە سەر دۆڵی باڵیسان نەیاندەهێشت خواردن و پێداویستی بگاتە دەست هێزەکانی (ی.ن.ک) و خەڵکی دۆڵی باڵیسان.

پارتی، شیوعی چەند قوتەو بەرزاییەکیان لە سنوورەکەدا بە دەستەوە بوو هەندێک لەو بەرزاییانە بە سەر سەنگەرەکانی (ی.ن.ک) زاڵ بوون بەڵام چوونکە

یەکێتی و مەڵبەندی چوار بەرنامەی شەڕیان نەبوو ئاسایی بوو لایان.

کاتژمێر (٤)ی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٦ پارتی و حزبی شیوعی ئەنجومەنی دێی شێخ وەسانیان نارده لای مەڵبەندی (٤) ئەنجوومەنەکان لە گەڵ دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەندی (٤) و سەید کەریم لێپرسراوی سەربازی مەڵبەند کۆبوونەوەو ووتیان شیوعی و پارتی ئێمەیان ناردووە بۆ لاتان پێیان خۆشە لە گەڵیان دانیشن، ئەوان دەڵێن دانیشتن باشترە لە شەڕ کردن، هاتووین بزانین ئێوە چیتان دەوێت، داواکاری و مەرجی ئێوە چییە، مەڵبەندی (٤) مەرجەکانیان خستە ڕوو ووتیان مەرجەکانی ئێمەیان پێڕابگەیەنن، ئێمە خوازیاری ئاشتی و تەبایی و بەیەکەوە ژیانین.

کاتژمێر (١٢)ی شەو پێشمەرگەیەکی (پ.د.ک) کە دۆست و هاوڕێی سەید کەریم بوو نامەیەکی بۆ سەید کەریم نارد لە نامەکەدا نووسیبووی « کاک سەید دوای سڵاو کاتژمێر چواری بەیانی یەکەم تەقەتان لێدەکرێت پەلامارتان دەدەین ئاگاتان لە خۆتان بێت».

مەڵبەندی چوار متمانەیان بە نامەکە هەبوو گەیشتنە ئەو بڕوایەی ناردنی ئەنجومەنی شێخ وەسانان تەکتیکی سەربازی بوو بۆ خڵەفاندنیان تا بتوانن گەورەترین زیانیان پێبگەیەنن.

مەڵبەندی چوار بەو شەوە کەوتنە خۆیان سەنگەرەکانیان توندو تۆڵکرد، کاتژمێر چواری بەیانی یەکەم ئاربیجی لە لایەن پارتی و شیوعییەوە لە سەنگەرەکانی یەکێتی درا بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٧ ئەحمەد قەمبەری فەرماندەی کەرت شەهید بوو عەلی نەبی بریندار بوو.

ملازم سەید کەریم بە جیهازی هۆکی تۆکی قسەیدەکرد لە ناکاو جیهازەکە دەنگی نەماو وەستا، پێشمەرگەیەکی لێبوو تەماشایانکرد فیشەکێک لە ناو جیهازەکەدا بوو لە کاتی قسەکردندا فیشەکەکە لە جیهازەکەی دابوو لە کاری خستبوو.

نـــــامەکەی کاك نـــــــەوشیروان

کاک نەوشیروان نامەیەکی نارد بۆ مەڵبەندی چوار تیایدا نووسیبووی ئێمە هەموو هەوڵێکماندا بۆ ئەوەی شەڕی ناوخۆ تەشەنە نەکات بەڵام دیارە لە دەست ئێمە دەرچووە لە بەر ئەوە دەبێت تۆڵەی شەماڵ و سەرباز بکەینەوە، لە بەر ئەوە ئاگاداری خۆتان بن ئێمە هێزەکانمان برد پلانێکمان هەیە، ئەو هێزەی لای خۆتانە تکایە بە هیچ شێوەیەک هیچ فیشەکێک مەتەقێنن.

لە بالیسان بکشێنەوە وەرنە بێراوا، شیرێ، ڕێگای مەلەکان دۆڵی ساوسێکە بۆ ئێمە تەئمین بکەن شەڕمان لە ئێوە ناوێت.

*****

لە شەڕی بالیساندا ڕۆژی یەکەم پەلامارەکەی پارتی، شیوعی تێکشکا.

ڕۆژی دووەم هێزەکانی یەکێتی بەرگرییانکرد.

ڕۆژی سێیەم ناوەڕۆکی نامەکەی کاک نەوشیروانیان جێبەجێکردوو بە ڕێکوپێکی کشانەوە بێراوا، هێزەکانی پارتی و شیوعی دەستیانگرت بە سەر بالیساندا، چەند ڕۆژێک لە بێراواو شیرێ مانەوە شەڕی قڕناقاو پشت ئاشان دەستیپێکرد.

بـــەرەو لـــێدانی ســـەرکردایەتی جـــود

هێزەکانی یەکێتی لە ناوزەنگ کۆبوونەوە مامجەلال وتارێکی گرنگ و پڕ لە جۆش و خرۆشی پێشکەشکردن داوایلێکردن ئەرکەکانیان بە باشی بەڕێوەببەن.

هێزەکان لە ناوزەنگەوە بەڕێکەوتن بۆ نیوەڕۆ گەیشتنە (بەستی) لە بن دارەکانی چەمەکەدا لایاندا بۆ نانخواردن و پشوودان تۆپخانەی ڕژێمی عێراق تۆپبارانیکردن (٧) پێشمەرگە شەهید و ٢٢ پێشمەرگە بریندار بوون دوای کۆکردنەوەی شەهیدەکان بەرەو قەڵاتوکان بەڕێکەوتن نەهێنی دەستپێکردنی شەڕەکە ئەوە بوو لە ئیزگەوە بانگەوازێک بڵاوبکرێتەوەو بووترێت (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بەزەبرە).

مـــــۆڵی گـــــەورە

تیپی ٦٨ی مامەندە پەڕینەوە قەڵاتووکان ڕۆژی دواتر چوونە سەری مۆلی گەورە کە بە سەر ئاشقوڵکە و بارەگاکانی سۆسیالیستدا دەیڕوانی بەرەی جود هێزیان لە مۆڵی بچووک بوو بەڵام نەچووبوونە مۆلی گەورە لە بەر ئەوەی مۆلی گەورە بەفری لێبوو شوێنێکی سەخت بوو باوەڕیان نەکردبوو هێزی یەکێتی بچێتە ئەوێ.

تیپی ٦٨ی مامەندە شارەزای ناوچەکە بوون پێشمەرگەکانی لادێی بوون بە ئاسانی بە شوێنە سەختەکاندا سەردەکەوتن لە ماوەی چوار کاتژمێردا گەیشتنە سەر مۆلی گەورە.

بوونی هێزی یەکێتی لە مۆلی گەورە پشتی هێزەکەی سۆسیالیست و بەرەی جودیان شکاند، هێزەکانی یەکێتی بەرەو لێدانی سەرکردایەتی بەرەی جود بەڕێکەوتن لە ماوەی ١١ کاتژمێردا سەرکردایەتی هەر سێ حزبی سۆسیالیستی کوردستان، حزبی شیوعی عێراق، پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک) یان گرت.

دوای ئەوەی تیپی مامەندە سەرکەوتنە سەر مۆلی گەورە بۆ بەیانی ڕۆژی یەکی ئایار چوونە سەر ئاشقولکە و سورەدێ و هێزەکانی بەرەی جودیان دەرپەڕاند بۆ ئێوارەکەی چوونە قڕناقاو پشت ئاشان بۆ سەر بارەگاکانی حزبی شیوعی.

دوو کەس لە حزبی شیوعی کە خەڵکی کەرکوک بوون کەوتنە دەست تیپی مامەندە دوو مزەللی و پێنج هەزار دینارو پاسپۆرتیان پێبوو ووتیان ئێمە خەڵکی کەرکوکین هاتووین لەڕێگەی حزبی شیوعییەوە بڕۆین بۆ هەندەران ئێمە شەڕکەر نین.

بورهان و ملازم مەحموود دوو دیلەکەیان برد بۆ لای کاک نەوشیروان لەو کاتەدا ژنێکی حزبی شیوعی کەوتبووە لای هێزەکانی یەکێتی ژنەکە بە کاک نەوشیروانی ووت بۆچی شەڕی ئێمە بە ئاغاو شێخ دەکەن کاک نەوشیروانیش پێیووت ئەوە هێزی قادراغایە هەموویان کۆمەڵەن ئەو دوو دیلەتان لای ئەوان سەلامەت دەرچوون، پێنج هەزاریان پێبووە پێیانماوە کەسیش ئازاری نەداون ئەوە نموونەی پێشمەرگەی ئاغاکانە کە تۆ باسیاندەکەیت دەڵێیت شەڕی ئێمەتان بە ئاغا کرد.

تـــــیپی مـــــەڵبەند

سەید مەجید لێپرسراوی مەڵبەندی سێ بە محەمەدی کاک هەمزەی ووت بەرەو دۆڵی خانەقا بڕۆ لە زارگەلی تێپەڕە لە بۆکریسکان هێزی خۆمانی لێیە لەوێوە دەستپێدەکرێت ئەمشەویش کاک نەوشیروان بە هێزێکی گەورەوە دێت بەرەو قڕناقاو و پشت ئاشان شەڕ دەستپێدەکات.

تیپی مەڵبەندی سێ بەڕێکەوتن چوونە بەرانبەر لێوژێ هەندێک وردە تەقە بوو بەیانی لە سەر مۆلی ڕەش و پشت ئاشان شەڕ دەستیپێکرد مۆلی ڕەش گیرا گرتنی مۆلی ڕەش مانای گرتنی پشت ئاشان بوو.

تیپی مەڵبەندی سێ بە دێیەکانی ئێندزەو لێوژەدا ڕۆیشتن لە باسکەکەی کۆمتان لە گەڵ کاک نەوشیروان یەکیانگرتەوە ناوەشت پاککرایەوە سەرکردایەتی بەرەی جود دەستبەسەردا گیرا.

هەواڵ گەیشت سەد چەکداری حزبی شیوعی لە دۆڵی باڵەیانن محەمەدی کاک هەمزە و قادر خەباتیان نارەدە دۆڵی باڵەییان بە سیرنێ و مالێخدا سەرکەوتن بە سەر دۆڵی باڵەییاندا.

ئەستورایی بەفر لە ناوچەکەدا مابوو لە دۆڵی باڵەییان تاقە مااڵێکی لێبوو چوونە مااڵەکە هەواڵی شیوعییەکانیان پرسی ووتیان ڕۆیشتوون شەو لە مااڵەکە مانەوە پەنیرو نانی گەرمیان بۆدانان سێ ژنی مااڵەکە تا بەیانی نانیان بۆ دەکردن، دوای خواردنی نانی بەیانی هاتنە خەزێنە بۆ مااڵی برایەکی قادر خەبات، لە خەزێنە چەکدارێکی عەرەبی حزبی شیوعیان گرت تفەنگەکەیان لێسەندبوو دەیووت مەخزەنەکانم نادەم منیش پێشمەرگەم، محەمەدی کاک هەمزە بە پێشمەرگەکانی ووت لێگەڕێن با مەخزەنەکانی پێبێ.

ئێوارە لە دۆڵی باڵەییان هاتنە خوار گەنجێک بە ڕاکردن هاتە لایان بە قادر خەباتی ووت سەد کەسی حزبی شیوعی هاتنە کۆیلێ ئەو سەد کەسەی کە لێرە بوون خۆیان لە شاخی پەنادابوو هاتوونەوە کۆیلێ.

پێشمەرگەکان گەڕانەوەو چەند بۆسەیەکیان دانا بەری بەیانی تەقە دەستیپێکرد

شەڕ لە نێوان حزبی شیوعی و هێزەکانی یەکێتی دروستبوو لەو شەڕەدا نزیکەی ١٧ کەس لە حزبی شیوعی کوژران و ژمارەیەکیش بەدیلگیران لە ناو دیلەکاندا کەریم ئەحمەدو ئەبو شوان و قادر ڕەشیدی تیابوو دواتر مەلا ئەحمەد بانیخێلانیش گیرا، دیلەکانیان نارده لای کاک نەوشیروان لە دۆڵی خانەقا لەوێشەوە مەفرەزەیەکیان لە گەڵ ناردن بۆ لای مامجەلال.

ڕزگـــــارکردنی ســـەید بـــــرایم

عەلی مام ڕەسوڵ لێپرسراوی بەندیخانەی حزبی سۆسیالیست بوو پەیوەندی بە یەکێتییەوە کردبوو لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕدا بەندییەکانی ڕزگار کرد سەید برایم یەکێک لەو بەندیانە بوو کە پێشتر لە شەڕی ئاسۆسدا لە لایەن حسکەوە دەستگیرکرابوو.

دوای ئەوەی عەلی مام ڕەسوڵ پەیوەندی بە یەکێتییەوە کرد عوسمانی برای و دوو ئامۆزای بە ناوەکانی موساو ئەحمەد کە ئەوانیش سۆسیالیست بوون لە لایەن سۆسیالیستەوە گیران خەریک بوو بیانکوژن بەڵام بە هەزار تکاو ڕجا بە پێنج هەزار دینار ئازادیانکردن کاک نەوشیروان لە دۆڵی باڵیسان پارەکەیدانێ.

نەوشیروان مستەفا لە کتێبی پەنجەکان یەکتر دەشکێنن لە لاپـەڕە ٢٩٣ نووسیویەتی (عەلی مام ڕەسوڵ لێپرسراوی زیندانەکەی حسک بوو ئاگاداریکردین کە ئامادەیە هەموو گیراوەکان لە گەڵ خۆی بهێنێت بێتە ڕیزی یەکێتییەوە، هەواڵمان بۆ نارد بێت، یەکێ لە گیراوەکان سەید برایم بوو، سەید برایم فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٢١ی کەرکوک، لە تەقوتۆقەکەی ئاسۆسدا گیرابوو گەیاندبوویانە ئەوێ).

محەمەدی مام ڕەسوڵ برای عەلی مام ڕەسوڵ بەمجۆرە چیرۆکی پەیوەندیکردنی عەلی مام ڕەسوڵ بە کاک نەوشیروانەوە دەگێڕێتەوە دەڵێت:

کاک نەوشیروان لە زەڵێ نامەیەکی داوەتـە محەمەد حاجی ناسراو بە خاڵ محەمەد تا بیگەیەنێتە عەلی مام ڕەسوڵ کە لێپرسراوی بەندیخانەی سۆسیالیست بوو، لە پشتی سـورەدێ لە سەر جۆگای ڕەبەنی لە نامەکەدا کاک نەوشیروان نووسیبووی گیانی سەید برایم بپارێزە، خۆشت چ پلەو پایەیەکت دەوێت لە ناو

یەکێتی پێت دەدەین لە گەڵ نامەکەدا ڕادیۆیەکی بچووکی بۆ عەلی مام ڕەسوڵ ناردبوو.

لە گەڵ نزیکبوونەوەی لێدانی سەرکردایەتی بەرەی جود بۆ جاری دووەم کاک نەوشیروان لە مالّی مەلا عەلی لە ئەبوبەکرە محەمەدی حاجی ناردەوە لای عەلی مام ڕەسوڵ تا گیانی سەید برایم پارێزراو بێت و ئەمانیش لەو چەند ڕۆژەدا دەگەنە لایان، بەو جۆرە عەلی مام ڕەسوڵ لە کاتی شەڕەکەشدا سەید برایمی لە شاخێکدا پاراست و دواتر تەسلیمی کاک نەوشیروانیکردوو خۆشی گەڕایەوە ناو (ی.ن.ک) و کرایە فەرماندەی کەرت.

پـــــێشەکی و ئاگاداری ئـــــیزگە ســـــەبارەت بە تـــــەماسی کاك نـــــەوشیروان

لە گەڵ دەنگی شۆڕشی عێراق بۆ گرتنی سەرکردایەتی بەرەی جود

- تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە
- تۆڵە بەسەبرە ئەمما بەزەبرە

مژدەیەکی خۆش

مـــــــژدەیەکی خـــــــۆش

مژدە بە کۆمەڵانی خەڵک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەموو هەڤاڵانی (ی.ن.ک) و دڵسۆزانی کوردایەتی و کوردستان دەدەین کە هێزی پێشمەرگەی هەمیشە قارەمانی کوردستان بە هەڵمەتی قارەمانانەو لە ماوەی چەند سەعاتێکدا هەموو کولانەکانی تاقمە جاسوسییەکەی جوجە ڕەسوڵیان خستە بندەستی خۆیان لە ئاشقوڵکە، وە هەر چەندە هەوڵدرا... ناو لیژنەی مەرکەزی حزبی شیوعی عێراقی دوورخەینەوە لە بەگژدا هاتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڵام بەداخەوە هەر ناچاری سەر سەختانە درێژەیاندا بە سیاسەتە چەوتەکەیان، سیاسەتی شەڕ فرۆشتن بە (ی.ن.ک) و هێرشکردنە سەر هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەر بۆیەش بە ناچاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرەنگاری پەلامارەکانیان بوونەوەو هەر زۆر بە ئاسانی شکاندنیان و دەستیشیانگرت بە سەر تێکڕای بارەگاکانیاندا لە

پشتئاشان و قڕناقاو هەموو ئەو سەرکەوتنە مێژوویی مەزنەش لە شەوو ڕۆژێکدا بەدەستهێندرا.

کۆمەڵانی خەڵک ئاگادار دەکەینەوە کە لە بەیانیڕا واتە لە سبەینێوە بە دووروودرێژی باسی ئەنجامی شەڕەکەو سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان بۆ دەکەین، لە پێشەوەش مژدەیان دەدەینێ کە تەنیا یەک پێشمەرگەی قارەمان لەو هەڵمەتەدا شەهید کراوە لە دوژمنیش دەیان کوژراوو بریندارروو ئەسیر هەیە و دەستکەوتی چەک و گوللە و کەلوپەلیش زۆر زۆرە.

****

بۆ ئاگاداری بۆ ئاگاداری

جەماوەری بە شەرەفی کوردستان ئاگادار دەکەین لە بەرنامەکانی سبەینێدا ڕاگەیاندنێکی گرنگی هەڤاڵی تێکۆشەر کاک نەوشیروان مستەفا بە دەنگی خۆی بڵاودەکەینەوە کە سەرکردایەتی هێزەکانی (ی.ن.ک)ی کرد لە پاککردنەوەی کوردستان لە مقەڕی تەحریفییەکان و مەوداو کولانەکانی حسک و پاسۆک پاسدار مۆقەتەکان تکایە ئاگادار بن.

****

ئنجا گوێگرانی خۆشەویست کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پێشمەرگە قارەمانەکانی گەل و شۆڕش ئێمە لە کاتێدا بە ناوی ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراقەوە گەرمترین پیرۆزبایی لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکەین بە گشتی و لە هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی کە بەشداری ئەم سەرکەوتنە مێژوویی مەزنە بوون بە تایبەتی وا دەقی ئەو تەماسەتان بۆ بڵاودەکەینەوە کەوا لە گەڵ کاک نەوشیروان سازمانکردووە ئنجا ئێوەو هەڤاڵی تێکۆشەر کاک نەوشیروان لە شوێنی سەرکەوتنەکەوە.

****

دەقی لێدوانی نەوشیروان مستەفا سەبارەت بە گرتنی سەرکردایەتی بەرەی جود بۆ ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق لە شوێنی سەرکەوتنەکەوە

ئێمە ئەو هێزانەین کە لە لایەن سەرکردایەتی (ی.ن.ک)ەوە لە هەر چوار مەڵبەندەکەی (ی.ن.ک) ئاگادار کرابووین بۆ ئەوەی بۆ هەندێک ئیش و کار بکەوینە ڕێ، کەوتینە ڕێگا ئەو تیپانەی کە لە قۆڵی ئێمەوە کەوتنە ڕێگا تیپی ٢١ی کەرکوک، تیپی ٢٣ی سورداش، کەرتێکی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بەشێک لە تیپی ٤٣ی ئاسۆس هەندێک لە پێشمەرگەکان و کەرتەکانی تیپی ٦٨ی مامەندە بەشێکی تیپی ٦١ی کۆڕەش هەندێک لە تیپی شەهیدان و قەندیل، تیپی ٥١ی گەرمیان بەشێکیان، کەرتی چواری جەباری تیپی ٩٣ی کۆسرەت، تیپی ٩٩ی بیتوێن، لە بەری ئەوبەریشەوە تیپەکانی مەڵبەندی سێی (ی.ن.ک) پێش ئەوەی کە بگەینە مەوعیدی خۆمان لە ڕێگا دەوڵەت تۆپبارانیکردین زۆر بەداخەوە کەوا دیارە مەعلوماتی دەقیقیان هەبوو لە ڕۆژی سێیەمدا لێیانداین هەندێک تۆپ کەوتە ناومانەوە چەند پێشمەرگەیەکی قارەمانمان شەهید بوو لەوانە حەمید محەمەد کە لە ناو پێشمەرگەدا بە مام بێستون ناسرابوو جێگری تیپی ٢١ی کەرکوک بوو پێش ماوەیەکیش دوو ئامۆزای بە ناوی ستار سالّح و زرار سالّحەوە لە موسڵ ئیعدام کرابوون هەروەها پێشمەرگەیەکی تیپی ٢١ بە ناوی بەدرخان سابیرەوە کە خەڵکی قامیشە بوو، جگە لەوانە چەند پێشمەرگەیەکیتر کامیل وەستا ئەحمەد کە خەڵکی کربچنە بوو، یاسین عەبدولکەریم کە خەڵکی کفری بوو ئیبراهیم ئەحمەد کە خەڵکی عەزیز قادر بوو ئەمین فەتاح کە خەڵکی جامڕێز بوو، لەشکر کە خەڵکی چوارقورنە بوو لە تیپی ٩٩ی بیتوێن بوو ئەوانیتر لە تیپی ٥١ی گەرمیان بوون ئەوانە بەداخەوە بە خۆڕایی دەوڵەت کە پەلاماریداین لە پەلاماری دەوڵەتدا ئەوانەمان لێ شەهید بوون چوار پێنجێکمان لێبریندار بوون بەڵام ئەوە نەبوو بە هۆی ئەوە کە ڕێگە لە پلانەکەمان بگرێت هەر چەندە هەندێک بوو بە سەبەبی ئەوەی کە نەخشەکەی خۆمان بگۆڕین.

ئێمە لە شەوی ٣٠ مانگدا گەیشتینە مەنتیقەی قەڵاتوکان لە مەنتیقەی قەڵاتوکانەوە نەخشەو پلانی ئەوەماندانا کە چۆن کولانەکانی جاسووسی و پیلانگێڕان کە لە

لایەن تاقمی تەحریفییەکان و جوجە ڕەسوڵییەوە لە لایەن تاقمێکی کورد کوژەوە لە لایەن قیادە مۆقەتەوە لە مەنتیقەی قڕناقاو پشت ئاشان و ئاشقوڵکە دانراوە بۆ تێکدانی ڕەوشی کوردستانی عێراق ئێمەش بێین کولانەکانی ئەوان تێک بدەین.

لە ڕێگە کە هاتین مەفرەزەیەکی حزبی شیوعی لە سەر ڕێگا بوو ئەوەمان لە گەڵدا نەکردن، لە بەر ئەوەی کە دیبویان هێزەکەمان هێزێکی گەورەیە پەلاماریان نەدابوو چاوەڕوانی ئەوەیان کردبوو و ئاخیرەی هێزەکەی ئێمە تیپی ٩٩ی بیتوێن بوو لەوانیاندابوو لە زمنی ئەوانەی کە شەهید بوون کاک وریا مام قادر کە کادرێکی کۆمەڵە بوو پێشمەرگە بوو لە تیپی ٩٩ی بیتوێن ئەوە شەهید بوو و کاک غەریب سەعید کە فەرماندەی تیپەکە بوو ئەویش بریندار بوو بە ڕوممانەی ئەو تەحریفییە خائینانە، بۆ ڕۆژی دواتر لە سەعات سیانزەو نیودا واتا لە یەکو نیوی پاش نیوەڕۆدا لە ڕۆژی یەکی ئایاردا لە جەژنی کرێکارانی دنیادا هێزە هاوبەشەکانی ئێمە هێزەکانی گەرمیان و کەرکوک و قیسمێکی پیرەمەگرون و ئەو تیپانەیتر کە باسمانکرد وەکو کۆسرەت و کەرتی جەباری ٥٧ی سەگرمە و هەروەها بەشێکی بیتوێن و هەندێکی ئاسۆس و هەندێکی مامەندەو هەندێکی کوڕەش و هەندێکی شەهیدان و هەندێکی قەندیل و هەندێکی گەرمیان بێجگە لە هێزێکی ئیحتیات کە لە پشتەوە جێمانهێشت.

ئەوان پێشتر ئیحتیاتی خۆیان کردبوو و قایمکارییان کردبوو چونکە ئێمە نامەیەکی مەلا ئەحمەدی بانیخێلانیمان گرتبوو کە نووسیبووی بۆ یەکێک لە مەسئولەکانی خۆیان دەڵێ بەمنزیکانە داوامکردووە لە هێزەکەی بادینانمان هەمووی سەحب بێتەوە بۆ ئێرە و داوایکردووە لە هێزەکەی هەولێریان کە سەحب بێتەوە بۆ مەنتیقەی قەڕناقاو پشت ئاشان، داوایان لە جەماعەتی قیادەی مۆقەتە کردووە کە هێزیان بۆ بنێرێ بۆ ئەوەی سەردانی مەنتیقەکە بکەن و بۆ پەلاماردانی ئێمەو شەڕی ئێمە.

لە بەر ئەوە ئێمە کە گەیشتینە شوێنی خۆمان سەعات پێنج ئەو ڕەبییە گرنگانەی کە ئەمان دروستیانکردبوو زۆر بە مەحکەمی دایانمەزراندبوو سەنگەریتریان لێدا بوو چاڵی قوڵیان لێهەڵکەند بوو (ئار بی جی) یان تیا دانابوو وەکو سەری مۆلی

بچوک، کورکی کاوێ، گەڕی گازێ و ڕەبییەی ساوێن کە ئەمانە ڕەبییەی زۆر حەساس و ستراتیژین لە مەنتیقەکە لە سەعات یەکو نیو پێشمەرگە قارەمانەکانی ئێمە هەڵیانکوتایە سەریان لە چوار لاوە هێرشیان بۆ بردن و لە سەری مۆلیشەوە هێرشیان بۆ هێنان بۆیان هاتنە خوارەوە لە سەعات یەک و نیو هەتا سەعات پێنج هەموو ئەو ڕەبییانەی کە لە ژێر دەستی ئەواندا بوو سەنگەر بە سەنگەر پێیان چۆڵکردن و هەندێکیان لێگرتن و هەندێکیان لێکوشتن و چەکێکی زۆر کەوتە بەردەستمان کەلاکێکی زۆریش کەوتە بەردەستمان.

مەڵبەندی سێش لە لای خۆیانەوە تیپە قارەمانەکانی ئەوێ بە تایبەت تیپی ٧٤ی باڵەک، تیپی ١٢ی سۆران، تیپی قارەمانی کاروخ ئەوانیش لە لای خۆیانەوە پەلاماری مەنتیقەی کۆمتان و ئێنزێ و بۆڵێ و ئەو جۆرە شوێنانەیاندا لە کەڵەکی باڵەییانەوە گرتبوویان هەتا خوارەوە، بەو جۆرە ڕۆژی یەکەم ئێمە فیرقەیەکی تەتویقمان لە دەوری ئەوان دروستکرد کە لایەکی شاخی مەزنی قەندیل بوو لایەکیتریشی هێزەکانی ئێمە بوون.

لە بەیانی ڕۆژی دووەمیشەوە ئێمە لە سەنگەرەکانی ئەواندا ئیسراحەتمانکرد لەو خێوەت و سەنگەرانەی کە ئەوان دروستیانکردبوو بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان و بۆ شەڕ کردن لە گەڵ ئێمە.

ئێمە لەو شوێنانە شەوێ ماینەوە ئیسراحەتی باشمانکرد بە خواردنەکانی ئەوان چێشتمان لێنا نانەکانی ئەوانمان خوارد بۆ ڕۆژی دوایتر لە هەموو لایەکەوە پەلامارماندان، لە بناری قەندیلەوە هێزێکمان بۆیان سەرکەوتن لە لای ڕۆژهەڵاتی ناوچەکەوە هێزەکانی ئێمە پەلاماریاندان لە لای ڕۆژئاوای ناوچەکەوە هێزەکانی مەڵبەندی سێی قارەمان پەلاماریاندان شەڕ لە سەعات دەی بەیانییەوە دەستپێکرد ئەویش مقەڕ بە مقەڕ لێمانگرتن هەتاکو هەموو هێزەکانمان کۆکردنەوە لە مەنتیقەی (گۆرچیسوێ)وە ژمارەیەکیان ئاوای دیوی ئەودیو بوون بەشەکەیتریان ئەوی کوژرا، کوژرا هەندێکی لێ بەدیلگیرا وە هەندێکیشیان خۆیان بە ئارەزوی خۆیان هاتنەوە ناو (ی.ن.ک) یا خود بەڵێنی ئەوەیانداوە کە بێلایەن لە مالّی خۆیان دانیشن،

بەو جۆرە سەرکردایەتی حسک واتە مەکتەبی عەسکەری و مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی ئیعلامیان بە کاملی، خانووەکانیان بە هەموو کەلوپەلەکانیانەوە تەنانەت بە مۆرەکانیانەوە کەوتە بەردەستمان.

هەروەها سەرکردایەتی جەماعەتی پاسۆکمان گرت وە سەرکردایەتی حزبی شیوعی عێراقی کە مەکتەبی سیاسییان لەوێبوو ئەویشمان گرت وە دەستمانگرت بە سەر هەموو کەلوپەلەکانیاندا هەموو چەکە قورسەکانیان کە بریتییە لە زیاتر لە پێنج دۆشکە وە چەکێکی نوێ بلاتمیرۆفی پێدەڵێن هی جەماعەتی حسک بوو ئەوەشمان کەوتووەتە بەردەست چەندین (ئار بی جی)مان گرتووە دەیان پارچە چەکی جۆراوجۆرمان گرتووە وە لاشەیەکی زۆر ئێستە لە مەنتیقەکەدا بڵاوبۆتەوە چوونکە ناوچەکە ناوچەیەکی شاخاوییە لە بەر ئەوە پێماننەکراوە کە لاشەکان کۆکەینەوە بۆیە داوا لە کەسوکاری ئەوانە دەکەم کە کوڕیان لە ناو جەماعەتی حسک و حزبی شیوعی و پاسۆک و قیادە مۆقەتە هەبووە ئەوانە ئازادن لەوەی کە دێن بۆ جەنازەی کوڕەکانیان یا خود ئازادن لەوەی کە بچن بە شوێن کوڕەکانیاندا بیانهێننەوە هەر کەسێک لەوانەی کە هەڵخەڵەتێنراوە ئێستا ڕایانکردووە چوون بۆ دیوی ئێران هەر کەسێک لەوانە کە ئامادە بێت بێتەوە بۆ ئەرزی کوردستانی عێراق یان ئەوەی کە دەیەوێت لە مااڵی خۆی دابنیشێ بەڵێن و پەیمانیان دەدەینێ لە مااڵی خۆیان بە سەلامەتی دابنیشن بە بێ ئەوەی هیچ زیانێکیان پێبگەیەنین وە بەو پەڕی ڕێزو ئیحترامەوە هەرچی ئیش و کارێکیان هەبێت بۆیان جێبەجێدەکەین وە هەر کەسێکیش لەوانە دەیانەوێت ببنە پێشمەرگە لە ڕیزی (ی.ن.ک)دا ئێمە دەیانخەینە سەر سەرمان وە هەموو ماف و فەرمانەکانی پێشمەرگەی (ی.ن.ک) بە سەر ئەویشدا تەسبیت دەبێت و حورمەتی دەگرین وەکو هەموو پێشمەرگەیەک بە گوێرەی پلەو لێوەشاوەیی خۆی لێپرسراویەتی و مەسئولیەتیشی دەدەینێ و کۆنە قینی لە گەڵدا حساب ناکەین بەڵکو لە ڕیزی خۆماندا جێگەیان دەکەینەوە.

بەو بۆنەیەوە داوایان لێدەکەم چیتر دوای ئەوانە نەکەون چونکە ئەوانە لە ئێراندا دەچن چیدەکەن لە ئێراندا دەبێ بڕۆن وەکو قیادە مۆقەتە خائینەکان ببن بە پیاوی پاسدارو مۆقەتە و پێش ئەوان کەون بۆ داگیرکردنەوەی ئەرزی ئازاد کراوی کوردستان.

بە نیسبەت جەماعەتەکانیتری حزبی شیوعییەوە کە لە مەڵبەندەکانیترن ئێمە لامانوایە ئەمە هەنگاوی یەکەمە دەستمان پێکردووە بۆ ئەوەی کە سەرەکەمان پانکردوونەتەوە و سەرەکەمان تێکداون لە سـەرەوە دەستپێدەکەین ئنجا پەڕو باڵەکانیان هەڵدەکێشین لە باتی ئەوەی لە هەوەڵەوە دەستپێبکەین یا خود هەڵکێشانی پەڕو باڵەوە دەستپێبکەین ئێمە لە تەپڵی سەرماداون وە لێرەوە دەستپێدەکەین بەرەو ئەوەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق خاوێن بکەینەوە لەو پیسی و پۆخڵی و لەو نۆکەرانەی بێگانە وە لە تەحریفییەکان و لەوانەی کە هەندێکیان جاسووسی بۆ بێگانە دەکەن و لەوانەی کە دەیانەوێت جوولانەوەی ڕزگاریخوازی نیشتمانی گەلی کورد ببەستنەوە بە پیلان و نەخشەی بێگانەو داگیرکەران و ئیمپریالیزمەوە.

هیچ زەرەرو زیانێکمان نەبوو بەڵام لە ڕۆژی دووەمی شەڕدا واتە لە ڕۆژی دووی ئایاردا زۆر بەداخەوە دوو شەهیدمان هەبوو، شەهیدێکیان ناوی کاک عوسمان کاژاوییە خەڵکی سلێمانییە فەرماندەی کەرتی شەهید سەڵاحی موهەندیس بوو لە کاتی خۆشی سەڵاحی موهەندیس خۆتان دەزانن فەرماندەی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرونی قارەمان بوو شەهید بوو.

شەهیدیکی کەمان بە ناوی عومەر عەلی دەربەندییەوە فەرماندەی مەفرەزەی دوو بوو لە کەرتی دووی تیپی ٧٤ی باڵەک تەنیا ئەو دوو شەهیدەمان هەیە لە گەڵ دوو بریندارى سوکدا.

سەرجەمی شەڕەکەمان یانزە سەعاتی خایاند واتە سەرکردایەتی سێ حیزبمان بە ماوەی یانزە سەعات ڕاوناوە و ئەوەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە هێزی (ی.ن.ک) ئەو هێزانە ناتوانن خۆیان لە بەردا بگرن، ئەو کاتەی کە ویستبێتمان شەڕیان لە گەڵدا بکەین شەڕی ڕاستەقینەمان لە گەڵدا کردووە هەر کاتێکیش ئێمە دەستی دۆستایەتیمان بۆ درێژکرا بێت لە لایەنی خۆمانەوە ئەو پەڕی دۆستایەتیمان کردووە یانی ئێمە دۆستایەتیمان دۆستایەتییە شەڕیشمان شەڕە و لەوەش گرنگتر مەسەلەی ئەوەیە کە ئێمە جەماعەتێکین ڕاستگۆین لە پەیوەندییەکانماندا ئەو کاتەی کە شەڕ لە گەڵ تاقمێکدا دەکەین دەیکەین و ئەو کاتەی کە ئاشتییان لە گەڵدا دەکەین

بەڕاستی ئاشتییان لە گەڵدا دەکەین بەڵام ئەوان جەماعەتێکی پیلانگێڕن هەموو کاتێک کە ئاشتییان لە گەڵ ئێمەدا کردووە لە پشتەوە خەنجەری غەدرو خیانەتیان لێداوین.

وەکو مژدەیەک حەزدەکەم کە کاک سەید برایم کاتی خۆی لە لایەن جەماعەتێک لە جاشەکانی بەردە شانییەوە بەدیلگیرابوو ئێمە لێرە بە لوولەی تفەنگ ئازادمان کردووە هەموو بەندیخانەکەمان گرتن کەرتی بەندیخانەشمان گرتوو سەید برایممان ئازاد کردوو سەید برایم لە شەڕەکانی دوێنێ تفەنگی کردە شان و بەشداریکرد.

- **ئیزگە**

دەستان خۆشبێ دەستان خۆشبێ ئێمەش پیرۆزبایتان لێدەکەین ئەگەر ئامۆژگارییەکتان هەبێت کاک نەوشیروان.

- وەڵڵا خۆشیتان کاکە من خۆم بە ناوی خۆمەوە پیرۆزبایی لە هەموو پێشمەرگەکان دەکەم و زۆر زۆر بەڕاستی من سووپاسی ئەو پێشمەرگە قارەمانانەی (ی.ن.ک) دەکەم کە بە ڕاستی نموونەی پێشمەرگەو نموونەی مەردایەتی و لە خۆبوردن و فیداکاری و نموونەی ژیرین و ئیسپاتیانکرد کە بە ڕاستی لە ڕووی چۆنایەتی و لە ڕووی چەندایەتییەوە کە بە ڕاستی نموونەی هێزێکی چەکداری خاوەن بیرو باوەڕن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

تێبینی:

١/ دیارە ئەم وتەیەی کاک نەوشیروان لە کاسێتی کۆنی ئیزگەوە وەرمگرتووە قسەکانیم وەکو خۆی داناوەتەوە چۆن قسەیکردووە بەو جۆرە نووسیومەتەوە .

٢/ کاک نەوشیروان لە گرتنی چەکەکاندا ناوی چەکێک دێنێت کە لە حسک گیراوە بە ناوی بلاتمیرۆف، من لە کاتی گوێگرتن هێندەی تێگەیشتم چوونکە کاسییەتەکە کۆنەو دەنگەکەش زۆر باش نییە و لە ڕێی جیهازەوە وەرگیراوە.

٣/ هەر سەبارەت بەو چەکە کاک نەوشیروان لە پەنجەکان یەکتری دەشکێنن لە لاپەڕە ٢٩٥ نووسیویەتی لە بنکەکەی حسکدا چەکێکی دژە فڕۆکە گیرابوو بەڵام هەندێ پارچەیان لێدەرهێنابوو بە پێشمەرگەکانم ووت بەو شوێنەدا بڕۆن کە ئەوانی پیادا ڕۆیشتوون بەڵکو بیاندۆزنەوە پاش نەختێ هاتنەوە پاچ و خاکەناز ببەن ووتیان چاڵێکمان دۆزیووەتەوە تازە هەڵکەندراوە ڕەنگە لەوێدا شاربێتیانەوە چوون چاڵەکە هەڵبدەنەوە، برایم ڕەبەن کاتی خۆی پێشمەرگەی یەکێتی بوو لە قڕناقاو دادەنیشت چاوی لێبوو ووتی بۆچی ئەو چاڵە هەڵدەدەنەوە ووتیان بە دوای پارچەی دیمترۆفەکەدا دەگەڕێین، برایم ڕەبەن ووتی ئەوە پارچەی دیمترۆفی تیادا نییە بەڵکو لاشەی خولەی حەمە تاتەی تیایە، منیش هەڵمدایە ووتم خولە لە سویدە وتی پێڕێ گەیشتەوەو دوێنێ کوژرا، لێرەدا کاک نەوشیروان ناوی چەکەکە بە دیمترۆف دەهێنێت.

چـــــەند ئاگادارییەك لە مەڵبـــــــەندی (3)ەوە

دوای سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان مەڵبەندی (٣)ی (ی.ن.ک) چەند ئاگادارییەکی بۆ ڕەوەندەکانی پشدەرە ڕەقە و پێشمەرگەو هاوواڵاتیانی دۆڵی باڵەیان بڵاوکردەوە.

چەند ئاگادارییەک لە مەڵبەندی (٣)ەوە:

یەکەم- بۆ هەموو برا ڕەوەندەکانی ناوچەی پشدەرە ڕەقە پێویستە تا ماوەیەکیتر لە ناوچەی بێپاڵان، برەدێ، کۆمتان، ئێنزێ، تێنەپەڕن بەرەو کوێستانەکانی قەندیل و هەر کەسێکیان تێبپەڕێت بۆ ئەو ناوچەیە هەم ئەگێڕدرێتەوە هەم تووشی سزا دەبێ.

دووەم- هەر چەکدارێک لە بناری قەندیل و قەندیل بە بێ بەڵگە نامەی یەکێتی بگیرێت چەکی لێدەکرێتەوەو سزا دەدرێت.

سێیەم- ئاگاداری پێشمەرگەکان و هاوواڵاتیانی دۆڵی باڵەیی دەکەین کە هەر کەسێکی چەکدار یان بێچەک پەنای بۆ هێنان دوای ئەوەی کە چەکەکەی لێوەردەگرن بە سەلامەتی دەیگەیەننە مەڵبەندی سێ بە حورمەت و ڕێزەوە.

تکایە پەیڕەوی ئەم ئاگادارییانە بکەن بە ووردی.

بـــــەرەو بـــــالیسان

دوای گرتنی سەرکردایەتی بەرەی جودو ئاودیوبوونیان بەرەو ئێران هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەرپەرشتی کاک نەوشیروان خۆیان ئامادەکرد بۆ ڕۆیشتن بەرەو بالیسان و شکاندنی گەمارۆی سەر مەڵبەندی چوار، هێزەکانی یەکێتی لە قرناقاو پشت ئاشان کشانەوەو هاتنە وەرتێ هێزەکانیان کرد بە دوو بەشەوە.

- بەشێک لە هێزەکە لە وەرتێ وە بە ساوسێوەکدا بۆ سەرچاوەی مەلەکان.
- بەشێک لە دەرگەڵەوە بۆ سەران و گەرەوان.

هێزەکان بە بێ بەرگری گەیشتنە شوێنی خۆیان لە سەرچاوەی مەلەکان لە گەڵ دکتۆر کەمال خۆشناوو هێزەکەی مەڵبەندی چوار یەکیانگرتەوە.

دۆڵـی مەلەکان و پشتی خەتێ و پشتی شێخوەسان کە ئەپڕوانی بە سەر مەلەکاندا بە دەست هێزەکانی جودەوە بوو، ئەو ڕۆژە لەوێ مانەوە بۆ پشوودان بە نیاز بوون ڕۆژی دوایی لە بەیانیدا هێرش بکەنە سەریان بەڵام هێزەکانی جود لە ئێوارەوە دەستیانکردبوو بە کشانەوەو ناوچەکەیان چۆڵکردبوو.

هێزەکانی (ی.ن.ک) نەخشەی هێرشکردنە سەر بالیسان و دۆڵی بالیسانیان دانا، مێرگە سەر بە جەمال هەرووتی سپێردرا مامە ڕیشە بۆ دەرەداو دانرا کە ڕێگەیەکی سەخت بوو لە نێوان مەلەکان و شێخ وەسانان.

جـەمـال هـەرووتـی گەیشتە مێرگە سـەر تـەقـەیـان لێنەکرا، مـامـە ڕیشـە لە ڕێگەی بێتەلەوە بەهێزەکەی ڕاگەیاند بێ تەقە گەیشتوومەتە شێخ وەسانان ئەو ئاگرانەی پارتی و شیوعی لە سەر شاخەکان کردبوویانەوە خەفە بوون، هێزە شکستخواردووەکەی پارتی و شیوعی بێتەقە هەڵاتن و ناوچەکەیان چۆڵکرد لە دۆڵی ئالانەو خەلیفانەوە پەڕینەوە ناوچەی سورچیایەتی و بادینان، بەشێکیان تەسلیم بە ئەنوەر بەگی بێتواتە بوون بەشێک بە چیای هەورێدا بەرەو دەشتی هەولێر هەڵاتن.

بەشێک لە هێزی پێشمەرگە دانرابوون لە جادەی بیجانەوە بێنە سەرجادەی ئالانەو ڕێگەی هەڵاتنیان لێبگرن.

هێزەکانی یەکێتی بۆ ڕۆژی دووەم چوونە ناو بالیسان بە هـەزاران کەس و سەدان ئۆتۆمبێل لە هەولێرو ناوچەکانیترەوە هاتنە لای هێزەکانی یەکێتی و خۆشحاڵییان دەربڕی، بەمجۆرە ناوچەکە کەوتەوە دەست هێزەکانی (ی.ن.ک) و مامجەلال بارەگای هێنایە خەتێ.

شـــــــەڕی دووەمی جـــــود
قـــەندیل- کـــــونە کۆتر
1983/9/1 -1983/8/13

دوای تێکشکاندن و گرتنی سەرکردایەتی بەرەی جود لە قەڕناقاو پشت ئاشان و ئاشقوڵکە و ئاودیوکردنیان بۆ ناو خاکی ئێران، دوای نزیکەی چوار مانگ لە گرتنی سەرکردایەتییەکەیان پەلاماری ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی (ی.ن.ک)یان دایەوە.

بەرەی جود هەرچی هێزیان هەبوو ناردیانەوە بۆ ناوچەکانی قەندیل و باڵەکایەتی و کونەکۆترو گۆمی کرمە سوران و دۆڵی شەهیدان و ئەستێرۆکان و بۆڵێ و لێوژێ و ناوچەکانیتر بۆ ئەوەی جارێکیتر پەلاماری هێزەکانی یەکێتی بدەنەوە.

مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی لە دیوی پیرانشارەوە سەرپەرشتی هێزەکانیان دەکرد، حەسۆ میرخان ژاژۆکی سەرپەرشتی هێزەکانی قیادە مۆقەتەی دەکرد لە بناری قەندیل.

هێزەکانی بەرەی جود لە قەڵاتوکانەوە تا دۆڵی باڵەییان بڵاوببوونەوە، تیپەکانی ٧٤ی باڵەک، ٧٨ی کاروخ، ١٤ی ئاکۆ لە دۆڵی خانەقا پەڕینەوە چیای مامە ڕوت و کەڵەکی باڵەییانیان گرت لەو کاتەدا سووپای عێراق پەلاماری ناوچەکەیدا هەندێک شوێنی ناوچەکەیگرت هێزەکانی یەکێتی لە چیاکانی سەرووی دۆڵی خانەقا کشانەوە، سووپای عێراق لەو شوێنانە پاشەکشەیکرد کە گرتبوونی هێزەکانی جود ئەوەیان بە هەلزانی و چوونە شوێنەکانیان بەرزاییەکانی سەرووی جادەی خانەقا کەوتە دەستیان.

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە دۆڵی باڵیسان لە کۆبوونەوەدابوون بە بیستنی هەواڵی هاتنی جود هێزێکیان بە سەرپەرشتی عەلی بچکۆل و سەید کەریم نارد بۆ لێدانی هێزەکەی جود.

هێزەکە لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٣ هێرشیانکردە سەر چیاکانی ئەو بەری جادەی خانەقا و دەستیانگرت بە سەر کەڵەکی باڵەییان و چەند شوێنێکیتردا و هێزەکانی جودیان ڕاونا.

هەر لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٣ لە کانی سپی کرمە سوران شاخی خواری، شاخی پاوەنان نێوان لێوژێ و بۆکریسکان، وارمکە و دۆڵی شەهیدان و ئێنزێ شەڕ لە نێوان بەرەی جودو تیپەکانی ١٢ی سۆران، ٧٤ی باڵەک، ٩٣ی کۆیە ڕوویدا و ژمارەیەک پێشمەرگە شەهید بوون.

دوای ناردنی هێزێک بە سەرپەرشتی عەلی بچکۆل و سەید کەریم بۆ لێدانی هێزەکانی بەرەی جود نەوشیروان مستەفا لە باڵیسانەوە بە هاوەڵی عەلی نەبی و نازمی حەمەی سلیمان بەرەو شەڕگەکە بەڕێکەوتن، نەوشیروان مستەفا بنکەی فەرماندەیی و سەرپەرشتی شەڕگەکەی لە زارگەلی دانا فەرماندەی قۆڵەکانی شەڕەکەی کۆکردەوەو بەرنامەی دەرپەڕاندنی هێزەکانی بەرەی جودیان دانا.

بەر مەیدان لە زنجیرە شاخی بییە بە دەست چەکدارانی پارتییەوە بوو بە سەر جادەکەو بەشێکی هێزەکانی یەکێتیدا دەیڕوانی، هێزەکانی جود لە هەندێک شوێنی بییە و ناودەشت بوون چەندین پەلاماریان هێنایە سەر سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

لە شەوی ١٩٨٣/٨/١٦/١٥ چەکدارەکانی جود پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا لە سەر زینۆکی تیروێ و کەڵکی دەرێ و سێکانی، هێزەکانی یەکێتی ڕووبەڕوویان بوونەوەو پەلامارەکەیان تێکشکاند، هێزە پەلاماردەرەکەی جود هەڵاتن و پێشمەرگەکانی یەکێتی دوایانکەوتن لە کاتی ڕاونان و دواکەوتنی هێزە ڕاکردووەکەی جوددا دوو پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ شەهید حاجی ئەحمەد ئەولا فەرماندەی کەرتی (٥) تیپی ١٢ی سۆران

٢/ شەهید ئیبراهیم ئەحمەد ڕەسوڵ جێگری فەرماندەی کەرتی (١)ی تیپی ٧٤ی باڵەک

هێزەکانی پارتی لە زنجیرە چیای بییە دامەزرابوون پارتی و بارزانییەکان لەوێ بوون.

زنجیرە گردێکی نێوان جادەی خانەقا و دێیەکانی ئینزێ و لێوژێ و سڵێ و بۆڵێ هێزەکانی حسک و حشع حزبی سۆسیالیستی کوردستان و حزبی شیوعی عێراقی

لێبوو.

تیپی ٥٧ی سەگرمە بە فەرماندەیی شێرزاد حافزو تیپی ٥١ی گەرمیان بە فەرماندەیی عادل شکور لە شەڕگەکە بوون لە نزیکەوە تەماشای شوێنەکانی جودیانکرد و بە کاک نەوشیروانیان ووت لە ماوەی بیست دەقیقەدا دەیگرین.

نازمی حەمەی سلیمان یەکێک لە فەرماندە ئازاکان بیروڕای وابوو لەوێ شەڕ لە گەڵ هێزەکانی جود بکەن و کۆتایی بە دۆخەکە بهێنن.

بەدرێژایی دۆڵی خیلاب بۆشایی بوو هێزەکانی جود چەکداریان لێدانەنابوو، هێزەکانی جود بەدرێژایی بەرمەیدان، کونەکۆتر، بییە دامـەزرابـوون بنکەیەکی فەرماندەییان لە سەر کانی کونەکۆتر دانابوو هەر بۆیە هێزەکەی یەکێتی بڕیاریاندا بە دۆڵی خیلاندا بۆیان بسوڕێنەوەو لە هەشت قۆڵی جیـاوازەوە هێرش بکەنە سەریان.

کاک نەوشیروان فەرماندەی هێزەکانی یەکێتی لەو شەڕگەیە هێزەکانی کرد بە هەشت دەستەو هەشت بەشەوە، هەر دەستەیەک فەرماندەی یەکەم و دووەم و سێیەمی بۆدانان کاتژمێر نۆی شەو کاک نەوشیروان دواکۆبوونەوەی پێکردن و ڕێنمایی ووردیکردن.

ڕێنمـــــــاییەکان

- نابێت لە کاتی ڕۆیشتندا قسەو دەنگە دەنگ بکەن و یەکتری بانگبکەن.
- نابێت لایتی دەستی بەکاربهێنن، پیلەکانی هەڵبگێڕنەوە، نابێت جگەرە بکێشن.
- نابێت هۆکی تۆکی بەکاربهێنن تا تەقە دەستپێدەکات.
- هەموو کەسێک دەبێت پێشمەرگەکەی بەردەمی و ئـەوەی دوای خۆی بناسێت، نابێت ئەو ڕیزە لە هیچ حاڵەتێکدا جگە لە شەهید بوون و بریندار بوون تێکبدات.
- هەر کەس شەهید بوو لە شوێنەکەی خۆی بەجێبهێڵن تا شەڕ بەلادا دەکەوێت، هەر کەس بریندار بوو یەک کەسی لە گەڵدا دەگەڕێتەوە.
- ئەگەر فەرماندەی یەکەم شەهید بوو دووەم جێگەی دەگرێتەوە، دووەم

شەهید بوو سێیەم جێگەی دەگرێتەوە.

لە کاتژمێر دەی شەو یەکەم و دواتر دەستەکانیتر بەڕێکەوتن، تیپی مامەندە بە تەوڕێدا سووڕانەوە بۆ لێدانی ئەو مۆڵگانەی جود دایانناببوو لە سەر ڕێگەی دۆڵی شەهیدان و لێوژێ و ئینزێ و دەستیان بە سەردا گرتن.

هێزەکەی مامەندە و تیپی پیرەمەگرون عەلی بچکۆل سەرپەرشتی دەکردن لە یەکەم هێرشدا ڕەبییەیەک کە بڕیار بوو تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بیگرێت نەگیرا بۆ بەیانی هێرشیانکردە سەرو گرتیان.

هێزەکانی (ی.ن.ک) لە یەککاتدا هێرشیانکردە سەر کونەکۆترو کەڵەکی باڵەییان و قەندیل و دەستیانگرت بە سەر مۆڵگەکانی بەرەی جوددا.

کاک نەوشیروان بە نامە عەلی نەبی ئاگادار کردەوە لە قۆڵی عەلی بچکۆل کە گوێیان لە تەقە بوو لە بەرزاییەکانی بییە ئەوانیش هێرشەکەیان دەستپێبکەن و (هۆکی تۆکی)یەکانیان بکەنەوە.

لە سەرجەم قۆڵەکانەوەو لە کاتژمێر ٤:٢٠ دەقیقەی بەیانی ڕۆژی یەکی ئەیلول ١٩٨٣/٩/١ شەڕ دەستیپێکرد هۆکی تۆکییەکانی سەید کەریم، ڕەحمان سەیدە، عەزیز داود، برایمی حاجی کوێخا، قادر خەبات مژدەی سەرکەوتن و ڕاکردنی هێزەکانی (پارتی)یان ڕاگەیاند، عەلی نەبی سەرکەوت کاک نەوشیروان و حەسەن کوێستانی و عەبدولڕەحیمیش بەدوایدا.

لەو شەڕە حەسۆمیر خان ژاژۆکی و عەبدولڕەحیم جەسیم دوو فەرماندەی دیاری پارتی و بارزانییەکان لە کونە کۆتر کوژران، حەسۆمیر خان دۆڵەمەڕی بە سەختی بریندار بوو دواتر مرد.

بەمجۆرە بەرەی جود لە قەندیل ئاوابوون و تا ساڵانێک دەرنەکەوتنەوە.

تێکڕای ئەو تیپ و دەستانەی کە لە شەڕەکانی قەندیل و کونە کۆترو دۆڵی شەهیدان و ئەستێرۆکان و بۆڵێ و وارمکە و شاخی پاوەنان و گۆمی گردە سوران و شاخی خواری و لێوژێ کەڵکی دەرێ و شاخی بییە بەشدار بوون لە ڕامالینی بەرەی جوددا ئەم تیپە قارەمانانە بوون:

تیپی ٦٨ی مامەندە
تیپی ٧٨ی کاروخ
تیپی ٢١ی کەرکوک
تیپی ١٢ی سۆران
تیپی ٧٤ی باڵەک
تیپی ٥١ی گەرمیان
تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون
تیپی ٥٧ی سەگرمە
تیپی ٩١ی سەفین
تیپی ٩٣ی کۆیە
لە گەڵ دەستەی فەرماندەکان

شـــــەهیدەکانی (ی.ن.ك) لە شەڕی دووەمی جـــــوددا

لە شەڕی دووەمی بەرەی جوددا هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم شەهیدانەی بەخشی:

١/ شەهید حاجی مستەفا

- خەڵکی مەلەکان
- پێشمەرگەی کەرتی (١)ی تیپی ١٢ی سۆران
- لە نیوەڕۆی ١٩٨٣/٨/١٣ لە کانی سپی گۆمی کرمە سوران شەهید بوو.

٢/ شەهید مینە ئەحمەد سۆفی

- خەڵکی سەکران
- فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (١) تیپی ٧٤ی باڵەک
- لە ١٩٨٣/٨/١٣ لە شاخی خواری شەهید بوو.

٣/ شەهید شوان محەمەد ئەمین

- خەڵکی کۆیە

- فەرماندەی مەفرەزە لە کەرتی (٤)ی تیپی ٩٣ی کۆیە
- لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٦ لە شاخی پاوەنان لە نێوان لێوژێ و بۆکریسکان شەهید بوو.

٤/ شەهید عەزیز فەرحان

- خەڵکی تیمارۆکی دەشتی کۆیە
- پێشمەرگەی کەرتی (٤)ی تیپی ٩٣ی کۆیە
- لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٣ لە شاخی پاوەنان لە نێوان لێوژێ و بۆ کریسکان شەهید بوو.

٥/ شەهید عەلی مستەفا

- خەڵکی سلێمانی
- پێشمەرگەی کەرتی (٥)ی تیپی ٩٣ی کۆیە
- لە بەیانی ١٩٨٣/٨/١٣ لە شاخی پاوەنان شەهید بوو.

٦/ شەهید عیسامەدین عوبێد ناسراو بە شۆڕش

- خەڵکی مایلەی سالّەیی
- پێشمەرگەی کەرتی (١)ی تیپی ٩٣ی کۆیە
- بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/٣/١٨ لە شاخی پاوەنان شەهید بوو.

٧/ شەهید حاجی ئەحمەد ئەولا

- خەڵکی گەلالّە
- فەرماندەی کەرتی (٥)ی تیپی ١٢ی سۆران
- لە شەوی ١٩٨٣/٨/١٦/١٥ لە وارمکە شەهید بوو.

٨/ شەهید ئیبراهیم ئەحمەد ڕەسوڵ

- خەڵکی سەرکان
- جێگری فەرماندەی کەرتی (١)ی تیپی ٧٤ی بالّەک
- لە شەوی ١٩٨٣/٨/١٦/١٥ لە وارمکە شەهید بوو.

٩/ شەهید ئەحمەد مەولود

- خەڵکی دێی سەرکانی دۆڵی بالّەییان

- فەرماندەی تیپی ٧٨ی کاروخ
- لە ١٩٨٣/٩/١ لە کونە کۆتر شەهید بوو.

١٠/ شەهید ئیبراهیم ئەحمەد ئیبراهیم ناسراو بە برایمی سۆفی

- پێشمەرگەی کەرتی (٢)ی تیپی کاروخ
- لە ١٩٨٣/٩/١ لە کونە کۆتر شەهید بوو

١١/ شەهید عەبدولڕەحمان حەمەد ئەمین

- خەڵکی شیوەڕەشی حاجی ئۆمەران
- پێشمەرگەی کەرتی (١)ی تیپی ٧٨ی کاروخ
- لە ١٩٨٣/٩/١ لە کونەکۆتر شەهید بوو.

١٢/ شەهید ئەحمەد جمور سالّح

- خەڵکی سیروان
- پێشمەرگەی کەرتی (٣)ی تیپی ٥١ی گەرمیان
- لە ١٩٨٣/٩/١ لە کونە کۆتر شەهید بوو

١٣/ شەهید فاروق ئەحمەد

- خەڵکی دێگەڵەی کۆیە
- جێگری فەرماندەی کەرتی (٢)ی تیپی ٩١ی سەفین
- بەیانی ١٩٨٣/٩/١ لە کەڵکی دەرێ شەهید بوو.

١٤/ شەهید نازم محەمەد سلێمان

- خەڵکی ناوچەی شوان
- فەرماندەی تیپی سورداش
- لە ١٩٨٣/٩/١ لە پاککردنەوەی ئەستێرۆکان و بۆڵێ شەهید بوو.

شەهید نازمی حەمەی سلێمان فەرمانی بۆ دەرچووبوو بکرێتە فەرماندەی تیپی ٢٣ی سورداش بەڵام لە کونەکۆتر شەهید بوو.



ی • ن • ك •
کومیتەی سەرکردایەتی هەولێر

بو/ گشت تیپ و هەریمە تیکۆشەرەکانی سەر بە کومیتەی سەرکردایەتی هەولێر

سڵاوێکی هاوڕێگیرانە

وا لەخوارەوە دەقی ڕێکەوتنەکەی نێوان یەکێتیمانزو پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق- تان بۆ ئەنجامدان بو پەیوەندکردنی هەردوولا هەر بەجێنمارێکو تێبینیەکتان هەیە ئاگادارمان بکەنەوە بۆ سوودلێوەرگرتنی وچی بە جێ کردنی خاڵی هەشتەمی ڕێکەوتنەکە ..

لەڕۆژی ١٩٨٢/٧/٢٨ نوێنەرانی یەکێتیمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان کۆبونەوە لە بارەگای حزبی هاوڕێی عێراق لە بەشتاشان وە لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە بڕیاریان دا :

١- پارتی دیموکراتی کوردستانزو یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی کە هەموو ناکۆکیەکانی ناوخۆ لەنێوان هەردولایەنە سیاسیەکانی سەرانسەری کوردستان دا بە ڕێگەی سیاسی و گفتوگوی برایانە چارەسەر بکرێ هەردولا لە چارەسەر کردنی ئەو ناکۆکیانەدا جەخت بەکار و نەهێنی و نۆژی بەکار هێنانی جەکبوەستن لە کوردستان دا .

٢- کوردستانی عێراق لە خانەتین تا زاخو مەیدانێکی تازادی چالاکی سیاسی و عەسکەری هەزی پێشمەرگەی کوردستانە .

٣- هێزەکانی (پ • د • ك •) بە تەنسیق و هاوکاری لەگەل ڕێکخراوو تیپەکانی (ی • ن • ك •) و بە ئاگادارمان داخلی ناوچەکانی کوردستان بن و بەگیانی برایەتی و هاوکاری نۆژی ڕۆژهی ئاسایی بەشداری کار پێکەن و هەموو گیرو گرفتەکانی نێوان پێشمەرگەیان بە تەنسیق و گیانی برایەتی چارەسەر بکەن وە لە سەرە تا تا هەموو کێشەکانی جەماوەر بە ڕاوێژو ئاگاداری (ی • ن • ك •) و ڕێکخراوەکانی چارەسەر بکرێ بە تایبەتی ئەو ناوچانەی تا ئێستا تەواجدی هێزەکانی (پ • د • ك •) ی تیا نەبوە تا ئەگەنە سێنەیێکی مناسب بو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەن یا بەیدا ئەبن .

٤- بڕو (ی • ن • ك •) هەیەو ئەبازادە کە هێزو ڕێکخراوەکانی پێچنە هەموئەو ناوچانەی کە تا ئێستا تەواجدی (ی • ن • ك •) ی تیدا نەبوە یانیش لاواز بوە بە تایبەتی هەموناوچەکانی پارێزگای موسڵ و دهوك کە بە تەنسیق و هاوکاری و برایەتیان لە گەڵ گەکاو لەو ناچانەدا هەموركێشەو گیرو گرفتەکانی نێوان پێشمەرگەیان بەگیانی هاوکاریو برایەتی چارەسەر تەکەن (و لەسەرەتا تا هەموکێشەکانی جەماوەر بەراوێژی (پ • د • ك •)و ڕێکخراوەکانی چارەسەر بکرێ تا ئەگەنە سێنەیێکی مناسب بو چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە هەن یا بەیدا ئەبن .

٥- ئەبێ هەردوولا (ی • ن • ك •) و (پ • د • ك •) بڵاوکراوەی ناوخۆلە بارەی ئەم ڕێکەوتنە بۆ ڕێزەکانیان دەربکەن و گیانی ئەم ڕێکەوتنە لەڕێزەکانیانا بپەسێنن و بە باشی تەرجەمە بکەن .

٦- نوێنەرانی هەردوولا (پ • د • ك •) و (ی • ن • ك •) داوا ئەکەن بو تووا و کردنی کەم و کوریەکانی ئەم پەیمانە کۆبونەوەیێکی بالاتر یەکڕی لەسەر تاستیکی یەرز لە ماوەیێکی نزیک دا .

نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
نەوەیدون عبدالقادر

نوێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان
دکتور خدر

• حمد مەلا قادر
• عەفید ئەحمەد • • •

٨٢/٨/٥

هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرشی جودی پیلانگێڕی تێکشکاند

ڕێبازی نوێ

ئۆرگانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان

ژمارە ٢ / سالی هەشتەم — حوزەیرانی ١٩٨٣

شەڕفرۆشتن بە ی.ن.ك

خزمەتی داگیرکەران دەکا

هەموان ئەو ڕاستیە باش دەزانن کە بە کێشی نیشتمانی کوردستان ، چەند بە تەنگ بە کێشێو پێتە وەیی ڕێبەرە کانی ئەلە وە بە و ، چەند هەوڵی بۆ پێتە وکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بە ك خستنی لووڵەی هەموو ئەو چەکانەی کە بۆ بەرگری کردن لە ماف و لە بوونی کوردو کوردستان و بۆ بە ڕەنگاربوونەوەی شالاوی داگیرکەرانەی دوژمنانی کە لە کەمان هەڵگیراون ... بە ڵام لەبارە دوژمنانی کە لە کەمان دوژمنی هەمیشەیی خەڵکی کوردن ، .. دوژمنی سەرووبی بە ك بوونی هێزو پێلە کانی ناو بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلە کەمان ، بۆیە هەمیشە و بە ڕەوام لە ڕێگای چاپو کرێ گرتە و ئەلقە لە گوێ کانیان وە بە بارەتیو ڕێ خۆش کردنی فێتنە چیو شاڵاوە گەلان ، هەوڵی پەرتە وازە کردنی هێزە کانی گەلی کوردیان داوە و شەڕی لایەنە کانی بە شۆڕشو بە هەپ.ك فرۆشتوە ..

هەموو لایەك باش ئەوە دەزانن کە ئێمە ، هەتا ژیانی شاشتیو پێکەوە هەڵگرتن و هاوکاری و دۆستایەتی نێوان هێزە کان ئیمکان بوویی ، .. ڕێگای ترمان نە گرتوتە بە ر ... ئێمە هەمیشە ڕێگای ژیانی

بڕوانە ل ١٠

بڕوسکەی ی.ن.ك

بۆ کونگرەی دەوڵەتانی بی لایەن

بە بۆنەی بە ستنی کۆنگرەی دەوڵەتانی بێ لایەنە وە ، سکرتێری گشتی ی.ن.ك ئەم بڕوسکەیەی بۆ کونگرە کە ناردووە :

بە ناوی گەلی کوردمانەوە لە عێراق ، سڵاوێکی گەرم پێشکەش بە کونگرەی سەرانی دەوڵەتانی بێ لایەنە کان دە کا ، وهاوکاری خۆی لە گەلیان دا دەردەخاو هیوادارە ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتنێکی بەرز بەدەست بهێنێ . لە پێناوی چێبەجێکردنی ئامانجەکانە ڕەتیە کانی بزوتنەوەکەو پشت بە خۆ بە ستن و پێشکەوتنی شاپوری دەوڵەتانی بێ لایەنە کاندا کۆنگرە کەمان بە دا بەشداران .

ی.ن.ك پشتگیری و پالپشتی خۆی بۆ ئەم ئامانجە بەنەڕەتیانەی دەردەبڕی بە تایبەتی لە سەر ئەو ڕك کەپان لە پێناوی هێنانە دی سیمەنێکی تازەی شاپوری جیهاندا بە جۆرێ کە سروشتی پەیوەندی نێوان دوو وڵات پێشکەوتووە کانی باکور بە دوو وڵاتە تازە پێگەیشتووە کانی باشوور بگۆڕێ .

ئاشکرایە کە بزوتنەوەی دەوڵەتانی بێ لایەنە کان ڕۆڵێکی دیاری هەیووە بە تایبەتی لە ماڵی بەکەمی دامەزراندنیدا ، کە بارەتە بە ڕاگەیاندنی پشتگیری کردنی خەباتی گەلانی

بڕوانە ل ١٠

یادداشتی ی.ن.ك

بو حزب وگروپە سیاسیەکان

بۆ ڕوونتر ڕون کردنەوەی هەڵوێستی ی.ن.ك لە شەڕی لایەنو دەرخستنی دەوری پیلانگێڕانەی تاقمە تەحریفیە کەی لیژنەی مەرکەزی حزبی لەهەڵگیراندنی شەڕو شەڕەو خەڵك کردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە شەڕی ناوخۆ ، مەکتەبی سیاسی ی.ن.ك لە ٢٠ی ئایاری ئەم ساڵدا یادداشتێکی دوورو درێژی پێشکەش بە هەموو حزب وگروپە سیاسیە کانی عێراق و کوردستان و لایەنە دۆستە کان و کۆمەڵانی خەڵکی گەلە کەمان کرد .

یادداشتە کە دەڵێ:

((وەختێك ی.ن.ك لە ساڵی ١٩٧٦دا بە شاوی ئۆپۆزیسیونی نیشتمانیو پێشکەوتنخوازی عێراقیەوە هاتی چەکدارانەی لە کوردستانی عێراق بە ربا کرد ، بەو پێیەی کە ئەم خەباتە چەکدارانەیە سەرەتای شۆڕشی دیموکراتی عێراقە کە لە کوردستانەوە دەستی پێکرد ، لەو کاتەدا هێزی

بڕوانە ل ١١

شەهیدکردنی ٥٩ هاوڵاتیی شاری مەهاباد

لەسەرەتای ئەم مانگەدا ، پێشمەرگە کانی کوردستان شاری مەهابادیان کۆنترۆڵکردو دەستیان بەسەرا گرت و چەندجا لاکیە کی شۆڕشگێرانەیان دژی داوودەزگا داپلۆسینەرەکانی داگیرکەران ئەنجامدا .

بۆ بەرەڕجەدانەوەی ئەو کارەو بۆ ترساندنی خەڵکی مەهاباد دەزگا داپلۆسینەرەکانی ڕژێم ٥٩ هاوڵاتی بێتاوانیان کۆنترۆڵکردو بەبێ هیچ بەڵگەیەکی هەڕەمەکی گرت و بەبێ مەحاکەمە بە شێوەیەکی دڕندانە و نامرۆڤانە و بە کۆمەڵ ئەشکەنجەیان کردن .

بەم بۆنەیەوە دەنگی شۆڕشی عێراق وئیمەکی دوورو درێژی بڵاوکردەوە و بە ناوی ی.ن.ك ، ئەم تاوانە گەورەیەی مەڕۆژی نشت کردو هاوبەشی خۆی لەخەمو پەژارەی بنەماڵەی شەهیدە دەربڕی .

دەربارەی نەبەردەکەی پشت‌ئاشان و ئاشقولکەو قرناقا

هەڤال نەوشیروان : کوردستان لە تەحریفیەکان و نوکەرانی بیگانە پاك ئەکەینەوە

دوای ئەوەی کە ڕەخنەی گرتنی ئاوچەی سەرکردایەتی سێ حیزبی پەلامگێڕو ڕاپەڕیو، هەڤال نەوشیروان مستەفا کە سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی کردو وتارێکی تایبەتی بۆ ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق تۆمار کردە. لەبەر گرنگی وتارەکە، وا لێرەدا جارێکی تر بڵاوی دەکەینەوە:

ئێمە لایەن سەرکردایەتی ی.ن.ك وەك لایەنێکی سەرەکی لە جوارچێوەی ی.ن.ك شانازی دەکەین بەوەی بەشێکی بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانی پێکهێناوە و ئێستاش بەردەوامین لە بەرەنگاربوونەوەی هێرشەکانی ڕژێمی بەعس و هەوڵدانمان بۆ بەهێزکردنی ڕیزەکانی پێشمەرگە و بەرەی نیشتمانی. ئێمە لە ڕۆژی یەکەمی ڕاپەڕینەوە هەوڵمان داوە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەموو هێزەکانی ناو بەرەی نیشتمانی و دیموکراتیدا دروست بکەین و هەوڵمان داوە هەموو کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن. بەڵام بەداخەوە هێزێکی وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە تێکدا و هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی و بەم کارەی خۆی ڕێگەی لە بەردەوامبوونی ڕاپەڕینی گەلەکەمان گرت و بووە هۆی ئەوەی ڕژێمی بەعس هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوچەکانی ڕزگارکراو زیاد بکات و ئەنفال و بۆمبارانی کیمیاوی بکاتە سەر خەڵکی مەدەنی و بێتاوان و هەروەها بە هێرشکردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی و بەهێزکردنی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕێگەی بە ئێمە نەدا کە بەردەوام بین لە ئەنجامدانی ئەرکەکانمان بەرامبەر بە گەلەکەمان و بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلوڵی ئەمجارەی گەلەکەمان و بەرامبەر بە ئەرکەکانمان بەرامبەر بە نیشتمانەکەمان. ئێمە لە ئەنجامی ئەم هێرشانەی بەعسدا ناچار بووین بکشێینەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆمان و لەوێشەوە بەرگری لە خۆمان و لە گەلەکەمان بکەین و بەرەنگاری هێرشەکانی بەعس ببینەوە.

ئێمە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەوڵمان داوە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەموو هێزەکانی ناو بەرەی نیشتمانی و دیموکراتیدا دروست بکەین و هەوڵمان داوە هەموو کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن. بەڵام بەداخەوە هێزێکی وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە تێکدا و هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی و بەم کارەی خۆی ڕێگەی لە بەردەوامبوونی ڕاپەڕینی گەلەکەمان گرت و بووە هۆی ئەوەی ڕژێمی بەعس هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا زیاد بکات و ئەنفال و بۆمبارانی کیمیاوی بکاتە سەر خەڵکی مەدەنی و بێتاوان و هەروەها بە هێرشکردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی و بەهێزکردنی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕێگەی بە ئێمە نەدا کە بەردەوام بین لە ئەنجامدانی ئەرکەکانمان بەرامبەر بە گەلەکەمان و بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلوڵی ئەمجارەی گەلەکەمان و بەرامبەر بە ئەرکەکانمان بەرامبەر بە نیشتمانەکەمان. ئێمە لە ئەنجامی ئەم هێرشانەی بەعسدا ناچار بووین بکشێینەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆمان و لەوێشەوە بەرگری لە خۆمان و لە گەلەکەمان بکەین و بەرەنگاری هێرشەکانی بەعس ببینەوە.

ئێمە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا هەوڵمان داوە پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ هەموو هێزەکانی ناو بەرەی نیشتمانی و دیموکراتیدا دروست بکەین و هەوڵمان داوە هەموو کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە چارەسەر بکرێن. بەڵام بەداخەوە هێزێکی وەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو هەوڵەکانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە شێوەیەکی ئاشتیانە تێکدا و هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی و بەم کارەی خۆی ڕێگەی لە بەردەوامبوونی ڕاپەڕینی گەلەکەمان گرت و بووە هۆی ئەوەی ڕژێمی بەعس هێرشەکانی خۆی بۆ سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا زیاد بکات و ئەنفال و بۆمبارانی کیمیاوی بکاتە سەر خەڵکی مەدەنی و بێتاوان و هەروەها بە هێرشکردنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە و بەرەی نیشتمانی و دیموکراتی و بەهێزکردنی هێزەکانی خۆی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیدا ڕێگەی بە ئێمە نەدا کە بەردەوام بین لە ئەنجامدانی ئەرکەکانمان بەرامبەر بە گەلەکەمان و بەرامبەر بە شۆڕشی ئەیلوڵی ئەمجارەی گەلەکەمان و بەرامبەر بە ئەرکەکانمان بەرامبەر بە نیشتمانەکەمان. ئێمە لە ئەنجامی ئەم هێرشانەی بەعسدا ناچار بووین بکشێینەوە بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆمان و لەوێشەوە بەرگری لە خۆمان و لە گەلەکەمان بکەین و بەرەنگاری هێرشەکانی بەعس ببینەوە.

بە ردە ستمان . مە لبە ندی سێش لە لای خوێناوە بە تایبە تی تیپە قارەمانە کانی ٧٤ی بالەك ، ١٢ی سوران و تیپی قارەمانی کاروخ بە لامارێ ناوچە ی کۆمتان و شێنزی و بۆلیو ئە و جۆرە شوێنانە یان دا وە لە کە لە کێ بالە بیانە وە گرتبویان هەتاکو خوارەوە .

بە و جۆرە ئێمە ڕۆژی یەکەم ئالقە یەکی گەمارۆدانمان لە دەوری ئە واندا دروست کرد کە لایەکی شاخی مەزنی قەندیل بوو و لایەکی تریش هێزە کانی ئێمە بوون . ئێمە لە و شوێنانە ئەوێ مابینەوە تیراحەتی باشمان کرد بە خواردنە کانی ئە وان چێشتمان لێنا ، نانە کانی ئە وانمان خوارد . لە ڕۆژی دواییدا لە سە عات ١٠ا دا لە هەمو لایەکەوە بە لامارمان دان ، لە بتاری قەندیلەوە هێزیکمان بۆیان سەرکەوت ، واتە لە لای ڕۆژهە لاتی ناوچە کەوە هێزە کانی ئێمە بە لاماریان دان و لە لای ڕۆژئاوای ناوچە کەوە هێزە کانی مەلبەندی (٣)ی قارەمان بە لاماریان دان . ئە ر لە سە عات (١٠)ی بەیانیدا دەستی پێکرد . ئێوارەش بارەگا بە بارەگا لێمان گرتن ، هەتاکو هەمو هێزە کانیانمان لە ناوچە ی گوندزی کۆکردنەوە و ژمارە یەکیان شاوای تیوی ئە و دیو بون . باقیەکەی تریشیان ئە وی کۆڕا کەوتڕا هەندێکیشمان لێ بە دیل گرتون ، هەندێکیشیان خۆیان هاتنە وە ناو ڕیزی ی . ن . ك ەوە یاخود بە لێنی ئە وەیان داوە کە بێ لایەن لە مالی خۆیانادا بمێنینەوە .

بە و جۆرە سە رکەوتیەکی حەك واتە هەکتەبی عەسکەری، هەکتەبی عەملیاتیان بە کامڵی خانوە کانیان بە هەمو کەل و پەلە کانیانەوە و ، تەنانەت بە موزە کانیانەوە کەوتە بەر دەستمان . ئەوەتا هەر سە رۆژ هەکتەبی سیاسیان لێ وێ بوو خزمی شوەی عەرەقیش کە هەکتەبی سیاسیان لێ وێ بوو ئە ویشمان گرت ، هەروەها دەستمان گرت بەسە ر هەمو کەل وپەلە کانیانا .

هەموو چەکە کۆرەکانیان کە بریتیبە لە زیاتر لە (٥) دۆشکاو چەکێکی نوێ کە تازەبەروفی پێ ئەنجامی کەمی گروپی حەك بوو. لە گەل چەندین شار . بی . جی مان گرت . سەدان گوللە شار . بی . جی بان گرتبووە ، لە بان پارچە چەکی چۆراوچۆر مان گرتووە . لاشەیەکی زۆر ئیمتا لە ناوچەکەدا بلاوبوتەوە و لە بەر ئەوەی ناوچەکە ناوچەیەکی شاخاوی بە پێمان نەکرا وە لاشەکان کۆڵکەیەنەوە ، بۆیە داوا لە کەسوکاری ئە وانە ئەکەم کە کوردیان لە لای چەماەتی حەك و حزبی شیوعی و پاسۆك و قیادەموقەتە هەبووە ئە وانە ناز ادن لەوەی کە بێنن بۆ چەنارەی کۆرەکانیان بیاخود ناز ادن لەوەی کە بچن بە شوێن کۆرەکانیانا بیان هێننەوە ، وەهەر کەسێك لە وانەی کە هەڵەتەڵە تیران و رایبان کردووە و چونەتە تیوی ئیران ، هەر کەسێك لە وانە کە ئامادە بێ بێتەوە بۆ ناو خاکی کوردستانی عیراق ئە وە ی کە ئە بەوی لە مالی خۆی دابنیشێ ئیمە پەیمانیان ئەدەینی کە ڕێگای بدەین کە لە مالی خۆیان دابنیشن بەبێ ئە وەی هیچ زیانێکیان پێ بگەیەنین هەر کەسێکیش لە وانەی ئە یانەوی بمێن بە پێشمەرگەلە ڕیزی ی . ن . ك دا ئیمە ئە یانخەینە سەر ڕیزی پێشمەرگەی ی . ن . ك بەسەر وەهەموو ماف و فرمانەکانی ئە وپیشا بەپێرەوی ئەکەین و خوڕمەتی ئەگرین وەکو هەموو پێشمەرگەیەکی بە گوێرەی پلە و لێوەشاوەیی خۆی لێپرسراوە تیشی ئەدەینی وە کونە قینی لەگەلا حیزبە ناکەین بە لکو لە ڕیزی خومانا جێگای ئەکەینەوە . بەم بونەیەوە ئەشەوە داوا لیان لێئەکەم چیتر لە شێوان نەمێننەوە . چونکە لەوێ ئەبێ بڕوون وەکو قیادەموقەتە خانەکان بەینە پەناوی پاپەرو پێشێ ئە وان بکەون بۆ داگیرکردنەوەی خاکی شاداکسراوی کوردستان . بە تایبەت ناوچەکانی تری حزبی شیوعی حەکەوە کە لە مەلبەندەکانی ترن ئیمە لامان وایە کە ئەمە هەنگاوی یەکەمە چونکە ئە وە تا ئە مڕۆ سەرەکەمان پێان کردونەتەوە . ئە مجارە لە سەرەوە دەست پێ ئەکەین بۆ ئێرە پەرو بالەکانیان هەڵ ئەکێشین . لەباتی ئیمەوەی لە تلکەوە دەست پێبکەین ، بیاخود لە هەڵکێشانی پەرو بالەوە دەست پێبکەین ئیمە لە تەپلی سەرەوان داوین . لێپرەوە دەست پێئەکەین بۆ ئە وەی خاکی کوردستانی عیراق خاوێن بکەینەوە لە و پیسیو پوخڵاوی و لە و خۆڕاکانەی بیگانە ، لە تەحریفەکان و لە وانەی هەندێکیان جاسوسی بۆ بیگانە ئەکەن و لە وانەی ئە یانەوی جۆلانەوەی ڕزگاری خوازانەی نیشتمانی گەلی کورد بە پەیڵان و نەخشەی داگیرکەران و شێهیرالیزمەوە بەبەستنەوە . هیچ زەرەرو زیانێکمان نەبوو بەڵام لە ڕۆژی دووەمی شەڕا وانە لە ڕۆژی دوی شایارا زۆر بە داخەوە کە دوو شەهیدمان هەبوو، شەهیدێکیان ناوی کاك عوسمان کازاوی بە خەڵکی سلیمانیبە ، فەرماندەی کەرتی شەهید ملاحی مهندس بوو، شەهیدێکی ترمان بە ناوی عومەر مەڵی دەربەندی یەوە هەبوو کە فەرماندەی مەفرەزەیەکدووی کەرتی دووی تیپی٧٤ی بالەك بوو. تەنیا شەوە و دو شەهیدەمان هەیە لەگەڵ دوو بریندار ی سوکا .

سەرجەمی شەڕەکەمان ١١ سەعاتی خایاندووە واتە سەرکردایەتی سێ هێزەمان بەماوەی ١١ سەعات ڕاوناوە . وەئەمەش بەڵگەی ئە وەیە کە ئە و هێزانە ناتوانن خۆیان ڕاگرن . ئە و کاتیەی ویستمانە شەڕیان لەگەڵا بکەین ، شەڕی ڕاستەقینەمان لەگەڵا کردون . هەر کاتێکیش دەستی دوستایەتیمان بۆ دریژ کرابێت ، لایەنی خومانەوە ئە وەبەری دوستایەتیمان کردون . ئێمە دوستایەتیمان دوستایەتیبە شەڕیشمان شەڕە . لەوەش گرنگتر ئەمەیە کە ئێمە کە سانێکی ڕاستگۆین لە پەیوەندی یەکانماندا . ئە و کاتەی شەڕ لەگەڵ تاقمێکدا ئە کەین ئەیکەین ، ئە و کاتەی ئاشتیان لەگەڵا ئە کەین بە ڕاستی ئاشتیان لەگەڵا ئە کەین . بەڵام ئەوان جەماەتێکی پیلان گێڕانن، هەموو کاتێك کە ئاشتیان لەگەڵا کردوین لە پشتەوە خەنجەری غەدریان لێدناوین . وەکو مژدەپێکیش ، هەڵبژێرم کە کاك عەلیم کە کاك عەبدوڵڵا ئیبراهیم (کە کاتی خۆی لە لایەن جەماەتێك لە جاشەکانی بەردەشانیبەوە بە دیل گیرابوو) ئە وەتا لیرە بەڵوەی تفەنگ شاز اد کراوە . ئێمە هەموو بەندیخانەکەمان گرتن و تەنانەت کەرتی بەندیخانەی شەهید عەبدوڵڵا ئیبراهیم گرت و دوێنێی سەبەد ئیبراهیم لە شەڕەکاندا تفەنگی کردەوە شانبەشانی بەشداری کرد .

بڕوانە ل ١٠

ئـــــەدەبی بـــــەرگری
ئـــــێزگـــــە
دوو

دەنـــــگی گـــەلی کـــــوردستان
(ئـــــــیزگە)

لە گەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە ڕێبەرایەتی (ی.ن.ک) بیر لە دامەزراندنی دەزگایەکی ڕاگەیاندن کرایەوە کە ڕادیۆو بوارەکانی چاپەمەنی و هونەرو دەزگاکانی دیکەش لە خۆ بگرێت بەڵام هەنگاو هەنگاوو بە پێی هەلوومەرج و دەرفەتی گونجاو.

دامەزراندنی ڕادیۆیەک بۆ شۆڕش لە کارە لە پێش و گرنگەکانی (ی.ن.ک) بوو، چوونکە ڕادیۆ لە هەر بواریکیتری ڕاگەیاندن لە جۆری گۆڤارو بڵاوکراوەو چاپکراو زیاتر دەیتوانی بگاتە هەموو شارو شارۆچکەو لادێکانی کوردستان، هەتا بۆ شارەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق، دەیتوانی لە خێراترین کاتدا پەیام و هەواڵ و ڕاسپاردەکانی شۆڕش بگەیەنێتە گوێی خەڵک، هەر بۆیە لە سەرەتای هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بیر لە پەیدا کردنی ئامێرەکانی دروستکردنی ڕادیۆ کرایەوە، هەوڵەکان لە ساڵی ١٩٧٦ دەستیپێکرد بەڵام لە ئازاری ١٩٧٩ هاتە بەرهەم و لە نیوەی دووەمی ساڵی ١٩٨٠ بە تەواوی کەوتە پەخش و کارکردن.

ساڵی ١٩٧٦ کەرەسەی دامەزراندنی ڕادیۆ پەیدا کران، کەرەستەکان لە سوید دەستکەوت و گواستراییەوە بۆ ناو خاکی سوریا، لە مانگی (١٠)ی ساڵی ١٩٧٦ گواستراییەوە کوردستان، لە ئازاری ١٩٧٩ پەخشی ئیزگە دەستیپێکرد بە تواناو قودرەی یەک کیلۆ وات.

بارەگای ئیزگە سەرەتا لە نۆکان بوو دواتر گواستراییەوە توژەڵە، مامۆستا جەعفەر (فازڵ) کەریم یەکەم لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن بوو.

یەکەم پەخشی ئەزموونی ئیزگە لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩ دەستیپێکرد بەڵام چەند هەفتەیەکی خایاندو نەیتوانی بەردەوام بێت.

بۆ جاری دووەم و لە ساڵی ١٩٨٠ لە سەر دەستی تەلعەت گلی لە گردی (کۆپان) و لە ناوزەنگ دامەزراو دەستی بە پەخش کرد، تەلعەت کە ئەندازیارێکی کوردی دانیشتووی (کوەیت) بوو توانی گرفتە تەکنیکیەکانی ئیزگە چارەسەر بکات و بیخاتەوە کار، ئیزگە بە توانایەکی کەمی کادری تەکنیکی و هونەریەوە بەڵام

بە وردەیەکی بـەرزی شۆڕشگێڕانەوە دەستی بە پەخش کردو هەنگاوی بەرەو سەرکەوتن نا یەکەم وتاری عەرەبی فەرەیدون عبدالقادر نووسی و خوێندیەوە، مەلا بەختیاریش وتاری کردنەوەی ئیزگەی بە زمانی کوردی خوێندەوە ئیزگە بارەگای بۆ دروستکرا، کەرتێکی پێشمەرگە پاسەوانی ئیزگە بوون، چەند ڕۆژ بۆ تاقیکردنەوە کاریان بە ئیزگەکە کرد دەرکەوت باش کار دەکات، بارەگایەکی ڕێک و پێک و گونجاویان دروستکرد.[٤]

سەرەتاکانی پەخشی ئیزگە بـە نـاوی دەنگی (ی.ن.ک)وە بـوو، دواتـر لە کۆبوونەوەی (ی.ن.ک) لە گەڵ بزووتنەوەی سۆسیالیستی عەرەب و باڵی حزبی بەعسی سەر بە سوریا و لە چوارچێوەی هاوخەباتی ئەو لایەنانە لە گەڵ (ی.ن.ک) بڕیاردرا ئیزگە ناو بنرێت دەنگی شۆڕشی عێراق و لە ژێر ئەو ناوەدا بەرنامەکانیان دەستپێکرد.

بارەگای ئیزگە لە گردی (خەجەگا) بوو لە توژەڵە، ماوەیەک گواستراوە بۆ گردی مامەوڵا بەرانبەر دێی داوداوێ.

یەکەم دەستەی بەڕێوەبردنی ئیزگە پێکهاتبوون لە مامۆستا جەعفەر لێپرسراوی یەکەمی ڕادیۆو دواتر دەزگای ڕاگەیاندن، فەرید ئەسەسەرد لێپرسراوی بەشی عەرەبی، موحسین عەلی ئەکبەر لێپرسراوی بەشی کوردی، پشکۆ سەعید ناکام مۆنتێرو بێژەری بەشی کوردی.

لە گەڵ دامەزراندنی ڕادیۆ چاپخانەش بە توانایەکی کەمەوە دامەزرا، بەڵام بووە سەرەتاو بنەمای چاپخانە و ناوی لێنرا، چاپخانەی برایم عەزۆ، دوای دەستپێکردنی پەخشی ڕادیۆ لە قۆناغی دووەم و لە مانگی (٨)ی ساڵی ١٩٨٠ فەرەیدون عبدالقادر لێپرسراوی ڕادیۆ بوو، دواتر سالار عەزیز کرایە لێپرسراو، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٠دا ئەرسەلان بایز کرایە لێپرسراوی ڕادیۆو چاپخانەو دەزگای ڕاگەیاندن کە هەر دوو بەشەکەی لە خۆ دەگرت.

---

[٤] نەوشیروان موستەفا لە کتێبی پەنجەکان یەکتر دەشکێنن لە لاپەڕە (١٦٢) دەڵێت شێرکۆ حسێن کرا بە فەرماندەی کەرتی پارێزگاری ڕادیۆو لە شوێنی دیاریکراو خانوی دروستکرد هێمن سەراوی و مام عەلی یارمەتیان ئەدا بارەگایەکی ڕێک و پێکیان دامەزراند.

فـــــەرهاد ســـــەنگاوی

فەرهاد سەنگاوی وەکو هەر گەنجێکیتری کوردستان خولیای شۆڕش لە سەریدا بوو، دوای تەواو کردنی قۆناغی سێی ناوەندی لە ١٩٨٠/٧/١ سەنگاوی جێهێشت و بە دوای پێشمەرگەدا وێڵ بوو، دوای چەند مانگێک لەو گەرمیانە ڕەشتاڵەیە خالید گەرمیانی دۆزیەوەو بووە پێشمەرگە، لەوێشەوە بەرەو سەرکردایەتی کەوتە ڕێ.

دوای گەیشتنی بۆ سەرکردایەتی چووە چاپخانە کە لە گەڵ ڕادیۆ بە یەکەوە بوون و سەر بە دەزگای ڕاگەیاندن بوون لە توژەڵە، ئەو کاتەی فەرهاد سەنگاوی لە چاپخانە بوو شەوانە لە گەڵ پێشمەرگەکانی چاپخانە کۆدەبوونەوە کۆڕیان دەبەست هەر یەک قسەیەکیان دەکرد، یان بابەتێکیان باس دەکرد هەندێک جاریش گۆرانیان دەوت شەوو شەوگاریان بەو جۆرە دەگوزەراند، فەرهاد سەنگاویش لەو شەوانەدا هەندێکجار گۆرانی دەوت، برادەرانی ئیزگە و دەزگای ڕاگەیاندن گوێیان لە دەنگی فەرهاد بوو دەنگیان بە دڵ بوو، دەنگی جێگەی سەرنج بوو، کاک ئەرسەلان بایز دوو جارو کاک وشیار عابد جارێک پێیان ووت بچێتە ئیزگە، دوای سێ جار پێوتن چووە ئیزگە تاقیانکردەوەو وتیان دەنگی باشە، کۆڕێکی وریایە، بارەگای ئیزگە، خێمەیەکی بچکۆلە بوو کە دەچوویتە ژورەوە دەبوایە سەردانەوێنی، دوو تەسجیلی بچکۆلە و هەندێک کاسیەت و قەڵەم و کاغەزی لێبوو.

فەرهاد سەنگاوی دەستیکرد بە کاری ڕاگەیاندن بێوچان بێکۆڵدان لە سەردەمێکی زێڕیندا دەرکـەوت، سەردەمێک کە هاوڕێکانی هاندەر بـوون، پشتیوان بوون دەیانویست سەرکەوێت پشتگیریان دەکرد، هانیان دەدا دەستخۆشیان لێدەکرد، لە جێگەی شکاندن و دژایەتی کردن دروستیانکرد، سەردەمێک بوو مرۆڤ بە ئومێدەوە دەژیا و باڵای دەکرد.

پـــشکۆ ناکام و فـــەرهاد ســـەنگاوی

ئەو کاتەی فەرهاد سەنگاوی چووە ئیزگە پشکۆ لە ئیزگە بوو، ڕۆژێک پشکۆ لە ماڵی مەلا بەختیار دانیشتبوو گوێیان لە ڕادیۆ گرتبوو فەرهاد سەنگاوی وتارێکی خوێندبوەوە، ڕووناک خانی خێزانی مەلا بەختیار وتبوی ئەم کوڕە دەنگی خۆشە،

پشکۆش وتبوی ئای حەسەن زیرەکە.

ئەو کاتەی ئیزگە لە توژەڵە بوو ژمارەیەک کادیری بە توانا کاریان لە ئیزگە دەکرد، ڕێکەوت عوسمان، هەڤاڵ کوێستانی، فەرهاد سەنگاوی بەشی سۆرانی (کرمانجی خواروو) یوسف زۆزانی، یەشار ئیسماعیل (زێرەڤان) بەشی بادینی (کرمانجی سەروو) بەشی عەرەبی ئازاد چالاک بێژەر بوو، یوسف زۆزانی لە بەشی عەرەبیش کاری دەکرد واتە لە دوو بەشدا ڕۆڵی هەبوو.

چوار ئەندازیاری تەکنیکی لە ئیزگە کاریان دەکرد، چاودێری پەخش و ستۆدیۆو کاری هونەری و تەکنیکیەکانیان دەکرد ئەوانیش عبدالخالق یوسف، حەسەن ڕێبوار، عبدالحمید عبدالمجید (ڕەنجە)، فەرەج عبدالرحمن (پشتیوان) بوون.

ژمارەیەکی دیکە لە توژەڵە لە دەزگای ڕاگەیاندن و بارەگای ڕادیۆ کاریان دەکرد، شەهاب عوسمان بێژەری کوردی – سۆرانی، وشیار عابد بێژەری بادینی، ڕەعد بەشیر بێژەری عەرەبی-کوردی فەیلی بوو، عەبدوڵڵا خانەقینی بێژەری عەرەبی، بەرزان وەهاب خانەقینی هەواڵساز بوو، پەخشان حەفید خێزانی ئەرسەلان بایز و خێزانەکەی سالار عەزیز کە بێژەر بوو لە ئیزگە ناو بە ناو کاریان دەکرد، دوای ماوەیەکی کورت، حسێن بەفرین، ئەردەڵانی برای شەهید دکتۆر بەختیار ، ڕزگار نانەوا بوو، لە گەڵ کادیرێکی تر هاتنە ئیزگە، دیارە ئەو ژمارەیە لە بێژەرو نووسەری سۆرانی- بادینی- عەرەبی، هەر یەک ماوەیەک دەمانەوەو دەڕۆیشتن.

تـــــــــوژەڵە

لە کانی کەنێری توژەڵە ماڵی حاجی ڕەسوڵی لێبوو تەنها ماڵە بوو، توژەڵە تەنها بارەگای ڕاگەیاندنی لێبوو بە چاپخانە و ئیزگەوە مامجەلال لە هاوێندا دەهاتە سەرچاوەی کانی کنێر خێمەی هەڵدەدا تا دنیا ساردی دەکرد لەوێ دەمایەوە، بەڵام بارەگای مامجەلال و کاک نەوشیروان، ناوەندی کۆمەڵە لە ناوزەنگ بوو.

زەڵـــــــێ

عەباسی ڤیدیۆ بەشی ڤیدیۆ و شانۆی کردبوەوە بارەگاکەی لە (زەڵێ) بوو، دارایی و کارگێڕی دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی بوو بارەگای لە زەڵێ بوو.

لە قوڵە هەرمێ نەخۆشخانەیەک دروووستکرا لە نێوان زەڵێ و شێنێ، بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە و خەڵکی ناوچەکەش سوودیان لێ دەبینی.

ژمارەیەک بارەگای پێشمەرگە لە شێنێ بوون بارەگاکانی خەتی گشتی و بزووتنەوەی سۆسیالیست لە ناوزەنگ بوون.

نـــــەرمین و پـــــەیمان

شۆڕشی نوێ شۆڕشی ژنیش بوو، ژنان شان بە شانی پیاوان لە ڕیزەکانی پێشمەرگەو بوارەکانی تری وەکو ڕاگەیاندن کاریان دەکرد، لە توژەڵە دوو ژنی بەڕێز، نەرمین و پەیمان کاریان دەکرد، دوو ژنی زیرەک و دڵسۆز بوون، ماوەیەک لە ئیزگە بێژەر بوون، وتارو بابەتی هەمە جۆریان دەخوێندەوە دوای ماوەیەک مانەوەیان لە ئیزگە گواستیانەوەو ڕۆیشتن.

بـــــزن و تـــــۆمارکردن- تـــــوژەڵە

بەیانیەک پێشمەرگەکانی ئیزگە لە خەو هەستان وتیان هەواڵ گەیشتووە فڕۆکە دێت بۆردومانی توژەڵە و ناوزەنگ دەکات، فەرهاد سەنگاوی تەسجیل و کاسیەتەکانی بردو چووە گردێک لە پشتی توژەڵە و لە پەنا بەردێکدا خەریکی تۆمار کردنی وتارو بەرنامەی ئەو ڕۆژە بوو، کیسەیەک کاسیەتەکانی تیا بوو لە پەنا خۆیدا دانابوو، کە وتارەکەی تەواو کرد دەستیبرد کیسە نایلۆنەکە بهێنێ سەیریکرد کیسەکە نەماوە، سەری هەڵبڕی و سەیری چواردەوری خۆیکرد، کیسەکە بە دەم بزنێکەوە بوو، بزنەکە کیسەکەی بردبوو.

زۆرجـار لە کاتی تۆمارکردندا بـرادەرێک خـۆی دەکـرد بە ژوری ئیزگەداو قسەیەکی دەکرد، ڕۆژێک لە توژەڵە لە کاتی تۆمار کردندا پشکۆ ناکام خۆیکرد بە ژووری تۆمارکردندا و وتی کاکە هەواڵێکی زۆر گرنگ، وتیان چییە، وتی حزبی

شیوعی کەمینێکیان داناوە (٢٠) سەر مەڕیان گرتووە بە کەفالەت ئازادیان کردووە، لە کاتێکدا دەشیزانی تۆمارکردنە، بۆیە لە گەل هەر وەستانێکی لەو جۆرە دەبوایە لە سەرەتاوە دەست پێبکەنەوە.

زۆر جار لە کاتی تۆمار کردندا دەنگی زەڕەی گوێدرێژ، دەنگی فڕۆکە، قوقەی کەڵەشێر تۆمارکردنی بابەتەکانی دەوەستاند.

کـــــڕینی تەسجیـــــل

لە سلێمانییەوە ڕێکۆردەر، تەسجیلێکی بۆ ئەو سەردەمە پێشکەوتوویان هێنا بووە توژەڵە، فەرهاد سەنگاوی بە لێپرسراوێکی وتبوو بە مامجەلال بڵێ ئەو تەسجیلەمان بۆ بکڕێت، لێپرسراوەکەش وتبووی من پێی نالێم بچۆ خۆت پێی بڵێ.

مامجەلال لە سەرچاوەی توژەڵە لە دەواریکی ڕەشدا دانیشتبوو خۆیی و هێرۆ خان بوون، مامجەلال کەمێک دوورتر دانیشتبوو، فەرهاد سەنگاوی چووە ژورەوە وتی ئیشم بە مامجەلالە، وتیان فەرموو بچۆرە لای مامجەلال، فەرهاد بە مامجەلالی وت من لە ئیزگەوە هاتووم ، مامجەلال وتی ناوت چییە؟

فەرهاد: ناوم فەرهادە

مامجەلال پێیوت تۆ ئەو کوڕە گەنجەی کە تازە هاتویت بابەتەکان دەخوێنیتەوەو بێژەریت لە ئیزگە، فەرهاد سەنگاوی وتی بەڵێ من ئەوم.

مامجەلال وتی فەرموو چیت دەوێ

فەرهاد سەنگاوی وتی، بەڕێز مامجەلال هاتووم بۆ پارە تەسجیلێک هاتووە دەمانەوێت بیکڕین.

مامجەلال وتی چەندت پارە دەوێ

فەرهاد: دەڵێن بە ٣٥٠ دینارە

مامجەلال پێی وت کوڕم خۆ هەر دوو (٣٥٠) دیناریمان پێیە، مامجەلال ٣٥٠ دینارەکەی دایە و تەسجیلەکەیان کڕی.

کڕینی ئەو ڕێکۆردە تازەیە زۆر باش بوو بۆ ئیزگە چوونکە ئیزگە دوو تەسجیلی بچووکی هەبوو، تەسجیلێکی تریان هەبوو دانەکەی، دووگمەی داگرتنەکەی کەوتبوو

هەموو جارێک کە پەنجەیان دەکرد بە ناویدا بۆ ئیش پێکردن پەنجەیان بریندار دەبوو، جار هەبوو لە جیاتی پەنجە داریکیان دەهێنا دەیانکرد بە ناویدا، تۆمار کردنی بابەتەکان بە شێوەیەکی ئاسایی بوو بێ میکسەر، مۆنتێر، بێژەر خۆی بابەتەکانی دەخوێندەوەو ڕێکۆردەکەشی کار پێدەکرد، بە تەسجیلێک وتارەکەیان تۆمار دەکرد، بە تەسجیلێک سرودو مۆسیقاو گۆرانیان دەکردە سەری ئیزگە هەر ژمارەیەک کاسێتی هەبوو، پانزە کاسێتێک دەبوو لە سروودو مارش و گۆرانی ستۆدیۆکە ژوریکی سێ بە سێ بوو کە بابەتەکانیان تیادا تۆمار دەکرد، دوای تۆمار کردنی بابەتەکان دەیانبردە سەر گردێک لە توژەڵە.

پەخشی ئیزگە جیهازێکی سەربازی بوو، ئیمپریفایەریک بوو لە گەڵ سێتەریکدا، بە (سپی دار) ئەنتێنیان بۆ دروستکردبوو، ڕەنجەو ڕێبوار کەرکوکی ئەندازیاری ئیزگە بوون دواتر پشکۆ، ڕێدار، ڕزگار، ئاکۆ وەرشەیەکیان دانابوو بۆ چاککردنی.

ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق بە توانایەکی کەم لە ڕووی مادی و کەرەسەی پێشکەوتوو بەڵام بە ئیرادەیەکی بەهێزو شۆڕشگێڕانە، ڕاگەیاندنەکانی ڕژێمی عێراق و هەندێک لە حیزبە کوردستانیەکانیشی تێپەڕاند بوو، بەڵکو کردبوونیە تارمایی تارماییەکی ڕەش.

شـــــــەڕی ئێران- دیموکرات- قیادە مـــــــوەقەتە

سەرەتای ساڵی ١٩٨٢ زستانێکی سەخت بوو وردە وردە بەفر دەتوایەوە، زەوی نێر دەبووەوە، دەشت و دەر سەوزی دەپۆشی، بەهار سەرەتاتکێی لە گەڵ کێوو دەشت و قەدپاڵ و لاپاڵی ناوچەکە دەکرد، دەشت و دەر بژوێن بوو پڕ لە گژوگیاو گوڵ و گوڵزار بوو تا چاو بڕ کات سروشتی جوان و دڵگیر بوو.

شاخی بێتووش کە زنجیرەیەکی بە یەکەوە بەستراوە درێژ دەبێتەوە بۆ باوزێ و سەر شیو یەکێک لە شاخە هەرە ڕازاوەکانی کوردستانە، پڕە لە گوڵ و گوڵزار لە گیای بەهارە، لە پیشۆک و شەنگە بیزا، ڕێواس و جاترە و دارو درەختی سەر لە هەور گیر کردوو لە باڵندەی خۆشخوان و ڕەنگاو ڕەنگ لە چریکەی بوولبوول لە قاسپەی کەوی نساران.

لە نیوەی دووەمـی ساڵی ١٩٨٢ پاسدارو قیادە موەقەتە پـەلامـاری حزبی دیموکراتیاندا، قیادە موەقەتە دێ بە دێ، شاخ بە شاخ، گۆڕستان بە گۆڕستان دەکەوتنە پێش سووپای پاسداران، قاسملو داوای لە مامجەلال کرد بچن بە هانایانەوە تا بارەگاکانیان نەگیرێ، ئیزگەو پێشمەرگە چوونە هاواری حزبی دیموکرات، ناوی هێزی پشتیوانیان لێنرا، ئاڵوەتان و میراوێ و قەبری حسێن و دەشتەکانی موکریان بە خوێنی شەهیدانی یەکێتی سوور بوون.

بارەگای ئیزگە لە توژەڵە و بارەگاکانی دیکەی یەکێتی کەوتنە بەر تۆپبارانی پاسدار، بارەگاکانیان بە وڵاخ گواستەوەو بەڕێکەوتن بەرەو کانی زەردو بێوران و قەلە ڕەش و دەشتی باژار لەوێشەوە بۆ باوزێ و بارەگای ئیزگە لە سەر شیو دانرا.

نـــــــــەورۆزی 1983

نـەورۆزی ساڵی ١٩٨٣ بـارەگـای ئیزگە گـواسـترایـەوە سـەر شیوو لـەوێ دەستیکردەوە بە پەخشی ئاسایی ڕۆژانەی.

بارەگاکانی (ی.ن.ک) بە تایبەت بارەگای ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق لە بـاوزێ و سەر شیوو کەوتنە نێوان عێراق و ئێرانەوە، ئێران لە سەردەشتەوە دەهات، عێراقیش لە گەناوو قەڵادزەوە دەهات بارەگاکانی پێشمەرگە کەوتبوونە ناو گوێز شکێنێکەوە، هێزەکانی عێراق لە خوارەوە هێزەکانی ئێران لە ڕۆژهەڵاتەوە پەلاماری بارەگاکانی یەکێتیان دەدا، هێزی پێشمەرگە شەڕی گەورەیان لە گەڵ هێزەکانی عێراقدا کرد، ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن.

تۆپخانەکانی دوژمن بارەگاکانی یەکێتیان لە باوزێ و سەرشیو بۆردومانکرد، تۆپ دەکەوتە ناو بارەگاکانەوە ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق کەوتە بەر تۆببارانی دوژمن، بە دووری (١٠) مەتر تۆپ لە شوێنی نانخواردن و تۆمار کردنی (ستۆدیۆ) ی ئیزگەیدەدا تۆپەکان لە بەر چاوی پێشمەرگەدا ئەیدا بە زەویدا لە دووری (١٠) مەتر لە ستۆدیۆی ئیزگەوە دەیدایە زەوی ودەتەقیەوە.

فەرهاد سەنگاوی چالاکی شەڕەکانی دەخوێندەوە چاوی لە دەرەوە بوو، لە دەرگای ئەو خانووانەی نیوە ساخ و نیوە ڕووخاو بوو تۆپەکانی دەبینی کە دەیدایە

زەوی، لە ناو خوێندنەوەو هەواڵی شەڕەکاندا وازی لە نووسین و کاغەزەکانی بەردەمی هێناو ڕاستەوخۆ کەوتە قسە کردن و باسی تۆببارانەکەی سەر شیوی کرد کە لە دووری دە مەتر لە ئەو خانووەی ئیزگەی تیابوو دەیدا بە زەویدا.

شـــــەڕی گردە بێنـاس

دۆخی ناوچەکە وایدەخواست بارەگاکان، بە تایبەت بارەگای ئیزگە بگوازنەوە بۆ شوێنێکی تر، سەرقاڵی کۆکردنەوەی ئیزگە بوون مامۆستا جەمال تاهیر هاتە ئیزگە (فەرهاد سەنگاوی و سەربەست حسێن)[٥]ی لێبوو، وتی باریک فیشەکمان هێناوە بینێرین بۆ گردە بێ ناس، پێشمەرگە فیشەکیان پێنییە نازانین چیبکەین.

بارەگاکانیان کۆکردبووەوە چەندین وڵاخ ئامادە کرابوون پێشمەرگەکان هیلاک و ماندوو بوون خەویان لێکەوتبوو لە بارەگای ئیزگە سەربەست حسێن و فەرهاد سەنگاوی بە خەبەر بوون وتیان ئەوە کەی کێشەیە ئێمە دەیبەین مامۆستا جەمال وتی ئاخر چۆن دەبێ ئێوە بیبەن سەربەست و فەرهاد وتیان مامۆستا هەرچی لێرەیە هیلاکەو خەوتووە، هەر ئێمە بە پێوەین، ئێمە دەتوانین بیبەین خەمی ئێمەت نەبێ، فیشەکەکان بە سەر پشتی هێستریکی شەلەوە بوو، فەرهاد و سەربەست بردیانە باوزێ و لەوێوە بردیانە گردە بێ ناس، فیشەکەکانیان تەسلیم بە پێشمەرگە کردو وڵاخەکەیان هێنایەوە، ئەو شەوە فەرهاد و سەربەست نەخەوتن، دەمەو بەیان هەستان و کەوتنە ڕێ، گردە بێناس لە لایەن داگیرکەرەوە گیرا، ڕێگەی پەڕینەوە تەنها سیمەکەی سەرچەمی هەرزنە مابوو، تا بتوانرێت لێوەی بپەڕنەوەو لە گەمارۆی هێزەکانی عێراق- ئێران دەرباز بن.

لە کۆتایی مانگی ١٩٨٣/٥ بارەگای ئیزگە و ڕاگەیاندن گواستراینەوە، بە سیمەکەی هەرزنەدا پەڕینەوە، بە دۆڵی سەفرەو زەروندا و لە ڕێگەی وڵاغلو کە ئەو دۆڵە دەبەستێتەوە بە جافەتیەوە، چوونە بەرگەڵو لەوێ بارەگا دانرایەوە.

لە باوزێ و سەرشیو چەند کادرێکی نوێ هاتنە ئیزگە فەرید ئەسەسەرد کە لە کادیرە سەرەتاییەکانی ئیزگە بوو لە توژەڵە جارێکیتر هاتەوە ئیزگە، سەربەست

[٥] سەربەست حسێن ئەندازیار بوو مانگی ١٩٨٣/٣ هاتە ئیزگە لە سەرشیو، ساڵی ١٩٨٦ کرایە لێپرسراوی بەشی کوردی- سۆرانی- ئیزگە.

حسێن، فەرهادی مەلا ڕەسوڵ، حاکم فەرهاد، لە باوزێ- سەر شیو هاتنە ئیزگە، بە هاتنی ئیزگە بۆ بەرگەڵو وەرزێکی نوێ دەستیپێکرد بەرگەڵو ناوچەیەکی ئاوەدان بوو، بەرگەڵو بە قەدپاڵ و لاپاڵیەوە دڵگیرو تەڕپۆش بوو، پێشمەرگە بە ئاسانی دەستی بە شارو بە کەسوکارو بە پێداویستی دەگەیشت، سەرگەڵو شارە دێیەکی گەورە بوو چایخانە و کەبابخانەو وێنەگرو خەیات- بەرگدروو، کتێب فرۆش و هەموو ئەوانەی تیا بوو.

ڕۆشنبیران و نووسەران، هونەرمەندان، لە شارەوە دەیانتوانی بە ماوەیەکی کەم بگەنە ئیزگەو چاپخانەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و بارەگاکانی سەرکردایەتی، بەرهەمەکانیشیان دەگەیشتە ئیزگەو ناوەندەکانی چاپەمەنی، دەرفەتی دەستکەوتن و پەیداکردنی پێداویستی ئیزگە لە تەسجیل و قەڵەم و کاغەزو سەرچاوەو کاسیەت لە بارتر بوو بۆ چاپخانەش هەر وابوو دەتواندرا زۆر پێداویستی پەیدا بکەن کە لە ناوچەکانیتردا بە گران دەستەبەر دەبوون.

لە بەرگەڵوش بە هەمان شێوەی توژەڵە- سەرشیو ئیزگە دامەزرایەوە، هەمان شێوەی توژەڵە پەخشی ئیزگەکە لە سەر گردێکی بەرز بوو، ستۆدیۆشی لە خوارەوە.

ئـــــــیزگە لە گـــــــفتوگۆدا
(مـــــــفاوەزە)

ئیزگە گواستراوەوە بەرگەڵو، هەر چەند مانگێکی خایاند گفتوگۆی شۆرش لە گەڵ میری دەستیپێکرد ڕۆژانی گفتوگۆ بەرنامەکان ئاسایی دەڕۆیشتن، بەڵام سەردەمی گفتوگۆش بێ کێشە و دەردەســەری نەبوو، هەر زوو ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاکان لە هەولێر، سلێمانی، کەرکوک دەستیپێکرد، ڕژێمی عێراق دەیان خوێندکاری فەسڵ کرد بە بیانووی ئەوەی نابنە جەیشی ناشەعبی، دەیان هونەرمەندی بە هەڵوێستی گواستەوەو لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵیانکەندن.

(ی.ن.ک) لەو نێوەندەدا بەرگری لە خوێندکاران و هونەرمەندان دەکرد، لە هەمان کاتیشدا دەیویست خوێندکاران دەرفەت بدەن بە وەفدی مفاوز تا کێشەکان لە

ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکەن، بەڵام (ی.ن.ک) هەر لە بەرەی گەلدا بوو، داکۆکی گەورەی لە خوێندکاران و هونەرمەندان کرد، ڕووبەڕووی دەزگا داپڵۆسێنەرەکان بووەوە، لە ئیزگەوە بەردەوام وتارو هاواری دەگەیاندە گوێی خەڵک.

ئیزگە لە سەر ڕەوتی گفتوگۆو بەردەوامی دانوستانەکان کێشەو گرفت و کۆسپەکان ڕوونکردنەوەی دەدایە خەڵک، چەندین وتاری شیکاری و مێژوویی لە سەر دۆخی گفتوگۆو ڕەوتی گفتوگۆ بڵاوکردەوە.

عـــــێراق و مـــەسەلەی کـــورد

عێراق و مەسەلەی کورد زنجیرە وتارێکی کاک نەوشیروان مستەفا بوو کە بە هەشت حەلقە و لە ڕۆژانی ١ تا ٨ی حوزەیرانی (١٩٨٤) لە ئیزگەوە بڵاوکرایەوە، لەو زنجیرە وتارەدا هەڤاڵ نەوشیروان مستەفا تیشکی دەخستە سەر بیروڕاکانی بەعس و ڕوانینی بەعس بۆ دۆزی کورد لە گەڵ ئەو سەرنج و تێبینیانەی لای گەلاڵە ببوو، لە گەڵ ڕاگوزەرێکی مێژوویی بە مەسەلەی کورد لە عێراقدا.

سێ مانگ پێشترو لە نەورۆزی ساڵی ١٩٨٥ دا لە سورداش ئاهەنگێکی گەورە ڕێکخرا کە تیایدا هـەزاران کەس لە سـورداش ئامادە بوون، مامجەلال وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد، تیپی شەهید کارزان بەشداری ئاهەنگەکە بوو، ئیزگەش ڕاستەوخۆ وتارەکەی مامجەلالی گواستەوە بۆ خەڵکی کوردستان.

هەنگاو هەنگاو ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق لە گەڵ ڕووداوەکاندا بوو، تا شەهید کردنی سەید کەریم و هاوڕێکانی لە تاسلوجە، شەهید بوونی مامە ڕیشە و هاوڕێکانی.

لە ١٩٨٥/١/١٥ گفتوگۆ کۆتایی پێهێنرا سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردو کۆتایی گفتوگۆو هۆکارو کۆسپەکانی بەردەم گفتوگۆی ڕوونکردەوە.

لە شـەوی١٤-١٩٨٥/٢/١٥ دەستگیرا بە سەر زنجیرە ڕەبیەکانی دابان- هەلاج و لە دوژمن پاککرایەوە بەمجۆرە، شەڕ دەستپێکردەوە و ئیزگەش بەردەوام بوو لە کارەکانی.

بـەردەوام خەڵکی نوێ دەهاتە ئیزگە، ئازاد جەلال و بەیان خانی هاوسەری، شڤان ئاکرەیی ، خالید دۆسکی لەو کادیرانە بوون لە قۆناغی بەرگەڵودا هاتنە ئیزگە.

کادیرو لێپرسراوەکانی ئیزگە وتارو چیرۆک و بابەتی ئەدەبییان دەنووسی، فەرید ئەسەسەرد بە کوردی و عەرەبی دەینووسی، ئازاد چالاک بە عەرەبی دەینووسی، یوسف زۆزانی بە عەرەبی و کوردی دەینووسی، هەڤاڵ کوێستانی بە کوردی دەینووسی، سەربەست حسێن بە کوردی دەینووسی، فەرهاد سەنگاوی بە کوردی دەینووسی، جگە لە چالاکیەکانی پێشمەرگە کە زۆرینەی فەرهاد سەنگاوی دەینووسی، فەرهاد سەنگاوی و کاک موئەیەد چیرۆکیان دەنووسی، هەڤاڵ کوێستانی هۆنراوەی دەنووسی، سروودی دەبا فاشیەکان بزانن کە بۆ شەهید بوونی کاک ئارام بوو هەڤاڵ کوێستانی نووسیبووی، ئەوە جگە لە ڕاپۆرت و لێکۆڵینەوەو دەیان بابەتیتر کە کادیرەکانی ئیزگە ئامادەیان دەکرد.

پـــــەیامنێری ئـــــیزگە

ئیزگە پەیامنێری لە ناو شاردا هەبوو هەواڵەکانی شاری دەگەیاندە ئیزگەو بڵاودەکرایەوە:

١/ مامۆستا کەریم ناسراو بە (گەرمیانی) پەیامنێری ئیزگە بوو مامۆستا بوو لە شارباژێڕ، بە کارەساتی وەرگەڕانی ئۆتۆمبێل گیانی سپارد.

٢/ ڕەحیم برای گەرمیانی دوای کۆچی دوایی مامۆستا گەرمیانی بووە پەیامنێر، لە توژەڵە تا بەرگەڵو پەیامیان دەدایە ئیزگە پەیامنێر بوون.

ئـــــەنوەر قەرەداخی- شـــــێرکۆ بێکەس

شێرکۆ بێکەس شاعیری گەورەی گەلی کوردستان دوای چوونە شاخی یەکێک لە سنبولە دیارەکانی هۆنراوەی بەرگری و دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بوو دە یان شاکاری گەورەی خولقا ند، یەکێک لە شاکارە گەورەکانی سروودی مەشخەڵان بوو کە دواتر ئاوازی بۆ دانراو بووە مارشی (ی.ن.ک).

ئەنوەر قەرەداخی گەورە موزیک ژەن و ئاوازدانەرو دەنگ خۆش و دەنگبێژ، ئاوازێکی جوان و پڕ لە گڕوتینی بۆ هۆنراوەکەی مامۆستا شێرکۆ بێکەس داناو بە دەنگی خۆی و تارا خانی کچی تۆماریکرد و ناردیە ئیزگە، لە بەر جوانی و

سەرکەوتویی سروودەکە، هەر وەکو خۆی بە دەنگی مامۆستا ئەنوەر و تارا خانی کچی لە ئیزگەوە بڵاوبوەوە بووە مارشی سەرەکی کردنەوەی ئیزگە.

هۆنراوەیەکی گەورەی وەکو مەشخەڵان، سروودێکی گەورەی شۆڕشێکی خوێناوی تێکەڵاو بە دەست و پەنجە و گەروی پڕ لە سۆزی مامۆستا ئەنوەر قەرەداخی بێت، هەر ئەو مارشە دەنەخشێنێ کە تا هەتایە لە گوێماندا دەزرینگێتەوە.

سـرووودی مـەشخەڵان

هەر چەند زۆربەی هەرە زۆرمان گوێبیستی ئەو سروودە گەورەیە بووین، زۆریشمان لە بەرمانە و لە ژێر لێوەوە دەیڵێینەوە، بەڵام لە بەر گەورەیی سروودەکە بە پێویستم زانی هۆنراوەی سروودەکە بنووسمەوە:

مەشخەڵانی شۆڕشی نوێی ئەمجارە
گڕی بڕوای ڕەنجدەران و هەژارە
کوردستانم شاخ و دەشت و ڕێ و بانت
کوردستانم پێشمەرگەیە داستانت
بەرگی شەهید ئەستێرەی سوور ئاڵایە
دۆستمان هەموو ئازادیخوای دنیایە
بۆ داگیرکەر خاک دۆزەخەو ئەسووتێ
سەرکەوتنم خوێن ڕۆژانە ئەینووسێ
چەک قەڵەم دوانەی خەباتی هاوژینم
لە چاویاندا ڕێی ئازادی ئەبینم
لە ئاشتی دا کۆتری سپی و شنەی باین
لە شەڕیشدا پڵنگین و ڕەشەباین
وەک ئاوێنەی بەر هەتاوە ئامانج ڕوون
مافی ڕەوام چارەنووسی ڕزگار بوون
قەڵای ئێمە شووڕەی پشتمان سەنگەرمان
هێزی گەلەو (ی.ن.ک)ە ڕابەرمان

هـــــەواڵ و چـــــالاکی پـــــێشمەرگە

هەواڵ و چالاکیەکانی پێشمەرگە لە ڕێگەی بێتەلەوە وەردەگیراو دەگەیەندرایە ئیزگە، تیپەکان چالاکیەکانیان دەدایە مەڵبەند، مەڵبەندیش دەیدایە ئیزگە.

لە ناو ئیزگەدا کاک قوبادی مەلا ڕەسوڵ و کاک بەختیار گوزید هـەواڵ و چالاکیەکانی پێشمەرگەیان لە ڕێگەی بێتەلەوە وەردەگرت و دەیاندایە فەرهاد سەنگاوی، ئەویش دەینووسیەوەو دەیدایە بەشی کرمانجی و عەرەبی، چوونکە بەرنامەی سۆرانیەکە زۆرتر بوو لە پێشەوە بوو بۆیە لە بەشی سۆرانیەوە دەچوو بۆ ئەوانیتر.

فەرهاد سەنگاوی خەتی بە جۆرێک بوو پێیان دەوت شەڕە پشیلە، دواتر لە خەتەکەی ڕاهاتن، بابەتی سەرەکی ئیزگە چالاکی بوو، کاروانی شەهیدان بوو، خەڵک کەمتر گوێی لە وتار دەگرت،

ئیزگە زیاتر هاندان و جۆشدان تین و تاوی بوو، چوونکە ماوەی کاتژمێرێک پەخشی دەکرد، کەمتر فریای بابەتی شیکاری و ڕاپۆرت و ئەدەب و هونەر دەکەوت، یان پانتاییەکی کەمتری داگیرکردبوو بەڵام ئیزگە کاتی بۆ ئەوانیش دابین کردبوو لە بەرنامەی هەفتانەدا جێگەی بۆ کردبوونەوە.

تـــــەشویش- پـــــارازێت

دوای تێکچوونەوەی گفتوگۆی (ی.ن.ک) لە گەڵ ڕژێمی عێراق، داموو دەزگاکانی ڕژێمی داگیرکەر تەشویشیان خستە سەر ئیزگە بەو نیازەی ڕێگە لە پەخشی ئیزگە بگرێت و دەنگی شۆڕش نەگاتە گوێی خەڵک بەڵام بە پێچەوانەوە خەڵک زیاتر هۆگری ئیزگە و گوێ لێگرتنی بوو، ئیزگەش لە ڕێگەی گۆڕینی شەپۆلەکانەوە ئاسانکاری بۆ خەڵک دەکرد، تەشویش- پارازێت بەردەوام بوو، بەڵام خۆشەویستی خەڵکیش بۆ گوێگرتن لە ڕادیۆ بەردەوامتر بوو، پارازێت نەک نەیتوانی هیچ لە گرنگی ئیزگە کەم بکاتەوە، بەڵکو خەڵکی کوردستان بە جۆشتر بوو.

گـــۆڕینی دروشمی شۆڕش- نـــــاوی ئیزگە

هەر دوای هەڵوەشاندنەوەی گفتوگۆو کۆتایی هێنان بە دانووستان لە گەڵ ڕژێمی بەغدادا (ی.ن.ک) دروشمی سەرەکی لە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەوە گۆڕی بە مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلی کوردستان، بەمەش ئاستی داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان بەرز بووەوە، ناوی ئیزگەش لە دەنگی شۆڕشی عێراقەوە گۆڕا بۆ دەنگی گەلی کوردستان .

ساڵی ١٩٨٧ دکتۆر فواد مەعسوم بوو بە سەرپەرشتیاری دەزگای ڕاگەیاندن، ئەرسەلان بایز کە تا ئەو کاتە لێپرسراوی دەزگای ڕاگەیاندن بوو بووە جێگری دکتۆر فواد.

ئەنجومەنی دەزگای ڕاگەیاندن، یان ئەندامانی جێبەجێکاری دەزگای ڕاگەیاندن لە سێ کەس پێکهات کە ڕاستەوخۆو لە ژێر ڕێنمایی دەزگای ڕاگەیاندندا کاروبارەکانی دەزگایان بەڕێوە دەبرد ئەوانیش، فەرید ئەسەسەرد، یوسف زۆزانی و سامی شۆڕش بوون.

پـــــێکهاتەی نـــــوێی ئـــیزگە

فەرید ئەسەسەرد کرایە بەڕێوەبەری ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان، ئازاد چالاک لێپرسراوی بەشی عەرەبی ئیزگە، سەربەست حسێن لێپرسراوی بەشی کوردی- سۆرانی (کرمانجی خواروو)[٦]

بەشار ئیسماعیل (زێرەڤان) لێپرسراوی بەشی کوردی و بادینی (کرمانجی سەروو)، فەرهاد سەنگاوی لێپرسراوی بێژەرەکان، عبدولحەمید عەبدولمەجید (ڕەنجە) لێپرسراوی ئەندازیاران.

لـــێدانی بەرگەڵو- ئـــیزگە بە چەکی کـــیمیایی

دوای گواستنەوەی ئیزگە لە سەر شیوەوە بۆ بەرگەڵو سەر لە نوێ بارەگاکانی ئیزگە و دەزگای ڕاگەیاندن تۆبباڕانکرا، پارچەیەک تۆپ لە شوێنی نان خواردنی ماڵی فەرهاد سەنگاویدا بەڵام کەسی لێنەبوو.

[٦] سەربەست حسێن ساڵی ١٩٨٦ لێپرسراوی بەشی کوردی بوو لەم تەشکیلە تازەیەدا دانرایەوە، دواتریش بووە سەرنووسەری ڕێبازی نوێ.

فڕۆکەکانی دوژمن هەر لە بەرگەڵو بۆمبارانی بارەگاکانی (ی.ن.ک) یان کرد، لەو بۆمبارانەدا مامۆستا یاسین شەهید بوو.

ساڵی ١٩٨٧ بە بۆمبی کیمیایی لە بارەگای کاک نەوشیروان درا، کاک نەوشیروان بۆ چەند کاتژمێرێک هاتە بارەگای ئیزگەو بارەگاکەی خۆی بەجێهێشت.

لەو بۆردومانەدا مەحموود سێدەری جێگری فەرماندەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس و حەکیمی کوڕی کە بۆ سەردان هاتبوون بۆ لای کاک نەوشیروان بەرکەوتن، هەر لە جێدا حەکیم شەهید بوو مەحموود سێدەریش دوای سێ ڕۆژ لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

هەر لە کیمیابارانی سەر بارەگای کاک نەوشیروان لە بەرگەڵو، شێخ محەمەد و نەقیب ئەمیر شەهید بوون، کەسێک ڕەسەدی تۆپەکانی کردبوو بۆ پەلاماری کیمیایی سەر بارەگای کاک نەوشیروان.

بـــــەرنامەکانی ئـــــیزگە

بەرنامەکانی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان هەمە جۆر بوون ئەدەبی، سیاسی، هونەری، هەندێک جاریش بەرنامەی تەنز ئامێز.

بەرنامەکانی ئیزگە پێکهاتبوون لە خەباتی گەلان، سەنگەری ئەدەب، کاروانی شەهیدان، دێهاتە ڕاگوێزراوەکان، نامەی گوێگرەکان، لە هەر تەلە دەنگێ کە بەرنامەیەکی تەنز ئامێز بوو، بەڵام ئەم بەرنامانە گۆڕانکارییان بە سەردا دەهات هەمیشەیی نەبوون، بابەتە هەمیشەییەکان کە پێکهاتبوون لە وتار، چالاکی، کاروانی شەهیدان بەردەوام بوون.

وتـــــارەکان

وتارەکانی کە لە ئیزگە دەنووسران پەیوەندی هەبوو بە بابەتی ڕۆژو ڕووداوەکانی ڕۆژەوە، تیایدا دەبوو سەرنجی (ی.ن.ک) لەو ڕێگەیەوە بگەیەنرێتە خەڵک.

مامجەلال، کاک نەوشیروان، بۆ هەلوومەرجە جیاوازەکان وتاریان دەنووسی و سیاسەتی یەکێتیان ڕوون دەکردەوە بۆ بۆنەو ڕووداوەکـان، مامجەلال کاک نەوشیروان بەیاننامەی مەکتەبی سیاسیان دەنووسی، بروسکە و سوپاسنامە و

پیرۆزباییان ئاڕاستەی مەڵبەندو تیپەکان دەکرد لە کاتی سەرکەوتنەکانیاندا.

بەشێک لـەو وتـارانـەی لـە ئـیـزگـەوە دەخـوێـنـدرانـەوە پـەیـوەنـدی هـەبـوو بە وەڵامدانەوەی ڕوانینی داگیرکەران بۆ مەسەلەی ڕەوای کوردو ڕووبەڕووبونەوەی ئەو ئاوە لیخنە کە دوژمنان بە دەستی ئەنقەست لیخنیان کردبوو.

بۆ نموونە، دوژمنانی گەلی کورد دەیانووت یەزیدیەکان کورد نین عەرەبن، کاک نەوشیروان سەربەست حسێنی ڕاسپارد وتارێک لەو بارەیەوە بنووسێت، کاک سەربەست سەرچاوەی کۆکردەوەو نامیلکەیەکی نووسی بە ناوی (یەزیدیەکان لە مێژووی نەتەوەکەیاندا) کە وەڵامێکی حاشا هەڵنەگر بوو سەبارەت بە ڕاستی کورد بوونی یەزیدیەکان، نامیلکەکەش لە ئیزگە خوێندرایەوە، کە لێکۆڵینەوەیەکی ورد بوو سەبارەت بە ڕەچەڵەک و بنەچەی یەزیدیەکان.

هەندێک جار بیروڕای ژەهـراوی ئەوتۆ هەبوون کە دەیانووت ئێوە کوردی عێراقن نابێت هەقتان هەبێت بە سەر پارچەکایتری کوردستانەوە، شوێنی خەباتی ئێوە باکورو ڕۆژهەڵات نییە بەڵکو تەنها باشورو کوردستانی عێراقە، سەبارەت بەو بۆچوون و لێکدانەوانە کە دەیانوویست مەسەلەی کورد پارچە پارچە بکەن، کاک نەوشیروان زنجیرەیەک وتاری نووسی بەناونیشانی ئایا مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە یان چەند مەسەلەیەکە، کە لە ئیزگەوە خوێندرایەوە، ئەو زنجیرە وتارە بە وردی پەنجەی خستبووە سەر هەقیقەتەکان.

مامجەلال، کاک نەوشیروان، فەرەیدون عبدالقادر و هەڤاڵانیتری سەرکردایەتی و (م س) هەر وەک چۆن وتاریان بۆ ئیزگە دەنووسی بۆ گۆڤاری کۆمەڵە و شەرارەو (ڕێبازی نوی) شیان دەنووسی.

وتارەکانی مامجەلال- کاک نەوشیروان کە بۆ ئیزگەیان دەنووسی ڕوانین و ستراتیجی یەکێتیان دیاریدەکرد ئەمەش دەبووە چوارچێوەیەک کە نووسەرەکانی ڕادیۆو دەزگای ڕاگەیاندن ڕەچاوی بکەن و سودی لێببینن لە نووسینەکانیاندا.

شێوازی خوێندنەوەو گـەروی بێژەرانی ئیزگە بە تایبەت فەرهاد سەنگاوی نیشانەی ناسینەوەی ئیزگە بـوون لە گوتارو گوفتاردا، ئیزگە خـاوەن ڕێچکەو

ناسنامەی خۆی بوو، ڕچە شکێن و پێشەنگ لە هەموو بوارێکدا.

دەستەواژەو وشە گەلێک هاتبوونە ناو ئەدەبیاتی سیاسی دەزگای ڕاگەیاندنەوە، دەستەواژەکانی وەک جەیشی ئیحتیلالی بەعس، ڕژێمی شۆڤێنی عێراق، ڕژێمی ڕەفتار فاشی و بەعسی و نازی و عەفلەقی بە کاردەهێنران، کە زۆربەی ئەو دەستەواژانە لە وتارەکانی مامجەلال وەرگیرابوون و لە وتاری ڕۆژانەی نووسەرانی ئیزگە ڕەنگی دابووەوە.

هـــاتنی شێخ جەمال بۆ ئـــیزگە

شێخ جەمال پێشمەرگەی تیپی (٣٧)ی شارباژێڕ بوو، بێتەلەوان بوو لە تیپی (٣٧)، کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ و سەرەتای ساڵی ١٩٨٧ شێخ جەمال گواستراییەوە بۆ مەڵبەندی دوو، لەویشەوە بە هەمان شێوە بێتەلەوان بوو، ئەو سەردەمە شێخ دارای حەفید لێپرسراوی مەڵبەندی (دوو) بوو، بارەگای مەڵبەند لە سەرگەڵو بوو، کاک سەلیم سەرسپی بۆ ئیش و کارەکانی ناوەندی کۆمەڵە جێگری کاک نەوشیروان بوو بڕووسکەیەک لە دەزگای ڕاگەیاندنەوە هات بۆ مەڵبەند داوای شێخ جەمالی دەکرد بچێتە ئیزگە.

دەقـــی بـــڕووسکەکە

عەدەد جیهازێکتان لایە ناوی شێخ جەمالە تکایە بۆمان بنێرن بۆ ئیزگە لە بەر ئەوەی پێویستمان پێیەتی، شێخ جەمال بڕووسکەکەی برد بۆ شێخ دارا ئەویش پێیوت ئارەزووی خۆتە، چۆنت پێباشە وا بکە، سەرەتا شێخ جەمال دوو دڵ بوو لە چوونی بۆ دەزگای ڕاگەیاندن، بەڵام سەلیم سەر سپی پێیوت تۆ ئەندامی کۆمەڵەیت، لە هەر کوێ کۆمەڵە پێویستی پێت بێت تۆ دەبێ لەوێ بیت، هەر بۆیە شێخ جەمال چووە ئیزگەو وەکو بێژەر دەست بە کار بوو.

بـــــەرەو دۆڵە کـــــۆگە
لە بـــــەرگەڵو، بۆ بەرگەڵویەکـــــیتر

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) ڕادیۆیەکی یەدەگی لە دۆڵە کۆگە دانابوو بۆ کاتی پێویست بیخاتە کار، دوای هێرشەکانی ئەنفال بۆ سەر ناوچەکانی سەرکردایەتی و سەرگەڵو بەرگەڵو بە تایبەتی، ئیزگە کرایە دوو گروپ گروپی یەکەم فەرید ئەسەسەرد، فەرهاد سەنگاوی، خالید دۆسکی، سەربەست حسێن، شوان کابان لە ئیزگە، لە چاپخانەش، محسن عەلی ئەکبەر (مامۆستا محسن) بەختیار حەمە شەریف، غالب (ڕەوەز) سۆران جەلال، مەهدی یدالله ، زاهیر سدیق و چەند کادرێکیتر چوونە دۆڵە کۆگەو دەستیان بە کار کرد.

گروپی یەکەمی ڕادیۆ چوونە دۆڵە کۆگە، تا پەخشی ئیزگە نەپچڕێت، ڕادیۆیەک لە بەرگەڵو پەخشی دەکرد، کە ڕادیۆکەی دۆڵە کۆگە دەستی بە پەخشکرد ڕادیۆ و ستافەکەی بەرگەڵو گواستیانەوەو ئیزگەکەی بەرگەڵویان پێچایەوە بەڵام ئەوان نەهاتنە دۆڵە کۆگە یەکسەر چوونە سەقز.

دۆڵە کۆگە وەکو بەرگەڵو تۆبباران لە سەر بوو بەرانبەر هێزەکانی عێراق بوون بۆیە دەیانووت لە بەرگەڵو بۆ بەرگەڵویەکیتر.

شـــــەڕەکانی مـــــەڵبەندی ســـێ
بـــــرووسکەی مولازم عـــــومەر بۆ ئـــــیزگە

مولازم عومەر سەرپەرشتی شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) ی دەکرد، کە دوای هەموو مەڵبەندەکان پاشەکشەیانکرد.

ئیزگە لە دۆڵە کۆگە بوو، ڕۆڵی گەورەی بینی لە شەڕەکانی مەڵبەندی (٣) دا بەردەوام چالاکیەکانی ئەو مەڵبەندەی پەخش دەکردو دەخوێندەوە، پەخشانی حەماس و ئاگرینی پڕ جۆش و خرۆشی بە سەر مەڵبەندو دەستەی کاتیۆشاو ڕۆکێتی تۆڵە دەنووسی ئیزگەش وەکو پێشمەرگە لە سەنگەرەکاندا حزوری هەبوو، گەروی فەرهاد سەنگاوی ئەو شاخانەی تەی دەکردو دەلەرزاند.

مولازم عومەر بروسکەیەکی بۆ کاک ئەرسەلان نارد بوو کە ئەو کات لە سەقز بوو، لە بروسکەکەدا نووسیبووی کاک ئەرسەلانی بەڕێز بە ڕاستی ئیزگەکەتان

لە ناو سەنگەرەکاندایە و پێ بە پێی پێشمەرگەکان بەردەوامە، ئیزگەیەک لە دۆڵە کۆگە لە ژێر ڕەحمەتی تۆبباراندا، بە گەروو قەڵەمی چوار کەس، فەرید ئەسەسەرد، فەرهاد سەنگاوی، سەربەست حسێن، شوان کابان، سەنگەرەکانی جۆش دەداو دوژمنی هێنا بووە لەرزە، ئەوەش ئیرادەو بیروباوەڕ.

چـــــۆڵکردنی دۆڵە کـــــۆگە

ئیزگە دۆڵە کۆگەی چۆڵکرد تا بچێتە شاخی شنرۆ- بەفری میری لە پشتی هەڵەبجە و لەوێ پەخشی خۆی دەست پێبکات، کادیرەکانی ئیزگە لەو ماوەیەدا چوونە ڕادیۆی حزبی سۆسیالیست لەوێوە پەخشیان دەکرد.

ڕادیـــۆی حزبی ســـۆسیالیست- کـــاولان

ڕادیۆی حزبی سۆسیالیست لە کاولان بوو لە خانە و نەغەدە پەخشی دەکرد، ستافی دەنگی گەلی کوردستان بۆ ئـەوەی پەخش نەوەستێ چوونە ڕادیـۆی سۆسیالیست.

کادیرێکی ڕادیۆی حزبی سۆسیالیست بە هاوڕێکانی خۆیانی وتبوو، هاوڕێیان ئەمە هەر ئەو ڕادیۆیەی ئێمەیە بەڵام نیو کاتژمێری تر تەماشاکەن بزانن دەبێت بە چی، مەبەستی لە دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی و بە تایبەت ئیزگە بوو.

دەزگای ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) هێندە کاریگەر بوو لە گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٤ کە وەفدی یەکێتی چوو بووە بەغدا، یەکێک لە داواکاری حکومەتی عێراق ئەوە بوو، یەکێتی ڕاگەیاندنی ڕابگرێت.

ستافی دەنگی گەلی کوردستان ماوەیەک لە ڕادیـۆی حزبی سۆسیالیست پەخشیانکرد و کەوتنە ڕێ بەرەو هەڵەبجە، بەڵام کارەساتی کیمیابارانی هەڵەبجە ڕوویـدا، لە بەفری میریش گواستیانەوەو پاشەکشەیانکرد دواجـار لە گەڕەکی (بلواری) سەقز دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی (ئێران) پەخشیان دەستپێکردەوە.

مامجەلال دوو ئیزگەی بچووکی هێنابوو یەکێک لەو ئیزگانەیان دایە بەرەی کوردستانی، ئیزگەی (٧٥) کەوتە ئیش لە ڕووی پەخش و مـەودای بیستنەوە کاریگەری زۆرتر بوو، باشتر بوو، (لە سەقزەوە قۆناغێکیتر دەست پێدەکات).

کـــــادیرو پێشمەرگەکانی ئـــــیزگە

تا ئەم قۆناغە دەیان کادیرو پێشمەرگە ڕوویانکردووەتە ئیزگەو کاریان تیادا کردووە، هەبوو چەند مانگێک هەبووە چەند ڕۆژێک هەبووە هەفتەیەک، هەبووە بە میوانی سەرکردایەتی ناردوویەتیە ئیزگە، هەشبووە لە ئیزگەش بووە بەڵام هەر باوەڕی بە مەسەلەکەش نەبووە، بەڵام کادیرە سەرەکی و بەردەوامەکانی ئیزگە بەردەوام ژمارەیان لە (١٥) کادیر تێنەپەڕیوە، ئەوانەی بە گەروو بە قەڵەم ڕابەرو پێشەنگی ئیزگە بوون بەڵام وەکو ئەمانەتێکی مێژوویی لێرەدا ناوی تێکڕای ئەو کادیرانە دەنووسینەوە کە لە ساڵانی (٨٠) تا (٨٨) لە ئیزگە بوون، هاتن و ڕۆیشتوون دڵنیام چاوی ئێوەی خوێنەر تیژە و کادیرە هەمیشەیی و ڕاستەقینەکانی ئیزگە دەناسنەوە، لێرەدا ناوی کادیرەکان و هاوسەرەکانیشیان دەنووسین، ئەو کادیرانەی خێزاندار بوون:

١/ مامۆستا جەعفەر (فازیل کەریم)
٢/ ئەرسەلان بایز (پەخشان خانی هاوسەری)
٣/ یوسف زۆزانی (شنۆ خانی هاوسەری)
٤/ ڕێبوار کەرکوکی (ئاشتی خانی هاوسەری)
٥/ فەرهاد سەنگاوی (کەژاڵ خانی هاوسەری)
٦/ شەهاب عوسمان برای شەهید کەریم عوسمان (شاعیر)
٧/ حسێن بەفرین (شاعیر)
٨/ بەرزان وەهاب (هەواڵساز)
٩/ ڕێبوار خالید (ئەردەڵان) برای شەهید دکتۆر بەختیار
١٠/ حەمە عوسمان برای شەهید کەریم عوسمان
١١/ هوشیار عابد
١٢/ ڕەعد بەشیر
١٣/ ئازاد چالاک
١٤/ پەیمان (ڕێزان خان)

١٥/ نەرمین خان
١٦/ شاخەوان عوسمان
١٧/ سالار عەزیز (دڵپاک خانی هاوسەری)
١٨/ عەبدوڵڵا وەهاب خانەقینی (بێژەری عەرەبی)
١٩/ پشکۆ ناکام (بێژەرو نووسەر)
٢٠/ کۆچەرو سروەی هاوسەری (عومەرو سروە)
٢١/ شڤان ئاکرەیی (فەهمی)
٢٢/ زێرەڤان (بەشار)
٢٣/ ئەسعەدی مەلا
٢٤/ ڕەنجە کەرکوکی (عبدالحمید عبدالمجید) (ئەندازیار)
٢٥/ پشتیوان فەرەج (ئەندازیار)
٢٦/ ڕێبوار پێنجوێنی (عەلی)
٢٧/ خەلیل دهۆکی (شاعیر)
٢٨/ ڕێبوار (سەدرەدین)
٢٩/ سەڵاح جان
٣٠/ مامۆستا عەدنان
٣١/ شەهاب موسڵی
٣٢/ فەهد بەغدادی
٣٣/ ڕێکەوت عوسمان بەگ
٣٤/ ئازاد کاوانی برای شەهید تەحسین کاوانی
٣٥/ فازیل جاف (هونەرمەند)
٣٦/ سدقی
٣٧/ سدیق برای شەهید ڕەنجبەر (خەدیجە خانی هاوسەری)
٣٨/ دلاوەر برای ئاشتی خان
٣٩/ سەلام فەیلی

٤٠/ ئیبراهیم سەلمان (دەرهێنەر)
٤١/ ڕزگار (ع) (شاعیر)
٤٢/ ڕزگاری نانەوا
٤٣/ ئاکۆ سالّح
٤٤/ فەرهاد مەلا ڕەسوڵ (حاکم فەرهاد) (بەهار خانی هاوسەری)
٤٥/ هەڤاڵ کوێستانی (فریشتە خانی هاوسەری)
٤٦/ سەربەست حسێن ئەندازیار (جوانە خانی هاوسەری)
٤٧/ فەرید ئەسەسەرد
٤٨/ مامۆستا محسن
٤٩/ تەهاو چیمەن خانی هاوسەری (چیمەن شاعیر)
٥٠/ مامۆستا حەیدەر
٥١/ خالید دۆسکی
٥٢/ مامۆستا محەمەد خەڵکی کفری
٥٣/ عەمو مەردان
٥٤/ کاروان بادینی (جەمال یوسف)
٥٥/ فەیسەڵ ئەمین
٥٦/ ڕەشید ئەمین
٥٧/ پشکۆ عەبدولخالق مەعروف (ئەندازیار)
٥٨/ ڕێدار (تەکنیکار)
٥٩/ ڕزگار (تەکنیکار)
٦٠/ ئاکۆ (تەکنیکار)
٦١/ موزەفەر هەولێری (ئەندازیار)
٦٢/ ڕێباز (تەکنیکار)
٦٣/ مەحموود ڕەزا (جوانە خانی هاوسەری)
٦٤/ شوان کەریم کابان (هونەرمەند و بێژەر)

٦٥/ ئاراس ئیبراهیم (هونەرمەند)
٦٦/ ئازاد جەلال (بەیان خانی هاوسەری)
٦٧/ بەکری برازای عەلی بچکۆل (پەروین خانی هاوسەری)
٦٨/ مەلا یاسین (سەبری خانی هاوسەری)
٦٩/ ئازاد هەولێری
٧٠/ موئەیەد (هونەرمەند)
٧١/ ڕۆهات- هۆزان- مامۆستا محەمەد (هەر سێک لە ئاڵای ڕزگاری)
٧٢/ دڵشاد عەبدوڵڵا (شاعیر)
٧٣/ شێرکۆ بێکەس (شاعیر)
٧٤/ قوبادی مەلا ڕەسوڵ
٧٥/ بەختیار گوزید
٧٦/ کاوە (شۆفێر)
٧٧/ قارەمان چالاک برای ئازاد چالاک
٧٨/ عەتووف قەمچوغەیی
٧٩/ مەریوان (نەوشیروان)
٨٠/ حەمە سەرگەڵویی ئاشپەز (کرێکار)
٨١/ شێخ جەمال (بێژەر)
٨٢/ مامۆستا کامەران
٨٣/ نەوزاد قەمچوغەیی
٨٤/جەزا برای گەرمیانی پەیامنێر
٨٥/ گەرمیانی مامۆستا کەریم (پەیامنێر)
٨٦/ ڕەحیم برای گەرمیانی پەیامنێر
٨٧/ مامۆستا عەبدوڵڕەحمان
٨٨/ حاجی بەمۆ (هەوراز)

وەکو لە سەرەتا ئاماژەم پێدا ئەم هەموو کادیرە بە یەکەوە نەبوون تەنها (١٠ بۆ ١٥) کەسێک بناغەو کۆڵەکەی ئیزگە بوون.

کـــەرتی ئـــیزگە (80-82)

لە گەڵ دامەزراندنی ئیزگە، کەرتی پارێزگاری ئیزگەش دروستکرا کە ئەم پێشمەرگە و فەرماندانە بوون:

١/ حسێن عەبدوڵڵا (شێرکۆ مرانەیی- شێرکۆ جدی)
٢/ مام عەلی ماوەتی
٣/ هێمن سەراوی (مەحموود کەریم)
٤/ هەڵۆ سەراوی (ئەحمەد کەریم)
٥/ مەجیدی حاجی عەلی شانەخسێ
٦/ قادر حاجی عەلی شانەخسێ
٧/ حەمەدەمین حسێن عەبدوڵڵا شانەخسێ
٨/ ڕەئوف حسێن محەمەد ئەمین شانەخسێ
٩/ تۆفیق محەمەد ڕەسوڵ شانەخسێ
١٠/ خدر ئەحمەد سالّح شانەخسێ
١١/ عەلی خدر حاجی قادر شانەخسێ
١٢/ جەلال سالّح سۆفی شەریف شانەخسێ
١٣/ عەبدول موتەلّیب شێخ حسێن دارەبەن
١٤/ ئەحمەد واحید (ئەحمەد (RBK) مرانە
١٥/ محەمەد (حەمە ماوەتی)
١٦/ حەمە سەعید ڕیشە (گەرمیانی)
١٧/ هیوا کوێستانی (سلێمانی)
١٨/ ئازاد کەرکوکی (کەرکوک)
١٩/ عەلی مەولود عبدالڕحمن (شەماڵ) سەراوی
٢٠/ کەریم عبدوڵڵا (دڕی)

٢١/ خالید (قامیشی)
٢٢/ سەعدون (چۆخماخ)
٢٣/ محەمەد ڕەشید ئەحمەد (خاڵە سەراوی)
٢٤/ نەوزاد برای ئازاد
٢٥/ مەجید ناسراو بە سۆران (چەمچەماڵ)
٢٦/ عبدالڕەحمان محەمەد فارس (ڕێباز) باناڵەیی
٢٧/ فواد برای ڕەنجە
٢٨/ کامەران کەریم
٢٩/ ڕێبوار چاوشین
٣٠/ لوقمان کۆیی
٣١/ حاجی هەولێری
٣٢/ خەبات هەولێری
٣٣/ فەرەیدون کونجرینی
٣٤/ زانا کەرکوکی
٣٥/ هاوبەش چەمچەماڵی
٣٦/ جەزا قەڵەو
٣٧/ جوتیار ئەحمەد سەعید
٣٨/ هەژار
٣٩/ عەلی شێخانی (بێکەس)

ئەم ژمارە پێشمەرگەیە تەنها سااڵنی (٨٠-٨٢) لە گەڵ داوای لێبوردن بۆ ئەو پێشمەرگانەی کە نەمانتوانیوە ناویان بدۆزینەوەو لە یاد نەماون.

دوو ووتـــــار و چـاوپێکەوتنـی مـــامجەلال
لە دەنـگی شـــۆڕشی عێـراق

گفتوگۆیەکی ئێزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلاڵ

ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٦ بە بۆنەی گەڕانەوەی لە دەرەوی وواڵات و گرنگی سەردانەکەی ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق گفتوگۆیەکی لەگەڵ هەڤاڵ مام جەلال سکرتێتری گشتی (ی.ن.ک) سازدا گفتوگۆکە چەندین پرسیارو تەوەری گرنگی لەخۆ گرتبوو، گفتوگۆیەکی گرنگ و پڕ بایەخ بوو

لێرەدا دەقی گفتوگۆ ڕادیۆییەکە وەکو خۆی دەنووسینەوە

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ جەلال تاڵەبانی ...

لە ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٦ ئیستگەی دەنگی شۆڕشی عێراق گفتوگۆیەکی ڕادیۆیی لەگەڵ بەڕێز جەلال تاڵەبانی سکرتێری گشتی ی.ن.ک سازدا، بەبۆنەی گەڕنەوەی لە دەرەوەی وواڵات. لەبەر گرنگی باسەکان و بایەخی چاو پێکەوتنەکە، بەپێویستمان زانی دەقی گفتوگۆکە بڵاوبکەینەوە.

(ه.ک.ع)

پرسیار/ لەماوەی سەفەرەکەی بەڕێزتان بۆ دەرەوەی وواڵات، گەلێک پروپاگەندەو قسە لەلایەن دوژمنان و ناحەزانی شۆڕش و ی.ن.ک بڵاوکراوەتەوەو دراوە بەگوێی جەماوەری گەلەکەمان، تکامان وایە لە دەرفەتەدا ئەو قسەو پروپاگەندانە بۆ جەماوەر ڕوون بکەیتەوە لەگەڵ مەبەستی سەرەکیتان لە سەفەرەکەتاندا.

وەڵام / سوپاس بۆ بەڕێوەبەرانی ئیستگەی دەنگی شۆڕشی عێراق، کە ماوەیاندام هەندێ لە بیرو ڕایەکانی خۆم بەجەماوەرە قارەمانەکەی گەلە تێکۆشەرەکەمان ڕابگەیەنم، ئەوەی ڕاست بێت هاتنەوە باوەشی دایکی نیشتمان، شادی و بەختەوەرییەکی ئەوتۆ دەخاتە دڵ و دەرونەوە کە مرۆڤ پتر بێنێتەوە جۆشو خرۆش لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا بۆ پەلەکردن لە ڕزگارکردنی نیشتمان و گەلەکەمان لە چنگالی خوێناوی ڕژێمە دڕندە ڕەفتار فاشستەکەی بەغداد بۆ بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی جەماوەری گەلەکەمان. دووری وواڵات، واتە لە کۆڕی ڕاستەقینەی خەباتی شۆڕشگێڕانە، هەرچەندە بۆ کارووباری ئەم خەباتە و

بەدەستهێنانی هەندێ کەرەسەی پێویست بۆ سەرکەوتنەکەشی بێت، دیسان هەر مرۆڤ ناچاردەکات هەست بە دەربەدەری بکات و تامەزرۆی هاوکاری ڕاستەو خۆ و یەکسەرەی هەڤاڵان و تێکۆشەرانی گەلەکەی بێت، جەماوەری قارەمان و تێکۆشەریش کە هەمیشە ساز و ئامادەیە بۆ خۆبەختکردن و فیداکاری، داوای ڕەوای لە ڕۆڵەکانی دڵسۆزی خۆی هەر ئەوە دەبێت کە هەمیشە لە ڕیزەکانی خۆیدا خەبات بکەن تا کاروانی خەبات دەگاتە قۆناغ.

دوژمـن و ناحەزانیش کە لەناو دڵی خۆیاندا خواخوایانە تێکۆشەرەکان لە جەماوەر دوروودابڕاوبن ، زۆڵانە کەڵکیش لەم دووریيە وەردەگرن و پروپاگەندەی ژەهراوی خۆیانی پێوە دەکەن.

مەبەستی سەرەکی لەو سەفەرەمدا چاوپێکەوتنی کاربەدەستانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە هاوبەشی لەو هەوڵ وتەقەلایە بوو کە بۆ پێکهێنانی بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی و دیموکراتی عێراق درا لەگەڵ بەسەرکردنەوەی دۆست و هاوپەیمان و هەڤاڵە عەرەبەکانمان لە سوریا و شۆڕشی فەلەستینی و لیبیا و چەندین وواڵاتی تردا.

پرسیار/ بەڕێز سکرتێری گشتی تکایە سەفەرەکەتان چ قازانج و سوودێکی هەبوو بۆ سەرجەم خەباتی گەلی کوردمان بەگشتی (ی.ن.ک) بەتایبەتی لەپێناوی گەشەپێدانی شۆڕش و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان ؟

وەڵام / سەفەرەکەم بەهاوکاری و هاوبەشی هەڤاڵانی تری ی.ن.ک دەرەوەی وواڵات چەندین قازانج و سوودی خۆی بەخشی،

(١) جارێ چەندین کۆسپ وگیروگرفت لەڕێگەی چاکتر لەیەکتر گەیشتن و هاوخەباتی ی.ن.ک لەگەڵ شۆڕشی ئیسلامی ئێران لا چوون بەپێی توانای خۆمان هەوڵماندا کە بەئاشتی بەشێوەیەکی سیاسی و ڕەوا گیروگرفتی کوردستانی ئێران چارەسەر بکرێت و شەڕی برا کوژی دوایی پێبهێنرێت کە لامولیە ئەگەر ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئێران نەبا بە ئارەزووی هەموو لایەک چارەیەکی ڕەوای بۆ دەدۆزرایەوە .

(٢) هاوبەشییەکی چالاکانە و کاریگەرانەمان کرد لەپێکهێنانی بەرەی نیشتمانی و نەتەوایەتی و دیموکراتی لە عێراقدا.

(٣) هاوخەباتی و هاوکاریمان لەگەڵ حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست (ڕەسەن) بەهێز و بەتینتر کرد و بناغەی هاوپەیمان و هاوخەباتییەکی درێژ خایەنمان دارشت لەسەر بناغەی یەکێتی تێکۆشان و دەستکەوت و یەکێتی دۆست و دوژمنی هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب .

(٤) دۆستایەتی و هاوخەباتیمان لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشی فەڵەستینی مشت و ماڵ کردەوە و گەشەمان پێدایەوەو پلەیەکی بەرزتر لە جاران . لەم دیدارو گفتوگۆ زۆرانەی لەگەڵ سەرکردەکانی ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستینی کردمان بەتایبەتی برایان کاک یاسر عەرەفات و کاک نایف حواتمەو و کاک جۆرج حەبەش و کاک ئەحمد جبریل وە دەیان سەرکردەیتری شۆڕشی فەڵەستین، پتر لە یەکتر گەیشتین وەچاکتر ئەو ڕاستیەمان چەسپاند کە کوردستانی ئێمەش فەڵەستینێکی تر و حوکمە فاشیستەکەی بەغداش دوژمنی سەر سەختی هەردوو فەڵەستینە هەموو ئەو برایانەش لە ڕووی سیاسی و بەشێوەی تریشەوە یارمەتی (ی.ن.ک) و شۆڕشەکەمانیان داوە بەمەش (ی.ن.ک) کوردایەتی ڕاستەقینەی جووت کرد لەکۆڕی خەباتدا لەگەڵ شۆڕشی فەلەستین و خەباتی ڕزگاریخوازی عەرەبدا و ئەو شوێنەوارە لەکەدارە ڕەشەی لەسەر ڕووی کوردایەتی سڕیەوە کە سەرکردایەتی بارزانی بەهۆی هاوکارییە ڕسوابووەکەیەوە لەگەڵ صهیونیزم و دەوڵەتی ڕەگەز پەرستی ئیسرائیل بە کوردایەتییەوە نابوو.

(٥) بەهێز کردن و جۆشدانەوەی هاوخەباتی و هاوکاری لەگەڵ شۆڕشی (فاتح) بەسەرکردایەتی کاک معمر قذافی کە یەکێکە لە چاکترین دۆست و هاوپەیمان و هاریکاری گەلەکەمان وە یەکەم سەرۆک دەوڵەتە لە دنیا کە بەئاشکرا دانیناوە بە بوونی نەتەوەی کورد و مافی ڕزگاری و یەکێتی ئەم نەتەوەیە وە لە زۆر شوێن و دەرفەتدا هەر لە کۆبوونەوەکانی فیکریەوە بگرە تا سەرکۆنفرانسەکانی نێو نەتەوەکان وە تا سەر خوانی میوانداری کرملین ئەم باسەی دووپات کردۆتەوە

ئەو جارەش شۆڕشە نەبەزەکەی (فاتح) و سەرکردە تێکۆشەرەکەی دۆستایەتی و هاوپەیمانی خۆیان لەگەڵ کورد و کوردستان و گەلی عێراقماندا دووپات کردەوە هەم بەکارو هەم بەکردەوە و هەم بە گوتەو پشتیوانی سیاسی .

(٦) پەیداکردنی یارمەتی جۆراو جۆر بۆ شۆڕشەکەمان وەک چەکی جۆراو جـۆرو،داوودەرمـان، کەلوپەل و جلوبەرگ و پارەوپول و پشتیوانی سیاسی و هیتریش.

(٧) گفتوگۆ لەگەڵ چەندین سەرکردەی سیاسی و ڕۆژنامەنوسی بەناوبانگ کراو، بڵاوکردنەوەی چەندین وتارو گفتوگۆ، هاوبەشیکردن لە چەندین کۆنگرەی گرنگ کە دەیان وەفد و سەدان نوێنەری تێدا بەشداربوون، وەک کۆنگرەی گەلی عەرەب، کۆنگرەی هاوکاری گەلان لەگەڵ فەڵەستین و قسەکردن لەو کۆنگرەدا بۆ ناساندنی ڕووی گەشی کوردایەتی و خەباتی ڕەوای گەلی عێراقمان بە نوێنەرانی گەلان و چاکتر ڕسواکردنی خەبات و دڕندایەتی حوکمە فاشستەکەی بەغداد لەلایان.

پرسیار / وەک زانـراوە (ی.ن.ک) دەوری سەرەکی هەبووە بۆ لەدایکبوونی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی نەتەوەی عێراق، جاتکامان لە بەڕێزتان ئەوەیە کە دەستکەوتەکانی ئەو بەرەیە لە ڕۆژی دروستبوونیەوە تا ئێستا چیبووە و ئایندە چۆن دەبینن بۆمانی ڕوون بکەیتەوە هەروەها دەنگدانەوەی لەدایکبوونی ئەم بەرەیە لەناو هێزە شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و ناوچەکە چۆن بووە؟

وەڵام / دامەزراندنی بـەرەی نیشتمانی نەتەوایەتی دیموکراتی عێراق خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی مێژوویی بـوو بۆ گەلی عێراق بە کـورد و عـەرەب و تورکمانیەوە لەلایەکەوە، بۆیەکەمجار لە مێژووی گەلەکەماندا نوێنەرانی تەیارە سەرەکیەکانی بزوتنەوەی عێراق یەکخران لە بەرەیەکدا. بۆ یەکەمجار دیموکرات و ناصری و بەعسی و شیوعی و کورد پـەروەری پێشکەوتنخواز و چەپەکانی شۆڕشگێڕ یەکیانگرت لەبەرەیەکدا لەسەر بنەمایەکی دیارو ئاشکرای هەمەلا و هەمە بەش کە هەموو لایەنێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و عەسکەری و نەتەوایەتی و دەرەوەو ناوەوەی عێراقی ژیرانەو بە تێروتەسەلی

چارەسەرکردووە . ئەم یەکگرتنەی ئەم تەیارە گرنگانە دوای چەندین ساڵ لە ناکۆکی و بەگژیەکدا چوون لە چەند لایەکەوە بەکەڵکو بەسودو گرنگ بوو نەک هەر بۆ عێراق بەڵکە بۆ دنیای عەرەب و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش .

لەلایەکیترەوە، دامەزراندنی بەرەکە بووە هۆی بوژاندنەوەو هەڵچوونی هەستی شۆڕشگێڕانە لە دڵ و دەرونی جەماوەری چەوساوەی عێراقدا، وە هیوا و ئاواتی سەرکەوتنی خستەوە هەموو دڵ و بیرێکەوە . هەر وەک مژدەی نزیکبوونەوەی هەڵهاتنی ڕۆژی ڕزگاری بۆ گەلی عێراق هێناو بووە هۆی هەڵچوون و پەرەسەندنی خەباتی شۆڕشگێڕانە .

هەموو ئەوانەی مەترسیشیان هەبوو لە دواڕۆژی عێراق دڵنیا بوون کە بەرەکە دەستە بەری پاراستنی عێراق و یەکێتی نیشتمانی خەڵکی عێراق و سەربەخۆیی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمییە. هەر بۆیەش ترس و سامناکی زۆری خستە دڵی دوژمنەوە.

لەدنیای عەرەب و ڕۆژهەڵاتیشدا جەبهەکەمان زۆر بەگەرمی و خۆشییەوە پێشوازی لێکرا. بزووتنەوەی لوبنانی و شۆڕشی فەڵەستینی و بەرەی نیشتمانی پێشکەوتوی سوریا وبـەرەی نیشتمانی دیموکراتی یەمەن و هەموو حیزب و ڕێکخراوە نیشتمانی و دیموکرات و شۆڕشگێڕەکانی عەرەبیش پێشوازیان لێکرد و وەعدو گفتی هاوکاری و یارمەتیان پێداین لە سوریاو لیبیاو یەمەنی دیموکراتەوە دەنگی پشتیوانی و یارمەتی بەرز بووە . لە کۆنگرەی گەلی عەرەبدا حیزبەدا تاشراوەکەی تکریتیەکان دەرکراو نوێنەرایەتی عێراق درا بە جەبهەکەمان. جگە لەمە بەرەکەمان توانی یارمەتی مالی و عەسکەری و سیاسی بۆ شۆڕش و گەلی عێراقمان مسۆگەربکات و هیوای ڕزگار بوونی بدا بەنەتەوەی مەزنی عەرەب، بەڕاستی ڕەزامەندی بەرەکەمان هاندەرێکی گەورەی خەبات و ڕابەرێکی چالاکی سەرکەوتن بوو مایەی گێڕانی زەماوەندی شادبوون بەڕێککەوتن و یەکگرتنی هێزەکان و تاقمە سیاسیە نیشتمان پەروەرەکان و سەرکەوتنی گەلەکەمان بوو بەسەر فاشستەکاندا .

لەکاتێکدا بەرەکەمان خەریکی خۆسازدان و هێز ئامادەکردن بوو لەڕووی سیاسی و عەسکەرییەوە دژی حکومی دیکتاتۆری سەربە ئیمپریالیزم و دوژمن بە گەل، لەناکاو وە بەپێچەوانەوی هەموو سەرەتاکانی پێکهێنانی هاوپەیمانی وبەرە، دەنگی دامەزراندنی بەرەیەکی سێ قۆڵی وەک بۆمبایەک لەبن تەلاری هیوا و ئاواتەکانی شۆڕشگێڕان تەقیەوە سەرلێشێواوی و پشێوی لەناو خەڵکدا نایەوە.

(ی.ن.ک) زۆر ئەرکو زەحمەتی بەپێکهێنانی بەرەکەوە بینیوە، وەک هەموو لایەنەکانی بەرەکە زۆری لا ستەم بوو کە لایەنێکی گەورەی بەرەکە کە (ی.ن.ک) دەیویست دەورێکی کاریگەری خۆی لە بەڕێوبردنی بەرەکەماندا بنوێنێت ڕابکێشرێت بۆ ئەو هەڵوێستەی کە هەر هیچ نەبێت بووە هۆی دابڕانی خۆی لە بەرەکەو هەڵدانەوەی ناکۆکیەکانی دێرین و کولاندنەوەی کۆنە برینەکانی لەشی هەموو لایەنەکان بەخۆشیانەوە!

من بەش بەحاڵی خۆم وەک یەکێک کە زۆر بەپەرۆش و بەسۆزەوە، بەپێکهێنانی بەرەکەوە ماندوو بوو بوو، هیوادارم ئەو برا تێکۆشەرەمان لە تاقیکردنەوەی چەند مانگی ڕابردوو ئەم ڕاستییەیان بۆ ڕوونبێتەوە کە نەخۆیان و نە بزووتنەوەی چینی کرێکاران و شۆڕشی عێراق و نەبزووتنەوەی نیشتمانی عێراق و نەبەرە و نە ئەو نیازانەی دەیکەن بە هۆی دروستکردنی جەبهەکەیتر کەڵک لە جەبهەی سێ قۆڵیەکە وەردەگرن بەڵکو بەپێچەوانەوە بۆ هەموویان پر زیان و زەرەرە. لام وایە هیچ ڕەوای هەق نییە واز لە هاوکاری و هاوخەباتی و لەگەڵ هەشت حیزب و ڕێکخراوی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازو دیموکراتی عێراقی ، عەرەبی، کوردی، تورکمانی بهێندرێ کە (نوێنەری تەیارە سەرکیەکانی کۆمەڵی عێراقیشن) بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ تاقمێکی پاشەڵ پیسی تاوانباری گرێدراو بە ئیمپریالیزم و صهێونیزمەوە کە دەیان بەڵگەی وەک ڕاپۆرتی ئۆتیس پایک، وەثیقەکانی ساواک و سیلو موساد و ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل و ئەمەریکا پەردەیان هەڵداوەتەوە لەسەر خۆفرۆشی و خیانەت و نۆکەراتییان بۆ ئیمپریالیزم و صهێونیزم و ڕژێمی شای گۆڕ بەگۆڕ، وە کە ئێستا بەکردەوە دووپاتی دەکەنەوە .

پرسیار / بەڕێزتان لەم سەفەرەدا زۆر دیدەنی و چاوپێکەوتنتان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکانی عەرەب و ناوچەی دونیادا کردووە، تکایە ڕای گشتی ئەم لایەنانە بەرامبەر بە خەباتی ئێستای گەلەکەمان و مەسەلەی کورد وەک بەڕێزت تێبینیت کردبێ چۆنە؟

وەڵام / بەڵی لەو سەفەرەدا بەچەندین دیداری گرنگ و بەسود شادبووم لەگەڵ سەرکردەکانی سوریە و لەسەرو هەموویانەوە سەرۆک حافظ الاسد و سەرکردەکانی لیبیا و لەپێشەوە کاک معمر القذافی سەرانی شۆڕشی فەڵەستینی وەک کاک (یاسر عەرەفات و کاک نایف و کاک جۆرج و کاک جبریل و سەرۆکی (جەبهه الخلاص الوطني الصومالی) و سەرۆکی جەبهەی نیشتمانی و دیموکراتی یەمەنی و دەیان سەرکردەی حیزبە عەرەبییەکان بە ناصری و بەعسی ڕەسەن و شیوعی و شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازی گرنگەوە هەروەک دەیان ڕۆژنامە نووسی عەرەبی و فەڕەنسی و ئینگلیزی و ئیتالی و ئەڵمانی و ئێرانی و ئیسپانی و یۆنانیم دیوە)، کە خۆشبەختانە هەموویان باش لە عەدالەت و ڕەوایی مەسەلەی کورد و کوردایەتی ڕاستەقینە و خەباتی گەلی عێراقمان گەیشتوون، منیش بەپێی توانا پتر ڕاستی وزیاتر بەڵگەم لەوڕووەوە نیشانداون. دەتوانم بەسەربەستی بڵێم کە ئیمڕۆ گەلی کورد دەیان حیزب و ڕێکخراوی عەرەبی و ئەوروپایی دۆست و پشتیوانی هەیە. وە پیاوانی شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەری ناسراوی عەرەب لەگەڵ مافە ڕەواکانین.

پرسیار / هەڵوێستی بەڕێز ڕۆژمە خوێنڕێژەکەی (صدام حسێن) لەلای ڕای گشتی و وولاتانی دەرەوە چۆن ناسراوە و چۆن لێی تێگەیشتون؟

وەڵام / ڕۆژمە خوێنڕێژەکەی صەدام حسێن دەستی کەوتۆتە ڕوو پەیوەندییە ئابورییەکانی و سیاسیەکانی لەگەڵ دنیای سەرمایەداری و ئیمپریالیزم بۆهەموولایەک ئاشکرابووە دوژمنایەتی سەر سەختانەی لەگەڵ گەلی عێراق و نەتەوەی عەرەب و شۆڕشی ئێران بۆ هەموان ئاشکرا بووە هێرش و پەلەماردانەکەی بۆ سەر جمهوریەتی ئیسلامی ئێران کە بەپێی نەخشەی ئیمپریالیزم و بە هاوکاری کۆنە

پەرستانی عەرەب و دژی دەسکەوتی عێراق و نەتەوەی عەرەب بەیەک جاری ڕسوای کردووە . خزمەت و نۆکەرایەتی ڕژێمە خوێنڕێژەکەی بۆ ئیمپریالیزم وەکو ڕۆژ ئاشکرایە. هەر بۆیەش کە ئەیمڕۆ زۆر سوک و ڕسوا بووە چیکە کەس بە دەهۆڵ و زورنا ناسازەکەی هەڵناپەڕێ .

پرسیار / ئاسۆی داهاتووی شۆڕش و ی.ن.ک بەڕێزتان چۆنی دەبینن و لایەنە پرشنگدارەکانی ئەمڕۆی خەباتی گەلەکەمان لەچییەوە دەستنیشان دەدرێ؟

وەڵام / ئاسۆی (ی.ن.ک) و شۆڕش زۆر ڕووناک دەبینم دڵنیام کە سەرکەوتن هەر بۆ شۆڕشەکەمان و سەروەریش بۆ (ی.ن.ک) دەبێت لە زۆر لاشەوە لایەنە پرشنگدارەکانی خەباتی گەلەکەمان بەدیدەکرێت. ئەمڕۆ جەماوەری گەلەکەمان هۆشیار بۆتەوە قۆڵو بازوی جەماوەری و دلێری لێهەڵماڵیوە زۆربەی هەرە زۆری خەڵک دژی ڕژێمی دیکتاتۆریە خائینەکەی بەغدایە و حەز بە سەرکەوتنی شۆڕش دەکەن. وە ئامادەن هاوبەشی تێدا بکەن و یارمەتی (ی.ن.ک) بدەن. ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حورمەت و هەیبەت و سامی لەناو خەڵکدا ئیمڕۆ زۆر پەرەی سەندووەو گەیشتۆتە پلەیەکی بەرزیش کۆمەڵانی خەڵک ئامادەی خەبات و فیداکاری و ڕاپەڕینن.

مایەی شادیە کە ئەمڕۆ هەزاران پێشمەرگە قارەمانانە لەکۆڕی خەبات دەوەستن هەزارانیش ئامادەی چەک هەڵگرتنن . دەیان و سەدان ڕۆشەنبیر و خوێندەوارو مامۆستاو نووسەر و شاعیر و دکتۆر و موهەندیس و و قوتابی شان بەشانی هەزاران کرێکار و جوتیارو ڕەنجدەران لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە دەجەنگن. سەدان قارەمان بە ئازایەتیەکی بێ وێنە ووردەیەکی سەرسوڕهێنەرەوە، بەدەستێکی پۆڵاین و دڵێکی پڕ لەخۆشەویستی گەل و نیشتمانەوە پەتی سێدارە دەکەن بەملی خۆیاندا بەجۆرێک ئەوان دوژمنیان تۆقاندووە نەک هەر چاویان لە ئاستیا نەنوقاندووە هەزارانیش دێنە جۆش و خرۆش نەک هەرچاویان بەمە نەترساوە تێکۆشەرانی دڵسۆزو ڕاستەقیەی کوردایەتی ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک وساتێک زیاتر هەست بە پێویستی یەکێتی ڕیزەکان و یەکگرتنی هەموو پێشمەرگەکانی

کوردستان دەکەن. ڕێبازی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری شان بە شانی هێزە پێشکەوتنخوازەکانی تری عێراق وا خۆی چەسپاندووە تەنانەت کۆنە پەرست و نەتەوە پەرستە تەنگ بینەکانیش لەئاستیا سەرفرو دێنن بۆی برایەتی و یەکێتی خەباتی کوردو عەرەب و تورکمان بوونەوێردی سەر زمان ودروشمی زەمان وپەرچەمی شەکاوەی سەرشانی شۆڕشگێڕەکانمان بیروو باوەڕی شۆڕشگێڕانە بەرەو زاڵ بوونی تەواو دەچێ لەسەر شانۆی سیاسی و کۆری خەباتدا.

ئـەوەی زۆریـش دڵی خۆشکردووم ئەو گەشەکردن و پەرەسەندنە زۆرەی (ی.ن.ک) بوو لە ڕووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوە کە لە مـاوەی سەفەرەکەم وەدەست هێنراوە بەڕاستی مانای شانازی و سەربەرزی وە شادیە وەدەستەبەری بەڕێوەبردنی ژیرانەی کوردایەتییە.

دوا پرسیار، چ داخوازیەکتان هەیە بۆ پێشمەرگەی کوردستان لەم ڕۆژگارەدا .

وەڵام / ئامۆژگاریم بۆ برا پێشمەرگە قارەمانەکان ئەمانەی خوارەوەیە:

ئەی برا پێشمەرگە نەبەزە دلێرەکان برایەتی و یەکێتی وتەبایی خۆتان بپارێزن و گەشەیان پێبدەن بێ گوێدانە جیاوازی ڕێکخراوو حیزب و بیروباوەڕی سایسییەوە . ئەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمووتان برا و تەبابن، پێشمەرگەی (ی.ن.ک) دەبێ براو پشتیوانی پێشمەرگەکانی حیزی سۆشیالیستی یەکگرتووی کوردستان و حشعو پاسۆک بن، نابێ دژی هیچ چەکدارێکی دوژمن بە حکومەت مەگەر پەلامارتان بـدەن، بەتایبەتی لەم ڕۆژانـەدا دەبـێ لەگەڵ پێشمەرگە دڵسۆز و قارەمانەکانی ح.س.ی.ک زۆر تەباو ڕێکو پێک بنو نابێ ماوەی هیچ جۆرە ناکۆکی و پێکداهاتنوو بەگژیەکدا چونێک بدەن. هەرچی لەم ڕێبازە لا بدات لە ڕێبازی (ی.ن.ک) دەردەچێت و خۆی توشی لێتوژینەوە دەکات . ئەی پێشمەرگە قارەمانەکان، ئەی ئەوانەی مێژوو شەرەف و ئەرکی پاراستی کورد وکوردستان و هەڵگیرساندنی شۆڕشی عێراق و ڕزگاری کردنی گەل و نیشتمانی لە ئەژدەهای فاشیزمی خستونەتە ئەستۆ ..ئیمڕۆ هەموو جەماوەری گەلەکەمان هەموو شۆڕشگێڕانی گەلی عێراقمان چاویان بڕەیوتە هەوڵ وتێکۆشانی ئێوە، هیواو ئاواتمان بەستووە بە خەباتی شۆڕشگێڕانەتانەوە،

بە چاوی شۆڕشگێڕی ڕزگاری هێنەرەوە تەماشاتان دەکەین دە ئێوەش وەک شایستەی ئەمشەرەفە مەزنەدرێژە بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆتان بدەن دەبا گیانی پاکی قارەمانانی نەمری گەلەکەمان گیانی نەمری کاک عەلی عەسکەری و خاڵە شەهابی شێخ نوری و شێخ حوسەینی بابە شێخ و کاک برایم عەزۆ، دکتۆر خالید سەعید و کاک ئارام و کاک سعدی گچکە و کاک جوامێر سایەمیر و کاک حەسەن خۆشناو و چەندین سەرکردەی قارەمانی تری (هـ. پ. ک) ئیلهام بەخشتان بێت، بۆ پێشەوە بەرەو زیندە بەچاڵکردنی ڕژێمە خوێناوییە فاشستەکەی سەر بە ئیمپریالیزم. لەدوایدا ئەڵێم برایانی خۆشەویستم نەکەن لە بیرتان بچێت کە ئێوە خزمەت کار و ڕۆڵەی دڵسۆزی جەماوەرن، خزمەت کارو پارێزگاری جوتیاران و چاکردنی زەوی و زار، کرێکاران و خوێندەواری شۆڕشگێڕو ئازادی و دیموکراسی ئێوە و خەڵک وەک ماسی و ئاو وانە هەردابڕان و دوورکەوتنەوەیەک لە کۆمەڵانی خەڵک مایەی فەوتان و ژێر کەوتنتانە.

بە سوپاسی زۆرەوە بۆتان بە کوڕنوش بردنەوە بۆ گیانی پاکی شەهیدە قارەمانەکانتان پڕ بەدڵ ئاواتە خوازی شادی و سەرکەوتنتانم.

وتـــــاری مام جەلال لە ئێزگەی دەنـــگی شۆڕشی عێراقـەوە 1981/11/28

هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری (ی.ن.ک) لە ١٩٨١/١١/٢٨ و لە هەلوومەرجێکی گرنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد بەناوی سەرکرایەتی (ی.ن.ک) وە ووتارێکی مێژوویی پێشکەش بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کرد ئەمە دەقی ووتارەکەیە

خوشکو برایانی تێکۆشەر

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بەناوی (ی.ن.ک) سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرمتان پێشکەش دەکەم. ئاواتەخوازم هەمیشە شاد و سەرکەوتوو بن

لەم کاتە ناسکەدا لەم هەلو بوارە لەبار و دژوارەدا کە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاری و دیموکراسی خەڵکی کوردستان هاتۆتە پێش بەپێویست زانـرا ئەمجارەش پێکبگەینەوە و هەندێک ڕاستیتان بۆ دووپـات بکەمەوە تا باشتر ئاگاداربن لە هەڵویست و سیاسەتی شۆڕشگێڕانەی (ی.ن.ک) و هەموومان چاکتر شارەزابین لە ڕێبازی خەبات و باشتر هوشیاربین لە دوژمن و زۆرتر ساز و ئامادەبین بۆ تێکشکاندنی هێرش و نەخشە گڵاوەکانی

ئەی هەموو تێکۆشەرانی ڕزگاری و دیموکراسی لەم سەردەمەدا کە سەردەمی هەرەس هێنانی یەکجارەکی ئیمپریالیزم و کۆڵۆنیالیزمە سەردەمی ڕزگاری گەلان و شادبوونیانە بە مافەکانی نەتەوایەتی و دیموکراتی خۆیان، سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستی دنیایە نـەتـەوەی (٢٥) ملیۆن کـوردی ئێمەش ڕاپـەڕیـوە دەستی داوەتە خەباتی شۆڕشگێڕانە بۆ ڕزگارکردنی کوردستانەکەی و سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی. تاکوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی دنیا بە مافی چارەنووس کە مافێکی ڕەواو تەبیعی خۆیەتی شاد و سەربەرزبێت، وە بەگوێرەی ئارەزوو ویستی خەڵکەکەی بەوجۆرەی گەرەکیانە بەکاری بهێنن دیارە ڕوون و ئاشکرایە کە مافی چارەنوسی گەلان مافێکی ڕەواو دیموکراتیەکی سادەیە، ئەمڕۆ لەهەموو دنیادا سەلمێنراوە و پەیمانی نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆبوونەوەکانی وڵاتانی بێلایەن و یاساکانی نێو دەوڵەتانیش دانیان پیا ناوە بەڵام زۆر بەداخەوە کە ئێستا چەندین

نەتەوەی وەک کورد لێی بێبەشکراون.

سەبارەت بە سیاسەتی داگیرکەران و شۆڤێنیانە و کۆنە پەرستانەی ئەو حکومەتانەی کوردستانیان داگیر و دابەشکردووە و دەوڵەتە هاوتاکانیان، وە سەبارەت بە هەڵوێستی دوژمنانەی دەوڵەتی ئیمپریالیست و دەزگا جاسوسەکانیان کە هەمیشە یاری بە مەسەلەی ڕەوای گەلانی بەشخوراوی وەک گەلی کوردەوە دەکەن .

ئاشکرایە کە ڕزگاری کوردستان و شادبوونی نەتەوەی کورد بەمانی سادەو ڕەوای چارەنووسی خۆی سەرکەوتنێکی یەکجار گەورە دەبێت نەک هەر بۆ نەتەوەی کورد بەڵکو بۆ هەموو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چونکە لەلایەکەوە دەبێتە هۆی هەڵتەکاندنەوەی چەندین ڕژێمی کۆنەپەرست و داگیرکەر کە نوێنەری چینە بۆرژواو بۆرژوا کۆمپرادۆرو بۆرژوا کۆنە پەرست و خوێن مژەکانیترن، لەلایەکیترەوە دەبێتە هۆی جۆشدان و پەرەپێدان و هەڵچواندنی بزوتنەوەی کرێکاران و و ڕەنجدەران و شۆڕشگێڕانی گەلانی ناوچەکەش سەبارەت بەوەی بزوتنەوەی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازوو ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دووژمنی سەرسەختی ئیمپریالیزم و داگیرکردنە، پشت و پەناو هاوپەیمانی کاریگەر و بەکاریانەو بەشێکە لە شۆڕشی ئەو سەردەمەی دنیا.

هەر بۆیە پەرەسەندن و هەڵچونی بزووتنەوەی ڕزگاری و دیموکراسی خەڵکی کوردستان واتە کوردایەتی پێشکووتنخواز ئەهمیەتێکی گەورەو مێژوویی هەیە بەتایبەتی لەمڕۆدا کە لەکوردستانی ئێران و عێراقدا گەیشتووەتە پلەی خەباتی شۆڕشگێڕانەوە، شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراسی خۆی بەرپاکردەووە و خستویەتیە سەر ڕێبازی سەرکەوتووانە، ڕێبازی دووژمنایەتیکردنی ئیمپریالیزم و زایۆنیزم و حکومەتە داگیرکەرەکان و ڕێبازی هاوخەباتی و هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ هێزی پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕ و دیموکراتەکانی گەلانی ئێران و عەرەب، وەکە جڵەوی شۆڕشەکە لەدەستی هێزە کۆنەپەرست و خیڵەکی و بەبێگانە گرێدراوەکان دەرهێندراوەو کەوتووەتە دەستی هێز شۆڕشگێڕەکان کە لە ناویاندا ڕەنجدەران و

خوێندەوارە شۆڕشگێڕەکان دەوڕێکی گرنگ و سەرەکی دەبینن، واتە کوردستان بۆتە ئاگردانێکی شۆڕشی زۆر لێکراوان و ڕەنجدەرانی ڕۆژهـەڵات و کراوەتە قەڵایەکی توندوتۆڵی ئازادی و دیموکراسی.

هەر بۆیە هیچ مانای سەرسوڕمان نییە کە ئیمپریالیستەکان و سەهیۆنییەکان و هێزی کۆنە پەرست و حکومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەهەموو شێوە و جۆرێکەوە بچن بە گژ شۆڕشی کوردستاندا و شەڕی کوردپەروەران و شۆڕشگێڕانی کوردستان بکەن، چەندین چەشنە نەخشە و پلان لە چەندین لاو دژی شۆڕشەکە بگێڕن، دوژمنان جگە لە پەلاماردانی دڕندانە، جگە لەبەکارهێنانی لەشکر و تۆپ و تانک و فڕۆکەی جەنگی، جگە لەبەکارهێنانی هەموو جۆرە کوشت و کوشتارێکی دڕندانە و لەداردان و هەڵواسین و لەناوبردنی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان ڕێگەی فریودان و هەڵخەڵەتاندن و کڕینی هەندێکیشی بەکارهێناوە بۆ جاش ڕاگرتنیان تا بەریاندەنە گیانی شۆڕشگێڕانی کوردستان. واتە دوژمن دەیەوێت کوردی دڵسۆز بە کوردی بەکرێگیراو بە کوشتن بدات شەڕی کورد بە کورد بەکوشتندان سازدا و ئاژاوەی ناوخۆییمان بۆ بنێتەوە، بۆئەوەی هێز شۆڕشگێڕەکانی کوردستان چاک نەپەڕژێنە سەر دوژمن و هەموو توانا و وزەی خۆیان لە دژی بەکارنەهێنن.

جا سەبارەت بە زانینی ئەم ڕاستییەی سەرەوە ئیمڕۆ نەک هەر بەگژاچوونی داگیرکەران و ڕاپەڕینی چەکدارانەی جەماهیری لە دژیان بەڵکو پەکخستنی نەخشەو پیلانەکانیشیان واجبێکی پیرۆزی سەر شانی شۆڕشگێڕەکانی کوردستانە، ئیمڕۆ زۆر بەجێیە زۆر ڕەوای هەقە کە هەوڵیش بدەین بۆ پەکخستنی شەڕی کورد بە کورد بەکوشتندان، هەم بەخەباتی شۆڕشگێڕانەی چەکدار و هەم بە هەوڵوو کوششی سیاسی و ئاشتیخوازانە ، ئەم ئەرکە ئەوەندە پیرۆزە ئەوەندە گەورەیە کە نابێت هیچ هەلێک با زۆریش لەبار نەبێت لەدەستی بدەین کە نابێت هیچ دەرفەتێک (بازۆریش بەکارهێنرابێت) بەربەست بکەین.

(ی.ن.ک) وەک هێزێکی پێشڕەوی کوردایەتی و هێزێکی شۆڕشگێڕی کوردستانی ناکرێ و ناتوانێ لە دەوری خۆی لەهەوڵوو کۆششی خۆی لەم مەیدانەشدا

کەمتەرخەمی بکات بەتایبەتی کە (ی.ن.ک) هەر لەسەرەتای (دوای ئاشبەتاڵەکەی سەرکردایەتی خێڵەکی و بـورژوازی مشەخۆری کە بۆ نـەتـەوەی کـورد کردە کارەساتێکی مێژوویی) یەکخستنی هەموو هێزەکانی کوردایـەتـی لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، پەکخستنی پلان و نەخشەی کورد بە کورد بەکوشتدانی کردە ئەرکێکی گەورەی خۆی، هەر وەک هاوکاری و هاوخەباتی بەشەکانی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا لابـووە بەشەرتێکی بنەڕەت و زۆر پێویست بۆسەرکەوتنی کوردایەتی لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا.

ئاشبەتاڵی ساڵی ١٩٧٥ کارەساتێکی بێوێنە و بێهاوتایە لە مێژووی کوردەواریدا، ئاشتبەتاڵ کردنەکەی سەرکردایەتی خێڵەکی و بۆرژوازی مشەخۆری سەوداکەر بەکوردایەتی بووە هۆی بەفیڕۆدانی خەباتی چەکدارانەی چواردەساڵ و خەباتی سیاسی و دەیان ساڵی کوردایەتی خوێنی دەیان هەزار شۆڕشگێڕو ڕەنجی سەدان هەزار کوردیشی بەبادا.

گەورەترین و لەبارترین هەلوو دەرفەتی ڕزگاری و سەرکەوتنیشی لە کیسی کوردا، گەورەترین هێزی چەکداری کوردی لە مێژوودا پەرت و بڵاوە پێکرد و سەری سەرشۆڕی پێدانەواند کوردایەتیشی شێواند و زۆریشی دزیۆ کرد لەبەر چاوی گەلاندا، لەبزوتنەوەیەکی مێژووکردی ڕەوای بابەتییەوە وەک بزوتنەوەیەکی کۆنەپەرستی سەر بە ئەمەریکا و ئیسرائیل هێنایە ڕوو، شۆڕشەکەشی وەک ڕاپەڕینێکی چەکدرای داردەستی بێگانە نیشاندا کە هەر کاتێک لێیان بوێت شەڕ دەکات و کەی ئەمریشی پێکرا ئاشبەتاڵ دەکات کە ئەمەش بووە هۆی تۆراندنی دۆستان و هاوپەیمانانی بابەتی لە ڕۆژهـەڵات و دنیادا و مایەی گاڵتەپێکردن و پێخۆشبوونی دوژمنان و ناحەزان و مایەی یاریکردنی ئیمپریالیستە خۆێن خۆرو داگیرکەرە خوێن مژوو سەهیۆنیستە زۆڵە فێڵبازەکانیش بەکوردایەتی کە دیارە ئەویش کوردایەتی وەتەقی خستبوو، لەدۆست و هاوپەیمانەکانی دایبڕیبوو، دوژمەنکانیش دوای تـەواو بوونی کایەکەیان دوای یاریپێکردنەکەیان دەستیان لێهەڵگرتبوو بابۆماوەیەکیش بێت تانۆرەی کایەیەکی تریان دێتەوە.

ئالەوکاتە دژوار و پڕ لەکوێرەوەرییەدا، لەو سەردەمی تاریک و پڕ لەنائومێدی و بێ هیوایی ودڵتەزێن و دەرسڕکەردا، لەوکاتەدا کە دۆست و دۆژمن پێیوابوو جارێکیتر لەم سەدەیەدا کوردایەتی لە کوردستان و عێراقدا هەڵناستێتەوە (ی.ن.ک) پێکهاتوو ئالای جۆشدانەوەی خەبات و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی هەڵکردەوە. بەڵێ ئەوی ڕۆژێ (ی.ن.ک) بە باوەڕی تەواوی بەهێز و وزەی زۆر وزەوەندی خەڵکی کوردستان وەبەباوەڕی تەواوەوە ئەم ڕاستییەی کەئاشبەتاڵ هەڵاتن و ژێرکەوتن و تێکشکاندنی سەرکردایەتی و خێڵەکی بوژانەوەی مشەخۆری سەوداکەر بووە نەک بەزین و کۆڵدانی کوردایەتی وکۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، بـەدەرس و پەندی پێویست هەڵهێنجانەوە لەو ئاشبەتاڵ و کارەساتەوە هاتەوە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانە کە هەرە گرنگ و گەورەکەیان بریتیبوون لەمانەی خوارەوە.

*دیسان بۆ گەلی کوردستان دەرکەوتەوە کە ئیمپریالیستەکان و سەهیۆنیستەکان و داگیرکەرانی کوردستان دوژمنی سەرسەخت و خۆین خۆری نەتەوەی کوردن.

یـاری داگیرکەران بەهەندێک هێزی کورد بەهەندێ هۆز عەشیرەت و تاقم بۆدژایەتی کوردایەتی و کورد بە کورد بەکوشتدانە، ئەو پول و پارەو چەکەی کە پێیانی ئەدەن بۆ ڕژاندنی خوێنی شۆڕشگێڕانی کوردستان وتێکشکاندنی کوردایەتی و لەناوبرددنی شۆڕشی کوردستانە.

دیسان بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوتەوە کە حکومەتە بۆرژوازی و حکومەتە خوێنمژەکانی کوردستانیان داگیر و دابەشکردووە نایەنەوێ و ناتوانن چارەیەکی ڕەوای مەسەلەی نەتەوایەتی کوردبکەن بۆیە پشتیان پێنابەستریێت جێگەی بڕوانین، ئومێدیان پێناکرێت، ئاواتیان پێناچێتەسەر. دیسان بۆ خەڵکی کوردستان دەرکەوتەوە کە ڕێگای ڕزگاری کوردستان ڕیگای خۆگرێدان نیە بەو حکومەتانەوە بەڵکو ڕیگای دوژمنایەتی کردنیانە، بەڕێگەی بەگژاچوونی ئیمپریالیزم و سەهیۆنیزم و داگیرکەرانە ریگای خەباتی شۆڕشگیڕانەی جەماوەرە بەهاوکاری و هاوخەباتی لەگەڵ هێزی شۆڕشگێڕو پێشکەوتنخوازەکانی عەرەب و ئێران و تورکیا، ڕیگای خەباتی شۆڕشگێڕانەی پشت بەخۆ بەستوو پشت بە گەل بەستن باوەڕکردن بە

هێزی زۆر و زەوەند و لەبن نەهاتووی گەلوو نیشتمان.

دیسان بۆمان دەرکەوتەوە کە بۆ سەرکەوتن نەک هەر پارتی پێشڕەو هێزی شۆڕشگێڕی پێشمەرگە و یەکخستنی هێزەکانی گەل و هاوخەباتی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی گەلانی ڕۆژهـەڵات پێویستە، بەڵکو هاوخەباتی و هاریکاری و هاوپەیمانی هێزەکانی کوردایەتی لەسەرتاسەری کوردستاندا زۆر زۆر پێویستە بۆیە خۆگرێدان بە دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستانەوە لە دژی هەر بەشێکی کوردایەتی لە هەر پارچەیەکی کوردستاندا نەک هەرخیانەتێکی نەتەوایەتی گەورەیە بەڵکو مایەی ڕسوابوون و شکان و فەوتانیشە هەر بۆیە (ی.ن.ک) هەر لەسەرتای دامەزراندنیەوە هەموو ئەو ڕاستیانەی خستە دڵو ودەرونەوەو بەکاریانهێنان .

لێرەدا ئیجازە لە خوشک و برایانی گوێگر دەخوازم بۆ ئەوەی نەختێ لەسەر یەکێ لەم ڕاستیانە بڕۆم بۆ ڕوونکردنەوەی هەڵوێستی (ی.ن.ک) لەخەباتی ڕەوای کوردایەتی لە هەموو کوردستاندا وەک دەزانن (ی.ن.ک) بانگەوزای دامەزراندنەکەی لە دەرەوەی وڵات بڵاوکردەوە زۆربەی دەستەی دامەزرێنەرەکەی لەشام بوون ڕێگەی هاتووچۆبە کوردستانی تورکیا و کوردستانی ئێراندا بوو بۆ پەیوەندی کردن بە هەڤاڵانی تێکۆشەر و دەستەی چەکداری شۆڕشگێڕ لەسەر خاکی نیشتماندا بۆیە هەر زوو هەر دەستەو یەخە بەرەنگاری سەرەتای هاوخەباتی و هاریکاری نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکانی نەتەوەی کورد بووین ئەوەبوو توند دەستمانگرت بە ئەلقەی سەرەتا پیرۆزەکەوە بێگوێدانە ئەوەی بەسەرمان دێنێ.

وەهەر چەندە ئێمە ئێستاش سوپاسگوزاری ئەو یارمەتیەین کە حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی و حکومەتی جمهوریەتی عەرەبی سووری پێیکردین کە زۆریش پێویست و بەکەڵک بوو بۆ هەڵسانەوەی کوردایەتی و ڕاستکردنەوەی باری خەباتەکەی گەلەکەمان، بەڵام هەر دیسان سووربووین لەسەر هاوکاری و هاوخەباتی تاقم و حزبە پێشکەوتخوازەکانی کوردی سوریا تەنانەت لە چەندین دەرفەتدا لەگەڵ برا سوریەکانمان ئەوەشمان باسکردووە کە هەق و ڕەوای هەقەدوایی بهێنرێت بەوسیاسەتە شۆفێنییەی سەردەمی انفصال بەسەر کوردی سوریەدا

سەپاندو شۆڕێنەوارەکانیشی دەبێ بسڕێتەوە ئیمڕۆ خۆمان لەبەرچاوی وەفدی بەرەی نیشتمانی و نەتەوەیی دیموکراتی عێراق لەگەڵ برایانی بەرەی نیشتمانی پێشکەوتووی سوریەدا ڕاستەوخۆ مەسەلەی هاوبەشی حزبە پیشگەوتنخوازەکانی کوردەکانی سوریامان لەبەرەکەیاندا هێنایەکایە و باسی ڕیزگرتن لە مافەکانی برا کوردەکانی سوریامانکرد.

دیـارە مانای شانازی و دڵشادییە کە هەموو برایانی وەفدەکـەی عێراق و لەپێش هەموویان کاک عەبدولجەبار کوبەیسی نوینەری حزبی بەعسی عەرەبی سوسیالیستی – قیادەی وولاتی عێراق بەگەرمی و بە چاکی پشتیوانییان لێکردین و داوای سەلماندنی مافی نەتەوەی کورد و عەرەبیان لەسەر ڕاستییەکانی مێژوو مافی چارەنووسکرد. لەگەڵ هێزەکانی شۆڕشگێڕ و پێشکەوتنخوازی کوردستانی تورکیاش تابۆمانکرابێ هاوکاری و هاوخەباتیمان کردووە و بەپێی توانای خۆشمان و سەرەڕای وەزعی نالەبارو زۆر دژواری خۆشمان یارمەتی زۆریانمانداوە مایەوە هاوخەباتیمان لەگەڵ تێکۆشەرانی کوردستانی ئێران دەمەوێت نەختێک بەڕوونی لەسەری بڕۆم.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی (ی.ن.ک) دا لەساڵی (١٩٧٥) هەوڵماندا لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و هێزە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی تری ئێراندا دۆستایەتی و هاوخەباتیمان هەبێ، ئەوی ڕۆژێ هەوڵماندا لەگەڵ ئایەتوڵڵا خومەینی و جەبهەی میللی ئێران و خوێندکارانی ئێران لە دەرەوەی وولات و سازمانی ئینقلابی و چریکەهای فیدایی خەڵق و موجاهدینی خەڵق و هەموو تێکۆشەرانی ئێرانی دۆستایەتی و هاوخەباتی پەیدابکەین، هەوڵماندا کە لەلای برا عەرەبە شۆڕەشگێڕەکانمان بەتایبەتی لای برا شۆڕشگێڕە لیبیەکانمان و سووریەکان و فەڵەستینیەکان هـاوکاری و یارمەتیان بۆ وەدەسـت بهێنین، تەنانەت ئێمە دەستپێشکەربووین لەناساندنی ئایەتوڵڵا خومەینی وپەیڕەوەکانی مەجاهیدینی خەڵق و فیدایی خەڵق و جەبهەی میللی بەبرا شۆڕشگێڕە لبیەکان بۆ یارمەتیدانی خەباتەکەیان . دیارە زۆر ئاسایی و پێویستیشە کەلەگەڵ برا کوردە

تێکۆشەرەکانیشمان لە دیوی کوردستانی ئێراندا هاوخەبات و هاریکاری یەکتربین.

بەڵام سەیر ئەوەیە سەبارەت بە هەندێک هۆ پەیوەندیمان لەئاستی پێویست نەبوو لە

گەڵیاندا هەرچەندە ئێمە هـەر لەسەرەتای داگیرساندنی شۆڕشەکەمانەوە بە برایانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانمان ڕاگەیاندبوو کە بنکەکان و ناوچەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەتوانن وەک هی خۆیان دژی حوکمی شای زۆردار بەکاربهێنن هەر وەک بەهەموو لایەنەکانی ئێرانی دوژمن بە شامان ڕاگەیاندبوو کە دەتوانن کەڵکی پێویست لەتواناو ناوچەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەرگرن. تا ساڵەکانی پەرەسەندن و هەڵچوونی خەباتی گەلانی ئێران کە پەیوەندیمان بەرەو چاکی چوو ئێمە لەم پەیوەندیەشدا پەیڕەوی وردو تەواومان کردووە لەسەرەتای سەربەخۆیی هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕەکان، وەسەرەتای دەست وەردانی کاروباری ناوخۆی کوردستانی ئێران و سەرەتای خۆ بە کوێخا نەزان و کەس بەکوێخا نەزان و کەس بەکویخا نەسەپاندن، هەروەک دەستیشمان گرتبوو بە ئەڵقەی سەرەتایی هاوخەباتی و هاریکاری و هاوکاری پێویست لە نێواماندا.

لێرەدا لەسەرمان پێویستە هەندێک ڕاستی گرنگ بخەینە بەرچاوی خەڵکی کوردستان کە لە پێشەوەیان ئەمەیە،

براتێکۆشەرەکان و خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران لە کۆڕی هاوکاری و هاوخەباتیدا لەگەڵمان دەستپێشکەر بوون، ئەوان بوون لەساڵی (١٩٧٧) هوە دەستی یارمەتی ماڵی و ڕەوانیان بۆ درێژکردین، دەبێت لێرەدا سەری تەجلیل دانەوێنم بۆ گیانی پاکی شەهیدانی نەمری کوردستان کاکە خانەی موعێنی کادری هەڵکەوتووی کۆمەڵە و برای شەهیدانی نەمر کاکە سلەیمان و کاک عەبدوڵڵای موعینی کە لە کوردستانی عێراقدا لە هاتنەکەیدا بۆ یارمەتی و هاوخەباتیکردنی ئێمە لە ناوچەی دڕی لای ماوەت بەدەستی جەللادەکانی بەغدا شەهیدکرا، نابێ باسی ئەو هەموو کۆمەک و یارمەتییە زۆروزەوەندەش نەکەم کە لە خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی

ئێران و ڕۆڵە تێکۆشەرەکانیانەوە لە ساڵی (١٩٧٧-١٩٧٨ بەلێشاو بۆمان کۆکرایەوە، ئێمە لێرەدا زۆر بەجێ و بەپێویستی دەزانین سوپاسی خۆمان بە تێکۆشەران و خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران ڕابگەیەنینەوە، نەشدەکرا ئێمە ئەو هەموو چاکە و پیاوەتییەی خەڵکی کوردستانی ئێرانمان لەچاودا نەبێ، وەسەرەتاکانی خەباتی پیرۆز ڕەچاونەکەین بۆیە لەکاتی پێویستدا ئێمەش درێغیمان نەکردووە و بۆ هاوخەباتی و هاوکاری تێکۆشەران و خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، ئەوەبو کە لەساڵی ١٩٧٩ شەڕە ناڕەوایەکە زۆردارانـە سەپێندرا بەسەر خەڵکی کوردستانی ئێراندا ئیدی نۆرەی ئێمەش هاتبوو سەرەتاپیرۆزەکانی خەبەتەکەمان جێبەجێ بکەین و چاکەی خەڵکی کوردستانی ئێران بدەینەوە.

نەشدەکرا بێباک و بێپەروا دەست لە ئەژنۆ بۆیدانیشین و نەگەینە فریای براکانمان بۆیە ئەوەی لەدەستمان هات درێغیمان نەکرد، تەنانەت ئەو هاوخەباتیەشمان بۆ بەئاشتی و بەشێوەیەکی سیاسی چارەسەکردنی مەسەلەی کوردستانی ئێرانیش خستە گەڕ، ئەوە بوو کەمن خۆم بەڕەزامەندی و ناوی (ی.ن.ک) وە چەندین نامەم ناردوە بۆ ئایەتوڵڵا خومەینی و ئایەتوڵڵامونتەزری و کاک سەید حسێنی خومەینی و کاک داریوشی فروهەر بۆ دوایی هێنان بەشەڕ و دۆزینەوەی چارەیەکی سیاسی بۆ کێشەی کوردستانی ئێران، دیارە وەک هەموو لە بیرمانە ئەنجامەکەی قبوڵکردنی ناوبژیوانی ئێمە بوو لە نێوان حکومەتی ئێران و بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی خەڵکی کوردستانی ئێراندا ئێمە ئیستەش بە مایەی شادی خۆمانی دەزانین کە توانیمان نوێنەرانی حکومەتی ئێران کاک داریوش و موهەندیس سەحابی و موهەندیس سەباغیان و وەفدەکەیان لەگەڵ مامۆستا شێخ عیزەدین و نوێنەرانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵە بگەیەنینە یەک کە دوای چەندین جار هاتووچۆوو گفتوگۆ شەڕ ڕاگیراو هەیئەتی نمایندەگی خەڵکی کورد پێکهێندرا و دووبارە ئاشتی گەڕایەوە کوردستان .

ساڵی (١٩٨٠) ش لە چوونە دەرەوەکەماندا بە تاراندا دیسان زۆرمان هەوڵدایەوە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و سەلماندنی شەش مادەکەی حزبی دیموکراتی کوردستانی

ئێران لەلایەن کاربەدەستانی تارانەوە تا ئەو ڕادەیەی کە تواندرا دکتۆر سەید ئەبولحەسەن بەنی صەدری سەرۆک کۆمار پێیان ڕازی بکرێت و دەستوری شەڕ ڕاگرتن دەربکات، بەڵام هێزە دەست ڕۆشتووە شەڕخوازەکانی تاران پەکی ئەو هەوڵ و تەقەلایەیان خستوو شەڕیان سەپاندەوە بەسەر کوردستاندا بە گوللە و بۆمباران و تانک و تۆپ و فڕۆکەوە بەربوونە گیانی خەڵکە قارەمانەکەی.

دیسان ئەمسااڵیش لە گەڕاندنەوەماندا بەرەو نیشتمان لە تاران چاومان بە سەید ئەبولحەسەن بەنی صەدری سەرۆک کۆمار و چەندین کار بەدەستیتر کەوتەوە، لەئەنجامی گفتوگۆ لەگەڵیاندا پێکهاتین کە ئـەوان خـود موختاری کوردستان دەسەلمێنن وە ئێمەش بەناوی ئـەوەوە داوای چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد لەسەربناغەی خودموختاری و پەیوەندی بڕین بە بیگانەوە و سەربەخۆی ئێران بگەیەنین بە مامۆستا شێخ عیزەدین و کاک دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و ناوبژیش بکەین بۆ ئاشتی و چارەسەرکردنی مەسەلەکە، بەڵام تاهاتینەوە و پێشئەوەی بتوانین دەنگی بگەیەنین بە شوێنی خۆی دکتۆر بەنی صەدر لەکار الدرا، واتە ئێمە ئەوەندەی توانبیێتمان هەوڵماندا‌وە کە بەناهەق و بێجێ خوێنی ڕۆڵەکانی ئێران بەکورد و فارس و ئازەرو هەموانیترەوە نەڕژێ وە شۆڕشی ئێران تووشی پاشەکەشی و سەرەو ژێربوون نەبێ.

ئێمە ویستومانە هۆی خێرو ئاشتی و دادپەروەری بین لەئێرانداو پەیوەندیەکانی خۆمان بۆ ئەم ئامانجە پیرۆزانە بەکارهێناوە بێدەستوەردانی کاروباری تایبەتی و ناوخۆیی ئێران ئێستەش کە گەلی کوردستانی ئێران دووچاری شەڕێکی کاولکەرەو وێرانکەربووە، کە داوا ڕەواکانی پێشێل دەکرێت و ئێمەی ڕۆڵەی دڵسۆز و بەوەفای کوردایەتی ناتوانین بێباک و بێپەرۆش ملکەچ و سەرشۆڕ بکەین ناکرێ واجبی نەتەوایەتی و نیشتمانی بـەلاوە بنێین، پێماناکرێت چاکەو پیاوەتی تێکۆشەران و خەڵکی بەشەرەفی کوردستانی ئێران لە چاونەگرین و لەبیری بکەین لەمەش بترازێ ئەمڕۆ لەدژی ئەم خەڵکە قارەمانە هەندێک کوردی عێراقی چەکدارکراون و بەردراونەتەگیانیان، شارو دێهاتی کوردستانی ئێرانیان پێدەگیرێت و ڕۆڵەکانیان

پێدەکوژرێ، دیارە لەکەس شاراوە نییە کە سەرپەرشتیکردنی ئەم کارە پڕ تاوان و دژ بە کوردەش سەرکردایەتی بارزانی دەیکات و خێڵی بارزانییان کردووە بە بنچینەکەی. ئەم تاوانەش لە دژی خەڵکی کوردستانی ئێران و بگرە دژی هەموو نەتەوەی کوردە، بەناوی کوردی عێراقیشەوە دەدرێتە قەڵەم، بۆیە (ی.ن.ک) ی پێشڕەوی خەباتی خەڵکی کوردستانی عێراق دەبێ لێ بێتە جواب، پێویستە هەوڵ بدات بۆ ڕزگار کردنی خەڵکی کوردستانی ئێران لەو بەڵایە، بۆیە جگە لە دەربڕینی ناڕەزایی و تاوانبارکردنی ئەو تاوانانە، ئەمجارەش (ی.ن.ک) بەپێویستی زانی دوای گفتوگۆ و پرسکردن بەچەندین هێزی نیشتمانپەروەری کوردستانی و حزبی شیوعی عێراقی کە سەودایەکی مێژوویی پێشکەش بەسەرکردایەتی بارزانی بکات ئەمیش بریتیە لە ڕازیبوونی (ی.ن.ک) بەگەڕانەوەی هەموو هێزو سەرکردایەتی بارزانی بۆ کوردستانی عێراق بۆ هاوبەشیکردن لە خەبات دژی حوکمی ڕەفتار فاشستی بەغداد بەو تاکە شەرتەی وازبهێنن لە کورد کوشتن لە کوردستانی ئێران و وازبهێنن لە بەگژاچوون و شەڕکردنی تێکۆشەرەکانی و دەست هەڵگرتن لە پەلاماردان و داگیرکردنی شار و دێهاتەکانیان و چیکە دەستنەخەنە ناو کاروباری کوردستانی ئێرانەوە. جا ئەگەر سەرکردایەتی بارزانی ئەم شەرتە قبوڵبکات (ی.ن.ک) یارمەتیان ئەدا بۆ هێنانەوەی هەموو هێزەکانیان وە هەر لە ئیستاوە شەڕی عەسکەری و ئیعلامی لە خۆیەوە ڕادەگرێ لە دژیان.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەی هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان (ی.ن.ک) بەپێویستی زانی ئاگادارتان بکات لەم ڕاستییە، لەم هەڵویستە پڕ لەپەرۆشی و دڵسۆزییەی خۆی بۆ کوردایەتی و بۆ دوایی هینان بەشەڕی کورد بەکورد کوشتدان و بۆ ڕزگارکردنی خەڵکی کوردستانی ئێران لە بەڵای هەندێ کوردی عێراقی بەگژداکردنیان بۆ سەر خستنی ئەو هەوڵ و تەقەلایەش کە هەندێ لایەنی سیاسیش دەیدەن بۆ ڕازیکردنی سەرکردایەتی بارزانی بەم بڕیارە مێژووینەی (ی.ن.ک) کە دەربازبوونی خۆشیانی تێدایە لەم گێژاوە خنکێنەرەی کە خۆیان تێخستووە،

بەپێویست زانرا بڕیاری سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەڕاگرتنی شەڕی ئیعلامی و شەڕی عەسکەری بەهەموان ڕابگەیەنم، بەمبۆنەیەوە داوا لە هەموو هێزی قارەمان و سەرکەوتوی پێشمەرگەی کوردستان دەکەم کە دەستبەجێ شەڕ ڕابگرن لە دژی هێزەکانی سەرکردایەتی بارزانی لەوماوەیەدا کە بڕیاری لەسەردراوە وە هەر تەنها هەڵوێستی دیفاعی خۆیان و پارێزگاری ناوچەکانیان وەربگرن، چونکە دەبێ هێزەکانی لایەنەکانیتریش لەشوێنی خۆیان بوەستن و پەلاماری ناوچە ڕزگارکراوەکان نەدەن، هەروەک دەبێ دەزگای ڕاگەیاندن بەوردی و ژیرانە پەیڕەوی بڕیاری ڕاگرتنی حەملەی ئیعلامی بکات و زەمینەش خۆش بکات بۆ دەرخستن و گەشاندنەوەی گیانی ئەم بڕیارە مێژوویییەمان .

دیارە هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان هەربەردەوامیش دەبێ لەسەر بەگژانەچوونی برا پێشمەرگەکانی حزبی شیوعی عێراقی و برایانی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراق، هیواشمان زۆرە کە هەموو لایەک باش لەم ڕاستییە گەیشتبن کە هێزی لەشکان نەهاتووی پێشمەرگەی کوردستان و (ی.ن.ک) بەهیچ جۆرێک گەلەکۆی و هێرش و پەلاماردانێک لەناو ناچێت وە هەموو جۆرە خەیاڵی بابردوی ئەوها لەسەریان دەرچووبێت تاهێزی خۆگرو دوژمن بەزێنی پێشمەرگەی کوردستانیش هەوڵ و کۆشش و توانای خۆی تەرخان بکات هەر بۆ هاوبەشیکردن لەڕووخاندنی حوکمی ڕەفتار فاشستی بەغداو هێنانە سەرکایەی حوکمێکی دیموکرات و ئیئتیلاف کە دەستەبەری ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەش بێ بۆ کوردستان کەبێگومان ئەوسا کوردستان، کوردستانی ئوتونۆمیدار دەبێتە قەڵایەکی شۆڕشگێڕ وپیشتیوانی باوەڕپێکراوی کوردایەتی لە هەموو کوردستاندا و هی هێزە شۆڕشگێڕەکانی تری گەلانی ڕۆژهەڵاتەکەشمانە.

ئەی هەموو هێزە پێشکەوتنخواز و شۆڕشگێڕەکانی کوردستان

وائەمجارەش لەپێناوی دەستکەوتەکانی نەتەوەی کوردا (ی.ن.ک) پێدەخاتە سەر بڕینەکانی ناو دڵی خۆی بۆ بەربەستکردنی شەڕی کورد بە کورد بەکوشتدان و پەکخستنی پیلانە گڵاوەکانی دوژمنان بۆ ڕژاندنی خوێنی تێکۆشەرەکانی ڕێگەی

ڕزگاری و دیموکراسی کوردستان بەدەستی کوردی هەڵخەڵەتاو بەپارەو پول. دیسان وازدەهێنێت لە زۆر شەرت و مەرجی ڕەواو بەجێ، وا ئەمجارەش ئۆباڵی شەڕی کورد بەکورد بە کوشتدان دوور دەکەوێتەوە لە ئەستۆی (ی.ن.ک) وە دەکەوێتە ئەستۆی ئەوانەی کە واز ناهێنن لەبەگژاچوونی کوردەکانی ئێران و دەست هەڵناگرن لە نۆکەرایەتی کردن بۆ داگیرکەرانی کوردستان، بۆیە دەبێ ئێوەش ئەرکی سەرشان و واجبی نیشتمانی خۆتان باشتر بەجێبهێنن، لەدوای ئەم تاقیکردنەوەیەشدا دەبێ هەموتان هەڵوێستی ڕوونی ڕەوای خۆتان بەکارو کردەوە دەرخەن.

دەبێ هەموومان بچین بەگژ ئەوانەی سووردەبن لەسەر کوشتن و لەسەر بەگژاچوونی شۆڕشی کوردستان لە هەموو کوردستاندا ئیتر چیکە تەنانەت یەک بست زەمین نامێنێتەوە بۆ مناوەرەی کەس و تاکە بیانوش بەدەست کەسەوە نامێنتەوە بۆ ڕسواکردن و بەگژاچوونی ئەوەی دڕێژە بەخیانەتی نەتەوایەتی ئەدات، ئێمە هەرچەندە ئـاوات و ئارەزومان ئەوەیە کە هەموو لایەک هۆش بهێنێتەوە سەری خۆیان و سەرکردایەتی بارزانی ئەم هەلو دەرفەتە مێژوویە بقۆزێتەوە بۆ دەرچوون لەو گێژاوەی خۆیانیان تێفڕێداوەوە دەستبەجێ دەست هەڵگرێ لە کورد کوشتن و چیکە شەڕی خەڵکی کوردستانی ئێران نەکات بەڵام ناشکرێ تەبیعەتی چینایەتی و دەستکەوتنی چینایەتی لایەنەکان و پەیوەندییەکانی دەرەوەیان ڕەچاو نەکەین و ناکرێ وەزعی بابەتی و دووربینی خۆمان و لێکدانەوەی هەمەلایەنەی خۆشمان لەبیربکەین بۆیە دەبـێ زۆر بەهۆشیاری و ژیـری و واقیـع بینانە بچین بەگژ گیروگرفتەکان و خۆمان ساز بدەین بۆ هەموو ئیحتمالەکان، دەبێ ئەوەشمان لەبیر بێت کە هەموو ڕێباز و هەڵوێستێکی ڕاست چەسپاندنی دەوێ، بۆ چەسپاندنیشی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانەی دەوێ، هێنانەوە سەر ڕێگای تویژو چینە جیاجیاکان هەر بەدووعاو پاڕانەوە و ئاوات خواستن نابێ، بەڵکو دەبێ هەوڵو تەقەڵاو خەباتێکی بێوچان بکەین بۆ سازدانی شەرتەکانی مەوزوعی و زاتی بەدیهێنانی ئەم ئەرکە.

پێویستە هەر لە ئێستەشەوە خۆمان سازدەین بۆ هەموو ڕووداوێک بۆ سەلماندن و نەسەلماندنی داوا ڕەواکان و هاتنەوە و نەهاتنەوەی لەڕی لادەران بۆ سەر ڕێبازی ڕاست.

پێویستە سڕنەبین پشتی لێنەکەینەوە بەڵکو هەمیشە ساز و ئامادەبین بۆ خەباتی شۆڕشگێڕانەی سەخت و درێژخایەن لەپێناوی بیرو باوەڕو سەرەتاکانی خەباتمان و سەر خستنی ڕێبازی شۆڕشگێڕانەماندا بێسڵەمینەوە لە فیداکاری و بێوەڕزبوون لە خۆماندووکردن.

بۆ پێشەوە ڕووەو سەرکەوتن لەخەباتی شۆڕشگێڕنەماندا

ڕووەو سەرخستنی شۆڕشی عێراقییە دیموکراتییەکەمان

ڕووەو بەدیهینانی ئەرک و فەرمانی سەرشانمان بەرامبەر خەباتی نەتەوەی کورد لە هەموو کوردستاندا

ئیتر هەر شادو سەرکەوتووبن .

ئـــــــەدەبی بـــــەرگری هـــاندان، جـــــۆشدان

ئیزگە لە مێژووی پڕ لە سەروەری شاخدا ڕۆڵی دیارو جەوهەری بینی لە هاندان و جۆشدانی جەماوەرو هێزی پێشمەرگەدا.

سەردەمانێک دەنگی فەرهاد سەنگاوی کێوی دەلەرزاند، دڵ و دەرونی خەڵکی دەهەژاند و دڵی دوژمنی دەپێکا، ئیزگە کێوی لە کێو ئەدا، شەپۆلانی وشە، کێوو دەشت و هەردو سەنگەر، ئەو پێدەشتانەی تەیدەکرد تارای سووری دەکردنە بەر، پێشمەرگە و خوێن و گیان بەخشی بە یەکەوە گرێدەداو مەشخەڵانی دەخستە سەر، سەری نەبەزین و کێوی، ورەو گیانبازی و کۆڵنەدەر.

وشە ئاگرینەکان، پەخشانە شیعرەکان، وتارو بانگەوازو هاندانەکان، لە لولەی تفەنگەکاندا دەبوونە گڕ، لە سەنگەرەکاندا بە پەنگر.

نووسینی پەخشانە شیعرەکان، تەزوی بە جەستەدا دێنا، مرۆڤی لە گەڵ مردن و پەتی سێدارە ڕادێنا، تفەنگی دەدایە دەستی پێشمەرگە، هەورەکانی لە جێگەی خۆیان ڕادەگرت، هەست و نەستی باڵندەی چیاکانیشی دەبرد، ئاسمانی پان و بەرینی دەلاواندەوەو تەی دەکرد.

پەخشانەکان، چالاکیە داستانەکان، ئاگری پوش و پەڵاشی داگیرکەر بوون، کەڵە پشکۆی ناو سەنگەر بوون، سەدان ڕێبوارو تەتەر بوون، تۆپشوی ڕێ و ڕێگەی سەفەر بوون، لە ناو قەدی پێشمەرگەدا پشتوێن و تاقم و تفەنگ و شەیالەی پشت و کەمەر بوون، ڕەختی تفەنگێکی شانی پێشمەرگەیەکی ماندو بوون، کڵپەو بڵێسەو ئاگرو، دەستێکی سەرما بردو بون، دڵ ودەروونی گەلێکی خۆڕاگرو نەبەزیو بوون، سەدان وێژدانی زیندو بوون، کانی و جۆگەلەی تینو بوون.

پەخشانەکان، شانامەکان، هۆنراوەکان، دەبوونە هەتوانی زامی چەوساوەکان، دەبوونە هەورە بروسکە لە ئاسماندا، دەبوونە قەرسیلی سەوزی هەتا ئەژنۆ، لە گەڵ ڕێژنەو تاوی بارانی بەهاری نیشتماندا.

دەبوونە ژان، ژانی گەواڵە هەوریکی ڕەشتاڵە و تاڵ، دادەبارین بە سەر سنگ و

بەرۆکی هەر چوار وەرزی چاوەڕێی ساڵ، دەبوونە خوێن، خوێنی لێچۆڕاوی شاخ و پێدەشتەکانی ئازادی، خوێنێکی ئاڵ.

پەخشانەکان، چالاکیەکان، هاندانەکان، جۆشدانەکان، لە سکی منالێکی برسی و هەژاراندا، دەبوونە نان، لە گەڵ گوپی کانیاوەکاندا دەتەقین، لە هەڵمەتی پێشمەرگەدا دەبوونە قەوانی زەردو هەڵدەوەرین.

داستانەکان جۆشیان دەخوارد، سەنگەرەکان پەیام و هەواڵیان دەنارد، پەیامی سەرکەوتنی نوێ، سەرکەوتنێک لە لولەی تفەنگێکی پێشمەرگەوە، لە دایک دەبێت و دەزێ.

زۆرن ئەو داستانانەی پەخشان و هۆنراوەیان بە بااڵدا بڕاوە، یەک و دوان و سیان و چوارنین، دابان، قەیوان، مەڵبەندی سێ، سەرگەڵو، سەری ڕەش و دەیان داستانیترن.

زۆرن ئەو هۆنراوەو وشە زێڕین و ئاگرینانەی وەک ملوانکە کراونە ملی شەهیدو شاخ و کانی و گەوەی کوێستان، بە گەردانەی ملی داستان، لێرەدا چەند نمونەیەک لەو پەخشانە شیعرانە دەخەینە ڕوو کە نمونەی هەرەبەرزی ئاستی داڕشتن و وشە سازی و ئەدەبی نیشان دەدەن.

++++++

پیاهەڵدان و ناساندن و ناونانی تیپەکانی شۆڕش بە بەورو وێزو یەکانەو هێمای بەرگری و کۆڵنەدان، بەشێکی گەورەو بەرچاوی لە ئەدەبی بەرگری پێکدێنا و پانتاییەکی گەورەو فراوانی لە ئیزگە پێدرابو، لە داستانی گەورەی دابااندا تان و پۆی ڕێژنە وشەی پڕ لە جۆش و خرۆشی ئەو ژانە ئەدەبییە دەردەکەوێ کە لە گەڵ داستانەکەدا سەدان وشەی ئاگرین و تەڕو پاراو لە قۆزاخە دێنە دەرێ و بە سەر ئاسمانی دابااندا فێری باڵەفڕە دەبن، ئەمەش نمونەیەکە لە پەخشانە هەواڵێکی دورو درێژی شەڕی دابان.

میللەتە خۆشەوستەکەمان

تاجی سەری پێشمەرگە

گوێڕادێرن بۆ ئەم هەواڵە، بۆ ئەم مژدەی سەرکەوتنە، خۆزگە ئێوەش تەماشاچی مەیدانی شەڕ دەبون و دەتانبینی کە چۆن هاتن.

کەرت کەرت، تیپ تیپ، هەزاران سوارەی مەریوان، بازی بەرزەفڕی گەرمیان، ئاسکی تیژڕۆی شیروانە، هەڵۆی هەڵمەتی شارباژێڕ، شێری قەراخ و ئاسۆس، پڵنگی تورەی پێنجوێن، بەوری چاوتیژی سەگرمە، یەکانەکانی خاڵخاڵان، پەڵخی شەڕەنگێزی سورداش، وێزی گورج و گۆڵی کەرکوک، پێش ئەوەی سواری ئەسپی سەرکێشی بڕاوبن بەرەو هەواری هەڵمەت، کراسی ڕەشی دایکی شەهیدانیان ماچ کردو چاویان گێڕایە دێهات و کانی و داروبەردی ڕاگوێزراوو کاولکراوی کوردستانداو هەر یەک مشتێ خۆڵی هەڵگرت، سوێندی پێخوارد، نەسرەوتن تا سەرکەوتن.

داگیرکەری شەڕخوازو شەڕسەپێن بە سوپاو جاش و مودەڕەعەو تۆپی قورس و کۆپتەرو پیلاتۆز- سیخۆی- پەلاماری بارەگاو گوندەکانمان دەدا، بێ پەیمان و بێ بەڵێن و هەلپەرست و نهێنگر، ئەوەی دەیکا مەگەر هەر کردەوەی ئەو بێ، شۆڕشەکەشمان لە بەرژەوەندی گشتی و هەڵوێستی بەرزو دروشمە سامدارو ڕاستگۆو ئاگرینەکانی خۆی دریغی ناکات هەمیشە هەر ئاشتیمان ئاشتی و شەڕیشمان شەڕ بووە، تۆڵەمان بەسەبرو ئەمما بە زەبر بووە.

لەم پەخشانە داستانەدا جگە لە نیشاندانی ڕۆڵە قارەمانەکانی (ی.ن.ک) تیپە قارەمانەکانی سالّ بە هەڵۆو پڵنگ و بازی بەرزە فڕ پەیامێکی ڕوون و ئاشکراش بەرچاو دەکەوێت کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەمیشە خوازیاری ئاشتی بووە بەڵام لە شەڕیشدا خاوەن دەستێکی پۆڵاینە و تۆڵەی بە سەبرە، ئەمما بە زەبرە.

لە ئاشتیدا کۆتری سپی و شنەی باین
لە شەڕیشدا پڵنگین و ڕەشەباین

دابـــان- مـــــزگێنی

لە گەڵ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە و دەست بە سەردا گرتنی زنجیرە چیای دابان، شیعریش ژانی گرت و لە دایک بوو.

شێرکۆ بێکەس شاعیری گەورەو شۆڕشگێڕی گەل پلاچەی ئاربیجی سەر دابان و ڕیزە گوللەی لێدانی ڕەبیە و قریوەی سەرکەوتنی دەکردە گەردانەی وشەو لە ملی چەرماوەندو دابان و هەلاجدا دەیهۆنینەوە، وشەکان هەندێکیان ون بوون، یان نەدەهاتنە گەروو یان دەریایەکی بێ بن بوون، بەڵام شێرکۆ یەک بە یەک دەیگرتن و دەیدۆزینەوە.

هۆنراوەی (مزگێنی) ئەو هۆنراوە گەورەو دەگمەنەیە کە بارتەقای گەورەیی شەڕی دابان، گەورەیە و شان لە شانی دەداو هەندێک جاریش لە دابان سەر دەکات.

مولازم عومەر فەرماندەی داستانی دابان و جەنەڕاڵی نێو بەفری سەختی تا ئەژنۆ و تۆزی ئەوێ بوو، هەر بۆیە شێرکۆ بێکەس هۆنراوەکەی پێشکەش کردووە، واتە پێشکەش بەفر و داستان و تێکڕای فەرماندەو پێشمەرگەکان کردووە چوونکە مولازم عومەر فەرماندەی ئەو داستانە بوو.

مـــــــزگێنی
بۆ هاوڕێم عومەر عەبدوڵڵا

دە ساڵ بوو، هەوری سەر «دابان» م
ژانێکی گییر خواردووی نەبار بوو
وەک کچی دەزگیران دیل کراو
بناری دابڕاو لە لوتکەم
خەمێکی بێدەنگ و
مەلێکی بێ جووت و بێ یار بوو
دە ساڵ بوو درەختی گەردانەی شەدەڵەم
بەیانیان، نیوەڕوان، ئێواران
کە نیگای گەلایان

بەرەو ژوور هەڵ بڕی
بە تەنها گەردنی خوێناویی چیایان ئەبینی
هەر تەنها پێوەنی
هەورازی یەخسیرو
دەست و پێی ڕێ ڕێ بووی
کەژانی چاو سەوزیان ئەبینی
دە ساڵ بوو، دە قفڵی ژەنگ گرتوو
لە زاری هەتاوی سەر بەفر
لە قوڕگی ئەشکەوت و
لە دەمی شەپۆلی ڕووبارم درابوو
دە ساڵ بوو بە گوللەی بەعسییان
چوار دەوری خەرمانەی تڕۆپک و
گوڵجاڕی ئەوینم گیرابوو
یاساغ بوو هەللاجم
پێکەنێ و دەسبەرێ
بۆ قژی ناو ڕەزی سورداشم
یاساغ بوو.. کەژاوەی تریفەی سەر داوان
داگەڕێ و بچێتە ژوانی
کانیاوی- میرگەپان
یاساغ بوو.. قەدەغە.. یاساغ بوو
سەرگەڵوم گۆرانی بڵێت و شەدەڵەم گوێ بگرێ
یاساغ بوو وەک شیعرم، گوڵی سوور
باڵاکا و پێ بگرێ!
دە ساڵ بوو، دە ساڵ بوو، دە ساڵ بوو
ئەم دڵە هەنارەم

بە چنگی ڕەبایە ئەگوشرا
دە ساڵ بوو، نواڵەی ئەم سنگەش
پێ خوستی پۆستاڵ بوو
فەرمانی شەهیدە، درەختی ڕێ ووتی:
کوڕانی مەڵبەندی یەک و دوو، ها .. دەستم
فەرمانی شەهیدەو شاخ وتی:
کوڕانی یەکێتی.. سەرکەونە سەر پشتم!
وا ئەڕۆن! سێ ڕێچکەن، بە بێ دەنگ
دیواری نیوەشەو کون ئەکەن
وا ئەڕۆن! سپاردەی باڵندەی کوژراوو
کارێزی خنکاوی کوردستان
بۆ لای خۆر سەر ئەخەن!
سەرکەون! بەرد وتی: من هێزی قاچتانم!
سەرکەون! با وتی: من وزەی دەستانم!
سەرکەون! باز وتی: من تیژیی چاوتانم!
سەرکەون! نان وتی: من تۆێشوی ڕێتانم!
سەرکەون! سەرکەون!
گەل وتی: من ورەی ناو گیان و
من گوللەی چەکتانم.
****
چوار سەعات! چوار سەدە، چوار نەوەی داهاتوو
ئەبێتە سرودی سەردەمی
چوار سەعات! خوێنی من، خوێنی خاک
داستانی دابان و هەللاجی
پێشمەرگەی ئەنووسی

ئەی دنیای کەپۆ لاڵ! ئەزانم نامبیسی
بەڵام من گەلێکم
تا دوێنێ شۆڕشم پزیزک بوو
ئەمڕۆکە بڵێسەم
وا هاتووم بە سنگی ڕووتەوە
بۆ گوڵی ئازادیم،
ژێر لوغم و ناو لوولەی تفەنگ و تانک و تۆپ ئەگەڕێم
عەشقێکم بە بێ دەنگ ئەسووتێم
تا ئەمرم
گۆرانی بۆ بەفرو
بۆ گوڵ و هەژاری کورد ئەڵێم
****
دوژمنان!
لای ئێمە خوێنی دڵ وەک ئاوی مەعدەنیی
سەر میزی بەردەمتان نافرۆشرێ!
لای ئێمە خوێن، هەورەو بارانە،
خۆی بۆ خۆی ئەبارێ و دائەکا
لای ئێمە ئازایی ناکڕرێ!
زریانە و خۆی بۆ خۆی هەڵ ئەکا
لای ئێمە «نۆطە» ی سنگ بۆ خەڵات
وەک سۆمای هەر دوو چاو
هەر گوڵی کێویەو
هەر ماچی هەژاری
دێ سووتاو!
****

مزگێنیی!
دەوەنی گرمۆڵەو خەمباری سەر «دابان» .. مزگێنیی
مزگێنیی! ئەی کانیی لاپاڵی لێڵ کراو،
ڕووبن بەوەو، مزگێنیی
مزگێنیی! شۆڕەبی گریاوی هێشتاکە چاو تەڕی،
شەدەڵە! هەڵسەوە.. مزگێنیی
پێکەنە! ئەی وردە شەپۆلی
ناو جۆگەی ترساوی بێ خوڕە
وەرەوە کەناری ئەمبەرو مەترسە!
ئەی هەللاج!
ماچیکە! ئەو بەفرەی ئێستاکە بە سەرەتا ئەبارێ
پێکەنەو بۆ سورداش بە دوو دەست
گوڵی خوێن هەڵبڕە
کێ وتی چەکی من نووستووە؟!
کێ وتی نێرگزی چاوانی شەهیدم بیر چووە؟!
کێ وتی.. با «دابان» بدوێنێ
با دەشتی دامێن و با قیری سەر جادەی
لێرەوە تا «دوکان» ببینێ!
***
من ئەمویست لە هێرۆی گوڵ سپی
کراست بۆ بدوورم کوردستان!
ئەی سورداش ئەی بوکە سوورەکەی
پار نەورۆز
خۆ زانیت! تا سەیران
سێبەری بن داری کۆتەڵ و تابین بوو،

سەرچۆپیی ئەوینت من ئەمگرت
ئێستاکەش ئەی سورداش،
کە کۆتریان سەر بڕیم
کە ڕقم گڕی گرت
هەر هەمان عاشقم
سەیرکە، ئەم جارە
سەر چۆپیی نەورۆزت
بە خوێنم ئەگێڕم!
***
پێشمەرگە!
تۆ خورپەی ئەم دڵە شەیدایەی هەڵبەستمی
تۆ خامەی تۆ پەنجەی بزوێنی دەستمی
ئێستاکە کێم هەیە تۆ نەبی
کەسم تۆی
بەستەم تۆی
هەستم تۆی
تۆ نەبی شیعری من وەک پۆڕی خوراوە
تۆ نەبی چیرۆکم وەک مەلی بێ دان و بێ ئاوە
تۆ نەبی شانۆی من ئەبێتە تابووتی ئەکتەرم
تۆ نەبی ژێ و تەلی کەمانم پچڕاوە!
پێشمەرگە.. پێشمەرگە!
ئەگەر تۆ ئەتەوێ هۆنراوەم..
وەک دەغڵی پاش باران
خەیاڵم کەروێشکەی تیا بکا!
ئەگەر تۆ ئەتەوێ دیوانم

وەک لوتکەی باوەشی خۆرنشین
زەردو سوور هەڵگەڕێ و
باوەشت پیا بکا!
ئەگەر تۆ ئەتەوێ هەناسەت، هەنگاوت،
برسێتیت، بخەمە ناو دوو تۆپێ ڕستەوە
بۆ ڕێ و بان بیانکەم
بە هاوەم
بیاندەم
لە یەخەی کەژو چەم
ئەگەر تۆ ئەتەوێ کەشکۆڵم
بکەیتە سەرینت
ئەمبەرو ئەو بەری سەر دێڕم
ببێتە دووربینت
وا منیش ئەمەوێ داستانی دابان و
هەللاجی زۆرترم گوێ لێ بێ
تا منیش هەڵبەستی سبەینێم
ببێتە قەناص و
سەردڵی شاعیری دەربارەی داگیرکەر بپێکێ!

سێروان ١٩٨٥/٢/٢١

ئەدەبیاتی بەرگری شاخ، بە تایبەت ئیزگە، تا دەهات شاکاری گەورەترو مەزنتری تۆمار دەکرد، شاخ و دەشت و یاڵ، هەر چوار وەرزی ساڵ، لە ئاست چرپەو زایەڵەی وشە ڕەنگاڵەییەکان دادەنەوین، هێندە بەرزو بەرزەفڕ بون، شاخ و کێوو ئاسمان بڕبون.

داستانی قەیوان مـاوەت، داستانی سێ مانگەی بەرگری و نەبەزین، هێندەی گوللەی زەردو ڕەشی هەڵوەریوی پەنجەرەی زامنی تفەنگ، وشەی گەرم و گوڕی سینەو چەپکە گزنگ، لە تریفەی ئەو کێوانە، بۆ گەردنی قەیوان-ماوەت، دەبونە وردە زەنگیانە.

لە داستانی قەیوان ماوەت دا پێناسەی تیپەکانی مەڵبەندەکان، ناولێنان و پیاهەڵدان بە باڵای وردیان دا بەرزتر و گەردن کێلتر دەردەکەوێ تا ئاستی بەرزی هەورەکان سەردەکەوێ.

++++++

ئەمەش نمونەیەک لە پیاهەڵدانی تیپەکانە لە داستانی قەیوان ماوەت، لە ئیزگەوە .

ئەی ئەو پێشمەرگەو دەستەو کەرت و پشتگیریانەی داستانتان تۆمار کرد.

نەبەزەکانی ٢٥ی خاڵخاڵان و دلێرەکانی ٣٧ی شاریاژێڕو ئازاکانی ٩٣ی کۆیە و قارەمانەکانی ٤٧ی پیرەمەگرون و خۆڕاگرەکانی ٣١ی سلێمانی و جەربەزەکانی ٥٣ی شێروانە و سوارچاکەکانی ٥٧ی سەگرمە و چالاکەکانی ١٥ی هەورامان و جەربەزەکانی ٢١ی کەرکوک و بوێرەکانی ٦٣ ی جوتیاران و گەرناسەکانی ٤٣ی ئاسۆس ومێرخاسەکانی ٩٩ی بیتوێن و دلاوەرەکانی ٩٣ی کۆیەو فیداکارەکانی ٦٥ی بڵفەت و تاشەوانەکانی ٥٥ی قەراخ و خورتەکانی ٨٧ی قەرەچوخ و چەلەنگەکانی ٨٣ی هەورێ و دەستوەشێنەکانی ٥١ ی گەرمیان و پاڵەوانەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تێکۆشەرەکانی پاسۆک و گۆستاخەکانی ٢٣ی سورداش و ڕەوەندەکانی تیپی مەڵبەندی یەک و شاخەوانەکانی تیپی مەڵبەندی دوو، جوامێرەکانی گومرک و هۆشیارەکانی دەزگای پێشمەرگایەتی و فریاکەوتەکانی هێزی پشتگیری و وریاکانی تیپی پارێزگاری و ئەو مەفرەزەو کەرتانەی تر، کە بەشداری نەبەردو داستانی پشتی ماوەت و دۆڵبێشک و کارێزە و کەڵکی قەیوان و کۆرەنگ و دووبراو قەمچوغە و زنجیرە و لوتکەکانی تەورداسەی پشتی سەفرەو زەرون و کونەماسی و گوڵێ و شاخەسوران و دوو وێڵەکان و گابەرواو مۆکەبەو کۆڵەردو دۆڵەڕوت و مارە ڕەشتان کرد.

ئێوە ئەو شێرە نەڕانەن، ئەو کوڕە بەدەست و بردانەن، ئەو دڵسۆزە کوردستان پارێزانەن، ئەو ورە بەرزە سەربەرزانەن، کە داستانتان تۆمار کرد، جێگەی شانازی هەرچی کوردی دڵسۆزە و گەل و نیشتمانی لە بیرە، ئەم مەیدانە بەرینەی بەردەستان تا هەتایە قەوانی گوللەو تۆپ و دۆشکای لێنابڕێ، تا هەتایە بیری ناچێتەوە ئێوەی ڕۆڵەی چ گیانبازیەکتان لە سەرکردوە، چۆن یاڵ و بنارو زنارو لوتکەو زینوو هەڵەت و گردو دەربەندتان کردوە بە قەبرستان، هەر ئێوەن جێی ئومێدو هیوای گەل، کوردستانی داگیرکراو هەر بە ئێوەی قارەمان دەپارێزرێت.

پـــــەیقی ئـــــاگرین
یـــــــەك
پێشمەرگە

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی ناو سەنگەری هێرش و بەرگری ئازایەتی و هەڵمەتبردنە بێ وێنەکانی ئێوە بە ڕاستی جێ سەرنج و شانازییە، لەشکری ڕزگاری گەلان لە پێناوی ئازادی و سەرفرازیدا هەمیشە هەر بە گوڕو تەوژمە، ئەم ئازایەتی و گیان بازیەی ئێوەش سەرچاوەکەی ڕەوایی مەسەلەی گەلەکەتان و لە سەر هەق بوونی ئێوەیە داگیرکەرانیش زەوتکەرو تالانکەرو دزو جەردەن، چەکدارەکانیشیان هەر پارەو پول و پلەو پایە ئەیانجوڵێنێ خاوەن هەق و لە سەر هەق نین، هەقی ئەوان تەنها مانگانەو فلسە فلسەکەیانە، ئەوان دەستیان لە سەر گیرفانە بۆیە بەشیان هەر ئەوەیە لە شەڕو نەبەردا بە سەری شکاوو پاشەڵی پیسەوە هەڵبێن.

ئەی دلێران دیارە هیچ کات ورەی بەرزی ئێوەو هەناوی پساوی ئەوان لە یەک تانین، ئێوە جەزرەبە دەری بێتواتەو دابان و قەندیل و زینانە و حەمک و قەراخ و ناو شارەکانی هەولێرو کەرکوک و سلێمانین.

***

پێشمەرگە قارەمانی دەشتی هەولێرو قەرەچوغ و کۆیە ڕۆڵی دیاریان لە شەڕگەی قەیوان ماوەتدا بینی، لە گەروی ئیزگەوە بوونە گەردانەی پەخشانێک لە ملی کەڵکی قەیواندا.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی قەرەچوغ و دەشتی هەولێر و حاجی قادر، ئەی دەست وەشێنەکانی دەشتی کاکی بە کاکی قەراخ و هەڵەت و باسکەکانی کەندیناواو شەمامک و مولکیە، ئەی دلێرەکانی بناری هەیبەت سولتان و وراتی کۆیە و بەستی شەرغە، ئێوە لە سەرانسەری کوردستان بە دەستوەشێن و ئازای کۆڕی جەنگ و عەفلەقی کوژ ناسراون، دۆڵی خەلەکان و زۆرگەکانی دێبەگەو کلکەی دارە بزمارەو حاویەکانی شەرغەو شەمامک، جادەو ڕێوبانەکانی هەولێرو کەرکوک و کۆیە و مەخمورو دیبەگەو هەولێر شایەدی ئێوەن، شایەدی قارەمانی و دلێریتانن، دە ئێوەش جارێکیدی داستانێک بە دیاری بۆ دانیشتوان و پێشمەرگەکانی دۆڵبێشک و

قەیوان و کارێزە تۆمار بکەن، تا هەتایە نەوەکانی ئەم ناوچەیە بۆ یەکتری بگێڕنەوە بڵێن کوڕەکانی هەولێرو کۆیە لە فلانە ساڵ هاتن و تاوبۆیەکیان بە هێزەکانی ڕژێم نۆشی لە تەئریخا وێنەی کەم بوو.

***

گوێ بگرە وا هەڵۆی سوور چریکەیان پڕ ئاسمانی فڕینە، گۆرانیان باڵی تیشکی ئاگرینە، ئەوا پۆل پۆل بە دەوری سەری تۆدا دەخولێنەوە.

***

پەیامەکانی ئیزگە هەر تەنها بۆ پێشمەرگە نەبوو، هەر بە تەنها کەڵە پشکۆی سەنگەر نەبوو، بەڵکو پەیامی برین و وشـەو حەرفی ئاگرینی تێکڕای خەڵکی کوردستان بوو، کە چۆن جاش و کاسەلێسان، خۆفرۆشان و چلێسان، خاک وڵات هەڕاج دەکەن.

پەیام بۆ خەڵکی کوردستان

ئەی جەماوەری خۆڕاگری شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستان ئاگادارن کەسانێک هەن بە پارە شەرەف و نیشتمانیان فرۆشتووە، بوونەتە کەوا سووری بەر لەشکری داگیرکەرو لە بری پارە شەڕی بۆ دەکەن، گردو لوتکەکانی بەرەی شەڕ بە قۆنتەرات دەگرن، دە ئێوەش ئەی خەڵکی جەماوەری کوردستان ئەو جاشانە ڕسوا بکەن شتیان پێ مەفرۆشن، بە زۆریش بێ لایان لێنەکەنەوە، نان و ئاویان مەدەنێ، بە هەر چی شێوەیەک کە بۆتان دەکرێت، سەرشۆڕو سوک و ڕسوایانکەن و پەنجەی نەعلەت بۆ ئەوانە دڕێژ بکەن کە سەنگەر لە ڕۆڵەکانی ئێوە دەگرن.

***

ئەی پێشمەرگە عاشق بە ئازادیەکان، ئەو دوژمنانەی بەردەمتان شایەنی تۆزقاڵێک ڕەحم و سۆزنین، دەست مەپارێزن دڵتان پێیان نەسووتێ ئەوان بە پێی خۆیان هاتوون بۆ ناو ئەم تەنورەی ڕقی ئێوە دەبا بسووتێن.

پەیام بۆ پێشمەرگە

ئەی پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان، ڕق کەڵەکەکەن لە دڵتاندا، تەرمی خوێناوی دوو دەستی شۆڕ بەرەو زەوی هاوڕێی دوێنێ لە سەنگەردا ڕاوەستاوە، بە سەر پشتی هێسترەوە، ئەو هەڤاڵەی دوێنێ لە گەڵتان بوو ئێستە خەڵتانی خوێنەو چاوی نیشتوی لە دەست و تفەنگی ئێوەیەو پێتان دەڵێن، نەکەن لە بیرمانکەن هەر ڕووبەڕووی دوژمن وەستاون، چوونە سەنگەرو شەڕەوە پڕ بە گەرووی تفەنگە گەرمەکانی دەستان ڕق و بڕوای پێشمەرگانە بە سەر دوژمنا ببارێنن، بە قەدەر دڵۆپ دۆڵی خوێنی ئێمە لێیان بکوژن.

+++++

شـان بە شانی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) پێشمەرگەکانی (پاسـۆک) یش لە سەنگەرەکانی قەیوان ماوەتدا دەجەنگین و شەهید بوون.

بۆ پێشمەرگەکانی پاسۆك

برایان ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی پاسۆک هاوبەشیتان لە شەڕگەی بەرەنگاری قەیوان ماوەت، شانازییەکی گەورەیە بۆ حزبەکەتان و جێگەی تەقدیری هەموو گەلی کوردە، شەهید بوونی کاکە بێستونیش شایەتێکیتری قارەمانێتی پێشمەرگەو گیانبازی گەلی کـوردە لە پێناو ڕزگارکردنی کوردستاندا، ئەمڕۆ هەموو گەلی کورد بە تاسەوە گوێ لە هەواڵی هاوسەنگەری و تێکەڵبوونی خوێنی پێشمەرگەی حزبە کوردستانیەکان دەگرێ، بە ڕاستی سەلماندتان کە قارەمانی کۆڕی جەنگ و پێشمەرگەی ڕێگای یەکێتی ڕیزەکانی گەل و ئاشتبوونەوەو پاراستنی خاکی کوردستانن، بڕۆن بۆ پێشەوە لە سەرکەوتنێکەوە بۆ سەرکەوتنێکیتر.

پێشمەرگەی دژە ئاسمانی، ڕۆڵی دیاریان لە ڕاونان و پێکانی فڕۆکەکانی دوژمندا بینی لە شەڕگەی قەیوان ماوەت .

(1)

ئەی پێشمەرگەی سەرچەکە دژە ئاسمانیەکانی شۆڕش قارەمانانی بە پێوە ڕاوەستاوو چاو نەتروکێنەر ئەم ئاسمانە لە فڕۆکەکانی دوژمن بهێننەوە یەک هەتا ئێستە بەس لەم ڕۆژانـەدا ئەوە (٣) فڕۆکەی دوژمن پەراش پەراش بکەن، کۆپتەرەکەی لای ماوەت و پیلاتۆزەکەی قەیوان و سیخۆکەی سەر یاخسەمەر، هەر ئێوە بوون کە لوتی قووە جەویە ئیملاقەکانی عەفلەقیتان شکاند، لەو دواش هەمیشە ئامادەبن بۆ داگرتنە خواری فڕۆکەی جەللادەکان ئەوانە لەو ئاستەن کە منالّ دەکـوژن، لەو بێ بەزەییانەن ڕیش سپی و پەککەوتە قەسابی دەکـەن، دە ئێوەش بە دەست و مشتی ڕاستان بە چاوی تیژی بەورانەتان، بە بیرو باوەڕی لە پۆلّا قایمترتان، ئامادە بن بۆ خستنی فڕۆکەی داگیرکەران.

پەیام دوای پەیام
هەر بۆ پێشمەرگە

(2)

ئەی پێشمەرگە ئازاکانی ناوچەپەری شەڕی شکۆداری ئێوە جێی متمانەو بڕوای میللەتن، ئەمڕۆ هەر کەسێ شتێکی بە سەر بێ ئەڵێ هەر پێشمەرگە تۆڵە دەسێنێ.

+ پووش و دارو ڕەز دەسووتێ هەر دەڵێن پێشمەرگە.
+ خانوو مزگەوت و دیوار دەڕوخێ هەر دەڵێن پێشمەرگە.
+ کە دایکان تەرمی کوڕیان دەبینن دەڵێن پێشمەرگە.
+ کە زیندانیان قامچی دەپسێنن دەڵێن پێشمەرگە.

ئێوەش پێشمەرگە بە تفەنگ بڵێن چاو هەڵبێنە، بۆ ئەم میللەتە تۆڵە بسێنە.

هەر بۆ دژە ئاسمانی

(3)

ئەی یەکە دژە ئاسمانیەکانی پێشمەرگە نەهێڵن، سیسارکە کەچەڵەکانی دوژمن لە ئاسمانی کوردستاندا هەناسە بدەن، جەستەی پیلاتۆزو کۆپتەرەکانی دوژمن بکەن بە بێژنگ، ئەو دالّە کەر خۆرانەن ژن و منالّ سەر دەبڕن، ئەو نامەردانەن ڕیش سپی و پەککەوتە هەڵدەواسن.

دە ڕۆژی قەیوان ماوەت
دە ڕۆژ ڕاونان و پاکۆدان
(4)

ئەی پێشمەرگە دلێرەکانی ناو سەنگەری غیرەت و شەرەفی کوردایەتی، وا دە ڕۆژە هەواڵی شەڕو نەبەردی بەردەوام و تاوسەندنی ئێوە شار بە شارو گوند بە گوند دەتەنێتەوەو خەڵکی بە تاسەوە گوێ هەڵدەخا، ئێوەن کە لە مێردانی ناو سەنگەر، ئەم میللەتە دەستەو نەزەر ڕاوەستاوە کە ئەم شەڕە دە ڕۆژەیە دوا زەنگی لێ بدرێ سەری هێزەکانی دوژمن لە سەر بەردی لوتکەکاندا پان کەنەوە خەڵکی چاوەڕێی بیستنی دوا هەواڵی سەرکەوتنە، دە ئێوەش کون و کەلێنەکانی دوژمن ڕەچاوکەن جۆری پەلامارو نەخشەکانیان درک بکەن، بە دوا شاڵاوی وەک لافاو هەناوی هێزەکانی دوژمن بپسێنن، ئەوە دوژمن دوا تیری کەوانی خۆی دەهاوێژێ، ئەزانێ مەرگ و بەزین زیاتر هیچی بۆ نییە، لە بەردەم تەوژمی ئێوەدا دۆش داماوە، ئێوە ناسراون بەوەی بە مەفرەزەو کەرتێ فەوجێکی دوژمن دەشکێنن، شەڕەکانی توکن و عەزیز قادرو حەمک و ژاڵان و زینانە و ناو شاری هەولێرو کەرکوک و سلێمانی هەر مەفرەزەو کەرت بوون بە هەزاران جاش و سەربازو تەیارەیان بەزاندووە، وەک گەلاێ دار کەلاکیان خست، ئەو هێرشەی سەر کارێزە و ئەوەی سەنگاو هەر ئێوە بوون بە پێوە شەڕتان دەکرد، هەر ئێوە ئەو هەزاران پارچە چەکەی شۆڕشتان بە دەستی خۆتان گرتووە، دە ئەمجارەش داستانی قەیوان ماوەت بکەنە تاجی سەر لوتکەکان.

پـــــەیام – پـــــیاهەڵدان

ئەو ڕۆژانە تێکڕای خەڵکی کوردستان چاویان لە بەڵەپێتکەی تفەنگی پێشمەرگە بوو، ناوی پێشمەرگە هەناسەی پێشمەرگە، وێردی سەر زمان و دڵی خەڵک بوو، ئیزگەش هەروای دەوت ، ئەو ڕۆژانە.

دیسان پێشمەرگە
(5)

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، قارەمانێتی ئێوە ئەمڕۆ وێردی سەر زمانی هەموو خەڵکی کوردستانە، لە هەموو کۆڕو کۆبوونەوەکان هەر باسی جەبهەی شەڕی قەیوان ماوەتە، لە سەر تیشکی هەر ڕۆژێکی نوێدا جەماوەر گوێبیستی هەواڵی تازەی سەرکەوتنەکانی ئێوەو تێکشکاندنی یەک لە دوای یەکی هێرشەکانی دوژمنە.

خەڵکی قارەمانی کوردستان باش دەزانن دوژمن سەری خۆی لە شاخەکانی کوردستان دەدا، هێزەکانی دوژمن مەرگ هەڵیگرتوون و پەنا بەردو دەوەنەکانی کوردستان دەبێتە گۆڕستانیان، چوونکە ئەم کوردستانە لەوەتەی بووەو دەمێنێ دەسەڵاتی داگیرکەر قبوڵ ناکاو سەر بۆ زەبرو زەنگی دوژمن کەچ ناکا، ئەمڕۆش هێزەکانی بێگانە خەیاڵیان خاوە بتوانن سەنگەری پێشمەرگەکانی کوردستان بشکێنن لە جەبهەی قەیوان ماوەت، چوونکە ئێوە خاوەنی داستانەکانی بێتواتە و چەرماوەندو دۆڵی ئاکۆیەتی و هەولێرو کەرکوک و سلێمانی و وراتی کۆیە و کوێستانەکانی کوردستانن، ئێوە سپەری کوردستانن، ئالا هەڵگری ئاواتەکانی شەهیدان و جێ چاوانی گەلی کوردن، بۆیە داواتان لێدەکەین ڕۆژ لە دوای ڕۆژ هەواڵی سەرکەوتنی نوێتر بە جەماوەر بگەیەنن، گورزی کاریگەرترو گورچکبڕتر بە دوژمن بگەیەنن، چوونکە هێزەکانی دوژمن ورەیان بەرداوەو توانای شەڕیان نەماوە، بە سەر نێزەو سەر سمکی ئەمن و جاسوسەکانیش ناجوڵێن، دە ئێوەش لێیاندەن و کوردستانیان لێبکەن بە یەکپارچە دۆزەخ و بیانسوتێنن.

پانزە ڕۆژەی قەیوان ماوەت
پانزە ڕۆژ شەڕو دوژمن کوشتن و سەرکەوتن
(6)

ئەی پارێزەرانی کوردستان، دە ساڵە ئێوە هەڵۆی زنارەکانی قەرەچوخ و کۆسرەت و سەگرمەو پیرەمەگرون و بێتواتە و خاڵخاڵان و قەندیل و هەورێ و دیلمان و کارۆخ و کۆڕەک و باواجی و هەندرێن و حەمرین و کێوە ڕەش و قەیوان و بازی باڵ بە خوێنی دەشتەکانی کەرکوک و هەولێرو گەرمیان و دزەیی و بیتوێن و شارەزوور و شارباژێڕن.

ئەم دە ساڵە ئێوەی پێشمەرگە نەتانهێشتووە کوردستان تەعریب و قوت بدرێ، ئێوەی پێشمەرگە گەورەترین چالاکی گیانبازیتان بۆ مێژوو دوا ڕۆژی ئەم نەتەوە پارچە پارچە کراوە تۆمار کردووە.

ئەمڕۆ (١٥) ڕۆژە ماوەت تا قەیوانتان کردووە بە ساجێکی پڕ لە پشکۆو جەستەی دوژمنی پێ دەبرژێنن، دەستی بە زەبری ئێوە مەچەک و بازوی ئەم میللەتەیە ئێستە کەللەی دوژمن لە نێوان دەزگای ئاسنینی چەکوشی ئێوەی کاوەدایە.

هەژدە ڕۆژەی قەیوان ماوەت
پەیام و پیاهەڵدان بۆ پێشمەرگە
(7)

ئەی پێشمەرگە نەبەزەکانی ناو سەنگەری داکۆکی و پارێزگاریکردن لە کوردستانی خۆشەویست، هەر بستێ لەم خاکە داگیرکراوەی نیشتمان تا ئێستا بە خوێن لە لافاوی دوژمن گلدراوەتەوە، ئێوەن نەتانهێشت تەعریب و تەهجیری کوردستان سەر بگرێ، ئێوە نەتانهێشت دێهاتەکانی داگیرێن، نەتانهێشت زمان و مێژوو هونەرو ئەدەبی گەلەکەتان، سیمای کوردانەی کوردستان بسڕێتەوە، هەر ئێوەی پێشمەرگەن وەڵامی شۆڕشگێڕانەی خۆتاندا بە داگیرکەرو پێتان وت نە تانک، نە تۆپ، نە سەگی دڕ، نە چەکی زۆر کوژ نە پارەو تەماع و فریودان هیچیان ناتوانن گەلی کورد بتوێننەوە.

ئێوەی پێشمەرگە (١٨) ڕۆژە قەیوان تا ماوەتتان کردووەتە گۆڕستانی سەدان چەکداری دوژمـن و دەرستان داداون، بـڕۆن بۆ پێشەوە هێزەکانی دوژمـن لە بەردەستاندا کەلەلان، بە هیمەتی پێشمەرگانە دارو بەردو خۆڵیان لێبکەن بە ئاگر.

سی و حەوت ڕۆژەی قەیوان- ماوەت هێرش و کەلاک چنینەوە (8)

جارێکیتر هێرش و کەلاک چنینەوە

ئەم قەیوان ماوەتە هەتا ئێستا، خەمخۆرێکە هەرچی دێت و تیا نقوم دەبێت، سی و حەوت ڕۆژە پێشمەرگە وەک ڕەشەبا و خەزان دارستانی دوژمن دەڕنێ و کەلاک دەوەرێ وەک گەڵا ڕێزان.

لوتکەیەکی وەک بندۆر یان دوو برا بێ دەوەن و ڕووتەن شەوو ڕۆژێک دوو پێشمەرگە بێ نان و ئاو، بێ فیشەک پاسەوان بێ، دەیان هێرشی لافاوی تێدا بشکێ.

ئەمجارەشیان لە پێدەشت و گردۆڵکەو چەم و چاڵ هەر کەلاکە وەک زبڵدان کەڵەک بووە، هەر دەبابەو مودەڕەعەو تۆپی قورسە ڕادەکات و ئاوڕ لە دوا ناداتەوە.

+ + + + + +

هاوشانی وشە باڵگرت و گرگرتوەکانی سەنگەرەکانی شەڕ، داستان و بە نەبەردی و پێکادان، کە وشە دەبووە تریفەی مانگە شەوو لە ئاسمانی شەڕگەکاندا جوانترین ڕووناکی دەبەخشی و وەک ئەستێرە دەدرەوشایەوەو زریوەی دەگەیشتە بن لوتی سەنگەرەکان و هەناسەی پێشمەرگە، دەیان شیعرو هۆنراوەش لە کانیاوی ورەو تفەنگ و مەچەکی پێشمەرگەوە لە قۆزاخە دەهاتنە دەر، دەبوونە ورەی سەنگەرو سەنگەرەکانیان جۆش دەدا، هۆنراوەکانی شێرکۆ بێکەس، هەڤاڵ کوێستانی، حسێن بەفرین، جەوهەر کرمانج، گەروو قەڵەمی فەرهاد سەنگاوی تاهەتایە لە ئاسمانی کوردەواری و شۆڕشی نوێدا بە نەمری دەمێننەوە ،(شیعرە بەرزەکەی وڕوکاس و سەرگەردان نیم بە نەڕەی ناسری ڕەزازی حەیفە لە بیر بچێ کە بیری شیعری حسێن بەفرینە).

جگە لە هۆنراوەو پەخشانە هۆنراوەی هاندان و جۆشدانی سەنگەرەکان، ئەدەبی عەرەبیش جێگەی سەرنج و تێڕامان بو.

شیعری هەندێک لە شاعیرەکانی وەکو (موزەفەر نواب) کە شاعیری شەهید دڵشاد مەریوانی وەریگێڕابو بۆ سەر زمانی کوردی بە ناوی (پاکانە) لە ئاستی بەرزی نوسین و وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی کوردی دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو لە نێو ڕیزەکانی شۆڕش و خەڵکی کوردستاندا، کە فەرهاد سەنگاوی لە ئیزگەوە خوێندیەوە.

نـــــامەی گیرفانی شـــــەهیدێك

نامەی گیرفانی شەهیدێک کە بۆ دولبەرو عەشقەکەی نووسیبوو پێش ئەوەی بگاتە دەستی عەشقەکەی لە شەڕێکدا بە گوللەی شەستیری کۆپتەر شەهید بوو، نامەکەشی لە گەڵ خۆیدا خەڵتانی خوێن بوو، دەقی نامەکە فەرهاد سەنگاوی نوسیویەتی لە ئیزگەوە بە دەنگی فەرهاد سەنگاوی خوێندرایەوە، تەنها هەواڵ گەیشتبوو کە پێشمەرگەیەک شەهید بووەو نامەیەکی بۆ عەشقەکەی نووسیوە، بەڵام نەگەیشتوەتە دەستی.

لێرەدا دەقی نامەکە بڵاودەکەینەوە، پێش خوێندنەوەی نامەکە لە ئیزگە ئەم پێشەکیە کورتەی بۆ نوسراوە:

(ئەمە نامەی شەهیدێکە پاش چارەکە سەعاتێ نووسین و پێچانەوەی دەنوکی دالّە کۆپتەر چاوە گەشبینەکانی دەرهێناوە، هاوڕێیەکی گیانی بە گیانیشی کە خۆی بە بەرپرس و وەکیلی زانیوە، ئەم نامەیەی وەکو یادگارییەکی جوان هەڵگرتووە، نامەکە بە هێما واتا ڕەمز دیاریکراوە، چونکە پڕە لە خۆشەویستی و ئەوینی پێشمەرگەیەکی شەهیدو بە خامەیەکی پیرۆزو ڕەوان نوسراوە، وا بڵاوی دەکەینەوە فەرمون لە گەڵیدا گەشتێ بە ناو وشەو دەربڕینە جوانەکانی ئەم نامە پیرۆزە بکەین.

دەقـــــی نـــــامەکە (هـــــەودا)
یـــــەك

بە هیوای دیدارەکەت، کە دێم بۆ نزیک شارەکەت، ئەم کاتەت شاد بینایم، سڵاوێکی گەرم و هیوام ئاسودەیی و سەرکەوتنتە، دوای ڕێزێکی زۆرو هەواڵپرسینم بۆت لە ناخەوە بە گەرمی تاسەت دەکەم، بیرت بێ هەمیشە وتومە، تۆ منی و من تۆم، هەودا گیان تۆ وەک پیرەمەگرون بەرزی، تا لێت نزیک کەوم بەرزتری، هەودا گیان بە دەست ڕەشەبای ڕۆژگارەوە وەکو پرچە پەرێشان و هەوداو تاتاکانی تۆ وام، بەڵام شادم کە نەبەزو سەربەرزم، ماندوێتی و لادان نازانم، هەر چەند خەبات سەخت و تیژ بێ، هەوەی ماڵم کاروانی خەبات بەچیای هیمالایە هەڵگەڕاوە بۆ ئیڤریستی لوتکە دەچێ کە کەژاوەو ئاهەنگی سەرکەوتنی لێیە، ئەگەر نەئەنگاوترام و پێی گەیشتم باوەش دەکەم بەو هەمو خۆزگەو ئاوات و ئارەزووە کە هی هەموو گەلە بەڵام تۆشی بۆ من تیایت، توند ئەیانگوشم نەبا ئازارت بگاو ڕوشمت لێوەردەگێڕم نەوەک هەناسە بە تەوژم و گەرمەکەم پەڕەی گوڵی گۆنات بژاکێنێ و هەڵکڕوزێنێ.

نازانم چیت بۆ بنووسم، بۆم بکرایە دڵم بە خوێن و گۆشتەوە دەردەهێناو ئەمخستە توێی ئەم نامەوە، چونکە زۆر بیرت دەکاو تاسەت دەکاو ئەتوانێ هەموو شتت پێبڵێ، بەڵام ناکرێ چونکە هەر بەشی تۆ نییە، بەشێکی زۆری مووڵکی نیشتمان و ستەم کێشەکانە ناتوانم تاڵی هەموو باس و ڕستەکانم لێگرێدەم .

ئەوەی کە نوسیبووت ڕاستە ئافرەت و پیاو یەکسانن و کۆت و پێوەندە کۆمەڵکردەکان لە دەموو دەستی ئێوەدا قورسترو قایمترن، بەڵام نازانی کۆت و پێوەند هێشتا لە دەست و پێی ئێمەی پیاویشدایە ئێوەی ئافرەت لە دورەوە لە ژیان و شۆڕش گەیشتون وەرن بۆچون و ویستەکانتان لە بێژنگی واقع بدەن.

شەڕی ناکۆکییەکانمان لەم نامەیەدا ناکەم، حەز دەکەم خەفەت نەخۆی، دەزانم دەسەڵات و گوشاری کەسوکارە ژەنگ گرتووەکەت مێشکیان خواردوی ئەیانەوێت یەخەت بخەنە دەست قەل پیاوێ، نەبەزو خۆڕاگر بە، هاوڕێم، گوڵم حەزم دەکرد کە تۆش پێشمەرگەیەک بویتایە تا شەوانی بۆسەو پاسەوانیت ببینیایە، تا سەنگەری زستانی سەرچیاکانی ئەم کوردستانە ئازیزەی ئێرانت ببینیایە لای ئاڵوەتان و

میراوێ که بەفر پێچی جامانەو قۆڵی پاڵتۆی پڕکردوی، ناو سەنگەرەکە ئەڵێی بانیۆی پڕ لە کەفاوی کۆشکە هەوربڕەکانی خواپێداوەکانە.

زۆر شتی جوان و سەرنج ڕاکێش و ئاڵۆز هەن، کە لە توانای خامەکەی منداً نیە وەسفی بکەم، مەگەر خامەی دیوە سپیەکەی ئەدەبی کوردی.

هەودا گیان دە ڕۆژیتر نیازی چالاکییەکمان هەیەو دێین بۆ نزیک شار، چوار ڕۆژ پێش ئەوەی بێین بە ناوی سەردانەوە وەرە بۆ گوندەکەی پار، تا ئەو بیانووە بۆ چەند ساتێ لە ناو دەرونی چەشنە تەنورمان، خەوی خامۆشیمان لێبخا.

بە هیوای دیدار....

١٩٨٣/٤/١٥

پـــــاکانە

پاکانە یەکێک لە هۆنراوە بەناوبانگەکانی شاعیری گەورەی عەرەب (موزەفەر نواب) ە کە لە ئاستی بەرزی شۆڕشگێڕی و لە خۆ بوردوویی دایکێک دەدوێت، کە بە زمانێکی دایکانە داوا لە کوڕە زیندانیەکەی دەکات پاکانە پڕ نەکاتەوە، خۆڕاگربێت، ئەگەر بێت و خۆڕاگر نەبێت و پاکانە پڕ بکاتەوەو چۆک دابدات ئەوە شیری خۆی لێ حەرام دەکات و بە توتکی حەڵاڵ دەکات نەک بەو کوڕەی کە پاکانەی لە خەیاڵ بێت لە هەمان هۆنراوەدا خوشکێک دێتە قسەو بە برا زیندانیەکەی دەڵێ ئەگەر پاکانە پڕ بکەیتەوە خەڵک نەفرەتمان لێدەکات، مەگەر زەوی قوتمان بدات.

ئەو هۆنراوەیە لە سەردەمی خەبات و تێکۆشاندا وەرەی بەرزی شۆڕشگێڕان و وێردی سەر زمانیان بوو، هۆنراوەکە دڵشاد مەریوانی شاعیر وەریگێڕایە سەر کوردی و فەرهاد سەنگاوی لە ئیزگەوە خوێندیەوە.

پـــــاکانە
گـــــفتی دایـــــکێك
دوو

ڕۆڵە گیان ڕۆڵەی زیندان گەرچی کوێر بووم، بەڵام بە چاوی دڵمەوە بۆ لات هاتووم، مەگەر نازانی ڕێی زیندان بە چاوی دڵ بە دیدەکرێ هەناوو بەندی جگەرم خۆ بیرت دێ، کە منداڵ بووی دەمکردیتە قەڵا دۆشکان، دەستە نەرم و نۆڵەکانت لە سەر عەبا شڕەکەوە لە سەرو پرچم دەهاڵان، ئێستاکەش هەر ئەو پرچانەن بەڵام سپین، هۆن هۆن هەموم هۆنینەوە بۆ ڕەوا بوونی تۆ بۆ ژین، چاوەکانت شەربەتی زیندەگانیم بوو، گڕوگاڵت بەزمی شایی لۆغانیم بوو، سپێنەی ئەو دوو چاوانەت شیری مەمکی داماویمە، ڕەشێنەیان شەونخووونی شەوانی کولە مەرگیمە تا چاوە بچکۆلەکانتم کرد بە دوو گڵۆپی ڕووناک گڕووگاڵتم کرد بە قسەی جەماوەری خاوێن و چاک، تا ڕامهێنای لە گەڵ دەریای بێداری ژیان، مەبەستت هێند فراوان بێ ڕزگاری بێ بۆ گشت گەلان.

ئێستا کوڕەکەتم لایە شەوان بە دەم لایلایەوە دەڵێم لایە، کۆرپەم لایە، لایە لایە، سەرفرازیم لە خۆگرتنی باوکتایە، ڕزگاریمان لە خەباتی هاوڕێیانی بابە دایە، جەرگی جەرگەکەم لای لایە، خەفەت مەخۆ حزب لانکی منااڵێکە کە بێ لانکە، حزب باوکی منااڵێکە کە بێ باوکە، ئەو پشتوێنە هەڵواسراوە بە خەتی سوور لێی نووسراوە هی باوکتە کە گەورە بووی لە پشتیکە، کارەکانی ئەو تەواو کە، لە سەر پەراسووت بیبەستەو بیپارێزە ئەوە پەساپۆرتی ڕێگەی سەر بڵندی و مەردی و ڕێزە، ڕۆڵە ئەمانەت پێدەڵێم تا کە مردم بە ئیسراحەت چاوت لێک بنێم.

ڕۆڵەی شیرین هەناسەکەم خەمی کۆرپەت مەخۆ لایەی وای بۆ دەکەم، کوڕم زامداری نەنووستوو لە زیندانداا ئازاریاندای، سنگت بێنە، زامەکانت لە سنگی کفتم هەڵبسوو تا وەک گوڵاڵە بۆنیان کەم، بڵێم ئۆخەی شکور ڕەنجم بە با نەچوو.

باوانەکەم تۆی کۆڵەکەی خانووی هیوام تۆی بەهاری تەمەنی خەزانی تەنیام کوڕم نائومێدم نەکەی، ڕەنجی ژینی کولە مەرگیم بە با نەدەی، ڕۆڵە نەکەی ورە بەردەی ، ڕۆڵە نەکەی بە بەرهەمی خۆفرۆشی زامەکانت ساردێژ بکەی، زامداڕێک

خاوەن وەرە بێ زامەکانی دژی مەرگن وەک ڕەشەبا وەک بروسکە وەک گەردەلول دەگرمێنن مەرهەمەکان ڕەفز دەکەن، سارغیەکان ڕەتدەکەنەوەو نەفرەت دەکەن مەرهەم و سارغیان تەنیا ئاگرو ئالای شۆڕشە، هەڵمەتی سەخت و هێرشە.

باوانەکەم برینەکانت ئەوانە مەرهەمیانە نەک پاکانە، چوونکە ئەڵێن بە بیانووی نان پەیدا کردن بۆ برسێتی ژیانی من پاکانە پڕ دەکەیتەوە.

وا هاتمە لات لە خۆمی ببیستە ڕۆڵە شیرم بە توتک حەڵاڵ بێ، نەک ئەو کوڕەی کە پاکانەی لە خەیاڵ بێ، کوڕم من حەز دەکەم گەڕ بم لە چڵکانا، ڕۆڵە من حەز دەکەم بمرم لە برسانا، من حەز دەکەم چاوەکانم کرمە ڕێز بن، لە زیندانا بەڵام کوڕەکەم بەر نەبێ بە پاکانە.

ڕۆڵە ئەوەی پاکانە پڕ دەکاتەوە، دووبارە کۆست دەخاتەوە، شەهیدەکان لە نوێ شەهید دەکاتەوە، ناوی پاکانە نەهێنی سەربازی ئەم زەبوونییەم نەکەی شەرەفم بشکێنی، ڕۆڵە نەکەی ڕێگەی خۆتوو هاوڕێکانت بیر بچێتەوە بمگوشە توند بە خۆتەوە تەماشای پرچەکانم بکە هەمووی سپین هۆن هۆن هەموم هۆنینەوە بۆ ڕەوا بوونی تۆ بۆ ژین، بڵێ دایە سوێند بێ بەو پرچە سپیانەت دڵۆپ دڵۆپ سوێند بێ بە شیری حەڵاڵی ئەو مەمکانەت تۆ دایک بی و سەری دایکێک نانەوێنم بە شیری گۆشی کردبم بینای حزبێک ناڕووخێنم بە خوێنم گۆشم کردبێ.

قـــسەی خـــوشکێك

کاکە گەرمی و ساردی هەموو زیندانەکانم چەشتووە هاتوومە لات جنێوو تف و نەفرەتی یاساوڵم بە داوێنم هەڵگرتووە، سزاو نزام ڕژاندووەتە ژێر پۆستاڵی ژەندرمەوە، شیشی ژەنگاوی زیندانم بە زمانم لستۆتەوە، کەچی ئەنجام لە سووچی ڕۆژنامەیەکدا بە پاکانە پڕ کردنەوە پاداشتەکەم دەدەیتەوە، ئەو خەڵکەش بیخوێننەوە، هەتا ماوین قێزو بێزمان لێبکەنەوە، بە بنی پێڵاوی نەفرەت شەرەفمان بپلیشێننەوە، ئاوا پاداشتی ئازارو شەونخوونی من و دایکم دەدەیتەوە، چۆن لە ڕووم دێ بچمە لای ئەو خوشکانەی کە چاوەڕوانن تۆڵەی جەرگی سووتاویان بۆ بسێنێ، وا هاتمە لات لە خۆمی ببیستە کاکە من حەز دەکەم ڕووم ڕەشکەیت و پرچەکانم بقرتێنی بەڵام هەرگیز ناوی پاکانە نەهێنی.

کاکە چی بکەین، بیر بکەوە کاکە چی بکەین مەگەر زەوی قوتمان بدا، مەگەر ئاسمان هەڵمانکێشێ، ئەگینا چۆن لە ڕوومان بێ دوای پاکانە ڕوو نیشانی خەڵکی بدەین، لە ئاستی ژنی گەڕەکدا سەر هەڵبڕین، چۆن باست بکەین، چۆن لایلایە بۆ تاقانەکەی خۆت بکەین کە تۆ هەموو گیانت پیسی بێ، سەر شۆڕی بێ، کاکە گەر ئەوە نیازتە بۆ لای ئێمە نەیەیتەوە سیکتر سیکتر، پاکانەی ناو ڕۆژنامەکەو خۆشت سیکتر، ئێمە پیاوێکمان بۆ چیە کە پارچەیەک پیاوەتی پێشێل کراوی جەریدەیە.

هەر بە ڕۆژنامەکەی لای خۆت بێ ئابڕوویی و سەر شۆڕی خۆت بپێچەوە، هەتا تۆ هەی لە زەلکاودا بتلێرەوە، بەڵام هەرگیز بۆ لای ئێمە مەیەرەوە، چۆن پاکانە لە گەڵ دەکەی ئێمەش هەروا پاکانە لە ناوت دەکەیت، دەڵێین ئەی گەل ئەم سەر شۆڕە چاوان پڕ لە زەلیلیە، کوڕمان نییە کاکمان نییە کەسمان نیە هیچمان نییە.

دایـــکە سوور، هۆ دایـــــکە سوور
سێ

١٩٨٢/٤/٢٤ قەڵادزێ ڕاپەڕی، لە ڕاپەڕینی قەڵادزێ دا کە لە یادی بۆمبارانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/٢٤ ئەنجامدرا، دوو تەواری ژن، مامۆستا سنەوبەر و ئامینە سوور ، دایکە ئامینە شەهید بوون.

بەرنامەی لە سەنگەری ئەدەبەوە، کە بەرنامەیەکی ئەدەبی ئیزگە بوو، چەندین شاکاری ئەدەبی پێشکەش بە گوێگرەکانی ئیزگە کرد، یەکێک لەو پەخشانە ئەدەبییانەی تایبەت بوو بە ڕووحی پاکیزەیی ئامینە سوور لە ژێر سەردێڕی (هۆ دایکە سوور) دیـارە بەرنامەی لە سەنگەری ئـەدەبـەوە چەندین هـۆنـراوەو پەخشانی ئەدەبی نووسەرانی ئیزگەو نووسەرانی کورد، چەندین هۆنراوەی بیانی وەرگێڕدراوی لە ئەدەبیاتی شۆڕشگێڕی وڵاتانی دیکەوە پێشکەش کردووەو خوێندراوەتەوە، دایکە سوور یەکێک لەو هۆنراوانەیە کە لە ئیزگەوە پێشکەش بە ڕووحی پاکیزەیی دایکە ئەمینە و مامۆستا سنەوبەرو ڕاپەڕینی قەڵادزێ کرا.

ئەمە دەقی پەخشانەکەیە:

پێشکەشە بە گیانی دایکی هەرگیز نەمر ئامینە سوورو مامۆستا سنەوبەرو گشت تێکۆشەران:

هۆ هۆ دایکە سوور گوێم بۆ شلکە، هەواڵی ئەو ڕاپەڕینەی کە تازە دێتە ئەم شارە، ئاگری قینی دڵی کوردستانە سەرەتای تەمەن درێژی تێکۆشانە.

هەواڵی ئەو ڕاپەڕینەی کە تازە دێتە ئەم شارە، ڕێبوارێکی ماندووی مژدەی دەمی بەهارە، تۆڵەیە، خۆپیشاندانە ڕووبـارە، دەزگیرانی خۆشەویستی هەزاران هەزار دڵدارە.

هۆ هۆ دایکە سوور چاک بزانە، هەواڵی یەکەم پێکەنینە، ڕەشەبایەک بە سەر ڕەنگی خێوەتەکان هەڵدەکات و بە قینەوە لە ڕەگیەوە دەیپچڕێنێ، تەقاندنی ڕەگی بیایان لە لوتکەی چیاکەی یاسایە، تاکەی خانوو کردن لە قەد چیای زگماک ناڕەوایە، مێژووی ژانی ئەم وڵاتە بۆچی دوایی نایە، گەلێ درەنگە گەرووی پڕوپاگەندەی یاساکان وشەی ڕاستی تیا خنکاوە، هۆ هۆ دایکە سوور قەت مەگری، چوونکە

هەرگیز گرتنی خۆر گرتنی مانگ دوایی نایە، دوایی نایە.

هۆ هۆ دایکە سوور هەواڵی ئەو ڕاپەڕینەی کە تازە دێتە ئەمشارە، ئاگری قینی دڵی کوردستانە، سەرەتای تەمەن درێژی تێکۆشانە، هەواڵی ئەو ڕاپەڕینەی کە تازە دێتە ئەمشارە، ڕێبوارێکی ماندووی مژدەی دەمی بەهارە، تۆڵە خۆپیشاندانە ڕووبارە، دەستگیرانی خۆشەویستی هەزار هەزار دڵدارە.

هۆ هۆ دایکە سوور چاک بزانە هەواڵی یەکەم پێکەنینە ڕەشەبایە، بە سەر ڕەگی خێوەتەکاندا هەڵدەکاو بە قینەوە لە ڕەگیەوە دەیپچڕێنێ، چەقاندنی ڕەگی بیابان لە لوتکەی چیاکەی یاسایە، تا کەی خانوو کردن لە قەد چیای زگماک ناڕەوایە، بۆ تاوانە گەر کۆرپە بڵێ دایە، مێژووی ژانی ئەم وڵاتە بۆچی دوایی نایە، گەلێ درەنگە گەروی پڕوپاگەندەی یاساکان وشەی ڕاستی تیا خنکاوە، هۆ هۆ دایکە سوور قەت مەگری چوونکە هەرگیز گرتنی خۆر گرتنی مانگ، دوایی نایە، دوایی نایە.

دەبـــا فاشیلەکـــان بـــزانن هـــەڤاڵ کـــوێستانی چوار

هۆنراوەیەکی کورت بەڵام پڕ مانا و لە ناوەڕۆکدا هـەزاران وشـە، پڕ مانا، هۆنراوەیەکی کورت بەڵام پەیامێکی گەورە، هەر سەنگەرو بن تاشە بەردی چیایە، قوتابخانەی دروستبوونی ئارامێکی تری تیایە.

ئـــــــارام

دەبا فاشیلەکان بزانن وا ئێستاکە لە کوردستانی ئاراما، لە کوردستانی قەتماغە و کێڵگەی زاما، هەر دەوەنەو پڕ تاشە بەردی چیایە، سەنگەرێکە و قوتابخانەی دروستبوونی ئارامێکی تری تیایە.

دوای شەهید بوونی (شاسوار جەلال) ئارام لە ٣١ی کانوونی دووەمی ١٩٧٨، چەندین هۆنراوە بە بـاڵای کاک ئارامدا بـڕان، شێرکۆ بێکەس، حسێن بەفرین، هۆنراوەکەی هەڤاڵ کوێستانی بە نەفەسێکی کورت و مانایەکی گەورە یەکێک لە شاکارە جوانەکان بوو کە دواتر (ئازاد خانەقینی) بە سروود وتویەتی.

پـــــەیامێکی ئـــــاگرین
پێنج

حسێن بەفرین، شاعیرێکی هەست جوان و پاک، تێکۆشەرێکی ئازادیخواز، چەپ و پێشکەوتوخواز، دۆستی هەژاران و زەحمەتکێشان و جووتیاران، هاوڕێ و هاوخەمی ڕەنجدەران و پێشمەرگەیەکی گەل و نیشتمان، قەڵەمێکی سەنگین و سەربەخۆ.

حسێن بەفرین لە توژەڵەوە تا ڕاپەڕین لە گەڵ ئێش و ئازاری گەلەکەیدا بوو، لە دەنگی شۆڕشی عێراق، یەکێک لە کادیرە سەرەتاییەکانی ئیزگە بوو، بە قەڵەمە بە بڕشت و هۆنراوە جوانەکانی گڕو تینی دەدایە ئیزگە و شۆڕش، خاوەن دەیان هۆنراوەی جوان و سەنگینە، لە مێژووی ئەدەبی کوردی و نووسینی هۆنراوەی شۆڕشگێڕانە جێگە دەستی دیارە.

پـــــەیامێکی ئاگرین بە نەڕەی نـــــاسری ڕەزازی

ئەو سروودەی لە ناو ئێمەدا بە وڕوو کاس و سەرگەردان نیم ناسراوە، بە نەڕەی ناسری ڕەزازی و دەنگە دلێرەکەی تۆمار کراوە هەمیشە لە یادەوەری خەڵکدا زیندووە، یەکێک لە هۆنراوە گەوهەرەکانی حسێن بەفرینە.

هۆنراوەو دەنگ، حسێن بەفرین و ناسری ڕەزازی تێکەڵ بە یەک دەبن و سروودێک دەخوڵقێنن سروودی نەبەزین.

پـــــەیامێکی ئـــــاگرین

وڕوکاس و سەرگەردان نیم
دەستەمۆی ئەشکی گریان نیم
هەر چەند بە ئازار تەزیوم- سەربزێو بووم نەبەزیوم
ژانی زامی چەوساوەکان
خەم و نالەی داماوەکان
سەرچاوەی هۆش و هەستمە

خواست و هیوای مەبەستمە
بە درێژی ژین من ئامادەم
گۆمی مەنگی مەینەت ڕادەم
من دەمەوێ ببمە بایە
خۆشەویستی مرۆڤ بەرم
بۆ گشت سووچی ئەم دنیایە
من دەمەوێ سنووردارێ نێوان مرۆڤ بسڕمەوە
من دەمەوێ گشت ئازارێ لە ڕەگەوە ببڕمەوە

لە شـــــەوێکدا
شەش

یەکێک لەو هۆنراوانەی کە وێردی سەر زمانی خەڵک و پێشمەرگە بوو، هۆنراوە بە پێزەکەی مامۆستا (شێرکۆ بێکەس) هۆنراوەی لە شەوێکدا بوو.

لە شەوێکدا باس لەو شەوانە دەکات کە پێشمەرگە دوای خامۆش بوونی شار دوای نووستنی بەفر دەهاتنە خوار بۆ ناو شاری سلێمانی، لە بەردەمی بەردەرکی سەراو لە گەڕەکەکانی شاردا خۆفرۆشان و پیاوانی داگیرکەریان بە سزا دەگەیاند، ئەو شەوانە لای مامۆستا شێرکۆ بێکەس هەوێنی هۆنراوەیەکی پڕ جۆش و خرۆش بوون، هۆنراوەیەک گەڕەک بە گەڕەکی شاری دەکردە مەیدانی بە سزا گەیاندنی خۆفرۆشان، داگیرکەران، کە هەڤاڵی زاڵیش شەهید دەبێت، لە گەڵ خۆرهەڵاتندا دەیان دایکی عەبا بەسەر لە بەردەم نەخۆشخانەی شار بە تاسەوە چاوەڕێن بزانن کوڕی کامیانە.

هۆنراوەی لە شەوێکدا لە ئێزگەوە بە دەنگی (فەرهاد سەنگاوی) خوێندرایەوە، دوای خوێندنەوەی دەنگدانەوەیەکی گـەورەی لە ئاستی جـەمـاوەری و هێزی پێشمەرگەدا هەبوو، تا وای لێهات پێشمەرگە لە بەرانبەر سەرکەوتنەکانیاندا داوای سەر لە نوێ بڵاوکردنەوەو دابەزاندنی هۆنراوەی لە (شەوێک) یان دەکرد، سلێمانی ئەو شارە بوو لەو شەوەدا گڕی دەگرت.

لە شـــــەوێکدا

شەو بوو هەر پێشمەرگەو بەفر
بە بناری شاخەوە بوون
کە بەفر نوست
ئەوان ورد ورد هاتنە خوارێ
لە چوار لاوە هاتنە خوارێ
*****
شەو بوو لە بەر دەرکی سەرا
تەنها چەن سەگێکی خوێڕی و

دووپیکابی زەرد ئەبینرا
*
شەو بوو قرمەژنی گوللە
گوێی گەڕەک و گۆڕەپان و
«سەرا» ی کەڕ کرد
بارانی گڕ بە خوڕ دایکرد
*
لە چوار لاوە دەست ڕێژو تەقە بڵاوە
لە ژووڕەوە، لە کونی کونی ژووڕەوەی،
چەند مااڵێکدا
خائینەکان، وەکوو جرجی زراو تۆقیو
وەک توتەڵەی بەر بارانی،
لە سەرمادا لەش هەڵ لەرزیو
خۆیان لە ناو ئاودەست خانەو
لە ژێر زێرابدا حەشار داوە
لە چوار لاوە
دەست ڕێژو تەقە بڵاوە
*
لە «دارۆغا»
پێشمەرگەکان وەک ڕەوەیەک
-بەور- ی چاو تیژ
شارەزای کۆڵان و گەڕەک
بست بە بستی
دابەش بوون و ئەوسا هەر بۆ
پەنگ و عیبرەت

کلکی چەند جاشێکیان بڕی!

*****

لە «ئازادی»
دوو پیکابی زەرد، وەکو عار
زەرد وەک سیمای «هێتلەرەکەی»
شاری بەغدا
قین.. بارکردوو
چەند تەنێک تاوان هەڵگرتوو
دوو یەکانەی زامدار بوون و،
تیژ ئەهاتن
لە ناکاودا، لە پێچێکدا
هەڵۆی سووریان بۆ دەرپەڕی
لولەی سەرشانی گڕ هاوێژ
دۆزەخێکی بۆ داخستن
تیا توانەوەو
فریای دابەزین نەکەوتن

*****

هەر ئەو شەو لە «کانیسکان»
پێشمەرگەیەکی حەڤدە ساڵ
لە بنکەدا ناویان نابوو
-هەژاری زاڵ-
باریکەلەو، لەش سووکەڵە
وەکوو ئاسک
چاوشین وەکوو قوبەی ساماڵ

گەردی خەمێ لە ڕووی نیشتوو
وەک باخی گوندێکی چۆڵ بوو
لەو شەوەدا.. دەمێ خێراو دەمێ هێواش
جارێک قیت و..
هەندێ جاریش بە کۆمە کۆم
ئەچوە پێشێ
تا بگاتە سەر بەنگەڵەی دوژمنان و
بە نارنجۆک دایان بێژێ
*
لە ناکاودا- هەژاری زاڵ-
کەوتە ناو تەلبەندی بۆسەی دوژمنان و،
بە ئەڵقەیەک دەوری گیرا
هەژاری زاڵ- بروسکە بوو، هاتە دەست و
لە گورگە کڵاو ڕەشەکان
چواری خست و
لە دواییدا شەهید کرا
هەر ئەو شەوە،
بێژنگی لاشەی بە پشتی
زیلێکەوە، لە قاچەوە، گرێ درا
بە سەر بەردو دڕک و داڵدا
بە لیتاودا، بە قوڕاودا
ڕایان کێشا
هەر ئەو شەوە.. لەشی سووری
لە سەر تەختی مەیتخانە فڕێ درا
دوژمن وتی:

چەتەیەکە بێ ناونیشان
بێ دایک و باوک
بێ کەس و کار
بۆ بەیانی کە خۆر هەڵهات
بینییان وا:
لە بەردەمی مەیتخانەی ئەم شارەدا
کۆمەڵ .. کۆمەڵ
دەیان دایکی عەبا بە سەر،
کوڕ لە کێوان
ڕەش ئەچنەوە
بە بێ دەنگیش پاڵەپەستۆو پەلەیانە
هاتوون تەرمی، ئەو هەڵۆیە ببینن و
بزانن کوڕی کامیانە؟!

مـــامە ڕیـــــشە
حەوت

مامە ڕیشە ئەفسانەی سەدەی بیست، ئەفسانەی شۆڕشی نوێ بوو، شەهید بوونی بووە هەوێنی لە دایک بوونی چەندین هۆنراوەو پەخشان، بۆ کۆستی مامە ڕیشە ملوانکەی شیعری خوێناوی لە گەردنی بەرزی وڕەیدا هەڵواسران، بەیت و شیعرو داستان نووسران، (کوڕی بابە گوڕ گوڕ) (هەر لوتکەین) لەو دوو هۆنراوە جوان و بە پێزانە بوون هەر زوو بوونە وێردی سەر زمانی خەڵک.

کوڕی بابە گوڕ (شێرکۆ بێکەس)

هەر لوتکەین (فەرهاد سەنگاوی

کـــــوڕی بابە گوڕگـــــوڕ

ڕێگە چۆڵکەن هەستنە سەر پێ
وا ئەسپێکی سپی یاڵ سوور
لە پێدەشتی کەرکوکەوە
ئەحیلێنێ و بۆ ئێرە دێ
ئەی ئەسپەکەی تەوێڵ مارۆی گەرمیانم
ئەوەی بەفرو گڕو شەپۆلی ناسیبێ
ئەوەی شمشێری بروسکە و باو بۆرانی کێوی دیبێ
تۆ دەناسێ
ئەی ڕەشەبای لە پاشکۆدا خۆر سوارکردوو
ئەوەی جارێ گوللاڵە سورەی چاوڕەشی ڕەحیماواو
منالانی سەر قۆچکە تاشی لەیلان و
کێڵگەی برسی دووزی دیبێ
تۆ دەناسێ
کۆ بنەوەو هەستنە سەر پێ
سەر هەڵبڕن

بازێک شەڵاڵی خوێناوەو
تۆزێکی تر بەم ناوەدا تێئەپەڕێ
ڕووەو قەندیل بە سەر هەورازی شەختەدا
نزم ئەفڕێ
هەتا ئەگاتە سەر لوتکەو ئەچێ لەوێ
لە پەڵە خوێنی (نازم)دا بە هێواشی ڕائەکشێ
*
ڕێگە چۆڵکەن هەستنە سەر پێ
زریان گڤەی ون کردووەو بۆی ئەگەڕێ
گەرمیان کورەی کاوەیە و جۆش دراوە
تەماشاکەن هەرچی گردۆڵکەی پێدەشتی
لەش جنراوە
وەکو دایکانی وڵاتم بنچکی قژو ئەگریجەی گژو گیایان
لە ملیاندا ئاڵۆزکاوە
مامە ڕیشە
ئەی پڵنگی چنگ بە گڕی گەرمیانم
بەیتی تازەی توحفەی ئەمڕۆی کوردستانم
لە مااڵنی گوند بە گوندی هەڵقرچاوا
تۆ قوتیلکەی بەر هەیوانی
داسی درووێنەو هەتاوی
سەر بانیژەی زستانانی
مانگە شەوی هێشوی ڕەزی
هاژەی چەم و وژە وژی دارستانی
ئاگری شوانی، وەکو باران
وەکو کانی

وەک دەغڵودان خۆشەویستی
تۆ گوڕی بابە گوڕگوڕی
داستانێکی سەدەی بیستی

***

ئەم هۆنراوەیە فەرهاد سەنگاوی لە ئیزگەوە بە بۆنەی شەهید بوونی مامە ڕیشە خوێندیەوە، ئەو سەردەمە و تا ئێستاشی لە گەڵدا بێ، شوان و گاوان، جووتیارو کرێکار، خوێندەوارو مامۆستا و زانا، وێردی سەر زمانیان بوو، زۆربە لە بەری کردبوو، یان چەند بەیتێکی لە بەر بوو.

هـــەر لـــوتکەیەن
فـــەرهاد ســـەنگاوی

ئەو ڕووبارە سەر هەڵگرتووە تورەیە بوویت
نەک لە بەهارو زستاندا
لە هاوین دا لرفەو هاژەت
بواری بە کەس نەئەدا
ئەی هەڵۆکەی بەرزەفڕی بەندەنی شیشاری بێتواتە

شەقەی باڵی تۆی شابازە لە سەر تەپۆڵکەی گردەکان لە کاچ و کوێراوی ناو کەڵبەزدا تا هەتایە زرینگەی دێ.

ناوو ورەت تفەنگێکی میل کێشراوە بە دەست دڵسۆزانەوەیە، ئازایەتیت کێوێک بوو لە ورەو باوەڕ، نە قاژویەک نە واشەیەکی بیابان نەیتوانی بگاتە لوتکەت.

تا ئاخری داوی ڕەوەکەوی خۆخۆر، گیانە خزو سرکەکەتی خستە ناو تۆڕ

تۆ ڕۆیشتی و ونیش نابی، ئازارێکی بە ناخی بڕوای پێشمەرگە، بە قوڵایی پشتێنە چل گەزیەکەت چوویتە خوارێ، هەر هەڵمەت وپەلامارێ کە لەمەودوا گڕ بسەنێ تۆی پێشمەرگەت هانداوە فێرت کردون ڕیشە ئاسا هەڵمەت بەرن کام سەنگەری دوژمن قایم و قوڵ و قەڵایە وەک بەری دەست تەماشایکەن.

داخێکی ئەستورو ڕەشیت بە قەد هەموو ئەو گوللانەی لە ژێر بەلەپیتکەتەوە

هەڵفڕین، بە ژمارەی گشت ئەو قەوانە زەردو ڕەشانەی لە پەنجەرەی زامنەوە هەڵوەرین.

یەک بە یەکی دڵۆپەی ئەو عارەقەی لە ژێر فیشەکدان و چەکی قورس و گرانی سەر نەڕەی شان هەڵتڕشتن، دانە دانەی گەردو تۆزی پایزانی جەباری لە سەر باڵات پەشتانە بوو لە سەرو ڕیشت دەنیشتن.

بەم ژمارانە، گشتی شیشی سووری گڕی داخت نا بە دڵی کوردستانا، ڕیشەی ئێستە خەڵتانی خوێن بێ دەنگ کەوتو، ئەو کوردستانەی تۆی لێبووی هەزاریتر بەرهەمدێنێ، کە جەباری مەڵبەندەکەت وەکو نەورۆز داگیرسێنێ، ئامانجی ناو دڵە پاک و سادەکەشت وەکو ئاڵا لە ئاسمانی سەرکەوتندا بشەکێنێ.

١٩٨٥/١/٢٤

هەمان ڕۆژی شەهید بوونی مامە ڕیشە

نەک هەر هۆنراوەیەک و دوان و سیان، دەیان و سەدان هۆنراوە و پەخشان لە گەروی ئیزگەوە لە شەقەی باڵیان داوەو ئاسمانی نیشتمانیان تەی کردووە، هێندە زۆرن گەر بمانەوێت هەموویان بنووسینەوەو ئێوەی پێ ئاشنا بکەین چەند کتێبێک هەڵدەگرێت، بۆیە ئێمە لێرەدا چەند نموونەیەکمان لە هۆنراوەی بەرگری و شۆڕشگێڕانە کە دەڕژێنە خانەی ئەدەبی بەرگریەوە نیشاندان، تا یادی ئەو قەڵەمانە بەرز بن، هەمیشە لە بیرەوەریماندا وەکو مەشخەڵ دابگیرسێن.

داستانی گرتنی سەری ڕەش لە زستانی مەترێک بەفری زەوی کەوتوی دەم پروشە و بارێزەی، زستانی بەفرێکی ئاڵ بو بە خوێنی شەهیدان، زستانی ١٩٨٨، یەکێک لەو داستانانەیە کە تیایدا لە گەڵ گرمەو ورشەی ئار بی جی، وشەش خۆی دەکا بە بورجی داتەپیوو قەسری سەر لە هەور گیر بوی دکتاتۆرەکەی بەغدادا، گڕو وشە بەیەکەوە لە ئاسمان دا شەپۆلانیان بو.

++++++

سەرەتاو دەستپێکی بەرنامەکانی ئیزگە ڕۆژی ١٩٨٨/١/٢٨ بەم شێوەیە دەستی پێکرد:

گوێگرانی بەڕێز، هاوواڵاتیانی خۆشەویست.
بەرنامەکانمان تایبەتە بە داستانی سەری ڕەش
بە هەورە گرمەی چلەی زستانی سەختی داگیرکەر.

ســـــەردێڕی چـــــــالاکییەکە

+ شاسواران وڕە لە سەر سەریان و سەر لولەی تفەنگیان سەر ڕێژ دەکات.
+ چەخماخەی هـەوری یەکێتی سـەری ڕەش دەکاتە قـەرە بـروت و لێزمە و خوڕەمی گوللە دادەکا.
+ لە گەڵ T.N.T لێ بەستن و وردو خاشکردنی قەسرەکەی سەری ڕەش، دارو دیواری کۆشکی جمهوری بەغدا کەوتە هەشەکۆ.
+ تەختکردنی هەر دوو تەلاری مەلیکی کۆن و نوێ فەیسەڵ و صدام.

پـــــەخشانی داســـــــتانەکە

تیپەکانی مەڵبەندی سێ، پێشەنگەکانی بەڕانەتی، ژارو ژەنگەکانی هەولێر، قەرەچوخی شەڕو شکار، چازانەکانی باوەجی، شورەکانی کەپکی سەفین، دلێرەکانی کۆیەو هەر سێ دەستە پلان چنەکانی بارەگای مەڵبەندو ڕێکخراوی یەک و مەکتەبی ڕێکخستنی سێ، لە گەڵ زریان و ڕنودا وەک هەمیشە بورکانی کوردستانی باشور، وەک هەمیشە پاڕێزەری گەل بەڕێکەوتن.

دوای چەند قۆناغە ڕێ کەوتنە سەر ڕێچکەی بەرەو ئاسمان هەڵکشاوی باڵگرتوو بەستەڵەکی ناو تاشە بەردو هەڵدێرە بەرزەکانی بناری سەری ڕەش، وا لە چەند لاوە هەرایە، شەوی سپی بەفرو ئاگر، گوللە و گڕو گرمە و نااڵە، هاواری دەرونی تاساوو نرکەی پڕسام و ترسێنەر، ڕیزەگردار، یەک لە سەر یەک نااڵە نااڵ، ئەوا قەسرو پاسەوانی کەوتنە بەر ڕەهێڵە ئاورینگی (G.B.R) یە زاخاو دراوەکان، بە جۆرێک گرمەو هاژەی وەک سێڵاوی بێ بەزو بەنگ لە هەوادا شەپۆلانی بوو، ئەها ڕووخا خۆتان لادەن ئەم کۆشکە بڵندە مەڕمەڕە هەرەس دێنێ ئاگادار بن، ئەوا لەملاو لەولاو دەوروپشتی کۆشکی تەپیو سەدان کابینەش ئاگردران، هەر یەکەیان

وەک بڵێسەی بابە گورگورِی ناو زیندان ئەلرفێ، ئەوە بورج و قوللە و کۆڵانەکانیتر، پڕن لە کەلاکی بێ سەرو قاچ بێ گیان و نیوە گیان.

دەی کوڕینە، کوڕەکانی ناو حەیران و لاوک و لاوژەی داهاتو، ئەو شەش شەهیدەی گلێنەی کوردو کوردستان بخەنە سەرشان، کە خوێنی سەر بەفریان بووە ئاقیقی سەر زیوی کاڵ.

کازیوە دای لە بەفری کەژ، تیپەکانی مەڵبەندی قارەمانی ساڵ، سەربەرزو ڕوو سورەکانی ناو گەل و وڵات بە دیل و دەستکەوتی سەنگینەوە، دوای کردنی هاوینگەی جانەوەران بە چاڵی خەڵوزان گەڕانەوە.

++++++

مـــــــەڵبەندی ســـــێ

هێندەی کاتیۆشای دوژمن بەزێن و کەمەرشکێنی دوژمن، هێندەی گرمەو نالەی تۆپخانەی شۆڕش، هێندەی بەرگری و نەبەزینی پێشمەرگە لە مەڵبەندی سێ دا ، وشەی سەوزو خوێن لێچۆڕاوی ئیزگەکە بە بەژن و باڵای بڵندی پێشمەرگەکانی مەڵبەندی سێ و تیپە قارەمانەکانی مەڵبەندەکانی یەک و دوو سێ دا بڕاوە، هەر وشەیەک کە لە گەروی پڕ لە تاسەی فەرهاد سەنگاوی هەڵدەفڕی و دەهاتە دەر، تاجی سەرکەوتنی گەلی لە سەنگەری پێشمەرگەدا دەکردە سەر.

شەڕی سێ مانگەی مەڵبەندی سێ، تۆپخانەو کاتیوشای شۆڕش، دەیان پەخشانە هۆنراوەی، پیت و وشەی لێکەوتەوە، بە گەردنی ئەو چیا سەرکەشانەدا بوونە گەردانەو سینە پۆش، نەک هەر سەنگەری پێشمەرگە، نیشتمانێک دەهاتە جۆش.

ئاستی بەرزی نووسین و پەخشانی حەماسە خولقێن لە ئاستی دا موچۆرک بە جەستەدا دێ، دڵ دەبزوێنی.

لێرەدا چەند وێنەیەکی بەرزی پەخشان و گەردانە وشە دەخەینە بەر دیدەی ئێوە، دەتانبەینەوە مەڵبەندی ۳، شوێن شۆڕە سوارانی ئەوی ڕۆژێ.

++++++

(1)

+ مەڵبەندی سێ دەریای بێ بن و قوت دەری هێزەکانی دوژمنە.

پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی سێ، تیپە ئازاکانی مەڵبەندی هەڵمەت و پەلاماردان، هەرگیز مەیدانی پڕگرمەو نالەی شەڕ، هێرشی لافاو ئاسای سوپای بەعس، سوپای کوللە، بەربەست و وەڵامی تۆندی وەک ئێوەی نەدیوە، ئێوە نەوەکانی پاشا کۆرەی ڕەواندزن، کوڕانی کۆڵنەدەری جوتیارانی ڕاپەڕینی دزەین، ئەو گەرو دەربەندانە بە دیواری لەشی دوژمن هەڵچنن، کەللە سەری سوپای بەعس بکەنە پێ پلیکەی سەرکەوتنەکانتان،

پشتگیریە شارەزاکانی بەرداو بەردی دێهات و شاخەکانی مەڵبەندی سێ، ئێوەو پێشمەرگە کە هێزی سفت و یەک کاتی شۆڕشن، پەرژینی پۆڵاینی ناوچەکانتان، کێڵی قەبرو ڕەزو باخ، جۆبارو تەیمان و خانوەکانتان داواتان لێدەکەن بەرگریمان لێبکەن، داواتان لێدەکەن نەهێڵن بکەوینە ژێر پێپەتیە وەحشیەکانەوە، داواتان لێدەکەن ئەو شمشێرە وردو خاش کەن هەر سەدەیەک بە ناوێکەوە خراوەتە سەر میللەتی کورد.

زۆر دەمێکە شەپۆلی کۆنە پەرستی و کۆیلە گەری ئەمانە ئەکرێتە سەر کوردستان، زۆر دەمێکە شمشێری دراوسێ و برا گەورەکانمان لە خوێنی ئێمەدا سوورە، لێیاندەن قەت ئێمە برای چەوسێنەرنین، برای داگیرکەر نین، هەرچی بێ و هەر کەس بێ.

(2)

دەن لە تەپڵی باز تیپ تیپ بخرۆشێ
ڕۆکێت کاتیۆشا، زەردەی خۆرپۆشی
فیشەکدان مەخزەن لە پشت بەستنە
بیبەن بۆ کورگەل، بەعسی کوشتنە

* فرسەخ بەفر سەخ بە پیری مەرگەوە ڕۆیون مەردان ئەوەی باکی لە مردن بێ، دیارە بلح و نامەردە. (مەحوی)

بیلبیلەکانی چاوی نەتەوەی کورد، هیواو تروسکەی زیندانیەکان و خەڵکی پێوارو دوورخراوەی ناولم و وشتر خۆر، ئێوە بروسکەی پێش ڕێژنەی هەوری سەوزن و

بە سەر دەغڵ و دان و ڕەزو مەزاری نەهاتە سالّی کوردا ئەبارن، ئێوە ئالّا هەڵگرانی میری سۆران و شێخی بەردە قارەمان و شێخ سەعیدی پیران و عەبدوڵڵای نەهری و برایم خانی دەلۆن، ئێوە هەمان ڕێچکەو ڕێبازی ڕەواو پیرۆزی ئەو مەردە پیاوانەتان گرتووە کە بۆ سەربەخۆیی و ڕزگاری کوردستانەکەمان بەخت بوون، ئەوان لە گۆڕا شانازی بە ئێوەی نەوەیانەوە دەکەن کە بە ڕاستی ئوستورەو ئەفسانەی ئەم چەرخەن، ئێوە باشۆکی کێوەکانتان بە پارچەی جگەری داگیرکەر تێرکردوە، ئێوەن بە تەنیا دەستە پێشمەرگەیەک، هێرشی هەزاران سەربازی داگیرکەر دەشکێنن، ئێوەن تانک و تۆپ و فڕۆکەو کیمیایی، تازەترین تەکنیکی سەربازی داگیرکەران لە بەرانبەرتاندا هەڵدێ، وەرەو فیداکاری داستانەکانتان ئەو فیلم و ڕۆمانانەی داهاتووە کە لە گەورەیی و مەحاڵیدا، ڕەنگە بڕوای پێنەکرێ، تۆڵەسێنی شەهیدان قیبلەی کوردان، سەنگەری سووری شۆڕش، سەنگەری کرێکاران و زەحمەتکێشانی کورد، سەنگەری ئاوارەو کۆڵەوارەکانی نەتەوەی کورد، ئێوە هەبن بۆ کوردو وڵاتن، شارو دێن خانون، نان و ئاون، ئازادی و ژیانن، ئەم ڕاستیە هەموو کوردێ ئەیزانێ، تەنانەت ئەوانەش کە شەرەف و کەرامەتی خۆیان فرۆشتووە، دڵی خەڵک لە گەڵ تفەنگە نەنوستووەکانی ئێوەدا لێئەدات، لێیاندەن، وەک چۆن گەنمی دەشتی هەولێرو کۆیە و دزەیی و شارەزورو دۆڵاکۆو دیانی ڕەواندوزو بیتوێن یەک و سەد ئەبڕێ ئاوا بە G.B.R بیانبڕنەوە، چۆن زنجیری دەبابەیان بەهاری ئەمسالّیان جنی ئاوا بیانجننەوە.

(3)

چەند پەیڤێکی ئاگرین و ورەبەخش، هاندان و جۆشدان بۆ تۆپخانەکانی مەڵبەندی سێ و ڕۆکێتی تۆڵە، بۆ پێشمەرگە قارەمانەکانی سەر تۆپ و کاتیۆشا.

(ا)

تۆپخانە دوژمن بەزێنەکانی مەڵبەندی سێ کارزانەکانی ڕۆکێتی تۆڵە، چەلەنگەکانی کاتیۆشا، بە دەست و بردەکانی تۆپ و هاوەن، نەهێڵن کۆچ و ڕەوی سوپای بەعس بێ تۆز دەرچێ، سەعد و قەعقاع هەر بە شمشێرەکانی خۆیان سەربڕن، قوربانی کوڕانی تۆپخانە بین لە هەر کوێدا دوژمن هەبوو نالّە نالّی تۆپەکانی ئێوەی لێنەبڕێ.

(ب)

قارەمانەکانی تۆپخانەی مەڵبەندی سێ چاومان لێیە لولەی تۆپەکانتان سوربووەتەوە، چاومان لێیە چەڕە دووکەڵی تۆپباران دوژمنی داگرتووە، داروبەردی ژێر پێیانی بە کلێپەو بلێسە کردووە، نالەی ڕۆکێتی تۆڵە وەک هەور دەنگدانەوەی کەشکەلانی فەلەکی تەی کردوە، تۆپەکانی مامە یارە لە مەڵبەندی (٣) دا جارێکیتر دەگرمێنن.

(ج)

پێشمەرگە قارەمانەکانی سەر ڕۆکێتی تۆڵە و کاتیۆشا و تۆپ، ڕەواندز جارێکیتر تۆپەکانی خۆی دەبینێ دەگرمێنێ، لە کاتێکدا زنجیری تۆپەکانتان ڕادەکێشن، گوللە ئەنێنە ناو لولە، ئا لەو کاتە چی مەینەتی ئەم کوردەیە هەرچی ڕووباری خوێنمانە ئەو خاکەی وا لە ژێر زنجیری دەبابەی دوژمن دەزریکێنێ، ئەو خەڵکەی وا دیلی ناو ناکەسان و گەلی مردووی بیابانن، ئەو خوشک و دایکانەی وا لە ئۆتۆمبێلی قەفەز بار دەکرێن، ئەو هاوڕێ شەهیدانەی وا لە سەر لوتکەکانا بەرانبەر زەردەی خۆر دەستی خوێناویان بە تفەنگەوە سارد دەبێتەوە، لە گەڵ هەر گوللە تۆپێکا بیانهێنەوە بەرچاوتان، پێیان بڵێن بە کوردستانی وێرانە بە شاخ و داخی ناو دووکەڵ و خوێن، بستێ لەم ڕێ پیرۆزە لا نادەین، ئێمەین بۆ مردنیش ئامادەین.

(د)

بە ڕۆکێتی تۆڵە دەبابەکانی بەعس دەبرژێنین

هەر کاروانێ بۆ پرشنگی خۆر بڕوانێ، کەم بن یان زۆر دەگەنە خۆر

سەیرکەن خەڵکینە ئاسمانەکەی مەڵبەند بە شەوو ڕۆژ هەر بەهارەو نالە نالێ هەوری ڕۆکێت، بریسک و باسکی کاتیۆشا، پەڵەی تیر ئاو ئەبارێنێ، ڕەهێڵەی G.B.R کوڕەکانتان لێزمەی بەهارە دائەکا.

بە منالێ شەهیدان بڵێن بابە، قەت نەمردوە، با سەیری چیاکان بکا ئەوان لەوێن، باوک و برا پێشمەرگە، مان و سەرکەوتن پێشمەرگە، هەمو شتێ هەر پێشمەرگە.

(4)

دواندن و سوێندخواردن بە کفنی ئاڵی شەهیدو نانە ڕەقی ناو گیرفان و بەڵێن و بەردەوامی لە سەر ڕێبازی شەهیدان یەکێک لە خەسڵەت و بەها جوانەکانی پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) بووە، هەر بۆیە لە ئەدەبیاتی شاخدا ڕەنگی داوەتەوەو دەدرەوشێتەوە، نمونەیەک لەو سوێندە پیرۆزە دەخەینە بەر دیدەی ئێوە.

(برای شەهیدم)

برای شەهیدم بە جەرگی قرچاوی دایکم سوێند دەخۆم بە کراسی ڕەش و چاوی گریانی، بەو کفنە ئاڵەی جلە خاکیەکەی پێشمەرگایەتیت، بە قەوانی زەردو ڕەشی بەر سەنگەرەکەت، بە وردە نانە ڕەقی گیرفانت سوێندە بارانی گوللەم خۆش ناکاتەوە، بە وەستانی دڵی گشتیشمان ئەی هاوڕێ گیان، یەکێتیە نەبەزەکەت، یەکێتیەکەی شێری مەیدان هەرگیز تفەنگ سەرەو خوار ناکا.

دایک و باوکی پێشمەرگە، ئاوارەکانی ناو شاران، ئەی کۆڵ بە کۆڵی ناو شاخان، گەلی پەرەوازەی بێ وڵات، گوڵ لە ئاگردا ئەپشکوێ ڕزگاری کوڕی چەوسانەوەو ستەمە بەهار لە دوای هەورو تەمە.

(5)

(پەیامی ئیزگە بۆ هاووڵاتیان) وەك نمونە:

هاووڵاتیانی بێ ماف و ئازادی، گەلی ژێر دەستەو چەپۆکی دەوڵەتی عێراقی داگیرکەر، خۆتان ئاگادارن کوڕەکانتان لە مەڵبەندی سێ ئێشکگری کێوەکانن، سوێندخۆرن و دائەنەون لەم خاک و خۆڵە پڕ مشتێ هەڵدەگرن و ماچی دەکەن بۆ ئەم ڕۆژی تۆڵە.

ئاگادارن کوشتەو هەنگاوتەی نەبەردی پێشمەرگەکانتان بە سەدانن و ئۆتۆمبێلی دوژمن فریای گواستنەوەی ناکەوێ، خەڵکی شاری هەولێر و دەوروبەری گزرە مەیتی دوژمن دەبینن چۆن پێشمەرگە بۆتانی کوشتووە چۆن تۆڵەتانی لە بەعس کردوەتەوە، چۆن خاکی پاکی کوردستانیان بۆ بەعس کردوەتە ژیلەمۆ.

++++++

سەیرکەن تا ئێستا گوندو شاری کوردستان پـەڕەوازەی ناو تۆپ و ڕۆکێت و کاتیۆشای دوژمن بوو، ئێستە ڕۆکێتی تۆڵە وەک کەرتە شاخ بە سەر دوژمندا ئەنالێنێ، ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی مەڵبەندی دلێران، پشتگیرییە جەربەزەکان، شـاخ و دەشـت و دەربـەنـدو شـارو دێ، دارو بـەردو دێبـەرو چـۆم و کانی و گۆڕستانەکان کەپک و ترۆپکی ئەو کێوە کلاّو تریفە چنانەن بە تاسەوە دەستان دەگوشێت، شانازیتان پێوە دەکـەن، لە دێرزەمانەوە هیچ کێوێ وەک کێوەکانی کوردستان کوڕی وەک پێشمەرگەی نەبووە ئارارات و سپی ڕێزو شاهۆو نەکەرۆز لەمپەڕ تا ئەو پەڕی نیشتمانی مەزنمان ئومێدەوارن ئێوەی هەڵۆی تیا بفڕن، وەک هەمیشە لە ئاستی سۆزو خۆشەویستی خاک و گەلی کوردابن، ئەم نەبەردانەشتان قوببەیەکی تری مرواریيە بۆ بوکی ئازادی.

(6)

یانزە ڕۆژەی مەڵبەندی (سێ)

+ تاتە بەرد، تاتە شۆری بەعسیەکانە

+ مەڵبەندی سێ هەر مەنجەنیقە بۆ دوژمن

+ مەڵبەندی سێ زانکۆی قاڵبونی قارەمانانە

+ کێوەکانی وولاّتی ئێمە قوللەی قافن و قوات خاصەی بەعسیش مێشولەن

١١ ڕۆژە شەڕی مەڵبەندی داگیرساو وەکو کورەی کاوە وەکو چلەی هاوینی گەرمیان گەرمە.

١١ ڕۆژە لە کازیوەی بەیانەوە بۆ کازیوەی بەیانی ڕۆژێکی نوێتر، پێشمەرگەکانی کوردستان دەستیان لە سەر مشتی دەمانچە و تفەنگەو بەرداوبەردی کێوەکانی هەندرێن و کۆڕەک و کـارۆخ و هەڵەموندیان کردوەتە گۆڕستانێکی گـەورە بۆ بەعسیەکان، ورەیان وەک هەڵگوردو حەسارۆست و هەڵەموند بەرزو خزو نەگیرە، نەبەردی بێ وێنەی پێشمەرگەکانتان لە بەردەم سوپای زۆرو بۆری پڕ تانک و جبەخانەی بەعسدا هەر بە وێنەی ئەفسانەو خەیاڵ دێتە بەرچاو.

(7)
(پەیڤێك بۆ دایکی پێشمەرگەو شەهید)

ئەی دایکەکەی کوڕ لە کێوان، ئەوانە کوڕە پێشمەرگەی تۆن، لە هەر کوێ هەن لە زیندانا، لە تەلبەندی بیابانا،

هەزار ئافەرین لەو داوێنەی کوڕی پێشمەرگەی لێبووە، ئەی دایکەکانی شەهیدان قەت خۆت بە بێ کوڕ نەزانی، بۆ بریندی جەستەی ساردو مەچەکمان فرمێسکی تۆ دەرمانە، بە کراسە ڕەشەکەی تۆ دەیبەستین و لە سەرکەوتنی کوردستاندا کراست لە گوڵاڵەی کێوەکان بۆ دەچنین.

(8)
(پەیام بۆ مەڵبەندەکانی (، 2، 3))

هێزی قارەمانی پێشمەرگەی کوردستان

کوڕانی مەڵبەندی (۳)، کوڕانی مەڵبەندی (۲)، کوڕانی مەڵبەندی (۱) کوڕانی پشتگیری، ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان بۆ ڕقی پیرۆزتان ئەمڕۆ باشترین هەل و دەرفەتە ئەوا بەعسیەکان مەرگ هەڵی گرتون و بە پێی خۆیان دێنە بەر لولەی چەکەکانتان، ئێوە چاکتر مارکوژیان کەن هەر کە نیشانی کەو کوژی لە قوات خاصەو جاش دەگرن کە پەنجە لە سەر بەلەپیتکە دادەگرن بڵێن ئەمە لە تۆڵەی منالەکانمان، جەستەی سەربازەکانیان بکەنە ڕوالەی بێژنگ، بە تفەنگ بە دەست بە چەقۆ بە خەنجەر دایاندرون، خەریکە ئەو ڕۆژە دێ ڕووبار لە خوێنی بەعس و نۆکەرانی هەڵبەستین، ئاخ با ڕۆژی سەرکەوتن هەناسەیەک زووتر بێ، تا دەستمان لە بینە قاقای بەعس زۆرتر گیربێ، ئاخ بۆ ئەو ڕۆژەی شەقامی شار بەڕیز سێدارەی تیا هەڵدەخرێ، لێیان دەن هەموو گەل دەستی لە گەڵ دەستاندایە.

++++++++

پێشمەرگە جەربەزەکانی کۆڕو جەرگەی ئاگرو ئاسن، ئێوە وەک قەڵای هەولێرو قەرەچوخ و هەیبەت سوڵتان وەک کۆسرەت و کاروخ و هەندرێن و زۆزگ سەنگین و بەرزو نەبەزن.

گەل چاوەڕێیە لوتی سوپای بەعس بە یەکجاری لە مەڵبەندی سێ دا بشکێ.

(9)
(دیسان تۆپخانە)

بژین بژین، پێشمەرگە دلێرەکانی مەڵبەندی (٣)

دەوری کاریگەرو گرنگی ئێوە هەوڵ و کۆششتان، شانازییە بۆ گەل ڕۆڵەی وریاو ژیری وەک ئێوەی هەیە.

ئێوە خاتۆی تۆپچی قەڵای (دم دم) ن، مامەیارەی بابانن، ئێشکگری ڕەواندزو شارەکەی سۆرانن، تۆپەکانتان سورکەنەوە، بستاو بستی خاکی ژێر پێی داگیرکەر بکێڵن، بەعس پلنگە کارتۆنیەکەیە، شێرە بەفرینەیە، ڕمبەی تۆپەکانی ئێوە هەرەس بە هێرشەکانی دێنێ.

(10)

شەڕەکانی مەڵبەندی سێ جگە لە پەخشان و جۆشدان و هاندان بانگەوازیش لە خۆدەگرێ، بانگەواز بۆ جاش و پیاوانی ڕژێم تا چەکەکانیان فڕێدەن و بێنە ڕیزی شۆڕش، نمونەیەک لەو بانگەوازانەتان دەخەینە بەرچاو:

(بانگەواز بۆ پیاوانی ڕژێم)

ئەی ئەوانەی تا ئێستاکە بەوە ڕازین بەعس و سوپاکەی بەدێهات و شار، خەڵکی کوردستان، بە خوێنی منالآنی کورد گوللە تۆپی سورەوە بووی خۆیان ئاودەن، ڕازین ئەستۆی ساوایانی کورد ببێتە هەسانی شمشێرەکانی بەعس، ئاورێک لە دەوروپشتی خۆتان بدەنەوە، خۆتان و ماڵ و منالآتان لە گەروی ئەژدیهای بەعسان، ئێوە لای بەعس بایەخی چلەپوش، نالآچەو بزماری پۆستالەکانیانتان نیە، ئێوە حسابی پادارو بێ پاتان بۆ کراوەو لە قولەمستیان، ئەتانباتە بیابان بە کوشتتان ئەدا لەوەش زیاتر ئەتکتان دەکات.

بیانکوژن، فەرماندەو ئەفسەرەکانیان بکوژن، هاوکاری شۆڕش و میللەتی خۆتان بکەن، تێ بگەن تێ

سەد سال بکەن بێگانە پەرستی

لە ئەنجامدا هەر دەهێژن نشوستی

مـــــــەڵبەندی ســـــێ گۆڕســـــتانە

مەڵبەندی سێ، گۆڕستانە، قوات خاسەی دوژمن بە بازوی پێشمەرگە دەخنکێندرێ،

(11)

شێرو پلنگی چیای بێشە
لێیاندەن بە تەورو تێشە

سەنگەر سەنگەر هەڵپڕژانە، تێکڕژانە، دار سوور بووە بەرد سوور بووە، ئەم لە سەر لا ئەو لە سەر دەم لاڵ و پاڵ و پاڵ کەوتووە، دەستی بێ قاچ لەشی بێ سەرە و کەوتووە خوێن پرژانە، خوێن بارانە، هەڵداشتن و هەڵدێرانە ڕۆژ ڕۆژی بەعسی قڕانە، قوات خاسەی هاروهاجی کوڕی سەدام بە بازو چنگ و پەلی پێشمەرگانە دەخنکێندرێ.

هاوولاتیانی ستەمدیدەی کوردستان، ئەی ئەوانەی ٦٣ ساڵە کوردستانەکەتان بە زۆری شمشێرو تۆپ و ئاگرو ئاسن بە عێراقەوە شەتەک دراوە، ئەی ئەوانەی هێندە کوێرەوەری و دەربەدەری و جەرگ برِاویتان دیوە، دەردو مەینەتی (٦٣) ساڵ چەوسانەوەتان قەت قەڕەوێتەوەو ساڕێژ نابێ، تەنها بە ڕزگار بوون و سەربەخۆ بوون نەبێ.

ئێوە هەوالّی سەرکەوتنی شۆڕش و پێشمەرگەکانتان تاکە هیوای ڕەوێنەری خەم و خەفەتتانە، هەر بە هەقیش هەر پێشمەرگە پارێزەرو خاوەنتانە، دە گوێ بگرن، دە سەیر کەن پێشمەرگەکانتان شەڕی دەستەو یەخە، شەڕی پەلاماردانی قورگ و قوڕتم گرتن گەرمە لە کێوەکانی مەڵبەندی سێ.

پەیامی مەرگ بۆ خۆفرۆشان
(12)

ئەی ئەو بەکرێگیراوانەی بە تەواوی کەوتونەتە ناو خمخۆرکی خۆفرۆشیەوەو قەت پاک نابنەوە، ئەی ئەوانەی لە سەر فرۆشتنی فرمێسک و خوێنی خەڵک بوون بە خاوەنی ماڵ و سامان و تەلارو ئۆتۆمبێل و پول و پارەی پیس و نەگریس، لە دوا ڕۆژدا لە ناو ئەو دەستکەوتە گەندە خۆریانەدا دەتانسوتێنین، ماڵ و ئۆتۆمبیلەکانتان بۆ دەکەین بە قەبر.

پەیڤی ئاگرین بۆ تیپەکان
(13)

بازەکانی ئەو مەڵبەندەی بە شەو چاوتان ناچێتە خەو، پۆلە هەڵۆی پاسەوانی چیاکانی مەڵبەندی (٣) کوڕانی کون لە جەرگا نەبوی پشتگیری و تیپەکانی کۆڕەک و قەرەچوخ و کارۆخ و بەرانەتی و هەوریێ و هەولێرو سەفین و سۆران و باواجی و تیپی مەڵبەند، برۆن بۆ پێشەوە زیاتر ئازاترو وریاتر لە کوێوە سوسەی دوژمنتانکرد لێی بدەن.

بانگەواز بۆ جاش

لە گەڵ شەڕو هێرشی بەردەوامدا، لە گەڵ ئەوەی هەندێک لە زەلکاوی خیانەتدا نقوم ببوون بەڵام (ی.ن.ک) هانی دەدان و دەیویست لەو زەلکاوی خیانەتە دەریانبێنێ و بێنەوە بەرەی گەل، پیاوانی ڕژێم بکوژن.

(14)

بۆ ئەوانەی لە ڕیزەکانی دوژمندان و غیرەت و کەرامەتی کوردانەتان هێشتا تۆزێ دەبزوێ، غیرەتێ دەی غیرەتێ ڕازی مەبن هەر ئاوا ماڵ و خانەی خەڵک کاول بێت، خۆ ئێوە هەرچی بن لای بەعس هەر کوردن، تا نۆرە نەگەیشتووەتە سەرتان فریاکەون فەرماندەو ئەفسەرەکانی بەعس بدەنە بەر ئاگری ڕق و تۆڵەو بیانکوژن، وەک چۆن دەیان کوردو حاکم و ئەفسەری ئینگلیزیان کوشت ئەمانەش میراتگری ئینگلیزن لە کوردستان، داگیرکەرن قڕکەری کوردن بیانکوژن ڕووی خۆتان بە سپێتی پیشانی گەل بدەن، چوونکە ئەو ڕۆژە دێ گەل قەنارەی خۆی بۆ خۆفرۆشان هەڵخات.

***

بانگەواز بۆ پیاوانی ڕژێم
(15)

ئەی ئەوانەی تا ئێستا لای داگیرکەرن، ئەی ئەوانەی بە هەر بیانویەک بێت چەک لە شانی داگیرکەرن زۆر لێتان مەعلومە کە پێشمەرگە و شۆڕش داکۆکی لە کوردو کوردستان دەکات.

ئەزانن شۆڕش نەبێت بەعس سەر پاکی کوردو کوردستان هەڵدەلوشێ، ئێوە خۆتان کەسووکارتان لە کوێن، کێتان هەیە برای بابی، کەسووکاری بەر جەزرەبەی بەعس نەکەوتبێ، خەریکە شەوە زەنگی بەعس ڕادەکات، کاتی جوڵان و بەخۆکەوتنە، دوژمنی ئێوە پێشمەرگە نیە، دوژمنی ئێوە ئەو ئەفسەرو قوات خاسەو حەرەس جمهوریانەیەکە کوردستان کاول دەکەن و ژن و پیرو منالّمان دەکوژن لولەی چەکەکانتان ئاڕاستەی ئەوان بکەن لێیان یاخی بن سەرە بۆگەنەکانی بەعس پان بکەنەوە لە جەبهەکاندا ئەفسەرەکانی بەعس بکوژن، خۆتان چۆن بۆتان باردێ و دەلوێ کامە سەرە مارەکانە پانی کەنەوە، لە شارو شاخدا بەعسی بکوژن، فەرماندەکانی سوپای بەعس بکوژن.

هەڕەشە لە خۆفرۆشان
(16)

خۆ فرۆشەکانی ناو گەل و نیشتمان

ئەو پیرە پەککەوتانەی کە ئێوە دێهاتەکانیان تەسلیم بە دوژمن دەکەن و قوات خاسە بە بەرچاوتانەوە بە ئاربیجی شەهیدیان دەکەن کێن.

ئەو پیرو پەککەوتانە باوک و دایکی خۆتان ناهێنێتەوە یاد، ئەوانە لە سەر حیسابی ئێوە وایان بەسەردێ ئەوانە لە ملی ئێوەن، ئێوە نانی خوێن دەخۆن، ئێوە غیرەت و کەرامەتی خۆتان و عەشیرەت و میللەتتان فرۆشتووە، ئۆبالّی دێهات و کاولکاری کوردستان لە ئەستۆی ئێوەدایە، ئێمە ڕۆژی خەبات و سەرکەوتنمان کە ڕۆژی ڕزگار بوونە لە بەرچاومانەو ئەبێ سەری جەللادەکانی بەغدا هەر پان بکرێتەوە، زیاتر خیانەت مەکەن وەرنە لای گەل و نیشتمان تا کار لە کار نەترازاوە

گەر بەردەوام بن ئەوجا ئەی نۆکەران و خۆفرۆشان شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ، شەرتی خوێنی کوردو ئەو پیرو پەککەوتانە کە بە بەرچاوتانەوە دەکوژرێن و ئێوە تیایدا بەشدارن، شەرت بێ وەکو کارە کۆرپە سەرتان بڕین، شەرت بێ ڕووباری خوێنی خائینان هەڵبەستین، شـەرت بێ بە شەرتی شەهیدان ئـەوەی خزمەتی داگیرکەری کردبێ ئاگر لە سەر پشتی بکەینەوە لە ڕۆژی سەرکەوتندا هیچ تەبریرو بیانوو چارەیەک نیە و نیە و نابێ.

هەڕەشە بۆ خۆ فرۆشان
(17)

خۆ فرۆشان، کـەوا ڕەش و ڕووڕەشەکانی بەر سوپای داگیرکەر کەوتوو، میللەتی کورد هەر بە هەقی خۆی دەگات، شۆڕش هەر سەروەرو سەرکەوتووە، ئەوجا حسابی هەر هەموتان وەک دەڵێن ئـەوەی دەنکە جۆیەکی مااڵی پاشای خواردبێ بە شەهیدان و بە کوردستان گێرەی درکە کەڵەوەیان پێ دەکەین، کام کێوەی کوردستان بەرزو هەڵدێرە لێوەی هەڵتان دەدەینە خوارەوە، ئێوە نۆکەری عەرەبە ڕەگەزپەرستەکانن ئێوە دەستی ڕەشی بەعس دەخەنە سەر کلیلی دەرگای شارو دێهاتەکان، ئەخەنە سەر دەرگای دەربەندو کێوەکانمان، ئێوە ئەبێ بکەونە بەر تف و نەعلەتی هەموو گەل، لە ژێر پێی گەلدا ورگتان بدڕێ وەک جەیشە ناشەعبیەکانی سەر منەزەمەی تۆپیو عوسمانی ناو سلێمانی بە چوار دەستەی گەل هەڵتان دەدەینە خوارەوە قورتان بە سەر ئاغای شێرە بەفرینەتان دەتوێتەوە، بەعسی مێردەزمەی کورد دەتۆپێ، ئەوجا ئێوە بۆ کوێ دەچن

+++++++

خوێنەری بەڕێز ئەدەبیاتی شاخ، هێندە گەورەو فراوان و پڕ وشەیە، هێندە پڕ ڕازو چرپەیە ئەوەی لە بەردەستی تۆدایە مشتێکە لە خەرواڕێک، دڵۆپێکە لە دەریای بەرینی نوسین، هەست و سۆزی پێشمەرگانە.

ئەوەی لە بەردەستە و خستومانەتە بەرچاو، بەشێک لە ئەدەبیاتی بەرگری-

ئیزگەکەیە ئێمە لێرەدا نمونەی چەند داستانە پەخشانێک و وێنەی گیرفانی شەهیدێکمان خستە بەرچاو دەنا بە هەزاران پەخشان و وشەی ئاگرین کراون بە بالای داستان و سەنگەرو شەهیدەکان، دەریای وشەو ڕەنگاڵەیی پەیڤەکان.

دیــسان هەوری خەم بارانی یادە، خــۆزگەم بەو گــەلەی بۆ خــۆی ئازادە

نوسین و دارشتن بە بێ بیروباوەڕ نابێ، شایەرو بەیت بێژو شاباش هەیە ئەڕواو ناقرچێ، بەڵام لە کورەی قەڵەم و لە قرچەی دڵەوە دەرناچێ،

کاک ئازاد سەراویش بۆچی شتی جوان دەنوسێ ئەگەر خەمزەدەی خوێنی شەهیدو خەمباری خاک نەبێ وادەرناچێ، کسپەی یاد نوکی قەڵەمەکەم تیژ ئەکاتەوە، مولازم عومەرێک کە ناوەکەی تازە وا ڕۆیشتوە، هەقە پێی بوترێ جەنرااڵ عومەر- نامەی لە ناو لوتکەکانی مەڵبەندی (سێ) وە بۆ ئێمە دەنوسی کە بەندە نوسەری چالاکیەکان بوم لە دۆڵە کۆکە (بەڕاستی ڕادیۆکە لە ناو سەنگەرەکاندایە).

(بلاچەی ئاربیجی سەر بەفری دابان) هەر بە ڕاستی خۆم بە چاوی خۆم بینیم کە لە گەڵ هاوڕێم کاک یوسف زۆزانیدا لە سەر لوتکەی (بەبۆ) بەرامبەر دابان وەستابوین گوللەیەک هات و یەک بست لە سەروی سەرمەوە لوتی خۆی بە تاشەبەردەکە چەماوەندەوە، ئێمە وەک فیلمی سینەمایی و شاشەیەکی نزیک بە بێ دووربین، چاومان دووربین بو چاو دووربین، لەو شەڕەدا لە گرتن دا (تەنها شەهید والی باریکەیی بو) کە شەڕ تەواو بو گاڵتەی دەکرد گوللەیەک سوڕاندیەوە .

(نامەی گیرفانی شەهیدەکە) تەنها ئەوەندە بو شەهیدێک نامەیەکی نوسیبو بۆ دڵدارەکەی پێش ئەوەی بینێرێ شەهید کرا- هەر ئەوەندە بو ئیتر خەیاڵی خۆم دایڕشت کە ناوم نابو (هەودا) ئەو کاتە ناوی کیژۆڵەکەم دەزانی بەڵام بۆ نەناسین ناوم نا هەودا، پاشتر هەودا بو بە ناوی کیژان.

فەرهاد سەنگاوی

٢٠١٨/٨/٢٥

قـــــۆناغی سەقز- ڕاپـــــــەڕین

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە گەڕەکی (بلوار)ی سەقز دامەزرا. هەیکەلی دەزگـای ڕاگەیاندن گۆڕانکاری بە سـەردا هـات، داگیرکردنی کوەیت لە لایەن عێراقەوە هەلوومەرجی نوێی هێنایە پێشەوە، ئیزگە کەوتە قۆناغی ئامادە بوون بۆ گۆڕانکاریەکان.

ستافی ئیزگە گۆڕانی بە سەردا هات، قادری حاجی عەلی لە جێگەی ئەرسەلان بایز کرایە لێپرسراوی ڕاگەیاندن.

تێکڕای توانای دەزگای ڕاگەیاندن لە ئیزگەدا چڕ کرایەوە چەندین کادیری نوێ، لە هەواڵساز، نووسەر، بێژەر، تەکنیکی و بوارەکانیتر هاتنە ئیزگە، ئیزگە ڕۆڵی گرنگی بینی لە ڕاپەڕیندا.

لێرەوە ڕۆڵی ئیزگە لە قۆناغی سەقز تا ڕاپەڕین دەنووسینەوە.

ئـــیزگەی دەنـــگی گـــەلی کـوردستان بڵند گۆو پێشەنـگی ڕاپـــــەڕین بـــوو

ڕۆڵی بـــــاڵاو پێشەنگی دەنگی گەلی کـــــوردستان (ئـــیزگەکە) لە ڕاپـــــەڕینی ئـــازاری (١٩٩١)دا

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان فاکتەرێکی گرنگی جێبەجێکردنی بەرنامەو پلانی ڕاپەڕینی ئازاری (١٩٩١) ی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو.

دوای کۆستی هەڵەبجە و پرۆسەی بەدناوی ئەنفال ڕووداوەکان خێرا بوون، پێشبینیەکانی هەڤاڵ مامجەلالیش هاوتاو پارسەنگی خێرایی ڕووداوەکان بوون.

دوای وەستانی جەنگی عێراق – ئێران – ڕژێمی عێراق بە قەیرانێکی قوڵی ئابوریدا تێدەپەڕی، لێکەوتەکانی جەنگی ٨ ساڵە وردە وردە دەردەکەوتن، قەرزە کەڵەکە بووەکانی سەر عێراق، هـەزاران قوربانی جەنگ باریکی قورس و گران بوون بە سەر شانی ڕژێمی عێراقەوە، بۆیە چاوەڕوان کراو بوو کە ڕژێمی عێراق کێشەیەکی نوێ لە ناوچەکە بخوڵقێنێ.

هەڤاڵ مامجەلال زووتر پێشبینی سەرکێشیەکانی صدام حسێن و ڕژێمەکەی کردبوو، دوای ئەوەی هەڤاڵ مامجەلال لە لێدوانێکیدا ڕایگەیاند کە صدام حسێن پلانێکی بە دەستەوەیە دژی کوەیت یا سعودیە، لێکدانەوەو شیکردنەوەی هەمە جۆری بۆ کرا.

صدام حسێن سەرکێش و لە خۆبایی و نوقمی غروری گوایە سەرکەوتنی شەڕی ٨ ساڵە بوو بە سەر ئێراندا پێچەوانەی ویستی نێودەوڵەتی و پرەنسیپەکانی کۆمەڵی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان دەدواو هەنگاوی دەنا.

ئیعدام کردن و لە سێدارەدانی (فەرزاد بازۆفت) ڕۆژنامەنووسی بریتانی و بەڕەچەڵەک ئێرانی، صدام و ڕژێمەکەی بە یەکجاری خستە بەرەی دژی ڕۆژئاوا.

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هەر لە دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفالەوە، بەرنامەی گەڕانەوەی مەفرەزە پارتیزانەکانی بۆ ناوچەکان و دروست کردنی سوپای ڕزگاری کوردستان (سرک) و ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی ڕێکخستن و ئامادەکردنیان بۆ هەر ئەگەرێک دێتە پێش دانابوو.

صدام حسێن لە ٢٨/ ١٩٩٠/٥ لە کۆنگرەی (عەرەبی) هەڕەشەی لە کوەیت و سعودیە کرد، بەوەش شیکردنەوەو ڕوانینی هەڤاڵ مامجەلال زیاتر چەسپی، بەمەش هەلوومەرجێکی نوێ هاتە پێش زەمینەی خۆیوو بابەتی بۆ خۆ سازدان و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین ڕەخسا.

بە هەماهەنگی هەڤاڵ مامجەلال و کاک نەوشیروان ئامادەکاری بۆ ئەگەرەکانی هەلوومەرجە نوێیەکە کرا کە هاتۆتە پێشەوە، کاروباری ناوخۆ بە کاک نەوشیروان و دەرەوەی ولاتیش بە هەڤاڵ مامجەلال سپێردرا، بۆ پەیدا کردنی پشتیوانی بۆ گەلی کوردستان.

لە گەڵ پەلاماردانی کوەیت لە لایەن سوپای عێراقەوە هەڤاڵ مامجەلال ڕایگەیاند عێراق لە کوەیت ناکشێتەوە، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) گفتوگۆی لە گەڵ لایەنەکانی بەرەی کوردستانی و دەرەوەی بەرەی کوردستانی دەست پێکرد بۆ خۆسازدان و ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕین.

ســـــازدانی ئـــیزگە بۆ ڕاپـــەڕین

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان ئەرکی گرنگ و مێژوویی پێسپێردرا بۆ سازدان و هاندانی جەماوەری کوردستان بۆ ڕاپەڕین لە:

١/ هۆشیارکردنەوەو سازدانی خەڵک بۆ هەر گۆڕانکاریەک.

٢/ بڵاوکردنەوەی بڕووسکەو جفرە نامە نەهێنیەکانی سەرکردایەتی بۆ هێزەکانی ناوەوەو شێوازی جموجۆڵ کردنیان.

٣/ بڵاوکردنەوەی پەیام و بڕووسکە و ڕاسپاردەکان بۆ ڕێکخستنەکانی ناوەوە.

(ی.ن.ک) خۆی ئامادەکرد بوو بۆ هەر پێشهاتێک هەتا ئەگەر لایەنەکانی دیکەش ئامادەییان نەبێت، بە تەنها ئەو ئەرکە مێژوویيە بخاتە سەر شانی.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموو توانا تەکنیکی و مرۆییەکانی ڕاگەیاندنی لە ئیزگەدا چڕ کردەوە.

دەرچواندنی هەر دوو ئۆرگانی ناوەندی (ی.ن.ک) (ڕێبازی نوێ) و (الشراره) ی ڕاگرت، نووسەرو کادیرانی هەر دوو ئۆرگانەکە خۆیان تەرخان کرد بۆ ڕادیۆو بە پێی پسپۆریەکانیان کاریان پێسپێردرا.

بۆ حاڵەتی پێویست ئامێرێکی پەخشی ئیزگە لە (زەڵێ) نزیک بارەگای کاک نەوشیروان لە سەر شەپۆلی (٤١) میتری کورت دانرا.

ئەو کات ئیزگەکە لە سەقز بوو، بۆ هەر حاڵەتێکی لە ناکاوو نائاسایی کە لە کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕووبدات کاک نەوشیروان بارەگای خۆیی و ئیزگە (٤١) میتریەکەی بردە زەڵێ کە لە ناو خاکی عێراق دابوو، تا لە ئەگەری دەستبەسەردا گرتنی ئیزگە (٧٥) میتریەکەدا ڕاگەیاندن و تەبلیغات پەکینەکەوێت.

هەر لە بەیان و ڕێنمایی بۆ ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگە و هێزە ڕێکخراوەکانیتری وەک شانە چەکدارەکانی بڕووسک و شاڵاوو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و سازدان و هاندانی جەماوەر بۆ ڕۆژی بەرەنگاری و ڕزگاری خرایە سەر شانی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان.

ئیزگە پابەند کرا بوو بەو فەرمان و ڕێنماییانەی کە لە سەرکردایەتییەوە پێی ڕائەگەیەنرا، بێ دواکەوتن و پێشکەوتن لە بڵاوکردنەوەیاندا چونکە بچوکترین هەڵە نەک هەر کۆسپی دڕووست دەکرد بەڵکو جێبەجێکردنی بەرنامەکەشی تێکدەدا.

لە دوای داگیرکردنی کوەیت، ئیزگە لە درەنگانی شەوو بەرەبەیان کە تەشویش (پارازێت) نەبوو، بروسکە نەهێنیەکان و جفرەکانی پەخش دەکرد بۆ هێزو کەسە دیاریکراوەکان.

هەموو پەیام و ئاگاداری و بەیاننامە ئامادەکراوەکانی ڕۆژی دیاریکراو کە ناونرا بوو (ڕۆژی حەشر) تۆمار کرابوون و لە ئیزگە دانرابوون و ئامادەبوون.

یەکێک لە پەیام و ئامانجەکانی سەرکردایەتی ڕاپەڕین ئاشتبوونەوەی گشتی و لێبووردن و لێبووردەیی بوو ئەوەش لە بەیاننامەیەکدا ئامادە کرابوو.

هەر لە گەڵ یەکەم گورز سرەواندنی ئەمریکا لە عێراق تاوەرو شەپۆلەکانی (پارازێت) تەشویش پەکیان کەوت، بەوەش تەشویش لە سەر ئیزگە نەماو بە ئاسانی دەگەیشتە گوێی خەڵک.

ئیزگە ڕۆژانـە بەیانی کاتژمێر حـەوت دەکرایـەوە تا کاتژمێر ٩-١٠ ی شەو بەردەوام بوو، هەر دوو شەپۆلی (٤١) و (٧٥) میتری بە جیاو بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بەرنامەیان پەخش دەکرد.

ئاخاوتنی ڕۆژ زنجیرە وتارێک بوو کاک نەوشیروان ڕۆژانە بۆ ئیزگەی دەنووسی و لە سەر پرسە هەنووکەییەکانی ڕۆژ دەدوا، شیکردنەوەیەکی واقیعی و زانستی و سیاسییانە بو بۆ خۆشکردنی زەمینەی ڕاپەڕین تا هاوولاتیان زیاتر پەی بە گرنگی و ناسکی بارودۆخەکە بەرن.

نووسەرو کادیرەکانیتری ئیزگەو ڕاگەیاندنیش هەر یەکە لە بواریکی جیادا وتاری گرنگ و بەپێزیان دەنووسی هەر لەو کاتەداو لە دەنگی گەلی کوردستانەوە بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی، هەواڵی هەڵمەتە سەربازیەکانی هاوپەیمانان بڵاو دەکرایەوە، کە بە هۆی سەرچاوە باوەرپێکراوەکانی (ی.ن.ک) لە ناو دەزگا سەربازی و هەواڵگریەکانی عێراق دا دەست دەکەوتن، ئەوەش بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ زانینی زیانە ڕاستەقینەکان کە لە دامەزراوەی سەربازی و ئەمنی ڕژێم دەکەوێت هەر ئەو هەواڵانەش بوو کە ئاژانس و ڕادیۆو سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنی جیهان وەریان دەگرت و بڵاویان دەکردەوە لە زاری ئیزگەوە.

دوای وەدەرنانی هێزەکانی عێراق لە کوەیت، سولّتان هاشم لە ژێر خێمەکەی (صفوان) دا، ئیمزای بەزینی سوپای عێراقی کرد، زەمینە خۆش بوو بۆ ڕاپەڕین، ڕاپەڕین لە ڕانیەوە دەستیپێکردوو لە کەرکوکدا چووە ناو کـەژاوەی زێڕینی سەرکەوتنەوە، نەک هەر کەرکوک هەتا دوا سنووورەکانی خاکی مێژوویی کوردستان کەوتە ژێر دەستی هێزی پێشمەرگە.

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە ڕاپەڕیندا بووە ئیزگەی بەرەی کوردستانی، زۆربەی هەرە زۆری چالاکیەکانی بە ناوی بەرەی کوردستانیەوە بڵاودەکردەوە، هەر چەندە زۆرینەی هەرە زۆری هێزی پێشمەرگە و شانە چەکدارەکان پێشمەرگەو شانەو ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) بوون.

لە هەمانکاتدا هەواڵی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە ئیزگەوە ببوونە سەرچاوەی سەرەکی ئاژانسە ناوچەیی و جیهانیەکان، هەر وەک تاقە ئیزگە بوو لە مەیدانەکەدا.

دەنگی گەلی کوردستان لە (ڕاپەڕین) دا بەرنامەکانی بە زمانی عەرەبی، کوردی، تورکمانی، ئینگلیزی بڵاودەکردەوە، زمانحاڵ و بڵندگۆی تێکڕای گەلی کوردستان بوو.

ئەو لێپرسراوو کادیرو نووسەرو تەکنیکیانەی لە دەنگی گەلی کوردستان و لە سەردەمی (ڕاپەڕین) دا کاریان دەکرد ئەم بەڕێزانە بوون:

+ قادری حاجی عەلی لێپرسراوی ڕاگەیاندن
+ ئازاد چالاک بەڕێوەبەری ئیزگەو نووسەرو بێژەری بەشی عەرەبی
+ یوسف شەریف نووسەر
+ مەحمود ڕەزا نووسەری کوردی
+ فریاد ڕەواندوزی نووسەرو بێژەری عەرەبی
+ شوان کابان نووسەرو بێژەری عەرەبی
+ زێرەڤان لێپرسراوی بەشی کرمانجی، بێژەرو نووسەر
+ جەمال یوسف (سەیدا کاروان) لێپرسراوی ئەنصات – بێژەرو نووسەر
+ چیا قادر بێژەری کوردی کرمانجی خوارو

+ پشتیوان عبدالرحمن ئەندازیاری تەکنیکی
+ ڕێدار کادیری تەکنیکی
+ دانا ئەورەحمان کادیری تەکنیکی
+ غالب (ڕەوەز) مترجم (وەرگێڕ)
+ ئاکۆ قادر مترجم (وەرگێڕ)
+ عبدالمجید زەنگەنە مترجم و منصت
+ مامۆستا بەرزان عوسمان منصت
+ حاکم ئیبراهیم منصت و مترجم
+ بەختیار حەمە شەریف کادیری چاپخانە
+ فەرهاد ئەحمەد کادیری چاپخانە
+ ڕێباز بابان کادیری تەکنیکی
+ عبدالموجود شەنگالی بێژەرو نووسەری عەرەبی
+ عباس بدری نووسەرو بێژەری عەرەبی
+ مامۆستا محسن علی اکبر ئەندامی مەکتەبی ڕاگەیاندن، نووسەری کوردی، عەرەبی
+ عبدالرحمن ئیسماعیل نووسەر
+ ئازاد جوندیانی نووسەرو هەندێ جار بێژەری بادینی
+ ئەسعەد شەقلاوەیی
+ ئاکۆ صالح
+ باست حەمە غەریب نووسەرو بێژەری کوردی
+ سەعدون فەیلی نووسەرو بێژەری عەرەبی
+ بەختیار عومەر قادر تەکنیکی
+ کرمانج بێژەری تورکمانی

لە ڕاپەڕیندا ئیزگە هاتە گردی عەلی ناجی لە سلێمانی فەرهاد سەنگاوی بێژەرو نووسەری دیاری ئیزگە کە لە دەرەوەی کوردستان بوو لە گەڵ دەستپێکردنی

بەرنامەی ڕاپەڕین گەڕایەوە ئیزگە لە ڕۆژانی ١٠-١٩٩١/٣/١١ دەستبە کار بوو.

******

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان بڵندگۆی حەق بێژی ڕاپەڕین بوو، هەنگاو بە هەنگاو لە گەڵ هەڵمەتی جەماوەرو ترپەی دڵی پێشمەرگەدا لە پێشڕەویدا بوو لە سەنگەردا بەلە پیتکەی پێشمەرگە بوو، قاوەنی زەردوو سووری سەنگەر، دوا نیگاکانی زەردەپەڕ، تاجی خوێنی شەهید بوون و سەرکەوتنیان دەنایە سەر.

هەواڵ و شاهەواڵی ڕزگار بوونی شارو شارۆچکەکان لە گەرووی پڕ حەماسی ئیزگەکەوە بڵاودەکرایەوە، هەر لە ڕزگار کردنی ڕانیەو چوارقورنەو بازیانەکان، سلێمانی و هەولێرو ئاکرێ و زاخۆو دهۆک، گەرمیان و شارەزورو خانەقین تا کەرکوکی قودسی کوردستان.

تۆماری ڕۆژانی ڕاپەڕین، تۆماری پڕ لە زانیاری و وردەکاری بوون سەبارەت بە خرۆشانی جەماوەرو سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە و شانە چەکدارەکانی سرک، بروسک و شاڵاوو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان.

بەڵام حەیف، لە ڕووداوە نەخوازراوەکانی وەکو کۆڕەوو (٣١)ی ئاب دا، بەشی هەرە زۆری ئەو ئەرشیفە لە ناوچوو، یان لە کەم تەرخەمی و وەکو پێویست پارێزگای لێنەکردنی فەوتان و بوونە بەشێک لە ڕابردوو، تەنها، ژمارەیەک کاسێت نەبێت کە لە لایەن بەندەوە پارێزراون و هەڵگیراون، ڕەنگە لێرەو لەوێ لای هەندێک خەڵکی دڵسۆز ژمارەیەک لەو تۆمارە دەنگیانەی ڕۆژانی ڕاپەڕین مابن بەڵام پچڕ پچڕو کەم بن.

هەر چەندە لە ئەرشیفی خۆمەوە تێکڕای ڕۆژ ژمێری ڕۆژەکانی ڕاپەڕینمان هەنگاو بە هەنگاو و قۆناغ بە قۆناغ نووسیوەتەوە، بە تێرو تەسەلی و بێ کەم و کورتی، بەڵام ئەوەی لە تۆمارە دەنگیەکاندا پارێزراون بەشێک لە ڕۆژەکانی ڕاپەڕینی تیا نیە کە گرنگترینیان ڕانیەو چوارقورنەو بازیانەکانن.

جیاوازی لە نێوان دەستنووس و تۆمارە دەنگیەکان لەوەدایە، کە لە ڕووی داڕشتن و وشە سازی و ئەو دەستەواژانەی لە ڕۆژانی (ڕاپەڕین) دا لە ئیزگەوە

دەخوێنرانەوە لێک جودان، بەڵام لە ڕووی زانیاری و ڕۆژانی ڕاپەڕین و هەڵمەتەکانی پێشمەرگەو جەماوەر، شار بە شارو ناوچە بە ناوچە چوون یەکن و یەک مێژوو یەک ناوەڕۆکن.

ئەوەی لێرەدا دەینووسینەوە هەناسەو هەواڵ و تینوو تاوی گەرم و گوڕی ڕۆژانی زێڕینی ڕاپەڕینن کە گەروو دەتاسێنێ و دڵ دەخاتە جۆش.

دەچینە لای تۆمارە دەنگیەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕین کە ١٥ تۆماری دەنگین، چۆن گوللەی ناو فیشەکدانی پێشمەرگە لە ڕۆژانـی ڕاپەڕیندا لە دڵ و کەللە سەری دوژمنانی گەلی کوردا خاڵی دەکرایەوە، ئاواش تۆمارە دەنگیەکان وشە بە وشە و دێڕ بە دێڕو هەواڵ بە هەواڵ لە حزوری ئێوەی خوێنەردا خاڵی دەکەینەوەو دەیخەینە بەر دڵ و دیدەی ئێوەی خۆشەویست،

******

ئاگادارییەک لە زمناکۆ – بۆ ئازاد ١٧٦٠ برادەران ئاگادار بکەرەوە (٧) ی مانگ زەماوەند بکەن.

چـــەند ڕۆژێک پـــێش ڕاپـــەڕین

داموو دەزگاکانی ڕژێم لە ترسی ڕق و کینەی جەماوەر کەوتنە جوواڵەو لای مزگەوتی گەورەو بەردەرکی سـەراو لە چەندین بینای بەرز قوللە و نوقطە ی مقاوەمەیان داناوەو دۆشکاو (BKC) یان لێدامەزراندووە.

پیاوانی ڕژێم لە ئۆردوگاکانیش کەوتوونە کۆکردنەوەی ئەو چەکانەی کە ماوەیەک لەمەوبەر بە سەر خوێندکاراندا دابەشیانکرد، بۆ ئەوەی کورسی حوکمی ڕژێمەکەیانی پێبپارێزن، کەچی ئێستا لێیان بووەتە بـەڵاو ئەیانەوێ جارێکیتر کۆیکەنەوە، بەم بۆنەیەوە داوا لە هەموو خوێندکاران و جەماوەری گەل دەکەین، بە هیچ جۆرێک چەک تەسلیم بە پیاوانی ڕژێم نەکەنەوەو لە باتی ئەوە هەڵمەتی پێ ببەنە سەر داموو دەزگاکانی بەعسی دڕندە.

ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧
گـــەلی کورد، گـــــەلی کوردی قـــارەمان و ســـــتەمدیدە
هـــەواڵێکی گرنگ، هـــــەواڵێکی گرنگ
شاری هەڵەبجە و قوربانی، شاری فیداکاری، قوتابخانەی فێربوونی کوردایەتی ڕاپەڕی ڕاپەڕی.

****

مژدە ئەوا دڵە زیندووەکەی کوردایەتی کەوتەوە لێدان، مژدە ئەی هەوڵێری دێرین، ئەی ڕانیەی سەربەرز، ئەی چوارقوڕنەی قارەمان، مژدە ئەی بازیانەکان ئەی تەینااڵ، ئەی لانەی شێرانی مەرد، مژدە ئەی گەلی ستەمدیدەی کوردستان وا سلەیمانی هەڵەبجە و قوربانی لە نەعرەتەی دایەوە، ئێستە لە ناو ئەم شارە سەر بڵندەدا، **بەعـــسی قڕانە – بەعـــسی قڕانە**

سلێمانی، سلێمانی، سلێمانی، ئەی شارەکەی هەڵەبجە و قوربانی، سلێمانی ئەی شارەکەی ئەیلول، ئەی شاری بەردەرکی سەرای شەهید.

مژدەت لێبێ ئەی خاڵە شەهابی نەمر، شەهید جەمال، ئارام (شاسوار) مژدە ئەی جەمالی عەلی باپیر، مژدە ئەی شێخە پیرەکەی بەردە قارەمان مژدە لە تۆش ئەی پیرەمەگرونی کاڵاو قوچ.

مژدە ئەی ئەزمڕ، ئەی گۆیژەی لای تیشکی خۆر ، مژدە ئەی دارو بەردوو شاخ و دۆڵی ئەم کوردستانە وا سلێمانی ڕاپەڕی.

****

نامەوێ پشتم لە جەنگا دەرکەوێ بۆ دوژمنم
لاشەکەم با غەرقی خوێن بێ تا دەگاتە گەردنم

*****

جگە لە هەواڵ و هەنگاوەکانی ڕاپەڕین، چەندین هۆنراوەی ئاگرین و پیاهەڵدان و بانگکردنی شارەکانی دیکە لە زمانی گەلەوە، بانگەوازو ئاگاداری لە نێو بەرنامەکانی ڕۆژانی ڕاپەڕیندا بەدیدەکرێن، کە گوزارشت لە ڕۆژانی ڕاپەڕین و جموجۆڵ و هەڵەبجەکانی پێشمەرگە دەکەن.

بابە گوڕگوڕ ئەی شارەکەی نەوتی دزراو، ئەی دهۆکی لانەی شێران، گوێ ڕادێرن، وا سلێمانی هەستاوەتە سەر پێ و تەنوری بۆ داگیرکەر داخستووە، دە ئێوەش ئاگر لە سەر پشتی داگیرکەر بکەنەوە، مەهێڵن بۆ تەنها ساتێ پشوو بدا، تا قەڵا پڕ لە تاوانەکەی وردوو خاش دەبێ.

******

فەرمون لە گەڵ هەواڵی سەرەتایی ڕاپەڕینەکەی سلێمانی

بەم جۆرە هەواڵی سەرەتایی ڕاپەڕینی سلێمانی لە ئیزگەوە بڵاوکرایەوە لە ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧

ئەمڕۆ ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ سلێمانی شاری هەڵمەت و قوربانی شاری فیداکاری ڕاپەڕی و دیواری ترسی ڕووخاند، ئەمڕۆ جەماوەرە دوژمن بەزێنەکەی سلێمانی لە دارو دەستەی بەعس ڕاپەڕین و هەموو جادەو شەقامە گشتیەکانیان لێکردنە دۆزەخ و هەڵمەتی شێرانەشیان بردووەتە سەر زۆر ناوەندی دڕندەی بەعس.

پیاوە ترسنۆک و زەندەق چووەکانی بەعس ئەوانەی کە سااڵەهایە سنگی ترسنۆکانە بە سەر جەماوەری بێ دیفاعی ئەم شارەدا دەردەپەڕێنن توانای بەرگریکردن لە خۆیان نەبوو، بۆیە پەنایان بردە بەر کۆپتەرو کوێرانە کەوتنە بۆردومانی شەقام و گەڕەکەکانی شار، تا گەیشتنی ئەم هەواڵە شەڕو پێکادان لە نێوان جەماوەری ڕاپەڕیوو پاسەوانەکانی بەعسدا بەردەوامە.

ئەی جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان

دەستان خۆش کە بە گڕ جەللادەکانی بەعسدا چوونەوە، ئەمڕۆ ڕۆژی ڕزگارییە لە دیلی و زەلیلی، ئەمڕۆ ڕۆژێکی مێژوویی گرنگە لە خەباتی گەلەکەمان، دڵنیابن هەموو کورد لە پشتانە، هەموومان لە ئێوەوە فێری فیداکاری بووین، دەبشکێنن دەرگای قەڵای ستەم، دە تێکیدەن تەخت و تاجی ئەو بەعسیەی کە لە سااڵی (٦٣) وە دەتانکوژێ، لێیاندەن دەست مەپارێزن، بە بەرد بە دار، بە دەست، بە هەر چی ئەتوانن لێیاندەن، هەتا هەقی شەهیدانیان لێدەکەنەوە، هەتا هەقی منداڵ و ژن و پیاوی هەڵەبجەیان لێدەکەنەوە، هەتا هەقی زیندە بە چاڵکراوەکانیان لێدەسەننەوە.

*****

دوای ڕاپەڕینی شاری سلێمانی، دوژمـن بە هەموو جۆرە چەکێک پەلاماری خەڵکی شاریاندا، هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شارباژێڕو شـارەزورەوە بە ڕێگاوە بوون بۆ ناو شاری سلێمانی، لە ناو شاردا شانە چەکدارەکانی سرک و شالاوو ڕێکخستنەکان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان هەڵیان کوتابووە سەر دامەو دەزگاکانی بەعس، بۆیە بۆ دەست بە سەردا گرتنی یەکجاری و هاوکاری شانە چەکدارەکان و جەماوەر، لە ئیزگەوە بانگەواز کرا بۆ هێزی پێشمەرگە هەنگاوێک بکەنە سەد هەنگاوو بگەنە سلێمانی.

بـــــانگەواز
بانگەواز بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان

خوشک و براکانتان ئەمڕۆ لە سلێمانی بەرەنگاری دڕندەترین دوژمن بوونەوە، دوژمن زۆر بێ شەرمانە کەوتەوە گیانی خەڵکی بێ دیفاعی شارەکەتان، جەماوەری سلێمانی پێویستیان پێتانە فریایان بکەون و کۆمەکیان بکەن، تا یەکجاری پێکەوە لە گەڵ جەماوەری شاری سلێمانیدا حوکمی بەعس و دەزگاکانی خاپوور بکەن، پەلە بکەن، هەوڵ بدەن ئێوەش لە تۆڵەدا بەشتان هەبێ، هەوڵدەن بەعسیەکان دەمکوت بکەن، نەهێڵن چیتر لەو شارەدا تاوان بکەن، دەستی باشیان لێبوەشێنن، تۆڵەی شەهیدانی سلێمانی و هەموو شارەکانی تریشیان لێبکەنەوە، تۆڵەی دێهاتە ڕووخاوەکانیان لێبکەنەوە، تۆڵەی کانی و ڕەزو باخی سوتاویان لێبکەنەوە، دەست مەپارێزن، بەعسی بکوژن تا کورد بژی.

« ئاگاداری»

ئاگاداری لە ئالانەوە بۆ ئاسۆس

تکایە بە زووترین کات پەیوەندیمان پێوە بکەن، پەیوەندیمان لێنەبڕن.

ئاگاداری لە بەتالیۆنی حەوتەوە

بۆ جەماوەری سلێمانی

مقاوەمە بکەن، بەڕێوەین بۆ لاتان

شەپۆلی ڕاپەڕینی جەماوەری سلێمانی، ناحیەی بەکرەجۆو عەواڵیشی گرتۆتەوە، بۆیە دوژمنی هارو دڕندەی بەعس بە کۆپتەر هێرشی کردووەتە سەر ئەوانیش و بۆمبارانی کردوون.

هـــــەواڵی ڕزگار کردنی ســـــلێمانی لە (ئـــــیزگە)وە

سلێمانی شاری شەهید، سلێمانی شاری گردی سەیوان، شارەکەی شێخ، وا ئەمجارە ناوێکی نوێی بە خۆوە گرت.

بەڵێ ئەمجارە بووەتە شاری ڕاپەڕین و ڕزگاری، ڕاپەڕینی دژی دڕندەترین دیکتاتۆر، دڕندەترین حوکمی فاشی ئەم سەردەمە.

هەر ئەمڕۆ سلێمانی، سلێمانی شەهید و ڕاپەڕین، هەناسەی سەربەستی هەڵمژی، تەمی ڕەشی بەعس لە سەر شاخە سەربەرزەکانی پیرەمەگرون و ئەزمڕو گۆیژە و گڵە زەردە ڕەویەوەو، گردی سەیوان و جۆگە و شەهیدان، تیشکی خۆریان وەرگرت و، گوڵاڵە سوورەی نوێیان دەرکرد گوڵاڵەی چی یەکپارچە خوێنی شەهیدانی ئەم شارە بریندارەیە.

ئەی شارەکەی نەعرەتەی شێر، ئەی شاری نەعرەتەکەی (٢٧) ساڵ دیل، ئەی شارەکەی مامە یارە، بە قەدەر گەورەیی پیرەمەگرون خەمت لە سەر دڵ بوو بەڵام مژدە وا ڕەوییەوە، دە تێر سەیری ڕۆڵەکانت بکەو لە وەفادارییان دڵنیا بە، ئەی گردی شەهیدان، ئەی گردی سەیوان، گردی جۆگا، ئەی شێخ محی الدین هەستە سەر پێ و نەوەکانتان ببینن کە چۆن سنگیان بە گوللە و ساروخی کۆپتەرەوە ناوە، کە چۆن بەعسیان تۆقاند، کە چۆن هەڵمەتیان بردوو دەزگاکانیان تێکدان.

دەسا تۆش ئەی دایکی شەهید، فرمێسک بسڕەو جلە ڕەشەکانت فڕێدەو ئاواز بە سلێمانی ڕزگار کراو دا بڵێ، بە سلێمانی سەربەرز بڵێ، بە شارەکەی سەرمەشقی جەماوەری میللەتەکەماندا بڵێ، ئۆخەی کە دوژمنت زەلیلە، ئۆخەی کە خوێنی ڕۆڵەکەت بەزایە نەڕۆی.

دە تۆش ئەی خوشکی شەهید، لاواندنەوەکەت بکەرە ئاوازێکی نوێ بۆ سەرکەوتن، ئاوازی ڕزگاری، ئاوازی سەرفرازی.

ئەی هاوولاتیانی بە شەرەفی خەڵکی کوردستان، ئەی گەلی کوردی قارەمان، ئەی ئەوانەی سالّەهای سالّە چێژی سەربەستیتان نەکردووە،

ئەمڕۆ، بەڵێ ئەمڕۆ سلێمانی پاککرایەوە لە دوژمن، دەزگاکانی ڕژێم نابووت بوون، هێزە درندەکەی ڕژێم شکاو تیاچوو جەماوەر لە گەڵ هێزە چەکدارەکان ڕاپەڕیوون، هێزە چەکدارەکان پەیوەندیان پێوەکردن و ڕاپەڕینەکە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو.

سەر لە بەیانی ڕۆژی ٣/٧ جەماوەری ئەو شارە قارەمانە خۆڕاگرە لە گەڵ شانە چەکدارەکان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان دەستیان بە ڕاپەڕینی چەکداریکرد لە هەموو لایەکەوە هەڵمەت برا بەمجۆرە:

قۆڵی یەکەم: لە گەڕەکەکانی، سەرکاریز، سەرشەقام، سابوونکەران، چواربـاخ، گاوران و گردی سەیوان.

قۆڵی دووەم: گەڕەکەکانی دورالامن، کاریزە وشک، مەجید بەگ، مامۆستایان، تووی مەلیک، هەواره بەرزە، گۆیژە، ئیسکان، ئازادی، مەڵکەندی، شێخان و کانیسکان.

قۆڵی سێهەم: گەڕەکەکانی ڕزگـاری، کارەباکە، شێخ محی الدین، بەختیاری، شەهیدان سەرچنار، زەرگەتە، شەهیدانی زەرگەتە، ڕیعایەی شەباب، گردەکەی مەعمەل.

دوای دەستپێکردنی ڕاپەڕین هەڵمەتەکان بەمشێوەیە بوو:

١/ گیرانی تەواوی سەرشەقام و مەرکەزی پۆلیسی سەرشەقام.

٢/ مـەقـەڕی جەیشی شەعبی عوسمان فـایـەق و شـورطـة ی ئیسکان، کە شورطە ی ئیجرامەو فەرعی موخابەراتە بیناکانی جامیعەی سلێمانی هەمووی، نەخۆشخانەکان هەمووی، مەحکەمەی سلێمانی، مەرکەزی شورطة ی نەجدە و ئالیات، سجنی سەرەوە، وە ئازاد کردنی هەموو سجنەکان، مودیریەتی شرطة ی سلێمانی، ئیدارەی محلی، مودیریەتی بەرید، سەرای سلێمانی، دیفاعی مەدەنی، تاپۆ، تەربیە، قایمقامیەت، مودیریەتی مائو مەجاری، مدیریەت اسواق مەرکەزی، مدیریەت زراعە، ئەم شوێنانەی سەرەوە هەموو گیران، هەرچی دەزگای عەسکەری و دەزگا

داپڵۆسێنەرەکانی بەعس لە سلێمانی هەبوو دەستیان بە سەردا گیرا، ئەوەی شایەنی باسە هێزەکانی چەکداری ناو شار زۆر زوو پەیوەندیان بە جەماوەرەوە کردوو بوونە بەشێکی گرنگ لە هێزی ڕاپەڕیوو.

دوژمن کوژراوو بریندارەوو دیلی زۆرە

دەستان خۆش ئەی قارەمانەکانی خەڵکی سلێمانی،

دەستان خۆش ئەی شانە چەکدارە قارەمانەکان،

دەستان خۆش ئەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان

ئێوەش دەستان خۆش، ئەی پێشمەرگەی کوردوو کوردستان.

مژدە بێ لە هەموو کورد، مژدە بێ لە کەسوکاری شەهید، مژدە بێ لە کەسوکاری ئاوارەکان، مژدە بێ کەسوکاری پێشمەرگە، نووخشەش بێ لە شارەکانیتری کوردستان، بەو هیوایەی کە لە نزیکترین کاتدا، هەواڵی ڕزگاری هەولێری قارەمان و کەرکوکی گڕوو، دهۆکی فیداکارو هەموو ئۆردوگاو شارۆچکەکانی تریش بە جەماوەری ستەمدیدەی کوردستان بگەیەنن.

*****

دوای ڕزگارکردنی شاری سلێمانی لە ڕۆژانی ٧و٣/٨ دا پەیام و هاوارو نااڵە ڕووی لە هەولێری قەڵاو منارە بوو کە ڕاپەڕن و ببنە دەستە خوشکی سلێمانی.

*****

ئەی هەولێری دێرین، هەولێری قەڵای مێردان، دە هەستە پێ و تۆزی دەیان ساڵەی لەشکرە داگیرکەرەکەی هۆلاکۆی سەردەمیش لە خۆت بتەکێنەو سەروەرییەکی تری مەزن لە مێژووی دێرینی هەزاران ساڵەی خۆتدا تۆمار بکە.

وا سلێمانی ئازیز بە یەک نەعرەتەی شێرانە بە چەند سەعاتێک هەموو تەوق و پێوەندەکانی بەعسیە دڕندەکانی پچڕی و خۆی سەرفراز کرد.

دەبا ئەم فرسەتە مێژووییە ببێتە پێشبڕکێی کەمترین ماوە بۆ سڕینەوەی دەسەڵاتی پیسی بەعسیەکان.

دە هەستە پێ، دە ڕاپەڕە، بازووە ئەستورو دەماراویەکانت پیشانی دیکتاتۆرەکەی بەغدا بدەو بە هاواریێک ڕەنجی دەیان ساڵەی تەعریب و تە بعیپ و تەرحیلی بۆ بە ئاودا بدە .

وا سلێمانی بە بەرگی ئاڵو والاوە، لە چاوەڕوانی تۆی دێرین و کەرکوکی گڕو کڵپەو دهۆکی سەربەرزدا دانیشتووە، تا هەمووتان پێکەوە ڕەشبەڵەک و خەنەبەندانی ئەم نەورۆزە بگێڕن، پێکەوە تەرمی تاوانی هەڵەبجە گۆڕ بە گۆڕ بگرن، دە وەختیەتی، بەڵێ وەختیەتی جامی ڕقی پیرۆزتان بە سەر دارو دەستە درندەکەی هۆلاکۆی بەغدادا قوڵپ بکەنەوەو بیانکەنە پەندی زەمانە.

هاوکات لە گەڵ ڕزگارکردنی شاری سلێمانیدا ژمارەیەکی بەرچاو لە پێشمەرگەو شانە چەکدارەکان و جەماوەری ڕاپەڕیوو شەهید و بریندار بوون.

نەخۆشخانەکانی سلێمانی پزیشک و پەرستارە دڵسۆزو شۆڕشگێڕەکانی بەردەوام لە خزمەتی خەڵک و پێشمەرگەدا بوون.

نەخۆشخانەی فێرکاری سلێمانی فشاری زۆریان لە سەر بوو بریندارێکی زۆر ڕوویان تێکرد بوو بۆیە لە بانگەوازێکدا داوا لە خەڵکی سلێمانی دەکات بچن بۆ خوێن بەخشین.

بانگەوازێکی بە پەلە بۆ جەماوەری بە شەرەفی سلێمانی

نەخۆشخانەی تەعلیمی پێویستیەکی زۆری بە گروپەکانی (AB+) (O -) هەیە، تکا لەو کەسانە دەکەین کە خوێنەکانیان لەو دوو گروپەیە زۆر بە پەلە بگەنە موختەبەری مەرکەزی سوپاستان دەکەین.

*****

بۆ بەردەوامی کارەبا لە شاری سلێمانی لە بانگەوازێکدا داوا لە هاوولاتیانی شاری سلێمانی دەکرێ دەست بە کارەباوە بگرن.

بۆ هەموو هاوواڵاتیانی شاری سلێمانی

بۆ ئەوەی کارەبا بە شێوەیەکی بەردەوام هەبێ، تکا لە هەموو هاوواڵاتیان دەکەین ڕەچاوی صرف کردنی کارەبا بکەن، وە کارەبا کەم خەرج بکەن، لەم ڕووەوە داوای یارمەتی لە هەموو هاوواڵاتیان دەکەین.

ئاگاداری بۆ فەرمانبەرانی کارەبا غازیەکان

تکایە ئەمڕۆ سەعات (٢) بچن بۆ محطە ی کارەبای سلێمانی لە ڕزگاری و پەیوەندی بە موهەندیس سەلام سەعیدەوە بکەن.

تەقەی خۆشی ڕاگرن

داوا لە جەماوەری بە شەرەفی سلێمانی دەکەین تەقەی خۆشی ڕاگرن، تکامان وایە تەقەی بی سوود نەکەن.

ئێرە دەنگی گەلی کوردستانە

++ ڕزگار کردنی حەوزی شارەزوور، عەربەت، هەڵەبجە

++ ئازاد کردنی دووکان- پیرەمەگرون

حـــــەوزی شـــــارەزوور

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

نالی و حەبیبە، دە هەستە پێ و تەماشای تەپووتۆزی شـارەزور کە، چۆن گەردەلولەکەی لەشکری داگیرکەری تاساندووەو دەست و پێی جوواڵەی بەستووە.

سەر هەڵبڕە ڕوو لە خۆر کە، بزانە هەڵەبجەکەی گۆران و ئەحمەد موختار چۆن بەرگی ماتەمی هەڵئەدا و لە یادی سێ ساڵەی شەهید بوونیا بەرگی ئاڵو والای گوڵاڵە زەردوو سوورەکانی دەشتی شارەزوری پۆشیوە.

ئەی دێوانەی شەم، ئۆخەی کە ڕاپەڕی و ئاواتەکەت هاتە دی، ئەوا لە باتی یارێ هەر هەموو یاران بەرەو گۆڕەکەت دێن و هەواڵی ئازادی و ڕۆژی سەرفرازی و

مژدەی خەنەبەندان و زەماوەندی وەلی جەماوەرو شەمی کوردستانت بۆ دەهێنین.

هەستە گۆران، هەستە وەختی هۆنینەوەی سۆزو هەستە ناسکەکەتە بە سەر سروشتی جوان و ڕازاوەی شنرۆ و بەفری میری و شاخی سەرکەش و ڕیش سپی سورێن دا.

کوا وەختی نووستنە، دە هەستە سەر پێ و لە گەڵ جەماوەری تینووی ئازادی کوردستان، گۆ بۆ هەواڵی سەرکەوتنەکانی دوا دوایی سەدەی بیستی نەتەوەکەتان ڕاگرن، بە ئاسۆی ئەرخەوانیدا دیارە هەتاوی سەرکەوتن لە دەم کەلە گۆ ڕاگرن، گۆ ڕاگرن.

*****

لە ڕۆژی ٣/٨ دا لە حەوتی بەیانی تا حەوتی ئێوارە تەواوی ئەم سەربازگەو ناوچەو شارو شارۆچکانە کەوتنە ژێر ڕکێف و کۆنترۆڵی جەماوەری ڕاپەڕیووی ناوچەکەو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

١/ ئازاد کردنی هەموو شارو شارۆچکەکانی حەوزی عەربەت کە بریتی یە لە عەربەت، شارۆچکەی عەربەت، هەڵەبجەی تازە، زەڕایەن، ئۆردوگای زەڕایەن، ئۆردوگای برایەتی، ئۆردوگای نصر.

٢/ دەستبەسەرداگرتنی مقەڕی فیرقەی (٣٦) لە سەراوی صوبحان ئاغا.

٣/ دەستبەسەردا گرتنی لیوای (٢) لە عەربەت.

٤/ دەستبەسەردا گرتنی لیوایەک لە نزیک شارۆچکەی هەڵەبجەی تازە.

٥/ دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی سەید صادق.

٦/ دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی قاینجە.

٧/ دەستبەسەرداگرتنی سەربازگەی ئیزگەی تەشویشەکەی کانی پانکە (کانیپانکە).

٨/ دەستبەسەردا گرتنی سەربازگەکانی دەوروبەری هەڵەبجەی شەهید.

٩/ دەستبەسەرداگرتنی هەموو ڕەبیەکانی زنجیرە شاخی سورێن.

١٠/ ئازادکردنی هەموو ناوچەی هەورامان.

١١/ ئازاد کردنی هەموو ناوچەی شارەزوروو ناوچەی شلێر.

بەم شێوەیە لە ماوەی دوانزە سەعات دا ناوچەیەکی هەزاران کیلۆمەتری بەرگی دیلی و یەخسیری بۆ هەتاهەتایە لە بەر داکەندو لە دوژمنی داگیرکەر پاککرایەوە کە بریتین لە: ناوچەکانی هەورامان، شارەزوروو شلێر، زنجیرە چیای سورێن، حەوزی نێوان سلێمانی دەربەندیخان و بناری قەرەداخ،

بۆ پێشەوە بـەرەو سەرکەوتنی یەکجارەکی و سەرفرازی ئەی جەماوەری ڕاپەڕیوو قارەمانی کوردستان بۆ پێشەوە.

ڕزگـــــار کردنی پـــــیرەمەگرون

ئەمڕۆ ناوچەیەکیتری وولاتە داگیرکراوەکەمان لە داگیرکەر پاککرایەوە، ئەمڕۆ پیرەمەگرونی کلاوقوچ و ئێشکچی شارە قارەمانەکەی سلێمانی، تەوقی دیلی دەیان ساڵەی فرێدا.

لە سەعات (١٠)ی سەر لە بەیانی ئەمڕۆ ٣/٨ ڕاپەڕینێکی جەماوەری لە ئۆردوگای پیرەمەگرون کە مەرکەزی قایمقامیەت بوو بە هاوکاری پێشمەرگە دەستیپێکرد.

جەماوەری قارەمان و ڕق ئەستوور توانیان لە ماوەی سەعاتێک دا دەست بە سەر تەواوی دامموو دەزگاکانی ڕژێمدا بگرن، کە بریتیبوون لە دائیرەی ئەمن، ڕێکخراوی حزبی فاشی، مەرکەزی پۆلیس، دائیرەی تەجنید، قایمقامیەت و هەموو ڕەبیەکانی دەوروبەری ئۆردوگاکە.

دوابەدوای ئازادکردنی مەرکەزی ئۆردوگاکە، جەماوەری قارەمان و پێشمەرگە ڕوویـان کردە قـەڵای سوسێ و لە ژێر چنگی پیسی پیاوەکانی ڕژێم دەریانهێناو لەوێشەوە لە هەڵمەتێکی شێرانەدا ناوچەی کۆتەڵ و موغاغیان کۆنترۆڵ کردوو بە ماوەیەکی زۆر کەم دەستیانگرت بە سەر قاطعێکی جەیشی شەعبیدا کە لە موغاغ بوو،

جەماوەرە شۆڕشگێڕو قارەمانەکەی پیرەمەگرون لە گەڵ برا پێشمەرگەکانیاندا وەک شێر هەڵیانکوتایە سەر فەوجەکەی کەڵەوانان و دەستیان بە سەردا گرت.

پیرۆزتان بێ ئەم سەرکەوتنە مەزنانە ئەی جـەماوەری زۆر لێکراوو ماف زەوتکراوی کوردستان، ئێوەش دەستەکانتان خۆش و پڕ بە دڵ سوپاسی گەرمتان دەکەین، ئەی لێپرسراوو چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە بۆ ئەو هیمەت و جوامێری و هاوکارییەی لە گەڵ جەماوەرو پێشمەرگە پیشانتاندا.

ڕزگار کـــــردنی دووکـــــان

گوێ ڕادێـرن، گوێ ڕادێـرن بۆ هەواڵی ئازادکردنی ناوچەیەکیتری وواڵاتـە ئازیزەکەتان.

هەر ئەمڕۆ جەماوەری شۆڕشگێڕی ناوچەکە، بە هاوکاری پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی کوردستان، لە هەڵمەتێکیتری شێرانەدا توانیان کۆنترۆڵی قەزای دووکان بکەن و دەستیش بە سەر ڕەبیەکانی سەری بن زەردوو هۆمەر قەوم و ناو شەدەڵەو سەری دابان دا بگرن و ناوچەیەکی فراوانتر لە یەخسیری و ژێر چنگی درندەکانی بەعس دەربهێنن وە دەست بە سەر دامـوو دەزگاکانیاندا بگرن.

بەو جۆرە تا گەیشتنی ئەم هەواڵە لە مـاوەی چوار پێنج ڕۆژی ڕابـردوودا جەماوەری ڕاپەڕیوو پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان توانیوویانە ناوچەیەکی فراوانی کوردستان ئازاد بکەن بەمجۆرە.

١/ مەرکەزی پارێزگای سلێمانی، مەرکەزی قەزاکانی دووکان و پیرەمەگرون و ڕانیە، مەرکەزی ناحیەکانی چوارقوڕنە، عەربەت، هەڵەبجە، سەرچنار، برایەتی، نصر و بازیان، لە چەندین ناوچە و ئۆردوگای گرنگی وەک بازیان ١، بازیان ٢، بنەسڵاوە، سەرکەپکان، سەروچاوە، حاجی ئاوای سەرو، حاجی ئاوای خوارو باریکە و ئەڵڵایی.

لە گەڵ ئازادکردنی ئەم شارو ناوچانەدا، سەدان ڕەبیە و دەیان سەربازگە و قاطعی جەیشی شەعبی یان پەیوەندیان بە جەماوەرەوە کردووە، یا خود لە لایەن جەماوەرو پێشمەرگەوە دەستیان بە سەردا گیراوە.

ئێستا جادە سەرەکیەکانی ڕانیە دووکـان- بازیان – سلێمانی دەربەندیخان عەربەت، عەربەت سلێمانی- هەموویان لە ژێر کۆنترۆڵی جەماوەری ڕاپەڕیوو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و پێشمەرگەدان.

بەمجۆرە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ناوچەیەکی هەزاران کیلۆمەتری چوارگۆشە لە پیسی و پۆخڵی بەعسییەکان پاککرایەوە، کە کاتی خۆی دوژمن دەیان هەزار کوژراوی بۆ داوە، هەتا توانیویەتی داگیریان بکاو بیانخاتە ژێر ڕکێفی خۆی.

مژدەتان لێبێ ئەی هەولێرو دهۆک، بە هەموو قەزاو ناحیە و ناوچەکانتانەوە.

هـــــەشتی مارس، ڕۆژی جـــــــیهانی ژنان

ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستـان و سـەرکردایـەتـی ڕاپـەڕیـن لـە گەرمەی هەڵمەتەکانی پێشمەرگەدا ڕۆژی جیهانی ژنانی لە بیر نەکردووە، هەر بۆیە بەو بۆنەیەوە پیرۆزبایی لە ژنانی عێراق و کوردستان دەکات بەمجۆرە:

خوشکانی کوردستانی ماف لێسەندراوو کاولکراو

خوشکانی عێراقی کاولکراو

جەژنی ڕۆژی ژنانتان پیرۆز بێ

ڕژێمە خوێن مژەکەی بەغدا لە پەلامارە دڕندانەکەی بۆ سەر کوەیت، هەمان سیاسەت و ڕەفتاری جێبەجێ دەکرد کە ساڵەهایە لە کوردستانی خۆشەویستدا پێی هەڵدەستێ، لە سووتان، تالانکردن، تەختکردن، کوشتنی بە کۆمەڵ، بێسەرو شوێنکردن، دەستدرێژی کردنی بێڕەوشتانە بۆ سەر ژنـان و کچان، ڕەفتاری دڕندانەیتر.

خوشکانی عەرەب، وا ئێوەش وەک خوشکانی کورد لە کوردستاندا گەوهەرو ماهیەتی صدامتان بۆ دەرکـەوت خوشکان، شێرە ژنانی ڕاپەڕینەکانی ڕابردوو، کات لە بارەو وەختی ڕاپەڕینە، با ئەم هەلە مێژوویـیە لە دەست نەدەین، ڕژێم فشۆڵ و لەرزۆک بووە، گڵۆڵەی کەوتوەتە لێژی، دە ڕاپەڕن و هاوبەشی باوک و براکانتان بکەن دژی زوڵم و دکتاتۆری، دە ڕاپەڕن و لاپەڕەکانی مێژووی خەبات بە تێکۆشانتان بنەخشێنن، دە ڕاپەڕن و تۆڵەی شەهیدانی هەڵەبجەو گشت شەهیدانی کوردستان و عێراق لە جەللادەکەی بەغدا بکەنەوە.

دەبـا ڕۆژی هەشتی ئـازار بکەین بە دوو جـەژن، جەژنی ژنـان و ، جەژنی سەرکووتکردنی یەکجارەکی ڕژێمەکەی صدام و دارو دەستە خوێنڕێژەکەی.

نەمری و سەربەرزی و سەروەری بۆ شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری و ڕاپەڕینەکان.

پـــــیاهەڵدان بۆ ســـلێمانی

سلێمانی؛ شەو تا بەیان لە گەڵ دەستەی پێشمەرگەدا ئەکەوێتە چەپڵە ڕێزان.
سلێمانی شـەو نانوێ، پشت بە شاخی ئـەزمـڕەوە ڕادەگـرێ لە گـەڵ ڕۆژی سەرفرازی ئەم میللەتە لەت لەتەدا ئارام دەگرێ.

*****

پـــێشمەرگە کـــــێیە

+ لە منالێکی بچکۆلەم پرسی پێشمەرگە کێیە؟
_ دەستە خنجیلەکانی بۆ چاوی بردوو وتی:
بیلبیلەی چاوی ئەم کوردەیە.
+ لە کیژۆلەیەکی کوڵم ئاڵم پرسی پێشمەرگە کێیە؟
_ دەستە ناسکۆلەکانی بۆ تاڵی پرچی بردوو وتی:
شەرەفی هەموو کیژێکی ئەم کوردەیە.
+ لە دایکی شەهیدێکم پرسی پێشمەرگە کێیە؟
_ دەستی بۆ سەر سنگی هەڵقرچاوی بردوو وتی:
گیانی پاکی هەموو شەهیدێکی ئەم کوردەیە.
+ لە باپیرەیەکی ڕیش چەرمووم پرسی پێشمەرگە کێیە؟
_ دەستە لەرزۆکەکانی بۆ گاڵۆکەکەی بردوو وتی:
هێزو توانای هەموو مرۆڤێکی ئەم کوردەیە.
دایکم لێی پرسیم کێت خۆشویستووە تا بۆت بخوازم ؟ وتم : دایە گیان پەیمانم داوە لە ڕێی ئازادی مردن دەخوازم.

*****

تفەنگ ئەڵێ گەر بمەوێ لە گەڵ دەبابەدا بە شەڕ بێم گەر بمەوێ فڕۆکەی ئاسمان لە داونێم گەر بمەوێ چەکی قورس لێم بترسێ و بکا باسم، خۆم بە شانی پێشمەرگەیەکدا هەڵدەواسم.

*****

کە پێشمەرگە شالاو دێنێ تانک و ئاسن بێدەنگ ئەبێ، بێرەنگ ئەبێ، دەبابە وتەی نامێنێ، کە پێشمەرگە هێرش دێنێ، دوژمنەکان دوعا دەکەن ببنە مشک و لە کونێکا خۆیان ونکەن.

*****

دەبابەیەک گڕی تۆپ لە ناو قورگیا کوژایەوە کە سەیریکرد وا تفەنگێ بە تەنها خۆی دەقریشکێنێ و هێرش دێنێ.

*****

بەڵێ دوژمن ئەوە کوردە یەک بڕیارو یەک بەڵێن بەڵێن ئەوە کوردە مۆڵگەکانت تێک دەشکێنن، بەڵێ ئەوە کوردن مژدەی مەرگت بۆ دەهێنن.

سروشت پێشمەرگەیەکی دی گابەرد ووتی دەدانیشە، درەخت ووتی دەی پاڵدەوە، کانی ووتی ها دەروونت فێنک کەوە، چیمەن ووتی دەسەر خەوێ بشکێنە، هەتاو ووتی جگەرەکەش بە هەتاوم داگیرسێنە.

پێشمەرگەکە هاتە وەڵام ووتی: سوپاس، تا کوردستان ڕزگار نەکەم هەقم نیە پشوو بدەم.

*****

هەر کیژۆڵەیەک دەبینی خواستی وایە، دڵی نارنجۆکی دەستی براکەی بێ، ئەوەندەی دوژمن ببینێ بەلادابێ.

دەی هەڵمەتە، دەی هەڵمەتە، ئەمە ڕۆژی ئاڵای شەکاوەی خەڵکییە، بەیانییە دەی هەڵمەتە، خێرو شەڕە.

ئەوە یەکەمین بروسکەی حەقیقەتە.

*****

هەستنە سەر پێ، هەستنە سەر پێ، هەستنە سەر پێ شەهیدانی کفن ئاڵی کوردستانم هەستنە سەر پێ، شارو گوندی وێرانکراوی کوردستان هەستنە سەر پێ، ئەی گەلە ستەمدیدەکەم هەستنە سەرپێ، وا کەرکوکی دڵی زیندووی کوردستانم شای لۆغانی ڕزگاربوونی خۆی دەگێڕێ.

ڕزگـــــاربوونی، بـــاوەنور، کـــەلار، دەربـــــەندیخان
باسیروان بمبا وە مل تافەوە
وە تونکە تونکەی ماڵە جافەوە

هەستن، هەستن، تەماشاکەن، براینا تەماشا کەن ئەم شەپۆلە لە گێژەنی توڕە بوونیا، لە گەڵ خۆیدا دوژمن تا کوێ ڕاپێچ دەکا.

مژدەی ئەمجارەمان لە کەلاری دەشتی کاکی بە کاکی گەرمیانەوەیە، لە کەلاری گەرمە سێری لانەی ئاسک و سوێسکەوەیە.

سەر لە بەیانی ئەمڕۆ جەماوەری قارەمانی قەزای کەلار وەک شێری ناو بێشە لە لانە دەرپەڕین و لە ماوەیەکی کورتدا هەڵیانکوتایە سەر هەموو ناوەندە دڕندەکانی بەعس و پرواندیانن.

پیاوەکانی بەعس کە جاران سنگی نامەردانە و تەعەدایان بە سەر خەڵکەکەدا ڕادەوەشاند، وەک جرجی زراو تۆقیو، وەک توتەڵەی بەر بارانی لەش لە سەرمادا هەڵەرزیوو، خۆیان لە ناو ئاودەستخانەو ژێر زێرابدا حەشار دابوو.

بەڵام چ هێزێکی زاڵم ئەتوانێ خۆی لە بەر بووركانی ڕقو توڕەیی جەماوەردا ڕاگرێ، چ جەماوەرێکیش ئەو جەماوەرەی کە دەیان ساڵە بەعسیە دڕندەکان سوکایەتیان پێدەکەن و کەرامەتی شەخسی و نەتەوەییان ئەڕوشێنن.

ئەی جەماوەری دەشتە شەقارو کاکی بە کاکیەکەی گەرمیان ئەی دوژمن پڕوکێنانی خەڵکی گەرمیان.

پیرۆزتان بێ لە گەڵ سلێمانی و هەڵەبجە و عەربەت و دەربەندیخان و ڕانیە و شەقلاوەو دووکان و بازیان و تەینال و چوارقورنە و پیرەمەگرون و سەرچنار و بازیانەکان و ئەڵڵایی و باینجان و نەسرو برایەتی و صمودو زەڕایەن و سەرکەپکان و تاسلوجە و سوسێ و کۆتەڵ و تەواوی شارو ئۆردوگا و ناوچە ئازادکراوەکانیتر، ئەم سەرکەوتنەتان پیرۆز بێ.

*****

ئەمڕۆ سەعات (١٠) ی بەیانی تا سەعات ٣ ی پاش نیوەڕۆ ئەم شوێنانەی خوارەوە کەوتووەتە بەردەستی جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان:

١/ باوەنور بە تەواوی، بە هەموو داموو دەزگا و دائیرەو ڕەبایەو مەعەسکەرەوە کەوتە بەردەستی جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

٢/ شاری کەلار بە تەواوی کەوتە دەست جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

٣/ شاری دەربەندیخان بە تەواوی کەوتە دەست جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

٤/ ئۆردوگای صمود بە تەواوی کەوتە دەست جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

*****

ئـــــاگاداریەکان لە ئـــــیزگەوە

ئـــــاگاداری

لە میحوەری یەکەوە بۆ هەموو ئەو چەکدارانەی دەربەندیخان، کە شارەزاییان لە چەکی قورس هەیە ڕۆژانە خەفەریاتی چەکە قورسەکان و شوێنەکانیان بکەن.

ئاگادارییەک لە لیژنەی سەرپەرشتی ئاسایشی سلەیمانیەوە بۆ چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی فەوجی (٢٤٧) تکایە بە زووترین کات پەیوەندی بکەن بە قادر قەرەوەیسیەوە بێ دواکەوتن.

ئـــــاگاداری بۆ ســـــەرکەوت ٨٤

تکایە کارەکانتان ڕێکبخەن و تا ئەتوانن هەوڵی ڕزگارکردنی ماڵەوەتان بدەن، لە هەموو لایەک پێشمەرگەو جەماوەری کوردستان بەرەو لاتان دێن.

بۆ ئاگاداری بۆ ئاگاداری

ئاگاداری بۆ هەموو خزم و چەکدارەکانی کاکە حەمەی حاجی مەحمودی هارونی، تکایە بە زووترین کات پەیوەندی بە کاکە حەمەوە بکەن.

*****

بۆ جەماوەری بە شەرەفی ئۆردوگاکانی باریکەو برایەتی و نصرو زەڤایەن و هەڵەبجە و عەربەت

تکامان وایە دەسکاری ئەو بیناو شوێنە عەسکەریانە مەکەن کە لە ناوچەی شـارەزور و پێنجوێندان هەر کەس بەو کـارەوە بگیرێ، سـزای قـورس ئەدرێ هەروەها تەقەمەنیەکان مەتەقێننەوەو خراپیان مەکەن.

*****

داوا لە چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی قوەی کاک ئازاد عومەر حەمە قادر چوارتایی دەکەین کە بە پەلە پەیوەندی پێوە بکەن.

*****

ئـاگـاداری لـە بـەڕێـوەبـەرایـەتـی مەقلەعی بـازیـانـەوە بـۆ هـەمـوو کرێکارو فەرمانبەرەکانی، تکایە بە پەلە وەرنەوە سەر ئیش و کارەکانتان.

*****

ئاگاداری بۆ جەماوەری ناوچەی دەربەندیخان

لە ناو سەربازگەی بانە مۆردا دوانزە بەرمیلی پڕ لە مواد هەیە کەوا پێدەچێ کیمیاییان تیادا بێ.

تکامان وایە لە بەر پاراستنی گیانی خۆتان دەسکاریان مەکەن، تا ئەیانگوێزینەوە.

*****

ئاگاداریەک لە قوەتی سورداشەوە

داوا لە جەماوەری بە شەرەفی پیرەمەگرون و دەوروبەری دەکەین کە تەقەی خۆشی ڕابگرن و مومتەلەکاتی دەوڵـەت بپارێزن، مومتەلەکاتی دەوڵـەت موڵکی خۆتانە پێویستە لە سەرتان بیپارێزن.

*****

+ داوا لە خەڵکی ئۆردوگای صمود دەکەین بە هیچ جۆرێک کەس نەکوژن بە مەبەستی دیفاع لە خۆکردن نەبێ.

+ داوا لە کاک شێخ لەتیف دەکەین هاوکاری هەڤاڵانی لێپرسراوی ئۆردوگاکە بکات.

+ داوا لە هەموو لێپرسراوانی جەبهەی کوردستانی دەکەین کە بە بڵندگۆ

ئامۆژگاری خەڵک بکەن، لە هیچ جێگایەک و لە سەر هیچ شتێک کەس نەکوژن، بە مەبەستی دیفاع لە خۆکردن نەبێ.

هەڵمەتەکانی ڕاپەڕین بەردەوام بوو، بەشێکی گرنگ لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان ڕزگار کران، ڕۆژی ١٩٩١/٣/٧ گەورە شاری سلەیمانی و ڕۆژی ١٩٩١/٣/١١ گەورە شاری مێژوویی هەولێری قەڵاو هۆلاکۆ بەزێن ڕزگار کرا.

دوای ڕزگارکردنی سلێمانی – هەولێر و چەندین ناوچەیتری وەکو گەرمیان و چەمچەماڵ و شارەزورو دووکان، ڕاپەڕین پەڕییەوە بادینان و قۆناغێکی نوێ لە ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەستپێکرد.

ڕژێمی فاشیستی عێراق لە هەوڵ و تەقەللای بەردەوام دابوو هەتا ناوچەی بادینان و سۆران لە یەک دابڕێ بەڵام ڕاپەڕین ئەو خەونەی پووچەڵ کردەوەو تێکڕای کوردستانی وەکو یەک خاک و جوگرافیا لە ژێر بەرنامەو نەخشەی ڕاپەڕیندا بە یەکەوە ئاهەنگی ڕزگارییان گێڕا

بە ڕزگار بوونی ئاکرێ، زاخۆ، دهۆک، دەرفەتی ڕزگارکردنی کەرکوک نزیکتر بووەوەو هەموو تواناکان ڕووەو کەرکوک ئاڕاستە کران، کورد وەکو یەک نەتەوە و نیشتمان لە کەرکوکدا بە یەک شادبوونەوە لە گەڵ کەمە نەتەوایەتیەکانی وەکو، تورکمان و کلدان و ئاشوری.

ڕزگـــــارکردنی شـــاری ئـــاکرێ

لە گەڕوی ئیزگەوە بەمجۆرە ڕزگارکردنی ئاکرێ خوێندرایەوە

ئاگری تۆڵەم بە پێوەم، هیوام و بەڕێوەم، هـاوارم لە برای ئەزبەنی ئەوەیە، من هاتووم بۆ ئەوەی خوێن بدەم بۆ ئەوەی ئـازادی سۆران و بادینان پێکەوە سەرکەوێ.

جەزیری و جگەر خوێن وا دڵدار بانگ دەکا، ئەی لانکەی شێرانی دێرینم بادینان، دە هانێ پەڕەکەی دڵی من ئاکرێ ئەی شاری قەشەنگ و ڕازاوەی کوردستان، خۆشهاتی سەرچاوان، خۆش هاتی بۆ پاڵی قەڵاکەی دێرینم سەرچاوان.

خۆش هاتی بۆ پاڵی بەردەکەی قارەمان ، خۆش هاتی سەرچاوان.

ئەی جەماوەری قارەمانی کوردستان، ئەی ئازادی خواهان کوڕانی ئەم مەڵبەندە وەعدیان داوە کە هەر ساتەو لە ژووانی سەرکەوتنێکا چاوبڕکێتان لە گەڵ بکەن و هەر دەقەو مژدەی سەرکەوتنێکی نوێتان بۆ تۆمار بکەن وەعدەی ئەم ساتە ڕۆژەمان لە گەڵ ئازادکردنی شاری ئاکرێی ئازیزە.

لە مەڵبەندی بادینانەوە، لە مەڵبەندی لانەی شێران و نەبەزینەوە

پاش ئەوەی شەڕۆلی ڕاپەڕینەکانی ئەم بەری زێ کەوتە چەڕۆکان، ئاو بەندە پیلا ناوێەکەی بێخمە و بارزان، وەک بروسکە لە ناو شاری ئاکرێی ئازیزدا لە چەخماخەیداو گیانی داگیرکەری تیاکردە قەرەبرووت.

ئەمڕۆ پاش ئەوەی جەماوەری ڕاپەڕیوو چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە لە ناو ئاکرێ و لە ئۆردوگا و شارۆچکەکانی دەوروبـەری خرۆشانە ناو کۆڵان و جادەکان و بوونە یەک پارچە بووکانی ڕق لە ژێر پێی پیاوە نامەردەکانی بەعس و دەزگا دڕندەکانیدا لە ماوەیەکی کورتدا دەستیانگرت بە سەر هەموو داموو دەزگا حزبی و دەوڵەتیەکاندا.

شایەنی باسە هاوزەمان لە گەڵ ڕاپەڕینی قارەمانانەی جەماوەردا هەرچی هێزی عەسکەری دوژمن هەبوو بە فەرماندەیی عەمید عونی حمید محمد و مقدم وعدالله چوون بە پیر جەماوەری ڕاپەڕیوو پەیوەندیان پێوەکردن لەم هەڵمەت و ڕاپەڕینە

شێرانە کەم وێنەیەدا بێجگە لە ئازادکردنی شاری ئاکرێی ئازیز ناحیەی بجیل و بەردەڕەش و دینارتە و چەند ناوچەیەکیتر لە دوژمن پاککرانەوە.

هەر بژین بۆ خەبات و ڕاپەڕین، هەر بژین بۆ گەلی کوردی نەبەزو قارەمان، ئەی ڕۆڵە دلێرو بە وەفاکانی ئاکرێ و سورچی و دینارتە و گردە ڕەش.

ئێوەش سڵاوی گەلی کوردی ستەمدیدەتان لێبێ بۆ هەڵوێستی مەردانەتان جەنابی عەمید عەونی حمید محمد و مقدم وعدالله بڕۆن بۆ پێشەوە بەرەو تۆمارکردنی سەرکەوتنی زیاترو پاککردنەوەی تەواوی کوردستان لە ژێر چنگی پیاوە درندەکانی صدام حسێنی دیکتاتۆردا.

*****

زەماوەندێک سازکراوە، هەر لەوێدا هەزاران پێشمەرگەی ئازا وەک گەڵای دار لێک ئاڵاوە.

پێشمەرگەیەک فەرەنجی پۆش سەرچۆپیەکەی لێگرتبوو گوللەی بی کەی سی و ئار بی جی، چراخانیان سازکرد بوو نیازی وایە لەو ئاهەنگە بەژداریکات، گشت کوڕانی کوردەواری،

ئاهەنگی سەربەرزی و شەرەف، ئاهەنگی ڕێگەی ڕزگاری.

*****

ناوتان نووسینتان هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە.

لە بیرتە کاتێک لە دایک بوویت ، تۆ دەگریایت و خەڵک پێدەکەنی.

وا بژی پاش مردنت، خەڵک بگری و تۆ پێبکەنی.

دوای ڕزگـــار کردنی دوزخورمـــــاتوو

دوای ڕزگارکردنی شاری دوزخورماتوو لە ڕۆژانی ١٠-١٩٩١/٣/١١، ڕژێمی عێراق چەندین هێرشی بەردەوامی کردە سەر شاری دوز بەڵام لە لایەن پێشمەرگە و جەماوەرەوە تێکشکێنران.

ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵکی ئێرانی بە سەرۆکایەتی مەسعود ڕەجەوی- مریەم ڕەجەوی، کە لە ناوچەکانی خورماتوو بنکەو بارەگایان هەبوو، بوونە داردەست و

کەوا سوری بەر لەشکری داگیرکەری بەعس و پێش سوپای بەزیوی عێراق کەوتن بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی خورماتوو.

دیـــــسان هەڵمەتەکانی پـــــێشمەرگە

+ بارتەقای تکە تکی خوێنی شەهیدەکانمان ئەی موجاهید خاصە لێتان پڕین و ئەبێ پێتان بڵێین ڕقی نەتەوەی کوردو پێشمەرگەکانی چەندە ئەستورە.

+ یەکەم جارە لە مێژوودا هێزی کرێگرتە، باشترو دڵسۆزتر لە ئاغاکەی بجەنگێ.

یەکەم جارە چاوڕاوکەری خۆ بە شۆڕشگێڕزان بتوانێ بێشەرمانە و لە بەر چاوی هەموو جیهان بۆ ڕژێمێکی زاڵم و خۆسەپێن و ناشەرعی شەڕی میللەتێکی ڕاپەڕیوو بکات یەکەمجارە لە مێژوودا تاقمێکی پەنا دراو بەو دڕندایەتیە شەڕی خانە خوێی بکات.

مێژوو تا ئێستا ڕووداوی عەجایبی لەم بابەتەی تۆمار نەکردبوو، بەڵام ئەوا تاقمە ڕسواو ئابڕوو تکاوەکەی ڕەجەوی موجاهید خاصە بوونە یەکەم ڕوو ڕەشی مێژوو لەم بوارەدا.

هاوواڵاتیانی ڕاپەڕیوی کوردستان، چەکدارە شۆڕشگێڕەکان پێشمەرگە قارەمانەکان، دوێنێ شەو هەواڵی تێکشکاندنی دوو هێرشی دوژمنمان لە قۆڵی کفری دوزەوە بۆ بڵاوکردنەوە، ئەمڕۆش سەعات ٩ی سەر لە بەیانی هێزێکی تێکەڵاوی داگیرکەر لە سەربازی عێراقی و موجاهید خاصەکان هێرشێکیتری بەر بڵاویان هێنایەوە سەر دەربەندی قۆری چای.

هێزەکەی داگیرکەر بریتیبوو لە کەتیبەیەکی دەبابات و دە ئیڤای پڕ لە سەرباز بە پاڵپشتی دەیان تۆپی قورسی دوور هاوێژ و هاوەنی هەمە جۆر.

شەڕ لە سەعات ٩ی سەر لە بەیانیەوە لە نێوان دوژمن و پێشمەرگەکانی بەرەی کوردستانیدا دروست بوو، قارەمانەکانی تیپی ١٥ی شارەزوروو دەستەیەک لە شێرە پیاوانی تیپی ٥١ی گەرمیان و دەستەی شەهید حەمە سەعید تا سەعات ٣ی ئێوارە شەڕیانکرد.

بەڵام کەی هێزی بێ بڕوای داگیرکەران و نۆکەرانی توانیوویانە خۆیان لە

بەردەم هەڵمەتی هەق بە دەستانی کورد ڕابگرن، دوژمنی هاری بەعس و ئەڵقە لە گوێکانی موجاهید خاصە سـەرەڕای گەورەیی هێزەکەیان نەیانتوانی مەرامە گڵاوەکانی خۆیان بە دیبهێنن و دوای ئەم زیانانە لە مەیدانی شەڕیش هەڵکەندران و بەرەو مۆڵگاکانیان ڕاونران.

زیانی دوژمن کوژرانی ١٥ سەربازو موجاهید خاصە بریندار بوونی ژمارەیەکی لەوە زیاترو بە دیل گرتنی (٥) سەرباز، تێکشکاندنی یەک دەبابە، گرتنی ٣ ئار بی جی- گرتنی دوو ڕەشاشی بی کەی سی و کڵاشینکۆف و تەقەمەنی.

خۆشبەختانە جوامێرەکانی ١٥ی شارەزورو ٥١ی گەرمیان و دەستەی شەهید حەمە سەعیدیش بێزیان و سەرکەوتوو بوون.

سڵاو هەزاران سڵاو لە نرکە و نالەی خۆتان و تفەنگەکانتان هەمیشە باسک و بازووی جەزرەبەدانی داگیرکەرتان وە موجاهیدە خاصەکانتان هەر خۆش و ئەستوور بێ، ئەی ڕۆڵە دلێرو نەبەزەکانی کوردستان.

بڕۆن بۆ پێشەوە بەرەو قەڵاچۆکردنی داگیرکەران و پاککردنەوەی نیشتمانەکەمان لە داگیرکەرو صدام زادەکانی موجاهید خاصە.

*****

پێشمەرگە ئەو هەڵۆ چاو تیژەیە لە ناو تەموومژی ڕێ ونکەردا پڕ بە نێچیری خۆیدا دەکاو قەت لە پەلەوەرو پەڕندەی مردارەوە بووش ناگەڕێ.

پێشمەرگە ئەو خەنجەرە دەبانەیە دوای هەڵدڕینی سەدان سنگ دەگەڕێتەوە کالانەکەی خۆی، ئەو شێرە بریندارەیە لە حەزرەت بریتی کوردستانەکەی ئازارو شەتاوەی خوێنی خۆی نابینێ.

*****

لە سەعات شەشی سەر لە بەیانی ڕۆژی ٣/١٧ دوژمن لە پێنج قۆڵەوە هێرشی کردە سەر شاری دووز بۆ گرتنەوەی :

قۆڵی یەکەم: لە جادەی تکریتەوە بۆ ناو شار

قۆڵی دووەم: لە جادەی کەرکوکەوە بۆ ناو شار

قۆڵی سێ یەم: لە بەیانانەوە بۆ ناو شار
قۆڵی چوارەم: لە نەوجولەوە بۆ سەری هەنجیرە
قۆڵی پێنجەم: لەسلێمان بەگەوە بۆ زەتەتە

دوژمنی هاری بەعسی لە هێرشەکەیدا پەنایبردە بەر کۆپتەرو تۆپی دوورهاوێژ و بە کارهێنانی خەستی بۆمبی چارەکە تەنی و فسفۆڕی و تۆببارانی قورس، بەڵام لە ماوەی ٨ سەعات شەڕی قارەمانانەدا، دوژمن لە هەر پێنج قۆڵەکەوە شکستی خوارد، سەری بەزیوو ڕاکردنی هەڵگرتوو زیاتر لە (٥٠) کوژراویدا، کە تا ئێستا ناوی ئەم دوانە زانراوە:

١/ نەقیب فائد عبدالله فارس
٢/ ملازم اول احمد عباس

دەستان خۆش و هەر بژین بۆ خەبات و تێکۆشان ئەی ڕۆڵە بە ئەمەک و دڵسۆزەکانی کوردو کوردستان نەیەڵن دوژمنە ڕسواو نیوە گیانەکەی گەلەکەمان جارێکیتر خاکی پیرۆزی دووز گڵاو بکاتەوە.

*****

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

وردەی هەمیشە بەرزی ئێوە لە ئاستی تێگەیشتن و باسکردن نییە.

ئێوە لە دێی هۆمەرمل لە ساڵی ١٩٨٧ مەفرەزەیەک بوون کە ١٦٠ دەبابەتان بۆ هات، ئێستەش لوولەی ئەو دەبابانە لەو دێهاتە ڕووخاوەدا ئاوبارەو بۆری ئاودەستە، ئێوە لە چیمەنی پەنا کەرکوکدا لە ڕێدارو لە (تەق تەق) دا لە ناو شاری کەرکوکدا ئەو کاتەی داگیرکەر لەو پەڕی دەسەڵاتدا بوو، چیتان نەکرد.

داستانی ڕزگاری لە چوار سەعاتدا ١١٢ ڕەبیەتان پاککردەوە، لە کانی ماسێ هەر ڕەبیە بوو هەڵدەپڕووکا لە ناو هەولێردا لە سەر لەپی دەستی ئەو گەردە تەختەدا، لە سلێمان بەگ و جادەی بەغداو ناو کەلارو کفری و خانەقین دا چیتان نەکرد.

ئەو ساڵانە مەشخەڵانتان ئاسۆو ئاسەواری کوردستانی داگرتبوو ئێستەش هەڵمەتەکانتان لەو جا بێوێنەترو ئەفسانەترە ئێوە دەبێ هەمیشە بڕووسکەی هەوری ڕەش و بەژارو ژەنگ بن، پێشمەرگە پێش مەرگ کەوتوەکانی داستانەکانی قەیوان ماوەتی سێ مانگە و دابان و کەتوو دۆڵی جافەتی و دۆڵە ڕەقە و کانی ماسێ

و هەندرێن و زینانە و دەرگەڵە و بالیسان، ئەی وێزەکانی ئەو پێدەشتە کرکانە نەعرەتەتان زایەڵەی نەوتاوی گەرووی کەرکوک بێ.

هەموو لە هێرشدا لە سەنگەردا بڵێن
ڕێی خەباتمان چەندە سەخت و دوور بێ
با چوار دەورمان کڵپەی ئاگربێ
لەم ڕێ پیرۆزە هەرگیز لانادەین
ئێمەین بۆ مردنیش ئامادەین

*****

+ پێشمەرگە بروسکە و چەخماخەی زستانی سەختن
+ پێشمەرگە بەوری تورەی دڕک لە قاچ هەڵچەقیوی ناو بێشەولانەن.
+ ئەو دەشتانە بەرگی پشکۆن مشتەکۆڵەی پێشمەرگە درەوشەش دەقرتێنیتەوە.

هـــــەوالْ و پیاهەڵدان، بەرەو ڕزگـــــارکردنی کـــــەرکوک

دوای ڕزگارکردنی زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، ڕزگارکردنی کەرکوک دەستیپێکرد.

گـــــزنگ

ئاسۆی ســووری شــاری کەرکوک بەرگی ڕەشــی ســەر کارێزو ڕەحیماوای واپۆشیوە، تەپوتۆزی ڕووی ئازادی و ئەحمەد ئاغای ڕامالْیوە.

وا گزنگی ئومێدی کورد دەڕوانێتە کاروانی دوور، لە پێشوازی پێشمەرگەدا پێئەکەنێ وەک ئاسۆی سوور.

*****

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان ئەمشەو دەستیانگرت بە سەر زنجیرە شاخی دوومەڵان، کە بەهێزترین زنجیرەی پشتێنە ئەمنیەکەی شاری کەرکوکە، هەمان قۆڵ کۆنترۆڵی تەواویانکرد بە سەر گەڕەکی ڕەحیماوادا.

هەر لەم قۆڵەوە نەقیب (سالم عەبد) لە گەڵ چوار ئەفسەریتر بە دیل گیران.

*****

دەرمـــــــان

من خۆم پزیشکم بۆ تیماری زام دەرمانی هەزار بریتی لەشی دەردەدارم کرد.
بەڵام بۆ زامە قوڵەکەی لەشی ئەم کوردستانە، دەرمانی چەک و فیشەکم هەڵگرت.

*****

لە مـــیحوەری یـــــەکەوە

کاتژمێر ٥ تا ٦:٢٥ دەقیقەی ئێوارەی ڕۆژی ١٩٩١/٣/١٩ تۆپخانەی میحوەری یەک بە خەستی بە تۆپی ١٣٠ ملم باروتخانەکەی جەلەولاو تەجەموعی هێزەکانی داگیرکەرو خەتی ئیمدادی هێزەکانی تۆپباران کرد.

ئەوەی شایەنی باسە گوللە تۆپەکان بە چاکی شوێن مەبەستەکانی دەپێکا، لە سەر ئەنجامی ئەم تۆپ بارانەدا دوو مەخزەنی عیتاد تەقیندرانەوە.

*****

بە پێی نوێترین هەواڵی نەبەردیەکانی کەرکوکی قارەمان و گرو کلپە، جەماوەری ڕاپەڕیوی شارو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و هێزی دلێری پێشمەرگەی کوردستان لە بەرەکانی نەبەردوو پێکدادانی کەرکوکدا سەرکەوتنێکی مەزنیان بە سەر دوژمندا بە دەستهێناوەو ئێستا هەموو دوا بەشی ناوەندو سەربازگەو شوێنەکانی مقاومەی دوژمن لە دەوروبەری دوا بەشی ڕێگای گشتی سلێمانی کەرکوک پاککراوەتەوەو بە یەکجاری لە لایەن جەماوەرو هێزەکانی بەرەی کوردستانیەوە کۆنترۆڵ و دەستیان بە سەردا گیراوەو هەموو هێزەکەش لەم میحوەرەوە خۆی کردووە بە ناو شارداو هەر ئێستا لە ناو جەرگەی کەرکوکی ئازیزدا دوژمن لە هەمو لایەکەوە شکستی هێناوەو لە هەندێ شوێنی دیاریکراودا مقاومەیەکی زەلیلانە دەکەن.

دەستان خۆش و هەر بژین بۆ خەبات و تۆمارکردنی سەرکەوتنی زیاترو گەورەتر، لێیاندەن، بیانکوژن مادام ئەو گێل و پیاوکوژانە هێشتا هۆشیان وەبەر نەهاتووەتەوەو هەر سورن لە سەر دیفاع کردن لە بەرەی زوڵم و ستەم و خۆبە کوشتدان بۆ کورسی حوکمەکەی صدام حسێنی دیکتاتۆر و کورد کوژ.

ئێوە دەستیان لێمەپارێزن و ڕەوانـەی دۆزەخـی تاوانەکانی دکتاتۆرەکەی

بەغدایان بکەن و بە عەمەلی ئەو دروشمە جێبەجێ بکەن کە ئەڵێ : « فاشیست بکوژە تا گەل بژی».

*****

گوێگرانی بەڕێزی دەنگی گەلی کوردستان

سەعاتێک لەمەوبەر هەواڵی سەرکەوتنی میحوەری سلێمانی کەرکوک لە ڕاپەڕینە بێوێنەکەی شاری کەرکوکمان بۆ بڵاوکردنەوە، ئێستاش هەواڵی قۆڵی هەولێرتان بۆ بڵاودەکەینەوە.

پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکانی ئەم میحوەرە، هەنگاو بە هەنگاو لەو نەخشە دیاریکراوەی کە بۆیان دیاریکرابوو نزیک دەبنەوەو پاکسازی ئەم شوێنانەی خوارەوەیان کردووە.

ڕەحیم ئاوا، تەپەی مەلا عبدالله، ئەڵماس، شاترلوو، بەگلەر، ناوچەی سوق مەرکەزی، کۆپری یەکەم، قۆریە، ئەحمەد ئاغای کۆن، ئەحمەد ئاغای نوێ، جسری دووەم، واتە جسری شهدا، شارعی جمهوری، دائیرەی ئینزباتخانەی کەرکوک، لە گەڵ زۆربەی زۆری شەریکەکانی نەوت ئازاد کراون. ئێستا ئەو ناوچانە لە ژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەو جەماوەری ڕاپەڕیودان، ئەم هێزە قارەمانە بەرەو پێش ڕۆیشت تا لە گەڵ هێزەکەی میحوەری سلێمانی کەرکوک یەکیان گرتەوە.

دەستان خۆش پێشمەرگە قارەمانەکانی میحوەری هەولێر، ئەی ڕۆڵە فیداکارەکانی ئەم گەلە ڕاپەڕیوە، ئەی جێگەی فەخری هەموو خەڵکی کوردستان بڕۆن بۆ پێشەوە ڕووەو جێبەجێکردنی تەواوی نەخشەکان و ڕووخانی دەسەڵاتی دەستی داگیرکەر لەو شارە نازدارەدا، بەرەو پاکسازی هەموو گەڕەک و کوچەو کۆڵانەکان لە شاری کەرکوکی گرو ڕاپەڕیندا، ڕووەو دامەزراندنی حوکمی گەل لە عێراق و کوردستاندا.

بۆ تۆڵەسەندنەوەی خوێنی شەهیدان، بۆ تۆڵەی پەککەوتەو بۆ تۆڵەی شارو شارۆچکەو دێهاتە ڕووخاوەکان بۆ تۆڵەی ڕاگوێزان، ئەمڕۆ ڕۆژی بەعسی قڕانە بەعسی قڕان، هەر بژین بۆ کورد، هەر بژین بۆ کوردستان.

*****

گوێ بگرن بۆ ئەڵقەیەکی تری هەواڵی زنجیرەی هەواڵی سەرکەوتنەکانی کەرکوکی ئازیز، کەرکوکی هەست و دڵە بزوێنەرەکەی کوردستان.

هەر تۆزێ لەمەوبەر بوو چەند هەواڵێکی سەرکەوتنەکانی ڕۆڵەکانتانمان بۆ بڵاوکردنەوە، وا جارێکیتریش هەواڵی سەرکەوتنێکیتری ڕۆڵە گیان لە سەردەستەکانی کوردستانتان بۆ بڵاو دەکەینەوە کە لە میحوەری سلەیمانیەوە پێمان گەیشت.

هێزەکانی میحوەری سلێمانی کەرکوک، ئێوارەی ٣/١٩ لە سەعات ٦ دا هێرشێکی پڵنگ ئاسایان کردە سەر ڕەبیەو معەسکەرەکانی دەوری سیطرە ی کەرکوک سلێمانی، قارەمانانی گەلەکەمان تەنیا لە سەعاتێکدا هەموو سەنگەرو معەسکەرەکانیان گرت و دەستکەوتێکی زۆریش هەیە لە هەموو جۆرە چەکێکی قورس و سووک.

لە ناو ئەو دەستکەوتانەدا:

١/ گرتنی ٣ دەبابە.

٢/ گرتنی مدفعی میدان و مقاوەمەی طایرات کە هەموویان بۆ بەکارهێنان ئامادەن.

پاش ئەم سەرکەوتنە گەورەیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جەماوەری شاری کەرکوکی قارەمان ئەو خەڵکە زۆرەی کە بۆ بەشداریکردن لە کەرکوکی داگیرکراودا هاتوون بەرەو پێش دەچن و ڕوو لە ناو جەرگەی شارن، دەستان خۆش و سەرکەوتوو بن ڕۆڵە گیان فیداکارەکانی کوردستان، ئەی ئەو قارەمانانەی دڕووشمی کەم بژی و کەڵ بژیتان وەکو ناوی پێشمەرگە پیرۆز ڕاگرتووە، دەک نەنالّن ئەی جەربەزە دەرەکانی داگیرکەر، هەر بژین بۆ کوردو کوردستان.

*****

کەرکوک مەشخەڵی ئەندێشەو هەستم
کسپەی هەناسەی گڕگڕ مەبەستم
بەهەشت و باخ و زەوی و زاری کورد
ئەی نیگار کێشراو بە خامەی زۆر ورد

ئاوێنەی سادەی بێگەردی کوردان
وشەی سەرزاری ئاواتی مەردان
ئەی کۆنە شاری نەوەی بەچکە شێر
کسپەی ناو جەرگی سکی برسی و تێر
کاروانی قوربان بەشت نەبڕاوە
هەر لە کۆنەوە تاکو کورد ماوە
بابە گورگوڕ و زەمبوور ئاگریان
دڵی زۆر کەسیان ئەخستە گریان
بە نیازی نەزر ئەچوونە سەری
ئێستاش خەیاڵە لێی بین بێبەری
سوێندم بە گڕو جەرگی هەڵقرچاو
بەو تیشکە جوانەی ئەیا ئاوی چاو
ئەبێ گڕی تۆ لە گەڵ لاشەی من
دەست لە گەردنکەن لەناودەن دوژمن

هاوولاتیانی بەڕێز تۆزێ لەمەوبەر ئەم هەواڵەمان پێگەیشت، یەک فەوجی سەربازی لەوانەی کە حیمایەی شەریکەی نەوتیان دەکرد لە کەیوان، بە هەموو فەرماندەکانیانەوە هاتن بۆ تەسلیم بوون بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

*****

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی ناوچەکە ئازاد کردنی یەکجارەکی شاری کەرکوک لە ژێر چنگی داگیرکەر لە ئان و ساتدایە، ئیتر هەرچی داموو دەزگا و دامەزراوەی ئەم شارە هەیە، ئەبێتە موڵکی گەل و جەماوەری قارەمانی کوردستان.

بۆیە داوا لە هەموو لایەک دەکەین کە پارێزگاری مونشەئات و هەموو پاشکۆکانی کۆمپانیای نەوتی کەرکوک و ئیزگەی تەلەفزیۆنی کەرکوک بکەن و نەهێڵن زەرەریان

پێبگات، هەر وەکو داواکاری ئەوەشین کە پارێزگاری بەڵگە نامەو فایلەکانی دائیرەی ئەمن و ڕێکخراو و هەیئەی خاصەی کەرکوک و ئیستخبارات بکرێ و بێجگە لە مەفرەزە تایبەتەکانی بۆ دەست بەسەرداگرتنی ئەو فایل و بەڵگەنامانە تەرخان کراون کەسیتر بەلایاندا نەچێ.

ئـــــــاگاداری

ئاگادارییەک لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی کەرکوکەوە

١/ داوا لە هەموو پێشمەرگەکانی ناو شاری کەرکوک دەکەین تکایە کەس تەقەی خۆشی نەکات، وە بە هیچ شێوەیەک تەقە نەکەن، بێجگە لەو شوێنانەی مقاوەمەی تیایە.

٢/ تکایە کەس دەسکاری کەلوپەلی دائیرەکانی دەوڵەت نەکات.

ئاگادارییەک لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیەوە

بۆ هەموو پزیشکەکانی خەستەخانەی سلێمانی، تکایە ئەمشەو هەموو لە خەستەخانە ئامادە بن بێ دواکەوتن.

جێگای سوپاسە

*****

ئاگاداری چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی فەوجی ١٦٦ دەکەین پەیوەندی بکەن بە تەلار کوێخا نەسروڵڵاوە لە چیمەنی کەرکوک.

*****

لە مەڵبەندی سلێمانی پاسۆکەوە بۆ کاک شوان لە میحوەری کەرکوک، ڕاسپاردەکانمان بەجێهێنا، پەیوەندی لە گەڵ میوانە نوێیەکەماندا بکەن.

لە پاسۆکەوە بۆ هاوبیرانی ناوچەی کەرکوک، پەیوەندی بە ملازم شوانەوە بکەن.

کەرکوک هەر گۆڕستانی سەربازە داگیرکەرەکان نابێ و بەس، گۆڕستانی دەبابەکانیشیانە.

*****

ئاغاکەی توکاوا، کەولّەکەی لێبەجێماوە
عەریف شێرە بەفرینە

هاوولّاتیانی بەڕێز، هەمووتان ناوی تاوانبارو موجریمی بەناوبانگ عەریف عەلی حەسەن مەجید تان بێگومان بیستووە.

ئەم تاوانبارە لە لایەن جەللادەکەی عێراقەوە کرابوو بە ببڕو بکوژی کوردستان و کارەسات و نەهامەتیەکانی گەلەکەمان دەستی ئەم تاوانبارەی تیایە، ئێستاش وەکو کۆڕی ڕۆژی گوایە تەنگانە جارێکیتر کرایەوە بە وەزیری داخلیە بۆ چارەکردنی کێشەکانی دەولّەت ئەویش وەکو جاری جاران بە هەڕەشە عەریفانەکەی خۆیەوە تا توانی گێل و گەوجەکانی گاردی جمهوری بە چەک و جبەخانەوە ڕژاندە کەرکوکەوەو کەوتە هەڕەشە کردن و خۆهەڵنان.

هەر لەو کاتەدا کە لە کەرکوک سەرپەرشتی هێزەکەی دەکرد هەڤاڵانمان ئاگاداریان کردوو لەم ئیزگەیەشەوە پێیگوترا ئەگەر ڕاست دەکات هەر لە کەرکوک بمێنێتەوە ئەو جا بوار ئەزانێ....

ئەم جارەش وەک ئامۆزاکەی ناوچەوانی پڕ شەرم و بەزینی هەڵگرتەوەو لە دەست پێشمەرگە دلێرەکانی کوردستان، لە ترسی ئەوان هەڵهات بەمجۆرە دیارە سەرە بۆگەنەکانی بەعس مالّ و منالّی خۆیان زۆر زوو دەرباز کردووە، لە هەڵمەتی هەمە لایەنەی هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستاندا بۆ سەر کەرکوک یەکێک لەو شوێنانەی کەوتە بەر شالّاوی قارەمانانی گەل چەپەڵ عەریف وەزیر عەلی بوو تا کلّاوگیر بکرێ بەڵام ئەو فس فس پالّەوانە زوو ڕایکردوو هەرچی مالّ و مستەمسەکات و مومتەلەکاتی هەبوو هەموو گیران، بەم پالّەوانە بڵێن مالّ قەینا ئەو پیاوێکی مەبدەئی و سیاسیە، با هێزەکەی جێنەهێڵێ و بە گورگان خواردووی نەدا.

ئەمانە بکوژی کۆمەڵانی خەڵکن، ئەمانەن مالّ و سامانی گەلان تالّان دەکەن و خوێناوی کورد سەد سالّیتریش لە دەم و لەوسیان دەچۆڕێ.

هەر بژین پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

هەر بژین ڕۆڵە ئازاو نەبەردەکانی بەرەی کوردستانی

بۆ پێشەوە هەنگاو هەنگاو هەموو شوێن و مۆڵگەکانی داگیرکەر لە کەرکوکدا پاک بکەنەوە.

*****

هێزە دلێرەکانی بەرەی کوردستانی خوارو کە چەند ڕۆژ وەکو هەڵۆی سەر تەوقە سەری نێچیر ڕاوەستاون و گاردی جمهوریش پۆڕی خوراو ئاسا هەڵئەکوڕمێن دەزانن کوڕانی ئێوە چۆن پڵنگێکی ناو لێرە وارو بێشەن، تیسکەی تفەنگ، وێزی گەوەن.

ئەم شوێنانە بە تەواوی لە ژێر قەڵەمڕەوی تفەنگی پێشمەرگەکاندایە و دەستی بە سەردا گیراوە.

١/ قائیدەی جەوی کەرکوک

٢/ بیرە نەوتەکان

٣/ پەترۆڵجاری بای حەسەن

٤/ گەڕەکەکانی ئازادی ڕەحیم ئاوا، ئیمام قاسم، شۆڕیجە.

ئەم شوێنانە بە تـەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدان دەستان خۆش، ورەبەرزین، دەستان خۆشبێ تفەنگتان پڕ خرۆشبێ، ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، ئەی جەماوەری ڕاپەڕیوو ئەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی گەل بۆ پێشەوە.

ئـــــــاگاداری

لە حەسیبە کەچەڵەوە بۆ کاکەی سەرتاش ئەوان گەیشتنە نزیکتان دەست بەکار بن (٤٢-١٠٠٠) .

گەر زووحاکێ لە بری دوو مار هەزار ماری لە سەر شان بێ گەر زووحاکێ نەک کوڕی کاوەی ئاسنگەر هەزارەهای لە خاک نابێ.

چۆن ئەم گەلە داخ لە دڵە هەمووی ناوی کاوە نابێ، بۆ زووحاکی ئەم زەمانە، هەر یەکەمان کاوەیەکی کوردستانە چەکوشی تۆڵەی لە سەر شانە.

بەرەو کۆشکی زووحاک دەچین قەد نابەزین
ئەبێ کەللەی بێنینەوە، سەری ماری پان کەینەوە
بابە گوڕ گوڕ ئاگرەکەی نەورۆزمانە
لە کەرکوکدا بە یەکتر شاد دەبینەوە

*****

دەســـــت بە سەرداگرتنی دوو فـــــڕۆکە

کوڕە گیان لە سەر دەستەکانی ئێوە، هاوزەمان لە گەڵ بۆمبارانی چڕوخەستی هێزە داگیرکەرەکان کەوتنە پشکنینی دەوروبەری بنکەی ئاسمانی کەرکوک و لە ناو پەناگەیەکی نەهێنیدا دوو فرۆکەی جۆری میک و سیخۆی سۆڤیەتیان دۆزیەوەو ئێستە بە ساغ و سەلامەتی لە ژێر دەستی پارێزەرانی گەلدایە.

فیداو قوربانی هەڵمەتی دلێرانەو گیانی پڕ لە زات و هیمەتتان بین ئەی قارەمانانی گەل،

منالانی بێ دایک و باوک کراوی نەتەوەکەتان چاوەڕێی دەستی ئێوەن کە فڕۆکە تاوان هەڵگرەکانی بەعسیان بۆ بکەنە دیاری، برۆن بۆ پێشەوە سەرکەوتنتان زۆر نزیکە.

*****

لە ناو هەناوی هەورەوە مژدەی سەوز دائەباری، لە ناو چاوی کانییەوە ئاوی ژیان هەڵئەقوڵێ، لە ناو دەروونی شاخەوە مەلی بەربەیان هەڵدەفڕێ، لە ناو بریندی کێڵگەوە ئەهاتەدەر، لە ناو لولەی چەکیشەوە ڕێی ئازادی.

*****

هەواڵی سەرکەوتنێکیتر لە نەبەردوو پێکدادانەکانی ناو شاری ئازیزی کەرکوکدا هاوولاتیانی خۆشەویست، جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستان ئەی هەموو ئازادیخوازانی جیهان

هەمووتان ئاگادارن کە ڕژێمی دڕندەی بەعس، لە کاتی زەلیلی و تێکشکاندا چۆن دەکەوێتە پەلە قاژەو هەموو وەرەقەکانی خۆی بەکاردێنێ.

ئاگادارن کە چۆن هەر کاتێ نەبەردێکی بە جەماوەرو پێشمەرگە دۆڕاندبێ، دڕندانە کەوتووەتە گیانی هاوولاتیانی بێ دیفاع و داخی دڵی خۆی و شکستەکانی بەوان ڕشتووە.

لە دوێنێشەوە جەماوەری ڕاپەڕیوو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و هێزی پێشمەرگەی قارەمان، لە لە دەوروبەرو لە ناو کەرکوکدا سات لە دوای سات

سەرکەوتنی نوێ و گەورەتر بە دەست دەهێنن و سات لە دوای سات دەسەڵاتی ڕژێمیش لەم شارەدا زیاتر لە لەناوچوونی یەکجاری نزیک دەبێتەوە.

دوژمنی هارو درندەو داگیرکەر بۆ هەر سەرکەوتنێکی قارەمانانی گەلی کورد لە ڕابردوو لە ئێستادا ڕەدی ترسنۆکانەی هەبووە، کەچی گەلەکەشمان لە بەرانبەر هەر ڕەفتارێکی ترسنۆکانە و بێدەسەڵاتانەی ئەودا تۆڵەی قورستری هەبوەو باشتر دوژمنی جەزرەبە داوە.

فاشیستە ڕەگەز پەرستەکانی بەغدا، دوای ئازاد بوونی بەشی هەرە زۆری شاری کەرکوک و کۆنترۆلکردنی زۆر شوێنی ئابووری و ناوەندی گرنگ، لە شەوی ڕابردووەوە کوێرانە کەوتووەتە بەکارهێنانی کۆپتەرو فڕۆکەی پیلاتۆزو جۆرەها چەکی قەدەغەکراوی وەک ناپاڵم و فسفۆڕ بە سەر ژن و منداڵی بێ دیفاعی کەرکوک دەبارێنێ بەڵام وەک خۆشتان ئاگادارن شۆڕشی کوردستان هەمیشە بۆ ڕەفتارە درندەکانی داگیرکەر تۆڵەی قورسی هەبووە.

ئەوەتا هاوزەمان لە گەڵ بۆردوومانی کوێرانەو قورسی فاشیستەکاندا، جەماوەری ڕاپەڕیوو هێزی گەل لە باتی ئەوەی پاشەکشە بکەن، بە پێچەوانەوە زەبری هەڵمەتەکانیان قورستر کردووەو باشتر دەست لە دوژمن دەوەشێنن.

سەر لە بەریانی ئەمڕۆ ٣/٢٠ پێشمەرگە قارەمانەکانتان لە بەرەی کەرکوک بۆ تۆڵە ئاگریان کرد بە قورگی ناوەندێکی درندەی بەعسدا و لە هەڵمەتێکی شێرانەدا توانیان دەستبگرن بە سەر منظمە ی (مثنی)دا هەموو مومتەلەکات و موستەمسەکاتی فاشیەکانیش لە سەر ئەرز بێجگە لە ڕاکردن و مقاوەمەی زەلیلانە و زیانی زۆر توانای هیچ بەرگرییەکیان پێنەما.

دەستان خۆش و هەر بژین بۆ خەبات و پاککردنەوەی تاهەتایی کەرکوک و کوردستان بە گشتی لە دارو دەستەی خوێن مژو داگیرکەر.

فیدای هەڵمەتی شێرانەو دەست و سێرەی تفەنگتان بین لێیان بکوژن، تۆڵەی ژن و منداڵی بە ناهەق شەهید کراوی کەرکوکیان لێبکەنەوە.

سەردەم سەردەمی ئازادی گەلان و سەربەخۆییە، کەچی تازە بە تازە داگیرکەرە

هارەکانی کوردستان دەیانەوێ گەلەکەمان لەناوبەرن.

دە ئێوەش فاشیست بکوژن، داگیرکەر بکوژن تا گەل بژی.

بە هیچ جۆرێ دەست لەو گێل و بێ هۆشانە مەپارێزن کە دەست لە ڕۆڵە و ژن و براو خوشک و کەسووکارتان ناپارێزن و هێشتا هەر سوورن لە سەر دوژمنایەتی گەلەکەمان و دیفاع کردن لە کورسیە شەق و شڕەکەی صدام حسێنی کورد کوژ و دیکتاتۆر.

بـــــانگەوازێك بۆ جەماوەری قارەمانی شـــــاری کـــــەرکوك

ئەی جەماوەری خۆڕاگرو تێکۆشەری شاری کەرکوک، هەمووی چەند سەعاتێکی تری شارە خۆشەویستەکەی ئێوەش لە ژێر چەپۆکی خوێناوی داگیرکەر دەردەکرێ و دەگەڕێتەوە بۆ لای دایکی نیشتمان و بۆ باوەشی ڕزگاری و سەرفرازی و هەموو داموودەزگایەکی ئەم شارە لە هی بەعسی و سەرکردایەتی تاوانباری صدام پاک دەبێتەوەو دەبێتەوە مولکی گەل.

بۆیە داواتان لێدەکەین، لە کات و لە دوای ڕزگارکردنی شارەکەتان، پارێزگاری لە موتەلەکاتی دەوڵەت بکەن مەهێڵن کەس زەرەرو زیانیان پێبگەیەنێ یا دەستی خراپ کردن و فەرهودیان بۆ دروژێ بکات، ڕێگە مەدەن هیچ کەسێ بە هیچ جۆرێک و لە ژێر هیچ پەردەو بیانوویەکدا، یان بە ناوی دژایەتیکردنی بەعس و صدامەوە زەرەر بە موتەلەکاتەکانی دەوڵەت و داموودەزگاو کەلوپەلەکانیان بگەیەنێ.

تکایە لە دوای ئازادکردنی شارەکەش خۆتان لە تەقەی خۆشی و تەقەکردنی بێسوود بپارێزن، لە بەرپاراستنی گیانی هاوواڵاتیان و بە فیڕۆ نەچوونی فیشەک و تەقەمەنیەکانیش.

*****

ئەوەی لە ژێر ئەم ئاسمانە ئـازادەدا هەناسە بات ئەوەی ئاوی ئەم جۆگانە بخواتەوە، ئەوەی ئێستا دڵی لێبدات.

ئەوەی لە ژێر درەختێکدا، لە سێبەری ئەشکەوتێکدا سەرخەوێکی شکاندبێ، ئەوەی عاشقی قاسپەی کەوبێ، دۆستی تیشکی مانگە شەو بێ، ئەوەی ناوی خۆی بزانێ، ئەوەی دایک و باوکی هەبێ، ئەوەی خوشک و برای هەبێ، نەخێر ئەوەی شەرەفی بێ، ئەبێ ئەمڕۆ پێشمەرگە بێ بۆ کوردستان، ئەبێ ئەمڕۆ بەخشندە بێ، بە گیان و خوێن ماڵ و سامان.

ئەوەی ئەمڕۆ سستی بکا، بە پێی توانا هەوڵ نەدا، خزمەت نەکا، کوردیش نیە و تا هەتایە میژوو نەعلەتی لێدەکا.

*****

یەکەم دەرس چوار ئەفەندی ڕەشتالّە و دێز هاتن سیروانیان دایە پێش.

سیروان بوو بە بەردی گۆم و نەهاتەوە جێگەکەی چۆڵ، وەرزێکیتر یەکەم دەرس کە مامۆستا هاتە ژورێ تەماشای کرد پۆل کش و مات.

کە ئاوڕێکی دایەوە لە سەر تەختە ڕەش نووسرا بوو ئەی مامۆستا.

ئیتر ئێمە هەر هەموومان لە ئێستەوە بووین بە سیروان.

*****

ئاگادارییەکی بە پەلە بۆ بەڕێز خافێر پێرێز دیکۆلاری سکرتێری گشتی (ن ی) و گشت ڕێکخراوە، دەولی و مرۆییەکانی جیهان.

بەڕێزتان ئاگادار دەکەین لە دوای ڕاپەڕینی جەماوەری شاری کەرکوک وەک باقی شارو ناوچەکانیتری کوردستان و عێراق و ئازادکردنی بەشی هەرە زۆری ئەم شارە لە چنگی پیاوەکانی ڕژێمی بەعس، ڕژێم بە پێچەوانەی هەموو عورف و عادەتێکی دەولی و مرۆیی و پێچەوانەی ناوەڕۆکی گەلاّلّە نامەی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ کە عێراقیش یەکێکە لە دەولّەتە مۆر کەرەکانی، حوکمی دیکتاتۆری عێراق بە پێچەوانەی هەموو ئەوانەوە لە شەوی (٣/٢٠/١٩) هوە زۆر دڕندانە کەوتووەتە گیانی هاووڵاتیانی ڕاپەڕیوی ئەم شارەو بەردەوام بە هۆی کۆپتەرو فڕۆکەی پیلاتۆزەوە کە لە ئەساسدا دەولّەتی سویسرا بۆ پرژاندنی کیمگە کشتوکاڵیەکانی درووستی کردووە، ناو شاری کەرکوک بۆردوومان دەکا.

ڕژێمی بەعس لەم شاڵاوە بێ ڕەحمانە و دڕندانەی خۆیدا هەموو جۆرە چەکێکی قەدەغەکراوی بەکار هێناوەو بە کاری دەهێنێ لەوانە ناپاڵم و بۆمبی فسفۆڕی، کوێرانەش دەست لە هیچ جێگەیەک ناپارێزێ و هەموو کوچەو کۆڵانەکانی شاری کەرکوکی داگرتووە.

ئەم کردەوە ناقانونی و دڕندانەیەی ڕژێمی صدام حسێنی دیکتاتۆر بووەتە هۆی شەهید بوونی ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی شاری کەرکوک کە زۆربەی هەرە زۆریان ژن و منالّن.

بەم بۆنەیەوە داوا لە بەڕێزتان دەکەین کە نفوزی خۆتان بەکاربهێنن بۆ ڕاگرتنی ئەم قەسابخانە مرۆییە و سنووربێک بۆ قانوون بەزاندنەکانی صدام حسێنی دیکتاتۆر دابنێن.

هیوامان زۆرە کە بە پەلە بکەونە گەڕ بۆ ئەنجامدانی ئەم ئەرکە پیرۆزو ئینسانیە.

ئـــــاگاداری

ئـــــاگاداری لە میـــــحوەری هـــــەولێرەوە

داوا لە جەماوەری بە شەرەفی هەولێر دەکەین ئەوانەی کە ئامادەی بەخشینی خوێنن سبەینێ بەیانی زوو لە خەستەخانەی جمهوری هەولێر ئامادەبن.

*****

ئاگاداری لە محەمەدی حاجی مەحمودەوە بۆ هێزەکانی سەر بە لقی هەولێر سلێمانی، بە پەلە بگەنە لامان لە چەمچەماڵ.

*****

ئاگاداری لە مەکتەبی تەنفیزی بەرەی کوردستانی لە هەولێر بۆ هەموو مونتەسیبی دائیرەی مەحکەمەی هەولێر تکایە لە ڕۆژی ٣/٢٠ پەیوەندی بە سەرۆکی مەحکەمەوە بکەن، دەوام بە شێوەیەکی ڕێک و پێک ئەنجام بدەن.

*****

لە کۆمیتەی باڵای بەرەی کوردستانی هەولێرەوە

داوا لە گشت فەرمانبەرانی دائیرەی مصلحه المواد الغذائیه دەکەین، کە بەیانی ٣/٢٠ سەعات ١١ لە مودیریەتی موادی غذائی ئامادە بن.

*****

ئاگاداریەک لە کۆمیتەی بەرەی کوردستانی شارۆچکەی برایەتی بۆ ئاگاداریتان

مەفرەزەی کۆمیتەی بەرەی کوردستانی پارچە قوماشێکی سوور لە گەڵ پسوولّەی مۆرکراویان پێیە، جگە لەو مەفرەزەیە و بەو ڕەمزانەوە، هاوولّاتیان ئاگادار دەکەین کە هیچ شتێک نەدرێتە هیچ کەس و لایەنێک.

لەکۆمیتەی بـەرەی کوردستانی شـارۆچکـەی برایەتیەوە بۆ جـەمـاوەری شارۆچکەی برایەتی

ئاگاداری ئەو هەموو خەڵکانە دەکەین کە مومتەلەکاتی دائیرەکانیان لایە، بە زووترین کات بیگەڕبننەوە بۆ بارەگای بەرەی کوردستانی.

* ئاگاداری لە برایانی محەمەدەوە بۆ برایانی صلاح ، ئیمە باشین.

* ئاگاداری لە برایانی محەمەدەوە بۆ حاجی صالح، دەست بە کاربن.

* ئاگاداری لە کاکلەوە بۆ هاوڕێ شاری، پەیوەندی بە حاجی صالحەوە بکەن و دەستبەکاربن.

* ئاگاداری لە برایانی صلاح و محەمەدەوە بۆ ئاوارە و فەرەیدون و دەربەدەرو ئارارات ، دەست بە کاربن.

* ئاگاداری لە پیرۆتەوە بۆ ئەحمەد خان، شانە چەکدارەکان دەست بە کاربن.

* ئاگاداری لە برووسکەوە بۆ شانە چەکدارەکانی کۆسرەت دەست بە کاربن.

* ئاگاداری لە برایانی محەمەدەوە بۆ مامۆستا ئارام، شانە چەکدارەکانتان دەست بە کاربن.

* ئاگاداری لە برووسکەوە بۆ تیپی بەڕانەتی (٥٠١) سازوو ئامادە بن.

*****

ئاگاداری بۆ هەموو مونتەسیبەکانی مەعهەدی فەنی سلێمانی تکایە سبەینێ ٣/٢٠ سەعات ٩ی سەرلە بەیانی لە بینای معهد ئامادەبن.

*****

لە مـــــیحوەری هـــــەولێر

میحوەری هەولێری دلێر ناوچەیەکی زۆریـان لە ناو کەرکوکی داگیرکراودا ڕزگار کرد، لە گەڵ ئەو هەڵمەتەی کوڕانی بەرەی کوردستانی زیندانە ئاسنینەکانی داگیرکەریشیان شکاندو (٤٠٠) زیندانی ڕزگارکران.

بە بۆنەی ئازادبوونی ئـەم ڕۆڵانـەی گەلەکەمانەوە پیرۆزبایی لە خۆیان و کەسووکاریان دەکەین.

بـــــانگەواز

بـــــانگەوازێک بۆ جەماوەری قـــــارەمانی کـــــوردستان

ئـــــازادبوونی کـــــەرکوکی خـــــۆشەویست

لە ئێستاوە تکامان لە ئێوەی تێکۆشەر ئەوەیە، کە لە کاتی ڕاگەیاندنی هەواڵی پاککردنەوەی یەکجارەکی ئەم شارە دلێرەدا تەقەی خۆشی نەکەن، هەم بۆ پاراستنی گیانی هاوواڵتیان و هەمیش بۆ بە فیڕۆ نەچوونی فیشەک و تەقەمەنی کە لەم ڕۆژەدا بۆ پاکردنەوەی یەکجارەکی کوردستان و دیفاع لێکردن زۆر پێویستن.

بـــــانگەواز

ئازاد بوونی کەرکوکی خۆشەویست لە ئان و ساتدایە

شاخ وتی شۆڕش ڕووبارە، جارێ تیژو جارێ خاوو هەندێ جاریش بێ بوارە.

ڕووبار وتی شۆڕش شاخە جارێ لوتکەو جارێ گەوەو هەندێ جاریش بن بنارە.

درەخت وتی شۆڕش وەکو دارستانە، جارێ ڕووتەو جارێ وشکەو هەندێ جاریش چڕستانە.

ئەم جارەیان زەمین وتی دەبڵێن شۆڕش ژیانە وەک سەری من چۆن بە دەوری چاوی خۆردا دەخولێتەوە، سەری ئەویش بە دەوری چاوی گەلدا دەخولێتەوە ئەوەی لە کەسمان ڕوو نەدا نەوەستانە.

*****

سەرنج بدەن تۆزێکیتر چاوەڕوان بن، دوا هەواڵی گەورەترین نەبەرد

*****

داســـــتانی داســـــتانان

مژدەی گەڕانەوەی سالێکی حەفتا سالّ داگیرکراو، مژدەی وەرگرتنەوەی تۆڵەی ٢٥ ملیۆن ئاخ و ئازار، مژدەیەک کە کورد تا ئێستا نەیبیستووە.

وەرن گوێ لە دەنگی خوێن بگرن، چۆن داستانێک ئەڵێتەوە، لە ڕاستیدا قوڵپی گریانی خۆشی ڕێگەی مژدە دانمان لێدەگرێ.

کەرکوک لە ژێر قورسترین ئازار لە ژێر باری گرانی کێوێک هاتە دەروو پشتی چەماوەی ڕاستکردەوە، ئەو جار وەک هەموو جار ببینن چۆن هەڵۆکانتان ئامادەن هەر هەموو مەلی گیانیان هەڵفڕێنن.

ئەی کەرکوکی دایک، کەرکوکی باوک، کەرکوکی مێژوو شـەرەف و خوێن، ئەوەندەی داخمان بۆ خواردی کەرکوک، ئەوەندەی خوێنمان پێت بەخشی کەرکوک، هـەزار ئـەوەندەت شاد کردینەوە، وەک دەیـان سالّە شەهید وەردەگـری، بەری قوربانیت بۆ گرتینەوە، ئەوەندەی نەوتت کرایە بۆمب بۆ سەری ئێمە، چونکە ڕزگار بووی وابزانە گوڵمان بە سەردا باریوە.

ئێستەش مـژدە ئەدەین بە کوردستانی مـەزن، کە ئـەوا دەستە خوشکەکەی (شاهۆی) کورد لە کەژاوەی سەرکەوتندایە، خەڵکی ڕاپەڕیوو بەژارو ژەنگی کەرکوک هەوریکی خەست و قورسە بۆ بارین، هەر چاوەڕێی چەخماخەکەی شۆڕش بوو.

کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیوی کەرکوک و دەیان هەزار چەکداری شۆڕشگێڕو دەیـان هـەزار پێشمەرگەی بە ئـەزمـوون و هەڵمەت بـەروو فەرماندە، لە سەر نەخشەی سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، لە سەر بەڵێنی ڕزگارکردن و گەڕانەوە بۆ کەرکوک بۆ یەکجاری پاکسازی بست بە بستی شار لە سەعات ١١ی شەوی ٣/١٩/١٨ دا هەڵمەت لە سەر هەڵمەت شالاو لە سەر شالاو دەستیپێکرد، قایمەی شەڕ کەوتە ناو جەرگەی شارەوە لە گەڵ دەیان هەزار گاردی مل هووڕی جمهوری، قوربانی پێچکەی کورسی حوکم ڕووبەڕووبون، کوردان سەرگەرمی وەرگرتنەوەی ئابڕووی نەتەوەو ڕژێم سەرگەرمی پاراستنی زوڵم و زۆر بوو،

بەڵێ کەرکوکی فراوان، کەرکوکی تازیە باری هەفتا سالّە دارو بەردی لە خۆشیدا

ڕاپەڕین، هەر کۆڵان بوو شەتاوەی گڕی پیادەچوو، هەر ئاسمان بوو هەر زەمین بوو ئاگری لێ هەڵدەپرژا، دار سوور بووە، بەرد سوور بووە ، دیوارو تەلی دڕک سووڕە، گشتی سووڕە،

لەوێدا پێشمەرگە بە چەشنی زەریا، بە چەشنی هەڕەسی ڕەنووی بەفر بە چەشنی تەلیسم دەبزووت، تا لە ئێوارەی ٩/٢٠ دا هەر هەموو شاری کەرکوک، تەنانەت قولانج بە قولانج ڕزگار کران، بەمجۆرە:

١/ هەموو پەترۆڵجارەکانی کەرکوک و کۆمپانیا گشتیەکانی کەرکوک.

٢/ دەزگاکانی ڕادیۆو تەلەفزیۆنی کەرکوک.

٣/ مدیریەتی ئیستخباراتی عەسکەری.

٤/ مدیریەتی مخابەراتی کەرکوک.

٥/ مدیریەتی ئەمنی کەرکوک.

٦/ هەیئەی خاصەی کەرکوک.

٧/ منظمەی حەوتی شیمالی و هەموو منظومە و جڕوو جانەوەرەکانی تر.

٨/ مقەڕی فەیلەقی یەک (١).

٩/ مقەڕی فەیلەقی دوو (٢).

١٠/ قائیدەی جەوی حوریە.

١١ مدیریەتی شرطة

١٢/ مطاری سەمتیات

١٣/ قائیدەی صواریخ

١٤/ مەرکەزی محافظە و هەرچی دامەو دەزگا و کلک و گوێی ئەم جەللادانەیە.

دەستان هەر خۆشبێ، دڵتان پڕ جۆشبێ، چاوەکانتان ماچ دەکەین، گوڵبارانی باڵای کەرکوک و خەڵکە چەکدارەکەی ، خەڵکە شۆڕشگێڕەکە و پێشمەرگە قارەمانەکان دەکەین. ئەرێ ئێوە شووری کام هەڵدێرو هەڵەموندن، ئێوە بەووری کام دەم بەیانی تووڕەن، ئێوە لەنگێزە و لاجامەی کام گەوگەزن، ئێوە کڕێوەو زریانی کام غەزەل و خەرەندەی نەورۆزێکتان بە بابە گوڕگوڕ کردەوە.

خەڵکی کەرکوک هەناسە بـدەن، ئیتر لـە مـردنیشدا پێبکەنن شـادبـن بۆ کەرکوکەکەتان، کوردستان هەموو بکەنە کەرکوک، ڕوو بکەنە ئەو قیبلەیە و بڵێن شاری خۆشەویست تاجی سەرکەوتنی پیرۆز، ئەی بووکەکەمان.

بـــرووسکەی پیرۆزبایی کاك نـــەوشیروان بە بـــۆنەی ڕزگارکردنی کـــــەرکوکەوە

لە کاک نەوشیروانەوە بۆ جەماوەری گەلی کوردی قارەمان بە بۆنەی ڕزگارکردنی شاری داگیرکراوی کەرکوکەوە لە دەسەڵاتی پیسی بەعس، پیرۆزبایی لە گەلی کوردوو هەموو نەتەوەی کورد دەکەم، کە ڕۆژێک بەر لە نەورۆز هێزی پێشمەرگەی لایەنە سیاسیەکانی کوردستان و چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و جەماوەری ڕاپەڕیوی کورد پشت ئەستوور بە یارمەتی خوای گەورە و لێبڕانی ڕۆڵەکانی میللەتەکەمان توانییان شاری پیرۆزی کەرکوک لە دەسەڵاتی پیسی بەعس ڕزگار بکەن.

بەم بۆنەیەوە کە ڕۆژێکی مێژوویی و تاجی سەرکەوتنی کردە سەری ڕاپەڕینی گەلی کورد لە عێراقدا داوا لە میللەتەکەمان دەکەین بە یەکگرتن و یەکێتی ڕیزەکانی بە وریایی و وشیاری پارێزگاری ئەم سەرکەوتنە گەورەیە بکەن.

ئازادیتان لێپیرۆز بێت، نەورۆزی ئازادتان لێپیرۆز بێ.

*****

ئاگادارییەک لە سەرکردایەتی بەرەی کوردستانیەوە بۆ جەماوەری قارەمانی کوردستان، سبەینێ ئێوارە ئاگری نـەورۆز دەکرێتەوە، بەم بۆنەیەوە داوا لە جـەماوەری دڵسۆزو ڕاپەڕیوی کوردستان دەکەین کە تایەو لاستیکە کۆن بە کارنەهێنن بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز، تا لە نەورۆزی ئەمسااڵوە ببێتە نەریت و ئیتر لە باتی تایەو لاستیکە کۆن هەموو ساڵێ ئاگری پیرۆزی نەورۆز بەو شتانە بکرێتەوە کە دووکەڵەکەیان هەواو سرووشتی پاک و خاوێنی کوردستان پیس ناکەن و جوانی و مەزنی نەورۆز ناشیرین ناکەن.

تکامان وایە گوێ ڕایەڵی داواکەمان بن.

ئـــــاگاداری

ئاگاداری لە کاک حەسەن کوێستانیەوە بۆ کاک ڕابەرو کاک سەفین و مامۆستا بەکر، بە پەلە و بێ دواکەوتن هەر ئێستا بگەنە لام لە کەرکوک.

*****

ئاگاداری لە ملازم شوانەوە بۆ هەموو پێشمەرگەکانی پاسۆک لە مەڵبەندی سلێمانی تکایە بە زووترین کات بگەنە کەرکوک.

*****

لە کاک نەوشیروان بۆ هەموو لێپرسراوان و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی بەڕێز، نوێنەری بزوتنەوەی ئیسلامی بەڕێز:

سەعات ٨ی ئێوارەی ٣/٢٠ تکایە هەمووتان ئامادەبن لە بارەگای پارێزگای کەرکوک بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکان و دانانی نەخشەیەکی دیفاعی و ڕێکخستنەوەی ئیدارەی شاری کەرکوک.

*****

ئـــاگاداری بۆ ڕئاسەی صحەی ســـلێمانی

تکایە مەفرەزەی دکتۆر کۆدۆ بە پەلەو بە زووترین کات بگاتە خەستەخانەی کەرکوک، لە گەڵ چەند سەیارەیەک و نەقالەیەک.

ئاگاداری لە موختەبەری مەرکەزی سلێمانیەوە، بۆ ڕئاسەی صحەی کەرکوک، خوێنێکی ئێجگار زۆرمان هەیە، چەندتان پێویستە ئەتوانین بۆتان بنێرین ئاگاداری خەڵکی سلێمانیش دەکەین کە بۆ خوێن بەخشین نەچن بۆ کەرکوک، چونکە ئێمە خوێنی زۆرمان هەیە بۆیان دەنێرین.

*****

مونتەسیبەکانی موختەبەری مەرکەزی سلێمانی لە بەرانبەر هەڵوێستی مەردانەو جوامێرانەی جەماوەری قارەمانی سلێمانیدا زمانیان لاڵە و نازانن بە چ شێوەیەک لە بەرانبەر هیممەتی جوامێرانەیان دا تەعبیر لە ناخی خۆیان بکەن،

لە لای نیوەڕۆ داوامان لە جەماوەری سلێمانی کرد کە بێن بۆ خوێن بەخشین و ئەگەر هەشیانە شەربەت بێنن بۆ ئەوانەی خوێنیان لێوەردەگیرێ، لە ماوەیەکی زۆر کورتدا ئەوەندە خەڵکی دڵسۆز هاتن بۆ خوێن بەخشین و ئەوەندەشیان شەربەت و بسکیت هێنا کە جێگەمان بۆ هیچیان نەماوە.

بۆیە لە کاتێکدا داوا لە جەماوەری قارەمانی سلێمانی دەکەین کە جارێ نەیەن بۆ خوێن بەخشین و شەربەت و بسکیت نەهێنن، لە هەمان کاتدا سوپاسی زۆرو بێپایانمان هەیە بۆ دڵسۆزی و جوامێری خەڵکی ئەم شارە قارەمانە.

*****

ئاگاداری ئەو کەسانە دەکەین کە لە مدفعی ٥٧ ملم مقاوەمەی طایرات ئەزانن لە گەڵ ئەوانەدا کە شارەزای دەبابەو مدفعی ترن، بە زووترین کات پەیوەندی بکەن بە مام ڕۆستەمەوە لە کەرکوک.

*****

لە فاروق نەوڕۆڵی بۆ پێشمەرگەکانی ناو کەرکوک، لە ئیسکان کۆببنەوە
لە حەسەن بەگ هەورامی بۆ پێشمەرگەکانی ناو کەرکوک لە ئیسکان کۆببنەوە.

ئـــــــاگاداری

بێ دواکەوتن کەتیبەی دەبابات تقدم پێبکات بەرەو مطاری سەمتیات لە ڕێی دبزو و پەلاماری بدەن بۆ تەدمیرو گرتن.

ئـــــــاگاداری لە میحوەری یـــــەکەوە

داوا لە هەموو برا پێشمەرگەو چەکدارە شۆڕشگێڕەکانی کولّەجۆ دەکەین لە هەر کوێ هەن بە زووترین کات بگەنە شوێنی خۆیان بە پەلەو بێ دواکەوتن کارمان پێیانە.

*****

هۆنراوەیەکی جوان و پڕ لە حوزن بۆ ڕۆژی ڕزگاری کەرکوک، کە لە ئیزگەوە خوێندرایەوە

تەمەنم هەر شەش سالان بوو، لە گەڕەکی جمهوریا، کە جێی حەسانەوەی کوردی هەژارو کەم گوزەران بوو، باوکم کرێکاری نەوت بوو، پاش چواردە ساڵ ئەویشیان دەرکرد لە سەر کار، خەمی ئەویش هاتە سەربار.

حەرەس قەومی عەبدولسەلام عارفی شووم، خانوەکەیان ڕووخاندین، خۆریان یەکجاری تاراندین.

لەو ڕۆژەوە خۆر ڕۆیو نەگەڕایەوە، لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا خانوو نییە، هەتا ئێستاش بێ لانەم، لەو ڕۆژەوە هەتا ئێستا نە کەس گوێی لە دەنگم گرت و نە کەس هێشتی هاوارم دەنگ بداتەوە، من دەمەوێ سەرکەوتنم زێڕی ڕەش و نانی گەرم و هێلانەکەم دەستخاتەوە.

ئۆخەی کەرکوک زۆر لە مێژە سەرسام دەبێ و برسیەتی بووەتە خۆرەی لاشەی سست و دەروونی پڕ لە ئـازارم، هاتەوە تووخوا کەرکوک تێر بمگرە باوەشی گڕ، با وریا بێتەوە لاشەی لە برسا زەردی ساردووسڕ.

ئەوا هاتین ئەی کەرکوکی گڕ خوێناوی، ئەی ئارەزووی چەندە شەهیدی ڕێگەی ژوان، ئەی کەرکوکی زێڕی ڕەش و نان و ژیان.

ئەوا هاتین تا بە ئازادی و سەربەستی گەردانەی وشەی خنکاوی سەردەمێکت بکەینە مل، ئەو گەردانەی دڵۆپی خوێنی شەهیدەو لە خوێنی خۆیانەدا تل.

چاوم لێبوو بووکە ئەسمەر جلی ڕەشی تازیە باری ونجڕ ونجڕ کردوو دڕی، ئاڵو والاکەی کردە بەر، بووکە ئەسمەر وەستا بوو بە چاوەڕوانی باوەشی گەرمی کردەوە گوڵ ئەباری، بۆ پێشمەرگەو کوردستان و شەهیدانی.

تۆ بریتی خەنجەرێکی کول و ژەهراوی کۆنین بووی تۆ سەرچاوەی شاراوەی خەم هەزار هاوارو نالین بووی، بووکی ناکامی کزۆڵە بەرگی ڕەشی خەمت دانێ، شۆڕە سواری دەربەدەر کراو هاتەوە، شێخ ئەسپە بۆری تاوداوە، نالی سەوزی شارەزوری بۆ پێشوازیت لە کۆڵ ناوە.

لە سەردەستی شێخی نەمر ئەمڕۆ ئاوا بە حەلاڵی حەبیبەکەی کەرکوکیان کردە هاوسەری حەزرەتە پیرەکەی نالی، پیرۆزت بێ ئەو زەماوەندە نەورۆزەی کەوا

سەرتاپای کوردستان لە جیاتی تایەو نەوت و دار بە لاشەی بەعسی فاشیست و خوێن مژەکان گڕی نەورۆزیان داگیرسان.

دڵنیا بووم خۆر هەر هەڵدێ، ئا لەم مەردە ڕەنگ ئاڵتونە دوژمن تێرە، خاوەن ماڵ بێ کارو ئیشە، چاک ئەمزانی شێر کە لە بێشە هاتە دەر چ نێر چ مێ، هەر یەکێکیان خەڵکی کەرکوک ئەبن بە سەد مامە ڕیشە.

گەر تا ئێستە ناونیشانی سلێمانی بەردەوامە و بووەتە هەڵمەت و قوربانی، تۆش ئەی کەرکوکی گڕی ڕەش، لەم ساتەوە تۆمان ناو نا شاری کوردان و زێڕی ڕەش.

*****

سەعات شەشی ئەم ئێوارەیە، مەرج و بەڵێنی پێشمەرگە بوو لە گەڵ شەهید و خاکدا.

سەعات شەشی ئەم ئێوارەیە تفەنگ گەرم بوو، پەنجەرەی زامن لە هەناسەیەکدا هەزاران جار دەکرایەوە (ئێستە قەوانی زەردوو سوور بە دەم شەمالّی شاڵاوەوە شمشاڵّی کەرکوکە).

دوای هەڵمەتی گرتنی شاری کەرکوک لە لایەن قارەمانانی گەلەوە هەرچی لە دەستی هات کۆیان کردەوە بۆ گرتنەوەی کەرکوک ئەوە بوو لە هەندێ لاوە هاتنە پێش بەڵام قارەمانانی ئێوە لێگەڕان بۆ ئەوەی (شەو قەڵای مێردانە شەو).

ڕژێمی داگیرکەری عێراق چەند ڕۆژێک بوو بە هەموو توانای ئێستای جەیشی عێراقەوە، لە چەند قۆڵێکەوە بە پشتیوانی تانک و زرێپۆش و تۆپی قورس و دوورهاوێژ و ڕاجیمە و فڕۆکەی کۆپتەر شاڵاوێکی درندانەی دەستپێکردبوو بۆ داگیر کردنەوەی کەرکوکی ئازاد کراو، هێزەکەی دوژمن لە قۆڵێکەوە توانیبووی دزە بکاو سیطرة ی سلێمانی کەرکوک و شارۆچکەی قەرەهەنجیر داگیر بکاتەوە.

گیان لە سەر دەستەکانی گەلەکەشمان، پێشمەرگە قارەمانەکانی بەرەی کوردستانی لە گەڵ نوێنەرانی کۆمیتەی کارگێڕی خۆیان کۆکردەوە، سەعات ٦ی ئەم ئێوارەیە لە چەند قۆڵەوە هەڵمەتی شێرانەیان کردە سەر هێزە دزە کردووەکەی دوژمن و هەڵیان پڕوکاندن.

ئێستا هاوارو زیڕەی هێزە سەرکێشەکەی دوژمن لە کەشکەلانی فەلەک ئەداو تف و نەعلەت لە ڕۆژی لە دایک بوونی خۆشیان دەکەن.

کوڕانی ئێوە شێرە پیاوانی نەتەوەی کورد لە ماوەیەکی کورتی زۆر کورتدا قەرەهەنجیریان لە دوژمن پاککردەوەو سیطرة ی کەرکوکیشیان لێسەندنەوەو ئێستا کاک ملازم عومەر لە سیطرة ی کەرکوکەوە بە دەزگای بێتەل ئەو هەواڵەی پێڕاگەیاندین.

قوربانی دڵی گەرم و عارەقەی ئێستا تکاوتان بین هەناسە برکێی دەم هێرش بردنتان سوار نەبێ، بۆنی دوکەڵ و تەقەی گوێ کاسکەر با قاسپەی قەتارو ئەڵڵا وەیسیەکەی کەرکوک بێ،

بڕۆن بۆ ئەو شەرەفە، ئەوەی شەرەفی ئەو هێرشەی بەردەکەوێ، یەکەم ڕۆڵەی ئەم گەلەیە.

*****

پەخشانێک بە قەڵەمی فەرهاد سەنگاوی نووسراوی سەر دیوارەکانی زیندانەکانی ئەمنە سوورەکەی سلێمانی دەگێڕێتەوە.

فەرهاد سەنگاوی لە سەردانێکیدا لە ڕۆژانی ڕاپەڕین بۆ ئەمنە سورەکەی سلێمانی دیمەن و نووسراوی سەر دیوارەکان سەرنجی ڕادەکێشێت و دەبنە هەوێنی پەخشانێک.

سەردانێکی کورتی چەند سەعاتەی ئەم دەزگا درندەیەی بەعسم کرد ڕەنگە گوێگر لای سەیر بێت کە دەڵێم سەردانێکی کورتی چەند سەعاتی بەڵام ئەوانەیان کە ئەم شوێنگەی تاوانەیان بینیوە دەزانن کە بە ڕۆژێکی تەواویش مرۆڤ ناتوانێت هەموو کون و کەلەبەرەکانی بگەڕێ قوژبنە نەهێنییەکانی پەی پێبەرێ و بیاندۆزێتەوە.

مرۆڤ لە دووڕەوە هەست بەوە ناکات کە ئەو شوێنگەی تاوانە چەندە گەورەو فراوانە بەڵام کە داخلی ناو بیناکانی دەبیت شارەزاو ڕێنمایت نەبێت سەری لە بەر دەرناکەیت گەڕەکێکە بۆ خۆی.

کە چوومە ناو حەوشی ئەم شوێنگەی تاوانە هەستمکرد هەست و هۆشم بەرەو شوێنێکی دیاریکراو پەلکێش دەکات هەر ئەو دەمە هەستمکرد کە ئەوانەشی لە

گەڵ هەنگاوەکانی من داخڵی ئەم گەڕەک سەرایە بوون سەرەتا سۆراغی هەمان شوێنی دیاریکراو دەکەن خەڵکەکەی پێش ئێمەش وەک هەنگ هەر لەوێ پورەیان دابوو ئەو ناوە ئاپۆرەی بوو تا دەستەیەکی لێدەگەڕایەوە چەندین دەستە مرۆڤی ڕق هەڵگرتوو خۆیان لوول دەداو لە ناو قوژبن و ژووڕە تاریک و تنووکەکانیدا وون دەبوون.

ئەو بەشەی باسی دەکەم بەشی زیندان و لە سێدارەدان بوو، پێی غەریبم بەم شوێنگەی تاوانە بە بەشی ئیعدام کرایەوە ئەم بەشە دوو ژووری بە سێ و نیو مەترەوە لە ناو هەر ژورێکیاندا ستوونێکی ئاسن بە سەقفەکەوە نووساوەو هەر یەکەیان سێ قولاپی هەڵواسینی مرۆڤی پێوەیە، دیوارەکانیان دەنگ هەڵمژ بوون ئاخۆ دەبێت چەند بێتاوانیان تیادا ئیعدام کردبێت و دەنگی هاواریشیان بە هیچ کوێیەک نەگەیشتبێ.

لەوێوە قاچەکانم هەڵیانگرتم بۆ ژووری زیندانی ژنان ئەم ژووڕە ژووڕێکی (٥) مەتر بە (٣) مەترو نیوییەو هەر لە ناو خۆیدا ئاودەستێکی سەر بەتاڵی تیایە، یەکەم شت کە لەم ژووڕەدا سەرنجی سەیرکەر ڕادەکێشێ پۆرترێتێکی خوشکێکە کە لە کاتی زیندانیکردنیدا بە گرافیک کێشاویەتی لە دەموو چاویدا کێوێک ڕق و تووڕەیی دەخوێندرێتەوە، مرۆڤ هەستدەکات پڵنگێکی بریندارە و ئامادەیە لە ئان و ساتدا پەلاماری دوژمنەکەی بدات.

بە لایتەکەی دەستم بە ووردی چاوم گێڕا بە سەر دیوارەکانی ئەم زیندانەدا مرۆڤ کە نووسراوەکانی سەر دیوارەکانی دەخوێندەوە موچڕک لە سەر تەپڵە سەریەوە تا نووکی پێی دادەگرت، گوێبگرن چەند وێنەیەکی ئەم نووسینانەتان وەک خۆی بۆ دەگێڕمەوە بێ هیچ دەستکاری و ڕتوشێک.

یەکێک لە ژنە زیندانییەکان لە بەرواری ١٩٩٠/١١/٢٥دا نووسیویەتی، من کچەکەم حەوت مانگە لێیان سەندم و ناردیانەوە بۆ ماڵەوە منیش ئێستا زۆر بیری دەکەم نازانم کەی دەردەچم و بچمەوە بۆ لای ژیانم زۆر ناخۆشە ئیشەڵڵا دەچمەوە پشت بە خوا (٢٥) ڕۆژە کچەکەمم نەدیوە.

ئافرەتێکیتر لە بەرواری ١٩٩٠/١٢/٢٧دا بە دەق ئەمەی خوارەوەی نووسیوە:

ئەم بەیانییە لە خەو هەستام زۆر ناخۆش بوو چوونکە زۆر سارد پێنج ئافرەتین هەموو دەگرین لە سەرما ئیشەڵڵا دەردەچین.

لەگەڵ ئەو کەساسییەشدا وێنەی نووسینی وا لە سەر دیوارەکانی نەخشێندراون کە نیشانەی بە جەرگی و تێکۆشانی ژنانی کوردە، هەر لە پەنای ئەو نووسینانەی باسکران ئەمانەش دەبینین.

ژنێکی بە جەرگ و هاوخەباتی پیاوەکەی ئەوەی نووسیوە:

من ئافرەتێکی گوڵ ڕەنگم، شان بە شانی پیاو دەجەنگم لەشم لە ژێر باری خەمدا دەنالێنێ، بەندیخانە خوێندنگامە و تفەنگ مێردمە.

یەکێکیتریان بە یادی خۆشەویستەکەیەوە تەحەدای جەللادەکانی داگیرکەر دەکاو دەڵێ، تا گیان بە کەڵبە لەشم بکرۆژێ دەبمە سێبەری بێ ئۆقرەیت مەگەر مردن چاوەڕوانیم بتاسێنێ یان تیغی خوێناوی زۆردارەکان ببێتە قردیلەی قژەکەم ئەگینا کەسێکیتر نابێتە هاوڕێ و هاوسەرو هاودەردم.

کچێکی زیندانیتر لە یادی چاوپێکەوتنی باوکە ڕدێن سپیەکەیدا ئەم چەند وشەیەی چزاندووە بە دڵی مێژوودا و دەڵێ:

خۆشەویستی هیچ کەسێک ناگاتە خۆشەویستی کچێک لە دڵی باوکێکی پیردا بە قوربانی ئەو ڕیشە سپییەت بم کە بۆ یەکەمجار چاوەکانت بڕییە چاوم لەم سجنەدا کە پڕ بوون لە خوێن و فرمێسک من و باوک و براو خوشکێکم بێ خەتا لە سەر برایەکیترم گیراوین.

بە شانی چەپی زیندانی ژنانەوە دەرگایەکی لێبوو کە چوومە ژوورەوە لایتەکەم لێدا کۆمەڵێک خەڵک کە خولیای کەشفکردنی نەهێنییەکانی ئەو سەردابە ترسناکە بوون دەنگیان لێبەرز بووەوە ووتیان بە خوا باشە ئەو کابرایە لایتی پێیە تصور بکەن بە بێ لایت یان هەر سەرچاوەیەکیتری ڕووناکی دەستکرد ناتوانیت لە نەهێنی ژوورو سەردابە نووتەکە چاوەکانی داگیرکەر بگەیت.

لە ناوەوەتر سەردابێکی گەورە بوو بە دوو ڕیز شیشی ئاسن دوو ژووری

لێدرووستکرابوو لەو کاتەدا منیش خەریکی کەشف کردنی نەهێنییەکانی ئەم دوو ژوورەو خوێندنەوەی نووسینەکانی سەر دیوارەکانیان بووم لە پڕ دەنگی ژنێک بەرز بووەوە ووتی قوربانتان بم بزانم ئاسۆ گیانی من ئاسۆ کەمال هیچ یادگارییەکی لە سەر دیوارەکان بە جێ نەهێشتووە.

ئەوەندەی خولیای کەشفکردنی نەهێنییەکانی ئەم زیندانە پڕ لە تاوانە بووم دوو ئەوەندە خولیای ئەوە بووم کە شوێنەوارێکی پۆلە هاوڕێیەکم بدۆزمەوە لە پڕ خۆم لە ناو بەشی ژووری ئینفرادییەکاندا دۆزییەوە نووسینی یەکێک لە هاوڕێکانم دۆزییەوە کە نووسیبووی لە ڕۆژی ١٩٨٩/١١/٥ دا گیراوم لە ئەنجامی هەڵواسیندا دەستم لە کار وەستاوە تا ئەمڕۆ کە ١٩٩٠/١/٤ هەروەکو خۆیەتی و چاک نەبووەتەوە تا ئێستا (٢٠) جار هەڵیانواسیووم لە (٥) تا ١٩٨٩/١١/١٤ پانزە جارو لە (٢٦) تا ١٩٨٩/١١/٣٠ سێ جارو لە شەوی ١٩٨٩/٢/٢٤ دوو جاریان هەڵواسیوم تا ئەمڕۆ کە ١٩٩٠/١١/٥ هەر لە ژووری ئینفرادیدام.

هاوڕێیەکیترم نووسیووی لە ١٩٩٠/١/٢٢ لە ئینفرادیدام.

عەلای جاسووس و داگیرکەر نازانن بەزەیی و ویژدان بەری چ داڕێکن، عەلاو عەلی و خەڵەف وجاسووسەکانی دیکەی داگیرکەر زۆڵێکی وابوون دڵیان بە دایک و خوشکی خۆیان نەدەسووتا چ جای ژنێکی کورد کە لە ناو ژووڕە یەک لە دوای یەکەکاندا ئاوایی بچریکێنێ.

(من ئافرەتێکی گوڵ ڕەنگم شان بە شانی پیاو دەجەنگم)، لە دیوارەکەی ئەو بەرەوە ژنێکی سەربەرزی دیکە ئەو لاوکە گەرمەی تێکۆشانی کردووەتە شریخەی سەرفرازی و بە پۆستەی شیش و کەلەبچەدا بۆ ئەو برا دیلانەی ئەنێرێ کە چەند مەترێک لێیانەوە دوورە.

(ژیان ژانە، ژانیش سەرەتای ژیانە).

لە قەڵای جاسووسیەکەدا یان بە مانایەکیتر بڵێین (باستیلەکەی شار) کارەبا، قولاپ، سۆندە، قەنارە، گازوگیر، تێزاب و جنێوی داگیرکەرانە، شتی نامەردانەی دیکەی لێبوو بەڵام ژنە مەردەکانی ئێمە لە پاڵ ئەو دیوارە قەوزە گرتوانەدا چیرۆکی

خەبات و تێکۆشان و ئـازاری نـاو زیندان بە قەڵەمی ناوکە خورما و قەڵەمی دەنکە شقارتەو قەڵەمی ڕەش و جاف تا سەردەمانێکی دوور دوور بمێننەوە با ئەوانەش هەر شەرمەزار و مل شۆڕ بن کە قەڵەمی نامەردیان خستە کارو ئەو ژنە تێکۆشەرانەیان بەو زیندانە تاڵە سپارد.

خوشکانی ئێمە لەیلا و میهرەبان و مەلائیکە و (س قەڵادزەیی) و ئەوانی دیکە، ئێوە بە شانازییەوە دەرسی تێکۆشانتان بۆ هەموو ژنە سەربەرزەکانی کوردستانی گەورە تۆمار کرد، ناوتان نووسینتان هەر بە گەورەیی دەمێنێتەوە.

(بیرتە کاتێک لە دایک بوویت ئەگریایت و خەڵک پێدەکەنی وابژی پاش مردنت خەڵک بگری و تۆ پێبکەنی).

*****

سەیرکەن سەیرکەن سەیرکەن
شاخ و کێوو شارو گوندم تاوی سەندووە
گۆڕی مەرگی دوژمنانم پێ هەڵکەندووە
پڕ بە دڵ بانگ دەکەم سەربەستیم دەوێ
کوردستانم جێی شێرانە دەبێ سەرکەوێ

یەکێک لەو هۆنراوە بەرزو جوانانەی کە بۆ ڕاپەڕین نووسراو لە ئیزگەوە بە گەروی فەرهاد سەنگاوی خوێندرایەوە هۆنراوە بەرزەکەی شێخ حەسیب قەرەداغی شاعیر بوو بە ناوی (وتم هەر هیچ) .

(وتم هەر هیچ)

وتیان یا شێخ بۆ ئەم ڕۆژە چی دەنووسی وتم هەر هیچ
وتیان یا شێخ وا ئاهەنگە بێوێنەیە تە چ دەبێژی
وتم هەر هیچ

وتیان یا شێخ ڕەشبەڵەکە و جێ خوێنەکەی هەڵۆ بەگ و عەولە سیسە تێک ڕژاوە، چی دەنووسی و چ شیعرێکت بۆ داناوە، وتم هەر هیچ

وتیان یا شێخ شاعیرەکان لە دامێنی مامە یارە، وا شێخانی هەڵدەپەڕن سەرچۆپی

کێشیان نالی یە، گۆران بەستە تۆمار دەکا، بێکەس دەم و پلی مێژوو (٢٧) جار دەکوتێتەوەو دوژمنی کورد بێزار دەکا تۆ دەڵێی چی، وتم هەر هیچ

وتیان یا شێخ گۆچانەکەی ئەحمەد پاشا و خەنجەرەکەی شێخی نەمر بوون بە جامانەی بارزانی و وان بە لوتکەی قەندیلەوە، وتیان ناوی شێخ شەهاب و شەهید ئارام وا بە لێوی ئاگرەکەی بانمیلەوە، تۆ دەڵێی چی وتم هەر هیچ

وتیان یا شێخ ئاوارەکان شێرکۆو ڕەفیق، عەبە و ئەنوەر ملی ڕێگەیان گرتوەو وادێنەوە، هەگبەکانیان پڕلە وشەی ئاگرداراە، شیعری دەربار شەرمەزارە، دەڵێ لێ یەو دەڵۆڵۆیە، شڤان دەچڕێ و دەهاوارە تۆ دەڵێی چی وتم هەر هیچ

وتیان یا شێخ شەیداکانی ڕێی ئازادی و بەختیاری چەکووش دەدەن بە لمۆزی ئەژدەهاکداو داس دەخەنە ملی زۆردار، شێخ مارفیان پێش خستووە بەرەو بنار، چەپکە گوڵی نوێیان پێیە بۆ پێشوازی وەرزی بەهار تۆ دەڵێی چی، وتم هەر هیچ

وتیان یا شێخ وا مەرقەدی بابە گورگور مەشخەڵانی فەیزو نوورە بە ناو دایکە کوردەکاندا کۆڕ بەش دەکا تە چت پێیە، وتم هەر هیچ

وتیان یا شێخ وا خانەقین بوو بە کورە، جەوەل حەمرین جێ هەڵپەڕکێی پێشمەرگەیە، بەرەو هەر دووندێ دەڕوانی ئەو بەستەیە، ئەو بەرەیە تۆ دەڵێی چی، وتم هەر هیچ

وتیان یا شێخ کەژی زەردە بەر گەردنی کردووەتەوە شاهۆ ماچی بۆ هەڵئەدا و سڵاویشی بۆ دەنێرێ، وا دێوانە خۆی شل دەکات بۆ بێڵی دەستی ئاودێرێ تۆ چی دەڵێی، وتم هەر هیچ

وتیان لاڵی یان ئوفتادەی بێ خەیاڵی،

وتم نەخێر ئەم ئاخێزە خۆی چامەیە، وتم یاران ئەم ئاهەنگە خۆی نامەیە، چامەیەکە نەووتراوەو کەس بۆی نایە، نامەیەکە نەنووسراوەو کەس لێی نایە، وتم خەڵکە ئەم شۆڕشە هەر خۆی خۆی بوو، دەنگی تۆی بوو بۆنی تۆی بوو، تینی بەڕۆچکەی زستان و چێژی برسی و نان و دۆی بوو.

هەزار سالّەی وەجاخ کوێرمان وا دووگیانە سکەکەیشی ئازادییە، بەری نووشتەی

سالم و شێخ و حاجیە، باس نەماوە لە دنیادا باس یەک باسە، وا خەج بووکی سیامەندەو شەم بۆ وەلی و زین بۆ مەم و خەزالیش بۆ کاکە لاسە.

تـــێکشکاندنی هـــێرشەکانی دوژمـــن

دوای ڕزگارکردنی شاری کەرکوک لە دەست ڕژێمی داگیرکەری بەعس، سووپای درندەی عێراق هێرشی بۆ سەر شاری کەرکوک و موصڵ و زاخۆ دەست پێکرد تێکڕای هێرشەکانیش لە سەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و جەماوەری ڕاپەڕیوو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان تێک شکێندران، لە قۆڵی خورماتوو ناوچەکانی تریشەوە بە هەمان شێوە سوپای درندەی عێراق بە هاوکاری موجاهدینی خەڵکی ئێران کە لە بنەڕەتدا داردەستی ڕژێمی عێراق و کەوا سووری بەر لەشکری داگیرکەران بوون بۆ سەر خەڵکی کوردستان هێرشی دەستپێکرد، بەڵام لە سەر دەستی کوڕانی گەل تێکشکێندران و گورزی کاریگەریان بەرکەوت.

*****

شەوی ٣/٢٤/٢٣ هێزێکی دوژمن هاتە پشتی صناعە لە سەر جادەی تکریت تازەخورماتوو دوو ڕەبیەی دانا، پێشمەرگە قارەمانەکانی بەتالیۆنی حەوتی (ی.ن.ک) یش کە لە نزیک شوێنی ڕەبیە دانراوەکان بوون نەیانهێشت هێزەکەی دوژمن چەند دەقیقەیەک پشوو بدات هەڵمەتێکی شێرانەیان کردنە سەرو لە ماوەی دە دەقیقەدا ڕەبیەکانیان بۆ تێک و پێک دان و هێزەکەی دوژمنیان لە بەریەک هەڵوەشاندوو هەموو ئەو شوێنانەیان لێپاک کردنەوە کە پیسیان کردبوو، هەتاوەکو جادەی تکریت بەغدا ڕاویان نان.

بۆ ڕۆژی دواتر ٣/٢٤ جارێکیتر دوژمن سەری کاسی خۆی هەڵگرتوو لوتی نایەوە بە هەمان جێگەوە کە شەوی پێشوو لێی دەرپەڕێندرابوو، ئەم جارەیان تۆپخانەی دوژمن و کۆپتەرەکانیشی ببوونە هاوکاری هێزە ئەمنیەکەی بەعس، بەڵام ئەمجارەشیان شێرە کوڕانی بەتالیۆنی حەوت هەڵمەتێکی مەردانەی تریان کردەوە سەر هێزە داگیرکەرەکەی دوژمن و لە ماوەی چاوتروکانێکدا ڕایان مااڵی و زیاتر لە ١٠ کەلاکیشیان لە مەیدانی شەڕدا پێ جێهێشتن، چوار پارچە

چەکیشیان دەسکەوت بوو، دەستان نەڕزێ و باسک و بازووتان هەر ئەستوور بێ بۆ لوت شکاندن و جەربەزەدانی داگیرکەرو هێزە وڕوو کاسەکانی بەعس، ئەی شێرە پیاوانی بەتالیۆنی حەوت برۆن بۆ پێشەوە بەرەو پاککردنەوەی یەکجارەکی نیشتمانە ئازیزەکەمان لە هێزە داگیرکەرەکانی عێراق و پیسی و پۆخڵی بەعس.

مژدە بێ بوکی شەهیدان

مژدە بێ ئەی ئەسرین دیدان
مژدە بێ مامۆستای کوردی
نەمردیت و ئەمڕۆژەت دی
مژدە بێ ئەی بەندی ئازا
دەرگای بەندیتان ترازا
مژدە بێ ئەی خەڵکی لادێ
هەمووتان دەچنەوە بۆ دێ
مژدە بێ لاوی هەژدە ساڵ
جەندرمەکان خرانە چاڵ
هەر لە حەمرین هەتا زاخۆ
نابینی ئەفسەرێ نامۆ
نەما نوقطة ی پشکنینی
بەعسێ بۆ دەرمان نابینی
مژدە بێ ئەی شاعیری کورد
بێ ترس بنووسە ورد ورد
بەیتی دلێری ئەم کوردە
چەنێ ئازا چەنێ مەردە
مژدە بێ ئەی مێژوو نووسان
چاوی سیخوڕتان گشت نوسان

هەگبەکانتان هەڵبڕێژن
خەڵفی مێژووی نوێ بێژن
مژدە بێ دایکی شەهیدان
دوژمن چیلێهات خۆ دیتان
مژدە بێ ئەی کوردی کەرکوک
هەر لە گەورە هەتا بچوک
دەچنەوە خاکی زێڕینتان
هەڵهێنجن سیای زێڕینتان
مژدەت لێبێ کیژی کوردی
بەو بەرگەوە چەنێ وردی
گەنجی کورد گەیشت بە ئازادی
ئەوجا دێتە نۆبەی شادی
دڵی داخوازت مەشکێنە
واز لە ماڵی دنیا بێنە
با مارەیت تفەنگێ بێ
بەس لە شانی چەلەنگێ بێ
پێی بپارێزێ کوردستان
چی دیت دەوێ گوڵی کوێستان

هـــەڵمەتەکانی پـــــێشمەرگە

لە کاتێکدا پێشمەرگەکانتان بە خوێن و گیانی خۆیان سەرگەرمی ڕزگار کردنی کوردستان و پاراستنین، لە کاتێکدا ئێوە پاروە نانێک لە دەمی خۆتان دەگرنەوەو خەمی سەرکەوتن و پاراستنی سەرکەوتنەکان دەخۆن، تاقمە بەدناوەکەی ڕەجەوی چۆن خۆیان دەکەن بە دوژمنی هەموو نەتەوەی کورد.

سەعات ١١ی سەرلە بەیانی تا ٦ی ئێوارەی ڕۆژی ٣/٢٦ هێزێکی تانک و زرێپۆشی مریەم بە پاڵپشتی تۆپ و کۆپتەر کەوتنە بۆمبارانی کوڕەکانتان پێشمەرگە

قارەمانەکانی کوردستان لە گوندی قەرەبلاخ و شەڕ بە گەرمی دریژەی کێشا لە ماوەی حەوت سەعاتدا پێشمەرگەکان ڕووبەڕووی هەرچی تانک و توپی موجاهید خاصە بوونەوە وەک پێشمەرگەکانتان دەناسن کە کوڕی دەیان داستان و هەڵمەتی سالانن، لەوێش وەها گیانیان بۆ ئێوە بەخت دەکەن.

لە حەوت سەعات شەڕدا هێزەکانی موجاهید خاصە هیچ پێشڕەوییەکیان بۆ نەکراو هەرچی هەوڵ و توانایان بوو لە مەیدانی شەڕدا وردوو خاش کراو ئێستاش کەلاکی خۆیان و ٣ دەبابەیان لە مەیداندا کەوتووە.

قوربانی ئێمە شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمان، دوو کوڕی کۆ بە کۆ گەڕاو، پێشمەرگەی دەیان سالەی (ی.ن.ک) بوو کە ناوی شەهیدێکیانمان بۆ هاتووە جێگری تیپی هێزی تایبەت شەهید محەمەد ئیبراهیم مستەفا سلاو لە گیانی پاکیان.

هاوڕێیانی شەهید گیانی پاکی ئێوە گیانی گەلە، هەناسەی ئێوە هەناسەی کێوو دەشت و هەردەکانە، وەک چۆن تۆلەی گەل و شەهیدانی لە ئەستۆی ئێوەدابوو ئێوەش بە وەفاوە وەرتان گرتەوە، داگیرکەران و نۆکەرانیش بە ئێمە بسپێرن.

*****

جا خوێنێک بۆ شۆردنەوەی ئەم خاکە نەبێ لە داگیرکەر بۆچییە
ئەی گیان دەرنەچێ بۆ دەرکردنی ئەمانە بۆ چییە

٣/٢٦ جارێکیدی پێشمەرگەکانتان بوونەوە بە بروسکەی پێش ڕێژنەی هەورێکی تاڵ، هێرش دەستپێکردوو پەلاماری معسکر خالیدیاندا، نەخشەکە وابوو بۆ بێزار کردن و پەرت کردنیان، چەند ڕەبیەیەک گیراو ئاگری تێبەردراو دەیان کەلاکیان لێ گزرە کرایەوە.

زیانەکانی داگیرکەر بەمجۆرەیە:

١/ سوتاندنی ٣ فڕۆکەی سیخۆی سووری سۆڤیەتی بەم ژمارانە (٢١٢٥٢، ٢١٢٦٤، ٢١٢٢).

٢/ سووتاندنی چوار هێلی کۆپتەر.

٣/ تێکشکاندنی چەندین دۆشکاو هەندێ موهیماتیتر لە ناو فڕۆکە خانەی کەرکوکی عەسکەریدا.

٤/ بە دیل گرتنی ٣ کەس لە دوژمن بەم ناوانە:

١/ ملازم اول عامر سامی عبید.

٢/ جندی مکلف نجم سعید.

٣/ سائیر عبدالمنعم محمد.

دەستان خۆش و هەر بژین بۆ ئەم گەل و خاکە بەخێر و بریندارە، ئەی کوڕانی ڕۆژی تەنگانە و ڕق ئەستورو تۆڵە ئەستێن بڕۆن بۆ پێشەوە بەرەو وەشاندنی گورزی گەورەترو کاریگەرتر لە هێزە داگیرکەرو وڕوو کاسەکانی بەعس.

*****

کەرکوک ئەی بەندەنی شەیدای ئاشتی، هاها دیارە گوێت لێنییە بەفری ماندوو لە دوورەوە ڕاهاتووەو بە ئاستەمی دەرگای حەزو ژانەکانت ڕادەژەنێ دیاری پێیە و سووخمەیەکی بۆ هێناوی لە تارای سپی هەر لوتکەیەک پارچەیەکی وەرگرتووەو بە ڕێگاوە بۆی دوورێوی.

ئەی کەرکوکی کەشتی هیوا و خەونەکانی شەهیدان و گەورەو گچکەی وڵاتەکەم پیرۆزت بێ ئەو کراسە قەرسیلیەی کە درەختە سەوزەکانی چنگ گیرکردوو لە ناخی کوردستانم بە پێشکەشی بۆیان ناردی.

خۆریش لە تەختی ئاسمانەوە هاتە خوارێ دەستیگرتی و ڕایتەکاندی و وتی تو خوا بمدە لە یەخەی سووخمەکەت ئەوەی مابوو تەنها کێڵگەی بێناز کەوتووی چەند بەهاری ئەم وڵاتە وێرانە بوو ئەویش تەنها دوو گوڵە گەنمی وشک وشک، سااڵەهایە بۆی وەرگرتوی دای بە سروەی دەمەو بەیان بۆت بهێنێ تا هەر یەکەیان بدەی لە سایە زوڵفەکەت.

*****

ئەی کەرکوکی کلیلی بەختی ئەم دەڤەرە خەفەتبارو ڕاچەنیوە دە هەستە پێ و بەرگی خەماویت داماڵە دە هەستە پێ و بەرگی کەساسیت داکەنە، ئەهای ئەهای

لە خۆت دێ لە خۆت دێ ئەی بووکی ڕازاوەی کوردستان تاجی سوور ڕەنگ و سووخمەی بەفرینی خۆر لە یەخەو کراسی تا داوێن قەرسیلی و گوڵەگەنمی زووڵفانت.

ئەو سوپا بودەڵەیەی کە کۆکراوەی هەموو هێزەکانی عێراقە ئێستا ئەزانن پێشمەرگە کێیە؟

+ پێشمەرگە خورپەی ناو دڵی دوژمنە .
+ پێشمەرگە کەپک و دوندی کێوە.
+ پێشمەرگە بریسکەی گوللەیە.
+ پێشمەرگە هەڵۆی هەڵوەراندنی گیانی ئەو مێش و مەگەزانەیە.

ئێستا قەوانی زەردو سوور بەدەم شنەبای هێرشەوە شمشاڵی کەرکوکە.

گشت پێشمەرگەکانتان لە کەرکوک گەورەترین هێزی ئەمرۆی عێراقیان ڕاونا و هەر بە دوایانەوەن.

لە ناوچەکانی موسڵیشەوە قارەمانەکانی ئێوە هەروەها هەڵۆی سەر ئامێدی و ئاکرێ و شێخانن.

سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی ڕایگەیاند کە پێشمەرگە ئازاو دلێرەکانمان و دلێرانیتری گەلەکەمان، جەماوەری شۆڕشگێڕو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان هێرشێکی پێچەوانەی چەند قۆڵیان بردە سەر هێزە قوڕبە سەرەکانی داگیرکەر ئەو سەربازە گێل و گەوجانە و ئەو نۆکەرە گەندو گوانەی کە تا ئێستا بە هۆش نەهاتوون.

هێرشی گەل بۆ سەر داگیرکەر ڕاونانی دوژمن بوو لە ناوچەی ئاکرێ بەرەو موصڵ و لە قۆڵی کەڵەک و خازرەوە قارەمانانی نەتەوەکەتان لە هەڵمەتا سێ دەبابەی داگیرکەریان بۆ سووتاندن.

کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری جەماوەری ڕاپەڕیوو چەکدارە شۆڕشگێڕەکان، کوڕانی نەبەزی خورتێن دهۆک و موصڵ، شێرانە پاڵپشتی هەڵمەت و هێرش بن تا هێزە شکاوەکەی داگیرکەر پشوو نەداو لە کوردستانی بە تەواوی دەرپەڕێنن.

*****

هەر هەڵمەتی پێشمەرگەیە و پەین و پاڵی داگیرکەر ڕادەماڵێ سەربازەکانی داگیرکەر لە قۆڵی کفری و دوزەوە گەڵای پایزن.

سەعات چواری ئێوارە سێ ئۆتۆمبێلی پڕ لە سەربازی داگیرکەر مەرگ هەڵی گرتن و ڕوویانکردە دەربەندی قۆری چایی و هەر لەوێدا پێشمەرگە قارەمانەکانی بەرەی کوردستانی قارەمانانی تیپی ١٥ی شارەزورو ٥١ ی گەرمیان بۆیان دەست بە کاربوون و دۆزەخێکی خۆیان ئاساییان بۆ داخستن. شێرە پیاوانی کورد لە ماوەی دە دەقیقەدا هێزەکەی دوژمنیان پرواند ژمارەیەکیان لێکوشتن و ئەوانیتر بە سەر شۆڕی ڕایانکرد، حەوت دەبابەکەی پشتیان وەکو کەمتیاری پیر هێزەکەی دابووە بەر، ئەوانیش نە توانیان هێزە ڕاکردووەکە بگرنەوەو نە خۆشیان زاتی هاتنە پێشەوەیان هەبوو، تەنانەت ئەوان لە هێزە ڕاکردووەکەیان زیاتر ڕایاندەکرد، هێزە داگیرکەرەکە لەم شەڕەدا ژمارەیەک ئەفسەرو سەربازی لێکوژراو لە ناو کوژراوەکاندا دوو ملازم ئەوەل بە چاو دەبینران.

دەسکەوتی قارەمانانی گەل:

١/ دوو ئار بی جی

٢/ یەک بی کەی سی

٣/ هەشت کلاشینکۆف

٤/ یەک بێتەل

٥/ یەک دووربینی عەسکەری و کەلوپەلی سەربازی و موستەمسەکاتی سەربازی لیوای (٧٠٢).

سەعات ٥ی ئێوارە بۆ جاری دووەم هێزێکی دوژمن هێرشی هێنایەوە سەر ناوچەکە، بەڵام ئەمجارەیان نەیانوێرا بێنە پێش و سەرەتا دەستیانکرد بە تۆپ وهاوەن هاوێشتن، دوای ئەوە پێشمەرگە قارەمانەکان لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەریان و بەرەو مۆڵگەکانیان ڕاویان نانەوە، خۆشبەختانە لە هەر دوو شەڕگەکەدا پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان سەرکەوتوو بێزیان بوون.

دەستان خۆش و هەر بژین بۆ پاراستنی ئەم نیشتمانە دەغیلتان بین بەزەیتان

بەم داگیرکەرە نەزان و دواکەوتوانەدا نەیەتەوە، لە هەڵمەت دا هاوڕێیانی شەهیدتان لە بیر بێ، کە ئەم فاشیستە داگیرکەرانە شەهیدیان کردوون.

*****

وەک هەمیشە بەلەپیتکە ئەبزوێ و تفەنگەکان دەقاسپێنێ،
ئەگەر شەو بوو گوللە یان گوڵ ئەستێرەیە
ئەگەر شەو بوو هەر تارماییەک لای دوژمن
مەرگەو ترسە و وەیشوومەیە

شەوی ٣/٢٩/٢٨ ئەو شەوەیە کە قارەمانانی سەربەرزوو ڕووسووری بەرەی کوردستانی پارێزەرانی ئێوە لە دوو قۆڵەوە چوونە سەر هێزەکانی داگیرکەر لە تازەخورماتوو.

قۆڵی یەکەم: هێرش بۆ سەر ڕەبیەکانی سەر تازەو هەموو ڕەبیەکانی دەوروبەری، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا دەست بە سەر هەموویاندا گیرا.

قۆڵی دووەم: هێرش لە تەپەوە بۆ جادەی بەغدا، لە ماوەیەکی کورتدا دەست بە سەر دوو مقەڕ سریەو یەک فەوج دا گیرا، زیانی دوژمن بێ ئەندازە زۆرە بەمجۆرە:

١/ هەپرووون بە هەپرووون کردنی سێ دەبابە
٢/ سوتاندنی پێنج ئیڤا
٣/ سوتاندنی هەموو ڕەبیەو سەربازگەکان
٤/ ژمارەیەکی زۆر کوژراو
٥/ ٨٠ دیل
٦/ دەسکەوت ١٧ بڕنەو ٦١ کلاشینکۆف

قوربانی ئێمەش لە هەر دوو قۆڵەکەوە، سێ هەڵۆی بەرزە فڕی ئاسمانی ئێستای ئازادی کوردستان، سێ ڕۆڵەی تری قارەمانی دەیان ساڵ پێشمەرگایەتی.

سڵاو لە گیانی پاکتان

هاوڕێ و هەڤاڵانی دڵسۆزتان داگیرکەرانی وڵات ڕادەماڵن ئەوجا چەپکە گوڵ دەخەنە سەر گۆڕەکانتان.

هێزە کۆکراوەکانی عێراق دوای ئەوەی لە دەیان مەیدانی شەڕەوە هەڵبڕاون، دوای ئەوەی ورەو توانایان هاتوەتە ژێر پێیان، ئێستە لە هەوڵ و پەلە قاژەی مەرگدان و خۆیان ئەکوتن بە چیای ڕەقی پێشمەرگەدا.

دوا نیوەڕۆی ٣/٣٠ بە ترس و لەرزەکەی خۆیانەوە چەند دەبابەیەکیان پێش خۆدا، ویستیان بەرەو چیمەن بێن.

لەم هەڵمەتەدا قارەمانانی ئێوە دیسانەوە بازی سەر سەفین و سەگرمە بوون و خۆیان ئاسا بەر بوونە وێزەی هێزە داگیرکەرەکەو تارووماریان کردن ئێستەش لاشەی ئەو خاک بە سەرانە لەو دەشتەدا تۆو کراون.

دەسکەوت یەک دەبابە و دوو ئۆتۆمبێلی سەربازی، شایانی وتنە ئەم هەڵمەتە لە بەر چاوی ڕۆژنامەنووسە بیانیەکان بوو.

هەڵمەت بەرانی هەموو جێگە و شوێنێ، قارەمانانی هەموو کات و ساتێ، ورەی بەرزتان تاجی سەری گردۆڵکە خەمناکەکانی کەرکوکە، وەک هەمیشە پارێزەری شەرەف و کەرامەتی نەتەوەکەتان بن.

شـــــەڕی زاخـــــۆ

هێزەکانی داگیرکەر بە زۆر و گوڕەشە جارێکیکە کۆکراوەتەوە بۆ سەر کوردستان، خۆشیان نازانن بۆچی دەژین و بۆچی دەکوژرێن، ئەوانە ئالەتی بێ بیرو هۆش و عەقڵن، ئەوانە کراون بە ئالەت.

پاش ئەوەی لە چەندین مەیدانی شەڕی کوردستان – ئێران- هاوپەیمانەکاندا کراون بە پۆڕی خوراو جارێکیتر خۆیان خستۆتەوە ناو دۆزەخی کوردستانەوە.

شەوی ٤/١/٣١ پاش تۆپبارانێکی خەست بە پاڵپشتی کۆپتەر هێرشێکیان بەرەو زاخۆ دەستپێکرد، بەڵام دیسانەوە پێشمەرگەکانتان پشکۆ بوون و هێرشی دوژمن ڕەشەبایەک بوو گەشاندنیەوە.

هەر لەو هەڵمەتەدا سەربازە داگیرکەرەکان هاوارو زیڕەی خۆبەدەستەوە دانیان لێهەستا، ئەو کەلاکانەی لە مەیدانی شەڕدا دەبینران زیاتر لە ٣٠ کەلاکی سەربازی داگیرکەر بوو، هەر لە گەرمەی هەڵمەتەکەدا (٥٠) سەرباز تەسلیم بوون و خۆیان

بە دەستەوە دا کە لە ناویاندا چەندین ئەفسەر هەن، نەقیبیکێشی تێدایە.

هێزە شکاوەکەی داگیرکەر تا سمیل ڕاوونرا، زیانی مالّی داگیرکەریش بەمجۆرەیە:

١/ تێکشکاندنی (٢) دەبابە

٢/ سوتاندنی (٥) ئۆتۆمبێل

٣/ دەسکەوت (٣) ئۆتۆمبێل

داگیرکەر جارێکیتر هێرشی دەستپێکردوو هەمان جۆر بێ وڕەو ڕاکردوو بۆ دواوە.

ئێستە شەڕ لە نێوان قارەمانانی بەرەی کوردستانی و داگیرکەردا بەردەوامە.

هەر بژین ئەی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان و ئەی جەماوەری ڕاپەڕیوو پێشمەرگە گیان لە سەر دەستەکان، لە هەڵمەت و پەلامارەکانتاندا وریاو ژیر بن خۆتان دەزانن چۆن ژیر بن ئازاو نەبەز بن هێزەکانی داگیر کەر ئەوەیە کە دەیبینن.



دیسان هەورێخ.. بارانی یادەوەری بەرۆکم لە پۆشتەی ئازادە

نووسین و دارشتن بە چی بیرووبارەی ژیانی، پاستە شایەدو بەیەت پێشەوات بایش هەبێ ئەژاوناخۆچێ
بڵێ لە گەورەی قەڵەم و لە قسەچەی دڵەوە (ژیانی - کاک ئازاد سەراوی بۆچی
شتی جوان ئەنووسێ ئەگەر خەم زەردەی خوێنی شەهیدو خەباری خاکی نەبێ وا دەژیانی،
کەسێک یاد نووکی قەڵەمەکەم شێرەقەکاتەوە، ماڵاوا عومر ڕێک کە ناوەکی تازەوا پۆشتەوە
هەتە بیان بۆ ئەزانی جەزاڵ عومر - ناوەکی نەبێ لوتکەکانی مەبەندی لێشتەوە بۆ عەتیقەی نووسی کە
بەندە نووسەری چیڕۆکی [بەرامبەر] لە دوا لوتکە - [بەراستی] یادێکە کە ناوی گەورەکانەیە].

[بەڵام چی ئەڵێیت سەبارەت بەو ڕاستی] هەقە بەراستی هەقە چاوی خۆم بیبینم کە ڕۆژان
هەورێکم بەرەو یوسفئاوا نیدا لە سەر لوتکەی (بەبۆ) بەرتیم دابان وەکتابوبێ گوڵدەستەی هەڵاڵ و
پەڕێ بەست لە سەروی سەرەوە لوتکەی خۆی بە ئاشکرا بەرەکە چی ماندەوە، ئێستە وەک
فلمی سینەمایی وشەی یەکی نزیک بە چی دوربینی / چاومان دوربینی بۆ چاودوربینی؟!
لە وشەی ژدا لە گرنتیدا - [بۆ ئەوەی شەهید والی بارێکەی بۆ] کە شەریەتی وا بوبێ
کاتێکی دەکرد گوڵلە بەرکی سەرباندێوە.

ئ ناوی گیرفانی شەهیدەکە] تەنها تەوەندە بوو شەهیدێکی ناوبەرکی نوسیبوو ئەداوەری
پێش تەوەی بینیتری شەهیدکرا - هەر تەوەندە بوو ئێستە خەباڵی خۆم دایپۆشت.
کە ناوی ئابو (هودا) تەوکاتە ناوی کێژۆڵەم دەزانی بەڵام بۆشناسینی ناوی ئاهودا
ئاوشتر هودا بوبە ناوی کێژان -

250818

ئـــەنجوومەنی گـــوندی ســـەرگەڵوو
ئەنـــجوومەنی گوندەکانی دۆڵـــی جـــافەتی
1982 تا 1989
(ســـــێ)

ئـــەنجوومەنی گـــوندەکان، ســـەرگەڵوو 1982
کورتە میژووییەکی سەرگەڵوو

سەرگەڵوو یان شارەدێی سەرگەڵوو لە دۆڵێکی بە زنجیرە شاخێکی سەخت دەورەدراوودا هەڵکەوتووە و بە شاخە سەختەکانی چواردەوری دەورەدراوە، لە قیبلەی سەرگەڵوو زنجیرە شاخی دابان هەلاج، قەرەتیکان لە باکوری شاخە قوچە و ئاوە گەردۆکە، لە ڕۆژهەڵاتی شاخی بەبۆو چەرماوەند، لە ڕۆژئاوای چیای سەختی سەرتەزێنە.

سەرگەڵوو شارە دێیەکی گەورەو بەرفراوانە لە ناوچەکە، لە میژە ژیانی تیادا دەگوزەرێت، ئاوو ئاوەدانییەکی زۆری هەیە خاوەنی لەوەڕگا و بێشەو بێشەڵانی چڕە، هاژەی چەم و شەتاوو ووژەووژی دارچنارەکانی خەمڕەوێن و دڵڕفێنن، میژووەکەی بۆ سەردەمانی کۆن دەگەڕێتەوە سەرەتا کەسێک هاتووەتە سەرگەڵوو کە خاوەنی مەڕو ماڵات، مەڕدار بووە، چوونکە خاوەن ئاوو لەوەڕگە بووە نیشتەجێ بووەو ئاوەدانی تیادا دروستکردوە .

دواتر «عبدالصمد» « شێخ صمد» لە ناوچەی بەرزنجەوە هاتووەتە سەرگەڵوو ناوچەکەی بە تەواوی ئاوەدان کردۆتەوە، هەر بۆیەش نازناوی سەرگەڵووی شێخانی وەرگرتووە، بەرگەڵووش گوندێکی گەورەو فراوان بووەو لە گەڵ سەرگەڵوو خزم و کەسووکاری یەکتر بوون.

سەرگەڵوو شارەدێیەکی گەورەیە لە ناوچەکەدا، لە ساڵی ١٩٣٤ قوتابخانەی بۆ چووە، ساڵانی چل مەرکەزی پۆلیسی لێدانراوە، لە لایەن وەزیری ناوخۆی ئەو دەمی سەردەمی مەلەکی کە لە بنەڕەت خەڵکی سەرگەڵوو بووە.

بنەماڵەی ناسراوی سەرگەڵوو گەورە شێخانی سەرگەڵون کە هەر بەو ناوەشەوە ناونراوەو ناسراوە.

سەرگەڵوو زیاتر لە ٤٠٠ ماڵە، شوێنێکی سەخت و عاسییە بە هۆی هەڵکەوتەی جوگرافی سەرگەڵوو، شاخی بەرزوو یاخی و ئەشکەوت و پەناو پەسێری دووڕە دەست، لە هەموو شۆڕشەکاندا مەرکەزو بارەگای هێزی پێشمەرگە بووە، لە شۆڕشی ئەیلولدا هێزی ڕزگاری لە سەرگەڵوو بووە، لە شۆڕشی نوێشدا بارەگای مەڵبەندی دوو بووە.

بەرگەڵوو بە حوکمی سەختی و تەنگی شوێنەکەی، لە تەنگەیەکی کەمێک درێژکۆلە و قوڵاییەکی قوڵ و شاخی گەورەو بەرزو بڕندە و قوچی تەوراس ئاساو خەنجەر ئاساو قوچی لە هەور گیر بوو، بۆ ماوەیەکی درێژ، بارەگاکانی سەرکردایەتی یەکێتی، بارەگای کاک نەوشیروان، یەکێتی شۆڕشگێڕان، کۆمەڵەی ڕەنجدەران، ڕادیۆ، سجن، چاپخانە، نەخۆشخانەی لێبووە کە نەشتەرگەری تیادا دەکرا، بە جۆرێک بەرگەڵوو نێوەندی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە لە ناوچەکە، هەتا سجنی شۆڕش لەوێ بووە.

سەرگەڵووش جگە لەوەی مەڵبەندی دووی لێبووە بارەگای یەکەم ئەنجومەنی گوندەکان بووە، کە ئەنجوومەنێکی ڕاستەقینەی دەسەڵاتی گەل بووە، مەڵبەندێکی دیاری بازرگانی و کۆمەڵایەتی ناوچەکە بووە، بەردەوام دامو دەزگاکانی حکومەتی لێبووە، ئەگەرچی ناحیەش نەبووە.

لە سەرگەڵوو پیشەی ئاسنگەری و ژمارەیەک پیشەی دەستی لێبووە لە سەردەمی خۆیدا وەکو چەقی گوندەکانی ناوچەکە بووە، خوێندنگەی ئاینی و پێگەیاندنی فەقێ و حوجرەی تیابووە، پیاوی خوێندەوارو منەوەرو شارەزای زۆر بووە لە سەردەمی شۆڕشی نوێدا، بازاڕو دووکان و وێنەگرو کۆمەڵێک شوێنیتری لێبووە.

ئێستە سەرگەڵوو شارەدێیەکی ئاوەدانە و چووەتە ناو تۆڕی گەشتیارییەوە، شارە دێیەکی گەشتیاری یە، شارەوانی خۆی هەیە، بنکەی پۆلیسی تیایە، لە تێکڕای ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵکی بۆ مەبەستی پشوودان و گەشتکردن وەک هاوینە هەواریکی فێنک و دڵگیر ڕووی تێدەکەن.

جگە لەوەش بارەگاکانی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لەوێ دروستکراونەتەوەو بووەتە مۆزەخانەیەکی گرنگ.

ئـــەنجوومەنی گـــوندەکان، دەســـەلاتی گـــەل

(ی.ن.ک) بە فۆرم و شێوازێکی نوێوە، بە بیری پێشکەوتنخوازانەوە لە شێوەی نیمچە بەرەیەک دامـەزرا، کە سەرچاوەو ئیلهامی لە گەل و دەسەلاتی گەلەوە وەردەگرت و دیموکراسی و دادپەروەری و ئازادی بە ڕێچکەو ڕێبازی خۆی زانیوە و لەو پێناوە تێکۆشاوە و باج و خوێنی گەورەشی لەو پێناوەدا داو بەخشیوە.

تەجرووبەی یان ئەزموونی ئەنجومەنی گوندەکان بە نوقڵانە و دەستخۆشی و بیرۆکەی (ی.ن.ک) و جەنابی مامجەلال هێندەیتر زەمینەی جێبەجێبوون و دامەزراندنی ئەنجوومەنی گوندی سەرگەڵوو دواتر ئەنجوومەنی گوندەکانی دۆڵی جافەتی و فراوانبوونی بازنەی ئەنجوومەنەکانی مسۆگەر کردو پشتیوانیەکی مەعنەوی هێزێکی دیموکراسی و ئازادیخوازو ڕزگاریخوازی وەکو (ی.ن.ک) و جەنابی مامجەلالی بۆ دەستەبەر کرد.

شارەدێی سەرگەڵو فراوان و پڕ دانیشتوان بوو زیاتر لە ٣٠٠ ماڵی پێشمەرگە و فیرارو تێکڕای ٥٠٠ ماڵ زیاتر دەبوو، ناوچەیەکی فراوان و خاوەن دووکان، بازاڕ، چڕی دانیشتوان، سەرەڕێ و هامووشۆی هێزی پێشمەرگەو حزبە سیاسییەکان بوو، هەر بۆیە سەرەتای بانگەشە و ڕوونکردنەوەی پێداویستی دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی مەدەنی، کە سەرچاوەی لە خەڵکەوە بێت و خەڵکی نوێنەری خۆیان ئازادانە هەڵبژێرن لە سەرگەڵوو دەستی پێکرد، لەوێ گوڵی کردو لە تروسکاییەوە بووە هیواو بڵێسە.

ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٧ یەکەم کۆبوونەوە لە مزگەوتی سەرگەڵوو ئەنجام دراو تیایدا ئامانجی ئەنجومەنی گوندی سەرگەڵوو ڕوونکرایەوە، ژمارەیەک کەسایەتی گوندی سەرگەڵوو خۆیان هەڵبژاردوو لە لایەن خەڵکەوە دەنگیان پێدراو دەستەی ئەنجوومەنی سەرگەڵوو دامەزرا کە لە ١١ کەس پێکهاتبوو لەوانە.

شێخ عوسمان سەرگەڵوویی، عومەر محەمەد حەسەن، جەمال محەمەد نادر، عەلی عبدالرحمن، ئەسعەد حاجی حەسەن، مستەفا عبدالله محەمەد، عبدالله عەباس محەمەد، عوسمان محموود محەمەد.

ئەم هەڤاڵانە نوێنەری هیچ حیزب و لایەنێک نەبوون بە ئاشکرا، هەروەک دەبوایە ئەنجوومەنی هەڵبژێردراو بێلایەن بێت، بەڵام دەرکەوت خەڵکی حزبی تیایە، کاتێک حزبەکانیان دژی ئەنجوومەنەکە وەستانەوە ئەوانیش لە ئەنجوومەن کشانەوەو تەنها شەش کەس مانەوە، « شێخ عوسمان سەرگەڵوویی، عومەر محەمەد حەسەن، جەمال محەمەد نادر، عەلی عبدالرحمن، ئەسعەد حاجی حەسەن.

مستەفا عبدالله» بە تەمەنترین کەسی ئەنجوومەن بوو هەر بۆیە وەک قسەکەرو سەرۆکی ئەنجوومەن بوو، لە ساڵی ١٩٨٨ لە چاڵاوا بە بۆردوومانی فڕۆکە شەهید بوو، کاک مستەفا پارتی بوو بەڵام سەرۆکی ئەنجوومەن بوو لە ژێر دەسەڵاتی یەکێتی، ئەمەش ئەوەی سەلماند کە ئەنجوومەن سەر بە حیزبێک نییە بەڵکو بێلایەنە لە کارکردن ئەگەر کارەکتەرەکانی لە ناخدا مەیلی حزبێک بکەن، چونکە سەبارەت بە ئەنجوومەنەکان بەرەی جوود بەیاننامەیەکیان دەرکردوو دژایەتی خۆیان ڕاگەیاند و پێیان وابوو ئەوە بەڕە ڕاکێشانە لە ژێر پێی حزبەکان و قۆستنەوەی ساحەکەیە لە لایەن یەکێتییەوە.

ئـــــەنجوومەنی بـــــاڵا

دوای دڕووستبوونی ئەنجوومەنی سەرگەڵوو بەرفراوان بوونی سنووری چالاکی و دامەزراندنی ئەنجومەنی ٣٣ گوندی ناوچەکە لە دۆڵی سەرگەڵوو هەڵەدن و دۆڵی جافایەتی لە ماوەی یەک مانگدا، بیر لەوە کرایەوە بۆ ڕاپەڕاندنی ئیشوکارەکانی ئەنجوومەنی باڵا هەڵبژێردرێت.

ڕۆژی ١٩٨٢/٧/٥ تەنها ٣ مانگ دوای دڕووستکردن و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرگەڵوو، لە گوندی یاخسەمەرو بە ئامادەبوونی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە نوێنەری گوندەکان، شێخ عوسمان سەرگەڵویی، خاڵە شێخ صدیق، جەلالی مەلا ڕەزا، بە ئەنجومەنی باڵا هەڵبژێردران.

ئەنجومەن بارەگاکەی لە سەرگەڵوو بوو، بارەگاو مۆری تایبەت بە خۆیان هەبوو، مانگانە کۆدەبووەوە کێشەی ئەنجوومەن، کێشەی گوندەکان، کێشەی سنووروو کۆمەڵایەتی گوندەکان، کە هاوبەش بوون لە نێوان گوندەکاندا، ئەگەر لە ئەنجوومەنی گوندەکاندا چارەسەر نەکرانایە دەهاتنە ئەنجوومەنی باڵا و چارەسەری بنەڕەتیان بۆ دەکرا، ئەنجوومەن لە تەمەنی خۆیدا سەدان کێشەی گەورەو بچووک و مامناوەندی هاتووەتە بەردەم و چارەسەری گونجاوی بۆ دۆزیوەتەوە.

پـــــەیڕەوی ئـــــەنجومەن

بەرنامەو پەیڕەوی ئەنجومەنی گوندەکان لە لایەن شێخ عوسمان سەرگەڵویی نووسراو داڕێژراو ئەنجومەن پەسەندی کرد، بەم شێوەیە:

* ئەندامی ئەنجومەن ئەبێت کەسێکی خۆبەخش بێت.
* سەر بە هیچ لایەنێکی سیاسی و تائیفی و مەزهەبی نەبێت و نوێنەری خەڵکی گوندەکەی بێت.
* دەست و داوێن پاک و جێگەی بڕوای خەڵک بێت.
* ئەنجومەن بەکارنەهێنێ بۆ بەرژەوەندی خۆی و کەسووکاری و تاکە کەسی.
* باوەڕی تەواوی بە یەکسانی و دادپەروەری هەبێ.
* لە کۆبوونەوەکانی ئەنجومەندا چالاک بێت، بەشدار بێت و ئەرکی سەرشانی جێبەجێ بکات.

ســـەبارەت بـــە ژن

یەکسانی نێرومێ ڕەچاو بکرێت، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، بەشودانی کچ بە زۆر قەدەغەیە، شیربایی، ژن بە ژن، گەورە بە بچووک، بە شودانی کچ لە سەر لانکە قەدەغەیە ، مافی وەرەسە بۆ ئافرەت دەستەبەرو دابینبکرێت، بۆ ئەو مەبەستە دەیان حاڵەتی گەورەو بچووک، لە سەر لانکە مارە کردن، بە زۆر بە شودان، هاتنە ئەنجومەن و چارەسەریان کرد، بۆ ئەو مەبەستە غەرامەش دانرابوو مەلای ئاینی هەمو گوندێک ڕاستەوخۆ ئەندامی ئەنجومەن بوو بۆ کاروباری شەرعی.

بـــەرنامەی ئەنجوومەنی ســـەرگەڵوو- یـــاسای گەل

یەکەم: چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی ڕۆژانەی گوند بە عادیلانەو یەکسانی.

دووەم: چاکسازی و پاراستنی پـرۆژە گشتییەکانی گوند وەکـو مزگەوت و سەرچاوە ئاویەکانی و ڕێگاوبان و خوێندنگاو خەستەخانە و هەموو مواڵکە گشتییەکان.

سێیەم: لە بەر ڕۆشنایی مافی یەکسانی بوونی نێرو مێ، قەدەغە کردنی ژن بە ژن، گەورە بە بچووک، شیربایی، یان هەر ستەم و زۆریەک لە ئافرەت بکرێت ئەنجوومەن پارێزەری ماف و ئازادییەکانی هەر کەسێکە لە گوندا.

چوارەم: دانانی نرخی شتوومەک، چاودێری بازاڕو بایعەکان و تەندروستی گشتی و ڕێکخستنی کرێ و فرۆشتن و بازاڕ.

پێنجەم: ئەنجوومەن دەبێ هەوڵ بدات خوێندنگاو خەستەخانەو کانیاوو شوێنە گشتییەکان ئاوەدان بکاتەوەو بەگەڕیان بخاتەوە.

شەشەم: پاکوو خاوێنی گوندو چاککردنەوەی دەستبەجێی ئەو خانوو شوێنانەی بە هـۆی قەسفی دووژمـنـەوە ئەڕووخێن و زیانیان بـەردەکـەوێت بە شێوەی هەرەوەزی.

حەوتەم: هەوڵدان بۆ هاوکاری ئەو کەسانەی پێویستیان بە هاوکاری هەیە بە شێوەی هەرەوەزی.

هەشتەم: دەبێ ئەنجوومەن پاڵپشت و هاوکاری شۆڕش و هێزی پێشمەرگە بێت لە دامەزراندنی پێشمەرگە بۆ خواردن و حەسانەوە لە گوندا وە فریادڕەس بێ لە کاتی شەڕدا لە گەڵ دووژمن بۆ گواستنەوەی شەهیدوو بریندارووو پێگەیاندنی نان و ئاو بۆ سەنگەرەکان هەر کارێ کە پێویست بێ، ئەنجوومەن هۆکاری ڕێکخستن و پەیوەندی جەماوەرو شۆڕش دەبێ.

نۆیەم: ئەرکی ئەنجوومەنە دروستکردنی هێزی بەرگری گوند لە خەڵکی گوند بۆ پاراستنی گوند لە پەلاماری دووژمن و پاڵپشتیکردنی پێشمەرگەکان.

دەیەم: ئەنجوومەن وەکو حوکمڕانێکی هەڵبژێردراوی گوند بە شێوەی دیموکراسیانە دەبێ و دوور لە هەموو دەست تێوەردانێکی حێزبی و لایەنکاری وە سەرچاوەی دەسەڵات و کارەکانی خەڵکی گوند دەبێ، پێکهاتەیەکی سەربەخۆو پارێزەری گوند و داخوازی و پێویستیەکانی گوندەکەیان دەبن، لە ئەنجامی هەڵبژاردنی خەڵکی گوندەکەیان دروست دەبێ و هەر کات خەڵکی گوند بە زۆرینە وێستیان لایان دەبەن، هەر کاتێ خەڵکی گوند بە زۆرینە وێستیان هەڵبژاردن بکرێ دەبێ بکرێ.

ئەو بڕیارو کارانەش کە ئەنجوومەن پێی هەڵدەستێ هەموو دەبێ لە عەدالەت و ڕاستی و ڕەزامەندی جەماوەرەوە سەرچاوەی گرتبێ و جێگای ڕەزامەندی بێ لە لایەن زۆرینەی جەماوەرەوە بگونجێن لە گەڵ داب و نەریت و ژیان و مافی مرۆڤ و لایەنە باشەکانی ئاین و ڕاستی و دروستی و سوودی گشتی و زانستیانەی ژیان.

یانزە: ئەم بەرنامەو کارانە لە بەر ئەوەی بۆ سوودی گشتی و ڕێکخستنی ژیانی گەلە لە گوندەکەماندا و سەرچاوەکەی داواو ڕەزامەندی خەڵکە ناومان نا (یاسای گەل) ئامانجی گەلیش چەسپاندنی عەدالەت و یەکسانی و دادپەروەرییە، بە هیوای سەرکەوتنی ئەم بەرنامەیەو کارپێکردنی لە هەموو ئەنجوومەنەکانی گوندەکان.

لە نووسینی شێخ عوسمان سەرگەڵوویی

١٩٨٢/٤/٧ سەرگەڵوو

چـــالاکیەکانی ئـــەنجوومەن- بـــەشی سکالاّو یـــاسا

١/ کێشەی کۆمەلاّیەتی ڕۆژانە، لێپرسراوی تایبەتی خۆی هەبوو، ڕۆژانە خەلاّک ڕووی لە ئەنجوومەن دەکرد، لە ئەنجوومەنی گوندەکان، تا لیژنەی ئەنجوومەن و ئەنجوومەنی بـاڵا بـە شـێوەیـەک بەشی یـاسـای مەڵبەند کـە بـارەگـاکـەی لە سەرگەڵوو هاوکارو پشتیوانی ئەنجوومەن بوون وبە هاوکاری ئەنجوومەن کێشە کۆمەلاّیەتیەکانیان بە شێوازی یاساییانە لە گەڵ ئەنجوومەن تاوتوێ دەکردوو چارەسەر دەکرد.

٢/ سەرپەرشتی پرۆژە گشتییەکان، وەکو مزگەوت، قوتابخانە، نەخۆشخانە، ڕێگاوبان.

٣/ بە پەیوەندی شەخسی و لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی شـارەوە دەرمـان و پێداویستی ڕۆژانەی نەخۆشخانەیان دابینەدەکرد، تیپەکانی پێشمەرگەش مشووری نەخۆشخانەکەیان دەخوارد و کۆمەکیان دەکرد.

٤/ ئەنجوومەن داوای لە دکتۆر فایەق گولّپی کرد لە نەخۆشخانەی سەرگەڵو بمێنێتەوەو، دکتۆر فایەق داواکەی قبوولّکردن.

٥/ سالّی ١٩٨٤و لە گفتوگۆی نێوان ڕژێم و یەکێتیدا ئەنجوومەنی بالّا چوونە لای مامجەلال و داوایان لێکرد ڕێگای سەرگەڵو-دۆلّی جافەتی لێبدرێت و ئیشی تیابکرێت، مام جەلال داوای لە فەرمانگەی ئیشغالی سلێمانی کرد کە کاک عومەر فەتاح بەڕێوەبەری بوو، کاک عومەریش مەکائین و پێداویستی نـاردوو، لێدانی جادەی دابان-سەرگەڵوو دۆلّی جافایەتی جێبەجێکرا.

٦/ حکومەتی عێراق مامۆستای قوتابخانەکانی لە قوتابخانەکانی ژێر دەسەلاّتی پێشمەرگەدا کێشایەوەو پرۆسەی خوێندنی ڕاگرت، ئەنجوومەن داوای لە یەکێتی مامۆستایان لە شاخ کرد، مامۆستایان بۆ بنێرن و بەخۆبەخش قوتابخانەکان بەڕێوەبەرن، یەکێتی مامۆستایان داوای ئەنجومەنی قبوولّکردو پرۆسەی خوێندن ژیایەوەو بەردەوام بوو.

٧/ هێزی پشتگیری، بەرگری مەدەنی یەکێک لەو هێزە چالاک و دڵسۆزانە بوو کە ئەنجوومەن دایمەزراندوو سەرەتا نزیکەی لە ٧٠ کەس پێکدەهات هێزی پشتگیری ڕۆڵی گرنگ و بەرچاوی بینی لە بەگژداچوونەوەو بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ڕژێم بۆ سەر ناوچە ڕزگارکراوەکان، پشتگیری بەردەوام بوون بۆ شۆڕش، لە شەڕەکاندا جگە لەوەی لە سەنگەردابوون، کۆمەک و هاوکاریشیان دەگەیاندە سەنگەرەکان، لە شەڕی گەورەی دابان دا ڕۆڵی هێزی بەرگری دیارو بەرچاوە، هێزی بەرگری هەنگاو هەنگاو گەورەو فراوان دەبوو تا وایلێهات سەرجەم ناوچە ڕزگارکراوەکانی گرتەوە، هێزی بەرگری لە مێژووی پڕ لە سەروەریاندا ژمارەیەکی بەرچاو شەهیدیان بەخشیوە.

هـــەڵوێستی حـــزبەکان ســـەبارەت بە ئـــەنجوومەن

*(ی.ن.ک) لە کۆنفرانسی مێرگەپان، ئەزموونی ئەنجوومەنی گوندەکان خرایە بەرنامەو پڕۆگرامی یەکێتی یـەوەو پشتگیری خۆیان بۆ دووپـات کـردەوەو بە پێویستیان زانی لە ناوچەکانی تریش ئەم ئەزموونە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

* بـەرەی جود دژی وەستانەوەو پێیان وابـوو، ئەنجومەنی گوندەکان بەڕە ڕاکێشانە لە ژێر پێی حزبەکان و قۆستنەوەو کۆنترۆڵکردنی مەیدانەکەیە لە لایەن یەکێتییەوە، بۆ ئەم مەبەستە بەیاننامەیان دەرکـردوو لە دژی وەستانەوە هەر بۆیە هێزێکی ١٠٠٠ کەسیان نارد سەرگەڵوو بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەن و گەیاندنی پەیامی ناڕەزایی، دوای ڕوونکردنەوەی ئەندامانی ئەنجوومەنی گوندی سەرگەڵوو، نوێنەری حزبی شیوعی و هێزەکەیان لە بابەتەکە گەیشتن و گەڕانەوە، هەڤاڵانی حزبی سۆسیالیستیش بە هەمان شێوە، دواتر و دوای گەیشتنی هێزێکی زۆری یەکێتی بۆ سەرگەڵوو ئاگاداری هێزەکەی بەرەی جوودیان کرد تا سبەی سەرگەڵوو جێبێڵن، بەم شێوەیە تێکڕای هێزەکەیان کشایەوەو ئەنجوومەن و پرۆسەی دیموکراسی بەردەوام و بەرقەرار بوو.

ئەزموونی ئەنجوومەنی گوندی سەرگەڵوو هەر بە تەنها لە دۆڵی سەرگەڵوو دۆڵی جافەتی و ئەو ناوچانە نەمایەوە، بەڵکو پەڕییەوە بۆ گەرمیان و قەراغ و باڵەکایەتی،

ئەنجوومەنی گوندەکان تا ئەنفال بەردەوام بوو، بەڵام ئەزموونی ئەنجوومەن لە ئۆردووگاکانی ئێران و لە بەرەی کوردستانی و لە ئێستای گوندەکانیشدا جێبەجێ دەکرێت و هەر زیندووە.

هـــــەڵبژاردنی ئـــەنجوومەنی گـــوندەکان (دێیەکان)

درووستبوونی ئەنجوومەنەکانی سەرگەڵوو- ناوچەی جافەتی تا لێوارەکانی سلێمانی دواتریش پەلهاویشتنی بۆ ناوچەکانی قەراخ گەرمیان و پەڕینەوەی بۆ سنووری هەولێرو ناوچەکانی دیکە جێبەجێکردنی سیمایەکی گەشی دیموکراسی بوو، یان یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی دیموکراسی بوو کە خەڵک خۆی بتوانێت نوێنەری خۆی هەڵبژێرێت.

نموونەی ئەنجوومەنەکان لە شۆڕشی گەلان و لە سیستەمە دیموکراسیەکاندا زۆرن، ئەنجومەنی سەرگەڵوو دواتر دامەزراندنی ئەنجوومەنی دێیەکانی دیکەش گەشترین نموونەن کە شۆڕشێکی دیموکراتیک ئەگەرچی لە ناوچەیەکی دیاریکراویشدا بێت توانییێتی نوێنەری خەڵک هەڵبژێرێ و لە ڕێگەی ئەنجوومەنەکانەوە کاروباری ڕۆژانە ڕایی بکرێن.

دوای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرگەڵوو دەستەی باڵای ئەنجومەنەکە دێیەکانی دۆڵی جافەتی و دوانزە دێی دۆڵێ و دۆڵی قزلەرو دووکان نوێنەری ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژارد کە گەشترین نموونەی بەرجەستە کردنی دیموکراسیین لە سەردەمی شۆڕشدا.

لێرەدا ناوی ئەو دێیانە دەخەینە ڕوو کە ئەنجومەنی خۆیان بە ئازادانە هەڵبژاردو نوێنەرەکانیشیان دەناسێنین.

دیـارە ناوچەکانی گەرمیان و قـەراخ و شوێنەکانی دیکەش ئەنجوومەنیان هەبووەو بە هەمان شێوە نوێنەری خۆیان هەبووە، بەڵام لێرەدا تەنها نموونەی ئەم دێیانە دەخەینە ڕوو وەکو ئاوێنەی دیموکراسی ڕاستەقینەی تێکڕای ناوچەکانیتری کوردستان.

ئەنجوومەنی گوندەکان (دێیەکان)

یەکەم: ئەنجوومەنی سەرگەڵوو

١/ عوسمان شێخ حەسەن / ئەنجوومەنی باڵا (دامەزرێنەر)

٢/ جەمال محمد محمود

٣/ عمر حمە حسن

٤/ علی عبدالرحمان

٥/ غریب حمە امین حمە سوور

٦/ مستەفا عبدالله

٧/ عبدالله ملا رسول

٨/ ئەسعەد حسن محمد

٩/ مجید حمە امین

(سێکانیان)

١٠/ تەها حاجی عبدالله

١١/ ئەکرەم علی حسێن

١٢/عبدالڕەحمان حمە امین حسن

(شەدەڵە)

١٣/ هەژار عبدالله

١٤/ عوسمان مام حسن

١٥/ بێستوون شێخ قادر

١٦/ سالّح سعید محمد

١٧/ نوری عبدالعزیز نوری

(هۆمەر قەوم)

١٨/ جەعفەر حاجی عمر

١٩/ کانەبی مجید

٢٠/ صدیقە ڕەش

(یاخیان)

١/ قادر عبدالڕحمان عبدالڕحمان

٢/ محمد محموود قادر

(قەرەنگوێ)

١/ حاجی سەلیم

٢/ عبدالڕەحمان کاکەمین

٣/ حمە عبدالڕحمان

(شاقولّی)

١/ ابراهیم حاجی حسێن

٢/ ابراهیم حاجی مستەفا

٣/ ڕەسوڵ شاقولّی

(سێدەر)

١/ علی حمە سعید ئەمین

٢/ قادر محمد امین احمد

٣/ حسن محمد حسێن

(سرد)

١/ ملا خلیل

٢/ حسێن محمد سالّح

٣/ جەمال فەقێ ڕەشید

ئەنجومەنەکانی دێی (تەلان) لە سێ هەلّبژاردندا

١/ حاجی مامۆستا صالّح

٢/ حاجی عبدالله عبدولڕەحمان عبدالله

٣/ حاجی علی احمد

٤/ م/ سعید ڕەشید حمە امین

٥/ ڕەسوڵ حمە امین حمە سعید

٦/ مردان عبدالله عبدالرحمن

٧/ ابوبکر ڕەسوڵ احمد
٨/ حسن ڕەسوڵ حمه امین
٩/ محمد کەریم اسماعیل
١٠/ عمر عبدالله مستەفا
١١/ عاتید علی خدر
١٢/ م/ جلال صاڵح کاکه سوور
١٣/ عمر علی احمد
١٤/ احمد ڕەسوڵ فقێ ڕەسوڵ
١٥/ خالید علی احمد
١٦/ عبدولڕەحمان عمر اسماعیل
١٧/ محموود حمه صاڵح کاکه سوور

ئەنجومەنی گەڕەدێ و کانی مێو

١/ عباس مستەفا عوسمان
٢/ جمال جلال احمد
٣/ محمد رشید احمد

ئەنجومەنی گەورەدێ

١/ احمد صالح رسول
٢/ جمال کریم مستەفا

ئەنجومەنی چۆخماخ

١/ شێخ سدیق فرج (ئەنجومەنی باڵا)
٢/ عبدالله محمد امین
٣/ محمد امین عبدالله محمد
٤/ محمد فرج احمد
٥/ زانا سەیگول فرج
٦/ حامید تۆفیق صاڵح

٧/ یاسین عوسمان احمد
٨/ محمد قادر عبدالرحمان
٩/ بکر یوسف عوسمان
١٠/ بهادین رسول ابراهیم
١١/ صالّح مستەفا محمد

ئەنجومەنی یاخسەمەر / ناحیەی سووڕداش

١/ عوسمان حسن پیرۆت مستەفا
٢/ عبدالله سالّح باپیر
٣/ عەزیز محمد مەحموود
٤/ زورار احمد عەزیز
٥/ صالّح احمد خالید
٦/ تیفور محمد امین
٧/ احمد مەحموود
٨/ عەلی محمد قادر
٩/ یوسف احمد عەزیز
١٠/ خەلیل عمر محمد

ئەنجومەنی هەڵەدن / ناحیەی سووڕداش

١/ محمد سواره محمد
٢/ رسوڵ محمد صالّح
٣/ فائق قادر محمد
٤/ مجید قادر حسێن
٥/ سعدون حمه امین حسێن
٦/ حەمە ڕەشید سواره محمد
٧/ اورەحمان احمد
٨/ عوسمان محمد

٩/ احمد ابراهيم محمد
١٠/ بەكر عبدالله سعيد
١١/ بكر عەلى محمد

ئەنجومەنى مالومە

١/ قادر فەرەج حەسەن مستەفا
٢/ عەلى مستەفا صالّح امين
٣/ احمد محمد ابراهيم
٤/ عبدالله مەمەند عبدالله
٥/ عبدالله فتاح قادر
٦/ عبدالله قادر فەرەج
٧/ ڕزگار قادر فەرەج
٨/ بەكر سەعيد قادر صالّح
٩/ سەردار محمد قادر
١٠/ مستەفا رسوڵ فتاح
١١/ محمد رسول مارف سعيد
١٢/ عبدلواحد محمد امين قادر

ئەنجومەنى قزلەر/ ناحيەى بەكرەجۆ

١/ جمال صالّح احمد حەسەن
٢/ غەريب سعيد قادر سعيد
٣/ عبدالله احمد عەزيز رسول
٤/ عوسمان عارف محمد ابراهيم
٥/ عبدالقادر سلێمان رسول
٦/ مەهدى شێخ حەسەن
٧/ جمال محمد رشيد
٨/ عمر كوێخا مجيد

ئەنجوومەنی قەمچوغە

١/ محمد ڕەشید جەلال

٢/ محموود محمد امین

٣/ ڕەسوڵ حمه امین

٤/ حاجی عبدالله حمه امین

٥/ قادر محمد عەزیز

٦/ حەسەن محمد فەرخەن

٧/ فارس احمد عەلی

٨/ محمد مەمەد کەریم

ئەنجوومەنی (سەرمۆرد)

١/ مەحموود محمد امین احمد

٢/ احمد عبدالله احمد

ئەنجوومەنی (دۆڵەبی)

١/ عبدالرەحمان محمد محمد

٢/ ڕەشید عەزیز محمد

٣/ اسماعیل حسێن صاڵح

٤/ ابوبکر عەزیز اسماعیل

٥/ محموود ڕەسوڵ عبدالله

ئەنجوومەنی (خورخورە)

١/ عوسمان محمد عەلی

٢/ عبدالله حمه ساڵح

٣/ زاهیر حاجی شەریف

ئەنجوومەنی (دۆڵ مازەڵە)

١/ حاجی حسێن

٢/ ڕەئوف حەسەن ئەحمەد

ئەنجوومەنی (قەڵەم پاشا)

١/ حاجی حەمە سەعید قەڵەم پاشا

٢/ عەزیز حاجی حەمە سەعید قەڵەم پاشا

ئەنجوومەنی گوێزیلە / ناحیەی سووراش

١/ عوێز محمد یاسین

٢/ ڕەحمان احمد سەلیم

٣/ محمد قادر عەلی

ئەنجوومەنی قوڵە جاخ

١/ امین محمد فەرەج

٢/ عبدالله فەرەج محمد

٣/ عمر ابراهیم محمد

٤/ صدیق سەعید فەرەج

ئەنجوومەنی دەرهەنار / ناحیەی سووراش

١/ عومەر کوێخا مەحموود محمد

ئەنجوومەنی وولاغلوو

١/ مەحموود صاڵح فەرەج

٢/ قادر احمد حەمە امین

٣/ سدیق صاڵح یوسف

٤/ عەلی عبدالله مەعروف

٥/ عوسمان عومەر قادر

ئەنجوومەنی مێولاکە

١/ مەحموود عەزیز مستەفا

٢/ فائق عەلی ساڵح

٣/ مەجید سەعید احمد حەسەن

ئەنجوومەنی سنگر

١/ سەعید اسماعیل محمد

٢/ قادر احمد رەسوڵ محمد
٣/ عمر حسێن احمد
٤/ نادر محمد مستەفا
ئەنجوومەنی سووراش
١/ کەمال قادر
٢/ بێستوون سووراشی
ئەنجوومەنی گۆمەزەڵ
١/ احمد محمد فتحوڵڵا
٢/ شەریف رسوڵ عزیز
ئەنجوومەنی شارستێن
١/ مەلا محمد امین تەها
٢/ جەبار عبدالله
٣/ فەقێ محموود
ئەنجوومەنی زێوێ
١/ قادر جەلال
٢/ سعید عزیز
ئەنجوومەنی خەمزە
١/ محمد مجید
٢/ عەزیز عمر
ئەنجومەنی باڵخ
١/ عمر کەریم عەلی
٢/ عمر عبدالله رسول
ئەنجوومەنی گاپیلۆن
١/ جلال مەلا ڕەزا (ئەنجوومەنی باڵا)
٢/ عمر عەزیز سەعید
٣/ مستەفا حەمە ئاغا

٤/ عوسمان مەحموود
٥/ بەکر عبدالله محمد

ئەنجوومەنی کونە ماسی

١/ کاوە سالّح عبدالرحمن

ئەنجوومەنی هەنارانی خواروو

١/ کەریم حسێن سەعید عەزیز
٢/ حسێن عبدالرحمان حسن
٣/ شەریف حسێن سەعید

ئەنجووەنی هەنارانی سەروو

١/ محمد سەعید صالّح عەلی
٢/ ڕەفیق حەسەن کەریم مستەفا
٣/ رسوڵ سەعید

ئەنجوومەنی قولّقولّە، چالّگە، کانی گۆران، کاریّز کلّاو، کۆڵەرد

١/ حەمە صالّح رەفیق عبدالله (قولّقولّە)
٢/ جەزا حەمە امین فەقێ (قولّقولّە)
٣/ عەلی حەمە کەریم احمد (قولّقولّە)
٤/ جەلال حەمە تالیب عەزیز (چالّگە)
٥/ عمر فتح الله فەرەج وەیس (کاریّزکلّاو)
٦/ حەمە سالّح محمد عەزیز (کانی گۆران)
٧/ عمر قادر عبدالله محمد (کانی گۆران)
٨/ ڕۆوف ابراهیم صالّح (کۆڵەرد)

ئەنجوومەنی فەیالّ

١/ احمد صالّح احمد محمد
٢/ احمد ڕەحیم گوڵ محمد
٣/ احمد حەمە سەیدی

ئەنجوومەنی چالاوا

١/ مستەفا قادر پیرۆت احمد

٢/ عوسمان اسماعیل خدر اسماعیل

٣/ احمد حەمە احمد پیرۆت

٤/ ڕەزا مەحموود خدر اسماعیل

٥/ عەلی محمد خدر اسماعیل

٦/ مەحموود عارف عەزیز

٧/ حەمە امین حەسەن پیرۆت

٨/ ابراهیم عەلی حەسەن عەلی

٩/ حەمە عومەر احمد

ئەنجوومەنی دارتوو

١/ وەهاب شکور ڕەحیم گورون





ڕاپەڕینی شارو شارۆچکەکانی کوردستان
(چـــــوار)

ڕاپـــــەڕینی شـــــارو شارۆچکەکانی کـــــوردستان

ساڵی ١٩٧٤ زانکۆی سلێمانی هاتە قـەڵادزێ، سەدان خوێندکارو مامۆستای زانکۆی سلێمانی لە شاری قـەڵادزێ لە ئامێزی ئەو شارە کورد پـەروەردا بە هێمنی پەروەردەو زانستیان تێکەڵ بە کوردایەتی و خۆشەویستی نیشتمان کردبوو، سەدان خوێندکار لە سەر دەستی مامۆستایانی زانکۆی قەڵادزێ فێرە زانست و خۆشەویستی نیشتمان بوون، دوا قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیان تەواو دەکرد، کە لە لایەن فڕۆکە مەرگ هێنەرەکانی عێراقەوە خەڵتانی خوێن بوون.

ڕۆژی ١٩٧٤/٤/٢٤ فڕۆکە مەرگ چێنەکانی ڕژێمی فاشی عێراق بە بۆمب و ناپاڵم بێڕەحمانە شاری (قەڵادزێ) یان بۆمبارانکرد، ناڵەو گرمەی ناپاڵم خانووەکانی شاری دەلەرزاند، شووشەی پەنجەرەی باڵەخانەکان و خانووەکان هاڕەی دەکرد، بە دەیان تەرمی خوێندکارو مامۆستاو هاوواڵتیانی قەڵادزێ لە کۆڵان و شەقامەکاندا کەوتن، شار بۆنی مەرگ و خوێنی گرتبوو، (ئازاد حسێن)ی هونەرمەند شەهید بوو، برا گەورەکەی تەرمەکەی لە باوەش گرتبوو زیاتر لە (٣٠٠) کەس لە خوێندکارو مامۆستا و دانیشتوانی قـەڵادزێ شەهید بـوون، تەرمی شەهیدانی قـەڵادزێ لە گۆڕستان بە خاک سپێردران، بەڵام تەرمەکان بە جۆرێک شێوا بوون زۆربەیان نەدەناسرانەوە، یان بەشێکی جەستەیان ون بوو، تەرم هەبوو دەستێک یان هەر دوو دەست، یان هەر دوو دەست و قاچی لە جەستەی جیا ببووەوە، بە جۆرێک هەر چەند تەرمێک لە گۆڕێکدا دەنێژران، تەرمی نازداری سێ منااڵ کرانە یەک تورەکەی خامەوەو لە یەک گۆڕدا نێژران، کە ئەمە نموونەی دەیان تەرمی دیکە بوو.

بریندارەکانی بۆمبارانی شاری قەڵادزێ نێردرانە ئێران، خەڵکی قەڵادزێ چوونە دەرەوەی شارەکە، شار بۆنی مەرگی گرتبوو، مردن مێردەزمەی شار بوو، شار تارماییەکی ڕەش، تارمایی مەرگ دایپۆشیبوو، هەموو شتێک بۆنی خوێن و زریکەو قیژەی گرتبوو، خوێن باران بوو، دڵ شکان بوو، گەلێکی بێ کەس و ماندوو هاواری نەدەگەیشتە هیچ کوێ، گەلێک تەنها خوداو چیاکان پشت و پەنای بوون کە بە چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە قەڵادزێ درا.

ڕاپـــــەڕینی قـــــەڵادزێ
1982/4/24

لە یادی شەهیدانی (٨) ساڵ لەوەو بەری بۆردومانی قەڵادزێ لە ١٩٧٤/٤/٢٤، خەڵکی قـەڵادزێ، کچان و کوڕانی ژیر، خوێندکاران و مامۆستایان، کاسبکاران، ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) لە ١٩٨٢/٤/٢٤ چوونە گۆڕستانی قـەڵادزێ و بە دەم سرودی ئەی شەهیدان، ئەی ڕەقیب، سرودە نیشتمانیەکانەوە گوزارشتیان لەو ڕۆژە تاڵە دەکرد، ڕۆژی بۆمبارانی شاری قەڵادزێ.

جـەمـاوەری جۆش سەندوی قـەڵادزێ، لاوان، کـوڕان و کچانی خوێن گەرم بە پێشڕەوایەتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان (ی.ن.ک)، لە گۆڕستانەوە بە هوتاف کێشان و دروشم وتنەوە بە گیانی شەهیدانی قەڵادزێ و شۆڕشی نوێ بەرەو شار ڕۆیشتن، تا هەڵکوتنە سەر دامووەزگاکانی داگیرکەر لە ناو شاری قەڵادزێ، بەڵام هێشتا لە دەرگای گۆڕستان نەچووبوونە دەرەوە لە لایەن دائیرەی ئەمن و پیاوانی ڕژێمەوە درانە بەر دەستڕێژی گوللە، خۆپیشاندەران سڵیان نەکردەوە لە هێزەکانی دوژمن و بەردەوام بوون لە ڕێپێوان هێشتا لە دەرگای گۆڕستاندا بوون خۆپیشاندەران بۆ گۆڕینی هەڵوێستی سەربازو ئینزیباتەکانی دوژمن دروشمی (الجنود اخواننا، الفاشی اعدائنا) یان بەرز کردەوە، ئینزبات و سەربازەکان کەمێک دەستیان دەپاراست و گوێیان نەدەدایە خەڵک، بەڵام دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ئەمن و ئیستخبارات دەستیان لە خۆپیشاندەران نەدەپاراست.

لە گوللەبارانکردنی خۆپیشاندەرانی ڕاپەڕینی قـەڵادزێ مامۆستا سنەوبەر و دایکە ئامینە شەهید بوون، عومەر نورەدین، عوسمان خاڵ، سورەییا حاجی برایم، قادر موسا، فاخیر بریندار بوون.

عومەر نورەدین لە گۆڕستان بریندار بوو، قوات خاسە بردیان و دەست بە سەریانکرد بردیانە لیوا، لەوێشەوە بە کتابی لیوا بردیانە نەخۆشخانە.

تەرمی پیرۆزی خوشکە سنەوبەرو دایکە ئامینە (ئامینە سوور) بە ئەمانەت لە مزگەوتی کارەبا بە خاک سپێردران، چوونکە دامووە دەزگاکانی ڕژێم ڕێگەیان نەدەدا شەهیدەکان بە ڕێو ڕەسم بەرنە گۆڕستان و بە خاکیان بسپێرن.

سەبارەت بە خۆپیشاندان و ڕووداوەکانی ڕۆژانی دوایی ناو شاری قەڵادزێ و دەستگیرکردنی کچان و کوڕانی قەڵادزێ، کۆمیتەیەک لە ڕیش سپی و پیاو ماقوڵ و ڕۆشنبیرانی شاری قەڵادزێ پێکهات بۆ گفتوگۆکردن لە گەڵ دامووەزگاکانی حکومەت، دامووەزگاکانی ڕژێم لە ناو شاری قەڵادزێ ناچار کران بە جێبەجێکردنی داخوازیەکانی خەڵک، زیندانی و دەستگیرکراوەکان ئازاد کران، عومەر نورەدین لە نەخۆشخانە دەست بەسەریەکەی لە سەر لاچوو دوای (٢٢) ڕۆژ گەڕایەوە ماڵەوە.

مـــانگرتنی گـــشتی

ڕژێم ڕێگەی نەدەدا تەرمی پیرۆزی شەهیدان دایکە ئامینە و خوشکە سنەوبەر بەڕێوڕەسمی جەماوەری لە مزگەوتی کارەباوە بگوێزرێتەوە بۆ گۆڕستانی قەڵادزێ، هەر بۆیە لە بەرانبەر ئەو هەڵوێستەی دوژمن مانگرتنی سەرتاسەری لە ناوچەی پشدەر لە ئۆردوگاکانی ژاراوا، بەستەسێن، پێماڵک، سەنگەسەر، ناو شاری قەڵادزێ دەستیپێکردو دووکان و بازاڕەکان داخران و خەڵکی تێکۆشەری پشدەر دەستیان لە کارەکانیان هەڵگرت.

گـــۆڕینی ناوی مـــزگەوتی کـــارەبا

هەر دوو تەرمی پیرۆزی شەهیدان، خوشکە سنەوبەر (مامۆستا سنەوبەر) و دایکە ئامینە (ئامینە سوور) لە مزگەتی کارەبا بە شێوەی کاتی بە خاک سپێردران، هەر بۆیە خەڵکی شۆڕشگێڕی قەڵادزێ ناوی مزگەوتی کارەبایان گۆڕی بە مزگەوتی شەهیدان.

هـــــێزی پـــــێشمەرگە
تـــیپی کـــــوڕەش
1982/4/24

لە خۆپیشاندانی جەماوەری شاری (قەڵادزێ) لە ١٩٨٢/٤/٢٤ تیپی کوڕەش بە فەرماندەیی محەمەد وەتمان هاتنە دێی (دێرێ) لە پشتی قەڵادزێ.

ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٤ دایکە ئامینە و خوشکە سنەوبەر شەهید بوون، مامجەلال بانگی محەمەد وەتمانی کرد ووتی بڕۆ هێزێک لە گەڵ خۆت بەرەو پەیوەندی بکەن بە ڕێکخستنەکانی ناو شاری (قـەڵادزێ)وە ئەگەر پێویست بوو بچنە ناو شارو خۆپیشاندانەکە گەورەتر بکەن بە چەک ڕووبەڕوی قوات خاسە و تەواری و جاش ببنەوە.

محەمەد وەتمان و هێزێکی (١٥٠) کەسی هاتنە (دێرێ) ئـازادی سەگرمە بە فەرماندەیی کەرتێک لە گەڵ هێزەکەی تیپی (کوڕەش) دابوو، محەمەد وەتمان و سەعید گەناوی کادیری سیاسی نامەیەکی بۆ محەمەد سوڵتان و مامۆستا مەلا دەڵگەیی نووسی، چوونکە ئـەوان سەرپەرشتی خۆپیشاندانەکانی ناو شاریان دەکرد، لە نامەکەدا نووسیبوویان ئێمە هاتووین (١٥٠) پێشمەرگەین دەمانەوێت دابەزینە ناو شار، وەڵامیان دایەوە دانەبەزنە ناو شار چوونکە چووینە لای ئامر لیوا بەڵێنیداوە بەیانی تەرمەکانمان بداتەوە بە خاکیان بسپێرین ئێوە دامەبەزنە ناو شار حکومەتی عێراق لێمان بە بەهانەیە، سووپاو دەبابەی هەیە با خەڵکەکەمان تیا نەچێت، ئەمەندەمان کردووەو بەسە با لێرە بووەستێ.

دوای وەڵامـی ڕێکخستنەکانی شـار، محەمەد سوڵتان و مەلا دەڵگەیی تیپی کوڕەش گەڕانەوە ناوزەنگ.

گـــــواستنەوەی تـــــەرمی شـــــەهیدان

لە ژێر فشاری مانگرتنی گشتی و جەماوەری ناوچەی پشدەر ڕژێمی عێراق ناچار کرا ڕێگە بە گواستنەوەی تەرمی شەهیدان بدات بۆ گۆڕستانی قەڵادزێ بە ڕێوڕەسمی جەماوەری.

پۆل پۆل دەستە دەستە خەڵکی پشدەرو ناوچەکانی دیکەی کوردستان دەهاتنە قەڵادزێ بۆ بەشداریکردنی لە مەراسیمی بە خاکسپاردنی شەهیدان.

تەرمی مامۆستا سنەوبەرو ئامینە سوور لە مزگەوتی کارەباوە بە بەشداری جەماوەری فراوان بە سرودی ئەی ڕەقیب و ئەی شەهیدان گواسترانەوە گۆڕستانی قەڵادزێ و بەخاکسپێردران، ئەو دوو تەوارە بەرزە فڕەی بوونە ڕەمزی ئازادی و سەرفرازی کوردستان، بوونە ڕەمزی ژنانی کۆڵنەدەرو بەرزە فڕ.

پـــــیرۆزبایی (ی.ن.ك)

بە بۆنەی سەرکەوتنی ئیرادەی خەڵکی ڕاپەڕیوی قەڵادزێ و پشدەر (ی.ن.ک) لە ڕێگەی ئیزگەوە پیرۆزبایی لە خەڵکی ناوچەکە کرد.

***

قارەمانانی قەڵادزێ، ئەی خەڵکە دوژمن بەزێنەکان، سڵاوتان لێبێ، (ی.ن.ک) پیرۆزبایی سەرکەوتنتان لێدەکات، پیرۆزبایی ئەوەتان لێدەکات کە سەرتان بە دوژمن شۆڕکردو سەربەرزانە گیراوەکانتان ئازاد کرد ناوی مزگەوتی کارەباتان گۆڕی بە مزگەوتی شەهیدان و ئەمڕۆ شەهیدەکان دەنێژن.

ڕاپـــەڕینی ســـەرتاسەری

بۆ پشتگیری و پشتیوانی لە ڕاپەڕینی قەڵادزێ و ئۆردوگاکانی دەوروبەری، ڕاپەڕینی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دەستیپێکرد.

شاری سلێمانی، هەولێر، کەرکوک، شارو شارۆچکەکانی ئەو پارێزگایانە، ئۆردوگا زۆرە ملێکان، دەستیان بە مانگرتنکرد، شەپۆلی مانگرتن زۆربەی شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، کە بە ڕێبەرایەتی (ی.ن.ک) جەماوەری ئەو ناوچانە هاتنە جۆش و خرۆش.

(ی.ن.ک) لە ڕێگەی ئیزگەوە بـەردەوام لە گەڵ خۆپیشاندەران بوو، هەواڵ و چالاکی خەڵکە ڕاپەڕیوەکەی بڵاودەکردەوە ڕێنمایی دەکردن، تۆماری دەنگی ڕاپەڕینەکەی بڵاودەکردەوە بەمەش هەم ڕێبەرایەتی و هەم جۆش و خرۆشی دەدایە خۆپیشاندەران.

هەر بەو بۆنەیەوە سەرکردایەتی (ی.ن.ک)، کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، بەیاننامەیان دەرکردو پشتیوانی خۆیان بۆ خۆپیشاندەران دووپاتکردەوەو ڕاپەڕینی شارەکانیان بەرز نرخاند، ئەمەش دەقی هەر (٣) بەیاننامەکەیە:

بەیاننامەی کۆمیتەی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەربارەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان:

هاونیشتمانانی بەڕێز: لە ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٤ لە کاتێکدا کە خەڵکی قارەمانی شاری قەڵادزە لە سالڤرۆژی شەهیدانی هێرشە درندانەکەی ساڵی ١٩٧٤دا یادی ئەو کارەساتە خوێناوییەیان دەکردەوە، شاگردە گەوجەکانی هیتلەری بەغدا، دەزگا دامرکێنەرەوەکانی سەددامی جەللاد، بۆ چاو شکاندنی ڕۆڵە دلێرەکانی گەلەکەمان و بۆ ترساندنیان سەر لە نوێ شەقامەکانی شاری قەڵادزەیان بە خوێنی ئافرەتە سەربەرزەکانی گەلەکەمان سوور کردەوە.

ئەم کارەساتە درندانەیە نەک هەر خەڵکی نەتۆقاندو چاوی نەترساندن، بەڵکو بوو بە هۆی تەقینەوەی بورکانی ئەو ڕق و قینە پیرۆزەی کە چەند ساڵە لە دەروونـی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا، دژی سەددامی جەللادو دارو دەستە فاشیستییە داگیرکەرەکەی پەنگ دەخواتەوە، بۆ هاوەدەنگی و هاوەدەمی لە گەڵ خەڵکی قارەمانی قەڵادزەو بۆ پشتیوانی لە داوا ڕەواکانیان دانیشتوانی بە زۆر کۆکراوەی ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی ژاراوەو پێماڵک وتووە سوران و بەستەستێن ئینجا شارەکانی هەڵەبجەو ڕانیەو چوارقورنەو سلێمانی و هەولێرو چەندین شارو ئۆردوگایتر کەوتنە خۆپیشاندان و مانگرتن و ڕاپەڕین و بەگژداچوونەوەی ڕژێم و دەزگا دامرکێنەرەکانی.

ئەگەرچی دارو دەستەی فاشستی سەدام لە سەر پیشەی هەمیشەیی بە ئاگرو ئاسن وەڵامی خەڵکی دایەوەو دەیان هاونیشتمانیمانی لە خوێندا گەوزاند، بەڵام نەیتوانی بەری لێشاوی توڕەبوونی جەماوەر بگرێ و لە ڕۆژی ٤/٢٤ هەوە تا

ئێستا جوڵانەوەی بەربەرەکانێ بە شێوەی جۆراوجۆری مانگرتن و خۆپیشاندان و ڕاپەڕین یەک لە دوای یەک بە جۆرێکی نەپساوە لە چەندین شاری گەورەو بچوک و لە چەندین ئۆردوگاو شوێنی جیاجیا، لە ناو جەماوەری خەڵکدا، لە ناو چین و توێژە جیاجیاکانی خەڵکدا بە بێ گوێدانە دڕی و دڕندایەتیی دوژمن هەر بەردەوامە.

هاونیشتمانانی بەڕێز: خەباتی گەلەکەمان دژی دەسەڵاتی دەزگا داگیرکەرە فاشستییەکانی سەدام لە کوردستاندا پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە، کە دۆخێکی شۆڕشگێڕانەی نوێی خولقاندووە.

لە پاش چەند ساڵ خەباتی سیاسی- چەکدار لە شاخەکانی کوردستان و لە پاش چەند ساڵ خەباتی سیاسی- ژێر زەمینی لە شارەکانی کوردستاندا لە هەلو مەرجێکی سەخت و ناڵەباری نابەرامبەریی تەرازووی هێزەکانی گەلەکەمان و دوژمنی داگیرکەردا، وا جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان لە شارو ئۆردوگاو دێهاتەکاندا لە هەلومەرجێکی نوێی لە بارو گونجاودا پێدەنێتە قۆناغێکی نوێی تێکۆشانەوە کە سەرەتای وەرچەرخانێکی گرنگە لە خەباتی گەلەکەماندا...

سەرەتای گۆڕانی تـەرازووی هێزەکانە بە قازانجی گەلەکەمان و بە زیانی دوژمنەکانی ... سەرەتای هەڵسانەوەی بە تەوژمی جەماوەری گەل و تەقینەوەی وزەی شۆڕشگێڕانەی لە بن نەهاتوویەتی... سەرەتای پێکەوە جۆشدانی خەباتی شاخ و خەباتی شـارە... سەرەتای پێکەوە جۆشدانی خەباتی سیاسی و خەباتی چەکدارە لە شارو لادێ... سەرەتای پێکەوە گرێدانی خەباتی ڕێکخراوەیی سنوردارو خەباتی جەماوەریی بەربڵاوە...

لە پاش چەند ساڵ ئیرهاب و گرتن و ڕاونان و دەربەدەرکردن و کوشتن و بڕین، لە پاش ئەوەی کە گەلی عێراق بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی هەزاران ڕۆڵەی خۆی لە پێناوی عێراقێکی دیموکرات و کوردستانێکی ئۆتۆنۆم، لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا، لە زیندانەکانی سەدام دا بە ئازارو ئەشکەنجە و لە پای قەنارەدا، لە مەیدانەکانی نەبەردی چەکدارانەدا بەختکرد، لە کاتێکدا کە ڕژێمی سەدام لە هەڕەتی هێزو توانای دابوو، وا ئێستا لە کاتێکدا کە پێی ناوەتە قۆناغی نوچدان و گەندەڵ بوون

و هەڵتەکین و لاوازی، دەیان هەزار کەس لە خەڵکی شارو ئۆردوگاکان بە دەستی ڕووت ڕووبـەروی ڕادەوەستن و بزووتنەوەیەکی بەربەرەکانێی شۆڕشگێڕانەو جەماوەریی فراوان... دژی ئیرهاب و سەرکوتکردن و کوشتن و گرتن و ئیهانە کردن، دژی ڕەفتاری فاشستی و جوڵانەوەی ڕەگەزپەرستانە، لە پێناوی دیموکراتی و ئازادی و سەرفرازیدا... دەست پێدەکەن... کە خۆی لە خۆیدا... تەجروبەیەکی نوێیە لە ژیانی نەتەوەکەماندا...

ئەی جەماوەری خەڵکی کوردستان، ئەی کرێکاران و جوتیاران، ئەی مامۆستایان و فەرمانبەران، ئەی مەلا ڕۆشنبیرەکان، ئەی کاسبکارو دۆکاندارو بازرگانەکان، ئەی قوتابیان و خوێندکاران، ئەی عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان، ئەی دایک و خوشکی سک سووتاو، ئەی ئافرەتانی سەربەرز، ئەی باوک و براو کوڕی جەرگ سووتاو، ئەی کەسوکاری گیراوو دوورخراوو دەربەدەرەکان، ئەی خێزان و کەسوکاری شەهیدان، ئەی جوتیارانی لە خاکی باوباپیران دەرکراو، ئەی قوربانییەکانی تەهجیرو تەرحیل و بە زۆر گۆڕاندنی ڕووخساری کوردستان، کێ هەیە لەم زیندانە پان و بەرینە و لەم ئەشکەنجەگا گەورەیەدا کە ناوی عێراقە لە دەست ئازارو ئیهانەو جەورو ستەمی دارو دەستەی سەدامی خوێنڕێژ دەرباز بوبێ؟

زوڵم و زۆری بێئەندازەی ئەم تاقمە فاشیستییە ڕەگەزپەرستە کێی بواردووە؟ کام تاقم و کام شار و کام گەڕەک و کام کۆڵان و کام خێزان و کام هاووڵاتی لە ژێر سایەی حوکمی خوێناویی ئەمانەدا توانیویەتی بە ئاسوودەیی بژی؟

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە کە سنووریک دابنرێ بۆ زوڵم و زۆری سەدام و دارو دەستە خوێنڕێژەکەی، سنووریک دابنرێ بۆ دیکتاتۆریەت و ئیرهابی فاشستی، بۆ کوشتن و ئەشکەنجە، بۆ ڕاونان و نان بڕین و دەربەدەر کردن... ئیتر کاتی ئەوە هاتووە سنووریک دابنرێ بۆ یاریکردن بە چارەنووسی گەل و نیشتمانەکەمان، بۆ ڕێگە گرتن لە بە فیڕۆدانی خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و سامانی نیشتمانەکەمان... ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەموومان پێکەوە، یەک دڵ و یەک دەست، خەبات و تێکۆشانی خۆمان یەک بخەین، هەموو کوچەو کۆڵان و شەقامێک بکەین بە مەتەرێزی

بەرگری و بەرەنگاری و هەموو پەنا بەردو تاوێرێک بکەین بە سەنگەری شەڕو بە گژاچوونی دەزگا دامرکێنەرەوەکانی ڕژێم و ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەموو بستێکی ئەم نیشتمانە لە ژێر پێی داگیرکەران بکەین بە ئاگر...

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە هەوڵ و تەقەللای شۆڕشگێڕانە لە شاخ و لە شار، لە بازاڕو گوزەر، لە گوندو ئۆردوگا، لە کێڵگەو کارگە، لە دائیرەو دوکان، لە قوتابخانە و زانکۆ... یەکخەین و دەرگای زیندانەکان بکەینەوەو ئازادی بۆ خۆمان و بۆ ئەو هەزاران ئازادیخوازە بە دەست بهێنین کە لە زیندانەکانی ئەبوغرێب و قەسابخانەکانی موسڵ و هەیئەی کەرکوک و مەڵبەندی دەزگا جاسوسی و دامرکێنەرەوەکانی تری ناو شارو شارۆچکەکاندا دیلن...

ئیتر کاتی ئەوە هاتووە ئۆردوگا زۆرە ملێکان، ڕەمزی دیلایەتیی گەلەکەمان و وێرانیی نیشتمانەکەمان تێک بدەین و جوتیارەکان بگەڕێنەوە سەر ئەرزو ڕەزو کانییەکانی خۆیان و دێهاتی خۆیان سەر لە نوێ ئاوەدان بکەنەوە، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە زوڵم قبوڵ نەکەین، ئیهانەو دەستدرێژی بەرپەرچ بدەینەوە، شوێنەواری دیلی و داگیرکراوی لە نیشتمانەکەمان بسڕینەوە، هێزی داگیرکەر دەربکەین لە نیشتمانی خۆمان، بە ئازادی و ئاسوودەیی و سەربەرزی بژین، ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، ئەو شەڕە ناڕەوایە ببڕێنینەوە کە سەدامی خوێنڕێژ دژی جمهوری ئیسلامی ئێران و بۆ دەستکەوت و قازانجی ئیمپریالیزم هەڵیگیرساندو تێیدا دەیان هەزار ڕۆڵەی عێراقی بە کوشتن و بریندار کردن و ئەسیر کردن داوەو هێشتاش هەر لەشکری عێراق سوتەمەنیی ئەو شەڕە ناڕەوایەی سەدامی جەللادە.

ئەی دانیشتوانی شارو گوندو ئۆردوگا زۆرە ملێیەکانی کوردستان دریژە بدەن بە خەباتی تێکۆشەرانەتان بە پێی هەلومەرجی گونجاوی شوێنەکانی خۆتان، دریژە بدەن بە ڕاپەڕین و بەرەنگاریکردنی ڕژێم، مەهێڵن هێزی داگیرکەران پشوو بدەن و بحەسێنەوە...

ئەی هەڤاڵانی یەکێتی، بە کۆمەڵەو بزووتنەوەو هێڵی گشتی، بە هەموو تواناوە دریژە بدەن بە ڕێکخستنەکانی بەشداریی کاریگەرمان لە ڕاپەڕاندن و سازدان و

دریژە پێدان و ڕێکخستن و ڕێبەریی ڕاپەڕینی خەڵکی شارو ئۆردوگاو گوندەکاندا...

ئەی تیپ و کەرت و مەفرەزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان چالاکیی چەکدارانەی خۆتان زیاترو زۆرتر بکەن بۆ لێدانی کوشندەتری دوژمن و چەواشەکردن و سەر لێشێواندنی، ئامادە بن بۆ جێبەجێکردنی هەر داوایەک کە کۆمیتەی شارەکان دەیکەن.

ئەی هێزە چەکدارو سیاسییەکانی کوردستان و عێراق لە ئاستی پێویستییەکانی دۆخی شۆڕشگێڕانەی ئێستای کوردستاندا بن، خۆتان لە شەڕی لابەلاو تەقاندنەوەی ناکۆکیی لاوەکی دوور بگرن... با بە هەموومان سەر بکەینە سەر دوژمنی گەلەکەمان با بە هەموومان بەشداری ڕاپەڕینی گەلەکەمان بین و تەرکیز بکەینە سەر ڕژێمی فاشستی بەغداو دامووەزگاکانی...

ئەی ئەوانەی بە هۆشیاری یا لە ڕووی بێ ئاگاییەوە بوونەتە نۆکەری چەک هەڵگری ڕژێم، بگەڕێنەوە ناو ڕیزی گەلەکەتان، وەرنە پاڵ هێزی پێشمەرگە، چەکەکانی جاشایەتی و جەیشی ناشەعبی بکەنە چەکی پێشمەرگایەتی، هێزی پێشمەرگەش ئامێزی برایەتیی بۆتان کردووەتەوە..

سەرکەوتن بێگومان هەر بۆ گەلە

کۆمیتەی سەرکردایەتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان
٧ی ئایاری ١٩٨٢.

بەیاننامەی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بە بۆنەی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانەوە:

لە ٢٤ی نیسانی ١٩٧٤دا، فاشیستەکانی بەغدا، لە هێرشی پەلاماردان و وێران کردن و بێدەنگکردنی دەنگی ڕەوای گەلی کورد، شاری قەڵادزەیان کردە گۆمی خوێن و دەیان ڕۆڵەی گەلەکەمان لەو کارەساتە ناخۆشەدا شەهید بوون.

لە هەشتەمین ساڵڕۆژی ئەو شەهیدە نەمرانەدا، کۆمەڵانی خەڵک لە شاری قەڵادزە و سلێمانیدا بێ گوێدانە زەبرو زەنگی دوژمن، ڕژانە سەر شەقامەکان

و بیرەوەریی شەهیدانی ئەو دەستدرێژییە نامرۆڤانەیەیان کردەوە، پیاوەکانی دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێمی بەغداش بە هەمان گیانی فاشییانەو ڕق و کینەی زیاتر لە جاران، بۆ ترساندن و تۆقاندنی خۆپیشاندەران و بۆ کپکردنی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان کەوتنە گیانی خەڵکی و لە شاری قەڵادزەی قارەمان بە تۆندی بەرەنگاری خۆپیشاندەران بوونەوەو لەم میانەدا دایکە ئامینە و خوشکە سنەوبەری سەربەرز بە گوللەی دوژمنانی گەلی عێراق شەهید کران... خوێنی پاکیان ڕژایە سەر شەقامەکان، بێئەوەی ڕەفتاری درندانەو داپڵۆسین و کوشتن و بڕین بتوانن ترس و لەرز بخەنە دڵی کۆمەڵانی خەڵک و چاوی پڕ هیوامان بشکێنن و بێ ئەوەی بتوانن بەر بە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانیان بگرن. ئەوە بوو ڕاپەڕینی جەماوەر زۆربەی شارەکانی کوردستانی گرتەوە، کرێکاران و خوێندکاران و جوتیاران و کاسبکاران و باقی کۆمەڵانی خەڵک لە ڕانیەو چوارقورنەو ئۆردوگای بەستەستێن و پێمالک و شانەدەری و سیروان و سورەقەڵات و تەسووران و سەید سادق و بەکرەجۆو شاری کۆیەو هەولێرو هەڵەبجە و باقی شارو شارۆچکەو ئۆردوگا زۆرەملێیەکانی گرتەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ گوڕو تەوژمی ڕاپەڕینەکانی جەماوەر تۆندتر دەبن و زیاتر پەرەدەسێنن و کوردستان لە ژێر پێی داگیرکەران دا دەهێننە لەرزین... دوژمن لە سەر ئەنجامی ئەم هەڵچوونەی جەماوەردا ترس و سام دایگرتووە، ئەو ڕاپەڕینانەش لە شارەکاندا، بە پێی هەلومەرجی تایبەتی، شێوەی جۆراوجۆری بە خۆیەوە گرتووە.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر:

ڕاپەڕینەکانی ئێوە لە شارەکانی کوردستاندا، مایەی وەرچەرخانێکی گرنگ و کاریگەرە، کە بزووتنەوەی ڕزگاریی نیشتمانی کوردستان دەخاتە سەردەمێکی نوێترو گەشەکردوتری خەباتی شۆڕشگێڕانە... خەباتی چەکدارانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژی داگیرکردنی کوردستان و تواندنەوەی نەتەوەی کورد، دژی دیکتاتۆری و زەوتکردنی مافە دیموکراتییەکانی خەڵکی عێراق، لە پێناوی

ڕزگاریی نیشتمانی و سەربەستیی نەتەوایەتیدا، لە پێناوی دیموکراتی بۆ عێراق و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا پێدەنێتە پلەیەکی نوێ، کە بزووتنەوەی جەماوەر تیا هەڵدەستێتەوەو بە گوڕو تەوژمێکی بەهێز بەرەو تەقینەوە دەچێ و درێژە پێدانی دەبێتە کاری جەماوەر، خەباتی چەکدارانەو ڕێکخراوەییش تووندوتۆڵ بە خەباتی بەربڵاوی جەماوەرەوە دەبەستێتەوەو ڕاپەڕین هەموو شوێنێکی کوردستان دەگرێتەوەو دەبێتە پشتیوان و هاندەرو بەرزکەرەوەی بزووتنەوەی جەماوەر لە سەرانسەری عێراقدا، واتە بەرپاکردنی ڕاپەڕینی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و هێرش بۆ سەر قەڵاکانی ڕژێمی خوێناوی حوکمی دیکتاتۆری بەغداو ڕووخاندنی تەواوی.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر:

درێـژەدان بە ڕاپەڕینی شارەکانی کوردستان لـەم هەلومەرجە لە بـارەدا، لە لایەک زۆر بۆ ڕژێم دەبـات و بنچینەکانی لە کوردستاندا لەق دەکا و چیتر دەزگا سەرکوتکەرەکانی ڕژێم شۆڕشی گەلی کوردستانیان پێدانامرکێنرێتەوە، لە لایەکیتریشەوە دەبێتە هاندەری شارەکانیتری عێراق و خەباتی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بە هی باقی کۆمەڵانی خەڵکی عێراقەوە دەبەستێتەوە، ئەوساش ڕژێم ناتوانێ بە تەنها بە گژ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بچێ و جامی قین و داخی شۆڤێنیانەی بە گەلی کورد بڕێژێت.

وا سـەرەتـای وەڵامـدانـەوەی کـوردسـتـان، لە لایـەن جـەمـاوەری ڕاپـەڕیـوی موسڵ و گەڕەکی مەعقەلی بەسرەو برا تورکمانەکانەوە لە ڕۆژانی ٨-١٩٨٢/٥/٩ دەستپێکردووە... بۆیە دەبێ ئێمەش گیانی برایەتی و هاوخەباتیی دژی ڕژێم قوڵبکەینەوە، زیاتر لە جاران هاوخەباتیی گەلی کورد لە گەڵ عەرەب و تورکمان و باقی کەمە نەتەوایەتییەکان بسەلمێنین.

ڕاپەڕینی گەلی کوردستان، لە شارو شاخ، گەشەکردن و پەرەسەندنی شێوەکانی خەباتی چەکداری، خەباتی نهێنی و ئاشکرای ڕزگاریی نیشتمانی، لە کاتێکدا گڕو بڵێسەی بەرەو هەموو شارەکانی عێراق دەچێ کە تەرازووی هێزەکان لە قازانجی گەل و دژی ڕژێم دەگۆڕدرێ.

وا ڕژێمی بەغدا، لە ئەنجامی ٢٠ مانگ شەڕی ناڕەوا لە گەڵ ئێراندا، شەکەت و ماندوو بووە، لە گەڵ ئەوەشدا کە هەموو توانای ماددی و بەشەریی عێراقی خستۆتە دەم بەرداشی ئەو شەڕە سەختەوە...هەزاران ڕۆڵەی خەڵکی عێراقی تیا بە کوشت داوەو هەزارانی تریش بە دیل گیراون و سەدانیش سەقەت و پەککەوتە بوون... بێئەوەی لە ئاڕەزووی کەللەی گەرمیی ڕژێم بەو لاوە قازانجێکی گەل و نیشتمانی سەرانسەری عێراقی تێدا بێ، لە بەر ئەوە تا دێ چارەی ڕژێم لای کۆمەڵانی خەڵک ڕەشترو دزێوتر دەبێ و بێزاری و ناڕەزاییش زیاتر پەرە دەسێنێ.

دەربـاز کردنی عێراق لەو شەڕە گرانە، دەربازکردنێکی تا سەرو هێنانەدیی دیموکراتی لە عێراقدا و ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینەش لە کوردستاندا، بە ڕادەیەکی گەورە بەندە بە دریژەکێشان و سەرکەوتنی ئەو ڕاپەڕینە فراوانەی جەماوەرەوە، کە دەتوانێ هەموو چین و تاقمە نیشتمانپەروەرو دیموکراتە شۆڕشگێڕەکان هەر یەکەیان بە هۆی کۆمەڵێک گیروگرفتەوە ڕابکێشێتە کۆڕی خەبات کە دەتوانێ هەموو کێشە کەڵەکە بووەکانی جەماوەر چارەسەر بکاو کۆمەڵ بخاتە سەر شارێی گەشەکردنی ئاسایی.

با ڕاپەڕین، مانگرتن و خۆپیشاندان و هەموو شێوەیەکیتری بەرەنگاریی بەردەوام پەرە بسێنێ، چونکە باشترین ڕێگەی دەربازبوون لە زوڵم و زۆرو گیروگرفتەکانی ئەمڕۆ لە ڕاپەڕینی جەماوەردا خۆی دەنوێنێ، دریژەکێشانی ڕاپەڕین، ڕژێم بە تەنها دەخاتە لایەک و هەموو جەماوەریش لە لایەکیترەوە کۆدەکاتەوەو ڕۆژ لە دوای ڕۆژ، لە گەڵ ڕەوتی ڕاپەڕینەکەدا زیاتر ڕووی دزێوی ڕژێم دەردەکەوێ و بێتوانایی دەزگاکانی بەرامبەر جەماوەر زیاتر دەسەلمێ و لە کۆڕی ڕاپەڕین و سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەدا هەموو دەزگا سەرکوت کەرەکانی ڕژێم تێک دەشکێن و تا سەر لە دەزگا بیرۆکراتی و دەزگاکانی داپڵۆسین ڕزگار دەبین.

هاوڕێیان و دۆستانی تێکۆشەری کۆمەڵە:

بۆ ئەوەی ئەو ڕاپەڕینە زیاتر گەشە بکاو بەردەوامبێ، ڕێگەی هاوکاری و برایەتی لە گەڵ تێکۆشەرانی باقی حزب و لایەنە نیشتمانیەکانی کوردستان و عێراقدا بگرنە

بەر، گیانی برایەتی و یەکێتیی خەباتی هاوبەش لە گەڵ باڵەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان توندو تۆڵتر بکەن و ژیرانە و بە پەرۆشەوە بچن بە دەنگ بانگەوازو بەیاننامەکەیەوەو تواناتان بۆ بەهێزکردن و پەرەسەندنی ڕاپەڕینی جەماوەر زیاتر یەکخەن... دەبێ ئەمڕۆ ئەو ڕاستییە بسەلمێنن کە نموونەی تێکۆشەری چالاک و تەباو گونجاون لە گەڵ باقی تێکۆشەرەکانی تری حزب و لایەنە نیشتمانییەکانی تردا و بە هۆی جەماوەرەوە کاری جەماوەر ئەنجام دەدەن و داینەمۆی جوڵانەوەی جەماوەرو داهێنەری شێوەی نوێی خەبات و ڕاپەڕینن بە بێ ئەوەی ڕێگە بدەن ئەو ڕاپەڕینە سروشتی جەماهیریی خۆی لە دەست بداو گیانی حزبایەتیی تەسک خۆی بە سەردا بسەپێنێ.

ئەی تێکۆشەرانی هێزە نیشتمانییەکان:

ئەندامان و لایەنگرانی خۆتان هاندەن، تا زیاترو چالاکانەتر، بەشداریی ڕاپەڕینی جەماوەر بکەن و ناکۆکیی لاوەکی بەلاوە بنێن و بە هەموو تواناوە، لە خۆشکردنی ئاگری ڕاپەڕینی هەموو شارو شارۆچکەیەکی کوردستاندا، لە ڕاپەڕینی سەرانسەری عێراقدا، خەبات ئاڕاستەی ڕوخاندنی ڕژێم و سەرکەوتنی ڕاپەڕینی جەماوەر بکەن.

هاونیشتمانانی تێکۆشەر:

وا خەریکە لە پڕیشکە بچکۆلەکەی قەڵادزەی قارەمان ئاگرێکی زۆر گەورە بکەوێتەوەو زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتۆتەوە، پەڕیوەتەوە بۆ موصڵ و بەسرە، بە تێکۆشانی نەسرەوتی ئێوەو خۆڕاگرتن و پشووی درێژی ئێوە وەرچەرخانێکی گرنگ بە خۆیەوە دەگرێ و سەرانسەری عێراق دەگرێتەوەو ڕژێمی ئاگرو خوێن دەڕوخێنێ و کۆتایی بە شەوی عێراق دێ.

بۆ پێشەوە

بەرەو ڕاپەڕینی تێکڕای کۆمەڵانی خەڵکی لە پێناوی ئازادیی گیراوە سیاسییەکان، گەڕانەوەی خەڵکی ناوچە ڕاگوێزراوەکانی کوردستان...

بەرەو ڕوخاندنی ڕژێم و هێنانەدیی دیموکراتی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمیی ڕاستەقینە بۆ کوردستان...

کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان

-ناوەند-

١٩٨٢/٥/١٠

پاشکۆی ژمارە (٤)

بەیاننامەی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان سەبارەت بە پشتگیری کردنی ڕاپەڕینی قەڵادزێ:

ئەی جەماوەری بەشەرەفی شاری قەڵادزێی ڕاپەڕیوو قۆڵ و باسک لێهەڵماڵیوو چاو نەترس و بێپەرواو بێباک لە بەردەم یەکێک لە درندەترین شێوازی فاشیزم لە جیهاندا بە پیر بانگەوازی یەکێتی نیشتمانی و لیژنەی ناوچە تێکۆشەرەکەتان هاتوون لە سەر شەقام و کۆڵانەکانی شارە جگەر سووتاوەکەتان کە چەند ساڵ لەمەوبەر ڕژێمی ڕەگەزپەرست بە خوێنی گەشی ئێوەی خانەخوێ و میوانە ئازیزەکانتان سووریکرد، دەنگی ناڕەزایی دەردەبڕن و بیرەوەریی ئەم یادە خوێناوییە دەکەنەوە.

ئەم ڕاپەڕینە دلێرانەیەتان کە مەترسییەکی گەورەی خستۆتە دڵی ڕژێمەوە مزگێنییەکی دڵخۆشکەرە کە یەکێتییە تێکۆشەرەکەمان بە هەموو باڵەکانییەوە توانیویەتی بە خەباتی نەپساوەی چەندەها ساڵەی جێگەی خۆی لە ناو دڵی جەماوەردا بکاتەوەو وانەیەکی بە نرخی لە ئەزموونی خەباتی گەلە کۆڵنەدەرەکەمان سەلماندۆتەوە کە خەباتی پشت بەستوو بە جەماوەر تاکە ڕێگەی زامنکردنی سەرکەوتن و ڕزگاریی نیشتمانییە، هیچ هێزێکیش نییە کە بتوانێ ڕەوتی مێژوو وبستی جەماوەر بووەستێنێ یان کڵپەی داگیرساویان بکوژێنێتەوە.

بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستانیش کە لە ناسکترین دەمدا پشت بەستوو بە توانای جەماوەر هەڵساوەتەوەو ئاڵای خەباتی هەڵگرتووەو ئەو پەڕی پشتگیری خۆی بە ناوی هەموو ئەندامان و کادران و لایەنگرانی خۆی لەم ڕاپەڕینە قارەمانانەی ئێوەدا دەردەبڕێ بەو ئاواتەی ئەم پڕیشکە ئاگرە بتەنێتەوەو هەموو کوردستانی داگیرکراومان بگرێتەوەو داگیرکەرانی لول بداو تاکو ئەبەد بیان پێچێتەوە.

پرسەو وەفاداریشمان بۆ شەهیدانی کۆن و تازەی قەڵادزێ دووبارە دەکەینەوە.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری خوشکە سنەوبەرو دایکە ئامینە و هاوڕێکانی.

مردن و سەر شۆڕی بۆ ڕەگەز پەرستە ڕەفتار فاشییەکانی بەغدا.

ناوەندی بزووتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان

گوڵانی ١٩٨٢

خـــــۆپیشاندانی هـــــەڵەبجە
1982

ساڵی ١٩٨٢ بۆ پشتیوانی لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی خەڵکی قەڵادزێ و لە سەر بڕیاری (ی.ن.ک) ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) لە ناو شاری هەڵەبجەداو بە تایبەتی کەرتی ڕێکخستنی شەهید وەستا ئەنوەر- کۆمەڵە- دوای ئامادەیی تەواو لە ناو شاری هەڵەبجەدا خۆپیشاندانیان ڕێکخست.

ڕێکخستنەکانی هەڵەبجە شەوێ پێش خۆپیشاندانەکە دیوارەکانی شاریان بە بۆیاخ نووسی دروشمەکانی ڕاپەڕین، چۆن ڕاپەڕین بکرێت، هاندان و جۆشدانی خەڵک گوڵی سووری سەر دیوارەکانی هەڵەبجە بوون.

کاتژمێر ٤ی بەیانی ڕێکخستنەکان بەیانەکانیان لە شوێنە گرنگەکانی هەڵەبجە هەڵواسی، خاوەن دووکانەکانی هەڵەبجەیان ئاگادار کردەوە دووکانەکانیان دابخەن و نەیکەنەوە.

مەحموودی حاجی ساڵح، ئەحمەد کوڵکنی، مامۆستا عەبدوڵڵا، حەمەی سەید قادر، عیزەت بۆینی، فارس لە سەید سادق و چەند کەسێکیتر سەرپەرشتی ڕاپەڕینەکەیان دەکرد.

بۆ بەیانی دووکانی شار داخرا بوون، شار خامۆش و بازاڕ چۆڵ بوو، هێندەینەبرد خەڵکی ڕژانە ناو بازاڕ چەندین هەزار کەس بەشداری ڕاپەڕینەکەیانکرد، خەڵک لە عەنەب، کانی قوڵکە، پیرمحەمەد، کانی عاشقان کۆبوونەوەو بەرەو ناو بازاڕ ڕۆیشتن.

دروشم گەلێکی زۆر لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکەدا دەوترانەوە، یەکێک لەو دروشمانە (ئێمە نەوەی مارکسین لە سێدارە ناترسین) خۆپیشاندەران بە شێوەیەکی ڕێکخراو هاتبوونە مەیدان خاوەنی داوای ڕەوای خۆیان بوون.

داخوازی خۆپیشاندەران خۆی لە چەند خاڵێکدا دەبینییەوە:

- کەمکردنەوەی فشارەکان لە سەر خەڵک
- ئازادی بۆ خەڵک
- خوێندن بە زمانی کوردی

- گەڕاندنەوەی دێهاتەکان
- ئازادکردنی هەموو ئەو کەسانەی لە شارو شارۆچکەکانی کوردستان لە سەر بیروڕای سیاسی دەستگیر کراون.

لە گەڵ خۆپیشاندانی خەڵکی هەڵەبجەدا هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم لە ناو شاری هەڵەبجەدا بڵاوەیان پێکرابوو هێزی پێشمەرگەش بۆ پشتیوانی خەڵکی خۆپیشاندەرو ڕاپەڕیوی هەڵەبجە هاتبوونە ناو شار، لە مزگەوتی هەڵەبجەدا وتاریان پێشکەشکرد.

هـــــاتنی پـــێشمەرگە بۆ ناو هـــــەڵەبجە

مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کە پێکهاتبوون لە پێنج کەس لە باوەکۆچەکەوە هاتنە ناو شار پێش ئەوەی بێنە ناو شار ناردیان بە دوای ڕێکخستنەکانداو پێیانوتن ئێمە هاتوین بۆ هاوکاری و پشتگیری ڕێکخستنەکان، پێشمەرگەکان لە ناو شاردا بە سەر دوو ماڵدا دابەشبوون، شەریف، فاتیح مستەفا، جەلالی مەلا نەجمە، ڕزگاری حاجی سادق، ئەکبەر یەناخی، لە ماڵی کاک هادی مانەوە.

دواتر بوون بە دوو بەشەوە بۆ دوو ماڵ

شەریف حاجی فەرەج کۆکۆیی، جەلالی مەلا نەجم، ڕزگاری حاجی سادق چوونە ماڵی قادر کۆکۆیی.

فاتیح مستەفا و ئەکبەر یەناخی چوونە ماڵی مەنوچەری سلیمان لە ماڵی ئەوان مانەوە.

ڕێکخستنەکانی ناو شار لە ناو شاری هەڵەبجەدا بەیانیان هەڵواسی کە نابێت کەس دووکان بکاتەوە.

بەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/٤/٢٦ خۆپیشاندان لە ناو شاری هەڵەبجەدا دەستیپێکرد، پێنج پێشمەرگەکە لە گەڕەکی سەرا مابوونەوە بۆیە بڕیار بوو لە گەڕەکی سەرا خۆپیشاندان نەکرێت لە بەر ئەوەی ئەو پێنج پێشمەرگەیە لە گەڕەکی سەرا مابوونەوە بەڵام خۆپیشاندەران هەر هاتنە گەڕەکی سەرا.

هێزەکانی دوژمن بە ناو شاری هەڵەبجە بڵاوەیان کردبوو سەربازەکان دوای چەند گەنجێکی خۆپیشاندەر کەوتبوون گەنجەکان خۆیان کردبوو بە ماڵی قادر

کۆکۆیی دا سێ پێشمەرگەش لە مااڵی قادر کۆکۆیی بوون.

پورە خەیریيە خەریکی نان کردن بوو سەربازەکان خۆیان کردبوو بە ژووردا پورە خەیریە پااڵی نابو بە سەربازەکانەوە داریکی لە ژێر ساجی نان کردنەکە دەرهێنابوو دارەکـە سەرێکی ئاگری گرتبوو دابـووی بە سـەری سەربازێکدا سەربازەکە قۆناغە تفەنگێکی کێشا بوو بە پورە خەیرییەدا، پورە خەیریيە خۆی بوراندبووەوە سەربازەکان لە ماڵەکە هاتبوونە دەرەوە.

هەر سێ پێشمەرگەکە فیشەکیان لێخوڕیبوو دەستیان لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو گەر سەربازەکان هاتنە ژوورەوە تەقەیان لێبکەن بەاڵم پورە خەیرییە سەربازەکانی چارەسەر کرد.

دوو پێشمەرگەیتر لە مااڵی مەنوچەر بوون چوونە باخێک دانیشتن جاشەکان بەو کۆاڵنەدا باڵاو ببوونەوە ناسیاو بوون مەنوچەر پێیووتن وەرن لە دەورووبەری مااڵی ئێمە بووەستن جاشەکان هاتنە دەورووبەری مااڵی مەنوچەر کە ئەکبەر یەناخی و فاتیحی لێبوو.

لە ناو هەڵەبجەدا دوو کەس دووکانیان کردبووەوە ڕێکخستنەکان داوایانکرد ئەو دوو کەسە سزا بدرێن چوونکە پێشێلی بەیاننامەی ڕێکخستنەکانیان کردووە کە داوایانکردبوو کەس دووکان و بازاڕ نەکاتەوە.

پێشمەرگەکان چوونە سەر مااڵی هەر دوو کەسەکە کەسی یەکەم لە ماڵ نەبوو، کەسی دووەم لە ماڵەوە بوو گرتیان و ئامۆژگارییان کرد (٥٠)دیناریان سزا لێسەند لە بەر ئەوەی دووکانی کردبووەوە دواتر ئازادیان کرد.

پێنج پێشمەرگەکە دوو شەو لە هەڵەبجە مانەوە، شەوی سێیەم کەرتەکانی مەحموودی حاجی فەرەج، مامۆستا شاهۆ، لەتیفی حەمەی مەال سابیر، فەیسەل، هاتنە ناو هەڵەبجە هەر پێنج پێشمەرگەکە لە گەڕەکی کانی عاشقان چاوەڕێ بوون تا ئەوان هاتن.

مـــزگەوتی جـــامیعە

دوای هاتنی کەرتەکانی تیپی ١١ی هەورامان بۆ ناو هەڵەبجە (سامان زۆراب) کادیری کۆمەڵە لە ناو مزگەوتی جامیعە ووتارێکی پێکەش بە خەڵکی هەڵەبجە کرد.

هەر ئەو شەوە مەفرەزەیەک چووە پێشەوە تەقەیان لە ئینحسارەکەی هەڵەبجە کرد کە ڕەبییەیەکی جاشی ناشەعبی بە سەرەوە بوو ئینحسارەکە گرێگرت.

پێشمەرگەکان تادەمەو بەیان لە ناو هەڵەبجەدا مانەوە هەر پێشمەرگەیە خواردنی لە مااڵێک وەرگرت و دەمەو بەیان لە هەڵەبجە دەرچوون بۆ نەورۆڵی لە دێی چرۆسانە مانەوە لەوێوە پەڕینەوە قەڵبەزە.

هاوکات لەگەڵ خۆپشاندانی خەڵکی هەڵەبجەدا، شارۆچکەی سەیدسادق خۆپشاندانی فراوانی بخۆیەوە بینی و خەڵکێکی زۆر بەپشتیوانی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) ڕژانە سەر کۆاڵن و شەقامەکانی سەید سادق.

خـــۆپیشاندانەکانی ســـلێمانی و نـــاحیەو ئۆردوگاکـــانی

خۆپیشاندانەکان هەر لە قەڵادزێ نەوەستان، پزیسکی ڕاپەڕین شارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتەوە، شاری سلێمانی هەڵمەت و قوربانی و هەولێری قەڵاو منارە خۆپیشاندانی گەورەیان سازداو ڕووبەڕووی دامود دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعس بوونەوە ئەو خۆپیشاندانانە دەیان شەهید و بریندارى لێکەوتەوە.

خۆپیشاندانەکانی خەڵکی کوردستان، بە تایبەت خوێندکارانی زانکۆی هەولێر و ئامادەییەکانی سلێمانی و کاسبکاران و چین و توێژەکانیتر بەر بوونە قەڵای زوڵم و ستەمی داگیرکەرو لە ناو دڵی دوژمندا دروشمی بڕوخێ بەعسی فاشی و دەیان دروشمی دیکەی شۆڕشگێڕانەیان دەوتەوە،

لە تێکڕای خۆپیشاندانەکاندا، ژنانی سەلار لە مامۆستاو کچانی خوێندکار ڕۆڵی دیارو پێشەنگیان بینی و شەهید و قوربانیان بەخشی.

شان بە شانی خۆپیشاندانی شارو شارۆچکەکانی سلێمانی، هەولێر، قەڵادزێ، ڕانیە، چوارقورنە، شانەدەری و سەید صادق و هەڵەبجە، ماوەت و قەڵاچوالان و سورەقەڵات و کارێزە و کەناروێ خۆپیشاندانیان بەخۆوە بینی.

خـــۆپیشاندانی مـــاوەت

خۆپیشاندان شـارو شارۆچکەکانی کوردستانی گرتـەوە، سـەردار ماوەتی خوێندکاری زانکۆی هەولێر بوو لە خۆپیشاندانەکاندا شەهید ببوو، تەرمەکەیان هێنایەوە مـاوەت، بە گەیشتنەوەی تەرمی شەهید سـەردار مـاوەت خرۆشاو خۆپیشاندان دەستپێکردو چەند ڕۆژێکی خایاند.

ڕێکخستنەکانی کۆمـەڵە لـە مـاوەت سـەرمـەشقی خـۆپیشـاندەران بـوون، خۆپیشاندەران چەندین دروشمیان دژی ڕژێم دەوتەوەو داوای چوونە دەرەوەی هێزەکانی داگیرکەرو دامـوو دەزگاکانی ڕژێمی بەعسیان دەکرد، خالید ماوەتی یەکێک لەو خۆپیشاندەرانە بوو لە لایەن مولازم موخلیسەوە بریندار کرا، داریان لە سەری دابوو، دەیان خۆپیشاندەر لە ناویاندا دکتۆر برایم دەستگیر کران و برانە سەربازگەی ماوەت، دواتر بە هەوڵ و تەقەلای خەڵکی ناوچەکە ئازاد کران.

خـــۆپیشاندانی ســـورە قـــەڵات

دوای خۆپیشاندانی مـاوەت، دوای ئـەوەی لە لایـەن ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەوە چەندین دروشـم لە سەر دیـواری قوتابخانەو مزگەوت و شوێنە گشتیەکانی ئۆردوگای سورەقەڵات نوسران بۆ هاندان و جۆشدانی جەماوەر بۆ خۆپیشاندان و بەرفراوانکردنی ناڕەزایەتیەکان.

ڕۆژی چوارشەممەی ڕێکەوتی ٥ی ئایاری ساڵی ١٩٨٢ کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ لە لایەن قوتابیانی قوتابخانەی ناوەندی سورەقەڵات و گەڕی سەرەتایی کوڕان و دانیشتوانی ئۆردوگای سورەقەڵات، بە دروشمی بڕوخێ ڕژێمی پەت و سێدارە، (یەکێتی نیشتمانی، ئاگرە بۆ دوژمنانی) خۆپیشاندانی گەورەو فراوان دەستپێکرد.

خۆپیشاندانی جـەمـاوەری سـورەقـەڵات ترسی خستە دڵی دامـوو دەزگاکانی بەعسەوە، دەسـەڵاتدارانـی بەعس لە ئۆردوگـاکـە لە ڕەبییەکانی دەوروبـەری سورەقەڵاوە دەستڕێژی گوللەی دۆشکاو ڕەشاشیان لە خەڵکی ئۆردوگاکە کردو زۆربەی خانوی ئۆردوگاکە بەر گوللە و دەستڕێژی پیاوانی بەعس کەوتن و ژنێک و منداڵێک بریندار بوون.

سەرەڕای دەستڕێژو گوللەبارانکردنی بەردەوامی ئۆردوگاکە لە لایەن مۆلگەکانی چوار دەوری سورەقەڵات، داوایان لە سەربازگەی ماوەت کرد سەربازو قوات خاصەیان بۆ بنێرێت بۆ دامرکاندنەوەی خۆپیشاندانەکە، ژمارەیەکی ئێجگار زۆر مغاویر و قوات خاصە لە ماوەتەوە گەیشتنە ناو ئۆردوگای سورەقەڵات و بە دارو کێفڵ لە خەڵکی ئۆردوگاکەیان ئەدا، بە لێدان و قۆناغی تفەنگ کەوتنە وێزەی خەڵک، دەیان خوێندکارو لاوی ئۆردوگاکەیان لە ماڵ دەرهێناو ڕاپێچی ناو زیلەکانیان کردن، بەڵام خوێندکارەکان خۆڕاگرو بێباک و چاونەترس بوون.

فەرماندەی لیوای سەربازی ناوچەکە و سێ زیل سەرباز گەیشتنە ئۆردوگاکە، لە ترسی تەشەنەسەندن و گرگرتنی زیاتری جەماوەر خوێندکارە دەستگیرکراوەکانیان ئازاد کرد، تەنها دوو خوێندکار نەبێت کە گومانی پێشڕەوایەتی خۆپیشاندانەکانیان لێدەکردن.

فەرماندەی لیوا بەڕێوەبەری ناوەندی سورەقەڵاتی ئاگادار کردەوە بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ قوتابخانەکە دابخات.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان بـەردەوام لە ڕێگەی دەنگی شۆڕشی عێراقەوە هەواڵی خۆپیشاندانەکانی دەگواستـەوەو لە گەڵیاندا بـوو، هانیدەدان لە سەر بەردەوامبوونی خۆپیشاندانەکان و داواکردنی مافەکانیان.

لە دەنـــگی شـــۆڕشی عـــێراقەوە
بۆ خـــەڵکی ســـورەقەڵات

ئەی خەڵکی بە شەرەفی سورەقەڵات، ئەی قوتابیە چاونەترس و نەبەزەکان، مانبگرن و با خۆپیشاندانتان بەردەوامبێ، داوای ئازادکردنی هاوڕێکانتان بکەن داوای گەڕانەوە بۆ دێهات و ئازادی بۆ زیندانیە سیاسیەکانتان بکەن، داوای ئازادکردنی خێزانی برا پێشمەرگەکانتان بکەن، با هەمو شـارو شارۆچکەکانی کوردستان مانبگرن و ڕاپەڕن، یەکێتی نیشتمانی و هەموو هێزی پێشمەرگە لە گەڵتانداید.

تـــیپی 37ی شـــــارباژێڕ

هەر دوای بانگەوازی شۆڕش لە ڕێگەی دەنگی شۆڕشی عێراقەوە، تیپی ٣٧ی شارباژێڕ لە شەوی ١٩٨٢/٥/٨/٧ چوونە ناو ئۆردوگای سورەقەڵات لە ڕێگەی بڵندگۆوە بە هەر دوو زمانی کوردی و عەرەبی بانگەوازی ڕاپەڕینیان بۆ خەڵکی ئۆردوگاکە بڵاوکردەوە جەماوەری سورەقەڵات بە گەرمی هاتن بە دەنگ بانگەوازی پێشمەرگەوە، ڕەبییەکانی دەوروبەری ئۆردوگاکە گوێیان بۆ بانگەوازی پێشمەرگە هەڵخستبوو کە بە زمانی عەرەبی ئاڕاستەیان دەکردن بە ناوی بەرەی نیشتمانی عێراق (الجبهه الوطنیه العراقیه) و (ی.ن.ک) وە قسەیان دەکرد.

بۆ ڕۆژی دوایی ١٩٨٢/٥/٨ خۆپیشاندان بە گەرمی و فراوانی دەستیپێکرد، داموو دەزگاکانی داگیرکەر لە دۆخێکی هەستیارو ناجێگیر دابوون، دڵەڕاوکێ و نائارامی پیاوانی ڕژێمی هەراسان کردبوو، بۆیە لە ئەنجامی فشاری جەماوەرو خۆپیشاندانەکاندا بەڕێوەبەری دەزگای ئەمنی بەعس و چەند خۆفرۆشێک چوونە ئۆردوگاکە و داوایان لە خەڵک کرد، داواکانیان بخەنە بەردەست کاربەدەستان.

خۆپیشاندەرانیش لە چەند خاڵێکدا داواکانیان خستە ڕوو:

١/ گەڕانەوەی دێهاتە ڕاگوێزراوەکان بۆ شوێنی خۆیان.

٢/ ئازادکردنی کەسووکارە دەستگیرکراوەکانی پێشمەرگە.

٣/ کشانەوەی هێزەکانی داگیرکەر لە کوردستاندا.

٤/ ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان.

دوای ڕادەستکردنی داخوازیەکانیان، جەماوەر بەردەوام بوون لە خۆپیشاندان.

بانگەوازی شەوی ڕابردوی پێشمەرگە بۆ سەربازگەو پیاوانی ڕژێم کاریگەری لە سەر سەربازەکان دانابوو، چونکە بە ناوی بەرەی نیشتمانی عێراقەوە داوایان لێکردن لولەی چەکەکانیان نەکەنە جەماوەر، جەماوەر دژی فاشیستەکانن و سەربازەکان برای ئیمەن (الجنود اخواننا و الفاشی عدواننا) سەربازەکان برامانن، فاشیەکان دوژمنمانن.

خـــــۆپیشاندانی قـــــەڵاچوالان

هاوکات لە گەڵ ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی جەماوەری ماوەت و سورەقەڵات، جـەمـاوەری ئـۆردوگـای زۆرەمـلـێی قـەڵاچـوالان بـە ڕێنوێنی و سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و (ی.ن.ک) خۆپیشاندانی گەورەو فراوانیان ئەنجامدا و ڕووبەڕووی هێزەکانی داگیرکەر بوونەوە.

جەماوەری ڕاپەڕیوو خۆپیشاندەری قەڵاچوالان تەنها بە تاکە چەکی دەستیان کە بەرد بوو، دوو زیلی سەربازیان تێکشکاند.

هاوکات بە چەکی بەرد، سەری ژمارەیەک لە پیاوانی ڕژێمیان شکاندو خوێناویان کردن.

ئامر لیواکە هاتبوو بۆ دامرکانەوەی خۆپیشاندانەکە کەوتە بەر خرە بەردی قەناس ئاسای خۆپیشاندەران و سەری شکاو ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی کرا.

ژنێکی قارەمان ڕووبەڕووی ئامر لیواو پیاوەکانی ڕژێم بووەوە، وەک ڕەشەبا بەر بێتە دەواری شڕ، ٧ کەس لە خۆپیشاندەران بریندار بوون.

دوای خۆپیشاندانەکە لە ترسی گرتن و ڕاپێچکردنیان بۆ زیندان ژمارەیەکی زۆر لە خوێندکاران ڕوویانکردە بەردە زەردو واژەو سنکێ و ناوچە ڕزگارکراوەکان دواتر گەڕانەوە قەڵاچوالان.

پـــەیامی دەنـگی شـــۆڕشی عـــێراق بۆ خـــۆپیشاندەران

ئەی جەماوەری زۆر لێکراوو ستەمدیدەی قەڵاچوالان درێژە بدەن بە ڕاپەڕین و خۆپیشاندان و دەنگتان بەرز بکەنەوە بە ڕووی فاشیستەکانداو داوای گەڕانەوە بکەن بۆ دێهاتەکانی خۆتان، داواکانتان با داوای تێکڕای شارو شارۆچکەو ئۆردوگاکان بێ، ڕازی نەبن چیتر لە ژیانی دیلی و ژێر دەستیدا بژین.

خـــۆپیشاندانی کـــاریزە

جـەمـاوەری کـاریزە بە سەرپەرشتی و هاندانی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) خۆپیشاندانیان بەرەو بارەگای فەوجی سەربازی ناوچەکە دەستپێکرد خوێندکارانی کاریزە سەرمەشق و سەنگەری پێشەوەی خۆپیشاندەران بوون، بە دەیان دروشمی شۆڕشگێڕانە لە خوێندنگەی دەسکەوتەوە بەرەو دامور دەزگا و فەوجی سەربازی کاریزە بەڕێکەوتن.

(امە عربیە قاتلە، زات رسالە فاشلە) یەکێک لە دروشمەکانی خۆپیشاندەران بوو بە دەم ڕۆیشتنەوە بەرەو بارەگای فەوج هاواریان دەکرد (یەکێتی نیشتمانی، ئاگرە بۆ دوژمنانی).

ڕێکخستنەکانی کاریزە ڕیزی پێشەوەی خۆپیشاندەرانیان گرتبوو خوێندکارو جەماوەر ئاوێتەی یەک دروشم و یەک ئامانج بوون، قادر دڕەیی، سالّحی حاجی حەمە شاقولی قامیش، حەمە سەعید گەلّاڵی، حسەین مامەلا قامیشی، لە کەسە دیارەکانی خۆپیشاندەران بوون.

خۆپیشاندانی کاریزە ڕۆژێکی خایاند، هاوسۆزی و پشتیوانی خۆیان بۆ شارو شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان دەربڕی.

خـــۆپیشاندانی کـــەنارو

هـاوکـات و هاوشانی خۆپیشاندانی ئۆردوگـاکـانی کـاریزە- قـەلّاچـوالان – سورەقەلّات، ئۆردوگای زۆرەملێی کەناروێ کە ژمارەیەکی زۆر لە دێهاتەکانی سنووری هەر دوو ناحیەی سیوەیل و ماوەتی تیا نیشتەجێکرابون خۆپیشاندانیان ئەنجام دا.

خۆپیشاندەران پێکهاتبوون لە تێکڕای چین و توێژەکانی کۆمەڵ، کاسبکار، خوێندکار، مامۆستا، ژنان، سەرپەرشتی و پێشڕەوایەتی ڕاپەڕینەکە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە و (ی.ن.ک) بوون.

بەکری مەلا عەزیزی بێوریێ یەکێک لە پێشەنگەکانی خۆپیشاندان و ئەندامی کۆمەڵە بوو، ئەکرەمی خولەقەرە، عارف نۆرکی، ئازادی مام عەلی دەیان کەسی

دیکە لە خوێندکارو کاسبکارو ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) بوون.

دروشـــــمەکانی خـــــۆپیشاندەران

+ چیتان دەوێ ئەمجارە، سەرکەوتن یان سێدارە.
+ چیتان دەوێ کوردەکان، گەڕانەوە بۆ دێکان.
+ ئێستا کێیە سەرۆکتان، مامجەلال و نەوشیروان.

خۆپیشاندانی کەنارو زۆری نەخایاند، ڕژێم سەرکوتی خۆپیشاندانەکەی کرد، بەکری مەلا عەزیزی بێوڕێ دەستگیر کراو پاش ماوەیەک ئازاد کرا.

شەوانە لە ماڵەکانی (١١٠) خۆپیشاندان بەردەوام بوو بەڵام خۆپیشاندانی ڕۆژانە کۆتایی هات، بەندە وەکو نووسەری ئەم کتێبە بەشدارو شایەدحاڵی بەشێک لە خۆپیشاندانەکانی کەنارو سلێمانیش بووم.

نـــاو شـــاری ســـلێمانی

خۆپیشاندانەکانی شاری سلێمانی بەردەوامی هەبوو خوێندکاران و کاسبکاران، ڕێکخستنەکان، بەڕێبەرایەتی (ی.ن.ک) دوژمنیان هەراسان کردبوو،

خەڵکی سلێمانی، دووکان و بازاڕیان داخست، وەکو پاڵپشتیەک بۆ خۆپیشاندانەکان، پیاوانی ڕژێم کەوتنە وێزەی دوکانەکان و ژمارەیەکی زۆر دووکانی هاوواڵتیانیان تاڵانکرد.

لە درێـژەی نـاڕەزایـی و ڕووبـەڕووبـوونـەوەکـانـی پیاوانی ڕژێمدا لە ڕۆژی ١٩٨٢/٥/١٦ هاووڵاتی فازیڵ سەعید عەلی و هاوڕێیەکی بە چەقۆو دەمانچە پەلاماری دوو جاشی ناشەعبیاندا هەر دووکیان بە سزای گەل گەیاند، چەند چەکدارێکی ڕژێم لە نزیک ڕووداوەکە دەسڕێژی گوللەیانکرد، فازیڵ سەعید چەند گوللەیەکی بەردەکەوێ و ڕادەکاتە ناو مزگەوتی بەرخانەقاوە، چەکدارەکانی ڕژێم بێگوێدانە ڕێزو حورمەتی مزگەوت دەسڕێژی گوللە دەکەن بە ناو مزگەوتەکەدا فازیڵ سەعید ئەو هاووڵاتییەی هەڵیکوتایە سەر چەکدارەکانی ڕژێم و بە سزای گەیاندن شەهید دەکەن و پیاوێکی بەسااڵچوش لە ناو مزگەوتەکە بریندار دەکەن، هاوڕێکەشی دەربازی دەبێت.

بۆ ڕۆژی دوایی هەواڵەکە لە دەنگی شۆڕشی عێراقەوە خوێندرایەوەو لە درێژەی هەواڵەکەدا هاتبوو، ئا بەم شێوەیە دڕندەکانی بەغدا فاشیەتی خۆیان دەسەلمێنن و ئەمە یەکەم کاری لەم شێوەیە نییەو هەموو لایەکمان دەزانین کە چۆن و بە چ شێوەیەکی دڕندانە لە ناو شارەکانی کوردستاندا، لە ناو پەیمانگا و زانکۆدا کەوتونەتە تەقەکردن و هەڕەشەی کوشتن و داپلۆسینی جەماوەر کە لە ڕاستیدا بە پێی سەرەتا یاساییەکانی مافی مرۆڤ و ڕێزو پایەی مەسەلە دینیەکان ئەمە تاوانێکی گەورەیە و دژی شوێنە پیرۆزەکانە خۆپیشاندان ڕۆژانە لە ناو شاری سلێمانی دا بەردەوام بوو، لە ئەنجامی ڕووبەڕووبوونەوەی هێزە سەرکوتکەرەکان و خوێندکاران و کاسبکاران بە دەیان کەس دەستگیرکران، ڕژێم گەڕەک و شەقامەکانی تەنیبوو، ڕێکخستنەکان بە دەیان ئۆتۆمبێلی سەربازیان سووتاند، ترسیان خستبووە دڵی داگیرکەرەوە.

خۆپیشاندانی سنوری پارێزگای سلێمانی

١١ شەهید

٢٣ بریندار

١٣١ دەستگیرکراو هەبوون لە ژێر فشاری خۆپیشاندەراندا دەستگیرکراوەکان ئازادکران.

خـــۆپیشاندانی چـــوارقورنە
1982/5/1

بۆ پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانی جەماوەری شاری قەڵادزێ و هاوخەمی بۆ شەهیدانی ئەو شارە لە شارۆچکەی چوارقورنەش خۆپیشاندانی جەماوەری بەڕیوەچوو.

ساڵی ١٩٨٢ بۆ پشتیوانیکردن لە خۆپیشاندانی شاری قەڵادزێ شەوی ١٩٨٢/٥/١ لە بڵندگۆی مزگەوتی بنزێریان ئامادە سازی بۆ خۆپیشاندانکرا، کاسیەتێکی تۆمارکراو بە دەنگی ئەحمەدی حاجی قادر کە پێشمەرگە بوو لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە گەیەندرایە دەست خۆپیشاندەران، کاسیەتەکە چەند ڕێنماییەکی تیادا تۆمار کرابوو، لە ڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتی بنزێریان کاسیەتە دەنگیەکە بڵاوکرایەوە،

کاسیەتێکی سروودەکانی (ناسری ڕەزازی) ش خرایە سەر بڵندگۆی مزگەوتەکە، یەکێک لە خۆپیشاندەران بە ناوی (ئیسماعیل سوڵتان) بە دیار کاسیەتەکەوە دانرا، بڵاوکردنەوەی کاسیەتە دەنگیەکە لە ڕێگەی بڵندگۆی مزگەوتەوە جۆش و خرۆشی خستە ناو جەماوەری چوارقوڕنەوە، گوڕوتینی پێبەخشین، بۆ بەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/٥/١ ڕێکخستنەکان بە سەر گەڕەک و ناو بازاڕدا دابەشکران، لە گەڕەکی میرزا ڕۆستەمی و گەڕەکەکانی دیکەش ئامادەیی باش کرابوو.

بەشێکی زۆر لە ڕێکخستنەکان بە سەر گەڕەکەکاندا دابەشکران، مەلا ئاری سەرپەرشتی بەشێک لە ڕێکخستنەکانی دەکرد.

کاتژمێر (٧)ی بەیانی خەڵک سازو ئامادە بوون بۆ خۆپیشاندان، ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) و جەماوەری خرۆشاوی چوارقوڕنە لە فولکەی ناوەندی شار کۆبوونەوە، هێزەکانی ڕژێمی عێراق لە ناوەندی شار بوون، بۆ بڵاوە پێکردنی خۆپیشاندەران ، دکتۆر جومعە بنزێری و عەلی ئەمین شووشەیەکیان پڕ نەوت کرد، پڵیتەیان تێکردوو گڕیاندا و هەڵیاندایە ناو ناقیلەکە.

دوای هەڵدانی فتیلەکە بۆ ناقیلەکە هێزەکانی دوژمن تەقەیان لە خەڵک کرد، تێکڕا (١٣) کەس لە خۆپیشاندەران بریندار بوون کە یەکەم بریندارییان (ئەحمەد سەپان) بوو.

جەماوەری خرۆشاوو گڕگرتووی چوار قوڕنە هەڵمەتیان بردە سەر دامەزگاکانی بەعس و ژمارەیەک فەرمانگە و بارەگای حزبی بەعسیان دەست بە سەرداگرت.

بە هۆی نزیکی فیرقەی چوارقوڕنە ئەو ڕۆژە خۆپیشاندانەکان کپکرانەوە بۆ ڕۆژی دواتر تەشەنەیکردو پەڕیەوە ڕانیە، خۆپیشاندانی جەماوەری لە ڕانیە دەستپێکرد.

لە یەکەم ڕۆژی خۆپیشاندانی جەماوەری چوارقوڕنەدا، مولازم موحسین هاتە چوارقوڕنە لەوێشەوە چووە ڕانیە، تا ماوەی هەفتەیەک نەیتوانی بگەڕێتەوە سلێمانی چوونکە هەموو ڕێگەکانی، دەربەندی ڕانیەو دۆڵی سەرکەپکان دەستیان بە سەردا گیرابوو.

دروشمی جەماوەرو ڕێکخستنەکانی چوارقوڕنە هەمان دروشمی خۆپیشاندانەکانی قەڵادزێ بوون دەوترانەوە، لە گەڵ هەندێک دروشمی میللی یەکێک لە دروشمەکان کە بە زمانی عەرەبی بوو (الجنود اخواننا، الفاشی اعدائنا) دروشمی میللی و خۆڕسک هەبوو زادەی هەست و سۆزی خەڵک بوو، پیرەژنێک لە چوارقوڕنە تاکێک پێڵاوی لە پێدابوو تاکەکەیتری بەدەستەوە بوو پێڵاوەکەی بەرزدەکردەوەو دەیووت (سەدام ئەو پێڵاوەیە).

ڕۆڵـــی ئـــۆردوگای چـــوارقوڕنە

ئۆردوگای چوارقوڕنە لە ساڵی ١٩٧٩ دروستکرا خەڵکی دێیەکانی بناری قەندیلی تیا نیشتەجێکرابوون کە بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی ڕاگوێزرابوون.

دانیشتووانی ئۆردوگای زۆرە ملێی چوارقوڕنە گرو تینی گەورەیان بە خۆپیشاندانەکە بەخشی، ژن و پیاوو منداڵی ئۆردوگای چوارقوڕنە لە ماڵ هاتنە دەرەوە بەرەو شارۆچکەی چوارقوڕنە هاتن جەماوەری خۆپیشاندەری چوارقوڕنە بە سۆزو خۆشەویستیەوە بەرەو پیری جەماوەری ئۆردوگاکە ڕۆیشتن و پێیان وتن (بە خێر هاتی ئۆردوگا- ڕژێمی صدام ڕووخا).

ڕۆڵـــی ژنـــان لە چـــوارقوڕنە

ژنان لە خۆپیشاندانی چوارقوڕنەدا ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە هاندان و جۆشدانی خەڵکی چوارقوڕنەو ئۆردوگای چوارقوڕنەدا لە ناو ژنانیشدا چەند ژنێک ڕۆڵی پێشەنگ و پێشڕەویان بینی.

ئەمیرە پیرۆت کچێکی خوێندکار بوو، ڕۆڵی گرنگی بینی لە خۆپیشاندانەکاندا، گوڵە خان بە هەمان شێوە ژنێکی پێشەنگ و سەرمەشقی خۆپیشاندانەکانی چوارقوڕنە بوو، ئەوان هەوێنی سازدان و جۆشدانی ژنان بوون، بەشێک لەو ژنانەی بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کرد لە ڕیزی ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک)دا بوون.

ئـــەحمەد ســـــەپان

ئەحمەد سەپان و تیکڕا (١٣) کەس لە ڕیزی خۆپیشاندانەکاندا بریندار بوون، ئەحمەد سەپان بە بریندارى گەیەندرایە ناوچەی ئازاد کراو لە دۆڵی ئاکۆیان چارەسەری بۆ کرا، ئەو دەمە خوێندکاری پۆلی یەکی خانەی مامۆستایان بوو، دوای چەند ڕۆژێک بە بریندارى گەڕایەوە خوێندن، بەڵام بەڕێوەبەری خانەی مامۆستایان لە قاتی دووەمـەوە فڕێیدایە خوارەوە لە بەر ئەمەی بەشداری خۆپیشاندانەکانی کردبوو.

بـــــرینداڕەکانی ڕاپەڕینی ســـــاڵی (١٩٨٢) چـــــوارقوڕنە

١٩٨٢/٥/١

١/ ئەحمەد محەمەد عبدالله (ئەحمەد سەپان)

٢/ مەولود عومەر بۆڵی

٣/ عەلی حەمە بۆر سەنگەسەری

٤/ باقی هۆمەر پیرۆت

٥/ سەرهەد عەبدوڵڵا سوور

٦/ خدر نادر جاف

٧/ یاسین سالّح چنارانی

ئەحمەد سەپان ڕۆڵی کاریگەری هەبوو لە خۆپیشاندانەکاندا، خوێندکار بوو لە خانەی پێگەیاندنی مامۆستایان لە سلێمانی، ڕۆژێک پێش خۆپیشاندانەکە گەڕایەوە چوارقوڕنە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکان.

ڕاپـــەڕینی ڕانـــــیە

هاوشانی ڕاپەڕینی شـارو شارۆچکەکانی کوردستان، دوای شەهید بوونی مامۆستا سنەوبەرو ئامینە سوور لە شاری خۆڕاگری قـەڵادزێ، بۆ پاڵپشتی لە ڕاپەڕینی ناوچەکانیتری کوردستان، شاری هەمیشە پێشەنگ و خۆڕاگری ڕانیەش خۆپیشاندانیان دەستپێکرد.

ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢ خۆپیشاندانی جەماوەری لە ناو شاری ڕانیە دەستپێکردوو تا ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٤ ی خایاند، نزیکەی (٢٠) هەزار کەس لە خەڵکی تێکۆشەرو کۆڵنەدەری شاری ڕانیە و ئۆردوگاکانی دەوروبەری ڕژانە سەر شەقامەکان و ڕاپەڕینیان دەستپێکرد.

خۆپیشاندان لە بەردەم مزگەوتی ڕانیە دەستپێکرد[٧]، خۆپیشاندەران بەرەو سەر قولەی ڕانیە ڕۆیشتن لەوێوە هاتنە ناو بازاڕ، لەوێشەوە بە بەردەمی مونەزەمەدا تێپەڕین، بۆ جاری دووەم بە سەر قولەدا گەڕانەوەو بە بەردەمی مونەزەمەدا تێپەڕین.

خۆپیشاندەران چەندین دروشمیان بە کوردی و عەرەبی دەوتەوە، دروشمەکان دژی ڕژێمی بەغداو دامود دەزگا داپڵۆسێنەرەکان بوون، داواکاری خۆپیشاندەرانی ڕانیەش، هەمان داواکاری خەڵکی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بوو لە گەڕانەوەی دێیەکان بۆ سەر مواڵک و ماڵی خۆیان و ئازادکردنی زیندانیەکان.

هـــاتنی مـــلازم مـــوحسین

دامود دەزگاکانی ڕانیە بۆ بڵاوەپێکردنی خۆپیشاندەران و کپکردن و کۆتایی هێنان بە خۆپیشاندان لە شاری ڕانیە پەنایان بردە بەر مولازم موحسین.

مولازم موحسین لە سلێمانیەوە هاتە ڕانیە بەڵام لە بەردەم شەپۆلی ناڕەزایی جەماوەری ڕانیەدا دەستەوەسان و بێدەسەڵات بوو بە مونەزەمەی حزبی بەعسی وتبوو ئێوە وتووتانە چەند خوێندکارێک خۆپیشاندان دەکەن بەڵام دەبینم شار خرۆشاوە.

هـــاتنە نـــاوەوەی پـــێشمەرگە

شەوی (٢)ی مانگ پێشمەرگە هاتنە ناو شار بەڵام لە کونەسەی ئاگادارکرانەوە بگەڕێنەوە.

شەوی ١٩٨٢/٢/٤/٣ هێزی پێشمەرگە بە فەرماندەیی سواراغا هاتنە ناو شار، بەشێک لە پێشمەرگەکان لە سەر (ماجیلە) دۆشکەیەکی (١٢,٥) یان دانا بۆ لێدانی

[٧] لە ١٩٩١/٣/٥ یش ڕاپەڕینی شاری ڕانیە هەر لە بەردەم مزگەوتی گەورە دەستپێکرد.

جوولّەی سەربازگەکانی دوژمن و پارێزگاری لە خەڵک و پێشمەرگە.

وتـــارەکەی دکـتۆر مـوشیر

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە ناو شاردا بوونی هەبوو، دکتۆر موشیر کادیری (ی.ن.ک) لە ناو مزگەوتی گەورەی ڕانیەدا وتارێکی ئاگرینی بە زمانی عەرەبی پێشکەشکرد، هەر لەو وتـارەدا هەڕەشەی لە مـولازم موحسین کرد کە لە ناو بارەگای مونەزەمەی ڕانیەدا خۆی شادبوو لە بڵندگۆی مزگەوتی گەورەی ڕانیەوە بانگیکرد ئەوا هێزی پێشمەرگە لە ناو شارە وەرە دەرەوە، بەڵام نە موحسین نە سەبازگە و مونەزەمەی حزبی بەعس نەیانوێرا یەک هەنگاو لە بارەگاکانیان بێنە دەرەوە، بەڵکو لە ترسی پێشمەرگە لە کونی ژورەوە خۆیان حەشاردا بوو هەمانکات سواراغاش وتارێکی پێشکەشکرد .

شـــەهید و بـــرینداڕەکان

خۆپیشاندانی جەماوەری لە شاری ڕانیە لە ١٩٨٢/٥/٢ دەستیپێکردوو چەند ڕۆژێکی خایاند هێزەکانی داگیرکەر بە چەک ڕووبەڕووی خۆپیشاندەران بوون و تەقەیان لە خەڵکی خرۆشاوو ڕاپەڕیوی ڕانیە کرد لە ئەنجامدا ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران شەهید و بریندار بوون.

شـــــەهیدەکان

لە خۆپیشاندانی ڕانیە دا سێ کەس لە خۆپیشاندەران لە ڕۆژانی یەکەم و دووەمی خۆپیشاندانەکاندا شەهید بوون، لە ڕێوڕەسمی گەورەی جەماوەری و بە دەم سروودی ئەی شەهیدان و نەسرەوتن تا سەرکەوتن لە گۆڕستانی (کونەسە) بە خاکسپێردران کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید بابەکر محەمەد حەسەن

٢/ شەهید عەبدوڵڵا پیرۆت بایز

ئەم دوو شەهیدە لە بەردەم مزگەوتی گەورەی ڕانیە شەهید بوون.

٣/ شەهید ئیسماعیل مام کاکل

شەهید ئیسماعیل دانیشتووی ئۆردوگای ڕانیە بوو لە بەردەم شارەوانی ئێستای ڕانیە شەهید بوو.

بـــــریندارەکان

لە ئەنجامی تەقەکردنی ئەمن و ئیستخبارات لە خۆپیشاندەرانی ڕانیە، چوار کەس لە خۆپیشاندەران بریندار بوون:

١/ عەبدوڵڵا لێو ڕەش

٢/ دەرسیم عەبدوڵڵا

٣/ سەیران کاکەمین

٤/ کەژاڵ عەلی

خـــۆپیشاندان لە هـــەولێر زانـــکۆی ســـەلاحەدین 1982/5/2

بۆ پشتگیری لە خۆپیشاندانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان وەکو تێکڕای شارەکانیتری کوردستان خۆپیشاندان و ناڕەزایی شاری هەولێریشی گرتەوە کە لە زانکۆی سەلاحەدینەوە دەستیپێکرد.

جگە لە پشتگیری ڕاپەڕینی ناوچەکانیتری کوردستان کە لە (قـەڵادزێ) وە سەرچاوەیگرت و گڕو کڵپەی سەند تا زۆربـەی شارو شارۆچکەکانی گرتەوە، خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین تاسەباری ڕاگواستنی زانکۆی سلێمانیش بوون کە زۆربەی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین لەو دەمەدا خوێندکاری ئەو زانکۆ ڕاگوێزراوە غەدرلێکراوە بوون کە ناوەندێکی گەورەی زانستی و چاوگی کورداییەتی بوو.

ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) ئامادە سازی تەواویان کردبوو بۆ خۆپیشاندان، هەر ڕێکخستنەکان داینەمۆو پێشەنگی ڕاپەڕین و ناڕەزایی و خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەدین و شاری هەولێری دلێر بوون.

ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) لە ناو زانکۆدا یاسین حسێن ژاژڵەیی، عوسمان غەریب، جەبار مەحموود ڕەسوڵ، لوقمان سدیق، سەباح زەنگەنە، سیروان مەحموود، عەلی

سیاسی، نیشتمان سەعدون، مامۆستا تالیب، ڕێکخەرو پێشەنگی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی زانکۆی سەڵاحەدین بوون.

لە ناو زانکۆی سەڵاحەدین دا چەند بەیاننامەیان بڵاو کردەوەو لە سەر دیوارەکان چەندین دروشمی شۆڕشگێڕانەیان نووسی کە گوزارشت بوو لە مەسەلەی ڕەوای کوردو بەرپەرچدانەوەو و پوچەڵکردنەوەی سیاسەتەکانی ڕژێم.

ڕێکخەرانی خۆپیشاندانەکەی زانکۆی سەڵاحەدین بە خوێندکارانیان ڕاگەیاند کە لە دەنگی گەلی کوردستانەوە بانگەواز بۆ خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین بڵاودەکرێتەوە سەبارەت بە خۆپیشاندان.

لە گەڵ بڵاوکردنەوەی بانگەواز لە دەنگی گەلی کوردستانەوە بۆ خوێندکارانی زانکۆ خۆپیشاندان دەستپێکرد.

ڕۆژی یـــــەکەم

سەرەتای خۆپیشاندانەکە لە کۆلێژی ئەندازیاری دەستپێکرد کە دەکەوتە سەر ڕێگەی سەرەکی هەولێر کەرکوک، بەرەو کۆلێژی زانستی ڕۆیشتن چەکدارو پیاوانی ڕژێم تەقەیان لە خۆپیشاندەران کرد، خوێندکارانی کۆلێژی زانست ڕژانە گۆڕەپانی کۆلێژو بەرەو دەرەوە ڕۆیشتن خوێندکارە بەعسیەکان پەلاماری خوێندکارە خۆپیشاندەرە کوردەکانیاندا، خوێندکارانی کۆلێژی زانستی بەرەو دەرگای سەرەکی کۆلێژ هەنگاویاننا تا لە گەڵ خوێندکارانی کۆلێژی ئەندازیاری یەکبگرن بەڵام هێزێکی زۆر بە چەکەوە وەستا بوون لە گەڵ خوێندکارە ئیتیحادیەکان خوێندکارە خۆپیشاندەرەکان خۆیان دەربـاز کـرد، بەختیار حەسەن، سیروان مەحموود دەستگیرکران بردیانن ژوری ئیتحادیەکان ناسنامەیان لە سیروان مەحموود وەرگرت.

گۆڕەپانی کۆلێژ خرۆشا بوو دەیان دروشمیان دەوتەوە، دەزگا سیخوڕیەکان چواردەوری کۆلێژیان گرتبوو سیروان مەحموود، بەختیار حەسەن دەرفەتیان هێناو ڕزگار بوون، دۆخەکە بەو شێوەیە مایەوە تا پاش نیوەڕۆ ڕێگەی خۆپیشاندەران درا بچنە دەرەوەی کۆلێژ.

ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٢ خۆپیشاندان بەردەوام بوو شەپۆلی خۆپیشاندەران بەرەو کۆلێژی پەروەردە ڕۆیشتن کە نزیک بوو لە سەرۆکایەتی زانکۆ لەوێشەوە بەرەو ناو شارو شێخەڵڵا ڕۆیشتن.

لە لایەکی دیکەوە خوێندکارانی کۆلێژی ئابوری بەرەو ناو شار هاتن، جاش و پیاوەکانی ئەمن تەقەیان لێکردن.

خوێندکارانی خۆپیشاندەر لە ماڵ و دوکانەکانی نزیک گەراجی سەرەکی گواستنەوەی هەولێر خۆیان حەشاردا، بەشێکیان چوونە ناو ماڵەکانەوە.

نـــەخشەو پـــلانی بـــەیانی ڕۆژی 1982/5/3

ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) پلان و نەخشەی خۆپیشاندانیان بۆ بەیانی دانا، ئەو شەوە لە بەشی ناوخۆیی ئیسکان کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا بەشێکی زۆر لە نوێنەری کۆلێژەکان ئامادە بوون بڕیاردرا کاتژمێر (٩)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٢/٥/٣ خۆپیشاندان بەرنەوە بازاڕی شێخەڵڵاو ناو شاری هەولێر.

ڕۆژی دووەم

ڕۆژی دووەمی خۆپیشاندان بەردەوام بوو خوێندکارانی کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین بەرەو ناو شاری هەولێر ڕۆیشتن، هاوکات بۆ پشتیوانی و بەشداری لە خۆپیشاندانەکەی خوێندکارانی کۆلێژی کشتوکاڵ لە ئاسکی کەڵەکەوە گەیشتنە هەولێرو تێکەڵ بە خۆپیشاندانەکان بوون.

لـە دەوروبـــەری ئوتێل فـەرید دەزگـا سیخوڕیەکان و جـاش تـەقـەیـان لە خۆپیشاندەرانکرد ژمارەیەک خوێندکار بریندار بوون.

١/ یاسین حسێن هەمزە کۆلێژی کیمیا
٢/ بەختیار عەلی کۆلێژی زانست – جیولۆجی
٣/ عەزیز کەرکوکی کۆلێژی زانست – فیزیا
٤/ سەفا سدیق ڕەشید کۆلێژی زانست – جیولۆجی

٥/ مەهداوی ئەحمەد پیرە کۆلێژی کارگێڕی
٦/ ئارام کۆلێژی پزیشکی
٧/ محەمەد عوسمان قەڵادزەیی کۆلێژی زانست
٨/ خەسرەو جەمال

بریندارەکان گواستراندوە نەخۆشخانەی جمهوری لە نەخۆشخانە سەفا صدیق (سەفا کەرکوکی) شەهید بوو.

گـــواستنەوەی بـــــریندارەکان

کاتژمێر (٩)ی شەو بریندارەکانیان بەرەو نەخۆشخانەی هەولێر گواستەوە، لە هۆڵێکدا ئەم چەند کەسەیان کۆکردەوەو لێکۆڵینەوەیان لە گەڵدا کردن.

کە ئەوان داینەمۆو هەڵسوڕێنەری خۆپیشاندانەکە بوون

١/ یاسین حسێن هەمزە (یاسین ژاژڵەیی)
٢/ مەهداوی ئەحمەد
٣/ عەزیز کەرکوکی
٤/ محەمەد عوسمان
٥/ ئارام
٦/ خەسرەو جەمال

کە لە نەخۆشخانەی هەولێر (یاسین حسێن) یان گواستەوە خستیانە ژورێکەوە (محەمەد عوسمان) ی تیا بوو گوللەیەک بەر سنگی کەوتبوو.

ئەم شەش کەسە لە ژێر چاودێری وردی پاسەوانی نەخۆشخانەکەدا بوون، زۆری نەبرد (بەختیار عەلی)یش بە بریندای هێنرایە لایان.

چارەسەری پزیشکی لە گەڵ مامەڵەیەکی خراپی بەعسیانەدا بۆ بریندارەکان دەکرا، چارەسەرێک پڕ لە ئیهانە.

لە ڕێکەوتی ١٩٨٢/٧/١٤ ئەمنی هەولێر لە نەخۆشخانەو بە بریندای (یاسین حسێن) یان بردە دائیرەی ئەمن هەر چەند دکتۆر ووتی بریندارە و ئێستاش پێویستی بە چارەسەرەو دەبێت لە ژێر چاودێری پزیشکدا بێت بەڵام سوودی نەبوو.

شـــەهید بـــوونی ســـەفا

سەفا سدیق ڕەشید (سەفا کەرکوکی) دوای تێکردنی (١٣) بتڵ خوێن لە نەخۆشخانەی جمهوری گیانی لە دەستداو شەهید بوو.

سەفا سدیق پێش شەهید بوونی وەسیەتنامەیەکی بە عەرەبی بۆ دایکی نووسیوە کە ئەمە دەقی وەرگێڕدراوەکەیەتی:

بۆ دایکی خۆشەویستم ئەمە وەسیەتەکەمە...

لە دڵێکی پڕ هەنسکی ڕۆژگارەوە لە گەروی بولبولی سەرچڵانەوە، لە بوکێکەوە کە مارەییەکەی خوێنە نەک پارە، لەو قەدەرەوە کە منی هێنایە دنیایەکی بێ نیشتمان لە هەموو ئەوانەوە کە باسمکردن خوێن و دڵم بۆ تۆ لێدەدات دایە گیان.

من چەکم هەڵگرتووە دژی زوڵم و زۆرداری کە بێدەنگ بوون لە ئاست ئەو زوڵمەدا درێژەی کێشا بەڵێ من بەرەو ئاگر چووم، بەڵام خەمبار مەبە من دەبمە مەدالیای شەرەفی بەرۆکی بنەماڵەکەمان، ئەو شەهادەتە زۆر گەورەترە لەو دکتۆرایەی کە تۆ لە منت دەوێت، هەموو هەڵەکانم ببووڕە، من بە گوللەیەکی ترسنۆکەکان، یان لە ژێر قامچی جەللادەکاندا دەمرم بەڵام تو خوا دایە گیان ڕۆژی مەرگم بکە بە شادی و خۆشی لە ماڵی سدیق ڕەشیدی باوکم کە بە درێژایی ژیانی لای نەداو ڕاست و ڕەوان ڕۆیشت و پشتیوانی هەق بوو.

بەڵێ پرسە دامەنێ، جلی ڕەش لە بەر مەکە، ئەو ڕۆژە بکە بە ڕۆژی شادی، چونکە کازیوەی سەرکەوتن بەڕێوەیە و هەر دەگاتە ئاسۆ.

کوڕت

سەفا سدیق ڕەشید

١٩٨٢/٥/٣

کاتژمێر (٨)ی بەیانی

ڕۆژی ســـێیەم
1984/5/4

ڕۆژی سێیەم خۆپیشاندان بـەردەوام بـوو گەیشتە خوێندنگە نـاوەنـدی و ئامادەییەکان دروشمی شۆڕشگێڕانەیان دەوتـەوەو گردبوونەوەیان دروووست دەکرد ڕژێم کەوتە ناویان و ژمارەیەکی لێگرتن، لە تێکڕای (٣) ڕۆژی خۆپیشاندانی خوێندکاراندا دەیان خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین و شوێنەکانیتر دەستگیرکران.

پـــۆلیسی فـــریاکەوتن

پۆلیسی فریاکەوتنی هەولێر بە فەرمانی دەزگا سیخوڕیەکانی هەولێر چەندین خوێندکاریان دەستگیرکرد بەڵام هەتا بۆیان بکرایە و دەرفەتیان هەبووایە لە ڕێگا ئازادیان دەکردن.

هـــەڵوێستی خـــەڵکی هـــەولێر

لە گەڵ ڕاوەدونانی خوێندکارانی زانکۆو پەیمانگاو ناوەندیەکان لە ڕۆژانی خۆپیشاندانداد دەرگای ماڵەکانی هەولێر کراوەو لە سەر پشت بوو بۆ ئەو خوێندکارانەی لە دەستی هێزە داپڵۆسێنەرەکانی دەزگای ئەمن هەڵاتبوون، خوێندکاران دەچوونە ماڵەکان جل و بەرگی ماڵەوەیان پێدەدان خزمەتیان دەکردن تا دۆخەکە ئاسایی دەبووەوە.

هـــاتنی فازل بـــەڕاك

ژمارەیەکی زۆر خوێندکار دەستگرکرا بوون بەڕێوەبەری ئاسایشی گشتی عێراق (ئەمنی عامەی عێراق) گەیشتە هەولێر، دوای هەڵسەنگاندنی دۆخەکە لەو ڕاستیە گەیشتن کە دەستگیرکردنی خوێندکاران هێندەیتر دۆخەکە ئاڵۆز دەکات هەر بۆیە چاوپێکەوتنی لە گەڵ خوێندکارە دەستگیرکراوەکان ئەنجامداو دوای ماوەیەک خوێندکارەکان ئازاد کران زانکۆی سەلاحەدین دەستی بە خوێندن کردەوە بەڵام بە بڕیارێک ژمارەیەکی زۆر خوێندکاریان وەکو سزا گواستەوە بۆ زانکۆی بەسرە.

گـــواستنەوەی خـــوێندکاران

دوای ئازادکردنی دەستگیرکراوەکانی خۆپیشاندانەکە بە بڕیاری دیوانی سەرۆکایەتی کۆمار ژمارە ق/م/١١٦٣٢/٩ نەهێنی، لە ١٩٨٢/٩/٢٦ ،(٧٤) خوێندکار وەکو سزایەک دوورخرانەوە بۆ زانکۆی بەسرە کە ئەمە ناوەکانیانە:

١/ ئەمین قادر مینە
٢/ نەزیهە مستەفا عەزیز
٣/ ئازاد محەمەد سەعید مەجید
٤/ ساریژ مەعروف محەمەد
٥/ کەمال ڕەئوف ڕەسوڵ
٦/ بەختیار عەلی محەمەد
٧/ محەمەد عوسمان سالّح
٨/ یاسین حسێن هەمزە
٩/ شەهد ڕەسوڵ
١٠/ سەلیم ڕەشید عەولّا
١١/ نیگار تۆفیق مەجید
١٢/ پەرژین محەمەد ئەمین
١٣/ کاوە حەوێز صبوح
١٤/ بێریڤان ئەحمەد
١٥/ گێلاس مەحموود ڕەشید
١٦/ ئەرجوان عەبدولڕەحمان ڕەسوڵ
١٧/ وریا سەلیم محەمەد عەلی
١٨/ ڕووخۆش خواکەرەم عەلی
١٩/ لیز محەمەد قادر
٢٠/ ئەردەلّان جەلال فەتاح
٢١/ نەجات نوری غەریب

٢٢/ لەیلا تاهیر مەحموود
٢٣/ کەمال حەمە عەلی
٢٤/ حەمە سعید حەمە عەلی
٢٥/ شنە نوری محەمەد عەلی
٢٦/ سوعاد قادر حەمە عەلی
٢٧/ محەمەد جەزا محەمەد ئەمین
٢٨/ سامان عەزیز قادر
٢٩/ قاسم عەزیز فەتحوڵڵا
٣٠/ گوهدار فەتحی مەحموود
٣١/ صبری ئەنوەر فەخری
٣٢/ شەهلا ئەنوەر فەرەج
٣٣/ موحسین شەفیق محەمەد
٣٤/ سیروان محەمەد سالّح
٣٥/ ڕەنجبر مەحموود حەسەن
٣٦/ بەختیار حامید مەجید
٣٧/ سامان عەلی شەریف
٣٨/ خەدیجە محەمەد تاهیر
٣٩/ نەجات محەمەد تۆفیق
٤٠/ اروڵ عەبدولعەزیز خزر – تورکمان
٤١/ مهاباد قادر حەمە
٤٢/ ئازاد سەعید عەبدوڵڵا
٤٣/ دڵسۆز عەلی فەرەج
٤٤/ ڤیان ڕشید یونس
٤٥/ دڵخۆش محەمەد ڕەسوڵ
٤٦/ خەبات محەمەد سالّح

٤٧/ مەهداوی ئەحمەد محەمەد
٤٨/ سەروەر حەمە ئەمین عارف
٤٩/ فواد عەلی محەمەد سالّح
٥٠/ جوان محەمەد عەبدولعەزیز
٥١/ ئاوات داود حەمە ڕەحیم
٥٢/ بەختیار عەبدولکەریم سەعید
٥٣/ ڕزگار عومەر عەبدوللّا
٥٤/ شاهۆ ئەحمەد کەریم
٥٥/ ڕێزان کەمال نوری
٥٦/ ڕازاو عەبدوللّا میرزا
٥٧/ ئاوات مستەفا حەمە ڕەش
٥٨/ نوری حەمە سەعید
٥٩/ ڕەوشەن ئەمین عەلی
٦٠/ تورنک حەمە ڕەشید فەتاح
٦١/ والی الجاف محەمەد
٦٢/ سەدرەدین عومەر حەمە عەلی
٦٣/ شوان سالّح عارف
٦٤/ تاڤگە محەمەد سالّح
٦٥/ ڕازاو محەمەد عەتا ڕەشید
٦٦/ شلێر عەبدولقادر سەعید
٦٧/ مەعسومە فتاح فارس
٦٨/ عەتا مستەفا حسێن
٦٩/ خالید حەمید عومەر
٧٠/ حسێن حەمە کەریم ڕەحیم
٧١/ عومەر عەلی ئەحمەد

/٧٢ گوڵاڵە بابە ڕەسوڵ
/٧٣ بەرزان حەمە قادر
/٧٤ گەردی حسێن عەبدوڵڵا

تێبینی:

چەند ناوێک لە لیستەکەدا ڕوون نیە ئەگەر بە هەڵە نووسیبێتم داوای لێبوردن دەکەم.

خـــۆپیشاندانی کـــــەرکوك
1982/5/6

وەک پاڵپشتیەک بۆ خۆپیشاندانی جەماوەری شاری قەڵادزێ لە یادی هەشت ساڵەی بۆردوومـانـی ئـەو شـارەدا، جـەمـاوەری شـاری کـەرکوک بە پشتیوانی رێکخستنەکانی کۆمەڵە و (ی.ن.ک). خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەری بەڕێوەچوو جەماوەرێکی زۆر لە خەڵکی دڵسۆزو تێکۆشەری کەرکوک بە پشتیوانی (ی.ن.ک) و بە بەشداری بەرچاوی خوێندکاران و ژنان و تێکڕای توێژەکانیتر لە گۆڕستانی شێخ محیەدینی شاری کەرکوک کۆبوونەوە.

سەرەتای خۆپیشاندانەکە بە ووتنەوەی دەیـان دروشمی شۆڕشگێڕانە لە گۆڕستانی شێخ محیەدینەوە دەستپێکرد بۆ نزیک تەکیەی تاڵەبانی لەوێوە بەرەو گەڕەکی بەر تەکیە و لەوێشەوە بۆ گەڕەکی ئیمام قاسم و چایخانەی حەسیرەکە بەڕێکەوتن تا دەهات خۆپیشاندانەکە فراوانتر و گەورەتر دەبوو لەوێشەوە بەرەو بازاڕی جووت قاوەو پردەکە ڕۆیشتن تا گەیشتنە بەردەم پارێزگای کەرکوک.

دروشمە سەرەکیەکانی جـەمـاوەری خۆپیشاندەری کەرکوک پڕ بـوون لە ڕووحی کوردانەو یەکێتیانە هەموان تێکڕاو بە یەک دەنگ دەیانووت.

+ بەهێزی مامە ڕیشە دوژمن دەکەین بە شیشا.

+ کەرکوک شاری کوردانە با لێی دەرچێ بێگانە.

خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی شاری کەرکوک کە بۆ پاڵپشتی قەڵادزێ ئەنجامدرا بوو لە لایەن داموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی بەعسەوە بە گوللە وەڵامدرانەوە بە شێوەیەک (١٩٥) کەس دەستگیر کران (٩٥) کەسیان بریندار بوون.

ئۆتۆمبێلی ئیستخبارات و دەزگا سیخوڕیەکانی بەعس کەوتنە ناو خەڵک و فاشیانە و بەعسیانە خەڵکیان دەشێلاو دەکرد بە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلەکانیانەوە، چەندین کەس لە خۆپیشاندەران کران بە ژێر تایەی ئۆتۆمبێلی ئەمن و ئیستخبارات و دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی ناو شاری کەرکوک.

خۆپیشاندەرە دەستگیرکراوەکان گواستراندەوە بۆ ئەمنی کەرامە، ٩٥ کەس بریندار بوون (١١) کەسیش شەهید بوون ڕێکخستنەکانی ناو شاری کەرکوک چەند ڕۆژێک

لەوەوبەر ئامادەییان بۆ خۆپیشاندانەکە کردبوو، لە ڕێگەی ڕایەڵەی ڕێکخستنەکان و شانەکانی ڕێکخستنەوە خەڵکیان ئاگادار کردبووەوە زەمینەی خۆپیشاندانەکەیان سازو دەستەبەر کرد.

ناوی شەهیدەکان

١/ فەرەیدون فەتحوڵڵا

٢/ عەباس عەلی مەولود

٣/ ئەنوەر عەلی مەولود

٤/ ئازاد عەبدولقادر

٥/ ڕەسوڵ کەریم

٦/ عەبدولقادر حەسەن

٧/ عەلی خەتاب

٨/ جەلال ئەحمەد

٩/ ڕەشاد موراد



بسم الله الرحمن الرحيم
الجمهوريه العراقيه

وزاره التعليم العالي والبحث العلمي
جامعه صلاح الديـــن
مديريه التسجيل العامه
مكتب السجل العام
العدد / ٣ س/ ٧٨٢
التاريخ ٣/ ١٠/ ١٩٨٣م

(العلم نور والجهل ظلام)

سجل مركزي

اداري

المرفقات / الرقم ١٧٠٠ في ١٩٨٣/٩/٢٠ .

تقرر ابناء دراسة الطلبه المدرجه اسمائهم في القائمه من الكليات المؤشره ازاء اسمائهم قبولهم في جامعتنا للعام الدراسي ١٩٨٢/ ١٩٨٣ بناء على قبول انتقالهم الى جامعه البصره .

علي احسان احمد حمايل
المسجل العام وكالة

نسخه منه الى /
- دائره القبول المركزي / مع التقدير
- مديريه مكتب رئيس الجامعه / مع التقدير
- دائره مساعد الرئيس لشؤون الطلبه / القبول والتسجيل
- دائره مساعد الرئيس لشؤون الطلبه / مديريه الاقسام الداخليه / الطلاب / الطالبات
- = = = = = = / شعبه الصرف
- جامعه البصره / مديريه التسجيل العامه / سترسل لكم لاحقا ملفات الطلبه مع بطاقه درجاتهم / مع التقدير
- عماده كليه العلوم / عماده كليه الهندسه / الاداره / الاداب / الزراعه
((يرجى تبليغ الطلبه بالانتقال وتقديم براءة الذمه والهويه الجامعيه الينا رجاءً / مع التقدير))
- شعبه شؤون العلوم / شعبه شؤون الهندسه / الاداب / الاداره والزراعه
((تهيئه ملفات الطلبه مع بطاقه درجاتهم وبالسرعه الممكنه / مع التقدير))
- مديريه الاحصاء



اسماء الطلبه المنقولين لجامعه البصره

الاسم	الكليه والقسم	الصف
١ــ امين قادر مينه	العلوم / الرياضيات	دراسات عليا
٢ــ نزيهه مصطفى عزيز	العلوم / بايولوجي	الثالث
٣ــ ازداد محمد سعيد مجيد	العلوم / فيزياء	الاول
٤ــ ساريز معروف محمد	العلوم / فيزياء	الثاني
٥ــ كمال رؤوف رسول	العلوم / فيزياء	الثالث
٦ــ [illegible]	العلوم / جيولوجي	الثالث
٧ــ محمد عثمان صالح	العلوم / فيزياء	الاول
٨ــ ياسين حسن حمزه	العلوم / كيمياء	الثاني
٩ــ شهيد ع رسول	العلوم / كيمياء	الثالث
١٠ــ ليلى رشيد عولا	العلوم / كيمياء	الثاني
١١ــ نيكار توفيق مجيد	العلوم / كيمياء	الاول
١٢ــ برزين محمد امين	العلوم / كيمياء	الاول
١٣ــ كاوه حويز صبوح	العلوم / كيمياء	الثاني
١٤ــ بريفان احمد	العلوم / كيمياء	الاول
١٥ــ كيلاس محمود رشيد	العلوم / كيمياء	الاول
١٦ــ ارجوان عبد الرحمن رسول	العلوم / كيمياء	الاول
١٧ــ وريا سليم محمد علي	العلوم / جيولوجي	الثالث
١٨ــ روخوش خواكرم علي	العلوم / كيمياء	الثالث
١٩ــ ليز محمد قادر	العلوم / فيزياء	الثالث
٢٠ــ اردلان جلال فتاح	الهندسه / مدني	الثالث / ناجح
٢١ــ نجاه نوري غريب	الهندسه / مدني	الاول / ناجح
٢٢ــ ليلى طاهر محمود	الهندسه / مدني	الاول / ناجحه
٢٣ــ كمال حمه علي	الهندسه / كهرباء	الثالث / معيد
٢٤ــ حمه سعيد حمه علي	الهندسه / كهرباء	الثالث / معيد
٢٥ــ شنه نوري محمد علي	الهندسه / كهرباء	الاول / معيده
٢٦ــ سعاد قادر حمه علي	الهندسه / كهرباء	الاول معيده
٢٧ــ محمد جزا محمد امين	الهندسه / مدني	



((٢))

الاســـــم	الكليه / والقسم	الصـــف
٢٨ـ سامان كريم قادر	الهندسه / كهرباء	الثاني / معهد
٢٩ـ قاسم عزيز فتح الله	الهندسه / كهرباء	الثالث / معهد
٣٠ـ كوهدار فتحي محمود	الهندسه / مدني	الثاني / ناجح
٣١ـ بري انور مخرى	الهندسه / كهرباء	الثالث / معهد
٣٢ـ شهلاء انور فرج	الهندسه / مدني	الثالث / معهد
٣٣ـ محسن [illegible] محمد	الهندسه / مدني	الثالث / معهد
٣٤ـ سيوان محمد صالح	الهندسه / مدني	الثالث / معهد
٣٥ـ رنجبر محمود حسن	الهندسه / كهرباء	الثالث /
٣٦ـ بختيار حامد مجيد	الهندسه / مدني	الاول
٣٧ـ سامان علي شريف	الهندسه / مدني	الاول
٣٨ـ خديجه محمد طاهر	الهندسه / مدني	الثالث
٣٩ـ نجاه محمد توفيق	الهندسه / مدني	الثالث
٤٠ـ اروا عبد العزيز خضر كركار	الهندسه / مدني	الثالث
٤١ـ مهابات قادر رحمه پاه	الهندسه / مدني	الثاني
٤٢ـ آزاد سعيد عبد الله	الهندسه / كهرباء	الثاني
٤٣ـ د لسوز علي فرج	الهندسه / كهرباء	الثاني
٤٤ـ فيان رشيد يونس	الهندسه / مدني	الثالث
٤٥ـ د لخوش محمد رسول	الاداره والاقتصاد / احصاء ك	الاول
٤٦ـ خابات محمد صالح	الاداره والاقتصاد / اداره	الثاني
٤٧ـ مهداوي احمد محمد	الاداره والاقتصاد / احصاء	الثاني
٤٨ـ سرور حمه امين عارف	الاداره والاقتصاد / اداره	الثاني
٤٩ـ فؤاد علي محمد صالح	الاداره والاقتصاد / اداره	الاول
٥٠ـ جوان محمد عبد العزيز	الاداره والاقتصاد / اداره	الاول
٥١ـ اوات داود حمه رحيم	الاداره والاقتصاد / الاداره	الاول
٥٢ـ بختيار عبد الكريم سعيد	الاداره والاقتصاد / اداره	الاول
٥٣ـ رزكار عمر عبد الله	الاداره والاقتصاد / اداره	الاول
٥٤ـ شاهوا حمد كريم	الاداره والاقتصاد / اداره	الثالث
٥٥= ريزان كمال نوري	الاداره والاقتصاد / اداره	الاول
٥٦= رازاد عبد الله ميرزا	الاداب / الاجتماع	الثاني

((يتبع رجاء))



((٣))

الكلية والقسم	الصف
الاداب/ الاجتماع	الثانـي
الاداب/ الاجتماع	الثاني
الزراعه/ التربه	الاول
الزراعه/ البستنه	الثاني
الزراعه/ انتاج حيواني	الثالث
الزراعه/ انتاج حيواني	الثالث
الزراعه/ التعاون	الاول
الزراعه/ انتاج حيواني	الثاني
الزراعه/ انتاج حيواني	الثاني
الزراعه/ المحاصيل	الثاني
الزراعه/ التربه	الثالث
الزراعه/ انتاج حيواني	الثاني
الزراعه/ انتاج حيـواني/	الثاني
الزراعه/ انتاج حيواني	الثالث
الزراعه/ محاصيل	الثالث
الزراعه/ انتاج حيواني	الثاني

هـیڕزی پـــشتیوان – شەڕی سێ مانگە
(پـــێنج)

هــێزی پـــشتیوان

لە گەڵ هەڵایسانی شۆڕشی گەلانی ئێران و گۆڕینی حوکم لە ئێراندا، ناوچە کوردستانیەکانیش کەوتنە دەست هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

شـــەڕی ســێ مـــانگە

دوای گرتنە دەستی دەسەڵات لە لایەن جمهوری ئیسلامی و پتەوکردنی پێگەی خۆیان هێرشیان هێنایە سەر کوردستان دیارە پێشتر گفتوگۆ لە نێوان حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کاربەدەستانی تازە بە سەرداکەوتووی ئێراندا هەبوو، بەڵام نەگەیشتە ئەنجام، کە ئەوەش وردەکاری و لێکدانەوەی جیاوازی هەیە کە مەبەستی ئەم نووسینە نیە و لە بەشێکی تردا بە وردی لە سەری وەستاوین و لە سەریمان نووسیوە.

دوای خۆ کۆکردنەوەی هێزەکانی جمهوری ئیسلامی هێرشیان بۆ سەر شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستپێکرد کە بە شەڕی سێ مانگە ناسراوە، هێزەکانی (ی.ن.ک) لەو شەڕە سێ مانگیەدا لە بانە- سەقز- سەر شیوی سەقز و ناوچەکانی دیکە بەرگری گەورەیان کرد لە بەرانبەر هێزەکانی جمهوری ئیسلامی سەبارەت بە ڕۆڵی هێزەکانی (ی.ن.ک) لە شەڕی سێ مانگەدا لە بەشەکانیتردا بە وردی لە سەری وەستاوین و وردەکاری شەڕەکانمان باس کردووە.

هێزەکانی جمهوری ئیسلامی لە چەند ساڵی دوای ڕووخاندنی حکومەتی شادا خۆی ڕێکخستبووەوە، ئەگەر لە سەرەتادا وەکو بابەتێکی تەکتیکی و کات کوشتن گفتوگۆیان لە گەڵ هێزە کوردیەکانی ڕۆژهەڵات ئەنجامدابێ ئەوە لە چەند ساڵی دواتر بە تەواوی و بە ئاشکرا دژی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان وەستانەوە، بـەوەشـەوە نەوەستان لەشکرکێشیان بۆ سـەر شـارو شارۆچکە و دێیەکانی کوردستان و هێزەکانی ڕۆژهەڵات بە تایبەتی حزبی دیموکرات- کۆمەڵە دەستپێکرد و لە شارەکانی کوردستاندا دەریانپەڕاندن، تا وای لێهات لە دێیەکانیشدا تەنگیان بە بارەگاکانی حزبە کوردستانیەکان هەڵچنی و هێرشی بەردەوامیان دەکردە سەر بارەگاکانیان بە مەبەستی دەرپەڕاندن و دەست بە سەرداگرتنی بارەگاو سەرکردایەتی حزبەکانی ڕۆژهەڵات، هەر بۆیە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران

و بە تایبەت دکتۆر قاسملو داوای یارمەتی و پشتیوانی لە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) کرد، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێش هێزی پشتیوان، لە سەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا (ی.ن.ک) بە هەمان نەفەسی شەڕی سێ مانگە و هێزی پشتیوانەوە، هاو پشت و پشتیوانی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە.

ڕۆژانـی ١٩٧٩/١٩/١٨ بەشێک لە عەشیرەتی مەنگوڕ لە حزبی دیموکرات هەڵگەڕانەوەو شەڕیان دژی حزبی دیموکرات ڕاگەیاند، هەر بۆیە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران داوای یارمەتیان لە هەڤاڵ مامجەلال کرد.

(ی.ن.ک) بە بڕیاری هەڤاڵ مامجەلال هێزێکی نارد ئاڵوەتان و میراواو دێیەکانی مەنگوڕایەتی ناوچەی سەردەشت بۆ پشتیوانی لە حزبی دیموکرات دژی جاشە هەڵگەڕاوەکان- شەڕ لە ناوچەکەدا دروست بوو.

لە ئەنجامی شەڕەکەدا هەڵگەڕاوەکانی مەنگوڕ شکان و هەڵاتن، پێشمەرگەیەکی (ی.ن.ک) بە ناوی تەحسین و پێشمەرگەیەکی حزبی دیموکراتیش بە ناوی عەلی لێفە بریندار بوون.

هێزەکەی (ی.ن.ک) بە سەرپەرشتی سەید مەجید و هێزەکەی حزبی دیموکراتیش بە سەرپەرشتی ڕەسوڵ بابی گەورە بوو.

هـــــێزی پـــــشتیوان

ڕۆژی ١٥ی/١٩٨٢/٩ دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو هاتە بارەگای هاوینەی مامجەلال لە سەرچاوەی توژەڵە، کۆبوونەوەیەکی لە گەڵ (ی.ن.ک) بە ئامادە بوونی مامجەلال- کاک نەوشیروان- عەزیز محەمەد لە حزبی شیوعی سازدا.

هێزەکانی جمهوری ئیسلامی پاسداران بە پشتیوانی قیادە موەقەتە، لە ڕێگەی سەردەشت خانەوە هێرشەکانی چڕکردبووەوە، مەترسی لە سەر بارەگای مەکتەبی سیاسی حزبی دیموکرات لە ئاوایی شیوەجۆی بەری گەورکان دروستکردبوو.

لە کۆبوونەوەکەدا دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو ڕوویکردە مامجەلال و عەزیز محەمەدو داوای یارمەتی و ناردنی هێزی لێکردن تا فریای بارەگاکانیان بکەون، عەزیز محەمەد ووتی ئێمە دەبێ ئەم داوایە دراسە بکەین ئنجا وەڵامت بدەمەوە، دکتۆر قاسملو بە عەزیز محەمەدی وت دیراسەی دەکەین مانای جێبەجێی ناکەین، قاسملو ڕوویکردە مامجەلال و ووتی ئێوە دەڵێن چی؟ مامجەلال بە قاسملوی وت ئێمە لە سەر بڕیاری پێشوی خۆمان ماوین ئەوەی لە توانای ئێمەدا بێ بۆ یارمەتیتان ئامادەین تەنانەت ئەگەر لەو پێناوەدا شۆڕشی کوردستانی عێراق شەهید ببێ[٨].

دوای کۆبوونەوەی مامجەلال- قاسملو لە سەر دۆخی ڕۆژهـەڵات و بەڵێنی مامجەلال و کاک نەوشیروان بۆ پشتیوانیکردنی حزبی دیموکرات، دەستبەجێ هێزێکی پشدەر بە فەرماندەیی عەلی بچکۆل نێردرایە سەنگەرەکانی حزبی دیموکرات، ڕۆژی دواتریش مولازم عومەر بە فەرماندەیی هێزێک بەرەو شەڕەکە بەڕێکەوت لە ڕێگەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هەوە بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئاگادار کرانەوە بگەنە سەرکردایەتی بۆ پشتیوانی لە حزبی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانیتری ڕۆژهەڵات.

زیاتر لە ١٢٠٠ پێشمەرگە لە تیپ و مەڵبەندەکانی (ی.ن.ک) بەشداری شەڕی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کرد، تا ئەو کاتەی بەفر باری و ڕێگەی پێشڕەوی دوژمن نەدرا هێزی پێشمەرگەی کوردستان، پۆل پۆل، کەرت کەرت،

[٨] مانگی ٨/ ١٩٨٢ عەبدولڵای حەسەن زادە هاتە توژەڵە بۆ لای مامجەلال و بە ناوی حزبی دیموکراتەوە داوای پشتیوانی لە (ی.ن.ک) کرد، مامجەلالیش بەڵێنی پشتیوانی پێدان و بەڵێنەکەشی بردە سەر.

تیپ تیپ، لە ئالۆەتان، خانە، سەردەشت وەکو قەندیل لە بەردەم لەشکری زۆرو بۆری پاسدارو قیادە موەقەتەدا وەستا بوون، بە خوێنی چەندین شەهیدی قارەمان هەڵوێستی جوامێرانەو کوردپەروەرانەو کوردستانیانەی (ی.ن.ک) یان نووسیەوە.

ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق هاوشانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی گرنگی بینی لە هاندان و جۆشدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پێناوی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، چوونکە لە فەرهەنگی سیاسی (ی.ن.ک) هەر پارچەیەکی کوردستان بەشێکە لە جەستەی کوردستانی گەورە، هەر لەو هەلومەرجەشدا کاک نەوشیروان زنجیرەیەک وتاری بە ناوی، ئایا مەسەلەی کورد یەک مەسەلەیە یان چەند مەسەلەیەکە نووسی، تیایدا لە ڕووی مێژوویی و نەتەوەییەوە ئەوەی خستبووە ڕوو کە مەسەلەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان یەک مەسەلەیە و دوژمنی هاوبەشی تێکڕای پارچەکانی کوردستان داگیرکەرانی کوردستانن.

بـــــارەگای ســـــاوێن

مامجەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) و فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ پشتیوانی لە حزبی دیموکرات هێزی پێشمەرگەی جولاند، بۆ جۆشدان و هاندانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بارەگای سەرەکی خۆی بردە (ساوێن) کە نزیک بوو لە سەنگەرەکانی حزبی دیموکراتەوە، بەمەش هێندەیتر هێزی پێشمەرگەی کوردستان جۆشدران و سازدران بۆ شەڕی ڕەوای بەرگری لە کوردەکانی ڕۆژهەڵات.

هێزەکانی حزبی دیموکرات لە شیوە جۆی بەری گەورکان کە بارەگای مەکتەبی سیاسیان بوو ، بێژوێ، مەمکان، واوان، کانی زەرد، گۆڕەشێر، مەمکاوا، داوداوا، بێوران، قەلەڕەشان، زێوکە و سنووری خانە- سەردەشت و چەند شوێنێکیتر بوون.

هاتنی بارەگای مامجەلال بۆ ساوێن، ڕاستگۆیی و وەفاو بەڵێنی سەرکردایەتی (ی.ن.ک)و مامجەلالی بۆ حزبی دیموکرات و حزبەکانیتری ڕۆژهەڵات لە پراکتیکدا چەسپاند کە (ی.ن.ک) خاوەن بەڵێنە و ئامادەیە تا شەهید بوونی شۆڕشەکەش،

شەڕگەکان فراوان بوون، هێزی پێشمەرگە بە درێژی شەڕگەکان دامەزرابوون، لێرەدا ڕۆڵی تیپ و هێزەکانی (ی.ن.ک) دەنووسینەوە لە شەڕی هێزی پشتیواندا[٩].

مـــەکتەبی عـــەسکەری – ئـــاڵوەتان

ئازاد غەریب، فەرماندەی کەرت بوو لە هەرێمی پارێزگاری سەر بە مەکتەبی عەسکەری، هێزێکی (١٥٠) پێشمەرگەیی بە فەرماندەیی کاک ئازاد چوونە نێوان سەردەشت– خانە، ڕێگەیەکی دووریان بڕی لە ناوزەنگەوە چوونە داوداوا، مەمکاوا، کونە مشکە، لەوێشەوە بۆ ئاڵوەتان.

جادەیەک لە نێوان سەردەشت و خانەدا تێکڕا ڕەبیەی پاسداری لێبوو، هێزی پێشمەرگە هێرشیان کردە سەر ڕەبیەکان، گورزی کاریگەریان لە ڕەبیەکان وەشاند، ژمارەیەکی زۆریان لە پاسدارو پیاوەکانیان کوشت و بریندار کرد، ژمارەیەک پێشمەرگەی دیموکرات شەهید بوون.

کاک ئازاد فەرماندەی هێزێک بوو، مەحموودی حاجی فەرەج فەرماندەی هێزێک بوو، حەمە سیایش فەرماندەی هێزێک بوو لە شەڕی ئاڵوەتان، مولازم عومەر کە لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری بوو پێیدەوتن ئێوە هەیئەی ئەرکانەکەی منن.

٤٥٠ پێشمەرگە لە سێ هێزدا کۆکرابوونەوە هەر هێزەی ١٥٠ پێشمەرگە بوون، لە کاتی شەڕدا تێکڕای هێزەکە بە یەکەوە دەبوون، بەڵام لە کاتی ئاساییدا هەر ١٥٠ پێشمەرگە هەفتەیەک لە سەنگەرەکان دەبوون، ١٥٠ پێشمەرگەیتر دەهات دەیگۆڕین بەمجۆرە نزیکەی مانگێک لە ئاڵوەتان و دەوروبەری سەرجادەی خانە سەردەشت مانەوە.

تـــیپی 37ی شـــاربازێڕ

تیپی سی و حەتی شاربازێڕ لە دوو لاوە لە بەرگریکردن لە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەشدار بوون.

بەشی یەکەم تالیب کەناروێی و پورزا مەجید و کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر لە قۆڵی کونە مشکە و ئاڵوەتان بەرگری و شەڕی سەختیان کرد.

[٩] حزبی دیموکرات و بە تایبەت قاسملو هێزەکانی (ی.ن.ک) یان ناو نابوو هێزی پشتیوان، چوونکە لەو کاتەدا پشتیوانی گەورەی ڕۆژهەڵات بوون.

بەشی دووەم عەلی چوارتایی، مەجیدی حاجی عەلی، خاڵە سەراوی، ئاوات واژەیی، غەریب کونجرینی و چەندین پێشمەرگەیتر لە ناوچەی سەردەشت لە (توێ و واشەزین) بەرانبەر سوپای پاسداران دامەزران.

بە هەر دوو بەشەکەی تیپی ٣٧ نزیک بە ١٠٠ پێشمەرگەی قارەمان بوون کە شەڕی گەورەو بەرگری سەخت و بێ وێنەیان کرد.

هێزەکەی تیپی سی و حەوت لە سنوری سەردەشت بە شاخی پشتی تووێوە بوون، بەرەبەیانی خاڵە سەراوی هاواریکرد هێرش کرایە سەرمان، پێشمەرگە شەڕی سەخت و نابەرابەری کرد، هێرشیان بردە سەر سەربازگەی پشتی سەردەشت کە بە سەر ماڵەکانی سەردەشتدا دەیڕوانی، دنیا ڕووناک بووەوەو شەڕ کۆتایی هات، لە هەڵمەت بردنە سەر سەربازگەکەی سەردەشت دوو پێشمەرگەی تیپەکانیتر شەهید بوون لەو شەڕانەدا سوپای پاسداران تێکشکا، (C.K.B) یەک دەسکەوتی تیپی ٣٧ بوو.

مامە ڕیشەو کەرتی چواری جەباری هاتنە نێوان قاسمە ڕەش و بنەو خەڵەف لە بێورانەوە تێپەڕین، بەشداری گەورەیان لە شەڕەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد.

هێزەکەی تری تیپی ٣٧ بە فەرماندەیی تالیب کەناروێیی بەرەو کونە مشکەو ئاڵوەتان بەڕێکەوتن.

مـــامجەلال- قـــاسملو

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قاسمە ڕەش کۆبوونەوە مامجەلال ووتارێکی مێژوویی بۆ قۆناغێکی مێژوویی پێشکەشکرد، گرنگی بەرگریکردنی لە پارچەیەکی کوردستان بۆ ڕوونکردنەوە، پشتگیری و پشتیوانی بۆ حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دووپاتکردەوە.

هێزەکە بەرەو مەزناوێ، داوداوا، مەمکاوا، دۆڵەتوو، هەنگاوەکانیان هەڵگرت، لە گوندی مەزناوێ دکتۆر قاسملو وتەیەکی پێشکەشکردن و سوپاسی کردن بۆ هەڵوێستی کوردانەیان لە بەرانبەر حزبی دیموکرات و براکانیان لە ڕۆژهەڵات.

دوای وتەکەی قاسملۆ هێزی پێشمەرگە بەرەو کونە مشکەو ئاڵوەتان بەڕێکەوتن، هەنگاوی خێرای پێشمەرگە گردو یاڵ و لوتکە بەرزەکانی پێش خۆی دەداو لە ئاستی گەورەیی پێشمەرگە دەنەوین و چۆکیان دەدا.

تروسکایی ئاگرێک لە دورەوە بەدیدەکرا، لە نیوە شەو بە دواوە تروسکەی ئاگرەکە نەماو دامرکا، گومانیانکرد ئاگری دوژمن بێ.

بومە لێڵ بوو، تاریک و ڕوون، ڕەنگەکان تێکەڵ دەبوون، جولەکان تارمایی بوون، چاوی بینین چاوێکی لێڵ و تەڵخ بوو، بە ئاسانی دۆست و دوژمن لە یەکتر جیا نەدەکرانەوە.

تالیب و پورزا مەجید دوا ئێشکگرو پاسەوانی شەو بوون، ملی شەوگاریان دەشکاندو لە پێشوازی کازیوەی دەمەوبەیان دا دەستیان لە سەر بەلە پیتکە لانەبردو نەترازا بوو.

شەو بارگەو بنەی بە تەواوی پێچایەوەو بەرەو کێوەکان هەڵکشا، تارمایی و لێڵی چاوەکان لادەچون و دنیا ڕووناکی دەپۆشی، دەشت و دەر بەرگی ڕووناکی دەکردە بەر، لە دورەوە دەنگێکی نامۆ دەهاتە گوێ جولەکانیش بەدیدەکران.

تالیب لە میلی تفەنگی داو وتی نەیەنە پێش، ووتیان ئێمە هاوڕێی خۆتانین، ئێوە کەسێکتان بنێرن، پورزا مەجید چووە خوارێ، لە گەڵ نزیک بوونەوە داوایان لێکرد تەسلیم بێت، پورزا مەجید تەسلیم نەبوو بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد تا تالیب کەناروێیی گوێی لە دەنگی بێ.

پورزا مەجید گەڕایەوە سەنگەرەکەی خۆی و دەسڕێژی گوللەیان لێکردو بریندار بووە قاچێکی بە سەختی پێکرا، تالیب هاتە سەری و ڕزگاریکرد، شەڕ تا دەهات گەرم دەبوو، تالیب کەناروێیی وەک بەورو وێزویەکانە، وەکو لوتکەی ئەو کێوانە هەر بە پێوە ڕاوەستا بوو، دوای شەڕێکی قورس و دەستەویەخە تالیب بە پێوە پێکرا، هەر بە پێوە گیانی سپاردو شەهید بوو.

نـــــەخۆشخانـەی کـــــانی زەرد

مزگەوتی کانی زەرد بە شێوەیەکی کاتی کرابووە نەخۆشخانەی شۆڕش، شەش دکتۆری بیانی، سێ کوڕ، سێ کچ، لە گەڵ دکتۆرو برینپێچەکانی حزبی دیموکرات و نەخۆشخانەی شۆڕش چارەسەری بریندارەکانیان دەکرد، پێشمەرگە بریندارەکانی ئاڵوەتان و کونە مشکە دەگەیەندرانە نەخۆشخانەی کانی زەرد.

دوای بریندار بوونی، پورزا مەجید گەیەندرایە نەخۆشخانەی کانی زەرد، دواتر تالیب کەناروێی هێنرایە نەخۆشخانەی کانی زەرد.

لە بەر کاریگەری برینەکەی کە لە پێشەوە پێکرا بوو دوای نیو کاتژمێر چارەسەر لە نەخۆشخانە دوا هەناسەی سپاردو شەهید بوو پورزا مەجیدیش قاچێکی کورت بووەوە تا ئێستاش بەو ئازارەوە دەژی.

ئەوەی لێرەدا باسمانکرد تەنها شەهید و بریندارەکانی تیپی (٣٧) ن، ئەگینا (ی.ن.ک) لەو شەڕانەدا چەندین شەهیدو بریندارێ بەخشیە ڕۆژهەڵات.

تـــیپی 83ی هـــەورێ
86ی دەشـــتی هـــەولێر

مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٢ کەرتی (٣)ی تیپی ٨٣ی هەورێ بە فەرماندەیی ڕێبازو کەرتی یەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتن.[١٠]

لە ١٩٨٢/١٠/٢٥ گەیشتنە بارەگای سەرکردایەتی لە خڕی ناوزەنگ، کاک نەوشیروان ڕەوانەی لای مامجەلال کردن، نزیک ئێوارە گەیشتنە دێیەکانی (داوداواو، مەمکاوا) ئێوارە گەیشتنە بارەگای مەلا بەختیار، ڕێبازو شاخەوان و مامۆستا صدیق لە گەڵ مەلا بەختیار چوونە لای مامجەلال[١١] دوای ڕێنمایی و باسکردنی دۆخی شەڕەکە گەڕانەوە مەمکاوە، بۆ بەیانی کردیاننە دوو بەشەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی کاک شاخەوان ڕەوانەی قوڵایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کران هێزەکانی تیپی ٨٣ی هەوریش ڕەوانەی دۆڵەتو کران، سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە کوێستانی چیای پیران بوو.

پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر لە ژێر سەرماو سۆڵەی ئەو چیا بەرزانەدا مانەوە، بەرگری سەخت و دلێرانەیانکرد، لە ماوەی مانەوەیاندا لە ناوچەکە گورزی کوشندەیان لە هێزەکانی دوژمن، پاسدارو پاشکۆو عەباڕەشەکانی پێش لەشکری پاسداران دا.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/١١/٨ هێزەکەی هەولێریان گۆڕی و هێزیتریان نارده جێگەیان، لە کوێستانەکان هاتنە خوار، بەفرێکی زۆر دۆڵە توو کوێستانەکانی داپۆشیبوو، دوای هاتنە خوارەوەی هێزەکەی هەولێر، لە ڕۆژی ١٩٨٢/١١/١٢ هێزەکانی دەشتی هەولێر گەڕانەوە ناوچەکانیان، تێکڕا ماوەی ١٧ ڕۆژ لە شەڕەکانی بەرگریکردن لە هێزەکانی ڕۆژهەڵات و ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مانەوە.

---

١٠ لە ڕێگا تووشی حزبی شیوعی عێراق بوون مەلا حەسەن پێی وتن بە ڕاستی (ی.ن.ک) کارێکی خراپ دەکات، دوژمنێکی تر بۆ شۆڕشی کوردستان لە کوردستانی عێراق پەیدا دەکات.

١١ کە گەیشتنە لای مامجەلال لە خێمەیەک بوو مولازم سەید کەریمی لابوو نان و تەماتەیان دەخوارد، مامجەلال لە دەفتەری یادگاریەکانی ڕۆژی گەیشتنی تۆمار کردن.

تـــــیپی 33ی ســـــلێمانی

هێزێکی تیپی ٣٣ی سلێمانی بە فەرماندەیی کاکە برا بەرزنجی بەشداریان لە شەڕەکانی هێزی پشتیوانیداکرد.

هێزەکەی تیپی ٣٣ی سلێمانی لە شارباژێڕەوە بەرەو سەرکردایەتی بەڕێکەوتن ڕۆژی ١٩٨٢/٩/٢٠ گەیشتنە سەرکردایەتی، بارەگایەکیان بۆ دانابوون لە توژەڵە، بۆ بەیانیەکەی جەژن بوو، قەلیان بۆ کڕیبوون بۆ بەیانی جەژن، بەیانی جەژن قەلەکە لە سەر ئاگر بوو، نامەیەکیان بۆ کاکە برا نارد بڕۆن بۆ دۆڵە تو، قەلەکە کوڵەاتبوو، ئاوەکەیان ڕشتوو کردیانە ناو زەرفێکەوە خستیانە کۆڵە پشتەکەیانەوەو ڕۆیشتنە دۆڵە توو.

ویستیان لە دۆڵە توو بمێننەوە بەڵام شاوریان لێدا ووتیان دەڕۆین شەوەکەی چوونە کونە مشکە، هێزێکیتری پێشمەرگە بە سەرپەرشتی حاکم عومەر هاتبوونە ئەوێ، تێکڕا (٢٥٠) پێشمەرگە لە کونە مشکە بوون، حاکم عومەر کرایە لێپرسراوی شەڕگەکە، شەوی دووەم چوونە سەرجادەی (خانە – سەردەشت) دوو ڕۆژ لەوێ بوون حکومەتی ئێران هێرشیکرد، هێرشێکی گەورە بە پاڵپشتی دەیان تانک و تۆپ و پاسدارو قیادە موەقەتە.

هێزی پێشمەرگەش دۆشکەیەک و دوو بیکەیسی و چەند ئاربیجیەکیان پێبوو لە گەڵ کلاشینکۆف.

پێشمەرگەکان بە قوتەیەکەوە بوون، سێ ڕۆژ بەردەوام هێرشیان کردە سەریان بەڵام نەیانهێشت بگیرێت، کەلاکی دەیان پاسدار لە بەردەم پێشمەرگەدا کەوتبوو.

مەفرەزەی شارەزوور دوو دیلیان گرتبوو بە بادینی قسەیان دەکرد دەیانووت ئێمە لە نیروی بارزانین، ماوەی مانگ و نیوێک هێزەکەی تیپی ٣٣ی سلێمانی لە کونە مشکەو ڕێگەی سەردەشت مانەوە، شەڕی گەورەو بەرگری گەورەیانکرد.

هێزەکەی یەکێتی زیادی دەکرد تا گەیشتە (٥٠٠) پێشمەرگە، حزبی دیموکرات تەنها پێشمەرگەی شارەزایان لە گەڵ هێزەکانی یەکێتی دەنارد.

هێزی پاسدارو پاشخانەکانی هەندێک پێشرەویان کرد سەرجادەی خانە میراوێ ئێران گرتبووی، هێزی پێشمەرگە لە سەر ڕێگای خانە بۆسەیەکیان دانا هێزەکانی ئێران کەوتنە بۆسەکەوە زیاتر لە ٣٠٠ پاسدارو چەکداری قیادە موەقەتە کوژران، (٥٠) ئۆتۆمبێل سوتێندراو دەستکەوتی زۆریان هەبوو، چەک و تەقەمەنیەکی زۆر دەستکەوت بوو.

مـــامجەلال- قـــاسملو وەرە بـــوون

پێشمەرگەیەک لە ئاڵوەتان زۆر بێزار بوو، ئەسپێ لێیدا بوو، وتبووی چەکم دادەنێم و واز لە پێشمەرگایەتی دێنم، جەمال چاوشین پێیوتبوو باشە ئەمجارە وەرە لە گەڵم دەچین ئاو دێنین، پێشمەرگەکە وتبووی دێمە خوارەوە لە گەڵتا بەڵام سەرناکەومەوە، کە هاتبوونە ئاڵوەتان قەرەبالّغیەکی زۆری لێبوو مامجەلال و قاسملو قسەیان بۆ پێشمەرگە دەکرد، جەمال و ئەو پێشمەرگەیە گوێیان لە وتەکانی مامجەلال و قاسملو گرتبوو دوای تەواو بوونی وتەکانیان، جەمال مەتارەکەی پڕکرد لە ئاو تا سەرکەوێتەوە سەر شاخ، پێشمەرگەکەش گەڕا بووەوە لە گەڵی، جەمال وتبووی ئەی تۆ نەتووت ناگەڕێمەوە، پێشمەرگەکەش وتبووی، مامجەلال و قاسملو ئەوەندەیان جۆشداوم نەمتوانی نەگەڕێمەوە.

شـــقارتەی ئـــەسپێ

بە بەردەوامی بۆردومان لە سەر میراواو ئاڵوەتان بوو دێیەکانی ناوچەکە چۆڵیانکردبوو، ئەوەی توانای ڕۆشتن و دەرەتانی دەرچوونی هەبووبێ ناوچەکەی بەرەو شارەکان جێهێشتبوو، پێشمەرگە بێ ئاوو خزمەت و خۆشتن بوون، ئەسپێ جانەوەرەکەی لەشی پێشمەرگە، لە ناو لەش و جلی پێشمەرگەدا هێلانەیان کردبوو، ڕیزیان بەستبوو، یەک و دوان و سیان و چوار دەبوون بە دەیان و سەدان ئەسپێ، ئەو زیندەوەرە ناشیرین و خوێن تاڵ و خوێن مژە لە جەستەی پێشمەرگە یان دابوو، پێشمەرگەکان کێبڕکێی ئەوەیان بوو کێ دەتوانێ شقارتە پڕکات لە ئەسپێ، هەر پێشمەرگەیەک شقارتەکەی پڕ دەکرد لە ئەسپێ تەنها ئەو ئەسپێیانەی خۆیان

دەدا بە دەستەوە، ئەمە جگە لەو ئەسپێیانەی خۆیان دەشاردەوەو خۆیان نەدەدا بە دەستەوە.

ژن و پـــیاوێك لە ئـــــاڵوەتان

مستەفا وەندەرێنەیی سەرەی ئاو هێنانی بوو چووبووە خوارەوە بۆ ئاڵوەتان، پاییز هاتبوو گەلا دەوەری و نەرمە بایەک لەو شاخ و کێوانەی ئاڵوەتان لە گەڵ خۆیدا ڕایدەدا پاییز سەرەتاتکەی لە گەڵ سروشت و دارو درەخت دەکرد، باران کەم کەمە دەباری، نمەی باران زەوی تەڕ دەکرد، بۆنی بەرامەی خاک نیشتمانی شیرنتر دەکرد.

مستەفا کە ڕۆیشتە خوارەوە بۆ ئاڵوەتان، ڕیش هاتوو سمێڵ و ڕیشی پێکا چووبوون، تێکهاڵابوون، کە گەڕایەوە خۆی شتبوو، ڕیشی تاشیبوو، جلەکانی شتبوو، پۆشتە بوو، هاوڕێکانی پێیان وت دەڵێی تازە هاتووی بۆ پێشمەرگایەتی لە کوێ وا خۆت قۆز کردووە، مستەفا وتی ماڵێک هەیە لە ئاڵوەتان، هەر ئەو تاقە ماڵەی لێماوە ژن و پیاوێکی بە سااڵچوون کەسیتری لێنەماوە ماڵەکە زۆپای داریان هەیە چووم دارم بۆ بڕیونەتەوە سەربانم بۆ گێڕاون تا دڵۆپە نەکات، زۆپاکەم بۆ پڕ کردوون لە دار، ئاوم بۆ گەرم کردوون، لەوێ خۆم شتووەو ڕیشم تاشیوە، جلەکانیشم شتووەو وشکم کردووەتەوە، بەڵێنم پێداون هەر ڕۆژێک بچمە خوارەوە لەو خواردەمەنیەی بۆمان دێت بەشی خۆیانی بۆ بەرم.

شـــــەهید بوونی مـــستەفا

لە هەندێک لەو شوێنانەی پاسدارو قیادەی موەقەتە گرتبوونی و ڕەبیەی لێ دانا بوون، هێزی پێشمەرگە هێرشیان بۆ کردن و گرتیانننەوە، لە گرتنەوەی ئەو ڕەبیانەدا مستەفا وەندەرێنەیی شەهید بوو، مستەفایان بە شێوەی کاتی لە شێنێ ناشت، دواتر تەرمەکەیان گواستەوە بۆ وەندەرێنە و لە زێدەکەی بە خاک سپێردرایەوە.

جەمال وەندەرێنەیی لە گەڵ تەرمەکەی گەڕایەوەو هێنایەوە شارباژێڕ، دوای گەڕانەوەی جەمال و بە خاکسپاردنی تەرمی شەهید مستەفا، هێزەکەی تیپی ٣٣ گەڕانەوە شارباژێڕ.

هێزەکەی تیپی ٣٣، (٢٠) پێشمەرگە بوون کە بەشداری شەڕەکانی هێزی پشتیوانیان کرد، جەمال چاوشین، بابە ڕەسوڵ، کەمال، کاکەبرا، ئەکرەم بەرزنجی، مەنسور کەریم، ئەحمەد لەو پێشمەرگانە بوون.

تـــیپی 57ی ســـەگرمە

مانگی ١٠ی ساڵی ١٩٨٢ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕووسکەیەکی بۆ تیپی ٥٧ی سەگرمە کرد هێزێک ئامادە بکەن و بگەنە سەرکردایەتی.

تیپی سەگرمە خۆیان کۆکردەوەو بەڕێکەوتن بە سەر دێیەکانی سنووری مەڵبەندی (٢) بە چەند قۆناغێک گەیشتنە دێیەکانی هەرزنە و بێتووش لەوێشەوە بۆ بێوران لە ناو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران) لە بێوران عەلی بچکۆلیان بینی ناردنی بۆ ئاڵوەتان، چوونە لای مولازم عومەر، مەحموود سەنگاوی فەرماندەی هێزەکەی سەگرمە بوو، بە مولازم عومەری وت هەر شوێنێکمان بۆ دەست نیشان بکەن ئامادەین بچین.

شوێنێکیان لە ناو دارستانێکی چڕدا بۆ تیپی سەگرمە دەستنیشانکرد، هێزێکی گەورەی دوژمنی لێبوو کە نزیک بوونەوە ڕێگەی گرتنی نەبوو، ئەو ئێوارەیە بە هۆی تۆپبارانی سەختەوە پێشمەرگەیەکی تیپی (٥٧) شەهید بوو ناچار گەڕانەوەو هێزەکانیان بە سەر گردی پشتی ئاڵوەتاندا دابەشکرد، کە شەو داهات دوژمن هێرشیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، شەڕێکی دەستەو یەخەی سەخت ڕوویدا دواتر پێشمەرگەکان کشانەوە ئاڵوەتان.

کاتژمێر (٥)ی بەیانی لە ئاستی ئاڵیمڕانەوە دەنگی تەقە دەهات، پێشمەرگەکانی تیپی سەگرمە لە نێوان گوێزێ و ئاڵیمڕان سەنگەریان لێدابوو، هێزەکانی دوژمن قەندیلیان گرتبوو بەرەو لای پێشمەرگەکانی سەگرمە گەڕانەوە بێ ئەوەی لەو شوێنانە هێز بەجێبهێڵن هێزی پاسدارو قیادەی موقەتە، لە پێشمەرگەکانی سەگرمە نزیک ببوونەوە، چادری ماڵە ڕەوەندەکانیان بە RBG سووتاند، پێشمەرگەکانی سەگرمە ڕووبەڕوویان بوونەوەو شەڕێکی قورسیان لە گەڵدا کردن، هێزەکەی دوژمن تێکشکا، پێشمەرگەکان چاویان لێبوو بە دەم ڕاکردنەوە بزنێکی سوریان

ڕفاند، پێشمەرگەکانی سەگرمە تەقەیان لێکردن، یەکێکیان لێکوژراو لاشەکەیان بەجێهێشت، بەڵام بزنە سورەکەیان برد.

کاتژمێر (٧)ی ئێوارە پێشمەرگەکانی سەگرمە شەڕگەکەیان ڕادەستی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێرو تیپی ٩٣ی کۆیە کردو گەڕانەوە ئاڵوەتان.

دوای دوو ڕۆژ شەڕگەی پشتی ئاڵوەتانیان پێسپاردن هێزەکانی دوژمن هێرشیان هێنایە سەر سەنگەرەکانی تیپی سەگرمە، دوای دوو ڕۆژ شەڕی بەردەوام، نەبەزین و پاکۆدان، نەیانهێشت هێزەکانی دوژمن یەک هەنگاو پێشڕەوی بکەن، دوای دوو ڕۆژ مانەوەو بەرگری شەڕگەکەیان ڕادەستی تیپی (٥١) ی گەرمیانکرد.

کاتژمێر ١١ی شەو هەواڵ گەیشت تیپی (٥١)ی گەرمیان هێرشیان کراوەتە سەر، لە سەر داوای مولازم عومەر کەرتێکی تیپی ٥٧ی سەگرمە سەرکەوتنە لایان، هێرشەکەی دوژمن فراوان و بەربڵاو بوو، کاتژمێر ٢ی نیوەشەو داوایان لێکردن خۆیان کۆبکەنەوەو بچنە (زینوی زیندان).

مولازم عومەرو مەلا حەسەنی شیوە سەڵی قسەیان بۆ پێشمەرگەکان کرد، هێزەکان دابەشکران و دامەزران، هێرشی دوژمن دەستیپێکرد، شەڕێکی قورس و سەخت بوو، تا کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر دریژەی کێشا بە جۆرێک پێشمەرگەو پاسدار تێکەڵ ببوون، شەڕی قورس و دەستەویەخەو ڕووبەڕوو دەستدانە یەخەی پاسدار[١٢] لە لایەن پێشمەرگەوە دەستیپێکرد، دوای شەڕێکی سەخت لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ هێزی پێشمەرگە بەرەو ئاوایی کونە مشکێ کشانەوەو لە پشتی کونە مشکە سەنگەریان لێدا، هێزەکانی دوژمن چوونە ناو ئاڵوەتانەوە، تیپی ١٥ی هەورامان هێزەکەی سەگرمەیان گۆڕی و دوژمن هێرشیکردە سەریان، قارەمانەکانی هەورامان لە هێزەکەی دوژمنیاندا زیانیان پێگەیاندن، چەند چەکێکیان دەستکەوت بوو، هێزی پێشمەرگەش دوو شەهیدی هەبوو.

لە ڕۆژی ١٩٨٢/١١/٢٤ هێزەکەی سەگرمە بۆ پشودان چوونە مەکاوێ، بۆ ڕۆژی دوایی مامجەلال ناردی بە دوایاندا گەیشتنە داوداوێ، مامجەلال بە گەرمی

[١٢] پێشمەرگە و پاسدار بە جۆرێک تێکەڵ ببوون (سەلام مەلا هۆمەری) بە قۆناغە تفەنگ لە پاسداریکی داو قۆناغی تفەنگەکەی شکا لە شەڕی دەستەویەخەدا.

بەخێرهاتنی کردن ڕێزی لێگرتن و سوپاسی خۆڕاگری کردن.

دوای چەند ڕۆژێک پشوودان ڕەوانەی شەڕگەی پشتی کونە مشکێ کرانەوە، هەفتەیەک لە ژێر تۆپبارانی سەختدا لەو بەرزاییانە مانەوە دواتر سەنگەرەکانیان تەسلیمی مولازم خولە کرد کە هێزێکی کەمی لە گەڵدا بوو، ئەو سەنگەرانەی بە (٢٨) پێشمەرگە پڕکرابوونەوە، مولازم خولە بە ٨ پێشمەرگە لێی مابووەوە.

تیپی سەگرمە گەڕانەوە کونە مشکێ، جلەکانیان شت و خەوتن، دەمەو بەیان دەنگی ئاربیجی دەهات، مولازم عومەر، مەحموود سەنگاوی ڕاسپارد هێزێک بەرێت بۆ یارمەتی مولازم خولە، مەحموود سەنگاوی بە جلی تەڕەوە لە گەڵ هێزەکەدا سەرکەوت کە گەیشتنە سەنگەرەکان مولازم خولە پێکرابوو پشتی شکا بوو، دوو پێشمەرگە شەهید ببوون دوانیش بریندار بوون، تەنها پێشمەرگەیەک سەلامەت بوو، زۆربەی سەنگەرەکانی تریش گیرابوون.

شەڕی هێزەکەی سەگرمەو دوژمن لە دووری چەند مەترێکەوە دەستیپێکرد، حزبی دیموکرات (١٥) پێشمەرگەیان نارد بۆ هێرشکردنە سەر دوژمن، مەحموود سەنگاوی لە گەڵیاندا ڕۆیشت، پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بە نیازی شوێنێک بوون پێیان وابوو هێزی پشتگیری لێیە، بەڵام هەموویان جامانە سوور بوون و کۆڵە پشتیان لە پشت بوو.

مەحموود سەنگاوی بە لێپرسراوی هێزەکەی حزبی دیموکراتی ووت، ئەوانە هێزی پێشمەرگە نین، پارتین، لە ژێر دەستیاندایە، با چەند پێشمەرگەیەک لە سەر ئەو گردە بچووکە بمێننەوە تا دەگەڕێینەوە، هەر کە جولەیانکرد لە هەر چوار لاوە درانە بەر ئاربیجی و بە چەکی سووک تەقەیان لێکردن، پێشمەرگەکان لە شوێنی خۆیان دامەزران، تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو پێشمەرگەیەک شەهید بوو، چوار پێشمەرگەش بریندار بوون، دوای شەڕەکە هێزەکە کشانەوە بۆ پشتی دۆڵە توو، لە سیرەمێرگ و دۆڵەتوو چەند ڕۆژێک پشویاندا.

مـــامە ڕیـــشە

مامە ڕیشە هەڵۆی گەرمیان لە شەڕەکانی ئاڵوەتان- گوێزێ و کونە مشکەدا ڕۆڵی دیاری بینی، چەندین هێرشیانکردە سەر سوپای پاسدارو پاشکۆکانیان چەندین هێرشیان تێکشکاند، لە تێکڕای هێرش و بەرگریەکاندا سەرکەوتوو بوون.

دوای پـــــشوودان

دوای چەند ڕۆژێک پشوودان لە دۆڵەتوو، مەحموود سەنگاوی و هێزەکەیان نـاردە پشتی گوێزێ و کونە مشکە، کاک وەهـاب و مامە ڕیشەیان نـاردە لایان، بڕیاری هێرشکردنە سەر دوژمـن درا، هێزی پێشمەرگە بە پێی پلانێک لە دوو قۆڵەوە لە نێوان کونە مشکەو ئاڵوەتاندا هێرشیان کردە سەر سوپای پاسداران و پاشکۆکانیان، زەرەرو زیانێکی زۆریان بە دوژمن گەیاند، دوای شەڕەکە گەڕانەوە چیای نێوان گوێزێ و دۆڵە توو کونە مشکێ و لەوێ مانەوە.

کەرتـی دووی بـازیـان یەکێک لـەو کـەرتـانـەی تیپی ٥٧ی سەگرمە بـوو کە بەشداریـیەکی بەرچاویان هەبوو لە شەڕەکاندا، مامە ڕیشە، ئەنوەر دۆلانی لەو فەرماندانە بوون بەشداری شەڕەکانی ئاڵوەتان و گوێزێ و کونە مشکەیانکرد لە گەڵ چەندین پێشمەرگە و فەرماندەی تر.

زستان هاتبوو، بەفر بە سەر شان و ملی شاخ و کێوەکانی ئاڵوەتان و ناوچەکەدا دادەباری، زستانی ئەو ناوچەیە ساردو تەزیو بوو، پێشمەرگە ئاگریان کردبووەوە ئاگرەکە بەرگەی سەرماو بەفری ئەو زستانەی نەدەگرت، پێشمەرگەیەکی کەرتی دوو پاڵتۆیەکی لە بەردا بوو پاڵتۆکەیان لێوەرگرت خستیانە ناو ئاگرەکەوە تا ئاگری پێ خۆش بکەن و نەکوژێتەوە.

دوای چەند ڕۆژێک پشوودان لە دۆڵە توو، لە مانگی ١٢ی ١٩٨٢ دوای نزیکەی دوو مانگ مانەوە لە شەڕەکانی هێزی پشتیوان گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

تـــیپی 47ی پـــیرەمەگرون

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بەشداریان لە شەڕەکانی هێزی پشتیواندا کرد.

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون ئەو سەردەمە پێکهاتەکەی بەمشێوەیە بوو:

سەلاح چاوشین فەرماندەی تیپ

فەرەیدون حەمە سالّح جێگری فەرماندەی تیپ

ئیسماعیل ماوەتی فەرماندەی کەرت

سابیر ماوەتی فەرماندەی کەرت

هەمزەی حاجی کەریم فەرماندەی کەرت

جەلال حەمەی محە فەرماندەی کەرت

تێکڕای تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە گەڵ کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە و ناوچەی شۆڕشگێڕان بەشداری شەڕەکەیان کرد.

تیپی ٤٧ بە دۆڵی سەفرەو زەروندا ڕۆیشتن چوونە بێتووش، لەوێشەوە بۆ زەردکە و بێوران و قەلە ڕەشە، لەوێشەوە چوونە میراوای سەردەشت شەڕەکان لە ناوچەیەکی فراواندا بوون، لە میراوا، قەبری حسێن، ئالّوەتان، نێوان سەردەشت – خانە بە درێژایی ئەو ناوچانە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دامەزرابوون، تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون لە میراوێ بوون.

هێزەکانی ڕۆژهـەلّات جگە لە حزبی دیموکرات و کۆمەڵە، سازمانی خەبات، چریکی فیدایی لە گەڵ هێزەکانی (ی.ن.ک) لە شەڕدا بوون.

کەریم خالّدار و حەسەن شیوە سەلێ لە فەرماندە و سەرکردەکانی حزبی دیموکرات بوون لە بەرەی میراواو لە گەڵ هێزەکانی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون وەک شارەزای ناوچەکەو فەرماندەی حزبی دیموکرات سەرپەرشتی شەڕەکەیان دەکرد.

شەڕێکی گەورەو فراوان ڕوویدا، هێزەکانی جمهوری ئیسلامی قیادەی موەقەتە بە پشتیوانی فڕۆکەو تۆپی قورس پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا، هێزی پێشمەرگە بە چەکی سوک و ئاربیجی، ڕووبەڕووی هێزەکانی جمهوری ئیسلامی

و قیادەی موەقەتە بوونەوە.

لە ماوەی مانگێک مانەوەیان لە سەنگەرەکانی بەرگری لە میراوا، سێ هێرش و پەلاماری گەورەی دوژمنیان تێکشکاند، جمهوری ئیسلامی لە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میراواو قەبری حسێن و ئاڵوەتان گورزی کوشندەی بەرکەوت.

جگە لەو هێرشە بەر بڵاوانە پاسدارو قیادەی موەقەتە دوو جاریتر هێرشی هێنایە سەر سەنگەری پێشمەرگەکانی تیپی (٤٧) لە میراوا، لە هەر دوو هێرشەکەدا تێکشکان و کوژراوو بریندارى زۆریان جێهێشت، هەشت تەرم لە بەردەم سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا کەوتبوون کۆڵە پشتەکانیان لێینووسرابوو (قیادە موەقەتە) (٣٠) چەکیان لە کلاشینکۆف و ژێرسێ بە جێهێشت و کەوتە دەستی پێشمەرگەکانی پیرەمەگرون.

لە مانگی ١٩٨٢/١١ بەفرێکی زۆر باری، ژمارەیەک پێشمەرگە ئەرکیان لە سەر شانی خۆیان بوو، خۆیان خواردنیان دروست دەکرد، دێیەکان چۆڵکرابوون هەر کەرتەی شەوێک یان دوو شەو لە سەنگەرەکاندا دەمانەوەو دواتر کەرتێکیتر دەهاتە جێگەیان دەیگۆڕین.

فڕۆکەکانی ئێران بەردەوام بۆردومانی دێهاتەکان و سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد، خەڵکی ناوچەکە لە دێیەکاندا نەمابوون چۆڵیانکرد بوو.

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) تێکڕای هێزی پێشمەرگەی کوردستانی ئاگادار کردبوو، کە نابێت بە هیچ شێوەیەک دەست بۆ مالّی خەڵکی دێیەکان بەرن کە ناوچەکەیان چۆڵکردبوو، مریشک و قەل و قازو کەڵەشێر و ئاژەڵیان جێهێشتبوو.

هـــــەنگوین

تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون چووبوونە دێیەک لەو لای میراوا، پێشمەرگەیەک لە برسا چوو بوو هەنگێکی بڕیبوو، دوو سێ هەنگ بە دەمو چاویەوە دابوو دەموچاوی بەستبوو، ئیسماعیل ماوەتی فەرماندەی کەرت بوو، بە پێشمەرگەکەی وتبوو ئەوە سەرمات بووە یان نەخۆشیت دەموچاوت بەستووە پێشمەرگەکەش وتبووی سەرم دێشێ حسێن دڕەیی لەو کاتەدا هاتبوو وتبووی کاک ئیسماعیل ئەوە هەنگی بڕیوە و هەنگ پێوەیداوە لە ترسی تۆ دەموو چاوی بەستووە، کاک ئیسماعیل لێپرسینەوەی

لە گەڵ پێشمەرگەکەدا کردبوو، چوونکە مولازم عومەر پێیوتبوون نابێت دەست بۆ مااڵی خەڵک بەرن.

دێهاتیەکان ماڵەکانیان بەجێهێشتبوو، جگە لە پارەو زێڕ هیچیان لە گەڵ خۆیان نەبردبوو، مەڕوو ماڵاتیان، مریشک و قازو قەلیان لە شوێنی خۆی بوو، پێشمەرگە پارێزەری سەروو ماڵیان بوو دوای مانگێک مانەوە لە میراوا، تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون گەڕانەوە ناوچەکەی خۆیان.

تـــیپی 43ی ئـــاسۆس

مانگی «٩» ی ساڵی (١٩٨٢) بروسکەیەک لە سەرکردایەتی و مەکتەبی عەسکەریەوە گەیشتە تیپی (٤٣)ی ئاسۆس، داوا کرابوو خۆیان کۆبکەنەوە.

عەبدولڕەحیم فەرماندەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس پێشمەرگەکانی ئاگادار کردەوە کۆببنەوە، تێکڕای کەرتەکانی تیپی ئاسۆس ئێوارە لە لۆتەر کۆبوونەوە، کاتژمێر (٣) ی شەو بەڕێکەوتن، بە دەوری لۆتەرو سەر تەنور بانەدا ڕۆیشتن پەڕینەوە بەری نێودەشت، ئێوارەکەی چوونە بێتووش، شەو لە بێتووش مانەوە هێزەکە پشوویاندا، بۆ بەیانی بەڕێکەوتن چوونە قەلە ڕەش شەوێک لەوێ مانەوە دواتر چوونە بێوران لە مزگەوتەکەی بێوران کۆبوونەوە.

چەند کەسێک لە خەڵکی بێوران لە بڵندگۆی مزگەوتەکەوە بانگەوازیان بۆ دانیشتوانی بێوران کرد هێزی پشتیوان هاتوون بۆ بەرگری لە ئێمە داواکارین هەر کەسە لە مااڵی خۆیەوە خواردن بهێنێ بۆ پێشمەرگەکان.

ســـینی خـــواردن

ئێوارە لە ماڵەکانەوە سینی خواردن هات بۆ مزگەوت خواردنەکان هەمە جۆر بوون، ساوەر، برنج، مەرگە، گۆشت، دۆڵمە، چەندین جۆر خواردن، خەڵکی بێوران خزمەتی زۆری پێشمەرگەکانی ئاسۆسیان کرد، ڕێزێکی زۆریان لێگرتن.

دۆڵـــمەی کـــــەلەرم

زاهیر سێدەری برنج و مەرگەی لە بەردەم بوو، سەرقاڵی نان خواردن بوو، بە تیلەی چاو تەماشایکرد پێشمەرگەکەی تەنیشتی خواردنێک، شتێکی درێژی دەخوارد لە برمە دەچوو، زاهیر وتی دانەیەکم لەوانە بدەرێ، پێشمەرگەکە ووتی نایدەم، زاهیر ووتی نەمدەیتێ دەیکەم بە هەرا، پێشمەرگەکە سێ دانەی دایە، زاهیر خواردی زۆر لە دەمی خۆش بوو، دواتر زانی ئەمە دۆڵمەی کەلەرمە (یاپراخی کەلەرم).

پێشمەرگەکانی ئاسۆس ئەو شەوە لە مزگەوتەکەی بێوران مانەوە، بۆ بەیانیەکەی کە ڕۆژهـەڵات نانی بەیانیان خواردوو بەڕێکەوتن چوونە دێی (زوران) زورانی دەشتی سەرکەپلان، شەو لەوێ مانەوە دواتر چوونە دێی سڵکتان[١٣].

لە دێی سڵکتان شەڕ بوو، پێشمەرگەکان لەوێ دامەزران کەمین و ئێشکگریان دەرکرد تووشی چەند شەڕێکی سەخت بوون، شەوێک پێشمەرگە بۆسەیان دانابوو، سووپای پاسداران بە سواری وڵاخ پەلاماری پێشمەرگەیان ئەدا[١٤]، تیپی ئاسۆس ماوەی (١٥) ڕۆژ لە دێی سڵکتان مانەوەو لەو ماوەیەدا سێ جار هێرشکرایە سەریان، سەرجەم هێرشەکانیان تێکشکاند.

بـــەرەو ڕەبـــەت

هەواڵ گەیشت پاسدارو قیادە موەقەتە پەلاماری ڕەبەت دەدەن، هەر بۆیە تیپی ئاسۆسیان نارده شارۆچکەی ڕەبەت، تیپی ئاسۆس بەڕێکەوتن چوونە (بناویە) ماوەی کیلۆمەترێک سواری پاسیان کردن زۆریان پێخۆش بوو لە چەمەکە پەڕینەوە چوونە ناو ڕەبەت لەوێ کەرتەکان دابەشکران.

دابـــەشکردنی کـــــەرتەکان

لە ڕەبەت کەرتەکانی تیپی ئاسۆس دابەشکران بە سەر دێیەکانی دەوروبەری ڕەبەت دا، کەرتی تیپ و کەرتی سێ لە ڕەبەت مانەوە کەرتی (٢)ی شێخ محەمەد

١٣ سڵکتان دێیەکە بە سەر (ڕەبەت)دا دەڕوانێ.

١٤ پاسدار بە سواری ئەسپ دەهاتنە پەنا سەنگەرەکانی پێشمەرگە ئەگەر تەقەیان لێ بکردایە بە سواری ئەسپ هەڵدەهاتن، ئەگەر تەقەش نەکرایە ئەوە نیشانەی ئەوە بوو پێشمەرگەی لێ نیە و دەهاتنە شوێنەکە.

نێردرانە (شالگە) کەرتی (٥) لە قامیشە بوون، کەرتی عەلی مام ئەحمەد لە دیلانێ بوو، کەرتی بەکر کانی تویی لە دێیەکانیتر بوون.

شـــەڕی ڕەبـــەت

دوو کەرتی تیپی ٤٣ی ئاسۆس، کەرتی ٣ و کەرتی تیپ تیپ لە ڕەبـەت و سەنگەرەکانی دەوروبەری بوون.

پێشمەرگەکانی یەکێتی، (هێزی پشتیوان) کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستان لە (وەتماناوێ) و دێیەکانی سەر چەمەکەو پردی بروسکە سەردەشت بۆسەیان بۆ پاسدارو قیادە مۆقەتە دانا .

ڕۆژێک لە سەردەشتەوە سووپای پاسداران و قیادە مۆقەتە پەڕینەوە هێرشیان کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی ٣ لە پێشەوە بوون سەنگەریان لێدابوو لە شێوەی ئێڵی ئینگلیزی خەڵکی ناوچەکە ناویان نابوو سەنگەرەکانی مەحموود سێدەری پاسدار هێرشیانکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە هێرشێکی بەربڵاو، کۆپتەر بە سەر ئاسمانی شەڕەکە بوو، تۆپ و هاوەن سەنگەری پێشمەرگەیان دەکوتا، سووپای پاسداران لە بەیانی تا ئێوارە پەلاماری سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندا ئەو گردەیان بۆ نەگیرا.

عەبدولڕەحیم نامەیەکی بۆ عوسمان شارستێنی و مەحموود سێدەری نووسی ئەو گردە بە جێبهێڵن، مەحموود سێدەری وتی گردەکە بڕوات ناڕۆم، تا ڕۆژ ئاوا بوون شەڕیانکرد تەنها یەک (BKC) یان پێبوو زاهیر سێدەری لە سەر بوو.

لە ئێوارەدا عەبدولڕەحیم ناردیەوە بە دوایاندا بێنەوە بۆ دێی (ماوڵۆ) ئێوارەیەکی درەنگ گردەکەیان بەجێهێشت چوونە (ماوڵۆ).

گردێک هەبوو کانیەکی لێبوو بە ناوی مەلا عەلی چوونە سەر ئەو کانیە، چل پێشمەرگەی یەکێتی، چل پێشمەرگەی کۆمەڵە، چل پێشمەرگەی دیموکرات، پاسدار هێرشیانکردە سەر ڕەبیەیەک لە زنجیرە شاخی پشتی کانی (مەلا عەلی).

پێشمەرگەکان سەردەکەوتن بۆ ڕەبیەکە، زاهیر سێدەری بە (BKC) ڕەبیەکەی دەکوتا تا پێشمەرگەکان بگەنە نزیک ڕەبیەکە، پێشمەرگە هەڵمەتیان بردە سەر

ڕەبیەکە بەڵام بۆیان نەگیرا، پاسدارەکان بە هەموو جۆرە چەکێک بەر پەرچی هێزی پێشمەرگەیان دەدایەوە، بەو شەوە کۆپتەر هاتە سەر ئاسمانی شەڕەکە، شان بە شانی پاسدار لە سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەدا، پێشمەرگەکان پاشەکشەیان کردوو هاتنەوە سەر کانیەکە.

شـــەهید بوونی عـــەزیز ئـــاغا

عەزیز ئاغای مستەفا ئاغا لاوێکی گەنج و تازە پێگەیشتوو بوو، خەڵکی دێی گۆڵێ بوو کە دەکەوتە ئەو دیو کانی مەلا عەلی، عەزیز بووکی دەگواستەوە ئەو ڕۆژە زەماوەندی بوو دەنگی دەهۆڵ و زوڕنا لە دوورەوە دەگەیشتە گوێ بووک لە دێیەکی ترەوە بەڕێو ڕەسمی کوردەواری هێنرایە (گۆڵێ).

لە ناو گۆڵێ شایی و هەڵپەڕکێ و بووک گواستنەوە بوو، لە کانی مەلا عەلی و بەرزاییەکانی شەڕ بوو عەزیز ئاغای تازە زاوا کە ئەو ڕۆژە بووکی بۆ دابەزیبوو بڕیاریاندا بوو نانی زەماوەند بۆ پێشمەرگەش بەرن، عەزیز ئاغا وتبووی نانی پێشمەرگەکان خۆم دەیبەمە سەر شاخ، عەزیز ئاغا خواردنێکی زۆری هێنا، دووبارە برنج و نان و گۆشتی هێنایە سەر کانی مەلا عەلی عەزیز ئاغا چووە سەرەوە بۆ ناو سەنگەرەکانی پێشمەرگە تا سەیری شەڕەکە بکات، لەو کاتەدا دوژمن تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکرد پارچەیەک هاوەنی بەرکەوتوو بریندار بوو، عەزیز ئاغایان بە بریندارى هێنایەوە سەر کانیەکەو دایاننا، عەزیز ئاغا دەستیبرد بۆ بریندەکەی دەستی چووە کەلەکەیەوە وتی برا ڕۆ من بەکەڵک نەماوم هەر لەوێدا شەهید بوو گیانی سپارد[١٥].

عەزیز ئاغا تازە گوڵی دابوو، گەنجێکی نیشتمان پەروەر لە ڕۆژی زەماوەندەکەشیدا هەر دڵی لای پێشمەرگە بوو، خەمی ئەوانی لە کۆڵ نابوو، بە دڵی پڕ جۆش و بە ئومێدی چوونە ناو کەژاوەی هاوسەرگیری بەو پەڕی بەختەوەریەوە وێستی خۆی خواردن بەرێ بۆ پێشمەرگەکان، ئاخر ئەو پێی وابوو ناکرێ لە گەرمەی زەماوەندیشدا سەنگەرو شاخ و پێشمەرگە لە بیر بکات، ڕاستە عەزیز ئاغا پێشمەرگە

[١٥] عەزیز ئاغا خەڵکی ئاوایی گۆڵێ بوو لەو دیو دیلانێ نزیکەی (٤) کیلۆمەتر دوور بوو.

نەبوو بەڵام بە خوێنی خۆی مێژوویەکی تۆمار کرد بووە گوڵە شەهیدی گەل بووە زاوایەکی ناکام، لە جیاتی خەنەبەندان خەنەی خوێنی شەهید بوونی لە دەست و پەنجەی بووکدا، هەر ئەو ڕۆژە بوکیان گەڕاندەوە بۆ ماڵ باوکی.

هـــێرش بۆ مـــاوڵۆ

ڕۆژی دوای شەهید بوونی عەزیز ئاغا بۆ بەیانیەکەی پاسدار هێرشیان هێنایە سەر (ماوڵۆ) پێشمەرگەکانی تیپی ئاسۆس لێیاندان و هێرشەکەیان تێکشکاند.

عەبدولڕەحیم بانگی فەرماندە کەرتەکانی کردوو وتی جێبێک و تۆپێکی (١٠٥) یان لێجێماوە بیانهێنن، پێشمەرگەکان چوونە خوارەوە، زاهیر سێدەری و شێخ محەمەد لۆتەری لە سەر بیکەیسیەکە مانەوە، بە نۆرە تەقەیان بە (BKC) دەکرد تا پێشمەرگەکان جێب و تۆپەکە بهێنن.

تـــەرمێکی زیـــندوو

تەرمێک لە بەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە کەوتبوو، زاهیر سێدەری ووتی شێخ محەمەد ئەو پاسدارە کوژراوە، پاش کەمێک زاهیر سێدەری هەستیکرد دەجوڵێتەوە ووتی شێخ محەمەد ئەو تەرمە دەجوڵێ، پاسدارەکە نەکوژرابوو بەڵام خۆی کردبوو بە مردوو، کە زاهیر سێدەری و شێخ محەمەد سەرقاڵی قسە کردن دەبوون خۆی گل دەکردەوە تا دوور دەکەوتەوە کاتێک سەیریانکرد (٥٠) مەتر دوورکەوتووەتەوە شێخ محەمەد ووتی خۆ بە تەقلە دەڕوات ئەو سەگبابە، پاسدارەکە هەستاو ڕایکرد.

گـــرتنی ڕەبـــەت

عەبدولڕەحیم فەرماندەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس تێکڕای کەرتەکانی تیپی ٤٣ی ئاگادار کردەوە، ئەمشەو هێرش دەکەینە سەر شارۆچکەی ڕەبەت و لە دەست دوژمن دەریدێنین.

شەو داهات لە گەڵ تاریکی شەودا چرای ڕووناکی گەل هەڵبوو، شریخەی گوللەو پلاجەی ئاربیجی ئەو شەوەی کردە چراخان، ئەو شەوە شاری ڕەبەت لە

دەست هێزەکانی دوژمن دەرهێندرا، هەتا سەر پردی بریسوو دەستی بە سەردا گیرا، پردی بریسووی نزیک سەردەشت.

هەمان شەو پاسدارو هاوکارەکانیان پەلاماری پێشمەرگەیان دایەوە، لە یەک دەقیقەدا هەزاران پاسدار دەیوت ئەڵڵاهو ئەکبەر، دەیان هەزار فیشەک و گوللەی ئاربیجی ڕوویدەکردە پێشمەرگەکان، پێشمەرگەش ئەڵڵاهو ئەکبەریان دەوتەوە.

لە کاتی گرتنی (ڕەبەت) دا، دەیان ئۆتۆمبێل و تۆپ و چەکی قورس جێمان بەڵام پێشمەرگە سەر نەپەرژان کۆیان کەنەوە و بیانگوێزنەوە، پاسدار پەلاماری (ڕەبەت) یان دایەوەو گرتیانەوە هێزی پێشمەرگەش کشانەوە (ماوڵۆ).

لەو شەڕە گەورەو فراوانەدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان گورزی گەورەیان لە دوژمن وەشاند، دەیانیان لێکوشتن، زیانی زۆریان لێدان.

لە کەرتی شێخ محەمەد (حسێن مەمەنداوایی) پێشمەرگەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس شەهید بوو تەرمەکەی کەوتە دەست پاسدار.

تـــیپی (44)ی چـــەکوچ

تیپی ٤٤ی چەکوچ بە فەرماندەیی شێخ نەسرەدین فەرماندەی تیپ لە بناوێ شەڕێکی گەورەیان لە گەڵ دوژمندا کرد، (٥) پاسداریان بە دیل گرت، پاسدارە دیلەکانیان بە تەرمی شەهید محەمەد مەمەنداوایی گۆڕیەوە، لە سەردەشتەوە تەرمی شەهید (حسێن) یان هێنایەوە تەرمەکە لە سەردەشت شۆردرابوو کفن کرابوو لە نایلۆن پێچرابوو.

تـــکەی نـــــێری

هێزی پێشمەرگە لە ماوڵۆ بوون کە بە سەر (ڕەبەت) دا دەڕوانێ زاهیر سێدەری ئێشکگر بوو، لە ناکاو گوێی لە پڕمەیەک بوو زاهیر ووتی پاسدارن بەڵام نەچوو بە برادەران بڵێ، پڕمەکە دووبارەو دە بارە دەبووەوە، مەحموود سێدەری هات زاهیر بگۆڕێت ووتی برۆ بخەوە زاهیر ووتی خەوم نایە، دەنگی پڕمەکە هاتەوە، مەحموود سێدەری خوێی هەڵخست ووتی پاسدارە، زاهیر ووتی یەک کاتژمێرە ئەو پڕمەیە هەیە، مەحموود سێدەری و زاهیر سێدەری چوونە دۆڵەکەوە بزانن چییە،

کە چوون مەحموود سێدەری ووتی بۆنی تکەی نێری دێ[16]، کاتێک چوونە دۆڵەکە (٤٠) گیسکی پایزەی گەورە بوون نێرییەکیان لە گەڵدا بوو، گیسکەکانیان هێنا بۆ لای خۆیان، بۆ بەیانی گیسکەکانیان بردە ناو دێی (ماوڵۆ) وتیان ئەوانە گیسکی دیلانێن تار[17] بوون و هاتوون بیدەنەوە خاوەنەکانیان.

گـــــردی شـــاڵگی

تۆفیق مەرگەیی، شێخ محەمەدی هەستان ووتی هەستە تەقە تەقێک دێت کە هەستایە پێ قادر مەکڵاوەیی[18] ووتی پایزان لێرە گەڵا دەبڕن بۆ مەڕو بزن ڕەنگە خەڵک بن، دنیا ڕووناک بووەوە سەیریانکرد گردی شاڵگی کە لە سەرەوەیان بوو پاسداری پێوەیە و لەوێ هەڵیانداوە، پاسدارەکان لە سەردەشتەوە هاتبوونە ڕەبەت، بە سەر دوو دێدا هاتبوون کە پێشمەرگەی لێبوو لە ڕێگا پێشمەرگە لێیاندابوون.

کەرتەکەی شێخ محەمەد کۆبوونەوەو تەگبیریان کرد هێرش بەرنە سەر پاسدارەکان لە سەر گردی شاڵگە زیاتر لە (٧) بنکەیان دانابوو، پێشمەرگەکانی کەرتی دوو بە فەرماندەیی شێخ محەمەدی لۆتەر هێرشیانکردە سەر گردی شاڵگی لە تێکڕای بنکەکانیاندا، ٢٠٠ پاسداری پێوە بوو، چل پێشمەرگەی کەرتی دوو هێرشێکی هەمە لایەنانەیان کردە سەر گردی شاڵگی، ئەحمەد قەناس و فەقێ عەلی لە گەڵ شێخ محەمەد هەڵمەتیان بردە سەر بنکەیەکی پاسداران، شێخ محەمەد بە نارنجۆک هێرشیکردە سەریان سەنگەری پاسدارەکانیان گرت، سێ کلاشینکۆف و ئاربیجی و قەناسەیەکیان گرت ، لەو سەنگەرەدا چوار پاسداریان کوشت.

کات نیوەڕۆ بوو، کۆپتەر هاتە سەر شەڕگەکە قارەمانەکانی کەرتی دوو، پێشمەرگەیان بە سەر بنکەو خاڵی پاسدارەکاندا دابەشکرد بۆ لێدانیان لە ئەنجامی هێرش و هەڵمەتی پێشمەرگەکاندا تێکڕاوی بنکەو شوێنی پاسدارەکان دەستیان بە سەردا گیرا تەنها شوێنێک نەبێت کە بە دەست پاسدارەوە مابوو تێکڕا حەوت بنکەو شوێن پێ گیران.

١٦ تکەی نێری واتە دەستە میزی نێری، بۆنی میزی نێری.
١٧ تار بوون، واتە تەرە بوون، یان هەڵبڕاو، یان دابڕاو.
١٨ قادر مەکڵاوەیی پێشمەرگەی حزبی دیموکرات بوو.

حسێن مەمەنداوایی لە هەڵمەت بردنە سەر بنکەیەکی پاسدارەکان شەهید بوو، عەلی مام ئەحمەدە خۆڵە بۆ پاڵپشتی پێشمەرگەکان گەیشتە لایان، قادر مەکڵاوایی لە حزبی دیموکرات بریندار بوو.

لەو شـەڕەدا ١٣ تفەنگی ژێرسێ دەستیان بە سەردا گیرا لە گەڵ ١٣ بێتەلی ڕاکاڵی گەورە، ژمارەیەک دیل کران و چەندین پاسدار کوژران لە دیلەکانیان پرسی چۆن بە سەر ئەو هەموو شوێنەدا گەیشتوونەتە ئێرە، پاسدارەکان وتیان نەهێنی ئێوەمان زانیوە (مام سالح)ە، نەهێنی ئەو شەوە دزەی کردبوو گەیشتبووە دەست پاسدارەکان.

لەم شەڕەدا مام بەکر و پێشمەرگەکانیشی هاتن بە هانای شەڕەکەوە بەڵام شەڕ کۆتایی هاتبوو دوای دەستبەسەرداگرتنی بنکەو شوێنی پاسدارەکان خەڵکی شاڵگە و شندڕە هاتنە سەر بنکەی پاسدارەکان و هەرچی جێمابوو بردیان.

گـــــردی مـــاوڵۆ

پێشمەرگەکان لە گردی ماوڵۆ بوون خشپەیەک هات، فەقێ ئەحمەد تەقەی لە شوێن خشپەکە کرد، شێخ محەمەد ووتی ئەوە چییە ووتی پاسدارن کە چوونە سەریان پێشمەرگەی حزبی دیموکرات بوون، پێشمەرگەیەک بە ناوی (یوسف) بریندار بوو.

کـــــچێکی ئـــــازا

شـەوێک کـاک عەبدولڕەحیم کـۆبـوونـەوەی بـە پێشمەرگەکان کـرد، دوای کۆبوونەوەکە هەر کەرتە ڕۆیشتە شوێن کەمینی خۆی.

مـەفرەزەیـەکـی ئومێد قـەرەنـی فـەرمـانـدەی کـەرتـی تیپ ڕۆیشتن بـۆ شوێن کەمینەکەیان تەماشایانکرد تارمایی دیار بوو لە کۆمەڵە دەوەنێک دەچـوون بە یەکەوە، برایم پێشمەرگەی مەفرەزەکە بوو پێیانوت دوێنێ ئەو هەموو دەوەنەی لێنەبوو، برایم ڕۆیشتە پێشـەوە فیشەکێکی نا بە دەوەنەکانەوە هیچ جوولّە نەبوو، کە چوونە پێشـەوە پاسدار لێیاندان، برایم سـەنگەسـەری بریندار بوو، هاوڕێکانی

برایمیان ڕاکێشا بەڵام نەیانتوانی دەربازی بکەن چوونکە تەقەی زۆریان لە سەر بوو.

برایم بەجێما، هاوڕێکانی نەیانتوانی لە گەڵ خۆیان ببەن، بەو شەوە بە تەپاوتل هاتە خوارەوە بۆ ناو دیلانێ، بەیانی کچێک لە دیلانێ مەڕومالاتی دێی بۆ قەدپاڵەکە دەبرد سەیر دەکات بریندارێک لەوێ کەوتووە، کچەکە دەگەڕێتەوە ماڵەوە ولاخێک دێنێ برایم سەر دەخاتە سەر ولاخەکەو دەیباتە (ماولۆ) بۆ لای پێشمەرگەکان لەوێوە ڕەوانەی نەخۆشخانەی حزبی دیموکراتی دەکەن ئەوەی سەری لە پێشمەرگەکان شێواند غەشی عەسکەری بوو، پاسدارەکان دارو دەوەنیان لە خۆیان پێچابوو تا لە شێوەی دەوەن دەربکەون بەمەش زەفەریان لە پێشمەرگەکان هێناو برایم بریندار بوو.

ساڵی ١٩٨٨- دوای ئەنفال، زاهیر سێدەری چووە دیلانێ و بە دیداری ئەو کچە ڕوو سوورە کوردە شاد بوو، ڕێزو سوپاسی خۆی بۆ دەربڕی.

تێکڕای پێشمەرگەکانی تیپی ٤٣ی ئاسۆس بەشداری شەڕەکانی هێزی پشتیوانیان کرد.

کاک عەبدولڕەحیم فەرماندەی تیپ
مام ڕەسوڵ قەڵادزەیی جێگری تیپ
خالیدی کاروبار- کۆمەڵایەتی
عوسمان شارستێنی فەرماندەی کەرت بوو
مەحموود سێدەری جێگری بوو
ئەبوبەکر مەلا قادر فەرماندەی کەرت
عەلی مام ئەحمەد فەرماندەی کەرت بوو
شێخ محەمەد لۆتەری فەرماندەی کەرت
عەبدوڵڵای مام سەعیدخورڕەیی فەرماندەی کەرت
ئومێد قەرەنی فەرماندەی کەرت
مەحموودی مام سەعید- مامە قالە

کەمال مەرگەیی، حەمەدەمین کوێرەکانی، فەقێ عەلی، قادر زەرونـی، خالید قەڵادزەیی فەرماندەی مەفرەزە بوون، عەلی مام ئەحمەدی مەمەنداوا فەرماندەی کەرت.

تیپی ٤٣ی ئاسۆس ماوەی سێ مانگ لەو ناوچەیە مانەوە دەیانپرسی دەبێ کەی بگەڕێنەوە دەیانووت کە بەفر باری، مانگی ١١ بەفرێکی ئەستور باری و گەڕانەوە، پاسدار لە واوانەوە بەرەو گرژاڵ ڕۆیشتبوو دەبوایە شەو لە چەم بپەڕنەوە، شێخ محەمەد ولاخی هێناو لە چەمی کەڵۆێ پەڕینەوە.

قـــۆڵی ڕەبەت- ســـــەردەشت

کاک عەلی بچکۆل سەرپەرشتی قۆڵی ڕەبەت سەردەشت، قەڵە ڕەش، بێورانی دەکرد.

تیپی ٦٣ی جووتیاران بە فەرماندەیی قادر مەمەند ئاغا، تیپی شێخ سەدرەدین، تیپی هۆمەر اغا لە سنووری سەردەشت بوون.

لە مـاوەی دوو مانگ شـەڕی بـەردەوامـدا ڕێگەیان نـەدا پاسـداری ئێران و پیاوەکانیان بەرەو خانە بڕۆن.

قۆڵی سەرەکی شەڕ لە دەوروبەری خانە بوو، تیپەکانی گەرمیان لەوێ بوون، مەکتەبی عەسکەری و سەرکردایەتی و هەڤاڵ مامجەلال لەو ناوچەیە بوون ئەمە جگە لە تیپی ئاسۆس کە لە ڕەبەت بوون.

مانگی ١١ی ساڵی ١٩٨٢ دوای بارینی بەفرێکی زۆرو بە ڕەزامەندی قاسملو گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

تیپی 61 کـــــوڕەش

مەکتەبی سیاسی لە توژەڵە بوو، جەنابی مامجەلال لەوێ بوو، نامەیەکی مامجەلال گەیشتە دەستی محەمەد وەتمان نووسیبووی وەرە بۆ توژەڵە.

بارەگای مامجەلال لە بن گوێزێک بوو لە سەر کانییەک لە سەرچاوەی توژەڵە، محەمەد وەتمان چووە بارەگای مامجەلال، هێندەی نەبرد برادەرانی حزبی دیموکرات

هاتن، دکتۆر قاسملو مەلا عەبدوڵڵای حەیاکی (عەبدوڵڵای حەسەن زادە) یەکێک لە سەرکردەکانی دیموکرات، هاتنە لای مامجەلال و کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا، دوای تەواو بوونی کۆبوونەوەکە مامجەلال بانگی محەمەد وەتمانی کرد ووتی دەبێت ئەمشەو هێزێک کۆبکەیتەوە بەیانی بڕۆیت بۆ هاوکاری برادەرانی حزبی دیموکرات، محەمەد وەتمان ووتی چەند کەس بەرم، مامجەلال ووتی چەندت پێ دەچێ، محەمەد وەتمان ووتی ڕەنگە (١٥٠) کەسم پێ بچێ ناتوانم بارەگاکان چۆڵ بکەم.

بـــەرەو هـــێزی ئـــاوارە

محەمەد وەتمان (١٥٠) پێشمەرگەی ئامادەکردو لە دەشتی (وەزنێ) وە ڕۆیشت، بچنە لای هێزی ئاوارە کە سەید ڕەسوڵی بابی گەورە فەرماندەی بوو بارەگای هێزی ئاوارە لە خدراوێ بوو، هێزەکەی تیپی ٦١ی کوڕەش چوونە بارەگای هێزی ئاوارە، حزبی دیموکرات هێرشی بەردەوامیان لە سەر بوو شەکەت ببوون، هێزی پێشمەرگەی دیموکرات هەر تەنها چەکی سوکیان هەبوو پاسداریش وایان تێگەیاند بوون کە ڕێگەی بەهەشت لێرەوەیە، یان ڕێگەی کەربەلا لێرەوەیە، چوونکە زۆر جار دەیانپرسی ڕێگەی کەربەلا لە کوێوەیە.

تیپی ٦١ی کوڕەش چوونە لای هێزی ئاوارە لە گەڵ ئەواندا لە خدراوێ، قەبری حسێن، بەشداری شەڕەکانیانکرد، دواتر حاکم عومەریش هاتە خدراوێ تووشی شەڕێک بوون، چەند شەهیدێکیان بەخشی.

مولازم عومەرو شەوکەتی حاجی موشیر هاتنە کونە مشکە و ئاڵوەتان، مامجەلال بارەگای هاتبووەوە دێی (ساوان) لە پشتی داوداواو مەمکاوە.

تیپی ٦١ی کوڕەش ماوەی سێ مانگ لە ئاڵوەتان و ئاڵی هەمەران مانەوە، تووشی شەڕی سەخت بوون دوای سێ مانگ مانەوە گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان لەو شەڕانە دا تیپی کوڕەش چەند بریندارێکیان هەبوو.

لە شەڕی هێزی پشتیواندا محەمەد وەتمان سەرپەرشتی تیپی ٦١ی کوڕەش و قەڵاتووکانی دەکرد کە مامۆستا ئەنوەر فەرماندەی بوو، دواتر تیپی قەڵاتووکان خرایە سەر تیپی ٦١ی کوڕەش.

تـــیپی 63ی جـــــوتیاران

مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٨٢ تیپی ٦٣ی جوتیاران وەکو تیپەکانی تری (ی.ن.ک) بەشداری لە شەڕەکانی هێزی پشتیوان کرد.

تیپی ٦٣ی جوتیاران چوونە (زورکان)ی سەردەشت، لەوێ سەنگەریان گرت و ئامادە بوون بۆ بەرپەرچدانەوەی هەر پەلامارێکی دوژمن.

ئێوارەیەک حزبی دیموکرات ئاگاداری تیپی ٦٣ی جوتیارانیان کرد هێرش دەکەنە سەر دوژمن، بەڵام پلانی شەڕەکە ئاشکرا بوو، تۆپخانەکانی ئێران تۆپبارانی ئەو شوێنەیان کرد کە پێشمەرگە دەیانویست هێرشی بۆ بکەن، پێشمەرگەکان لەو تۆپبارانەدا بێ زیان بوون لە قۆڵی تیپی ٦٣ جوتیاران جموجوڵ کەم بوو تەنها تەقەی دوور بە دوورو تۆپباران بوو.

کەرتەکانی تیپی (٦٣)ی جوتیاران لە بێوریێ خوارو، نێشکۆڵان، کۆنە زۆرکان، کۆڕبنار دابەش ببوون، هەر لەو شەڕانەدا تیپی جوتیاران هەڵمەتیان بردە سەر گردی غەوزە و دەستیان بە سەرداگرت، پاسداریێک دیل کرا.

ئـــۆپەراسیۆنی گـــوێدرێژ

حەسەن محیەدین، ڕەسوڵی حاجی حەمە سوور، جەمالی خاوەر لە نزیک خاڵی پشکنینی کەپران کەمین بوون، ژمارەیەک گوێدرێژ هاتن، پاسدار چرا فانۆزیان کردبووە ملیان، فانۆسەکان دەهایسان، کەرگەل ملی ڕێگەیان گرتبوو دەتووت ئۆپەراسیۆنە پاسدارەکان بە مەبەستی تاقیکردنەوەی ڕێگان گوێدرێژەکانیان خستبووە ڕێ، پێشمەرگەکان فانۆسەکانیان لە کەرەکان کردەوە، چاوەڕوانی هاتنی پاسدار بوون بەڵام نەهاتن، زانیبوویان کەمین هەیە چوونکە کەرەکان نەگەڕابوونەوە.

پێشمەرگەکان گەڕانەوە نیشکۆڵان چوونە ماڵی عەبدوڵڵای حاجی سمایل فەرماندەی حزبی دیموکرات لەوێ نانیان خوارد جەمال پەنجەی ڕەش ببوو، دایکی عەبدوڵڵا حاجی سمایل دوو پیازی بۆ پیشان لە پەنجەکانی بەستی، جەمال بەدزیەوە هەر دوو پیازەکەی خوارد لە جیاتی لە پەنجەی ببەستێ.

تـــیپی (44)ی چـــــەکوچ

تیپی ٤٤ی چەکوچ، وەکو تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداری شەڕی هێزی پشتیوانیانکرد.

تیپی ٤٤ی چەکوچ سەر بە مەڵبەندی دووی (ی.ن.ک) لە هەرزنە پەڕینەوە چوونە ناوچەی ئالان و دێیەکانی (بێ شاس، توژەڵە، بناوێ، شیسنوێ، کۆنە شینوێ)ی سەر بە شاری سەردەشت.

تیپی ٤٤ی چەکوچ چوونە مزگەوتی دێیەکانی سنووری سەردەشت بۆ پشوودان، خەڵکی دێیەکان خواردنیان بۆ دەهێنانە مزگەوت.

تیپی ٤٤ی چەکوچ سەرەتا لە گەڵ هێزەکانی حزبی دیموکرات تێکەڵاو بوون، بەڵام دواتر سنووریان جیاکردەوە چوونکە شێخ سەدرەدین پێیوابوو بەو شێوەیە جێگە دەستی تیپی ٤٤ دیار دەبێت لە سەرکەوتن و هەر جۆرێکیتردا.

شـــــەڕی شـــــینوێ

پاسداران و قیادە مۆقەتە پەلاماری شارۆچکەی (ڕەبەت)یاندا کە تیپی (٤٣) ی ئاسۆسی لێبوو، هێزێکی دوژمن بۆ پاڵپشتی هێزە پەلاماردەرەکەیان هاتبوونە بەر شینوێ، پێشمەرگەکانی تیپی (٤٤)ی چەکوچ لە هێزەکەی دوژمنیاندا لە خوار شینوێ، لەو شەڕە شەش چەک دەستکەوت بوو.

بـــــناو، تـــــوێ

لە گەڵ گەیشتنیان تیپی ٤٤ی چەکوچ چوونە (توێ) لەوێوە بۆ هەڵۆ دواتر بۆ بناو، پیرەباب لێپرسراوی حزبی دیموکرات بوو لە ناوچەکە بوو بە شێخ سەدرەدینی وت ئێوە لێرە بن بەرانبەر حوشتر مل، لە شینوێ پاسداری لێبوو.

بەرە بەیان پاسدار پەلاماری هێزی پێشمەرگەیدا تیپی ٤٤و هێزەکانی حزبی دیموکرات پەلامارەکەی دوژمنیان تێکشکاند.

دوای چەند ڕۆژێک پیرەباب داوای لە تیپی ٤٤ی چەکوچ کرد بچنە توژەڵێ ئێمە لە بناو دەبین، تیپی ٤٤ هاتنە توژەڵێ، هۆمەر اغا و قادر اغا چوونە هەلۆ.

تیپی ٤٤ی چەکوچ لە پشتی توژەڵێ شەڕێکی گەورەیان لە گەڵ پاسدارانداا کرد سەرەتای شەڕەکە (١٠) پێشمەرگە بەشدار بوون هێرشیانکردە سەر پاسداران لە پشتی توژەڵە لە کۆی (١٠) پێشمەرگە کە (٧) یان بریندار بوون.

شـــەڕی تـــوژەڵێ

بارەگای شێخ سەدرەدین فەرماندەی تیپی چەکوچ لە توژەڵێ بوو، سووپای پاسداران پەلاماری پشتی (توژەڵێ) یانداو گرتیان، پێشمەرگەکانی تیپی چەکوچ هێرشیانکردە سەر سووپای پاسداران لە پشتی توژەڵە، تۆپخانەکانی دوژمن بە خەستی تۆپبارانی ناوچەکەیان دەکرد، کوڕانی تیپی ٤٤ی چەکوچ گورزی کاریگەریان لە دوژمندا بەڵام شوێنەکە نەگیرا، شێخ سەدرەدین بڕیاریدا پشتی توژەڵە بگیرێتەوە ئێوارەیەکی باراناوی بوو باران بە خوڕ دەباری پاڵتۆی بەری پێشمەرگەکان هێندە تەڕببوو ئاوی هەڵمژیبوو قورس ببوو ناچار پێشمەرگە پاڵتۆکانیان دانا.

ئێوارە بوو پێشمەرگەکانی تیپی (٤٤)ی چەکوچ هەڵمەتیان بردە سەر پشتی توژەڵێ و دەستیان بە سەرداگرت هێزەکانی دوژمن ڕایانکرد، ژمارەیەکی زۆر پاسدار کوژران وەکو گەڵای درەختەکان هەڵوەریبوون دەیان تەرمیان لێبەجێما، ژمارەیەکی زۆر تفەنگی ژێرسێ، کلاشینکۆف، یەک لاق جێماو کەوتە دەستی پێشمەرگە، دەیان کۆڵە پشت جێمابوون پڕ بوون لە ئازوقەو فیشەک.

دوای ئەو سەرکەوتنە گەورەیە لە پشتی توژەڵێ ژمارەیەک پێشمەرگە مانەوە، باقی تیپەکە هاتنە خوارەوە بۆ مزگەوتی توژەڵێ، عەلی بچکۆل فەرماندەی هێزەکانی پێشمەرگە لە ڕەبەت و سنووری سەردەشت، هاتە مزگەوتی توژەڵێ و یەکە یەکەی پێشمەرگەکانی ماچکرد پیرۆزبایی سەرکەوتنەکەی لێکردن، تیپی ٤٤ی چەکوچ تا گەڕانەوە نەیانهێشت هیچ شوێنێک بکەوێتە دەستی دوژمن.

بـــــرێندارەکان

لە کۆی (١٠) پێشمەرگەی سەرەتای شەڕەکە (٧) پێشمەرگەیان بریندار بوون، حەسەن حەماغا، حسێن دۆڵە گۆمی، سلێمان جاف، محەمەد سیاسی دۆڵە گۆمی لە بریندارەکان بوون.

وڵاخ ئامادە کرا بریندارەکان بنێرنە کانی زەرد بۆ نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات، کاتێک بریندارەکانیان سواری وڵاخەکان کرد حەسەن حەماغا بورایەوە بۆیە دایانبەزاندو خستیانە تابووتەوە بردیانە ئاغەڵان بارەگایەکی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی لێبوو دکتۆرێک لەوێ بوو چارەسەری بۆ حەسەن کرد.

دوای چارەسەر کردنی سەرەتایی بردیانە نەخۆشخانەی کانی زەرد بریندارەکانیتریش لەوێ بوون چارەسەریان بۆ دەکرا.

دوای ماوەیەک مانەوە لە نەخۆشخانەی حزبی دیموکرات لە کانی زەرد بریندارەکانیان گواستەوە قوڵە هەرمێ- ناوزەنگ.

هـــێڵکەی دوو زەردێـــــنە

دوای سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕەکانی پشتیوانی لە حزبی دیموکرات و کۆمەڵە و هێزەکانی ڕۆژهەڵات، مامجەلال و دکتۆر قاسملو ڕێزیان لە هێزی پێشمەرگە نا.

تیپی ٤٤ی چەکوچ یەکێک لەو تیپانە بوو کە ڕێزی لێنراو سووپاسی جوامێری و قارەمانێتیان کردن، مامجەلال بە شێخ سەدرەدینی فەرماندەی تیپی چەکوچی وت بە ڕاستی کوڕی ڕۆژی تەنگانەن، بە ڕاستی هێڵکەی دوو زەردێنەن.

تـــیپی 68ی مـــامەندە

مانگی (٩)ی ساڵی ١٩٨٢ تیپی ٦٨ی مامەندە وەکو زۆربەی تیپەکانیتری (ی.ن.ک) بەشداریان لە شەڕی هێزی پشتیواندا‌کرد.

تیپی ٦٨ی مامەندە لە شەمە شێخە و دێیەکانیتری ناوچەکە بوون بەرانبەر سووپای پاسداران وەستا بوون لە ماوەی سێ مانگ مانەوەیاندا لە ڕۆژهەڵات بـەردەوام شەڕو پێکدان لە نێوان تیپی مامەندەو پاسدارا‌ندا هەبوو کە بەرانبەر یەکتری بوون، لە شەڕی توژەڵێدا هاوشانی تیپی ٤٤ی چەکوچ تیپی مامەندە ڕۆڵی دیاریان بینی.

شـــەڕی تـــوژەڵێ

پاسدارو هاوکارەکانیان پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی (٤٤ی چەکوچ) یاندا لە توژەڵێ، شەڕێکی گەورە لە نێوان پێشمەرگە و پاسدارو هاوکارەکانیاندا ڕوویدا، تیپی ٦٨ی مامەندە بۆ پشتیوانی لە تیپی ٤٤ی چەکوچ بەشداری شەڕەکەیانکرد، دەمەو ئێوارە هێزەکەی دوژمن تێکشکا ژمارەیەکی زۆر تەرمی پاسدار جێمان.

تیپی مامەندە هاوشانی هێزەکانیتری (ی.ن.ک) سێ مانگ لە ڕۆژهـەڵات و پشتگیری حزبی دیموکرات- کۆمەڵە و هێزەکانیتری ڕۆژهەڵات مانەوە، دوای سێ مانگ گەڕانەوە بارەگاکانیان.

دوای گەڕانەوەیان مامجەلال کۆبوونەوەیەکی بە تیپی مامەندە و چەکوچ و کوڕەکاژاو کرد دوای سووپاس کردنیان ڕوویکردە هێزەکەو پێیوتن ئێوە وەک هێلکەی دوو زەردێنە وان.

تـــیپی 41ی کـــوڕە کـــاژاو

تیپی ٤١ی کوڕەکاژاو شان بە شانی تیپەکانی ٤٤ی چەکوچ، ٦٨ی مامەندە بەشداری لە شەڕەکانی هێزی پشتیواندا کرد.

تیپی ٤١ی کوڕەکاژاو لە سنووری دێیەکانی توژەڵێ، بناو، هەڵۆ بوو، هاوشانی تیپەکانی ٤٤، ٦٨ لە سەنگەردا بوون بەرانبەر ئەرتەشی ئێران.

لە شەڕی پشتی (توژەڵێ)دا هاوشانی تیپەکانیتر بەشداری کاریگەریانکرد لە گرتنەوەی پشتی توژەڵێ.

هێزەکانی ئێران پەلاماری پشتی توژەڵێیانداو دەستیان بە سەردا گرت تیپەکانی ٤١ی کوڕەکاژاو، ٤٤ی چەکوچ، ٦٨ی مامەندە لە هێرشێکی پێچەوانەدا پشتی (توژەڵێ) یان لە هێزەکانی دوژمن سەندەوەو چەندین کوژراویان پێجێهێشتن.

ڕۆژێکی توش و تەڕ بوو، باران دایکردبوو پێشمەرگە دەتوت هەڵۆن بە سەر نێچیرەوە وەک ڕەشەبا بە دەم شنەی هێرشەوە بە سەر سەری (توژەڵێ) وە لەشکری دوژمنیان ڕادەماڵی.

بەفرێکی ئەستوور باری، تێکڕای هێزەکانی یەکێتی ناوچەکەیان چۆڵکردو گەڕانەوە سەرکردایەتی لەوێشەوە بۆ بارەگاکانیان.

مامجەلال کۆبوونەوەی بەهێزەکە کرد، تیپی (٤١، ٤٤، ٦٨) چوونە لای مامجەلال، دوای بەخێرهاتن مامجەلال سووپاسی کردن، داوایلێکردن سەردانی قاسملوش بکەن، تیپەکان چوونە سەردانی دکتۆر قاسملو ئەویش زۆر سووپاسی هێزەکانی (ی.ن.ک) و تیپەکانی (٤١، ٤٤، ٦٨) کرد.

تـــیپی (14)ی ئـــــاکۆ

بارەگای تیپی ئاکۆ لە شێنێ بوو، شەوێک کاتژمێر (١٠) پێشمەرگەیەک هاتە بارەگای تیپ و پێیوتن مامجەلال دەڵێ هەر ئێستا بگەنە کونە مشکە بۆ لای ملازم عومەرو سەید کەریم.

دەمـەو بەیان تیپی ئاکۆ گەیشتە کونە مشکە، شەڕ لە گەڵ هێزەکانی ئێران بـەردەوام بوو ملازم عومەرو سەید کەریم ئاگرێکیان کردبووەوەو لە دەوری دانیشتبوون وتیان ئێوارە لێرە شەڕ بووە بچن شوێنی ئەوان بگرنەوە.

تیپی ١٤ی ئاکۆ چوونە زنجیرە شاخەکە کە بە سەر ئاڵوەتاندا دەیڕوانی هەر قۆپەو (١٠) پێشمەرگەیان لێدامەزراند پاسدارو جامانە سوور تێکەڵ ببوون تیپی ئاکۆ چەند ڕۆژێک لەوێ مانەوە.

محەمەدی کاک هەمزە یەکێک لە فەرماندە کەرتەکانی تیپی ئاکۆ بوو، دوای چەند ڕۆژێک مانەوە لەو زنجیرە شاخە هاتنە خوارەوەو پشوویاندا دوو گیسکیان بۆ سەر بڕین.

هێزەکەی تیپی ئاکۆ لە کونە مشکە بوون لە سەری خدراوێ شەڕ بوو، ملازم عومەر بارە فیشەکی بە محەمەدی کاک هەمزەدا نارده شەڕەکە شەڕێکی قورس بوو، محەمەدی کاک هەمزە فیشەکەکانی تەسلیم کردوو لە گەڵ کەرتەکەیدا بەشداری شەڕەکەیانکرد دوای تەواو بوونی شەڕەکە گەڕانەوە.

پـاش مـاوەیـەک تیپی ئاکۆ چـوونـە ئـاوایـی (ئەحمەد بـریـو) لـە سـەر شـاخ و بەرزاییەکانی دێیەکە دامەزران، مامۆستا نازم هاتە لای هەڤاڵانی تیپی ئاکۆ وڵاخێکی پێبوو خێمەیەکی لێبار کردبوو تەورو بێڵی پێبوو دانیشت و وتی مامجەلال ناردوومی بچنە سەر ئەو شاخەی (سەری گۆمێ) تیپی ئاکۆ چوونە ئەوێ.

مامجەلال داوایکردبوو پێشمەرگەکانی تیپی ئاکۆ ببینێ، محەمەدی کاک هەمزە چووە داوداوێ بۆ لای مامجەلال، ئەو شەوە دەرفەت نەبوو وتیان کە مامجەلال هەستا لە خەو دەیبینی.

بوومەلێل بوو، مامجەلال هەستا لە خەو بەفرێکی زۆر باریبوو شاخ و لوتکەکانی دەوروبەری داوداوێیی سپی پۆش کردبوو، پێشمەرگەیەک هات بە محەمەدی کاک

هەمزەی وت مامجەلال دەڵێ با بچێتەوە لای هێزەکەی خۆی پێویستی نە بە منە نە بە کەسە بەفر هات و ئەو شاخانەی گرت.

تێکڕای کەرتەکانی تیپی ئاکۆ بۆ ماوەی مانگێک لە کونە مشکەو ئەحمەد بریوو و خدراوێ و سەری گۆمێ بوون، دوای بارینی بەفرێکی ئەستوور گەڕانەوە شێنێ و خڕی ناوزەنگ.

مامجەلال داوایکردبوو محەمەدی کاک هەمزە، عەولای حاجی شێخە، برایمە سێن، عومەری حاجی برایم بە لای مندا بێنەوە ئیشم پێیانە.

بە بڕیارێک محەمەدی کاک هەمزە کرایە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی (٣) عەلی نەبی بە هەمان شێوە بە بڕیارێک کرایە فەرماندەی تیپ.

تـــیپی 11ی هـــــەورامان

بەشێک لە تیپی (١١)ی هەورامان بە نیازی چوونە بادینان بەڕێکەوتن، بەڵام بابەتی چوونە بادینان دواخـراو بـەرەو شـەڕی پشتیوانی لە حزبی دیموکرات بەڕێکەوتن.

تیپی ١١ی هەورامان چوونە ئاڵوەتان ملازم عومەر هات بۆ لایان، مامجەلال بە ملازم عومەری ووت مەڕۆن با هەندێک پارەتان بدەمێ پێتان بێت ناردوومە بۆ شار پارەمان بۆ بهێنن، وواڵاخێک دەرکەوت مامجەلال ووتی چاوەڕێی ئەوە دەکەین پارەی هێناوە.

ڕێکخستنەکان و دۆستەکانی یەکێتی مەبلەغێک پارەیان نارد بوو مامجەلال پارەی دایە ملازم عومەر ووتی با پێتان بێت بۆ هێزەکەی خەرج بکەن.

تیپی ١١ لە گەڵ ملازم عومەر ڕۆیشتن ئەو شەوە هەموو هێزەکانی هەورامان کۆکرانەوە هێرش بکەن پاسدارو قیادە موقەتە ڕەبیەی تازەیان دانابوو هێزەکەی هەورامان لە گەڵ ملازم عومەر بوون کەرتەکەی جەلال کوڵکنی ڕۆیشتن بۆ گرتنی ڕەبیەکە نەهێنییەکەیان گەزیزە بوو.

بەشی یەکەمی هێزەکەی تیپی ١١ی هەورامان بە فەرماندەیی جەلال کوڵکنی بەرەو کونە مشکێ، داوداوا، مەمکاوێ بەڕێکەوتن و لە سەنگەرەکاندا جێگیر کران.

لە ماوەی مانەوەیاندا لە سەنگەرەکانی بەرگری کونە مشکە و داوداواو مەمکاوا چەندین هێرش و پەلاماری ئەرتەشی ئێران و قیادە موقەتەیان تێکشکاند، لەو شەڕانەدا عیزەدین هەڵەبجەیی پێشمەرگەی قارەمانی تیپی هەورامان شەهید بوو.

تەرمی شەهید عیزەدین لە بەردەم هێزەکانی دوژمندا جێما، بەڵام جەلال کوڵکنی و چەند پێشمەرگەیەک چوونە شوێن شەڕەکەو تەرمی عیزەدینیان ڕزگار کرد.

بەشەکەیتری تیپی هەورامان کە لە ناوچەکەی خۆیان مابوونەوە بە فەرماندەیی شەوکەتی حاجی موشیر فەرماندەی تیپی هـەورامـان بـەرەو شەڕەکانی هێزی پشتیوان بەڕێکەوتن.

ڕۆژی ١٩٨٢/١٠/٥ هێزەکەیتری هەورامان گەیشتە سەنگەرەکانی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان،(فەلاحی حەمە بۆر)، مامۆستا شاهۆ، لەتیفی حەمەی سابیر،

فاتیح ئیناخی، فەیسەڵی مەلا عەلی (کاکە شێخ) حەمەی حەمە سەعید، عومەر چاو جوان، عەزیز کوڵکنی و ئەوانیان گۆڕی پشوو بدەن.

نـــاو ئـــاڵوەتان

تیپی هەورامان لە ناو ئاڵوەتان بوون بەیانییەکەی هەستان پاسدارو قیادە موەقەتە سەر چیاکانیان گرتبوو ناو ئاڵوەتانیان تۆپبارانکرد ڕەسەدی تۆپەکەیان هاتبووە پشتی ئاڵوەتان، بە زەحمەت لە ناو دێدا دەرچـوون، شەوکەتی حاجی موشیرو هێزێک سەرکەوتنە کونە مشکە.

تیپی ئاڵوەتان بۆ ماڵەکانی کونە مشکە بۆ سەر ئاڵوەتان دامەزرا بوون کۆپتەرو تۆپخانەکانی ئێران بەردەوام ئاگر بارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیاندەکرد.

تیپی هەورامان بۆ ماوەی سێ مانگ بەرگرییان کرد نەیانهێشت هێزەکانی ئەرتەشی ئێران و قیادە موەقەتەش پێشڕەوی بکەن، ڕۆژانە پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی هەورامانیان دەداو تێکدەشکان.

تیپی هەورامان لە نێوان ئاڵوەتان و کونە مشکە بە شاخێکەوە بوون دوژمن شاخەکەی گرت بەڵام تیپی هەورامان هێرشی پێچەوانەیان کردەوە سەر هێزەکەی دوژمن و شاخەکەیان لێسەندنەوە ئەو شەڕە بە خوێنی چوار پێشمەرگەی قارەمانی هەورامان تۆمار کرا کە ئەم نەمرانە بوون:

١/ شەهید فاتح ئیناخی فەرماندەی کەرت

٢/ شەهید فەیسەڵ مەلا عەلی (کاکە شێخ) فەرماندەی کەرت

٣/ شەهید سەعدی تەوێڵەیی فەرماندەی مەفرەزە

٤/ شەهید عومەر چاو جوان فەرماندەی مەفرەزە

دوای ئەو شەڕانە تیپی هەورامان نێردرانە شاخێک لە نێوان (ساوە)و کونە مشکە تا ڕێگە لە هێزەکانی ئێران و قیادە موەقەتە بگرن پێشڕەوی نەکەن بەرەو دۆڵە توو.

دوای نزیک بە سێ مانگ مانەوەیان لە ئاڵوەتان و کونە مشکە و دێیەکانیتر شەوکەتی حاجی موشیر چووە لای مامجەلال ووتی هێزەکەمان هیلاکە ماوەی

سێ مانگە لێرەین، مامجەلال ووتی کاک شەوکەت پەلە مەکە جەنرااڵ بەفر دێت هەموومان جێ گۆڕکێ پێدەکات، کاک شەوکەت ووتی مامجەلال بەفر دەتوانێت جێگۆڕکێمان پێبکات، مامجەلال ووتی بەڵێ.

بـــــەفرێکی قـــــورس

دوای دوو هەفتە لەو دیدارە بەفرێک باری وێنەی نەبوو پێشمەرگە ئێشکگرییان بۆ نەدەکرا خەمی ئەوەیان بوو خێمەکان نەڕووخێت بە سەریاندا، تا بەرەبەیان خێمەکانیان دەتەکاند تا نەکەون تەقەیان دەکرد کەس گوێی لێنەبوو، دەنگی تفەنگ لە بەفردا کپ بوو نەدەڕۆیشت.

خـــــۆزگە ڕیـــــشتان نـــــەبووایە

دوای بەشداری کاریگەر لە شەڕەکان مامجەلال لە دۆڵەتوو پێشوازی لێکردن مامجەلال بە تیپی ١١ی هەورامانی ووت ئێوە قارەمانن، ئێوە ئازان بەڵام خۆزگە ئەو ڕیشەتان نەبووایە ئەم ڕیشە چییە؟

مامجەلال بە شەوکەتی حاجی موشیری ووت خۆت و (٤٠) پێشمەرگە داوەتن لای ئێمە لە سەرکردایەتی کاک شەوکەت و (٤٠) پێشمەرگە چوونە سەرکردایەتی زۆر ڕێزیان لێگرتن.

پێش بەڕێکەوتنی هێزەکە بۆ شەڕ بە ڤیدیۆ وێنەیان گرتبوون کە گەڕانەوە لە شەڕەکە ڤیدیۆکەیان نیشاندانەوە، وێنەی شەهیدەکانیان بینییەوە.

بـــــەشی دووەمـــــی تـــــیپی هـــــەورامان

بەشی یەکەمی هێزەکە ڕۆیشتبوون، بەشی دووەمی هێزی هەورامان بەرەو شەڕەکانی هێزی پشتیوان بەڕێکەوتن گەیشتنە قاسمە ڕەش.

دکتۆر قاسملو و مامجەلال لە قاسمە ڕەش کۆبوونەوەیان بە هێزەکەی تیپی هەورامانکرد، حەمە سوور نوێنەری کۆمەڵە بوو لە کۆبوونەوەکە ئامادە بوو لە سەر دۆخی شەڕەکە و گیانی بەرگری پێشمەرگە قسەیان بۆ کردن هانیاندان و

جۆشیاندان بە بیری کوردستانیانە.

لە کاتی قسە کردندا زەردەوالّەیەک چووە قۆڵی کراس و چۆغەکەی دکتۆر قاسملوو پێوەیدا مامجەلال پێکەنی و ووتی ئەوە خومەینی ناردوویەتی، دوای کۆبوونەوەکە چوونە کونە مشکێ.

مـــردنی کـــامەران

کامەران پێشمەرگەی هەورامان بوو بەفر بردی و لە جووڵە و هەناسە کەوت، دارە تەرمیان بۆ دروستکرد خستیانە سەر شانیان هێنایانەوە بۆ ساوە، کامەرانیان لە بەردەم زۆپای مالّێکدا دانا لێفەیان پێدادا، کامەران گەرم بووەوەو کەوتە جووڵە شیرو پسکیتیان بۆ هێناو زیندوو بووەوە.

دوای بارینی بەفرێکی ئەستوور مامجەلال بروسکەیکرد تیپی ١١ دابەزن و بڕۆنەوە ناوچەکانیان، پێش گەڕانەوەیان تیپی ١١ی هەورامان سەردانی مامجەلالیان کرد، مامجەلال دەستخۆشی لێکردن، لەو شەڕانەدا تیپی ١١ ی هەورامان پێنج شەهیدی قارەمانی بەخشی ، شەهیدەکانیان لە شێنێ بە خاک سپاردوو گەڕانەوە شارەزوور.

تـــیپی 74ی بـــــاڵەك

تیپی ٧٤ی باڵەک بۆ پشتیوانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵات لە هێزی پشتیواندا چوونە دەشتی وەزنێ، کونە مشکە، ئاڵوەتان، ترکەشی نزیک پیرانشار، پانە سەرو گەرۆر، قەبری حسێن، خدراوێ.

تیپی ٧٤ی باڵەک لە ڕەبەت تووشی شەڕ بوون لە گەڵ قیادە موەقەتە و پاسداردا گورزی کاریگەریان لە پاسدارو قیادە موەقەتە وەشاند ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن لەو شەڕەدا پێشمەرگەی قارەمانی تیپی باڵەک سەربەست گەزنەیی لە بەری نێوژێ شەهید بوو عەلی کۆیلەیی فەرماندەی کەرت و عەبدوڵڵا سلیمان کەڵێتەیی و دکتۆر ئەحمەد بریندار بوون.

دەشتی وەزنێ و کونە مشکە هێزێکی لێبوو ملازم عومەر سەرپەرشتی دەکرد، کەمالی حاجی ئاغا سەرپەرشتی مەفرەزەکەی تیپی ٧٤ی باڵەکی دەکرد کە لە دەشتی وەزنێ بوو، مولازم خولە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ بریندار بوو مەفرەزەیەکی تیپی باڵەک دۆزییانەوە جیهازەکەی لە پەنای خۆیدا دانابوو.

شـــەڕی پانە ســـــەر

هێزێکی تیپی ٧٤ی باڵەک لە ناوچەی پانە سەروو گەرۆر پشتی هەنگەوێی پیرانشار شەڕێکی گەورەیان لە گەڵ دوژمندا کرد.

هـــــەڵوێستی هـــێرۆ خـــــان

پێشمەرگەکان پێڵاویان دڕابوو ئاسنیان سوور دەکردەوە پێڵاوەکانیان پێ پینە دەکرد، جلەکانیان دڕابوو لەشیان بە دەرەوە بوو هێرۆ خان هاتە لای هێزەکەی تیپی باڵەک ووتی ئەو پێشمەرگانە بۆ وان بۆچی جلوبەرگیان نادەنێ، سەید کەریم و مولازم عومەر ووتیان شتمان نییە، هێرۆ خان ووتی شتمان زۆرە ئێوە نایدەن ئێستا من دەنێرم پێڵاوو جل و بەرگ بێت، هێرۆ خان وێنەی یادگاری لە گەڵ پێشمەرگەکان گرت بۆ ڕۆژی دوایی جل و بەرگ و پێڵاوی نارد هەر پێشمەرگەی قاتێک جل و پێڵاویان دانێ.

تیپی ٧٤ی باڵەک هاتنە ساوان مامجەلال لەوێ بوو هەواڵی شەڕگەکەی لێپرسین هێزەکەی نارده دۆڵەتوو بۆ خۆڕێکخستنەوە هەر پێشمەرگەیەی (١٠) دیناری پێدان دوای سێ مانگ بە تەنگی گرژاڵدا هاتنە قاسمە ڕەش، گەڕانەوە بارەگاکانی خۆیان.

تیپی 12ی ســـۆران

لە شەڕەکانی هێزی پشتیواندا تیپی ١٢ی سۆران وەکو باقی تیپەکانیتر بەشداری دلێرانەیانکرد لە وارشەمەزینی ناوچەی سەردەشت، کەرتێکی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی جەبار سەیدە لە نێوان وارشەمەزینی سەردەشت و چیای تاجەندەر لە ئەرکی پێشمەرگانەدا بوون چەندین پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

هێزێکیتری تیپی ١٢ی سۆران لە کونە مشکە بوون کەرتی ٢ شەهید حەمە زیاد لە سێرە مێرگی ناوچەی ئاڵوەتان بوون و دەشتی وەزنێ بوون، کەرتێکی تیپی ٧٤ی باڵەک لە گەڵ تیپی ١٢ی سۆران لە هەمان ناوچە بوون، دوای سێ مانگ شەڕو هێرش و بەرگری گەڕانەوە ناوچەکانیان.

تـــــیپی 21ی کـــــەرکوك

هێزێکی تیپی ٢١ی کەرکوک کە پێکهاتبوون لە ٦٣ پێشمەرگە بەشداری شەڕەکانی هێزی پشتیوانیانکرد لە ناوچەکانی بۆکان- مهاباد- بە قەڵە ڕەشەو کەڵەکاوێ و زمزیداندا ڕۆیشتن هێزەکە چوونە لای عەبدوڵڵای موهتەدی ووتیان ئێمە هاتووین لە خزمەتداین، عەبدوڵڵای موهتەدی ٢٠ پێشمەرگەی لە هێزەکە جیاکردەوەو ناردنی بۆ بۆکان، بەشەکەیتری تیپی ٢١ی کەرکوک لە گەڵ عەبدوڵڵای موهتەدی مانەوە.

هێزێکی کۆمەڵە هەڵمەتیانبردە سەر زنجیرەیەک ڕەبییەی دوژمن، هێزەکەی تیپی ٢١ی کەرکوک بە کەمین دانران، لە گەڵ لێدانی ڕەبییەکان، هێزێکی ئەرتەشی ئێران بەرەو ڕووی شەڕەکە هاتن پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک لێیاندان و زەرەری زۆریان پێگەیاندن، ژمارەیەکی زۆر چەک دەستکەوت بوو چەکەکانیان تەسلیمی کۆمەڵە کرد، ئەوانیش ١٥ (ژێرسێ)یان دایە تیپی ٢١ لەو شەڕەدا دارا ستار ڕەزا پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک شەهید بوو لە کولیجە بە خاکیان سپارد.

لە چالاکییەکیتردا لە ناوچەی سەردەشت دەستی بە زەبریان لە هێزێکی دوژمن وەشاند کە لە ناو مزگەوتێکدا مۆڵیان خواردبوو زیاتر لە (٥٠) کەسیان لێکوشتن لەو شەڕەدا هێزەکانی حزبی دیموکرات چاوساغی هێزەکەی یەکێتی بوون.

تیپی ٢١ی کەرکوک بە دوو بەش چوونە شەڕی هێزی پشتیوان بەشی یەکەم دوای ماوەیەک مانەوە لە لایەن بەشی دووەمی تیپی ٢١ی کەرکوک گۆڕدران هێزەکەی تیپی ٢١ی کەرکوک لە کولیجە و قەنتەرەو دەرمانە تووشی شەڕ بوون.

مەفرەزەیەکی تیپی ٢١ی کەرکوک لە گەڵ چەند پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە کە هاوڕێ ڕەسوڵ لێپرسراویان بوو لە سەری (گۆمێ) بەرەو ڕێگای تەنگی کەژاڵ دابەزین، پایگاکانی ئێران کاروانچییەکانی ناوچەکەیان دایە بەر دەستڕێژی گوللە و هاوەن، بەشێک لە هێزەکە کشانە دواوە.

پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ لە سەر ڕێگای تەنگی کەژاڵ نێوان خانە و سەردەشت چەند (مین)یکیان چاند تا بە هێزەکانی دوژمندا بتەقێتەوەو گەڕانە دواوە.

بەشی یەکەمی هێزەکە کە لە ٦٣ کەس پێکهاتبوون بە زمزیداندا چوونە ئەودیو دوای شـەڕی دلێرانە لە مهاباد مامجەلال داوەتـی کـردن، هێزەکەی تیپی ٢١ی کەرکوک لە سەرەتای ساڵی ١٩٨٣ گەڕانەوە.

تـــــیپی 78ی کـــــاروخ

بە مەبەستی بەشداریکردن لە شەڕەکانی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تیپی ٧٨ی کاروخ بە قەڵاتوکاندا چوونە ڕۆژهەڵات- حزبی دیموکراتی کوردستان پێشوازییان لێکردن.

هێزەکەی تیپی ٧٨ی کاروخ بە سەر جادەی سەردەشت و خانێدا دابەشکران بارەگایان لە شیوە مێر دانا، سەروان چەکۆ، سەروان دیاکۆ، جەلیلی گادانی سەردانی هێزەکەی تیپی کاروخیانکرد.

بـــڵفەت- قـــەبری حـــسێن

هێزەکانی پاسدارو قیادە موەقەتە لە بڵفەت و قەبری حسێن بوون، تیپی ٧٨ی کاروخ و حزبی دیموکراتی کوردستان هێرشیانکردە سەریان هێزەکانی قیادە موەقەتە و پاسدار هەڵاتن پێشمەرگەکانی کاروخ چوونە شوێنەکانیان تەقەمەنییەکی زۆر دەستکەوت بوو.

ڕۆژی دوانزەیەمینی شەڕەکە پاسدارو قیادە موەقەتە سەر شاخی کوڕە کەپریان گرت لە نێوان میراوا- مهاباد.

هێزەکەی تیپی کاروخ شوێنی خۆیان گواستەوە چوونکە کوڕەکەپر زاڵبوو بە سەریدا لە ڕێگا تووشی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملو بوون لە ناو جێبێکدا بوو، قاسملو دابەزی و هاتە لای پێشمەرگەکانی تیپی کاروخ ووتی ئێستا هێزو خواردنتان بۆ دەنێرم.

پێشمەرگەکانی تیپی کاروخ دەمەو ئێوارە هێرشیانکرد بۆ شاخی کوڕەکەپر شوێنێکی ڕووتەن بوو.

قادر لاجانی و مەفرەزەیەکی دیموکرات لە گەڵ تیپی کاروخ بوون بەڵام کوڕەکەپر نەگیرا، عەلی کۆیلەیی و عەبدوڵڵا کەڵێتەیی بریندار بوون.

پێشمەرگەکانی کاروخ کشانەوە، هێزێکیتر هاتە شوێنیان- تیپی کاروخ گەڕانەوە ناوچەکانیان.

لـــقی (3) (ی.ن.ك)

هێزێکی لقی (٣)ی (ی.ن.ک) بە فەرماندەیی عەبدوڵڵای مام عەلی بەشداری شەڕەکانی هێزی پشتیوانیانکرد لە مەمکاوا، داوداوا، کونە مشکە و بەرزاییەکانی هەڵیشە.

لە ماوەی سێ مانگ مانەوە لە شەڕگەکاندا زۆربەی ڕۆژەکان تووشی شەڕو پێکادان و ڕووبەڕووبوونەوە بوونەوە لە گەڵ پاسدارو قیادە موەقەتەدا.

جگە لەو شوێنانە لە قەبری حسێن تووشی شەڕ هاتن، دوای سێ مانگ مانەوە دوای سێ مانگ بەرگری گەڕانەوە ناوچەکانیان.

تـــیپی 51ی گـــەرمیان

تیپی ٥١ی گەرمیان هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداریان لە شەڕی پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کرد.

هەشتا پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان بەرەو ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێکەوتن سەرەتا چوونە ئاڵوەتان، ڕێگای سەردەشت- خانە بە دەست حزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بوو، بارەگای حزبی دیموکراتی کوردستان لە دۆڵە توو بوو ڕژێمی ئێران دەیوویست ڕێگەی خانە سەردەشت لە دەست هێزەکانی ڕۆژهەڵات دەربێنێ و دەست بگرێت بە سەر بارەگاکانی حزبی دیموکراتدا لە دۆڵەتوو.

تیپی ٥١ی گەرمیان لە بەرزاییەکانی ئاڵوەتان بوون ڕژێمی ئێران زۆر بە قورسی تۆپبارانی سەنگەرەکانی پێشمەرگەیدەکرد.

تیپی ٥١ی گەرمیان لە ئاڵوەتان کونە مشکێ، قەبری حسێن تووشی شەڕی قورس بوون- شەڕی قورس و بێ ئامان، ئێران پەلاماری بەرزاییەکانی ئاڵوەتانیدا بەڵام تیپی ٥١ی گەرمیان تێکیانشکاندن.

شەوێکی سارد بوو پێشمەرگە لە سەرماندا خەویان لێنەدەکەوت هەر چۆنێک بێت سەڵاحی کوێخا عەزیز سەرخەوێکی شکاند دواتر مامجەلال گەرمیانی چاوێکی گەرمکرد بەڵام لە سەرمان خەبەری بووەوە، مامجەلال بە سەڵاحی کوێخا عەزیزی ووت بوم بە کونە باکەی ئاژداخ.

بوومەلێڵی بەیانی بوو پاسدار کەوتە پشتیانەوە، جادەیەک لە بەردەم پێشمەرگەکانی گەرمیان بوو دەبوایە بەو جادەیەدا تێپەڕن ئنجا هەڵگەڕێن بۆ کونە مشکێ.

مام ئەحمەد پیاوێکی بە تەمەن بوو بڕنەوێکی پێبوو ڕیزێک فیشەکی بەستبوو پیاوێکی ئازاو پیاوانە بوو کە پێشمەرگەکانی بینی ووتی بۆ کوێ دەڕۆن پێشمەرگەکان ووتیان مام ئەحمەد پاسدار هاتووەتە دوامانەوە دەبێت ئێرە چۆڵ بکەین بچینە بەرزاییەکانی کونە مشکێ مام ئەحمەد زۆری پێناخۆش بوو، پێشمەرگەکانی گەرمیان داوایانلێکرد لە گەڵیان بڕوات بەڵام مام ئەحمەد ڕازی نەبوو لە گەڵیان نەهات.

تیپی ٥١ی گەرمیان بە شاخەکەدا هەڵگەڕان مام ئەحمەد لە سەر جادەکە دانیشت بە بڕنەو تەقەی لە ناقیلەیەک دەکرد کە پێش پاسدارەکان کەوتبوو ناقیلەکە تەقەی لە مام ئەحمەد کردو شەهیدیکرد.

تیپی ٥١ی گەرمیان ماوەیەک لە کونە مشکێ مانەوە، لە قەبری حسێن- ڕێگای خانە، سەردەشت، تووشی شەڕی سەخت و گەورە بوون لە گەڵ ئەرتەشی ئێراندا، شەڕێک دەنگدانەوەی گەورەی بە دوای خۆیدا هێنا.

هێزی پاسداران بە هاوکاری قیادە موەقەتە دوای زنجیرەیەک پەلاماری زۆر توانی ڕێگای خانە- سەردەشت بگرێت بەڵام نەیانهێشت بەرەو ڕووی سەرکردایەتی حزبی دیموکرات بڕوات، بەرزاییەکانی هێزێکی زۆری یەکێتی، حزبی دیموکرات، کۆمەڵەی پێوە بوو بەرگرییان لە سەرکردایەتی حزبی دیموکرات دەکرد تاوەکو نەکەوێتە دەست دوژمن.

نەبەردی و چالاکییەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان گەورەو کەمەر شکێن بوون بۆ دوژمن لە تەنها شەڕێکدا زیاتر لە ٧٠ کەسیان لە دوژمن کوشت، ئەو چالاکییە گەورەیەی تیپی ٥١ی گەرمیان کرایە پەخشنامەو بە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگەدا دابەشکرا، جوامێری و نەبەردی تیپی ٥١ی گەرمیان کەم وێنە بوو.

چـــاو ســـاخ

پێشمەرگەیەکی حزبی دیموکرات چاو ساخی پێشمەرگەکانی گەرمیان بوو، شەوێک ڕێگەیان لێ تێکچوو کاک شاهۆ یەکێک لە پێشمەرگەکانی گەرمیان بانگی چاو ساخەکەیکرد ڕێگەکە هەڵەیە کە چاوساخەکە نزیک بـووەوە تەماشایکرد چاوێکی کوێرە، شاهۆ بە پێشمەرگەکانی ووت خۆ چاو ساخەکەمان چاوێکی کوێرە.

خـــودا کـــەوتە بـــەینەوە

بەفرێکی زۆر لەو کوێستانانە باری تیپی ٥١ی گەرمیان کشانەوە دۆڵە تووبەفرێک ڕێگەی شەڕی لە پێشمەرگەو ئەرتەشی ئێران گرت، بە قەولی خەڵکی ناوچەکانی خانە، ئاڵوەتان، بەفر باری خودا کەوتە بەینەوە.

لە شەڕی قەبری حسێن حەمە خدر حسێن جگەرە شەهید بوو، لە ئاڵوەتان سمایل کەرکوکی و خالید دوو پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان وون بوون و بێ سەرو شوێن بوون.

لە قەبری حسێن ٢٥ چەک دەستکەوت بوو، سێ قیادە موەقەتە و ژمارەیەک پاسدار دەستگیر کران ئیتر گومان نەما لە بەشداری قیادە موەقەتە - پارتی لە شەڕەکاندا.

تـــیپی 75ی کـــۆدۆ
هـــێزی پـــشتیوان

تێکڕای کەرتەکانی تیپی ٧٥ی کۆدۆ لە پلّنگانەوە بەڕێکەوتن چوونە سەرکردایەتی لەوێوە ناردیانننە سەری کونە مشکە، ماوەی ٢٣ ڕۆژ لە سەر شاخی کونە مشکە مانەوە.

لە ماوەی مانەوەیاندا لە سەری کونە مشکە دەیان پەلاماری ئەرتەشی ئێران و قیادە موەقەتەیان تێکشکاند.

تیپی ٧٥ی کۆدۆ لە ماوەی ٢٣ ڕۆژ مانەوەیان لە سەر شاخی کونە مشکە بەردەوام لە سەنگەردا بوون ، بە خەوێکی کەم و وریاییەکی زۆرەوە لە سەنگەرەکاندا ئامادەی تێکشکاندنی هەر پەلامارێکی دوژمن بوون.

لە دێیەکانی ڕۆژهەلّاتی کوردستانەوە خواردنیان بۆ دەهات، سەرکردایەتی شەڕگەکانیش خواردن و پێداویستی بۆ دابین دەکردن.

دوای ٢٣ ڕۆژ بەرگری و مانەوە لە سەنگەرەکاندا تیپی ٧٥ی کۆدۆ گەڕانەوە پلّنگان، لەو شەڕانەدا تەنها یەک بریندار یان هەبوو.

تـــیپی 86ی دەشـــتی هـــەولێر

شاخەوان عەباس فەرماندەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە مزگەوتی گۆمەشین کۆبوونەوەی بە فەرماندەو پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کردوو پێی ڕاگەیاندن بەرەو ئێران دەڕۆین، ٤٨ کاتژمێر مۆلّەتی دایە پێشمەرگەکان بۆ سەردانی مالّ و کەسووکارو هێنانی هەر پێداویستییەک.

دوای ٤٨ کاتژمێرەکە پێشمەرگەکانی دەشتی هەولێر لە گۆمە شین بەڕێکەوتن چوونە دۆلّی باڵیسان شـەو لـەوێ مانەوە بۆ بەیانییەکەی بەڕێکەوتن بـەرەو سەرکردایەتی.

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر چوونە ئالّوەتان شەڕ لە ئالّوەتان گەرم بوو دوو شەو لەوێ مانەوە دواتر چوونە قاسمە ڕەش، دکتۆر عەبدولڕەحمانی قاسملو لە قاسمە ڕەش پێشوازی لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر کرد هەڤاڵ مامجەلالیش هاتە لای قاسملو.

دکتۆر قاسملوو بە پێشمەرگەکانی یەکێتی ووت ئێوە سەلماندتان هێزێکی کوردستانیین ئەو سنوورە دەستکردەی کە دوژمنان کێشاویانە ئێوە بە هەنگاوەکانتان سڕیتانەوە.

دوای ووتارەکەی دکتۆر قاسملو پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر نان و کەبابێکیان خواردوو بەڕێکەوتن بارەگایان لە دێی (وەتە مێش) ی نزیک بۆکان دانا.

کەرتی یەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی هاوڕێ کاوە دوو هەفتە پێشتر ڕۆیشتبوون لە ئالۆوەتان مابوونەوە.

کەرتی یەک چوونە شاری مەهاباد باقی تیپەکە لە ناوچەی بۆکان بوون، پاش گەیشتنی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە شاری بۆکان و پشوویەکی کورت مەفرەزە مەفرەزە دابەشیانکردن بە سەر پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو دیموکراتدا.

گـــرتنی پـــایگای ئـــەختەتەر

پایگای ئەختەتەر لە سەرو ٥٠ پاسداری تیا بوو تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و حزبی دیموکرات و کۆمەڵە هێرشیانکردە سەر پایگاکەو دەستیان بە سەردا گرت هەرچی تیابوو کوژرا.

لە گرتنی پایگای ئەختەتەردا چەند پێشمەرگەیەکی حزبی دیموکرات و کۆمەڵە شەهید بوون.

بارەگای سەرەکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە وەتەمێش بوو، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ بە دێیەکانی تازە قەڵا، لەگز، چاوەرچین دا دەگەڕان و دەمانەوە، لە جادەی بۆکان پەڕینەوەو چوونە بەری قەیزوڵڵا بەگی پێشمەرگە کەمتر دەچووە ئەو ناوچەیە.

خەڵکی ناوچەی فەیزوڵڵا بەگی گۆرەوی و پوزەوانەو دووخێن و کلێتەیان ئامادە کردبوو دەیاندایە پێشمەرگە.

خەڵکی ناوچەی فەیزوڵڵا بەگی بە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێریان دەوت ئەوانە دەستەی مامجەلالن شەڕی بێ ڕەزا دەکەن.

بـــــــۆسە

تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە جادەی بۆکان بۆسەیەکیان دانا دوو تڕێلّە شقارتەو بەنزینی ناو تەنەکەیان دەست بە سەردا گرت.

پێشمەرگەکانی کۆمەلّەو دیموکرات لە حەمامیانی نزیک بۆکان شەهیدیان زۆردا بوو، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ دەشتی هەولێر چەند بۆسەیەکیان دانا بەلّام هێزی دوژمن نەهات، دوای سێ مانگ مانەوە لە ڕۆژهەلّات تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر گەڕانەوە ناوچەکانی خۆیان.

تـــیپی 55ی قـــــەرەداخ

تیپی ٥٥ی قەرەداخ لە دێیەکانی نزیک جادە بەتانیان کۆکردەوەو لە ١٩٨٢/١٠/٢٠ لە شەمەو وێلەکەوە بە جادەی خەراجیاندا پەڕینەوە شارباژێڕ لەوێوە چوونە وولاغلو شەبەقی بەیانی لە وولاغلو بەڕێکەوتن چوونە زەروون لە چەمی هەرزنە پەڕینەوە بەری بێتوش لەوێشەوە چوونە سەرکردایەتی.

تیپی ٥٥ی قەرەداخ ئەرکیان پێسپێردراو نێردرانە قوتەی جاسووسان لە پشتی دۆڵە توو، بەفرێکی زۆر باریبوو سەرما بڕستی لە پێشمەرگە بڕیبوو بە جۆرێک حەوت پێشمەرگەی تیپی قەرەداخ لە ناو بەفردا میزیان بوو بە خوێن، ماوەی دە شەوو ڕۆژ لە قوتەی جاسووسان مانەوە شەوێک هێزێکی هاوبەش کە پێکهاتبوو لە تیپی قەرەداخ و تیپەکانیتر بە فەرماندەیی ملازم سەید کەریم هێرشیانکردە سەر بارەگایەکی پاسدارو قیادە مۆقەتە.

دوای ماوەی دە ڕۆژ مانەوە لە قوتەی جاسووسان تیپی ٥٥ی قەرەداخ چوونە ناوچەی ئاغەڵان و زەڵێ لەوێوە بەرەو ناوچەکانی شاری مەهاباد بەڕێکەوتن لە دێی جبەڕەنگ مانەوە.

پایگایەکی تازە لە دێی خولیسان دانرابوو حزبی دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشی لە گەڵ تیپی قەرەداخ نەیانهێشت پایەگاکە خۆیداکوتێ و هێرشیانکردە سەری.

شەوێکی ساردوو تەزیوو بوو مەترێک بەفر لە زەویدا بوو دەمەو بەیان گەیشتنە نزیک دێیەکە ئەرتەشی ئێران پێشمەرگەکانیان دەنگداو بوو بە تەقە تیپی قەرەداخ شۆڕبوونەوە بۆ ناو دێیەکە.

چەکدارانی پایەگاکە چووبوونە ناو مزگەوتی دێیەکەو ماڵەکانەوە، هەندێک لە ناو شوێنی دەست بە ئاو گەیاندندا خۆیان حەشاردابوو، لە گەڵ گەیشتنی هێزەکەی قەرەداخ و حزبی دیموکرات شەڕی کۆڵان بە کۆڵان دەستیپێکرد، هێزی پێشمەرگە لە کونی زۆپای مزگەوتەوە نارنجۆکیان هەڵدایە ناو مزگەوتەکەوەو ژمارەیەکی زۆر چەکداری دوژمن کوژران.

لە ناو ڕێڕەوی ئاودەستخانەی مزگەوتەکەدا دوو پێشمەرگەی حزبی دیموکرات شەهید بوون یەکێک لە پێشمەرگەکان ناوی سالّح بوو هێزەکەی حزبی دیموکرات بە فەرماندەیی فەقێ عەولّا و عەلی شا بوو.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٣٦ کەس

١٤ دیل

تەنها چەکدارێک بە بریندار ڕزگاری بوو

ئەرتەشی ئێران بە هاوەن و دۆشکە ناوچەکەی دەکوتا بێتەلی پاسدارەکان کەوتە دەست پێشمەرگە، لە گەڵ کوژاندنەوەی بێتەلەکە تەقە نەما دوای تۆمارکردنی ئەو داستانە گەڕانەوە بۆ جبەڕەنگ.

قوربانی پێشمەرگە:

بریندار بوونی چوار پێشمەرگەی تیپی قەرەداخ و شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی حزبی دیموکرات.

دوای گەڕانەوەیان لە ڕۆژهەلّاتی کوردستان لە ئاغەلّان کۆپتەر هاتە سەر هێزەکەی تیپی قەرەداخ و تەقەی لێکردن بەلّام بێ زیان بوو

تـــــیپی 31ی پـــــێنجوێن

تیپی ٣١ی سلێمانی لە شەڕەکانی پشتیوانی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەشداری کاریگەریانکرد.

سەنگەرەکانی تیپی پێنجوێن لە پشتی سەرمێرگان، کونە مشکە، ئاڵوەتان بوون تا کۆتایی شەڕەکان مانەوە ماوەیەکیش چوونە دۆڵەتوو.

بارەگای تیپەکە لە سەر مێرگان بوو، لە ماوەی سێ مانگ مانەوەیان لە شەڕگەکانی ڕۆژهەڵات چەندین هێرش و پەلاماری دوژمنیان تێکشکاند.

تـــیپی 83ی هـــــەورێ

تیپی ٨٣ی هەورێ لە دۆڵی ئالانەوە بە بلەو بلەو دۆڵی مەلەکان بۆ وەرتێ و بناری قەندیل بەرەو شەڕەکانی بەرگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێکەوتن.

تیپی ٨٣ی هەورێ لە سەرەتای مانگی ١٩٨٢/١٠ چوونە ناوچەی ئالیمەڕان، هێزی دوژمن تەقەیان لە هێزەکەی هەورێ کرد.

خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بەردەم پەلاماری ئەرتەش و قیادە مۆقەتە هەڵدەهاتن، تیپی ٨٣ی هەورێ هێرشیانکردە سەر هێزە پەلاماردەرەکەی ئەرتەش و قیادە مۆقەتە دەمەو ئێوارە شکاندیانن و ناوچەکەیان لە دەست وەرگرتنەوە.

دوای ئەو شەڕە هێزەکەی تیپی هەورێ چوونە ئاڵوەتان دوای چەند ڕۆژێک بۆ پشوودان ناردیاننە دۆڵەتوو شەوی دواتر هێزەکانی ئێران هێرشیانکردە سەر کونە مشکە.

دوای پشوودان تیپی ٨٣ی هەورێ هاتنەوە پشتی ئاڵوەتان چوونە شوێنی تیپی ٥٧ی سەگرمە، شەوی دووەم دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی هەورێیدا، پێشمەرگەکانی هەورێ بەرگری سەختیانکرد.

لەو شەڕەدا سەردار حاجی حسێن پێشمەرگەی تیپی ٨٣ی هەورێ شەهید بوو سەڵاح حەوێزی ویستی تەرمەکەی ڕاکێشێت گوللەیەکی بەرکەوتوو بریندار بوو، هەر لەو شەوەدا ملازم خولە فەرماندەی تیپی ٨٣ی هەورێ بریندار بوو گوللەیەکی قەننەس لە پشتیدا تیپی ٨٣ی هەورێ گوللەی (ئار بی جی)یان پێبوو هەر گوللەی

بە (٧٠) دینار کڕیبوویان.

خالید نێوەیی بە پشتی دوو هێستر هەندێک فیشەکی هێنا بووە شەڕگەکە بە پشتی هێستڕێک تەرمی شەهید سـەرداری هێنایە خـوارەوە بۆ کونە مشکە، بە سواری گەڵابەیەک چوونە مەمکاواو دواوا لەوێوە چوونە نەخۆشخانەی کانی زەرد ملازم خولەو سەڵاح حەوێز چارەسەریان بۆ کرا.

ملازم خولە تووشی شەلەل بوو قاچی لە دەستداو نەیتوانی بگەڕێتەوە دۆخی جاران، بۆ چارەسـەر ڕەوانەی ئەوروپا کرا.

ناوی شەهیدەکانی هێزی پشتیوان

ناوی شەهیدەکان:

١/ فەیسەڵ مەلا عەلی، فەرماندەی کەرت لە تیپی ١١ی هەورامان.

٢/ تالیب حاجی عەبدوڵڵا، جێگری فەرماندەی کەرت لە تیپی ٣٧ی شارباژێڕ.

٣/ سەعدی ئەبوبەکر، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ١١ی هەورامان.

٤/ فاتیح مستەفا، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ١١ی هەورامان.

٥/ عومەر حەمە عەلی، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ١١ی هەورامان.

٦/ عیزەدین محێدین، پێشمەرگەی تیپی ١١ی هەورامان.

٧/ مستەفا عەلی، پێشمەرگەی تیپی ٣٣ی سلێمانی.

٨/ قادر حەسەن، پێشمەرگەی تیپی ٤٣ی ئاسۆس.

٩/ عەدنان عومەر ڕەسوڵ پێشمەرگەی تیپی ٢١ی کەرکوک.

١٠/ فاتیح ڕەئوف، پێشمەرگەی تیپی ٥٧ی سەگرمە.

١١/ سەردار حسێن عەبدوڵڵا، پێشمەرگەی تیپی ٨٣ی هەورێ.

١٢/ سەربەست ئەحمەد، پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران.

١٣/ حسێن جگەرە، پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.

١٤/ محەمەد خدر، پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.

١٥/ حسێن مەمەنداوایی

١٦/ دارا ستار ڕەزا

١٧/ سمایل کەرکوکی و خالید بێسەرو شوێن بوون

گــرتنی نــاحیه- شــاروٚچکه
شـــــــه‌ش

گـــرتنی ناحیە- شـــــارۆچکە

گرتنی شارۆچکە و ناحیەکان لە مێژووی شۆڕشی نوێدا هەنگاوێکی نوێ و گۆڕانکاریەکی گەورە بوو لە شەڕی پێشمەرگانەدا.

تا ئـەو کاتە هێزی پێشمەرگەی کوردستان شـەڕی ڕووبـەڕووبـوونـەوەو لێدانی مۆڵگەو ڕەبیەو سەربازگەکانی دوژمنی کردبوو، زۆر هـەورازو نشێوی بڕیبوو، ئێشی گەورەی بە دوژمنی داگیرکەرو چڵکاو خۆرەکانی گەیاند بوو، لە سەرتاسەری کوردستان مەیدانی گیانبازی و تۆمارکردنی نەبەردی و داستان بوو، گرتن و دەستبەسەرداگرتنی ناحیەو شارۆچکەکان هەنگاوێکیترو وەرچەرخانێکی پێشمەرگانە بوو لە بەرگری و لێدانی مۆڵگەو ڕەبیەو کاروانی سەربازی بۆ هێرش بردن و دەست بە سەرداگرتنی ناحیەو شارۆچکەکانی ژێر دەسەڵاتی دوژمن کە دەیان ڕەبیەو سەربازگە پاسەوانی دەکردن، گۆڕینی ستراتیجی شەڕی پێشمەرگانەو ئەستوور بوونی باسکی بەهێزی پێشمەرگە بوو کە لە مێژووی شۆڕشی نوێ چەندین ناحیە دەستیان بە سەردا گیرا.

دەستبەسەردا گرتنی ناحیە و شارۆچکەکان لە ساڵی ١٩٨٣ دەستیپێکرد، کە ئەمەش دەنگدانەوەی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، ئومێدی زیاتری بە هێزی پێشمەرگەو جەماوەر بەخشی، لە هەمان کاتدا دوژمنی نائومێد کردو شکستی پێهێنا.

ئەو ناحیانەی دەستیان بە سەردا گیرا:

+ ناحیەی سەنگاو چەند جارێک.
+ ناحیەی بێتواتە.
+ ناحیەی قەرەداخ.
+ ناحیەی قادرکەرەم.
+ ناحیەی کارێزە.
+ ناحیەی تەق تەق.
+ ڕواندز.
+ سیروان.

+ خورماڵ.
+کوڵەجۆ
+ قورشاغلو

لەم بەشەدا بە پێی ڕۆژو ساڵ، دەستبەسەردا گرتن و لێدانی ناحیەو شارۆچکەکانی دەنووسینەوە، کە لە لایەن تیپە قارەمانەکانی (ی.ن.ک) ەوە ئەنجامدراون.

چـــەکدار کردنی دێیەکانـــــی خـــۆشناوەتی

دەسەڵاتی میرایەتی بێتواتە خەڵکی دێیەکانی خۆشناوەتییان بە زۆرە ملێ چەکدار کرد کە دواتر ئەو چەکدار کردنە سەری میرایەتی بێتواتەی خواردو گەورە داستانی ڕزگارکردنی بێتواتەی لێکەوتەوە.

- لە دوای نەورۆزی ساڵی ١٩٨٣ چەکیان بە سەر دێی (بێ کێل) دا دابەشکردو بە زۆرە ملێ چەکداریانکردن.
- ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٥ چەکیان بە سەر دێی هەرتەلدا دابەشکردو چەکداریانکردن.
- ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٩ چەکیان بە سـەر دێی زێـوەدا دابـەشـکرد، خەڵکی سەردۆڵیان هێنایە سەر جادەی مێرگە سەرو چەکیان بە سەردا دابەشکردن.
- ڕۆژانی ١٠ و ١٩٨٣/١٠/١١ چەکی جاشایەتیان بە سەر دێیەکانی نواوە، وەرێ، مەلۆک دابەشکردو چەکداریانکردن.
- ڕۆژانی ١٢و ١٩٨٣/١٠/١٣ چەکیان بە سەر دێیەکانی مێرگە سەر، هەرمک، سوێرەوا دابەشکردو بە زۆرە ملێ چەکداریانکردن.
- ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٣ دێی چیوەو چیوەیان هێنایە سەر جادەی مێرگە سەرو چەکیان بە سەردا دابەشکردن، هەر لەو ڕۆژانـەدا چەکیان بە سەر دێی زێوەدا دابەشکرد.

دوای ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٤ شەڕێکی قورس لە نێوان پێشمەرگەو جاش لە شاخی مۆتە دروستبوو، لە گەڵ هاتنی جاش بۆ مێرگە سەر، لە سوێرەو مێرگە سەر بە تایبەت لە سوێرە شەڕ لە نێوان جاش و پێشمەرگەدا دروست بوو.

ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٠ هێزی پێشمەرگە چوونە سەر دێی نێوەو لێیاندان، لەو شەڕەدا جاشەکان شکان و لە نێوە شەش کەس کوژران.

کوژراوەکان:

- حاجی عومەر قادر
- ئامینە حاجی مستەفا
- قادر حەمەد
- ئەحمەد حەمەد
- حەمەدەمین حەسەن
- حەمەد حەسەن بایز

چـــیرۆکی گـــرتنی بـــێتواتە

پـــەیوەندی مـــێژوویی مامجەلال- مـــحەمەدی کاک هـــەمزە

مامجەلال و محەمەدی کاک هەمزە پەیوەندییەکی مێژوویان هەبوو هەر کات مامجەلال بچوایە گوڵان میوانی محەمەدی کاک هەمزە بوو، ئەگەر جارێک نەچووایە مااڵی دەینارد بەدوایدا.

جارێک مامجەلال لە گوڵانێ بوو دەچووە باڵیسان محەمەدی کاک هەمزەی ئاگادار کردەوە میوانی ئەوم، دوای چەند مانگێک پێشمەرگەیەک لە باڵیسانەوە هات بۆ لای محەمەدی کاک هەمزە و وتی مامجەلال دەڵێ سبەینێ نیوەڕۆ میوانی ئەوم لە گوڵان.

نان ئامادە کرا بۆ نیوەڕۆ مامجەلال نەهات بوو بە ئێوارە مامجەلال نەهات، تاریک داهات مامجەلال نەهات.

کاتژمێر (٨)ی شەو محەمەدی کاک هەمزە چەند کەسێکی بە هێسترەوە نارد ڕێگەی بێترخێ تا سۆراخی مامجەلال بکەن بزانن بۆ نەهات.

کاتژمێر نزیک بە دوانزەی شەو بوو لە سەر شاخی نێوان گوڵان و بستوێ سایەی ڕێنێ دەرکەوت، کاتژمێر ١٢ی شەو گەیشتە گوڵان.

محەمەدی کاک هەمزە پرسی مامجەلال بۆ وا دواکەوتیت مامجەلال ووتی جاشەکانی مالّی (ئەنوەر ...)ی ڕێگەیان لێگرتبووین لە بەر ئەوە تا وەکو تاریک داهات نەهاتین دۆشکەمان دامەزراند نەک کەسێکمان لێ شەهید بکەن، بەڵام یان (ی.ن.ک) نابێت یان جاشەکانی مالّی (ئەنوەر...) لە بێتواتە دەردەکەین، مامجەلال چەند جارێک ئەو قسەیەی دووبارە کردەوە.

بۆ ڕۆژی دوایی مامجەلال چووە (بۆڵێ) محەمەدی کاک هەمزەی لە گەڵ خۆیدا بردوو پێیوت هەتا لە (بۆڵێ) بم هەموو ڕۆژێک جارێک وەرە سەرم لێبدە بتبینم.

ڕۆژێک مامجەلال بە محەمەدی کاک هەمزەی وت برۆ ڕێگەیەک بدۆزەرەوە بە کڕین، بە پارە، بە خۆشی بێت بیدۆزەرەوە بەو شاخەدا سەرکەوین چوونکە ڕێگە نەمابوو پێشمەرگە پیایدا سەرکەوێت و جاشی مالّی ئەنوەر بەگی لێنەبێت هەموو تولە ڕێ و لاڕێ و شوانە ڕێ و ڕێگە سەرەکیەکانیان گرتبوو هەر چەند هەوڵیاندا ڕێگە نەبوو.

مامجەلال محەمەدی کاک هەمزەی بە بێتەلێکەوە نارده بێترخێ، جفرەیان دانا، کاک محەمەد بە دووربینێکەوە چووە بێترخێ تەماشایکرد ڕێگە نەبوو، دوا لوتکە سەرگەروی سێودینی بە سەر گۆڕی سایەیدا دەڕوانێ نەگیرابوو، بە جفرە مامجەلالی ئاگادار کرد ئەو شوێنە چۆڵە، محەمەدی کاک هەمزە کەمێک لە بێترخێ هاتە خوارەوە بگەڕێتەوە بۆ گوڵان تەماشایکرد جاش هاتنە ئەو لوتکەیەش ئیتر کەڵکی نەما، پەیوەندی کردەوە بە مامجەلالەوەو پێیوت ئەویش گیرا، مامجەلال ووتی وەرە لێیگەڕێ.

چەند ڕۆژێکی پێچوو مامجەلال ناردی بە دوای محەمەدی کاک هەمزە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی سێ، هەر لەو ڕۆژانەشدا بروسکە کرابوو بۆ بەشێک لە تیپەکان تا بگەنە ناوچەکە، لە پەناو پەسێردا خۆیان پەنادابوو.

مامجەلال کۆبوونەوەی لە گەڵ بەشێک لە فەرماندەکان سواراغا، محەمەدی کاک هەمزە، مامە ڕیشە، عەبدوڵڵای حاجی شێخە، فەقێ حەسەن، شێخ محەمەد و چەند فەرماندەیەکیتر سازدا دوای نانخواردن پێیوتن ئێمە چی بکەین بۆ گرتنی بێتواتە،

فەرماندەکان وتیان بڕیار لای جەنابتە.

مامجەلال ڕوویکردە محەمەدی کاک هەمزەو پێیوت تۆ ئەو شاخەی سەروو مالّی خۆت (شاخی ژارە)ی پشتی گولّان بگریت، لە سەرت واجبە بیگریت سەر گوندی خۆتە دەبێ بیگریت، محەمەدی کاک هەمزە ووتی بەڵێ (مامە) مامجەلال ووتی ئەگەر نەتگرت، محەمەدی کاک هەمزە ووتی خۆم بە کوشت دەدەم.

مامجەلال سێ جار دووبارەی کردەوە محەمەدی کاک هەمزە هەر ووتی خۆم بە کوشت دەدەم مامجەلال ووتی دەیگرین.

مامە ڕیشە ووتی ئەگەر تۆ شاخی (ژارە) بگریت منیش کلّاوی دێوانە دەگرم[١٩]، مامجەلال ووتی ئەگەر محەمەدی کاک هەمزە شاخی ژارە بگرێت تۆش کلّاوی دێوانە بگریت کەواتە بێتواتەشتان گرت.

مامجەلال بە محەمەدی کاک هەمزەی وت سەد پێشمەرگەی بژاردە لە هەموو تیپەکان بەرە فەقێ حەسەنیش با بێت بۆ ئەوێ.

بە مامە ڕیشەی وت تۆش پێشمەرگە ئامادە بکە، بۆ هەر دوو قۆڵەکە شاخی ژارەو کلّاوی دێوانە هەر قۆڵەی (١٢٠) پێشمەرگەی بۆ دانرا، لە دێی بەردانگە ئۆتۆمبێلێکیان لە سەر ڕێگە دانا پڕ بوو لە فیشەک هەر پێشمەرگەیەک دەڕۆیشت (١٠٠) فیشەکی لە ئۆتۆمبیلەکە وەردەگرت.

مامە ڕیشە و محەمەدی کاک هەمزە تا نزیک شاخی ژارە و کلّاوی دێوانە بەیەکەوە ڕۆیشتن کە ڕێگاکە بووە دوو ڕێ لە یەکتری جیابوونەوە.

شێخ محەمەد بە محەمەدی کاک هەمزەی وت ئێمە شەوی دوێنێ بەڕێوەبووین تا بەیانی لە بەر خەو بە پێوە خۆمان ڕاناگرین لەو دێیە دەخەوین سبەی کە شاخەکە گیرا ئێمەش سەردەکەوین، شێخ محەمەد لە گەڵ (٣٠) پێشمەرگە جێمان.

[١٩] شاخی ژاراوە و کلّاوی دێوانە لە یەکتر نزیک بوون (BKC) دەگەیشتێ.

گـــــۆڕینەوە

مامە ڕیشە قەناسێکی پێبوو لە جەیشی شەعبی گرتبوو، محەمەدی کاک هەمزە ڕەشاشێکی حەفارۆفی پێبوو سینیەکی لە سەر بوو پەنجا فیشەکی (BKC) دەخوارد مامە ڕیشە بە محەمەدی کاک هەمزەی وت ئەو ڕەشاشەم بدەرێ بۆ کۆپتەرم دەوێ لەو دەشتانەی گەرمیان منیش قەناسەکەت دەدەمێ، کاک محەمەد ووتی ڕەشاشەکە بۆ تۆ قەناسەکە بۆ من چەکەکانیان گۆڕییەوە.

گـــــرتنی شـــــاخی ژارە

(٩٠) پێشمەرگە لە گەڵ کاک محەمەد سەرکەوتن چوونە سەر ئاوێک دانیشتن ئاویان خواردەوە هەر نیو کاتژمێرێک مابوو بگەنە شوێنی مەبەست.

محەمەدی حاجی ئەحمەدی بۆڵی بیکەیسیەکی پێبوو لە گەڵ هێزەکە سەرکەوت، تێکڕای هێزەکە سەرکەوتن، مانگە شەوێکی خۆش بوو جوولّەی پێشمەرگە وەکو سێبەرێک بەو شاخ و لوتکانەوە دەبیندرا، هەر دەتووت ڕەوە ئەسپێکی کێوین و بەرەو لوتکە ئاوزەنگی دەدەن تا بگەنە لوتکەی سەرفرازی و سەرکەونە سەروو هەورەکان.

هێزەکەی تیپی مەڵبەندی سێ بە فەرماندەیی محەمەدی کاک هەمزە گەیشتە نزیک ڕەبیەکانی دوژمن لە ژێر تریفەی مانگە شەوی ئەو شەوەدا جاشەکانی ناو ڕەبییەکان پێشمەرگەکانیان بەدیکرت.

هێزەکانی دوژمن زانیاریان هەبوو کە هێزێکی زۆر کۆکراوەتەوە هەر بۆیە هێزی زیاتریان هێنابوو بۆ لوتکە بەرزەکانی ناوچەکە لە گەڵ بینینی پێشمەرگەکان تەقەیان بە هەموو لایەکدا کرد، پێشمەرگەکانیش تەقەیان لێکردنەوە، لە کڵاوی دێوانەشەوە بە (BKC) تەقە لە پێشمەرگەکان کرا.

کاتژمێر (١٠)ی شەو بوو پێشمەرگەکان هێرشیانکردە سەر شاخی ژارە، ماوەی سێ چارەک تەقە بوو شەڕێکی قورس لە نێوان هێزی پێشمەرگەو جاشدا بەرپا بوو.

فەقێ حەسەن بانگی محەمەدی کاک هەمزەی کردو ووتی ئەوە سێ چارەکە شەڕە دوژمن لە شوێنەکانیان هەڵناستن فیشەکیش بەرەو کەمی دەچێت، ڕۆژیش دادێت ناگیرێت.

محەمەدی کاک هەمزە ووتی لە گەڵ مامجەلال قسەیەکم کردووە دەبێ خاوەنی قسەی خۆم بم، فەقێ حەسەن ووتی چی دەکەیت، محەمەدی کاک هەمزە ووتی هێرش دەکەم ناگەڕێمەوە.

محەمەدی کاک هەمزە چەند پێشمەرگەیەکی نزیکی خۆی بانگکرد، تەیبە، محەمەدی حاجی ئەحمەدی مەلا هەمزە، حەسەن، ووتی من ڕادەکەم ئێوەش بەدوامدا وەرن.

محەمەدی کاک هەمزە و چوار پێشمەرگەیتر بە ناو ویزەو گڕی فیشەکی بیکەیسی و کلاشینکۆفی دوژمندا هێرشیانبرد، سەدان فیشەک لە بەردەم و دەورو پشتیاندا دەکەوتن و دەبوونە گڕ بەڵام ئەمان لە هەڵمەت ساردنەدەبوونەوە گورجوگۆڵتر دەڕۆیشتن پشتی هێزەکەی دوژمنیان گرت.

محەمەدی کاک هەمزە لە ڕێگەی بێتەلەوە مامجەلالی ئاگادار کردەوەو ووتی مامە پشتم لێگرتن ئێستە زاڵین بە سەر هەرتەلدا، مامجەلال ووتی هەڵیاندە لە شاخی، کاک محەمەد ووتی ئێستا، مامە ڕیشە لە سەر خەت بوو دەیووت مامجەلال بگەمە هەرتەل ژن و پیاویان دەکوژم مامجەلال پێیوت ڕیشە هەر کەسێک لە هەرتەل بکوژی () دەتەقێنم، دیسان ڕیشە دەستی کردەوە بە قسە کردن و ووتی بگەمە بێتواتە ژن و پیاو دەکوژم، مامجەلال ووتی گەیشتیتە ئەوێ چی دەکەیت بیکە (مانای ناگەیتە ئەوێ).

محەمەدی کاک هەمزە و چوار پێشمەرگەی هاوەڵی هەڵمەتیان تازە کردەوە چوونە سەر ڕەبیەی جاشەکان و ڕاویاننان، دیسان کاک محەمەد پەیوەندی بە مامجەلالەوە کردەوەو ووتی مامە یەکەم ڕەبییەمان گرت، مامجەلال ووتی نیشانەیەکم بۆ هەڵبدە، کاک محەمەد ڕیزێک گڕداری هەڵداو بە مامجەلالی وت کەپرێکیان هەیە کە پرەکەش دەسووتێنم ئاگرەکەی ببینە ئاگرێکی بە کەپرەکەوە ناو سووتاندی، جاشەکان چایان

بە گەرمی جێهێشتبوو، فەقێ حەسەن و پێشمەرگەکانی دیکەش سەرکەوتنە سەر شاخ، مامە ڕیشە لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندی کردوو ووتی کاکە حەمە کلاوی دێوانەم تەواو کرد، ئەویش کلاوی دێوانەی گرت.

سەر شاخی ژارە حەوت ڕەبیەی لە سەر بوو کە بەشێکە لە زنجیرە چیای ماکۆک هەر حەوتیان گیران، ڕەبیەیەک لەو بەرەوە بوو بە سەر زینی هەرتەلدا دەیڕوانی، جاشەکانی ناو حەوت ڕەبیەکەی زنجیرە چیای ماکۆک ڕایانکردە ئەو ڕەبیە.

دوو پێشمەرگەی گەرمیان لە کاتی هەڵمەت بردنە سەر زنجیرە ڕەبیەکانی ژارە شەهیدو بریندار بوون، محەمەدی کاک هەمزە چوار پێشمەرگەی نارد شەهیدو بریندارەکان بەرنە خوارەوە.

محەمەدی کاک هەمزە ووتی کێ دەتوانێت ئەو ڕەبییەی سەر زینی هەرتەل بگرێت، پێشمەرگەیەکی گەرمیان ووتی من دەچمە بانیان (٢٠) پێشمەرگەم بدەرێ، (٢٠) پێشمەرگە هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەی زینی هەرتەل نەگەڕانەوە تا چوونە ناو ڕەبییەکەو گرتیان.

مامجەلال پەیوەندی کرد ووتی ڕاوەستن زیاتر مەڕۆن سبەینێ هێزی گەورەتان بۆ دەنێرم، پێشمەرگەکان لە شوێنی خۆیان وەستان تا ڕۆژهــەلات، لە گەڵ ڕۆژهەڵاتندا لە سەر بیتوێنەوە کۆپتەرو پیلاتۆز دەرکەوتن بە ئاربیجی و بیکەیسی لێیاندان نەیانتوانی نزیک ببنەوە.

شێخ محەمەدو ئەو (٣٠) پێشمەرگەیەی لە ناو دێ جێمابوون بۆ پشوودان هاتنە سەر شاخ، ئەرسەلانی برای کاک محەمەد پێشیان کەوت تا چوونە سەر دەروی هەرتەلی، هێزەکانی دوژمن خواردنی زۆریان جێهێشتبوو.

جاشەکان لە مالّەوە خواردنی هەمە جۆریان بۆ هاتبوو گەنمە کوتراو، یاپراخ، برنج و گۆشت، پەنیرو ماستی مەڕ، هەموو جۆرە میوەیەک، پێشمەرگەکان چایان لێناو و نانی بەیانیان لەوێ خوارد.

لە یـــەك گـــۆڕان

پۆلێک چەکدار لە سەرەوە دەهاتنە خوار، محەمەدی کاک هەمزە بیکەیسی بۆ دابەستن ئەرسەلانی برای وتی نەکەی پێشمەرگەن، هێندەی نەبرد بووە تەقە کاک محەمەد لە ڕێگەی بێتەلەوە پەیوەندیکرد وتی ئەوە چی بوو وتیان چەند جاشێک بوو کوشتمانن.

هێزەکەی تیپی مەڵبەند هەستان بەرەو جاشەکان بڕۆن بیانگرن، ئەو پێشمەرگانەی تەقەیان لە جاشەکان کردبوو کوشتبوویانن لە گەڵ هێزەکەی تیپی مەڵبەندی (٣) تەقەیان لە یەکتر کرد، تەقە گەرم بوو محەمەدی کاک هەمزە هەستا جامانەکەی ڕاوەشاند فیشەکێکی بەرکەوت سوڕاو کەوتە زەوی.

پێشمەرگەکانی تیپی مەڵبەند هێرشیان کردە سەریان ئەرسەلان هاواریکرد بیانکوژن، لەو کاتەدا لە یەکتری ئاشکرا بوون، ئەوان پێشمەرگەی تیپی باڵەک بوون.

محەمەدی کاک هەمزەیان بە سواری گوێدرێژێک هێنایە گوڵان، جەلال بیکەیسی خەڵکی دووزو پێشمەرگەیەکیتر شەهید بوون، بۆ ڕۆژی دواتر هێزەکەی دوژمن شکاو تا چوارقورنە ڕاویاننان.

گـــرتنی ناحیەی بـــێتواتە

بێتواتە ناحیەیەکی فراوان و دەیان دێهاتی لە دەور بوو، بەشێک لە دەرەبەگەکانی ناوچەکە چەکیان بۆ ڕژێمی داگیرکەر هەڵگرتبوو، خەڵکی ناوچەکەشیان بە ناچاری چەکدار کردبوو، زوڵم و زۆرێکی بێ ئەندازەیان لە خەڵکی ناوچە دەکرد، هاوارو نالەی خەڵکی دێهاتەکانی ناوچەکە گەیشتە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) تا سنووربێک بۆ زوڵم و زۆری چەکدارو دەرەبەگەکانی ئەو سەردەمە دابنێن کە لە پەنا ڕژێمدا سەردەمی دەرەبەگایەتیان زیندوو کردبووەوە زوڵم و زۆری بێ ئەندازەیان لە جوتیارانی ناوچەکە دەکرد.

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەگەکانی ئەو ناوچەیەی لە ڕەفتاری خراپیان بەرانبەر خەڵکی ناوچەکە ئاگادار کردەوە بەڵام گوێیان پێنەدا.

هێزەکانی (ی.ن.ک) هاتبوونە خوارەوە بۆ باڵیسان، مەڵبەندی چوار لە باڵیسان و ناوچەکە جێگیر کرا، هەمان کات بارەگای (مامجەلال) یش هاتە دۆڵی باڵیسان دواتر بۆ بۆڵێ لە دۆڵە ڕەقە.

ئەنوەر بەگ دەیویست دەست بە سەر ناوچەکەدا بگرێت ڕێگەی ڕانیە خەلیفان بۆ هێزەکانی دوژمن بکاتەوە تا بارەگای مەڵبەندی چواری یەکێتی لە باڵیسان دەرپەڕێنن و هێرش بکەنە سەریان.

دێیەکانی خۆشناوەتی ئاگادار کردبووەوە کە دەبێت ببنە جاش و چەک بۆ ڕژێم هەڵگرن، بە زۆری زۆرداری و ترس و تۆقاندن خەڵکی دێیەکانی زێوە، هەرتەل، وەرێ، نێوە، سەردۆڵ، مێرگە سەر، چیوەی ناچار بە جاشێتی و چەک هەڵگرتن کردبوو، هەر بەوەشەوە نەدەوەستا بە نیاز بوو تێکڕای دێیەکانی خۆشناوەتی چەکدار بکات و بیانکاتە جاش.

دکتۆر کەمال خۆشناو لێپرسراوی مەڵبەندی (٤)ی (ی.ن.ک)، لە ڕێگەی خەڵکی ناوچەکەوە بەزمانێکی نەرم و هێمن ئەنوەر بەگی ئاگادار کردبووەوە واز لە ڕەفتارو نەخشەو پلانە گڵاوەکانی بهێنێ، ئازاری خەڵکی ناوچەکە نەدات بەڵام ئەنوەر بەگ زۆر لوت بەرزانە و بە لە خۆبایی بوونێکی زۆرەوە وەڵامی دکتۆر کەمالی دابووەوە، وتبووی من گەورەو میری ناوچەکەم و ئێرە ناوچەی منە، دەبێت مامجەلال و مەڵبەند ناوچەکە جێبهێڵن.

هەر بۆیە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاری دەست بە سەردا گرتنی مۆڵگەو ڕەبیەکانی دوژمنیدا لە خۆشناوەتی و بێتواتەدا، بڕیارەکەش بە سەرکەوتووانەو بە سەرپەرشتی ڕاستەوخۆی هەڤاڵ مامجەلال جێبەجێکراو تەنانەت ماڵی ئەنوەر بەگی بێتواتەش دەستی بە سەردا گیرا.

کـــــڵاوی دێوانە- قـــــۆپی دێـــــوانە

بە سەرپەرشتی هەڤاڵ مامجەلال ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢١ هێزێکی مەڵبەندی (٣) بە هاوکاری کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی مامە ڕیشە و کەرتێکی تیپی سەگرمە بە فەرماندەیی حەمە ڕەش هەڵمەت برایە سەر لوتکەی (کڵاوی دێوانە)

کە بە سەر بێتواتەدا دەڕوانێت، دوای شەڕێکی قورس دەستیان بە سەرداگرت، بۆ پاڕێزگاریکردن لە بێتواتە قۆپ و کڵاوی دێوانە قایمکرا، سەرەتا تیپی ٩٩ی بیتوێن چوونە قۆپی دێوانە، تیپی ٨٣ی هەورێ بە فەرماندەیی ڕێبازو کەرتێکی تیپی ٩١ی سەفین، لە گەڵ لقی شۆڕشگێڕان سەرکەوتنە سەر شاخ تا تیپی ٩٩ی بیتوێن بگۆڕن.

ئەو شەوە دوژمن تۆبارانی سەختی سەر شاخی کرد، ڕێبازو سەرداری سەعید سۆفی بە سەر سەنگەرەکاندا دەگەڕان، بۆ بەیانی کە دنیا ڕووناک بوو، لە قۆپی دێوانەوە تەقە لە پێشمەرگە دەکرا، قۆپەکە دوژمن گرتبوویەوە، قۆپی دێوانە بە سەر بێتواتەو ناوچەکەدا زاڵ بوو، عەلی نەبی هاتە لایان و پێیوتن بڕیاری مامجەلاڵە دەبێت قۆپی دێوانە بگیرێتەوە، تیپی هەورێ بەڵێنیاندا ئەگەر هەموویان شەهید بوون قۆپی دێوانە بگرنەوە.

لە کاتژمێر (٣)ی دوا نیوەڕۆ هێرشیانکردە سەر قۆپی دێوانە، تەنها بە سێ پێشمەرگە، ڕێبازو سەرداری سەعید سۆفی و پێشمەرگەیەکیتر، قۆپی دێوانەیان لە دەست دوژمن دەرهێناو گرتیانەوە.

سەردار یەکەم پێشمەرگە بوو لە دەستەی پێشەوەی هێرش گەیشتە سەر کڵاوی دێوانە، لەو شەڕەدا تەنها ڕێباز بریندار بوو.

ســـــەرەتای شـــــەڕ

ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٢ جاشەکان بـە پاڵپشتی سـووپای داگیـرکـەری عێراق هێرشیانکردە سەر دۆڵی باڵیسان، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەشێک لە تیپەکانی مەڵبەندەکانی بانگکردە ناوچەکە تا ڕێ بە پاوانخوازی و داگیرکاری ناوچەکە لە لایەن جاشەکانەوە بگرن.

بەشێک لە تیپەکانی مەڵبەندەکان هاتنە ناوچەکە، تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و تیپی ٨٣ی هەورێ.

مـــــێرگە ســـــەر

دوای گەیشتنیان بە ناوچەکە هەر دوو تیپی ٨٣ی هـەورێ و ٨٦ی دەشتی هەولێر لە مێرگە سەر لە سەنگەردا دامەزران.

کاتژمێر ١٠ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/١٤ هێزێکی گەورەی دوژمن بە جادەی چوارقورنە و خەلیفاندا بەرەو دێی مێرگە سەر هێرشیان هێنایە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە، قارەمانەکانی تیپی هەوریێ و دەشتی هەولێر شەڕێکی چوار کاتژمێریان لە گەڵ هێزەکەی داگیرکەردا کرد، دوای شەڕێکی گەورەو گران هێزەکانی پێشمەرگە کشانەوە.

شـــــەڕی بـــــێتواتە

جاشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە بە نیاز بوون ناوچەی خۆشناوەتی لە ناوچەیەکی ڕزگار کراوەوە بکەنە ناوچەیەکی سەربازی و مۆڵدانی جاشەکانیان، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) پێشتر نەخشەی لێدان و دەست بە سەرداگرتنی مۆڵگە و سەربازگەکانی داگیرکەریان کێشا بوو، بەڵام پەلاماری جاشەکان بۆ سەر دۆڵی بالیسان لە ١٩٨٣/١٠/١٢ نەخشەکەی پێشخست.

لێدانی جاشەکانی بێتواتە هەر بە تەنها ڕەهەندێکی نییە بەڵکو فرە ڕەهەندە، هەر تەنها لێدانی مۆڵگەکانی دوژمن و شەڕی ڕەوای شۆڕشی کوردستان نییە لە گەڵ داگیرکەرو سیخوڕەکانی بەڵکو ڕەهەندێکی چینایەتی و پێشکەوتنخوازانەشی هەیە، دژی دەست بە سەردا گرتنی زەوی جوتیاران و سەر لە نوێ زیندووکردنەوەی دەرەبەگ و کۆنە پەرستی بوو لە ناوچەکە، کە بە نیاز بوون بە پشتیوانی داگیرکەرانی کوردستان سەردەمی سیستەمی دەرەبەگایەتی کۆنەپەرستانە بە سەر ناوچەکەدا بسەپێنن، بەڵام هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەو خەونەی لێکردنە زیندە خەون و لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا تێکڕای دێیەکانی خۆشناوەتی بە لوتکە و چیا بەرزەکانیەوە تا بێتواتە لە ژێر چنگی ڕەشی داگیرکەرو جاشدا دەرهێناو ئازادیکردن.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چەند قۆڵێکەوەو بەو شێوەیە هێرشیانکرد، شـەوی ١٩٨٣/١٠/٢٢/٢١ وەکـو کاتی هەڵکوتانە سـەر هێزەکانی داگیرکەر دەستنیشانکرا بۆ هێرش بردنە سەر هێزەکانی دوژمن، لە سێ قۆڵەوە:

قۆڵی یەکەم، پێکهاتبوو لە تیپە قارەمانەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێر، ٩٣ی کۆیە، ٩٩ ی بیتوێن، ٥٥ی قـەرەداخ، بە سەرپەرشتی هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر،

ڕزگار کردنەوەی دێیەکانی مێرگە سەر، چێوەی سەرو خوارو، ڕاونانی جاشەکان بەرەو بێتواتە و گەمارۆدانی بێتواتەیان پێسپێردرا.

قارەمانەکانی ئەم قۆڵە لە شـەوی ١٩٨٣/١٠/٢٢/٢١ هێزەکانی دوژمنیان لە دێیەکانی مێرگە سەرو هەر دوو چێوە دەرپەڕاندو ناوچەکەیان لێپاک کردنەوەو لە کاتی دیاریکراودا گەیشتنە بەرانبەر بێتواتە .

دەستکەوتەکانی قۆڵی یەکەم:

١/ گرتنی زیاتر لە (٢٥٠) پارچە چەکی ورد لە کلاشینکۆف، برنەو، پەڕەشووت، سیمینۆف و گرتنی ٢٤٨ مەخزەنی کلاشینکۆف.

٢/ گرتنی ١٣ ئاربیجی (٧) و ١٢٠ گوللەی ئاربیجی.

٣/ گرتنی ١١ ڕەشاشی دکتاریوف و ٢٠ مەخزەنی ڕەشاشی دکتاریوف.

٤/ گرتنی یەک ڕەشاشی BKC.

٥/ گرتنی ٣٠ هەزار فیشەکی ڕووسی.

٦/ گرتنی (٥) ئۆتۆمبێلی پڕ لە فیشەک.

٧/ گرتنی (٢٠٠٠) فیشەکی برنەو.

٨/ گرتنی (٥) گوللە هاوەنی ٦٠ ملم.

لەم قۆڵەدا بە سەدان جاش تەسلیم بە پێشمەرگە بوون و چەکەکانیان تەسلیم کرد.

قۆڵی دووەم، پێکهاتبوو لە تیپە ئازاو دلێرەکانی ٧٤ی باڵەک، ٧٨ی کارۆخ، ١٢ی سۆران، ٨٥ی بەڕانەتی، ٩١ی سەفین، پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵە، ناوچەی شۆڕشگێڕان و مەڵبەندی چوار بە سەرپەرشتی هەڤاڵان سەید کەریم و حەسەن کوێستانی.

پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەم قۆڵە دلێرانە هەڵمەتیان بردە سەر هێزەکانی داگیرکەر لە دەرەزێوە، هەنجیرە، زێوەو هەرتەل و شاخی سەخت و بەرزی شیشار، لە ماوەیەکی کەمدا دوژمنیان دەرپەڕاندو دێیەکانیان ڕزگارکرد، دوای ئازاد کردنی ئەم دێیانەو پاککردنەوەی لە هێزەکانی داگیرکەر، لە هەرتەلەوە هەڵمەتیان بردە سەر بێتواتە، بەمجۆرەش لە سێ لاوە بێتواتە گەمارۆ درا، لەم قۆڵەشدا زیاتر لە

(٣٠٠) پارچە چەک و ٢٠ ئاربیجی (١١) و دوو هاوەنی (١٢٠) ملم دەیان سندوق و شانەی فیشەک کەوتە دەست هێزی پێشمەرگەی کوردستان، قۆناغی یەکەمی سەرکەوت، سەرکەوتنی بەدەستهێنا.

قۆڵی سێیەم پێکهاتبوو لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپەکانی ٢١ی کەرکوک، ٥٧ی سەگرمە، و ٥١ی گەرمیان، هەندێک لە کەرتەکانی تیپەکانی شەهیدان و مەڵبەندی (٣) و تیپی ١٤ی ئاکۆ، بەرەی ماکۆک دەرەزێوە حەسەن کوێستانی سەرپەرشتی دەکرد، لەم قۆڵەدا کاتژمێر یانزەو نیوی شەو هێرش برایە سەر هەموو لوتکە بەرزەکانی چیای ماکۆک و لە ماوەی کاتژمێرێکدا دەستیان بە سەردا گرت و لە داگیرکەریان پاک کردەوە و جاشەکانیان بەرەو هەرتەل ڕاونا، لە هەمان هەڵمەتی شێرانەدا زنجیرە کێوی نالّە شکێنی پشتی سەرچاوەیان دەستبەسەرداگرت تا هێزەکانی دوژمن بە ئاسانی نەتوانن بگەنە فریای جاشەکان، دواتریش هەڵمەتیان بردە سەر دەرەزێو کە لە ژێر هێرش و هەڵمەتی قارەمانەکانی مەڵبەندی (٣) دا بوو بە هەر دوو لا جاشەکانیان ڕاونا.

دەستکەوت لەم قۆڵەشدا دەیان ئاربیجی و ڕەشاش و چەکی هەمە جۆر بوو، جاشە خۆفرۆشەکانیش پەیتا پەیتا چەکەکانیان تەسلیم بە پێشمەرگە دەکرد ئەو چەکانەی بە سەریاندا دابەشکرا بوو لە لایەن ڕژێمەوە.

گـــرتنی بـــێتواتە

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٢ شەڕ کەوتە سەر بێتواتە و شۆڕ دەبووەوە بۆ ناو بێتواتە، دوای نێوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٢ هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەر سێ لاوە هێرشیان بردە سەر بێتواتە.

ئێوارەی هەمان ڕۆژ پشتی بێتواتەو دواتریش ناحیەی بێتواتە کەوتە دەست پێشمەرگە، بەڵام لایەکی ناحیەکە لە دەست دوژمندا بوو.

بـەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٣ هێزەکانی دوژمـن بە تـەواوی لە بێتواتە دەرکران و، دێیەکانی ئەنگۆز و ئەندێک و شەرتە و دواوەش کەوتە دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

دەیان و سەدان جاش کوژران و بریندار بوون دەیان پارچە جەکیش دەستکەوت بوو، پاشماوەی هێزەکانی دوژمن بەرەو سەربازگەی ڕانیە و چوار قوڕنە و سەروچاوە ڕایانکرد بەمجۆرە بەشی دووەمی نەخشەی (سەرکەوت) جێبەجێکرا.

لە شەڕی چەند ڕۆژەی بێتواتەدا ڕژێمی عێراق بە هەموو جۆرە چەکێک، بە تانک و تۆپ و فڕۆکە و کۆپتەر، بە پشتیوانی سەدان جاش و سەرباز، هێزی پێشمەرگەی بۆردومانکرد، بەڵام دوژمن نەیتوانی خۆی ڕاگرێت و بە سەر ئیرادەی هێزی پێشمەرگەدا سەرکەوێت.

دەســـتکەوتەکان

+ ٦٠٠ پارچە چەکی سووک
+ ٣٥ ئاربیجی و ١٢٠ گوللە
+ ١١ دکتاریوف و ٢٠ مەخزەنی ڕەشاش دکتاریوف
+ ٢ هاوەنی ١٢٠ ملم
+ دەیان سندوق فیشەک
+ ٣٠ هەزار فیشەک
+ ٥ ئۆتۆمبێلی پڕ لە فیشەک
+ ٢٤٨ شانەی کلاشینکۆف
+ ٢٠٠٠ فیشەکی بڕنەو

بـــرووسکەی مـــامجەلال
بۆ خـــەڵکی کوردستان- کـــاك نەوشیروان

مامجەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) سەرپەرشتی داستانی گرتنی بێتواتەی دەکرد، ڕاستەوخۆ لە مەیدانی شەڕ بوو، لە گەڵ هێزی پێشمەرگەدا.

سەبارەت بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەنگاو بە هەنگاوی سەرکەوتنەکان لە ئیزگەوە مژدەی سەرکەوتنی دەدایە خەڵکی کوردستان.

بـــــڕووسکەی یـــــەکەم

مژدەی سەرکەوتن لە هەڤاڵ مامجەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بۆ جەماوەری بە شەرەفی گەلەکەمان.

بۆ هەڤاڵ کاک نەوشیروان و گشت مەڵبەندو تیپە قارەمانەکان

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

مەوقیف تاکو کاتژمێر یەکی پاش نیوەڕۆ بەمجۆرەیە:

١/ هەرتەل گیراو دەستکەوتی باشمان هەیە لە چەک و فیشەک و دوژمن کوژراوی هەیە، گەرەکێکی دێیەکە سوتێندرا.

٢/ شەڕ لە ناو بێتواتە بەردەوامە، ڕژێم زۆر بە توندی یارمەتی جاشەکانی دەدا، فڕۆکەی جەنگی و هێلیکۆپتەر بەشداری شەڕەکە دەکەن بەڵام هیچیان پێنەکراوە.

٣/ چیوەی خواروو چیوەی سەروو بە تەواوەتی کەوتوونەتە دەستی خۆمان و لەم قۆڵەشەوە دوژمن شکاوە.

٤/ دوژمن تا ئێستا نەیتوانیوە لە چۆلیاوا تێپەڕێ شەڕی باشی لە گەڵ دەکرێت، مودەڕەعەیەک سوتێندراوە، هێزی دوژمن تەریک دراوە، هێزی خۆمان زاڵە.

٥/ جەماوەر جەژنیەتی، هەموو خەڵک زۆر شادو بەختیارن بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان.

بـــۆ پـــێشەوە بەرەو ســـــەرکەوتن مـــــامجەلال

ســـکرتێری گـــــشتی (ی.ن.ک)

بـــــڕووسکەی دووەم

مەوقیف تا کاتژمێر ٤ی ئێوارەی ١٩٨٣/١٠/٢٢ لە مامجەلالەوە بۆ جەماوەری بە شەرەفی گەلەکەمان هەڤاڵی تێکۆشەر کاک نەوشیروان و گشت مەڵبەندو تیپە قارەمانەکان.

سڵاوێکی شۆڕشگێڕانەی گەرم

مەوقیف تا سەعات چواری ئێوارە بەمجۆرەی خوارەوەیە:

١/ چێوەو هەرتەل و مێرگە سەر ڕزگار کرانەوەو دوژمن زیانی زۆری لێکەوتووە،

دەستکەوت ٢٠ ئاربیجی ١١ و ٢٠٠ پارچە چەک زیاترە.

٢/ جاشەکان هەڵاتوون بەشێکیان لە بێتواتە کۆبوونەتەوەو شەڕیش لە بێتواتە دا بەردەوامە.

٣/ فاشیستە عەفلەقیەکان زۆریـان یارمەتی هێزەکانی خۆیاندا بە فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەر و جاش فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەر بە دریژایی ڕۆژ بۆردومانی ناوچەکەیان دەکرد.

٤/ زیانی دوژمن بە دەیان کوژراوو بە دەیان بریندارە.

٥/ دێی بێ کێل و گەڕەکێکی دێی هەرتەل سوتێندرا.

٦/ زیانی ئێمە تا ئێستا سێ شەهید و چەند بریندارێک کە بریندارێک کە بریندەکانیان سووکە.

بۆ پێشەوە ڕووەو سەرکەوتن

مامجەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک)

١٩٨٣/١٠/٢٢

شـــەهید بوونی خـــوێندکارێك

خەڵکی ناوچەی خۆشناوەتی و بیتوێن بە گشتی خۆشحاڵ بوون بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەر جاشەکانی ئەنوەر بەگدا.

خەڵکی ناوچەکە بەردەوام لە سەربانی ماڵەکانیانەوە تەماشاچی مەیدانی شەڕ بوون، لە گەڵ سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەدا خۆشحاڵ دەبوون، ژن و پیاو پیرو لاو، دەستە و نزا بوون پێشمەرگە سەرکەوێت.

ڕۆژی ١٩٨٣/١٠/٢٤ جاشەکانی قەرەنی ئەولاغای هیزۆپ بە لوتی شکاوەوە دەگەڕانەوە، خوێندکارانی ناوچەکە هۆیەایان لێکێشان و دروشمی شۆڕشگێڕانەیان بە پێشمەرگەو شۆڕش و (ی.ن.ک) دا دەوتەوە، جاشە بەزیوەکان خوێندکارانیان دایە بەر دەسڕێژی گوللەو خوێندکار (باقی حاجی حسێن) سەروچاوەییان شەهید کرد، چەند هاوڕێتیەکیش بە ناوەکانی (نەریمان خاڵە ڕەش، سالح عبدالله) ئیبراهیم ئەحمەد، مەحموود ئەحمەد) بریندار بوون.

ڕاپۆرتی پەیامنێری ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق لە ناوچەی بیتوێنەوە

ناوچەی بیتوێن بە گشتی ڕۆژی ٢٢، ٢٣، ٢٤ی ئەم مانگە لە شادییەکی بێوێنەدا بوون بە بۆنەی ڕاماڵینی دەسەڵاتی نۆکەرانی ڕژێم واتە جاشە خۆفرۆشەکانی ئەنوەر بەگی بێتواتە.

لە ناوچەی خۆشناوەتی خەڵکی دەستە دەستە پیرۆزباییان لە یەکتر دەکرد وە هەموویان پیرۆزباییان لە بنەماڵەی شەهیدان دەکرد قوتابییە شۆڕشگێڕەکان، لاوە خوێن گەرمەکان و ئافرەتە وشیارەکان لە سەربانەوە تەماشای شوێنی شەڕو پێکدادانەکانیان دەکرد نەفرەتیان لە جاشە ڕوو ڕەشەکان دەکرد هەر کەسێک بەو ناوەدا گوزەری بکردایە شادی و جەژنی لە چاوی خەڵکەکەدا دەخوێندەوە بۆیە لەم ڕۆژانەدا نۆکەرو دەست و پێوەندەکانی ڕژێم سەر شۆڕی و ماتی و نیشانەی تەعزیمیان پێوە دیارە.

لە ڕۆژی ١٠/٢٤ کاتێک کە جاشەکان بە سەر شۆڕی لە بەرەکانی جەنگ دەگەڕێنەوە قوتابییەکان هۆسەیان بۆ دەکێشن و دروشمی شۆڕشگێڕانە بە گیانی شۆڕش و (ی.ن.ک) دەکێشن بۆیە جاشە خۆفرۆشەکان لە تاقمە تاوانبارەکەی قەرەنی ئەولاغای هیزۆپ پاشماوەی جاشەکانی ئەنوەر بەگ ئەیاندەنە بەر ڕێژنەی گوللە قوتابی باقی حاجی حسێن سەروچاوەیی شەهید دەکەن، هەر چەند کەسوکاری ئەم شەهیدە چەکی خۆفرۆشی و جاشایەتییان بۆ ڕژێم کردۆتە شان کەچی دادی نەدان وە هەروەها چەند هاوولاتییەک بریندار دەکەن لەوانە نەریمانی خاڵە ڕەش، سالح عەبدوڵڵا و سەید ئیبراهیم ئەحمەدو مەحموود ئەحمەدو چەند هاوولاتییەکیتر.

جگە لەمەش جاشەکان لە ناو خۆیاندا لێیان بووەتە ناخۆشییەکی زۆر گەورەو زۆربەیان پەشیمانی خۆیان نیشانداوە وە ئێستا دەستە دەستە خەریکی خۆ تەسلیم کردنن بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەیانەوێ بگەڕێتەوە بۆ سەر زەوییەکانیان لە ناوچەی خۆشناوەتی.

تـــیپی 57ی ســـەگرمە- شـــەڕی بـــێتواتە

هەڤاڵ مامجەلال نامەی بۆ کاک ئازاد فەرماندەی تیپی سەگرمە نووسی دوو کەرتی شەڕکەریان بۆ بنێرن.

کاک ئازاد لە بەر ڕۆشنایی نامەکەی هەڤاڵ مامجەلال نامەی نووسی بۆ هەر دوو کەرتی (٣-٤) مامە ڕیشە و حەمە ڕەش هاتنە بارەگای تیپ.

کاک ئازاد بە مامە ڕیشە و حەمە ڕەشی ڕاگەیاند مامجەلال نامەی نووسیوەو داوای دوو کەرتی لە ئێمە کردووە، ئێوە دەچنە لای مامجەلال، لەوێ بۆتان ڕوون دەکەنەوە چیدەکەن.

کەرتی چواری جەباری بە فەرماندەیی مامە ڕیشە و کەرتی (٣)ی هەمەوەند بە فەرماندەیی حەمە ڕەش خۆیان کۆکردەوەو بەرەو بێتواتە بەڕێکەوتن و چوونە دێی پڵنگان لەوێ چاوەڕێی بڕیارو ئەرک پێسپاردن بوون.

مامجەلال داوای کەرتی چواری جەباری و مامە ڕیشەی کرد سەردانی بکەن، مامە ڕیشە و کەرتی چوار چوونە لای مامە ڕیشە مامجەلال بە گەرمی بە خێرهاتنی کردو پێی ڕاگەیاندن دەمەوێت قۆڵی مەردانەی لێهەڵکەن ئەم ناوچەیە پاک بکەنەوە، مامە ڕیشە بە هەڤاڵ مامجەلالی وت کام ناوچەیە، کامە قوتەو لوتکەیە سەخت و یاخیە بۆ ئێمەی دابنێ دەیگرین.

مامجەلال پارەی دایە کەرتی چوارو مامە ڕیشە ووتی برۆن ئاژەڵی پێبکڕن، پێشمەرگەکان گۆشتی باش بخۆن با چاویان تیژ بێت.

مامجەلال بێتەلی دایە کەرتی چواری جەباری کە شوێنەکانی خۆیان گرت پەیوەندی پێوە بکەن.

قـــۆپی دێـــوانە

کەرتی چواری جەباری لە ئێوارەوە لە دیوی سەرکەپکانەوە سەرکەوتن کاتژمێر ١١ی شەو گەیشتنە سەر شاخ بۆ گرتنی قۆپی دێوانە، کەرتی هەمەوەندیش هاوشانی کەرتی جەباری بوون لە گرتنی قۆپی دێوانە و شوێنەکانی.

بێتەلەکەی کەرتی چوار لای شێرزاد موەفەری بوو مامجەلال پەیوەندیکردوو بە بێتەلەکەی کەرتی چـواری وت گەیشتوونەتە کۆێ بە ڕیشە بڵێ گـڕدارم بۆ بتەقێنێ، کەرتی چواری جەباری لە ماوەیەکی کەمدا شوێنەکانیان گرت و تەپڵی سەرکەوتنیشیان لێدا، مامە ڕیشە و کەرتی چواری جەباری فیشەکی گڕداریان بە ئاسماندا تەقاند، مامجەلال چاوی لە گڕدارەکان بوو دڵنیا بوو شوێنەکان گیراوە دەستخۆشی لێکردن.

بێتەلەکەی مامجەلال ناوی سەرکەوت بوو، بێتەلەکەی مامە ڕیشە هەڵۆی یەک بوو، بێتەلی کەرتی سێ هەمەوەند کە حەمە ڕەش فەرماندەی بوو ناوی هەڵۆی دوو بوو، کەرتی سێی هەمەوەندیش لە کاتی گرتنی ڕەبیەکان گڕداریان بە ئاسماندا تەقاند وەکو هێمایەک بۆ گرتنی شوێنەکان.

تـــینویەتی ... تـــــینویەتی

پێشمەرگەکان زۆر تینویان بوو، وایان لێهاتبوو میزی خۆیان بخۆنەوە لە تینواندا، پیاوێکی پیریان بەدیکرد دەبەیەکی پێنج لیتری کردبوو بە کەمەی گۆچانەکەیەوە بەرەو لای پێشمەرگەکانی کەرتی چواری جەباری دەهات، پێشمەرگەکان بانگیانکرد وتیان ئەوە ئاوە پێت، پیاوەکە ووتی بەڵێ ئاوە پێم، وتیان خاڵە گیان لە تینوان خنکاین قوربانت بین بماندەرێ بیخۆینەوە، وتی بە خودا بۆ مامە ڕیشەم هێناوە، مامە ڕیشە هەستایە سەر پێ وتی ڕیشە بە قوربانت بێت وەرە لێرەم، پیاوەکە ئاوەکەی هێنا مامە ڕیشە بە سەر قەباغی مەتارەکەی ئاوی دەدایە پێشمەرگەکان، پیاوە پیرەکە بە مامە ڕیشەی وت ماڵ خراپ نەبی ئاویان بدەرێ بیخۆنەوە لە نزیکتان بیری لێیە، بیرەکە سەد مەترێک لە پێشمەرگەکانەوە دوور بوو، کاتێک پێشمەرگەکان چوونە سەر بیرەکە قوتوی ڕۆنی ڕاعی حەبلێکیان پێوە کردبوو

ئاویان پێهەڵدەکێشا، پێشتر ڕەبیەکەی جاشەکان هەر لەوێ ئاویان بردبوو کەرتی چواری جەباری ماوەیەک لای مامجەلال مانەوە لە خەتێ، دواتر گەڕانەوە.

تـــیپی (21)ی کـــــەرکوك

تیپی ٢١ی کەرکوک بەشداری شەڕی ڕزگارکردنی بێتواتەیانکرد، تیپەکە بەرەو دۆڵی شاورێ بەڕێکەوتن، سەرەتا چوونە دەشتی کۆیە، بە (قەڵا سنج) دا سەرکەوتن چوونە دۆڵی خەلەکان لەوێوە بۆ خدران شەو پەڕینەوە بەرەو دۆڵە ڕەقە لەوێشەوە بۆ گوڵان.

ئەو شەوەی دیاریکرابوو هێرش بکرێتە سەر مۆڵگە و ڕەبیەی جاشەکان لە دووقۆڵەوە سەرکەوتن، قۆڵی یەکەم تیپی ٢١ی کەرکوک، کەرتی چواری تیپی ٥٧ی سەگرمە، ٥١ی گەرمیان، قۆڵێکیتری بە فەرماندەیی محەمەدی کاک هەمزە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی (٣) بەرەو شاخی ژارە.

تیپەکانی ٢١ی کەرکوک، ٥١ی گەرمیان، کەرتی ٤ی جەباری لە بناری ماکۆک کۆبوونەوە، هەڵپەڕکێیان کردوو سەرکەوتن، تا گەیشتنە بن کلاوی دێوانە تەقە نەبوو.

شەوەکەی لە چەند لایەکەوە هێرش کرایە سەر کلاوی دێوانە، هێرش کردنە سەر کلاوی دێوانە سەخت بوو چوار دەورەکەی لووس بوو، دەبووایە بە چنگۆڵە سەرکەون.

برایمە سوور، فواد، خەبات، شەماڵ، ڕەوەندو چەند پێشمەرگەیەکیتر لە تیپی ٢١ی کەرکوک.

مامە ڕیشە، موحسین، شێرزاد موەفەری و چەند پێشمەرگەیەکیتر لە کەرتی چواری جەباری.

جەلال بیکەیسی و چەند پێشمەرگەیەک لە تیپی ٥١ی گەرمیان.

یاسین بێدەری، کاکۆ، شاخەوان، بە بیکەیسی تەقەیان لە قولەی پاسەوانی ڕەبیەکان دەکرد پێشمەرگەکان لە ژێرەوە سەر دەکەوتن، هێرشیانکردە سەر کلاوی دێوانە جاشەکان ڕومانەیان هەڵدەدایە خوارەوە بە سەر پێشمەرگەکاندا بەڵام بە سەریاندا دەڕۆیشت.

پێشمەرگە چوونە ناو کلاوی دێوانە جاشەکان ڕایانکرد لە قۆڵی تیپی ٢١ی کەرکوک شەماڵ دوبزی یەکەم کەس چووە ناو کلاوی دێوانە دوو دکتاریۆفی گرت.

لە کەرتی چواری جەباری مامە ڕیشە چووە ناو کلاوی دێوانە کۆڵە پشتێکی ئاربیجی دەستکەوت لە تیپی ٥١ی گەرمیان جەلال بیکەیسی چووە ناو کلاوی دێوانە ئاربیجیەکی ژمارە (١١) دەستکەوت.

مـــــامە ڕیـــــشە فڕی

پێشمەرگەکان لە بن کلاوی دێوانەدا بوون، تیپی ٢١ی کەرکوک هاوەنێکی ٦٠ ملم پێبوو گوللە هاوەنیان دەنا بە کلاوی دێوانەوە، دەنگی جاشەکان دەهاتە گوێ جاشێک جنێوی دەدا مامە ڕیشە ووتی ئێستا ڕیشە دێت.

کلاوی دێوانە لە شێوەی کلاوێک بوو ماکۆک لە سەری نابوو سەخت و یاخی بوو، مامە ڕیشە لە هەڵمەتێکدا گەیشتە کلاوی دێوانە زۆری نەبرد دەنگی تەقە نەما، مامە ڕیشە ووتی وەرنە سەرەوە دوای گەیشتنی مامە ڕیشە بە کلاوی دێوانە دەستەکانیتر سەرکەوتن، بەشێک لە پێشمەرگەکان بە پشتێن سەرکەوتن، لە گەڵ سەرکەوتنی مامە ڕیشە بۆ کلاوی دێوانە جاشەکان لە شاخ هەڵدێران، کلاوی دێوانە هێندە سەخت و کەمدەست بوو بۆیە گەیشتنی مامە ڕیشە بە کلاوی دێوانە لە فڕین دەچوو.

دوای دەستبە سەردا گرتنی کلاوی دێوانە ڕۆژ هەڵات، جاشەکان هێرشی پێچەوانەیان کردە سەر پێشمەرگە، فیشەکێک بەر سەری جەلال بیکەیسی کەوت و شەهید بوو، لە گەڵ شەهید بوونی جەلال بیکەیسی فواد عبدالحمید کە خەڵکی ڕەحیماوا بوو ئاربیجی هێنا بیتەقێنێ هەستایە سەر پێ، فیشەکێک بەر سەریکەوت و شەهید بوو.

جـــامانەکەی مـــامە ڕیـــشە

دوژمن تۆپبارانی چیای ماکۆک و کلاوی دێوانەی دەستپێکرد، تۆپێک لە کلاوی دێوانەیدا مامە ڕیشە خۆیدایە پەنا بەردێک ڕەمەزان دووشیوانی ووتی مامە ڕیشە ئەوە دەترسیت مامە ڕیشە وەلامی نەدایەوە.

کۆپتەرێک هاتە سەر ماکۆک، مامە ڕیشە چووە سەر بەردێکی گەورە (بیکەیسی) یەکی بەدەستەوە بوو، جامانەکەی بۆ کۆپتەرەکە ڕاوەشاند، کۆپتەرەکە بەرەو ڕووی مامە ڕیشە هات، مامە ڕیشە هەرچی فیشەکی بیکەیسی بوو نای بە کۆپتەرەکەوەو ڕوویکردە ڕەمەزان و ووتی ڕەمەزان ئەمەیان ئەوەی دەوێت، تۆپەکەش ئەوەی دەوێت ، تۆپ دەبێت خۆتی لێبپارێزی و کۆپتەریش شەڕی لە گەڵ بکەیت.

دوای گرتنی کلاوی دێوانە و تێکشکاندنی هێرشی پێچەوانەی جاشەکان تیپی ٢١ی کەرکوک هاوشانی تیپەکانیتر هێرشیان کردە سەر بێتواتە.

دوژمن تۆپبارانێکی قورسی ناوچەکەی دەستپێکرد کاکۆ پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٢١ی کەرکوک کە پێشتر بریندار بوو هێشتا بە تەواوەتی برینەکەی سارێژ نەببوو تۆپێک لە بەردەمیداو هەڵیدا بە ئاسماندا و شەهید بوو.

تـــیپی 83ی هـــەورێ

لە شەڕی بێتواتەدا تیپی ٨٣ی هـەورێ لە قۆڵی شیرەو شیرە بـەرەو زێوە هەڵمەتیان دەستپێکرد لەوێشەوە چوونە زینی هەرتەل و بێ کێل لەوێشەوە بەرەو سەرئەشکەوتان و دواوە هێرشیانکرد.

بەشێکیتری تیپی ٨٣ی هـەورێ بە سەر شاخی زێوە ماکۆک بـەرەو کلاوی دێوانە هێرشیانکرد، تێکڕای هێزەکانی تیپی ٨٣ی هەورێ لە گەڵ هێزەکانیتر لە ناو بێتواتەدا یەکیانگرتەوە.

پێشمەرگەیەک بە ناوی ناسر لە ناو ماڵی ئەنوەر بەگدا شەهید بوو، دوای هەڵوەشاندنەوەی تیپی ٨٣ی هەورێ تیپی ٩٧ی بێتواتە پێکهات، پێشمەرگەکانی تیپی ٩٧ی بێتواتە سەرئەشکەوتانیان پێسپێردرا تا بیپارێزن.

تـــــیپی 51 گـــــەرمیان

تیپی ٥١ گەرمیان هاوشانی تیپەکانیتری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چیای ماکۆک بەشداریان لەشەڕی بێتواتە داکردوو، دوو شەهیدیان بەخشی کە ئەم نەمرانەن

١- شەهید جەلال وەلی ڕۆستەم

٢- شەهید حەمید عەبدوڵڵا حەمەخان

تـــــیپی 78ی کـــــاروخ

تیپی ٧٨ی کاروخ لە مەلەکان بوون، هێرشیانکردە سەر کێڵی دەرە زێوە پشتی دەرەشیر، لەو هێرشەدا دەستیانگرت بە سەر سێ ڕەبییەدا جاشەکانی ئەنوەر بەگ بە ڕەتڵ ئاربیجیان بەرەو ڕووی پێشمەرگە دەتەقاند.

هێزەکانی یەکێتی تێکەڵاو یەکتری بوون لە یەکتری گۆڕان محەمەدی کاک هەمزە بە گوللەی پێشمەرگە بریندار بوو.

جاش لە نێوان هەرتەل و بێکێڵ بوون ناقیلەیەک بەرەو تیپی کاروخ دەهات، قادر عەریفی ئاربیجییەکی بەرەو ناقیلەکە تەقاند، ناقیلەکە سەرەو خوار بووەوە.

لەو هەڵمەتانەدا پێشمەرگەکانی تیپی ٧٨ی کاروخ هەرتەلیان ڕزگارکرد لەوێوە پەڕینەوە زینی هەرتەل و بێکێڵ.

لە گرتنی ڕەبییەی جاشەکاندا پێشمەرگەکانی تیپی کاروخ تەقەمەنی زۆریان دەست کەوت بە گوللەی گڕدار لە ئاسمانیان دەنووسی کوردستان.

بۆ بەیانی بەرنامەی ئازادکردنی ناو بێتواتە دانرا، تیپی ٧٨ی کاروخ چوونە سەر ئەشکەوتان بەرانبەر بێتواتە.

سەید کەریم، عەلی نەبی، بەرەو بێتواتە ڕۆیشتن، پێشمەرگەکانی تیپی کاروخ شان بە شانی ئەوان چوونە ناو بێتواتە و ئازادیانکرد، لەو شەڕەدا سێ پێشمەرگەی تیپی کاروخ :

١/ قادر عەریف

٢/ عەلی ئاربیجی

٣/ حاجی ماونی بریندار بوون

تـــیپی 93ی کـــۆیە

لە شەڕی بێتواتەدا تیپی ٩٣ی کۆیە لە سەر چیای هەورێ بوون، هاتنە خوارەوە بۆ چیوەو چیوە، دوای شەڕێکی قارەمانانە هەر دوو چیوەیان لە پیس و پۆخڵی جاشەکان پاککردەوەو بەرەو بێتواتە ڕۆیشتن، لە هەرمک و وەرێ سەرکەوتن چوونە خوار شیشار، چوار دەبابە و کۆپتەر لە قۆڵی کۆیە هاوکاری جاشەکانیان دەکرد، لە ژێر هەڵمەتی پێشمەرگەدا دەبابەکان هەڵدەهاتن بەرەو سەروچاوە.

تیپی کۆیە لە گەڵ هێزەکانیتر چوونە ناو بێتواتە و یەکیانگرتەوە، دوای ڕزگارکردنی بێتواتە تاوەکو بارانی پەڵە تیپی ٩٣ی کۆیە لە شیشارو ماکۆک مانەوە.

تـــیپی 99ی بـــیتوێن

تیپی ٩٩ی بیتوێن بە فەرماندەیی عەبدوڵڵای مام عەلی بەشداری شەڕی بێتواتەیانکرد، لە سەری سەردۆڵەوە تەقە لە نێوان پێشمەرگەو هیلیکۆپتەرەکانی ڕژێمدا دروست بوو، شەڕەکە هەنگاو بە هەنگاو گواستراپەوە، هێزێک لە دۆڵە ڕەقەوە بەرەو بەرزاییەکانی پشتی بێتواتە هاتن.

تیپی ٩٩ی بیتوێن دەستیانگرت بە سەر ڕەبییەکانی پێش ماڵەکانی دواوەو شکارتە، تیپی ٩٩ی بیتوێن چوونە ناو بێتواتەو لە گەڵ هێزەکانیتردا یەکیانگرتەوە.

دوای ڕزگار کردنی بێتواتە لە دەستی جاشەکان ئەنوەر بەگ ماوەی دوو مانگ لە بێتواتەو بەرزاییەکانی دەوروبەری مانەوە تا وەڵامی هەر پەلامارێکی دوژمن بدەنەوە.

تـــیپی 74ی بـــاڵەك

حەسەن کوێستانی سەرپەرشتی بەشێک لە شەڕی بێتواتەی دەکرد، کەرتێکی تیپی ٧٤ی باڵەک بە فەرماندەیی ڕەحمان سەیدە لە مەلەکان، زێوەو هەرتەل بوون.

بەشێکیتری تیپی ٧٤ی باڵەک لە دیوی شیرە بوون بەشێک لە هێزەکەی باڵەک لە هەرتەل و زینی دەرە و زێوە چوونە بێتواتە.

تیپی باڵەک چوونە سەرچاوەی مەلەکان لەوێوە چوونە قۆچی نێریان کە دەڕوانێتە سەر شیرێ لە سەرچاوەی مەلەکانەوە شەڕ دەستیپێکرد لە زنجیرەی

ماکۆکدا لە دەرەشیو هاتنە خوارێ بۆ دەرە زێوێ.

شەڕی قورس لە زینی هەرتەل ڕوویدا، شەش دەبابە لە زینی هەرتەل بوون برایم کوێخا بە ئاربیجی لە دەبابەکانیدا، عەلی نەبی هاتە لایان، دوای گرتنی بێتواتە تیپی کاروخ هاتنە کلاوی دێوانە ماوەیەک لەوێ مانەوەو هاتنەوە گوڵان.

تـــیپی 12ی ســـــۆران

تیپەکان دابەشکران، هەر تیپە ناوچەیەک، قوتەیەک، قۆپێک، کەپک و یالێکیان پێسپارد، تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی حەسەن کوێستانی لە زینی وەرتێ ڕاستەوخۆ بە بن چیای ماکۆکدا بەرەو بێتواتە ڕۆیشتن.

دەبابە و تۆپەکانی دوژمن ڕێگاو تولە ڕێ و سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان دەکێڵا بەڵام پێشمەرگە بە ناو چەڕە دووکەڵ و ئاگر باراندا پێشڕەوییان دەکرد بۆ ئازاد کردنی بێتواتە.

تیپی ١٢ی سۆران چووە «دواوە» جاشەکان بەرگرییان دەکرد شەڕ بەردەوام بوو دەیانوویست ڕێگە لە گرتنی دووڕیانێک بگرن کە ڕێگەیەکیان دەچووە هەرتەل و ڕێگەیەکیش بۆ سەر ئەشکەوتان، دەبابەیەک لە دووڕیانەکە تەقەی دەکرد پاش ماوەیەکی کورت تێکشکێندرا.

تیپی ١٢ی سۆران و حەسەن کوێستانی ڕۆڵی دیاریان بینی لە گرتنی دواوەو ئازاد کردنی ناحیەی بێتواتە.

بەشێک لە تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی جەبار سەیدە چوونە لای مامجەلال لە بۆتێ مامجەلال ناردنی بۆ لای حەسەن کوێستانی.

کاتێک گەیشتە لای حەسەن کوێستانی شەو بە سەرداهات، هەر ئەو شەوە ناردیانن شەڕگەکە زێوێ و بە ڕۆژو هەرتەلیان دەست بە سەردا گرت، لە گەرووی هەرتەل مانەوە کە بە سەر بێتواتەدا دەڕوانێت.

کەرتی دووی شەهید حەمە زیاد لە خوار شیرێ لە شاخی مۆتە بوون جاش پەلاماری بەنی هەوریێ و چیوەو چیوەیاندا، جاشەکان لە ڕێگەی بێتەلەوە دەیانووت ئەمشەو بە بەتانی جاش مەرگە دەخەوین.

سەید کەریم لێپرسراوی سەربازی ڕەتڵێک بوو، تیپی سۆران سەر بەو ڕەتڵە بوون، عەلی نەبی بێ ڕەکیزە دۆشکەی لە سەر شانی دانابوو لە سەر زینوی زێوە تەقەی لە دوژمن دەکرد.

تیپی ١٢ی سۆران تا دواوەی خوار بێتواتە چوون لە گەڵ هێزێکی گەرمیاندا یەکیانگرتوو هێرشیانکرد بۆ ناو بێتواتە.

تـــیپی 93ی کـــــۆیە

تیپی ٩٣ی کۆیە لە گرتنی ناحیەی بێتواتەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە دەست بە سەرداگرتنی دێیەکانی دەوروبەری بێتواتە و گرتنی ناحیەی بێتواتەدا.

زۆربەی پێشمەرگەکانی تیپی ٩٣ کۆیە بەشدار بوون لە شەڕی بێتواتەدا، تیپی کۆیە لە بن ئەشکەوتانی بێتواتە و ناو بێتواتەدا لە سەنگەری پێشەوەدا بوون.

سەرکەوتنی شەڕی بێتواتە لە دەست بە سەردا گرتنی دێی (نێوە) لە لایەن مەلا ئاراس و بڵاوکردنەوەی لە ئیزگەوە چۆکی دێیەکانیتری شکاند، زۆربەی ئەو دێیانەی چەکدار بوون چەکەکانیان داناو تەسلیم بوون، ئەوەی تەسلیم نەبوو هێزی پێشمەرگەی کوردستان سزایدان و بە شەڕ چۆکی پێدادان.

سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە و ئازایەتی لە ڕادەبەدەری پێشمەرگە لە بێتواتە بووە ئەفسانە، گورزی پێشمەرگە هێندە کاریگەر بوو جاشەکان دەیانووت (ئاربیجی) مان ناوە بە سنگی پێشمەرگەوە گەڕاوەتەوە پێشمەرگە گوللە نایبڕێ.

کاتێک تیپی ٩٣ی کۆیە و هێزەکانیتر چوونە ناو بێتواتە چێشتی ماڵە جاشەکان گەرم بوو هەر هاڵاوی لێهەڵدەستا.

پێشمەرگەی قارەمانی تیپی ٩٣ی کۆیە بەکر بانە گوڵانی لە شەڕی بێتواتە شەهید بوو.

بەلاغی مەکتەبی سیاسی دەربارەی جێبەجێکردنی نەخشەی سەرکەوت

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) مژدەی جێبەجێکردنی نەخشەی سەرکەوت کە بە ناوی شەهیدی نەمر مامۆستا جەمال تایەرەوە بوو ئەدا بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و عێراق و هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هەموو هێزە شۆڕشگێڕەکانی عێراق.

ئەم نەخشەیە لە لایەن مەکتەبی سیاسییەوە کێشرا بوو هەمان نەخشەی کۆنینە کە پێشتر باسکرا بوو بە نیازی تێکشکاندنی هێزی جاشەکانی ئەنوەر بەگ کە بە تەما بوون هەموو خۆشناوەتی گڵاو بکەن و لە ناوچەیەکی ڕزگار کراوەوە بیکەنە مۆڵگەی دوژمنان و تەویلەی جاشە ڕوو ڕەشەکان.

بـەڵام هێرشی جـاشـەکـان لـە ١٩٨٣/١٠/١٢ بـۆ سـەر بالیسان وایـکـرد کە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بە پەلە هەوڵی جێبەجێکردنی نەخشەکە بدات، ئەوە بوو بە پەلە بەشێک لە هێزەکانی تیپە تێکۆشەرەکانی مەڵبەندی ٣ وەک تیپە ئازاکانی باڵەک و ٧٨ی کاروخ و ١٢ی سۆران و تیپی شەهیدان و تیپی مەڵبەندی ٣ بە پەلە ڕەوانە کران بۆ دەوروبەری مەڵبەندی ٤ لە گەڵ بەشێک لە تیپی قارەمانی ٥٥ی قەرەداخ و تیپە هەمیشە قارەمانەکانی ٢١ی کەرکوک و ٥٧ی سەگرمە و ٥١ی گەرمیان بانگکرانە لای سەرکردایەتی و سازدران بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی مەیدانەکەی شەڕ کە بریتیبوو لە داگیرکردنی لوتکە بەرزەکانی چیای ماکۆک هەر لە لوتکەی بەرزی کەژۆستەوە تا سەر قۆپکەی کڵاوی دێوانان بە سەر لوتکەی ڕێگای کەژۆک و قۆپکەی ژارەو لوتکەی شاخی ژارەو قۆپکەی ڕێگای نۆزاندا کە شوێنی زۆر بەرزو سەخت و قایمن.

ئاسۆی شەوی جومعەی ١٩٨٣/١٠/٢٢/٢١ داندرا بۆ هەڵکوتانە سەر دوژمن لە سێ قۆڵەوە.

یەکەمیان پێکهات لە تیپە قارەمانەکانی ٨٦ی دەشتی هەولێرو ٩٣ی کۆیە و ٩٩ی بیتوێن و ٥٥ی قـەرەداخ بە سەرپەرشتی هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر ئەرکەکەیان هەڵکوتانە سەر دوژمن بوو بە نیازی ڕزگار کردنەوەی چیوەو مێرگە

سەرو ڕاونانی جاشەکان بەرەو بێتواتە و ئابڵوقەدانی بێتواتە لەو لاوە.

دووەمیان پێکهات لە تیپە ئازاکانی ٧٤ی باڵەک و ٧٨ی کاروخ و ١٢ی سۆران و ٨٥ی بەڕانەتی و ٩١ی سەفین و پێشمەرگەکانی ڕێکخراوی کۆمەڵە و لیژنەی ناوچەی شۆڕشگێڕان و مەڵبەندی ٤ خۆی بە سەرپەرشتی هەڤاڵ سەید کەریم و هەڤاڵ حەسەن کوێستانی.

سێهەمیان پێکهات لە هەندێک کەرت لە تیپە قارەمانەکانی ٢١ی کەرکوک و ٥٧ی سەگرمە و ٥١ی گەرمیان و هەندێک کەرتی تیپەکانی شەهیدان و مەڵبەندی ٣ وە تیپی ١٤ی ئاکۆ.

چەندین کەرتی تیپی ١٤ی ئاکۆ زنجیرە کێوی نالّە شکێنی پشتی سەروچاوەی گرت بۆ ڕێگە گرتن لە دوژمن تا بە ئاسانی نەگاتە فریای جاشەکان.

هێرشی قۆڵی یەکەم لە شەوی ١٠/٢٢/٢١ دلێرانە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجامداو دێیەکانیان ڕزگار کردو دوژمنیان دەرپەڕاندو ڕاویاننان و لە کاتی خۆیدا گەیشتنە بەرانبەر بێتواتە دوای ئەوەی پتر لە ٢٥٠ پارچە چەکی سووک و ١٣ ئاربیجی و ١١ دکتاریۆف و ١ بیکەیسی و ٣٠ هەزار فیشەکی ڕوسی و ٥ ئۆتۆمبێلی پڕ لە فیشەکیان لە دوژمن گرت و سەدان هەڵخەڵەتاویش هاتنەوە ڕیزی گەل.

قۆڵی سێیەم لە سەعات ١١:٣٠ دەقیقەی شەودا هەڵیانکوتایە سەر هەموو لوتکە بەرزەکانی ماکۆک و لە ماوەی یەک سەعاتدا هەموویان داگیر کردوو جاشەکانیان بەرەو بێتواتە و هەرتەل ڕاونا بەڕاستی هەڵکوتانەکەیان شێر ئاساو قارەمانانە بوو کە دەکرێت بە داستانێکی پڕ لە سەروەری شۆڕشەکەمانی دابنێین پاشان هەڵیانکوتایە سەر دەرە ئاسەن و گوندی بێتواتە و لە لای خۆیانەوە پەلاماری دەرە زێویشیاندا کە کەوتبووە ژێر هێرشی قارەمانەکانی مەڵبەندی ٣ەوە کە هەر دوو لا زۆر دلێرانە جاشەکانیان ڕاونا.

قۆڵی دووەمیش دلێرانە هەڵیانکوتایە سەر دوژمن لە دەرە زێوەو هەنجیرە و زێوەو هەرتەل و پاشان شاخی سەخت و عاسێی شیشار دڵسۆزانە ئەرکەکانی خۆیان ئەنجامداو بە سەر زینوی هەرتەلدا هەڵیانکوتایە سەر بێتواتەو بەمەش

بێتواتە لە سێ قۆڵەوە گەمارۆ درا، بەمجۆرە قۆناغی یەکەمی نەخشەی سەرکەوت زۆر خێراو چالاکانە تەواو کرا، لەم دوو قۆڵەش پتر لە ٣٠٠ پارچە چەکی سووک و ٢٠ ئاربیجی ١١ و دوو هاوەنی ١٢٠ ملم .....

سەبارەت بە ڕزگارکردنی ناوچەکانی خۆشناوەتی و دەستبەسەرداگرتنی ناحیەی بێتواتە لە لایەن (هـ . پ. ک) مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بەیاننامەیەکی دەرکرد.

بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسی دەخەینە ڕوو کە تیایدا مەبەست و ئامانج و ڕەهەندەکانی گرتنی بێتواتە دەخاتە ڕوو.

بـــــەیاننامەی مـــــەکتەبی ســـــیاسی (ی.ن.ك)

هەڤالان خوشک و برایانی خۆشەویست بە ڕاستی ئەم سەرکەوتنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەر هێزی جاشەکانی ئەنوەر بەگ و هێزی عەفلەقیەکاندا سەرکەوتنێکی گەورەو گرنگ و پرشنگدارە کە بە ماوەیەکی زۆر کەمتر لەوەی ڕەچاو کرا بوو جێبەجێکرا.

هەر چەندە هەموو هێزەکانی پێشمەرگە نەیانتوانی لە کاتی پێویستدا بگەن و هەر چەندە دوژمن بە تۆپ و ساروخ و تانک و فڕۆکەوە هاتە سەر شەڕەکەو هەرچی لە دەستی هات دریغی نەکرد، بەڵام دیسان ئەم ڕاستییە دووپاتکرایەوە هێزی شۆڕشە زاڵ دەبێت بە سەر داگیرکەرو زۆردارانداو چوونکە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێزی کۆمەڵانی خەڵک و دادپەروەرەو کەچی هێزی جاش هێزی کۆنەپەرست و خۆفرۆش و بە کرێگیراوە، بۆیە باوەڕی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگە زاڵ دەبێت بە سەر چڵکاو خۆری و نۆکەرایەتی و چەکدارانەی جاشەکاندا واتە ئەم ڕاستیە دووپات بووەتەوە کە مرۆڤ شەڕ دەباتەوە نەک چەک ڕاستی و ڕەوایی زاڵ دەبێت بە سەر زۆرداری و فڕوفێڵدا، کە جوڵانەوەی ڕەوای ڕزگاری و دیموکراسی سەردەکەوێت بە سەر حوکمی ڕەفتار فاشیست و دەسەڵاتی داگیرکەراندا.

هەر بۆیەش ئەم شەڕە قارەمانانەیەی ڕزگار کردنی بێتواتە ئەهمیەتێکی تایبەتی هەیە، نەک هەر لە بەر ئەوەی سەرکەوتنێکی پێشمەرگانەی مەزنە لە مەیدانی جەنگدا، بەڵکو سەرکەوتنێکە کە لایەنی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی هەیە سەبارەت بەوەی کە تێکشکاندنی هەیبەت و هێزەکانی ئەنوەر بەگی خوێن مژو زۆردار کە جوتیاران دەچەوسێنێتەوە، واتە ئەم سەرکەوتنە هیوای ئەوەی لێدەکرێت کە سەرەتای بوژاندنەوەو جۆشدانی جوتیارانی خۆشناوەتی و بیتوێن و پشدەر بێت لە دژی زۆرداری و چەوساندنەوەی سەرۆک جاش و دەرەبەگەکان کە سەپاندوویانەتەوە بە سەریاندا هەر وەک لایەنە نیشتمانیەکەشی لەوەدا دەدرەوشێتەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان پارێزەری نیشتمان و کوردەواریە بە سەر جاشە خوێنڕێژەکانی داگیرکەری ڕەفتار فاشیستدا بە جۆرێک کە هێشتا وێنەی لە میژووی شۆڕشەکەماندا نەبووە.

ئەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی قارەمان، ئێوەن پارێزەری شەرەف و بوونی گەلی کورد هەموو خەڵک چاویان لە دەست و مەقامی ئێوەیە، هەر جارە داستانێکی قارەمانانە بە خوێنی گەشی خۆتان تۆمار دەکەن.

ئەمڕۆ داگیرکەرانی عێراق و ئێرانی شەڕە کاولکەرەکەیان هێناوەتە کوردستانەوە، هەندێک کورد فرۆش دەبن بە جاشی عێراق و هەندێکیتر دەبنە جاشی ئێران خەڵکیش نەفرەتیان بۆ دەنێرن.

هەر ئێوەن جێگای هیواو ئاواتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، جەماوەر چاوی لە لولەی تفەنگی ئێوەیە شادو سەربەرزن بە سەرکەوتنەکانتان و بە سەربەخۆیی (ی.ن.ک)ی ڕێبەرتان، ئەو سەرکەوتنەشتان شادی و شایی بردووەتە هەموو ماڵێکی کورد پەروەردەوە، شارو لادێی کوردستان خۆشی خۆشی سەرکەوتنەکەی ئێوەیانە، بڕۆن بۆ پێشەوە بەرەو تێکشکاندنی هێزەکانی جاش کە ئالەتی دەستی داگیرکەران و نۆکەری خۆفرۆشی بێگانە و زۆردارن، با ئەو سەرکەوتنەتان سەرەتای هەڵمەتی دلێرانەی پان و بەرینی هەموو هێزی پێشمەرگەی کوردستان بێت، بە سەر هێزی بەکرێگیراوی جاشە ڕوو ڕەشە نیشتمان فرۆشەکان وە بۆ پاککردنەوەی کوردستان لێیان، بەو هەڵمەتانەش هەنگاوێکی گەورەو بەر بڵاوی شۆڕشەکەمان دەبەنە پێش بەرەو ڕووخاندنی حوکمی ڕەفتار فاشیستی بەغداو دابینکردنی سەربەخۆیی و دیموکراسی بۆ عێراق و مافی ڕەوای چارەنووس بۆ خەڵکی کوردستان هەر وەک دەبێتە هۆیەکی گرنگی پەرەپێدان و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و شۆڕشەکەمان بە جۆرێک کە بتوانێ پارێزگاری بنکەکانی شۆڕش و ناوچە ڕزگارکراوەکانی بکات لە هێرش و پەلاماری هەر دوو دەوڵەتە داگیرکەرەکەی عێراق و ئێران کە گەرەکیانە بە هەر دووکیان کوردستانەکەمان کاول و وێران بکەن و جەماوەرەکەی دەربەدەر و وێڵ و سەرگەردان بکەن.

ئەی هەموو دڵسۆزانی کوردو کوردستان و عێراق، ئەمڕۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕێبەری (ی.ن.ک) تاکە هێزی کاریگەری چەکداری نیشتمان پەروەری سەربەخۆیە کە ئالای شۆڕشی هەڵگردووەو دروشمی سەربەخۆیی و دیموکراسی و

مافی چارەنووسی بەرز کردووەتەوە، بۆیە پێویستە بە هەموو شێوەیەک یارمەتیان بدەن بە بوونە پێشمەرگە بە چەک، بە پارە، بە پۆشاک و پێڵاوو بە هاوکاری و ڕێنوێنی بە هەموو جۆرە شێوەیەک چوونکە هەر بەمجۆرە سەرەتای پیرۆزی پشت بە خۆ بەستنی پشت بە گەل بەستن دەهێنرێتە دی و شۆڕش بەرەو سەرکەوتن دەبردرێت.

دەبا هەموو پێکەوە شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕابەرایەتی (ی.ن.ک) بە هەموو جۆرە شێوەیەکی خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری و سیاسی و چەکداری و چینایەتی و نەتەوایەتی و پیشەیی و نیشتمانی قۆڵ و بازوی دلێرانەی لێهەڵماڵین و خەباتمان پتر جۆش و خرۆش بدەین و ڕاپەڕینی جەماوەری شۆڕشگێڕ نزیک بکەینەوە بەرەو ڕزگار بوونی یەکجارەکی لە حوکمی ڕەفتار فاشیست و لە داگیرکەران و زۆرداران تا گەلی عێراق بە سەربەخۆیی و دیموکراسی و گەلی کوردیش بە مافی نەتەوایەتی شاد بێت، دەبا ئەو سەرکەوتنە مەزنەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە هەموو گەلی کوردو عێراق پیرۆز بێت.

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)

٢٦/ تشرینی یەکەمی ١٩٨٦

بێتواتە- ڕاپۆرتی پەیامنێری ئیزگەی شۆڕشی عێراق

هاوواڵتیانی خۆشەویست پێشمەرگە قارەمانەکان پەیامنێری ئیزگەی دەنگی شۆڕشی عێراق لە ناحیەی بێتواتەوە ئەم هەواڵانەی بۆ ناردوین.

- ئەو ڕەبییانەی نێوان بێتواتەو سەروچاوە حکومەت هەمووی چۆڵکردووەو سووتاندویەتی.
- ئەو سریەیەی کە لە نێوان بێتواتەو باڵیسان و چوار قوڕنەبوو ئەوەشی هەڵگرتووە هەروەها ئەو سەیارانەی کە پەکیان کەوتبوو بۆی دەرنەچووە هەمووی سووتاندووە.
- دوێنێ دوژمن بە بەردەوامی تا ئێوارەیەکی درەنگ بە فڕۆکەی هەنتەرو کۆپتەر وە بە ڕۆکێت و هاوەنی دوور هەروەها بە تۆپ و دۆشکە بۆردومانی بێتواتە و دواوەی کرد لە گەڵ دەورو پشتەکانی.

بێتواتە هەمووی کاول بووە بە خانووەکەی ئەنوەر بەگی خائینیشەوە بۆ شەویش بۆردومانی بێتواتە بەردەوام بووە بە هاوەن و دۆشکە تا کاتی ناردنی ئەم هەواڵە بۆردومان هەر بەردەوامە.

هەروەها دوێنێ دوژمن ویستی یارمەتی بگەیەنێتە ڕەبییەکانی چیای ماکۆک کە ئەڕوانێتە سەر بێتواتە بەڵام پێشمەرگە قارەمانەکان کۆپتەرەکانیان دایە بەر ئاگری چەکەکانیان و نەیانهێشت یارمەتییەکە بگات وە یەکێک لە کۆپتەرەکان پێکراوە.

گـــرتنی نـــاحیەی ســـــەنگاو

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک بە پێی نەخشەیەکی گونجاو هەڵمەتیان بردە سەر ناحیەی سەنگاوو دەستیان بە سەردا گرت.

١٩٨٦/٣/١٥ هێزێکی هاوبەش لە تیپەکانی ٥١ی گەرمیان، ٥٣ی شێروانە، ٥٧ی سەگرمە، ٩٥ی هەورامان، بەرنامەی هێرش بردنە سەر ناحیەی سەنگاویان دارشت، هێزی پشتگیری ناوچەکەش پشتیوان و هاوکار بوون.

هێزەکانی مەڵبەندی یەک لە سەر ڕێگای چەمچەماڵ سەنگاو قادرکەرەم سەنگاو بۆسەی مەحکەمیان دا ، تا هێزەکانی دوژمن نەتوانن بێن بە هانای ناحیەی سەنگاوەوە، ئەگەر هاتیشن لە ڕێگە لێیان بدرێت.

هێزەکانی تیپە قارەمانەکان، لە یەک کاتدا هێرشیان بردە سەر مۆڵگەی جاش و مونەزەمەو فەوجی سەنگاوو مەرکەزی ناحیەکە، شەڕ لە کاتژمێر ٤:٣٠ دەقیقەی ئێوارەوە دەستپێکرد تا کاتژمێر ١٠:٣٠ دەقیقەی شەوی خایاند.

هێزی پێشمەرگە لە هەر چوار لاوە هێزەکانی دوژمنیان دایە بەر لوولەی چەکەکانیان، بە هاوەن و ئاربیجی و دۆشکاو چەکی سووک، گرپیان لە مۆڵگەکانی دوژمن و ماڵی خۆفرۆشان بەردا لە ماوەی شەش کاتژمێری تەواودا دەستگیرا بە سەر تێکڕای ناحیەی سەنگاوداو لە پیس و پۆخڵی خۆفرۆشان پاککرایەوە.

لە سەرەتای هێرشی پێشمەرگە بۆ سەر ناحیەی سەنگاو ژمارەیەک جاش و سەرباز دەرباز بوون و پەنایان بردە بەر بارەگای فەوجی سەنگاو تێکڕای هێزەکانی دیکەی دوژمن یان کوژران و بریندار بوون، یان بە دیل گیران، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاویش لە ناو دیلەکاندا بوو لە لایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستگیرکرا.

لە داستانی گرتنی ناحیەی سەنگاودا، حەوت ڕەبیەی دوژمن گیران، ٨٠ مۆڵگەو ماڵە جاش ڕووخێندران و سووتان، چەندین ئۆتۆمبێل و تەنکەرو بینای دوژمن ئاگریان تێبەردرا.

زیـــــانی گـــــیانی دوژمـــــن

کوژرانی ٣٥ جاش و سەربازو پیاوی ڕژێم و بریندار بوونی دەیان جاش و سەرباز.

دیلەکان:

٢٥ جاش و خۆفرۆش بە دیل گیران و گواستراندوە ناوچە ڕزگار کراوەکان، لە ناویاندا فەرید عەزیز بەگ، بەڕێوەبەری ناحیەی سەنگاو بوو.

دەستکەوت

٥٢ پارچە چەک

١/ ٤٣ کلاشینکۆف

٢/ یەک ئاربیجی

٣/ یەک ئاربیکەی

٤/ ٢ بڕنەو

٥/ ٣ دەمانچە

٦/ دوو چواردە خۆر – یەک قادسیە

٧/ دوو دەمانچەی تەنویر

٨/ یەک جیهازی (١٠٥) و (٣) تەلەفون

٩/ ژمارەیەک بەڵگە نامە

١٠/ هەزار فیشەکی کلاشینکۆف

١١/ ٥٠ گوللە ئاربیجی

١٢/ یەک قەمەرەی مۆدێل ٨٤

قوربانی هێزی پێشمەرگە، شەهید بوونی سێ ڕۆڵەی گەل

١/ شەهید مەحموود محەمەد ئەمین پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.

٢/ شەهید یەحیا حەسەن، پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان.

٣/ شەهید عەبدولخالق ئەحمەد محەمەد.

گـــرتنی ناحەی ســـەنگاو لە گەروی ئـــــیزگەوە

بۆ داگیرکەر خاک دۆزەخە وەسوتێ
سەرکەوتنم خاک ڕۆژانە دەینوسێ
هاوواڵاتیانی خۆشەویست
پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

ئەو کاتەی هەڵمەتی ڕۆڵە دلێرو جوامێرەکانی ئەم کوردستانە شیرینە ئەبێتە گرو گڵپە و وەک ئاگر و پووشوو لە گیانی داگیرکەران و هێزەکانی بەر دەبێ، هێزی پێشمەرگەی کورد دڕ بە تاریکە شەوو ڕەبایە و مۆڵگەی خۆفرۆشان دەدا و دەستبەسەر ئەو شارو شارۆچکانە دا دەگرێ کە دوژمنی ڕەگەز پەرست لە ناوجەرگەی هێزەکانی خۆیدا جێی بۆ قایمکردون ئەو کاتە داستانی ئازایەتی و خۆبەختکردن دروووست دەبێ دەست و پێوەند و ئەلقە لە گوێکانی بەعسی فاشی لەبەردەم لێشاوی غەزەبی پێشمەرگە دا هەڵدێن و چۆکدادەدەن و گۆڕ دەکرێت ، جەزای خیانەتی خۆیان وەردەگرن بەر نەفرەتی میژوومان دەکەون مژدەی سەرکەوتنی یەک لە دوای یەکی شۆڕشی نوێمان هەر لە بەندەن و ڕەوەزە بە هەڵەت و سەختەکانی کوێستانەوە تا دەگاتە پێدەشت و وەردەکانی گەرمیان هەموو ڕۆژێک بە خوێنی شەهیدێکی قارەمانی ئەم گەلە ڕاپەڕیوە پاراو دەبێ، دوێنێ لە دەشتی هەولێر و ئەمڕۆش لە ناوجەرگەی گەرمیان و شاری سەنگاو دادەگیرسێ و بەرپێی کاروانی رزگاری ئەم گەلە قارەمانە ڕۆشن دەکاتەوە ، بە تەهجیر و بە تەبعیس و بەتەرحیل و نەجاش و جاشی سووک و نەهیچ ئۆردوگایەکی زۆرە ملێ نەیانتوانیوە بەر لە تیشکی خۆری هەڵهاتووی ئێمە بگرن و تەرکی ئەم ڕێگە پیرۆزەمان پێبکەن. هێزی پێشمەرگەی کوردستان کوڕانی گیان لەسەر دەستی (ی.ن.ک) هەزاران جار لەناوجەرگەی مەیدانی ئەم تێکۆشانە سەختە دا ئەو حەقیقەتە بەرجەستە ڕووناکەیان بۆ دۆست و دوژمن سەلماندووە کە ئەوان دەنگی ڕاستەقینەی شۆڕش و پێشەنگی ڕاپەڕینن ئەوان قارەمانی مەیدان و مەشخەڵی دەستی ئازادی و سەرفرازین ، بە خوێن ، بە هەڵمەت ، بە هێرشی چەسپاو دوور لە

هەموو هاشو هووش قسەیەکی پڤ هەڵدراو و بازرگانی کردنێک بەسەر درووشمی بریقەداری ناوەڕۆک بە تاڵەوە بە کردارو وگفتارە چوونیەک جەزرەبەی کوشندەی ئەگەیەننە پەڕەی دڵی بەعسیان و دەسەنگە خۆرەکانیان ، لەناو چەقی شارو شارۆچکە و ڕەبایە و سەربازگەو ڕەبییەکانیاندا بەڵگەی زیندووی شۆڕشگێریەتی و نیشتمان پەروەری و خۆشەویستی زەحمەتکێشان و ئەم گەلە ستەم دیدەیە دەکەن بە تاجی سەروەری و شانازی گەلەکەمان .شاری سەنگاوی گەرمیانی خۆشەویست لە دەمێکەوە دوژمنی داگیرکەر کردبووی بە مۆڵگەی هێزەکانی خۆی بۆیە هێزی پێشمەرگە بە هاوبەشی تیپەکانی مەڵبەندی یەکی قارەمان و هێزی پشتگیری لەخۆبووردووی ناوچەکە بڕیاریاندا دەرسێکی گەورەی ئەم هێزانەی دوژمن بدەن کەتا هەتایە لەبیر نەچێتەوە لە سەعات (٤)ی ئێوارەی ڕۆژی (٣/١٠) دا هێزێکی هاوبەش لە تیپە قارەمانەکانی مەڵبەندی یەک و هێزی پشتگیری ناوچەکە لە سێ قۆڵەوە پەلاماری شاری سەنگاویاندا لە سەعات (٤,٣٠) دەقیقەوە تا ١٠,٣٠ دەقیقەی شەو بە چەکی هەمەجۆر لە دائیرە و مۆڵگەکانیاندا لە ئەنجامدا زیاتر لە ٣٥ کەس لە هێزەکانی دوژمن کوژراو ژمارەیەکی زۆریش بریندار بوون ٢٥ کەسیشیان بە دیل گرت یەکێک لەوانە مدیری ناحیەی سەنگاو بوو بە ناوی فەرید عەزیز بەگ

دەسکەوتەکان

٤٣ کلاشینکۆف

١ئاڕ بی جی

١ ئار بی کەی

٢ برنەو

٣ دەمانچە

٣ دەمانچەی تەنویر

١ جیهازی ١٠٥

٣ تەلەفۆن

١٠ هەزار فیشەکی هەمە جۆر

٥٠ گوللەی ئار بی جی
١ ئوتومبیلی سۆپەری مۆدێل ١٩٨٤
ژمارەیەکی زۆر بەڵگە نامە و ئەوراقی نهێنی و مستەمسەکاتی ناو مونەزەمەی سەنگاو

زیانی مالّی دوژمن

سوتاندن و رووخانی ٨٠ مالّ و مۆڵگەی هێزەکانی رژێم
سووتاندنی چوار ئوتومبیل
تەقاندنەوەی دوو عەمباری تەقەمەنی دوژمن

هەڵبەت هیچ هێرشێکی گەورە و هیچ سەرکەوتنێکی وا مەزنی (هـ . پ. ک) بێ قوربانی و شەهید و خوێنی رۆڵە دلێرەکانی ئەنجام نادرێت قوربانی ئێمەش لەو هێرشەدا چوار شەهیدی قارەمانی ئازاو گیان لەسەر دەست بوون هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان و بەڵێن بێ ڕێگاکانیان بەرنەدەین و گەلەکەمان بە رۆژی سەرکەوتن شاد بکەین.

ڕاپـــەڕین و وێـــرانکردنی بـــنگرد

دانیشتووانی ناحیەی بنگرد دژی زوڵم و زۆری بەعس وەستانەوەو داموودەزگاکانی حزبی بەعسیان لە ناو بنگرد ڕامالّی.

ڕژێمی عێراق لە ساڵی ١٩٧٨ بەشێک لە دێیەکانی دەوروبەری ناحیەی بنگردی ڕاگواست و لە ئۆردوگایەکی زۆرەملێدا کۆیکردنەوەو نیشتەجێیکردن کە ٥٠٠ خێزان بوون.

ساڵی ١٩٨٦ بۆری ئاوی بنگرد تەقێندرایەوەو ناحیەکە بێ ئاو بوون، فەرماندەیەکی پێشمەرگە بۆری ئاوەکەی تەقاندەوەو تەسلیم بە ڕژێم بووەوە پێدەچوو بە دەسیسەی ڕژێم بۆرییەکەی تەقاندبێتەوە تا خەڵک ناڕەزایی دەربڕن و خۆپیشاندان بکەن بەو جۆرە بیانوو بدەنە دەست دوژمن تا ناحیەکە تەخت و وێران بکات لە ئەنجامی کەڵەکە بوونی زوڵم و ستەمی بەعس و نەبوونی ئاوی خواردنەوە دانیشتووانی ناحیەی بنگرد لە ڕۆژی ١٩٨٦/٥/٢٢ ڕاپەڕینبان دەستپێکردوو دەستیانگرت بە سەر

داموودەزگاکانی ڕژێمدا لە ناو ناحیەی بنگرد.

ناحیەو ئۆردوگا زۆرەملێکە ماوەی مانگێک لە ژێر دەسەڵاتی خەڵکی ڕاپەڕیووی بنگرددا بوون ڕژێمی عێراق لە ماوەی ئەو مانگەدا هیچ جوولەیەکی نەبوو هێمنانە هەڵسوکەوتی دەکرد تا خەڵکەکە دڵنیا بکات و نەهێنگریان بکات، تا لە ڕۆژی ١٩٨٦/٦/١٨ هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوون لە سووپاو جاش گەمارۆی ناحیەی بنگردیانداو ناحیەو دێیەکانی دەوروبەری بنگردیان تەختی زەویکرد.

ڕژێمی عێراق وەک پیشەی هەمیشەیی ١٩ کەسی لە خەڵکی ناوچەکە دەستگیر کرد ١٠ کەسی گوللەبارانکردو ژنێکیش لە زیندانی عەمارە گیانی سپارد.

دوای تەختکردنی ناحیەی بنگرد کوێخا سمایلی تەلان و ئەحمەدی کوڕی لە حەویجە دەستبەسەرکران.

بەشێک لە خەڵکی ماڵوێرانکراوی بنگرد بەرەو شارو شارۆچکەکانی دەوروبەر کۆچیانکرد، بەشێکیش لە خەڵکەکە ڕوویانکردە ناوچە ڕزگارکراوەکان و بوونە پێشمەرگە لە ناویاندا حاجی فەقێ ئیسماعیل یاخیانی و حاجی مەحموودی یاخیان.

دوای سێ مانگ لە دەستگیرکردنیان ١٠ کەس لەو هاوولاتییە دەستگیر کراوانە گوللە بارانکران و ٩ هاوولاتیش بە خێزانەوە گواستراندەوە شاری عەمارەو پاش دوو ساڵ ئازادکران.

شەهیدانی گوللەباران

١/ شەهید یاسین حەمە ڕەشید یاخیانی
٢/ شەهید محەمەد حەمە ساڵح یاخیانی
٣/ شەهید ڕەسوڵ مامە ساڵح یاخیانی
٤/ شەهید مەلا عوسمان یاخیانی
٥/ شەهید حامید عەلی ئیسماعیل یاخیانی
٦/ شەهید والید عەبدولڕەحمان یاخیانی
٧/ شەهید عومەر حەمە عەلی یاخیانی
٨/ شەهید ڕەسوڵ گۆمە زەڵی

٩/ شەهید بەکر حاجی خورخورەیی
١٠/ شەهید عەلی ئیسماعیل خورخورە
پورە بەسێ یەکێک لە ١٩ کەسە دەستگیرکراوەکە لە زیندانی عەمارە گیانی سپاردو شەهید بوو.

ئەو دەستگیرکراوانەی ئازاد کران:

١/ یاسین مەعروف ڕەشید
٢/ محەمەد حەمەدەمین ئەحمەد
٣/ عەزیز سلیمان عەزیز
٤/ ڕەشید ئیبراهیم عەلی
٥/ عوسمان حەمەدەمین مەولود
٦/ مەلا حامید مەحموود
٧/ محەمەد سالّح بارام
٨/ عەلی حاجی سالّح

ڕاستە ناحیەی بنگرد تەختی زەویکراو خەڵکەکەی شەهید و ئاوارە بوون بەڵام لە وەرزێکی نوێی خەبات و ڕاپەڕیندا سەر لە نوێ و جوانتر بنیادنرایەوە.

تـــیپی 49ی ســـارا

دوای وێرانکردن و تەختکردنی ناحیەی بنگرد بەشێک لە خەڵکی ناحیەکە ڕوویانکردە شاخ و بوونە پێشمەرگە لە ناویاندا حاجی فەقێ ئیسماعیل یاخیانی، حاجی مەحموود یاخیانی.

بە فەرمانی مامجەلال، یەکێتی نیشتمانی کوردستان تیپێکی بۆ دروستکردن و ناویان نا تیپی ٤٩ی سارا.

حاجی فەقێ ئیسماعیل کرایە فەرماندەی تیپەکە و حاجی مەحموود یاخیانی کرایە جێگری فەرماندەی تیپ، لە دواییدا عەزیز حاجی حەمە سەعید قەڵەم پاشایی کرایە سەرپەرشتیارو فەرماندەی تیپەکە.

گـــــرتنی ناحیەی کـــــاریزە
لە ئیزگەوە

کوردێکم دەوێ چاپووک پتەو
سەفەرێک هەیە بۆمبکات بەشەو
نەتورک نەعەرەب کەس پێنەزانن
داگیرکەرانن لە کوردسانن

پێی لە خاکماندایە دوژمنی کافر
بەڵام ئاوا دارو بەردو خۆڵی لێدەکەین بە ئاگر

یەکەم هەنگاوی ڕزگارکردنی شارو شارۆچکەو شارەکانی کوردستان لەسەر دەستی ڕۆڵە دلێرەکانی یەکێتی نیشتمانداو دەستیپکرد.

پێشمەرگەکان شەست ساڵە لە ژێر چەکمەی داگیرکەرداین تۆڵەی ئەو هەموو مالوێرانییە ئەبێ هـەر لەلولەی تفنگەکانی ئێوەوە بکرێتەوە باشترین زمانی وەڵامدانەوەی داگیرکەر هەر ئاگرە، تا قۆناغیش دەگاتە حەمرین ، ئاوا پیاوانە بە مەردی دەمرین لە هەر جێ پێیەکی خۆتاندا جێگەی داخیشە کە سەر ئەم خاکە پیرۆزە پاکە ئەبێ کە لاکی دوژمنانی تیا بنێژین و تیا بخەین .

بە عەزم و بڕوای وەک هەڵگوردەوە
بە کێوی بڕوای ئاراراتی کورد، یەکەم هەنگاوی ڕامالین دەنێین.

لە مەڵبەندی دووەوە

ماوەیەکە دوژمن بە تۆپی دوور هاوێژوو فڕۆکە تۆپباران و بۆردومانی هەموو ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و قەیوان و دوروبەری کارێزە و دۆڵبێشک دەکات و بەخەیاڵی خاوی خۆیان واتێگەیشتوون کە بە تۆپ و فڕۆکە دەتوانن چاوی ئازایەتی خەڵک و پێشمەرگە بترسێنن، ئەتوانن کێوی وڕەی خەڵک وپێشمەرگە بلەرزێنن بەڵام وڕەو توانای خەڵک و پێشمەرگە زۆر لە هەڕەشەی فاشییەکان بەهێزترە، بۆیە شەوی ٢-١٩٨٦/٩/٣ تەپەو تەلان و بنارو لوتکەی دەوری کارێزە بۆ بەرەنگاری

هێزە فشۆڵەکانی دوژمن پڕبوو لە پێشمەرگە، پێشمەرگەی چی نە ڕەشەبا ، نەزریان، نەگەردەلول هیچیان لەگەڵ تەکانیاندا دەرنەدەچوون ئالەو شەوەدا هێزێکی هاوبەش لە کەرتەکانی یەک و دوو و سێ و چوار و پێنج و کەرتی تیپی (٤٧)ی پیرەمەگرون، کەرتێکی تیپی خاڵخاڵان، کەرێکی تیپی ٢١ کەرکوک، کەرتێکی تیپی مەڵبەندی دوو، دەستەیەکی دەزگای پێشمەرگایەتی ، دەستەی مەڵبەند هێزی پشتگیری ناوچەکە لەگەڵ نوێنەری ڕاگەیاندن بە قیدیۆ لە وەڵامی تۆبباران و پەلامارەکانی دوژمندا هێرشێکی گەورەیان بردە سەر ناحیەی کارێزەو شەڕ داگیرسا.

کەرتی تیپی (٤٧) و کەرتێکی تیپی مەڵبەندی دوو بۆ سەر مەرکەزی شورطة و مونەزەمەی ئەمن و ناحیە، لەماوەی نیو سەعاتدا دەستیان بەسەرداگرت کەرتی دوو چواری تیپی ٤٧ بۆسەر مقەڕ سریەی کارێزە و لەماوەی دە دەقیقەدا دەستیان بەسەرداگرت.

کەرتی یەکی تیپی ٤٧ چووە سەر ڕەبییەی کۆلکە ڕەش و دایانتەپاند، کەرتی سێی تیپی ٤٧ چووە سەر ڕەبییەی ماڵە سەفرەییەکان و لە ماوەی پێنج دەقیقەدا نغرۆیانکرد، سێ خۆفرۆش کە هەڵهاتن کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی کەرکوکەوە و کۆژران.

کەرتی پێنجی تیپی ٤٧ بۆسەر ڕەبییەیەکیتر و ئەمیشیان خاپوور کرد.

زیانی زانراوی ئەوانەی لەبەردەستدان جگە لەوانەی پێکراون لە پەناو پەسێردا کەوتوون یا خنکاون.

أ- کۆژرانی ١٢ کەس ناوی ئەمانەیان زانراوە

١- حەمە لاو فەتاح سەلیم ئامر سریە

٢- فەتاح محەمەد موسا

٣- ئیبراهیم عەبدوڵڵا حەمە ئەمین

ب- ٢٣ دیل - مودیر ناحیەی کارێزە لەناو دیلەکاندابوو

ت- دەستکەوتەکان

١- دوو ڕەشاشی بی کەی سی بەیەک لولەی زیاد و چوار سندوق فیشەکەوە

٢- یەک ئاربی جی حەوت
٣- یەک ڕەشاشی ئاربی کەی
٤- یەک ڕەشاشی دیکتاریۆف
٥- ٣٨ کلاشنکۆف و ٤٢ شانە
٦- دوو دەمانچە
٧- یەک پەڕەشووت
٨- چوار تاپڕ
٩- یەک جیهازی بێتەل بێڵ سێ چارچەر
١٠- کۆمەڵێک موستەمسەکات
١١- چوار ئۆتۆمبێلی هەمەجۆر، یەک ئیسعاف یەک سۆپەر ٨٥، یەک تۆیۆتا، یەک لاندرۆڤەر

قوربانی ئێمەش چوار شەهید. سێ پەڵە بەفری پیرەمەگرون، سێ هەڵاڵەی مێرگەپان، ئەم سێ شەهیدە قارەمانە

١- شەهید کامیل ڕەسوڵ عەبدوڵڵا فەرماندەی دەستەی کەرتی (٥)ی تیپی (٤٧)
٢- شەهید بەکر جەلال تالیب چاڵگەیی پێشمەرگەی کەرتی (٤) پیرەمەگرون
٣- شەهید بەکر حەمەمین عەزیز قەڵادزێیی کەرتی (٥)ی ٤٧

سڵاو لەگیانی پاکیان

خوێنی ئەم سێ قارەمانە بەراتی گرتنی کارێزەبوو

شەهیدی چوارەم کاکە حەمەی مەلا عەلی بوو کە پیاوێکی تێکۆشەر و نیشتمان پەروەرێکی ناسراوە، کاکە حەمەی مەلا عەلی هەرچی پێشمەرگە و تێکۆشەری هەردوو دیوە دەیناسن و ڕێزی تایبەتی هەبوو، لەکاتێکدا لە زیندانی کارێزەدا بوو قارەمانەکانی یەکێتی ڕزگاریان کردوو لەکاتی ڕێگەکردندا بەر گوللەی تۆپی داگیرکەر کەوتو شەهید بوو.

شەهیدبوونی کاکە حەمەی مەلا عەلی ئەسەفێکی گەورەبوو، هەزار سڵاو لەگیانی پاکی.

دەستان خۆش ئەی قارەمانەکانی پیرەمەگرون و ٢١ و ٢٥ مەڵبەندی دوو، گرتنی کارێزە دەرسێیکیتر بوو بۆ دوژمنان کە ئێوەی تێکۆشەر کوڕی ڕەشی کوردستانن بۆ دۆستانیش کە هەرچی دڵسۆزی و یارمەتییە شایانتانە، بڕۆن بۆ پێشەوە هەڵمەتە هەڵمەت.

گـــرتنی نـــاحیەی ســـەنگاو
(جاری دووەم)

بە سەرپەرشتی هەڤاڵ شەوکەتی حاجی موشیر ناحیەی سەنگاو لە کۆتایی مانگی ١٢ی ساڵی ١٩٨٦دا بە پێی نەخشەیەکی ورد دەستی بە سەردا گیرا.

هێزێکی هاوبەشی مەڵبەندی یەک کە پێکهاتبوو لە تیپەکانی (٥١)ی گەرمیان، ٥٣ی شێروانە، ٥٥ی قەرەداخ، تیپی مەڵبەندی یەک، دوو کەرتی تیپی ١٥ی هەورامان لە شەوی ١٩٨٦/١٢/٢١/٢٠ لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان بردە سەر ناحیەی سەنگاوو دەستیان بە سەردا گرت.

لە یەکەم هەڵمەتی پێشمەرگەدا بۆ سەر ناحیەی سەنگاو شەڕێکی قورس دەستپێکرد، لە بەرە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢١ چوار ڕەبییە لە خوار ناحیەی سەنگاو گیران، دوو گەڕەک لە ناو شارۆچکەی سەنگاو کەوتە دەست پێشمەرگە، ڕەبییەو گەڕەکەکانیان کردە سەنگەر بۆ هێرش و هەڵمەتی زیاتر بۆ سەر ڕەبییەو مۆڵگەکانی داگیرکەرو خۆفرۆشان چەندین ڕەبییەو مۆڵگەی جاش کەوتنە دەست پێشمەرگەو خاپوور کران.

تۆپخانەی تیپی مەڵبەندی یەک لە شەڕی گرتنی سەنگاودا ڕۆڵی گرنگیان بینی، کاتیۆشاو تۆپی ١٢٠ ملم، ١٠٦ مۆڵگەو ڕەبییەکانی دوژمنیان دەپێکاو نیشانەکانیان وەک گێژەڵوکە لول دەدا.

دوای چڕکردنەوەی هێرش و پەلامارەکان لە تێکڕای قۆڵەکانەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە تەواوی چوونە ناو شار، تێکڕای شەقام و کۆڵانەکان دەستیان بە سەردا گیرا، (١٢٠) ماڵە جاش سوتێندران، جادەی نێوان سەنگاو چەمچەماڵ لە ژێر دەسەڵاتی کوڕانی تیپی ٥٥ی قەراخ و ٥٣ی شێروانە و ٥٧ی

سەگرمە و هێزی پشتگیری دابـوو، پـردی شیوە سوریان تەقاندەوەو لە چەند لایەکەوە بە سەر جادەکەدا زاڵبوون و دەسەڵاتیان بە سەر ناوچەکەدا دەشکا.

لە کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٦/١٢/٢١ هێزێکی گەورەی دوژمن کە پێکهاتبوو لە ٨٠ ئۆتۆمبێلی جاش و سەربازو ٦ دەبابە و (٥) مودەڕەعە لە چەمچەماڵەوە هاتن بە هانای ناحیە گیر خواردووەکەیانەوە، بەڵام لە ڕێگادا کەوتنە بۆسەی هێزی پێشمەرگەوە چەند جارێک هێرشیان کرد بەڵام بەشیان شکان بوو، کۆ پتەر و تۆپ بـەردەوام سەنگەرەکانی پێشمەرگەی دەکوتا، هێزەکەی دوژمن تێکشکێندراو نەیتوانی بگاتە سەنگاو.

لە درێژەی شەڕو پێکدادانەکاندا لە شەوی ١٩٨٦/١٢/٢٢/٢١ ئیڤایەک و جێب قیادەیەکی دوژمن کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی تیپی ٥٧ی سەگرمە و هێزی پشتگیریەوە.

لە شەڕی گرتنی ناحیەی سەنگاودا تەنها مەرکەزو سەربازگەی سەنگاو دەستیان بە سەردا نەگیرا، دەبوایە بە تۆپی قورس لێی بدرێت، ئەوسا هێرشی بکرێتە سەر تۆپی قورسیش نەبوو، جگە لە مەرکەزو سەربازگەکە تێکڕای ناحیەی سەنگاو دەستی بە سەردا گیرا دوای دوو شەوو ڕۆژ مانەوە لە ناو شاری سەنگاودا هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد.

زیانی دوژمن:

١/ کوژرانی ٨٠ جاش و سەرباز

٢/ ٢٨ دیل یەکێکیان ئامر سریە بوو

٣/ سووتاندنی مودەڕەعەیەک

٤/ سووتاندنی جێب قیادەیەک

٥/ سووتاندنی داینەمۆیەکی گەورەو گران بەها

٦/ سوتاندن و تەقاندنەوەی هەموو داموەدزگاکانی دوژمن لە ناو سەنگاودا

٧/ تەقاندنەوەی پردی شیوە سوور

دەستکەوت:

+ ٦٣ پارچە چەکی هەمەجۆر
+ دوو ڕەشاشی BKC
+ (٥) هەزار فیشەک
+ (٣) ئاربیجی و ١٥٠ گوللە
+ یەک هاوەنی ٦٠ ملم
+ ٣ ڕەشاشی دکتاریۆف
+ سێ دەمانچە
+ یەک بێتەلی (١٠٥)
+ یەک ئۆتۆمبێلی تویوتا

قـــوربانی هێزی پێشمەرگە:

١/ شەهید بوونی هەمزە عەلی فەرەج (هەمزە ڕەش) فەرماندەی دەستە لە کەرتی (٥)ی تیپی ٥٧ی سەگرمە.

٢/ شەهید عەلی سەعید هێزی پشتگیری.

گرتنی سەنگاو- لە ئیزگەوە لە مەڵبەندی یەکەوە

هێزێکی هاوبەش لە مەڵبەندی یەک، بەشێک لە تیپەکانی ٥١ی گەرمیان، ٥٣ی شێروانە، ٥٥ی قەرەداخ، تیپی مەڵبەندی یەک و دوو کەرتی تیپی ١٥ی هەورامان، دەستەی بارەگای مەڵبەندو هێزی پشتگیری تێکۆشەر بە پێی نەخشەیەک لە شەوی ١٩٨٦/١٢/٢١/٢٠ لە چەند قۆڵێکەوە هێرشیان بردە سەر ناحیەی سەنگاو کە ٤٦ کیلۆمەتر لە کەرکوکەوە دوورە، هێزە بودەڵەکانی دوژمنیان تیا مارکۆژ کردوو شیری بەری دایکیان پێ هەڵهێنانەوە لە یەکەم هەڵمەتدا تا بەرە بەیانی ١٩٨٦/١٢/٢١ دەستیان بە سەر چوار ڕەبییەی خوار شارو دوو گەڕەکدا گرتوو ئنجا سەنگەرە گیراوەکانیان کردە سەنگەری خۆیان و کۆڵان کۆڵان، کوچە کوچە، ماڵەو ماڵ هەر ڕەبییە بوو بە دەست پێشمەرگەوە دەپرواو هەر مۆڵگەی جاش و هەر دیوار بوو لە گەڵ گڕی ئاربیجیدا هەڵدەتەکی.

کاتیۆشاو تۆپی ١٢٠ ملم و ١٠٦، خاڵ بە خاڵی نیشانەکانی هەڵدەگرت پێشمەرگەش بە جۆرێک ڕژانە سەر شەقام و کۆڵان ماڵەو ماڵ دەستی بە سەردا گیراو تەواوی شار پاکسازی کراو دوکەڵ ئاسمانی شاری داگرت (١٢٠) ماڵە جاش و جاسوس ئاگردران لە هەمان کاتدا ڕێگای سەنگاو چەمچەماڵ کەوتە ژێر دەسەڵاتی هێزێکی هاوبەشی (٥٥)ی قەرەداخ و ٥٣ی شێروانە و ٥٧ی سەگرمە و هێزی پشتگیرییەوە، پردی شیوە سوریان تەقاندەوەو لە چەند جێگا بە سەر جادەکەدا زاڵبوون.

لە سەعات ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ١٢/٢١ هێزی بە قەبارەی دوژمن زیاتر لە ٨٠ ئۆتۆمبێلی جاش و سەربازی (٦) دەبابەو (٥) مودەڕەعە لە چەمچەماڵەوە بەڕێکەوتن بەڵام لە ڕێگادا بوون بە بارگیری لە ناو تەپوتۆزدا گەوزاو هەر لە سەعات دوانزەی نیوەڕۆدا سەریان بە گوللەی پێشمەرگەداو ڕێگەیان لێبەسترا چەند جار هێرشیان کردو شکان کۆپتەریش بەردەوام سەنگەرەکانی پێشمەرگەیان ئاگرباران دەکرد تا تاریک داهات نەگەیشتنە شارو لە سەر ڕێگاو لە چۆڵەوانیدا گیریان خوارد.

شەوی ١٢/٢٢/٢١ ئیڤایەک و جێب قیادەیەک مەرگ هەڵیگرتن و کەوتنە بۆسەی پێشمەرگەکانی سەگرمەو پشتگیری و بوون بە قەرەبروت.

پێشمەرگەکان دوای ئەوەی دوو شەوو ڕۆژ لە ناو شاردا مانەوە ئنجا گەڕانەوەو شاریان بەجێهێشت.

زیانی دوژمن:

کوژرانی ٨٠ جاش و سەرباز

سووتاندنی ١٢٠ ماڵە جاش

سووتاندنی جێب قیادەیەک

سووتاندنی ئیڤایەک

سووتاندنی داینەمۆیەکی گەورەی کارەبای شارەکە

سووتاندن و تەقاندنەوەی هەموو داموودەزگاکانی داگیرکەر

تەقاندنەوەی پردی شیوە سوور

دەستکەوتەکان:

٦٣ پارچە چەکی هەمە جۆر بەمجۆرە:

دوو ڕەشاشی بیکەیسی و (٥٠٠٠) فیشەک

٣ ئاربیجی و ١٥٠ گوللە

١ هاوەنی ٦٠ ملم

٣ ڕەشاشی دکتاریۆف

٣٨ کلاشینکۆف

٣ دەمانچە

١ ئۆتۆمبێلی تیوتا داوو دەرمان

٥ تەلەفون

قوربانی پێشمەرگە:

١/ شەهید هەمزە ڕەش فەرماندەی دەستە لە تیپی ٥٧ی سەگرمە

٢/ شەهید عەلی سەعید (پشتگیری)

گـــــرتنی نـــــاحیەی قـــــەرەداخ
شـــــەوی 1987/4/19/18

دەستبەسەرداگرتنی ناحیەو مۆڵگە گەورەکانی دوژمن تازە نەبوو، پێشتر ناحیەی بێتواتەو سەنگاوو چەند شوێنێکیتر دەستیان بە سەردا گیرابوو لە ساڵی ١٩٨٧ تا سەرەتای ساڵی ١٩٨٨ گرتنی ناحیەو مۆڵگە گەورەکانی دوژمن بەردەوام بوو.

دەستبەسەرداگرتنی ناحیەی قەرەداخ گرنگی تایبەت بە خۆی هەبوو گرتنی ناحیەکەش بە سەرکەوتنی گەورەی پێشمەرگە هەژمار دەکرا لە ناو بازنەی دەیان ڕەبییە و فەوج و سەربازگەدا.

هێزێکی پێکهاتوو لە تیپە قارەمانەکانی ٥١ی گەرمیان، ٣١ی سلێمانی، ١٥ی هەورامان، ٣٧ی شارباژێڕ، دوو مەفرەزەی کۆمەڵەو شۆڕشگێڕان حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سۆسیالیستی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆک، بە سەرپەرشتی هەڤاڵ جەبار فەرمان هەڵمەتیان بردە سەر چەندین ڕەبییەو فەوج و مۆڵگەی دوژمن لە ناو قەرەداخ و دەوروبەری ناحیەی قەرەداخ دا لەو هەڵمەتەدا ڕەبییەی تلەزەیت و فەوجی قەرەداخ دەستی بە سەردا گیرا.

تیپی ١٥ی هەورامان هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبییەیەک بەڵام ڕەبییەکە چۆڵی کردبوو هەمان تیپ هەڵمەتیان بردە سەر دوو ڕەبییەی دارە ڕەش و دەستیان بە سەردا گرت گردێک چەند پێشمەرگەیەکی پێوەبوو کەوتە دەست دوژمن، گردەکە زاڵ بوو بە سەر جادەی قیری نەوتی کە دەچوو بۆ قەرەداخ، جەبار فەرمان لە ڕێگەی بێتەلەوە جەلال کوڵکنی ئاگادار کردەوە گردەکە بگرنەوە.

کەرتێکی تیپی ٣١ی سلێمانی و ١٥ی هەورامان هەڵمەتیان بردە سەر گردەکە و گرتیانەوە، سێ جاش کوژران و دوو کڵاشینکۆف دەستکەوت بوو.

پێشمەرگەیەک دەستی دابووە تفەنگی جاشێک فیشەکی لە بەردابوو، فیشەکەکە دەرچوو قاچی بریندار بوو.

بەشێکی تیپی ٣٧ی شارباژێڕ بەرەو قەرەداخ بەڕێکەوتن لە سەر پشتی چەند وولاخێک هۆکی تۆکی یان بارکرد بوو لە ئاوایی حەمە کەوتنە بۆسەی دوژمنەوە

کەمال شێخەو چەند پێشمەرگەیەک بۆسەکەیان شکاندو بەرەو قەرەداخ بەڕێکەوتن.

لە دەست بە سەرداگرتنی زنجیرە ڕەبییەکانی قەرەداخدا تیپی ٣٧ی شارباژێڕ ڕۆڵی دیارو گرنگیان بینی.

مەرکەزی قەرەداخ بە پارتی سپێردرا بەڵام نەیانتوانی بیگرن، (١٠) پێشمەرگە بە فەرماندەیی عەبە ڕەق فەرماندەی کەرتی «٢» تیپی ٣١ی سلێمانی لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا دەستیانگرت بە سەر مەرکەزەکەداو ٣٣ پۆلیسیان بەدیلگرت.

کەرتی ٤ی تیپی ٣١ی سلێمانی لە پشتی میریاسی سەروو لە گەڵ حزبی سۆسیالیستی کوردستاندا دەستیان گرت بە سەر ڕەبییەی پشتی میریاسیدا، پێش هەڵمەت بردن مەرکەزی قەرەداخ هەستی بە هاتنی پێشمەرگەکان کردبوو تەقەی لێکردن مستەفای حەمە شەمە خەڵکی تەپە گوڵاوی شەهید بوو.

لە باکوورو باشووری قەرەداخدا حزبی شیوعی عێراق و پارتی سۆسیالیستی کورد «پاسۆک» بەشدار بوون تۆپخانەی مەڵبەندی یەک مۆڵگەکانی دوژمنی دەکوتا.

بەمجۆرە تێکڕای ڕەبییە و فەوج و سریە و بارەگای ناحیەکە دەستی بە سەردا گیرا سەربازگەی ناو ناحیەی قەرەداخ کەوتە بەر هەڵمەتی تیپی ١٥ی هەورامان و دوو مودەڕەعە و ئیڤاو گاز قیادە کەوتنە بەردەستی پێشمەرگە.

دوای سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە لە دەست بە سەرداگرتنی ناحیەی قەرەداخ و زنجیرە ڕەبییە و سەربازگەکانی/ «٨» فڕۆکەی سیخۆی بە چەکی کیمیایی پەلاماری ناوچەکەیاندا.

هێزێکی دوژمن هاتە باخان تیپی ١٥ی هەورامان لێیاندان و تا ناو تلەزەیت ڕاویاننان.

بۆ ڕۆژی دوایی تیپی ١٥ی هەورامان و ٣١ی سلێمانی لە پشتی نەوتی نزیک دارە ڕەش شەڕێکی گەورەیان لە گەڵ دوژمندا کرد.

زیانی دوژمن:

کوژرانی زیاتر لە ٨٥ سەربازو جاش

بەدیلگرتنی ٨٥ سەربازو جاش

دەستکەوت:

گرتنی دوو مودەرِەعە کە بە ساغی گواستراندەوە ناوچە ئازاد کراوەکان.

گرتنی سێ دژە ئاسمانی

گرتنی ١٢٩ کلاشینکۆف

گرتنی ١٢ ئاربیجی

گرتنی ١ بیکەیسی

گرتنی ٥ رِەشاشی دکتاریوف

گرتنی ٦ پەرِەشووت

گرتنی ١ بێتەلی رِاکاڵ بە موجەفیرەو قودرەوە

گرتنی ١ بێڵی هندی

گرتنی ١ بێتەلی ١٠٥

گرتنی ٢ دەمانچە

دەستبەسەرداگرتن و گواستنەوەی هەموو داوو دەرمانی نەخۆشخانەی قەرەداخ، تەقاندنەوەی یەک مودەرِەعە دوای لێکردنەوەی هەموو کەلوپەلەکانی.

گـــرتنی ناحیەی قـــەرەداخ لە گـــەروی ئـــیزگەوە شـــەوی 1987/4/20/19

گوێگرە خۆشەویستەکان خوشکوبرایانی خۆڕاگرو تێکۆشەر، هەر تەنیا چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بوو کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە زنجیرە هێرشێکی قارەمانانە ١١٢ ڕەبییە و ٣ مقەڕ فەوج و یەک معسکرو ٦ مقەڕ سریەی هێزەکانی دوژمنیانگرت کە لە کلکەی پیرەمەگرون و دۆڵە ڕووتەوە دەست پێدەکات تا قەیوان و ئەزمڕو گوێژەو لەوێشەوە بەرەو باڵخ و ولاغلو تا دەگاتەوە گۆجارو پشتی زەرون لە ئەنجامدا دەیان کیلۆمەتری چوارگۆشەیان ئازاد کرد بە چەند سەعاتێکی کەمی هێرش و پەلاماردکانی شەوی ١٤/١٣ی پێشمەرگەکان بەشی هەرە زۆری ئەو ناوچانە ڕزگار کرانەوە کە هێزەکانی عەفلەقی بە ماوەی سێ مانگ شەڕی قورس و خوێناوی بە پاڵپشتی دەیان دەبابەو فڕۆکەو ڕاجیمە وتۆپی دوورهاوێژو دەیان هێرشی ڕۆژانەی لە سەر یەک و زەرەرو زیانێکی گیانی و مالّی زۆر گرتبوویان، ئەوەتا ئەمڕۆش هەر تەنیا چەند ڕۆژێک دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنە بێ وێنەیەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان کە هێشتا هێزەکانی دوژمن وڕوکاسی ئەو گورزە کاریگەرەی هێرشەکانی شەوی (١٤/١٣) ن.

بەشێکیتر لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە سەدان کیلۆمەتر دوورتر لە بەرەی شەڕگەکانی قەیوان و ولاغلو ماوەت گورزێکیتری گورچکبڕ لە هێزەکانی دوژمن دەدەن و ناحیەیەکی تەواو بە هەموو دامـوو دەزگـاو هێزو مەعسکەرو ڕەبییەکانی دەوروبەری ناحیەکە دەگرن.

هێزێکی هـاوبـەش لە پێشمەرگە گیانبازەکانی (ی.ن.ک) و پارتی و حزبی سۆسیالیست و حزبی شیوعی عێراق و مەفرەزەیەکی پاسۆک بە پێی نەخشەیەکی هاوبەشی ڕێکوپێک لە دوو قۆڵەوە پەلاماری ناحیەی قەرەداخیانداو دەستیان بە سەر مەرکەزی ناحیەو مەرکەزی شورتەو مونەزەمەی حزبی عەفلەقی و مقەڕ فەوج و مقەڕ سریەو هەموو ڕەبییەکانی دەوروبەری قەراخدا گرت.

لە ئەنجامی ئەو هێرشە هاوبەشانە زیاتر لە ١٠٠ سەربازو سـەرداری ڕژێم کـوژراون ١٢٨ کەس بە دیل گیران بەمەش توانای دەسـەلاتی (ی.ن.ک) و هێزە

ئۆپۆزسیۆنەکان لە لایەک و لە لایەکیتریشەوە بودەڵەیی و لاوازی ڕژێمیان بۆ سەرجەم جەماوەر دەرخستەوە ئەو ڕژێمەی کە هەرگیز هێزەکانی خۆیان لە بەردەم خۆڕاگری و قارەمانێتی پێشمەرگەکانی کوردستاندا ناگرن.

گوێگرە خۆشەویستەکان هێرش و پەلاماره گورچکبڕەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەمشێوەیەی خوارەوە بوو.

قۆڵی یەکەم: هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە هەمیشە نەبەزو دوژمن شکێنەکانی تیپی ١٥ی هەورامان و تیپی ٣١ی سلێمانی و دەستەیەکی مەڵبەندی دوو ڕێکخراوی چوارو مەکتەبی ڕێکخستن و دەستەکانی مەڵبەندو دەستەیەکی تیپی قەرەداخ و بەشێک لە کەرتێکی تیپی ٥١ی گەرمیان و هێزێکی حزبی سۆسیالیست سەعات یەکی شەوی ٤/٢٠/١٩ پەلاماری چەند لایەکی ناحیەی قەراخیانداو تا سەعات ٤:٣٠ دەقیقەی بەیانی دەستیان بە سەر هەموو دامور دەزگا و ڕەبییەکانی ڕژێمدا گرت و زیانی گیانی و مالّی زۆریان پێگەیاندن کە بەمجۆرەی خوارەوە بوو:

ا/ کوژرانی زیاتر لە ٨٥ سەربازو جاش

ب/ بەدیلگرتنی زیاتر لە ٩٣ سەربازو جاش

ج/ دەستکەوتەکان

١/ گرتنی دوو مودەڕەعە لە نەوعی بێردن ٢ کە بە ساخی گواستراونەوە بۆ ناوچە ئازاد کراوەکان

٢/ گرتنی ٣ دیمترۆف

٣/ گرتنی ٨٤ کلاشینکۆف

٤/ گرتنی ٨ ئاربیجی

٥/ گرتنی یەک بیکەیسی

٦/ گرتنی ٣ دکتاریۆف

٧/ ٦ پەڕەشوت

٨/ یەک بێتەلی ڕاکاڵ بە موجەفیرەو تەجهیز قودرەوە

٩/ یەک بێتەلی بێڵی هندی

١٠/ دوو دەمانچە

١١/ ٨ ئۆتۆمبێل، یەک لاندکرۆزەر، یەک شۆفرلێت، یەک ئیسعاف، یەک جێپ قیادە، ٣ ئیڤا، یەک شۆفڵ

١٢/ هەموو داوودەرمانی ئەخۆشخانەی قەرەداخ

١٣/ دوو ئۆتۆمبێلی پڕ لە ئازوقە و ئۆتۆمبێلێکی پڕ لە تەقەمەنی.

د/ تەقاندنەوەی یەک مودەڕەعە پاش لێکردنەوەی هەموو کەلوپەلەکانی

قوربانی ئێمەش لەم قۆڵەدا گیانی نەمری دوو ڕۆڵەی قارەمانی ئەم گەلە بوون کە یەکیان ڕۆڵەی (ی.ن.ک) و ئەویتریشیان ڕۆڵەی حزبی سۆسیالیست بوو هەزاران سڵاو لە گیانی نەمریان.

قۆڵی دووەم، هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە دوژمن شکێنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق و حزبی شیوعی عێراق هاوزەمان لە گەڵ هێرشی قۆڵەکەیتر هێرشیانکردە سەر لایەکیتری قەراخ و زیانی گیانی و مالّی زۆریان لە دوژمندا کە بەمشێوەیەی خوارەوە بوو:

ا/ کوژرانی کۆمەڵێک جاش و سەرباز کە بە ژمارە نەزانراوە

ب/ بەدیلگرتنی ٣٥ سەربازو جاش

ج/ دەستکەوتەکان:

١/ ٤٥ کلاشینکۆف

٣/ چوار ئاربیجی

٣/ دوو ڕەشاشی دکتاریۆف

٤/ ٤ بێتەلی ١٠٥

کۆی تەواوی کوژراوو دیل و دەستکەوتەکانی پێشمەرگە لە گرتنی ناحیەی قەراخدا

ا/ کوژرانی زیاتر لە ٨٥ سەربازو جاش

ب/ بەدیلگرتنی ١٢٨ سەربازو جاش

ج/ دەستکەوتەکان

١/ گرتنی ٢ مودەڕەعەی جۆری بێردن ٢
٢/ گرتنی ٣ زدالجو
٣/ گرتنی ١٢٩ کلاشینکۆف
٤/ گرتنی ١٥ ئاربیجی
٥/ گرتنی ١ بیکەیسی
٦/ پێنج ڕەشاشی دکتاریۆف
٧/ شەش پەڕەشوت
٨/ یەک بێتەلی ڕاکاڵ بە موجەفیرە و تەجهیز قودرەوە
٩/ یەک بێڵی هندی
١٠/ یەک بێتەلی ١٠٥
١١/ دوو دەمانچە
١٢/ هەشت ئۆتۆمبێل
١٣/ هەموو داوودەرمانی نەخۆشخانەی قەراخ

د/ تەقاندنەوەی یەک مودەڕەعە دوای لێکردنەوەی هەموو کەلوپەلەکان

دوای ئەو سەرکەوتنە مەزنەی پێشمەرگەکان ٨ فڕۆکەی سیخۆی پەلاماری ناوچەکەیداو بە چەکی کیمیایی لە ناوچەکەیداو لە ئەنجامدا ژمارەیەک هاوولاتی بریندار بوون.

سلاوتان لێبێ ئەی هێزە هاوبەشەکانی یەکێتی و پارتی و حزبی سۆسیالیست و حزبی شیوعی و پاسۆک.

سلاوتان لێبێ ئەی گورز وەشێنەکانی گەلی کورد ئەم داستانەی ئێوە دەنگدانەوەی نەعرەتەی هاوسەنگەرەکانتان بوو لە شەڕگەکانی ولاغلو، قەیوان، دووبرا، کلکەی پیرەمەگرون.

ئەو سەرکەوتنەی ئێوە تەواوکەری سەرکەوتنە مەزنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو لە شەوی ٤/١٤/١٣.

پیرۆزبایی ئەی گەلی کوردی ستەمدیدە، پیرۆزبایی ئەی گیانی نەمری شەهیدان

ئەوەتا پێشمەرگە هەمیشە ئازاکانی کوردستان، پێشمەرگەی هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان پێکەوە پەلاماری دوژمن دەدەن و تالاوی دەکەن بە گەرودا بەرەو هاوکاری زیاترو گورزی کاریگەر وەشاندن لە دوژمن بەرەو ڕزگارکردنی تەواوی کوردستان لە داگیرکەران.

ڕاپـــەڕینی دەشتی شارەزوور و گـــرتنی ناحیەی خـــورماڵ- سیروان

نارەزایی خەڵکی کوردستان لە سیاسەتی دوژمنکارانەی ڕژێمی عێراق وێرانکردنی دێهاتەکان و تەختکردنیان لەگەڵ ڕاگواستنی خەڵکەکەیان بۆ بیابانەکانی خواروو عێراق و سەر سنووری ئوردون و سعودیە ،بەکارهێنانی چەکی کیمیاویی بەرانبەر خەڵک وبارەگاکانی (ی.ی.ک)خەڵکی کوردستانی دڵنیا کردەوە لەوەی ڕژێمی عێراق دوژمنی سەرسەختی گەلی کورد و زمان و کلتور مێژووکەیەتی و دەیەوێت ئاسەواری کورد بوون لەسەر خاک ونیشتمانی خۆی بسرێتەوە و لە ڕەگەوە هەڵیکێشێ ، هەر بۆیە خەڵکی کوردستان لە جیاتی تەسلیم بوون بەو واقعە ڕێگەی جوامێرانەی بەرەنگار بوونەوەی داگیرکەریان هەڵبژاردوو ڕووبەڕووی دامووەزگاکانی ڕژێمی عێراق بوونەوە لە دەشتی شارەزوور هەڵەبجە و سیروان و خورماڵدا دوای ئەوەی ڕژێمی فاشی عێراق بەرنامەی ڕاگواستنی دێهاتەکانی ناوچەی شارەزووری خستە بواری جێبە جێکردنەوە جامی تورەیی جەماوەر پڕبوو بەگژ دامووەزگاکانی ڕژێمدا چوونەوە و هێرشیانکردە سەر دامو دەزگاکانی ڕژێم لە سەیدسادق و ناحیەی سیروان و خورماڵ و هەڵەبجە . بەشێک لە چەکدارەکانی ڕژێم هاتنە ریزی جەماوەری ڕاپەریوو بەرەی دوژمنیان جێهێشت و بەژداری کاریگەریانکرد لە هەڵکوتانە سەر دامو دەزگاکانی ڕژێم . ڕاپەرینی شارو شارۆچکە و دێهاتەکانی دەشتی شارەزوور لووتکەی نارەزایی و بێزاری تێکرای خەڵکی کوردستان بوو لە بەرانبەر سیاسەتی ڕاگواستن و بە عەرەب کردن، دۆشینی ئابووری کوردستان و سرینەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد کەلەشارەزوور سەری هەڵدا بەگژ دامووەزگا سەر کوتکەرەکانی ڕژێم دا چوونەوە. شەوی ١٢-١٣ /١٩٨٧/٥ هێزی پشتگیری ناوچەی سەید سادق بە هاوکاری خەڵکی ناوچەکە لە بڵند گۆی مزگەوتەکان

داوایـان لە جەماوەر کرد ناڕەزایی بەرانبەر سیاسەتی ڕاگواستنی دێهاتەکانی ناوچەکە دەربڕن و بە کڕ دامور دەزگاکانی ڕژێمدا بچنەوە. خەڵکی ناحیەی سەید سادق و دەوروبـەری زۆر بە گەرمی بە دەم بانگەوازەکەوە چوون و هەر ئەو شەوە هێرشیانکردە سەر دامووەدەزگاکانی ڕژێمی عێراق لە ناحیەی سەیدسادق دا . سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٣ ناڕەزایی خەڵکی سەیدسادق گەورەتر بوو خوپشاندانی فراوان دەستپێکرد ، خەڵکی ناحیەکە بە داروو بەرد ئوتۆمبیلی شکاو ڕێگەو شەقامەکانیان گرت و هاتوچۆیان قەدەغە کرد بە شێک لە چەکدارەکانی ڕژێم هاتنە پاڵ خۆپشاندەران و پشتیوانی خەڵکە ڕاپەریوەکەیان کرد ، ئەو چەکدارانەشی نەهاتنە پاڵ خەڵکە ڕاپەریوەکە دژایەتی خەڵکیان نەکردوو بێدەنگیان هەڵبژارد هێزێکی دوژمن بە پشتیوانی دەبابە و کۆپتەر پەلاماری ناحیەکەیاندا و تۆپباران و بوردومانی خەڵکیانکرد ، بەڵام جەماوەری ڕاپەریوی سەیدسادق و دەوروبەری و ئەو چەکدارانەی هاتبوونە ریزی خەڵکەوە ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە و دەیان کەسیان لەهێزەکانی دوژمن کوشت و بریندار کرد، بەرەبەیانی هەمان ڕۆژ جەماوەر و هێزی پشتگیری بە هاوکاری پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) و تیپی ١٥ هەورامان و حیزبی سوسیالیستی کوردستان هێرشیانکردە سەر (٦) ڕەبییە لە جادەی زەڵم – سەیدسادق و دەستیان بەسەردا گرت دوای گرتنی (٦) ڕەبییەکە هێرشیانکردە سەر ناحیەی خۆرماڵ و دەستیان بە سەرداگرت مقەری مونەزەمەی خۆرماڵ و پۆلیسی ناحیەکەیان سوتاند هاوکات جەماوەری ناحیەی سیروان بە پشتگیری هێزی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر دامور دەزگاکانی دوژمن لە ناحیەکە و مقەری مونەزەمەو ناحیەکەیان سوتاند و دەستیان گرت بەسەر تەواوی ناحیەکەدا و(٧٠) کەسیان لە هێزەکانی دوژمن بەدیلگرت چەندین ئوتۆمبیل و فەرمانگەی دەوڵەتیان ئاگر تێبەرداو سووتاند. هێزێکی دوژمن ویستی بەرەو ناحیەکە بێت بەڵام پێشمەرگە و جەماوەر ئەو چەکدارانەی هاتبوونە ڕیزی خەڵکەوە بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە و زیانی گەورەیان پێگەیاندن.دوژمن پەنای بردە بەر کۆپتەر و دەبابە ، بۆردومان و تۆپبارانی ناحیەکانیانکرد بە تایبەت ناحیەی سەیدسادق ،بەڵام نەیتوانی ووڕەی بەرزی خەڵک و پێشمەرگە نەویکەن.

وردەکاری زیاتر

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٣هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ١٥ هەورامان ، هێزێکی سوسیالیست و هێزی پشتگیری ناوچەی سیروان و زەڵم هێرشێکی خێرایان کردە سەر جادەی نێوان زەڵم و ناحیەی سیروان ، دوای شەڕێکی قورس توانیان تێکڕای ڕەبییەکانی تەپە گوڵاوی ، جادەی شەکرایی ، گردی گۆ ، پردی زەڵم ،چقڵاوە، تەپە کۆڵەکە، کۆڵکن بگرن.بەگرتنی ئەو ڕەبییانە دەرفەتێکی لەبار بۆ گرتن و هێرشکردنە سەر ناحیەی خۆرماڵ هاتە پێش ، هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێرشیانکردە سەر ناحیەی خورماڵ و لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەر دا گرت ، مونەزەمەی حزبی بەعس و پۆلیس کەوتنە دەست پێشمەرگە و ناقیلەیەک و سێ ئیڤا سوتێنران. هاوکات لەگەڵ گرتنی ناحیەی خورماڵ خەڵکی ناحیەی سیروان بە پاڵپشتی هێزی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر دامود دەزگاکانی رژێم و دەستیان بەسەر داگرت زیانی دوژمن سووتاندنی ئوتۆمبێلێکی سۆپەر و لانکرۆزەرێکی سەر بە مونەزەمەی حیزبی بەعس وگەڵابەیەک و تەنکەرێک تێکشکاندنی چەکێکی دیمترۆف دوژمن هێزێکی نارد بۆ گرتنەوەی ناحیەکە بەڵام پێشمەرگە و هێزی پشتگیری لە پردی زەڵمەوە تا سیروان لە بۆ سەدابوون بەرەنگاری هێزەکەی دوژمن بوونەوە و تێکیان شکاند ، ژمارەیەکی زۆر لە دژومن کوژراو بریندار بوون و سێ ئیڤا سووتێندران . فڕۆکەکانی دوژمن کەوتنە بۆردوومانی ناوچەکەو ژمارەیەک هاووڵاتی و پێشمەرگە شەهید بوون. لەو شەڕانەدا ٧١ جاش و سەربازی دوژمن بەدیلی کەوتنە دەست پێشمەرگە.

هـــــــەڵەبجە

شەوی ١٣-١٩٨٧/٥/١٤ لە بڵندگۆی مزگەوتەکانی هەڵەبجە بانگەوازی مانگرتن و پشتیوانییکردن لە ڕاپەڕینی ناحیەکانی سەیدسادق و سیروان و خورماڵ کرا سەر لە بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٤ دووکان و بازاڕی هەڵەبجە داخران و خەڵکی هەڵەبجە ناڕەزایی و تورەییان بەرانبەر سیاسەتی داگیرکەرانە و ڕاگواستنی خەڵکی

ناوچەکە بـەرەو خـواروووی عێراق و سنووورەکانی ئـوردون و سعودیە دەربڕی ژمارەیەکی زۆر چەکداری ڕژێم هاتنە ریزی خەڵکەوە پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند . ناو شـاری هەڵەبجە جۆش و خرۆشێکی گـەورەی تێکەوت خەڵک خرۆشا و هاوشانی پێشمەرگە هێرشیانکردە سەر دامووو دەزگاکانی رژێم دەستیان گرت بەسەر بەشێکی شارەکە دا هێزی دوژمن بە پاڵپشتی تانک و فرۆکە پەلاماری خەڵکە ڕاپەڕیوەکەیاندا جەماوەر و پێشمەرگە و ئەو چەکدارانەی هاتبوونە ریزی خەڵکەوە رووبەڕووی پەلامارەکەی دوژمن بوونەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن دەزگا سەر کوتکەرەکانی رژێم بۆ تۆڵە سەندنەوە لە خەڵکی ڕاپەڕیوی هەڵەبجە چەندین ماڵی هاوواڵاتی و پێشمەرگە و مزگەوتەکانی هەڵەبجەیان بە دینامێت تەقاندەوە و بە شۆڤل تەختیانکردن . جەماوەری ڕاپەڕیوی هەڵەبجە سەریان بۆ رژێم دانەنەواندوو بە سەدان ماڵ شاری هەڵەبجەیان چۆڵکرد خۆیان گەیاندە ناوچە رزگار کراوەکان پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگە وە کرد سەدان چەکداری رژێم گەرانەوە باوەشی شۆڕش فەوجی (٧٠) گەرانەوە ریزی شۆڕش و هاوکاری خەڵکی شارەزوووریانکرد لە رووبەڕوو بوونەوەی دوژمندا .

لە رووبەڕووبوونەوەی دوژمن و ڕاپەڕینی خەڵکی شـارەزوور شەش کەس شەهید بوون

١- شەهید عومەر حەمە صالح
٢- شەهید بەکر حەمە کاڵی
٣- شەهید مستەفا رەشید
٤- شەهید جەلال حاجی قادر
٥- شەهید جەبار حاجی محمود
٦- شەهید حاجی عەزیز حەمەی سەید عەلی

گـــــــرتنی شاری ڕەوانـــــــدز
1987/5/24-23

تیپی ١٢ی سۆران تیپە چالاکە جەربەزە نەبەزەکەی (ی.ن.ک) بوو هەتا ئەنفالەکان سووپاو گەلە جاشی عێراق نەیتوانی بستێک لە خاکی ئازاد کراوی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە داگیر بکات و دەستی بە سەردا بگرێت، هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ سیخوڕو پیاوەکانی خستبووە گەڕ بۆ زەفەر بردن بە سنووورەکانی تیپی ١٢ی سۆران.

ڕۆژی ١٤/٥/ ١٩٨٧ هەڵۆ حەسەن، خاڵ سیسۆ، عەبدۆ بەردۆکی، محەمەد کەڵێتەیی و خاڵ زوبێر بە مەبەستی ئامادەکاری بۆ ڕاپەڕینی ڕەواندزو ڕێگریکردن لە پەلاماری دوژمن لە گەڵ ئارام سالّح حەکیم، نەبەز عەبدوڵڵا سەعید، موراد ئەحمەد لە سەر چاکی شێخ سەید لە دێی کەرەک کۆبوونەوە، لە کۆبوونەوەکەدا ڕێنماییاندا بە ڕێکخستنەکان بۆ زەمینە سازی ڕاپەڕین لە ناو شاری ڕەواندزو ڕێگریکردن لە پەلاماری دوژمن بۆ سەر ناوچە ڕزگار کراوەکان.

دوو ڕۆژ دوای کۆبوونەوەی (کـەرەک) لە گەڵ ڕێکخستنەکانی ڕەواندز بڕووسکەیەکیان لە حەسەن کوێستانیەوە پێگەیشت تا هێزێک بنێرنە دۆڵی خۆشناوەتی چوونکە مەترسی پەلاماری دوژمن هەیە.

کەرتی تیپی ١٢ی سۆران بە فەرماندەیی مەزهەر کەریم بەرەو دۆڵی خۆشناوەتی بەڕێکەوتن، هەڵۆ حەسەن کادیری کۆمەڵە لە گەڵ هێزەکە ڕۆیشت.

هەڵۆ حەسەن نامەیەکی بۆ عەلی بیجانی کادیری کۆمەڵە ناردوو بۆی نووسی من دەچمە جەولە تۆش لە گەڵ ڕێکخستنەکان لە پەیوەندیدا بە زەمینە لە بارە بۆ ڕاپەڕین.

ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٧ هێزەکەی تیپی ١٢ی سۆران گەیشتنە بلەو کەندۆر، بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٨ بەرەو لای حەسەن کوێستانی ڕۆیشتن لە سەر باری خەتێ دەنگی تۆپ دەهات لە کەپکی (موێ) دووکەڵی تۆپیان بینی هەڵۆ حەسەن بە مەزهەر کەریمی ووت دوژمن پەلاماری سەنگەرەکانی ئێمەیداوە بەڵام نەدەکرا بێ ئاگاداری حەسەن کوێستانی بگەڕێتەوە.

پـــــەلاماری ئـــــاکۆیان

فەوجێکی دوژمن بە سەرپەرشتی ڕائید کاکل لە کاتژمێر (٦)ی بەیانی ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٨ پـەلامـاری دۆڵـی ئاکۆیانیاندا، هێزی پشتگیری ناوچەکەو هێزی پێشمەرگەی تیپی ١٢ی سۆران بەرپەرچی پەلامارەکەی دوژمنیان دایەوەو تێکیان شکاندن، هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن نەیتوانی بگاتە ئاکۆیان تۆپخانەکانی دوژمن لە سپیلک و ڕەواندزو باڵەکایەتی تۆپبارانی سەختی ئاکۆیانیان دەکرد.

هێزەکەی تیپی سۆران چوونە خەتێ دکتۆر زریان پێیووتن لای ئێوە شەڕ گەرمە حەسەن کوێستانی دەڵێ با بگەڕێنەوە.

پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ی سۆران گەڕانەوە، شەو گەیشتنە فەقێیان لەوێشەوە بۆ ئاکۆیان، بەیانییەکەی هەڵۆ حەسەن ئێشککگر بوو دوو کەسی بەدیکرد لە جادەکە لە ڕەواندزەوە دەهاتن هەڵۆ چووە سەر ڕێگەیان عەبدولقادری کوڕی مەلا زارو مەلا نەجمەدین کۆیی بوون ووتیان ڕاپەڕین لە ڕەواندز دەستپێکردووە بیانگەنێ.

تـــــێکشکاندنی (7)پـــــەلاماری دوژمن
ڕاپـــــەڕینی ڕەوانـــــدز

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٧ تۆپخانەی دوژمن لە چەند لایەکەوە تۆپبارانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی تیپی (١٢) ی سۆرانی کرد . سەر لەبەیانی ڕۆژی دوایی لە سێ قۆلەوە هێرشیکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە

قۆلی یەکەم لەجادەی دۆڵی ئاکۆیانەوە

قۆڵی دووەم بە بناری هەندرێن دا

قۆڵی سییەم لە ڕەشکی بانە شانەوە

هێزە پەلاماردەرەکەی دوژمن پێکهاتبوو لە چەند فەوجێکی قوات خاسە و خەفیفە بە پاڵپشتی چەندین دەبابە و (٣) کۆپتەر و ٣ فڕۆکەی پیلاتۆس ، پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سـۆران و کەرتێکی تیپی ١٩ کـۆڕەک و مەفرەزەیەکی پارتی وهێزی پشتگیری ناوچەکە لە هەرسێ قۆڵەکەوە لێیاندان و حەوت پەلاماری یەک لە دوای یەکی دوژمنیان شکاندو و نەیانهێشت پێشڕەوی بکات هێزەکەی دوژمن لەبەرانبەر

هێزی پێشمەرگە دا خۆی نەگرت و شکا ، لە کاتی پاشەکشەدا بەبناری هەندرێن دا کەوتنە ناو کێڵگەیەکی (مین) کەپێشتر مەفرەزەیەکی شۆڕش چاندبوویان لە ئەنجامی تەقینەوەی مینەکاندا ژمارەیەکی زۆر قوات خاسە و چەکداری دوژمن کوژران بە درێژایی شەرەکە تۆپخانەی شۆڕش رۆڵی کاریگەری بینی لە تۆپبارانی دوژمن دا لە کاتی کشانەوەی هێزی دوژمندا تۆپخانەی شۆڕش کەوتە تۆپبارانی فەوجی سپیلک و زەرەر و زیانی زۆری پێگەیاندن.

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاد لە (٧٠) قوات خاسە و چەکدار

لاشەی (٢٤) کوژراویان لەبەر پێی پێشمەرگە دا بوون دوانیان ئەفسەر بوون

زیانی مالّی دوژمن

شکاندنی دووەبابە و سوتاندنی (٥) ئوتۆمبێل

دەسکەوت

١٤ کلاّشینکۆف ٢ پەڕەشوت

قوربانی پێشمەرگە شەهید بوونی پێشمەرگەیەکی تیپی ١٢ سۆران بوو بە ناوی رەفیق رەسول ئەحمەد ناسراو بە نەبەز

راپـــەرین و گـــرتنی ڕەوانـــدز

دوای ئەوەی هێزی دوژمن لە دۆڵی ئاکۆیان شکستی خواردوو بە کوژراوی زۆرەوە گەرایەوە رەواندز خەڵکی شاری رەواندز هێزە شکاوەکەی دوژمنیان بەردبارانکردوو هات و هاواریان لێکردن. ڕۆژی ١٩٨٧/٥/١٩دوژمن بۆ تۆڵەکردنەوەی زیان و شکستەکەی لە دۆڵی ئاکۆیان و هەڵاتنی لەبەردەم پێشمەرگەکانی سۆران و کۆرەک ویستی چەند خانوویەکی گەڕەکی ناو ڕەزانی شاری رەواندز تەخت بکات ، خەڵکی تێکۆشەری رەواندز وەڵامی دوژمنیان دایەوە بە گەیشتنی شۆفڵ بۆ گەڕەکی ناو ڕەزان رووبەڕوویان بوونەوە هاوکات ژمارەیەک چەکدار هاتنە ڕیزی جەماوەری رەواندز بەرەی گەلیان هەڵبژارد ، جەماوەر و چەکدارە هەڵگەڕاوەکانی شۆفڵ و هێزەکەی دوژمنیاندایە بەر دەستڕێژی گوللە و دوو ئەفسەریان کوشت

بۆ سەر کوتکردنی راپەرینەکە دوو ئوتۆمبێلی شۆفرلێتی پڕ لە ئەمن و ئیستخبارات بەرەو گەڕەکی ڕەزان هاتن ئەوانیش درانە بەر دەست ڕێژی گوللە ژمارەیەکیان لێکوژرا،خەڵکی ڕەواندز و ئەو چەکدارانەی هاتنە بەرەی گەل بوونە بەرەیەک و لە بڵندگۆی مزگەوتەکانی ڕەواندزەوە داوای بەرپەرچدانەوە و لێدانی هێزەکانی داگیرکەریانکرد . خەڵکی ڕاپەریوی ڕەواندز و ئەو چەکدارنەی هاتبوونە بەرەی گەل بە پشتیوانی پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ١٢ سۆران و ١٩ کۆڕەک لەماوەی ڕۆژێکدا دەستیانگرت بەسەر دامـوو دەزگاکانی دوژمندا لەناو شاری ڕەواندز بەمشێوەیە

*بەشێک لە خەڵکی ڕاپەریوی ڕەواندز هێرشیانکردە سەر مونەزەمەی حیزبی بەعس و دەستیان بەسەرداگرت هەرچی تیا دابوو کوژرا.

*بەشێکیتر هێرشیانکردە سەر ڕەبییەی مل تەوەکرو لە ماوەی (١٠) دەقیقەدا دەستیان بە سـەردا گرت ، هەرچی تیابوو بە دیلگیران هـەر لـەو هەڵمەتە دا دەبابەیەک بە ساخی کەوتە دەست جەماوەر دوای ئەوەی (٨) کاتژمێر شەریان پێکرد تەقاندیانەوە.

*بەشێکیتر لە جەماوەری ڕاپەریو و هێرشیانکردەسەر ڕەبییەی دەورووبەری کانییە قوڕو گەرووی ڕەزان ،ڕەبییەکە بێ تەقە خۆیان دا بە دەست خەڵکەوە .

*بەشێکیتر لە جەماوەری ڕاپەریوی ڕەواندز ڕەبییەکانی سەر بەنزینخانەیان گرت و سەربازەکانیان بەدیل گرت *خەڵکی ڕاپەڕیوی ڕەواندز و چەکدارەکانی بەرەی گەل شەڕی ماڵ بە ماڵ و کۆڵان بە کۆڵانیان لەگەڵ هێزەکانی دوژمندا کردوو شاریان لە پیس و پۆخڵی بەعسییەکان پاککردەوە .هاوکات لەگەڵ ڕاپەرینی خەڵکی قارەمانی ڕەواندز دا پێشمەرگەکانی تیپی ١٢ سۆران و تیپی ١٩ کۆڕەک و هێزی پشتگیری لە دوو قۆڵەوە هاتنە ناو شار. لەقۆڵی یەکەمەوە هێرشیانکردە سەر ڕەبییەکانی گرندشەمک،سۆرەبان و قەڵاتی شۆشێ لەماوەیەکی کەمدا دەستیان بەسەرداگرتن (١٥) چەکداریان بەدیلگرت .

لە قۆڵی دووەمەوە هێرشیانکردە سەر بارەگای فەوجی سپیلک وزیانی زۆریان لە دوژمن دا لە راپەرینی خەڵکی تێکۆشەری رەواندز دا زیاد لە (١٥٠) چەکدار هاتنە ریزی پێشمەرگەوە و لوولەی چەکەکانیان کردە دوژمن

زیانی دوژمن

کوژرانی زیاد لە (١٥٠) سەرباز و ئەمن و پۆلیس و جاش

دەیان دیل گەیەندرانە ناوچە رزگار کراوەکان

دەسکەوت

٢ دۆشکەی ١٢,٧ ملم

٨ ئار بی جی

٧٠ کلاشینکۆف

لە راپەرینی رەواندز سێ هاوڵاتی شەهید بوون

١- شەهید محەمەد زێرین

٢- شەهید محەمەد حسین فریاد

٣- شەهید ئازاد شاکر

دوابەدوای ڕاپەڕینەکانی شارەزوور و ڕەواندزو هەڵەبجە و سیروان و عەربەت و ڕزگارکردنی بەشێکی ئەو ناوچانە، جەماوەری کوردستان لە شارەکانی ڕانیە، قەڵادزە، چوارقورنەو سەنگەسەرو چەمچەماڵ لە دامووەزگاکانی دوژمن ڕاپەڕین و دووکان و بازاڕیان داخست.

دوژمن دەیوویست بە زۆر دووکانەکانیان پێ بکاتەوەو مانگرتنەکەیان پێ بشکێنێ بەڵام فشارەکانی سوودیان نەبوو خەڵک بەردەوام بوو لە مانگرتن هەر بۆیە هێزە داپڵۆسێنەرەکانی ڕژێم قفڵی دووکانەکانیان شکاندو کەلوپەلی خەڵکیان برد.

گـــــرتنی نـــــاحیەی تـــەق تەق

گرتنی ناحیەی تەقتەق دەنگدانەوەی گـەورەی بە دوای خۆیدا هێنا، لە ناو جەرگەی دەیان ڕەبیەو سەربازگەدا لە سێ ڕیانی کۆیە، هەولێر، کەرکوک، کە بە هێزی ئەمنی سەربازی دەوردرا بوو، ناحیەی تەق تەق دەستی بە سەردا گیراو دارو بەردی ئاگری تێبەر بوو.

دوای کۆبوونەوەی کاک کۆسرەت لە دێی (ئۆمەر گومبەت) لە گەڵ هێزەکانی مەڵبەندی سێ داو دانانی نەخشەی گرتنی تەق تەق، بڕیاری هێرشکردنە سەر ناحیەکە و دەست بە سەردا گرتنی درا.

کاتژمێر ١١:٣٠ دەقیقەی شەوی ١٩٨٧/٥/٣٠/٢٩ هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک و تیپی ٢٥ی خالّخالّانی مەڵبەندی دوو، لە گەڵ هێزێکی هاوبەشی تیپەکانی مەڵبەندی (٣) و هێزی پشتگیری ناوچەکە، بە پێی نەخشەو پلانی پەسەند کراو لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر مەرکەزی ناحیەی تەق تەق و مقەڕ فەوجی (١٤٩) ی خەفیفە و مونەزەمەو مەرکەزی شورتەو بارەگای مەفرەزە خاسەی ئەسوەدو ڕەبیەکانی دەوروبەری شارو بارەگای سریەی پرۆژەی پەلەوەری تەقتەق، ڕەبیەی پرۆژەی ئاوی تەق تەق و دوو بارەگای سریەی فەوجی (٧٥) ی خەفیفە و بارەگای قاتعی (٣٠) ی تەموزی جەیشی ناشەعبی لە سەربازگەی قەڵاتەی سەر پردی تەق تەق و ڕەبیەکانی پارێزەری قاطعی جەیشی ناشەعبی .[٢٠]

هێزی پێشمەرگەی کوردستان، تیپە دلێرەکانی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خالّخالّان و هێزی پشتگیری لە ماوەی تەنها کاتژمێرێکدا دەستیان بە سەر تێکڕای بارەگاو ڕەبیەکانی دوژمن داگرت و گورزی گەورەیان لێوەشاند.

لە دوو قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر ڕەبیە و مۆڵگەکانی دوژمن لە ناو ناحیەی تەق تەق:

قۆڵی یەکەم: هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر و ٨٧ی قەرەچوخ، دوو کەرتی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، کەرتێکی تیپی ١٢ی سۆران

٢٠ ناحیەی تەق تەق ٤٥ کیلۆمەتر لە شاری کەرکوکەوە دوورە، کە ئەو دەمە قریوەی تفەنگ دەگەیشتە ناو شاری کەرکوک، کەرکوکی یەخسیری ژێر دەسەڵاتی بەعس کەرکوکی ئێستاش چاوەڕێ بۆ گەڕانەوەی بۆ باوەشی کوردستان

و کەرتێکی تیپی ١٩ی کۆڕەک و کەرتێکی تیپی ٨٣ی هـەورێ، دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ڕێکخستنی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان و کەرتێکی تیپی ٩٣ی کۆیە و مەفرەزەکانی بارەگای مەڵبەندی سێ و دەستەیەکی حزبی سۆسیالیست، لە ماوەی کەمتر لە کاتژمێرێکدا دەستیانگرت بە سەر ئەم شوێنانەدا:

١/ گرتنی بارەگای فەوجی (١٤٩)ی خەفیفە (سووک).
٢/ گرتنی دوو بارەگای سریەی فەوجی ٧٥ی سووک (خەفیفە).
٣/ گرتنی بارەگای سریەی پرۆژەی پەلەوەری تەقتەق.
٤/ گرتنی ڕەبیەی سەر فەرمانگەی کشتوکاڵ.
٥/ گرتنی ڕەبیەی گردی حێمل.
٦/ گرتنی ڕەبیەی سەر منەزەمە.
٧/ گرتنی ڕەبیەی پرۆژەی ئاوی تەق تەق.
٨/ گرتنی ڕەبیەی کارەبای تەقتەق.
٩/ گرتنی ڕەبیەی ناو گەرمک.
١٠/ گرتنی سەر ماڵەکانی گەرمک.
١١/ گرتنی ڕەبیەی گردی گێوژ.
١٢/ گرتنی ڕەبیەی سەر نەخۆشخانە.
١٣/ گرتنی مقەڕو ماڵی مەفرەزە خاسە (ئەسوەد).

لەم قۆڵەوە دوژمن زەرەرو زیانێکی زۆری لێدراو ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە جاش و مەفرەزە خاسە و جەیشی ناشەعبی کوژران و ژمارەیەک دیل کران و ژمارەیەکیش چەک و تەقەمەنی دەستکەوت بوون.

کـــوژراوو دیـــــل

+ کوژرانی سەد کەس لە جاش و سەرباز.
+ بە دیل گرتنی ٤٧ کەس لە جاش و کاسە لێس.

دەستکەوتەکان

+ سێ ئاربیجی و سی گوللە.
+ یەک ڕەشاشی ئاربیکەی.
+ هەشتاو حەوت (٨٧) کلاشینکۆف.
+ دوو ئامێری تیشکی (X) جیهازی ئەشیعە بە مەکینەی کارەباوە.
+ ئامێرێکی هێڵکاری دڵ، لە گەڵ ئامێرێکی ئینعاش.
+ سێ ئامێری قیاسی زەخت لە گەڵ سەرجەم کەلووپەلی نەخۆشخانە.
+ چوار ئۆتۆمبێلی پڕ لە دەرمان.
+دە حاسیبەی کارەبایی.
+ شەش ئۆتۆمبێلی هەمە جۆر.
+ یەک تایپ، یەک ڕۆنیۆ.
+ سێ جیهازی (١٠٥) و شەش تەلەفون.
+ ١٠٤ قینای غاز (دەمامک).
+سێ تراکتۆر- ١٠٠ بەتانی و کومبار و کەلووپەلی فەوجی سووک.
+ ٢٠ هەزار فیشەکی کلاشینکۆف.

زیـــانی مـــاڵی

سووتاندن و تەقاندنەوەی پرۆژەی پەلەوەر (مەشروعی دەواجن) کە بە حەوت ملیۆن دینار دەخەملێندرێ.

+ تەقاندنەوەی پرۆژەی ئاو.
+ سووتاندنی شەش ئۆتۆمبێل.
+ تەقاندنەوەی جبەخانەی (مشجب) مەفرەزە خاسە.

شەش شەهید

قوربانی ئەم سەرکەوتنە تەنها لە قۆڵی یەکەم (٦) شەهیدی ڕێگای ڕزگاری گەل بوو، شەش ئەستێرەی گەش ڕاخۆشین و گیانیان بەو داستانە بەخشی.

ناوی شەهیدەکان

+ شەهید سەلام محەمەد گۆران، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.
+ شەهید کاوە عومەر، پێشمەرگەی مەکتەبی ڕێکخستنی دوو.
+ شەهید لوقمان ڕەحمان، پێشمەرگەی تیپی تایبەتی مەڵبەندی (٣).
+ شەهید ئیسماعیل حەمەدەمین، فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٨٥ی بەڕانەتی.
+ شەهید عارف وەهاب، پێشمەرگەی تیپی ٨٧ی قەرەچووخ.

قـــــۆڵی دووەم

هێزێکی هاوبەش لە پێشمەرگەکانی تیپی ٢١ی کەرکوک و ٢٥ی خاڵخاڵان و هێزی پشتگیری ناوچەکە لەچەند لایەکەوە هەڵمەتیان بردە سەر قەلاتە کە کرابووە قاطعی جەیشی ناشەعبی و کەوتبووە چەند پردی تەق تەق، لە یەکەم هەڵمەتدا ڕەبیەی (دیمترۆفەکە گیراو چەکدارانی ناو ڕەبیەکەش کوژران[٢١]، پۆلێک پێشمەرگەیتر لە دەرگای سەرەکیەوە هەڵمەتیان بردە سەر خاڵی پاسەوانی(نقطه حراسه) ، قاعەکانی دەوروبەری، لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بە سەردا گرت.

دەستەیەک پێشمەرگەیتر هەڵمەتیان بردە سەر ژووری فەرماندەی قاتعەکەو ناقیلەی حیمایەکەی، لە ماوەیەکی کورتدا گیرا.

دوای ئەو هەڵمەتە یەک لە دوای یەکانەوە شپرزە کردنی هێزەکانی دوژمن، هەر سێ دەستە پێشمەرگەکە یەکیان گرتەوەو هەڵمەتیان بردە سەر هەشت قاعەو ڕەبیەی دیمیترۆفە دوو لوولەکەو دەستیان بە سەردا گرت.

دەستەیەکیتر لە پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەو شـەوە هێرشیان بـردە سەر ڕەبیەی پاسەوانی دیمیترۆفەکەو بە ناڵەو وریشەی ئاربیجی بە سەر چەکدارەکاندا ڕووخاندویانە و کردیانە تۆز.

لە مـاوەی نیو کاتژمێر شـەڕی بـەردەوام و قارەمانیەتی دەستیان بە سەر تەواوی قاتعەکەدا گرت و گورزی کەمەر شکێنیان لێدان و تێسرەواندن، هێزەکانی

٢١ ڕەبیەکە دیمیترۆفێکی یەک لوولەی تیا بوو پێیان دەوت ڕەبیەی دیمیترۆفە یەک لولەکە، بەو ناوەوە دەناسرایەوە.

دوژمن پەنایان بردە بەر کۆپتەر تا لە گورزی پێشمەرگە ڕزگاریان بکات، بەڵام هێزی پێشمەرگە بە چەکی دژە ئاسمانی و فڕۆکە لە کۆپتەرەکانیانداو نەیانهێشت نیشانەکانیان بپێکن[٢٢]، لە ئاسمانی شەڕەکە دوریان خستنەوە

زیانی گیانی دوژمن

+ کوژرانی (٦٠) جەیشی ناشەعبی.

دەستکەوت

+ یەک مودەڕەعەی ئاراتۆ بە دیموترۆفێک و ڕەشاشێکەوە.

+ دیمیترۆفێکی دوو لوولەی ١٤/٧ ملم چواردەو حەوت ملم.

+ دیمیترۆفێکی یەک لوولەی چواردە و حەوت ملم.

+ هاوەنێکی ٨٢ ملم.

+ ٤٧ کلاشینکۆف.

+ سێ تفەنگی پەڕەشووت.

+ بێتەلێکی تۆک تۆنی فەڕەنسی، بە وەحدەی تەجهیز قودرە و موجەفیرەی ڕاکاڵەوە.

+ بەدالەیەکی ئۆتۆماتیکی مایکرۆیف.

+ هەموو کەلوپەلەکانی نەخۆشخانەی قاتعی جەیشی ناشەعبی.

+ جیهازێکی کینۆی یابانی FM.

+ جیهازێکی مەڕسەد بەڕەکیزەوە.

+ دووربینێکی ئەشیعەی تحت حمرا.

+ جیهازێکی ١٠٥ و جیهازێکی (PRC) پی ئاڕ سی.

+ ٣٤٩ سندوق فیشەکی دیمیترۆف.

+ ١٦ سندوق فیشەکی (BKC).

+ ١٥ سندوق نارنجۆک.

+ یەک سندوق گوللەی فاس.

---

٢٢ لە کاتی گرتنی ناحیەی تەق تەق دا دەستگیرا بە سەر چەکە دژە ئاسمانیەکاندا، هەر بەو چەکانە کە کەوتە دەستی پێشمەرگە لە کۆپتەرەکانیاندا.

+ یەک سندوق گوللەی تەنویر.
+ نۆ ئۆتۆمبێلی هەمە جۆر.
+ ٧٦ سندوق فیشەکی کلاشینکۆف.
+ ٢٤٥٠٠ فیشەکی کلاشینکۆف.
+ ٨٠٠٠ فیشەکی برنەو.
+ ١٢٠ قیناعی غاز.
+ ٣ ئۆتۆمبێلی پڕ لە گوللەی هاوەنی ٨٢-٦٠ ملم.

زیانی مالّی دوژمن

+ سووتاندن و تەقاندنەوەی سێ جبەخانە (مشجب).
+ تەقاندنەوەی هەموو قاعەکانی قاتعەکە.
+ سووتاندنی تەنکەرو مەختورەو تەرنەپوول.

قوربانی هێزی پێشمەرگە لەم قۆڵەوە، چوار شەهیدی گیان لە سەر دەستی گەل، چوار پێشمەرگەی گیان فیدای (ی.ن.ک) و کوردستان بوون.

شـــــەهیدەکان

١/ شەهید عبدالرحیم لێپرسراوی دەزگای پێشمەرگایەتی مەڵبەندی دوو.
٢/ شەهید تاریق عەلی ئەمین فەرماندەی مەفرەزە لە تیپی ٢١ی کەرکوک.
٣/ شەهید یاسین حەمە ڕەش، پێشمەرگەی کەرتی یەکی تیپی ٢١ی کەرکوک.
٤/ شەهید حەمە زیاد، پێشمەرگەی کەرتی دووی تیپی ٢١ی کەرکوک.

گرتنی ناحیەی تەق تەق پڕ دەستکەوتی گەورە بوو لە چەک و تەقەمەنی و ئامێری پزیشکی و بێتەل و پێداویستیەکانی پێشمەرگە، زەرەرو زیانێکی گەورەشی لە دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی دوژمندا بەڵام بێ قوربانی و گیان بەخشین نەبوو، گیانی بەرزە فڕی (١٠) شەهید لە ئاسمانی پاکیزەیی نیشتمانداا لەو شەوەدا دەدرەوشانەوەو سەرتاپای نیشتمانیان ڕووناک دەکردەوە، ١٠ شەهید، ١٠ پێشمەرگە و فەرماندەی قالّبووی ڕۆژانی خەبات، کوڕانی دەیان داستانی دوژمن بەزێن، هەڵۆ و بازەکانی

پێدەشت و لوتکە بەرزەکان گوڵاڵە سوورەکانی نیشتمان، ئەو بەورانەی بەفری ئەستووری زستان نەیتەزاندن، هیچ هەورازو تولە ڕێیەک چۆکی بە چۆکیان دانەداو نەیبەزاندن.

شـــەهید بوونی عـــەبدولڕەحیم

لە داستانی گەورەی گرتنی ناحیەی تەق تەق (١٠) پێشمەرگە شەهید بوون، یەکێک لەو شەهیدانە عبدالڕەحیم لێپرسراوی دەزگای پێشمەرگایەتی مەڵبەند بوو.

هەر چەندە لە کاروانی دووردرێژی شەهیداندا سەدان و هەزاران شەهید بەخشراوەتە کوردستان، بەڵام هەندێک کاریگەری قوڵترو فراوانتر جێدەهێڵن بە هۆی ئەزمونی تەمەن و قاڵبونیان لە بۆتەی خەباتی پارتیزانی و شارەزاییان لە بواری شەڕی پێشمەرگانەدا.

هەر بۆیە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە بۆنەی شەهید بوونی عەبدولڕەحیمەوە بەیاننامەیەکی دەرکردو ئەو نیگەرانیەی نەشاردەوە کە لە دەستدانی عبدالڕەحیم زیانێک بوو لە (ی.ن.ک) و هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوت.

ئەمەش دەقی ڕاگەیاندننامەکەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)ە:

ڕاگەیاندنی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) دەربارەی شەهید بوونی قارەمانێکی گەلەکەمان.

فەرماندەو سەرکردەکانی (ی.ن.ک) لە ڕیزی پێشەوەی هەڵمەت و فیداکاریدا جێگە دەگرن.

هاونیشتمانیانی بەڕێز، پێشمەرگە قارەمانەکان، مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە هەواڵی شەهید بوونی ڕۆڵەی قارەمانی یەکێتی و گەلەکەمان و شۆڕشەکەمان کاک عبدالڕەحیم عبدالله بە هەموو جەماوەری کوردستان ڕادەگەیەنێ و سەرەخۆشی لە هەموو ئەندام و دۆستانی (ی.ن.ک) و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی پشتگیری، لە کەسوکاری شەهیدەکان دەکات.

کاک عەبدوڵڕەحیمی شەهید تێکۆشەرێکی بەزات و پشوو درێژو خۆڕاگر بوو، لێپرسراوی پێشمەرگایەتی بوو لە مەڵبەندی (٢)ی (ی.ن.ک)، کادرێکی ژیرو بە گوڕو

وره بەرزو لێزان بوو، هەر لە سەرەتای لاوێتییەوە سەنگەری ئازادی و سەربەستی گەلەکەمانی هەڵبژارد تا بوو بە لێپرسراوێکی ڕێکخراوەیی و کادیرێکی سیاسی و وریا و زرنگ، لە بەر ئازایەتی، وردی بەرز و هیممەتی گەورەی لە پێشمەرگایەتیدا، هەڵکەوتوو لێهاتوو لە فەرماندەی مەفرەزەو کەرتەوە گەیشتە ئەوەی فەرماندەیەکی شارەزاو بە توانای پێشمەرگایەتی مەڵبەندو دەزگای پێشمەرگایەتی بێت.

ئەم تێکۆشەرە هەڵمەتبەرە کە لە هەموو ئەو نەبەردیانەی بەشداری تیادا کرد لە ڕیزی پێشەوەداو لە گەڵ پێشمەرگەکانی هاوەڵیدا یەکەم دەستەی هێرش و پەلاماردان دەبوو، ئەمجارەش لە نەبەردێکی گەورە لە گرتنی شارێکی قایمی وەکو تەق تەقدا فەرماندەی قۆڵی مەڵبەندەکەی خۆی و دەستەی پەلاماردان بوو، لەو شارەداو لەو هەڵمەتەدا لە گەڵ دەستەیەک پێشمەرگەی قارەمانیتردا، شەوی ١٩٨٧/٥/٣٠/٢٩ شەهید بوو، ئازاو بەخشندە بە گیانی خۆیان بە خوێنی گەشیان ، گەورەیی ئەو داستانە گەورەیەی تەق تەقیان تۆمار کرد.

لەم هەلومەرجە ناسکەی هەڵچوونی بەرگری هێزی پێشمەرگەو بەرگری گەلەکەماندا لە دەستچوونی ڕۆڵەیەکی ئاوا جوامێرو دڵسۆزو ئازا، سەنگەرێکی ئەوەندە تۆکمەو قایم، تێکۆشەرێکی ئەوەندە ژیرو ڕاپەڕیوو ئەوەندە گورجوگۆڵ بە تەنها خەسارەتێکی گەورەی (ی.ن.ک) نیە، بەڵکو خەسارەتی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمانە، خەسارەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و گەلەکەمانە، ئەهێنا هەموو تێکۆشەرێکی ئەم گەلە سەری ڕێزو نەوازش بۆ گیانی پاکی و بەڕێکردنی تەرمەکەی بۆ مەڵبەندی شەهیدانی کوردو کوردستان دابنەوێ.

شەهید بوونی کاک عەبدولڕەحیم فەرماندە و کادێری پێشمەرگایەتی ڕاستیەک بەرجەستە دەکاتەوە کە (ی.ن.ک) بە خوێنی زیاتر لە (٢٠) سەرکردەو فەرماندەی شەهیدی نەریت و دیاردەیەکی گەشی لە جوڵانەوەی گەلەکەماندا چەسپاندووە کە سەرکردەو فەرماندەکان لە ڕیزی پێشەوەی خەبات و نەبەردەکاندا دەبن و دەست بە گیانی خۆیانەوە ناگرن.

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە کاتێکدا ئەم هەواڵە دڵتەزێنەی شەهید بوونی ئەو قارەمانە ڕادەگەیەنێ و سەری ڕێزو خۆشەویستی بۆ گەورەیی و فیداکاری و شەهید بوونی دادەنەوێنێ، سوور بوونی تێکۆشەرەکانی لە سەرگەرمکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەو قایمکردنی سەنگەرەکانی بەرگری و سەربەستی گەلەکەمان دووپات دەکاتەوە دڵنیاشە لەوەی خوێنی ئەو شەهیدە نەمرانەی ڕێگای ڕزگاری نیشتمانی کوردستان بە فیڕۆ ناچێ و سەرفرازی و ڕزگـاری بۆ گەل و نیشتمانەکەمان دەهێنێ.

هەزار سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی جوڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلەکەمان، شەکاوە بێ ئالای ڕزگاری نیشتمانی کوردستان.

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)

١٩٨٧/٦/١

فـــاروقی عـــەلی مـــەولود
شـــەهیدی زیـــندوو

لە گرتنی ناحیەی تەقتەق و دامووەزگاکانیدا فاروق عەلی مەولود بە سەختی بریندار بوو، دوای گرتنی زۆربەی ڕەبیەو بارەگاکانی دوژمن فاروق عەلی مەولود کە لە گرتنی ناحیەو ڕەبیەکانی دەوروبەریدا ئەرکی پێسپێردرا بوو فەرماندەی بەشێک لە هێزەکە بوو بە سەختی پێکرا.

کاک کۆسرەت لە ڕێگەی بێتەلەوە داوای لە فاروق عەلی مەولود کرد هەوڵبدات مونەزەمە و شورتە بگیرێت چوونکە هەر ئەو دوو شوێنە مابوون.

دوای بریندار بوونی فاروق عەلی مەولود سەعیدی حەمە زیاد کردیە کۆڵی و ڕزگاریکرد، بۆ جاری دووەم بە کۆڵی سەعیدی حەمە زیادەوە پێنج گوللەی بەرکەوت، ئەگەر سەعیدی حەمە زیاد نەبووایە فاروق ڕزگاری نەدەبوو.

دوای بریندار بوونی فاروقی عەلی مەولود بردیانە سماقولی، دکتۆر زریان، دکتۆر حسێن، دکتۆر چیا چارەسەریانکرد، فاروق ١٣ ڕۆژ بێهۆش بوو.

دوای سێ مانگ لە چارەسەر لە تەورێز نێردرایە ئەڵمانیا بۆ چارەسەر، دوای وەرگرتنی چارەسەر لە ئەڵمانیا گەڕایەوە کوردستان کە سەردەمی ئەنفال و پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بوو بۆ سنوورەکان بەڵام فاروق عەلی مەولود ئامادە نەبوو لە ئەڵمانیا بمێنێتەوەو گەڕایەوە سەرکردایەتی.

لە چەندین کۆبوونەوەدا مامجەلال باسی هەڵوێستی کاک فاروقی دەکرد، هەر مامجەلال نازناوی شەهیدی زیندووی پێ بەخشی.

گـــــرتنی نـــــاحیەی دێـــــگەڵە

کاک کۆسرەت نامەی بۆ فەرماندەی تیپەکان نووسیبوو، باسی چۆنیەتی گرتنی دێگەڵەی تیا کردبوو، ڕێو شوێن و پلانی دەست بە سەردا گرتنی ڕوون کردبووەوە.

فەرماندەی تیپ و کەرتەکان لە بارەگای مەڵبەندی (٣) بە سەرپەرشتی کاک کۆسرەت کۆبوونەوە، دوای ڕاوێژو گفتوگۆو دانانی نەخشەی دەست بە سەرداگرتنی دێگەڵە و دابەشکردنی قۆڵەکان بە سەر تیپەکاندا لە ڕۆژی ١٩٨٧/٩/١ لە چەند قۆڵێکەوە هێرشکرایە سەر بارەگاو مۆڵگەکانی دوژمن بەمجۆرە:

+ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی، تیپی مەڵبەندی (٣) دەستەیەکی ڕێکخراوی کۆمەڵە هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی فەوجی (١٥٦)ی جاش لە ناو مەخفەری دێگەڵە، دوا شەڕێکی دلێرانە سەرجەم جاشەکان کوژران، هێرشی ئەم قۆڵە بە سەرپەرشتی تەحسین کاوانی، بورهان سەعید سۆفی، ئاسۆ بوو.

+ تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی ڕێباز هێرشیان کردە سەر مۆڵگەی جاش و دوو زرێپۆشەکە، دوای شەڕێکی سەخت دەستیانگرت بە سەر هەر دوو زرێپۆشەکەدا.

لەم قۆڵەوە مەلا سلێمان و عەلی پوونگینە هاوشانی ڕێباز سەرپەرشتی هێرشەکەیان دەکرد.

+ تیپی ٨٣ی هەورێ هەڵمەتیان بردە سەر بارەگاکانی دوژمن لە ئۆردوگای سۆفیان، زیانی گەورەیان بە دوژمن گەیاند.

+تیپی (٩٠) ی باواجی بە سەرپەرشتی جەنگی فەقیانی هێرشیان بردە سەر هێزی حیمایە (پاسەوانی) سەر پردی دێگەڵە و تاروماریان کردن.

+ تیپی ٨٧ی قەرەچوخ بە فەرماندەیی مام غەفورو نوری قادر، هێرشیان بردە سەر بارەگای فەوجی (١٥٣) لە نزیک مەشروعی دێگەڵە و ڕەبیەکانی دەوروبەری، لەم قۆڵەوە (٣٠) جاش کوژران و (٤٠) جاشی تر بە دیل گیران.

+ تیپی ٩١ی سەفین بە سەرپەرشتی هەڤاڵ سەفین مەلا قەرە هێرشیان کردە سەر ڕەبیەکانی کوردە دلێر کە بە سەر دێگەڵە دا دەڕوانێت، ئەوانیش بە حاڵی

ڕەبیەکانیتر چوون، لەم قۆڵەدا پێشمەرگەی تیپی (٩١)ی سەفین (ئیسماعیل ونکە) شەهید بوو.

+ تیپی (٩٣) ی کۆیە بە سەرپەرشتی (مامۆستا بەکر) هێرشیان کردە سەر ڕەبیەکانی پشتی دێگەڵەو سەر ڕێگەی (گۆمەتاڵ – دێگەڵە) و دەستیان بە سەرداگرت.

دوژمن زیانی گەورەی لێدرا بەمجۆرە:

+ کوژرانی (١٥٠) جاش و سەرباز.

+ بە دیل گرتنی دەیان جاش.

دەستکەوت:

+ (٢٠٠) کلاشینکۆف و (٥٠٠٠) فیشەک.

+ جیهازێکی ڕاکاڵ و کەلووپەلێکی زۆری سەربازی.

+ زرێپۆشێک دەستی بە سەردا گیراو گواستراییەوە ناوچە ئازاد کراوەکان، دواتر سووتێندرا.

لە تێکڕای ئەو هەڵمەتانەدا سێ پێشمەرگە شەهید بوون:

١/ ئیسماعیل ونکەیی.

٢/ حەسەن ئیسماعیل.

٣/ مامە ڕەش.

شەش پێشمەرگەش بریندار بوون، بۆ تۆڵە کردنەوە لە هێزی پێشمەرگە و قەرەبووکردنەوەی شکستەکەیان، ڕژێمی داگیرکەری عێراق هێرشی هێنایە سەر مەڵبەندی (٣) بەڵام سەریان لە تاشە بەردەکانی کوردستان داو تووشی شکست هاتن.

شەڕی بەر فراوانی پێشمەرگە، کوردستانی کردبووە گۆڕستان بۆ جاش و پیاوانی ڕژێم ، بەوەش دەرونی هێزەکانی ڕژێم داڕوخاو داڕما بوو بەرانبەر باسکی بەهێزو ئەستووری هێزی پێشمەرگە.

نـــــاحیەی دێـــــگەڵە

دێگەڵە ساڵی ١٩٧٠ کراوەتە ناحیە، سەرەتای بوونە ناحیەی (٦٣) ماڵ بووە، دوای پرۆسەی بەدناوی ئەنفال و لە ساڵی ١٩٨٨ بڕیاری بە ناحیە بوونی لە لایەن ڕژێمی عێراقەوە هەڵوەشێندراوەتەوەو کراوەتەوە گوند (دێ) لە دوای ڕاپەڕین و لە ساڵی ١٩٩٢ لە سەردەستی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوەتەوە بە ناحیە و بڕیاری بۆ دەرچووەتەوە.

گـــرتنی ناحیەی کـــوڵەجۆ- زەنـــگاباد کـــۆتایی هـــاوینی 1987 مـــانگی (10)

کوڵەجۆ دەکەوێتە ناوچەی زەنگاباد، کوڵەجۆی زەنگابادی پێدەڵێن چەند کیلۆمەترێک لە جەلەولاوە دوورە.

ئەوێ ناوچەی ڕزگار کراو نەبوو لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدا نەبوو چوونی پێشمەرگە بۆ کوڵەجۆ زەحمەت بوو دەبووایە بە نەهێنی بچیتە کوڵەجۆ.

شەوی پێش گرتنی کوڵە جۆ، تیپی ٥١ی گەرمیان و (٥٣) ی شێروانە لە جادەی کفری سەرقەڵا پەڕینەوە ماوەی ڕۆژێک لەو ناوچەیە خۆیان حەشاردا لە چەمی دێی حاجی حەسەن مانەوە کە دەکەوێتە ناوچەی کۆکس و کوڵەجۆ، کە لە ڕێگەی کفری کەلار تێدەپەڕێت زنجیرەیەک بەرزایی هەیە بەرزایی حاجی عەواد دێ بنە و سەید خەلیلی پێدەڵێن دەکەوێتە نێوان دوو بەرزیەوە، لەوێشەوە تێدەپەڕێت زنجیرەیەکی بەرز دێتە ڕێت لە باکوری جەلەولاوە لە دێی ئەڵڵاح و نەقشبەندیەوە دەست پێدەکات ناوچەی زەنگابادو قەرەتەپە لە یەک دادەبڕێن دێنە پشتی دوانزە ئیمام کە نزیکی کفرییە.

هێزی پێشمەرگە نێوان ئەو دوو بەرزاییەیان بە پێ بڕی چوونە چەمی دێی حاجی حەسەن کە نزیکەی کاتژمێرێک لە کوڵەجۆوە دوورە، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە لە چەمی حاجی حەسەن مانەوە لە گەڵ خۆرئاوا بووندا کەوتنە ڕێ بۆ کوڵەجۆ.

هێزەکان کران بە چەند بەشێکەوە لە ناو شاردا دابەشکران، دوای کاتژمێرێک لە خۆر ئاوا بوون لە ناو شاردا لە مەرکەزی شورطە و مونەزەمەی حزبی بەعس

و ناحیە درا، دەستگیرا بە سەر ناوچەکەو مەرکەزی شورطە دا بەڵام مونەزەمە نەگیرا تێکڕای فەرمانگەو داموو دەزگاکان دەستیان بە سەردا گیرا کۆمەڵێک جاشی زۆر گیران، تا کاتژمێر ١٠ی شەو شەڕ بەردەوام بوو، لێدانی داموودەزگاکانی دوژمن ئەو شەوەی کردبووە ڕۆژی ڕووناک، چەڕە دووکەڵی سووتانی داموو دەزگاکان بەری ئاسمانی کوڵەجۆی گرتبوو خەڵکی کوڵەجۆ بە شەوقەوە لە ماڵەکانیانەوە تەماشاچی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەو کوڕانی گەرمیان بوون، لە گرتنی کوڵەجۆدا سەید نەجم پێشمەرگەی تیپی (٥١)ی گەرمیان شەهید بوو چەند پێشمەرگەیەکیش بریندار بوون.

دوای کاتژمێر (١٠) هێزی پێشمەرگە کشانەوە دەرەوەی شار بەڵام دوو پێشمەرگە لە ناو شاردا لە هێزەکە دابڕان.[٢٣]

دوو پـــێشمەرگە دابـــڕان

حەمە ڕەشید توکنی و جەمال شێخ حەمیدی لە هێزەکە دابڕان، کاتێک هێزەکان ڕۆیشتنە ناو شارەوە بەشێک لە هێزەکان بە سەر کۆڵانەکانی کوڵەجۆدا دابەشکران بۆ ئەوەی لە گەڵ لێدانی داموودەزگاکانی دوژمندا جاش و چەکدارەکانی ڕژێم دەرفەتی ڕاکردنیان نەبێت، جەمال شێخ حەمیدی و حەمە ڕەشید توکنی لە کۆڵانێکدا دانران کە دەکەوێتە پشتی مەرکەزی ناحیەکەوە[٢٤] دوای گرتن و لێدانی ناوچەکە هێزی پێشمەرگە پاشەکشەیانکرد بەڵام بە لای ئەماندا نەکشانەوە، وردە تەقە مابوو جەمال و حەمە ڕەشید پێیان وابوو پێشمەرگە لە ناو شاردا ماوە، کاتژمێر گەیشتە ١٠:٣٠ دەقیقە کەسێک بە ڕاکردن بەرەو ڕوویان هات، ئەمانیش فیشەکیان لێخوڕی و وتیان بجوڵێی دەتکوژین، کەسەکە ووتی بۆ خاتری خوا مەمکوژن ئێوە چین، وتیان ئێمە پێشمەرگەین، هاتە نزیکەوە ووتی من ناوم (لوقمانە) برایەکم پێشمەرگەیە، حەمە

٢٣ پێشمەرگە کاتژمێر (١٠) پاشەکشەیانکرد، هەڵکەوتەی ناوچەکە وابوو ئەگەر زوو پاشەکشەیان نەکردایە فریای پەڕینەوەی ڕێگای کفری کەلار نەدەکەوتن دەرفەتی مانەوەش قورس بوو ئەگەر هێز بهاتایە دەرچوون ئاسان نەبوو.

٢٤ کە چوونە کوڵەجۆ کوڕێکیان لە گەڵ بوو ناوی ئازاد سدیق بوو وتی لێرە مەجوڵێن تا دێم بە دواتاندا، حەمە ڕەشید وتی تا بەیانی لێرە ناجوڵێم.

ڕەشید براکەی دەناسی، لوقمان ووتی چی دەکەن لێرە هێز هەمووی کشاونەتەوە، حەمە ڕەشید و جەمال وتیان هێز چۆن دەکشێتەوە ئێمەیان لێرە داناوە وتویانە نەجوڵێن تا دێین بە دواتاندا، لوقمان ووتی بە قورئان پێشمەرگەیەک لەو ناحیەیەدا نەماوە وتیان نەخێر وا نییە، لوقمان ووتی بریندارێک و شەهیدێکیان هەیە خۆمان لە گەڵیان دەرمانکردووە، حەمە ڕەشید و جەمال وتیان موستەحیلە، نەگەیشتنە ئەو بڕوایەی پێشمەرگە پاشەکشەی کردبێ، لوقمان ووتی هیچتان دەوێ بۆتان بهێنم، وتیان برسیمانە لوقمان شووتی و نانی بۆ هێنان خواردیان.

جەمال بە حەمە ڕەشیدی وت با بڕۆین، حەمە ڕەشید ووتی ناڕۆین بێنە دوامان و ئێمە لێرە نەمابین دەڵێن لە ترسا ڕایانکردووە، کاتژمێر گەیشتە یانزە جەمال ووتی، با بڕۆین حەمە ڕەشید ووتی ناڕۆین، کاتژمێر گەیشتە ١١:٣٠ دەقیقە کەسێکیتر هات دەنگیاندا خەڵکی ئەو ماڵە بوو کە جەمال و حەمە ڕەشید لە بەردەمی خانووەکەیاندا دانیشتبوون ووتی ئەوە چیدەکەن لێرە وتیان پێشمەرگەین، ووتی کاکە پێشمەرگە دەمێکە دەرچووە لە شار، وتیان چۆن، ووتی کاکە من خۆم لە گەڵیاندا بووم هەتا شەهید و بریندارەکەیان لە مەشروعەکە پەڕاندووەتەوە[٢٥] دڵنیا بن یەک پێشمەرگە نەماوە من لە دڵسۆزی ئەمەتان پێدەڵێم هەر چیدەکەن فریاکەون.

جەمال و حەمە ڕەشید نە شارەزا بوون، تا کاتژمێر ١٢ی شەو لە ناو شاردا مانەوە، کاتژمێر ١٢ لە شار دەرچوون نە شارەزاو ملی ڕێگەیانگرت ڕۆیشتنەوە چەمی حاجی حەسەن، خواردن و نانیان پێنەبوو برسی بوون باخێکی هەنار لەوێ بوو ڕندرابوو بەڵام دانە دانەی پێوە مابوو هەناریان لێکردەوەو خواردیان.

بەرە بەیان لە چەمی حاجی حەسەن بوون وا ڕێکەوتن ئەگەر دنیا تاریک بێت بزانن لەو زنجیرە شاخە دەچنە ئەودیو ئەوا دەڕۆن، ئەگەر بزانن فریا ناکەون ئەوە دەگەڕێنەوە، دنیا ڕووناک بوو ناچار لەوێ مانەوە، خواردنیان پێنەبوو هەناریان خوارد هەتا نیوەڕۆ لە دڵەڕاوکێدا بوون ئێستا نا کەمێکیتر دێنە سەرمان چەند جارێک دەنگی کۆپتەر هات ، کات نیوەڕۆ بوو وتیان ئەگەر زوو نەڕۆین نەچینە

[٢٥] مەشروعی ئاوەکە دەکەوێتە سەروی کوڵە جۆوە، بە دیوی گەڕانەوەی پێشمەرگەکاندا بوو.

سەر ڕێگای کەلار سەرقەڵا لە برسا دەمردین دەبێ هەر چۆنێک بووە خۆمان بگەیەنینە ئەوێ.

کاتژمێر (١)ی دوانیوەڕۆ لە چەمەکە دەرچوون شیو بە شیو چوونە ئەو دیو، دێی ئێڵانچی بنە ڕانێکی تیابوو چوونە بنە ڕانەکە کابرای خاوەن ڕان ووتی بۆ خاتری خوا ئەوە چی دەکەن لێرە، چەند کاتژمێرێک پێش ئێستا هێزێک لە سەر جادەوە هاتن بەم دەشتەدا ڕۆیشتن چەند ئۆتۆمبێلێک بوون.[٢٦].

بنە ڕانەکە لە ژێر شاخێکدا بوو ئەگەر ئەو شاخەیان بە پێ ببڕیایە دوو کاتژمێری دەویست هەمووی بەرزی و نزمی بوو.

خاوەن بنە ڕانەکە ووتی لەم ناوە بمێننەوە باشترە کۆپتەر بێت تووش دەبن، جەمال و حەمە ڕەشید نەمانەوە بە دەشتەکەدا کەوتنە ڕێ هەتا زوو بگەنە سەر جادە، گەیشتنە دێی چاڵە ڕەش لە چاڵە ڕەش بنە ڕانێکی لێبوو عەرەب بوون چوونە لای عەرەبەکە پێیان وت ئێمە دابڕاوین، هیلاکین لە برسا هیچمان پێنیە، تەنها دوو پارچە نانی دانێ و خواردیان، کابرای عەرەب ماتۆڕی هەبوو، جەمال و ڕەشید وتیان ناکرێت تۆزێک نزیکمان بکەنەوە، ووتی بە سەر چاو عەسرێکی درەنگ بوو جەمال و ڕەشید چوونە دوای ماتۆڕەکەوە هەر دووکیان هێندەی کەسێک دەبوون دوو جەستەی لەڕو لاواز نزیک بەرزاییەکانی کردنەوە کە ڕێگای کەلارو سەرقەڵای لێدیار بوو کابرای عەرەب لەوێ گەڕایەوە، حەمە ڕەشید بە جەمالی وت دەبێت بە ڕووناکی بچینە ئەو بەرەوە چوونکە ئەمشەو ئەم ڕێگەیە پڕ دەبێت لە کەمین، جەمال و حەمە ڕەشید بە شیوو دۆڵەکاندا ڕۆیشتن نزیکی جادەکە بوونەوە، چاودێری جادەکەیان دەکرد هیچی لێنەبوو، ئێوارە بەرەو لێڵی دەڕۆیشت، خەریک بوو چاوی بینین لاواز دەبوو، گەیشتنە جادەکە و بەڕاکردن پەڕینەوە ئەوان چوار سەد مەتر دوور نەکەوتبوونەوە لە جادەکە کەمین هاتە ئەو شوێنە، ئەگەر زووتر نەڕۆیشتنایە دەکەوتنە کەمینەکەوە جەمال و ڕەشید لە مەترسی ڕزگاریان بوو

٢٦ جەمال و حەمە ڕەشید برسیان بوو داوای نانیان لە خاوەنی بنە ڕانەکە کرد وتی نانم لانەماوە عەسر بۆم دێنن، مەتارەی ئاویان پێ نەبوو دوو قتویان دۆزیەوەو ئاویان تێکرد.

چوونە میل قاسم دوژمن ڕووخاندبووی چوونە کانی ماران چۆڵ بوو، بۆ کاتژمێر (١٠)ی بەیانی گەیشتنەوە توکن، بەڵام نە هێزیان تیا مابوو نە وزە، برسی و هیلاک و ماندوو، کە بەرەو کوڵە جۆ بەڕێکەوتن عوسمان تلیشانی جێگری کەرتیان لە گەڵدا بوو کە گەڕابوونەوە توکن نەیانوێرا بوو باسی حەمە ڕەشید و جەمال بکەن، چووبوونەماڵی حەمە ڕەشید، دایکی حەمە ڕەشید بە عوسمان تلیشانی وتبوو کوا حەمە ڕەشیدتان لە گەڵ نییە عوسمان وتبووی بە ئیش و کاری شۆڕش ڕۆیشتووە.

حەمە ڕەشید و جەمال لە بەرزاییەکەی توکن دەچوونە خوارەوە پێشمەرگەکان بینیانن هاتن بە پیریانەوە پێکەوە ڕۆیشتنە ماڵی حەمە ڕەشید، دایکی بە حەمە ڕەشیدی وت کوڕم بۆ وات لێهاتووە بێهێزو لاواز و ڕەش هەڵگەڕاوی، چیرۆکەکەیان بۆ گێڕایەوە دایکی حەمە ڕەشید بە عوسمانی وت من پرسیارم لێکردیت وتت بە ئیشێک ڕۆیشتووە دێتەوە کەچی کوڕەکەمت داوەتە گورگان خواردو باسی ناکەیت، عوسمان بە حەمە ڕەشیدی وت بە تەماتان نەبووین وتمان یان گیراون یان شەهید بوون.

بەمجۆرە ناحیەی کوڵەجۆ لە ناو دڵی داگیرکەردا گڕو بڵێسەی کوڕانی گەرمیانی لێهەستا لە گرتنی کوڵەجۆدا کۆمەڵێک چەک دەستکەوت بوو، ژمارەیەک دیل هەبوو، چەندین سەربازو جاش و ئیستخبارات کوژران.

گـــرتنی ناحیەی قەڵـــغانلو
زســـتانی 1987

هاوینی ساڵی ١٩٨٧ بەرنامەیەک دانرا بۆ گرتنی ناحیەی قەڵغانلو، لە لایەن تیپەکانی (٥١)ی گەرمیان، (٥٣)ی شێروانە، (٥٩)ی حەمرین.

تیپەکان لە ناوچەی داوێ، دێیەکانی ناوچەی داوێ، چەوری، ساڵەیی و مەحمود بەگ بوون، دەمەو ئێوارە تیپەکان بە سواری تراکتۆر کەوتنە ڕێ چوونکە ڕێگە دوور بوو، لە گەڵ خۆرائاوا بوون (٧) کۆپتەر هاتنە سەر ئاسمانی ناوچەکە، هێزەکان لە ڕۆیشتندا بوون، بەڵام کۆپتەرەکان بە ڕیز تەنویریان هەڵدەدا، ناوچەکەیان ڕووناک دەکردەوە، شەوی ئەوێ ببووە چراخان، هەر بۆیە فەرماندەکان بڕیاریاندا بگەڕێنەوە و نەچن بۆ چالاکیەکە، چوونکە پێیان وابوو هەست بە جوواڵەیان کراوەو زیانیان زیاتر دەبێت.

مـــانگی 1987/12
گـــرتنی ناحیەی قـــەڵغانلو

بۆ جاری دووەم و لە زستانی ساڵی ١٩٨٧ بەرنامەی دەست بە سەرداگرتنی ناحیەی قەڵغانلو دانرایەوە ڕەبیەکان دەستنیشانکران، تیپە قارەمانەکانی ٥٣ی شێروانە، ٥١ی گەرمیان، ٥٩ی حەمرین هەڵمەتیان بردە سەر ڕەبیەکانی ناحیەی قەڵغانلوو لە ماوەیەکی کەمدا دەستیان بە سەردا گرت.

ناحیەی قەڵغانلوو چۆڵکرابوو تەنها جاش و سووپای عێراقی تیا بوو، لە ناو قەڵغانلوو فەوجێکی جاشی تیا بوو دە ڕەبیەی هەبوو، بارەگای فەوجەکەش هەر لە ناو قەڵغانلوو بوو.

دوای داستانی ڕزگاری بە فەرمانی عەلی حەسەن مەجید ناسراو بە (عەلی کیمیایی)، ناحیەی قەڵغانلوو، ناحیەی قادر کەرەم چۆڵکرا بوون، خەڵکەکەی دەرکرا بوون، تەنها دەزگای سەربازی و جاشی تیا مابوو.

ناحیەی قەڵغانلوو دەستی بە سەردا گیرا، دەستکەوتی زۆر هەبوو، چەندین ئۆتۆمبێل دەستی بە سەردا گیرا.

قوربانی هێزی پێشمەرگە، شەهید بوونی (جەلال گڵاباتی) فەرماندەی مەفرەزە بوو لە کەرتی (٦)ی تیپی (٥١)ی گەرمیان.

ساڵێك لە گفتوگۆدا
1985-1984
حەوت

ســـــاڵێك لە گـــــفتوگۆدا

گفتوگۆی شۆڕش بە ڕێبەرایەتی (ی.ن.ک) و ڕژێمی عێراق بە سەرکردایەتی حزبی بەعس، یەکێک لە وێستگە گرنگەکانی شۆڕشی نوێیە کە تیایدا دوای هەرەس و دوای حەوت ساڵ خەباتی نەپساوەو بێوچان ڕژێمی عێراقی ناچار بە گفتوگۆ کرد، ئەو ڕژێمەی بۆ کۆتایی هێنان بە شۆڕشی ئەیلول و لە ناو بردنی بزووتنەوەی کوردایەتی گەورەترین سازشی لە گەڵ ڕژێمی شای ئێراندا کردوو دەستبەرداری مافەکانی بوو لە کەنارە ئاویەکانی وەکو خۆیان دەیانووت (ش العرب).

گفتوگۆی (ی.ن.ک) و ڕژێمی عێراق یەکەم گفتوگۆ نەبوو لە مێژووی شۆڕشەکانی کوردا، هەروەک دوا گفتوگۆش نەبوو، بە درێژایی خەباتی ڕەوای گەلی کوردستان لە پارچەکانی کوردستاندا، گفتوگۆو دانووستاندن لە نێوان سەرکردایەتی سیاسی کوردو داگیرکەرانی کوردستاندا کەم تا زۆر بەڕێوەچووە، بەڵام هیچیان تا ئەو کاتە ڕەنگە بڵێم بە ئێستاشەوە نەگەیشتوونەتە ئەنجامی یەکلاکەرەوە، بە سەرکەوتن و کەناری ئارام نەگەیشتوون.

نزیکترین گفتوگۆ، پێش گفتوگۆی شۆڕشی نوێ و دەوڵەتی عێراق، گفتوگۆی نێوان شۆڕشی ئەیلول و عێراق بوو کە چوار ساڵی خایاند و سەرەنجام بە هەڵایسانەوەی شەڕ کۆتایی پێهات.

گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ک) و ڕژێمی عێراق بە نێوەندگیری لایەنی سێهەم دەستپێکرد کە ئەویش حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا) و خودی دکتۆر عەبدوڵڕەحمان قاسملو بوو کە توانی زەمینەی گفتوگۆی ڕاستەوخۆی (ی.ن.ک) و ڕژێمی عێراق بڕەخسێنێ و لە سەر مێزی گفتوگۆ کۆیان بکاتەوە.

وەفدی ڕژێمی عێراق بە نێوەندگیری دکتۆر قاسملو دووجار لە گەڵ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) کۆبوونەوە، جارێک لە بارەگای حزبی دیموکراتی ئێران لە گۆڕە شێر جارێکیش بێ ئامادەبوونی حزبی دیموکرات لە ناوزەنگ، بەڵام هێشتا بە ئاشکرا گفتوگۆ ڕانەگەیەندرا بوو.

سەبارەت بە گفتوگۆ کردن لە گەڵ ڕژێمی عێراق (ی.ن.ک) ڕاستەوخۆ بڕیارینەدا، بەڵکو کۆبوونەوەی فراوانی لە گەڵ کادیرەکانی ڕێکخستن و فەرماندە

سەربازییەکان ئەنجامداو بیروڕای وەرگرتن، پرسی بە کەسایەتیە سیاسییە بێلایەنەکان، نووسەران و ڕۆشنبیران، چین و تویژەکانی کوردەواریکرد، دوای وەرگرتنی بیروڕای زۆرینەی هێزی پێشمەرگەو چین و تویژەکانی گەل، لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٣ دا بڕیاری گفتوگۆی لە گەڵ ڕژێمی عێراقدا.

فەرەیدون عبدالقادر چووە بەغدا، بەرزان تکریتی و تاریق عەزیزی بینی، گفتوگۆیان لە سەر ڕەخساندنی زەمینەی گفتوگۆ کرد، دوای وەرگرتنی هەڵوێستی بەرزان تکریتی و تاریق عەزیز گەڕایەوە سەرکردایەتی و لە هەڵوێستی بەغدا ئاگاداریکردنەوە.

دوای ئەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بڕیاری گفتوگۆو دانووستانی لە گەڵ ڕژێمی عێراقدا لە سەر بنەمای بەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد لە باشوری کوردستان، لە ڕێگەی دکتۆر قاسملو وەڵامی بەغدایان دایەوەو بە شێوەیەکی ئاشکرا گفتوگۆ دەستپێکرد.

ئەوەی من لێرەدا لەسەری دەوەستم و هەڵوێستەی لەسەر دەکەم، سەردانی وەفدەکان و چۆنیەتی بەڕبوە چونی گفتوگۆکان و زانیاری سەر مێزی گفتوگۆ نییە بە تەنها، بەڵکو ئەو ڕووداوانەن کە لە سەرەتای دەستپێکردنی گفتوگۆوە، لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٤) تا کۆتایی هاتنی گفتوگۆ لە ١٩٨٥/١/١٥ و دواتریش شەڕ بوونەوە و شڵەقاندنی گۆمی مەنگی نە شەڕ نە ئاشتی یە.

لێرەدا گوزەرێک بەنێو ڕووداوەکانی ساڵی (١٩٨٤) تا نیوەی یەکەمی مانگی ١٩٨٥/٢ دا دەکەین، کە پڕە لە ڕووداوی ناخۆش و دڵتەزێن، پڕە لە هەڵچوون و داچـوون، پـڕە لە دڵە ڕاوکـێ و هیوا، پـڕە لـەچـاوەڕوانـی خەڵکی کوردستان بەدەرەنجامەکانی گفتوگۆ، چوونکە لەماوەی گفتوگۆدا جگە لەوەی هێزی پێشمەرگە دابەزیبوونە شـارەکـان سەرکردەکانی یەکێتی بۆ گفتوگۆ و دانـووسـاندن لە بەغدابوون، سەرکردایەتی بەعسیش دەهاتنە سورداش، ئاهەنگی گەورەی سورداش ڕێکخراو، هەزاران کەس تیایدا ئامادەبوون، بەڵام لەو نێوەندەدا ڕژێمی عێراق و داموودەزگاکانی سیخوڕو و بەکرێگراوەکانی لە پیلانیگێڕان نەکەوتبوون، چەندین

ڕووداوی دڵتەزێن ڕوویاندا، دەیان خوێنکارو فەرمانبەر و هونەرمەند بەبیانووی جۆراوجۆر لەکارەکانیان دەرکران و دوورخرانەوە، چەندین خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین بێویستی خۆیان فەسڵ کران، دەیان پێشمەرگەو فەرماندەی قارەمان لەپەنای گفتوگۆدا شەهیدکران.

کۆتایی ساڵی 1983 – سەرەتای گفتوگۆ

دوای هاتنی وەفدی عێراق بۆ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) و گفتوگۆو بیروڕاگۆڕینەوە لەلایەن هەردوولا، دوای وەرگرتنی بیروڕاو سەرنجی هێزی پێشمەرگە و تێکۆشەران و چین و توێژە جیاکانی کوردستان گفتوگۆودا دانووستان لە نێوان (ی.ن.ک) و ڕژێمی عێراقدا دەستپێکرد

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەڕەسمی لە ڕێگەی ئێزگەو هۆکانی دیکەی ڕاگەیاندنەوە ئاشکرای کرد کەلەگەڵ ڕژێمی عێراقدا لەگفتوگۆداین.

گرنگە ئەو ڕاستییە بڵێین کە کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی لە قۆناغەکانی خەبات و تێکۆشاندا، بەناچاری پەنایان بردووەتە بەر خەباتی چەکداری ، چوونکە ڕژێمە داگیرەکەرەکانی عێراق و کوردستان هەرگیز ئامادە نەبوون مافی ڕەوای گەلی کورد بسەلمێنین، بەڵکو هەمیشە بە ئاگر و ئاسن مامەڵەیان لەگەڵ مەسەلەی ڕەوای گەلی کوردا کردووە، هەر بۆیەش بزووتنەوە یەک لەدوای یەکەکانی کوردستان بەناچاری پەنایان بردووەتە بەر چەک و خەباتی چەکداری تا بەرگری لە تواندنەوەو سڕینەوەی نەتەوەی کورد بکەن.

(ی.ن.ک) بەهەمان شێوە لە ڕوژگارێکدا دەستیدایە چەک کە دەرفەتێک بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد نەمابوو، بەڵکو هێندە نەبوو شۆڕشێکی چواردە ساڵە گلابوو.

(ی.ن.ک) وەکو شێوازێکی خەبات دەیڕوانییە کفتوگۆ هەمیشە دەرگای والابوو بۆ هەر هەنگاوێک کە مافی ڕەوای گەلی کوردی تیا مسۆگەربێت گفتوگۆی ڕەتنەکردووەتەوە و هەرکات دەستی ئاشتی بۆ درێژ کرابێت و هەنگاوێک هاتبنە پێش (ی.ن.ک) دوو هەنگاوی بە ئاراستەی ئاشتی ناوەو هەمیشەش هەروابووە.

لە ئاشتی دا کۆتری سپی و شنەی باین
لەشەڕیشدا پڵنگین و ڕەشەباین

لەگەڵ دەسپێکی گفتوگۆ ووڵات بەرگێکی نوێی پۆشی، شادی و خۆشی کەوتە دڵی هـەزاران خێزانی شەهیدو زیندانی سیاسی ، چین و تویژەکانی کوردستان بەگەرمی پێشوازیان لە گفتوگۆکرد، هێزی پێشمەرگەی کوردستان دابەزینە شارەکان، تفەنگەکان بێدەنگ بوون، سەردەمێکی نوێ هاتە کایەوە، دڵەکان پڕبوون لە هیوا، هەمووان بە ئومێدبوون کۆتایی بە وەرزی شەڕوو خوێن ڕشتن بێت، کورد بگاتە کەناری ئارامی و بەمافەکانی شادبێت، سەرقاڵی ئاوەدانکردنەوەو ساڕێژکردنی برینەکان بێت.

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) زۆر بە گەرمی خوازیاری کۆتایی هێنان بوو بەکێشەکان لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا، ئەویش بەسەلماندنی مافی ڕەوای گەلی کوردستان و بەدەسیتهێنانی مافەکانی لەو قۆناغەدا کە خۆی لە ئوتونۆمیدا دەبینیەوە.

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) نەک هەر لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا بەڵکو لەگەڵ تێکڕای حیزبە کوردستانییەکاندا خوازیاری ئاشتی و چارەسەرکردنی کێشەکان بوو، لەسەرەتاو دەستپێکی کفتوگۆدا چەندین نامەی لەڕێگەی عەبدولی حمە باقی و فەرەیدون دارتا شەوە گەیاندە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی سوسیالیست و حزبی شیوعی بەڵام وەڵامی پێویستی وەرنەگرتەوە و لایەنەکان ئامادەی گفتوگۆ نەبوون هەوڵەکان بە ئاڕاستەی چارەسەرکردن بوون، گەلیش بەهیوای چارەسەر چاو لەڕێ بوو بەڵام ئاڕاستەی ڕووداوەکان خاڵی نەبوون لە کێشەو گرفت زامور برین، لەوەیشومەی شەڕ

هەڤاڵ مام جەلال سکرتێری گشتی ی .ن. ک سەبارەت بە دەستپێکردنی گفتوگۆو ڕاگرتنی شەڕەوە لەگەڵ ڕژێمی عێراقدا لە ڕۆژی ١٩٨٤/١/١ لە زیخان ووتارێکی پێشکەش کرد ئەمەش دەقی وتارەکەیە

لە زیخان لە ڕۆژی 1984/1/1

خوشک و برایانی خۆشەویست

دیارە پەیوەندی نێوان خەڵکی کوردستانی تێکۆشەرو، بەپەرۆشی ئامادەبوونیان لەو شوێنەدا، نیشانەی ئەو ڕاستییەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەمڕۆ لە هەموو ڕۆژێک زیاتر سوورن لەسەر مافە ڕەواکانی نەتەوەیەتی و دیموکراتی خۆیان ی.ن.ک کە بەگیانی پاکی هەزاران شەهیدی قارەمان ئەم ڕۆژەی بۆ کورد پێکهێناوە، کە هیوای ئەوەیە ڕۆژی ڕزگاری و وەدەستهێنانی هەموو مافەکانی نەتەوەکەمان نزیک بووبێتەوە، بۆیە پێویستە ئەمڕۆ لەپێش هەموو شتێکدا یادی ئەو شەهیدە قارەمانانە بکەینەوە کە گیانی پاکی خۆیان لەپێناوی کوردو کوردستان و مافەکانی کۆمەڵانی خەڵک بەخشی .

خوشک و برایانی خۆشەویست

ئەمانەوێ هەندێ لەسەر وەزعی ئێستادا قسەبکەین و ڕوونکردنەوەیەکی باش بزانن.

خۆتان باش ئەزانن کە ماوەی هەشت ساڵ بەر لەئێستا ی.ن.ک شۆڕشی دیموکراتی نوێی لە چیاکانی کوردستانەوە هەڵگیرساندەوە، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد مافە ڕەواکانی وەربگرێ، بۆ ئەوەی کورد کوردستان بپارێزێت لە فەوتان و لە ناوبردن و تیاچوون، بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردی ئێمەش وەکوو هەموو نەتەوەیەکی ئەم سەردەمە بە مافەڕەواکانی دیموکراتی و نەتەوایەتی خۆی شاد بێت. لەو ٨ ساڵەدا ی.ن.ک پشت بە ئێوەی تێکۆشەر، بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چەندین سەرکردەو دەیان کادر و سەدان ئەندام و لایەنگری قارەمانی گیانی پاکیان لەو ڕێیە پیرۆزە بەختکرد. نیازی ڕاستەقینەش بەدیهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد

و پاراستنی کورد و کوردستان بوو، ئێستاش هەمان نیاز ، هەر دروشمی سەرەکی (ی.ن.ک) بەڵام خۆتان ئەزانن کە خەبات لە قۆناغ و هەلوو مەرجی جیاجیادا شێوەی جیا جیا بەخۆیەوە دەگرێت، جار وایە خەباتی چەکدار شێوەی سەرەکی دەبێت ، چونکە ئەو قۆناغە پێویستی بە خەباتی چەکداری دەکات. جار هەیە خەباتی سیاسی ، جار هەیە خەباتی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی پێکەوە. لەم قۆناغەشدا هەلوو مەرجێک هاتۆتە پێش کە ی.ن.ک گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بۆ وەدەستهێنانی مافەکانی گەلی کورد و پاراستنی کوردستان پێویستی بە شەڕ ڕاگرتن هەیە لەگەڵ حکومەت. ئەوە بوو لەئەنجامی گفتوگۆدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە ئەمڕۆ پێویستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد وا ئەخوازێت کە شەڕ ڕابگیرێت لە کوردستانی عێراقدا، لە نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی چەکداری حکومەت.

هۆیەکانی سەرەکی ئەو شەڕ ڕاگرتنەش بریتین لەو هێرشەی کە دەکرێتە سەر کوردستان بۆ داگیرکردنی و، لەناوبردنی شۆڕش و جوڵانەوەی دیموکراتی ڕزگاری خەڵکی کوردستان، جا بەنیازی پاراستنی ناوچە ڕزگارکراوەکان لە دەسەڵاتی دەوڵەتان، بەنیازی هێشتنەوەی هـ . پ. ک و گەشەپێدانی، بەنیازی پاراستنی برایەتی کورد و عەرەب، ئەم شەڕاگرتنە هاتۆتە کایەوە.

جگە لەمانە ڕاستییەکی تریش هەیە ئەوەی کە میری جارێکیتر وە لەم سەردەمانەدا ئامادەیی خۆی نیشانداوە بۆ سەلماندنی مافەکانی گەلی کورد، بۆیە دەمەوێ لەسەر ئەو مافانەی کە لەلایەن ی.ن.ک داواکراوە چەند ڕاستییەکتان بۆ ڕوون بکەمەوە.

لە پێشەوە دەمەوێ ئەو درۆ و دەلەسانەتان بۆ ڕسوا بکەم کە هەندێ لەو دەزگا و کەسانی کەڵک وەرگر لە خوێنی گەشی هاوواڵتیان لەشارەکان بە دۆر بڵاویدەکەنەوە. بێشەرمی هەندێک لەو دەزگایانەگەیشتوونەتە ئەو ڕادەیەی کەوا بڵادەکەنەوە گوایە پێشمەرگەی کوردستان و ی.ن.ک ماندوو بوون و خەریکە لە برسان بەلادا دێن و ، ئەوانیش بەزەییان پێدا دێن و وەکوو هاونیشتیمانی ڕێگایان دەدەن بێنەوە ووڵات ، هەندێکیان باسی ئەوە دەکەن گوایە گەڕانەوەیە بۆ ڕیزی نیشتمانی .

دەمەوێ ئەو ڕاستییەتان پێبڵێم کە ڕیزی نیشتمانی تەنیا ڕیزی ی.ن.ک و هـ .پ.ک .ڕیزی نیشتمانی ڕیزی ئەو شەهیدە قارەمانانەیە کە لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان دروشمی (یان کوردستان یان نەمانیان) بەرزکردەوە . ڕیزی نیشتمانی ڕیزی ئەو تێکۆشەرانەیە کە بەگژ هەموداگیرکەرانی کوردستان دا دەچنەوە . لەپێناوی مافی کوردا چوونەوە بەگژ داگیرکەران و نەیانهێشت داگیرکەران خاکی پاکی کوردستان داگیر بکەن . ئەو کەسانەی پێویستایان بە گەڕانەوەیە بۆ ڕیزی نیشتمانی ی.ن.ک نییە کە لە ناو چەقی ڕێگاکەو ڕێبازەکەدایە، بەڵکو ئەو کەسانەن کە دەستیان ناوەتە دەستی کۆنەپەرستان و داگیر کەران .

خوشک و برایانی خۆشەویست

مەسەلەی گفتوگۆ لە بەینی ی.ن.ک و حکومەتی عێراق، مەسەلەی وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردە، ئەو داوایانەی گەلی کوردیش کە کراون بریتین لەو داوایانـەی کە لـەدڵ و دەروونـی هەموو کوردێکی بەشەرەفدایە، کە بریتین لە ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە کە هەموو ناوچە کوردنشینەکان بگرێتەوە، کە هەموو کوردستانی عێراق بگرێتەوە، کە هەموو ئەو شارو ناوچانەی لە کوردستان دابڕاون بخرێنەوە سەر حکومی زاتی، حکومی زاتی ڕاستەقینە، کە بریتییە لەوەی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ هەموو مافەکانی کە بەکورد ئەدرێ بەکاریان بهێنێت، مانای ئەوەیە کە هەر خەڵکی کورد لە کوردستاندا حوکمڕان بێت، کە هەر خەڵکی کورد ئەو مافانە بەکاربهێنێت بەهۆی ئەو نوێنەرانەی کە بەسەربەستی هەڵیاندەبژێرێ لە حکومەتی ئۆتۆنۆمیدا . مانای ئەوەیە کەدەزگایەکی کارتۆنی نەمێنێ لە کوردستاندا بە ناوی حوکمی زاتی، حوکمی زاتی ڕاستەقینە مانای ئەوەیە ئەو جاش و چڵکاو خۆرانەی کوردستان ئیتر بچنەوە سەر کارووباری خۆیان و هیچیتر نۆکەرایەتی و خوێنڕێژی بۆ داگیرکەران نەکەن، حوکمی زاتی ڕاستەقینە مانای ئەوەیە کەوا کارووباری کوردستان بەدەستی خەڵکی کوردستانەوە بێ. پێویستە ئەوە ڕاستییەشتان پێڕابگەیەنم کە هەموو ئەو داوایانە بەخۆشی و شێوەیەکی ژیرانە، بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بەهەموو کۆمەڵانی کوردستان

ڕادەگەیەنرێ. وە بەسەربەستیش بەکاربەدەستانی بغداد ڕاگەیەنراوە، وە بۆیان ڕوونکراوەتەوە .

خوشک و برایانی خۆشەویست

پێویستە ڕاستییەکیتریش بخەمە بەر چاوتان کە هەر چۆن بۆ وەدەست هێنانی مافەکانمان، هەروەها بۆ پاراستنی مافەکانیشمان پێویستە ، ئەویش یەکێتی ڕیزەکانی گەلی کوردستانە لەم ڕۆژەدا، مـژدەی ئەوەشتان دەدەمـێ کە ی.ن.ک ئەیەوێ لەسەرتاسەی کوردستاندا، لەناو هەموو هێزو تاقمەکاندا ئاشتبوونەوەی برایەتی و یەکێتی و تەبایی دروست ببێتەوە، وە بۆ ئەو مەبەستەش بەنامەی ڕەسمی بۆ حیزبی شیوعی عیراق و هاوپەیمانەکانی ئاگادارکراون کە ی.ن.ک ئامادەیە لەگەڵ بەرەی جودو لەگەڵ هەموو کەسێک ئاشتبێتەوە.وە پێکەوە هەموومان لە پێناوی مافەکانی گەلی کورد خەبات بکەین. تەنانەت بەنیسبەت جاشەکانیشەوە، بەنیسبەت ئەو کەسانەی کە دژی میللەتی خۆشیان وەستاون عەفوی عام هەیە و، هەموویان وەکوو کورد، ئەگەر بێت واز لە خراپە و کوشتن و بڕین و ڕاووڕووت بێنن، وەکوو هاوواڵاتیەکی کورد ڕێزیان لێدەگیرێ وە هیچ کۆنە قین و حیسابێکیان لەگەڵ ناکرێ.

خوشکان ، برایان

ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بە یەکێتی هەیە، پێویستمان بە یەکێتی هەموو تێکۆشەران و دڵسۆزانی کوردستان هەیە، پێویستمان بە یەکێتی تەبایی و برایەتی هەموو کوردێکی دڵسۆز و بەشەرەف هەیە، پێویستە لەسەرتاسەری کوردستاندا گیانی یەکێتی بڵاوکەینەوە، ناکۆکی و ناتەبایی و دووبەرەکی و دوو دڵی وەلانێین. هەموو کۆنە غەرەزێک فرێبدەین. دەفتەری چڵکنی کۆن بدڕێنین، لاپەڕەیەکی گەشی سپی نوێ بکەینەوە بۆ برایەتی و یەکێتی و هاوخەباتی و هاوکاری نێوان هەموو دڵسۆزانی کوردستان و هەموو هاونیشتمانان.

دیسانەوە بەناوی ی.ن.ک و هـ . پ. ک بەڵێناتان بۆ نوێ دەکەینەوە چ بەگفتوگۆ بێت، چ بەحیوار وقسەی خۆش و خەباتی سیاسی بێت، وەیان بەشێوەی خەباتی چەکدار و شۆڕشگێڕانە بێت، درێژە دەدەیـن بەخەبات بۆ وەدیهێنانی هەموو

مافەکانی گەلی کورد کە بریتین لەم قۆناغەدا لە دیموکراسی و ئۆتۆنۆمییەکی ڕاستەقینە کەپشت ئەبەستێ بەمافی کورد لە چارەنوسی خۆیدا بەهۆی خۆی و بەهۆی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیەوە .

دەمەوێ داوایەکیش لەو برایانە بکەم کە لەشارەکانەوە هاتوون، لەم ڕۆژانەدا زۆر ژیرو ووشیارانە ڕەفتاربکەن، ماوە نەدەن هەندێک لەو کەسە گێرەشێوێن و چلکاو خۆرانەی کە تا ئێستا کەڵکیان لەو حاڵە وەرگرتووە، وەزعەکە تێکبدەن و گێرەشێوێنی دروستبکەن.

ئەبێ لەهەموو لایەک ڕوونبێت ئەم گفت و گۆیە شێوەیەکە لە شێوەکانی خەبات بۆ هێنانەدی ئامانج و داخوازی و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ی.ن.ک دوا بڕیاری ئەوەیە کە تا بەدیهێنانی هەموو ماف و ئامانج و داخوازیەکانی گەلی کوردستان خەبات بکات، وە هیچ هێزێک نییە، هیچ ڕێیەک هیچ شتێک نییە، هیچ تەماح و هەڵخەڵەتاندن و لادانێک نییە بتوانێ ی.ن.ک لەسەر خەباتی ڕێبازی جەماوەری لابدات. هیوادارم دڵنیابن، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیابن کە ی.ن.ک هەروەک لەشەڕدا نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە، لەئاشتی و گفتوو گۆشدا هەر نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ و، بۆ بەدی هێنانی هەموو ئامانجەکانی خەبات دەکات.

پێویستە دڵنیا بن کە ی.ن.ک کە هەر وەک لە شەڕو فیداکاری و خۆبەختکردندا، نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو، ئا ئاواش لە ئاشتیدا، لەگفتوو گۆدا، لەڕۆژی خۆشیشدا نوێنەری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێت و ، لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانی خەبات دەکات.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی، بەرەو یەکگرتنی هەموو هێزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان .

بۆپێشەوە بەرەو ئاشتبوونەوەی گشتی لەسەرتاسەری کوردستاندا.

بۆ پێشەوە بەرەو پەرەپێدان بەخەباتی سیاسی ژیرانەی شۆڕشگێڕانە بۆ جێبەجێکردنی هەموو ئامانجەکان و چەسپاندن و بەکارهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد.

١٩٨٤/١/١

لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٤دا کە هەر تەنها مانگ و چەند هەفتەیەک بوو بڕیار لە گفتوگۆی نێوان (ی.ن.ک) و ڕژێم درابوو، زۆر نەبوو وەفدی (ی.ن.ک) لەگەڵ قاسملو بە کۆپتەرێکی عێراقی لە (زیخان) بەرەو بەغدا بەڕێکەوت بوون، لەناو شاری سلێمانیدا خۆپشاندان و گردبوونەوە دەستیپێکردبوو دژی دامور دەزگای بەعس، سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بانگەوازێکی ئاراستەی خۆپشاندەران کرد کە لە نێو بانگەوازکەدا ئەمە دەخوێندرێتەوە دەستێک دەیەوێت گرژی و ئاڵۆزی دروست بکات و سوار شەپۆلی ناڕەزایەکان بێت بۆ مەبەستی دیاریکراو

ئەمەش دەقی بانگەوازەکەیە

ئەی جەماوەری شارە قارەمانەکەی سلێمانی

لەکاتێکدا سەرکردایەتیمان گەرەکیەتی هێمنانە چارەسەری کێشەی گەلەکەمان بکات خواست و ویست و دەستکەوتەکانی بەدیببێنێ

ئالەم بارودۆخە کە پێویستە ئێوەی تێکۆشەریش زیاتر هەوڵی هێمن کردنەوەی بارودۆخەکە بدەن، خۆپشاندان و هاتنە سەر شەقامەکان ڕابگرن تا لەکاتی پێویست و سەرکردایەتی (ی.ن.ک) ئاگادارتان دەکاتەوە هەروا دەخوازین بەبێ ڕاگەیاندنی ڕەسمی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هیچ جۆرە کۆڕ و کۆبوونەوەیەک لەمڕۆوە پێک نەهێنن، تا ئەو خۆپشاندان و کۆبوونەوانە بۆ مەبەستی تێکدانی یەکێتی ڕیزەکانی گەل نەقۆزرێتەوە لەلایەن تێکدەران

هەر سەرکەوتوبن

ی.ن.ک

١٩٨٤/١/٣

وتـــــاریکی مـــێژوویی مـــــامجەلال
لە بە خـــاکسپاردنی تۆفیق وەهـــــبی دا

دوای تەمەنێکی پڕ بەخشش بۆ گەلەکەی، لە ڕۆژی ١٩٨٤/١/٥ و لە لەندەنی پایتەختی بەریتانیا، مێژوونووس و ئەدیب و کەسایەتی سیاسی کورد تۆفیق وەهبی بەگ کۆچی دوایی کرد، لە سەر وەسیەتی خۆی تەرمەکەی هێنرایەوە سلێمانی و لە چیای سەرکەشی پیرەمەگرون و لە پەنای (پیرەمەگرون) بە خاکسپێردرا.

بە خاکسپاردنی تەرمی تۆفیق وەهبی بەگ لە چیای پیرەمەگرون هاوکات بوو لە گەڵ دەستپێکردنی گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ میری، هەر بۆیە ڕۆژی بە خاکسپاردنەکەی بووە ڕۆژێکی مێژوویی و دەیان ئەدیب و نووسەر و ڕووناکبیر و چین و تۆێژەکانی شاری سلێمانی و کوردستان بەشداری ڕێو ڕەسمی بە خاکسپاردنی تۆفیق وەهبی بوون.

لە مەراسیمی بەخاکسپاردنی تۆفیق وەهبی بەگدا بە ئامادەبوونی سەدان کەس، لە چیای سەرکەشی پیرەمەگرون هەڤاڵ مامجەلال وتارێکی مێژوویی پێشکەش کرد، ئەمەش دەقی وتارەکەی هەڤاڵ مامجەلالە:

بـــــرایانی خـــــۆشەویست

بە ناوی (ی.ن.ک) وە، بە ناوی هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستانەوە، پرسەو سەرەخۆشی پێشکەش بە بنەماڵەی سەروەری دانای کورد مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ دەکەم، وە بەشدار بوونی خۆمان لەو ماتەمی و لەو ئێش و ئازارەی کە ئەمڕۆ لە دڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزدایە، بەو پەڕی سەربەستی و بە شێوەی برا پێشمەرگە قارەمانەکان دەردەبڕم کە ئەویش بووە بە عادەتێک لە لایان کە لە کاتی ناشتنی هەر دڵسۆزو هەر قارەمانێک و خۆشەویستێکیاندا بەڵێن دووپات بکەنەوە بۆ درێژەدان بە ڕێگەکەی و بۆ درێژەدان بە خەبات و بۆ ڕۆیشتن لەسەر ڕێبازەکەی تا هێنانەدی هەموو ئاوات و ئامانجی کە گیانی پاکی لەڕێدا بەخت کردووە.

وەکو بۆ هەموو سەرکردەو ڕۆڵە قارەمانەکانی گەلەکەی خۆمان کردوومانە بە عادەت بۆ مامۆستا تۆفیق وەهبیش ئەو عادەتە دووپات دەکەینەوە، بەڵێن بۆ گیانی

پاکی دووپات دەکەینەوە کە تا بەدیهێنانی هەموو ئاواتەکانی نەتەوەی کوردمان، وە لەو قۆناغەدا بەدیهێنانی دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەی پشت بەستوو بە مافی چارەنووسی گەلی کوردستان درێژە بە خەباتی خۆمان دەدەین بە شێوە جیاجیاکانی خەبات، لە لای هەمووتان ئاشکرایە قۆناغی ئەوتۆ هەیە خەباتی چەکدار دەبێتە شێوەی سەرەکی، وە قۆناغی ئەوتۆ هەیە خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕانە ئەو جێیە دەگرێتەوە بەڵام هەر هەمان خەباتە، هەر هەمان تێکۆشانە، هەر هەمان هەوڵە بۆ هێنانەدی ئامانجەکان بە پشت بەستن و پشت ئەستوری بە هێزی لە بن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

(ی.ن.ک) بە بەشداربوونی لە ناشتنی مامۆستاو زانای نەتەوەی کورد وەهبی بەگ، نەک هەر وەفای خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ مامۆستا، بەڵکو ئەو ڕاستیەشتان پێڕادەگەیەنێ کە باوەڕی نەگۆڕی بەوە هەیە بە بێ قەڵەم و کلاشینکۆف، بە بێ چەکی قەڵەم و چەکی دەست هەقی کورد بە دەست نایەت و ئەگەر بەدەستیش بێت ناپارێزرێت، هەر لە بەر ئەوەشە کە (ی.ن.ک) ڕێزو ئیحترامێکی زۆر زۆری هەیە بۆ ئەدیب و داناو وشیارەکانی نەتەوەکەمان و بیر ڕووناکەکانی گەلەکەمان کە بە هەڵگری مەشخەڵ و ویژدانی نەتەوەی کوردیان دادەنێت، هەر بۆیە بەشداریکردنمان لەم ناشتنەی ئەو مامۆستا گەورەیە بە هەل دەزانم کە بۆی دووپات بکەمەوە، ئەو بەڵێنە دووپات بکەمەوە کە حەوت ساڵ لەمەو پێش لە لەندەن، پێش گەڕانەوەی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانتان لە دەرەوە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی ڕەوای نەتەوەکەتان پێیدرا کە تا مردن یا سەرکەوتن شۆڕش دەوام دەکات، کە تا مردن یا سەرکەوتن خەبات دەوام دەکات بە شێوە جیاجیاکانی، بەڕەچاوکردنی هەلومەرجە جیاجیاکانی وە ڕەوت و ڕەوشی نەتەوەکەمان و دەوروپشتمان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیا.

ئەمڕۆ هەلومەرجێک هاتووەتە کایەوە کە بێگومان بیستوتانە بۆ بەدیهێنانی ئاواتە دێرینەکانی قارەمانان و هەڵکەوتووانی وەک مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ ڕێگەی گفتوگۆیە لە گەڵ حکومەتی ئەمڕۆکە هاتووەتە کایەوە.

من هەر چەندە دەبووایە هەموو وتەکەم تەرخان بکەم بۆ باسکردنی چاکەو مأثیرەکانی ئەو پیاوە مەزنەی گەلی کورد بەڵام چوونکە دڵنیام کە گیانی پاکیشی لە بەهەشتی نەمریدا دەڕوانێتە هەموومان وە بە تەمای هێنانەدی ئاواتەکانی نەتەوەی کوردە، بۆیە ئیزنی لێدەخوازم و لە ئێوەش دەخوازم بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک ڕاستی بەرانبەر هەلوومەرجی ئەمڕۆی خەباتی گەلەکەمان.

خۆتان باش دەزانن کە حەوت ساڵ زیاترە پشت ئەستوور بە تاکە هێزی لە بن نەهاتووی نەتەوەی خۆمان ڕۆڵە قارەمانەکانتان لەو شاخ و کێوانەی کوردستان بە خوێنی گەشی خۆیان دروشمی کوردستان یان نەمانیان سەدان جار تۆمار کردووەتەوە، بەڵێنی هەتا سەرو ڕاستەقینەیان داوە بە نەتەوەی کوردو بە کۆمەڵانی خەڵک کە تا بەدیهێنانی ئامانجەکان ئاشبەتاڵ نەبێتەوە، وە جارێکیکەش ئاشبەتاڵ لە مێژووی کوردا نەنوسرێتەوە، بەڵکو خەبات درێژە پێبدرێت بەڕەچاو کردنی قۆناغە جیاجیاکان و شێوە جیاکانی خەباتیشەوە، لە بەر ئەوە لە دوای حەوت ساڵ لە خەبات و فیداکاری، لە دوای حەوت ساڵی خەباتی نەپساوەی خوێناوی پڕ لە هەزاران جۆرە سەختی و مەترسی هەلومەرجێک هاتە کایەوە کەوا حکومەت پێشنیاری گفتوگۆی بە (ی.ن.ک) دا.

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دوای پرس و ڕاکردن بەزۆر ڕۆشنبیرو پیاو ماقول و زاناو هێزو توانای گەلی کورد لەم پارچەی کوردستان و لە پارچەکانیتری کوردستانیشدا، وە بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستیەی کە ئەمڕۆ وولاتەکەمان لە لای سنووری کوردستانی ئێرانیشەوە دووچاری هێرشێکی درندانەی خەتەرناک بووە.

وە بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییەی کە بۆ پاراستنی ناوچە ڕزگارکراوەکان لە دوو لاوە شەڕکردن کارێکی سەخت دەبێ ئەوەی پەسەند کرد بکەوێتە گفتوگۆ بەڵام بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و داخوازییەکانی نەتەوەی کورد کە لەو قۆناغەدا خۆیان لە خود موختارییەکی ڕاستەقینە دەبینن، بەلای ئێمەوە خودموختاری ڕاستەقینە مانای ناوەرۆکێکی تێرو تەسەلی حوکمی زاتییە، مانای ئەوەیە کە کاروباری کوردستانی عێراق بکەوێتە دەست خەڵکی کوردستانی عێراق.

هیچ هێزێکی سیاسی بە (ی.ن.ک)یشەوە، وە بە حکومەت بە سەربەستی گوتراوە بە حزبی کاربەدەستیشەوە وصایەتی نەبێ بە سەر خەڵکی کوردستان، بەڵکو خەڵکی کوردستان نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن وە بە هۆی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خۆیانەوە حوکمڕانی کوردستانی خۆیان بکەن، حوکمی زاتی ڕاستەقینە مایەی ئەوەیە کە هەموو ناوچە کوردنشینەکان هەموو خاکی کوردستانی عێراق لە ژێر سێبەری ئەم حوکمە زاتیە دابێ هەر لە شەنگالەوە بیگرە هەتا خانەقین و مەندەلی.

ئەوەیە کەوا (ی.ن.ک) داخوازی کردووەو پێشکەشی کردووەوە لە سەر ئەو شتانە قسە کراوە، بۆیە دەڵێین چوونکە دەیبیستینەوە هەندێک کەس باسی ئەوە دەکەن گوایە (ی.ن.ک) دەگەڕێتەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی ئەوەی ئەوان پێیدەڵێن ڕیزی نیشتمانی، دیارە ئێمە ڕیزی نیشتمانی بە ڕێبازی (ی.ن.ک) دەزانین، ڕیزی نیشتمانی ڕاستەقینە ڕیزی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانە ڕیزی ئەو کەسانەیە کە بە تفەنگ دەچن بە گژ هەموو داگیرکەرانی کوردستاندا، لە دوو لاوە خەبات دەکەن لە دوو لاوە خوێن دەڕێژن، لە دوو لاوە نیشتمانی خۆیان دەپارێزن.

ڕیزی نیشتمانی ڕاستەقینە ڕیزی (ی.ن.ک)ە کەسانیتر هەن پێویستیان بە گەڕانەوە هەیە بۆ ڕیزی نیشتمانی ئەوانەی دەستی خۆیان دەدەنە لە ناو دەستی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکان، ئەوان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی.

لە سەرێکیترەوە دەمەوێت پێتان ڕابگەیەنم کەوا (ی.ن.ک) سوورە لە سەر بەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد ئەگەر بە ئاشتی پێکهات دوای (٨) ساڵ خەبات پێمان وایە کارێکی بێجێ نییە، بەڵام ئەوساش بێپرس و ڕای ئێوەو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان (ی.ن.ک) هیچ هەنگاوێکی چارەنووس نانێت، هەموو هەنگاوەکانی دوای ئەوە دەبێت کە پرس و ڕا بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکات وە ئەوەی کە دەدرێت خەڵکی کوردستان پەسەندی دەکەن ئەوسا (ی.ن.ک) پەسەندی دەکات، وە ئەوسا قبوڵی دەکات، وە ئەوسا ئیمزای دەکات، بێ ئەوە نایکات.

پێویستە ئەو ڕاستییەتان بۆ دووپات بکەمەوە کە ئێمە نیازم (ی.ن.ک) و هێزی

پێشمەرگەی کوردستانە کە هەمیشە مایەی سەروەری و سەربەرزیمان بووە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان پشتیوانی لێکردوین، هیچ ماندوو نین هیچ پەکمان نەکەوتووە، هیچ باکمان نییە بە درێژەدان بە فیداکاری و خەباتکردن بەڵام پێمان وایە ئەگەر هەلوومەرجێک هاتە کایەوە تیایدا دەرفەتێک هەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە خۆشی و بە ئاشتی هەندێک لە داخوازییە سەرەکیەکانیان بە دەست بهێنن کارێکی باشە کارێکی ناڕاست و نادروست نییە.

ئەو ڕاستیەشتان دەمەوێ بۆ دووپات بکەمەوە کەوا خۆی مامۆستای نەمر تۆفیق وەهبی بەگیش بەوەی کە وەسیەتی کردووە لەو پیرەمەگرونە بنێژرێت، بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەریبڕیوە.

مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ قەدرو نرخی شاری قارەمانی کوردستان دڵە زیندووەکەی کوردایەتی شاری هەڵەبت و قوربانی شاری سلێمانی باش دەزانێ، باش ئەو ڕاستییەی دەزانی کە گردی شەهیدانی ئەو شارە قارەمانە دەیان شەهاب و ئارامی تێدایە، باشی دەزانی کە ئەو شارە قارەمانە مایەی سەروەریە بۆ ئەو کەسەی کە لەوێ دەبێت و وە لەوێش دەنێژرێت، بەڵام کە پەسەندی کردووە لەوێ بنێژرێت دەیەوێت ئەو ڕاستییەمان بیر بخاتەوە بە بیر هەموو کوردی بهێنێتەوە، کە ئەو شاخانە پشت و پەناو پارێزەری نەتەوەی کورد بوونە و هەر ئەم شاخانە پەناو پارێزەری نەتەوەی کورد دەبن، هەر بۆیە هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە توند دەست بەو بەردو دارانەی ئەو شاخانەی کوردستانەوە دەگرێت، وە هیچ کاتێک وە بۆ هیچ کەسێک ئەو شاخ و داخانە چۆڵ ناکات و بە جێیناهێڵێت و ناهێڵێ پێی گلاوی داگیرکەران جارێکیتر گلاوی بکەنەوە.

ئەو شاخە سەربەرزانە پشت و پەناو پارێزەری کوردایەتی و شۆڕشی کوردایەتی بوونە، هەر بۆیەش مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ کارێکی زۆر بەجێ و ڕەوای کردووە کە فەرموویەتی لەو شاخانەی بنێژن، ئەو ڕاستییە دەزانێت کە خوێنی گەشی هەزاران هەزار ڕۆڵەی کورد بە سەر ئەو شاخانەدا پژاوەو ئەو ڕاستییە دەزانێ کە دروشمی کوردستان یان نەمان بە خوێنی گەشی هەزاران

پێشمەرگە لە لوتکەی ئەو شاخە بەرزانە تۆمار کراوە، ئەو ڕاستییەی باش زانیبوو کە هەر بە هاتنەوەو پاڵدان بەو شاخانە دریژەدان بە خەباتی شۆڕشگێڕانە دەتوانین ئەو ئاواتەی کە مامۆستا وەهبی بەگ لە گەڵ خۆی بردیە قەبر ئێمە جێبەجێی بکەین و بە جێیبهێنین.

ئێمەش پشت ئەستوور بە ئێوەی تێکۆشەر بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان چ گفتوگۆ بێ چ خەباتی سیاسی بێ چ خەباتی چەکداربێ بۆ هەمان نیازە بۆ هەمان ئاواتە، بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، وە هیچ ئامانجێکی تایبەتی وە هیچ ئامانجێکی بۆ (ی.ن.ک) تێدا نییە.

پێموایە بۆ یەکەمجارە لە مێژووی نەتەوەی کورد ڕێکخراوێکی سیاسی گەورەی وەک (ی.ن.ک) دێتە کایەوە، کە هـەزاران شەهیدی داوە کە دەیـان سەرکردەی قارەمان و سەدان کادری نەمری بەخت کردووە لە پێناوی نەتەوەی کورد، بەڵام بە سەربەستی دەڵێ من حوکمڕانی کوردستانم ناوێ دەمەوێت کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان حوکمڕانی کوردستانی خۆیان بکەن.

ئەمڕۆ بۆ یەکەمجار ڕێکخراوێکی سیاسی نەک لە کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دێتە کایەوەو کە تەماح و نیازی بە حوکم و دەستکەوتەکانی حوکم نەبێت، بەڵکو نیازی ئەوە بێت کە کۆمەڵانی خەڵکەکەی، کۆمەڵانی گەلەکەی بگەیەنێت بە ئامانجی دیموکراسی و نەتەوایەتی خۆیان، ئەوە بۆ ئێمە گەورەترین سەروەرییە بەڵێنیش بۆ گیانی پاکی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەگ و بۆ گیانی پاکی ئەوو ئێوەی تێکۆشەر دووپات دەکەینەوە کە تا بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانتان دروشم .

هەر کوردستان یان نەمان، سەرکەوتن یان مردن بێت.

هەر شادوو سەربەرزو سەرکەوتوو بن.

خـــــەڵك و گـــــفتوگۆ

خەڵکی کوردستان بە ئومێدەوە دەیڕوانییە هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە کوردستانی عێراقدا.

کۆڵانەکانی شار، بە تێکڕای شارەکانی کوردستانەوە سلێمانی، کەرکوک، هەولێر، دهۆک تا خانەقین ئاپۆرەی جەماوەرو هەڵپەڕکێ و شایی و لۆغانی سەلماندنی مافەکانی گەلی کوردستانی لە خۆگرتبوو.

کۆڵانەکان، شەقامەکان، شوێنەگشتییەکان، مەیدانی دەربڕینی خۆشحاڵی خەڵک بوون، کچان و ژنان بە جلی زەردو سوورو ئاڵ و واڵاوە سەرچۆپی کێشی شادی بوون، پیاوان و کوڕانیش بە هەمان شێوە تا درەنگانی شەو ڕیزو کۆڕی هەڵپەرکێیان گەرم بوو.

پیاوانی ڕۆژێم، کوردی زۆڵە کورد خزابوونە ناو ئاپۆرەی جەماوەرەوە، تێکۆشەرو دڵسۆزو ڕێکخستنەکانیان دەستنیشان دەکرد، وێنەیان دەگرتن، تا دوای کۆتایی هاتنی گفتوگۆ ڕاپێچی داموو دەزگاکانی بەعسیان بکەن و حەق و حسابیان لە گەڵدا بکەن.

سەید محەمەدی سەفایی گۆرانیبێژی میللی ڕۆژهەڵات، کاسیەتەکەی گەیشتبووە ماڵ بە ماڵی شار، گۆرانییە شادەکانی سەید محەمەدی سەفایی خەڵکی هێنابووە جۆش و خرۆش.

وێـــــنەی شەهیدو پـــــێشمەرگە

وێنەگرەکان لە شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا بە هەزاران وێنەی شەهیدو پێشمەرگەیان بە چاپ گەیاندبوو، خەڵکی کوردستان وێنەی شەهیدەکانیان لە یەخە دەدا، وێنەکانیان گەورە دەکردن و بە ناو شارو گەڕەک و شەقامەکاندا دەیانگێڕان.

وێنەکانی مامە ڕیشە، جەمالی عەلی باپیر، شێخ شەمالّی باخ، تایەری حاجی عەزیز، هەڵۆ سەراوی، ئەنوەری مەجید سوڵتان، ئەنوەر حەسەن، سیروان تاڵەبانی، خالید گەرمیانی، حەمە جەزا، سدیق وڵاغلویی، سمایل گەورە دێی و دەیان و دەیان شەهید و پێشمەرگە ببوونە سنبول و خەڵکی کوردستان لە سەر چاوو لە ناو دڵدا هەڵیانواسیبوون.

ئـــــاهەنگی نـــــەورۆزی ســـــاڵی 1984 ئـــــاهەنگی ســـــورداش

لە مێژ بوو ئاگری نەورۆز قەدەغە بوو، ئەگەر بشکرایەوە لاوانی کورد تووشی گرتن و ڕاپێچ کردن و ئەشکەنجەدان دەبوون لە سەری، هەر چەند لاوانی کورد، کۆمەڵانی خەڵک گوێیان بە گرتن و ئەشکەنجەدان نەدەدا و ئاگری نەورۆزیان بە گڕی هەناسەیان دەکردەوە، لە سەربەرزترین چیاو شاخی کوردستان مەشخەڵی نەورۆزیان بەرز ڕادەگرت، بەڵام سااڵنێک بوو بە هیوای ئەو ڕۆژە بوون بێ گرتن و ڕاونان، بێ زیندانی کردن و قەدەغە گڕی ئاگرەکەی نەورۆز داگیرسێنن.

گفتوگۆی (ی.ن.ک) لە گەڵ میری ئەو دەرفەتەی ڕەخساندو ئەو ڕۆژە مێژوویەی لە خەیاڵەوە کردە ڕاستی.

سورداش لە گفتوگۆدا بارەگاو ماڵی مامجەلال بوو، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لەوێ بوو، هەر بۆیە سورداش بووە هەواری کۆبوونەوەی سەدان هەزار کەس، لە سەرجەم شارەکانی کوردستانەوە خەڵکی ڕوویکردبووە سـورداش، ئاگری نەورۆزی ئەو ساڵە (١٩٨٤) لە سورداش کرایەوە، بەشێکی زۆر لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەبوون، ئاهەنگێکی گەورە لە سورداش بەڕێوەچوو، لەو ئاهەنگەدا مامجەلال سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) وتارێکی گرنگ و مێژوویی پێشکەش کرد.

ئـــــاسایشی ئـــــاهەنگەکە

ئاهەنگی سورداش گەورەو فراوان بوو، سەدان هەزار کەس هاتبوونە دەشتی سورداش، ئەو هەموو قەرەباڵغیەش پێویستی بە دابینکردنی هێزێک بوو بۆ پاراستنی ئاسایشی خەڵکەکە.

کەرتی (٤)ی تیپی ٤٧ی پیرەمەگرون بە فەرماندەیی ئیسماعیل ماوەتی ئەرکی پاراستنی ئاسایشی ئاهەنگەکەیان پێسپێردرا، ٤٥ پێشمەرگە باجی تایبەتیان بۆ کراو لە قۆڵیان بەست، تا بزانرێت ئاسایشی ئاهەنگەکە بە ئەوان سپێردراوە، لە سەرەتای ئاهەنگەکە تا کۆتایی ئاهەنگەکە بە هیمنی تێپەڕی و هیچ ڕووداوێک ڕووینەدا.

وتـــــاری مـــــێژوویی مـــــامجەلال
لە ئـــــاهەنگی نـــــەورۆزدا

ئاهەنگی نەورۆزی ساڵی ١٩٨٤ لە سورداش دەرفەتێکی گەورە بوو تا هەڤاڵ مامجەلال لە نزیکەوە لە گەڵ خەڵکی کوردستان باس لە هەلوومەرجی گفتوگۆو هەنگاوەکانی پرۆسەی ئاشتی بکات.

لە وتارە مێژوویییەکەیدا کە لە ئاهەنگی سورداش پێشکەشی کرد هەڤاڵ مامجەلال ڕۆشنایی خستە سەر داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان لە گفتوگۆ لە گەڵ ڕژێمی عێراقداو چۆنیەتی بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا.

هەڤاڵ مامجەلال لە بەشێکی وتارەکەیدا ڕۆشنایی خستە سەر ئاشتبوونەوەی گشتی لە گەڵ لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان و ئەو هەوڵانەشی خستە ڕوو کە لە بارەیەوە دراون.

هەر لە وتارە مێژوویییەکەیدا تیشکی خستە سەر ڕۆڵی (ی.ن.ک) لە دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول و شەرەفی هەستانەوەو بوژانەوەی کوردایەتی پێشکەوتنخوازو جۆشدانی خەبات و شۆڕی ڕزگـاری دیموکراسی و هاوخەباتی و پشتیوانی هێزەکانی ڕۆژهەلات.

ئەمەش دەقی وتارە مێژوویییەکەی مامجەلاله:

وتاری بەڕێز ســکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کـوردستان
لە ســـەیرانی نـــەورۆزی (1984) دا

خوشک و برایانی سەلارو دەلال

هەڤاڵانی خەباتگێڕو شۆڕشگێڕ

پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

بە ناوی (ی.ن.ک) هەوە، پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی ئەمسالّتان لێدەکەم هیوادارم نەورۆزی ئەمسالّمان نەورۆزی ئاشتی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بێت بۆ هێنانەدی ئەم ئاواتە دێرین و پیرۆزەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش دەبێ

نـەورۆزی ئەمسالّمان بکەینە نـەورۆزی ئاشت بوونەوەی گشتی، واتـە بیکەینە جەژنی خەبات کردن لە پێناوی پێکهێنانەوەی هەموو هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستان لە سەر بناغەی پاراستنی دەستکەوتەکانی خەڵک و پاڕێزگاریکردنی کوردستان و عێراق لە داگیرکەرە پەلاماردەرەکانی بێگانە و پەیڕەوی کردنی سەرەتای پیرۆزی سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستن، تاکو بتوانین هەموو ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یەکخەین، سازیان بدەین و باشتریان بهێنینە جۆش و خرۆش لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان دا کە ئیمڕۆ خۆیان لە ئاشتی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەدا دەنوێنن. چونکە هێزی زۆرو زەوەندی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گەر بێتو باش ڕێکبخرێت و چاک سازدرێت و ژیرانە ڕێبەری بکرێت، ئەوا دەتوانێت بە سەر هەموو کۆسپ و گیروگرفتێکدا زاڵ بێت، ئەوا دەستەبەری بەدیهێنانی هەموو ئامانجەکانی شۆڕشەکەمان و گەلەکەمان دەبێت.

جا (ی.ن.ک) کە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە، باوەڕی بەو ڕاستیانە هێناو هەمیشە هەر پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵک و هێزی لە بن نەهاتووی جەماوەر دڕێژەی بە خەباتی شۆڕشگێڕانەی خۆیداوە. هەر بۆیەش زۆر زۆر پەرۆشی یەکێتی ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیەتی، هەر بۆیەش ئیمڕۆ دروشمی سەرەکی خۆی کردووە بە ئاشتبوونەوەی گشتی کە دەبێتە هۆی بەدیهێنانی یەکیەتیەکی تەواوی ڕیزەکانی کۆمەڵانی خەڵک.

پێموایە زۆربەی زۆری جەماوەرو هەموو ژیرو هوشیارانی کوردستان دەزانن کە (ی.ن.ک) هەر سەبارەت بە دڵسۆزی و دووربینانەی بۆ ئامانجەکانی گەل و نیشتمان هەر سەبارەت بە پەرۆشی زۆرو ژیرانەی بۆ سەرخستنی خەباتی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵانی خەڵک و بەفیڕۆنەدانی ڕەنجی ئەو خەباتەیە کە بە گیانی لە خۆبوردن و بەو پەڕی توانایەوە بۆ ئەو دروشمەی ئاشت بوونەوەی گشتی هەوڵ و تەقەڵا دەدات. بەڕەچاو کردنی ئەم ڕاستیەش کە ئیمڕۆ جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراتی خەڵکی کوردستان کورداپەتی لە هەڵچوون و گەشەکردنەوە لە بۆ پێشەوە چوونداپێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە. کە لەمەشدا دەوری مێژووییەنی

(ی.ن.ک) بۆ هەموو کەس دەدرەوشێتەوە، هەڵساندنەوەی کوردایەتی جۆشدانەوەی خەباتی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان، هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی پاراستنی کوردەواری و ڕزگاری و دیموکراسی بۆ خەڵکی کوردستان، بە خەباتی (ی.ن.ک) و بە فیداکاری و خۆ بەختکردنی دەیان سەرکردەو فەرماندەی (ی.ن.ک) و (هـ. پ. ک) و سەدان کادریان و چەند هەزار ئەندامێکیان و بە هاوکاری و پشتیوانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو. هەموو خەڵکی کوردستان کارەساتە سامناکەکەی ئاشبەتاڵی لە بیرە هەموو لە بیریانە کە چۆن پاشان نائومێدی باڵی ڕەشی بە سەر کوردستانی خۆشەویستدا کێشا بوو، چۆن مانەوەو بوژاندنەوەی کوردو کوردستان کەوتبووە خەتەرێکی گەورەوە بە جۆرێک کە دۆست و دوژمن پێیان وابوو، ئیتر کوردستانی عێراقیش بە دەردی کوردستانی تورکیا براوە، هەتا دەیان ساڵیتر هەڵسانەوەی بۆ نییە، لەو ڕۆژە ڕەشانەدا، کە گەورەترین شۆڕش و فراوانترین (هـ. پ. ک) لە خوتو خۆڕایی بگرە بە فیتی دوژمنی بێگانە، بڵاوەی پێکرا بوو، دەنگی زوڵاڵی (ی.ن.ک) لە چیاو دۆڵ و شیوەکانی کوردستانی خوێناویدا، دەنگی دەدایەوەو ڕایدەگەیاند کە: نەتەوەی کورد لە کوردستانی خۆیدا ڕووداوێکی مێژووکردی بابەتی لە فەوتاندن نەهاتووە، جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراتی خەڵکی کوردستان کوردایەتی، بەری پێویستییەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و نۆبەرەی قانونی پەیدا بوون و بۆ پێشەوە چوونی نەتەوەی کورده، بۆیە تاکو بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی خۆی هەر دەمێنێت و هەر زیندوو دەبێت بێ ئەوەی هیچ دەوڵەت و هێزو توانایەک بتوانێت لە ناوی بەرێ.

ئەمجارەیان مێژوو، شەرەفی هەڵکردنەوەی ئاڵای کوردایەتی و شۆڕشەکەی دایە دەست (ی.ن.ک)، ئەو شەرەفەی بە (ی.ن.ک) ڕەوا بینی کە ئێستەش وا بە سەر بەرزیەوە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا دەوری ڕێبەری جوڵانەوەی ڕزگاری و دیموکراسییان دەبینێت و هەمیشە دڵسۆزو وەفادار بۆ خوێنی گەشی هەزاران شەهیدو ڕەنجی دەیان هـەزار خەباتگێڕی گەلەکەمان دلێرانە لە کۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانەو سیاسیدا دەچەقێ بێ ئـەوەی هیچ سات و کاتێک

ئامانجەکانی خەڵک و داخوازییە نەتەوایەتی و دیموکراتییەکانی خەڵکی کوردستان فەرامۆش بکات، بێ ئەوەی بە قەدەر بستێک لە خەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری پێشمەرگانە و سیاسی لابدات.

(ی.ن.ک)، بێ لادان و کۆڵدان، بێ ووچان و وەستان پتر لە حەوت ساڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانەی لە کوردستانی عێراقدا هەڵگیرساندو پەرەپێداو بەڕێوەبرد، توانیشی شۆڕش ببوژێنێتەوەو پەرەو گەشەشی پێبدات و بیگەینێتە ئەمڕۆژەی کە دۆست و دوژمن دانی پێدا دەنێن و ڕێزی لێدەگرن، کە بەڕاستی ئەوە کارێکی گەورەو گرنگە لە مێژووی کوردو کوردستاندا، کە ئەوەش بە خوێنی گەشی دەیان سەرکردەی (ی.ن.ک) و (هـ . پ. ک) و سەدان کادرو هەزاران تێکۆشەری نەمر لە مێژووی سەروەری کوردایەتی دا تۆمار کراوە.

بێگومان مێژووی کوردو کوردستان لاپەڕە درەخشانەکانی سەروەری خۆی بەوە دەڕازێنێتەوە: کە (هـ . پ. ک) بە ڕێبەری (ی.ن.ک)لـە دەیان شۆڕشگێڕی بێچەک و بە چەکەوە، شۆڕشی بوژاندەوەو (هـ . پ. ک)ی گەیاندوە هەزاران هەزار پێشمەرگە، کە دەستیان گرتووە بە سەر بەشێکی زۆری کوردستانەکەیاندا بێ ئەوەی پشتیوانیەکی ئەوتۆیان لە دەرەوە ڕا لێکرا بێت، بە پێچەوانە چەندین جار (هـ . پ. ک) فریای برا شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێرانیان هاتوون و چەندین شەهیدی قارەمانیان لە سەنگەرەکانی پاراستنی کوردستانی ئێران و شۆڕشی ڕەوای خەڵکە قارەمانەکەیدا پێشکەش بە گەل و نیشتمان کردووە، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا دەستکەوتێکی گەورەی تیرە: کە هێزە سیاسییە شۆڕشگێڕە ژیرەکانی هەر دوو بەشی کوردستان پێکەوە هاوخەباتی بکەن، لە جیاتی ئەوەی کە جاران بە گژ یەکدا دەکران، وە پێکەوە خوێن بڕێژن لە جیاتی ئەوەی لایەک خوێنی لایەکیتر بڕێژێت بە بیانوی پڕو پووچ، ئەمە نەک هەر یەکێتی نەتەوەی کورد دەسەلمێنێتەوە، بەڵکو یەکێتی چارەنووسی هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئێران و عێراق و ڕۆژهەڵاتەکەشمان دەردەخات.

هەروەک ئەو شایەدیەش بۆ (ی.ن.ک) کە بە پێچەوانەی سیاسەتی چەوت و کۆنەپەرستانەی ڕاوکردنی کوردپەروەرە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران، سیاسەتی هاوخەباتی و پشتیوانی کردنیانی پەیڕەو کردووە، کە لە ئەنجامدا برا کورده ئێرانیەکانمان ناوی پیرۆزو پڕ لە سەروەری هێزی پشتیوانیان بە سەر (هـ . پ. ک) دا بڕیوە، هەر بۆیەش (هـ . پ. ک) هەم سەروەری پاراستنی کوردستان- لە دوو بەشیدا- بۆ خۆی تۆمار کردوە، وە هەم شەرەفی نواندنی یەکێتی خەبات و چارەنووسی کوردایەتی لە بەشەکانی کوردستاندا.

هـەر بۆیـەش (هـ . پ. ک) کـە ئـەو هـەمـوو خۆشەویستی و سـەربـەرزی و سەروەری و ڕێزو تەقدیرەی بۆ خۆی پەیدا کردووە لە ناو دڵ و دەرونی خەڵکی کوردستاندا، جا بە خۆڕاگرتن و فیداکاری، بە درێژەدان بە خەباتی پێشمەرگانە، بە سەر ڕێبازی سیاسی و پێشمەرگانەی ڕاست و ڕەوادا، بە خۆبەستنەوە بە خاکی کوردستان و دەستکەوتەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە، بە پەیڕەوی کردنی سیاسەتێکی مەبدەئی شۆڕشگێڕانە بوو کە (ی.ن.ک) و (هـ . پ. ک) ئەوها پەرەیان ساندو توانییان بە سەر هەموو نەخشەو پلانە جۆراوجۆرانەدا زاڵ بن کە بۆ لە ناوبردن و دەرپەڕاندنیان داندرا بوون تا وای لێهات کە (ی.ن.ک) نەک هەر بوو بە گەورەترین هێزی سیاسی کوردستان، بەڵکو (هـ . پ. ک) یش بوو بە گەورەترین هێزی چەکداری شۆڕشگێڕی کوردستان کە لە شکاندن نایەت!.

بەڵێ وا بۆ یەکەمین جارە لە مێژووی کوردستانی عێراقدا، هێزێکی سیاسی هەڵقوڵاو لە جەرگەی ڕەنجدەران و زۆرلێکراوان و خوێنمژراوانی کوردستانەوە، هێزێکی شۆڕشگێڕی سەربەخۆ، پشت ئەستوور بە کۆمەڵانی خەڵک و بە عەدالەتی خەباتەکەی، لە دژوارترین هەلومەرجدا، لە نالەبارترین ڕۆژدا، لە دوای گەورەترین شکان و ئاشبەتاڵدا، کوردایـەتی ببوژێنێتەوەو شـۆڕشـی خەڵکی کوردستان هەڵگیرسێنێتەوەو بیگەیەنێتەوە قۆناغێکی ئەوها کە دۆست و دوژمـن نەتوانن ئینکاری بکەن و ڕێزی لێنەنێن.

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان

(ی.ن.ک) لەم کاتەدا کە بە سەربەرزییەوە دەفتەری سەروەری خەباتەکەی بۆ ئێوەی خۆشەویست و تێکۆشەر دەردەهێنێت بە نیازی سوور بوون لە سەر ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی دێرینی خۆی، وەک هەمیشە لە بەردەمی ئێوەدا دەوەستێت و دەفتەری حیسابی خەباتەکەشیتان بۆ دەکاتەوە! بەو باوەڕە نەگۆڕەوە کە نەک هەر پشت بە یارمەتی و کۆمەک و پشتیوانی ئێوەی دلێر دەبەستێت، بەڵکو گوێڕایەڵی ڕەئی و بیروڕاو ڕەخنە و پێشنیارەکانی ئێوەشە، وەک هەمیشە باوەڕی نەگۆڕی بە خەتی خەباتی جەماهیری هەیە، کە دەکاتە جۆشدانی خەباتی جەماوەر بە جەماوەر بۆ جەماوەر. کە دەکاتە توند خۆبەستنەوە بە خەباتی کۆمەڵانی خەڵک و توند دەستگرتن بە ئەڵقەی ڕێبازی شۆڕشگێڕانەی نەبەزانە، تاکو هەموو ئامانجەکانی خەڵک و شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراسیان دێنێتە دی، کە ئەو خەباتەش، کە ئەو ڕێبازە شۆڕشگێڕانەیەش هەم بە شێوەی پێشمەرگانە و هەم بە شێوەی سیاسی، هەم بە شێوەی خەباتی چینایەتی و هەم بە شێوەی خەباتی نەتەوایەتی، هەم بە شێوەی خەباتی دیموکراتی و هەم بە شێوەی خەباتی پیشەیی دەبێت: وە لە هەر سەردەم، لە هەر هەلومەرجەدا شێوەیەکی خەبات دێتە پێشەوە، بەڵام خەبات هەر درێژەی هەیە.

ئیمڕۆش خەباتی هەلومەرجێک هاتۆتە کایەوە، کە خەباتی سیاسی شۆڕشگێڕانە هاتووەتە ڕیزی پێشەوەی شێوەکانیتری خەباتەوە، بێ ئاشبەتاڵ و کۆڵدان، وە گفتوگۆش بۆتە شێوەیەکی خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەڵک.

دەربـــارەی گـــفتوگۆ لە گەڵ مـــیری

(ی.ن.ک) کۆمەڵانی خەڵکی وا ڕاهانیوە، کە هەمیشە ڕاستگۆ بێت لە گەڵیان و سیاسەتی ڕاستەقینەی خۆی بۆیان ئاوااڵ بکاتەوە، ڕاستییەکانیان بخاتە بەرچاو، پرس و ڕایان پێ بکات و لە دوور لە دەسکەوتی ئەوان و بێ ڕەزامەندی ئەوان هیچ کارێکی گرنگ نەکات، هەر بۆیەش پێیوایە، کە کۆمەڵانی خەڵک هەقیانە داوای پتر ڕوون کردنەوەی مەسەلەی گفتوگۆی لێبکەن تا بزانن (ی.ن.ک) ی ڕێبازی

خەباتەکەیان، چی بۆ داوا کردوون؟ وە گفتوگۆ لە چ قۆناغێکدایە؟ هەر بۆیەش لێرەدا کورتە و پوختەی وەڵامی پێویست دەدەینەوە:

لە پاییزی ساڵی ڕابردوودا، دوای ئەوەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) پرسی بە کادرە سیاسی و عەسکەریەکانی ڕێکخستنەکانی خۆی کردوو، پرسی بە زۆربەی ئەنجومەنەکانی دێهاتی کوردستان و بە زۆر بیر ڕووناک و دڵسۆزانی هوشیاری کورد لە شارەکان کرد، وە دوای ئەوەی هەموویان پەسەندیان کرد ئینجا پێشنیاری گفتوگۆ کردنی لە گەڵ میری پەسەند کرد، بۆچی ئەو بڕیارەیدا؟ سەبارەت بە لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ژیرانەو بەرپرسیارانەو دووربینانەی هەلومەرجی ئێستەی کوردستان و عێراق کە:

١/ هێرش و پەلاماری ئێران بە نیازی داگیرکردن و لە ناو بردنی عراق بە کوردستانیشەوە، هەڕەشە لە گەل و نیشتمان دەکات، تاعونی دوژمنایەتی تائیفی و هەڵگیرساندنەوەی فیتنە کۆنینەکەی لە ڕۆژهەڵاتدا بڵاودەکاتەوە، لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم چونکە پاشان دێمەوە سەری.

٢/ برایەتی و یەکێتی تێکۆشانی کوردو عەرەب و یەکێتی نیشتیمانی عێراق پێویستییەکی زۆریان بە بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەی شۆڤێنیستەکان دەکرد کە گەرەکی بوو وا نیشان بدا کە گوایا کورد باکی برایەتییە دێرینەکەی خۆی لە گەڵ عەرەب نییە، پەرۆشی یەکێتی نیشتمانی عراقی نییە وە دەستە چەورەکەی ئەوانەی دەبنە کەوا ڕەشی بەر لەشکری پەلاماردەری ئێران بۆ سەر عراق بە کوردستانیشەوە، بە سەری هەموو خەڵکی کوردستان بسڕێت، بۆ هاندانی عەرەب لە کورد، لە کاتێکدا کورد زۆری پەرۆشی برایەتییە مێژووینەکەی خۆیەتی لە گەڵ عەرەب و زۆریش دڵسۆزی یەکێتی تێکۆشانی کورد و عەرەبە، گەلی کورد هەرگیز پشتی گەلی عەرەبی برای خۆی بەرنەداوەو بەریشی نادات، هەر زۆر لە زووەوە، هەر لە زەمانی سەلیبیەکان و سەلاحەدینەوە، تا ئیمڕۆ، هەمیشە گەلی کورد لە ناخۆشی و تەنگانەدا دۆست و براو پشتیوانی گەلی عەرەب بووە.

ئیمڕۆش ، ناکرێ و ناشێ بۆ هێزێکی سیاسی گەورەو بەرپرسیاری وەک

(ی.ن.ک) مـاوە بـدات بـەوەی قسەی نـاحـەزان سەرکەوێت و بگوترێ لە کاتی پەلاماردانی عێراقدا لە لایەن ئێرانەوە، لە کاتی پەلاماردانی خاکی عێراق و گەلی عێراق لە لایەن ئێرانەوە بۆ داگیرکردنی نیشتمانی عێراق و بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانەکەی و زەوتکردنی مافی چارەنووس لە گەلەکەی، کورد وە یان (ی.ن.ک) لە پشتەوە هاوکاری ئێرانیان کردو لە دژی پەلاماردانەکەی نەک هەر نەوەستان بەڵکو لە لاوەش ڕێگەیان بۆ خۆشکرد.

٣/ لە کاتێکدا لەشکری عێراق (جیش عراقی) لە شەڕدایە لە سەر سنووورەکان و لە ناو خاکی عێراقدا دژی داگیرکەرە پەلاماردەرەکانی ئێرانی دەوەستێت، (هـ . پ. ک) سەر بە (ی.ن.ک) خەنجەری لە پشتەوە لێدەدات لە جیاتی ئەوەی یارمەتی بدات ئێمە بە هیچ کلوجێک نامانەوێ ئەو تۆمەتەمان بێتە سەر، نەک هەر لە بەر ئەوەی لە دژی پێویستیەکانی پاراستنی عیراقە، بەڵکو لە بەر خاتری لەشکری عێراقیش دەیان و سەدان و هەزاران ڕۆڵەی عێراقی تێدایە، ئەو لەشکرەی کە لە گەلی عێراق جیا ناکرێتەوە خاوەنی خاسیەتە تایبەتیەکانی خۆیەتی.

٤/ ناوچەکانی بندەسەڵاتی پێشمەرگەی کوردستان لە دوو لاوە هێرشیان بۆ دەهات ئێرانیش بە سەر لاشەی شۆڕشی کوردستانی ئێراندا، لە دوای داگیرکردنەوەی ناوچە ڕزگارکراوەکانی کوردستانی ئێراندا دەیویست ناوچەکانی ئێمەش داگیر بکات، کەچی عێراق ئامادەی شەڕ ڕاگرتن بوو لە دژمان و تا ڕادەیەکیش پشتیوانی لە شۆڕشی کوردستانی ئێران دەکرد.

٥/ وەزعی ئەو معارەزە عێراقییەی ئیمڕۆ تیرو توانج و تۆمەتمان تێدەگرن لەو پەڕی کزیدایە جگە لە معارەزەی تایفی کۆنەپەرستانە کە لە سەر نوکە نێزەی لەشکری داگیرکەرو پەلاماردەری ئێران گەرەکیانە بێنەوە عێراق و دەسەڵاتەکەی بگرنە دەست و بە شێوەیەکی کۆنەپەرستانەی ئێران ئاسایی حوکمی وواڵات بکەن ئەمە لە کاتێکدا ئێمە کە دروشمی ڕووخاندنی حوکمیشمان هەڵگرتبوو داوای هێنانی حوکمی ئیئتیلافی دیموکراتمان دەکرد، نەک حوکمی بە ناو دینی و زۆر کۆنەپەرست کە دوژمنی کوردایەتی و دیموکراسی و سۆشیالیزم و ژیانی ئەم سەردەمەیە کە

نموونەکەی وا گەلانی ئێران دەهاڕێت بۆیە شەڕ کردنمان بۆ خزمەتی ئەو هێزە کۆنە پەرستە دەستڕەشە کارێکی هەڵەو ناڕاست بوو.

٦/ گرانی و قاتو قڕی، بێ دەرمانی و بێ ئازووقەیی، زۆریان بۆ خەڵکی ناوچەکانی پێشمەرگە هێنابوو، ژیانی پێشمەرگەیان زۆر تاڵترو تفتر کردبوو، کەوا پتر لە حەوت ساڵە بێووچان و پشوودان درێژە بە شۆڕش دەدەن.

٧/ سەرەڕای هەموو ئەو ڕاستییانە، میری دەریبڕیبوو کە ئامادەیە گوێڕابگرێ لە هەموو داخوازی و داوایەکانی گەلی کوردو (ی.ن.ک) و ئامادەیە کەموکوڕی حوکمی زاتی ببڕێ و گەشەی پێبدات وەک خۆی گوتەنی! ئێمەش پێمان باشبوو کە جارێکیتریش داخوازیەکانی گەلی کورد بەرینە پێش و لە کاتێکدا کە ماوەی بە ئاشتی وەرگرتنی مافەکان یان هەندێ لە مافەکان هەبێت دەرگای گفتوگۆ بکەینەوە بە تایبەتی لەو وەزعەشدا کە لە سەرەوە باسمان کردووە.

ئەمە جگە لەوەی کە گفتوگۆ چ زیانێکی بۆ شۆڕش و (ی.ن.ک) تێدا نییە، (هـ . پ. ک) لە شوێنەکانی خۆیەتی و ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ک) لە گەشەکردن و پەرەسەندنی خۆیاندان، هەر وەک ئەو گفتوگۆیەش بۆ کۆمەڵانی خەڵک باش و بەکەڵکە، بە تایبەتی کە ئێمە چەکمان هەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل هەڵگرتبوو، جا ئەگەر بە ئاشتی بهێنرێنە دی، ئەوا گەلێ خوێن و فرمێسکمان بۆ دەگەڕێتەوە.

لە خولی یەکەمی گفتوگۆکەیدا باسی هەموو داخوازیەکانی گەلی کوردستانی عێراق کران لە سەر هەموویان گفتوگۆی سەربەستانە و بێ پەرواو ئاشکرا کران هەر دوو لا ڕەئیەکانی خۆیان دەربڕی میری ئامادەیی خۆی نیشاندا بۆ سەلماندنی گەشە و پەرەپێدانی حوکمی زاتی و لابردنی وەزعی نالەبارو ناهەموار لە کوردستانی عێراقداو سەلماندنی مافی حوکمڕانیکردنی کوردستان لە لایەن خەڵکەکەیەوە لەو خولەدا هەر دووڵا پێکهاتن لە سەر:

١/ وەستاندنی شەڕ لە نێوان (هـ . پ. ک) و چەکدارەکانی میریدا.

٢/ دەستکردن بە گفتوگۆی جدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بە شێوەیەکی دیموکراتی و ڕەوا لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا.

٣/ جێبەجێکردنی پێویستیەکانی (ی.ن.ک) و (هـ . پ. ک) لەو قۆناغەدا.

کـــــۆمەڵانی خـــــەڵك و گـــــفتوگۆ

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی ڕەسمی لە نێوان میری و (ی.ن.ک) دا، یەکسەر سەدان هەزار کەس ڕژانە سەر شەقامەکانی شارەکانی کوردستانەوە، دەستیان کرد بە دانانی دروشمی پشتیوانی لە (ی.ن.ک) و (هـ . پ. ک) و دەربڕینی خۆشی و شادی خۆیان بەو هەنگاوە کە بە سەرکەوتنێکی خۆیان دانا.

ڕاگرتنی شەڕو لابردنی زەخت و تۆقاندن لە سەر خەڵک، بوونە هۆی گەشانەوەی خەڵک و دروستبوونی جەوێکی هیوا بەخش، کە تێیدا کۆمەڵانی خەڵک لە لایەکەوە هەناسەیەکی ئـازادی و ئاسودەییان هەڵکێشاو لە لایەکیترەوە تینی گرانی و قاتوقڕییان لە سەر لاچوو، هیواو ئومێدیشیان ژیایەوە بە سەلماندنی مافەکانی دیموکراتی و نەتەوایەتیان، هەر بۆیەش کۆمەڵانی خەڵک زۆر بە گەرمی پێشوازیان لەو هەنگاوەی (ی.ن.ک) کردو زۆریش پشتیوانیان لێکرد، بەم جۆرە جوڵانەوەیەکی جەماهیری بوژایەوەو پەرەی سەندەوە کە شارو دێهاتی کوردستانی گرتۆتە بەر کە بێگومان بۆتە مایەی پەرەسەندنی ڕێکخراوەکانی (ی.ن.ک) و (هـ . پ. ک) و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان، ئەمەش بە لای ئێمەوە دەستکەوتێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە پێویستە بەو پەڕی ژیری و هوشیاری و چالاکییەوە پێشوازی لێبکەین بۆ زۆرترو پتر پەرەپێدان و گەشەپێدانی ڕێکخستنەکان و (هـ . پ. ک) پێویستە چالاکانە و هۆشیارانە پەرەو گەشە بدرێن بە (ی خ ک) و (ی.ن.ک) و (ی م ک) و (ی ه ک) و هەرچی زووشە خوشکانی تێکۆشەری (ی ئا ک) ببوژێننەوەو بخەنەوە گەڕ چونکە بێ ڕێکخستن و جۆشدانی خەباتی ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن، بێ هاوبەشی چالاکانە و ژیرانەیان لە خەباتی شۆڕشگێڕانەدا سەرکەوتن بەدەست نایەت هەروەک پێویستە جوڵانەوەیەکی جەماهیری ڕێکو پێکی جوتیاران سازدەین و جۆشبدەین بۆ لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکەندنی دەرەبەگایەتی و پاشماوەکانی، بۆ جێبەجێکردنی ئیسلاحی زەراعی تاکو زەوی ببێتە هی ئەوانەی ڕەنیوی دەهێنن، بەڵام بە بێ لادان بە لای ڕاست و بە لای چەپدا، بێ لە بیرکردنی پێویستی هوشیار کردنەوەی جوتیاران تاکو خۆیان جوڵانەوەی ڕزگار بوونی خۆیان جۆشبدەن و

بەڕێوەبەرن، واتە نەک ئیسلاحێکی زەراعی بیروکراتی بەڵکو ئیسلاحێکی زەراعی شۆڕشگێڕانە بۆ ئەمەش دەبێ پشت بە جوتیارانی هـەژارو ڕەنجدەرانی لادێ ببەستین و ئەوانیش هاوکاری لە گەڵ جوتیارانی ناوەنجی بکەن و پێکەوەشیان هەوڵی بێ لایەنکردنی جوتیاری دەوڵەمەند بدەن.

جا ئێمە لەم هەلومەرجە پێمان باشە قانونی ژمـارە (٩٠) جێبەجێ بکرێت، پێویستە خەبات درێژە پێبدەین بۆ گۆڕاندنی قانونەکە بۆ هێنانەدی داخوازیەکانی جوتیاران بۆ بەدیهێنانی دروشمی زەوی بۆ ئەو جوتیارەیە کە دەیکێڵێت دیارە بە ڕەچاوکردنی وەزعی تایبەتی کوردستان.

کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هەر چەندە بە گەرمی پشتیوانی لە گفتوگۆ دەکەن بەڵام زۆر بە پەلە داوای بە ئەنجام گەیاندنی دەکەن، زۆر بە پەلە داوای بەیان کردن و بڵاوکردنەوەی دەکـەن، ئێمەش بە پێویستی دەزانین کە بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی خۆشەویستی ڕابگەیەنین هەر چەندە میری لە خولی سێیەمی گفتوگۆشدا دووپاتی کردۆتەوە کە زۆر ئیجابیە لە گفتوگۆیەکەداو، لە گەشەپێدانی حوکمی زاتیدا و لە چارەسەرکردنی کێشەی کوردا، وە هەر چەندە هەندێ هەنگاوی جدیشیان هەڵهێناوە بەرەو ئەوەو لەو ڕێگەیەداو چەندین بەڵێنی باشیشیان داوە، بەڵام دیسان هەر پێویستە ئەم ڕاستیانە بخەینەوە بەرچاو:

١/ کێشەیەکی ئاڵۆزی گرێ گرێیاوی وەک کێشەی کورد کە پتر لە چارەکە قەرنێکە خەباتی شۆڕشگێڕانەی بۆ دەکرێ و لە پێش (٢٣) ساڵیشەوە خەباتی پێشمەرگانەی بۆ دەست پێکراوە، وا بە سووک وسانایی، وا بە پەلە و بە ڕوونی چارەیەکی تێرو تەسەلی بۆ ناکرێت بە تایبەتی کە ناحەزانی ئەم چارەسەرکردنە لە دەرەوەو ناوەی وولاتدا گەلێ زۆرن، کە چەندین دەوڵەتی وەک ئێران و تورکیا لە دژی کاردەکەن، بۆیە پێویستە بە پشوویکی شۆڕشگێڕانەوە بنواڕینە مەسەلەکە.

٢/ (ی.ن.ک) و میریش بە ووردی و لە سەرەخۆ مەسەلەی کورد دەرس دەکەن و باس دەکەن، هەر چەندە هەر دوولا وەفدی دەسەڵاتداری خۆیان لە سەر بەرزترین پلە داناوە بۆ پەلە کردن لە چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد، وە لەم ڕۆژانەی

داهاتوودا دەست دەکەنەوە بە کار، بەڵام دیسان پشووی شۆڕشگێڕانە دەبێ درێژ بێ! چونکە (ی.ن.ک) دوای گەڵاڵە کردنی ڕێککەوتنەکەش دەیخاتەوە پێش چاوی کادرەکانی خۆی، و هوشیارانی گەلەکەمان و لێزان و پسپۆڕان ئینجا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان تا گەر پێیان باش بوو پەسەندی بکەن یان داوای دەسکاری پێویستی تێدا بکەن، بە کورتی (ی.ن.ک) بێ پرس و ڕا بە خەڵک و بێ ڕەزامەندی کۆمەڵانی خەڵک هیچ هەنگاوێکی بە ئەنجامی دواینی ناگەینێت.

شـــــێواندنی گـــــفتوگۆ

هەندێ لە ناحەزانی گفتوگۆ لە شارەکان و هەندێ لە دوژمنەکانیشی لە دەرەوە، هەر زوو کەوتنە ڕووپاگەندەی ژەهراوی و بگرە جنێودانیش بە (ی.ن.ک)، هەندێ داخ لە دڵ و لە خۆ ترساوی شارەکان لە گەڵ هەندێ لە دەرەبەگە نیشتمانفرۆشەکان ڕووپاگەندەی دژی (ی.ن.ک) وا دەست پێکرد کە گوایا (ی.ن.ک) گەڕاوەتەوە ڕیزی نیشتمانی، دەردی خۆیان گوتەنی! هەر زوو وەڵامی دەم کوتکەرانەی درۆی ئەوانەمان بەم ڕاستییە دایەوە کە ڕیزی نیشتمانی ڕاستەقینە ڕیزی (ی.ن.ک) و شۆڕشەکەمانە، هەوییەی نیشتمانی لە لایەن (ی.ن.ک)ی بە خوێنی گەشی شەهیدە نەمرەکان دەردەکرێت.

لە دەرەوەش دا هەندێکیتر درۆو دەلەسەی بەزین و (خۆ بەدەستەوەدانی) (ی.ن.ک) یان بە چەندین جنێوی ناشیرینەوە بڵاوکردەوە، بەڵام وەڵامدانەوەی دەمکوتکەرانەی درۆو بوختانی ئەوانیش هەر بەم ڕاستییە کە (ی.ن.ک) ڕێبەری کۆڵنەدەری کوردایەتی و شۆڕشەکەیەتی، نەک وا هەر بە شاخەوەیەو لە دەرەوەیە، بەڵکو تا سەرکەوتن یا مردن تا بەدەستهێنانی مافەکانی دیموکراتی و نەتەوایەتی گەلی کوردستان هەر درێژە بە خەبات دەدات بە هەموو شێوەکانی، گفتوگۆش بە لای ئێمەوە هەر شێوەیەکی ئەو خەباتەیە، هەر وەسیلەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان.

داخـــوازیەکانی گـــــفتوگۆ

لە دوای خولی دووەمی گفتوگۆیەکەدا، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بە نووسین پرۆژەی قانونی حوکمی زاتی ڕاستەقینەو مافە سەرەکییەکانی کوردو پرۆژەی چۆنیەتی گـەڕانـدنـەوەی کـوردسـتـان بـۆ دۆخـی ئاسایی خـۆی، پێشکەش بە کاربەدەستانی میری کردەوە.

لەم پـرۆژە نووسراوانەدا (ی.ن.ک) داوای ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە دەکـات کە هەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە واتە هەموو ئەو ناوچانەی لە سنووری ئۆتۆنۆمی دەرهێندراوون و کوردستانن هەر لە شەنگارەوە بگرە تاکو خانەقین و مەندەلی داوای دەسەڵاتی تەواو بۆ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەکەین داوای ئەوە دەکەین کە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە ناوەڕۆکێکی زیندووی هەبێت کە حوکمڕانی خەڵکی کوردستانە بە سەر ناوچەکەی خۆیدا.

داوای جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەیانی ١١/ ئازاری/١٩٧٠ دەکەین، داوا دەکەین کە هەموو جوتیارە ڕاگوێزراوەکانی کوردستان بچنەوە سەر دێهاتی خۆیان و ئیسلاحێکی زەراعی شۆڕشگێڕانەیان بۆ بکرێت و چەکداریش بکرێن، هەروەک دەبێ هەموو کرێکاران و موچەخۆرەکان و ڕاگوێزراوەکانی شارەکانی گەرمیانی کوردستان بچنەوە سەر کارەکانی خۆیان لە شارەکانی خۆیاندا، پێمانوایە داوامان ئەمەیە کە هەموو موچەخۆر و ئەفسەرو خوێندکارانی کورد بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان و پاداشتیشیان بدرێتەوە.

داوای ئازادی و سەربەستییە دیموکراتیەکانمان کردووە تاکو ڕێکخراوە سیاسی و دیموکراتییەکانی کوردستانیش بگەڕێنەوە سەر کارکردن و ئەوانەی نەماون ببووژێندرێنەوە بە ئاشکراو بە سەربەستی نەک تەنها هی (ی.ن.ک).

داوامـــان کـــردووە هـــەمـــوو زیندانییە سیاسییەکان ئـــازاد بکرێن بـــە برا بارزانیەکانیشمانەوە کە دەبێ ئازاد بکرێن و بگەڕێندرێنەوە سەر شوێن و دێهاتی خۆیان هەروەها هەموو داخوازییەکانی تری خەڵکی کوردستانیشمان پێشکەش کردووە.

داوامـان وایە کە هەموو ئەو شتانەی لە هەلومەرجی نائاساییدا یان هەموو ئەوانەی لە دژی شۆڕش و (ی.ن.ک) چەکدار کراون هەڵوەشێندرێنەوە، پارێزگاری نیشتمانیش لە دوژمن و لە پەلاماردەران پێمان وایە نەک بەوانە ناکرێت بەڵکو دەبنە ڕێگرو کۆسپ لە کوردستاندا.

پـــــارێزگاری نیشتمان لە پـــــەلاماردەرانی ئـــــێـرانی

شتێکی ئاشکرایە کە حکومەتی ئێران بە نیازی داگیرکردنی عێراق درێژە بە هێرش و پەلامارەکانی خۆی دەدا، حکومەتی ئێران نایشارێتەوە کە دەیەوێ عێراق بگرێت، حوکمەکەی سەرنگوم بکات تاکو حکومەتێکی بە ناو ئیسلامی سەر بە ئێران لە شوێنی دابنێت دەیـەوێ (٢٥٠) هەزار ملیۆن دۆلار تۆڵەی زیانەکانی شەڕ لە عێراق بسێنێت، دەیەوێ ڕێککەوتنەکەی جەزایری ساڵی ١٩٧٥ بسەپێنێت بە سەر عێراقدا واتە هەم نیوەی شەتولعەرەب و هەم زۆر شوێنێتری عێراق لە کوردستان داگیربکات، بە کورتی حکومەتی ئێران دەیەوێ عێراق توند بە پاشکۆی خۆیەوە گرێ بداو گەلەکەی لە سەربەخۆیی نیشتمانی، مافی دانانی ڕژێمێکی ئیئتیلاف و دیموکرات، ژیانی ئازادو پێشکەوتوو، بێبەش بکا هەمان حوکمی کوشت و کوشتار، داگیرکردنی مافەکانی نەتەوایەتی و دیموکراتی لە گەلان کە لە ئێراندا هەیە بە سەر عەرەب و کوردو تورکمانی عێراقیشدا بسەپێنێت، فیتنەو شەڕو ناکۆکی شیعە و سوننەش لە عێراقدا پەرە پێبدات تا بە یەکجاری کاولی بکات.

پەلاماری ئێرانیش بۆ سەر کوردستانی عێراق بە سەر لاشەی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێراندا بە نیازی دامرکاندنەوەی شۆڕشی کوردستانە لە هەر دوو دیوی کوردستاندا، بە نیازی لە ناوبردنی نەتەوەی کورد، بە نیازی لە ناوبردنی جوڵانەوەی ڕزگاری نیشتمانی و دیموکراتی خەڵکی کوردستانە، بۆ ئەوەی نەهێڵێت کوردستانی عێراق وەک کوردستانی ئێران ببێتە بنکەی هێزە شۆڕشگێڕەکانی عێراقی دوا ڕۆژ کە بە تەمایە داگیری بکات.

سوور بوونی حوکمی ئێرانی لە سەر پەلاماردان و داگیرکردنی عێراق و ئێستە و دواڕۆژی گەلەکەمان و لە سەر پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش.

هەر بۆیەش (ی.ن.ک) و (هـ . پ. ک) دلێرانە چوونەوە بە گژ پەلاماردەرانی ئێرانیدا تەنانەت لە کاتێکدا دژی هەر دوو حکومەتەکەش دەجەنگان.

ئێستەش لە بەرامبەر هێرش و پەلاماری ئێران هەر هەمان هەڵوێستمان هەیە، بەڵام بەڵای ئێمەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە دڵ و گیان بچنەوە بە گژ هێرش و پەلاماری ئێرانداو کوردستانیان لێبکەنە گۆڕستان، دەبێ هەموو مافە دیموکراتی و نەتەوایەتیەکانی خەڵک بسەلمێندرێن و دابین بکەین.

دەبێ ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بە خەڵک بدرێت، دەبێ خەڵکی کوردستان بە هۆی نوێنەرانی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە حوکمی کوردستان بکەن، پێویستە جوتیارەکان بگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکانی خۆیان و چەکدار بکرێن تاکو دێهاتەکانیان بکەنە قەڵاو شورای پاراستنی عێراق پێویستە پشت بە جەماوەری کوردستان ببەسترێت، جەماوەری کوردستان چەکدار بکرێن و جەماوەری کوردستان بکرێنە شورەو قەڵای پاراستنی وولات، چونکە ئەم کارە هەر بە جەماوەر دەکرێت نەک بە جاش و جاشی سووک، نەک بە دەرەبەگ و سەرەک خێڵە کۆنەپەرستەکان کە نیازیان ژیاندنەوەی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی کۆمەڵانی خەڵکە.

هەر بە ڕەچاو کردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی ماف سەلماندن و پشت بەستن بە جەماوەریش مەسەلەی سەربازی ڕاکردوو لە بنەڕەتەوە چارەسەر دەکرێ نەک بە تۆقاندن و هەڵواسین، هەر ئەوسا لاوان خۆیان بە دڵ و بە گیان، پۆل پۆل و دەستە دەستە ، دەچن بۆ سەنگەرەکانی پاراستنی نیشتمان لە پەلاماردەرەکان، بۆیە (ی.ن.ک) داوای پەیڕەوی کردنی ئەو سیاسەتە ڕاست و ڕەوایە دەکات تاکو هەموو خەڵکی کوردستان بە دڵ و بە گیان دەست بدەنە چەک و پاڕێزگاری نیشتمانەکەی خۆیان کە عێراقی خۆیانە بکەن.

هەر بە پەیڕەوی کردنێکی دڵسۆزانەی ئەو سیاسەتی سەلماندنی مافەکانی دیموکراتی و نەتەوایەتی خەڵک دەکرێ و دەتواندرێ یەکێتی نیشتمانی عێراق بپارێزرێت و بچەسپێندرێت هەر بۆیەش هەوڵدان و خەباتکردن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان دەکاتە هەوڵدان و خەبات بۆ پتەوکردنی یەکێتی

نیشتمانی عێراق واتە بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی یەکێتی نیشتمانی عێراق و پەرەپێدان و گەشەپێدانی برایەتی کوردو عەرەب، بە پێچەوانەوە، داگیرکردنی مافەکانی خەڵک و نەسەلماندنی حوکمی زاتی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی بێ هێزکردنی یەکێتی عێراق.

هەر بۆیەش ئیمڕۆ کە میری بەڵێنی بەدیهێنانی حوکمی زاتی ڕاستەقینە بە گەلی کورد دەدات، کە قۆڵ و بازووی بە ئاشتی چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی لێهەڵکردووەو کەوتۆتە گفتوگۆ لە گەڵ (ی.ن.ک) ئەم ڕاستییەی لە هەموو کاتێک زیاتر دەدرەخشێتەوە کە سەلماندن و جێبەجێکردنی حوکمی زاتی ڕاستەقینە دەبێتە هۆی بەهێزو بە تینکردنی یەکێتی عێراق و پەرەپێدان و فراوانکردنی بەرەی بەربەرەکانی پەلاماردەرانی ئێرانی و هاندان و سازدان و جۆشدانی سەدان هەزار ڕۆڵەی کورد بۆ پاراستنی گەل و نیشتمان هەر ئەوساش کوردستان دەبێتە گۆڕستانی داگیرکەران و پەلاماردەرانی ئێرانی.

ئێمەش کە لەم ساتە سامناکەی مێژووی عێراق (بە کوردستانیشەوە) دەستمان کردووە بە گفتوگۆ بە هەم نیازو بۆ هێنانەدی هەمان ئامانجە بۆ دابینکردنی مافە ڕەوایەکانی خەڵکی کوردستانە، بۆ ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەیە، بۆ بەهێز کردن و پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانی عێراق و پەرەپێدان و گەشەپێدانی بەربەرەکانی کردنی داگیرکەرانی ئێرانییە، بۆ بەهێزو پتەوکردنی برایەتی مێژوو کردو دێرینی کورد و عەرەبە، بۆ ئەمانەیە و بۆ هێنانەدی داخوازییە ڕەواکانی تری خەڵکە.

هەر بۆیەش هەر کەسێ یان تاقمێ یان هێزێ وا تێنەگات، وە خۆی بە هەندێ هۆی ناڕاستەوە فریو بدات وەک ئەوەی هەندێ بڵێن (ی.ن.ک) ماندوو بووە یان بەزیوە، یان خەریکی تەسلیم بوونە ئەوا خۆیان تووشی هەڵەی گەورەو کوشندە دەکەن.

(ی.ن.ک) هەر ئەو هێزە شۆڕشگێڕە نەبەزو کۆڵنەدەرە سەربەخۆییەی کوردستانە، کە هەتا سەر دڵسۆزی کۆمەڵانی خەڵک و نیشتمانە کە ژیان و گیانی خۆی و ئەندامان و پێشمەرگەکان و لایەنگرانی خۆی، لە خەباتی جەماهیری و لە

شۆڕش چاو نیەو، هەمیشە هەتا سەرکەوتن هەر ڕێکخەرو ڕێبەری کوردایەتی دەبێت هەمیشە هەر ڕێبەرو ڕێکخەری خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێت لە پێناوی دیموکراسی و مافە ڕەوایەکانی نەتەوایەتی کە ئیمڕۆ خۆی لە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەدا دەنوێنێت.

بۆیە بێگومان، ئەمجارەش درۆو دەلەسەو تۆمەتی بوختانی ناحەزان و سەرلێشێواوان هەر خۆیانی پێڕیسوا دەبنەوە، وە ڕووداوەکان دەریدەخەنەوە کە (ی.ن.ک) هەر ڕێبەری نەبەزو کۆڵنەدەری کوردایەتی شۆڕشە لە کوردستانی عێراقدا، وە هەتا بەدیهێنانی هەموو داخوازییەکانی چینایەتی و نەتەوایەتی کۆمەڵانی خەڵک هەردەم خەباتگێڕی شۆڕشگێڕو سەربەخۆی گۆڕەپانی کوردستان دەبێت.

ڕاستە (ی.ن.ک) وەک هێزێکی سیاسی گەورەو بەرپرسیاری شۆڕشگێڕ، ژیرانە و دووربینانە دەڕوانێتە ڕووداوەکان و هەلومەرجی عێراق و خەتەری پەلاماردانی ئێران زۆر باش هەڵدەسەنگێنێت، ڕاستە کە زۆریش پەرۆشی برایەتی کوردو عەرەبیەتی، زۆریش بە تەنگ یەکێتی نیشتمانی عێراقەوەیە، زۆر زۆریش باکی خۆینی پێشمەرگەکان و سەربازەکانی عێراقیەتی وە زۆر پەرۆشی ئەوەیەتی کە ئەو خوێنە لە شوێنی خۆیداو لە کاتی پێویست وە بۆ پاڕێزگاری نیشتمان و سەربەخۆیی نیشتمان بڕژێت نەک لە شەڕی لابەلادا، هەر بۆیەش دروشمی ئاشتبوونەوەی گشتی هەڵگرتووە، لە لایەکەوە لە گەڵ میری بۆ بە ئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای کورد کەوتۆتە گفتوگۆوە، لە لایەکیتریشەوە لە گەڵ هێزەکانی سیاسی کە لە کوردستاندا هەن کەوتۆتە هەوڵ و تەقەلای ئاشت بوونەوە، نامەو ڕاسپاردەیان لە گەڵ ئاڵوگۆڕ دەکات بۆ ئەوەی ماوە نەدەین بۆ بوژاندنەوەی خوێنی گەشی کورد بە دەست کوردەوە، بۆ ئەوەی هەموو هێزە سیاسییەکان بە شێوەی خۆشی و سیاسی ناکۆکی و گیروگرفتەکانی خۆیان لابەلا بکەن.

بەڵام هەر کەسێ یان هێزێ ئەو هەموو هەست و بەرپرسیاری و ژیری و پەرۆشییەی (ی.ن.ک) بە لاوازی و کزی و ماندوو بوون و کۆڵدان بداتە قەڵەم ئەوا خۆی تووشی هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات کە ڕەنگە بەرەو هەڵدێری هەزار

بە هەزاری بەرێت، چونکە (ی.ن.ک) ئیمڕۆ لە هەموو ڕۆژێکیتر بەهێزو تواناترە لە ڕووی سیاسی و جەماهیری و پێشمەرگایەتییەوە، نەک هەر ماندوو پەککەوتە نییە، بەڵکو حەساوەو سازوو ئامادەیە، کوڕی نەبەردە هەمیشەو هەتا سەر بێلادان و کۆڵدان درێژە بە خەباتی جەماهیری شۆڕشگێڕانەی خۆیدەدا بە هەموو داخوازییەکانی دیموکراتی و نەتەوایەتی و چینایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عێراق دێنێتە دی.

هەر وەک هەمیشەش پشتیوانی باوەڕپێکراوی شۆڕشی کوردستانی ئێران و جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد دەبێت لە هەموو کوردستاندا.

گەر هاتوو گفتوگۆیەکەشمان وەک لێی ڕەچاو دەکرێ سەرکەوت و بە کوردستانی ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە شاد بووین، ئەوا بێگومان دەیکەینە قەڵاو پشت و پەنای هێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئێران، وە بە هەموو جۆرو شێوەیەک هاوکاری و هاوخەباتیان دەکەین تا سەردەکەون و ئێرانێکی ئازادو سەربەخۆو دیموکرات بنیات دەنێن لە سەر کەلاوەی حوکمە کۆنە پەرستە شۆڤێنیە پەلاماردەرە داگیرکەرەکەی ئێستەیان.

خـــــوشک و بـــــرایانی خـــــۆشەویست

دەبا نەورۆزی ئەمساڵمان بکەینە نەورۆزی خەباتی سیاسی و شۆڕشگێڕانە بۆ ئاشت بوونەوەی گشتی هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستان، تا ئەویش بمانگەیەنێت بە ئاشتی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە.

دەبا هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان خەباتی ژیرانەی خۆیان سازدەن و جۆش دەن لە پێناوی بەدیهێنانی مافەکانی خۆیاندا کە گفتوگۆی ئیمڕۆمان شێوەیەکی ئەو خەباتەیە، ڕێگەیەکە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتەکەمان.

دەبا هەموو دڵسۆزان و نیشتمانپەروەران یەکگرن!

دەبا هەر شەکاوە بێت ئالای نەورۆزی کورد کە نەورۆزی ڕزگاری بووە لە زوڵم و زۆری هەموو زوحاکەکان و لە سەرما و سۆڵی هەموو زستانەکانی ساردو سڕ!

دەبا دەرس لە ئەفسانەی مێژوویی نەورۆز وەرگرین لە سازدان و جۆشدانی کۆمەڵانی خەڵک بە ڕێبەری کاوەی ئاسنگەری هەموو سەردەمێک کە ڕەنجدەرە هۆشیارە شۆڕشگێڕەکانن.

دیسانەوە نەورۆزتان پیرۆز بێت و هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتوبن...

شـــــەهید بوونی تـــۆفیق- هـــــێرش
1984/3/28

لە ڕاپەڕینی نزیک سلەیمانی کە ئەو سەردەمە پێیان دەوت «قادسیە» بە ناوی قادسیەی دۆڕاوی «سەدام حسێن»ەوە ناو برا بوو شێخ عەلی، مەحموود کەشکۆڵ و چەند پێشمەرگەیەکی دەستەکەی کەوتنە بۆسەی هێزێکی بەعسەوە لە ئەنجامدا تۆفیق حاجی پورزای شێخ عەلی شەهید بوو، هێرش و عەریف کەریم و شێخ عەلی بریندار بوون، دوای چەند ڕۆژێک مانەوە بە بریندارى ، هێرش عەلی پورزای شێخ عەلی شەهید بوو.

لە پەنا گفتوگۆدا چەندین ڕووداوی لەم جۆرە ڕوویاندا تا کۆتایی گفتوگۆ ئەم ڕووداوانە بەردەوام بوون.

تـــــیپی 51ی گـــــەرمیان
بـــــەهاری 1984

بارەگای تیپی ٥١ی گەرمیان لە چرچەقەڵا بوو، ڕژێمی عێراق داوایکرد هەرچی خەڵکی کانی سارد هەیە بچنە دەربەندیخان دەنگ بدەن بۆ هەڵبژاردنی مەجلیسی تەنفیزی و تەشریعی (کارتۆنی).

پێشمەرگەکانی تیپی گەرمیان لە کانی سارد بوون ڕێگەیان نەدا خەڵکی کانی سارد بچنە دەربەندیخان بۆ دەنگدان ووتیان دەتوانن سندوق بهێننە کانی سارد.

پێشمەرگەکانی تیپی ٥١ی گەرمیان دامەزرا بوون لە ئامادەباشیدا بوون دەیانزانی داموودەزگاکانی ڕژێم سەرکێشی دەکەن.

زۆری نەبرد ئامر لیوا هاتە کانی سارد بانگی پێشمەرگەکانی کرد سەڵاحی کوێخا عەزیز و شاسوار چوونە لای ئامر لیوا ووتی دەبێت خەڵکی کانی سارد بچنە دەربەندیخان دەنگ بدەن سەڵاحی کوێخا عەزیزو شاسوار ووتیان قبوڵی ناکەین.

شاسوار کادیرێکی پێشکەوتوو بوو بە عەرەبی قسەی لە گەڵ ئامر لیوا کرد سوودی نەبوو ئامر لیوا ئاماژەی بۆ سەربازەکان کرد پەلاماری شاسواریاندا سەڵاحی کوێخا عەزیز خۆی هەڵدایە کەڵەکێکەوەو میلی تفەنگی هێنایەوەو ڕوویکردە ئامر لیوا ووتی ئێستا دەتکوژم ناچار شاسواریان بەردا ئامر لیوا بە مل شکاوی سواری جێبەکە بوو گەڕایەوە دەربەندیخان.

هێندەی نەبرد بە ناچاری سندوقی دەنگدانیان بردە کانی سارد چەند ئۆتۆمبێل و ئیڤای سەربازییان لە گەڵدا بوو لە ڕێگەی بڵندگۆوە داوایان لە خەڵکەکە دەکرد دەنگ بدەن بەڵام کەس نەچوو بەدەنگیانەوە، سەربازەکان خەڵکیان بە زۆر خستە ناو ئیڤاکە پێشمەرگەکان چەند فیشەکێکیان بە سەردا تەقاندن سەربازەکانیان چەککرد بە ئۆتۆمبێلەکانیانەوە ناردیانن بۆ چەمەرە لە مزگەوتەکەی چەمەرە بەندیانکردن.

دوای دەستگیرکردنی سەربازەکان چەند تۆپێکیان نا بە کانی سارەوە، هێزێکی سەربازی ویستی بەرەو کانی سارد بێت پێشمەرگەکانی گەرمیان لێیاندان و چەند سەربازێکیان لێکوشتن.

هێزەکەی دوژمن کەسێکیان نارده لای پێشمەرگەکان، دیلەکانیان بۆ ناردەوە دۆخەکە بە سەرکەوتنی پێشمەرگە کۆتایی هات.

مـــــانگرتن و خـــــۆپیشاندان فـــــەسڵ کـــــردنی خـــــوێندکاران

لە گەرمەی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و ڕژێمدا، سیاسەتی تۆقاندن و کردنی خوێندکاران بە جەیشی ناشەعبی و ڕەوانە کردنیان بۆ مەیدانی مەشق، دروستکردنی فەوجی جاش و خۆفرۆشەکانی کورد، گوللەبارانکردنی سەربازە هەڵاتووەکانی بەرەکانی جەنگ و گواستنەوەی هونەرمەندەکان بۆ فەرمانگە و وەزارەتەکانیتر کە پەیوەندی بە پیشەی خۆیانەوە نەبوو، ناڕەزایی لە ناو توێژی خوێندکاران و هونەرمەندان دروستکرد، ناڕەزاییەکان خۆپیشاندانی لێکەوتەوە، خۆپیشاندانیش زەبرو زەنگی داگیرکەری لێکەوتەوە، لە نێو خۆپیشاندەرانیش دا هەندێک لایەنی کوردستانی لە هەوڵی ئەوەدا بوون ناڕەزایەتیەکان، بەلاڕێدا بەرن.

لە خۆپیشاندانی هێمنانەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری دەرکردنیان لە زانکۆو پەیمانگاکان، بیگۆڕن بۆ تووندو تیژی، دیارە بۆ دروستکردنی کێشەو سەر ئێشەش بوو بۆ (ی.ن.ک) کە لایەنی سەرەکی گفتوگۆ بوو، بەڵام لەو هەلومەرجەشدا (ی.ن.ک) پشتیوانی لە خوێندکاران و هونەرمەندان کردو داوای دان بە خۆداگرتنی لێکردن تا کێشەکان بە گفتوگۆ چارەسەر بکەن و دەرفەت بدەنە (ی.ن.ک)، دۆخەکەش هێور بکەنەوە، ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان لە گەڵ خوێندکاران و هونەرمەندان لە سەر خەت بوو، لە ڕێگەی ئیزگەوە پەیامی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) دەگەیاندە خەڵک و خوێندکاران.

(لەم پەیامەدا کە لە ئیزگەوە ئاڕاستەی خەڵکی کوردستان و خۆپیشاندەران کراوە، سیاسەتی یەکێتی و داخوازی لە خۆپیشاندەران دەخاتە ڕوو).

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە گەڵ حکومەتی عێراقدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد ڕێگەی گفتوگۆی گرتووەتە بەر، بێگومان ئەو کێشە ئاڵۆزو مێژوویە پێویستی بەوە بووە کە لە ماوەی ڕابردوودا چەندین جار وەفدی ئێمەو

میری پێکەوە دانیشن بۆ موناقەشەکردن لە سەر هەموو لایەنەکانی کێشەکە و چارەسەرکردنی عادیلانەی تا میللەتەکەمان بە مافی ڕەوای ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە شادبێ.

ئێمە پێمان وایە چارەسەرکردنی هەر کێشەیەک پێویستی بە زەمینە خۆشکردن و موراعاتکردنی زروفەکە هەیە بە مەبەستی گەیشتنە ئەنجام و سەرکەوتنی گفتوگۆکە، هەر بۆیە دەزگاکانی (ی.ن.ک) هەر لە یەکەم ڕۆژەوە هەتا ئەمڕۆ وەزعەکەیان ڕەچاوکردووەو هەموو توانایەکیان خستووەتە کار بۆ ئەوەی مەسەلەی میللەتەکەمان بە هێمنی لە ڕێگەی دیموکراتیانەوە حەل بکرێ.

بەڵام هەندێک لە دەزگاکانی حزبی لە کوردستاندا هەر ڕۆژەو موشکیلەیەک دروووست دەکەن، هەر ڕۆژەو کۆسپێک دەخەنە بەر ڕێڕەوی هەوڵ و کۆششی هێمنانەی چارەسەرکردنی مەسەلەکە، هەر لە گرتن و ئیعدامکردنی سەربازە هەڵاتووەکانەوەو زیاد کردنی جاش و کرێگرتە و نەقڵکردنی مامۆستا و هونەرمەندان تا دەگاتە بە زۆرە ملێ خەڵک کردن بە جەیشی شەعبی و مەشق پێکردنی خوێندکار بە زۆر کە لە ڕاستیدا بووەتە گیروگرفتێکی یەکجار گەورەو بە سەردەمی هەموو هاوولاتیەکی کوردستانەوەیە.

ئەو دەزگایانەی میری لە کوردستاندا کە تاکو ئەمڕۆش بە هەمان ڕەفتارو تۆقاندن و زەبرو زەنگی پێش گفتوگۆ هەڵسوکەوت لە گەڵ جەماوەردا دەکەن زەختکردن لە خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین و ئامۆژگاری تەکنۆلۆژیای کەرکوک بۆ مەشقکردن، کارێکی زۆر ناڕەواو دوور لە بەرژەوەندی زانستی و ڕەچاوکردنی بچوکترین یاساکانی دنیایە، ئەوەی لە یاسای ئاشکرای دەوڵەتی عێراقدا هاتووە.

بوون بە جەیشی شەعبی و مەشقکردن دەبێ بە ڕەغبەت و خواستی خەڵک خۆی بێت، بەڵام ڕەفتاریان پێچەوانەی ئەو یاسایەیە، هەر فەرمانبەرێک یان کرێکارێک ئەگەر نەبێ بە جەیشی شەعبی ئەوا نانی دەبڕن یان نەقڵی دەکەن بۆ خواروووی عێراق یان بە جۆرەها شێوە ئازاری دەدەن، هەر بە هەمان شێوەش دەسەڵاتدارانی میری لە زانکۆی سەڵاحەدین و ئامۆژگای تەکنۆلۆژیای کەرکوک

ژمارەیەکی زۆریان لە خوێندکاران فەسڵ کردووە بە گوناهی ئەوەی ئامادە نین مەشق بکەن.

خەڵکی کوردستان لە کاتێکدا ئامادەی مەشق و چەک هەڵگرتن و دیفاع کردنە کە هەموو مافە ڕەواکانیان بسەلمێندرێ، کەچی دەسەڵاتدارەکانی میری لە کوردستاندا بێ ئەوەی ڕەچاوی وەزعی تایبەتی کوردستان بکەن هەر سوور بوون لە سەر نەگەڕاندنەوەی خوێندکارە فەسڵ کراوەکانی زانکۆی سەڵاحەدین و ئامۆژگای تەکنۆلۆژی کەرکوک، وە چارەسەر نەکردنی ئەم کێشەیە لە لایەن میریەوە نەگەڕاندنەوەی خوێندکارەکان بوو بە هۆی ئەوەی خوێندکارانی کوردی زانکۆی موسڵ بۆ پشتیوانی خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین و ئامۆژگای تەکنۆلۆژی کەرکوک مان بگرن، مەسەلەکە بەمەشەوە نەوەستا بەڵکو ڕۆژی ١٩٨٤/٥/١٢ دانرا بە پشتگیری لە داخوازییە ڕەواکانی خوێندکاران، ئەمە بوو هەموو جەماوەری بە شەرەف و قارەمانی شاری سلێمانی شان بە شانی خوێندکاران مانیان گرت و هیچ دووکان و بازاڕو قوتابخانەیەک نەبوو بەڵام خۆ تێخزاندنی هەندێک لە کۆنەپەرست و لایەنە شەڕخوازەکان کە نانیان لە شەڕدایەو نایانەوێ گفتوگۆ سەربگرێ دژی بەرژەوەندییەکانی میللەتن بووە هۆی ئەوەی ئەو مانگرتنە هێمنانەیە ببێتە خۆپیشاندان و لە نەخشەی خۆی دەرچێ، دەسەڵاتدارە داخ لە دڵەکانی میریش لە شاری سلێمانیدا کە بە هۆی شەڕی کوردستانەوە دەوڵەمەند بوون و پلەو پایەیان وەرگرتووە دیسان بە ناهەق و ناڕەوا لولەی تفەنگەکانیان کردەوە سنگی جەماوەری بێتاوان و زۆر دڕندانە خوێنی زیاتر لە (٢٠) هاووڵاتی و خوێندکاریان ڕشت، سیانیان لێ شەهید کردن.

ئێمە لە کاتێکدا ئەو دەستە ناپاکانە ڕسوا دەکەین کە بوون بە هۆی لە ڕێڕەو بردنە دەرەوەی نەخشەو مەبەستی خوێندکاران لە مانگرتنەکانیاندا، لە هەمان کاتیشدا ئیدانەی دەسەڵاتدارانی میری دەکەین کە لە شاری سلێمانیدا بە ئاگرو ئاسن وەڵامی داوا ڕەواکانی خەڵکیان دایەوە، هەروەها ئێمە لە لایەکەوە داوا لە خوێندکاران دەکەین کە کۆتایی بە خۆپیشاندانەکانیان بهێنن بۆ ئەوەی دەرفەت

بەو لایەنانە نەدەن کە چیتر بازرگانی بە قەڵەمی ڕۆڵە قارەمانەکانمانەوە بکەن و بە هەرزانی تەماشا بکەن، بۆ ئـەوەی هەلپەرستان سـوودی لێوەرنەگرن و زەمینەی گفتوگۆ نەئاڵۆزێنن کە یەکێک لە باسەکانی مەسەلەی چارەسەرکردنی کێشەی خوێندکارانی زانکۆی سەڵاحەدین و ئامۆژگای تەکنۆلۆژیای کەرکوکە، لە لایەکیتریشەوە گەڕاندنەوەی خوێندکارە فەسڵکراوەکان بۆ زانکۆو ئامۆژگاکانی خۆیان بە حەق و پێویست دەزانین، بۆ ئەوەی وەزعەکە ئاڵۆزتر نەبێت ئومێدەوارین هوشیاری هەموو لایەک لەو ئاستەدا بێت کە نەهێڵین چیتر خوێنی لاوەکانمان بڕژێ.

هاوواڵاتیانی بەڕێز

خوێندکاران لە ڕووی دەرکردنیاندا و شێوەی هێمنانەی دوور لە ئاژاوە یان هەڵبژارد بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان بە ئسوڵی داوای ئیلغای بڕیاری دەرکردنی خۆیان دەکەن، کەچی ئەوە لە لایەن هەندێک لایەنەوە خراپ قۆستراوەتەوەو کراوەتە موزاهەرەو شێوەی تووندوتیژ کە بێگومان ئەم شێوەیە هەم زیان بە کۆمەڵانی خەڵک دەگەیەنێ وە هەم زیان لە مەسەلەی خوێندکاران دەداو لە خۆڕایی خوێنی ڕۆڵەکانمان دەڕێژرێ وەک لەم دوو ڕۆژەدا ڕوویدا وە بیانوو ئەداتە دەست خەڵکی داخ لە دڵ و قین هەڵگر لە شاری سلێمانی کە دەست لە ڕۆڵەکانمان بوەشێنن.

بۆیە ئێمە بە ناوی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داواتـان لێدەکەین لە سەر جادەکان کۆڕو کۆمەڵ مەبەستن وە بەشداری موزاهەرە مەکەن وە ڕێگە بە کاری سەرچڵی و تووندوتیژی مەدەن چونکە لەم هەلومەرجەدا ئەم کارانە بە زیانی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە، هەر دوژمنی گەل و نیشتمان سوودی لێوەردەگرێ، هەر لە بەر ئەوە داوامان وایە کە هێمنی شاری سلێمانی بپارێزرێ تا (ی.ن.ک) دەرفەتی ببێ وە بتوانێ هێمنانە داوا ڕەواکانی خوێندکارانی کوردستان لە گەڵ باقی داوا کانیتری گەلەکەماندا بهێنێتە دی.

لە تـــــــۆڵەی سێ شـــــــەهیدەکەدا

ئەوەی شایەنی باسە دوای شەهید کردنی سێ خوێندکار لە ناو شاری سلێمانی کە لە بەردەم پارێزگای (سلێمانی) دا هێزەکانی دوژمن تەقەیان لە خوێندکاران کردوو شەهیدیان کردن، بێ تۆڵە تێنەپەڕی.

بۆ ڕۆژی دوایـی واتـە ١٩٨٤/٥/١٣ خوێندکاران و جـەمـاوەری خرۆشاوی سلێمانی لە بەردەم بارەگای جەیشی ناشەعبی کۆبوونەوە، گیانی بەرزەفڕو بە ناهەق خوێناوی کراوی سێ خوێندکارەکە بەنزین بوو بە سەر ڕق و توڕەیی جەماوەردا دەکرا، جەماوەری شاری سلێمانی بە پشتیوانی هێزی پێشمەرگە کە تێکەڵاوی خۆپیشاندەران بوون، هەڵمەتیان بردە سەر بارەگای جەیشی ناشەعبی لە سلێمانی و بیست (٢٠) جەیشی ناشەعبیان هەڵدایە خوارەوەو گۆڕ بە گۆڕیان کردن.

لەو کاتەدا مامجەلال بۆ گفتوگۆ لە بەغدا بوو سەدام حسێن هەواڵی کوشتنی جەیشی ناشەعبیەکانی بە مامجەلال گەیاندبوو وتبووی نەمهێشتووە ئیجرائات بکرێت بۆ ئەوەی گفتوگۆ تێک نەچێت لە هەر شارێکی تر بوایە نوقمی خوێنم دەکرد.

گـــــــێرە شـــــێوێنی

بابەتی دەستوەردان و گێرە شێوێنی و بەلارێدا بردنی مانگرتنی خوێندکاران و گۆڕینی بە ئاڕاستەی تووندوتیژی حەقیقەت بوو نەک پاساوهێنانەوەو تۆمەتبارکردنی خەڵک ئەوەتا لە ڕۆژی ١٩٨٤/٥/١٣ بەیاننامەیەک بە ناوی دەنگی خوێندکارە مانگرتووەکانەوە دەردەکـەن و داوای ئاژاوەنـانـەوە دەکـەن، هەر بۆیە لیژنەی سەرپەرشتی خوێندکارانی زانکۆ لە ئاگاداریەکدا خوێندکاران لەو چەواشەکاریە ئاگادارەدەکاتەوە.

ئاگاداریەک لە لایەن لیژنەی سەرپەرشتی خوێندکارانی زانکۆوە

دوێنێ ڕێکەوتی ١٩٨٤/٥/١٣ بەیاننامەیەک بـە نـاوی دەنـگی خوێندکارە مانگرتووەکانەوە بڵاوبووەتەوە داوای ئاژاوە نانەوە لە خەڵکی دەکات ، ئاگادارتان دەکەینەوە کە بەیاننامەی ناوبراو هیچ پەیوەندیەکی بە خوێندکارانەوە نیە و لایەنێکی

گێرەشێوێن دەریکردووە، بۆیە تکامان وایە کەس بە قسەی ئەو تاقم و بەیانە نەکات، وە لە کارووباری خوێندکاراندا تەنها کۆمیتەی سەرپەرشتی خوێندکارانی زانکۆ دەسەڵاتی ئەوەیان هەیە کە بەیاننامە بۆ خوێندکاران دەربکەن کە دەنگی ئەوان بن.

بـــــــەیاننامەی (ی.ن.ك)

بە هەمان شێوازی پێشوو بەکەم دەستکاریەوەو بە شێوازێکی نەرم و لە دوو توێی لاپەڕەیەکدا دووبارە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) داوا لە خوێندکاران دەکات دان بە خۆیاندا بگرن بەم شێوەیە:

هاووڵاتیانی بەڕێز...

خوێندکارانی کوردستان لە ڕووی دەرکردنیاندا ڕێگەو شێوەی هێمنانە و دوور لە ئاژاوەیان هەڵبژارد بۆ دەربڕینی ناڕەزایی خۆیان، وە بە ئسوڵی داوای ئیلغای بڕیاری دەرکردنی خۆیان دەکەن، کە ئەوە لە لایەن هەندێک لایەنەوە خراپ قۆزراوەتەوەو کراوەتە خۆپیشاندان و شێوەی تووندوتیژ، بە بێگومان ئەوە هەم زیان لە کۆمەڵانی خەڵک و هەم زیان بە مەسەلەی خوێندکاران دەگەیەنێ وە لە خۆڕایی خوێنی ڕۆڵەکانمان دەڕژێ وەک لەم دوو ڕۆژەدا ڕوویداوە، بیانوو ئەداتە دەست خەڵکی داخ لە دڵ کە دەست لە ڕۆڵەکانمان بوەشێنن، بۆیە ئێمە بە ناوی (ی.ن.ک) وە داواتان لێدەکەین لە سەر جادەکان کۆڕو کۆمەڵ مەبەستن و بەشداری موزاهەرە مەکەن و ڕێگە بە کاری سەرچڵی و تووندو تیژی مەدەن، چوونکە لەم هەلومەرجەی کوردستاندا ئەو کارانە بە زیانی خەڵکی کوردستان دەگەڕێتەوە وە هەر دوژمنانی گەل و نیشتمان سوودی لێوەردەگرن.

تکامان وایە لە تەزاهورات و کاری تووندو تیژی دوور بکەوەنەوەو دەرفەت بدەن کە (ی.ن.ک) ئەو مەسەلەیەی خوێندکاران لە چوارچێوەی مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا چارەسەر بکات.

(ی.ن.ک)

١٩٨٤/٥/١٤

دوای ئەو پەیام و بەیاننامەو وتارانەی کە لە سەر دۆخی خوێندکاران لە زانکۆو پەیمانگاکاندا بڵاوکرایەوەو تیایدا بە زمانی نەرم و هەست بە بەرپرسیاریەتی بەرانبەر بە قۆناغەکە داوایکرد دۆخی شارەکان ئاسایی بکرێنەوەو کێشەی قوتابیانیش لە رێگەی گفتوگۆوە چارەسەر بکرێت.

(ی.ن.ک) لە رێگەی دەنگی گەلی کوردستان و لە وتارێکیتردا زۆر بە توندی لە سەر دەرکردنی خوێندکارانی کورد لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێرو کەرکوک هاتە دەنگ و زۆر بابەتی گرنگی ڕوون کردەوە کە تا ئەو کاتە لە بەر دۆخی گفتوگۆ خۆی لێپاراستبوو وتارەکە لە ژێر ناونیشانی:

دەربارەی دەرکردنی قوتابیانی کورد لە زانکۆو پەیمانگاکانی هەولێرو کەرکوک

ماوەیەکە کاربەدەستانی هەندێک مەعهەد لە هەولێرو کەرکوک دەستیان داوەتە دەرکردنی خوێندکاران و قوتابیانی کورد بە بیانووی بەشداری نەکردن لە جەیشی شەعبیدا کە بە پێی قانوونی میریش ئەو بەشداریە دەبێ بە ئارەزوو یان بە هەڵبژاردن بێ نەک بە زۆرو هەڕەشە.

دەرکردنی قوتابیانی کورد لەو مەعهەدانەی هەولێرو کەرکوک مایەی بێزاری و ناڕەزایی خوێندکارانی کوردستان و کۆمەڵانی خەڵکیشە چوونکە هیوای گەلی کورد ئەوەیە کە ڕۆڵە خوێندکارەکانی ماوەیان بدرێ زانکۆکان تەواو بکەن و ببنە پسپۆر و لێزان لەو ڕێگەیەوە خزمەتی گەل و نیشتمان بکەن، بە تایبەتی کە وڵاتانی دواکەوتووی وەک کوردستان پێویستیەکی زۆریان بە ڕۆڵەی لێزان و پسپۆڕو زانا هەیە تاوەکو بەشداری بکەن لە گەشەکردنی کۆمەڵایەتی و خوێندەواری و هوشیاری و پیشە سازی و کشتوکاڵی و ئاوەدانی دا.

(ی.ن.ک) پێیوایە دەبێت ماوەی تەواو بدرێت بە خوێندکارانی کورد لە هەموو زانکۆکانی عێراقدا تا خوێندنی خۆیان تەواو بکەن، بۆیە دژی هەموو کاروو بڕیارێکی کاربەدەستانە کە دەبنە هۆی بێبەشکردنی خوێندکارانی کورد لە تەواوکردنی خوێندنەکەیاندا.

ئێمە پێمانوایە عەسکەری کردنی زانکۆکان و ڕاکێشانی خوێندکاران بۆ کۆڕی جەنگ کارێکی زۆر زیان بەخش و سامناکە لە سەر دوا ڕۆژی عێراق لە سەر

دوا ڕۆژی خوێندەواری و وشیاری و زانیاری لە عێراقدا، بۆیە هەق نیە بە هیچ شێوەیەک خوێندکاران ڕابکێشرێنە کۆڕی مەشق و جەنگەوە بەڵام لە هەمان کاتدا داوا لە خوێندکارانی کورد دەکەین کە ماوە نەدەن بە دەرپەڕاندنیان لە زانکۆکان و مەعهەدەکان لە بەر ئەوەی تەدریب و مەشقی عەسکەری هەیە لەو شوێنانە.

(ی.ن.ک) دژی دەرکـردن و دەرپـەڕاندنـی خوێندکارانی کـوردە لە زانکۆو مەعهەدەکان و داوا دەکـات هەرچی زووە مـاوە بدرێت بە هەموو خوێندکارە کوردەکان بە گشتی و ئەوانەی لە دوایدا لە هەولێرو کەرکوک دەرکراون بە تایبەتی، تا بگەڕێنەوە سەر خوێندنی خۆیان.

دیارە ئەوانەی کەڵک لە گفتوگۆ وەردەگرن بۆ بیانوو گرتن بە خوێندکارانی کوردو دەرپەڕاندنیان وە یان دەرکردنیان لە مەعهەدەکان و زانکۆکان کارێکی خراپ دەخەنە سەر ئەو کارە خراپانەی بوونەتە هۆی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی دیموکراتی خەڵک لە کوردستانی عێراقدا، هـەروەک کۆسپێکیتر دەهێنە پێش ڕەوڕەوەی چارەسەرکردنی سیاسی کێشەی کورد لە عێراقدا، ئۆبالّی ئالّۆزکردنی وەزعەکەش هەر دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان و چاویان لێدەپۆشن و ماوەیان ئەدەن.

مایەوە مەسەلەی دیفاع کردن لە نیشتمان:

بێگومان (ی.ن.ک) دژی هێرش و پەلاماری داگیرکەرانی ئێرانە بۆ سەر خەڵکی عێراق بە کوردستانی عێراقیشەوە دژی ئەوەیە تەنانەت یەک بست لە خاکی عێراق لە لایەن ئێرانەوە داگیر بکرێ، ئێمە ئەمانەوێ هەرچی زووە ئەو کوشت و کوشتارو مالّوێرانی و ووڵات کاولکردنە دوایی پێببێت، بێ ئەوەی کەس خاکی ئەویتر داگیر بکات و ئارەزوو سیاسەتی خۆی بە سەر لایەنەکەیتردا بسەپێنێ.

(ی.ن.ک) دژی سەپاندنی ڕژێمێکی کۆنە پەرستییە بە سەر عێراقدا بە ناوی ئیسلامەوە، بەڵام پێمانوایە دیفاع لە نیشتمان بە عەسکەرکردنی زانکۆو مەعهەدەکان نابێ، لە کوردستانیشدا بە جاش و جەیشی شەعبی و ئەو جاشانەی ناوی فەوجی سوکیان لێدەنرێت وڵات ناپارێزێ، بەڵکو نیشتمان هـەر بە کۆمەڵانی خەڵک دەپارێزێ، شەڕی پارێزگاری نیشتمان گرو تەوژمی دڵسۆزانە و تین و پەرۆشی

شۆڕشگێڕانەی گەرەکە، ئەمەش هەر بەوە دێتە دی کە هەموو مافە دیموکراتییەکانی گەل و هەموو مافەکانی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان بدرێ و جێبەجێ بکرێت، بە جۆرێک کە کۆمەڵانی خەڵک بهێنرێنە جۆش و خرۆش لە شەڕی ڕەوای پارێزگاری لە نیشتمانی خۆیاندا.

پارێزگاری خاکی کوردستان بە کۆمەڵانی خەڵک دەکرێت ئەوانیش بەوە دەهێنرێنە جۆش و خرۆش کە ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینەیان بدرێتێ کە جوتیاری دێهاتە ڕاگوێزراوەکانی سنورەکان بگەڕێنەوە شوێنی باپیرانی خۆیان، چەکدار بکرێن و ئیسلاحی زراعی ڕاستەقینەیان بۆ بکرێت بە ڕاستی ببنە خاوەنی نیشتمان تاکو بە ڕاستی پارێزگاری بکەن، بە پێچەوانەی ئەوەوە چەکدار کردنی دەرەبەگ و ئاغا خۆفرۆشەکان بە هەر ناوێکەوە بێ ئەبێتە هۆی توڕەیی و ناڕەزایی کۆمەڵانی خەڵک و ساردکردنەوەیان لە بەگژاچوونی پەلاماڕە داگیرکەرەکانی ئێراندا، هەر بە سەلماندنی مافەکانی دیموکراتی نەتەوایەتی خەڵک ئەتوانرێت زەمینەی بەشداریەکی پان و بەرین و بەربڵاوی کۆمەڵانی خەڵک لە شەڕی پاراستنی نیشتماندا خۆش بکرێ، ئەوسا سەربازی کوردو خوێندکارانی کوردستان و جوتیاران و کرێکاران و خەڵکی دلێری شارەکانیش شـان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشداریەکی چالاکانە و کاریگەر دەکەن لە پاراستنی نیشتماندا، لە تێکشکاندنی هێرش و پەلاماری داگیرکەرانی ئێرانیدا.

هەر بۆیەش پەلە کردن لە هێنانەدی ئامانجەکانی دیموکراتی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان شەرتێکی گەورەو سەرەکیە لە پارێزگاری کاریگەردا لە نیشتمان و لە بەهێزکردنی یەکێتی نیشتمانی عێراقدا هەر بۆیەش هەموو ئەو کەسانەو ئەو هەڵوێستانەی دژی خەڵکن دژی توێژە جیاجیاکانی خەڵکن وەک جوتیاران و خوێندکاران و هونەرمەندان هەر تەنها خزمەتی داگیرکەرانی ئێرانی دەکەن و بەس.

گـــــەرمەی گـــــفتوگۆ

وەفدەکان سەرقاڵی کۆبوونەوەو گفتوگۆ بوون بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کوردو گەیشتن بە لێکتێگەیشتنی هاوبەش (ی.ن.ک) بەرنامەیەکی چڕوپڕی ئامادە و گەاڵڵە کردبوو لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمیەکی ڕاستەقینەدا بۆ کوردستان، کە لە چەند پرۆژەیەکدا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش بریتی بوون لە:

١/ کۆتایی هێنان بە دۆخی نائاسایی کوردستان، ئاسایی کردنەوەی دۆخی کوردستان بە کۆتایی هێنان بە دۆخی نائاسایی.

ئەم پرۆژەیە لە ١٩ خاڵ پێکهاتبوو، خاڵەکان یەکە یەکە شی کرابوونەوە.

٢/ پەرەنسیپە گشتییەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان کە پێکهاتبوو لە:

١/ ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی کە لە پێنج خاڵ پێکهاتبوو.

٢/ ناوچەی ئۆتۆنۆمی، کە تیایدا ئەو شارو شارۆچکانە دەست نیشان کرابوون کە دەچوونە چوارچێوەی ناوچەی ئۆتۆنۆمییەوە، کەرکوکیش لە گفتوگۆدا بوو.

٣/ زمان، کە لە بڕگەی (ب) دا ئاماژە بەوە درابوو زمانی کوردی زمانی ڕەسمی نێوان دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمییە، لە دائیرە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمییەکان و قوتابخانە و ئامۆژگاو زانکۆکاندا بە کار دەهێنرێت، بەڕەچاوکردنی مافی کەمە نەتەوایەتیەکان.

٤/ بودجە، ناوچەی ئۆتۆنۆمی بودجەی تایبەت بە خۆی دەبێت بۆ کاروباری ناوچەکە.

٥/ مافی کەمە نەتەوەکان: عەرەبەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و کەمە نەتەوایەتیەکانیتر هەموو مافی ڕۆشنبیری و ئیداریەکانی خۆیان دەبێ، مافی نوێنەرایەتیان دەبێ لە ئەنجومەنی یاسادانان و دەزگاکانی تری ئۆتۆنۆمی.

٣/ یاسای ئۆتۆنۆمی گۆڕدراوی کوردستان کە لە (٢٠) ماددە پێکهاتبوو هەر ماددەیەک خوێندنەوەی بۆ کرابوو ڕێ و شوێنەکانی دەستنیشان کرابوو.

٤/ دەربارەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوک و کردنی بە شاری برایەتی و هاوخەباتی نێوان کوردو عەرەب و تورکمان، شاری پاراستنی یەکێتی

نیشتمانی عێراق، کە لە (١٢) خاڵ و بڕگە پێکهاتبوو، ڕێو شوێنی ئاسایی کردنەوەی شارەکەی دیاریکرد بوو هەر لە گەرمەی گفتوگۆدا (ی.ن.ک) دەربارەی شەهید کردنی نەجمەدین بیوک کەیاو هەڤاڵەکانی بەیاننامەیەکی دەرکرد.

هەر لە گەرمەی گفتوگۆدا ڕێکەوتنی تورکیای ئۆزال و عێراقی سەدام حسێن لە زاری تورگوت ئۆزالەوە ڕاگەیەندرا، (ی.ن.ک) یش لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکردو ڕایگەیاند هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەیە بچێتە بادینان بۆ بەرهەڵستی هێرشی حکومەتی تورکیا، چوونکە ڕێکەوتننامەکە بۆ دژایەتی مافەکانی گەلی کورد بوو، نەک دژی لایەن و کەسانێکیتر.

دەقی پرۆژە یاساکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە عێراقدا لە چوارچێوەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان لە بەردەستن، هەروەک بەیاننامەکان لە سەر ڕێکەوتنی تورکیا – عێراق – و شەهید بوونی نەجمەدین بیوک کەیاو هەڤاڵەکانیشی لە بەردەستن، بەڵام نەمویست ئەو وردەکاریانە بکەمە بابەتی سەرەکی ئەم بەشە، چوونکە زیاتر سەرنجم لە سەر ئەو کێشەو گیروگرفتانەن کە ڕۆژانە لە پەنای گفتوگۆدا ڕووبیانداوە، تا دەگات بە شەهید کردنی سەید کەریم و مامە ڕیشە.

دەرکـــــردنی هـــــونەرمەندان و مـــــامۆستایان لە پەنای گفتوگۆدا

لە پەناو پەراوێزی گفتوگۆدا ڕژێمی عێراق و داموو دەزگا داپڵۆسێنەرەکانی، بەردەوام بوون لە ئازاردانی کۆمەڵانی خەڵک و چین و توێژە بەهرەمەندەکان.

ئەنجومەنی کارتۆنی ناوچەی حوکمی زاتی کە لە کەسانی خۆفرۆش پێکهاتبوون، کەوتبوونە دەرکردنی مامۆستاو هونەرمەندە بە هەڵوێستەکانی کوردستان.

ڕاستە (ی.ن.ک) لە گفتوگۆدا بوو لە گەڵ میری بەڵام هەڵوێستی نەتەوەیی و کوردانەی ڕێگەی نەدا ئەو بارودۆخە هەروا تێپەڕێ و بێ دەنگی هەڵنەبژارد، بەڵکو بە توندی ئیدانەی دەرکردنی مامۆستایان و هونەرمەندانی کردو ئەنجومەنی کارتۆنی حوکمی زاتی بە چاوەش و خۆفرۆش ناوبرد.

بەشێک لەو وتارەی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان دەخەینە ڕوو کە گوزارشت لە هەڵوێستی (ی.ن.ک) دەکات، بەرانبەر هونەرمەندان و مامۆستایان و دژی ئەنجومەنی کارتۆنی خۆفرۆشان و چاوەش

بـــــەشێك لە وتـــــارەكە

ناوچەی حوکمی زاتی ئەنجومەنێکی هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارووباری کوردستان، ئەو کوردستانەی شارەکانی گەرمیانی هەر لە شەنگارەوە تاکو شێخان و ئاکرێ و کەرکوک و کفری و دووزو داقووق و پردێ و خانەقین و مەندەلی بە زۆری زۆردار لە ناوچەی کوردستان دەرهێنراون دێهاتەکانی سنوریشی کاول کراون و خەڵکەکەشی ڕاگوێزراون و کەچی ئەنجومەنی کارتۆنی بوونەتە چاوەشی ئەو بە زۆر تەعریب کردنەو خەڵک ڕاگواستنە، هەر شاباش هەڵدەدەن بە سەر ئەو سیاسەتە شۆڤێنیەدا، جگە لەوە وەکو ئەنجومەنێکی هیچ بە دەست و وەکو تاقمێک هەڵمەتە کاسەی خۆفرۆش بێدەنگ و بێکارە ڕۆژ دەژمێرن بۆ مانگەکانیان، بەڵام لەوەتەی دەنگوباسی نێوان میری و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڵاوبووەتەوە، لەوەتەی زانراوە، یەکێتی داوای حوکمی زاتی ڕاستەقینە دەکات، داوا دەکات حوکمی کوردستان بکەوێتە دەست خەڵکی کوردستان، ئەوانیش بە هۆی نوێنەرایەتی هەڵبژێردراوی خۆیانەوە بەڕێوەی بەرن، ئەوەتەی زانراوە (ی.ن.ک) داوا دەکات هەموو ناوچەکانی گەرمیانی کوردستان بخرێنەوە سەر ناوچەی کوردستانی ئۆتۆنۆم، لەوساوە ئەنجومەنی داتاشراوی تەنفیزی کەوتووەتە جمووجۆڵ بەڵام چۆن، دەستیان داوەتە دەرکردنی هونەرمەندان و مامۆستایانی کوردستان لە سەر ئەوەی گوایە بەشداری ئاهەنگی نەورۆزی ئەو خۆفرۆشانەیان نەکردووە، ئەو نەورۆزەی کە جەژنی خەباتگێڕان و دڵسۆزانی کوردایەتی و خەڵکی کوردستان ئەم ساڵ بە کوێرایی چاوی دوژمنان و ناحەزان و خۆفرۆشان سەدان هەزار کەس لە جەژنی نەورۆزی سورداشدا بەشداریانکرد.

ئەنجومەنی داتاشراوی خۆفرۆشان لە کۆبوونەوەی ژمارە (٧)ی ١٩٨٤/٣/١٧ بڕیارێکی داوە بە نامەی ژمارە (٣١-٣٣-٥٥) لە ڕۆژی ١٩٨٤/٣/٢٥ شوونی ئیدارەو

مالیە و میلاکات ڕایگەیاندووە کە بە فەرمانی تەنفیزی ژمارە (١٤ أ ١٦٤٥) ڕۆژی ١٩٨٤/٣/٢٥ ئەم زاتانەی خوارەوەیان لە کاروباری هونەری دەرکردووە.

١/ کاک خالید ئەحمەد عەزیز لە هونەرمەندییەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەمانەی عامەی ئەشغال و ئیسکان.

٢/ کاک تەها خەلیل حسێن لە هونەرمەندییەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەمانەی عامەی شئونی ئیجتماعی.

٣/ کاک فەرەیدون سەعید جەعفەر لە هونەرمەندییەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەمانەی عامەی زراعە و ئیسلاحی زراعی.

مامۆستایان:

١/ مامۆستا عەلی ئەحمەد عەبدوڵڵا جۆلا لە مودیری مەعهەدی فنونی جەمیلەی سلێمانیەوە گواستراوەتەوە بۆ ئەمانەی عامەی ئیدارەو شئونی ئیعتسادی مالی.

٢/ مامۆستا حەمەدەمین حەسەن عارفیش لە موشریفی تەربەویەوە گواستراوەتەوە.

بەمجۆرە ئەنجومەنی کارتۆنی تاوانێکیتریش دەخاتە سەر تاوانەکانی پێشوی خۆی، ئەو خۆفرۆشانە دەیانەوێت ئاڵۆزی و پشێوی لە شاری سلێمانیدا دروست بکەن تاکو مەناخی گفتوگۆی میری و (ی.ن.ک) تەمومژاوی بکەن چوونکە دەزانن کە (ی.ن.ک) پشتیوانی لە هونەرمەندان و مامۆستایانی کورد دەکات و لە سەریان هەڵدەداتێ بۆیە دەیانەوێت ئەوانیش کۆسپێک دروستبکەن لە ڕێی سەرخستنی گفتوگۆیەکەدا چوونکە ئەو خۆفرۆشانە نرخی خۆیان باش دەزانن گەر حوکمی زاتی بکەوێتە دەست خەڵکی کوردستان (کەس هیچ بە کلاوی ئەوان ناپێوێ) کەس بێزی نایە ئاوڕیش لەو نیشتمان فرۆشانە بداتەوە بۆیە ئەوانە بە هەموو شێوەیەک گەرەکیانە پیاو خراپی خۆیان دربڕژە پێبدەن.

(ی.ن.ک) داوا دەکات کە هەرچی زووە ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی کارتۆنی خۆفرۆشان هەڵوەشێتەوەو هەموو هونەرمەندو مامۆستاکان بگەڕێنەوە سەر کارو پیشەی پێشویان، لە هەمان کاتدا بەدڵ و گیان پشتیوانی لە خەباتی خوێندکاران

و هونەرمەندان دەکات دژی ئەو بڕیارە تاوانبارانەیە هیواشمان وایە کە خەباتی جەماهیری خوێندکاران و مامۆستایان و هونەرمەندان بە شێوەیەکی ڕێک و پێک و ژیرانە بەرەو سەرکەوتن بچێ.

ڕاگەیاندنی (ی.ن.ک) بە تایبەتی ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان کە ڕۆژانە دەگەیشتە گوێی خەڵک گرنگی زۆری بە کێشەی خوێندکاران و هونەرمەندان و مامۆستایان دەدا، سەرنجتان بۆ بەشێک لە وتارێکی ئیزگە ڕادەکێشین سەبارەت بە دەرکردن و گواستنەوەی هونەرمەندان و فەسڵ کردنی خوێندکاران:

چەند ڕۆژێکە لە جاران خراپتر هەندێک لێپرسراوانی شارەکانی کوردستان بەر بوونەتە هونەرمەندەکانی کوردستان و بە ناڕەوا گێچەڵیان پێدەکەن و لە مەڵبەندو تیپە هونەریەکانی خۆیان هەڵیان دەکەندن و بۆ شوێنی نەگونجاویان دەگوازنەوە.

ئەو هونەرمەندە ناسراوو لێهاتووانەی ئەمڕۆ بەو جۆرە کەوتوونەتە وێزەیان لەو دەستە هونەرمەندە خۆشەویستانەن کە ڕێزو جێگەی تایبەتیان لە ناو جەماوەری هونەر دۆست و ڕووناکبیرانی خەڵکی کوردستاندا هەیەو خزمەتێکی باشی گەشەپێدانی هونەری کوردیان کردووەو ئەیانەوێ هونەری ڕەسەنی کوردەواری لە بەرزیدا بدرەوشێتەوەو شان بە شانی هونەری گەلانی دنیا بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێ و لە خزمەتی نیشتماندا بێ.

ئەو هونەرمەندانە لە چەند مەڵبەندو تیپی هونەری ناسراوو چالاک هەڵدەکەندرێن، لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان، تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی، تیپی نواندنی سلێمانی، کۆمەڵی هونەرە جوانەکانی کورد نەقڵ دەکرێن بۆ جێگەی وا کە نە پەیوەندی بە شارەزایی ئەوانەوە هەیە، نە لەو شوێنانەدا دەتوانن ڕۆڵی خۆیان لە پێناوی گەل و نیشتماندا ببینن، ئەوەی هەیە مۆسیقارە نەقڵ کراوە بۆ دائیرەی ئیشغال، لە وێنە کێشە ناسراوەکانی نەقڵ کراوە بۆ ئەمانەی ئابوری مالی، ئەوی پیشەی شانۆیە بۆ دائیرەی کاروباری کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەشێکە لە وتارێکی دریژ لە سەر گواستنەوەی هونەرمەندان کە بە پێویستمان نەزانی هەمووی دابنێین.

پەیام بۆ هونەرمەندان

لە گەرووی ئیزگەوە پەیامێک ئاڕاستەی هونەرمەندان کرا، لە پەیامەکە داوای یەکگرتنی هونەرمەندان و پتەوکردنی ڕیزەکانیان کراوە

ئەمە دەقی پەیامەکەیە:

ئەی هونەرمەندانی قارەمان و تێکۆشەر، هونەرمەندانی بەوەفاو دڵسۆز بە گەل و نیشتمان، ئێوە هوشیاری و بیر ڕووناکی ئەم گەلە چەوساوەیەن، ئێوە چرای شەوە زەنگی ڕێی خەبات و تێکۆشانن، ئێوە وەک چیا سەرکەشەکانی کوردستان هەمیشە بەرانبەر بە زوڵم و ستەمکاری وەستاون یەکگرن هەروەک چۆن یەکگرتوو بوون، ڕیزەکانتان پتەوکەن و خۆتان یەکخەن، پشتی یەک بەرنەدەن و بەرگری لە داواکاریەکانتان بکەن، دوژمنان بە ناچاری سەر شۆڕ دەکەن بەرانبەرتان وەک شێرە بەفرینە دەتوێنەوە.

بەرەو یەکگرتن بڕۆن، هەموو نیشتمان پەروەران لە گەڵتاندان و هاوسەنگەرتانن.

***

ئەم بارودۆخە گرژی و ساردی خستە نێوان (ی.ن.ک) و حکومەتی عێراق، بۆ ماوەیەک گفتوگۆکان وەستان.

دیـــــدارو چـــــاوپێکەوتنەکانی مـــــامجەلال

بارەگای مەکتەبی سیاسی و سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) لە سـورداش بوو، ڕۆژانـە پێشمەرگە و هاوواڵتیان، کادرو فەرماندەکان، سەرکردەکان، دەچوونە دیداری مامجەلال بۆ کاروباری ڕۆژانە، هاوڵاتیان بۆ دیدارو کارووبارو پێداویستی و ئیش و کارەکانیان سەردانی هەڤاڵ مامجەلالیان دەکرد، بۆ ئـەوەی کارەکان ڕێک بخرێت و شوێن و کاتی دیدارەکان دیار بن، هەر کەس لە پێشمەرگە و چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردستان لە کاتی دیاریکراودا سەردانی مامجەلال بکەن، سەردانەکان جیا بکرێنەوە بەریەک نەکەون مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) لە ڕێگەی دەنگی گەلی کوردستانەوە ئاگاداریەکی بڵاوکردەوەو ڕێو شوێنی چاوپێکەوتنەکانی لە گەڵ هەڤاڵ سکرتێری گشتی دیاریکرد.

ئـــــــاگاداریەك لـــــە (م.س) (ی.ن.ك) هوە

گوێگرە خوشەویستەکان خوشک و برایانی بەڕێز بۆ ئەوەی ئیش و کارە گرنگ و پێویستیەکانی هاوواڵتیان و شۆڕش و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێکوپێکی ئەنجام بدرێت و ئیشی هیچ لایەک دوانەکەوێت، بۆ ئـەوەی کـاری هیچ لایەک ڕێکەوتی ئەوانیتر نەکات و ئاڵۆزی لە ڕاپەڕاندنیان دروووست نەبێت بە پێویست زانرا موڕاجەعە کردنی بەڕێز سکرتێری گشتی (ی.ن.ک) بەمجۆرەی خوارەوە بێت.

ڕۆژی شەممە:

کاتی دەوام بەیانیان لە کاتژمێر (٩) تا کاتژمێر (١)ی پاش نیوەڕۆ.

جۆری کارەکان، بۆ کادرەکانی سیاسی و پێشمەرگەکان

جێگەی دەوام، مەکتەبی سیاسی، یان سکرتاریەت

یەکشەممە: بۆ کارووباری سەرکردایەتی

دووشەممە: بەیانی سەعات (٩) تا (١)ی پاش نیوەڕۆ بۆ هاوواڵتیان، جێگەی دەوام مەکتەبی سیاسی.

سێشەممە پشوودانە، واتە چاوپێکەوتن نییە.

چوارشەممە، بەیانی لە کاتژمێر (٩) تا (١)ی پاش نیوەڕۆ بۆ پێشمەرگە، جێگەی دەوام مەکتەبی سیاسی.

هی ئێوارە لە کاتژمێر ٤ تا ٧ی ئێوارە بۆ کادیرەکانی سیاسی و پێشمەرگانە، جێگەی دەوام مەکتەبی سیاسی یان سکرتاریەت.

پێنج شەممە بۆ کارووباری سەرکردایەتی.

هەینی، بەیانی کاتژمێر (٩) تا (١) ی پاش نیوەڕۆ بۆ هاوواڵتیان، جێگەی دەوام مەکتەبی سیاسی ئێواران کاتژمێر (٣) تا (٧)ی ئێوارە بۆ هەڤاڵەکانی شارەکان، جێگەی دەوام مەکتەبی سیاسی.

داوا لە هەموو هاوواڵتیانی بە شەرەف و گشت مەڵبەندو تیپ و ڕێکخراوو کەرت و لیژنە ناوچەییەکان دەکەین کە ڕەچاوی ئەو مەوعیدانە بکەن و لە ڕۆژو شوێنی

دیاریکراو موراجەعە بکەن، چونکە هەڤاڵ سکرتێری گشتی تەنها لەو ڕۆژانە دا دەتوانێ چاوی بە هاوولاتیان و کادرو پێشمەرگەکان بکەوێت و ئیش و کارەکانیان جێبەجێ بکات.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٩٨٤/٥/٢٠

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) چوار پرۆژەی ئاڕاستەی حکومەتی عێراق کردبوو بۆ گفتوگۆ کردن لە سەری لە کۆی چوار پرۆژەکەدا بەشێکی زۆر لە خەون و ئاواتەکانی گەلی کوردی جێ کردبووەوە، هەرچەند کێشەی کوردو مافە ڕەواکانی زۆر لەوە زیاترو زۆرتری هەڵدەگرت، بەڵام بە پێی هەلومەرجی مەسەلەی کورد لەو کاتەداو ئاستەنگەکانی بەردەمی، لە ئاستێکی باشدا بوو کە لە تێکڕای پرۆژەکاندا خواست و داخوازییە سەرەکییەکانی کورد دەست نیشان کرابوون، کێشەی نەتەوایەتی گەلی کوردی لە باشوری کوردستان بە چارەسەر دەگەیاند.

پرۆژەکان بریتی بوون لە:

١/ کۆتایی هێنان بە دۆخی نا ئاسایی کوردستان.

٢/ پرنسیپە گشتییەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان.

٣/ یاسای ئۆتۆنۆمی گۆڕدراوی کوردستان.

٤/ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری کەرکوک بە جۆرێک کە ببێتە شاری برایەتی و هاوخەباتی نێوان کوردو عەرەب و تورکمان و پاراستنی یەکێتی نیشتمانی عێراق.

ئاسایی کردنی دۆخی کوردستان
بە کۆتایی هێنان بە دۆخی نائاسایی

١/ بە لێبوردنی گشتی لە تێکڕای زیندانە سیاسی و دەست بە سەرو سەربازە ڕاکردووەکان و پەنابەرە سیاسییەکان و هەموو ئەوانەی چوونەتە ڕیزی هێزی پێشمەرگەوە، چ کورد و چ ئەوانەی کورد نین، لە مەدەنی و ئەفسەرو سەربازی هێزە چەکدارەکان (ئەمەش هەموو هێزەکانی سوپا، پۆلیس، ئەمن و پاسەوانی سنوور دەگرێتەوە) بە مەرجێک ئەم لێبوردنە تێکڕای جۆرەکانی سزا بگرێتەوە، واتە (العقوبات الاصلیە و التبعیە و الاثار المدینە) ، هەروەها لابردنی بڕیاری (حجز) لە سەر خانووبەرەو سەروەت و سامانیان و هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی دەست بە سەراگرتنیان، پێویستە تەعویزی تەواوی زەرەرمەندەکانیش بدرێ و تێکڕای مافەکانیان بۆ بگەڕێنرێتەوە، هەروەها ئازادکردنی تێکڕای بەند کراوەکان ، کە ئەم لێبوردنە ئەیانگرێتەوە لە بەندیخانەو شوێنەکانیتردا.

٢/ گەڕاندنەوەی هەموو فەرمانبەرو موچەخۆرو کرێکارو ئەوانەی کە سەر بە هێزە چەکدارەکانن لە ئەفسەرو سەربازو پۆلیس و هێزەکانی ئەمن و پاسەوانی سنوور، هەروەها گەڕاندنەوەی دەرکراوو خانەنشین کراوەکان و هەموو ئەوانەی لە بەر هەر هۆیەکی سیاسی لە سەر کار لابراون بۆ سەر ئیش و کارەکانی پێشویان، حسابکردنی سەرجەمی کاتی دوورخستنەوەیان لە کار،، لە بەرزبوونەوەی پلەی کارو زیادبوونی مووچەیان.

٣/ تێکڕای ئەو فەرمانبەرو مووچەخۆرو کرێکارانەی نەقڵ کراون بۆ سەر کارێکیتر کە پەیوەندی بە کارەکانی پێشویان نییە، یان بۆ دەرەوەی پارێزگاکانی خۆیان لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمی و پارێزگاکانی تری عێراق، بگەڕێنەوە سەر کارەکانی خۆیان.

٤/ گەڕاندنەوەی قوتابیە دەرکراوو بەندکراوو هەڵاتوو پەنابەرەکان و هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بە (هـ. پ. ک)ەوە کردووە بۆ قوتابخانە و ئامۆژگاو زانکۆکانیان، ڕەخساندنی هەلی خوێندن بۆیان و حیساب نەکردنی ئەو ساڵانەی کە لە خوێندن دابڕاون بە (سنوات رسوب).

٥/ وەرگرتنی قوتابیە کوردەکان لە تێکڕای قوتابخانە و ئامۆژگاو دەزگاکانی پەروەردەو زانست و زانکۆ مەدەنی و سەربازییەکان، هەروەها وەرگرتنی قوتابیە کوردەکان لە هەموو (زماڵە و بعثە و اجازە دراسیەکانی) ناوەوەو دەرەوەی وواڵاتدا بە بێ جیاوازی و بە پێی لێهاتوویی.

٦/ گەڕاندنەوەی هەموو خەڵکانی لادێ و قەزاو ناحیە کوردنشینەکان کە بۆ ناوچەکانی دەرەوەو ناوخۆی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕاگوێزراون، گەڕاندنەوەیان بۆ دێهات و ناوچە ئەسڵیەکانی خۆیان بە پێی جەدوەلێکی کاتی و بژاردنی عادیلانەی زەرەرەکانیان و پێشخستنی ناوچەکانیان بە مسۆگەرکردنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ ئەوەی بە پێی توانای سروشتی کشتوکاڵی ناوچەکە ببێتە مەڵبەندی پێشکەوتووی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و پەلەوەرو پیشە سازی سووک و گەشت و هاوینەهەوار، بۆ ئەوەی لە مەسەلەی ئاسایش و بەرگری نیشتمان داو بۆ پێشخستنی ئابووری تێکڕای وواڵات کەڵکی لێوەرگیرێ.

٧/ گەڕاندنەوەی تێکڕای ئەو عەرەبانەی کە لە کوردستاندا نیشتەجێکراون بۆ شوێنی ئەسڵی خۆیان.

٨/ ئازاد کردنی بارزانیەکان و گەڕاندنەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان، بە مەرجێک هەر دوو بڕگەکانی (١ و ٢) ی بەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیە بیانگرێتەوە.

٩/ ئازادکردنی کورد فەیلیەکان و ڕێگە پێدانیان بۆ گەڕانەوەیان بۆ شوێنەکانی خۆیان یان ناوچەکانی ئۆتۆنۆمی بە مەرجێک هەر دوو بڕگەکانی (١و٢) ی بەشی یەکەمی ئەم بەیاننامەیە بیانگرێتەوە.

١٠/جێبەجێکردنی یاسای ڕیفۆرمی کشتوکاڵ لە کوردستانداو دەسکاریکردنی بە جۆرێکی وا کە لە خزمەتی جوتیار دابێ و کۆتایی بە پەیوەندیەکانی دەرەبەگایەتی بهێنێ، بە جۆرێک جوتیاران ببنە خاوەنی زەوی و، باجی زەوییان لە سەر لابببرێ کە بە درێژایی ماوەی پێشوو لە سەریان کەڵەکە بووە.

١١/ دامەزراندنەوەی کۆڕی زانیاری کورد بە چەشنێکی وا کە کیانی تایبەتی خۆی هەبێ و یاسای ژمارە ١٨٣ی ساڵی ١٩٧٠ی کۆڕی زانیاری کورد جارێکیتر

پەیڕەو بکرێتەوەو لە سەر ئەم بناغەیەدا یاسای ئێستای کۆڕی زانیاری عێراق دەستکاری بکرێ و کۆڕی زانیاری کورد بۆ پایتەختی ئۆتۆنۆمی بگوێزرێتەوەو وەکو ئەندامێکی کۆڕی زانیاری عێراق حساب بکرێ.

١٢/ بڕینەوەی موچەی تایبەتی بۆ تێکڕای شەهیدانی کوردستان و پەککەوتەکان، دابینکردنی شوێنی شیاو بۆ خێزانەکانیان، بە پێی یاسایەکی تایبەتی، هەروەها هاوتاکردنیان لە گەڵ تێکڕای شەهیدانی عێراق و نیشتمان.

١٣/ بەشداربوونی کورد لە بەڕێوەبردنی وواڵاتدا بە بێ ئەوەی لە مەسەلەی ئەرکە گشتیەکاندا بە مەنصەبە گرنگەکانی دەوڵەتیشەوە وەکوو وەزارەت و سەرکردایەتی سوپاو هیتر جیاوازییان لە گەڵدا بکرێ، ئەبێ لێرەدا لێهاتوویی ڕەچاو بکرێ.

١٤/ داننان بە مافی گەلی کورد لە پێکەوەنانی ڕێکخراوە سیاسی و پیشەیی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەکاندا وەکو ڕێکخراوی لاوان و مامۆستایان و قوتابیان و ... هتد (هەروەک چۆن لە بەیاننامەی ئازاردا هاتووە).

١٥/ لابردنی ئابلۆقەی ئابوری ناوچەی کوردستان و نەهێشتنی پسوڵەی ئازوقە وەرگرتن و دابین کردنی هەموو جۆرە پێداویستیەکانی ژیان بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی و سزادانی قورسی قاچاخچێتی و هەموو ئەوانەی دەست بە سەر ئازووقەی گەلدا دەگرن.

١/ گێڕانەوەی خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنەوەو گەشەپێدان بە ناوچەی کوردستان بە پرۆژەی ئاودێری و بەست و کشتوکاڵ و کارەبا و پیشە سازی و مەجاری و ئاوو ڕێگاوبان و پردو کردنەوەی قوتابخانە و نەخۆشخانە و تیمارگە و خانووبەرەشەوە، دانانی پلانێکی تایبەتی بۆ پێشخستنی ناوچەکە لە هەموو ڕوویەکەوە، بۆ لابردنی هەموو ڕووکاری دواکەوتن و زیانێکی کە لە کوردستان کەوتووە بە دیاری کردنی بودجەیەکی تایبەتی بۆی.

١٧/ هەڵوەشانەوەی مەفرەزە تایبەتییەکان (واتە جاش) و کردنەوەی هێزەکانی سوپا لە شارو شارۆچکە و دێهاتەکان، هەڵگرتنی ڕەبییە و سەربازەکان، تەنها لەو شوێنانەدا بمێننەوە کە پێویستن بۆ بەرگری کردن دژی پەلامارەرانی ئێرانی.

١٨/ ڕێگە نەدان بە هێزەکانی سوپاو ئەمن و ڕێکخراوە حیزبییەکان بۆ دەست تێوەردان لە کاری هاوواڵاتیان و دەرچونیان لە سنووری دەسەاڵتەکانیان، بە جۆرێک کە ڕێزی مافە دیموکراتیەکانی خەڵک بگرن.

١٩/ بە زۆر نەکردنی هاوواڵاتیان بە بەعسی و جەیشی شەعبی و نەبەستنەوەی (انتمای حزبی) هاوواڵاتیان بە بەعسی و جەیشی شەعبی، نەبەستنەوەی (انتمای حزبی) هاوواڵاتیان بە ممارەسەی مافەکانیان بۆ گەیشتن بە پلەو پایە.

پـــــرەنسیپە گـــــشتییەکانی یـــــاسای ئـــــۆتۆنۆمی کـــــوردستانی عـــێراق

یەکەم: ناوەڕۆکی ئۆتۆنۆمی:

١/ سەلماندنی مافی گەلی کورد لە حوکمکردنی ناوچەی کوردستانی عێراق، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، لە ڕێی ئەنجومەنێکی یاسادانانەوە (تشریعی) کە مەجلسێکی تنفیزی بڕیارەکانی بەڕێوە دەبات.

٢/ ئیش و کارەکانی سەرۆکایەتی دەوڵەت، بەرگری، دەرەوە، دارایی گشتی، (تخطیط مرکزی)، گومرگ، نەوت و پیشە سازییە سەنگینەکان، بازرگانی دەرەوە، بانکەکان، دادپــەروەری، پۆستەو تەلەگراف و تەلەفون، هەمووی دەکەونە ژێر دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە، جگە لەوانە چی هەبێ لە سنووری ناوچەی ئۆتۆنۆمیداردا، دەکەوێتە ژێر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی ناوچەی ئۆتۆنۆمیەوە.

٣/ جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی بەیاننامەی ١١ی ئـازاری ١٩٧٠، بۆ داننان بە مافەکانی گەلی کورددا.

٤/ ئەنجومەنی یاسادانان:

أ/ هەڵبژاردنی ئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ئازادو ڕاستەوخۆو دیموکراتیەوە، بە بێ دەستێوەردانی هیچ کەس و تاقم و لایەنێک.

ب/ ئەنجومەنی یاسادانان مافی دانانی ئەو یاسایانەی دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتییەوە، کە لە ماددەی دووەمدا هاتوون، بە مەرجێک لە گەڵ دەستوری وولاتدا بگونجێن، خۆ گەر هاتوو نەگونجاندنێک هاتە پێش لە گەڵ یاساکانی دەوڵەتدا، ئەوا بۆ حەلکردنی پەنا دەبرێتە بەر ئەنجومەنی دەوڵەت، یان دادگای تەمیز.

٥/ ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن (تەنفیزی):

أ/ ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لە سەرۆکی ئەنجومەن پێکدێت کە سەرۆک کۆمار لە ناو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی هەڵبژێردراو هەڵی دەبژێرێت، لە گەڵ جێگری سەرۆک و چەند ئەندامێکیتر بۆ بەڕێوەبردنی دەستوری و دیموکراتیانەی ئەمانەتەکان کە لە داهاتوودا باسی دەکەین.

ب/ ئەمینداریەکانی ڕاپەڕاندن پێکدێن لە:
١/ ئەمینداریێتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ.
٢/ ئەمینداریێتی تەندروستی.
٣/ ئەمینداریێتی پەروەردەو فێرکردن.
٤/ ئەمینداریێتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن.
٥/ ئەمینداریێتی کارووباری ناوخۆ.
٦/ ئەمینداریێتی ئەوقاف.
٧/ ئەمینداریێتی لاوان.
٨/ ئەمینداریێتی شارەوانی و دێهات.
٩/ ئەمینداریێتی بازرگانی ناوخۆ.
١٠/ ئەمینداریێتی کارووباری کۆمەڵایەتی.
١١/ ئەمینداریێتی گواستنەوەو هاتوچۆ.
١٢/ ئەمینداریێتی کار.
١٣/ ئەمینداریێتی پیشە سازییە ناوچەیی و سووکەکان.
١٤/ ئەمینداریێتی تەموین.
١٥/ ئەمینداریێتی پەرەپێدان و ئاوەدانکردنەوە.
١٦/ ئەمینداریێتی گەشتوگوزارو هاوینە هەوارەکان.
١٧/ ئەمینداریێتی اسکان و تعمیر.
١٨/ ئەمینداریێتی دارایی.
١٩/ ئەمینداریێتی ئاودێری.

ج/ ئەنجومەنی (ڕاپەڕاندن) دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەبێ لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا.

د/ سەرۆکی ئەنجومەنی (ڕاپەڕاندن) پلەی جێگری سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی دەبێ و ئەمینداڕەکانیش پلەی وەزیر، مافی ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیشیان دەبێ.

ه/ سـەرۆک کۆمار مافی چاودێری بەڕێوەبردنی کارەکانی نێوان ناوچەی ئۆتۆنۆمی و دەوڵەتی هەیە.

دووەم: ناوچەی ئۆتۆنۆمی:

ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەم پارێزگایانە پێکدێ:

أ/ هەولێر

ب/ سلێمانی

ج/ دهۆک کە ئەم قەزایانەش دەگرێتەوە: (ئاکرێ، شێخان، شنگار).

د/ دانانی پارێزگایەکی نوێ یان زیاتر کە ئەم قەزایانە بگرێتەوە بە هەموو ناحیەو ناوچەکانیانەوە:

١/ کفری

٢/ توز

٣/ داقووق

٤/ کەلار

٥/ مەندەلی

٦/ خانەقین

٧/ ئاڵتون کوپری

٨/ قادر کەرەم

٩/ قەرەهەنجیر

١٠/ لەیلان

سێیەم: زمان:

أ/ خوێندنی زمانی عەرەبی وەک زمانێکی سەرەکی لە هەموو قوتابخانەکانی کوردستاندا، زمانی عەرەبی زمانی وتوویژو نامەکاری نێوان دەزگاکانی دەوڵەت و ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەبێ.

ب/ زمانی کوردی، زمانی ڕەسمی نێوان دەزگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمییە، و لە گشت دائیرە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمیەکاندا بە کار دەهێنرێ هەروەها لە گشت

قوتابخانە و ئامۆژگاو زانکۆکاندا بە ڕەچاوکردنی مافی کەمە نەتەوەییەکانی ناوچەکە لە خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان شان بە شانی زمانی عەرەبی و کوردی.

چوارەم: بودجە:

ناوچەی ئۆتۆنۆمی بودجەی تایبەتی خۆی دەبێ، بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکان و بەڕێوەبردنی کارووباری ناوچەکە ئەم بودجەیە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن دایدەنێ و ئەنجومەنی یاسادانان بڕیاری لە سەر دەداو سەرۆک کۆمار بە پێی ماددەی هەشتەمی یاساکە بڕیاری لە سەر دەدات.

پێنجەم: مافی کەمە نەتەوەکان:

عەرەبەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی و کەمە نەتەوەییەکانی دی هەموو مافە ڕۆشنبیری و ئیداریەکانی خۆیان دەبێ، هەروەها مافی نوێنەرایەتیان دەبێ لە ئەنجومەنی یاسادانان و دەزگاکانی تری ئۆتۆنۆمیدا.

یاسای گۆڕدراوی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان

بابی یەکەم: ناوەڕۆک و پرنسیپەکانی یاسای ئۆتۆنۆمی

بەشی یەکەم: پرنسیپە گشتییەکان

مادەی یەکەم:

أ/ ناوەڕۆکی یاسای ئۆتۆنۆمی:

سەلماندنی مافی گەلی کورد لە حوکم کردنی ناوچەکەیدا، لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا، لە ڕێی ئەنجومەنی یاسادانان و ڕاپەڕاندنەوە.

ب/ هەروەک چۆن لەم یاسایەدا هاتووە کوردستان ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمیدار دەبێ و پێی دەوترێ ناوچەی ئۆتۆنۆمی. ١/ پارێزگاکانی: هەولێر، سلێمانی، دهۆک.

٢/ قەزاکان و ناحیەکانی: ئاکرێ، شنگار، شێخان، زومار، توز، کفری، داقوق، خانەقین، مەندەلی، ئاڵتون کوپری، قادرکەرەم، قەرەهەنجیر، لەیلان.

د/ ناوچەکە لە یەک یەکەی (وەحدەی) ئیداری پێکدێ کە شەخسیەتێکی ئۆتۆنۆمیدارە، لە چوارچێوەی یەکێتی یاسایی و سیاسی و ئابوری کۆماری عێراقدا، بە پێی یاسای پارێزگاکانی عێراق بە ڕەچاو کردنی یاسای دەستکاری کراوی ئۆتۆنۆمی ناوچەی کوردستان.

ه/ ناوچەکە بەشێکی جیانەکراوەیە لە خاکی عێراق و گەلەکەشی بەشێکی جیانەکراوەیە لە گەلی عێراق، هەولێر پایتەختی ناوچەی ئۆتۆنۆمیە.

و/ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بەشێکن لە دەزگاکانی کۆماری عێراق.

مادەی دووەم: زمان

أ/ زمانی کوردی، زمانی سەرەکی ناوچەکەیە، لە هەموو دائیرە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و قوتابخانە و ئامۆژگاکان و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بە کاردەهێنرێ بە ڕەچاوکردنی مافی کەمە نەتەوەکان لە خوێندن بە زمانی زگماکی خۆیان شان بە شانی زمانی کوردی و عەرەبی.

ب/ زمانی عەرەبی وەکوو زمانێکی سەرەکی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا دەخوێنرێ، هەروا زمانی ئاخاوتنی نێوان دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و دەوڵەت دەبێ.

ج/ دانیشتوانی ناوچەکە مافی خوێندنیان هەیە، بە هەرچی زمانێک کە دەیانەوێ، بە بێ ڕەچاوکردنی زمانی زگماکی.

د/ خوێندن لە ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا، بە پێی یاسای گشتی خوێندن دەبێ لە عێراقدا، بەڕەچاوکردنی تایبەتێتی ناوچەکە.

مادەی سێهەم:

أ/ ماف و ئازادیەکانی برا عەرەب و کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە بە پێی دەستوور پارێزراوە، ئیدارەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی مافی بەکار بردنی ئەو مافەیان بۆ دابین دەکا.

ب/ عەرەبەکان و کەمە نەتەوەکانی ناوچەکە مافی بەشداریکردنی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمیان هەیە بە پێی ڕێژەیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، و بەشداری لە بەڕێوەبردنی کارەکانی ناوچەکەدا ئەکەن بە پێی ئەو ڕێژەیە، بە ڕەچاوکردنی تواناو لێوەشاوەییان.

مادەی چوارەم: داوەری

داوەری بە پێی یاسا سەربەخۆیەو داوەری ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەشێکە لە داوەری کۆماری عێراق.

بەشی دووەم: پرنسیپەکانی دارایی

مادەی پێنجەم:

دارایی ناوچەی ئۆتۆنۆمی یەکەیەکی سەربەخۆیە لە چوارچێوەی یەکەی دارایی دەوڵەتدا.

مادەی شەشەم:

ناوچەی ئۆتۆنۆمی بودجەی تایبەتی خۆی دەبێ، بۆ بەڕێوەبردنی ئەو کارانەی کە بە دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەسپێردرێن، ئەم بودجەیە لە لایەن ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوە دادەنرێ و سەرۆک کۆمار بڕیاری لە سەر دەدا.

مادەی حەوتەم:

بودجەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت:

١/ بودجەی ئاسایی

٢/ بودجەی سالانەی بەگەرخستن (استثمار)

٣/ بودجەی مؤسسە کارگەکان و بەرژەوەندی بە بەرهەمهێنە (المصالح الانتاجیه) ناوچەییەکان.

٤/ بودجەی ئیدارە ناوخۆی (الاداره المحلیه) و شارەوانی و هاوینە هەوارەکانی ناوچەکە.

مادەی هەشتەم:

بودجەی ناوچەکە لەم لایەنانەی خوارەوە پێکدێت:

أ/ دەستکەوتی ناوخۆیی کە بریتیە لە:

١/ داهاتی باج و باجی کارووباری ناوچەکە (الظرائب و الرسوم) بە دەسکەوتی باجی شارەوانیەکانیشەوە (الرسوم البلدیه).

٢/ نرخی فرۆشیاری (مبیعات) و کرێی خزمەتگوزاریەکان.

٣/ بەشی دانراوی ناوچەکە لە قازانجی (مصالح) و موسسەکانی سەر بە بودجەی ناوچەکە.

٤/ باجی زەوی و زار.

٥/ باجی زەویە کشتوکاڵیەکان، بە بەشی ڕیفۆرمی کشتوکاڵیشەوە لە بەرووبومە کشتوکاڵیەکان.

٦/ باجە سەرەکیەکان و (اضافی) زەوی و خانوبەرە.

٧/ باجەکانی پاش مەرگ (ترکات).

٨/ ڕەسمی دائیرەکانی تاپۆ.

٩/ ڕەسمی ناونووسکردن و گۆڕینی خاوەندارێتی ئۆتۆمبێل.

١٠/ ئەو قەرزو بەخشەندەگییانەی (منح) کە دەوڵەت پێشکەش ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکا.

١١/ پارەی پولی مالی.

ب/ دانانی ڕێژەیەک کە ٢٥٪ میزانیەی ئاسایی دەوڵەت و پرۆگرامی پەرەپێدان

کەمتر نەبێ بۆ ڕاپەڕاندنی پێداویستیەکانی ناوچەکە، بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنی شان بە شانی هەموو عێراق.

مادەی نۆهەم:

ژمێریاری (حساباتی) ناوچەی ئۆتۆنۆمی دەکەوێتە ژێر چاودێری سەرۆکایەتی چاودێری مالی گشتییەوە.

بابی دووەم: دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی و دەسەڵاتەکانیان.

دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی تێکرای کارەکانی ناوچەکە بەڕێوە دەبەن جگە لە کارووباری سەرۆکایەتی دەوڵەت، بەرگری و کاروباری دەرەوە، دارایی گشتی، (تخطیط مرکزی)، گومرگ، نەوت و پیشە سازییە سەنگینەکان، بازرگانی دەرەوە، بانکەکان، دادپەروەری، پۆستەو تەلگراف و تەلەفون، کە دەکەوتە ژێر دەسەڵات و بەڕێوەبردنی دەوڵەتەوە.

بـــــەشی یەکەم: ئـــــەنجومەنی یـــــاسادانان

مادەی دەیەم:

ئەنجومەنی یاسادانان، ئەو ئەنجومەنەیە کە لە لایەن هاوواڵاتیانی ناوچەکەوە بە پێی هەڵبژاردنێکی دیموکراتی و سەربەست و ڕاستەوخۆ و بە بێ دەست تێوەردانی هیچ لایەنێک، هەڵدەبژێردرێ، بە پێی یاسا چونیەتی کارکردن و ڕێکخستن و مەرجەکانی هەڵبژاردن دەست نیشان دەکرێ.

مادەی یانزەهەم:

أ/ سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و ڕازگری ئەنجومەن (امین سر) لە نێوان ئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان هەڵدەبژێردرێن.

ب/ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە ئامادەبوونی زۆربەی زۆری ئەندامان دەبەسترێ، هەروەها بڕیارەکانی بە زۆربەی دەنگی ئامادەبووان دەدرێ، ئەگەر یاسای ئەنجومەن پێچەوانەی ئەوە نەبێ.

ج/ دەرکردنی بڕیاری تایبەت بە ناوچەکە لەو کارانەی کە دەکەونە ژێر دەسەڵاتییەوە، بە بڕیاری تایبەتی دەربارەی باج و دەسکەوتی ناوچەکە، بە مەرجێک دژایەتی دەستوورو پرنسیپە سەرەکییەکانی یاسای دەوڵەت نەکەن.

د/ داننان بە پلانی پەرەپێدانی ناوچەکە، کە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ئامادەی دەکا.

ه/ دەرکردنی بڕیاری پێویست دەربارەی بەڕێوەبردنی دائیرە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و موسسە و دامەزراوەکانی ناوچەکە.

و/ بڕیاردان لە سەر بودجەی ناوچەکە.

ر/ گفتوگۆ و لێپرسینەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لە کارەکانیاندا.

ح/ دەرکردنی بڕیاری متمانە پێکردنی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن، بە یەکێ یان زیاتر لە ئەندامەکانی، و لابردنی هەر چ ئەندامێک کە متمانە پێکردنی نەمێنێ، بڕیاری وەرگرتنەوەی متمانە لە ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن، بە زۆری دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن دەدرێ.

گ/ بڕیارەکانی ئەنجومەنی یاسادانان، بە بڕیاری یاسایی دەژمێردرێ.

مادەی دوانزەهەم:

أ/ ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن، دەستەی ڕاپەڕێنەری کاروبارێ ئۆتۆنۆمییە لە ناوچەکەدا.

ب/ ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن، لە سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و چەند ئەندامێک، کە ژمارەیان بە قەدەر ژمارەی ئەو ئەمانەتانەن یان دوو ئەندام زیاتر لە بڕگەی (ح) ئەم ماددەیەدا دێن پێکدێت.

ج/ سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لە لایەن سەرۆک کۆمارەوە دەست نیشان ئەکرێ، کە یەکێک لە ئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان دەبێ، و ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بە پێی دەستوورو بە شێوەیەکی دیموکراتی دادەنرێ.

د/ سەرۆکی دانراوی ئەنجومەن، جێگرەکەی و باقی ئەندامەکانی ئەنجومەن لە نێو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان یان ئەوانەی مەرجی ئەندامێتیان هەیە، هەڵدەبژێرێ و داوای متمانەی ئەنجومەنی یاسادانان دەکا، پاش متمانە پێکردنی ئەنجومەنی یاسادانان، بڕیاری کۆماری لە دانانی ئەنجومەن دەدرێ.

ه/ سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن، جێگری سەرۆک وەزیران و ئەندامەکانی وەک وەزیر دەبن لە دەوڵەتدا، مافی ئامادەبوونی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەنی

وەزیرانیان هەیە.

و/ سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن، دەسەڵاتی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی هەیە لە ناوچەکەدا، ئەنجومەنیش دەسەڵاتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە لە ناوچەکەدا، و مافی دەرکردنی پرۆگرامی تایبەت بە ناوچەکەیان هەیە.

ز/ ئەندامانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن (ئەمیندارە گشتییەکان) دەسەڵاتی وەزیریان هەیە لە کارەکانی ئەمانەتەکاندا.

ح/ ئەم ئەمانەتانەی خوارەوە سەر بە ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن دەبن:

١/ ڕەی (ئاودێری)

٢/ ناوخۆ

٣/ پەروەردەو فێرکردن

٤/ ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن

٥/ اسکان و تعمیر

٦/ کشتوکاڵ و ڕیفۆرمی کشتوکاڵ

٧/ پیشە سازییە ناوچەیی و سوکەکان

٨/ گواستنەوەو هاتووچۆ

٩/ لاوان

١٠/ شارەوانی

١١/ گەشت و گوزارو هاوینەهەوارەکان

١٢/ بازرگانی ناوخۆ

١٣/ ئەوقاف

١٤/ کاروو کارووباری کۆمەڵایەتی

١٥/ تەندروستی

١٦/ تەموین

١٧/ پەرەپێدان

١٨/ دارایی و کارووباری ئابوری

ط/ تێکڕای دائیرە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و موسسە و دامەزراوەکان پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان دەبێ بە ئەمانەتەکانەوە لە ناوچەکەدا.

ی/ سەرۆک کۆمار سەرپەرشتی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی ئەکا، بڕیارەکانی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنیش بۆ سەرۆکایەتی کۆماری عێراق دەنێرێ.

ک/ سەرۆک کۆمار دەتوانێ سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لە کار بخا، بەمەش ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن هەڵدەوەشێتەوە.

ل/ لە کاتی هەڵوەشاندنەوە یان متمانە لێوەرگرتنەوەی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندندا، ئەنجومەن بەردەوام دەبێ لە سەر ڕاپەڕاندنی کارەکانی، تا دانانی ئەنجومەنێکی نوێ، بە مەرجێک ئەو ماوەیە لە ١٥ ڕۆژ زیاتر نەبێ.

مادەی سیانزەهەم:

تێکڕای ئەو یاسایانە هەڵدەوەشێتەوە کە پێچەوانەی ئەم یاسایەن و، تەنها بەم یاسایە کار دەکرێ.

مادەی چواردەهەم:

أ/ پارێزگاکانی ناوچەکە پەیوەندیان بە سەرۆکی ئەنجومەنی ڕاپەڕاندنەوە دەبێ.

ب/ ئەمنی ناوخۆ (الامن الداخلی)ی ناوچەکە و تێکڕای هێزەکانی پاراستنی ئاسایش پەیوەندیان بە ئەمانەتی ناوخۆوە دەبێ.

ج/ ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانی سوود لەم مەکتەبانە (مکاتب) وەردەگرێ:

١/ مەکتەبی ئەنجومەنی ڕاگەیاندن.

٢/ مەکتەبی پشکنین و (متابعە).

٣/ مەکتەبی (احصا) و پلان.

مادەی پانزەهەم:

ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی دەبێ:

أ/ مسۆگەر کردنی کارکردن بە یاساکان لە ناوچەکەدا.

ب/ ئیلتزام کردن بە بڕیارەکانی داوەری.

ج/ پاراستنی دادپەروەری و ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەو پاراستنی داموو دەزگا نیشتمانی و ناوچەییەکان.

د/ دەرکردنی بڕیاری پێویست بۆ بەڕێوەبردنی بڕیارەکانی تایبەت بە ناوچەکە.

هـ/ ئامادە کردنی پلانی گشتی دەربارەی کاروباری ئابوری و کۆمەڵایەتی و پرۆژەکانی پەرەپێدان و کاری پەروەردە و فێر کردن و خوێندنی باڵا و تەندروستی و کار، بە شێوەیەک کە لە گەڵ پلانی گشتی دەوڵەتدا بگونجێ، پاشان بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی یاسادانان بۆ بڕیار لێدانی.

و/ دانانی ئەو موچەخۆرانەی کە بە بێ بڕیاری کۆماری دادەنرێن بە پێی یاسای (قوانین الخدمه و الملاک) و یاسای تایبەتیان بە سەرا دەچەسپێنێ.

ز/ لەو ناوچانەی کە زۆربەی دانیشتوانی کوردە بەڕێوەبەرانی کورد دەبن، بەڕەچاوکردنی مادەی سێهەمی ئەم یاسایە.

ح/ بەڕێوەبردنی میزانیەی ناوچەکە بە پێی یاسای تایبەتی دەوڵەت.

گ/ ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتی تایبەت دەربـارەی ناوچەکە بۆ سەرۆک کۆمارو ئەنجومەنی یاسادانان.

بابی سێهەم: پەیوەندی نێوان دەوڵەت و دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی

مادەی شانزەهەم:

أ/ دائیرەکانی دەوڵـەت لە ناوچەکەدا، سەر بە وەزارەتـە تایبەتەکان دەبن و کارەکانیان تەنها لە سنووری دەسەڵاتیان ئەنجام ئەدەن، دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی مافی ناردنی ڕاپۆرتیان هەیە بۆ وەزارەتەکان لە سەر ئەو دائیرانە.

ب/ دانان و لابردن و نەقڵکردنی سەرەکی ئەو دائیرانەی کە لە بڕگەی (أ) دا هاتوون، بە دەست وەزیری تایبەتمەند دەبێ، پاش پرس و ڕا پێکردنی سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان.

ج/ دانان و نەقڵکردنی کارمەندەکانی ئەو دائیرانەی لە بڕگەی (أ) دا هاتوون بە بێ بڕیارو ئەو دەسەڵاتانە دەبێ کە لە کۆماری عێراقدا کاریان پێدەکرێ، بە ڕەچاوکردنی بڕگەکانی پێشوو.

د/ دەوڵەت لە سنووری دەسەڵاتیا دەتوانێ ڕێنوێنی ئیدارە ناوچەییەکان (الادارە المحلیە) بکات کە لە مادەی دوانزەهەمدا هاتوون.

مادەی هەژدەهەم:

أ/ دادگایەکی باڵای دەستوری چاودێری بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەکا.

ب/وەزیری دادپەروەری دەتوانێ ڕەخنە لە بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی بگرێ لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا لە بەردەم دادگایەکی باڵای دەستوریدا پاش ئاگادارکردنەوەی دەزگاکانی دەوڵەت لەو بڕیارانە.

ج/ لە کاتی ڕەخنە گرتن لە بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی لە بەردەم دادگای دەستوریدا، ئەو بڕیارە ڕادەگیرێ تا کاتی دەرکردنی بڕیاری دادگا.

د/ دادگای دەستوری دەبێ لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا بڕیاری خۆی لە بڕیارە ڕەخنە لێگیراوەکان بدا، و بڕیارەکانیشی یەکجارییە.

ه/ بڕیارەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی، پاش ئەوەی دادگای دەستوری بڕیاری کار پێنەکردنی دەدا، بە هەڵوەشاوە دەژمێردرێ لە گەڵ هەر چی شتێکی پەیوەندیدار بەو یاسایە (على ازاله جميع الاشار القانونيه المترتبه عليها).

و/ دادگای باڵای دەستوری چاودێری دڕووستی یاساو بڕیارەکانی دەوڵەت دەکا، تا لە گەڵ بڕیارەکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمیدا دژ نەبن.

ز/ سەرۆکی ئەنجومەنی یاسادانان مافی ڕەخنەگرتنی ئەو یاساو بڕیارانەی هەیە کە لە دەوڵەتی مەرکەزییەوە دەردەچن و دژیی یاساو بڕیارو دەسەڵاتە پێدراوەکانی دەزگاکانی ئۆتۆنۆمین لە بەردەم دادگای باڵای دەستوریدا.

ح/ بڕگەکانی (ج) و (د) و (هـ) و (و) بەرچاو دەگیرێن لە کاتی ڕەخنە گرتن و بڕیار لێدان لە بڕیارەکاندا.

مادەی نۆزدەهەم:

أ/سەرۆک کۆمار دەتوانێ ئەنجومەنی یاسادانان هەڵوەشێنێتەوە ئەگەر نەیتوانی کارەکانی بەڕێوەببات، یان بە هۆی (ئیستیقالەی) نیوەی ئەندامانی، یان نەبوونی (نصابی قانونی) لە کاتی کۆبوونەوەدا لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا، یان بە هۆی متمانە

پێنەکردنی دوو جار لە سەر یەک، وەک چۆن لە برگەی (د)ی مادەی دوانزەهەمدا هاتووە، یان لە کاتی بە جێنەهێنانی بڕیارەکانی (هیئە الرقابە) بە پێی مادەی هەژدەهەمی ئەم یاسایە.

ب/ لە کاتی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی یاسادانانداا، ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن بەردەوام دەبێ لە سەر کارەکانی تا کاتی هەڵبژاردنەوەی ئەنجومەنێکی نوێ لە ماوەی (٩٠) ڕۆژدا لە ڕۆژی دەرچوونی بڕیاری کۆماری بە هەڵوەشاندنەوەی.

مادەی بیستەم:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی کاری پێدەکرێت.

دەربارەی ئاسایی کردنی بارودۆخی شاری کەرکوک و کردنی بە شاری برایەتی هاوخەباتی نێوان کوردو عەرەب و تورکمان، شاری پاراستنی یەکێتی نیشتمانی عێراق.

یەکەم: گەڕاندنەوەی فەرمانبەرو موچەخۆرو کرێکارە دەرکراوو خانەنشین کراوو عەزل کراوو دەست پێ لە کار هەڵگرتوو نەقڵ کراوەکان بۆ پارێزگاکانی تر، گەڕاندنەوەیان بۆ کارەکانیان لە شاری کەرکوکدا، هەروەها گەڕاندنەوەی هەموو ئەوانەی لە کەرکوک دەرکراون بۆ شوێنەکانی خۆیان، و پاداشت دانەوەیان لە هەموو زیانێکی لێیان کەوتووەو ئامادەکردنی خانوبەرەی باش بۆیان، هەروەها گێڕانەوەی هەموو قوتابییە دەرکراوو نەقڵ کراوەکان بۆ قوتابخانەکانیان، بە مەرجێک ماوەی دورکەوتنەوەیان بەدەرنەچوون نەژمێردرێت.

دووەم: هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارەکانی دەست بە سەرداگرتن (مصادرەو حجز) ی پارەو نەختینە و خانوبەرەو زەوی و زاری هاوولاتییە کوردەکان، و گێڕانەوەی بۆیان، لە کاتی فەوتانی دا پاداشت دانەوەیان.

سێهەم: گێڕانەوەی جوتیارە کوردە دەرکراوەکان بۆ دێهات و دەوروپشتی شاری کەرکوک و پاداشتدانەوەیان لە هەموو زیانێک کە لێیان کەوتووە.

چوارەم: هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری چاودێری (رفع الخطر) هەموو هاوولاتییە کوردەکان لە شاری کەرکوک و دەوروپشتی.

پێنجەم: هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری چاودێری (رفع الخطر) هاوواڵاتییە کوردەکان لە تێکڕای دائیرە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و دامەزراوە نەوتی و کبریت و کارەباو باقی دائیرەکانیتردا لە کەرتی دەوڵەتی و تێکەاڵوو تایبەتی ناو شاری کەرکوک.

شەشەم: (رفع القید) ڕێگەدان بە هاوواڵاتییە کوردەکان لە کڕین و فرۆشتن و بیناکردن و زەوی و زارو خانوبەرەو شتیتر لە ناو شاری کەرکوک و دەوروپشتی بە بێ دەست تێوەردانی دەزگاکانی ئەمن و لایەنەکانیتر.

حەوتەم: کردنەوەی خوێندن بە کوردی لە گشت قوتابخانەو گەڕەکە کوردیەکاندا.

هەشتەم: ئازادکردنی ڕێکخراوە پیشەیی و سەندیکا و سیاسی و هونەری و ئەدەبی و کۆمەاڵیەتییەکان لە شاری کەرکوک.

نۆهەم: نەهێشتنی امتیازاتی هاوواڵاتییە عەرەبەکان بۆ نیشتەجێبوون لە شاری کەرکوکدا و هەڵوەشاندنەوەی هەموو بڕیارێکی بە زۆر بە عەرەبکردن و نیشتەجێکردنی بە زۆر.

دەیەم: کردنەوەی ناوی گەڕەک و قوتابخانە و پێشانگاو دێهاتە کوردیەکان کە ناوەکانیان گۆڕدراوە بە ناوی کوردی.

یانزەهەم: ڕەچاوکردنی هاوکێشەی نەتەوەیی لە وەرگرتنی کار لە دائیرە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و باقی دامەزراوەکانی کە سەر بە دەوڵەتن.

دوانزەهەم: هاوواڵاتیە تورکمانەکان هەموو مافەکانی برا عەرەب و کوردەکانیان هەیە لە شاری کەرکوک و دەوروپشتیدا.

دەســـــــتپێکردنەوەی گـــــــفتوگۆ

کێشەی بـەردەوام دەهاتە پێش پرۆسەی ئاشتی و ڕەوتـی گفتوگۆی نێوان شـۆڕش و میری، کێشەی خوێندکاران، هونەرمەندان، مامۆستایان لە لایـەک، ڕووبەڕووبوونەوەی لێرەو لەوێی جاش و جەیشی ناشەعبی و سووپای عێراق لە گەڵ پێشمەرگەدا، کوژرانی هێزەکانی جاش، سووپاو شەهید و بریندار بوونی دەیان پێشمەرگەی لێکەوتەوە.

ڕەوتی گفتوگۆ چوبووە سوڕی مت بوونەوە، ڕووداوەکانی ڕۆژانە کاری لە گفتوگۆ کرد بوو.

زنـــــــجیرە وتـــــار

کاک نەوشیروان زنجیرەیەک وتاری بە ناوی عێراق و مەسەلەی کورد نووسی، سەربوردەیەکی مێژوویی کێشەکان و ڕوانینی بەعس بۆ مەسەلەی کوردو گفتوگۆی شەن و کەو کرد، ڕۆژانی ١-١٩٨٤/٦/٨ لە دەنگی گەلی کوردستانەوە بەهەشت بەش خوێندرایەوە، دواتریش لە دوو توێی دوو نامیلکەدا بە کوردی و عەرەبی بە چاپ گەیەندران ئەو زنجیرە وتارە پێشوازی گەرمی لە لایەن گوێکرانی ئیزگەو خوێنەرانەوە لێکرا.

زنجیرە وتاری عێراق و مەسەلەی کورد، کە لە (٨) بەش پێکهاتبوو هەر بەشەی لە سەر بابەتێکی جیا دەدوا بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم: عێراق و مەسەلەی کورد

بەشی دووەم: ئەمنی ستراتیجی عێراق و مەسەلەی کورد.

بەشی سێهەم: ئەمنی ستراتیجی عێراق و مەسەلەی (تەرحیل) ی کورد.

بەشی چوارەم: ئەمنی ستراتیجی عێراق و (تەبعیس) ی کورد.

بەشی پێنجەم: ئایا مانەوەی وەزعی نائاسایی کوردستان لە قازانجی کێیە.

بەشی شەشەم: مافی مرۆڤ لە ژێر سایەی حکومەتی عێراقدا.

بەشی حەوتەم: حکومەتی عێراق و گەمەی موفاوەزات.

بەشی هەشتەم و کۆتایی، گەلی کوردو گەمەی موفاوەزات.

ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٠ سەعدی مەهدی سالّح هاتە سورداش و داوایکرد گفتوگۆ دەست پێ بکرێتەوە.

ڕۆژی ١٩٨٤/٧/٢٥ وەفدی (ی.ن.ک) بەرەو بەغدا بەڕێکەوتن.

هەر چەند گفتوگۆ دەستپێکردەوە بەڵام کێشەکان لە زیاد بووندا بوون.

شـــەڕی کـــــوران
گـــــفتوگۆ 1984

سەفین مەلا قەرە، سەڵاح شینە، محەمەد حسێن، چوونە کوران، جاشەکانی سەید قەهار زانیبوویان ئەو سێ پێشمەرگەیە لە کورانن گەمارۆیاندان، شەڕ لە نێوان جاش و پێشمەرگە دەستیپێکرد.

کەرتی ٢ تیپی ٨٥ی بەڕانەتی بارەگایان لە عەرەب کەند بوو لە گەڵ دەستپێکردنی شەڕەکەدا خۆیان گەیاندە کوران، پێشمەرگەکانی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێریش بەرەو شەڕەکە هاتن تا ئێوارە شەڕ بەردەوام بوو.

لە کەرتی ٢ی بەڕانەتی حسێن محەمەد حسێن شەهید بوو، مەلا برایم مەلا قەرە و سەمەد بریندار بوون، دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری سەفین مەلا قەرە، سەڵاح شینە، محەمەد حسێن لە گەمارۆکە دەرباز بوون.

شـــــــەڕی زمـــــارە
1984/7/17

کەرتی (٤)ی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە دوو لاوە لە زمارە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا ژمارەیەک ئیستخبارات و سیخوڕی ڕژێم کەوتنە بۆسەکەوە، ژمارەیەک کلّاشینکۆف دەستکەوت بوو.

لە کاتی گەڕانەوەیاندا لە زمارە لە گەڵ جاشەکان تووشی شەڕ بوون پێشمەرگەیەک بریندار بوو، دوای شەڕی زمارە چوونە مەلەک ئاغا بۆ بەیانییەکەی هێزێکی دوژمن پەلاماری مەلەک ئاغایدا لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی تا کاتژمێر (١٠)ی شەو شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگەو دوژمندا بەردەوام بوو.

لەو شەڕەدا دوو پێشمەرگەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر شەهید بوون:
١/ شەهید خاڵە فاروق خەڵکی شیواشۆک
٢/ شەهید قادر عەزیز خەڵکی خورمەڵە

شـــــــەڕی عـــــەرەب کـــــەند گـــــــفتوگۆ 1984

خەڵکی دەرەگوڵ و هەرکییەکان لە سەر زەوی کێشەیان هەبوو هاتن لای کەرتی ٢ی تیپی ٨٥ی بەڕانەتی کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکات.

بەکرە قیت فەرماندەی کەرتی ٢ چەند پێشمەرگەیەکی لە گەڵ خۆیبرد کێشەکەیان بۆ چارەسەر بکەن کاتێک گەیشتن هەرکییەکان خۆیان لە بۆسە نابوو تەقەیان لە پێشمەرگەکان کرد شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو هەرکییەکان دروست بوو، لاندکرۆزەرەکەی کەرتی ٢ پەکیکەوت و بەجێما.

لاندکرۆزەرەکە مۆدێلی ٨٠ بوو سەر بڕاوە بوو لێی نووسرابوو کەرتی ٢ ملکیە، هەرکییەکان لاندکرۆزەرەکەیان تەسلیمی ئیستخباراتی عەسکەری کرد.

پێشمەرگەکان ویستیان بچنە سەر ڕێگای گوێر- موسڵ ئۆتۆمبێلێک بگرن بۆیاخی بکەن و بیبڕنەوەو لێی بنووسن کەرتی ٢ ملکیە تاوەکو نەزانرێت لاندکرۆزەرەکەی کەرتی ٢ گیراوە.

پێشمەرگەکان بە ڕێگەی دێی سوێرەدا ڕۆیشتن چەند کیلۆمەترێک لە عەرەب کەند دوورکەوتنەوە دووبارە هەرکییەکان لێیاندان، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو هەرکییەکان دامەزرا خالید عەوێنە لە تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر هات بە هانایانەوە گوللەیەکی بەرکەوت و بریندار بوو، ئەحمەد کوردەش هات بۆ پشتیوانی پێشمەرگەکانی بەڕانەتی.

ڕۆژی پێشووتر کە لە دەروو گوڵ شەڕ ڕوویدا هەرکییەکانی بادینان و کەڵەک هاتبوون لەوێ کۆببوونەوە.

شەڕ تا ئێوارە درێژەی کێشا پێشمەرگەکان کشانەوە بەحرکە، هەرکییەکان بە هاوکاری حکومەت هاتنە ناو عەرەب کەندوو سووتاندیان.

دوای شەڕەکە مامجەلال داوای پێشمەرگەکانیکرد نوعمان و بەکرە قیت چوونە لای مامجەلال شاخەوان عەباس نامەی بۆ ئازاد هەورامی نووسیبوو، بەکرو نوعمان چوونە لای مامجەلال.

مامجەلال لە بەکرو نوعمان تووڕە بوو ووتی ئێوە نەخوێندەوارن لە مانای مفاوەزات تێناگەن، ڕۆژێک لە گەرمیان ڕۆژێک لە هەولێر شەڕ دەکەن.

لە گەڵ تووڕە بوونەکەیدا مامجەلال لە سەر کاغەزێک دەینووسی نووسراوەکەی دایە دەست ئازاد هەورامی، مامجەلال پێیووتن بڕۆن لە بەرچاوم بزر بن، بەکرو نوعمان چوونە دەرەوە، ئازاد هەورامی پێیووتن لێرە نانبخۆن نامەیەکتان بۆ کاک شاخەوان بۆ دەنووسم.

ئازاد هەورامی نامەکەی مامجەلالی دایە دەستی پێشمەرگەیەک، دوای ماوەیەک پێشمەرگەکە گەڕایەوە هەزار دیناری سویسری هێناو دایە دەست کاک ئازاد، ئازاد هەورامی هەزار دینارەکەی دایە دەست بەکرە قیت و نوعمان و ووتی مامجەلال هەزار دیناری بۆ نووسیوون بەڵام شتی وا دووبارە مەکەنەوە، بەکرو نوعمان گەڕانەوەو چیرۆکەکەیان بۆ شاخەوان عەباس گێڕایەوە.

بـــــــرێندارببوونی عـــــــەبدوڵڵا بـــۆر

مامۆستا ڕەشاد بە عەبدوڵڵا بۆری ووت ژوانم لەگەل برادەرانی ڕێکخستن هەیە پێمخۆشە بەیەکەوە بچین، عەبدوڵڵا بۆر و عومەری برای، مامۆستا ڕەشاد، مستەفا ڕەشید، ئێوارە چوونە ماڵی حاجی محەمەد گیپەیان خوارد دوای نانخواردن بە ڕێککەوتن بەر لەوەی بگەنە ڕەواندوز لەسەر سپیلک تێپەڕین

تاقمە جاشێک بۆسەیان دانابوو عەبدوڵڵا بۆر و هاوڕێکانی گەیشتنە ڕەزان بەو دیودا جاشەکان تەقەیان لێکردن گوللەیەک بەر سنگی عەبدوڵڵا بۆر کەوت لە سنگی دەرچوو لەگەل لێدانەکە بەربووەوە سێ پەراسوی شکا و پەراسویەکی درزیدابوو ویستی قۆڵی ڕاستکاتەوە بەڵام نەجوڵا کلاشینکۆفەکەی فیشەکی لەبەر بوو زامنەکەی ترازاندوو خستییە سەر سنگی، دەستی لەسەر بەلە پیتکە بوو هەر جارێک دەستی دەترازاند دوو یا سێ گوللە دەردەچوو ئەو جێگەیەی جاشەکان لێی

دامەزرابوون پووشی لێبوو بە گوللەی گڕاوی تفەنگەکەی عەبدوڵڵا بۆر ئاگریگرت لەگەل ئاگر گرتنەکە عەبدوڵڵا بۆر لێی لە هەڵاندان ووتی لێیاندەن هەڵاتن بیانکوژن جاشەکان کە گوێیان لە دەنگی عەبدوڵڵا بۆر بوو هەڵاتن تەقە لەسەر پێشمەرگەکان نەما عەبدوڵڵا بۆر بە مامۆستا ڕەشادی ووت لێدراوم مامۆستا ڕەشاد ووتی منیش لێدراوم عەبدوڵڵا بۆر ووتی هەستە بابڕۆین مامۆستا ڕەشاد قاچی شکابوو بەڵام نەیوت قاچم شکاوە هەردووکیان هەستان عەبدوڵڵا بۆر سەری دەسوڕا گەیشتە عومەری برای و ڕەشید ووتیان بالەکۆڵت بکەین ووتی خۆم دەڕۆم عەبدوڵڵا بۆریان گرت و هاتنە سەر سپیلک لە هەموو لایەکەوە تەقە بوو، مستەفا و عومەر و ڕەشید تەقەیان دەکرد هاتنە شوێنێکی نەدیو کاتژمێر ١٠:١٠ دەقیقەی شەوی ٢٠_١٩٨٤/٧/٢١ بوو ئەو شەوە تاریکە لەبەر چاوی عەبدوڵڵا بۆر سوور بو کەمتر گوێی لە قسەی پێشمەرگەکان بوو، ڕەبییە لەسەر باسکە دڕێژ بوو پێشمەرگەکان دەنگە دەنگیان دەکرد عەبدوڵڵا بۆر لێیان تورە بوو ووتی دەنگە دەنگی چیدەکەن ئیتر بێدەنگ بن.

ئـــــاوی بـــــیرۆیە(بـــــیرۆ)

ڕۆیشتن گەیشتنە سەر ئاوی بیرۆیە برینەکەیان بۆ بەست جلەکانیان بۆ گۆڕی گیرفانەکانی هەندێک کاغەز و (١٧) دیناری تیابوو دەریانهێنا لە ئاوەکە پەڕینەوە چوونە ئەوبەری لە شینایییەکدا تەماتەی تیابوو دانیشتن مستەفایان نارد ولاخێک پەیدا بکات کە لە ئاوەکە پەڕینەوە عەبدوڵڵا بۆر هەواڵی مامۆستا ڕەشادی پرسی وتیان با مستەفا بێتەوە یەکێکمان لای تۆ دەمێنینەوە دوانەکەیترمان دەچین دەیهێنین بە تەنیا بۆمان نایەت کە پەڕینەوە عەبدوڵڵا بۆر لاقی خستبووە سەر پاردەیەک و پشتی بەلایەوە نابوو لە ڕەبییەی باسکە دڕێژی دەنگی تەقە دەهات گوللە لە دەوروبەریان دەکەوت هەستان لەوێ بڕۆن عەبدوڵڵا بۆر سەری سوڕا کەوتە کەندێکەوە هەستایەوە و چوونە سەرچاوەی بیرۆیە بەردێکی گەورەی لێبوو گوللە نەیدەگرتەوە چوونە پەنا بەردەکە مستەفا دواکەوت نەهاتەوە یەک دوو زیل و جێب ڕۆیشتن بۆ شوێنی تەقەکە عەبدوڵڵا بۆر بە عومەر و ڕەشیدی ووت بڕۆن

تەقە لەو زیل و جێب قیادەیە بکەن یان من بەرن دەتوانم تەقە بکەم عەیبە سبەینێ دەڵێن مامۆستا ڕەشاد لەگەل ئەوان بوو بەجێیانهێشت، عومەر و ڕەشید ووتیان ناتوانین بتبەینە ئەوێ زیلەکان ڕۆیشتن و گەڕانەوە ڕەواندز ئیتر بێ ئومێد بوون لە سۆراغی مامۆستا ڕەشاد.

تـــــــینویەتـــــــی

مرۆڤــ کە بریندار بوو تینوی دەبێت عەبدوڵڵا بۆریش تینوی بوو ووتی بڕۆن ئاوم بۆ بێنن ووتیان لە چیدا بۆت بێنین ووتی پێڵاوەکەم بشۆن و لە پێڵاودا بیهێنن، مستەفا زۆر دواکەوت دیار نەبوو بێتەوە عومەریان نارد لە مااڵی حاجی حسێن لە ئاکۆ کەونی ووڵاخێک پەیدا بکات خوێن بەردەوام لە برینەکەی دەچۆڕا عومەر زوو گەڕایەوە ووڵاخەکەی هێنا عەبدوڵڵا بۆریان سواری ووڵاخەکە کردوو چوونە مااڵی حاجی حسێن تا گەیشتنە ئەوێ ڕۆژهەاڵت عەبدوڵڵا بۆر شەوێکی سەختی تێپەڕ کرد حەزی لە بەفراو و ماستاو بو مااڵی حاجی حسێن بەفریان نەبوو هەر ماستاوییان بۆ هێنا پێشمەرگەیەکیان نارد بۆ دۆڵی ئاکۆییان ئۆتۆمبێل بێنێ بڵێ پێشمەرگەیەکمان لە شاخ کەوتووەتە خوارەوە.

سەید عەلی و سەید ئەحمەد هاتن ووڵاخییان هێنابوو عەبدوڵڵا بۆر ببەن دوو تێلیس کایان خستە ئەمدیوو دیوی ووڵاخەکە و عەبدوڵڵا بۆریان سوار کرد بەبەردەمی ڕەبییەکەدا تێپەڕین چوونە کانی هەروتێ لە مااڵی سەید ئەحمەد ماستاوێکی سارد و پەلکە نانێکی خوارد، قادر حەمە زیاد و سەید جەاڵل ئۆتۆمبێلییان هێنابوو عەبدوڵڵا بۆریان کردە کۆڵ تا گەیاندیانە ئۆتۆمبێلەکە، بردیانە مااڵی ڕەسوڵ لە گەرەوان.

دکتۆر برایم خەڵکی کەڕەکبوو لەوێ نەبوو ناردیان بە دوایدا تا هاتەوە نیوەڕۆ بوو خەڵکی دەهاتنە الی دەیان ووت دەمرێت ئەمجارە چاک نابێتەو باوکی عەبدوڵڵا بۆر هات ووتی شادە بێنە، عەبدوڵڵا بۆر ووتی شادەی چی بێنم ئێستا شادەی بهێنم لە ترسا دەیهێنم خوا لێم قبوڵ ناکات، خوا بەهەشتی داناوە و جەهەنەمیشی داناوە با کەیفی خۆی بێت بە هەشت و جەهەندەم هی خۆیەتی، باوکی چەندە ووتی شادە بێنە عەبدوڵڵا بۆر نەیهێنا.

ئەو شەوە لە گەرەوان مایەوە نەفەسی تەنگ دەبوو بۆ بەیانی ئازاد حەمە دەمین ئۆتۆمبێلی هێنابوو لە ڕێگەی مەڵبەندەوە بردیانە سۆران لەوێ مامۆستا ڕەشادی بینی، لە سۆرانەوە بردیانە نەخۆشخانەی ڕانیە بەر لەوەی بگەنە ڕانیە لە ڕێگە لایاندایە نەخۆشخانەی باڵیسان عەبدوڵڵا بۆر ڕشایەوە دکتۆر زریان دەرزییەکی بۆ کردو ووتی دوایمەخەن بیبەنە نەخۆشخانەی ڕانیە، بردیانە ڕانیە دکتۆر ئومێد چارەسەری بۆ کردو بڕینەکەی دوورییەوە پێویستی بە دوانزە بتڵ خوێن بوو خاڵ فەتاح، مستەفا حاجی عەولا، برایمە سێن، سێ بتڵ خوێنیان دایە زیاتر لە ٣٠ گەنج بەردەوام لە بەردەم نەخۆشخانەی ڕانیە بوون تا خوێنی بدەنێ دوای مانەوە لە نەخۆشخانەی ڕانیە بر دیانە نەخۆشخانەی هەولێر لە ژێر چاودێری ئەمندا بوو بەڵام دەمانچەی لابوو بۆ هەر حاڵەتێکی نەخوازراو لە هەولێر بردیانە موسڵا تا هێڵکاری عەسەبی بۆ بکەن دوای شانزە ڕۆژ چاکبووەوە گەڕایەوە بارەگای تیپی کوڕەک.

شەڕی سەید خەلیل

لە لایەک گفتوگۆ، لە لایەکیش هێزەکانی سووپای عێراق بە پاڵپشتی جاشی خۆمالّی پەلاماری پێشمەرگەیان دەدا، ئەوەش هێندەیتر باوەڕی خەڵک و پێشمەرگەی بە گفتوگۆ لەق دەکرد.

گفتوگۆو شەڕ لە یەک کاتدا دڵەڕاوکێی دروست کردبوو، لە ماوەی گفتوگۆدا زۆر شەڕو پێکدان ڕوویدا شەڕی سەید خەلیل یەکێک لەو شەڕانە بوو.

لە ٢٠ی ئابی ١٩٨٤ شەڕێکی گەورەو خوێناوی لە ئاوایی سەید خەلیلی خەلیفەو سەید خەلیلی گەڵاڵی ڕوویدا.

(بارق الحاج حنطه) فەرماندەی لیوای سووپای عێراق لە گەرمیان، لوت بەرزو لە خۆبایی بێ گوێدانە هەلومەرجی گفتوگۆ پەلاماری هەر دوو ئاوایی سەید خەلیلی خەلیفەو گەڵاڵی دا بە نیازی دەرپەڕاندنی پێشمەرگە و شکاندنی وڕەی خەڵک.

ئاوایی سەید خەلیل چەند کیلۆمەترێک لە کەلارەوە دوور بوو، بارەگای کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و ناوچەی شۆڕشگێڕان لە ئاوایی سەید خەلیلی خەلیفە بوو.

دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵەو دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی شۆڕشگێڕان و دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی خانەقین و پێشمەرگەی کەرتە جیاجیاکانیش لە ناوچەکە بوون.

ناوچەی سەید خەلیل دەشتایی بوو، هەندێک گردۆڵکە لە سەروی دێیەکەوە هەبوو بەڵام لە پێشمەرگەکانەوە دوور بوون.

کە دوژمن جوڵەی دەستپێکرد، پێشمەرگەکان لە ناو هەر دوو ئاوایی سەید خەلیلی خەلیفەو سەید خەلیلی گەڵاڵیدا خۆیان قایم کردو سەنگەریان گرت، بڕیاریاندا لوتی بارق و سوپاکەی لە زەوی بدەن، پێشمەرگەکانی کەرتی ڕێکخستنی کۆمەڵە بە سەرپەرشتی کوردۆ قاسم، پێشمەرگەکانی ناوچەی شۆڕشگێڕان بە سەرپەرشتی مەلا ئەحمەد جەیران لە سەید خەلیلی خەلیفە دامەزران.

دوانزە پێشمەرگەش بە سەرپەرشتی عەلی شامار لە سەید خەلیلی گەڵاڵی دامەزران و سەنگەریان گرت تا لوتی دوژمن بشکێنن.

بۆ ئەوەی ڕێگە بە شەڕ بگرن و نەهێڵن ئاگری شەڕ بەر بێتە ناوچەکە دێیەکان زیانیان پێنەگات.

چوار پیاوی بە تەمەن و ڕیش سپی ئاوایی سەید خەلیلی خەلیفە بە قورئانێکەوە بەرەو بیری بارق و سوپاکەی ڕۆیشتن و داوایان لێکرد شەڕ ڕوونەدات تا دێیەکە زەرەرمەند نەبێ، بەڵام بارقی درندە لە جێگەی ڕێزگرتن لە قورئان و ئەو چوار ڕیش سپیە لە جێگەدا هەر چواریانی گوللە بارانکرد بەم ناوانە:

١/ شەهید حاجی ئەحمەد حەمە ڕەش.

٢/ شەهید بورهان محەمەد ئەحمەد پیرۆیس.

٣/ شەهید محەمەد فەرەج ئەحمەد.

٤/ شەهید کەریم مارف عبدالله

لە گەڵ شەهید کردنی ئەم چوار ڕیش سپییەی سەید خەلیلی خەلیفە، کاتژمێر (٨)ی بەیانی تۆپبارانی قورس و هێرشی بەرفراوان بە پشتیوانی زرێپۆش و دەبابە بۆ سەر سەید خەلیلی خەلیفەو گەڵاڵی دەستپێکرد.

پێشمەرگەکانی سەید خەلیلی خەلیفە پێکهاتبوون لە کوردۆ قاسم، مەلا ئەحمەد، کەریم ڕەفعەت حەمەی عەزە شانە، جەلال شۆراوەیی، ئەحمەد گەڵاڵی، مامۆستا چیا، ئەحمەد دیموکرات، یاسین بچکۆل، دکتۆر شەهاب، عومەر حەمە دێز، سەرکەوت حەمید دۆشاو، عەزیز مەلا حەسەن، نەجم عبدالله، مامۆستا دڵشاد، جومعەی مەجید داوێ، سەلام، محەمەد عبدالله، مەلا شکور و ژمارەیەک پێشمەرگەیتر.

پێشمەرگەکانی سەید خەلیلی گەڵاڵی پێکهاتبوون لە عەلی شامار، ملازم ڕەحیم، تێکڕا ١٢ پێشمەرگە، شەڕ گەرم بوو، بارق بە تۆپ و چەکی قورس پەلاماری ئاوایی سەید خەلیلی دەدا، دەنگی تۆپ و ناڵە و گرمە دەگەیشتە ئاواییەکانی دەوروبەر.

پۆلێک پێشمەرگە لە دێی زەماوەنگە بوون، کاتێک گوێیان لە دەنگی تەقە بوو خۆیان کۆکردەوەو بەرەو ئاوایی سەید خەلیل ڕۆیشتن.

لە قۆڵی ڕۆژهـەڵات، لە سەید خەلیلی فەقێ و قاسم ئاغاوە، پۆلێک هەڵۆی چنگ بە گڕی گەرمیان، ئەحمەد چاوشین، لالە حەمە سەنگەری، نەبەرد حەمەی مینا، عەلی شەهید محەمەد و نەوزادە قەڵەو، خەلیل لەکەیی، عیماد ئەحمەد، سدیق عوسمان دزەیی، فەتاح مەسۆلکانی، یادگار، حەسەن ئای ئای، ئیبراهیم خانەقینی، برایمە سوورو چەند پێشمەرگەیەکیتر بەرەو سەید خەلیل چوون، هەر کە گەیشتنە سەید خەلیل بە سەر دوو قۆڵدا دابەش بوون.

ئەحمەد چاوشین لە گەڵ پۆلێک پێشمەرگەدا سەرپەرشتی قۆڵێکی شەڕەکەی دەکرد.

نەبەردی حەمەی میناش لە گەڵ پۆلێک پێشمەرگە لە دێی قاسماغاوە هێرشیان بۆ سەر لەشکری داگیرکەر دەستپێکرد.

لە گۆبانەوە دەستەیەک پێشمەرگە لە گەڵ عەدنانی حەمەی میناو مامۆستا عەلی و جەمال داربەڕوویی و چەند پێشمەرگەیەکیتر لە ناو داودەوە هێرشیان کردە سەر هێزەکەی داگیرکەر.

شەڕ لە سەر لە بەیانی ئەو ڕۆژەوە تا ئێوارە درێژەی کێشا بەڵام هێزەکانی سووپاو جاش نەیانتوانی هەنگاوێک بێتە پێشەوە، هێزی پێشمەرگەی کوردستان

کارێکیان بە سووپای داگیرکەر کرد با بە دەواری شڕی نەکردبێ.

ئەو دەشتە کرکانەی گەرمیان سوور دەچوونەوە لە خوێندا، هەر دەتووت لە خوێن هەڵکێشراون و بەرگی خوێنت کردووەتە بەر، خوێنی داگیرکەر جۆگەلەی هەڵبەستبوو، هەر سەربازو بەکرێگیراوی داگیرکەر بوو بە بەرچاوی بارقەوە دەگلان.

بـــــرێندار بوونی عـــــەلی شـــــامار

نزیک نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە عەلی شامار بریندار بوو، بەڵام ئەو باوەڕە کەڵەگەتە نەکەوت، بە جامانەکەی بریندەکەی بەست، خوێن لە سەر جامانەشەوە سەریدەکرد.

عەلی شامار بە جەستەیەکی بریندارەوە بە سەر پێشمەرگەکاندا دەگەڕاو هانی دەدان فیشەک بە خەسار نەدەن، هەر فیشەکێک کەللەی داگیرکەر نەپێکێ نابێت لە ژێر بەلەپیتکەوە هەڵفڕێ و لە پەنجەرەی زامنەوە هەڵوەرێ.

لە سەرەتای شەڕەکە عەلی شامار بە دوو گوللە ئاربیجی دوو دەبابەی سووتاند، لە قۆڵی مامۆستا عەلی، عەدنانی حەمەی مینا، نەبەرد، قۆڵی کوردۆ قاسم و مەلا ئەحمەد قۆڵی ئەحمەد چاوشین، عەلی شامار پێشمەرگە ببوونە ئاگرو لە پووشی داگیرکەر بەردەبوون ئەو پێدەشتانەیان بۆ داگیرکەر کرد بووە پشکۆی ئاگر، پێشمەرگە بۆڕیان بە لەشکری داگیر کەردا، ئەو ڕۆژە گەرمیان گۆڕستانێکی گەورە بوو بۆ سووپای داگیرکەر.

بارق لوتی شکاو بەزی، دەمەو ئێوارە لە گەڵ سووپا بەزیوەکەیدا پاشەکشەیکرد، نزیک بە ١٠٠ سەربازو جاش کوژران و لە مەیدانی شەڕدا کەوتن، دەیانیش بریندار بوون.

شـــــەهید بوونی ملازم ڕەحـــــیم – کـــــەریم کۆمەڵە

لە شەڕی سەید خەلیلدا دوو پێشمەرگەی قارەمان و گیان فیدا ڕەحیم ڕەحمان ناسراو بە ملازم ڕەحیم و کەریم کۆمەڵە شەهید بوون و داستانی سەید خەلیلیان بە خوێنی خۆیان نووسییەوە.

لە شەڕی سەید خەلیلدا، جگە لە ملازم ڕەحیم و کەریم کۆمەڵە چوار ڕیش سپی ئاوایی سەید خەلیلی خەلیفە شەهید بوون.

هێزەکانی داگیرکەر لە کوردستاندا، هێزە ئەمنیەکان، ڕەبییەو مۆڵگە سەربازییەکان بەردەوام کێشەیان بۆ خەڵکی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دروست دەکرد، ڕێگەیان لێدەگرتن، تەقەیان لێدەکردن، دەستگیریان دەکردن، لە هەندێک شوێن شەهیدیان دەکردن.

مـــەحمود ســـەنگاوی

لە گەرمەی گفتوگۆداو لە ڕۆژی ١٩٨٤/٨/٢٥ مەحموود سەنگاوی فەرماندەی تیپی هەورامان لە گەڵ دوو پێشمەرگەیتردا لە شـارەزوورەوە چوونە قەراخ بۆ پرسەی ژنێکی خزمیان کە بە ڕووداوی مین گیانی سپاردبوو.

دوای چوونە پرسەکە لە قەراخەوە گەڕانەوە، لە ماڵی پرسەکەش هەواڵی ڕێگەی قەراخیان پرسیبوو وتبوویان ڕێگە ئاساییەو خاڵی پشکنینی لێنییە.

مەحموود سەنگاوی، هەژار دەرەویانی، عەلی جافەرانی بە سواری ئۆتۆمبێلێکی تۆیوتا کراون گەیشتنە نزیک قەرەداخ، بێئاگا لەوەی هێزەکانی دوژمن لە شوێنێکی نادیاردا خاڵی پشکنینیان داناوە.

کاتژمێر (٤)ی دوای نیوەڕۆ بە سەر خاڵی پشکنینەکەدا کەوتن، ویستیان بگەڕێنەوە ئۆتۆمبێلەکەیان کوژایەوە، خەریک بوون بە پاڵ بیخەنەوە کار ئیشی نەکرد.

هێزی دوژمن گەیشتە سەریان، هەژار دەرەویانی و عەلی کەوتنە دەست دوژمن، مەحموود سەنگاوی دەربازی بوو، دە سەرباز بە دوایدا ڕایانکرد نەیانتوانی بیگرن.

مەحموود سەنگاوی لە مەترسی دەرچوو بوو بەڵام چونکە فەرماندە بوو پێی جوان نەبوو پێشمەرگەکانی دەستگیر بکرێن و خۆی دەربـازی بێت، گەڕایەوەو دەستی لە سەر بەلەپیتکەی تفەنگ بوو، سەربازەکان وتیان چەکەکەت دابنێ وتی داینانێم، وتیان با بچینە لای فەرماندەکەمان، کاک مەحموود لە گەڵیان ڕۆیشت.

مەحموود سەنگاویان لە ژورێک دانا، وتیان ئامر دێتە ئێرە، دوای چەند خولەکێک زرێپۆشێک لە بەردەم ژوورەکە وەستا، لولەی دۆشکەیان کردە مەحموود سەنگاوی، ناچار چەکەکەی دانا، مەحموود سەنگاوی بە هەژارو عەلی وت تازە تووش بووین دەبێت مەردانە ڕووبەڕوویان ببینەوە بە زەلیلی خۆمان نیشان نەدەین.

ئیستخبارتێکی کورد خەڵکی سێوسێنان بوو لە سەربازگەکە بوو بە شێوازی ناشرین بە مەحموود سەنگاوی و عەلی و هەژاری وت ئێوە کێن.

مەحموود سەنگاوی ڕووبەڕووی بووەوە پێیوت ئێمە لە پیاوی خائینی وەکو تۆ ناترسین، ئێمە پێشمەرگەین لە هیچ کەسێک سڵ ناکەین، ئیستخباراتەکە لەفافێکی دەرهێنا چاوی کاک مەحموودی پێببەستێ، کاک مەحموود پێیوت چاو بەستن بۆ پیاوی ترسنۆکە ئیستخباراتە کوردەکە بە مەحموود سەنگاوی وت تۆ کێی کاک مەحموود وتی من مەحموود سەنگاویم لە ساڵی ١٩٧٧ پێشمەرگەم، هەر کەس لە ناو پێشمەرگەدا زۆر بمێنێتەوەو شەهید نەبێ شەرمەزارە، منیش تا ئێستا ماومەتەوە خۆم بە شەرمەزار دەزانم، ئێستەش کە کەوتومەتە دەستی ئێوەو شەهید دەکرێم هەست دەکەم سەربەرز دەبم و ئەو شەرمەزاریەم لە سەر نامێنێ، بۆ ئاگاداریشتان من فەرماندەی تیپی (١٥)ی هەورامانم.

دوای دەستگیرکردنی مەحموود سەنگاوی و هاوڕێکانی ئیستخباراتێکی قەراخ بە ناوی عەریف عەلی هاتبووەسەربازگەکەو بە ئامرەکەی وتبوو کێتان دەستگیر کردووە ئامرەکە وتبووی مەحموود سەنگاوی و دوو پێشمەرگە، عەریف عەلی بە ئامرەکەی وتبوو بە پەلە ئازادیان بکەن ئەگینا لە تۆڵەی ئەواندا هەموو ڕۆژێک سەربازەکانتان دەکوژرێن، هێرش دەکرێتە سەرتان، ئامرەکە بە قسەی عەریف عەلی کرد بوو.

مەحموود سەنگاوی، هەژار، عەلی، لە ژورەکەدا بوون، ئامرەکە هاتە لایان لەو ئەفسەرو سەربازانە تورە بوو کە خراپ مامەڵەیان لە گەڵ کردبوون، ڕوویکردە مەحموود سەنگاوی و پێیوت چیتان پێویستە بۆتان بکەین ئەمشەویش میوانی منن، مەحموود سەنگاوی بە ئامرەکەی وت ئەگەر زیندانین گرنگ نییە، ئەگەر ئازادیشین حەز دەکەین بڕۆین، ئامرەکە بە سەربازەکانی وت چەک و ئۆتۆمبێلەکەیان بدەنەوەو خواتان لە گەڵ.

ئۆتۆمبێلەکە چاک کرابوەوە، بەڵام بیریان لای ئەو بوو ڕەنگە لە ڕێگە بۆسەیان بۆدابنێن، هەر چەندە ئەوەیان بەلاوە گرنگ نەبوو دەیانتوانی دەست بکەنەوە، هیچ ڕووداوێکیتر ڕوینەداو گەڕانەوە شارەزوور.

هـــــاتنە ناو ســـــــلیمانی

لە گەرمەی گفتوگۆدا بوو، ڕەهبەر سەید برایم، ئازاد عوسمان، هاوڕێ جەبار، پشتیوان مام هەمزە هاتنە ناو شاری سلەیمانی.

مامجەلال لە سووڕداش کۆبوونەوەی بە پێشمەرگە کرد کە چیتر نەچنە ناو شار چوونکە گفتوگۆ لە گەڵ ڕژێم بۆ سەندنی مافی گەلە نەک چوونە ناو شار.

دوای قسەکانی مامجەلال کە داوایکرد پێشمەرگە نەچێتە ناو شار ئازاد عوسمان بە هاوڕێکانی ووت ئەمشەو دەچینە ناو شاری سلەیمانی بۆ لای خاڵە دلێرم (خالید دلێر) باسی شیعرو شۆڕش و کۆمەڵە دەکەین خاڵم گلەیی لە کۆمەڵە هەیە دەڵێت ئەوانە وردە بۆرجوازین.

ئازاد عوسمان، ڕەهبەر سەید برایم، هاوڕێ جەبار، پشتیوان مام هەمزە هاتنە ناو شار لە بەردەم نەخۆشخانەی تەواری تەقەیان لێکردن، ڕەهبەری سەید برایم دوو گوللەی بەرکەوت، پشتیوانی مام هەمزە یانزە گوللەی بەرکەوت ئازاد عوسمان سیانزە گوللەی بەرکەوت، هاوڕێ جەبار گوللەیەک بەر قاچیکەوت.

هەر چوار پێشمەرگەکە بردرانە نەخۆشخانە، بەختیاری سالح ڕەفعەت و دکتۆر نەوزاد ڕەفعەت هاتن بە هانایانەوە، لە نەخۆشخانە بریندارەکانیان لە یەکتر جیاکردەوە.

ئاوات عەبدولغەفور لێپرسراوی تەنسیقی شاری سلەیمانی بوو لە گەڵ ئامر لیوای سلەیمانی هاتنە نەخۆشخانە.

ئـاوات عەبدولغەفورو ئامر لیوا هاتنە لای ڕەهبـەری سەید برایـم، ئـاوات عەبدولغەفور، ڕەهبەری سەید برایمی بە ئامر لیوا ناساند ووتی ئەوە جێگری فیرقەی کۆیەیە، ڕەهبەری سەید برایم بە ئامر لیوای ووت ئەوە پیلانە یان گفتوگۆ، ئامر لیوا ووتی ئەوە تۆ دەڵێی چی ئێمە (٢٤) کەسمان کوژراوە.

ڕەهبەری سەید برایم گواستراپەوە نەخۆشخانەی شـۆڕش لە سـووڕداش، مامجەلال هـات بۆ لای نوکتەکەی فایەق بێکەسی گێڕایەوەو ووتـی بە بۆنەی قەدەغەکردنی چوونە ناو شار . چوونە ناو شار

هەمان ساڵ جارێکیتر ڕەهبەری سەید برایم بە گوللەی چەکدارەکانی بەرەی جود بریندار بوو، هەر لە کاتی گفتوگۆدا تیپی ٩٣ی کۆیە، ٨٥ی بەڕانەتی چوونە سەر دێیەکی جاش نشین لە سنووری بەڕانەتی و لێیاندان.

شـــــەهید بوونی ئـــــەحمەد شـــــاتوانی 1984/9/1

لەو پێدەشتانەی شارەزوورەوە هەڵۆیەک دای لە شەقەی باڵ و بست بە بستی نیشتمانی تەیکرد دڵی دایکی نیشتمانی دایـەوە، ئەو کەڵە پشکۆی ئاگر بوو لە ئاگردانی شۆڕشدا.

ئەحمەد شاتوانی یەکێک لە فەرماندە کەرتە زەبر قورسەکانی شـارەزوور قارەمانی دەیان نەبەردی و داستان بوو، پێشمەرگەیەکی خاوەن بڕواو وڕەیەکی کەڵەگەت بوو لە ساڵی ١٩٧٧ەوە لە ڕیزەکانی (ی.ن.ک) دا پێشمەرگە بوو لە ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١ لە دێی تەپە بە دەستی چەکدارەکانی حسک شەهید بوو، دوای شەهید بوونی ئەحمەد شاتوانی فەلاحی حەمە بۆر کرایە فەرماندەی کەرتە.

گـــــــفتوگۆی ســـــاڵی 1984

لە کاتی گفتوگۆی شـۆڕش لە گـەڵ عێراقدا چەند جارێک لە خێڵی حەمەو ئەحمەداوا شەڕ لە نێوان چەکدارەکانی پارتی و تیپی هەورامان دروووست بوو.

لە دێ کۆن مەفرەزەیەکی پارتی و تیپی هەورامان لە یەکیاندا لەو شەڕەدا ئەکبەر یەناخی قۆڵێکی شکاو بریندار بوو.

تیپی هەورامان لە ناو ئاوایی بەکراوا بە سەر تراکتۆرێکەوە بوون ڕەبییەکەی بەکراوە ووتی نابێت برۆن و تەقەی لێکردن، پێشمەرگەکانی هەورامان تەقەیان لە ڕەبییەکە کردەوە، دواتر ئاگربەست لە نێوانیاندا کرا

لـــــێبوردنی گـــــشتی

(ی.ن.ک) پێیوابوو ئاشتەوایی و سەرخستنی گفتوگۆکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە گەڵ ڕژێمی عێراقدا بە تەنها بەس نییە، بەڵکو ئاشتەوایی نێوان هێزە سیاسییەکان و لێبوردن لە هەموو ئەو کەس و لایەنانەی شەڕی یەکێتیان کردووە لە ماوەی حەوت ساڵەی خەباتیدا، بناغەو بنچینەی ئاشتی کۆمەڵایەتی بەرجەستە کات، هەروەک ئاشتەوایی سیاسی لێدەکەوێتەوە.

هەر بۆیە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بە بۆنەی هاتنی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە، لێبوردنێکی گشتی بۆ ئەوانە دەرکرد کە شەڕی یەکێتی یان کردووە، هەر لە حزبە سیاسییەکان، تا جاش و بەکرێگیراوانی ڕژێم.

بەو بۆنەیەشەوە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بەیاننامەیەکی دەرکرد.

ئەمەش دەقی بەیاننامەکەیە:

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ك)
بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە سەبارەت بە لێبوردنی گشتی لەوانەی شەڕی (یەکێتی) یان کردووە

حەوت ساڵ زیاتر یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پێناوی مافە ڕەواکانی گەلەکەماندا، لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا لە خەباتی چەکدارانەدا بوو، تا هەلومەرجی خەباتی هێمنانە و گفتوگۆ لە گەڵ حکومەتی عێراق هاتە کایە.

دیارە شەڕو پێکادانی خەباتی چەکدارانە، خۆی شتێکی ناخۆشە، ئەگەرچی لە پێناوی ڕزگاری و سەرفرازیدایە، لە پێناوی ئازادی و مافی ڕەوای گەلەکەمان و لە پێناوی بەرقەرار کردنی ئاشتی و ئازادیدایە، بەڵام پڕە لە کارەساتی ناخۆش و دڵتەزێن، پڕە لە مەینەتی و ماڵ وێرانی و کوێرەوەری، لە ململانێی تووندوتیژی بەرژەوەندی چینایەتی و نەتەوایەتی جیاجیا، لە بۆچوون و عەقڵیەتی جۆراوجۆر، لە ناکۆکی و ململانێی خوێناوی، کە بێگومان دەستێوەردان و فیتی بێگانە و چەوسێنەران دەورێکی کاریگەریان بووە لە قوڵبونەوەیان.

ڕەنگە لە ماوەی ئەو خەباتە چەکداریيەدا، ناکۆکی سەخت لە گەڵ لایەنەکانیتردا پەیدا بووبێ، دوژمنایەتی و ناحەزی زۆریش لە گەڵ ئەم و ئەو پەیدا بووبێ، جاش و چەکداری میریش تاوانی زۆریان دەرهەق بە گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کردووە.

بەڵام یەکێتی نیشتمانی کوردستان پاش خەباتێکی سەخت و ڕاستکردنەوەی دۆخی نالەباری میللەتەکەمان و گەشەپێدانی جوڵانەوە ڕزگاریخوازەکەی بە خوێنی زیاتر لە سێ هـەزار شەهیدی نەمر لە ڕۆڵـە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان کەوتۆتە هەلومەرجێکی نوێوە کە هەوڵ ئەدات بەڕێگەی هێمنانە و گفتوگۆ لە گەڵ میری چارەسەرێکی ئاشتیانە لە چوارچێوەی یەکێتی عێراقدا بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە، وا گفتوگۆکەش گەیشتۆتە پلەیەکی باش و دواین قۆناغی لابەلا کردنەوەی، بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان

وەکو یەکەمین هەنگاوی بەهێزکردنی ریزی نیشتمانی خەڵکی عێراق و هێنانەدی یەکێتی و برایەتی خەڵکی کوردستان بە ئەرکێکی گرنگی خۆی دائەنێ، تا یەکێتی ڕیزی نیشتمانی عێراق لە سەر ئەساسی هاتنە دی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و یەکێتی و برایەتی خەڵکی کورد بەهێزو پتەو بێ، وە هەوڵ ئەدا ئەوەندە کە لە توانادایە و ئەکرێ کۆتایی بەو مەینەتی و کوێرەوەرییەی گەلەکەمان بهێنێ کە لە ماوەی ڕابردوودا تووشی هاتووە... کۆتایی بەو هەموو ململانێ خوێناوییە بهێنێ، کۆتایی بەو هەموو ناحەزی و دوژمنایەتییە بهێنێ کە دریژەکێشان و لە سەر ڕۆیشتنیان ئەبێتە هۆی زیاتر پاشکەوتن و پارچە پارچە بوونی کۆمەڵەکەمان و هۆی مانەوەی شوێنەواری سیاسی و کۆمەڵایەتی خراپ، بۆیە جارێکیتر (ی.ن.ک) بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە بانگەوازی ئاشت بوونەوەی گشتی دووپات ئەکاتەوە، تا بتوانین هەم پارێزگاری ئەو دەسکەوتانە بکەین کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە دەستی ئەهێنن، هەم یەکێتی ڕیزەکانی گەل بەهێز و پتەو بکەین بۆ پاراستنی نیشتمان لە هێرش و پەلاماری داگیرکەرە کۆنەپەرستەکان.

بۆ ئەوەش سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بە بۆنەی ئەم جەژنەوە بڕیاریدا:

لاپەڕەیەکی نوێ و سپی لە گەڵ هەموو لایەنەکان بکاتەوە و چاو لە هەموو ڕووداوە ناخۆشەکانی ڕابردوو بپۆشێ و بەم بۆنەیەوە عفوی گشتی ڕائەگەیەنێ بە هەموو ئەو کەس و لایەن و تاقمانەی چ بە ناوی ڕێکخراوی سیاسییەوە یان لە پاڵ حکومەتی عێراقدا، تا ئێستا شەڕی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پێشمەرگە و کادرو کەسوو کاریان کردوون و لە هەموو ئەو تاوانانەی کردویانە عفویان ئەکات و لە هەقی خۆی خۆش ئەبێ.

ئێمە لە لای خۆمانەوە هیوادارین هەموو ئەو کەسانەش بە گیانی هەستکردن بە مەسئولیەت بەرامبەر بە گەل و نیشتمان بێنە پێشەوە و لاپەڕەیەکی تازە لە پەیوەندی لە گەڵ (ی.ن.ک) و کۆمەڵانی خەڵک بکەنەوە بۆ ئەوەی بە هەموو لایەک بنچینەی کۆمەڵێکی تەباو یەکگرتوو لە قۆناغی نوێی ژیانی هێمنانەی گەلەکەماندا دابمەزرێنین.

مەکتەبی سیاسی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
١٩٨٤/٩/٣

شـــەهید کردنی مولازم ســـــەید کەریم و دوو هـــەڤاڵی دیکە

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١٥ لە گەرمەی گفتوگۆی نێوان شۆڕش و میری، ملازم سەید کەریم و دوو هەڤاڵی دیکەی بە دەستی جاشەکانی تاسڵوجە شەهید بوون.

مولازم سەید کەریم پێشمەرگەی دەستە سەرەتاییەکانی شۆڕش و فەرماندەی ئازاو بوێر و ئەندامی مەکتەبی عەسکەری (ی.ن.ک) و ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو، فەرماندەی دەیان شەڕو داستانی گەورە بوو جێگە دەستی بە فراوانبوونی بازنەی شەڕی پێشمەرگانە و گەشەکردنی شۆڕشەوە دیار بوو، شەهید بوونی خەسارەتێکی گەورە بوو لە شۆڕش و گەلی کوردستان و بزوتنەوە ڕەواکەی کەوت.

مولازم سەید کەریم سالّی ١٩٧٢ کۆلێژی سەربازی تەواو کردووەو بووەتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول و فەرماندەی بەتالیۆن بووە لە هێزی سەفین.

سالّی ١٩٧٥ و لە گەڵ شکستی شۆڕشی ئەیلولدا چووەتە سوریا و لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان خۆی ڕێکخستووەو تێکۆشاوە، لە گەڵ هەڵایسانی شۆڕشی نوێ بە ڕێبەرایەتی (ی.ن.ک) گەڕاوەتەوە کوردستان، پێشمەرگەو فەرماندەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕش بووە، سالّی ١٩٧٧ کراوەتە لێپرسراوی هەرێم.

لە بەهاری سالّی ١٩٧٨ سەرکردایەتی کۆمەڵە کۆبوونەوەیەکی بۆ کادیرە پێشکەوتووەکانی گرێدا، سەید کەریم و ٢٥ کادیر بەشدار بوون، لەو کۆبوونەوەیە ملازم سەید کەریم بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردرا، لە داستانی شێنێ دا ڕۆڵی دیاری بینی.

لە ١٩٧٨/١٠/٢٠ بارەگاکانی سەرکردایەتی لە دەراوی گوێزێ گواسترایەوە بۆ خڕی ناوزەنگ، هەندێک بارەگاش بۆ شێنێ.

لە شەوی ١٩٧٨/١١/٩/٨، کاتژمێر (٩)ی شەو هەواڵ درا بە هێزی پێشمەرگە دوژمن هێرش دەکاتە سەر شێنێ بە پانتایی ٨ کیلۆمەتر لە شێنێ و بناری مامەندە شەڕ بەردەوام بوو، نۆ شەوو نۆ ڕۆژ شەڕی بەردەوام لە گەڵ هێزی داگیرکەر کە بە هەزاران سەربازو سەدان دەبابە و زرێپۆش و تۆپی دوورهاوێژ و دەیان فڕۆکە هێرشی دەهێنایە سەر سنووورەکانی پێشمەرگە، لەو داستانەدا ملازم سەید کەریم هەڵۆی چاوتیژ و بازی هەڵمەت و فەرماندەی مەیدانی شەڕەکە بوو.

ئەو دەمەی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان لە (ی.ن.ک) جیابووەوە، سەرکردایەتی (ی.ن.ک) هێزێکی بە فەرماندەیی سەید کەریم نارد ناوچەکانی هەولێر بۆ جۆشدانەوەو بەهێزکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و نیشاندانی هێزی لە بن نەهاتووی شۆڕش.

ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٠/١٢/٦ گەیشتنە دێی قەڵاسنج لە بناری چیای سەفین، هێزەکە بوو بە دوو بەشەوە، بەشێک لە قەڵاسنجی سەروو کە مولازم سەید

کەریمیان لە گەڵدا بوو، بەشێکیش بۆ قەڵا سنجی خـواروو، ئەو شەوە دوژمن گەمارۆی قەڵاسنجی سەرویدا، شەڕێکی قورس و سەخت بە قەرماندەیی مولازم سەید کەریم لە گەڵ دووژمن ڕوویداو بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە و شکاندنی هێزەکەی داگیرکەر کۆتایی هات.

سەید کەریم ساڵی ١٩٨٣ کراوەتە لێپرسراوی سەربازی مەڵبەندی هەولێر، لە چیای هەورێ لە گەڵ کاک سامان گەرمیانی کۆپتەڕێکیان پێکاو لە سەر دێی چیوەی خواروو کەوتە خوارەوە، پێش پێکانی کۆپتەرەکە لە گەڵ کاک سامان بە نیاز بوون کۆپتەرەکە بنیشێتەوەو بەدیلی بیگرن.

مولازم سەید کەریم کەسێکی کۆمەڵایەتی بوو لە گەڵ دێهاتیەکاندا هاودەم بوو، لە کارووباری ڕۆژانە لە دروستکردنی خانوو، قوڕکاری، لە هەرەوەز لە وەرزی دروێنە و خەلەو خەرماندا هاوکاری دەکردن پێگەیەکی جەماوەری بەهێزی هەبوو، خۆشەویستی خەڵکی کوردستان بوو.

پیاوێکی گورج و گۆڵ و ئازا بوو، لە ڕۆیشتندا کەس پێشی نەدەکەوت، لە گەڵ دوژمندا سەر سەخت بوو، لە گەڵ پێشمەرگەدا نەرموو نیان، پابەندی بڕیارەکانی سەرکردایەتی بوو بە تایبەت هەڤاڵ مامجەلال، لە بڕیارە چارەنوسسازەکاندا مامجەلال پشتی پێدەبەست.

مـــــولازم سەید کەریم لە بـــــازنەی پـــیلانی دوژمـــندا

چ نیە یان هیچ نیە ئەو وتەیە بوو یان ئەو وشەیە بوو کە هەمیشە بۆ ئەرکە سەخت و دژوارەکان، بۆ بێ منەتی بەرانبەر دوژمن و پیلانەکانی مولازم سەید کەریم بە کاری دەهێنا، کە نیشانەی بەهێزی سەید کەریم و کەم بایەخکردنی ڕژێم و دارو دەستەکەی بوو.

مولازم سەید کەریم چوونکە لە هاودیان لە دایک ببوو هاودیانیش پێکهاتەی جیاوازی لە خۆدەگرت و برا مەسیحیەکان لەوێ دەژیان، دۆستایەتی پتەوی لە گەڵ مەسیحیەکاندا هەبوو.

ساڵی ١٩٨٤ پێش شەهید بوونی ، مامۆستایەکی مەسیحی کە خەڵکی هاودیان بوو لە هەولێر دەژیا، سەرباز بوو لە سەر جیهازی فەیلەقی کەرکوک، ئەو مامۆستایە

لە دڵسۆزی خۆی بۆ سەید کەریم هاتە بالیسان و بە سەید کەریمی وت، من سەربازم لە فەیلەقی کەرکوک لە سەر جیهازم، ئیستخبارات و ئەمنی عام خەریکی پیلان دانان و پیلان چنینن، دەیانەوێت بتخەنە داوو لە ناوت بەرن، هاتووم ئاگادارت بکەمەوە ئاگات لە خۆت بێت، خۆت بپارێزە و کەمتر دابەزەرە ناو شار، چوونکە حکومەتی عێراق دەیەوێت لە ناوت بەرێت، مولازم سەید کەریم لە وەڵامدا پێیوت چ نیە من لە دوژمن ناترسم.

جارێکیتر کەسێک بە ناوی (ب،ح،ن) کە خەڵکی ڕەواندز بوو هاتە لای سەید کەریم لە (دۆڵە بۆتێ) بە سەید کەریمی وت تۆ دەزانی من لە گەڵ ئەمنی عامم، داواکارم ئاگاداری خۆت بیت چوونکە ئەمن و ئیستخبارات پیلانی لە ناو بردنی تۆیان داناوە، تا ئێستا دوو جار لە بۆسە دەرچوویت هەوڵی جدیان داوە بۆ جاری سێیەم بۆسەت بۆ دابنێن، سەید کەریم پێیوت سووپاست دەکەم ئەوە چ نیە[٢٧]

پاییزی ساڵی ١٩٨٣ مامجەلال لە سەرکردایەتییەوە هاتە خوارەوە سەید کەریم و پێشمەرگەکانی چوونە پێشوازی بۆ ڕەزگە و مارەدوو، لە ڕووباری شەهیدان پەڕینەوە دار بییەک لە ناو ڕووبارەکەدا بوو تەڕوو لووس ببوو لە ئاودا، سەید کەریم دووجار بە سەریدا ڕۆیشت و گەڕایەوە ڕوویکردە مامجەلال و ووتی چ نییە، مامجەلال ووتی ئەوەش چ نییە، سەید کەریم ووتی بەڵێ ئەوەش چ نییە، مامجەلال و سەید کەریم و پێشمەرگەکان پەڕینەوە، مامجەلال تەماشایەکی سەید کەریمی کردوو ووتی چ نییە.

پـــــێش شەهید بـــــوونی

ڕژێم خەریکی پیلان چنین بوو بۆ لە داو نان و شەهید کردنی سەرکردە دیارەکانی (ی.ن.ک) ئەوانەی ڕۆڵیان لە گەشەکردن و پێشخستنی شۆڕش دا دیار بوو، لای خەڵکی کوردستان خۆشەویست بوون و جێگە دەستیان بە چالاکییەکانی پێشمەرگەو گورز وەشاندن لە هێزی داگیرکەر دیار بوو، بە تایبەت سەید کەریم

٢٧ جارێک لە ناو سلێمانی و جارێک لە باخی بەختیاری کەوتبووە بۆسەوە بەڵام دەربازی ببوو.

کە قارەمانی دەیان داستان بوو.[٢٨]

لە کۆنفرانسی کۆمەڵەدا سەید کەریم بە ڕەسمی ئاگادار کرایەوە کە ئیستخباراتی عێراقی پیلانی لە ناو بردن و شەهید کردنی سەید کەریم و مامە ڕیشە و چەند هەڤاڵێکیتری هەیە.

بـــــەرەو ســـــلێمانی

سەید کەریم بە نیازی سەردانی خێزانەکەی بەرەو شاری سلێمانی بەڕێکەوت، ئەو ڕۆژەی سەید کەریم ڕۆیشتە سلێمانی، ڕزگار هاودیانی خوشکەزای هەوڵیدا ملازم سەید کەریم نەڕواتە سلێمانی پێیوت ئێمە دەچین ماڵ و منداڵت بۆ دێنین سەید کەریم ڕوویکردە ڕزگارو پێیوت خۆ تۆ کوێخای من نیت، خۆم حەز دەکەم بچم ماڵ و منداڵم ببینم.

شـــــەهید بوونی مـــلازم ســـەید کـــەریم

سەید کەریم ڕۆیشتە سلێمانی و چەند ڕۆژێک لای ماڵ و منداڵی مایەوە، لە گەڕانەوەدا لە خاڵی پشکنینی تاسلوجەی نزیک سلێمانی کەوتە بۆسەی جاشە خۆفرۆش و ڕست کراوەکانی داگیرکەرو درایە بەر دەستڕێژی گوللە.

ملازم سەید کەریم و دوو پێشمەرگە، دوو هاوڕێ و دوو هاوسەنگەری، (نەهرۆ عەبدوڵڵا و سەباح مەجید) شەهید بوون و سەریان بە ئەستێرەی سەروەری گەیشت.

ملازم سەید کەریم ئەو سەرکردەیەی لە دەیان داستان و نەبەردیدا لوتی داگیرکەری شکاند، لە بۆسەی غەدرو لە پەنا گفتوگۆدا شەهید کرا.

چـــــۆن هـــــەواڵەکە گـــــەیشت

دوانیوەڕوان لە بارەگاکانی پێشمەرگە لە سورداش یاری باسکەو تۆپێن دەکرا، ڕزگار هاودیانی خوشکەزای ملازم کەریم وەکو دڵی خورپەی دابێ ئەو ڕۆژە مات و غەمگین بوو زۆر مەیلی یاری و فتبۆڵێنی نەدەکرد، غەمگین لە پەنایەکدا دانیشتبوو.

---

٢٨ سەید کەریم قارەمان و فەرماندەی داستانەکانی، شێنێ، قەڵاسنج، قەندیل، ئیشکۆری زیارەت، مامەندە، هەورێ، چیوەی خواروو، سناوە، هیران و نازەنین، کەڵەکی باڵەیان و بێتواتە و دەشتی هەولێرو دەیان نەبەردی تر بووە.

کاتژمێر ٣:٢٠ دەقیقەی دوا نیوەڕۆی ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١٥ پێشمەرگەکان هاتنە بارەگای سەید کەریم لە سورداش، وتیان ئۆتۆمبێلێک کەوتووەتە بۆسەی دوژمنەوە، ڕزگار هاودیانی یەکسەر وتی خاڵمە شەهید بووە، ڕزگار، هێرۆ خانی بینی وتی خاڵم شەهید بووە، هێرۆ خان ووتی چۆن؟ بڕۆ لە گەڵ مامجەلال قسە بکە، ڕزگار چووە لای مامجەلال ووتی مامە گیان هیچ ئۆتۆمبێلێک کەوتووەتە بۆسەوە، مامجەلال ووتی بەڵێ، ڕزگار ووتی خاڵم شەهید بووە، مامجەلال لە ڕزگار تورە بوو ووتی وسبە ئەو قسەیە نەکەیت سەید کەریم نامرێت، مامجەلال بە ڕزگاری وت تەلەفونێک بکە بۆ هەولێر، ڕزگار تەلەفونی کرد بەڵام دەنگ نەدەڕۆیشت خەت بڕا بوو، ڕزگار بە مامجەلالی وت یەک داوام هەیە تەرمەکە وەربگرینەوە، مامجەلال ووتی هەوڵ دەدەین.

ئیستخباراتی عەسکەری بە ڕەسمی داوایانکردبوو دەبێت تەرمی ملازم کەریم سەدام ببینێ، کاتژمێر (٣)ی شەو تەرمی سەید کەریمیان بردبووە بەغدا، تەرمی سەلاح و نەهرۆش لە مەیتخانەی سلێمانی بوون.

چـــــۆن تەرمی ســـــەید کەریم وەرگـــــیرایەوە

بڕووسکەیان لە گەڵ کاک ئازادی سەگرمە فەرماندەی تیپی (٥٧)ی سەگرمە کردو لە دۆخەکە ئاگاداریان کردەوە، کاک ئازاد و تیپی (٥٧) بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا، ژمارەیەک ئەفسەرو دەرەجەداری ڕژێم کەوتنە بۆسەکەوەو کوژران، لاشەکانیان تەسلیم نەکردنەوە، کەسووکاری کوژراوەکان هاتن بۆ بردنەوەی لاشەکان، کاک ئازاد پێیوتن تەرمی سەید کەریممان بدەنەوە ئێمەش لاشەکانتان دەدەینەوە.

تەرمی سەید کەریم هێنرایەوە کەرکوک، بە کۆپتەر ڕەوانەی سۆران کراو لەوێ بە خاک سپێردرا تا بە خاکسپاردنی تەرمی سەید کەریم مەفرەزەیەکی قوات خاسە گۆرستانیان چۆلنەکرد، دوای کۆتایی هاتنی ڕێو ڕەسمی بە خاکسپاردنی ئەوسا قوات خاسەکان ڕۆیشتن.

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی (ی. ن. ك)
بە بۆنەی شەهیدکردنی ملازم سەید
کـــــەریم و هـــــاوڕێکانی
تـــــاوانێکی تری چـــــاشەکانی ڕژێمی بـــــەغداد

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر

بەداخ و پەژارەیەکەی زۆرەوە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان خەبەری شەهیدکرانی ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان کاک سەید کەریم و هەردوو هەڤاڵەکەی لەناو ئۆتۆمبێلێکی شۆڕش دا ڕادەگەیەنێت، کە لە دەوروبەری سەعات چوارو نیوی ئێوارەی ١٩٨٤/٩/١٥ دا لەسەر جادەی گشتی و لەپەنا نوقتەی سەیتەرەیەی میری بەدەستی جاشە کوردەکانی حکومەتی عێراق شەهید کران، کە لەناکاو و بێ پرسیار دایانبوونە بەر دەستڕێژ و گوللەی ئار بی. جی .

جاشە خۆفرۆش و ڕوو ڕەشەکان کە بوونەتە داردەستی داگیراکەران و شەرەف و ناموسی خۆیان بەپارەو پول فرۆشتووە ماوەیەکە میری وەک سەگی هار بەریداونەتە گیانی خەڵک و پێشمەرگە ، بەئاشکراو بی پەروا تەنانەت هەموو قانونەکانی میری پێشێل دەکەن و شەلم کوێرم هیچ نابوێرم بەربوونەتە گیانی بێدەسەڵات و دانشتوانی شار و ئۆردوگا زۆرەملێکان کە میری دوا بەدوای بەدیهێنانی سیاسەتی تەعریبکردنی کوردستان جووتیارە ڕاگوێزراوەکانی بەزۆر تێدا کۆکردبوونەوە. شەهید کرانی هەڤاڵی نەمر کاک سەید کەریم و هەڤاڵانی نەمر نەهرۆ عەبدوالله سەلیم و صلاح خۆشناو. تاوانێکی گەورەیە دژی کوردایەتی و شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە جاشەکان بە فیت و هاندان و پشتیوانی کاربەدەستانی حیزبی و دەوڵەتی لە کودستاندا دەیکەن. کە بێگومان ئۆبالەکەی نەک هەر بە ئەستۆی ئەو کاربەدەستانەیە بەڵکو سیاسەتی گشتی میریش لە کوردستاندا دەگرێتەوە. چونکە دەمێکە بۆیان ڕوون کراوەتەوە کە ئەو دەزگا تاوانبارانە لەترسی ڕسوابوون لای سەرکردایەتی خۆیان دوای ئەوەی لافاوی جەماهیری ڕێکەوتن خەریک بوو هەموو دەزگا پوشاڵی و بەزۆر دامەزراوەکانیان ڕامالێت. هەرچی

لەدەستیان دێت بۆ تێکدانی ڕێکەوتن دەیکەن.

ماوەیەکە، بەتایبەتی پاش ئەو ئاڵوگۆڕەی لیژنەی تەنسیق بەخۆیەوە دیوە، جاشەکان هارتر بوون وە تاوانبارەکان: بکوژانی شەهیدانی سلێمانی و ڕانیە و کەلار ئازاد کران، وە لەجیاتی سزادانی ئەوانە پیاوی نیشتمانیەروەر و ئاشتی خواز سزا ئەدرێت، چونکە نایانەوێت تاوانەکانی چاشەکان و خۆفرۆشەکان داپۆشێت.

دیارە نیازێکی گاڵاوی ئەم چاش هاندانەش کوردانەی شەڕەکەی کوردستانە، کورد بە کورد بەکوشت دانە: دوورخستنەوەی هێزەکانی عەرەبە لەئاگری شەڕەکەو کردنی کوردە بە سوتەمەنییەکەی. بەاڵم پیالنگێڕان خەیاڵیان خاوە. کورد هۆشیار بۆتەوە، چاوی کراوەتەوە، جەماوەری گەل هۆشیارو ڕاپەڕیوە . شۆڕشەکەمان خاوەنی پێشڕەوی ژیرو زانای خۆیەتی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستانە. بۆیە زیندە بەچاڵکردنی پیالنی داگیرکەران ئاسانە .

ئەم جاشە خۆفرۆشانە دوای ئەو کۆبونەوەیەی ئەم دواییەی کە لە کەرکوک پێیانکرا و دەسەاڵتیان پێدراوە بەربوونەتە گیانی خەڵک . بۆیە پێویستە ئەم ڕاستیەمان هەمیشە لە بیر بێت و ماوەی تێپەڕاندنی ئەو پیالنەی کورد بەکوردشتدانە نەدەین.

با گیانی پاکی شەهیدانی نەمر کاک سەید کەریم و نەهرۆ صالح ئەستێرەی ڕێگەی شۆڕش و ڕزگاری کورد و کوردستانمان بێ. با فیداکاری و قارەمانی و لەخۆبردویی کاک سەید کەریم و هەڤاڵەکانی بکرێتە نموونەیەک بۆ هەموو پێشمەرگەی کوردستان و تێکۆشەرێکی ی.ن.ک با دڵسۆزی و وەفاداری ئەوان بۆ گەل و نیشتمان پیشەی هەموان بێ.

هەڤاڵانی تێکۆشەر

کۆمەاڵنی خەڵکی کوردستان

ڕاستە لەدەستدانی ڕۆڵەی قارەمان و دلێری وەک سەید کەریم زیانێکی گەورە لە کوردایەتی و شۆڕش و ی.ن.ک و کوردو کوردستان کەوت.

ڕاستە لەدەستدانی ڕۆڵەی وا قارەمان و نەبەز کە لەبەری دیار دەخەنە ڕیزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە.

بەڵام بێگومان خوێنی گەشیان ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسی و سەکەوتنمان باشتر بۆ ڕوون دەکاتەوە، چاکتر دۆست و دوژمنمان بۆ دەردەخەن، باشتر بڵێسەی شۆڕشەکەمان بەرزو گەشەدار دەکەنەوە. ی.ن.ک هێزی شەهید و قوربانیدانە لەڕێگەی ڕزگاری کورد و کوردستاندا لە داگیرکەران و دیکتاتۆریەت و خوێنمژین.

تا ئێستا دەیان سەرکردەی سیاسی و پێشمەرگانەی لە پێناوی گەل و نیشتماندا بەخشیوە. سەدان کادری سیاسی و پێشمەرگانەی لە کۆڕی شۆڕش و زیندانەکانی ڕژێمدا فیدای کورد و کوردستانیان کردووە . بێ ئەوەی پەکی خەباتەکەی کەوتبێت. بێ ئەوەی لاواز وکز بووبێت، بەڵکو هەردەم ئەو فیداکاری و شەهیدبوونەوەی سەرکردەو و کادر و ئەندامەکانی ی.ن.ک بۆتە مایەی ئەوەی زۆرتر پایەدارو چاکتر ڕیشەدار و خۆشەویست بێت لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا. هەر بۆیەش هەمیشە ڕوو لە پەرەسەندن و گەشەکردن بووە.

هەڤاڵان: هاونیشتمانیانی خۆشەویست

با شەهید کردنی کاکە سەید کەریم و کاک نەهرۆ و کاک صلاح بکەینە موناسەبەتی یەکێتی و جۆشدانی خەبات.

پێویستە بەشێوەی شایستەی خۆیان بیانناسێنین هەزاران هەزار کەس مالئاوایی یان لێبکەن و بە باوەشی گەرمی دایکی نیشتمانیان بسپێرین.

با ڕۆژی ناشتنیان ڕۆژی دەربرینی توڕەیی و ناڕەزایی و بێز و قێزی کۆمەڵانی خەڵک بێت لە جاشایەتی و نۆکەرایەتیکرنی داگیرکەرانی کوردستان .

سەروەری بۆ هەموو شەهیدانی ڕیگەی ڕزگاری و دیموکراسی خەڵکی کوردستان و عێراق. سەروەری و نەمری بۆ کاک سەید کەریم و نەهرۆ صلاح.

شەرمەزاری و مردن بۆ جاشە خۆفرۆشەکان هاندەرە خۆفرۆشەکانیان . سەرکەوتن بۆ شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراسی گەلەکەمان .

مەکتەبی سیاسی

ی .ن.ک

١٩٨٤/٩/ ١٦

کـــــــورتەیەك لە ژیـــــــانناممەی مـــــولازم سەید کـــــەریم

سەید کەریم، سەید ڕەسوڵ، ناسراو بە مولازم سەید کەریم ساڵی ١٩٤٩ لە دێی هاودیانی سەر بە قەزای ڕەواندز لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ڕەواندز تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٢ کۆلێژی سەربازی لە بەغدا تەواو کردووەو بووەتە پێشمەرگە لە شۆڕشی ئەیلول، لە ماوەیەکی کورتدا کراوەتە فەرماندەی بەتالیۆن، دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول ڕوویکردووەتە سوریاو چووەتە ڕیزی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانەوە.

ساڵی ١٩٧٨ بە ئەندامی یەدەگی سەرکردایەتی کۆمەڵە هەڵبژێردراوە، لە کۆبوونەوەی (شێنێ) کراوەتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە، تا کاتی شەهید بوونی ئەندامی مەکتەبی عەسکەری (ی.ن.ک) بووە.

لە ڕۆژی ١٩٨٤/٩/١٥ لە تاسڵوجە بە دەستی گەلە جاشێکی خۆفرۆش لە گەڵ دوو هەڤاڵی دیکەی (نەهرۆو سەلاح) شەهید بوون و بوونە سێ ڕێبواری دیکەی ڕێگەی ڕزگاری و سەرفرازی کوردستان.

دوای شەهید بوونی مولازم سەید کەریم لە سەر بڕیاری کاک نەوشیروان شەڕێکی سەرتاسەری لە گەڵ جاشەکان دەستیپێکردو دەیان کەلاکیان لێخستن.

ســـــەید کەریم لە بـــــیرەوەری مـــــامجەلالدا

دوای شەهید بوونی مولازم سەید کەریم، هەڤاڵ مامجەلال لە چل ڕۆژەی شەهید بوون و مالاواییدا وتارێکی درێژی نووسی، وتارەکە لە نامیلکەیەکدا لە چاپخانەی شەهید ئیبراهیم عەزۆ بە چاپ گەیشت هەمان وتار لە ڕۆژی ١٩٨٤/١٠/٢٥ لە ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان خوێندرایەوە.

مامجەلال لە بەشێکی ئەو وتارە درێژە نامیلکە ئامێزەدا دەڵێ، ئەوسا بۆم دەرکەوت کە سەید کەریم چ ڕۆڵەیەکە، چ قارەمانێکە، چ شۆڕشگێڕێکی بە جەرگ و نەبەزە، هەمیشە داوای ئەوە بوو لە گەڵ یەکەم دەستەی پێشمەرگەدا بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، هەمیشە گاڵتەی بە زەحمەت و ناخۆشی و گیرو گرفتەکان دەکرد،

هیچ باکی پێیان نەبوو، بۆیەش کە لە گەڵ یەکەم وەجبەی شەهیدی هێژاو نەمر ئیبراهیم عەزۆری جوانە مەرگدا دامان نابوو لە گەڵ شەهیدی قارەمان و نەمر مولازم حەسەن خۆشناو هاتنە سەرم، بەڵێ تاکو ڕازیم بکەن ئەوانیش لە گەڵ ئەودا بگەڕێنەوە، بۆیە زۆر بە زەحمەت و زۆریش بە جوانی وام لێکردن کە خۆیان بۆ وەجبەی دووەم هەڵگرن.

لە دریژەی وتارە دریژەکەیدا مامجەلال نووسیویەتی ڕۆژێکی هاوین بوو لە یانەکەی خانووەکەی سورداشدا خەریکی نەخشە کێشانی هەندێک پۆستەر بووم بۆ شەهیدانی سەرکردەو نەمران.

ئەمویست پێنج پێنج لە ناو ئەستێرە سوورەکەی دروشمی (ی.ن.ک) جێگەیان بکەمەوە، پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی، پێنج ئەندامی کۆمیتەی سەرکردایەتی، پێنج ئەفسەر، لەو کاتەدا سەید کەریمم لێپەیدا بوو، قەمسەڵەیەکی نوێی دابوو بە سەر شانیدا بە دەم پێکەنینەوە بەرەو ڕووم هات لێمپرسی سەید گیان سەرماتە وا قەمسەڵەکەت داوە بە شانتدا لە وەڵامدا ووتی نەخێر بەڵام ئەو قەمسەڵە جوانەم تازە لۆ هاتیە، خوشک لۆی هێناوم، زۆرم بە دڵە و پێموایە بەشی چەندین زستانی ئەم کوردستانە دەکات، منیش وەکو مندااڵ کە جلی جەژنی دەدەنێ پێش ڕۆژی جەژن تاقی دەکاتەوە وا بە خۆمداداوە.

کە لێم نزیکبووەوە ووتی ئەوە چ دەنووسی، وتم نەخشەی پۆستەری ئەفسەری شەهید چواریانم لە یادە و پەکم لە سەر پێنجەمیان کەوتووە، وا شەهیدی هێژا برایم عەزۆ لە ناو ئەستێرە سوورەکەدایە و سێ سوچیش بۆ شەهیدانی قارەمان، حەسەن خۆشناو، جوامێر سایەمیر، جەمال خۆشناو پڕ دەبێتەوە بەڵام لە سەر پێنجەمیان داماوم، ئەویش بە قاقای پێکەنینە ساکارەکەی خۆیەوە وەڵامی دامەوەو ووتی ئەمەش چ نییە، حەز دەکەیت من لۆت پڕ دەکەمەوە، کە شەهید بوو یەکسەر ئەو وتەیەی خۆی خزاندەوە ناو دڵ و دەرونم وا دیار بوو سەید کەریم لەمەشدا هەر ڕاستگۆو هەر سەر ڕاست و بەوەفا بوو.

کاك نەوشیروان سەبارەت بە شەهید بوونی مولازم سەید کەریم دەڵێت:

وردە شەڕی جاش و پێشمەرگە دیسان کەشی سیاسی کوردستانی ئاڵۆزاند، لە لایەکەوە توندڕەوەکانی ناو یەکێتی و لەلایەکیترەوە جوود دەستیان لە خۆشکردنی ئاگری ئەم بەزمەدا هەبوو ڕادیۆکەی پارتی و حزبی شیوعی بە خۆشییەکی زۆرەوە هەواڵەکانی بە زلکراوی بڵاودەکردەوەو تیژی دەکردن لە یەکتری، لەم گرژییەدا سەید کەریم لە گەڵ دوو پێشمەرگەی تر (نەهرۆ عەبدوڵڵا سەلیم و سەڵاح خۆشناو) ڕۆژی ١٥ی ئەیلولی ١٩٨٤ بە ئۆتۆمبێل لە سلێمانییەوە گەڕابووەوە سورداش، ئاگای لەوە نابێ لەو نزیکانە هەندێک جاش کوژراون، ئەکەوێتە بۆسەی جاشەکانی تاسڵوجەوە، هەمویان کوژرا بوون، ئۆتۆمبێلەکەشیان ئاگری گرتبوو زۆریان لە ناویدا سووتا بوون.

سەید کەریم خەڵکی هاودیان و بە ناوی باوکیەوە ناونرابوو، چونکە ئەم هێشتا لە سکی دایکی دابووە کە باوکی مردووە، دوای ڕێکەوتنی ئازار چوبووە(الکلیه العسکریه)و ببوو بە ئەفسەرو لە ١٩٧٤ دا چوبووە ڕیزی شۆڕشەوە لە هێزی سەفین دا ببوو بە فەرماندەی بەتالیۆن، پیاوێکی گورج و گۆڵ و لەش سووک و لە شەڕدا هەتا بڵێی ئازاو چاو نەترس بوو، ڕاوکەرێکی دەست ڕاست و ئەنگێوەو شاخەوانێکی وریا بوو، لە سوریاوە پێکەوە گەڕابووینەوە کوردستان و پێشمەرگەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی ئەم شۆڕشە و یەکێ لە هاوڕێ نزیکە خۆشەویستەکانم بوو، لە ناو داموودەزگاکانی یەکێتی دا چەندین لێپرسراویەتی بەرزی وەرگرتبوو سەرکردایەتی دەیان شەڕی سەرکەوتووانەی کردبوو، کوژرانی سەید کەریم بەمجۆرە خەمێکی زۆری لە ناو هاوڕێکانی و ئەندامەکانی یەکێتی و خەڵکدا خولقاند، مەکتەبی سیاسی بەو بۆنەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد.

ســـــەید کەریم لە بـــــیرەوەری قادر خـــــــەباتدا

قادر خەبات لە بیرەوەریەکانیدا دەگێڕێتەوە سەبارەت بە مولازم سەید کەریم دەڵێ، ساڵی ١٩٨٢ لە ناوچەی باڵیسان و دێیەکانی دیکەی خۆشناوەتی دەوری کاریگەرمان هەبوو کابرایەکی جاسووسیان نارد بوو چل هەزاریان بۆ تەرخان کردبوو پێیان وتبوو برۆ قادر خەباتمان بۆ بکوژە ئەگەر ئەوەشت بۆ نەکرا پیاوێکی لە گەڵدایە بە ناوی سەید کەریم ئەو بکوژە.

قادر خەبات سەبارەت بە خەسڵەتەکانی مولازم سەید کەریم دەڵێ، مولازم سەید کەریم گوێی بە پارە نەدەدا هەرچی پێبووایە دەیدایە پێشمەرگە، هەر ئەو ساڵە لە وەرتێ ئەو فەرماندەی هەرێمی حەوت و من جێگری بووم، یەکی پێنج دینار یارمەتیمان بۆ هات، سەید کەریم تاکە دینارێکی پێنەبوو، یارمەتییەکەی خۆی دایە پێشمەرگەیەکی خاوەن خێزان، پیاوێکی ڕاستگۆ بوو لە گەڵ خۆی و هەڤاڵەکانی لە شەهید بوونی خۆیدا ڕاستگۆو بەوەفا بوو.

تـــــاقانەی بـــــاوکی بـــــوو

مولازم سەید کەریم تاقانەی باوکی بوو برای نەبوو، تەنها یەک خوشکی هەبوو، کە دایکی ڕزگار هاودیانییە.

باوکی سەید کەریم شەهید بوو، مولازم کەریم باوکیشی نەبوو، دوو هاوسەری هەبوو، لە هەر هاوسەرەی خاوەنی کچێکە، واتە دوو کچی هەیە.

نووسینێکی مام جەلال بۆ چلەی شەهید سەید کەریم و هاوڕێکانی لە چلەی قارەمانێکی کوردستاندا

نوسینی : مام جەلال

یادی شەهیدی نەمر سەید کەریم کوڕی سەید کەریمی بەرزنجی یادی ڕۆڵەیەکی قارەمانی کوردستانە.کە هـەر لە سـەرەتـای لاوێنییەوە فرچکی بەکوردایەتی شۆڕشگێڕانە و بیرو باوەڕی پێشکەوتنخوازانەوە گرتبوو.

یـادی ئـەو ڕۆڵـە بـەجـەرگـەی گەلی کـورد کـە بەڕاستی ڕۆڵـەی بـوو، یـادی خۆبەختکردن و فیداکاری و گیانبازی و گیانبەخشینە لەپێناوی گەل و نیشتمانداا. یادی ڕۆڵەیەکە کە باکی بە هیچ جۆرە ئازارو ناخۆشی و زەحمەتی و بێبەشییەکی نەبوو لە ژیانداا، هیچ سات و کاتێ نەک هەر هیچ ترسی لەدڵدا نەبوو، بەڵکو هەمیشە گاڵتەی بەمەترسیەکان و بێزی لە لەخۆبواردن و خۆدزینەوە لەشەڕ و خەباتی شۆڕشگێڕانەدا دەبووەوە و هەردەم ئامادەیی مردن بوو لە پێناوی بیروباوەڕ و شۆڕش و هەڤاڵایەتی شۆڕشگیڕانەدا .

یادی سەید کەریمی قارەمان، یادی نەسڵمینەوەیە بە مەترسیەکان و نەترسانە لە دوژمن و بێباکیە لە هەڕەشە و فیشاڵی دوژمن کە هەر بەڕاستی سەید کەریم نموونەی ئەو ڕۆڵانە بوو کە دڵیان پڕە لەم سروشتانە و پشت ئەستوور بەڕاست و ڕەوایی مەسەلەی کۆمەڵانی خەڵک و باوەڕی نەگۆڕ بەشۆڕش و پێویستییەکانی خەبات هەمیشە دوژمنی بەدیدی دوا ڕۆژ دەهاتە بەرچاو، بۆیە هەمیشە لەئاستی هەڕەشەکانی دوژمن و مەترسییەکانی و سەنگەر و جاشەکانی دوژمندا بە گوتەی (چ نیە) وەڵامی دەدایەوە ئەویش زۆر بەدڵنیاییەوە .

باشم لە بیرە کە جارێکیان لەگەڵ پۆلێک لە تێکۆشەرانی کوردستانی داگیرکراوی بەزۆر بە تورکیاوە بەستراوداا، لە ناوزەنگەوە بەرەو وەرتێ دەچوین، سەید کەریم بە هێزێکەوە هاتبووە لای ڕەزگە بۆ ئەوەی ڕێنوێنیمان بکات و بە سەلامەتی بمانگەیەنێتە وەرتێ ! ژوان شەو بوو: دەبوایە لە نێوان مارە دوێ و ڕەزگەدا

لەسەر ڕووبارەکەی نێوانیان لەو شوێنەی تۆپەکانی میری پتر لە (٩) پێشمەرگەی کوردستانی شەهید کردبوو وپتر لە چوارده پێشمەرگەش بریندار کردنی لەکاتی شەڕ فرۆشتنی بەرەی جود بە ی.ن.ک.

کەگەیشتن زانیمان سەید کەریمی پاڵەوان بەهێزێکەوە لەو ناوچەیەو ڕێگەو شوێنی بۆ ئێمەش داناوە تاکو بەسەلامەتی بمانگەیەنێتە وەرتێ! بۆشمان دەرکەوت کە بێگوێدانە دوژمن، وە لە پێناوی سەرخستنی کاروانەکەدا خراپترین و سامناکترین شوێنی بۆ خۆی داناوە ! کە پێیگەیشتین وەک هەمیشە دلێرو نەبەزو دلّنیا، بە باوەڕی نەگۆرەوە بەهێزی پێشمەرگە وبێباکانە لە دوژمن، ڕیگەی بۆ خۆشکردووین! پێم ناخۆش بوو کە خۆی لە هێزەکانی دوژمن نزیک بکاتەوە، لەوەڵامدا گوتی : چ نییە! چەند سەنگەرێکن پڕن لەسەربازی کلّۆڵ و بێچارە، گەر بێنە دەرەوە بۆ کەمین دانان بەدەست دەیانگرین! لەئاستی جاشەکانیشدا کە ڕۆژی دووەم دەبوایە بە پەنایاندا تێپەڕین، گوتی: خۆموو هەندێ پێشمەرگە لێیان نزیک دەبینەوە گەر سەریان دەرهێنا هەندێ تەقەیان لێدەکەین و هەڵدێن، چونکە خۆڕی و ترسنۆکن: چ نییە ئەوانیش بەکڵاو دەگیرێن! . لەئاستی هەموو ناخۆشییەکی ڕێگەشدا هەر دەیگوت، چ نییە زوو تەواو دەبێت!. بەجۆرێک کەبرا کوردەکانی کوردستانی تورکیا کە ماوەیەک لەگەڵ برایانی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا خەباتیان دەکرد و دەژیان، سەریان سوڕمابوو لەو هەموو (چ نییە) ی شەهیدی نەمر! ئەو برایانەی کوردستانی باشوور کە باشادی و خۆشی ڕێزیان لەو گیانە شۆڕشگێڕانەی شەهید سەید کەریم دەگرت و بەچاوی خۆیان دەیاندی کە چۆن وەک پاڵەوان، ڕێگە دڕ دەدابۆ کاروانەکەمان و خۆی دەچێتە پێشەوەی هەموو جۆرەمەترسییەکان بەئێمەیان گوت: (بەڕاستی ئێوە بەختتان هەیە کە ڕۆڵەی واتان هەیە، ئەمەش نیشانەیەکی زیندویی گەلی کوردە!) یەکێک لەو هەڤاڵانە کە بەداخەوە ئەویش چووە ڕیزی نەمرانی کوردستانەوە، زۆرجار لەو (چ نییە) ڕازی نەدەبوو، بۆیە کە گەیشتینە سەر ڕووباری شەهیدان و ویستمان نەخشەی پەڕینەوە دابنێین، بەتایبەتی کە ئاوەکە زۆر هاتبوو و ، تەنها یەک تاکە دار لە تەسکاییەکی خەتەرناکدا بەسەریدا ڕاهێشترابوو: بەپێکەنینەوە

ڕوویکردە سەید کەریم و گوتی: (ئەو ژی چ نییە! ئەڤە پلی سیراتی یە!) سەید کەریمیش یەکسەر بەسەر دارەکەدا پەڕیەوە ئەو بەرو بە پێکەنینەوە هاتەوە ئەم بەر و دەستیکرد بە دەست گرتنمان و پەڕاندنەوەمان و گوتی بەڵێ، (ئەو ژی چ نیە!)

نازانم بۆ ئەم بیرەوەرییە لەپێش دەیان بیرەوەریتردا هاتە سەر ئەم لاپەڕەیە! تۆ بڵێی بەهۆی هێرش و هەڕەشەی درندانەی کاربەدەساتانی فاشیستەکانی داگیرکەری کوردستانی تورکیە نەبێ بۆ سەر کوردستانی عێراق! ئەو کوردستانەی سەید کەریمی قارەمان هەموو هەر بە وواڵاتی خۆی و هەموو هەر بەیەک نیشتمان دەزانی و بەویشدا دلێرانە بەرەو شۆڕش تێپەڕی کردبوو!

بەڵێ سەید کەریمی شۆڕشگێڕی نەبەز، بەپێ! بەپیادە، بەکوردستانی داگیرکراوی تورکیەدا بەرەو کوردستانی عێراق گەڕایەوە! بۆ هاوبەشیکردن لەپەرەپێدان و گەشەپێدانی شۆڕشە نوێیە دیموکراتەکەماندا. ئەو شۆڕشەی ئەو ڕۆڵە قارەمانەی کوردستان لەپێش هەڵگیرساندنەوەیدا هەوڵی بۆ داوە! ئەویش لەم خەباتگێڕە نەبەزانە بوو کە هەر زانیبووی ی.ن.ک دروست بووە خەریکی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشەکەیەتی ئۆتۆمبێل و کەلوپەلی خۆی لەتارانی شادا بەجێ هێڵاو بە هەڵە داوان خۆی گەیاندە سوریا کە لەوێڕا سەرکردایەتی ی.ن.ک بەتەمای هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بوو!

من خۆم پێشتر سەید کەریمم نەدەناسی: هەر لە دووڕەوە وەک فەرماندەیەکی قارەمان و ئازای بەتالیۆنێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناویم بیستبوو! ئەوەی ڕاستیبێ لەو دەورەیەدا باشترم ناسی کە بۆ ئەفسەرە کوردەکانمان کردبۆوە بۆ شارەزاکردنیان لە هەڵومەرجی شۆڕشی نوێمان! لەڕووی سیاسی و پێشمەرگایەتی و ئامانجەکان و هاوپەیمانیەکانیەوە!

ئەوی ڕۆژی سیاسەتی سەرکردایەتی ی.ن.ک ئەوە بوو کە زۆر بەڕاستی، زۆر بە زەق و ڕەقی گیروگرفتەکان و ناخۆشیەکانی شۆڕش و درندایەتی دوژمنەکانی و زەحمەتییەکانی ڕێگەی شۆڕشی نوێ بخاتە بەرچاوی ئەفسەر و پێشمەرگەکان تاکو دوای گەڕانەوە وا تێنەگەن بەهاریان بۆ هێندراوەتە چۆکان!

ئەوسا بۆم دەرکەوت کە سەید کەریم چ ڕۆڵەیەکە، چ قارەمانێکە، چ شۆڕشگێڕێکی بەجەرگ و نەبەزە! هەمیشە داوای ئەوە بوو کە لەگەڵ یەکەمین دەستەی پێشمەرگەدا بگەڕێتەوە! هەمیشە گاڵتەی بە زەحمەتی و ناخۆشی و گیروگرفتەکان دەکرد و هیچ باکی پێنەبوو! بۆیەش کە لەگەڵ یەکەم وەجبەی شەهیدی هێژا و نەمر کاک برایم عەزۆی جوانە مەرگدا دامان نەنابوو، لەگەڵ شەهیدی قارەمان و نەمری هاوتایدا ملازم حەسەن خۆشناو هاتنە سەرم! بەڵێ بەڕاستی لەهاتنە سەر دەچوو! تاکوو ڕازیم بکەن ئەوانیش لەگەڵ ئەودا بگەڕێنەوە! بۆیەش زۆر بەزەحمەت و زۆریش بە دژواری واملێکردن کە خۆیان بۆ وەجبەی دووەم هەڵگرن.

هەر ئەوەش بوو کە هەردوو قارەمانەکە زۆر بەخۆشی و شادییەوە، وەک مژدەی مزگێنی، ئەو بڕیارەیان وەرگرت کە هەردووکیان و دەیان پێشمەرگەیتر لەگەڵ کاکە نەوەدا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان. بەڕاستی ئەوسا، ئەو ڕۆژە جەژنیان بوو، خۆشی خۆشی ئەوەیان بوو کەوا دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی نیشتمان، ئەوانیش لەگەڵ کاکە نەوە هەر ئەوەیان دەگوت (هەر دەستمان لەبەرداشێکی کوردستان گیر بێ، ئیتر چیکەمان ناوێ) ئەوەبوو زۆر قارەمانانە و دلێرانە، هەموو کەندوکۆسپەکانی ڕێگەی گەڕانەوەیان بڕی، زاڵبوون بەسەر هەموو ئەو تەگەرەو گیروگرفتانەدا کەمینی تورکیە و هێزەکانی شۆڕشی چەواشە و هێزەکانی میری هێنایە ڕێگەیانەوە هەر لەو ساشەوە، سەید کەریمی قارەمان، نمونەی شۆڕشگێڕی پاڵەوان و ڕۆڵەی دڵسۆز و ئەمەکداری کۆمەڵانی خەڵک و پێشمەرگەی نەبەز و دلێر بوو، لەهەموو شەڕەکاندا لە ڕیزی پێشەوە و هەڵمەتبەری سەر نوقتە سەختەکان بوو. ماوەیەکی زۆر لەگەڵ هەڤاڵ د. خدر هەورامی و چەندین پێشمەرگەدا بەناوچەکانی خۆشناوەتی و کۆیە و هەولێردا جوڵانەوەو تۆوی شۆڕشیان دەچاند.

کە شۆڕشی گەلانی ئێران سەریهەڵدا، سەید کەریم یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی ڕۆڵەکانی کوردستانی ئێرانییان مەشق دەدا لەنامەیەکی سەرەخۆشیدا کە لەیەکێک لە سەرکردەکانی شۆڕی کوردستانی ئێران و ڕاپەڕینەکەی سنەی قارەمانەوە بۆمان هاتووە، ئەو ڕۆڵە دڵسۆزەی گەلەکەمان لەودیوی نیشتمانەکەماندا ئەوەمان

دێتەوە بیر کە سەید کەریم یەکەمین مامۆستای مەشق پێکردن و سازدانیان بوو بۆ شەڕی پێشمەرگایەتی.

هەروەک لەو شەڕانەشدا کە هێزی پشتیوان کردی لەودیوی نیشتمانەکەماندا سەید کەریم یەکێک لە فەرماندەقارەمانەکان بوو کە هەمیشە شوێنە سەختەکانمان پێدەسپارد و بۆ خۆی هەڵیدەبژارد، یەکێک لە سەرکردەکانی شۆڕشی کوردستانی ئێران، کە لە نزیکەوە سەید کەریم و مـولازم خولەی قارەمانی دەدیت زۆری خۆشەویستن و هەمیشە وەک هاوڕی و قارەمانی خۆیان هەواڵی دەپرسین. بۆیە بەلامەوە سەیر نەبوو کە یەکجار زۆر بۆی عاجز و خەمبار بوو، دەیویست خۆی بە شەخسیش بێتە سەرخۆشیەکەی.

واتە سەید کەریم ڕۆڵەی کوردستان بوو، سنورە داتاشراوەکەشی پێ (چ نەبوو) وە زۆر جار بەخوشیەوە دەیگوت (خۆزگە ڕێگەمان دەکەوێتەوە کوردستانی تورکیەش، ئەمجارەیان بۆ پشتیوانی کردنیان) بەڵێ دەیویست کە هەر وەک یەکێک بوو لە قارەمانەکانی هێزی پشتیوان کە ناوێکی لەبارە حیزبی دیمکراتی کوردستانی تێکۆشەر دایبڕی بەسەر ئەو هێزەی پێشمەرگەی ی.ن.ک دا کە چوونە فریای برا کوردەکانی ئێرانیانەوە، ئەوهاش بەشداری شۆڕشی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تورکیەش بکات.

هەڤاڵینە! بەڕاستی بیرەوەریەکان لەگەڵ سەید کەریمی جوانەمەرگ گەلێ زۆرن و بەچەند نامیلکە نەبێ نانوسرێتەوە، کە بەداخەوە ئیستا وەختی ئەوە نەمان نیە، بەڵام دوا بیرەوەری کە خۆی دەسەپێنێ بەسەرماندا ئەمەیە:

ڕۆژێکی ئەم هاوینە لە باغەکەی خانوەکەی سورداشدا خەریکی نەخشەکێشانی هەندێ پۆستەر بووم بۆ شەهیدانی سەکردە و نەمران. دەمویست پێنج پێنج لەناو ئەستێرە سورەکەی دروشمی ی.ن.ک دا جێیان بکەمەوە : پێنج ئەندامی مەکتەبی سیاسی، پێنج ئەندامی کۆمیتەی سەرکدرایەتی پێنج ئەفسەرو هتد ، لەو کاتەدا سەید کەریمم لێ پەیدا بوو. قەمسەڵەیەکی نوێی دابوو بەشانیا و بەدەم بەپێکەنینەوە بەرەو ڕووم دەهات ! لێم پرسی: سەید گیان سەرماتە؟ وا قەمسەڵەت داوە بەشانتا

؟ لەوەڵامدا گوتی : نەخێر، بەڵام ئەم قەمسەڵە جوانەم تازە لۆ هاتیە! خوشک بۆی هێناوم، زۆرم بەدڵەو پێموایە بەشی چەندین زستانی ئەم کوردستانەم دەکات، منیش وەک منداڵ کە جلی جەژنی دەدەنێ پێش ڕۆژی جەژن تاقی دەکاتەوە، وا بەخۆمداداوە! کە لێم نزیکتر بووەوە گوتی: ئەوە چی دەنوسی ؟! گوتم: نەخشەی پۆستەری ئەفسەری شەهید! چواریانم لەیادە پەکم لەسەر پێنجەم کەووتووە! وا شەهیدی هێژا برایم عەزۆ لەناو ئەستێرە سورەکەدایە و سێ سوچیش بەشەهیدانی قارەمان و دلێر حەسەن خۆشناو و ، جوامێر سامیرو، جەمال خۆشناو پڕ دەبێتەوە! بەڵام لەسەر پێنجەمیان دامـاوم! ئەویش بەقاقای پێکەنینە خۆشە ساکاریەکەی خۆیەوە وەڵامی دامەوە گوتی: ئەوەش چ نیە، حەز دەکەی من لۆت پڕ دەکەمەوە!

جا کە جاشە خۆفرۆشە نیشتمانفرۆشەکان شەهیدیان کرد یەکسەر ئەو گوتەیەی خۆی خزاندە ناو دڵ و دەروونم وا دیارە سەید کەریم لەمەشدا هەر ڕاستگۆ و هەر سەر ڕاست و وەفادار بوو بەڵام داخی بە جەرگم، سەد مەخابن، زۆر زۆر بەنامەردی و خۆڕیەتی و ترسنۆکانە شەهیدیان کرد.

خۆزیا سەید کەریم دەستی بگەیشتبایە چەکەکەی و خۆی بگەیاندبا پەنا بەردێکی کۆڕی نەبەرد، ئەوسا بە هەموو جاشە هارەکان کە سەگی ڕستکراون بۆ ڕاوکردنی ڕۆڵەکانی گەلی کورد بەو خوێڕێتی یە، قاپیان بگرتیا؟ بزانە ئەو قارەمانە دلێرە چ گاڵتەیەکی پێدەکردن؟ و چ دۆزەخێکی بۆ دادەخستن؟ و چۆنی دەڕەتاندنەوە تا ناو باوەشی ئاغاکانیان.

من زۆر تر بگرە هەر خەفەتی ئەوەی بۆ دەخۆم، ئەگینا دەزانم سەید کەریم هەر خۆی بۆ شەهیدکران تەرخان کردببو، هەرگیز باکی شەهید بوونی نەبوو، ئەویشی بە (چ نیە) دانابوو.

دەبا لە چلەی شەهید بوونی کاکە سەید کەریمی قارەماندا ئێمەش ئەو ئەستێرە سـوورەی بە گیانی خۆی پڕیکردەوە و بە خوێنی گەشی خۆی شەوقی زیاتر کردەوە، هەڵدەینە ئاسمان، وڵاتانی پێشکەوتو، ئەستێرەی دەستکرد بۆ نیازی جیا جیا هەڵدەنە ئاسمان. بەڵام ئێمەی شۆڕشگێڕانی کوردستان، ئێمەی ڕۆڵەی گەلی

زۆرلێکراوی بەشخوراوی کوردستان کە لە ڕووی سەنعەتەوە بەزۆری زۆردار دواخراین، جۆرێکیتر لە ئەستیرە هەڵدەدەینە ئاسمان: ئەستێرەکانی ئێمە شەهیدانی نەمری شۆڕشەکەمان و گەلەکەمان و یەکێتی نیشتمانی کوردستانمان: با چەندین ئەستێرەی سوور هەڵدەینە ئاسمان: هەندێکیان هی سەرکردە نەمرەکان، هەندێکیان ئەفسەر و شەهیدەکانن، هەندێکیشیان هی سەرتیپ و کادرەکانی سیاسی و پێشمەرگەکانی (ی.ن.ک) ن!

دەبا هەموو ئەو ئەستێرانەش، چۆن هەندێ ئەستێرە لە ئاسمان ڕێگەی کا کێشانیان دروست کردووە بە ئاسماندا، ئەوانیش بۆ کوردپەروەران و شۆڕشگێڕان و ڕەنجدەرانی کوردستان، ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراتی بە ئاسماندا بەخوێنی گەشیان بکێشن، تا چیکە کەس نەڵێ کورد ئەستێرەی هەڵنەداوە بۆ ئاسمان، با ئەستێرەکانی ئێمەش بە شانازییەوە، بوون و گەشەکردنی کوردایەتی و نەتەوەی کورد و کوردستان بەئاسمان ڕابگەیەنن و هەمیشە ڕێبەر و ڕێنوێنی کاروانی خەباتی نەپساوە و شۆڕشی دریژخایەنمان بن، تا لە ناویشیاندا ڕووی گەش و سەری بەرزی شەهیدە نەمرەکانیشمان لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە، وەک فریشتەی ڕزگاری بەدی بکرێن.

دەبـا ئـەو ئالایە بە خوێنی گەشی دەیـان ڕۆلـەی سـەرکردە و فەرماندە و کارد و قارەمانی ئەم شۆڕشە و و ئەم یەکێتییەو گەلە سووڕە، هەمشە بەرزتر بکەینەوە دەردی سەرکردەیەکی فەیلەسوف و مەزنی شۆڕشێکی گەلێکی مەزنی ئەم سەردەمە گوتەنی، با هەمیشە ئەو ئالا سووڕە بەخوێنی هەزاران هەزار هەر شەکاوە بێت، تا ڕۆژی ڕزگـاری، ڕزگـاری مرۆڤی کوردیش لە زۆڵـم و زۆری نەتەوایەتی و چەساندنەوەی چینایەتی، دەبا ئێمەش هەمیشە بەڵێن دووپات بکەینەوە کە ئالای شۆڕشەکەمان کە بە خوێنی ئەو هەموو شەهیدە نەمرە هێژاو قارەمانانە سووڕکراوە، بەرز، بەرزتر لە چیاکانی سەرکەژی کوردستان ڕادەگرین و دووپاتی بکەینەوە کە کاروانەکەی شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراتیمان:

نەکۆڵدان و نەلادان و نەوەستانی هەیە هەرگیز پشوو نادا هەتا نەبڕێ ڕەگی چەوسانەوەو ماکی.

لە تـــــۆڵەی (ســـــەید کـــــەریم) دا

مولازم سەید کەریم فەرماندەی دلێری (ی.ن.ک) و ئەندامی مەکتەبی عەسکەری لە خاڵی پشکنینی تاسلۆجە لە لایەن گەلە جاشێکەوە شەهید کرا.

هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە سەر ڕاسپاردەی کاک نەوشیروان، لە سەرتاسەری کوردستاندا هەڵمەتی پاکۆدانی و جاش قڕانیان دەستپێکرد.

تیپی (٨٥)ی بەڕانەتی بارەگای لە بەحرکە بوو لە سێ قۆڵەوە هێرشیانکردە سەر دێیەکانی ناوچەی بەڕانەتی بە مەبەستی چەککردنی جاش و جەیشی نا شەعبی.

قۆڵی یەکەم بە سەرپەرشتی ڕێبازو شاخەوان بۆ (گردە چاڵ) لە ماوەیەکی کورتدا تێکڕا جاشەکان گیران و چەکەکانیان لێسەندرا.

قۆڵی دووەم عەلی مەسیفی سەرپەرشتی دەکرد بۆ (جێژنێکان) گرتن و لێسەندنی چەکەکانیان.

قۆڵی سێیەم بە فەرماندەیی مام غەفور و بەکرە قیت لەم قۆڵەشەوە بە هەمان شێوە جاشەکان چەککران.

قۆڵی چوارەم بە فەرماندەیی خالید حاجی و مامۆستا ئەحمەد بە هاوکاری کادیرانی کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان بۆ دێی (سەفین) و دەوروپشتی چەکەکانیان لێسەندن و چەند چەکدارێکیش دیلکران.

دوای جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان کشانەوە، هێزەکانیان کردە دوو بەش، بەشێک بە فەرماندەیی کاک شاخەوان فەرماندەی تیپی بەڕانەتی گەڕانەوە بەحرکە، بەشێکیش کە (٨٠) پێشمەرگە بوون بە فەرماندەیی ڕێباز کە ئەو کات هاتبووە تیپی بەڕانەتی.

هێزەکەی ڕێباز لە دێیەکانی گەزنە، قەڵا چۆغان و خرابەدارو جەدیدەی زاب دابەشبوون، ڕێبازو (٢٠) پێشمەرگە بۆ شەو چوونە خرابە دار.

سەرەتای وەرزی پاییز بوو گەردەلول و گێژەلۆکە دەشت و دەری لوول دەداو گەڵا و گوڵی هێواش هێواش وەریوی دارو درەختی ڕادەماڵی دەتووت سروشت بە هێمنی زەوی دەماڵێ و خۆڵ و خاشاک پێشی خۆی دەدات، بایەکی وێڵ لە گەڵ خۆیدا درەختەکانی ڕادەژەند گەڵای وەریوی سەر ڕێگەی دەهێنایە سەما، سەمای

دارو درەخت و گەڵاو چڵ و گوڵی پاییز هەندێک جار پاییز، پێش خۆی دەگەیشت و سەرو سیمای درەختەکانی دەژاکاند.

ڕۆژ تازە سەری دەردێنا زۆر نەبوو کازیوە دابووی لە ناودێ، مەڕومالّات تازە لە چەپەرو حەوشە مەڕ دەهاتنە دەرێ، چەپەری دەرگا دەترازان و کابان مەڕی دەدۆشی، ئاوایی هێمن و مەنگ، تەنها دەنگی قوقەی کەڵەشێرو باعەباعی بەرغەل و زەنگۆڵە دەهاتنە گوێ، لە ناکاو دەنگ و گرمە و نالّە تێکەڵ بە دەنگی سروشت و بەرغەلی ئاوایی بوون.

١٩٨٤/٩/٢٦ سەرەتای وەرزی پاییزو خەزان ڕێباز مەفرەزەیەکی نارد تا بزانێت هەواڵ چییە، پێشمەرگەکان گەڕانەوە وتیان شەڕە لە گەزنە، ڕێبازو هاوڕێکانی بەرەو گەزنە کەوتنە ڕێ، کۆپتەر هاتە سەریان تا ڕێگەی چوونە ناو دێیان لێبگرێت، پێشمەرگە لە ژێر سێبەری کۆپتەردا گەیشتنە گەزنە، سەنگەریان گرت و دامەزران، هێرشی جاش و گرمو هوڕی کۆپتەر تێکەڵ بە نەعرەتەی پێشمەرگە دەبوون.

کاتژمێر (٢)ی دوانیوەڕۆ فەرماندەی سەربازی هێزەکانی داگیرکەر بە کەسێکدا هەواڵی بۆ ڕێبازو پێشمەرگەکان نارد یەک کاتژمێر مۆڵەتتان دەدەمێ، ئەگەر خۆتان ڕادەست نەکەن لە گەڵ دێیەکەدا تەختتان دەکەم، ڕێباز بە پێکەنینەوە ڕوویکردە مەجیدە سوورو وتی کاکە هەق نیە سەری ئەو قائیدە ببڕین کە خۆی لە شەڕی عێراق ئێران ڕایکردووە.

ڕێباز نامەیەکی پڕ لە دەرس و عیبرەتی بۆ فەرماندەکە نارد تیایدا نووسیبووی:

پێشمەرگەی کوردستان فێر نین چەکەکانیان فڕێ بدەن و ملکەچ بکەن، ئەوە پیشەی سەربازەکانی ئێوەیە ئەگەر هەتا ئەمڕۆ نەتدەزانی پێشمەرگە واتای چییە هەقە دوای ئەو هەموو شەڕە لە واتای پێشمەرگە گەیشتبی، گەزنە حاجی هۆمەران نییە، ئەگەر شەرەفی سەربازیت هەبێ دەچیت خاکی عێراق ڕزگار دەکەیت دڵنیات دەکەم ئێمە داوای پاڕانەوە لە پیاوی وەکو تۆ ناکەین، ئەو هەڕەشەیەش ئێمە ناترسێنێ هیچ منەتت نەبێ.

کە نامەکەی ڕێباز گەیشتە دەستی فەرماندە سەربازیەکە وەکو سەگی هاری

لێهات، هەشت کۆپتەر بۆردومانی گەزنەیان دەکرد، تۆپخانەکانی داگیرکەر ناو دێیەکەیان دەبێژا، سێ هێرشی یەک لە دوای یەکیانکردە سەر پێشمەرگەکان، هەر سێ هێرشەکە تێکشکا، شەڕ تا دەمەو ئێوارە بەردەوام بوو، هێزەکانی دوژمن شکان.

هێشتا زەردە ئەو کێوو دەربەندانەی جێنەهێشتبوو سەرەتاتکێی ئاوابوونی دەکرد، پێشمەرگە خۆیان کۆکردەوەو لە گەزنە دەرچـوون، هەرچەندە دوژمن گەمارۆی دێیەکەی دابوو بەڵام پێشمەرگەکان بەڕێکوپێکی کشانەوە، شەڕێکی گەورەو گران، دوژمن کوژراوی زۆری هەبوو، لەو شەڕەدا تەنها (٨) پێشمەرگە بریندار بوون، سەرکەوتوانە گەڕانەوە.[٢٩]

شەڕی کێوە ڕەش
داستانی ڕانیە

دوای شەهیدبوونی مـلازم سەید کەریم مامجەلال هێزێکی بەسەر پەرشتی محەمەدی کاک هەمزە نارده دارستانی ڕانیە تۆڵەی سەید کەریم لە جاش بکەنەوە (تەنها جاش) هەموو مەڵبەندەکان ڕاسپێردران تۆڵەی سەید کەریم بکەنەوە.

لەناو دارستانی ڕانیە نێوان ڕانیە و قـەڵادزێ پێشمەرگەی چەند تیپێک بە فەرماندەیی محەمەدی کاک هەمزە فەرماندەی تیپی مەڵبەندی (٣) بۆسەیەکیان دانا.

مەڵبەندی (٣) لە (بۆتێ) بوو تیپەکانی کارۆخ، باڵەک، تیپی مەڵبەند، نێردرانە ناو دارستانی ڕانیە وتیان حکومەتی عێراق خۆی لەشەڕەکە لادەدات بە دەنگ جاشەکانەوە نایەت هەر بۆیە ئەگەر سەرباز بەلاتاندا هاتن تەقەیان لێمەکەن.

بەشێک لە پێشمەرگەکان لەناوەڕاستی شـاخ، هێزێکیان نـاردە سەر شاخ تا ڕێگەیان لێنەگیرێت بەشێک چوونە سەر کێوە ڕەش تا دوژمن نەتوانیت پشتیان لێبگرێت.

هێزێک لەسەر ڕێگەی دارستانی ڕانیە دامەزران (٥) بۆسەیان دانا لەملاولای دارستانەکەش دوو کەرت دانران.

---

٢٩ لە کاتی شەڕەکەدا خەڵکی ئاوایی گەزنە چوونە دەرەوەی دێیەکە و ناو دێیان چۆڵکرد، تەنها ڕەمزی گەزنەیی لە ناو دێ مابوەوە، تۆپێک بەر خانووەکەی کەوت بەڵام دێیەکەی چۆل نەکرد.

لەناو سنەوبەرەکانی ڕانیە بۆسە دانرا، دوو کەرت بەلای ڕانیە دا دامەزران، دوو کەرتیش بەرەو دەربەند و قەڵادزێ دامەزران.

بۆ بەیانی ئیڤایەکی سەربازی لەوێوە هات، پێشمەرگە هیچیان نەوت ئەوانیش ڕۆشتن ئۆتۆمبیلێکی هاوڵاتی هات چەکدارێکی تیا بوو دایانبەزاند، محەمەدی کاک هەمزە پرسیاری لێکرد جاشی کێیت ووتی جاش نیم پاسەوانی مونەزەمەم هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو دوو پێشمەرگە تفەنگیان لێڕاکێشا کاک محەمەد ووتی نەکەن بەڵام دەستیان لێکێشاو کوشتیان و کەوتە زەوی.

ئۆتۆمبیلێکی تر هات چەکداری تیابوو نەوەستا تەقەیان لێکردو دەرچوو بەڵام کەوتە بۆسەی پێشمەرگەکانی دواترەوە و ئۆتۆمبیلەکە وەرگەڕا دوو چەکداری تیا بوو چەکەکانیان هێنان، تاو گەرم بوو، ڕۆژهەڵاتبوو، تەقەش گەرم بوو ئەو هێزەی نێردرا بووە سەر شاخ نەچو بووە شوێنی خۆی لە پشدەر و بیتوێنەوە هێزێکی زۆر جاش هاتن بەرەو شەڕەکە.

پێشمەرگەکانی ناو غاباتی ڕانیە هێندەیان زانی لە ئاستی ئەوان بۆ سەر شاخ ئاربیجی ئەفلەقی دەکرد زانیان هێزەکە نەچوونە سەر شاخ .

هێزی پێشمەرگە فشاری زۆری کەوتە سەر کەرتەکانی ئەملاولای دارستانەکە هەستان، محەمەدی کاک هەمزە ووتی کوڕینە خۆتان بگەیەننە سەر شاخ.

سەرشاخ گیرا، تەقە لەسەر شاخ گەرم بوو بەشێک لە پێشمەرگەکان لەناوەڕاستی شاخ بوون، پێشمەرگە بەرەو شاخ هەڵکشان هەر دەڕۆیشتن و ئاگریان لە پووش و دارستانەکە بەردەدا گەیشتنە ناو شاخەکە ویستیان بەرەو لای تیتۆکەو کونە سەگ بێن و دەربازین گەیشتە قۆپە شاخێک و دەرفەت نەما دەرچن لەخوارەوە دەبابە هات، دارستانی ڕانیە و شاخ و بنارەکانی کێوە ڕەشیان کردە ئاگر، قۆپە شاخێک هەبوو محەمەدی کاک هەمزە ووتی با بگەینە ئەوێ ئەرسەلانی برای ووتی بگەین و نەگەین حسابمان تەواو بووە دەرناچین، کاک محەمەد ووتی نا دەردەچین، گەیشتنە قۆپەکە کاک محەمەد ووتی دەڕۆین، ئەرسەلان ووتی بڕۆین هەر دەکوژرێین نەڕۆین هەر دەکوژرێین، کاک محەمەد ووتی بڕۆین هەرناکوژرێن نەڕۆین هەر ناکوژرێین.

پێشمەرگە برسیان بوو نان و ئاویان پێنەمابوو محەمەدی کاک هەمزە چووە ناو قۆپییەکەی پێشەوەو پشتەوەی بەردێک بوو لەسەرو خوارەوە گوللە نەیدەگرتەوە ئەرسەلان و حەسەن ئاغا هاتنە لای، شەڕ بەردەوام بوو هێشتا چێشتەنگاو بوو سەر شاخەکانیان لێگرتبوون فیشەک ڕوو لەکەمی بوو جاشەکانی خوارەوە لە ڕێگەی بێتەلەوە بەجاشەکانی سەر شاخیان دەوت ئەگەر کەمێک بێنە خوارەوە هیچیان دەرناچن، جاشەکانی سەر شاخ دەیانووت تینوومانە دەڕۆینەوە.

جاشەکان لە دەشتەکەی خـوارەوە دەیانوویست بێنە نـاو قۆپە شاخەکە پێشمەرگەکان لێیاندان و شکاندیانن، چوار گوللە ئاربیجیان پێبوو سێ گوللەیان بە جاشەکانەوە نا تەنها گوللەیەک مابوو کاک محەمەد ئەو گوللەیەشی پێوەنان سەری گوللەکەی دەرنەهێنابوو نەتەقی بەلاّم لە نزیک هێزەکەی دوژمـن کەوت ترسی خستە دلّیان.

کاتژمێر (٢١) نیوەڕۆ بێتەلی جاشەکانی سەر شاخ بەجاشەکانی خوارەوەیان دەووت ئێمە دەڕۆینەوە، کۆپتەر لەسەر ئاسمانی شەڕەکە بوو بۆردومانی دەکرد سێ دەبابە بەردەوام تۆپبارانی پێشمەرگەکانی دەکرد، دۆشکەی سەر دەبابەکان بەردەوام تەقەیان دەکرد لەقرمە نەدەکەوت.

کاتژمێر (٤) ئێوارە دەبابەکان گەڕانەوە جاش و سەرباز پاشەکشەیانکرد، پێشمەرگەکان لە گەمارۆی دوژمن ڕزگاریان بوو لە تەقە بڕاندا مستەفا وەرتی، خالید وەرتی و ڕەحمان وەرتی و جەنگی بەرەو لای پێشمەرگەکان هاتن ئاویان بۆ پێشمەرگەکان هێنابوو چوونکە تینوویەتی هەراسانی کردبوون، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە (٩) پێشمەرگە لە تینواندا میزی خۆیان خواردەوە.

لەو شەڕەدا (٥) پێشمەرگە شەهیدبوون

١- شەهید کامەلا

٢- شەهید قادر ڕەشید ئاغا فەرماندەی کەرت

٣- شەهید حەمەد هەیدەر لەگەڵ دوو پێشمەرگەیتر

ژمارەیەکی زۆر لە جاش و هێزەکانی دوژمن کوژران

تیپی ئاکۆ

هەر لەکاتی گفتوگۆدا (٣) پێشمەرگە لە چوارقورنە بوون جاش و سەرباز دەوریان گرتبوون، شەڕ لە نێوان هێزەکەی دوژمن و (٣) پێشمەرگەکەدا دروست بوو.

تیپی (٤١)ی ئاکۆ بە دۆشکەوە چوونە ناو چوراقورنە و لە هێزەکەی دوژمنیاندا و شکاندیانن.

تیپی (٦٨) مامەندە

جاش و قوات خاسە پەلاماری سەنگەرەکانی تیپی (٨٦)ی مامەندەیاندا لە چیای ئاسۆس، قارەمانەکانی مامەندە لێیاندان و تاپشتی بەردەشان ڕاویاننان.

شـــــــەڕی ژاراوا
1984 گـــــــفتوگـــــــۆ

کۆنفرانسێک لە مێرگە پان هەبوو، محەمەد وەتمان داوا کرابوو بچێتە کۆنفرانسەکە، هەشت پێشمەرگەی لە گەڵدا بوو لە ژاراوا لایاندا نانێک بخۆن و بڕۆن.

کاتژمێر ٩-١٠ ی بەیانی بوو دەورەیـان گیرا، فەوجێک جاش خەفیفە چوار دەوریگرتن، فەوجی حسەینی حەمە سـوورو عەریف بەکرو سمایل ئاغا هاتنە سەریان شەڕ دامەزرا.

محەمەد وەتمـان لـە ماڵێکدا بـوو جاشەکان پـەلامـاری ماڵەکەیاندا هەشت پێشمەرگە بەرانبەر سێ فەوجی جاش کەوتنە شەڕ پێشمەرگەیەک شەهید بوو چەند پێشمەرگەیەک بریندار بوون.

پێشمەرگەکان لە ماڵی مام عەلی بوون کە لەو شەڕەدا شەهید بوو، مام عەلی لە ماڵی خۆیدا دوای بەرگریەکی قارەمانانە گیانی سپارد، پێشمەرگەیەکیتر کە ناوی ناسر بوو بریندار بوو.

سەری خانووەکان بە دار گیرا بـوون، هەر خانوویەک گوللە ئاربیجی یان فیشەکی بەردەکەوت گڕیدەگرت، خەڵکی ژاراوا هاوکاری پێشمەرگەکانیان دەکرد دوو سێ خانویان بۆ کون کردن، پێشمەرگە شەڕی مان و نەمانیان کرد.

کاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆ حکومەتی عێراق لە چوارقورنەوە هات بۆ ناوبژی، نەقیب غازی بە ناقیلەیەکەوە هاتە ئەو خانووەی محەمەد وەتمانی تیابوو، چەند مودەڕەعەیەکیان لە گەڵدا بوو کۆتاییان بە شەڕەکە هێنا.

محەمەد وەتمان و پێشمەرگەکان ئێوارە بە ئۆتۆمبێلی سەربازی لە ژاراوە دەرباز بوون و چوونە سورداش، مامجەلال و کاک نەوشیروان لە هۆکاری شەڕەکەیان پرسی، محەمەد وەتمان بۆی ڕوونکردنەوە.

قوربانی پێشمەرگە

شەهید بوونی مام عەلی

بریندار بوونی دوو پێشمەرگە

زیانی دوژمن

کوژرانی (۹) جاش
بە دیل گرتنی ۲۷ جاش
دەستکەوت
۲۹ کلاشینکۆف
ئەو پێشمەرگانەی بەشداری شەڕەکە بوون
۱/ محەمەد وەتمان فەرماندەی تیپی کوڕەش
۲/ مام عەلی
۳/ محەمەد مەولود
٤/ حسێن وەتمان- برای محەمەد وەتمان
٥/ عەبدوڵڵا ئەحمەد
٦/ ڕەسوڵ حەمەد
۷/ ناسر
۸/ عەلی حەمە ڕەش

تـــــــــیپی 63

ماوەیەک عەبدوڵڵای مام عەلی کرایە فەرماندەی تیپی ٦۳ی جوتیاران، کۆتایی گفتوگۆی شۆڕش و ڕژێمی عێراق بوو.

عەبدوڵڵای مام عەلی و چەند پێشمەرگەیەک لە دەربەندی ڕانیە تووشی پێکادان بوون لە گەڵ جاش و سەرباز، لەو پێکادانەدا دوو پێشمەرگە شەهید بوون.

۱/ مەلا خدر باوزێیی.

۲/ فەرهاد قەمچوغەیی، بە بریندارى گیراو شەهیدیان کرد.

عەبدوڵڵا سوور، مەحموود ڕازانی، محەمەد ڕازانی ، پۆلێک پێشمەرگە چوونە دێیەکانی گرد مەیتەر، دێرێ، نورەدین.

مەحموود ڕازانـی، ئەسعەد، ڕەحمان عەبدوڵڵای حاجی ئەحمەدی قـەڵادزێ، عوسمانی مەلا مستەفا هاتنەوە برۆن بۆ بەری مەرگە.

گەلە جاشێک سوار ئۆتۆمبێل بوون، پێشمەرگەکان بە لایاندا تێپەڕین، ڕەحمانی عەبدوڵڵای حاجی ئەحمەد لە پشتی تویوتاکە سوار ببوو تفێکی لە جاشەکان کرد، جاشەکان لە ژاراوا پێشیان بە پێشمەرگەکان گرت بۆ یەکتری دابەزین، ڕەحمان تەقەی لێکردن جاشەکان ڕایانکرد پێشمەرگەکان دوو جاشیان گرت، چەکێک دەستکەوت بوو، دواتر جاشەکانیان بەڕەڵڵا کرد.

شـــــەڕی بـــــەندەنی واژە شـــــاربازێڕ
1984/12/15

جەلال خەڵکی دێی سەرگەڵوی نزیک ئاوەکورتێ بوو، لە خێزانێکی نیشتمان پەروەر بوو، پۆلیس بوو لە شاربازێڕ، جەلال ژمارەیەک چەکی لە گەڵ خۆی بردو چووە ڕیزی پێشمەرگەوە، ڕژێم لە تۆڵەی ڕفاندنی ئەو چەکانە بەهێزێکەوە چووە سەر ماڵی جەلال لە سووڕە قەڵات خێزانەکەیان دەستگیر کرد وێستیان بەرەو قەڵاچوالان و سلێمانی بیانبەن.

عوسمان ماوەتی و هەڤاڵەکانی لە گەڵ بیستنی هەواڵەکە لە بەندەنی واژە بۆیان دامـەزران، کە هێزەکەی دوژمن گەیشتە واژە داوایـان لێکردن ئەو خێزانە ئازاد بکەن، بەڵام هێزەکەی دوژمن بە تەقە وەڵامی پێشمەرگەکانیان دایـەوە، شەڕ لە نێوان پێشمەرگەو هێزەکەی دوژمندا دروووست بوو، ژمارەیەک ئەفسەرو سەرباز لە هێزەکەی دوژمن کوژران، پۆلێک پێشمەرگەی قاڵبوی خەبات شەهید بوون کە ئەم نەمرانەن:

١/ شەهید عوسمان ماوەتی
٢/ شەهید وەیسە ناسراو بە لوقمان
٣/ شەهید مەحموود عەبدوڵڵا ماوەتی
٤/ شەهید قادر گەنکەیی
٥/ شەهید عوسمان شانەخسێیی
٦/ شەهید محەیدین گرگاشەیی

ڕەحمان گرگاشەیی و ناسری حاجی عەزیز دوو پێشمەرگەی قارەمانی تیپی (٣٧) بریندار بوون.

گـــــرتنی کـــــامەران عـــــــوسمان

هەواڵ گەیشتە مەحموودی حاجی فەرەج چەند جاشێک کاری خراپ دەکەن، مـەفرەزەیـەک بە سـەرپەرشتی مەحموودی حاجی فـەرەج چوونە هەڵەبجە تا ئامۆژگاری جاشەکان بکەن بەڵام شەڕ دروست بوو.

دوای دروستبوونی شەڕ جاشەکان پاشەکشەیانکرد بۆ گەڕەکی مەئمورەکان لە بەشی سەرەوەی هەڵەبجە لە ناو کۆڵانەکاندا دامەزران.

کامەرانی عوسمانی حەمە پیرێژن لە سەر جادەکە پاسەوان بوو قسەی بۆ هەندێک گەنج دەکرد، لەو کاتەدا دوو ئۆتۆمبێل چەکدار هاتن کامەران وایزانی پێشمەرگەن بۆ هاوکاری ئـەوان هاتوون بەڵام جاش بوون، جاشەکان دابەزین پەلاماری کامەرانیاندا، کامەران ویستی چەکەکەی داگرێت نەیانهێشت گرتیان و تەسلیم ئیستخباراتیان کرد تا گەیاندیانە ئیستخبارات زۆر ئازاریاندا.

کامەران ماوەی ٣٢ ڕۆژ بەند بوو لە ئیستخبارات زۆر هەوڵیاندا بەڵام ئازادیان نەکرد، دوای ٣٢ ڕۆژ لە بەند کردنی مەحموودی حاجی فەرەج بەهێزێکەوە چووە ناو ئیستخبارات، کامەرانیان هێنایە دەرەوە بۆ ژووری مدیری ئیستخبارات مەحموودی حاجی فەرەج لەوێ دانیشتبوو، کامەران ئازاد کرا تاقم و تفەنگەکەی وەرگرتەوەو گەڕایەوە ناو هێزی پێشمەرگە.

لە تـــــۆڵەی ســـــەید کـــــەریم

هێزێکی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی فاروق عەلی مەولود لە سەر ڕێگەی کۆیە بۆسەیەکیان بۆ دوژمن دانا بەڵام هێزی دوژمن نەهاتن.

بۆ ڕۆژی دوایی هێزەکەی تیپی ٨٦ی دەشتی هەولێر لە دۆڵە بەکرە بۆسەیەکیان دانا ئیڤایەکی سەربازی کەوتە بۆسەکەوە نائیب زابتێک و چوار سەرباز کوژران.

هێزێکی دوژمن کە پێکهاتبوو لە سەربازو جاش هاتنە مەیدانی شەڕەکە (٤) ناقیلەیان لە گەڵدا بوو، فاروق عەلی مەولود G.B.R ڕوو تێکردن موقەدەمێکی سەربازی دابـەزی، موقەدەمەکە کورد بوو خەڵکی ئاکرێ بوو ووتی دەمەوێت لێپرسراوەکەتان ببینم، فاروق عەلی مەولود ووتی من لێپرسراوم موقەدەمەکە

ووتی دەمەوێت شەڕ ڕاگرین کاک فاروق ئاماژەی بۆ جاشەکان کرد موقەدەمەکە بە دار کەوتە جاشەکان، مودەڕەعەکان دۆشکەکانیان سوڕاندە دواوە ڕێکەوتن شەڕ کۆتایی پێ بێت.

گـــــفتوگۆ- تـــیپی کـــۆیە

پێشمەرگەیەکی کەرتەکەی دڵشادی مام ڕەزا فیشەکێکی لە دەست دەرچوو بریندار بوو، مااڵی دڵشادی مام ڕەزا لە داوداوە بوو کەسووکاری هاتبوون بۆ الی، نەبەز پێشمەرگەی کەرتەکەی دڵشادی مام ڕەزا بریندار بوو.

دڵشادو زرار ، نەبەزیان گواستەوە نەخۆشخانەی کۆیە، دڵشادی مام ڕەزا لە خاڵی پشکنینی کۆیە تەلەفۆنی بۆ ئامر فەوج کرد ووتی بریندارم پێیە دەمەوێت بچمە نەخۆشخانە، ئامر فەوج ووتی مەڕۆ هێزت بۆ دەنێرم، جێبێکی وازی بۆ نارد لە گەڵ دوو سەرباز چوونە نەخۆشخانەی کۆیە.

جاشەکانی قاسماغا زانییان دڵشادی مام ڕەزا لە ناو نەخۆشخانەیە، گەلە جاشێکیان نارد لە ناو نەخۆشخانە بیانکوژن، زراری مام مستەفا تەقەی لە جاشەکانکرد شەڕ دروست بوو دڵشادی مام ڕەزاو زراری مام مستەفا نەبەزی بریندارییان لە ناو نەخۆشخانە جێهێشت، چوونە سەربانی نەخۆشخانەکە و تەقەیان لە جاشەکانکرد.

جاشەکان گەمارۆی نەخۆشخانەکەیاندا دڵشادو زرار لە سەربانی نەخۆشخانەکە بوون تا ئێوارە نەهاتنە خوارەوە.

یوسفی ئایشە خان نەقیبی شورتە و مودیری مونەزەمەی کۆیە نەقیب حەسەن و دائیرەی ئەمن هاتنە نەخۆشخانە، نەقیب یوسف چووە الی دڵشادو ووتی مودیری مونەزەمە دەڵێت با کوێخا بێتە خوارەوە ڕزگاری بکەین بڕوات، کوێخا ووتی من لەوانە دڵنیا نیم چوونکە دەمانکوژن ئێمە متمانەیان پێناکەین، یوسف ووتی ئێمە خەڵکی کۆیەین برادەرین درۆ لە گەڵ یەکتر ناکەین ئەگەر هەر شتێک بوو بمکوژە.

دڵشادو زرار چوونە خوارەوە مودیری مونەزەمە بە دڵشادی ووت تۆ هاتوویت تەعەدات لە ئێمە کردووە کوێخا ووتی ئەوانە دوژمنی ئێمەن، ئێمە تەعەدامان

لە ئێوە نەکردووە بریندارمان پێیە بە بڕیاری ئامر فەوج هاتووین، ئێوە هاتوون بمانکوژن ئێمە ناڕۆین هەتاکو ئێوارە هەموو هێزی پێشمەرگەی کۆیە دێنمە کۆیە (٥٠٠) پێشمەرگە دەهێنمە کۆیە دەیکەمە شەڕی خوێناوی.

مودیری مونەزەمە بە دڵشادی ووت چۆن دەڕۆیت دڵشاد ووتی بە مەرجێک دەڕۆم ئامر فەوج ئاگادار بێت هێز بنێرێت دەڕۆم ئەگینا لێرە ناڕۆم.

نەقیب یوسف تەلەفونی بۆ ئامر فەوج کرد ئامر فەوج ووتی (کوێخا)[٣٠] با نەڕوات ئێستا هێزی بۆ دەنێرم هێندەی نەبرد ناقیلە هات، خەڵکی کۆیە لە دەوروبەری نەخۆشخانە ڕاوەستا بوون.

کوێخا و زرار و نەبەزی بریندار چوونە ناو جێبی قیادەکە تا ناو خاڵی پشکنینی کۆیە ، بەمجۆرە ڕزگاریان بوو لووتی جاشەکانیان شکاند.

جـــسری مـــەجیدییە
کـــــەرکوک

لە سەر جسری مەجیدییەی کەرکوک سێ مەفرەزە وەستا بوون ئۆتۆمبیلیان ڕادەگرت مامۆستا عادل شەریف لە ناو ئۆتۆمبێلێکدا بوو لە مەفرەزەی سێیەم داوایان لە مامۆستا عادل کرد چەکەکەی دابنێ بەڵام چەکی دانەنا.

مەفرەزەکە دەیانووییست پەلاماری بدەن بەڵام مامۆستا عادل تفەنگی لێڕاکێشان ووتی لێرە چەکتان نادەمێ بارەگاتان لە کوێیە لەوێ چەکتان دەدەمێ بەڵام سوودی نەبوو لە گەڵیاندا.

مامۆستا عادل دەستڕێژی گوللەی بە ئاسماندا کردو ڕایکرد دووبارە دوایکەوتن و گەمارۆیاندایەوە مامۆستا عادل دەستڕێژی کردو کەوت ئەوانیش تەقەیان لە مامۆستا عادل کرد کاتێک بە ئاگا هاتەوە لە سەر کورسییەک بەسترابووەوە هەموو گیانی خوێن بوو گوللەیەک لە سەریدابوو بردیان بۆ ئینزباتخانە لەوێ بردیانە نەخۆشخانەی سەربازی سەریان بە چوار تەقەڵ بۆ دووریییەوە، دوای هاتنە

٣٠ کوێخا مەبەست لە دڵشادی مام ڕەزایە.

دەرەوەی لە نەخۆشخانە بردیانە بنکەی پۆلیسی پیریادی بۆ لێکۆڵینەوە.

عادل زینەالعابدین بەڕێوەبەری بنکەی پیریادی بوو بە لای مامۆستا عادلدا تێپەڕی ووتی بڵێ من تەقەم نەکردووە، مامۆستا عادل لە لێکۆڵینەوەدا ووتی من تەقەم نەکردووە.

دواتر لێپرسراوی بنکەی پیریادی بە مامۆستا عادلی ووت تفەنگەکەتم پاک کردۆتەوەو فیشەکەکانم تێکردۆتەوە ئینجا ناردوومە بۆ کەشف، دوای ماوەیەک مانەوە مامۆستا عادل لە ڕێگەی لیژنەی (تەنسیق)ەوە ئازاد کرا.

شـــــەڕی لـــــێرەو لـــــەوێ
گـــــفتوگۆی نابـــــەدڵ

لە ماوەی دوای شەهید بوونی مولازم سەید کەریم تا دەگاتە عوسمان ماوەتی و هاوڕێکانی شەڕی لێرەو لەوێ، نیوە شەڕو نیوە ئاشتی گفتوگۆی نێوان ڕژێم و شۆڕش بەردەوام بوو بەڵام بە دۆخێکی پڕ لە گلەیی و دوو دڵی و ناپەسەند، وردە وردە فەزای شەڕو هەڵوەشاندنەوەی گفتوگۆ باڵی بە سەر فەزا گشتیەکەدا دەکێشا، تا کار گەیشتە ئەوەی بەردەوامبوونی گفتوگۆ هیچ مانایەکی نەمابوو، بەڵکو لێکدانەوەی خراپی بۆ دەکرا، هەر بۆیە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٥ (ی.ن.ک) بە ڕەسمی گفتوگۆی کۆتایی پێهێنا و لەو بارەیەوە بەیاننامەیەکی دەرکرد:

دەقی بەیاننامەی سەرکردایەتی (ی.ن.ک) کۆتایی گفتوگۆ:

بـــــەیاننامەی یەکێتی نـــــیشتمانی کوردستان
دەربـــارەی کۆتایی هێنان بە مـــــفاوەزە

هاونیشتمانانی بەڕێز!

پاش ئەو شکستە گەورەیەی ساڵی ١٩٧٥ تووشی جوڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان بوو، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دیفاع کردن لە میللەتی کورد و بۆ پاراستنی وجودی نەتەوایەتی کورد و سیمای نەتەوەیی کوردستان دامەزرا، لە کاتێکدا کە حکومەتی بەعس لە عێراقدا بە پەلەو بە نەخشە خەریکی قۆستنەوەی ئەو شکستە بوو بە مەبەستی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیری خەڵکی کوردو خاکی پیرۆزی کوردستان، وە پەشیمان بوونەوەی دیارو ئاشکرا لە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ ش.

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕووی شاڵاوی دڕندانەی حکومەتی بەعسدا، لە ڕووی ئەو هەموو ئیرهاب و زەبرو زەنگەی بە سەر جەماوەری گەلەکەماندا سەپێنرابوو، ڕاوەستاو لەو هەلومەرجەدا کە ڕژێم هیچ دەرفەت و ڕێگەیەکی بۆ گەلەکەمان نەهێشتبۆوە جگە لە دەست دانە چەک، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێگەی خەباتی چەکداری گرت و لە پێناوی داخوازیە ڕەواکانی کوردا لە حوزەیرانی ١٩٧٦ دا شۆڕشی هەڵگیرساندەوە.

ئەگەر چی شۆڤێنیەکانی عەرەب و داگیرکەرانیتری کوردستان، ئەوانەی کە نکۆڵی لە سادەترین مافی مرۆیی و دیموکراتی گەلی کورد ئەکەن و نەخشەو پیلانی تواندنەوەو تەفروتونا کردنی دائەنێن هەمیشە پڕوپاگەندەی ئەوە ئەکەن کە گوایە کورد گەلێکی شەڕخوازەو بە فیتی بێگانە ئەجوڵێتەوە، بەڵام لە ڕاستیدا کورد میللەتێکی ئاشتی خوازو ئازادیخوازە، داوای مافی ڕەوای زەوتکراوی خۆی ئەکا، خەباتی چەکدارانەی هەر بۆ پاراستنی خۆی و هێنانەدی ئەو مافانەیە کە لێی زەوتکراون، بۆیە هەر کاتێ مەترسی لە ناوبردن و تواندنەوەی کەوتبێتە سەر بە ناچاری دەستی داوەتە چەک و ملی شاخە سەرکەشەکانی کوردستانی گرتووە و بە گژ زەوت کەرانی ماف و چەوسێنەرانیدا چۆتەوە.

ئەم جارەش لە شۆڕشی حوزەیرانی گەلەکەماندا، لە شەڕی ئێمەو هێزەکانی

حکومەتی عێراقدا کە چەندین ساڵی خایاند، تا ئەهات گیانی بەرگری و بە گژاچوونەوەی ڕژێم بەهێزترو بە توانا تر ئەبوو وە هەرگیز هەلومەرجی سەخت و نابەرابەری تەرازووی هێزەکانی ئێمە و حکومەت تۆزقاڵێک کاری نەکردە سەر وڕەو گیانی هەڵمەت بردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تێکۆشەرەکانی (ی.ن.ک).

لە ئەنجامی ئەو چەند ساڵەی شەڕدا هەزاران ڕۆڵەی قارەمانی کورد شەهید بوون و هـەزاران کەسیش لە هێزە چەکدارەکانی حکومەتی هێراق کـوژران لەو ماوەیەدا حکومەتی عێراق سیاسەتی نالەباری خۆی، سیاسەتی نکۆڵیکردن لە مافە ڕەواکانی کوردو (تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیر) ی دڕێژە پێئەدا، تا لە ئەنجامی ئەو ئاڵوگۆڕانەی بە سەر عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هات هەلومەرجی گفتوگۆ هاتە پێشەوە.

حکومەتی عێراق خۆی دەست پێشکەری کرد بۆ پەیوەندی کردن لە گەڵ سەرکردایەتی شۆڕش، گوایا بە ناو چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد لە عێراقدا.

ئێمەش هەر لە سەرەتای ئەو پەیوەندییەوە، پرسیارمان لە حکومەتی عێراق کرد، کە ئاخۆ ئەیانەوێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕیزی معارەزەی عێراقی بهێننە دەرەوە، یان ئەیانەوێ کێشەی نەتەوایەتی کورد لە عێراق دا چارەسەر بکەن..... ئەوە بوو لە وەڵامدا وتیان ئێمە هەست بە بوونی کێشەی کورد ئەکەین و ئەمانەوێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین.

هاونیشتمانانی بە شەرەف:

هەروەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە پێناوی مافە ڕەواکانی گەلی کورددا دامـەزراو هەر لە پێناوی مافەکانی گەلی کوردا چەندین ساڵە خەباتی چەکداری کردو هەزاران کەسی لە ڕۆڵە دلێرەکانی بەخشی بە ڕێگەی ئازادی و سەرفرازی گەلی کورد، هەر لە پێناوی ئەو مافانەی کوردا بوو مبادەرەی گفتوگۆی قبوڵ کرد کە لە زۆر کاتدا یەکێک بووە لە شێوەکانی خەباتی سیاسی بۆ پیشاندانی داواکانی گەلی کورد.

گفتوگۆ وەکو شێوەیەکی خەبات، یەکەمین جار نیە کە لە خەباتی بێووچان و پڕ لە قوربانیدانی گەلەکەماندا ئەگیرێتە بەر، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش تاقە ڕێکخراوی کورد نیە کە ئەم شێوە خەباتەی لە هەلومەرجی مناسبی خۆیدا پەسەند کردبێ، بەڵکە گفتوگۆ یەکێک بووە لە شێوەکانی خەبات کە جوڵانەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە گەلێ سەردەمی جیاجیادا بە کاری هێناوە بۆ گەیاندنی دەنگی ئازادی خەڵکی کوردستان، بۆ گەیاندنی داخوازیە ڕەواکانی بە گشت خەڵکی عێراق و ناوچەکەو جیهان.

بەر لە (ی.ن.ک) یش چەندین ڕێکخراوی سیاسیتر ئەو ڕێگە خەباتەیان تاقیکردۆتەوە... زۆر جار ئەو گفتوگۆیە کە لە نێوان کورد و حکومەتی عێراقدا بووە نەگەیشتووە بە ئەنجام و دەرچوونی بەیاننامەو سەلماندنی مافەکانی کورد، هەندێ جاریش وەکو لە ئازاری ١٩٧٠ دا بۆ سەر ئەنجامی گفتوگۆ بەیاننامەی ١١ی ئازار دەرچوو، وە حکومەتی عێراق بەشێکی لە مافەکانی گەلی کورد سەلماند، کەچی لە هەموو جارەکاندا حکومەتی عێراق لە بەڵێنەکانی پاشگەز بۆتەوەو ئیلتزاماتی خۆی جێبەجێ نەکردووە.

دیارە کە وەکو گفتوگۆ لە هەلومەرجی تایبەتی خۆیدا و لە سێبەری جۆرێکی تایبەتی لە تـەرازووی هێزەکان و هەلومەرجی بابەتیدا ساز ئەبێ، هەروەهاش جێبەجێکردنی مافە ڕەواکانی کوردو بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووەو لێیان پاشگەز بۆتەوە، بگرە ڕەفتاری خراپتر و زەبرو زەنگی زیاتریشی دەرحەق خەڵکی کورد نواندووە.

گفتوگۆی ئەمجارەش.. پاش زنجیرەیەک پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ، وە پـاش پـرس کـردن بە هەموو کـادرە سیاسی و عەسکەریەکانی شـۆڕش و ڕۆشنبیران و پیاوانی خـاوەن رای میللەتەکەمان لە سەرەتای مانگی ١٩٨٣/١٢ دا تەقە ڕاوەستێنرا لە بەینی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراقدا بۆ دەست کردن بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی جدی لە پێناوی بە پەلە چارەسەرکردنی دیموکراتی و عادیلانەی کێشەی نەتەوەی کورد لە عێراقدا.

پاش ئەوە وەفدێکی باڵای (ی.ن.ک) بە سەرۆکایەتی هەڤاڵ سکرتێری گشتی و ئەندامیەتی چەندین ئەندامی سەرکردایەتی چوون بۆ بەغدا و لە گەڵ وەفدی باڵای حکومەتی عێراق و سەرکۆماری عێراق کۆبوونەوە.

حکومەتی عێراق، وەکو پیشەی هەمیشەیی خۆی بە پێچەوانەی ئەو پەیمان و بەڵێنانەوە کە دابووی بۆ ئاساییکردنەوەی وەزعی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی کوردو نەهێشتنی ئیرهاب و زەبرو زەنگ و نەهێشتنی شوێنەواری تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیر دەستیانکرد بە بڵاوکردنەوەی پڕوپاگەندەی درۆو ئیستغلالی وەستاندنی شەڕو دەستپێکردنی گفتوگۆ بۆ لاوازکردنی (ی.ن.ک) و زیاد کردنی ئازاردان و زەبرو زەنگ بەرامبەر جەماوەری گەلەکەمان.

ئەوە بوو هەر لە سەرەتاوە درۆو دەلەسەیان دژی گفتوگۆ بۆ نائومێد کردنی خەڵکی کوردستان بڵاوکردەوە، لەو هەلومەرجەدا کە خەڵکی چاوەڕوانی ژیانی دیموکراتی بوون، حکومەت دەستیکرد بە ئیعدامکردنی دەیان کەس بە ناوی فیرار کردن لە سەربازی، وە شەهید کردنی دەیان کادرو پێشمەرگە و ئەندام و هاوڵاتی بێتاوان، هونەرمەندە هەڵکەوتووەکانی کوردیان ئازار داو هەر یەکەیان هەڵدان بۆ شوێنێ، قوتابیانی زانکۆی هەولێریان خستە بەر هەڕەشەی دەرکردن و گرتن و بڕینەوە، لە ئەنجامدا سەدان کەسیان لێدەرکردن، گوشارێکی زۆریان خستە سەر کرێکاران و فەرمانبەران و قوتابیان و کاسبکاران بۆ ئەوەی بە زۆر بیانکەن بە بەعسی و»(جیش الشعبی)، دەیان دەرەبەگی خۆفرۆشیان ڕاستکردەوە بۆ تەجنید کردنی دەیان هەزار جاش و بەریاندانە گیانی خەڵکی، ئازاردان و پشکنینی سەر جادەیان خزانە هەموو شارێکی کوردستانەوە، بە هەڕەشەو بە زۆر هەزاران کەسیان بۆ هەڵبژاردنی ساختە ڕاپێچکرد... هتد، هەر وەک لە جیاتی هاوخەباتی نێوان هەر دوو نەتەوەی کوردو عەرەب، دەستیانکرد بە هاوکاری لە گەڵ دوژمنانی هەر دوو نەتەوەکە وەک لە ڕێکەوتنە شومەکەی عێراق و تورکیا دەرکەوت.

هاونیشتمانانی خۆشەویست:

لەم گفتوگۆیەدا، پاش دەیان جەلسەی هاوبەش و چەندین جەولەی گفتوگۆو سەدان سەعات گفتوگۆ و لێدوان دەربارەی ئاساییکردنەوەی وەزعی کوردستان و ئەو ناوچانەی تەعریب و تەرحیل و تەهجیرو تەبعیس پیسیکردوون، وە پاش باسکردنی وردترین تفاسیلی داخوازیەکانی میللەتەکەمان دەربـارەی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان و ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەییە کوردستانییەکان و نەهێشتنی فەرق و جیاوازی لە نێوان کوردو ئەندامانی حزبی حکومەتدا و سنووری تاریخی کوردستان... وە پاش ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی ممکن نەما کە نەگیرێتە بەر بۆ پێسەلماندنی مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان بەڵام دەستی دەستی پێکردن و ڕەفتارو ممارەسەی شۆڤێنییانەی ڕۆژانەی کاربەدەستانی حکومەت و سیاسەتی (مماطلە و تسویف) و ڕەفتاریان لە گەڵ ڕۆڵەکانی گەلەکەمان، تەنانەت قسەو (تەسریحات) ی نابەجێی زۆر لە کار بەدەستانیان ئەوەی سەلماند کە ئەم حکومەتە بە هیچ کلۆجێ نیازی چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کوردی نیە لە عێراقدا، بەڵکو نیازی جێبەجێکردنی سیاسەتی شۆڤێنیانەی خۆی هەیە لە ژێر سایەی دریژەپێدانی گفتوگۆیەکی ناجدیدا.

بۆیە سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لە کۆبوونەوەی فراوانی خۆیدا بە گشتی دەنگ بڕیاریدا کە کۆتایی بە گفتوگۆ بهێنێ وە ئۆبالّی مەسئولیەتی تاریخی پساندنی گفتوگۆش ئەخەینە سەر حکومەتی عێراق، چونکە هەمیشە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کوردو ئاساییکردنەوەی وەزعی کوردستان لە دەستی ئەودا بووە.

هەر لەم کاتەشدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هوشیار ئەکەینەوە کە بە تەواوی ووریایی و بە هیچ جۆرێ بە تەمای ئەوە نەبن کە حکومەتی عێراق کێشەی کورد چارەسەر بکا و ئیرهاب و زەبرو زەنگیان لە سەر لابەرێ، بەڵکە خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە ئازاردان و گوشار و زەبرو زەنگ زۆرتر ببێ.

تێکۆشەرەکانی (ی.ن.ک) یش لە جاران سوورترن لە سەر مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و بە وردیەکی بەرزو باوەڕی پۆڵاینەوە درێژە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی

گەلەکەمان ئەدەن، لە ژێر دروشمی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانەی هاوبەش لە گەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عێراق و کوردستان لە پێناوی دیموکراسی بۆ عێراق و مافی چارەنووس بۆ گەلی کورد.

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو جۆشدانی خەباتی شۆڕشگێڕانە ڕووەو سەرکەوتن.

کۆمیتەی سەرکردایەتی

یەکێتی نیشتمانی کوردستان

شـــــەهید بوونی مامە ڕیـــــشە
ڕووداوەکـــانی پـــــێش شـــــەهید بـــوونی

لە ماوەی گفتوگۆدا مامە ڕیشە پەیوەندی لە گەڵ تەحسین شاوەیس گرێدابوو بەو مەبەستەی واز لە جاشیەتی بهێنێ و بیهێنێتە ڕیزەکانی شۆڕشەوە، بەڵام مەبەستی تەحسین شاوەیس خستنە داوی مامە ڕیشە و کاک ئازادی سەگرمە و چەند هەڤاڵێکیتر بوو، هەر چەند مامە ڕیشە لەو هەوڵەی تەحسین و ئیستخباراتی عەسکەری ئاگادار کرابووەوە بەڵام گوێی پێنەدا.

تەحسین نامەیەکی بە مامە ڕیشەدا نارد بۆ کاک ئازادی سەگرمە، کاک ئازاد لە مێوڵێ بوو مامە ڕیشە چووە مێولێ و نامەکەی دایە کاک ئازاد، تەحسین نامەکەی بە جۆرێک نوسیبوو گوایە پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەوە، کاک ئازاد نامەکەی تەحسین شاوەیسی لە گەڵ نامەیەکی خۆیدا نارد بۆ کاک نەوشیروان، کاک نەوشیروان وەڵامی نامەکەی کاک ئازادی دایەوەو دەڵێ، لە مامەڵە کردن لە گەڵ ئەو کەسانەدا وریا بن نەک بە ئاگاداری حکومەت کرابێت، بەڵام ئەگەر دوژمنایەتیمان نەکات خراپ نیە.

کاک ئازاد بە مامە ڕیشەی وت تۆ چۆن متمانە بە تەحسین شاوەیس دەکەیت لە حەفتاو شەشەوە جاشە، مامە ڕیشە بە کاک ئازادی وت تەحسین تۆی زۆر خۆش دەوێت دەڵێ من دەیناسم و لە تەمەنێکدا هەموومان مەلایی بووین، کاک ئازاد وتبووی مەلایی و جەلالی چی ئێمە کۆمەڵەین ئەمە زۆڵە ئەمانخەڵەتێنێ.

کاک ئازاد بە مامە ڕیشەی وت جاشەکان لە تاسڵوجە سەید کەریمیان شەهید کردووە ئەگەر تەحسین ڕاست دەکات با لە ماوەی دوو هەفتەدا حەمەی حەسۆلی بکوژێ ئێمە بە جۆرێک لە جۆرەکان دەربازی دەکەین، کاک ئازاد دەیزانی تەحسین شتی وا ناکات بەڵام دەیویست قەناعەت بە مامە ڕیشە بکات.

مامە ڕیشە بابەتەکەی بە تەحسین وتبوو پەیامەکەی کاک ئازادی پێگەیاند بوو بەڵام نەک دوو هەفتە مانگێکیش تێپەڕی هیچ ڕوونەدا.

بـــــەرەو جـــــەباری

کاک ئازادی سەگرمە و وشیاری سالّح ڕەفعەت بە جەولە چوونە ناوچەی جەباری، مامە ڕیشە داوەتیکردبوون، چوونە مالّی مامە ڕیشە لە شێخ جیری دوای نانخواردن لە مالّی مامە ڕیشە هەستان برۆن بۆ خالّۆ بازیانی، مامە ڕیشە داوایکرد لە گەڵ کاک ئازاد لە ئۆتۆمبێلێک سەرکەون،مامە ڕیشە دیسان بە کاک ئازادی وتەوە تەحسین زۆر حەز دەکات تۆ ببینێ، من بەڵێنم داوە کە بچین بۆ لای، کاک ئازاد بە مامە ڕیشەی وت من نایەم بۆ لای تەحسین جاش و خائینە، مامە ڕیشە وتی بەڵام من بەڵێنم داوە، کاک ئازاد پێیوت کەیفی خۆتە بەڵێنت داوە من نایەم بۆ لای تەحسین، ئەگەر ئەو ڕاست دەکات با بێتە سنووری دێیەک لە دێیەکانی سنووری تیپی ئێمە قسەی لە گەڵدا دەکەین، بەڵام من ناچم.

دوای دابەزین وشیاری سالّح ڕەفعەت بە کاک ئازادی وت ئەوە چیبوو، کاک ئازاد مەسەلەکەی بۆ باسکرد، وشیار وتی بە قسەی نەکەیت، کاک ئازاد وتی چۆن بە قسەی دەکەم.

لە بنەڕەتدا پیلانەکەی تەحسین شاوەیس و ئیستخباراتی عەسکەری ئەوە بوو، مامە ڕیشەو کاک ئازاد بە یەکەوە شەهید بکەن، بەڵام کە بێئومێد بوون، مامە ڕیشەیان شەهید کرد.

شـــــەهید بوونی مـــــامە ڕیـــــشە

ڕۆژی ١٩٨٥/١/١٥ سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بەیاننامەیەکی دەرکردو کۆتایی بە گفتوگۆ هێنا، دۆخەکە لە لێواری شەڕ بوونەوە وەستا بوو، بەڵام سەرکردایەتی (ی.ن.ک) بێ بەرنامە نەبوون ، لە مێژ بوو نەخشەی دەست بەسەرداگرتنی زنجیرە چیای دابان، هەلاج، چەرمامەندە دانرابوو مابووەوە سەر جێبەجێکردنی.

مامە ڕیشە هەر لە کەڵکەڵەی ئەوە دا بوو تەحسین دێتە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە، مامە ڕیشە وەکو دوا هەوڵ سەردانی تەحسینی کرد، (تەحسین) یش وەکو دوا فرسەت لە ژێر ناوی داوەتدا بانگهێشتی مامە ڕیشەی کرد.

ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٤ مامە ڕیشە سەربەخۆو بێپرسی سەرکردایەتی، بێپرسی تیپ، سەردارو موحسینی لە گەڵ خۆیدا برد، لە کەلاوەکانی حەسەناوا کە دێیەکی کۆن و ڕووخاو بوو، دەیانەوێت لە ئۆتۆمبێل دابەزن، تەحسین و جاشەکانی دەیاندەنە بەر دەسڕێژی گوللەی نامەردی و جاشایەتی و لە پەنا داوەتکردندا شەهیدیان کردن.

ســـــەبارەت بە شـــــەهید بونی مـــــامە ڕیـــــشە

شەهید بوونی ئەو ژمارە پێشمەرگە و تێکۆشەرە، شەڕ فرۆشتنی بەردەوامی هێزەکانی داگیرکەر بە خەڵک و پێشمەرگە، دواجاریش شەهید بونی مامە ڕیشە و سەردارو محسن جامی تورەیی جەماوەرو هێزی پێشمەرگەی پڕ کردو پەتی ئارامی پسا.

هەر بۆیە مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک) بەیاننامەیەکی دەرکردو تیایدا تاوانی شەهید بوونی مامە ڕیشەی ڕیسوا کرد، هەر لەو بەیاننامەیەدا ئۆبالّی شەڕو کوشتن و کوشتاری خستە ئەستۆی سەرانی بەعس و ئیستیخباراتی عەسکەری و ڕایگەیاند (تۆڵە بە سەبرە ئەمما بەزەبرە) خەڵکی کوردستانی دڵنیا کردەوە خوێنی مامە ڕیشە و سردار و محسن بە فیڕۆ ناچێت.

« بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی دەربارەی تاوانێکیتری ڕژێمی شۆڤێنی بەغدا»

هەڤالانی تێکۆشەر هاونیشتمانیانی دلێر، جارێکیتریش ڕژێمی شۆڤێنی بەغدا دەستی تاوانبارەکانی خۆی سور کردەوە بە خوێنی گەشی سێ ڕۆڵەی قارەمانی گەلەکەمان و کوردستانی خۆشەویستمان، هەڤالان (نەجمەدین شکور ڕەئوف تالەبانی ناسراو بە (مامە ڕیشە) و موحسین مەجید سلیم و سەردار حەمە شەریف)، کە لە ئێوارەی ١٩٨٥/١/٢٤ دا بە پیلانی ئیستخباراتی عەسکەری و بە دەستی چەند نیشتمان فرۆشێکی تاوانباری نۆکەری داگیرکەرانی کوردستان، بە شێوەیەکی نامەردانە و ترسنۆکانە شەهید کران، ئەم سێ قارەمانە دەعوەت کرابون بەڵام میوانداریەکە بریتیبو لە بۆسەیەکی نامەردانە کە بووە هۆی شەهید بوونی سێ قارەمانەکەی گەلەکەمان لە ناو ئۆتۆمبێلەکەی خۆیاندا، ئەم تاوانە پیسە ڕاستەوخۆ لە لایەن ئیستخباراتی عەسکەرییەوە بە ڕەزامەندی دەزگای کاربەدەستی حیزبی و جاسوسی حکومەت لە کوردستاندا نەخشەی دانراوە، پارەو بەخشیشێکی زۆریشی بۆ تەرخان کرابوو، بەم جۆرە ئەم تاوانەش ئەڵقەیەکە لە زنجیرەی تاوانەکانی ڕژێمی شۆڤێنی لە دژی کوردو کوردستان و ڕۆڵە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان، بەڵام ئەمجارەشیان وەک تاوانەکەی کوشتنی شەهیدی قارەمان سەید کەریم کە لە لایەن ئیستخباراتی عەسکەریەوە پیلانی بۆ دانرا بوو برینە کۆنەکانی شەهید کرانی قارەمانەکانی گەلەکەمانی کولاندەوە، برینی خنکاندن و کوشتنی خاڵە شەهاب و کاک جەعفەر و کاک ئەنوەرو کاک ئارام و کاک سەعدی گچکە و مامۆستا عەزیزو دەیان کادیری سیاسی و پێشمەرگانەی شۆڕش و سەدان لە ئەندامەکانی (ی.ن.ک) و پێشمەرگەی شۆڕش کە بە دەستی تاوانبارانی ڕژێمی شۆڤێنی دوژمن بە کوردو کوردستان لە زیندانەکانی میری دا بە دەستی چەکدارەکانی شەهید کراون، بەڵام خوێنی مامە ڕیشەی قارەمان و کاکە موحسین و کاکە سەرداریش، وەک خوێنی شەهیدانی نەمری تر هەر بەنزینە بە سەر ئاگری شۆڕشەکەمان دا دەکرێ، هەر ئەبێتە هۆی کڵپە سەندنی بڵێسەی شۆڕشەکەمان کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە گەشەکردندایە کە هەر دریژەی پێئەدرێ تا ڕزگارکردنی کوردستانی خۆشەویست

لە حکومەتی داگیرکەرو شۆڤێنی و بۆرجوازی بێرۆکراتی عەرەبی، کە نەک هەر ئازاردانی دڕندانەی نەتەوایەتی دەسەپێنێ بە سەر گەلی کوردا بەڵکە بە هەموو جۆرێ هەوڵی تەعریب کردنی کوردستان دەداو سیاسەتی ئیستعماری ئیستطانی لە کوردستان دا پەیڕەو دەکاو نەوتی کوردستان و سەروەتەکانیتری بە تاڵان دەبا، هەر بۆیەش ڕزگار بون لەو داگیرکەرانەی کوردستان و سەندنەوەی مافی چارەنوس بۆ گەلی کوردستان بووەتە پێویستیەکی لە دواخستن نەهاتو بۆ ڕزگار کردنی کوردو کوردستان لە فەوتان و تەعریب کردن.

ئـەی هێزی پێشمەرگەی کـوردسـتـان، ئـەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، سەندنەوەی تۆڵەی شەهیدە نەمرەکانمان ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی هەموتانە نەک هەر تۆڵەسەندن لە بکوژی تاوانبارەکان بەڵکە سەندنەوەی مافی چارەنوس و ڕزگـار کردنی کـوردو کوردستان لە داگیرکردن و ئیستعماری ئیستطانی و شۆڤێنی هاربوی بۆرجوازی بیرۆکراتی عەرەب، ئەمەش هەر بە جۆشدانی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێڕانە دەبێ شان بە شانی هێزە پێشکەوتوخوازەکانی عێراق و کوردستان لە پێناوی ڕزگارکردنی گەل و نیشتمان لە حوکمی کوشت و کوشتارو شۆڤێنی و بەدیهێنانی ڕژێمی دیموکراتی بۆ عێراق و سەندنەوەی مافی چارەنوس بۆ گەلی کوردستان.

با بکوژە گەوجەکانی ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی کوردستانیش باشتر بزانن کە ئەو تاوانەیان نەک هەر ڕۆڵەکانی کوردستان ناترسێنێت، بەڵکە زۆرتریان هان ئەدەن بۆ بەگژاچونەوەو دەستکردنەوەو جۆشدانەوەی شۆڕش تا کۆتایی هێنان بە داموو دەزگای کوشت و کوشتارو لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکەندنی ئازاردانی نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی.

دەبا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیش بە تەواوی دڵنیابن کە شۆڕشە پیرۆزەکەمان بە ڕێبەری (ی.ن.ک) هەمیشە لە پەرەسەندن و گەشەکردنایە هەمیشە درێژە ئەدا بە خەباتەکەی هەتا سەرکەوتنی یەکجاری بە سەر داگیرکەرە شۆڤێنیەکان و ڕزگار کردنی کوردستان لێیان.

ڕاستە لە دەستدانی مامە ڕیشە و هاوڕێکانی وەک لەدەستدانی سەید کەریم و هاوڕێکانی زیانێکی گەورە بو لە شۆڕش و هێزی پێشمەرگەو (ی.ن.ک) و کورد و کوردستان کەوت، بەڵام بە کوژرانی قارەمانان شۆڕش و گەلەکەمان و یەکێتیەکەمان لە ناو ناچن، جەماوەری گەل و شۆڕش و (ی.ن.ک) سەرچاوەی قارەمانەکان و مامۆستاو ڕاهێنەریانن بە خەباتی قارەمانانە و شۆڕشگێڕانە، ئەوانیش بە کوشتنی ڕۆڵە قارەمانەکانیان ڕق ئەستورتر دەبن، سورتر دەبن لە سەر خەبات و شۆڕش کردن، ئەوە ڕژێمە دکتاتورو شۆڤێنیەکانن بە کوژرانی سەرکردەکانیان و فس فس پاڵەوانەکانیان هەڵدەتەکێن و هەڵدەوەشێن و بەرەو چاڵی نەمان گلۆر دەبنەوە کەچی شۆڕشی گەلان وە شۆڕشەکەی گەلی ئێمە خەباتی هێزە شۆڕشگێڕەکان وەک « ی.ن.ک» ی ئێمە بە شەهید کرانی ڕۆڵە قارەمانەکانیان پتر پەرە دەستێنن، چونکە خوێنە گەشەکانیان چەرخی گەشە کردنی کۆمەڵایەتی و شۆڕشە ڕەواکەی چەور دەکاتەوەو ژەنگەکانی لێدەسڕێتەوەو خستنەوە گەڕی خێراتر دەکات، کوشتنی ڕۆڵەکانی گەل بەو شێوە نامەردانەیە یەکەمین جار نیە لە مێژوی کوردایەتی دا .

داگیرکەرانی عوسمانی و ئێرانی و عێراقیش چەندین جار ئەم ڕووە ڕەشەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە، بەڵام کوردایەتی و شۆڕشیان پێ نەفەوتاوە ئەمجارەشیان نە شۆڕش و نە کوردایەتی و نە (ی.ن.ک) یان نەک هەر پێ لە ناو ناچێ، بگرە کزو لاوازیش ناکرێ، چ جای ئەوەی پەکی خەباتە شۆڕشگێڕانەکەیان بخەن.

مامە ڕیشە ناوی نەجمەدین شکور ڕەئوف تاڵەبانی یە لە دێی تاڵەبان لە ساڵی (١٩٥٣) دا لە خێزانێکی جوتیاردا هاتۆتە دنیاوە، باوکیشی هەر بە دەستی جەللادەکانی ڕژێمی شۆڤێنی لە زیندانداا شەهید کراوە.

مامە ڕیشەی قارەمان فەرماندەی کەرتی چواری جەباری تیپی ٥٧ی سەگرمە بوو، قارەمان و ڕابەری داستانە خوێناویەکانی حەمک و ژاڵە و ساڵەیی و کۆڵەییان و تەرجیل و ژاڵەی خوێڵێن و قەرەهەنجیر و چەمچەماڵ و زەنگنە بوو، وەک قارەمانێکی دیاری شەڕەکانی قەندیل و کوردستانی ئێران و بێتواتە و سەرجادەکانی چەمچەماڵ و سەنگاوو کەرکوک و سلێمانی بوو.

مامە ڕیشە لە سەرەتای حەفتاکاندا کە فیدایی بوو لە فەڵەستین جارێک و سێ جاریش لەم شۆڕشەدا بریندار بوو، ئەندامی کۆمەڵەو بەشداری کۆنفرانسی دوو سێی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان بووە لە ناو کۆمەڵانی خەڵکدا زۆر خۆشەویست بو لە ناو شارو شارۆچکەکانی کوردستاندا مایەی شانازی کۆمەڵانی خەڵک بوو هەر بۆیەش لە خۆڕپیشاندانە گەورەکانی شارەکانی کوردستاندا جەماوەر هاواریدەکرد (بەهێزی مامە ڕیشە، دوژمن دەکەین بە شیشا).

کاک موحسین مەجید سەلیمیش ڕۆڵەیەکی دلێری (ی.ن.ک) و شۆڕش بوو یەکێ بوو لە قارەمانەکانی سەرجەم شەڕەکانی جەباری و قەرە حەسەن و هەمەوەندو کوردستانی ئێران و بێتواتە، دوو جاریش لەم شۆڕشەدا بریندار کراوەو ئەندامێکی دلسۆزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستانیش بووە، ساڵی ١٩٦٢ لە کەرکوک لە گەڕەکی شۆڕیجە هاتۆتە دنیاوە، هەمیشە ڕۆڵەیەکی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بووە.

کاک سەردار حەمە شەریفی تێکۆشەریش، پێشمەرگەیەکی قارەمان و نەبەزی ناوچەکە بوو، ئەویش ساڵی ١٩٦٢ لە دێی قەرەتامور هاتۆتە دنیاوە، پێشمەرگەیەکی ئازاو دلێری شۆڕش و ئەندامێکی دلسۆزی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و خۆشەویستی جەماوەر بوو.

ئەم سێ قارەمانە لە سنوری کەرتەکەی خۆیاندا لە نزیکی (قازان بڵاخ) بە دەستی نۆکەرانی ئیستخباراتی عەسکەری نامەردانە شەهید کران.

ئەی لەشکری عێراق، ئەی سەربازە بە شەرەفەکان ئەی ئەفسەرە نیشتمان پەروەرەکان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان شەڕی لە گەڵ ئێوەدا ڕاگرتبو نەیدەویست و نایەوێ شەڕی ئێوە بکا، بەڵام وا دەزگایەکی جەیشی عێراقی کە ئیستخباراتی عەسکەریە و هەندێ ئەفسەری شۆڤێنی بەڕێوەی دەبەن، بەم تاوانە چاکەو پیاوەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەدەنەوە.

دیارە تاوانی بە کوشتدانی دەیان سەربازو چەکداری جەیشی ناشەعبی دوای تاوانە پیسەکەی شەهید کردنی مامە ڕیشە و هاوڕێکانیشی لە شەڕەکانی باوەو تەپەلوو سەنگاوو چەمچەماڵ و ئەڵڵایی هەر ئەکەوێتە ئەستۆی دەزگا تاوانباری و جاسوسیەت و ئاغاکانیان.

ئۆبالّی ئەو شەڕە ناوخۆییە و ئەو پیاو کوژو دزو چلّکاو خۆرانەی توجارەت بە خوێن و فرمێسکی خەلّکەوە دەکـەن و جاشێتیش هـەر ئەکەوێتە ئەستۆی بەڕێوەبەرانی سیاسەتی شۆڤێنی و ئیسطیطان و تەعریب و کوشت و کوشتار لە کوردستاندا، ئێوە شایەتی ئەم ڕاستیە بن لە بەردەم دادگای گەل و شۆڕشدا کە بێگومان تاوانبارو شۆڤێنیەکان لە دەستی دەرناچن، نە خوێنی گەشی مامە ڕیشە و موحسین و سەرداریش بە فیڕۆ دەچێت و نە بکوژان و هاندەرانیشیان لە چنگی پۆلّاینی شۆڕش دەردەچن نە داگیرکەرانیش وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچن، شالّاوی توڕەیی کۆمەلّانی خەلّک و هێزی پێشمەرگەی کوردستان هێندە توندو تیژو بەتینە هیچ هێزێکی کۆنە پەرست و شۆڤێنی و داگیرکەر ناتوانێ هەتا سەر بەربەستی بکات، بەلّکە داگیرکەرانی کوردستانیش وەک هەموو داگیرکەرانی دنیا هەر لە سەرە نوێلکی مێژودا زیندە بە چاڵ دەکرێت، چونکە تۆلّە بە سەبرە ئەمما بەزەبرە.

مەکتەبی سیاسی (ی.ن.ک)

ئـــاگادارکردنەوەی مـــامە ڕیـــشە

پێش شەهید بوونی مامە ڕیشە، چەند جارێک لە لایـەن مامجەلال، کاک نەوشیروان، کاک ئـازادی سەگرمەوە ئاگادار کرایەوە لە پیلانی ئیستخباراتی عەسکەری و تەحسین شاوەیس، بەلّام بێسوود بوو، تا گەیشتە بەخشینی گیانی خۆیی و دوو هەڤالّی تری.

کـــەسایەتی مـــامە ڕیـــشە

مامە ڕیشە کەسێکی دڵ ساف، خاکی، شۆڕشگێڕ، ئازا، لە خۆبوردوو بوو، لە کاتی شەڕدا نەدەشلّەژا، ڕووخسارێکی پاک و بێگەردوو پڕ لە قارەمانێتی بوو لە کاتی هەلّمەت و هێرشدا لە دەستەی یەکەمی هێرش بوو.

مامە ڕیشە کەسێکی کۆمەلّایەتی، پێشمەرگەیەکی ڕووخـۆش دۆستی قسەی خۆش و نوکتە و پێکەنین بوو، ئارەزووی یارییە کوردەواریەکان بوو، زۆر شەو لە گەڵ خەلّکی دێیەکان کلّاوێنی دەکرد.

مامە ڕیشە تامەزرۆی گۆرانی ڕەسەنی کوردی بوو ئارەزووی لە دەنگی هونەرمەندان عەلی مەردان و ئەحمەد شەماڵ بوو.

مامە ڕیشەو چەند پێشمەرگەیەک بە ئۆتۆمبیلێکی بەڕازیلی چووبوونە سەر جادەی قەرەهەنجیر کەرکوک و لە لەیلانەوە گەڕابوونەوە، دوژمن زانیاری هەبوو مامە ڕیشە هاتووەتە سەرجادەی کەرکوک، کۆپتەریان نارد سەر ناوچەکە، لە ئاستی دێی زەنگنە- مەحمود پەریزاد لە بان جەباری دوو سەرباز هاتبوونە سەرجادەکە، پێشمەرگەکان بە مامە ڕیشەیان وتبوو ئاگادار بە کۆپتەر هەڵساوەو کەمینیش لە پێشمانەوەیە، مامە ڕیشە خۆی شۆفێر بوو بە پێشمەرگەکانی وت خۆتان تێک مەدەن کە گەیشتینە نزیک سەربازەکان من ڕووبان تێدەکەم ئەوانیش شپرزە دەبن، ئێوەش تەقەیان لێبکەن و دەردەچین، هەر وایانکرد، پێشمەرگەکان تەقەیان لە دوو سەربازەکە کردوو یەکێکیان پێکا، کۆپتەر بە سەر سەری مامە ڕیشەو هاوڕێکانیەوە دەسوڕایەوە، مامە ڕیشە ئۆتۆمبێلەکەی لە سەر جادە ڕاگرتوو لە ناو چەمێکدا خۆیان پەنادا، کە گەیشتبوونە ناو چەمەکە مامە ڕیشە بیری کەوتبووە کاسیەتێکی ئەحمەد شەماڵ لە سەر تەسجیلی ئۆتۆمبێلەکەیە، بە پێشمەرگەکانی وتبوو دەچم ئەو کاسیەتە دەردێنم خەسارە بفەوتێ، مامە ڕیشە بە پەلە چوو کاسیەتەکەی دەرهێناو گەڕایەوە.

کۆپتەر جاشی دابەزاندبوو مامە ڕیشە و هاوڕێکانی گوێیان لێبوو جاشەکان لە ناو خۆیاندا دەیانووت ئەمانە غەیبن جنۆکەن، ئێستە لێرە بوون و ون بوون.

پـــردی بێ مـــــەحکەمە

مامە ڕیشە ببووە ئەفسانە، جێگەی ترس و دڵەڕاوکێی دوژمنان بوو، سەربازو دەرەجە دارەکانی داگیرکەر لێی تۆقیبوون.

سەربازەکانی داگیرکەر ئەگەر بیانزانیایە بۆ سنووری سەنگاو تیپی (٥٧) یان دەنێرن دەیانووت (ارید فاو و لا طریق سنگاو) چوونکە پردی بێ مەحکەمە بەردەوام بۆسەی پێشمەرگەی لێبوو، بە تایبەت کەرتەکەی مامە ڕیشە و کەرتی چواری جەباری.

لە تـــــۆڵەی مامە ڕیـــــشەدا

دوای شەهید بوونی مامە ڕیشە گەرمیان گڕیگرت، ئەو هـەردەو هەڵەتەی گەرمیان ببووە پشکۆی ئاگر بۆ ڕووحی مامە ڕیشە دەسووتا، تۆڵەی مامە ڕیشە گەرم بوو، هەر لایەک دەچوویت ئاگری تۆڵەی پێشمەرگە بوو بەردە بووە پووش و پەڵاشی داگیرکەر لە هەر چوار لاوە هەرا بوو، هەر کەلاکی جاش و سەربازو قوات خاسە بوو لە دەشتی کرک و جادەی ڕەشمار ئاسای سەنگاو چەمچەماڵ کەرکوکدا کەوتبوون و ئەو ناوەیان بە لاشەی گڵاویان پیس کرد بوو، ئیزگەی دەنگی گەلی کوردستان نەڕەی دەهات ئەویش وەک ئاگرەکەی بابە گورگور کڵپەی دەساند پڕ بە گەرووی هاواری دەکرد لە تۆڵەی مامە ڕیشەدا، دیسان تۆڵە.

یەکەم چالاکی تۆڵە ئامێزی دوای شەهید کردنی مامە ڕیشە و سـەردارو موحسین لە ئیزگەوە بەم شێوەیە بڵاوکرایەوە.

لە تۆڵەی مامە ڕیشەو هاوڕێکانیدا

ژینی کورت و بە هەڵۆیی مردن
نەک پەنا بۆ ڕوو ڕەشی بردن
لای هەڵۆی بەرزە فڕی بەرزە مژی
چۆن بژی شەرتە نەک چەند بژی

هاوولاتیانی هێژای ڕاهاتوو بە کۆستی گران و قوربانی گەورەو نەبەزین و کۆڵنەدان، ئەی ئەو نەتەوەیەی خاوەنی هەزاران شەهیدو پێشمەرگەی وەک مامە ڕیشەی گیژاری کوردەوارین.

١/٢٤ تان لە یادە کە چۆن مامە ڕیشەی قارەمان و سـەردارو موحسین بە پیلانێکی نامەردانە شەهید کران ئەو پیلانە ناجوامێرانەیە کە داگیرکەرانی کوردستان زۆر جار پەیڕەویان کردووە، بەڵام مامە ڕیشە ئەوەندەی ئێشی گەورە بە دوژمن گەیاندووە ئەوەندەش دەرس و مەشقی پێشمەرگە دا داوە تا هەتایە هەم ترس و سامی لە دڵی دوژمندا نەڕەوێتەوە هەم بە زیندویی و گەشی لە دڵی میللەتەکەی خۆیدا بژی و هەموو کاتێک هێرش بەرێتە سەر هێزەکانی دوژمن و هەر کێڵە بەردو

بنە ژاڵەیەکی جەباری و گەرمیان، هەر لوتکە شاخ و گردێک ڕیشەی تیایەو چاوی ناوە بە دوربینەکەیەوەو ئامادەی لێدان و هێرش بردنە.

بەڵێ ئەو مامە ڕیشەیەی بۆ خاتری چاوی کوردستانەکەی ئەو پێشمەرگە خۆشەویستە بوو دەشیزانی ڕۆژێک دادێ ئەم کۆچە دەکات کە هەموو خەڵکی وڵاتەکەی هەم پرسەی گەرمی بۆ دەگرن هەم خوێنەکەی ون ناکەن و هەزار جار تۆڵەی دەسەنن، ئەوەتا تیپی قارەمانی (٥٧)ی سەگرمە نەیهێشت خوێنە گەشەکەی وشک بێتەوە یەکەم تۆڵەی کردەوە.

سەعات ٨:٣٠ دەقیقەی سەر لە بەیانی ١٩٨٥/١/٢٥ پێشمەرگە نەبەزەکانی کەرتە قارەمانەکەی ڕیشە، کەرتی چواری جەباری بۆسەیەکی پتەوی لە سەر ڕێگەی باوە دانا، کاروانێکی دوژمن کەوتە بۆسەکەوەو درایە بەر دەسڕێژی گوللەو لەو هەڵەتە سەختەدا شەڕ گەرم بوو، پێشمەرگە نەبەزەکانی کەرتی سێی هەمەندی هەمان تیپ و کەرتێکی تیپی ٥١ی گەرمیان، کەرتی (٣) ی تیپی ٢١ی کەرکوک و هێزی پشتگیری ناوچەکە لە چەند قۆڵێکی تردوە هاوکاری کاریگەریان کردو شەڕێکی سەختی چەند سەعاتی تا ئێوارە درەنگی ئەو ڕۆژە درێژەی کێشا.

زیانی دوژمن بەمجۆرە بوو:

١/ کوژرانی زیاتر لە ٥٠ کەس

٢/ تێکشکاندنی زرێپۆشێک و سێ ئۆتۆمبێل

زیانی ئێمەش بریندار بوونی چوار پێشمەرگەو شەهید بوونی ئافرەتێک لە گوندی باوە.

بۆ ڕۆژی پاشتر و لە ١٩٨٥/١/٢٦ پێشمەرگە قارەمانەکانی کەرتی سێی هەمەوەند لە هەمان تیپ هێرشێکی بەربڵاویان کردە سەر ئەو کاروانەی کە بەرەو سەنگاو دەچوو، شەڕ دامەزرا، لە چەند شوێن و لایەکەوە هێرشی یەک لە سەر یەک برایە سەر دوژمن، کۆپتەرو هێزەکانی دوژمنیش سەرگەرمی بۆردومانکردنی کوێرانەی دێهاتەکانی گۆشت قوتوو وەسمان غەزال بوون.

مەفرەزەیەکیتر لە نزیک دێی فەرەتامور لە هێزێکی دوژمنیاندا کە بە هانای

هێزە گیرخواردووەکەیانەوە دەهاتن تێکڕای شەڕەکان تا تاریکی ئێوارە درێژەی هەبوو، زیانی دوژمن بریتیبوو لە کوژران و بریندار بوونی (٢٠) کەس کە یەکێک لە کوژراوەکان نەقیبی طیار بوو پێکرانی کۆپتەرێک و تێکشکاندنی (٣) ئۆتۆمبێل، زیانی ئێمەش بریندار بوونی دوو پێشمەرگە و سوتاندنی دوو ماڵ لە گوندی گۆشت قوت.

هـەر لـە ڕۆژی ١٩٨٥/١/٢٦ مـەفرەزەیـەکی کـەرتـی تیپی (٥٧)ی سەگرمە هێرشیانکردە سەر جاشە ناشەعبیەکانی ئەڵڵایی، لێیاندان و بووە هۆی کوژرانی (٥) جاش.

عەزیز حسون بورهان، ناسیح حسێن، فەیسڵ شبیب، عزاب ریاز، عبد هادی جاسم شەمران.

مەفرەزەیەکی تری کەرتی دووی قارەمانی تیپی (٥٧)ی سەگرمە پەلاماری جاشەکانی گۆپاڵە و تەینانڵیاندا بەڵام زیان نەزاندراوە.

تێکڕای زیانەکانی دوژمـن ٦٧ کـوژراوو ٢٠ بریندار پێکرانی کۆپتەرێک، تێکشکاندنی زرێپۆشێک و شکاندنی (٦) ئۆتۆمبێل.

زیانی ئێمە بریندار بوونی (٧) پێشمەرگە، شەهید بوونی ئەو ئافرەتە لە گوندی باوە، هەزار سڵاو لە گیانی پاکی ئەم خوشکەو بەڵێن بە کوردو کوردستان خوێنی منانڵی بەر مەمکانەش بە سەر دوژمنەوە ناڕوات.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی تیپی سەگرمە، لە گەڵ ئەوەی دەستان خۆش بێ و هەر بژین بەڵام (٦٧) کوژراو ناکاتە تۆڵەی پەنجەیەکی مامە ڕیشە و هەڤاڵەکانی گیانی پاکی ئەم شەهیدانەش شاد کەن، وەک هەمیشە پەیمانیان بۆ نوێ بکەنەوەو پێیان بڵێن مامە ڕیشە و هاوڕێکانت دڵنیا بن، سەرهەڵبڕن لە گۆڕەوە مەیدانی شەڕمان ببینن، پێیان بڵێن بۆ هەر لایەک پەلامار دەین هەر وەکو خۆت گیان لە سەر دەست ڕاناوەستین.

بریا ڕیشە لێرە دەبوو ئێستا دەتانزانی وەک شەڕەکەی ژاڵەی دەربەند چۆن لە قرخ و تاڵەبانەوە فریادەکەوت، وەک داستانەکەی حەمک، وەک شەڕی مامشەو ناو

کەرکوک چۆن برووسکە و چەخماخە بوو، وەک کاکە جوامێر وتەنی، کوڕەکەی بابە گوڕگوڕی لە پاشکۆدا خۆر سوار کردوو پلنگە چنگ بە گڕەکەی گەرمیان دەبوو.

بەڵام ڕۆیشت، ڕیشە ڕۆیشت، دڵنیایە و باش دەزانێ کە هەموتان هاوڕێی جەرگەی خەباتین و سەنگەرەکەی ئەو چۆڵ ناکەن، هەتاکو دوا پردی دوژمن بە ئاو ئەدەن.

لە تـــۆڵەی مامە ڕیـــــشەدا دیـــــسان تـــــۆڵە

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، کوڕە گیان لە سەر دەستەکانی سەگرمە، با گڕ پۆشی کلاشینکۆف هەناسەی ڕەش بداتەوەو گوللەی لە دەم دەربپەڕێ با هەنگاوی گورج و خورتتان گەورەتر بێ، گیانی پاکی مامە ڕیشە و هاوڕێکانی بە سەر سەرتانەوە خول دەخواو هاوار دەکا چاوەڕێیە گەردەلولەکەی هەمەوەند و بناری سەگرمە هەڵکا، ئەی پێشمەرگەکانی ئەو گەلەی لە بوونەوە هەر شەهید و هەر پێشمەرگە و هەر تفەنگ و شاخی هەیە، زایەڵەی هاوارو نرکەی گوێی هەموو دنیای سمیوە، ئەو مێژووەی باوو باپیران بەجێیانهێشت چۆڕەی خوێنی وشک نابێ، شەڕەکانی ئاو باریک و داری کەلی و دەربەند بازیان تەواو نابێ، هەر کوڕە کوردەو ویژدانی گڕدەگرێ و سواری ئەسپە ڕەشی شێخ مەحموود دەبێ و تفەنگەکەی ڕیشە هەڵدەگرێ، داستانێکیتری وەکو بەردە قارەمان و حەمک دەنووسێ.

هێزێکی هاوبەش لە کوڕە ئازاکانی کەرتی سێی هەمەوەند و کەرتی (٥)ی سەنگاو تیپی (٥٧)ی سەگرمە لە ڕۆژی ١٩٨٥/١/٣١ بۆسەیەکی قایم و پتەویان لە سەر جادەی چەمچەماڵ سەنگاو لە ئاستی گوندی کونە کۆترو چلاخە ڕووتە داناو بە درێژایی چەند کیلۆمەترێک دامەزران.

مەفرەزەیەکیتری کەرتی (٥) بۆسەیەکیتری لە نزیک گوندی خدری دانا، شایەنی باسە ئەم بۆسەیە ئەوەندە لە سەنگاوەوە نزیک بوو کە لە کیلۆمەترێک پتر نابێ.

مەفرەزەیەکیتری کەرتی (٣) بۆسەیەکیان لە نزیک ئاوایی قەرەتا موردانا، مەفرەزەیەکیتر لە ئاستی گوندی مەلا حسێن خۆی لە بۆسە نا، لە گەڵ گەیشتنی کاروانێک و کەوتنە ناو بۆسە سەرەکیەکە پێشمەرگەکان دایانە بەر دەسڕێژی گوللە و شپرزەیان کردن، هێزێکیتری دوژمن لە سەنگاوەوە فریاکەوت و ئەویش کەوتە بۆسەکەی گوندی مەلا حسینەوە درایە بەر دەسڕێژی گوللە، دیسان هێزێکیتر لە سەنگاوەوە بەڕێکەوت ئەویش لە کەمینەکەی خدریدا گیری خواردوو ناچار بەرەو

سەنگاو قوچاندی، هێزێکیتری دوژمن لە چەمچەماڵەوە بەڕێکەوت و ئەویش لە نزیک گوندی قەرە تامور کەوتە ناو ئەڵقەی بۆسەکەوەو گوللەبارانکرا.

بەمجۆرە پێشمەرگە قارەمانەکانی سەگرمە، تۆڵەسێنە ڕق ئەستوورە گیانبازەکانی مامە ڕیشە، جادەی سەنگاو چەمچەماڵیان کۆنترۆڵکردو شەڕێکی خەست لە پێنج بۆسەدا لە سەعات ١:٣٠ دەقیقەی نیوەڕۆ تاکو ئێوارە درەنگی ئەو ڕۆژەی خایاند لەم شەڕەدا هێزە بەزیوەکانی دوژمن، چەکدارە ترسنۆکەکان لە ناو شارو شوێنە ئەمنیەکانی خۆیاندا ملۆزمی گیانی خەڵکن، بە گیانی هاوواڵتیانی بێتاوان ئازان، بەڵام لە شەڕی پێشمەرگەدا لە بۆسەو جەرگەی شەڕدا عەینەن کەڵەشێری بەزیو هیچ پەناو پەسێرێک نایانگرێتە خۆی.

ئەوەی زانرابێت زیانی دوژمن بەمجۆرەیە:

١/ کوژران و بریندار بوونی ٣٣ سەربازو جاشی ناشەعبی.

٢/ کوژرانی ٣ جاشیتر.

٣/ بریندار بوونی (٨) جاشی سەنگاو.

دەستکەوت لە بەر زۆری ڕەبیەو بەرینی مەیدانی شەڕەکە، هەر ئەم دەستکەوتانە هەبوو:

١/ ئۆتۆمبێلێکی شۆفرلێت

٢/ کلاشینکۆفێک و پێنج مەخزەن

٣/ سێ سندوق فیشەکی (BKC) و دوو گوللە هاوەنی ٦٠ ملم.

لە ئێمەش پێشمەرگەیەکی قارەمانی کەرتی سێی هەمەوەند بە سووکی بریندار بوو.

ئەی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان، هاوسەنگەرەکانی ڕیشە، دەستان خۆش بێ پڵنگی هەردی وواڵت ئەی جوانی پێشمەرگە، لە ڕۆژی هەڵمەتی سەختدا دوژمن لە بەردەم ورەی بەرزتان ناگرێ بەرگە، بۆ پێشەوە لە ژێر ئاڵای سەرکەوتندا ئەو ئاڵایەی بە خوێنی هەزارانی وەک ڕیشە سوورکراوە.

سێ ڕۆژ پێش داستانی دابان
سووتاندنی ماڵی مامە ڕیشە لە (شێخ جیری)

(هەڕەشە)

خەڵکی نەترس و بوێرو خاوەن هەقی کوردستان، حکومەتی بەغدای شەڕخوازو شەڕ سەپێن و داگیرکەر سووڕە لە سەر خۆشکردنی زەمینە و بارودۆخی شەڕکردنەوەو دڕێژەدان بە سیاسەتە بنچینەییەکەی ئیستعماری ئیستطانی.

ئێمەی گەلی نەترسی کورد هەموو دراوسێی و دەوروبەرەکەمان ئازادیخوازان و دڵسۆزانی ناو نەتەوەی عەرەب و عێراق ئاگادارن کە ئێمە گەلێکی دورە شەڕو دوورە ئاژاوەین و پێمان چاکە کە شەڕ ڕوونەکاتەوە نیشتمانەکەمان و بەردەرگای ماڵمان پێنەگرێ، بەڵام قەت ئێمەش ئەوە نەبووین و نین سوژدە بۆ دوژمن بەرین و لە ئاستی دەستدرێژیەکانیدا بێدەنگ و وەڵام بین.

شەهید کردنی مامە ڕیشە و هەڤاڵەکانی ئیستفزاز کردنی خەڵک، پەلاماردانی هێزی پێشمەرگە، تەختکردنی گۆپتەپەو زۆریتر نیشانەی شەڕخوازی و دوژمنایەتیانە لە گەڵ گەلی کورد، دوا دەستدرێژیش چەند تاقمێک لە جاشەکانی سۆران و بادینان بە هاوکاری و جەیش و ژمارەیەک دەبابەو کۆپتەر لە ڕۆژی ١٩٨٥/٢/١٢ چوونە ناوچەی جەباری و قەرەحەسەن و پێویست ناکات بڵێین نامەردانە چوونکە هەر نامەردوو ناکەس بەچەن، ئەم کەوڵ سورانەی بەر لەشکری داگیرکەران لە ژێر سێبەری کۆپتەرو دەبابەدا چونەتە گوندی شێخ جیری و ماڵی شەهید مامە ڕیشەیان تاڵانکردو سوتاندیان و ئیهانەیەکی زۆری خەڵکەکەیان کرد، چوونە گوندی زەنگنە و چەند ماڵێکیان بە شۆفڵ وێرانکرد، کۆپتەرەکان لە سەر ڕێگەی باشبڵاخ لە ئۆتۆمبێلێکیانداو ئافرەتێک شەهیدو چوار کەسیشیان بریندار کرد.

ئەمە دەقاو دەقی سیاسەتی ئیستعماری ئێستای عێراقە دەردی سەهیۆنیەکان لە فەڵەستین، سەهیۆنیەکان ماڵی فیداییەکان دەسوتێنن و دێهاتەکانیان چۆڵ دەکەن، شۆڤێنیەکانیش لە کوردستاندا هەمان کردەوەو ڕەفتار دەکەن، بەڵام با چاک بزانن

ئیستمرارو بەردەوامی ئەو سیاسەتە دڕندایەتیە دەرهەق بە گەلی کورد یاریکردنە بە ئاگر، ئەم سیاسەتە تاوانکاریە بە بێ تۆڵە و سزادان تێناپەڕێ و تێناپەڕێ، جەرگیان ئاو دەدەین، هەر بە تەهدیب و ئاقڵکردنی خۆفرۆشی کوردەوە ڕاناوەستین، بەڵکە ژان دەخەینە دڵی ئاغاکانیشیانەوە، هەر بۆیە بە زمانە سەپاوەکەی خۆشیان تەئکید دەکەینەوە و دەڵێین: (لم تمره هذه سیاسه الاجرامیة بدون العقاب، و لن تمر بدون عقاب و سنوجه الی قلوبهم و لن نکتفی بتادیب المرتزقات الاکراد بل نضرب حیث یوجع قلوبهم) گەلی ئێمە، وولاتی ئێمە، گۆڕو ماڵی شەهیدانی ئێمە بێخاوەن نییە، پێشمەرگەی کوردستان لە سەر بەردێکی نیشتمانەکەی خۆیێنی دەڕێژێ چ جای وێرانکردنی دێهات و ماڵی هەژاڵە شەهیدەکانیان ڕەنگە بەوە دڵیان خۆش بێ کە ڕیشەیان شەهید کردو وێرایان بچنە سەر ماڵەکەی، بەڵام هەر پێشمەرگەیەکی کوردستان بگری هەمان ڕیشەی قارەمانە لە دەست چووەکەمانە ئەمڕۆ بە دوژمن پێدەکەنێ.

ئێمە باجی سەرکەوتنمان خۆێنی شەهیدانەو دەزانین لە ژێر زنجیری دەبابەی دوژمن، کەللەی هەزاران کوردی وەکو من، تێک و پێک نەشکێ و نەپلیشێتەوە لە گۆمی خۆێندا لاو نەتلێتەوە، دایک نەڕێژێ فرمێسکی خۆێنین، نەگرێتە باوەش کۆرپەی نازەنین، کچی چواردە ساڵ بۆ زیندان نەبرێ پرچە جوانەکەی دەسکەنە نەکرێ، ڕەشاش و دۆشکا چیا نەبێژێ، تەیارە هەموو بۆمبا نەڕێژێ، ڕزگاری نابێ ئەم کوردستانە تیایدا دەرناچێ ئۆردوی بێگانە.

تـــــیپی (57) و تـــــۆڵەی مامە ڕیـــــشە کاك ئـــــازادی ســـــەگرمە

دوای شەهید بوونی مامە ڕیشە، کاک ئازاد فەرماندەی تیپی (٥٧)ی سەگرمە، وەکو بەرپرسیاریەتیەکی پێشمەرگانە کە مامە ڕیشە فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی (٥٧)ی سەگرمە، هەموو کەرتەکانی ئاگادار کردەوە لە جاش و پیاوانی ڕژێم بدەن تەنها لە ئەڵڵایی پێنج جەیش شەعبی عەرەبیان کوشت، لە دەوروبەری خاڵە بازیانی و قادر کەرەم ٨٥ سەربازو جاشیان کوشت، ئەوە جگە لە شوێنەکانیتر کە لە سەدان سەرباز و جاش زیاتربوو.

مـــــیمی هەیبەت، دایـــــکی مامە ڕیـــــشە

تیپی ٥٧ی سەگرمە لە تۆڵەی مامە ڕیشە و ســەردارو موحسین گورزی کاریگەریان لە دوژمن وەشاند هێندە پیاوی ڕژێمیان کوشتبوو، کاتێک کاک ئازاد چوو بوو بۆ لای دایکی مامە ڕیشە بۆ تاڵەبان، دایکی مامە ڕیشە بە کاک ئازادی وتبوو ئازاد گیان ئیتر ئەوەندە خەڵک مەکوژن (با کوڕەکەم گوناهبار نەبێت).

هـــــاتنی حـــاکم عـــــەزیز

سەرکردایەتی (ی.ن.ک) لەو ماوەیەدا بروسکەیان بۆ کاک ئازاد کرد بچێتە سەرکردایەتی بەڵام نەچوو ڕۆژێک حاکم عەزیز هاتە دێلێژە بۆ لای کاک ئازاد، نامەیەکی مولازم عومەری پێبوو بە کاک ئازادی وت تۆ چی دەکەیت پێت دەڵێن یاخی بووە لە شۆڕش و حکومەت.

کاک ئازاد بە حاکم عەزیزی وت یاخی نەبووم بەڵام مامە ڕیشە فەرماندەی کەرت بووە لای ئێمە نابێت هیچ وەڵامێکمان بۆ دوژمن نەبێت.

مولازم عومەر لە نامەکەدا نووسیبووی هێزێک کۆبکەرەوە (٢٥٠) پێشمەرگە وەرە بۆ ئەو مەسەلەیەی باسمانکرد.[٣١]

٣١ مەبەست لە شەڕی دابانە کە پێشتر لە گەڵ کاک ئازادی سەگرمە باسیانکردبوو، کاک مولازم عومەر وتبووی کە لە دابانەوە دەڕۆن بە چاوی موشتەری سەیری ڕەبیەکان بکەن، تا لە کاتی تێکچوونەوەی گفتوگۆدا دەستیان بە سەردا بگرین، چوونکە زنجیرە ڕەبیەکانی سەر دابان و چەرماوەند، دەیڕوانی بە سەر سەرگەڵوو بەرگەڵوو دۆڵی شەدەڵە و جافەتی کە زۆربەی بارەگاکانی سەرکردایەتی لێبوو.



یەکیتی ی نیشتمانی ی کوردستان
دەزگای راگەیاندن

سلام علی محمد

سێ دۆتاری
بەرێز سکرتێری گشتی ی
یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستان
لە سالی ١٩٨٤

دوتاری بەکەم

لەزیندانی لەرۆژی ١/١/١٩٨٤

خوشکێ و برایانی خوشەویست

دیارە پەیوەندی نێوان خەڵکی کوردستانی تێکوشەرو، بەپەرۆشی ئامادەبوونیان لەم شۆڕشەدا، نیشانەی ئەو راستیەیە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەمرۆ لەهەموو رۆژێکێ زیاتر سوورن لەسەر مافە رەواکانی نەتەوایەتیو دیموکراتی خۆیان. ی. ن. کێ کە بەگیانی پاکی هەزاران شەهیدی قارەمان ئەم رۆژەی بۆ کورد پێکێ هێناوە، کەهیوای ئەوەیە رۆژی رزگاری و وەدەستهێنانی هەموو مافەکانی نەتەوەکەمان نزیکێ بووبێتەوە. بۆیە پێویستە ئەمرۆ لەپێش هەموو شتێکدا یادی ئەو شەهیدە قارەمانانە بکەینەوە کەگیانی پاکیخۆیان لەپێناوی کوردو کوردستان و مافەکانی کۆمەڵانی خەڵکێ بەخشی.

خوشکێ و برایانی خۆشەویست

ئەمانەوێ هەندێکێ لەسەر وەزعی ئێستادا قسەی بکەین و رروون کردنەوەیەکی باش بزانن.

خۆتان باش ئەزانن کەماوەی هەشت ساڵ بەر لەئێستای. ن. کێ شۆرشی دیموکراتی نوێی لەچیاکانی کوردستانەوە هەڵگیرساندەوە، بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد مافە رەواکانی وەربگرێ، بۆ ئەوەی کورد کوردستان بپارێزرێت لەفەوتان و لەناوبردن و تیاچوون، بۆ ئەوەی نەتەوەی کوردی ئێمەش وەکوو هەموو نەتەوەیەکی ئەم سەردەمە بە مافە رەواکانی دیموکراتیو نەتەوایەتی خۆی شاد بێت. لە ٨

سالّەدا ی . ن . ک پشت بەئێوەی تێکوشەر ، بەکۆمەلّانی خەلّکی کوردستان چەندین سەرکردەو دەیان کادرو سەدان ئەندام و لایەنگری قارەمانی گیانی پاکیان لەو رێیە پیرۆزە بەخت کرد . نیازی راستەقینەش بەدی هێنانی مافەکانی نەتەوەی کوردو پاراستنی کوردو کوردستان بوو ، ئێستاش هەمان نیاز ، هەر دروشمی سەرەکی ی . ن . ک

بەلّام بێگومان خۆتان ئەزانن کەخەبات لەقۆناغو هەل و مەرجی جیا جیادا شێوەی جیا جیا بەخۆیەوە دەگرێت ، جار وایە خەباتی چەکدار شێوەی سەرەکی دەبێت ، چونکە ئەو قۆناغە پێویستی بە خەباتی چەکدار دەکات . جار هەیە خەباتی سیاسی ، جار هەیە خەباتی ئابوری و سیاسیو کۆمەلّایەتی پێکەوە . لەم قۆناغەش دا هەل و مەرجێک هاتۆتە پێش کە ی . ن . ک گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە بۆ وەدەست هێنانی مافەکانی گەلی کوردو پاراستنی کوردستان پێویستی بەشەر راگرتن هەیە لەگەلّ حکومەت ، ئەوەبوو لەئەنجامی گفت و گۆدا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەئەمرۆ پێویستی بەدی هێنانی ئامانجەکانی گەلی کورد وا ئەخوازێ کەشەڕ رابگیرێت لەکوردستانی عێراق دا ، لەنێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزی چەکداری حکومەت .

هۆیەکانی سەرەکی ئەم شەڕ راگرتنەش بریتین لەو هێرشەی کە دەکرێتە سەر کوردستان بۆ داگیرکردنی و ، لەناوبردنی شۆرش و جولّانەوەی دیموکراتی رزگاری خەلّکی کوردستان . جا بەنیازی پاراستنی ناوچە رزگارکراوەکان لەدەسەلّاتی دەولّەتان ، بەنیازی هێشتنەوەی هـ . پ . ک و گەشەپێدانی ، بەنیازی پاراستنی برایەتی کوردو عەرەب ، ئەم شەر راگرتنە هاتۆتە کایەوە .

جگە لەمانە راستیەکی تریش هەیە ئەوەیە کەمیری جارێکی تر وە لەم سەردەمانەدا ئامادەیی خۆی نیشان داوە بۆ سەلماندنی مافەکانی گەلی کورد ، بۆیە دەمەوێ لەسەر ئەو مافانەی کە لەلایەن ی . ن . ک داواکراوە چەند راستیەکتان بۆ روون بکەمەوە .

لەپێشەوە دەمەوێ ئەو درۆ و دەلەسانەتان بۆ رسوا بکەم کە هەندێ لەو دەزگاو کەسانی کەلّک وەرگر لەخوێنی گەشی هاوولّاتیان لەشارەکان بەدرۆ بلّاوی دەکەنەوە . بێ شەرمی هەندێک لەو دەزگایانە

گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کەوا بڵاودەکەنەوە گوایە پێشمەرگەی کوردستان و ی . ن . ک ماندوو بوون و خەریکە لەبرسان بەلادا دێن و، ئەوانیش بەزەبیان پێدا دێن و وەکوو هاونیشتمانی ڕێگایان دەدەن بێنەوە وواڵات . هەندێکیان باسی ئەوە دەکەن گوایەگەرانەومە بۆ ڕیزی نیشتمانی .

ئەمەوێ ئەو ڕاستیەتان پێ بڵێم کەڕیزی نیشتمانی تەنیا ڕیزی ی . ن . ک و هـ . پ . ک . ڕیزی نیشتمانی ڕیزی ئەو شەهیدە قارەمانانەیە کە لەسەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان دروشمی "یان کوردستان یان نەمانیان" بەرزکردەوە . ڕیزی نیشتمانی ڕیزی ئەو تێکۆشەرانەیە کە بەگژ هەموو داگیرکەرانی کوردستان دا دەچنەوە . لەپێناوی مافی کوردا چوونەوە بەگژ داگیرکەران و نەیان هێشت داگیرکەران خاکی پاکی کوردستان داگیربکەن . ئەو کەسانەی پێویستیان بەگەرانەوەیە بۆ ڕیزی نیشتمانی، ی . ن . ک نیە کە لەناو چەقی ڕیگاکەو ڕیبازەکەدایە، بەڵکو ئەو کەسانەن کەدەستیان ناوەتە دەستی کونەپەرستان و داگیرکەران .

خوشک و برایانی خۆشەویست

مەسەلەی گفت و گۆ لەبەینی ی . ن . ک و حکومەتی عیراق، مەسەلەی وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کوردە ،ئەو داواکانەی گەلی کوردیش کەکراون بربتین لەو داوایانەی کە لەدڵ و دەروونی هەموو کوردێکی بەشەرەف دایە، کە بربتین لە ئۆتۆنۆمیەکی ڕاستەقینە کەهەموو ناوچە کوردنشینەکان بگرێتەوە، کەهەموو کوردستانی عیراق بگرێتەوە، کەهەموو ئەو شارو ناوچانەی لە کوردستان دابڕاون بخەینەوە سەر حوکمی ڕاتی، حوکمی ڕاتی ڕاستەقینە، کە بریتیە لەوەی حکومەتی ئۆتۆنۆمی کوردستان دەسەڵاتی ئەوەی هەبێ هەموو مافەکانی کە بەکورد ئەدرێ بەکاریان بێنێت، مانای ئەوەیە کەهەر خەلکی کورد لەکوردستان دا حوکمڕان بێت، کەهەر خەلکی کورد ئەو مافانە بەکاربێنێت بەهۆی ئەو نوێنەرانەی کە بەسەربەستی هەڵیان دەبژێرێ لەحکومەتی ئۆتۆنۆمیدا . مانای ئەوەیە کەدەزگایەکی کارتۆنی نەمێنێ لەکوردستان دا بەناوی

حوکمی زاتی حوکمی زاتی راستەقینە مانای ئەوەیە ئەو جاش و چەکداوخۆرانەی کوردستان ئیتر بچنەوە سەر کاروباری خۆیان و هیچی تر نۆکەرایەتیو خوێن ڕێژی بۆ داگیرکەران نەکەن . حوکمی زاتی راستەقینە مانای ئەوەیە کەوا کاروباری کوردستان بەدەست خەلکی کوردستانەوە بێ. پێویستە ئەو راستیەشتان بێ ڕابگەیەنم کەهەموو ئەو داوایانە بەخۆشیو شێوەیەکی ژیرانە ، بەشێوەیەکی ڕوون وئاشکرا بەهەموو کۆمەڵانی خەلکی کوردستان ڕادەگەیەنرێ . وەبەسەربەستیش بەکارببەدەستانی بەغدا ڕاگەیەنراوە . وەبۆیان ڕوون کراوەتەوە .

خوشک و برایانی خۆشەویست

پێویستە راستیەکی تریش بخەمە بەر چاوتان کەهەر وەک چۆن بۆ وەدەستهێنانی مافەکانمان ، هەروەها بۆ پاراستنیمافەکانیشمان پێویستە ، ئەویش بەکێتی ریزەکانی گەلی کوردستانە لەم ڕۆژەدا ، مژدەی ئەوەشتان دەدەمێ کە ی . ن . ک ئەیەوێ لەسەرتاسەری کوردستاندا ، لەناو هەموو هێزو تاقمەکاندا ئاشتبوونەوەوبرایەتی و یەکێتیو تەبایی دروست ببێتەوە . وە بۆ ئەو مەبەستەش بەنامەی ڕەسمی بۆ حزبی شیوعی عراق و هاوپەیمانەکانی ئاگادارکراون کە ی . ن . ک ئامادەیە لەگەڵ بەرەی جودو لەگەڵ هەموو کەسێک ئاشت ببێتەوە ، وە پێکەوە هەموومان لەپێناوی مافەکانی گەلی کورد خەبات بکەین . تەنانەت بەنیسبەت جاشەکانیشەوە ، بەنیسبەت ئەو کەسانەی کەدژی میللەتی خۆشیان وەستاون عەفوی عام هەیەو، هەمویان وەکوو کورد، ئەگەر بێتو واز لەخراپەو کوشتن و بڕین و ڕاوو ڕووت بێنن ، وەکوو هاوواڵتیەکی کورد ڕێزیان لێ ئەگیرێ وە هیچ کۆنەقین و حیسابێکیان لەگەڵ ناکرێ .

خوشکان ، برایان

ئەمڕۆ لەهەموو کاتێک زیاتر پێویستمان بەیەکێتی هەیە ، پێویستمان بەیەکێتی هەموو تێکۆشەران و دڵسوزانی کوردستان هەیە ، پێویستمان بەیەکێتیو تەبایی و برایەتی هەموو کوردێکی دڵسوزو بەشەرەفە . پێویستە لە سەرتاسەری کوردستان دا گیانی یەکێتی

بڵاوکەینەوە ، ناکۆکی و ناتەبایی و دووبەرەکی و دوودڵی وەلانێین . هەموو کۆنە غەرەزێکۆ فرێ بدەین . دەفتەری چڵکنی کۆن بدرێنین ، لاپەرەیەکی گەشی سپی نوێ بکەینەوە بۆ برایەتی و یەکێتی و هاوخەباتی و هاوکاری نێوان هەموو دڵسوزانی کوردو کوردستان و هەموو هاونیشتمانان .

دیسانەوە بەناوی ی . ن . کۆ و ه . پ . کۆ بەڵێنتان بۆ نوێ دەکەینەوە چ بە گفت و گۆ بێت ، چ بە هوارو قسەی خۆش و خەباتی سیاسی بێت ، وە یان بەشێوەی خەباتی چەکدارو شورشگێرانە بێت، درێژە دەدەین بەخەبات بۆ وەدی هێنانی هەموو مافەکانی گەلی کورد کەبریتین لەم قوناغەدا لەدیموکراسی و ئۆتۆنۆمی یەکی راستەقینە کەپشت ئەبەستێ بەمافی کورد لەچارەنووسی خۆی دا . بەهۆی خۆی و بەهۆی نوێنەرانی راستەقینەی خۆیەوە .

دەمەوێ داوایەکیش لەو بریارانە بکەم کە لەشارەکانەوە هاتوون ، لەم روژانەدا زۆر زیرو ووشیارانە رەفتار بکەن ، ماوە نەدەن هەندێکۆ لەو کەسە گێرەشێوێن و چڵکاوخۆرانەی کە تا ئێستا کەڵکیان لەو حالە وەرگرتووە ، وەزعەکە تێکۆ بدەن و گێرەشێوێنی دروست بکەن .

ئەبێ لەهەموو لایەکۆ روون بێتەوە گفت و گۆیە شێوەیەکە لە شێوەکانی خەبات بۆ هێنانەدی ئامانجو داخوازی و ئاواتەکانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان . ی . ن . کۆ دوا بریاری ئەوەیە کە تا بەدی هێنانی هەموو مافو ئامانجو داخوازییەکانی خەلکی کوردستان خەبات بکات . وە هیچ هێزێکۆ نیە ، هیچ رێ یەکۆ هیچ شتێکۆ نیە ، هیچ تەماحو هەڵخەلەتاندن و لادانێکۆ نیە بتوانێ ی . ن . کۆ لەسەر خەباتی رێبازی جەماوەری لابدات . هیوادارم دڵنیابن ، کۆمەڵانی خەلکی کوردستان دڵنیابن کە ی . ن . کۆ هەروەکۆ لەشەردا نوێنەری راستەقینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بوو ، لەئاشتی گفتوگۆش دا هەر نوێنەری راستەقینەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەبێ و ، بۆ بەدی هێنانی هەموو ئامانجەکانی خەبات دەکات .

پێویستە دڵنیابن کە ی . ن . کۆ هەر وەکۆ لەشەرو فیداکاری و خۆبەختکردن دا ، نوێنەری کۆمەڵانی خەلکی کوردستان بوو ، ئاواش

لەئاشتیدا ، لەگفت و گۆدا ، لەرۆژی خۆشیش دا نوێنەری کۆمەڵانـــی خەڵکی کوردستان دەبێت و ، لەپێناوی بەدی هێنانـــی ئامانـــج و ئاوانەکانی خەبات دەکات .

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو یەکێتی بەرەو یەکگرتنی هـــەمـــوو هێزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان .

بۆ پێشەوە بەرەو ئاشت بوونەوەی گشتی لـــەسەرتاســـەری کوردستان دا .

بۆ پێشەوە بەرەو پەرەپێدان بەخەباتی سیاسی ژیـــرانـــەی شۆرشگێرانە بۆ جێبەجێ کردنی هەموو ئامانجەکـــان و چەسپاندن و بەکارهێنانی مافەکانی نەتەوەی کورد .

١٩٨٤ / ١ / ١

٨

دوناری دووەم

لەناشتنی زانا دنوەسری کورد مامۆستا تۆفیق وەهبی

برایانی خوشەویست

بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، بەناوی هێزی پێشمەرگەی قارەمانی کوردستانەوە پرسەو سەرەخۆشی پێشکەش بەبنەماڵەی سەروەری زانای گەورەی کورد مامۆستا توفیق وەهبی بەگ دەکەم. وە بەشداربوونی خۆمان لەو ماتەمیو لەو ئێش و ئازارەی کە ئەمرۆ لەدڵی هەموو کوردێکی دڵسۆزدایە بەوپەری سەربەستی و بەشێوەی برا پێشمەرگە قارەمانەکانتان دەردەبرم, کەئەویش بووە بەعادەتێک لەلایان کە لەکاتی ناشتنی هەر دڵسۆزێک و هەر قارەمانێک و خۆشەویستیکیانا بەڵێن دووپات بکەنەوە بۆ دریژەدان بەخەبات و بۆ رۆیشتن لەسەر ریبازەکەی تا هێنانەدی هەموو ئاواتو ئامانجی کەگیانی پاکی لەرێ یدا بەختکردووە. وەکو بۆ هەموو سەرکردەو رۆڵە قارەمانەکانی گەلەکەی خۆمان کردوومانە بەعادەت بۆ مامۆستا توفیق وەهبی بەگیش ئەو عادەتە دووپات دەکەینەوە، بەڵێن بۆ گیانی پاکی دووپات دەکەینەوە کەتا بەدی هێنانی هەموو ئامانجەکانی نەتەوەی کوردمان,وە لەو قۆناغەدا بەدی هێنانی دیموکراسیو خۆتۆنۆمی راستەقینەی پشتبەستوو بەمافی چارەنووسی گەلی کوردمان دریژە بەخەباتی خۆمان دەدەین بەشێوە جیا جیاکانی خەباتکەلای هەموتان ئاشکرایە قۆناغی ئەوتۆ هەیە خەباتی چەکدار دەبێتە شێوەی سەرەکی وە قۆناغی ئەوتۆ هەیە خەباتی سیاسی شۆرشگێرانە ئەو جێیە دەگرێتەوە, بەڵام هەموویان هەمان خەباتە هەر

هەمان تێکوشانە هەر هەمان هەوڵە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی بە پشت بەستن و پشت ئەستووری بەهێزی لەبن نەهاتووی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان .

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە بەشداربوونی لە ناشتنی مامۆستا و زانای نەتەوەی کورد وەهبی بەگ نەکۆ هەر وەفای خۆی دووپات دەکاتەوە بۆ مامۆستا ، بەڵکو ئەو راستیی بەشتانەی رادەگەیەنێت کە باوەری نەگۆڕی بەوە هەیە کە بێ قەڵەم و کلاشینکۆف بەبێ چەکی بیرو چەکی دەستحەقی کورد بەدەستنایەت و ئەگەر وەدەستیش هاتنا پارێزرێت . هەر لەبەر ئەوەشە کە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان رێزو احترامێکی یەکجار زۆری هەیە بۆ ئەدیبو زانا و هوشیارەکانی نەتەوەکەمان و بیر رونا کەکانی گەلەکەمان کە بەهەڵگری مەشخەڵ و وێژدانی نەتەوەی کوردیان دادەنێت . هەر بۆیە بەشداری کردنمان لە ناشتنی ئەو مامۆستا گەورەیە بەهەل دەزانم کەبۆی دووپات بکەمەوە .. ئەو بەڵێنەی دووپات بکەمەوە کەحەوت ساڵ لەمەوپێش لەلەندەن پێش گەرانەوەی رۆڵەی نێکوشەرەکانتان لەدەرەوە بۆ هەڵگیرسانەوەی شۆرشی رەوای نەتەوەکەتان پێی درا کە تا مردن یا سەرکەوتن شۆرش دەوام دەکات . کە تا مردن یا سەرکەوتن خەبات دەوام دەکات بەشێوە جیاجیاکانی بە رەچاوکردنی هەل و مەرجە جیاجیاکانی وە رەوت و رەوشتی نەتەوەکەمان و دەوروپشتمان و رۆژهەڵاتی ناوەراست و دنیا . ئیمرۆش هەل ومەرجێک هاتۆتە کایەوە کە بێگومان بیستوتانە بۆ بەدی هێنانی ئاواتە دێرینەکانی قارەمانان و هەڵکەوتووانی وەک مامۆستا توفیق وەهبی بەگ رێگەی گفت وگۆیە لەگەڵ حکومەت ئیمرۆ کە هاتۆتە کایەوە . من هەرچەندە دەبووایە هەموو وتەکەم تەرخان بکەم بۆ باسکردنی چاکەو مأثرەکانی ئەو پیاوە مەزنەی گەلی کورد بەڵام چونکە دڵنیام کە گیانی پاکیشی لە بەهەشتی نەمریدا دەنوارێتە هەموومان وە بەتەمای هێنانەدی ئاواتەکانی نەتەوەی کوردە بۆیە ئیزنی لێ ئەخوازم و لەئێوەش ئەخوازم بۆ روون کردنەوەی هەندێک راستی بەرامبەر هەلومەرجی ئەمڕۆی خەباتی گەلەکەمان .

۱۰

خۆتان باش دەزانن کە ٧ ساڵ زیاترە پشت ئەستوور بەتاکە هێزی لەبن نەهاتووی نەتەوەی خۆمان رۆڵە قارەمانەکانتان لەشاخ و کێوانەی کوردستان بەخوێنی گەشی خۆیان دروشمی کوردستان یەکان نەمانیان سەدان جار تۆمار کردۆتەوە، بەڵێنی هەتاهەرو راستەقینەیان داوە بە نەتەوەی کورد .. بەکۆمەڵانی خەڵکی تابەدی هێنانی ئامانجەکان ئاشبەتاڵ نەبێتەوە وەجارێکی کە ئاشبەتاڵ لەمێژووی کوردا نەنووسرێتەوە، بەڵکو خەبات درێژە پێ بدرێت بە رەچاوکردنی قۆناغە جیاجیاکان و شێوە جیاجیاکانی خەباتیشەوە ، لەبەرئەوە لەدوای حەوت ساڵ خەبات و فیداکاری،لەدوای حەوت ساڵی خەباتی نەپساوی خوێناوی پر لەهەزاران جۆرە سەختیو مەترسی و هەلومەرجێکە هاتە کایەوە کەوا حکومەتپێشنیاری گفتوگۆبەیەکێتی نیشتمانی کوردستان دا . سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانیکوردستانیش دوای پرس و را کردن بەزۆر رەوشەن بیرو پیاو ماقوڵ و زانا و هێزو توانای گەلی کورد لەم پارچەی کوردستان و لەپارچەکانی تری کوردستانیشدا وە بە رەچاوکردنی ئەو راستیەی کە ئەمرۆ ووڵاتەکەمان دووچاری هێرشێکی درندانەی خەتەرناک بووە وە بەرەچاوکردنی ئەو راستیەی کەبۆ پاراستنی ناوچە رزگارکراوەکان لە دوولاوە شەرکردن کارێکی سەخت ئەبێت ئەوەی پەسەند کرد کە بکەوێتە گفتوگۆ،بەڵام بۆ هێنانەدی ئامانجەکان و داخوازیەکانی نەتەوەی کورد کە لەو قوناغەدا خۆیان لە خودموختاریەکی راستەقینە دەبینن . بەڵای ئێمەوە خودموختاری راستەقینە مانای ناوەرۆکێکی تێرو تەسەلی حوکمی زاتیەمانای ئەوەیە کە کاروباری کوردستانی عیراق بکەوێتەوە دەست خەڵکی کوردستانی عیراق،هیچ هێزێکی سیاسی بەیەکێتی نیشتمانی کوردستانیشەوە وە بەحکومەتبەسەربەستی گوتراوە بەهێزی کاربەدەستیشەوە وصایەتی نەبێ بەسەر خەڵکی کوردستان بەڵکو خەڵکی کوردستان نوێنەرانی راستەقینەی خۆیان هەڵبژێرن وە بەهۆی نوێنەرانی راستەقینەی خۆیانەوە حوکمرانی کوردستانی خۆیان بکەن، حوکمی زاتی راستەقینە مانای ئەوەیە کەهەموو ناوچە کوردنشینەکان هەموو خاکی کوردستانی عیراق لەژێر سێبەری ئەو حوکمە زاتیەدا

بێت هەر لە شنگارەوە بیگرە هەتا خانەقین و مەندەلی،ئەوەیە کەوا
یەکێتی نیشتمانی کوردستان داخوازی کردووەو پێشکەش کردووە ، وە
لەسەر ئەو شتانە قسە کراوە،ئەوە بۆیە دەڵێم چونکە دەبینینەوە
هەندێ کەس باسی ئەوە دەکەن گوایە یەکێتی نیشتمانی کوردستان
دەگەڕێتەوە بۆ ڕیزی نیشتمانی ئەوەی ئەوان پێی دەڵێن ریزی
نیشتمانی دیارە ئێمە ریزی نیشتمانی بەڕێبازی یەکێتی نیشتمانی
کوردستان دەزانین ، ریزی نیشتمانی راستەقینە ریزی پێشمەرگەی
قارەمانەکانی کوردستانە ، ریزی ئەو کەسانەیە بەتفەنگ دەچن بەگژ
هەموو داگیرکەرانی کوردستاندا لە دوولاوە خەبات دەکەن لە دوولاوە
خوێن دەڕێژن لەدوولاوە نیشتمانی خۆیان دەپارێزن،ڕیزی نیشتمانی
راستەقینە ڕێزی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە ،کەسانێ ترهەنە پێوستیان
بەگەرانەوە هەیە بۆ ریزی نیشتمانی ئەوانەی دەستی خۆیان دەدەنە
ناو دەستی دەوڵەتە کۆنەپەرستەکان ئەوان دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ریزی
نیشتمانی . لەسەرێکی ترەوە ئەمەوێ پێتان رابگەیەنم کەوا
ی . ن . ک سوورە لەسەر بەدی هێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد
ئەگەر بەئاشتی پێکهات دوای ٨ ساڵ خەبات پێمان وایە کارێکی
بێ جێ نیە، بەڵام ئەوساش بێ پرس و ڕای ئێوەو کۆمەڵانی خەلکی
کوردستان ی . ن . ک هیچ هەنگاوێکی چارەنووسنانێت هەموو
هەنگاوەکانی دوای ئەوە دەبێت کەپرس و ڕا بەکۆمەڵانی خەلکی
کوردستان دەکات وە ئەوەی کە دەدرێت خەلکی کوردستان پەسەندی
دەکەن ئەوسا ی . ن . ک پەسەندی دەکات وە ئەوسا قبولی دەکات
وە ئەوسا ئیمزای دەکات بێ ئەوە نایکات .

پێویستە ئەو ڕاستیەشتان بۆ دووپات بکەمەوە کەئێمە نیازم
ی . ن . ک و هێزی پ . م ی کوردستانە کەهەمیشە مایەی سەروەری و
سەربەرزیمان بووە کە کۆمەڵانی خەلکی کوردستان یشتیوانیلێکردووین
هیچ ماندوونبین هیچ بەکمان نەکەوتووە هیچ باکمان نیە، بەدرێژەدان
بە فیداکاری و خەبات کردن بەڵام پێمان وایە ئەگەر هەلومەرجێک
هاتە کایەوە تێیدا دەرفەتێک هەبێت بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەلکی
کوردستان بەخۆشی و بەئاشتی هەندێ لەداخوازیە سەرەکیەکانیان
بەدەست بێنن کاریکی باشە کارێکی ناراست و نادروست نیە .

١٢

ئەو راستیەشتان دەمەوێ بۆ دوویات بکەمەوە کەوا خۆی ماموستای نەمر توفیق وەهبی بەگیش بەوەی کە وەسیەتی کـــردووە لـــــەو پیرەمەگرونە بنێژرێت بەشێوەیەکی روون و ئاشکرا دەری بـــریـــوە ، ماموستا توفیق وەهبی بەگ قەدرو نرخی شاری قارەمانی کوردســتان دڵە زیندووەکەی کوردایەتی شاری هەڵەبجەت و قوربانی شاری سلێمانی باش دەزانێ، باش ئەو راستیەی دەزانی کە گردی شەهیدانی ئـــەو شارە قارەمانە دەیان شەهاب و ئارامی تێدایە باشی دەزانی کەئـــەو شارە قارەمانە مایەی سەروەریە بۆ ئەو کەسەی کەلەوێ ئەبـــێـــت و لەوێش ئەنێژرێ بەڵام کەپەسەندی کردووە لێرە بنێژرێ دەیەوێ ئـــەو راستیەمان بەبیر بخاتەوە بەبیر هەموو کورد بهێنێتەوە کـەئـــەو شاخانە پشت و پەناو پارێزەری نەتەوەی کورد بوونەو هـــەر ئـــەو شاخانە پشت و پەناو پارێزەری نەتەوەی کوردن ، هـەر بـــۆیـــەش هێزی پێشمەرگەی کوردستان هەمیشە تونـد دەستبەو بەردو دارانـــەی ئەو شاخانەی کوردستانەوە دەگرێت وە هیچ کاتێک بەجێی ناهێڵێت و ناهێڵێ پێی گڵاوی داگیرکەران جارێکی کە گڵاوی بکەنـــەوە . ئـــــەو شاخە سەربەرزانە پشت و پەناو پارێزەری کوردایەتـــی و شـۆرشـــی کوردایەتی بوونەەهەر بۆیەش ماموستا توفیق وەهبی بەگ کـارێکـــی زۆر بەجێو رەوای کردووە کە فەرموویەتی لەو شاخانەی بـنێـــژن ، ئەو راستیەیە ئەزانێت کەخوێنی گەشی هەزاران هەزار رۆڵـــەی کـورد بەسەر ئەو شاخانەدا پژاوەو لەسەر ئەو شاخانەدا رژاوە ، ئـــــەو راستیەیە دەزانێ کەدروشمی کوردستان یان نەمان بەخـوێنی گـەشـی هەزاران پێشمەرگە لەلوتکەی ئەو شاخە بەرزانە تۆمار کراوە ، ئـەو راستیەی باش زانیبوو کەهەر بەهاتنەوە ، و پاڵ دان بـەو شاخانە درێژەدان بەخەباتی شۆرشگێرانە دەتوانین ئەو ئـاواتـــەی کەماموستا وەهبی بەگ لەگەڵ خۆی بردیە قەبر ئێمە جێبەجـــێ ی بکەین و بەجێی بهێنین ، ئێمەش پشت ئەستوور بەئێوەی تێکوشـــــەر، بەکۆمەڵانی خەلکی کوردستان، چ گفتوگۆ بێت چ خەباتی سیاسی بێـت چ خەباتی چەکدار بێت بۆ هەمان نیازەبۆ هەمان ئاواتە بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستانەوە هیچ ئامانجێکی تایبەتی بۆی . ن . کەیش تێدا نیە . پێم وایە وا بۆ یەکەم جـــارە لە

تاریخی نەتەوەی کورد رێکخراوێکی سیاسی گـــەورەی وەک ی . ن . ک دێتە کایەوە کەهەزاران شەهیدی داوە کەدەیان سەرکردەی قارەمـان و سەدان کادری نەمری بەختکردووە لەپێناوی نەتەوەی کـورد، بـــەڵام بە سەربەستی دەڵێ من حوکمرانی کوردستانم ناوێ دەمەوێ کـۆمەڵانـی خەلکی کوردستان حوکمرانی کوردستانی خۆیان بکەن . پێم وایـە بـۆ یەکەمجار رێکخراوێکی سیاسی نەک لەکوردستان،لەرۆژهەڵاتی ناوەراست دێتە کایەوە تەماح و نیازی لەحوکمو دەستکەوتەکانی حوکم نەبێت، بەڵکو نیازی ئەوە بێت کۆمەڵانی خەلکەکەی کۆمەڵانی گەلەکـــــــەی بگەیەنێ بە ئامانجی دیموکراسیو نەتەوایەتی خۆیان ، ئەوە بۆ ئێمە گەورەترین سەروەریە بەڵێنیش بۆ مامۆستا وەهبی بەگ و بـۆ گیانـی پاکی ئەو و ئێوەی تێکۆشەر دووپات دەکەینەوە کە تا بەدی هێنانـی هەموو ئامانجەکانتان دروشم هەر کوردستان یان نەمان ، سەرکەوتـن یان مردن بێت هەر شادو سەربەرزو سەرکەوتوو بن .

زێوێ ١٩٨٤/١/١٦

دوانزەی سێیەم

لە سەرانی نەورۆزی ١٩٨٤

خوشکێ و برایانی سەلارو دەلال
هەفالانی خەباتگیرو شورشگیر
پیشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان

بەناوی (ی . ن . ک)ەوە ، پیرۆزبایی جەژنی نەورۆزی ئەمساڵتان لێ دەکەم هیوادارم نەورۆزی ئەمساڵمان نەورۆزی ئاشتی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی راستەقینە بێت بۆ هێزانەدی ئەم ئاواتە دێرین و پیرۆزەی کۆمەڵانی خەلکی کوردستانیش دەبێ نەورۆزی ئەمساڵمان بکەینە نەورۆزی ئاشتبوونەوەی گشتی . واتە بێکەینە جەژنی خەباتکردن لەپێناوی پێکهێنانەوەی هەموو هێزە سیاسی و چەکدارەکانی کوردستان لەسەر بناغەی پاراستنی دەسکەوتەکانی خەلک و پاڕێزگاری کردنی کوردستان و عراق لەداگیرکەرە پەلامارەرەکانی بێگانە و پەرەوی کردنی سەرەتای پیرۆزی سەربەخۆیی و پشت بەخۆبەستن. تاکو بتوانین هەموو ریزەکانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان یەکخەین ، سازیان بدەین و باشتریان بهێنینە جۆش و خرۆش لەپێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان دا کە ئیمرۆ خۆیان لەئاشتی و دیموکراسی و ئۆتۆنۆمی راستەقینەدا دەنوێنن . چونکە هێزی زۆرو زەوەندی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان گەر بێتو باش ڕێکخرێت و چاک سازدرێتو ژیرانە ڕێبەری بکرێت ، ئەوا دەتوانێت بەسەر هەموو کۆسپ و گیروگرفتێکدا زاڵ بێت ، ئەوا دەستەبەری بەدیهێنانی هەموو

ئامانجەکانی شۆرشەکەمان و گەلەکەمان دەبێت .

جا (ی . ن . ک) کەهەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ، باوەری بەو راستییانە هێناو هەمیشە هەر پشتگەستوور بەکۆمەڵانی خەڵکەو هێزی لەبن نەهاتووی جەماوەر درێژەی بەخەباتی شۆرشگێرانەی خۆی داوە . هەر بۆیەش زۆر زۆر پەرۆشی یەکێتی ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانیەتی، هەر بۆیەش ئیمرۆ دروشمی سەرەکی خۆی کردوە بەگاشت ـوونەوەی گشتی کەدەبێتە هۆی بەدیهێنانی یەکیەتیەکی تەواوی ریزەکانی کۆمەڵانی خەڵک .

پێم وایە زۆربەی زۆری جەماوەرو هەموو ژیرو هوشیارانی کوردستان دەزانن کەی . ن . ک هەر سەبارەت بەدڵسۆزی و دووربینانەی بۆ ئامانجەکانی گەل و نیشتمان هەر سەبارەت بەپەرۆشی زۆرو ژیرانەی بۆ سەرخستنی خەباتی شۆرشگێرانەی کۆمەڵانی خەڵکەو بە فیرۆنەدانی رەنجی ئەو خەباتەیە کەبەگیانی لەخۆبوردن و بەوپەری توانایەوە بۆ ئەو دروشمەی ئاشتبوونەوەی گشتی هەوڵ و تەقەلادات . بە رەچاوکردنی ئەم راستیەش کەئیمرۆ جوڵانەوەی رزگاری نیشتمانیو دیموکراتی خەلکی کوردستان کوردایەتی لە هەڵچوون و گەشەکردنەوە لە بۆ پێشەوەچوونداپێدەنێتە قۆناغێکی تازەوە . کە لەمەشدا دەوری مێژوویینی ی . ن . ک بۆ هەموو کەس دەردەوشێتەوە . هەڵسانەوەی کوردایەتی، جۆشدانەوەی خەباتی شۆرشگێرانەی خەلکی کوردستان ، هەڵگیرساندنەوەی شۆرشی پاراستنی کوردەواری و رزگاری و دیموکراسی بۆ خەلکی کوردستان ، بەخەباتی ی . ن . ک و بەفیداکاری و خۆبەختکردنی دەیان سەرکردەو فەرماندەی ی . ن . ک و هـ . پ . ک و سەدان کادریان وچەند هەزار ئەندامێکیان و بەهاوکاری و پشتیوانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان بوو . هەموو خەلکی کوردستان کارەساتە سامناکەکەی ئاشبەتاڵی لەبیرە . هەموو لەبیریانە کەچۆن پاشان ناهومێدی باڵی رەشی بەسەر کوردستانی خۆشەویستدا کێشابوو، چۆن مانەوەو بوژاندنەوەی کوردو کوردستان کەوتبووە خەتەرێکی گەورەوە بەجۆرێک کەدۆست و دوژمن پێیان وابوو، ئیتر کوردستانی عراقیش بەدەردی کوردستانی تورکیا براوە، هەتا دەیان ساڵی تر هەڵسانەوەی بۆ نیە .لەو رۆژە رەشانەدا،

کە گەورەترین شۆرش و فراوانترین هـ . پ . کـ لە خوتوخۆڕایی بگرە بەفیتی دوژمنی بێگانە ، بڵاوەی پێ کرابوو ، دەنگی زوڵاڵی (ی. ن .کـ) لەچیاو دوڵ و شیوەکانی کوردستانی خۆیناوی دا ، دەنگی دەدایەوەو ڕای دەگەیاند کە : نەتەوەی کورد لەکوردستانی خۆیدا ڕووداویکی مێژووکردی بابەتی لەفەوتاندن نەهاتووە ، جـولانـەوەی ڕزگـاری و دیموکراتی خەلکی کوردستان "کوردایەتی" بـەری پێویستیەکانی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستان و نۆبەرەی قانونی پەیـدا بوون و بۆ پێشەوەچوونی نەتەوەی کورد ، بۆیە تاکو بەدیهێنانی ئامانجە دیموکراتیو نەتەوایەتیەکانی خۆی هەر دەمێنێت و هـەر زیندوو دەبێت بێ ئەوەی هیچ دەوڵەت و هێزو توانایـەکی بتوانێت لەناوی بەرێ .

ئەمجارەیان مێژوو ، شەڕەفی هەڵکردنەوەی ئـاڵای کـوردایەتـی و شۆڕشەکەی دایە دەست ی . ن . کـ ، ئەو شەڕەفەی بەی . ن . کـ ڕەوا بینی . کە ئیستەش وا بە سەربەرزیەوە لەناو کۆمـەڵانی خەلکی کوردستاندا دەوری ڕێبەری جولانەوەی ڕزگاری و دیموکراسـیـان دەبینێت و هەمیشە دڵسۆزو وەفادار بۆ خوێنی گەشی هەزاران شەهیدو ڕەنجی دەیان هەزار خەباتگیری گەلەکەمان دلێرانە لەکۆڕی خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانەو سیاسیدا دەچەقێ بێ ئەوەی هیچ سـات و کاتێکـ ئامانجەکانی خەلکـ و داخوازیە نەتەوایەتیو دیموکراتیـیـە کانی خەلکی کوردستان فەرامۆش بکات ، بێ ئەوەی بەقەدەر بـسـتێکـ لەخەباتی شۆڕشگێڕانەی جەماهیری پێشمەرگانەو سیاسی لابدات .

ی . ن . کـ ، بێ لادان و کۆڵدان ، بێ ووچان و وەستان پتر لەحەوت ساڵ خەباتی شۆڕشگێڕانەی پێشمەرگانەی لەکوردسـتانـی عراقـدا هەڵگیرساندو پەرەپێداو بەرێوەبرد ، توانیشی شۆڕش ببوژێنێتـەوەو پەرەو گەشەشی پێ بدات و بیگەێنێتە ئەمڕۆژەی کـەدۆست و دوژمـن دانی پێدا دەنێن و ڕیزی لێ دەگرن . کە بەراستی ئـەوە کارێکی گەورەو گرنگە لەمێژووی کوردو کوردستاندا ، کەئەوەش بەخوێنی گەشی دەیان سەرکردەی ی . ن . کـ و هـ . پ . کـ و سەدان کادرو هـەزار تێکوشەری نەمر لەمێژووی سەروەری کوردایەتیدا تۆمار کراوە .

بێگومان مێژوی کوردو کوردستان لاپەڕە درەخشانەکانی سەروەری

خۆی بەوە دەرازێنێتەوە: کە ھ. پ. کۆ بەڕێبەری ی. ن. کۆ لەدەیان شۆڕشگێڕی بێ چەک و بەچەکەوە، شۆڕشی بوژانەوەو ھ. پ. کۆی گەیاندوە ھەزاران ھەزار پێشمەرگە، کەدەستیان گرتووە بەسەر بەشێکی زۆری کوردستانەکەیاندا بێ ئەوەی پشتیوانیەکی ئەوتۆیان لەدەرەوە پا لێ کرابێت. بەپێچەوانە چەندین جار ھ. پ. کۆ بەفریای براو شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێرانیان ھاتوون و چەندین شەھیدی قارەمانیان لەسەنگەرەکانی پاراستنی کوردستانی ئێران و شۆڕشی رەوای خەلکە قارەمانەکەبدا پێشکەش بەگەل و نیشتمان کردوە. کەئەمەش خۆی لەخۆیدا دەسکەوتێکی گەورەی تیرە: کەھێزە سیاسییە شۆڕشگێڕە ژیرەکانی ھەردوو بەشی کوردستان پێکەوە ھاوخەباتی بکەن، لەجیاتی ئەوەی کەجاران بەگژ یەکدا دەکران، وەپێکەوە خوێن بڕێژن لەجیاتی ئەوەی لایەکۆ خوێنی لایەکی تر بڕێژێت بەبیانوی پروپوچ. ئەمە نەکۆ ھەر یەکێتی نەتەوەی کورد دەسەلمێنێتەوە، بەڵکو یەکێتی چارەنووسی ھێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستان و ئێران و عراق و رۆژھەڵاتەکەشمان دەردەخات.

ھەروەکۆ ئەو شایەدیەش بۆ (ی. ن. کۆ) کە بەپێچەوانەی سیاسەتی چەوت و کۆنەپەرستانەی راوکردنی کوردپەروەرەشۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ئێران، سیاسەتی ھاوخەباتی و پشتیوانی کردنیانی پەیرەو کردوە، کە لەئەنجامدا براکوردە ئێرانیەکانمان ناوی پیرۆزو پڕ لەسەروەری ھێزی پشتیوانیان بەسەر (ھ. پ. کۆ) دا بڕیوە. ھەر بۆیەش ھ. پ. کۆ ھەم سەروەری پاراستنی کوردستان ـ لەدوو بەشیدا ـ بۆ خۆی تۆمارکردوە، وە ھەم شەرەفی نواندنی یەکێتی خەبات و چارەنووسی کوردایەتی لەبەشەکانی کوردستاندا.

ھەر بۆیەش ھ. پ. کۆ ئەو ھەموو خۆشەویستی و سەربەرزی و سەروەری و رێزو تەقدیرەی بۆ خۆی پەیداکردوە لەناو دڵ و دەروونی خەلکی کوردستاندا، جا بە خۆراگرتن و فیداکاری، بەدرێژەدان بەخەباتی پێشمەرگانە، بەسەر رێبازی سیاسی و پێشمەرگانەی راستو رەوادا، بەخۆبەستنەوە بەخاکی کوردستان و دەسکەوتەکانی کۆمەڵانی خەلکی کوردستانەوە، بە پەیرەوی کردنی سیاسەتێکی مەبدەئی شۆڕشگێڕانە بوو کە ی. ن. کۆ و ھ. پ. کۆ ئەوھا. پەرەیان

ساندو توانیان بەسەر هەموو نەخشەو پلانە جۆراو جـورانـەدا زاڵ بن کە بۆ لەناوبردن و دەرپەڕاندنیان داندرابوون تا وای لێهـات کە (ی . ن . ک) نەک هەر بوو بەگەورەترین هـێزی سـیاسـی کوردستان ، بەڵکو (هـ . پ . ک) یش بوو بەگەورەتریـن هـێـزی چەکداری شۆرشگێری کوردستان کە لەشکاندن نایەت !

بەڵێ وا بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی کوردستانی عراقدا، هێزێکی سیاسی هەڵقوڵاو لەجەرگەی رەنجدەران و زۆرلێکراوان و خوێنمژراوانی کوردستانەوە ، هێزێکی شۆرشگێری سەربەخۆ، پشتئەستوور بەکۆمەڵانـی خەلک و بەعەدالەتی خەباتەکەی ، لەدژوارترین هـەلومـەرجدا ، لـە نالەبارترین رۆژدا ، لەدوای گەورەترین شکان و ئاشـبەتـاڵـدا ، کوردایەتی ببوژێنێتەوەو شۆرشی خەلکی کوردستان هەڵگیرسێنێتـەوەو بیگەیـێـنێتەوە قۆناغێکی ئەوها کەدۆست و دوژمن نەتوانن ئینکـاری بکەن و ڕێزی لێ نەنێن .

ئەی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان

ی . ن . ک لەم کاتەدا کە بە سەربەرزی یەوە دەفـتـەری سەروەری خەباتەکەی بۆ ئێوەی خۆشەویست و تێکۆشـەر دەردەهێنێـت بەنیازی سووربوون لەسەر ڕێبازی شۆرشگێڕانەی دێرینی خـۆی ، وەک هەمیشە لەبەردەمی ئێوەدا دەوەستێتو دەستەری حیسابی خەباتەکەشیان بۆ دەکاتەوە ! بەو باوەڕە نەگۆڕەوە کە نەک هەر پشت بەیارمەتـی و کۆمەک و پشتیوانی ئێوەی دلێر دەبەستێت ، بەڵکو گوێ ڕایەڵی ڕەئی بیرورا و ڕەخنەو پێشنیارەکانی ئێوەشە ، وەک هەمیشـە باوەری نەگۆڕی بەخەتی جەماهیری هەیە : کەدەکاتەجۆشانی خەتیخەباتی جەماوەر بە جەماوەرو بۆ جەماوەر . کە دەکاتە تونـد خوێبەستنەوە بـەخەباتی کۆمەڵانی خەلک و تـوند دەستگرتن بە ئەلقەی ڕێبازی شۆرشگێڕانـەی نەبەزانە ، تاکو هەموو ئامانجەکانی خەلک و شـۆرشـی ڕزگـاری و دیموکراسیان دێنێتە دی . کە ئەو خەباتەش ، کـە ئـەو ڕێـبـازە شۆرشگێڕانەیەش هەم بەشێوەی پێشمەرگانەو هەم بەشێوەی سـیـاسی ، هەم بەشێوەی خەباتی چینایەتیو هەم بەشێوەی خەباتی نەتەوایەتـی ، هەم بەشێوەی خەباتی دیموکراتیو هەم بەشێوەی خەباتی پیشـەیـی

دەبێت : وە لەهەر سەردەم، لەهەر هەلومەرجێکدا شێوەیەکی خەبات دێتە پێشەوە، بەڵام خەبات هەر زریڕەی هەیە .

ئیمرۆش خەباتی هەلومەرجێکە هاتۆتە کایەوە، کەخەباتی سیاسی شۆرشگێڕانە هاتۆتە ریزی پێشەوەی شێوەکانی تری خەباتەوە، بێ ئاشبەتاڵ و کۆڵدان ، وە گفتوگۆش بۆتە شێوەیەکی خەبات بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەلک .

دەربارەی گفتوگۆ لەگەڵ میری

ی . ن . ک کۆمەڵانی خەلکی وا راهاتبوە، کەهەمیشە راستگۆ بێت لەگەڵیان و سیاسەتی راستەقینەی خۆی بۆیان ئاوااڵ بکاتەوە ، راستییەکانیان بخاتە بەرچاو، پرسو رایان پێ بکات و لەدوور لەدەسکەوتی ئەوان و بێ رەزامەندی ئەوان هیچ کارێکی گرنگ نەکات . هەر بۆیەش پێی وایە، کە کۆمەڵانی خەلک هەقیانە داوای پتر روون کردنەوەی مەسەلەی گفتوگۆی لێ بکەن تا بزانن (ی.ن.ک)ی ریبازی خەباتەکەیان ، چی بۆ داوا کردون ؟ وە گفتوگۆ لەچ قۆناغێکدایە ؟ هەر بۆیەش لێرەدا کورتەو پوختەی وەاڵمی پێویست دەدەینەوە :

لەپاییزی ساڵی رابووردودا ، دوای ئەوەی سەرکردایەتی (ی . ن . ک) پرسی بەکادرە سیاسیو عەسکەریەکانی ریکخستنەکانی خۆی کردو، پرسی بەزۆربەی ئەنجومەنەکانی دێهاتی کوردستان و بەزۆر بیرروونا ک و دڵسوزانی هوشیاری کورد لەشارەکان کرد. وە دوای ئەوەی هەموویان پەسندیان کرد ئنجا پێشنیاری گفتوگۆ کردنی لەگەڵ میری پەسند کرد. بۆچی ئەو بریارەی دا ؟ سەبارەت بەلێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی ژیرانەو بەرپرسیارانەو دووربینانەی هەلومەرجی ئیستەی کوردستان و عراق کە :

١) هێرش و پەلاماری ئێران بەنیازی داگیرکردن و لەناوبردنی عراق بەکوردستانیشەوە، هەرەشەلێ نیشتمان دەکات ، تاعونی دوژمنایەتی طائیفیو هەڵگیرساندنەوەی فیتنە کۆنینەکەی لەرۆژهەڵات دا بڵاودەکاتەوە. لێرەدا هەر ئەوەندە دەڵێم چونکە

پاشان دێمەوە سەری ـ

٢) برایەتیو یەکیتیی تێکوشانی کوردو عەرەبو یەکێتیی نیشتمانیی عراق پێویستیەکی زۆریان بە بەرپەرچدانەوەی پڕوپاگەندەی شۆڤینیستەکان دەکرد کە گەرەکی بوو وا نیشان بدا کەگوایا کورد باکی برایەتییەکەی خۆی لەگەڵ عەرەب نیە، پەرۆشی یەکێتیی نیشتمانیی عراقی نیە . وە دەستە چەورەکەی ئەوانەی دەبنە کەوا رەشی بەر لەشکری پەلاماردەری ئێران بۆ سەر عراق بەکوردستانیشەوە، بەسەری هەموو خەلکی کوردستان بسڕێت، بۆ هاندانی عەرەب لەکورد، لەکاتێکدا کورد زۆر پەرۆشیبرایەتیی یەکێتیی مێژوینەکەی خۆیەتی لەگەڵ عەرەب و زۆریش دڵسۆزی یەکێتیی تێکوشانی کوردو عەرەبە، گەلی کورد هەرگیز پشتی گەلی عەرەبی بۆ خۆی بەرنەداوەو بەریشی نادات . هەر زۆر لەزووەوە، هەر هەر لەزەمانی سەلیبیەکانو سەلاحەدینەوە، تا ئیمرۆ، هەمیشە گەلی کورد لەناخۆشیو تەنگانەدا دۆستو براو پشتیوانی گەلی عەرەب بوە .

ئیمرۆش، ناکرێ و ناشێ، بۆ هێزێکی سیاسی گەورەو پرسیاری وەک ی . ن . ک ماوە بدات بەوەی قسەی ناحەزان سەرکەوێت و بگوترێ لەکاتی پەلاماردانی عراقدا لەلایەن ئێرانەوە، لەکاتی پەلاماردانی خاکی عراق وگەلی عراق لەلایەن ئێرانەوە بۆ داگیرکردنی نیشتمانی عراق و بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانەکەی و زەوتکردنی مافی چارەنووس لەگەلەکەی، کورد وەیان ی . ن . ک لەپشتەوە هاوکاری ئێرانیان کردو لەدژی پەلاماردانەکەی نەک هەر وەستان بەڵکو لەلاوەش ڕێگەیان بۆ خۆش کرد .

٣) لەکاتێکدا لەشکری عراق (جیش عراقی) لەشەردایە لەسەر سنوورەکان و لەناو خاکی عراقدا دژی داگیرکەرە پەلاماردەرەکانی ئێرانی دەوەستێت . (هـ . پ . ک) سەر بەی . ن . ک خەنجەری لەپشتەوە لێ دەدات لەجیاتی ئەوەی یارمەتی بدات . ئێمە بەهیچ کلۆجێک نامانەوێ ئەو تومەتان بێتە سەر، نەک هەر لەبەرئەوەی لەدژی پێویستیەکانی پاراستنی عراقە، بەڵکو لەبەر

خاتری لەشکری عراقیش دەیان و سەدان هەزار رۆڵەی عراقی تێدایە، ئەو لەشکرەی کە لەگەلی عراق جیاناکرێتەوە خاوەنی خاسیەتە تایبەتیەکانی خۆیەتی.

٤) ناوچەکانی بن دەسەڵاتی پێشمەرگەی کوردستان لەدوو لاوە هێرشیان بۆ دەهات ئێرانیش بەسەر لاشەی شۆرشی کوردستانی ئێراندا، لەدوای داگیرکردنەوەی ناوچە رزگارکراوەکانی کوردستانی ئێراندا دەیەویست ناوچەکانی ئێمەش داگیربکات، کەچی عراق ئامادەی شەر راگرتن بوو لەدژمان و تا رادەیەکیش پشتیوانی لەشورشی کوردستانی ئێران دەکرد.

٥) وەزعی ئەو معارەزە عراقیەی ئیمرۆ تیرو توانجو تۆمەتمان تێ دەگرن لەوپەری کزی دایە. جگە لە معارەزەی تایفی کۆنەپەرستانە کە لەسەر نوکە نیزەی لەشکری داگیرکەرو پەلاماردەری ئێران گەرەکیانە بێنەوە عراق و دەسەڵاتەکەی بگرنە دەست وە بەشێوەیەکی کۆنەپەرستانەی ئێرانئاسایی حوکمی وولات بکەن. ئەمە لەکاتێکدا ئێمە کە دروشمی رووخاندنی حوکمیشمان هەڵگرتبوو داوای هێنانی حوکمی ئیئتیلافی دیموکراتمان دەکرد، نەک حوکمی بەناو دینیو زۆر کۆنەپەرستکەدوژمنی کوردایەتیو دیموکراسیو سوشیالیزمو ژیانی ئەم سەردەمەیە کە نموونەکەی وا گەلانی ئێران دەهارێتبۆیە شەر کردنمان بۆ خزمەتی ئەو هێزە کۆنەپەرستە دەسترەشە کارێکی هەڵەو ناراست بوو.

٦) گرانیو قاتوقڕی، بێ دەرمانیو بێ ئازووقەیی، زۆریان بو خەلکی ناوچەکانی پێشمەرگە هێنابوو، ژیانی پێشمەرگەیان زۆر تاڵترو تفتر کردبوو، کەوا پتر لەحەوت ساڵە بێووچان و پشوودان دریژە بەشۆرش دەدەن.

٧) سەرەرای هەموو ئەو راستیانە، میری دەری بڕیبوو کەئامادەیە گوێ رابگرێ لەهەموو داخوازی و داوایەکانی گەلی کوردو ی. ن. ک و: ئامادەیە کەموکوڕی حوکمی زاتی ببڕێ و گەشەی پێ بدات وەک خۆی گوتەنی! ئێمەش پێمان باش بوو کەجارێکی تریش داخوازیەکانی گەلی کورد بەرینە پێش و لەکاتێکدا کەماوەی

بەئاشتی وەرگرتنی مافەکانیان هەندێ لەمافەکان هەبێت دەرگەی گفتوگۆ بکەینەوە بەتایبەتی لەو وەزعەشدا کە لەسەرەوە باسمان کردوە .

ئەمە جگە لەوەی کەگفتوگۆ چ زیانێکی بۆ شۆرشو ی . ن . ک نێدا نیە ، هـ . پ . ک لەشوێنەکانی خۆیەتیو رێکخستنەکانی ی.ن.ک لەگەشەکردن و پەرەسەندنی خۆیان دان . هەر وەک ئەو گفتوگۆیەش بۆ کۆمەڵانی خەلک باش و بەکەڵکە . بەتایبەتی کەئێمە چەکمان هەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەل هەڵگرتبوو، جا ئەگەر بەئاشتی بهێنرێنە دی ، ئەوا گەلێ خۆێن و فرمێسکمان بۆ دەگەڕێتەوە .

لەخولی یەکەمی گفتوگۆکەیدا باسی هەموو داخوازیەکانی گەلی کوردستانی عراق کران لەسەر هەموویان گفتوگۆی سەربەستانەو بێ پەروا و ئاشکرا کران . هەردوولا رەئیەکانی خۆیان دەربڕی میری ئامادەیی خۆی نیشان دا بۆ سەلماندنی گەشەو پەرەپێدانی حوکمی زاتیو لابردنی وەزعی نالەبارو ناهەموار لەکوردستانی عراقداو سەلماندنی مافی حوکمرانی کردنی کوردستان لەلایەن خەلکەکەیەوە. لەو خولەدا هەردوولا پێکهاتن لەسەر ١) وەستاندنی شەر لەنێوان هـ . پ . ک و هێزە چەکدارەکانی میری دا ، ٢) دەستکردن بە گفتوگۆی جدی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی دیموکراتی و رەوا لەچوارچێوەی یەکێتی عیراقیدا ، ٣) جێبەجێ کردنی پێویستیەکانی ی . ن . ک و هـ . پ . ک لەو قۆناغەدا .

کۆمەڵانی خەلک و گفتوگۆ

دوابەدوای بڵاوبوونەوەی دەنگوباسی رەسمی لەنێوان میری و ی . ن . ک دا ، بەکسەر سەدان هەزار کەس رژانە سەر شەقامەکانی شارەکانی کوردستانەوە ، دەستیان کرد بەدانانی دروشمی پشتیوانی لەی . ن . ک و هـ . پ . ک و دەربڕینی خۆشی و شادی خۆیان بەو هەنگاوە کە بەسەرکەوتنێکی خۆیان دانا .

ڕاگرتنی شەڕو لابردنی زەغت و تۆقاندن لەسەر خەلک ، بوونە هۆی گەشانەوەی خەلک و دروست بوونی جەوێکی هیوابەخش ، کەتێیدا کۆمەڵانی خەلک لەلایەکەوە هەناسەیەکی ئازادی و ئاسودەیی

هەڵگیرشاو لەلایەکی تر، وە تینی گرانیو قاتوقڕی یان لەسەر لاچوو. هیواو ئومێدیشیان ژیایەوە بەسەلماندنی مافەکانی دیموکراتی و نەتەوایەتییان. هەر بۆیەش کۆمەڵانی خەڵکێ زۆر بەگەرمی پێشوازیان لەو هەنگاوەی ی.ن.ک کردو زۆریش پشتیوانیان لێ کرد. بەم جۆرە جوڵانەوەیەکی جەماهیری بۆزایەوەو پەرەی سەندەوە کە شارو دێهاتی کوردستانی گرتۆتەوە کە بێگومان بۆتە مایەی پەرەسەندنی ڕێکخراوەکانی ی.ن.ک و هـ.پ.ک و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کوردستان. ئەمەش بەلای ئێمەوە دەسکەوتێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە. پێویستە بەوپەڕی زیری و هوشیاری و چالاکییەوە پێشوازی لێ بکەین بۆ زۆرترو پتر پەرەپێدان و گەشەپێدانی ڕێکخستنەکان و هـ.پ.ک پێویستە چالاکانەو هوشیارانە پەرەو گەشە بدرێن بەی.خ.ک و ی.نوسەرانی.ک و ی.م.ک و ی.هـ.ک و هەرچی زووشە خوشکانی تێکۆشەری ی.ئا.ک بسوژێننەوەو بخەنەوە گەڕ. چونکە بێ ڕێکخستن و جۆشدانی خەباتی ئافرەتان کە نیوەی کۆمەڵن، بێ هاوبەشی چالاکانەو ژیرانەیان لەخەباتی شۆرشگێڕانەدا سەرکەوتن بەدەست نایەت هەروەک پێویستە جوڵانەوەیەکی جەماهیری ڕێک وپێکی جوتیاران سازدەین و جۆشدەین بۆ لەرەگەو ریشە هەڵکەندنی دەربەگایەتیو پاشماوەکانی، بۆ جێبەجێ کردنی ئیسلاحی زەراعی تاکو زەوی بێبێتە هی ئەوانەی ڕەنێوی دەهێنن، بەڵام بەبێ لادان بەلای ڕاست و بەلای چەپدا، بێ لەبیرکردنی پێویستی هوشیارکردنەوەی جوتیاران تاکو خۆیان جوڵانەوەی ڕزگاربوونی خۆیان جۆشبدەن و بەڕێوەبەرن. واتە نەک ئیسلاحێکی زەراعی بیروکراتی بەڵکو ئیسلاحێکی زەراعی شۆرشگێڕانە. بۆ ئەمەش دەبێ پشت بەجوتیارانی هەژارو ڕەنجدەرانی لادێ ببەستین و ئەوانیش هاوکاری لەگەڵ جوتیارانی ناوەنجی بکەین و پێکەوەشیان هەوڵی بێ لایەن کردنی جوتیاری دەوڵەمەند بدەن.

جا ئێمە لەم هەلومەرجە پێمان باشە قانونی ژمارە (۹۰) جێ بەجێ بکرێت، پێویستە خەبات دڕێژە پێ بدەین بۆ گۆڕانی قانونەکە بۆ هێنانەدی داخوازیەکانی جوتیاران بۆ بەدیهێنانی دروشمی زەوی بۆ ئەو جوتیارەیە کە دەیکێڵێت دیارە بەرەچاوکردنی

وەزعی تایبەتی کوردستان .

کۆمەڵانی خەلکی کوردستان هەرچەندە بەگەرمی پشتیوانی لەگفتوگۆ دەکەن بەڵام زۆر بەپەلە داوای بەئەنجام گەیاندنی دەکەن ، زۆر بەپەلە داوای بەیان کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەن ، ئێمەش بەپێویستی دەزانین کە بەکۆمەڵانی خەلکی کوردستانی خۆشەویستی رابگەیەنین هەرچەندە میری لەخولی سێیەمی گفتوگۆشدا دووپاتی کردۆتەوە کەزۆر ئیجابیبە لەگفتوگۆیەکەداو ، لە گەشەپێدانی حوکمی زاتی داو لەچارەسەرکردنی کێشەی کوردا ، وە هەرچەندە هەندێ هەنگاوی جیددیشیان هەڵهێناوە بەرەو ئەوەو لەو رێگەیەداو چەندین بەڵێنی باشیشیان داوە ، بەڵام دیسان هەر پێویستە ئەم راستیانە بخەینەوە بەرچاو :

١) کێشەیەکی ئاڵۆزی گرێ گرێیاوی وەک کێشەی کورد کەپتر لەچارەکە قەرنێکە خەباتی شۆرشگێرانەی بۆ دەکرێ و لەپێش (٢٣) ساڵیشەوە خەباتی پێشمەرگانەی بۆ دەستپێکراوە ، وا بەسووکی و سانایی، وا بەپەلەو بەزووبی چارەیەکی تێرو تەسەلی بۆ ناکرێت . بەتایبەتی کە ناحەزانی ئەم چارەسەرکردنە لەدەرەوەو ناوەوەی ولاتدا گەلێ زۆرن: کەچەندین دەولەتی وەک ئێران و تورکیە لەدژی کاردەکەن . بۆیە پێویستە بەپشووێکی شۆرشگێرانەوە بنوارینە مەسەلەکە .

٢) ی . ن . ک و میریش بەووردی و لەسەرەخۆ مەسەلەی کورد دەرس دەکەن و باس دەکەن: هەرچەندە هەردوولا وەفدی دەسەڵاتداری خۆیان لەسەر بەرزترین پلە داناوە بۆ پەلەکردن لەچارەسەرکردنی مەسەلەی کورد ، وە لەم رۆژانەی داهاتوودا دەستدەکەنەوە بەکار ، بەڵام دیسان پشووی شۆرشگێرانە دەبێ درێژ بێ! چونکە ی . ن . ک دوای گەڵاڵە کردنی رێککەوتنەکەش دەیخاتەوە پێش چاوی کادرەکانی خۆی ، و هوشیارانی گەلەکەمان و لێزان و پسپۆران ئنجا کۆمەڵانی خەلکی کوردستان تا گەر پێیان باش بوو پەسندی بکەن یان دەسکاری پێویستی تێدا بکەن . بەکورتی ی . ن . ک بێ پرس و ڕا بەخەلکەو بێ رەزامەندی کۆمەڵانی خەلکەکە هیچ هەنگاوێکی بەئەنجامی دواییەنی ناگەێنێت .

شێواندنی گفتوگۆ

هەندێ لەناحەزانی گفتوگۆ لەشارەکان و هەندێ لەدوژمنەکانیشی لەدەرەوە، هەر زوو کەوتنە پروپاگەندەی ژەهراوی و بگرە جنێودانیش بە (ی . ن . ک)، هەندێ داخ لەدڵ و لەخۆترساوی شارەکان لەگەڵ هەندێ لەدەرەبەگە نیشتمانفرۆشەکان پروپاگەندەیان دژی ی . ن . ک وا دەستپێکرد کەگوایا ی . ن . ک گەراوەتەوە ریزی نیشتمانی، دەردی خۆیان گوتەنی! هەر زوو وەڵامی دەم کوتکەرانەی درۆی ئەوانەمان بەم راستیە دایەوە کەریزی نیشتمانی راستەقینە ریزی (ی . ن . ک)و شۆرشەکەمانە. هەویەی نیشتمانی لەلایەن (ی . ن . ک)ی بەخوێنی گەشی شەهیدە نەمرەکان دەردەکرێت.

لەدەرەوەش را هەندێکی تر درۆو دەلەسەی بەزین و ((خۆ بەدەستەوەدانی)) ی . ن . ک یان بەچەندین جنێوی ناشیرینەوە بڵاوکردەوە: بەڵام وەڵامدانەوەی دەمکوتکەرانەی درۆو بوختانی ئەوانیش هەر بەم راستیەیە کە ی . ن . ک رێبەری کۆڵنەدەری کوردایەتیو شۆرشەکەیەتی، نەک وا هەر بەشاخەوەیەو لەدەرەوەیە، بەڵکو تا سەرکەوتن یا مردن تا بەدەستهێنانی مافەکانی دیموکراتیو نەتەوایەتی گەلی کوردستان هەر درێژە بەخەباتدەدات بەهەموو شێوەکانی. گفتوگۆش بەڵای ئێمەوە هەر شێوەیەکی ئەو خەباتەیە، هەر وەسیلەیەکە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی گەلەکەمان.

داخوازیەکانی گفتوگۆ

لەدوای خولی دوەمی گفتوگۆیەکەدا، سەرکردایەتی ی . ن . ک بەنووسین پرۆژەی قانونی حوکمی زاتی راستەقینەو مافەسەرەکیەکانی کوردو پرۆژەی چۆنیەتی گەراندنەوەی کوردستان بۆ دۆخی ئاسایی خۆی، پێشکەشی بەکاربەدەستانی میری کردوە.

لەم پرۆژە نوسراوانەدا ی . ن . ک داوای ئۆتۆنۆمی راستەقینە دەکات کەهەموو ناوچەکانی کوردستان بگرێتەوە ـ واتە هەموو ئەو ناوچانەی لەسووری ئۆتۆنۆمی دەرهێندراوون و کوردستانن هەر

لە شەنگارەوە بگرە تاکو ئانەقین و مەندەلی. داوای دەسـەلاتـی تەواو بۆ دەزگاکانی ئۆتۆنۆمی دەکەین داوای ئەوە دەکەیـن کـە ئۆتۆنۆمی راستەقینە ناوەرۆکێکی زیندووی هەبێـت کـەحوکمرانـی خەلکی کوردستانە بەسەر ناوچەکەی خۆیدا .

داوای جێبەجێکردنی ناوەرۆکی بەیانی ١١/ئازاری/١٩٧٠ دەکەیـن ، داوا دەکەین کەهەموو جوتیارە راگوێزراوەکانی کوردستان بچنـەوە سەر دێهاتی خۆیان و ئیسلاحێکی زەراعی شۆرشگێرانەیان بۆ بکرێـت و چەکداریش بکرین ، هەروەکـ دەبێ هەموو کرێکاران و موچەخـۆرەکان و راگوێزراوەکانی شارەکانی گەرمیانی کوردستان بچنـەوە سـەر کارەکانی خۆیان لەشارەکانی خۆیاندا . پێمان وایە داوامان ئەمەیـە کەهەموو موچەخۆر ، ئەفسەرو خوێندکارانی کورد بگەڕێنەوە سەر شوێنی خۆیان و پادشیشیان بدرێنەوە .

داوای ئازادی و سەربەستیـیە دیموکراتیەکانمان کـردوە تاکـو رێکخراوە سیاسیو دیموکراتیەکانی کوردستانیش بـگەڕێنـەوە سـەر کارکردن و ئەوانەی نەماوون ببوژێندرێنەوە بەئاشکراو بەسەربەستی نەکـ تەنها هی (ی . ن . کـ) .

داوامان کردوە هەموو زیندانیـیە سیاسیەکان ئازادبکرێن بەبـرا بارزانیەکانیشمانەوە کەدەبێ ئازادبکرێن و بگەڕێندرێنەوە سـەر شوێن و دێهاتی خۆیان هەروەها هەموو داخوازیەکانی تـری خەلکـی کوردستانیشمان پێشکەش کردوە .

داوامان وایە کەهەموو ئەو شتانەی لەهەلومەرجی نائاسایـی دا یان هەموو ئەوانەی لەدژی شۆرش و ی . ن . کـ چـەکـدارکـراون هەلوەشێندرێنەوە . پارێزگاری نیشتمانیش لەدوژمن ولەپەلامـاردەران پێمان وایە نەکـ بەوانە ناکرێت بەڵکو دەبنە ڕێگرو کـۆسـپ لەکوردستاندا .

پارێزگاری نیشتمان لەپەلاماردەرانی ئێرانی

شتێکی ئاشکرایە کەحکومەتی ئێران بەنیازی داگیرکردنـی عراق درێژە بەهێرش و پەلاماردەکانی خۆی دەدا . حـکـومـەتی ئـێـران نایشارێتەوە کەدەیەوێ عراق بگرێت ، حوکمەکەی سەرنگوم بکات تاکو

حکومەتێکی بەناو ئیسلامی سەر بەئێران لەشوێنی دابنێت . دەیەوێ (٢٥٠) هەزار ملیۆن دولار تۆڵەی زیانەکانی شەر لەعراق بسێنێت. دەیەوێ رێککەوتنەکەی جەزایری ساڵی ١٩٧٥ بسەپێنێت بەسەر عراقدا واتە هەم نیوەی شەتولعەرەب و هەم زۆر شوێنی تری عراق لە کوردستانیدا داگیربکات . بەکورتی حکومەتی ئێران دەیەوێ عراق تووند بەپاشکۆی خۆیەوە گرێ بدا و گەلەکەی لەسەربەخۆیی نیشتمانی ، مافی دانانی رژێمێکی ئیئتیلاف و دیموکرات ، ژیانی ئازادو پێشکەوتوو ، بێبەش بکا . هەمان حوکمی کوشتو کوشتار ، داگیرکردنی مافەکانی نەتەوایەتی و دیموکراتی لەگەلان کە لەئێران دا هەیە بەسەر عەرەب و کوردو تورکمانی عراقیش دا بسەپێنێت . فیتنەو شەرو ناکۆکی شیعەو سوننەش لەعراقدا پەرە پێ بدات تا بەیەگجاری کاولی بکات .

پەلاماری ئێرانیش بۆ سەر کوردستانی عراق بەسەر لاشەی تێکۆشەرانی کوردستانی ئێراندا بەنیازی دامرکاندنەوەی شۆرشی کوردستانە لەهەردوو دیوی کوردستاندا ، بەنیازی لەناوبردنی نەتەوەی کورد ، بەنیازی لەناوبردنی جولانەوەی رزگاری نیشتمانی و دیموکراتی خەلکی کوردستانە . بۆ ئەوەی نەهێڵێت کوردستانی عراق وەک کوردستانی ئێران ببێتە بنکەی هێزە شۆرشگێڕەکانی عراقی دواڕۆژ کە بەتەمایە داگیری بکات .

سووربوونی حوکمی ئێرانی لەسەر پەلاماردان و داگیرکردنی عراق و ئیستەو دواڕۆژی گەلەکەمان و لەسەر پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵایەتیش .

هەر بۆیەش ی . ن . ک و ه . پ . ک دلێرانە چوونەوە بەگژ پەلاماردەرانی ئێرانیدا تەنانەت لەکاتێکدا دژی هەردوو حکومەتەکەش دەجەنگان .

ئیستەش لەبەرامبەر هێرش و پەلاماری ئێران هەر هەمان هەڵوێستمان هەیە ، بەڵام بەلای ئێمەوە بۆ ئەوەی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان بەدڵ و گیان بچنەوە بەگژ هێرش و پەلاماری ئێراندا و کوردستانیان لێ بکەنە گۆرستان ، دەبێ هەموو مافە دیموکراتی و نەتەوایەتییەکانی خەلک بسەلمێندرێن و دابین بکەین .

دەبێ ئۆتۆنۆمی راستەقینە بەخەلکێ بدرێت ، دەبێ خەلکی کوردستان بەهۆی نوێنەرانی هەڵبژاردراوی خۆیانەوە حوکمی کوردستان بکەن . پێویستە جوتیارەکان بگەڕێنەوە بۆ دێهاتەکانی خۆیان و چەکدار بکرێن تاکو دێهاتەکانیان بکەنە قەڵاو شورای پاراستنی عراق پێویستە پشت بەجەماوەری کوردستان ببەستێت ، جەماوەری کوردستان چەکدار بکرێن و جەماوەری کوردستان بکرێنە شورەو قەڵای پاراستنی وڵات : چونکە ئەم کارە هەر بەجەماوەر دەکرێت نەک بەجاش و جاشی سووک ، نەک بەدەرەبەگ و سەرەکێ خێڵەکۆنەپەرستەکان کە نیازیان ژیاندنەوەی دەرەبەگایەتی و چەوساندنەوەی کۆمەڵانی خەلکە .

هەر بەرەچاوکردن و بە پەیرەوی کردنی سیاسەتی ماف سەلماندن و پشت بەستن بەجەماوەریش مەسەلەی سەربازی راکردوو لەبنەرەتەوە چارەسەر دەکرێ نەک بەتۆقاندن و هەڵواسین . هەر ئەوسا لاوان خۆیان بەدڵ و بەگیان ، پۆل پۆل و دەستە دەستە ، دەچنە بۆ سەنگەرەکانی پاراستنی نیشتمان لەپەلامارداوەرەکان . بۆیە ی . ن . ک داوای پەیرەوی کردنی ئەو سیاسەتە راست و رەوایەی دەکات تاکو هەموو خەلکی کوردستان بەدڵ و بەگیان دەست بدەنە چەک و پارێزگاری نیشتمانەکەی خۆیان کەعراقی خۆیانە بکەن .

هەر بە پەیرەوی کردنێکی دڵسوزانەی ئەو سیاسەتی سەلماندنی مافەکانی دیموکراتیو نەتەوایەتی خەلکێ دەکرێ و دەتوانرێ یەکێتیی نیشتمانیی عراق بپارێزرێت و بچەسپێندرێت . هەر بۆیەش هەوڵدان و خەبات کردن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی خەلکی کوردستان دەکاتە هەوڵدان و خەبات بۆ پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیی عراق . واتە بەدیهێنانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە دەبێتە هۆی بەهێزکردن و چەسپاندنی یەکێتیی نیشتمانیی عراق و پەرەپێدان و گەشەپێدانی برایەتی کوردو عەرەب . بەپێچەوانەوە ، داگیرکردنی مافەکانی خەلکێ و نەسەلماندنی حوکمی زاتی راستەقینە دەبێتە هۆی بێ هێزکردنی یەکێتی عراق .

هەر بۆیەش ئیمرۆ کەمیری بەڵێنی بەدیهێنانی حوکمی زاتی راستەقینە بەگەلی کورد دەدات ، کەقۆڵ و بازووی بەئاشتی

چارەسەرکردنی مەسەلەی کوردی لێ هەڵکردووەو کەوتۆتە گفتوگۆ وە لەگەڵ ی . ن . ک ئەم راستییەی لەهەموو کاتێک زیاتر دەرەخشێنێتەوە کە سەلماندن و جێبەجێکردنی حوکمی زاتی راستەقینە دەبێتە هۆی بەهێزو بەتین کردنی یەکێتیی عراق و پەرەپێدان و فراوان کردنی بەرەی بەربەرەکانی بەلامارددەرانی ئێرانیو هاندان و سازدان و جۆشدانی سەدان هەزار رۆڵەی کورد بۆ پاراستنی گەل و نیشتمان، هەر ئەوساش کوردستان دەبێتە گۆرستانی داگیرکەران و پەلامارددەرانی ئێرانی .

ئێمەش کە لەم ساتە سامناکەی مێژووی عراق (بەکوردستانیشەوە) دەستمان کردوە بەگفتوگۆ بەهەم نیازو بۆ هێنانەدی هەمان ئامانجە بۆ دابین کردنی مافە رەوایەکانی خەلکی کوردستانە ، بۆ ئۆتۆنۆمی راستەقینەیە ، بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی یەکێتیی نیشتمانیی عراق و پەرەپێدان و گەشەپێدانی بەربەرەکانی کردنی داگیرکەرانی ئێرانییە : بۆ بەهێزو پتەوکردنی برایەتی مێژو کردو دێرینی کوردو عەرەبە : بۆ ئەمانەیەو بۆ هێنانەدی داخوازیە رەواکانی تری خەلکە .

هەر بۆیەش هەر کەسێ یان تاقمێ یان هێزی وا تێ نەگات ، وە خۆی بەهەندێ هۆی ناراستەوە فریو بدات وەک ئەوەی هەندێ بڵێن ی . ن . ک ماندوو بووە یان بەزیوە ، یان خەریکی تەسلیم بوونە ! ئەوا خۆیان تووشی هەڵەی گەورەو کوشندە دەکەن .

ی . ن . ک هەر ئەو هێزە شۆرشگێڕە نەبەزو کۆڵنەدەرە سەربەخۆییەی کوردستانە ، کەهەتا سەر دڵسوزی کۆمەڵانی خەلک و نیشتمانە کەژیان و گیانی خۆی و ئەندامان و پێشمەرگەکان و لایەنگرانی خۆی ، لەخەباتی جەماهیری و لەشۆرشچاو نیەو، هەمیشە هەتا سەرکەوتن هەر رێکخەرو رێبەری کوردایەتی دەبێت هەمیشە هەر رێبەرو رێکخەری خەباتی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان دەبێت لەپێناوی دیموکراسیو مافە رەواکانی نەتەوایەتی کەئیمرۆ خۆی لەئۆتۆنۆمی راستەقینەدا دەنوێنێت .

بۆیە بێگومان، ئەمجارەش درۆ و دەلەسەو تومەتی بوختانی ناحەزان و سەرلێشێواوان هەر خۆیانی پێ ریسوا دەبنەوە ، وە

رووداوەکان دەری دەخەنەوە کە ی . ن . کێ هەر ڕێبەری نەبەزو کۆڵنەدەری کوردایەتی شۆرشە لەکوردستانی عراقدا ،وەهەتا بەدیهێنانی هەموو داخوازیەکانی چینایەتیو نەتەوایەتی کۆمەڵانی خەڵکێ هەردەم خەباتگێری شۆرشگێڕو سەربەخۆی گۆڕەپانی کوردستان دەبێت .

ڕاستە ی . ن . کێ وەکێ هێزێکی سیاسی گەورەو بەرپرسیاری شۆرشگێڕ، ژیرانەو دووربینانە دەرواڕێتە رووداوەکان و هەڵومەرجی عراق و خەتەری پەلاماردانی ئێران زۆر باش هەڵدەسەنگێنێت ، ڕاستە کەزۆریش پەرۆشی برایەتی کوردو عەرەبیەتی، زۆرییش بەتەنگ یەکێتیی نیشتمانیی عراقەوەیە . زۆر زۆریش باکی خۆینی پێشمەرگەکان و سەربازەکانی عراقیەتی وە زۆر پەرۆشی ئەوەیەتی کە ئەو خوێنە لەشوێنی خۆیدا و لەکاتی پێویستوە بۆ پارێزگاری نیشتمان و سەربەخۆیی نیشتمان بڕژێت نەکێ لەشەری لابەلادا ، هەر بۆیەش دروشمی ئاشتبوونەوەی گشتی هەڵگرتوە ، لەلایەکەوە لەگەڵ میری بۆ بەئاشتی چارەسەرکردنی کێشەی ڕەوای کورد کەوتۆتە گفتوگۆوە ، لەلایەکی تریشەوە لەگەڵ هێزەکانی سیاسی کە لە کوردستاندا هەن کەوتۆتە هەوڵو تەقەڵای ئاشتبوونەوە ، نامەو ڕاسپاردەیان لەگەڵ ئاڵوگۆڕ دەکات بۆ ئەوەی ماوە نەدەین بۆ بوژاندنەوەی خوێنی گەشی کورد بەدەستکوردەوە ، بۆ ئەوەی هەموو هێزە سیاسیەکان بەشێوەی خۆشیو سیاسی ناکۆکیو گیروگرفتەکانی خۆیان لابەلا بکەن .

بەڵام هەر کەسێ یان هێزێ ئەو هەموو هەستو بەرپرسیاری و ژیری و پەرۆشەی ی . ن . کێ بەلاوازی و کزی و ماندبوون و کۆڵدان بداتە قەڵەم ئەوا خۆی تووشی هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکات کەرەنگە بەرەو هەڵدێری هەزار بەهەزاری بەرێت . چونکە ی . ن . کێ ئیمرۆ لەهەموو ڕۆژێکی تر بەهێزو توانات ترە لەرووی سیاسیو جەماهیری و پێشمەرگایەتیەوە ، نەکێ هەر ماندوو پەککەوتە نیە ، بەڵکو حەساوەو سازو ئامادەی کوری نەبەردە . هەمیشەو هەتا سەر بێلادان و دریژە بەخەباتی جەماهیری شۆرشگێڕانەی خۆی دەدا بەهەموو داخوازیەکانی دیموکراتیو نەتەوایەتیو چینایەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی عراق دێنێتە دی .

هەروەکۆ هەمیشەش پشتیوانی باوەڕیکراوی شۆرشی کوردستانی ئێران و جولانەوەی رزگاری خوازی نەتەوەی کورد دەبێت لەهەموو کوردستاندا .

گەرهاتوو گفتوگۆیەکەشمان وەکۆ لێی رەچاو دەکرێ سەرکەوتو بەکوردستانی ئۆتۆنۆمی راستەقینە شاد بووین ، ئەوا بێگومان دەیکەینە قەڵاو پشتو پەنای هێزە شۆرشگێرەکانی کوردستان و ئێران ، وە بەهەموو جۆرو شێوەیەکۆ هاوکاری و هاوخەباتیان دەکەین تا سەردەکەوون و ئێرانێکی ئازادو سەربەخۆ و دیموکرات بنیات دەنێین لەسەر کەلاوەی حوکمە کۆنەپەرستە شۆڤینیە پەلاماردەرەداگیرکەرەکەی ئیستەیان .

خوشکۆ و برایانی خوشەویست

دەبا نەورۆزی ئەمسالمان بکەینە نەورۆزی خەباتی سیاسی و شۆرشگێرانە بۆ ئاشت بوونەوەی گشتی هێزە سیاسیو چەکدارەکانی کوردستان ، تا ئەویش بمان گەیەنێت بەئاشتیو دیموکراسیوئۆتۆنۆمی راستەقینە .

دەبا هەموو کۆمەڵانی خەلکی کوردستانیش خەباتی ژیرانەی خۆیان سازدەن و جۆش دەن لەپێناوی بەدیهێنانی مافەکانی خۆیاندا کە گفتوگۆی ئیمرۆمان شێوەیەکی ئەو خەباتەیە ، رێگەیەکە بەرەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی خەباتەکەمان !

دەبا هەموو دڵسۆزان و نیشتمانپەروەران یەکگرن !

دەبا هەر شەکاوە بێتئاڵای نەورۆزی کورد کەنەورۆزی رزگاری بووە لەزوڵمو زۆری هەموو زوحاکەکان و لەسەرماو سۆڵی هەموو زستانەکانی ساردو سڕ !

دەبا دەرسلەئەفسانەی مێژوویی نەورۆز وەرگرین لەسازدان و جۆشدانی کۆمەڵانی خەلکۆ بەرێبەری کاوەی ئاسنگەری هەموو سەردەمێکۆ کەرەنجدەرە هوشیارە شۆرشگێرەکانن .

دیسانەوە نەورۆزتان پیرۆز بێتو هەر شاد و سەربەرزو سەرکەوتوو بن .

سۆرداش ۱۹۸٤/۳/۲۱

خوشکان ... برایان ... هەفالان

ئەمە دەقی ئەو پرۆژانەیە کەی . ن . کۆ ئاراستەی دەولـــەتی عیراقی کردبوو گفتوگوکردن لەسەری ، هەرچەند لەراســـتیدا ئـــەم پرۆژانە (تعبیر) لەتەواوی خواستەکانی گەلی کورد ناکەن ، بـــەڵ کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد بەرەو نزیکبوونەوە لەچارەسەرکرد دەبات ، و هاوخەباتی گەلانی عیراق دەپارێزی .

پرۆژەکانیش بریتین :

١ـ کوتایی هێنان بەدوخی ناسایی کوردستان .
٢ـ پرنسیپە گشتییەکانی یاسای ئوتونومی کوردستان .
٣ـ یاسای ئوتونومیگۆڕدراوی کوردستان
٤ـ ئاسایی کردنی بارودوخی شاری کەرکوک ، بەجۆرێک کەببێتە شارێ برایەتیو هاوخەباتی نێوان کوردو عەرەبو تورکمان ،وپاراستنی یەکێتی نیشتمانی عیراق .

یـەکێتـی نیشتمانـی کوردستـان

مەکـتـەبـی سیـاسـی

ئاسایی کردنی دوخی کوردستان
بەکوتایی هینان بەدوخی ناسایی

(بەلێبوردنی گشتی لەتیکرای زیندانە سیاسیو دەست بەسەرو سەربازە راگردووەکان و پەنابەرە سیاسیەکان و هەموو ئەوانەی چونەتە ریزی هیزی پیشمەرگەوە، چ کوردو چ ئەوانەی کسورد نیین. لەمەدەنیو ئەفسەرو سەربازی هیزە چەکدارەکان (ئەمەش هەموو هیزەکانی سوپا، پولیس، ئەمن و پاسەوانی سنور ئەگریتەوە) بەمەرجێک ئەم لێبوردنە تیکرای جورەکانی سزا بگریتەوە، واتە (العقوبات الاصلیه والتبعیه والاثار المدنیه). هەروەها لابردنی بریاری (حجز) لەسەر خانووبەرەو سەروەت و سامانیان و هەلوەشاندنەوەی بریارەکانی دەست بەسەراگرتنیان، پێویستە تەعویزی تەواوی زەرەرمەندەکانیش بدری و تیکرای مافەکانیان بو بگەرێنریتەوە، هەروەها ئازادکردنی تیکرای بەندکراوەکان، کە ئەم لێبوردنە ئەیان گریتەوە لەبەندیخانەو شوێنەکانی تردا

٢- گەراندنەوەی هەموو فەرمانبەرو موچەخورو کرێکارو ئەوانەی کەسەر بەهیزە چەکدارەکانن لەئەفسەرو سەربازو پولیس و هیزەکانی ئەمن و پاسەوانی سنور، هەروەها گەراندنەوەی دەرکراوو خانەنشین کراوەکان و هەموو ئەوانەی لەبەر هەر هۆیەکی سیاسی لەسەرکار لابراون بو سەر ئیش و کارەکانی پێشویان، حسابکردنی سەرجەمی کاتی دورخستنەوەیان لەکار، لەبەرزبونەوەی پلەی کارو زیادبوونی موچەیان.

٣- تیکرای ئەو فەرمانبەرو موچەخورو کرێکارانەی نەقل کراون بو سەر کارێکی تر کەپەیوەندی بەکارەکانی پێشویان نیە، یان بو دەرەوەی پاریزگاکانی خویان لەسنوری ناوچەی ئیستونسومی و پاریزگاکانی تری عیراق. بگەرێنەوە سەر کارەکانی خویان.

٤- گەراندنەوەی قوتابیە دەرکراوو بەندکراوو هەلاتوو پەنابەرەکان و هەموو ئەوانەی پەیوەندیان بەهـ. پ. کەوە کسردووە بو قوتابخانەو ئاموژگاو زانکۆکانیان. رەخساندنی هەلی خوێندن بویان و حیساب نەکردنی ئەو ساڵانەی کە لەخوێندن دابراون بە (سنوات رسوب).

٥- وەرگرتنی قوتابیە کوردەکان لەتیکرای قوتابخانەو ئاموژگاو دەزگاکانی پەروەردەو زانست و زانکو مەدەنیو سەربازی یەکان. هەروەها وەرگرتنی قوتابیە کوردەکان لەهەموو (زەمالەو بعثەو اجازە دراسیەکانی) ناوەوەو دەرەوەی وولاتدا بەبی جیاوازی و بەپێی لیهاتوویی.

٦ـ گەراندنەوەی هەموو خەلکانی لادی و قەزا و ناحیەکوردنشینەکـان کەبو ناوچەکانی دەرەوەو ناوخوی ناوچەی ئوتونومی راگـویزراوە ، گەراندنەوەیان بو دیهات و ناوچە ئەسلیەکانی خـــویان بەپـێی جەدوەلیکی کاتیو بزاردنی عادیلانەی زەرەرەکانیان و پیش خستنی ناوچەکانیان بەمسوگەرکردنی خزمەتگوزاری گشتی بو ئەوەی بـەپـێی توانای سروشتی کشتوکالی ناوچەکە ببیتە مەلبەندی پیشـکەوتـوی کشتوکال و ئاژەلداری و پەلەوەرو پیشەسازی سووک و گـەشـت و هاوینەهەوار ، بو ئەوەی لەمەسەلەی ئاسایش و بەرگری نیشـتمان دا و بو پیش خستنی ئابووری تیکرای وولاتەکەلکی لیوەرگیری .

٧ـ گەراندنەوەی تیکرای ئەو عەرەبانەی کە لەکوردستاندا نیشتەجی کراون بو شوینی ئەسلی خویان .

٨ـ ئازادکردنی بارزانیەکان و گەراندنەوەیان بـــو شـوینەکانـی خویان ، بەمەرجێک هەردوو برگەکانی ١ و ٢ی بەشی یـەکەمی ئـــەم بەیان نامەیە بیان گریتەوە .

٩ـ ئازادکردنی کوردە فەیلیەکان و ریگە پیدانیان بو گەرانەوەیان بو شوینەکانی خویان یان ناوچەکانی ئوتونومی بەمەرجێـکێ هەردوو برگەکانی ١ و ٢ی بەشی یەکەمی ئەم بەیان نامەیە بیان گریتەوە .

١٠ـ جێبەجێ کردنی یاسای ریفورمی کشتوکال لەکوردستاندا وەسکاری کردنی بەجوریکی وا کە لەخزمەتی جوتیار دابـێو کـوتایـی بـــە پەیوەندی یەکانی دەرەبەگایەتی بهێنی، بەجوریکێ جوتیاران ببنـــە خاوەنی زەوی و، باجی زەوی یان لەسەر لابـبری کەبەدریژایـی ساوەی پیشو لەسەریان کەلەکە بووە

١١ـ دامەزراندنەوەی کوری زانیاری کورد بەچەشنیکی وا کـەکیانـی تایبەتی خوی هەبێو یاسای ژمارە ١٨٣ی سالی ١٩٧٠ی کوری زانیـاری کورد جارێکی تر پەیرەو بکریتەوەو لەسەر ئەم بناخەیەدا یـاسـای ئیستای کوری زانیاری عیراق دەسکاری بکری و کوری زانیاری کـورد بو پایتەختی ئوتونومی بگویزریتەوەو وەکو ئەندامێکـی کـوری زانیاری عیراق حساب بکری .

١٢ـ بریندارەوەی موچەی تایبەتی بو تیکرای شەهیدانی کـوردسـتان و پەکەوتەکان ، دابین کردنی شوینی شیاو بو خیزانەکانیان، بەپـێی یاسایەکی تایبەتی . هەروەها هاوتاکردنیان لەگەل تیکرای شەهیدانی عیراق و نیشتمان .

١٣ـ بەشداربوونی کورد لەبەڕێوەبردنی وولاتدا بەبی ئـەوەی لـــە مەسەلەی ئەرکە گشتیەکان دا بەمەنعەبە گرنگەکانی دەولەتیشـــەوە وەکوو وەزارەت و سەرکردایەتی سوپا و هێی تر جیاوازی یان لەگـەل دا بکری ، ئەبێ لیرەدا لیبا تووبێی رەچاو بکری .

١ـ دان نان بەمافی گەلی کورد لەپێکەوەنانی ریکخراوە سیاسـی و پیشەیی و روشنبیری و کومەلایەتیەکان دا وەکو ریکخـــراوی لاوان و ماموستایان و قوتابیان و .... هتد (هەروەک چون لەبەیان نـامەی ئازاردا هاتووە) .

١٥ـ لابردنی ئابلوقەدانی ئابووری ناوچەی کوردستان و نەهێشـتنی

پسولەی ئازوقە وەرگرتن و دابین کردنی هەمو جورە پیداویستیەکانی زیان بو ناوچەی ئوتونومیو سزادانی قورسی قاچاخچیتی و هەمو ئەوانەی دەست بەسەر ئازووقەی گەلدا ئەگرن .

١ـ گیرانەوەی خزمەتگوزاری و ئاوەدان کردنەوەو گەشەپیدان بە ناوچەی کوردستان بەپروژەکانی ئاودیری و بەست و کشتوکال کارەبا و پیشەسازی و مەجاری و ئاو و ریگاوبان و پردو کردنەوەی قوتابخانەو نەخوشخانەو تیمارگەو خانوبەرەشەوە . دانانی پلانیکی تایبەتی بو پیش خستنی ناوچەکە لەهەموو رویەکەوە ، بو لابردنی هەموو روکاری دواکەوتن و زیانیکی کە لەکوردستان کەوتووە بەدیاری کردنی بودجەیەکی تایبەتی بوی .

١٧ـ هەلوەشاندنەوەی مەفرەزە تایبەتیەکان (واتە جاش)و کۆکردنەوەی هیزەکانی سوپا لەشارو شاروچکەو دیهاتەکان ، هەلگرتنی رەبیەو سەربازەکان ، تەنیا لەو شوینانەدا بمیننەوە کەپیویستن بو بەرگری کردن دژی پەلامارەرانی ئیرانی .

١٨ـ ریگەنەدان بەهیزەکانی سوپاو ئەمن و ریکخراوە حیزبیەکانی بو دەستێوەردان لەکاری هاوولاتیان و دەرچونیان لەسنورەکانیان ، بەجوریک کەریزی مافە دیموکراتیەکانی خەلک بگرن .

١٩ـ بەزور نەکردنی هاوولاتیان بەبەعسیو جەیشی شەعبی نەبەستنەوەی (انتمای حزبی) هاوولاتیان بەممارسەی مافەکانیان بو گەیشتن بەپلەو پایە .

پـرنسیپە گشتیەکانی یاسای ئوتونومی کوردستانی عیراق

یەکەم : ناوەرۆکی ئوتونومی :

١ـ سەلماندنی مافی گەلی کورد لەحوکمکردنی ناوچەی کوردستانـی عیراق، لەچوارچیوەی کوماری عیراقدا ، لەری ی ئـنجومەنیکـی یاسادانانەوە (تشریعی) کەمەجلسیکی تنفیذی بزیارەکانی بەریوە دەبات .

٢ـ ئیش و کارەکانی سەرۆکایەتی دەولەت ، بەرگری ،دەرەوە ، دارایی گشتی، (تخطیط مرکزی)، گومرگ ، نەوت و پیشاسازی یە سەنگینەکـان ، بازرگانی دەرەوە ، بانکەکان ، دادپەروەری ، پوستەو ئـەلگـراف و تەلەفون ، هەموی دەکەونە ژیر دەسەلاتی بەریوەبردنی دەولەتـەوە ، جگە لەوانە چی هەبی لەسنوری ناوچەی ئوتونومیدا ردا ، دەکەویتە ژیر دەسەلات و بەریوەبردنی ناوچەی ئوتونومیەوە .

٣ـ جیبەجی کردنی ناوەرۆکی سەیان نامەی ١١ئازاری ١٩٧٠، بـو دان نان بەمافەکانی گەلی کوردا .

٤ـ ئەنجومەنی یاسادانان :

ا ـ هەلبژاردنی ئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان لـەریگـای هەلبژاردنیکی ئازادو راستەوخوو دیموکراتیبەوە ، بـبـی دەستتیوەردانی هیچ کەس و ناقم و لایەنیک .

ب ـ ئەنجومەنی یاسادانان مافی دانانی ئەو یاسایانەی دەبی بـو بەریوەبردنی ئەو کارانەی کەدەکەونە ژیر دەسەلاتیەوە ، کـە لـە مادەی دووەمدا هاتوون . بەمەرجیک لەگەل دەستوری ولانـدا بگونجین ، خو گەر هاتوو نەگونجاندنیک هاتە پیش لـەگـەل یاساکانی دەولەتدا ، ئەوا بو حەل کردنی پەنا دەبریتـە بـەر ئەنجومەنی دەولەت ، یان دادگای تەمیز .

٥ـ ئەنجومەنی راپەراندن (تنفیذی) :

ا ـ ئەنجومەنی راپەراندن لەسەرۆکی ئەنجومەن پیکدیت کەسەرۆک کومار لەناو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانانی هەلبژیردراو هەلی دەبژیریت . لەگەل جیگری سەرۆک و چەند ئەندامیکی تر بـو بەریوەبردنی دەستوری و دیموکراتیانەی ئەمانەکان کە لـە داهاتوودا پیاده دەکەین .

ب- ئەمیندارێتی یەکانی ئەنجومەنی راپەراندن پێکدێن
١- ئەمیندارێتی کشتوکاڵ و چاککردنی کشتوکاڵ .
٢- ئەمیندارێتی تەندروستی .
٣- ئەمیندارێتی پەروەردە و فێرکردن .
٤- ئەمیندارێتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن .
٥- ئەمیندارێتی کاروباری ناوخۆ .
٦- ئەمیندارێتی ئەوقاف .
٧- ئەمیندارێتی لاوان .
٨- ئەمیندارێتی ئارەزوانی و دیهات .
٩- ئەمیندارێتی بازرگانی ناوخۆ .
١٠- ئەمیندارێتی کاروباری کۆمەڵایەتی .
١١- ئەمیندارێتی گواستنەوە و هاتوچۆ .
١٢- ئەمیندارێتی کار .
١٣- ئەمیندارێتی پیشەسازی یە ناوچەیی و سوکەکان .
١٤- ئەمیندارێتی تەموین .
١٥- ئەمیندارێتی پەرەپێدان و ئاوەدان کردنەوە .
١٦- ئەمیندارێتی گەشت و گوزارو هاوینەهەوارەکان .
١٧- ئەمیندارێتی اسکان و تعمیر .
١٨- ئەمیندارێتی دارایی .
١٩- ئەمیندارێتی شاودێری .
ج- ئەنجومەنی (ڕاپەراندن) دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانی دەبێ لەناوچەی ئوتۆنومیدا .
د- سەرۆکی ئەنجومەنی (ڕاپەراندن) پلەی جێگری سەرەکی وەزیرانی دەولەتی دەبێ و ئەمیندارەکانیش پلەی وەزیر، مافی ئامادەبوونی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیشیان دەبێ.
هـ- سەرەکی کومار مافی چاوەدێری بەریوەبردنی کارەکانی نێوان ناوچەی ئوتۆنومی و دەولەتی هەیە .

دووەم : ناوچەی ئوتۆنومی :

ناوچەی ئوتۆنومی لەم پارێزگایانە پێکدێ :
ا- هەولێر .
ب- سلێمانی .
ج- دهۆک کەئەم تەزایانەش دەگرێتەوە : ئاکری ، شیخان، شنگار.
د- دانانی پارێزگایەکی نوێ یان زیاتر کەئەم تەزایانەبگرێتەوە بەهەموو ناحیەو ناوچەکانیانەوە :
١- کفری .
٢- توز .
٣- داقوق .
٤- کەلار .
٥- مەندلی .
٦- خانەقین .

۷ـ قالتون کوپری .
۸ـ قاەرکەرەم .
۹ـ قەرەھەنجیر .
۱۰ـ لەیلان .

سێهەم : زمان :

ا ـ خویندنی زمانی عەرەبی وەک زمانێکی سەرەکی لـــەهـەمـــوو قوتابخانەکانی کوردستاندا . زمانی عەرەبی زمانی وتوویژو نامەکاری نیوان دەزگاکانی دەولەت و ناوچەی ئوتونومی دەبی .

بـ زمانی کوردی ، زمانی ڕەسمی نیوان دەزگاکانـــی نـاوچـــەی ئوتونومییە ، و لەگشت دائیرە ڕەسمیو نیمچە ڕەسمیەکاندا بـەکـار دەهێنری . هەروا لەگشت قوتابخانەو ئاموژگاو زانکۆکـاندا . بـــە ڕەچاو کردنی مافی کەمە نەتەوەی یەکانی ناوچەکە لەخویندن بـــە زمانی زگماکی خویان شان بەشانی زمانی عەرەبیو کوردی .

چوارەم : بودجە :

ناوچەی ئوتونومی بودجەی تایبەتی خوی دەبی، بو پـرکردنـــەوەی پێویستیەکان و بەڕێوەبردنی کاروباری ناوچەکە . ئـەم بـودجەیـە

گەنجومەنی ڕابەڕاندن دای دەنیو گەنجومەنی یاسادانان بڕیـــاری لەسەر دەدا و سەرۆک کومار بەپێی مادەی هەشتەمی یاساکە بـڕیاری لەسەر دەدا

پێنجەم : مافی کەمە نەتەوەکان :

عەرەبەکانی ناوچەی ئوتونومیو کەمە نەتەوەی یەکانی دی هـەمـــوو مافە ڕوشنبیری و ئیداری یەکانی خویان دەبی، هـــەروا مـافـی نوێنەرایەتیان دەبی لەگەنجومەنی یاسادانان و دەزگاکانی تـــری ئوتونومیدا .

یاسای گوردراوی
ئوتونومی ناوچەی کوردستا

بای یەکەم : ناوەرۆک و پرنسیپەکانی یاسای ئوتونومی .
بەشی یەکەم : پرنسیپە گشتییەکان

مادەی یەکەم :

ا- ناوەرۆکی یاسای ئوتونومی :

سەلماندنی مافی گەلی کورد لە حوکم کردنی ناوچەکەیدا ، لە چوارچیوەی کۆماری عیراقدا ،لەری ئەنجومەنی یاسادانان راپەراندنەوە .

ب- هەروەک چون لەم یاسایەدا هاتووە کوردستان ناوچەیەکی ئوتونومیدار دەبێ و پێی دەوتری ناوچەی ئوتونومی

ج- ناوچەی ئوتونومی لەم پاریزگا و قەزا و ناحیانە پێکدێ :

ا- پاریزگاکانی : هەولێر، سلێمانی، دهۆک .

۲- قەزاکان و ناحیەکانی: شاکری ، شنگار، شێخان ، زمار توز، کفری ، داقوق، خانەقین، مەندەلی، ئالتون کۆپری قادرکەرەم، قەرەهەنجیر، لەیلان .

د- ناوچەکە لەیەک یەکەی (وەحدەی) ئیداری پێکدێ کەشەخسیەتێکی ئوتونومیدارە، لەچوارچیوەی یەکێتی یاساییو سیاسیو ئابووری کۆماری عیراقدا ، بەپێی یاسای پاریزگاکانی عیراق بەرەچاو کردنی یاسای دەسکاری کراوی ئوتونومی ناوچەی کوردستان .

هـ- ناوچەکە بەشێکی جیانەکراوەیە لەخاکی عیراق و گەلەکەشی بەشێکی جیانەکراوەیە لەگەلی عیراق ، هەولێر پایتەختی ناوچەی ئوتونومیە .

و- دەزگاکانی ئوتونومی بەشێکن لەدەزگاکانی کۆماری عیراق .

مادەی دووەم: زمان

ا- زمانی کوردی ، زمانی سەرەکی ناوچەکەیە ، لەهەموو دائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیو دەزگاکانی ئوتونومیو قوتابخانە و ئاموزگاکان و لەهەموو قوناخەکانی خوێندنا بەکاردەهێنری . بەرەچاو کردنی مافی کەمە نەتەوەگان لەخوێندن بەزمانی زگماکی خۆیان شان بەشانی زمانی کوردی و عەرەبی .

ب- زمانی عەرەبی وەکوو زمانێکی سەرەکی لەهەموو قوناخەکانی خوێندندا دەخوێنری . هەروا زمانی ئاخاوتنی نێوان دەزگاکانی ئوتونومیو دەولەت دەبێ .

۹

ج- دانیشتوانی ناوچەکە مافی خویندنیان هەیە ، بەهەرچی زمانێک کەدەیانەوێ ، بەبێ ڕەچاوکردنی زمانی زگماکیی .
د- خویندن لەناوچەی ئوتونومیدا ، بەپێی یاسای گشتی خویندن دەبێ لەعیراقدا ، بەڕەچاوکردنی تایبەتیتی ناوچەکە .

مادەی سیهەم:

ا- ماف و ئازادی یەکانی بۆ هەموو کەسە نەتەوەکانی ناوچەکە بەپێی دەستور پارێزراوە ، ئیدارەی ناوچەی ئوتونومی مافی بەکاربردنی ئەو یاسایانە بۆ دابین دەکا .
ب- هەموو یەکان و کەسە نەتەوەکانی ناوچەکە مافی بەشداری کردنی دەزگاکانی ئوتونومیان هەیە بەپێی ڕێژەیان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە ، و بەشداری لەبەڕێوەبردنی کارەکانی ناوچەکەدا ئەکەن بەپێی ئەو ڕێژەیە ، بەڕەچاوکردنی توانا و لێوەشاوەییان .

مادەی چوارەم : داوەری

داوەری بەپێی یاسا سەربەخۆیە و داوەری ناوچەی ئوتونومی بەشێکە لەداوەری کۆماری عیراق .

بەشی دووەم : پرنسیپەکانی دارایی

مادەی پێنجەم :

دارایی ناوچەی ئوتونومی یەکەیەکی سەربەخۆیە لەچوارچێوەی یەکەی دارایی دەوڵەتدا

مادەی شەشەم :

ناوچەی ئوتونومی بودجەی تایبەتی خۆی دەبێ، بۆ بەڕێوەبردنی ئەرکانەی کە بەدەزگاکانی ئوتونومی دەسپێردرێن . ئەم بودجەیە لەلایەن ئەنجومەنی ڕاپەراندنەوە دادەنرێ و سەرەکی کۆمار بریاری لەسەر دەدا .

مادەی حەوتەم:

بودجەی ناوچەی ئوتونومی لەم بەشانەی خوارەوە پێکدێت :

ا- بودجەی ئاسایی .
ب- بودجەی سالانەی بەگەڕخستن (استثمار) .
ج- بودجەی مۆسسەو کارگەکان و بەڕێوەبەندی یەکسانکردن (المصالح الانتاجیه) ناوچەییەکان .
د- بودجەی ئیدارە ناوخۆی (الاداره المحلیه)و شارەوانیی و هاوینەهەوارەکانی ناوچەکە

مادەی هەشتەم:

بودجەی ناوچەکە لەم لایەنانەی خوارەوە پێکدێ :

ا- دەسکەوتی ناوخۆیی کەبریتیە لە :
ا- داهاتی باج و باجی کاروباری ناوچەکە (الضرائب والرسوم) بەدەسکەوتی باجی شارەوانییەکانیشەوە (الرسوم البلدیه).
ب- نرخی فرۆشیاری (مبیعات)و کرێی خزمەتگوزاری یەکان .
ج- بەشی داهاتی ناوچەکە لەقازانجی (مصالح)و مۆسسەکانی سەر بەبودجەی ناوچەکە .

٤- باجی زەوی و زار .
٥- باجی زەوی یە کشت وکالیەکان ، بەبەشی ریفورمیکشتوکالیشەوە لەبەربومە کشت وکالیەکان .
٦- باجە سەرەکییەکان و (اضافی) زەوی و خانوبەرە .
٧- باجەکانی پاش مەرگ (ترکات) .
٨- رەسمی دائیرەکانی تاپو .
٩- رەسمی ناونوسی کردن و گورینی خاوەندارێتی ئوتوموبیل .
١٠- ئەو قەرزو بەخشندەگییانەی (منح) کەدەولەت پێشکەشناوچەی ئوتونومی دەکا .
١١- پارەی پولی مالی .

ب- دانانی ریژەیەک کە لە٢٥% میزانیەی ئاسایی دەولـــــــەت و پروگرامی پەرەپیدان کەمتر نەبێ بو راپەراندنیپیداویستیەکانی ناوچەکە ، بەرەو پێشکەوتن و گەشەکردنی شان بەشانی هـــەمـــوو عیراق .

مادەی نوهەم :

ژمێریاریی (حسابات) ناوچەی ئوتونومی دەکەوێتە ژێر چاوەدێـــری سەروکایەتی چاوەدێری مالی گشتییەوە .

باب دووەم: دەزگاکانی ئوتونومیو دەسەلاتەکانیان .

دەزگاکانی ئوتونومی تێکرای کارەکانی ناوچەکە بەرێـــوە دەبـــەن جگە لەکاروباری سەروکایەتی دەولەت ، بەرگری و کاروباری دەرەوە، دارایی گشتی، (تخطیط مرکزی)، گومرگ ، نەوت و پیشەسازی یـــە سەنگینەکان ، بازرگانی دەرەوە ، بانکەکان ، دادپەروەری ، پوستەو تەلگراف و تەلەفون ، کەدەکەونە ژێر دەسەلات و بـــەرێـــوەبردنـــی دەولەتەوە .

بەشی یەکەم : ئەنجومەنی یاسادانان

مادەی دەیەم :

ئەنجومەنی یاسادانان ، ئەو ئەنجومەنەیە کەلایەن هاوولاتیانـــی ناوچەکەوە بەپێی هەلبژاردنێکی دیموکراتیو سەربەست و راستەوخو و بەبێ دەستێوەردانی هیچ لایەنێک ، هەلدەبژێردرێ . بەپێی یاســـا چونیەتی کارکردن و ریکخستن و مەرجەکانی هەلبژاردن دەستنیشـــان دەکرێ .

مادەی یانزەهەم :

ا- سەروکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و رازگری ئەنجومەن (امین ســـر) لەنێوان ئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان هەلدەبژێردرێن .
- کوبونەوەکانی ئەنجومەن بەئامادەبوونی زوربـــــنـــەی زوری ئەندامان دەبەستری ، هەروا بڕیارەکانی بەزوربـــەی دەنگـــی ئامادەبوان دەدرێ . ئەگەر یاسای ئەنجومەن پێچەوانەی ئـــەوە نەبێ .
ج- دەرکردنی بڕیاری تایبەت بەناوچەکە لەو کارانەی کـــەدەکەونـــە

ژیر دەسەلاتی یەوە ، بەبریاری تایبەتی دەربارەی باج و دەسکەوتی ناوچەکە ، بەمەرجێک دژایەتی دەستوورو پرنسیپە سەرەکییەکانی یاسای دەولەت نەکەن .

د- دان نان بەپلانی پەرەپیدانی ناوچەکە ، کەئەنجومەنی راپەراندن ئامادەی دەکا .

هـ- دەرکردنی بریاری پیویست دەربارەی بەریوەبردنی دائیرەرەسمی و نیمچە رەسمی و مؤسسەو دامەزراوەکانی ناوچەکە .

و- بریاردان لەسەر بودجەی ناوچەکە .

ز- گفت وگو و لێپرسینەوەی ئەندامانی ئەنجومەنی راپەراندن لەکارەکانیاندا .

ح- دەرکردنی بریاری متمانە پێکردنی ئەنجومەنی راپەراندن،بەیەکێ یان زیاتر لەئەندامەکانی، ولابردنی هەرچ ئەندامێک کە متمانە پێکردنی نەمینی، بریاری وەرگرتنەوەی متمانە لە ئەندامانی ئەنجومەنی راپەراندن ، بەزوری دەنگی ئەندامانی ئەنجومەن دەدری .

ط- بریارەکانی ئەنجومەنی یاسادانان ، بەبریاری یاسایی دەژمێردری .

مادەی دوانزەهەم :

ا- ئەنجومەنی راپەراندن ، دەستەی رایەرینەری کاروباری ئوتونومییە لەناوچەکەدا .

ب- ئەنجومەنی راپەراندن ، لەسەروکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و چەند ئەندامێک ، کەژمارەیان بەقەدەر ژمارەی ئەو ئەمانەتانەن یان دوو ئەندام زیاتر لەبرگەی (ح) ئەم مادەیەدا دیاری پێک دێت .

ج- سەروکی ئەنجومەنی راپەراندن لەلایەن سەرەکی کومارەوە دەست نیشان ئەکری ، کەیەکێک لەئەندامەکانی ئەنجومەنی یاسادانان دەبێ، و ئەنجومەنی راپەراندن بەپێی دەستوورو بەشێوەیەکی دیموکراتی دادەنری .

د- سەروکی دانراوی ئەنجومەن ، جێگرەکەی و باقی ئەندامەکانی ئەنجومەن لەنێو ئەندامانی ئەنجومەنی یاسادانان یان ئەوانەی مەرجی ئەندامەتیان هەیە ، هەلدەبژێری و داوای متمانەی ئەنجومەنی یاسادانان دەکا ، پاش متمانە پێکردنی ئەنجومەنی یاسادانان ، بریاری کوماری لەدانانی ئەنجومەن دەدری .

هـ- سەروکی ئەنجومەنی راپەراندن ، جێگری سەرەک وەزیران و ئەندامەکانی وەک وەزیر دەبن لەدەولەتدا ، مانی ئامادەبوونی کۆبونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانیان هەیە .

و- سەرەکی ئەنجومەنی راپەراندن ، دەسەلاتی سەرەک وەزیرانی دەولەتی هەیە لەناوچەکەدا ، ئەنجومەنیش دەسەلاتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەیە لەناوچەکەدا ، و مانی دەرکردنی پروگرامی تایبەت بەناوچەکەیان هەیە .

ز- ئەندامانی ئەنجومەنی راپەراندن (ئەمیندارە گشتییەکان)

دەسەلاتی وەزیریان هەیە لەکارەکانی ئەمانەتەکاندا .
ح- ئەم ئەمانەتانەی خوارەوە سەر بەئەنجومەنی رابەراندن دەبن:
١- رەی (ئاوەیری) .
٢- ناوخو .
٣- بەروەردەو فیرکردن .
٤- روشنبیری و راگەیاندن .
٥- ئاسکان و تعمیر .
٦- کشت وکال و ریفورمی کشت وکال .
٧- پیشەسازی یە ناوچەیی و سوکەکان .
٨- گواستنەوەو هاتوچو .
٩- لاوان .
١٠- ئارەوانی .
١١- گەشت و گوزارو هاوینەهەوارەکان .
١٢- بازرگانی ناوخو .
١٣- ئەوقاف .
١٤- کارو کاروباری کومەلایەتی .
١٥- تەندروستی .
١٦- تەموین .
١٧- بەرەپیدان .
١٨- دارایی و کاروباری ئابووری
ط- تیکرای دائیرە رەسمی و نیمچە رەسمی و مؤسسەو دامەزراوەکان پەیوەندی یەکی راستەوخویان دەبی بەئەمانەتەکانەوە لەناوچەکەدا .
ی- سەرەکێ کومار سەرپەرشتی دەزگاکانی ئوتونومیی ئەکا ، بریارەکانی ئەنجومەنی رابەرانذنیش بو سەروکایەتی کومماری عیراق دەنیری .
ک- سەرەکێ کومار دەتوانی سەرەکی ئەنجومەنی رابەراندن لەکار بخا ، بەمەش ئەنجومەنی رابەراندن هەلدەوەشیتەوە .
ل- لەکاتی هەلوەشاندنەوە یان متمانە لێوەرگرتنەوەی ئەنجومەنی رابەراندنذا ، ئەنجومەن بەردەوام دەبی لەسەر رابەراندنی کارەکانی، تا دانانی ئەنجومەنێکی نوی ، بەمەرجێک ئەو ماوەیە لە١٥ روژ زیاتر نەبی .

مادەی سیانزەهەم :

تیکرای ئەو یاسایانە هەلدەوەشیتەوە کەپێچەوانەی ئەم یاسایەن و، تەنها بەم یاسایە کار دەکری .

مادەی چواردەهەم:

ا- پاریزگاکانی ناوچەکە پەیوەندیان بەسەرەکی ئەنجومەنی رابەراندنەوە دەبی .
ب- ئەمنی ناوخو (الامن الداخلی)ی ناوچەکەو تیکرای هێزەکانی پاراستنی ئاسایش پەیوەندیان بەئەمانەتی ناوخوەوە دەبی .
ج- ئەنجومەنی رابەراندن بو رابەراندنی کارەکانی سوود لە

مەکتەبانە (مکاتب) وەردەگری :
١- مەکتەبی ئەنجومەنی راگەیاندن .
٢- مەکتەبی پشکنین و (متابعە) .
٣- مەکتەبی (احصاء)و پلان .

مادەی پانزەهەم :

ئەنجومەنی رایەراندن ئەم دەسەلاتانەی خوارەوەی دەبی:
ا- مسوگەرکردنی کارکردن بەیاساکان لەناوچەکەدا .
ب- ئیلتزام کردن بەبریارەکانی داوەری .
ج- پاراستنی دادپەروەری و ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەو پاراستنی دام‌و دەزگا نیشتمانی‌و ناوچەییەکان .
د- دەرکردنی بریاری پیویست‌بو بەریوەبردنی بریارەکانی تایبەت بەناوچەکە
هـ- ئامادەکردنی پلانی گشتی دەربارەی کاروباری ئاسایشوری و کومەلایەتی‌و پرۆژەکانی پەرەپیدان و کاری پەروەردەو فیرکردن و خویندنی بالاو تەندروستی‌و کار، بەشیوەیەکی کەلەگەل پلانی گشتی دەولەتدا بگونجێ، پاشان بەرزکردنەوەی بو ئەنجومەنی یاسادانان بو بریار لی دانی .
و- دانانی ئەو موچەخورانەی کەبەبی بریاری کومسیاری دادەنرێن بەپێی یاسای (قوانین الخدمه والملاک)و یاسای تایبەتیان بەسەرا دەچەسپینی .
ز- لەو ناوچانەی کەزوربەی دانیشتوانی کوردە بەریوەبەرانی کورد دەبن ، بەرەچاوکردنی مادەی سیهەمی ئەم یاسایە .
ح- بەریوەبردنی میزانیەی ناوچەکە بەپێی یاسای تایبەتی دەولەت.
ط- ئامادەکردن و بەرزکردنەوەی راپورتی تایبەت دەربارەی ناوچەکە بو سەرەکی کومارو ئەنجومەنی یاسادانان .

بابی سیهەم : پەیوەندی نیوان دەولەت‌و دەزگاکانی ئوتونومی .

مادەی شانزەهەم :

جگە لەو دەسەلاتانەی کەدەزگاکانی ئوتونومی لەناوچەکەدا هەیانە ، باقی کارەکان لەسەرانسەری عیراقدا دەکەونە ژێر دەسەلاتی دەولەتەوە .

مادەی حەفدەهەم :

ا- دائیرەکانی دەولەت لەناوچەکەدا ، سەر بەوەزارەتە تایبەتەکان دەبن و کارەکانیان تەنها لەسنوری دەسەلاتیان ئەنجام ئەدەن ، دەزگاکانی ئوتونومی مافی ناردنی راپورتیان هەیە بو وەزارەتەکان لەسەر ئەو دائیرانە .
ب- دانان و لابردن و تەقل کردنی سەرەکی ئەو دائیرانەی کە لە برگەی (ا)دا هاتوون ، بەدەستوەزیری تایبەتمەند دەبی ، پاش پرس و را پێکردنی سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان .
ج- دانان و تەقل کردنی کارمەندەکانی ئەو دائیرانەی لەبرگەی (ا)دا هاتوون بەبی بریارو ئەو دەسەلاتانە دەبی کە لەکومساری عیراقدا کاریان پی دەکری ، بەرەچاوکردنی برگەکانی پیشوو .

١٤

د- دەولەت لەسنوری دەسەلاتیا دەتوانی ریخنوسی ئیدارە ناوچەییەکان (الادارە المحلیە) بگات کە لەمادەی دوانزەهەمدا هاتوون .

مادەی هەژدەهەم :

ا- دادگایەکی بالای دەستوری چاوەدێری بریارەکانی دەزگاکانی ئوتونومی دەکا

ب- وەزیری دادپەروەری دەتوانی رەخنە لەبریارەکانی دەزگاکانی ئوتونومی بگری لەماوەی ٣٠ رۆژدا لەبەردەم دادگایەکی بالای دەستوریدا پاش ئاگادارکردنەوەی دەزگاکانی دەولەتلەو بریارانە .

ج- لەکاتی رەخنەگرتن لەبریارەکانی دەزگاکانی ئوتونومی لەبەردەم دادگای دەستوریدا ، ئەو بریارە رادەگیری تا کاتی دەرکردنی بریاری دادگا .

د- دادگای دەستوری دەبی لەماوەی ٣٠رۆژدا بریاری خوی لەبریارە رەخنە لیگیراوەکان بدا . و بریارەکانیشی یەکجاری یە .

هـ- بریارەکانی دەزگاکانی ئوتونومی، پاش ئەوەی دادگای دەستوری بریاری کار پی نەکردنی دەدا ، بەهەلوەشاوە دەزمیردری لەگەل هەرچی شتیکی پەیوەندیدار بەو یاسایە (علی ازاله جمیع الاثار القانونیه المترتبه علیها) .

و- دادگای بالای دەستوری چاوەدێری دروستی یاسا و بریارەکسانی دەولەت دەکا ، تا لەگەل بریارەکانی ناوچەی ئوتونومیدا دژنەبن

ز- سەرەکی ئەنجومەنی یاسادانان مافی رەخنەگرتنی لەو یاسا و بریارانەی هەیە کە لەدەولەتی مەرکەزی یەوە دەردەچن و دژی یاسا و بریارو دەسەلاتە پیدراوەکانی دەزگاکانی ئوتونومین لەبەردەم دادگای بالای دەستوریدا

ح- برگەکانی (ج) و (د) و (هـ) و (و) بەرچاو دەگیرین لەکاتی رەخنەگرتن و بریار لیدان لەبریارەکان دا .

مادەی نوزدەهەم :

ا- سەرۆک کومار دەتوانی ئەنجومەنی یاسادانان هەلوەشینیتەوە ئەگەر نەیتوانی کارەکانی بەریوە ببات ، یسان بەهەوی (ئیستیقالەی) نیوەی ئەندامانی ، یان نەبوونی (نصابی قانونی) لەکاتی کوبونەوەدا لەماوەی ٣٠رۆژدا ، یان بەهوی متمانە پی نەکردنی دوجار لەسەریەک ، وەک چون لەبرگەی (د)ی مادەی دوانزەهەمدا هاتووە ، یان لەکاتی بەجی نەهینانی بریارەکانی (هیئه الرقابه) بەپیی مادەی هەژدەهەمی ئەم یاسایە .

ب- لەکاتی هەلوەشاندنەوەی ئەنجومەنی یاسادانان ، ئەنجومەنی راپەراندن بەردەوام دەبی لەسەر کارەکانی تا کاتی هەلبژاردنەوەی ئەنجومەنیکی نوی لەماوەی (٩٠) رۆژدا لەرۆژی دەرچونی بریاری کومار بەهەلوەشاندنەوەی .

مادەی بیستەم :

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوبونەوەی کاری پی دەکریت .

١٥

دەربارەی ئاسایی کردنی بـــارو
دوخی شاری کەرکوکۆ و کردنی بەشاری برایەتی هاوخەباتی نیوان کوردو
عەرەب و تورکمان ، شاری پاراستنی یەکیتی نیشتمانی عیراق

یەکەم : گەراندنەوەی فەرمانبەرو موچەخورو کریکارە دەرکـــراو و خانەنشین کراو و عەزل کراو و دەستپێ لەکار هەلگرتـــو و نەقل کراوەکان بو پارێزگاکانی تر ، گەراندنەوەیان بوکارەکانیـــان لەشاری کەرکوکدا ، هەروەها گەراندنەوەی هەموو ئەوانەی لەکەرکـوکۆ دەرکراون بو شوێنەکانی خویان ، و پاداشت دانەوەیان لـــەهەموو زیانێکی لێیان کەوتووەو ئامادەکردنی خانوبەرەی بـــاش بوێـــان . هەروەها گێرانەوەی هەموو قوتابیە دەرکراو و نەقـــل کراوەکان بـــو قوتابخانەکانیان ، بەمەرجێک ماوەی دورکەوتنەوەیان بەدەرنەچـون نەژمێردرێت .

دووەم : هەلوەشاندنەوەی هەموو بڕیارەکانی دەست بەسەراگـرتـــن (مصادرە و حجز)ی پارەو نەختینەو خانوبـــەرەو رەوی و زاری هاوڵاتیە کوردەکان ، و گێرانەوەی بۆیان . لەکاتی فـــەوتانـــی دا پاداشت دانەوەیان .

سیەەم : گێرانەوەی جوتیارە کوردە دەرکراوەکان بـــو دێهـــات و دەوروبشتی شاری کەرکوکۆ و پاداشت دانەوەیان لـــەهـــمـــوو زیانێکی کەلێیان کەوتووە .

چوارەم : هەلوەشاندنەوەی بڕیاری چاوەدێری (رفع الحظر) هـــەموو هاوڵاتیەکوردەکان لەشاری کەرکوکۆ و دەوروبشتی .

پێنجەم : هەلوەشاندنەوەی بڕیاری چاوەدێری (رفع الحظر) هاوڵاتیـــە کوردەکان لەتیکڕای دائیرە رەسمی و نیمچە رەسمی و دامەزراوە نەوتیو کێبریت و کارەبا و باقی دائیرەکانـــی تـــردا لەکەرتی دەولەتیو تێکەلاو و تایبەتی ناو شاری کەرکوکۆ .

شەشەم : (رفع القید) ریگەدان بەهاوڵاتیە کوردەکان لـــەگڕیـــن و فرۆشتن و بینا کردن و زەوی و زارو خانوبەرەو شـــتی تـــر لەناو شاری کەرکوکۆ و دەوروبشتی بەبێ دەستێوەردانی دەزگاکانـــی ئەمن و لایەنەکانی تر .

حەوتەم : گێرانەوەی خویندن بەکوردی لەگشت قوتابخانەو گـــەرەکـــە کوردی یەکاندا .

هەشتەم : ئازادکردنی ڕێکخراوە پیشەیی و سەندیکا و سیاسیو هونەری و ئەدەبیو کومەلایەتیەکان لەشاری کەرکوکدا .

نوهەم : نەهێشتنی امتیازاتی هاوڵاتیە عەرەبەکان بو نیشتەجـــێ بوون لەشاری کەرکوکدا و . هەلوەشاندنەوەی هەموو بڕیارێکی

بەزور بەعەرەب کردن و نیشتەجی کردنی بەزور .

دەهەم : کردنەوەی ناوی گەرەکۆ و قوتابخانەو پیشانگا و دیـــهاتـــە
کوردی یەکان کەناوەکانیان گوردرا وە بەناوی کوردی .

یانزەهەم : رەچاوکردنی هاوکیشەی نەتەوەیی لەوەرگـــرتنی کـــار
لەدائیرە رەسمیو نیمچە رەسمیو باقی دامەزراوەکانی
کەسەر بەدەولەتن .

دوانزەهەم : هاوڵاتییە تورکمانەکان هەموو مافەکانی برا عـەرەبو
کوردەکانیان هەیە لەشاری کەرکوکۆ و دەوروپشتیدا .

بەیاننامەی مەکتەبی سیاسی ی.ن.ک

بەبۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە سەبارەت بە

لێبوردنی گشتی

لەوانەی شەڕی یەکێتی یان کردوە

حەوت ساڵ زیاتر یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە پێناوی مافە رەواکانی گەلەکەمان دا ، لە هەلومەرجێکی سەخت و دژواردا لە خەباتی چەکدارانەدا بوە، تا هەلومەرجی خەباتی هێمنانە و گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی عیراق هاتەکایە.

دیارە شەڕ و پێکادانی خەباتی چەکدارانە ، خۆی ستێکی ناخۆشە ، ئەگەرچی لەپێناوی رزگاری و سەرفرازی دایە ، لە پێناوی ئازادی و مافی رەوای گەلەکەمان و لە پێناوی بەرقەرارکردنی ئاشتی و ئازادی دایە ، بەڵام بڕە لە کارەساتی ناخۆش و دڵتەزین ، بڕە لە مەینەتی و مال ویرانی و کوێرەوەری ، لە ملمڵانێی تونددوتیژی بەرژەوەندی چەنایەتی و نەتەوایەتی جیاجیا ، لە بژێوی و عەقڵیەتی جۆراوجۆر ، لە ناکۆکی و ملمڵانێی خوێناوی . کە بێگومان دەستێوەردان و فیتی بێگانە وچەوسێنەران دەورێکی کاریگەریان بووە لە قوڵبوونەوەیان .

ڕەنگە لە ماوەی ئەو خەباتە چەکدارییەدا ، ناکۆکی سەخت لەگەڵ لایەنەکانی تردا پەیدا بووبێ . دوژمنایەتی و ناحەزی زۆریش لەگەڵ ئەم و ئەو پەیدا بووبێ ، جاش و چەکداری میریش تاوانی زۆریان دەرهەق بە گەلەکەمان و هێزی پێشمەرگە و خەڵکی کردووە .

بەڵام یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بەش خەباتێکی سەخت و ڕاستکردنەوەی دۆخی نالەباری میللەتەکەمان و گەشەپێدانی جوڵانەوە رزگاریخوازەکەی بە خوێنی زیاتر لە سێ هەزار شەهیدی نەمر لە ڕۆژە دڵسۆزەکانی گەلەکەمان کەوتۆتە هەلومەرجێکی نوێوە کە هەوڵ ئەدات بەڕێگەی هێمنانە و گفتوگۆ لەگەڵ میری چارەسەرێکی ئاشتیانە لە چوارچێوەی یەکێتی عیراق دا بۆ مەسەلەی کورد بدۆزێتەوە ، وا گفتوگۆکەش گەیشتۆتە پلەیەکی باش و دوایین قۆناغی لایەلا کردنەوەی ، بۆ یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

وەکو یەکەمین هەنگاوی بەهێز کردنی ریزی نیشتمانی خەڵکی عێراق و هێنانەدی یەکێتی و برایەتی خەڵکی کوردستان بە ئەرکێکی گرنگی خۆی دانێن ، تا یەکێتیی ریزی نیشتمانیی عیراق لەسەر ئەساسی هاتنەدی ماف رەواکانی گەلەکەمان و یەکێتی و برایەتی خەڵکی کورد بەهێز و پتەوبێ . وە هەوڵ ئەدا ئەوەندە کە لە توانادایە و ئەکرێ کۆتایی بەو مێنەتی و کوێرەوەریەی گەلەکەمان بهێنێ کە لەماوەی رابووردوا تووشی هاتوە... کۆتایی بەو هەمو ملمڵانێ خوێناویە بهێنێ ، کۆتایی بەو هەمو ناحەزی و دوژمنایەتیە بهێنێ کە درێژەکێشان و لەسەر رۆیشتنیان ئەبێتە هۆی زیاتر پاش کەوتن و پارچەپارچەبونی کۆمەڵەکەمان ، و هۆی ماندوەی خوێنەواری سیاسی وکۆمەڵایەتی خراپ . بۆیە جارێکی تر ی.ن.ك بە بۆنەی جەژنی قوربانی پیرۆزەوە بانگەوازی ئاشت بوونەوەی گشتی دووبات ئەکاتەوە ، تا بتوانین هەم پارێزگاری ئەو دەسکەوتانە بکەین کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەدەستی ئەهێنن ، هەم یەکێتی ریزەکانی گەل بەهێز و پتەو بکەین بۆ پاراستنی نیشتمان لە هێرش و پەلامارى داگیرکەرە کۆنەپەرستەکان .

بۆ ئەوەش سەرکردایەتی ی.ن.ك بە بۆنەی ئەم جەژنەوە بڕیاری دا :

لایەنەکی نوێ و سپی لەگەڵ هەمو لایەنەکان بکاتەوە و چاو لە هەمو رووداوە ناخۆشەکانی رابوردو بپۆشێ و بەم بۆنەیەوە عفوی گشتی رائەگەیەنێ بە هەمو ئەوکەس و لایەن و تاقمانەی چ بەناوی رێکخراوی سیاسیەوە بان لەپاڵ حکومەتی عیراق دا ، تا ئێستا شەڕی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان و پێشمەرگە و کادرو کەس و کاریان کردون و لە هەمو ئەو ئاوانانەی کردویانە عفویان ئەکات و لە هەقی خۆی خۆش ئەبێ .

ئێمە لەلای خۆمانەوە هیوادارین هەمو ئەو کەسانەش بە گیانی هەست کردن بە مەسئولیەت بەرامبەر بە گەل و نیشتمان بێنە پێشەوە و لایەرەیەکی تازە لە پەیوەندی لەگەڵ ی.ن.ك و کۆمەڵانی خەڵك بکەنەوە بۆ ئەوەی بە هەمو لایەك بڵێین گەلە کەمان دا دابەزرێنین .

مەکتەبی سیاسی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

١٩٨٤ / ٩ / ٣

تاوانیکی تری جاشەکانی رژیمی بەغدا

ئەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانی تێکۆشەر

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە مەکتەبی سیاسی یەکیتی ی نیشتمانیی کوردستان خەبەری شەهیدکرانی رولەی قارەمانی گەلەکەمان کاک سەید کەریم و هەردوو هاوڕێکەی لەناو ئوتومبیلیکی شورش دا رادەگەیەنێت ، کە لەدەوروبەری سەعات چوارونیوی سێشەممەی ١٩٨٤/٩/١٥ دا لەسەر جادەی گشتی و لەپەنا نوقتەی سەیتەرەی میری بەدەستی جاشەکوردەکانی حکومەتی میراقەوە شەهید کران ، کە لەناکاو و بێ پرسیار دایان بوونە بەر دەستێژو گوللەی فار.بی.جی .

جاشە خوفروشە رووڕەشەکان کە بوونەتە داردەستی داگیرکەران وشۆڤێن و ناموسی خۆیان بەپارەو پول فروشتووە، ماوەیەکە میری وەک سەگی هار بەری داونەتە گیانی خەڵکە و پێشمەرگەوە ، بەفاشکراو بێ پەروا تەنانەتەمموو قانونەکانی میری پێ شیل دەکەن و هیچ شەلم کوێرم نابوێرم بەربوونەتە گیانی بێ دەسەڵاتو و دانیشتوانی شارو ئوردوگا زۆرەملێکان کە میری دوا بەدوای بەدیهێنانی سیاسەتی تەعریبکردنی کوردستان جوتیارە راگوێزاوەکانی بەزور تێدا کۆ کردبوونەوە . شەهیدکرانی هەفالی نەمر کاک سەید کەریم و هەفالانی نەمر نەهرو عبدللە سەلیم و ملاح خوشناو ، تاوانێکی گەورەیە دژی کوردایەتی و شورش و یەکێتی نەتەوەیی ی کوردستان کە جاشەکان بە فیت و هاندان و پشتیوانی کاربەدەستانی حیزبی و دەوڵەتی لە کوردستان دا دەیکەن . کە بێگومان ئوبالەکەی نەک هەر لەئەستۆی ئەوکاربەدەستانەیە بەڵکو

سیاسەتی گشتی میریش لەکوردستان دا دەگریتەوە . چونکە دەمێکە بۆیان روون کراوەتەوە کە شەو دەرگا تاوانبارانەیە لەترسی ریسوا بوون لای سەرکردایەتی خۆیان دوای ئەوەی لافاوی جەماهیری ریکەوتن هەریکە بوو هەموو دەرگا پوشاڵی و بەزۆر دامەزراوەکانیان ڕامااڵیت . هەرچی لە دەستیان دێت بۆ تیکدانی ڕێکەوتن دەیکەن .

ماوەیەکە ، بەتایبەتی پاش ئەو ئاڵوگۆڕەی لیژنەی تنسیق بەخۆبەوە دیوە ، جاشەکان هارتر بوون وە تاوانبارەکان : بکوژانی شەهیدانی سلێمانی و ڕانیە و گەلار ئازاد کران، و لەجیاتی سزادانی ئەوانە پیاوی نیشتمانیەروەرو ئاشتی خواز سزا ئەدرێن ، چونکە ئاپانەوێ تاوانەکانی جاشەکان و خۆفروشەکان داپۆشێت .

دبارە نیازێکی گلاوی ئەم جاش هاندانەش کوردانەی شەڕەکەی کوردستانە ، کورد بەکورد بەکوشت دانە : دوور خستنەوەی هێزەکانی عەرەبە لەئاگری شەڕەکەو گردنی کوردە بەسووتەمەنیەکەی .... بەاڵم پیلان گێڕان خەیاڵیان خاوە . کورد هوشیار بۆتەوە ، چاوی کراوەتەوە . جەماوەری گەل هوشیارو ڕابەڕیوە ... شۆڕشەکەمان خاوەنی بێشرەوی ژیرو زانای خۆیەتی کە یەکێتی ی نیشتمانی ی کوردستانە . بۆیە زیندەبەچاڵ کردنی پیلانی داگیرکەران ئاسانە .

ئەم جاشە خۆفرۆشانە دوای ئەو کوبونەوەیەی ئەم دوایی یە کە لەگەرکوکێ پێ یان کراو دەسەاڵتیان پێ دراوە بەربونەتە گیانی خەڵک . بۆیە پیویستە ئەم ڕاستی یەمان هەمیشە لەبەر بێت و ماوەی نێپەڕاندنی ئەو پلانەی کورد بەکوشتن دانە ئەدەین .

با گیانی پاکی شەهیدانی ئەمەر کاکە سەید کەریم و نەهرو صلاح ئەستێرەی ریگەی شۆرش و رزگاری کوردو کوردستانمان بێ . با فیداکاری و قارەمانی و لەخوبوردویی کاکە سەید کەریمو هەفاڵەکانی بکەینە نموونەیەکێ بۆ هەموو پیشمەرگەیەکی کوردستان و نیکوشەرێکی ی . ن . ک .

با دڵسوزی و وەفاداری ئەوان بۆ گەل و نیشتمان پیشەی هەموان بێ .

هەفالانی تێکۆشەر

کۆمەلانی خەلکی کوردستان

راستە لەدەستدانی رۆڵەی قارەمان و دلێری وەکۆ سەید کەریم زیانێکی گەورەیە لە کوردایەتی و شۆرش و ی.ن.کۆ و کوردو کوردستان کەوت .

راستە لەدەستدانی رولەی وا قارەمان و نەبەز کەلەبەری دیار دەخەنە ریزەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە .

بەڵام بێگومان خوینی گەشیان ریگەی رزگاریو دیموکراسی و سەرکەوتنمان باشتر بۆ روون دەکاتەوە ، چاکتر دوست و دوژمنانمان بۆ دەردەخەن ، باشتر بڵێسەی شۆرشەکەمان بەرزو گەشەدار دەکەنەوە . ی.ن.کۆ هیزی شەهیدان و قوربانی دانە لەرێگەی رزگاری کوردو کوردستاندا لە داگیرکەران و دیکتاتوریەت و خوێنمژین :

تا ئێستە دەیان سەرکردەی سیاسی و پێشمەرگانەی لەبیناوی گەلونیشتماندا بەخشیوە .... سەدان کادری سیاسی و پێشمەرگانەی لە کۆڕی شۆرش و زیندانەکانی رژیم دا فیدای کوردو کوردستان کردوە ..... بی ئەوەی پەکی خەباتەکەی کەونبێت : بێ ئەوەی لاوازو کز بووبێت :بەلکو هەردەم ئەو فیداکاری و شەهیدبوونەوەی سەرکردەو کادرو ئەندامەکانی ی.ن.کۆ بۆتە مایەی ئەوەی زۆرتر پایەدارو چاکتر ریشەدارو خۆشەویست بێت لەنا و کۆمەلانی خەڵکدا . هەر بۆیەش هەمیشە رووبە پەرەسەندن و گەشەکردن بووە .

هەفالان : هاونیشتمانیانی خۆشەویست

با شەهیدکرانی کاکە سەید کەریم و کاکە نەهرۆ و کاکە صلاح بکەینە موناسەبەتی یەکیتی و جۆشدانی خەبات .

بێتویستە بەشێوەی شایستەی خۆیان بیان نێژین و هەزاران هەزار کەس ما یی یان لێ بکەن و بە باوەشی گەرمی دایکی نیشتمانیان بسپێرین .

با ڕۆژی ناشتنیان ڕۆژی دەربڕینی توڕەیی و نارەزایی و بێزو قینی کۆمەڵانی خەڵکە بێت لە جاشایەتی و ئۆکەرایەتی کردنی داگیرکەرانی کوردستان .

سەروەری بۆ هەموو شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری و دیموکراسی خەڵکی کوردستان و عێراق .
سەروەری و نەمری بۆ کاکە سەید کەریم و نەهرو ملاح .

شەرمەزاری و مردن بۆ جاشە خۆفروشەکان هاندەرە خوێنڕێژەکانیان .

سەرکەوتن بۆ شۆڕشی ڕزگاری و دیموکراسی گەلەکەمان .

مەکتەبی سیاسی
ی . ن . ک
١٩٨٤/٩/١٦

چەپکە گوڵێك بۆ گیانی نەمری
شەهید سەید کەریم
لە بڵاوکراوەکانی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
- دەزگای ڕاگەیاندن -

له چله‌ی قاره‌مانیکی کوردستاندا

نوسینی : مام جه‌لال

یادی شه‌هیدی نه‌مر سه‌ید که‌ریمی به‌رزنجی یادی رولەیەکی قاره‌مانی کوردستانه ، که هەر له‌سه‌ره‌تای لاوێنیه‌وه فرچکی به‌کوردایه‌تی شورشگیرانه‌و بیروباوه‌ری پیشکه‌وتنخوازانه‌وه گرتبوو :

یادی ئه‌و رۆڵه به‌جه‌رگه‌ی گه‌لی کورد که به‌راستی رۆڵه‌ی بوو ، یادی خۆبه‌ختکردن و فیداکاری و گیانبازی و گیانبه‌خشینه له‌پێناوی گه‌ل و نیشتمانداً . یادی رۆڵه‌یه‌که که باکی هیچ جۆره ئازارو ناخۆشی و زه‌حمه‌تی و بێبه‌شیه‌کی نه‌بوو له‌زیاندا ، هیچ ساتوکاتێ نه‌کا هه‌ر هیچ ترسی له‌دڵدا نه‌بوو ، به‌ڵکو هه‌میشه‌ش گاڵته‌ی به مه‌ترسیه‌کان و بێزی له خۆواردن و خودزینه‌وه له شه‌ڕو خه‌باتی شورشگیرانه‌دا ده‌بووه‌و هه‌رده‌م ئاماده‌یی مردن بوو له‌پێناوی بیروباوه‌ڕو شورش و هه‌فاڵێه‌تی شورشگیرانه‌دا .

یادی سه‌ید که‌ریمی قاره‌مان ، یادی نه‌سڵه‌مینه‌وه‌یه له‌مه‌ترسیه‌کان و نه‌ترسانه له‌دوژمن و بێباکیه له هه‌ڕه‌شه‌و نیشانّی دوژمن که هه‌ر به‌راستی سه‌ید که‌ریم نموونه‌ی ئه‌و رۆڵانه بوو که دڵیان پڕه له‌و سروشتانه‌و پشت‌ئه‌ستوور به‌راست و ره‌وایی مه‌سه‌له‌ی کومه‌ڵانی خه‌ڵکێ و باوه‌ڕی نه‌گۆڕ به‌شورش و پیویستیه‌کانی خه‌بات هه‌میشه دوژمنی به‌دیدی دوارۆژ ده‌هاته به‌رچاو ، بۆیه هه‌میشه له‌ئاستی هه‌ڕه‌شه‌کانی دوژمن و مه‌ترسیه‌کان و سه‌نگه‌ڕو جاشه‌کانی دوژمن دا به گوێره‌ی " چ نیه " وه‌ڵامی ده‌دایه‌وه ئه‌ویش زۆر به‌دڵنیایی یه‌وه .

باشم له‌بیره که جارێکیان له‌گه‌ڵ پۆلێکێ له تێکوشه‌رانی کوردستانی داگیرکراوی به‌زور به‌تورکیاوه به‌ستراودا ، له ناوزه‌نگه‌وه به‌ره‌و وه‌رتێ ده‌چووین، سه‌ید که‌ریم به

هێزێکەوە هاتبوە لای رەزگە بۆ ئەوەی ری نوێنیمان بکات و بە سەلامەتی بمانگەیەنێتە وەرتێ ! زوان شەو بوو : دەبوایە لەنێوان مارە دوێ و رەزگەدا لەسەر رووبارەکەی نێوانیان لەو شوینەی تۆپەکانی میری پتر لە (٩) پیشمەرگەی کوردستانی شەهید کردبوو وپتر لە چوار دە پیشمەرگەش بریندار کردنی لەکاتی شەر فرۆشتنی بەرەی جود بە ی . ن . ک .

کە گەیشتین زانیمان سەید کەریمی پالەوان بەهێزێکەوە لەو ناوچەیەو رێگەو شوێنی بۆ ئێمەش دانا وە تاکو بە سەلامەتی بمانگەیێنیتە وەرتێ ! بۆشمان دەرکەوت کە پێ گوی دانە دوژمن ، وە لەپیناوی سەرخستنی کاروانەکەدا خراپترین و سامناکترین شوێنی بۆ خۆی دانا وە ! کە پێ ی گەیشتین وەک هەمیشە دلێرو نەبەزو دلنیا ، بەباوەڕی نەگۆڕەوە بەهێزی پیشمەرگەو بیباکانە لەدوژمن ، ریگەی بۆ خوش کردووین ! پێم ناخوش بوو کە خۆی لەهێزەکانی دوژمن نزیک بکاتەوە ، لەوەڵامدا گوتی : چ نیە ! چەند سەنگەرێکن پررن لەسەربازی کلۆڵ وبێ چارە ، گەر بێنە دەرەوە بۆ کەمین دانان بەدەست دەیان گرین ! لە ئاستی جاشەکانیشدا کە روژی دووەم دەبوایە بە پەنایان دا تێپەرین ، گوتی : خۆم و هەندێ پیشمەرگە لێ یان نزیک دەبینەوە گەر سەریان دەرهینا هەندی تەقەیان لێ دەکەین و هەڵ دێن ،چونکە خۆڕی و ترسنۆکن : چ نیە ئەوانیش بەکلاو دەگیرێن)) : لەئاستی هەموو ناخوشیەکی رێگەشدا هەر دەیگوت ، چ نیە زوو تەواو دەبێ !)) . بەجورێک کە براکوردەکانی کوردستانی تورکیا کە ماوەیەک لەگەل برایانی دیموکراتی کوردستانی ئیراندا خەباتیان دەکردو دەژیان، سەریان سوورما بوولەو هەموو " چ نیە " ی شەهیدی نەمر ! ئەو برایانەی کوردستانی باشوور کە بە شادی رخۆشیەوە رێزیان لەو گیانە شورشگیرانەیەی شەهید سەید کەریم دەگرت و بەچاوی خویان دەیان دی کە چون وەک پالەوان ، ریگە دێ دەدا بو کاروانەکەمان و خوی دەچێتە پیشەوەی هەموو جورە مەترسیەکان بەئیمەیان گوت : ((بەراستی ئێوە بەختتان هەیە کە رولّەی واتان هەیە ، ئەمەش نیشانەیەکی زیندویی گەلی کوردە !)) یەکێک لەو هەفالانە کە بەداخەوە ئەویش چووە ریزی نەمرانی

کوردستانەوە ، زورجار لەو " چ نیە " رازی نەدەبوو . بۆیە کە گەیشتینە سەر رووبـــــاری شەهیدان و وبستمان نەخشەی پەرینەوە دانێین ، بەتایبەتی کە ئاوەکە زور هاتبوو و ، تەنهـا یەکێ تاکە دار لە تەسکاییەکی خەتەرناکدا بەسەریدا راهێشترابوو : بەپیکەنینەوە رووی کردە سەید کەریم و گوتی : " ئەو ژی چ نیە ! ئەڤە پلی سیراتی یە ! " سەید کەریمیش یەکسەر بەسەر دارەکەدا پەریەوە ئەوبەرو بە پێکەنینەوە هاتەوە ئەم بەرەو دەستی کرد بەدەستگرتنمـــان و پەراندنەوەمان و گوتی : " بەڵێ ، ئەوژی چ نیە ! "

نازانم بو ئەم بیرەوەری یە لەپیش دەیان بیرەوەری تردا هاتە سەر ئەم لایەرەیە ! تـــو بڵێی بەهوی هێرش و هەرەشەی درندانەی کاربەدەستە فاشیستەکانی داگیرکەری کوردستانی تورکیـە ئەبێ بو سەر کوردستانی عیراق ! ئەو کوردستانەی سەید کەریمی قارەمان هەمووی هەر بەوولاتی خوی و هەمووی هەربـــەیەکێ نیشتمان دەزانی و بەویشدا دلیرانە بەرەو شورش تێپەری کردبوو !

بەڵێ سەید کەریمی شورشگیری نەبەز ، بەپێ ! بە پیادە ، بەکوردستانی داگیرکـــــراوی تورکیەدا بەرەو کوردستانی عراق گەرایەوە ! بۆ هاوبەشی کردن لە پەرەپێدان و گەشەپیدانـــی شورشە نوی یە دیموکراتیەکەماندا . ئەو شۆرشەی ئەو روڵە قارەمانەی کوردستان لەپیـــــش هەڵگیرساندنەوەی دا هەولی بو داوە ! ئەویش لەو خەباتگێڕە نەبەزانە بوو کە هەر زانیبووی ی.ن.ک دروست بوەو خەریکی هەڵگیرساندنەوەی شورشەکەیەتی ئوتومبیل و کەلوپەلی خۆی لەتارانی شادا بەجی هیلاو بە هەڵەداوان خوی گەیاندە سوریا کە لەوێـرا سەرکردایەتی ی . ن . ک بەتەمـای هەڵگیرساندنەوەی شورش بوو !

من خوم پیشتر سەید کەریمم نەدەناسی : هەر لەدوورەوە وەک فەرماندەیەکی قارەمـــان و فازای بەتالیۆنێکی هیزی پیشمەرگەی کوردستان ناویم بیستبوو ! ئەوەی راستی بێ لـــــــەو دەو رەیەدا باشترم ناسی کە بۆ ئەفسەرە کوردەکانمان کردبۆوە بۆ شارەزاکردنیان لـــــــە

هەلومەرجی شورشی نوێ مان ! لەرووی سیاسی و پیشمەرگایەتی و ئامانجەکان و هاوپەیمانیە کانیەوە !

ئەوی روژی سیاسەتی سەرکردایەتی ی.ن.ک ئەوە بوو کە زور بەراستی ، زۆر بەزەق و رەقی گیروگرفتەکان و ناخوشیەکانی شۆرش و درندایەتی دوژمنەکانی و زەحمەتیەکانی رێگەی شورشی نوێ بخاتە بەرچاوی ئەفسەرو پیشمەرگەکان تاکو دوای گەرانەوە وا تێ نەگەن بەهاریان بۆ هێندراوەتە چۆکان !

ئەوسا بوم دەرکەوت کە سەید کەریم چ رولەیەکە ، چ قارەمانیکە ، چ شورشگیرێکی بەجەرگ و نەبەزە ! هەمیشە داوای ئەوەبوو کە لەگەڵ یەکەمین دەستەی پیشمەرگەدا بگەڕێتەوە ! هەمیشە گالتەی بە زەحمەتی و ناخوشی و گیروگرفتەکان دەکردو هیچ باکی پێ یان نەبوو ! بوپەش کە لەگەل یەکەم وەجبەی شەهیدی هیزاو نەمر کاکە برایم عەزوی جوانە مەرگ دا دامان نەنابوو ، لەگەڵ شەهیدی قارەمان و نەمری هاوتای دا ملازم حەسەن خوشناو هاتنە سەرم ! بەڵێ بەراستی لەهاتنەسەر دەچوو ! تاکوو رازیم بکەن ئەوانیش لەگەڵ ئەودا بگەڕێنەوە ! و بوپەش زور بە زەحمەت و زوریش بە دژواری وام لێ کردن کە خۆیان بۆ وەجبەی دووەم هەڵگرن !

هەرئەوەش بوو کە هەردوو قارەمانەکە زۆر بەخوشی و شادی یەوە ، وەک موژدەو مزگێنی ، ئەو بریارەیان وەرگرت کە هەردووکیان و دەیان پیشمەرگەی تر لەگەڵ کاکە نەوەدا بگەڕێنەوە بۆ کوردستان : بەراستی ئەوسا ، ئەو رۆژە جەژنیان بوو ! خۆشی خۆشی ئەوەیان بوو کەوا دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی نیشتمان ، ئەوانیش لەگەڵ کاکە نەوە هەر ئەوەیان دەگوتەوە " هەر دەستمان لەبەردا شێکی کوردستان گیر بێ ، ئیتر چیکەمان ناوێ ! " ئەوەبوو زۆر قارەمانانەو دلیرانە ، هەموو کەندوکۆسپەکانی ریگەی گەرانەوەیان بری ، زاڵ بوون بەسەر هەموو ئەو تەگەرەو گیروگرفتانەدا کە میتی تورکیە و هیزەکانی شورشی چەواشەو هێزەکانی میری هێنایە ریگەیانەوە .

هەر لەوساشەوە ، سەید کەریمی قارەمان ، نموونەی شۆرشگێڕی پالەوان و رولەی دلسوزو ئەمەکداری کومەلانی خەلکە و پیشمەرگەی نەبەزو دلێر بوو . لەهەموو شەڕەکاندا لەریزی پیشەوەو هەڵمەتبەری سەر نوقتە سەختەکان بوو : ماوەییکی زۆر لەگەل هەقاڵ د. خدر هەورامیو چەندین پیشمەرگەدا بەناوچەکانی خوشناوەتی و کۆیەو هەولیردا خولانەوە و تۆوی شورشیان دەچاند!

کەشورشی گەلانی ئیران سەری هەڵدا ، سەید کەریم یەکێک بوو لەو ماموستایانەی رۆڵەکانی کوردستانی ئیرانیان مەشق دەدا ! لە نامەیەکی سەرەخوشی دا کە لەیەکێک لەسەرکردەکانی شورشی کوردستانی ئیران و رابەرینەکەی سنەی قارەمانەوە بۆمان هاتووە ، ئەو رۆڵە دلسوزەی گەلەکەمان لەودیوی نیشتمانەکەماندا ئەوەمان دێتێتەوە بیر کە سەید کەریم یەکەمین ماموستای مەشق پێ کردن و سازدانیان بوو بۆ شەری پیشمەرگایەتی !

هەروەک لەو شەرانەشدا کەهێزی پشتیوان کردی لەردیوی نیشتمانەکەماندا سەید کەریم یەکێک لە فەرماندە قارەمانەکان بوو کە هەمیشە شوێنە سەختەکانمان پێ دەسپاردو بۆ خۆی هەلی دەبژارد ، یەکێک لە سەرکردەکانی شورشی کوردستانی ئیران ، کە لەنزیکەوە سەید کەریمو مولازم خولەی قارەمانی دەدیت زۆری خۆشویستن وهەمیشە وەک هاوڕێ و قارەمانی خۆیان هەواڵی دەپرسین . بویە بەلامەوە سەیر نەبوو کە یەگجار زور بڕی عاجزو خەمبار بوو ، دەویست خوی بە شەخسی ش بێتە سەرخۆشیەکەی !

واتە سەید کەریم رولەی کوردستان بوو . سنوورە داتاشراوەکەشی بێ " چ نەبوو" وە زور جار بەخوشیەوە دەیگوت " خوزگە ریگەمان دەکستەوتەوە کوردستانی تورکیەش ، ئەمجارەیان بۆ پشتیوانی کردنیان " بەڵێ دەیویست کەهەروەک یەکێک بڕو لەقارەمانەکانی هێزی پشتیوان - کە ناوێکی لەبارە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ی تیکوشەر دای بڕی بەسەر ئەو هێزەی پیشمەرگەی ی . ن .ک دا کە چوونە فریای برا کوردەکانی ئێرانیانەوە ، ئەوهاش بەشداری

شورشی کۆمەلانی خەلکی کوردستانی تورکیەش بکات !

هەقالینە ! بەراستی بیرەوەریەکان لەگەل سەید کەریمی جوانمەرگ گەلی زۆرن و بە چەندین نامیلکە نەبێ نانوسرێنەوە ، کە بەداخەوە ئیستە وەختی ئەوەمان نیە ، بەڵام دوا بیرەوەری کەخۆی دەسەپێنی بەسەرماندا ئەمەیە :

رۆژیکی ئەم هاوینە لەباغەکەی خانوەکەی سوردا شدا خەریکی نەخشەکێشانی هەندێ پوستەر بووم بو شەهیدانی سەرکردەو نەمرمان . دەمویست پێنج پێنج لەناو ئەستیرە سوورەکەی دروشمی ی . ن . ک دا جێ یان بکەمەوە : پینج ئەندامی مەکتەبی سیاسی ، پینج ئەندامی کومیتەی سەرکردایەتی پینج ئەفسەرو هتد : لەو کاتەدا سەید کەریمم لێ پەیدا بوو . قەمسەڵەیەکی نوێی دابوو بە شانیاو بەدەم بە پیکەنینەوە بەرەو رووم دەهات ! لێم پرسی : سەید گیان سەرماتە؟ وا قەمسەڵەت داوە بەشانتا ؟ لەوەڵامدا گوتی :"نەخێر ، بەڵام ئەم قەمسەڵە جوانەم تازە لۆ هاتیە ! خوشک بۆی هێناوم ، زۆرم بەدڵەو پێم وایە بەشی چەندین زستانی ئەم کوردستانەم دەکات ! منیش وەک منالێ کە جلی جەژنی دەدەنێ پێش رۆژی جەژن تاقی دەکاتەوە ، وا بەخۆم دادایە !" ـ کە لێم نزیکتر بۆوە گوتی : ئەوە چ دەنووسی ؟! گوتم : نەخشەی پوستەری ئەفسەری شەهید ! چواریانم لەیادەو پەکم لەسەر پێنجەمیان کەوتووە ! وا شەهیدی هێژا برایم عەزو لەناو ئەستیرە سوورەکەدایەو سێ سوچیش بەشەهیدانی قارەمان و دلێر حەسەن خوشناو و ، جوامیر سامیرو ، جەمال خوشناو پرر دەبتەوە ! بەڵام لەسەر چوارەمیان دامامو ! ئەویش بە قاقای پیکەنینە خوشە ساکاریەکەی خۆیەوە وەلامی دامەوە گوتی : " ئەوەش چ نیە ، حەزدەکەی من لۆت پڕ دەکەمەوە !

جا کە جاشە خوفروشەنیشتمانفروشەکان شەهیدیان کرد یەکسەر ئەو گوتەیەی خۆی خزاندەوە ناو دڵ و دەروونم ! وا دیارە سەید کەوبم لەمەشدا هەر راستگۆ ، هەر سەر راست و وەفادار بوو

بەڵام داخی بەجەرگم ، سەد مخابن ، زۆر زۆر بەنامەردی و خۆڕپەتی و ترسنۆکانە شەهیدیان کرد!
خوزیا سەید کەریم دەستی بگەیشتبایە چەکەکەی و خۆی بگەیاندبا پەنا بەردێکی کۆڕی نەبەرد ،
ئەوسا با هەموو جاشە هارەکان کە سەگی رستکراون بۆ راوکردنی رولەکانی گەلی کورد بە و
خوێڕپەتی یە ، قاپیان بگرتبا ؟ بزانە ئەو قارەمانە دلێرە چ گاڵەیەکی پێ دەکردن ؟
و چ دوزەخێکی بۆ دادەخستن ؟ و چۆنی دەڕەتاندنەوە تا ئاو باوەشی ئاغاکانیان !

من زۆر تر بگرە هەر خەفەتی ئەوەی بۆ دەخوم ! ئەگینا دەزانم سەید کەریم هەر خۆی بۆ
شەهیدکران تەرخان کردبوو ! و هەرگیز باکی شەهیدبوونی نەبوو ، ئەویشی بە " چ نیە"
دانابوو !

دەبالە چلەی شەهیدبوونی کاکە سەید کەریمی قارەماندا ئێمەش ئەو ئەستیرە سوورەی بە
گیانی خوی پرری کردەوە و بە خوینی گەشی خوی شەوقی زیاتر کردەوە ، هەڵدەینە ئاسمان :
وولاتانی پیشکەوتوو ، ئەستیرەی دەستکرد بۆ نیازی جیا جیا هەڵدەدەنە ئاسمان : بەڵام ئێمەی
شورگیرانی کوردستان ، ئێمەی رولەی گەلی زوڵمکراوی بەشخو راوی کوردستان کە لەرووی
سەنعەتەوە بەزوری زوردار دواخراوین ، جورێکی تر لەئەستیرە هەڵدەدەینە ئاسمان : ئەستیرەکانی
ئیمە شەهیدانی نەمری شورشەکەمان و گەلەکەمان و یەکیتی ی نیشتمانی کوردستانمان : با چەندین
ئەستێرەی سوور هەڵدەینە ئاسمان : هەندێکیان هی سەرکردە نەمرەکان : هەندێکیان هی ئەفسەرە
شەهیدەکانن، هەندێکیشیان هی سەرتیپ و کادیرەکانی سیاسیو پیشمەرگەکانی (ی . ن . ک)ن !

دەبا هەموو ئەو ئەستیرانەش ، چون هەندی ئەستیرە لە ئاسمان رێگەی کاکیشانیان دروست
کردووە بەئاسماندا ، ئەوانیش بۆ کوردپەروەران و شورشگیران و رەنجدەرانی کوردستان ، رێگەی
رزگاری و دیموکراتی بە ئاسماندا بە خوێنی گەشیان بکێشن . تا چیکە کەس نەڵێ کورد ئەستیرەی
هەڵنەداوە بو ئاسمان : با ئەستیرەکانی ئیمەش بەشانازی یەوە ، بوون و گەشەکردنی کوردایەتی

و نەتەوەی کوردو کوردستان بە ئاسمان رابگەیەنن و هەمیشە رێبەرو ڕێ نوێنی کاروانی خەباتی نەپساوە و شورشی دریژخایەنمان بن ! تا لەناویشیاندا رووی گەش و سەری بەرزی شەهیدە نەمرەکانیشمان لەلایەن کۆمەڵانی خەلکەوە ، وەک فریشتەی رزگاری بەدی بکرێن .

دەبا ئەو ئالایەی بە خوینی گەشی دەیان رولەی سەرکردەو فەرماندەو کادرو قارەمانی قەڵەم شورشەو ئەم یەکیتی یەو گەلە سوورە ، هەمیشە بەرزتر بکەینەوەو دەردی سەرکردەیەکگرتوی فەیلەسووف و مەزنی شورشێکی گەلێکی مەزنی ئەم سەردەمە گوتەنی ، با هەمیشە ئەو ئالآ سوورە بەخوێنی هەزاران هەزار هەر شەکاوە بێت ! تا رۆژی رزگاری ! رزگاری مرۆڤی کوردیش لەزوڵم و زۆری نەتەوایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی : دەبا ئێمەش هەمیشە بەڵێن دووبات بکەینەوە کە ئالآی شورشەکەمان کە بەخوێنی ئەو هەموو شەهیدە نەمرو هێژاو قارەمانانە سوور کراوە ، بەرز ، بەرزتر لە چیاکانی سەرکەزی کوردستان رادەگرین و دووپاتی بکەینەوە کە کاروانەکەی شورشی رزگاری و دیموکراتی مان :

نە کۆڵدان و نە لادان و نە وەستانی هەبە هەرگیز پشوو نادا هەتا نەبرێ ڕەگی چەوسانەوەو ماکسی .

بەیاننامەی یەکێتیی نیستمانیی کوردستان

دەربارەی

کۆتایی هێنان بە مفاوضە

هاونیشتمانانی بەڕێز !

پاش ئەو شکستە گەورەیەی سالی ١٩٧٥ تووشی جوڵانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان بوو ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان بۆ دیفاع کردن لەمیللەتی کورد و بۆ پاراستنی وجودی نەتەوایەتی کورد وسیمای نەتەوەیی کوردستان ناچار ، لەکاتێکدا کە حکومەتی بەعس لە عیراقدا بەیەکجاری و بەنەخشە خەریکی قڕستنەوەی ئەو شکستە بوو بە مەبەستی تەعریب و تەبعیس و تەرحیل و تەهجیری خەڵکی کورد و خاکی پیرۆزی کوردستان. وە پشتیمان بوونەوەی دیارو ئاشکرا لە بەیاننامەی ئازاری ١٩٧٠ ش .

یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەروی شاڵاوی درندانەی حکومەتی بەعس دا ، لەروی ئەو هەموو ئیرهاب وزەبروزەنگەی بەسەر جەماوەری گەلەکەماندا سەپێنرابوو ، ڕاوەستاو لەو هەلومەرجەدا کە ڕژیم هیچ دەرفەت و ڕێگەیەکی بۆ گەلەکەمان نەهێشتبۆوە جگە لە دەست دانە چەک ، یەکێتی نیشتمانی کوردستان ڕێگەی خەباتی چەکداری گرت و لە پێناوی داخوازیە ڕەواکانی کوردا لە حوزەیرانی ١٩٧٦ دا شۆڕشی هەڵگیرساندەوە .

ئەگەر چی شۆڤێنێکانی عەرەب و داگیرکەرانی تری کوردستان ، ئەوانەی کە نکۆلی لەسادەترین مافی مرۆیی و دیموکراتی گەلی کورد ئەکەن و نەخشەو پیلانی تواندنەوەو تەفرتونا کردنی دائەنێن هەمیشە بڕوایان ئەوە ئەکەن کە گوایە کورد گەلێکی شەڕخوازەو بە فیتی بێگانە ئەجوڵێتەوە ، بەڵام لەڕاستیدا کورد میللەتێکی ئاشتی خواز و ئازادی خوازە ، داوای مافی ڕەوای زەوت کراوی خۆی ئەکا ، خەباتی چەکدارانەشی هەر بۆ پاراستنی خۆی و هێنانەدی ئەو مافانەیە کەلێی زەوت کراون . بۆیە هەر کاتێ مەترسی لەناوبردن و تواندنەوەی کەوتبێتە سەر بەناچاری دەستی ناوەتە چەک و ملی شاخە سەرکەشەکانی کوردستانی گرتووە و بەگژ زەوتکەرانی ماف و چەوسێنەرانیدا چۆتەوە .

ئەم جارەش لە شۆڕشی حوزەیرانی گەلەکەماندا ، لە شەڕی ئێمەو هێزەکانی حکومەتی عیراق دا کەچەندین سالێی خایاند ، تا ئەمات گیانی بەرگری و بەگژدا چونەوەی ڕژیم بەهێز تر و بەتوانا تر ئەبوو وە هەرگیز هەلومەرجی سەخت و نا بەرابەری تەرازوی هێزەکانی ئێمە و حکومەت تۆزقاڵێك کاری نەکردە سەر وڕەو گیانی هەڵمەت بردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و تێکۆشەرەکانی ی.ن.ك .

لە ئەنجامی ئەو چەند ساڵەی شەڕدا هەزاران ڕۆڵەی قارەمانی کورد شەهید بوون و هەزاران کەسیش لە هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عیراق کۆڕان لەو ماوەیەدا حکومەتی عیراق سیاسەتی نالەباری خۆی ، سیاسەتی نکۆلی کردن لە مافە ڕەواکانی کورد و (تەعریب و تبعیث و ترحیل و تهجیر)ی دڕێژە پێ ئەدا . تا لەئەنجامی ئەو ئالۆگۆڕانەی بەسەر عیراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هات هەلومەرجی گفتوگۆ هاتە پێشەوە .

حکومەتی عیراق خۆی دەست پێشکەری کرد بۆ بەیەوەندی کردن لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش ، گوایا بەناو بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوایەتی کورد لە عیراق دا .

ئێمەش هەر لەسەرەتای ئەو پەیوندیەوە ، پرسیارمان لە حکومەتی عیراق کرد ، کە ئاخۆ ئەیانەوێ یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ڕیزی معارزەی عیراقی بهێننە دەرەوە ، یان ئەیانەوێ کێشەی نەتەوایەتی کورد لە عیراق دا چارەسەر بکەن ..... ئەوەبوو لەوەڵامدا وتیان ئێمە هەست بەبوونی کێشەی کورد ئەکەین و ئەمانەوێ ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین .

هاونیشتمانانی بەشەرف :

هەروەکو یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەپێناوی مافە رەواکانی گەلەکەی کوردا دامەزراو هەر لە پێناوی مافەکانی گەلی کوردا چەندین ساڵ خەباتی چەکداری کردو هەزاران کەسی لەرزلە دڵێرەکانی بەخشی بەرێگەی ئازادی و سەرفرازی گەلی کورد، هەر لەپێناوی ئەو مافانەی کوردا بو سبا دەرەی گفتوگۆی قبوڵ کرد کە لەرۆژ کاتێدا یەکێك بوە لەشێوەکانی خەباتی سیاسی بۆ پیشاندانی داواکانی گەلی کورد .

گفتوگۆ وەکو شێوەیەکی خەبات ، یەکەمین جار نیە کەلەخەباتی بێ ووچان وبێ لە قوربانی دانی گەلەکەماندا ڕەگیرێتە بەر ، یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش تاقە ڕێکخراوی کورد نیە کە ئەم شێوە خەباتەی لەهەلومەرجی مناسبی خۆیدا پەسەند کردبێ ، بەڵکە گفتوگۆ یەکێك بوە لەشێوەکانی خەبات کە جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد لەگەڵی سەردەمی جیاجیادا بەکاری هێناوە بۆ گەیاندنی دەنگی ئازادی خەڵکی کوردستان ، بۆ گەیاندنی داخوازیە ڕەواکانی بەگشت خەڵکی عیراق و ناوچەکەو جیهان .

بەر لە " ی . ن . ك " یش چەندین ڕێکخراوی سیاسی تر ئەو ڕێگە خەباتەیان تاقی کردۆتەوە ... زۆر جار ئەو گفتوگۆیە کەلەنێوان کورد و حکومەتی عیراق دا بوە نەگەیشتوە بە ئەنجام و دەرجونی بەیاننامەو سەلماندنی مافەکانی کورد ، هەندێ جاریش وەکو لە ئازاری ۱۹۷۰ دا بو سەرئەنجامی گفتوگۆ بەیاننامەی ۱۱ی ئازار دەرچو ، وە حکومەتی عیراق بەشێکی لەمافەکانی گەلی کورد سەلماند . کەچی لەهەمو جارەکاندا حکومەتی عیراق لە بەڵێنەکانی پاش گەز بۆتەوەو ئیلتزاماتی خۆی جێ بەجێ نەکردوە .

دیارە کەوەکو گفتوگۆ لەهەلومەرجی تایبەتی خۆیدا و لە سێبەری جۆرێکی تایبەتی لە تەرازوی هێزەکان و هەلومەرجی بابەتیدا ساز ئەبێ ، هەروەها، جێ بەجێ کردنی مافە رەواکانی کورد و بەڵێنەکانی حکومەت پەیوەندی بەتەرازوی هێزەکانەوە هەیە بۆیە کەحکومەتی عیراق هەستی بەبەهێزبونی خۆی کردوە ، ئەك هەر ناوەرۆکی بێك هاتن و بەڵێنەکانی خۆی جێ بەجێ نەکردوە و لێیان پاش گەز بۆتەوە ، بگرە ڕەفتاری خراپتر و زەبروزەنگی زیاتریشی دەرحەق خەڵکی کورد نواندوە .

گفتوگۆی ئەمجارەش .. پاش زنجیرەیەك پەیوەندی راستەوخۆنا راستەوخۆ ، وە پاش پرس کردن بەهەمو کادرە سیاسی و عەسکەریەکانی شۆڕش و ڕێنمێیران و بیاوانی خاوەن ڕای میللەتەکەمان لەسەرەتای مانگی ۱۲ / ۱۹۸۳ دا تەقە ڕاوەستێنرا لە بەینی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عیراق دا بۆ دەست کردن بە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی جدی لە پێناوی بەسەبەلە چارەسەرکردنی دیموکراتی و عادلانەی کێشەی نەتەوەی کورد لە عیراق دا .

پاش ئەوە وەفدێکی بالای ی . ن . ك بەسەرۆکایەتی هەڤال سکرتێری گشتی و ئەندامەتی چەندین ئەندامی سەرکردایەتی چون بۆ بەغدا و لەگەڵ وەفدی بالای حکومەتی عیراق و سەرکۆماری عیراق کۆبونەوە .

حکومەتی عیراق ، وەکو پێشەی هەمیشەیی خۆی بە پێچەوانەی ئەو پەیمان و بەڵێنانەوە کە دابوی بۆ ئاسایی کردنەوەی وەزعی کوردستان و چارەسەرکردنی کێشەی کورد و نەهێشتنی ئیرهاب و زەبروزەنگ و نەهێشتنی شوێنەواری تعریب و تبعیث و ترحیل و تهجیر دەستیان کرد بەبڵاوکردنەوەی پروپاگاندەی درۆ و ئیستغلالی وەستاندنی شەڕ و دەستپێکردنی گفتوگۆ بۆ لاوازکردنی ی . ن . ك و زیادکردنی ئازاردان و زەبروزەنگ بەرامبەر جەماوەری گەلەکەمان .

ئەوەبو هەر لەسەرەتاوە درۆ و دەلەسەیان دژی گفتوگۆ بۆ ئاشێد کردنی خەڵکی کوردستان بڵاوکردەوە ، لەو هەلومەرجەدا کە خەڵکی جاوەڕوانی ژیانی دیموکراتی بوون ، حکومەت دەستی کرد بە ئیعدام کردنی دەیان کەس بەناوی فیرارکردن لەسەربازی ، وە شەهید کردنی دەیان کادر و پێشمەرگەو ئەندام و هاوڵاتی بێ تاوان ، هونەرمەندە هەلکەوتوەکانی کوردیان ئازار دا و هەریەکەیان هەلدان بۆ شوێنێ ، قوتابیانی زانکۆی هەولێریان خستە بەر هەڕەشەی دەرکردن و گرتن و بڕینەوە ، لەئەنجامدا سەدان کەسیان

لێ دەرکردن ، گوشارێکی زۆریان خستە سەر کێنکاران و فەرمانبەران و قوتابیان و کاسبکاران بۆ ئەوەی بەزۆر بیانکەن بەبەعسی و "جیش الشعبی" ، دەیان دەربەدەگی خۆفرۆشیان ڕاستکردەوە بۆ تجنید کردنی دەیان هەزار جاش و بەریان دانە گیانی خەڵکی ، ئازاردان و پشکنینی سەر جادەیان خزانە هەموشارێکی کوردستانەوە ، بە هەرمشەو بەزۆر هەزاران کەسیان بۆ هەڵبژاردنی ساختە ڕاپێچ کرد ... هتد ، هەر وەک لەجیاتی هاوخەباتی نێوان هەردوو ئەتەوەی کورد و عەرەب ، دەستیان کرد بە هاوکاری لەگەڵ دوژمنانی هەردوو ئەتەوەکە وەک لە ڕێکەوتنە شومەکەی عیراق و تورکیە دەرکەوت .

هاوبەشمانانی خۆشەویست :

لەم گفتوگۆیەدا ، باس دەیان جاڵەی هاوبەش و چەندین جەوڵەی گفتوگۆ وسەدان سەعات گفتوگۆ و لێدوان دەربارەی ئاسایی کردنەوەی وەزعی کوردستان و ئاوەدانەی تەعریب و ترحیل و تهجیر و تبعیث پیسی کردون . وە باس کردنی ورد ترین تفاصیلی داخوازیەکانی میللەتەکەمان دەربارەی یاسای ئۆتۆنۆمی کوردستان و ڕێکخراوە دیموکراتی و پیشەیی کوردستانیەکان و نەهێشتنی فەرق و جیاوازی لەنێوان کورد و ئەندامانی حزبی حکومەتدا و سنووری تاریخی کوردستان ... وە باس ئەوەی هیچ ڕێگەیەکی ممکن نەما کە نەگیرێتە بەر بۆ پێ سەلماندنی مافە ڕەواکانی میللەتەکەمان بەڵکم دەستی دەستی پێکردن و ڕەفتار و مامەڵەی ئۆقرەنی باشەی ڕۆژانەی کاربەدەستانی حکومەتو سیاسەتی (مماطلة و تسویف)و ڕەفتاریان لەگەڵ ڕۆلەکانی گەلەکەمان ، ئەنانەت قسەو (تصریحات)ی نابەجێی زۆر لەهکار بەدەستانیان ئەوەی سەلماند کە ئەم حکومەتە بەهیچ کلۆجێ نیازی چارەسەرکردنی کێشەی ئەتەوایەتی کوردی نیە لە عیراق دا ، بەڵکو نیازی جێ بەجێ کردنی سیاسەتی خۆقینیانەی خۆی هەیە لە ژێر سایەی درێژەپێدانی گفتوگۆیەکی ناجدیدا .

بۆیە سەرکردایەتی ی.ن.ک لە کۆبونەوەی فراوانی خۆی دا بەگشتی دەنگ بەرپاری دا کە کۆتایی بە گفتوگۆ بهێنێ وە ئۆپالێی مەسئولیەتی تاریخی پساندنی گفت وگۆش ئەخەینە سەر حکومەتی عیراق ، چونکە هەمیشە کلیلی چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئاسایی کردنەوەی وەضعی کوردستان لەدەستی ئەودا بوە .

هەر لەم کاتەشدا کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان هوشیار ئەکەینەوە کە بەتەواوی وورباین و بەهیچ جۆرێ بەتەمای ئەوە نەبن کە حکومەتی عیراق کێشەی کورد چارەسەر بکا و ارهاب و زەبروزەنگیان لەسەر لابەرێ ، بەڵکە خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە ئازاردان و گوشار و زەبروزەنگ زۆرتر ببێ .

تێکۆشەرەکانی " ی.ن.ک " بۆ لە جاران سوورترن لەسەر مافە ڕەواکانی گەلەکەمان و بە وردبینەکی بەرز و باوەری پۆڵاینەوە درێژە بە خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەمان ئەدەن ، لە ژێر دروشمی خەباتی جەماوەری شۆڕشگێرانەی هاوبەش لەگەڵ هێزە پێشکەوتنخوازەکانی عیراق و کوردستان لە پێناوی دیموکراسی بۆ عیراق و مافی چارەنوس بۆ گەلی کورد .

ئیتر بۆ پێشەوە بەرەو جێبەجێ کردنی خەباتی شۆڕشگێرانە ڕوەو سەرکەوتن .

کۆمیتەی سەرکردایەتی
یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان

بۆ بەرگی یەکەمی دۆسییە
سوودم لە چەند کەس و سەرچاوە وەرگرتووە

قیادە مۆقتە – بەرەی جود

١- هۆمەراغا
٢- حەمە هەژار
٣- عەلی سۆفی ئەحمەد
٤- عەبدوڵڵا هەمزە
٥- جەمالی حەمەی خواکەرەم
٦- حامیدی حاجی غالی
٧- شێخ سمایل
٨- عوسمان بچکۆل
٩- بەکر پیرۆت
١٠- هەواڵنامەی شۆڕش
١١- بیرەوەریەکانی عەبدوڵڵای حاجی ڕەشید
١٢- کەشکۆڵی بەسەرهاتم (شێخ عەلی، مەحمود کەشکۆڵ)

ئەدەبی بەرگری

١- فەرهاد سەنگاوی
٢- مامۆستا سەربەست
٣- ئینسکلۆپیدیای (ی.ن.ک)
٤- دیوانی شێرکۆ بێکەس
٥- حسێن بەفرین
٦- مامۆستا بەرزان شێخ عوسمان
٧- ئەرشیفەکەم

ئەنجومەنی گوندەکان (دێیەکان)

١- شێخ عوسمان سەرگەڵوو

ڕاپەڕینی شاروشارۆچکە

١- عومەر نورەدینی
٢- دکتۆر برایم ماوەتی
٣- بەکر مەلا عەزیز
٤- یاسین حسین ژاژڵەیی
٥- سیروان مەحمود محەمەد پۆلیس
٦- ئەحمەد سەپان
٧- ئنسکلۆپیدیا – چەند بەیاننامەیەک
٨- ئەرشیفەکەم

هێزی پشتیوان

١- هۆمەراغا
٢- جەمال چاوشین وەندەرێنەیی
٣- زاهیر سێدەری
٤- عومەر گردەسوری
٥- بیرەوەرییەکانی مەحمود سەنگاوی
٦- وەستا غەفور
٧- شێخ ئیسماعیل
٨- عەزیز کوڵکنی
٩- جەلال کوڵکنی
١٠- فەلاحی حەمە بۆر
١١- سەلامی کوێخا عەزیز
١٢- پورزا مەجید
١٣- خاڵە سەراوی
١٤- ئیسماعیل ماوەتی
١٥- جەمال ئەبو شوارب

١٦- عەبدوڵڵای مام عەلی
١٧- قادری حاجی عەلی
١٨- شێخ محەمەد لۆتەری

گرتنی ناحیە – شاروشارۆچکە

١- فاروق عەلی مەولود
٢- محەمەدی کاک هەمزە
٣- حەمە ڕەشید توکنی
٤- جەمال چاوشین
٥- جەلال کوڵکنی
٦- عەزیز کوڵکنی
٧- کەمال شێخە
٨- سەردار شەڕکانی
٩- عوزێر فەقیانی
١٠- ڕەوەند مەلا مەحمود
١١- شێرزاد موەفەری
١٢- هەورامان محەمەد حسێن
١٣- عومەر گردە سوری
١٤- قەندیل بەغدای هەژاند – ڕێباز
١٥- ڕێبازی نوێ
١٦- ئەرشیفەکەم

سالێک لە گفتوگودا

١- سێ وتاری مامجەلال
٢- خولانەوە لە بازنەدا – نەوشیروان مستەفا ئەمین
٣- محەمەد وەتمان
٤- نوعمان

٥- عەبدوڵڵا هەمزە
٦- عەبدوڵڵا بۆر
٧- ئازادی سەگرمە
٨- سەید ئەحمەد حەمە لاو
٩- مەحمود ڕەزانی
١٠- بیرەوەرییەکانی مەحمود سەنگاوی
١١- یوسف محەمەد بەرزنجی
١٢- ئەرشیفەکەم
١٣- نوعمان قاسم
١٤- ئەحمەد چاوشین
١٥- مامۆستا عەلی
١٦- ڕەهبەر سەید برایم
١٧- قەندیل بەغدای هەژاند – ڕێباز
١٨- شێرزاد موەفەری
١٩- محەمەدی کاک هەمزە

وێنەکان


www.facebook.com/KurdistanFolklor
پێنجوێن شاری
شاران







وێنەکانی ئێزگە

مەسعود بارزانی

14 9 1996


14 9 1996

ئەنجومەنی گوندەکان



سالێک له گفتوگۆدا